# قاسملوو؛
# لە ئاوێنەی بیروڕادا

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی:
رەحمان نەقشی

بەرگی یەکەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ناوی کتێب:
## قاسملوو؛ لە ئاوێنەی بیروڕادا


کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

دیزاین وێنەی سەربەرگ نیگارکێش: ناسر قازی زادە

دیزاین سەربەرگ: ڕەحمان نەقشی

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەممەد

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٧٢١ - ٢٠٢١

چاپ: چاپخانەی غەزەلنووس



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو؛
# لە ئاوێنەی بیروڕادا

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی:
ڕەحمان نەقشی

بەرگی یەکەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێڕست


١- چەند وتەیەک ............................ ڕەحمان نەقشی ............................................ ١١
٢- هەوڵێکی دڵسۆزانە ................ پێشەکی .......... عەبدوڵڵا حەسەن زادە ..............................١٣
٣- پوختەیەک لە ژیانی پڕبەرهەمی دوکتور قاسملوو ............ کوردستان و کورد ........................١٥
٤- چەند بیرو بۆچوونی شەهید دوکتور قاسملوو ........................................................١٩
* جێگیر بوونی نەتەوایەتی کورد ..............................................................١٩
* جێگای کۆماری کوردستان لە مێژوو .........................................................٢٣
* سۆسیالیزم لە بەرچی ئامانجی» دواڕۆژە«؟ ........................................................٢٦
* تێرۆریزم: بۆچوونێکی جیاواز ............ د. قاسملوو ......... و: حەسەن ئەیووبزادە.....................٢٩
٥- وتەکانی دوکتورر قاسملوو لە دواساتەکانی ژیانی دا ...............................................٣٥
٦- بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی بە بۆنەی تیرۆر کرانی دوکتور قاسملووی شەهید ...................٣٧
٧- وتەکانی دوکتور شەرەفکەندی نەمر لە کۆچی قاسملووی ڕێبەر دا ....................................٤٠
٨- وتاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەڕۆژی بە خاک سپاردنی شەهیدانی ڤییەن ...............٤٥
٩- بەشێک لە قسەکانی دوکتور بێرنارد کۆشنێر .........................................................٤٩
١٠- قسەکانی تۆماس هامیربێرگ ...............................................................٥١
١١- وتەکانی پاتریک بۆدوان ..........................................................................٥٣
١٢- پەیامی سوپاس و پێزانینی دوکتور سادق شەرەفکەندی ..............................................٥٥
١٣- کۆست کەوت.............................. عەبدوڵڵا حەسەن زادە ....................................٦١
١٤- کرۆنۆلۆژیی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو ...........................................................٦٩


## دەیەمین ساڵی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی


١٥- وتاری سکرتێری گشتیی حیزب ................................... عبدالله حسن زادە..............................٧٩
١٦- قسەکانی دوکتور بیرنارد کۆشنیر وەزیری لەش ساغی و کارو باری کۆمەڵایەتیی فەرانسە.......٨٥
١٧- وتاری مادام دانیەل میتران هاوسەری فرانسوا میتران سەرکۆماری پێشووی فەرانسە ........٨٨
١٨- پەیامی ئاغای پی یەر مۆروا(سەرۆکی ئەنتێرناسونالی سۆسیالیست) ...............................٩٠
١٩- قسەکانی دوکتور بیرنارد گرانژۆن (سەرۆکی ئیفتخاریی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان)........٩١
٢٠- وتاری بەرێز ئالین شینال دەبیری نەتەویی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە لە کارو باری میدیتەرانە دا ...٩٢
٢١- وتاری دوکتور کەنداڵ نەزان، سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس ...............................٩٤
٢٢- قاسملوو ژیر و زانا سەفیرێکی هەڵسووڕ بۆ جووڵانەوەیەکی بێ یارو یاوەر ........ مارک کراویتز....٩٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٣- ئەو رابەرەی لە گشت» بوارەکانی دا لێهاتوو بوو ......................... د.کەماڵ مەزهەر.................. ١٠١
٢٤- لە یادی دەهەمین ساڵی مەرگی شەهید د. قاسملوو دا ............... سەلاح بەدرەدین................. ١٠٤
٢٥- لە گەڵ دوکتۆر عەبدولرحمان قاسملوو ............................ مارف خەزنەدار........................ ١٠٧
٢٦- چەند وشەیەک بە داوێنی یادی پیرۆزی دوکتور قاسملووە ....... محەممەدی مەلا کەریم...... ١١٣
٢٧- چەند بیرەوەری دەربارە دوکتور قاسموو ........................ د.مەحموود عوسمان.............. ١١٧
٢٨- قاسملوو زیندووە و هەرگیز نامرێ ............................ کارزان...................................... ١٢٠
٢٩- شەهید دوکتور قاسملوو ئاڵای ئازادیخوازیی بوو ................ د.موکەررەم تالەبانی............ ١٢٤
٣٠- شەهید قاسملوو ............................................. مسعود محمد................................................ ١٢٦
٣١- بزتنەوەی کوردستان بۆ زۆر لە دەسکەوتەکانی خۆی قەرزداری......... مێهدی خانبابا تیهرانی..... ١٢٨
٣٢- دوکتور قاسملوو عاشقی ئازادی و دیموکراسی بوو ............. بابا عەلی میهرپەروە............. ١٣٠
٣٣- وتەکانی حەسەن رەستگار ............................................................................................ ١٣٣


## بابەتی ساڵی: ٢٠٠٥


٣٤- لەسەر گڵکۆی رێبەرێکی گۆڕغەریب ............................ قادر وریا.................................................. ١٣٨
٣٥- بە یادی دوکتۆر قاسملوو گەورە پیاوی رۆژە سەختەکان ......... رەحیم رەشیدی.............................. ١٤١
٣٦- هەنگاوی بوێرانەی پیتر پیلز جێگای رێزو پێزانینە................... ڕەشید حەیدەری............................ ١٤٤
٣٧- سێ کاندیدی سەرۆک کۆماری ئێران دەستیان لە تیرۆری قاسملودا هەبووە...... گویا نیوز..١٤٧


## بابەتی ساڵی: ٢٠٠٦


٣٨- تێرۆری نێو دەوڵەتی و شەهید کردنی دوکتورقاسملوو هاورێکانی ...... سەعید کاوە کوێستانی.... ١٥٤
٣٩- قاسملوو، بیرمەندێکی شۆڕشگێرو ئاشتیخواز. ..................................... جەمیل کولاهی.......... ١٥٨
٤٠- باسێکی کورت لە سەر کەسایەتی دوکتور قاسملوو ........... حەمەرەسووڵ حەسەنپوور....... ١٦٥
٤١- دوکتور قاسملووی دیپلومات، پارتیزان، فەرهەنگ، ئەدەب و هونەر ناس. .... حامید تەیمووری.... ١٦٧
٤٢- ٢٢ی پووشپەڕ، رۆژی پەیمان نوێکردنەوەی خەڵک لەگەڵ خۆر و رووناکی!.........شەریف فەلاح..... ١٧٠
٤٣- بە بۆنەی ١٧ ساڵوەگەڕی تیرۆری رێبەریی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان دوکتۆر عبدالرحمان قاسملوو ......................................... ئەحمەد عەلیپوور............................................. ١٧٤
٤٤- قاسملوو و قەیرانی سەرکردە ........................... خالید محەممەدزادە.......................................... ١٨٣
٤٥- دوکتور قاسملوو و پیداگری لەسەر خەباتی هاوبەشینەتەوەکانی ئێران......جەمیل ئەحمەدی.. ١٨٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بابەتی ساڵی: ٢٠٠٧

٤٦- رۆڵی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکڕات ....... ئیسماعیل زارعی....١٩٤
٤٧- دوکتور قاسملوو، شۆڕشگێڕی راستەقینە ..................... رامبۆد لۆتفپووری......................٢١٥

## ساڵی: ٢٠٠٨

٤٨- دوکتور قاسملوو رێبەری ناوداری کورد و سەرداری دێموکراسی .......... کەریم ئەڵلاوەیسی......٢٣٢
٤٩- دوکتۆر قاسملوو هەموو گەلی کورد خاوەنیەتی ................. د.رۆژان ئاشتاب.........................٢٣٦
٥٠- با هەموومان درێژەدەری بەئەمەگی رێبازی پیرۆزی دوکتور قاسملوو بین! ...... بەهیە حەیدەری.....٢٣٩
٥١- ژن لە ئاوێنەی روانگەکانی دوکتوور قاسملوو دا ............... حەسەن حاتەمی..........................٢٤٣

## بابەتی ساڵی: ٢٠٠٩

٥٢- گاندیو قاسملوو، رۆحی گەورەی نەتەوەو هێماکانی ئاشتیخوازی........ عارف نادری........... ٢٤٨
٥٣- تیرۆری د. قاسملوو لە زمان چەند شایەدحاڵێکەوە....... ئامادەکردن و وەرگێڕانی: کەریم مەرەسەنە......٢٥٥
٥٤- رەحمانی من .......... کارێل جێچ ـ Karel Jech ..... ئا: هاوکارانی کوردستان.......................٢٦٥
٥٥- دوکتور قاسملوو، ناسێنەری پرسی کورد بە رۆژئاوا ..................... مستەفا شڵماشی............٢٧٢
٥٦- دوکتور قاسملوو، ڕێبەر و زانای ئاشتیخواز ................... بێهروز کوردئەحمەدی...................٢٧٩
٥٧- لە ئاسمان یەکتریمان ناسی!! ...................................... مومتاز حەیدەری.................................٢٨٥
٥٨- دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو، رێبەرێکی گەورەی ........ کەریم ئەحمەد.............................٢٩٠
٥٩- لە یادی ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی سەرکردەیەکی لیهاتووی کوردستاندا .... د. جەمشید حەیدەری........٢٩٥
٦٠- دوکتور قاسملوو دیاردەیەکی نوێ لە بزاڤی کورددا......... عەزیز ماملێ.................................٣٩٩
٦١- دوکتور قاسملوو، کەسێکی هەڵکەوتووی گەلی کوردو رۆژهەلات.......د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ.......٣٠٢
٦٢- باسێک لە سەر کات و شوێنی تێرۆری د. قاسملوو ...... د.هێمن سەیدی.................................٣٠٤
٦٣- قاسملوو، مانگی گەشاوەی نێو ئەستێرە هەرە پرشنگدارەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی کوردە.....سەعید بەگزادە........٣٠٧
٦٤- روانگەی د. قاسملوو لە سەرنەتەوە (ملت) و ناسیۆنالیسم .......... لوقمان زەهرایی.................٣١١
٦٥- دوکتور قاسملوو، ساغکەرەوەو زیندوو کەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان .......... د. گوڵمراد مرادی........٣٢٦
٦٦- عەبدوڵلا قادری ئازەر، هاوڕێی ژیان و مردنی دوکتور قاسملوو ....... کوردستان و کورد.....٣٣٩

٦٧- ئەو دەرسانەی دەبێ لە گەورە پیاوی مێژووی کوردستان و ئێران فێریان بین........ناسری ئیرانپوور.....٣٤١
٦٨- تێروری دوکتور قاسملوو تێروری بیرمەندێکی دێموکراسیخواز ......... هیوا گول محەمەدی..٣٤٩
٦٩- پانۆرامای ژیانی د. قاسملوو ....................... کارۆل پرۆونهووبێر......................................٣٥٣
٧٠- باوەڕ بە گۆڕان و هەوڵدان بۆ گۆڕین، لە نهێنیەکانی سەرکەوتنی د.قاسملوو بوون ...... عەزیز شێخانی.....٣٥٩
٧١- ئەو کتێبانەی د. قاسملوو نووسیوونی، یا دەبارەی ئەودا نووسراون ........ عەلی بداغی.........٣٧٢
٧٢- رێزگرتن لە دوکتور قاسملوو،رێز لە خەباتی نەتەوایەتیمانە ............ هەیاس کاردۆ...............٣٧٧
٧٤- شەهید دوکتۆر قاسملوو لە ئاوینەی مێژوودا.......... د. رۆژان خالید.....................................٣٨٣

## بابەتی سالی: ٢٠١٠

٧٥- دوکتور قاسملوو، رێبەرێکی کاریزماتیک ......... کەیهان یووسفی.....................................٣٩٢
٧٦- قاسملو.. کەڵە پیاوی مێژوو ................ هیوا ناسیح.....................................................٣٩٧
٧٧- ئایا پۆلیسی نەمساوی دەستی هەبووە لە تیرۆر کردنی قاسملۆدا؟...... عەلی سیرینی............٤٠١
٧٨- قاسملوو کوژی .............................. دلشاد جەمشیدی.............................................٤٠٧
٧٩- قاسملوو، هزرێکی نەمر ................................ ئارام ئیبراهیم خاس.................................٤١١

## بابەتی سالی: ٢٠١١

٨٠- دانشمەندێکی رێبەر و رێبەرێکی مەزن ............................ هوشیار حەق..........................٤١٦
٨١- بەڵگەیەکی ویکیلیکس لە مەڕ دیدارێک لە گەڵ دوکتور قاسملوو .......... حەسەنی قازی..........٤٢٠

## بابەتی سالی: ٢٠١٢

٨٢- قاسملوو رێبەرێکی پێشەنگ بۆ هەموو نەوەکان ............... شەریف فەلاح..........................٤٣٢
٨٣- رەشەکوژی بە نهێنی لە «ڤییەن».......... توماس هاماربێری ....... و: حەمید تەیموری.........٤٣٤
٨٤- قاسملوو بیرمەندە جوامێرەکە ............... شەریف هەژاری.........................................٤٣٧
٨٥- مێژوویەک بو دەرس لێوەرگرتن ............ دوکتور سەلاحەدینی خەدیو..........................٤٤٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٨٦- قاسملوو و رۆڵی له بزووتنه‌وه‌ی ئازادیخوازی دا ................. ئاره‌ش لۆرستانی................ ٤٤٩
٨٧- تیرۆریزم له روانگه‌ی دوکتۆر قاسملووه‌وه ........................ سیروان مووساپوور................ ٤٥٤
٨٨- تیرۆری ئاشتی، تیرۆری رێگه‌چاره‌ی عه‌قڵانی ................ ره‌زا فه‌تحوڵلانژاد................ ٤٥٩
٨٩- قاسملووی پڕ شنگدارترین ئه‌ستێره‌ی خه‌بات بۆ ئاشتی و د یموکراسی ............ ئه‌حمه‌د مه‌كلاوه‌یی...... ٤٦٢

## بابه‌تی ساڵی: ٢٠١٣

٩٠- ڕۆڵی دوکتور قاسملوو له به‌جیهانیکردنی کێشه‌ی کوردو بێلوتفیی زۆرمان! ......... محمد سلێمانی...... ٤٧٠
٩١- وانه‌کانی شه‌هید دوکتور قاسملوو چرای ڕێگای تێکۆشانمانه ........ سامان فه‌قێ نه‌بی......... ٤٧٤
٩٢- دوکتور قاسملوو ده‌ڵێ :»منیش حه‌زم له شه‌ڕ نیه‌«، به‌ڵام .............. حه‌مید ته‌یموری......... ٤٧٧
٩٣- په‌یڤێک بۆ شه‌هید دکتۆر قاسملوو قه‌ڵای وره‌ی به‌رزی تێکۆشان ....... م. عه‌ونی خۆشناو.... ٤٨٣
٩٤- هێندێک له تایبه‌ت مه‌ندیه‌کانی د. قاسملوو......... حوسێن ره‌سوڵی......................................... ٤٨٦
٩٥- قاسملوو چه‌مکێکی پڕ واتا......... ره‌زا ئه‌مینی............................................................ ٤٩١
٩٦- ڕۆڵی خه‌ڵک له بزووتنه‌وه‌دا، له روانگه‌ی دوکتور قاسملووه‌وه ............ عادڵ موراد‌ی......... ٤٩٦
٩٧- ڕوانینی دوکتۆر قاسملوو بۆ «ئه‌خلاق له سیاسه‌ت»دا .... سیروان مووساپوور................ ٤٩٨
٩٨- دوکتور قاسملوو واقێعگه‌رای راسته‌قینه له پرسی مافه‌کانی ژناندا ...... چه‌کۆ ئه‌حمه‌دی...... ٥٠٢
٩٩- عه‌زیز حاج: بیره‌وه‌رییه‌کانم له‌گه‌ڵ قاسملۆ ................. و: فه‌یسه‌ڵ خه‌لیل................... ٥٠٤

## بابه‌تی ساڵی: ٢٠١٤

١٠٠- ساڵڕۆژی تیرۆری د.قاسملوو و به‌رپرسیاره‌تی ئه‌خلاقی ................ مادح ئه‌حمه‌دی............ ٥١٠
١٠١- تێڕوانینێک له‌سه‌ر چه‌مکی قاسملوویيسم له‌کوردستان ................. هادی عارفی................ ٥١٤
١٠٢- د.قاسملووڕێبه‌رێکی دێموکراتو سیمای به‌رزی مرۆڤایه‌تی .......... حوسێن نازدار............... ٥٢٥
١٠٣- بۆ قاسملوو! ......................................... که‌ریم فه‌رخه‌پوور............................................. ٥٢٨
١٠٤- د.قاسملوو ئه‌ستێره‌یه‌کی دره‌وشاوه له گۆڕه‌پانی دیپلۆماتیکدا ............ هه‌ژیر عه‌بدوڵلاپوور..... ٥٣٠
١٠٥- شرۆڤه‌یه‌ک بۆ بنه‌ماکانی خه‌باتی دوکتور قاسملوو .......... ئاره‌ش لورستانی ..... و. سیروان موساپوور....... ٥٣٣
١٠٦- قاسملوو، ڕێبه‌رێکی کوردستانیی‌و ئه‌خلاق ته‌وه‌ر له سیاسه‌تدا ......... وحدت قلی زاده............
پیرانجوق....... و: سیروان مووساپوور.......................................................................... ٥٣٨
١٠٧- له نێوخۆی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان، چۆن به‌ره‌و یادی ٢٥ ساڵه‌ی شه‌هیدبوونی د.قاسملوو بچین؟.......... قادر وریا......................................................................... ٥٤٧

کتێبخانه‌ی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٠٨- بیری لێنین و باخەکانی سەمەرقەند : گەشتێک بەنێو کتێبخانەکەی دوکتور قاسملوودا ............
د. ئاسۆی حەسەن زادە........................................................................................................٥٤٩
١٠٩- پەیامی لویس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست بۆ کۆبوونەوەی یادی ٢٥ ساڵەی پارلمانی ئینگلستان...........................................................................................................٥٦٩
١١٠- هەراوهوریای ژیانێک و بێ دە نگی مە رگێک ...... ئا: ئاسۆ ساڵح ..... و: رەشید زەرواوی......٥٧٢
١١١ - کاک دوکتور ................. ئەحمەد ڕەئفە .......... و: هیوا میرزایی........................................٥٨٣
١١٢- میراتی قاسملوو........................ ئیدریس ئەحمەدی.........................................................٥٨٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتەیەك لە بارەی ئەم بەرهەمەم

**ڕەحمان نەقشی**

وەک دەزانن لە مێژە گرنگیدان بە کۆکردنەوە و بە ئەرشیڤ کردنی نووسین و بابەتی پێوەندیدار بە پرسی کورد بە تایبەتی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانم کردوە بەپیشەی خۆم. هەر لە سەر ئەم ڕێچکەیە ساڵانێک بوو هەوڵی بەدواداگەڕان و کۆکردنەوە و بە ئەرشیڤ کردنی ئەو نووسین و بابەتانم دەدا کە لە بارەی تیرۆری ڕێبەری گەورە، د.قاسملوو و کارەساتی لە دەستدانی ئەو کەسایەتییە سیاسیەی کورد نووسراون و بڵاو بوونەوە. لەم بارەیەوە جگە لە ماڵپەرە کوردییەکان و سایت و پەیج و کەناڵەکانی حیزبی دیموکرات و ئەندامان و لایەنگرانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە سێرچ (بەدوا داگەڕان)ی گۆگل و یاهووش سوودم وەرگرتوە.

ئەوەندەی بە زمانی کوردی بابەتی جۆراوجۆرەم لە بارەی ئەو تیرۆرە و شەهید کرانی ئەو ڕێبەرە سیاسییە کوردە دەست کەوتوە، کۆم کردووەتەوە و نیازم وابووە ئەگەر ڕۆژێک بۆم گونجا وەک کتێب بڵاویان کەمەوە. بە خۆشی‌یەوە زەحمەتی چەند ساڵەم گەیشتووەتە ئاکام و توانیومە زۆربەی ئەو بابەتانەی لەم بارەیەوە هەبوون کۆ بکەمەوە و ڕێکوپێکیان بکەم بۆ ئەوەی وەک کتێبێک بە سەر یەکەوە بڵاویان بکەمەوە و وەک دیارییەکی خۆم بیخەمە بەرچاو و بەر سەرنجی خوێنەری ئەمڕۆی کورد و نەوەکانی دوارۆژ.

هەواڵی بە ئاکام گەیشتنی ڕەنجی چەند ساڵە و بیرۆکەی خۆم وەک بڵاوکردنەوەیان لە توێی کتێبێک دا لە گەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە ئەدیب نووسەر و کەسایەتیی سیاسیی دیاری گەلی کورد باس کرد. تکاشم لێ‌کرد کە زەحمەتی نووسینی پێشەکی بۆ ئەو کتێبە بکێشێ. بەخۆشی‌یەوە مامۆستا نە تەنیا قبووڵی کرد پێشەکی‌یەکە بنووسێ، بەڵکوو چاوپێداخشاندنەوەی بەشێکی زۆری بابەت و نووسراوەکانیشی وەئەستۆ گرت، کە ئەمە بوو بە هۆی زیاتر ڕێکوپێکبوون و کەمبوونەوەی هەڵە و کەموکووڕییەکانی کتێبەکە. شایانی باسە لەبەر زۆریی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بابەتەکان نەکرا سەرجەمیان لەم کتێبەدا بگونجێنم تەنیا بەشێکیانم بۆ ئەم دوو بەرگە هەڵبژارد. هیوادارم لە داهاتوودا بۆم بڕەخسێ ئەوانەی ماون لە بەرگێکی دیکەدا بڵاو بکەمەوە.

لێرەدا جێی خۆیەتی سپاس و پێزانینی خۆم بۆ گەورەیی و دڵاوایی‌و هەموو زەحمەتەکانی جەنابی مامۆستا دەرببڕم. هیوادارم هەر ساخ و سەلامەت و تەمەن درێژ بێ و بەردەوام بێ لە خزمەتی نەتەوەی بەشخوراوی کورد.

هەروەها سپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە هەوڵیان داوە بە نووسین یان پێکهێنانی وتووێژ و سیمینار تیشک بخەنە سەر ئەو کارەساتە دڵتەزینە و لایەنە جۆراجۆرەکانی ژیان و خەباتی د.قاسملوو و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و، هەر وەها خەساری گەورەی لە دەستدانی ئەویان باس کردوە.

پێویستە وەبیر بێنمەوە ئەم کتێبە بەرهەمی نووسین یا وەرگێڕانی من نیە. هەر لە جێدا من نە نووسەرم، نە وەرگێڕم. لێکۆڵەریش نیم و لەسەر ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا هاتوون، لێکۆڵینەوەیەکم نەکردوە. کاری من تەنیا کۆکردنەوەی وتار و بابەتی نووسەران لە ماڵپەڕەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ریکوپیک کردن و ئامادەکردنیان بۆ بڵاوبوونەوە لە فۆڕمی کتێبدا بووە. نووسەرانی بابەتەکان خۆیان لە نێوەڕۆکی نووسینەکانیان بەرپرسیارن.

بژی کورد و ئازاد و ئاوەدان بێ کوردستان

بەڕێزەوە: رەحمان نەقشی

جوولای ٢٠٢١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێشەکی

# هەوڵێکی دڵسۆزانە

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**

زۆر لە خوێنەرانی سایتە کوردی‌یەکان کاک ڕەحمان نەقشی تێکۆشەری پڕکار و ماندوویی نەناس لەڕێی کارەکانیەوە دەناسن. ئەو کە یەکێک لە ئەندامانی لە مێژینەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە، تائێستا دەیان نامیلکەی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بەخەباتی ڕزگاری‌خوازانەی کوردەوە ئامادە کردوە و لە سایتە ئینتەرنێتی‌یەکان بەتایبەتی دوو سایتی «گیارەنگ» و «کوردستان و کورد» و تۆری کۆمەڵاتی فەیس بووک دا بڵاوی کردوونەوە. ئەو هاوڕێیە ئۆگری‌یەکی کەم وێنەی بە کۆکردنەوەی دۆکیۆمێنت و بابەتی بەسوودەوە هەیە. زۆرجارمان دیوە کۆمەڵێک لە وتارەکانی نووسەرێکی بەتوانای کورد، یان بەشێک لە وتووێژەکانی کەسایەتی‌یەکی خەباتگێڕی کوردی بڵاو کردۆتەوە کە لەوانەیە خاوەنەکەیان بەشی زۆریانی هەر لەبیریش نەمابن. ئەمە بێجگە لەوە کە لەمێژساڵە مانگانە کورتەیەک لە کار و چالاکی‌یەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بووڵتەنێکدا ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەوەندەی ئەمن لەبیرم بێ کارەکانی کاک ڕەحمان تائێستا لە بووڵتەنی چەند لاپەڕەیی و نامیلکەی ١٠٠ تا ١٥٠ لاپەڕەیی‌دا دەرکەوتوون. بەڵام ئەمجارەیان دەستی داوەتە کارێکی یەکجار گەورەتر. هەمووومان دەزانین شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو کەسایەتی‌یەکی گەورەی نەتەوەیی و نیشتمانی و تەنانەت نێونەتەوەییش بوو. هەربۆیەش لەوکاتەوە کە بەدەستی غەدر و تاوان شەهید کراوە ساڵانە لە بۆنەی جۆراوجۆردا یادی دەکرێتەوە و لەسەری دەگوترێ و دەنووسرێ. ئەگەر هێندێک لە ئێمە ئەو بابەتانەمان هەر دوای بڵاوبوونەوە پشتگوێ خستوون، ڕەحمانی نەقشی بە حەوسەلەوە هەموویانی ئاڕشیڤ کردوە و وەک گەنجینەیەکی بەنرخ پاراستوونی.

بۆیە ئەم بەینانە کاتێک ویستوویەتی بە بۆنەی سی ودووەمین ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملووی نەمرەوە بڵاویان بکاتەوە بۆی دەرکەوتوە کە ئەوەی ئەو کردوویەتی لە کەمتر لە هەزاران لاپەڕەدا جێی نابێتەوە. بەناچار هەروەک بۆخۆی نووسیویە گوڵبژێریکی لێ کردوون و کتێبێکی «دوو بەرگیی (هەریەکەی ٦٠٠ لاپەڕە) لێ ئامادە کردوون بەو ئومێدە کە بتوانێ لە دواڕۆژدا ئەوانی دیکەش ڕێکبخا و بڵاویان بکاتەوە.

ئەم کتێبەی لەبەر دەستدایە بەشێکی زۆر کەم لە وتە و ئامۆژگاری یەکانی دوکتۆری شەهید لەخۆی دەگرێ و ئەوی دیکەی ئەو وتار و نووسین و وتوویژانەن کە بە زمان و قەڵەمی تێکۆشەرانی کورد و غەیری کورد بە بیروباوەڕی جیاوازەوە لەبارەی دوکتۆری نەمرەوە بەرهەم هاتوون. خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە بابەتە هەم ئۆگرانی دوکتۆر قاسملووی شەهید دەگەڵ بەشێک لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتیی ئەو ڕێبەرە کەم هاوتایە ئاشنا دەکا و هەم دەرس و ئەزموونی باشی بۆ تێکۆشەرانی ڕێی ڕزگاری بەتایبەتی بەرەی لاوی ئەمڕۆ و دواڕۆژ لێوەردەگیرێ.

وێڕای دەست خۆشی و پیرۆزبایی لە کاک ڕەحمان ئاواتەخوازم زۆر کەسی دیکە ئەو ڕچەیەی کاک ڕەحمان هەڵگرن و لە کۆکردنەوەی ئەو جۆرە بابەتانەدا کە دەتوانن ببنە سەرچاوەیەکی لێ فێربوون و کەرەسەیەک بۆ مێژوونووسین و مێژوونووسان، یارمەتیدەر بن.

ژووئیەی ٢٠٢١


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پوختەیەك لە ژیانی پڕ بەرهەمی دوكتور قاسملوو

## كوردستان و كورد

عەبدولرەحمان قاسملوو لە شەو زستان (شەوی یەلدا)ی ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی ڕێکەوتی ٢٢ی دیسامبری ساڵی ١٩٣٠ زایینیدا لە شاری ورمێ لە بنەماڵەیەکی خاوەنملکی دەست ڕۆیشتوودا لە دایک بوو. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی، پێشان لە ورمێ و دوایە لە تاران تەواو کرد.

هێشتا زۆر منداڵ بوو کە لەگەڵ مەسەلە سیاسییەکان ئاشنا بوو و بیرو باوەڕی ئازادیخوازانە لە مێشکی دا جووڵا. بۆخۆی لەم بارەیەوە لە کتێبی «چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی»دا پاش باسی سەفەری ٣٠ کەس لە کوردەکان بۆ باکۆ لەسەر بانگهێشتنی دەوڵەتی شووڕەوی، دەنووسێ: «هەر چەند ئەو کاتە من تەمەنم یازدە ساڵ بوو، بەڵام وەک زۆر منداڵی ئەو سەردەمە سیاسەت سەرنجی ڕاکێشا بووم.

بابم یەکێک لە ئەندامانی ئەو هەیئەتە بوو. زۆر باشم لە بیرە کە لە باکۆ هاتەوە چەندین تا قەندی لەگەڵ خۆی هێنابوو، تاپرێکی باشیشی پێبوو. وادیارە سۆویتییەکان قەندو تفەنگ و شتی دیکەیان بە دیاری دابوو بە هەموو ئەندامانی هەیئەت. قەند بە تایبەتی زۆر بەنرخ بوو، چونکە ئەو کاتە لە ئێران زۆر کەم و گران بوو. من ئەو کارەم زۆر پێ سەیر بوو، چونکە لە ماڵی ئێمە براکانم و ئامۆزاکانم کە لە من گەورەتر بوون، باسی ئەوەیان دەکرد کە بابم لەگەڵ چەند کەسی دیکە چوون بۆ باکۆ حەق و ئازادیی کوردان داوا بکەن. بۆیە ڕاستەوخۆ لە بابم پرسی: ئەدی مافی کوردان چیی لێ هات؟»

عەبدولرەحمان قاسملوو ساڵی ١٣٢٤ تێکۆشانی سیاسیی خۆی بە دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە شاری ورمێ دەست پێکرد. ساڵی ١٣٢٥ کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕووخا. بە دوای ئەو دا ئەویش بۆ خوێندن چووە تاران. ساڵی ١٣٢٧ بۆ درێژەپێدانی خوێندن چوو بۆ پاریس پایتەختی فەرانسە. گەیشتنی بە پاریس هاوکات بوو لەگەڵ تەقەکردن لە شا لە زانستگەی تاران (٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٧) کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو به هۆی له نێوچوونی ئازاد یه دێموکراتییەکان له سەرانسەری ئێران دا. بەو بۆنەیەوە کۆبوونەوەیەکی بەرینی خوێندکارە ئێرانییەکان لە پاریس پێکهات کە لەوێ دا عەبدولرەحمان قاسملوو بە درێژی لە دژی شاو ڕێژیمەکەی قسەی کرد لە ئاکام دا خوێندکاران پەیامێکی ئیعترازی‌یان بۆ حەمەرەزاشا نارد. ئەم کارە بوو بە هۆی فشاری باڵیۆزخانەی ئێران لە پاریس، تەنانەت حکوومەتی فەرانسە بۆ سەر قاسملوو. سەرئەنجام ناچار بوو پاریس بە جێ بهێڵێ و وەک یەکەم بوورسیەی ئێرانیی «یەکیەتیی نێونەتەوەیی خوێندکاران» چوو بۆ پراگ پێتەختی چێکوسلۆواکی. هەر لەو ماوەیەدا کە لەفەرانسە بوو، بەهاوکاریی چەند خوێندکاری دیکەی کورد «کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپا»یان دامەزراند.لەو ماوەیەدا کە لە پڕاگ خەریکی خوێندن بوو لە تێکۆشانی یەکیەتیی نێونەتەوەیی خوێندکارانیش دا بەشدار بوو.

ساڵی ١٣٣٠ بە نوێنەرایەتیی خوێندکارانی ئێران لە دووهەم کۆبوونەوەی ئەم ڕێکخراوە دا کە لە شاری پڕاگ گیرا، بەشدار بوو. هەر لەو ماوەیە دا وەک نوێنەری ئێران لە زۆر کۆبوونەوە و کۆنفرانسی فیدراسیۆنی جیهانیی لاوان دا لە شاری بوداپێست پێتەختی مەجارستان بەشدار بوو.

ساڵی ١٣٣١ لە سەردەمی حکوومەتی میللیی دوکتور موسەدیقدا عەبدولرەحمان قاسملوو پاش ئەوەی لەزانستگەی پڕاگ لیسانسی زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی وەرگرت گەڕایەوە ئێران. ئەو کاتە لە نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی توودەی ئێران دا یەکیەتیی تەشکیلاتی هەبوو. قاسملوو پاش شەش مانگ تێکۆشان لەتاران هاتەوە مەهاباد و لەوێ بەرپرسایەتیی کاری حیزبی بەئەستۆوە گرت.

پاش کودیتای شوومی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ناچار بوو بە تەواوی خۆی بشارێتەوەو بە نهێنی لە تاران و لە کوردستان خەریکی کاری حیزبی بێ. لەو ماوەیەدا عەبدولرەحمان قاسملوو سەرپەرستیی ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی بە ئەستۆوە بوو کە تەنیا پێنج ژمارەی بە نهێنی لێ دەرچوو. هەر لەو ماوەیەش دا بوو کە کۆمیتەیەکی سەرانسەری بۆ کاروباری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەرپرسایەتیی ئەو پێک هات.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەبدولرەحمان قاسملوو پاش پێنج ساڵ تێکۆشانی سیاسی لەئێران و بەتایبەتی لە کوردستان، ساڵی ١٣٣٦ جارێکی دیکە چۆوە چێکوسلۆواکی، ساڵی ١٣٣٧ (١٩٥٨) پاش سەرکەوتنی شۆڕشی عێراق و بووژانەوەی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق قاسملوو لەگەڵ چەند ئەندامی مەسئوولی دیکەی حیزبی هەوڵیان دا لەرێگای عێراقەوە رێکخراوەکانی حیزبی زیندوو بکەنەوە. بەڵام بە هۆی کارشکێنیی هێندێک لە بەرپۆوەبەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەو کارە دا سەرنەکەوتن. ساڵی ١٣٣٩ عەبدولرەحمان قاسملوو بە دەستووری دەوڵەتی عێراق لەو وڵاتە دەرکراو گەڕایەوە بۆ پراگ.

ساڵی ١٣٤١ (١٩٦٢) قاسملوو لە زانستگەی پراگ دوکتورای زانستی ئابووریی وەرگرتو هەتا ساڵی ١٣٤٩ لە زانستگەی پراگ دەرسی «ئابووریی سەرمایەداری و ئابووریی سۆسیالیستی و تیئۆریی هەڵدانی ئابووری» ی گوتەوە. لەو ماوەیەدا دوکتور قاسملوو چەندین کتێب و نامیلکەی لە سەر گیرو گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان نووسی کە لە هەموویان بە ناوبانگتر کتێبی «کوردستان و کورد»ە. ئەم کتێبە لەجێ دا بە زمانی چێکی نووسراوە، تا ئێستا بە زمانەکانی ئینگلیسی، سلۆواکی، لەهێستانی، عەرەبی و کوردی و فارسی و هیندی و چەند بەشیشی بە فەرانسەیی چاپ و بڵاو کراوەتەوە. دوکتور قاسملوو زمانەکانی کوردی، فارسی، تورکی، عەرەبی، فەرانسەیی، ئینگلیسی، چیکی و رووسیی بە باشی دەزانی و بەزۆر زمانی دیکەش وەک ئەلمانی و زمانەکانی سلاو تا رادەیەک ئاشنا بوو. ساڵی ١٣٤٩ پاش دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی مارس و رێککەوتنی نێوان رێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق و دەوڵەتی ئەو وڵاتە ئیمکانی تێکۆشانی سیاسی لە کوردستانی ئێران زیاتر بوو. لەو کاتە دا دوکتور قاسملوو لە ئورووپا گەڕایەوە و بە هاوکاریی چەند کەس لە یارانی نیزیکی ئەرکی زیندووکردنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی بەئەستۆوە گرت. لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزب دا کە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٠ گیرا، دوکتور قاسملوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پاشان بە (سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان) هەڵ بژێردراو لەو کاتەوە لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبی دا

وەک سکرتێری گشتی هەڵبژێرایەوە. بەم جۆرە بۆ ماوەی هەژدە ساڵ وەک رێبەرێکی کارزان و شارەزا لە پلەی یەکەمی مەسئوولیەت دا کاروباری جیزبی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لە یەکێک لە سەختترین قۆناخەکانی خەباتی ئەم حیزبە دا بەڕێوە برد.

مامۆستای ڕێبەر دوکتور قاسملوو ڕۆژی ٢٢ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٨ (١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩) لەکاتێک دا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێران دا لەگەڵ چەند نوێنەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە وییەن لەسەر مێزی وتووێژ دانیشتبوو لەگەڵ هاوڕێی تێکۆشەر کاک عبداللە قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئوروووپا بەدەستی بەناو نوێنەرانی دەوڵەت بۆ وتووێژی ئاشتی، شەهید کرا. لەو تیرۆرە ناجوانمێرانەیە دا دوکتور فازل ڕەسووڵ کوردی عێراقیی مامۆستای زانستگە لەوییەنیش هەر بەدەستی ئەو تیرۆریستانە شەهید بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چەند بیرو بۆچوونی شەهید دوکتور قاسملوو:

## جێگیر بوونی نەتەوایەتیی کورد!

ئایا دەتوانین بڵێین کورد نەتەوەیە؟ ئایا باشتر نیە کورد بە کەمایەتی نەتەوایەتی دابنێین؟ با لە نیزیکەوە لەم دوو پرسیار وردببینەوە.

زۆر جار )نەتەوە( مانایەکی ڕاست و دروستی لێ نەدراوەتەوە، بەڵام زانستی نوێ سنوورێکی ڕاست بۆ نێوەڕۆکی ئەم مانایە دەداتە دەست. نەتەوە خەڵکێکە کە لە ڕەوتی مێژوودا پەیدا

بووە و سەقامگیر بووە. کۆمەڵە خەڵکێک تەنیا پاش قۆناغێکی دیاریکراوی پێگەیشتن دەبێتە نەتەوە ڕاستی‌یەکەشی ئەوەیە کە بناخەی نەتەوەکانی سەردەمی ئێمە بە گەشەکردنی سەرمایەوە بەندە و ئەو نەتەوانە لە گەڵ گەشەکردنی سەرمایەداری دا سەقامگیر دەبن. دیارە ریشەی پێگەیشتنی ئەو نەتەوانە بۆ سەر شێوەکانی پێشووی کۆمەڵ لە قۆناغی کویلەتی و قۆناخی دەرەبەگایەتی دا دەگەڕێتەوە. لە گەڵ ئەوەش دا بۆ ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێک بە نەتەوە دابنرێ، هێندێک شەرتی دیکە پێویستن کە لە هەموویان گرنگتر زمانی هاوبەش و خاکی هاوبەش و ژیانی ئابووریی هاوبەش و خوو و ڕەوشتی هاوبەشە کە لە ژیانی فەرهەنگیی نەتەوە دا خۆی دەنوێنێ.

باسی ئەوەمان کرد کە کورد کۆمەڵەخەلکیکی خاوەن مێژوویە و لەسەدەی حەوتەمەوە بەو ناوە ناسراوە ئێستا بزانین ئەو سروشتە تایبەتی‌یانە چین کە کورد دەکەنە نەتەوەیەکی سەربەخۆ»؟

وەک لە پێشەوە گوتمان زمانی کوردی زمانی هاوبەشی هەموو کوردەکانە و بوونی جیاوازی‌یەکی کەم لە نێوان شێوەکانی دا هیچ لەو ڕاستی‌یە ناگۆڕێ، چونکە شێوەی جۆراوجۆر تەنانەت لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانیش دا ماوە. دیارە ئەوە کە تا ئێستا زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو بۆ کورد پێک نەهاتوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. بەڵام ئەمە هۆی ئەوە نیە کە گۆیا زمانی کوردی هێشتا ئەوەندە پێش نەکەوتوە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەبەر ئەوەش نیە کە گۆیا وەک هێندێک دەڵێن شێوەیەکی زمانی فارسی‌یە. چونکە هێچ ڕۆژهەڵاتناسێکی بەناوبانگ لەوە دا گومانی نیە کە زمانی کوردی بەڕادەی پێویست پێش‌کەوتوە. یەکەم کتێبی ڕێزمانی کوردی ساڵی ١٦٨٧دەرچووە. کەوابوو. نەبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو پێش هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە نووسینێکی یەکگرتوومان نەبووە. هەروەک لەوە پێش گوتمان کوردی بە پیتی عەرەبی و لاتینی و رووسی دەنووسرێ و هۆیەکەشی ئەوەیە کە نەتەوەی کورد لە نێوان چەند وڵات دا دابەش کراوە و لە زۆربەی ئەو وڵاتانە دا خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی قەدەغە بووە. کەوابوو، لە باری مێژوویی‌یەوە لانی کەمی وەخت و دەرەتان پێویستە بۆ ئەوەی نووسینێکی یەکگرتوو و زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی پێک بێ. بەم جۆرە نەتیجە وەردەگرین کە نەتەوەی کورد زمانی هاوبەشی هەیە کە یەکێکە لەو سروشتانەی هەموو نەتەوەیەک لێک جیا دەکەنەوە.

هیچ کەس گومانی لەوەدا نیە کە کورد خاکی هاوبەشی هەیە، چونکە لە ڕۆژگارێکی یەکجار کۆنەوە کوردستان بە خاکی کورد ناسراوە کە هەزاران ساڵە لە کەژ و کێو و پیدەشتەکانی دا دەژی. لەت‌لەت‌بوونی کوردستان بە هۆی سنووره سیاسی‌یەکانیش لە نێو چەند وڵاتان دا هێچ لەو ڕاستی‌یە ناگۆڕێ.

لەباری ژیانی ئابووریی هاوبەشەوە وەک ئەوەی لە وڵاتێکی وەک فەرانسە یا ئیتالیا هەیە، نابینرێ. لەو بارەوە تەنانەت لە نێوان کورد و تورکیش دا جیاوازی هەیە، چونکە تورکەکان لەوبارەوە لە کورد زیاتر پێش‌کەوتوون، هۆی ئەوەش کزیی گەشەکردنی سەرمایەداری‌یە لە کوردستان دا و هۆیەکی تریش ئەوەیە کە کوردستان لەت‌لەت کراوە و بەکردەوە هێندێک بەش لە بەشەکانی دیکە جیابوونەوە، هەروەک لە نێوخۆی هەرکام لەو وڵاتانەش دا کوردستان دابەش کراوە، دیارە هەموو ئەوانە دەبنە کۆسپی پێک‌هاتنی ژیانێکی ئابووریی هاوبەش، بۆ نموونە کوردستانی ئێران کراوەتە سێ بەش: بەشی شیمال کە بەڕەسمی بە (ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) ناو دەبرێ، بەشی نیوەڕاست کە بەڕەسمی پێی دەڵێن (ئوستانی کوردستان) و بەشی جنووبی کە بەڕەسمی بە (ئۆستانی کرماشان) دەناسرێ. ئەودەم تەنانەت تاقە ڕێگایەکی باشیش نیە کە بەشەکانی کوردستان بەیەکەوە گرێ بدا و زستانان لە نێوان سەقز و سنە دا هاتوچۆ نامێنێ، کە ئەمەش مانای ئەوەیە بەشی جنووبیی کوردستانی ئێران بە تەواوی لە بەشی شیمالی دادەبڕێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەڕای هەمووی ئەوانەش، پێشکەوتنی پێوەندی‌یەکانی سەرمایەداری و ئەو جیاوازی‌یەی لە نێوان گوندنێشنەکان دا پەیدا بووە و پێگەیشتنی شارەکان و بەربڵاوبوونی بازرگانی و هاتوچۆ هەموویان دەبنە هۆی سەقامگیربوونی نەتەوەی کورد.

ئەمە وا دەگەیەنی کە ئەگەر ناتوانین بڵێین ژیانی ئابووریی یەکگرتووی تەواو لە کوردستان دا هەیە. ناش‌توانین بڵێین ژیانی ئابووریی هاوبەش نیە. ئێمە لەمەوبەر گوتمان کە بە پێچەوانەی ئەو سنوورە دەسکردانە، کوردەکان پێوەندی‌یەکی ئابووریی بەربڵاویان پێکەوە هەیە، وەک کوردی ئێران و عێراق، بێجگە لەوانەش یەکیەتیی ژیانی ئابووری شتێکی نیسبی‌یە و نەتەوکانی دەوروبەری کوردیش (وەک فارس، تورک و عەرەب و ئازەربایجانی) هەر وەک کوردن. ئەوانیش لە هێندێک جێگا یەکیەتیی ئابووری‌یان بە هێزە و لە هێندێکی تر لاوازە. یەکیەتیی ئابووریی نەتەوەکانی قەفقازیش ناتەواو بوو، و هی نەتەوەکانی ئاسیای نێوەڕاست لە رووسی هەر شوێنەواری نەبوو، کەچی ئەوە نەبوو بە کۆسپ بۆ ئەوەی لە دوا رۆژ دا ببن بە نەتەوەی سۆسیالیستیی سەربەخۆ.

خووو ڕەوشتی هاوبەشی کوردەکان بەگشتی شتێکی شتێکی سەلمێندراوە، هەموو رۆژهەڵاتناسەکان و ئەو کەسانەی کە خۆیان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کورد تەرخان کردوە، لەوە دا یەکدەنگن کە کورد لە هەموو نەتەوەکانی دەوروپشتی خۆی جیایەو کوردەکان فەرهەنگی خۆیان پاراستوە و لە نێو هیچ کۆمەڵێکی رەگەزی و زمانیی دیکە دا نەتواونەوە. خەباتی بەردرێژی کورد لە پێناوی پاراستنی بوونی نەتەوایەتیی خۆی دا هەمیشە بۆتە هۆی جێگیربوونی خوو و ڕەوشتی هاوبەش و فەرهەنگی نەتەوایەتیی کورد. پێویستە بگوترێ کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بە تایبەتی لەسەردەمی کۆماری دیموکڕاتی کوردستان دا هەستی نەتەوایەتی لە نێو کورد دا زۆر بەهێز بووە.

بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتیی کورد هەروا درێژەی هەبووە و لە پاش شۆڕشی ژووئیەی ساڵی ١٩٥٨ی عێراق زیاتر بەهێز بووە. ئێستا لە کوردستانی عێراق چەند رۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەردەچن. لە ئێران و عێراق چەند ئێزگەی رادیۆ بە کوردی کراونەتەوە کە هەر چەند ئێزگەکانی ئێران بەرنامە بە قازانجی گەلی کورد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڵاو ناکەنەوە بەڵام ئێستاش تاڕادەیەک یارمەتیی گەشەکردنی زمانی کوردی و فەرهەنگی کوردی واتە ئەدەب و مۆسیقا دەکەن.

ئەوەش گرنگە کە بگوترێ سەقامگیربوونی ئەو نەتەوانە کە لەباری ئابووری‌یەوە، دواکەوتوون پێوەندی‌یەکی زۆری بەخەباتی دژی ئیمپریالیستی‌یەوە هەیە و نەتەوەی کوردیش لە کارەساتی خەباتی دژی ئیمپریالیستی و زۆرداریی نەتەوایەتی دا کە لەلایەن حکوومەتە مەرکەزی‌یەکانی تورکیا و ئێرانەوە تووشی بووە، ریشە دادەکوتی.

هاوبەشیی ئایینیش یەکێک لەو هۆیانە بووە کە پێگەیشتنی نەتەوەی کوردی وەدوا خستوە. چونکە ئیسلام وەک ئایینی هاوبەشی گەلانی موسوڵمان کراوەتە پەردەیەک بۆ داپۆشینی زۆڵموزۆری نەتەوایەتیی خەلیفەکانی بەغدا وپاشان سوڵتانەکانی عوسمانی کە ئەوانیش نەخشی خەلیفەیان یارێ کردوە.

بۆ نموونە لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی دا کوردەکان دەرفەتێکی باشیان بۆ رێ کەوت کە لە پێناوی مافی نەتەوایەتی و مافی چارە نووس دا خەبات بکەن. بەڵام بەناوی غەزاوە فریویان دان و زوڵم و زۆری نەتەوایەتیی تورکەکانیان بۆ ماوەیەک لە بیر بردنەوە. ئەوە ڕاستە کە ئایین یەکێک لە دیاردەکانی نەتەوە نیە، بەڵام دەتوانین تەئسیری ئایین لەسەر سەقامگیربوونی نەتەوایەتیی کورد لەو نموونەیەی خوارەوە دا تەماشا بکەین! لە گەڵ ئەوەی ناوچەی کرماشان لە باری ئابووری و کۆمەڵاتی‌یەوە زیاتر پێش کەوتوە، جووڵانەوەی نەتەوایەتی لە مەهاباد بەهێزترە، چونکە کوردەکانی مەهاباد سوننین و کوردی کرماشان وەک فارسەکان شیعەن. جیاوازیی مەزهەب لە مەهاباد دەبێتە هۆی ئەوە کە زوڵم زۆری نەتەوایەتی لە مەهاباد ئاشکراتر خۆی بنوێنێ و ئەوەش هەستی بەرهەڵستیی کوردەکان زیاد دەکا و لە ئەنجام دا دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی.

دیارە دابەش بوونی کوردستان لە نێوان چەند وڵاتیش دا کۆسپێکی دیکەی ڕێگای سەقامگیر بوونی نەتەوایەتیی کوردە و پێویستە ئەو هۆیەش بەکەم نەگرێن کە تا ئێستاش ڕۆڵی خۆی لەو بارەیەوە یاری دەکا.

هۆیەکی نالەباری تریش پێوەندیی عەشیرەتگەری و دەربەگایەتی‌یە کە تا ئێستاش لە گوڕێ دا ماوە، بەڵام ئەو پێوەندی‌یانە بەرەبەرە لە ئەنجامی گەشەکردنی بازاری


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نێوخۆیی و پەیدابوونی پێوەندیی‌یەکانی سەرمایەداری لە لادێی کوردستان دا بێ بایەخ دەبن.

لەوەڕا نەتیجە وەردەگرین کە جێگیربوونی نەتەوایەتیی کورد لە هەلومەرجی ئێستا دا مومکین نیە، بەڵام ئەوە بەهێچ جۆر بەو مانایە نیە کە بتوانین حاشا لە بوونی نەتەوەی کورد بکەین کە ڕۆژ بە ڕۆژ گەشە دەکا و سەقامگیر دەبێ.

کەوا بوو، هیچ شەرتێکی پێویستی نەتەوە بوون نیە کە لە نەتەوەی کورد دا نەبێ، بۆیە دەتوانین هەروەک باسی نەتەوەکانی تر دەکەین باسی نەتەوەی کوردیش بکەین، چونکە سێ هۆی گرنگ و بنەڕەتیی بوونی نەتەوە کە بریتیین لە: زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش و خوو و ڕەوشتی هاوبەش بە تەواوی لە کورددا هەن و ژیانی ئابووریی هاوبەشیش زۆر وەخت بە شەرتێکی گرنگی نەتەوە دانانرێ، کە واتە دەتوانین کوردیش وەک یەکێک لە نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابنێین کە ئێستا بە قوناخی پێگەیشتنی نەتەوایەتی دا تێدەپەڕێ.

## جێگای کۆماری کوردستان لە مێژوو

لە گەڵ ئەوە کە ماوەی ژیانی کۆماری کوردستان ١١ مانگ بوو و زوو تێک چوو، دیسان جێگایەکی تایبەتیی لە مێژووی نەتەوەی کورد دا هەیە. کۆماری کوردستان لەئاسمانی تاریک و لێڵی سەردەمی درێژی ژێردەستیی گەلی کورد دا وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار دەدرەوشێ. ڕاستە ئەو ئەستێرەیە زۆر زوو ئاوا بوو، بەڵام ئێستاش هەروا ڕووناککەرەوەی ڕێگای خەباتی دژواری گەلی کوردە. گەلی کورد لە ڕۆژگاری نوێی مێژووی خۆی دا تا پێکهاتنی کۆماری کوردستان نەی‌توانیبوو چارە نووسی خۆی بە دەستەوە بگرێ و حوکمداری نیشتمانی خۆی بێ. بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێی نەتەوەکەمان دا بە دامەزرانی کۆماری کوردستان گەلی کورد بە ئاواتی خۆی گەیشت و هەستی بەوە کرد کە چارەنووسی خۆی بە دەستەوەیە و لەنیشتمانی خۆی دا بێگانە نیە و حاکمێکی دیکەش بێجگە لەخۆی لەو نیشتمانە دا نابینێ. بۆ یەکەم جار بوو کە گەلی کورد کۆماری خۆی هەبوو، پێشەوا و لەشکری


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆی هەبوو، دەزگای هەڵسووراندنی کاروباری وڵاتەکەی لە خۆی بوو، پاش سەدان ساڵ خەبات هەستی لەخۆدڵنیابوون لە گەلی کورد دا پەیدا ببوو و چیرۆکی کۆن کە کورد هەرگیز «نابێتە هیچ» پووچەڵ ببۆوە، بۆ گەلی کورد دەرکەوتبوو کە بە خەباتی خۆی دەتوانی «ببێتە شتێک» و ژێردەستی کەس نەبێ و ئازاد و سەربەرز بژی.

کۆماری کوردستان کۆمارێکی گەلی بوو، بۆ یەکەمجار لەمێژووی نەتەوەی کورد دا بەرێوەبەریی جووڵانەوە بە دەست ئاغایەک، سەرۆکعەشیرەتێک یان شێخێک نەبوو. ڕاستە هێندێک لە مانە لە کۆماری کوردستان دا خاوەندەسەڵات بوون. بەڵام هەوڵ دەدرا کە کۆمەڵانی سادە واتە خەڵکی کۆڵان و بازار نوێنەرانی خۆیان بە شێوەیەکی دێموکڕاتی هەڵبژێرن و بەرێوەبەرانی خۆیان دیاری بکەن، بۆ یەکەمجار جووڵانەوەیەکی پان و بەرینی گەلی پێکهاتبوو کە پشتیوانی ئامانجەکانی خۆی و کۆماری خۆی بوو. لەم بارەوە جووڵانەوەی ساڵەکانی ٢٤ – ١٣٢٥ لە گەڵ هەموو جووڵانەوەکانی پێشووی نەتەوەی کورد جیاوازی‌یەکی بنەڕەتیی هەبوو.

کۆماری کوردستان ئاکامی جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی بوو. گەلی کورد بۆ یەکەم جار لە بەشێک لە نیشتمانی خۆی دا شوێنەوارێکی لە زۆردارانی مێژوویی خۆی نەدەدی. لەشکر و پۆلیسی زۆردار نەمابوون. کاربەدەستی بەرتیلخۆری لە مەرکەزەوە دیارِی کراو دەرکرابوون، کەس بۆ ئەوە ئازار نەدەرا کە بە زمانی خۆی قسە دەکا، هەستێکی یەکجار شیرین و دڵخۆشکەر لە ژیانی خەڵک دا پەیدا ببوو و دەیانزانی کە ئەوانیش نەتەوەیەکن. خاوەنی ئاو و خاکن، خاوەنی نیشتمانن.

کۆماری کوردستان ئاکامی جووڵانەوەیەکی دێموکڕاتی بوو، لەم جووڵانەوەیە دا هەموو چین و توێژە دێموکڕاتی‌یەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەشدار بوون و هەرچی دەرۆیی باری دێموکڕاتیی جووڵانەوە زیاتر دەبوو. خەڵکی کۆڵان و بازار و خەڵکی ساویلکە و نەخوێندەوار کۆماری کوردستانیان بەهی خۆیان دەزانی و ئازادانە لە هەڵسووراندنی دا بەشداری‌یان دەکرد. ئەو دێموکڕاسی‌یە کە لە کۆماری کوردستان دا بەدی دەکرا، جێێ سەرسوڕمان بوو بۆ ئەوانەی کە لە دەرەوە ڕا دەهاتن و چاویان پێ‌دەکەوت.

کۆماری کوردستان ئاکامی پەرەئەستاندنی جووڵانەوەیەکی نیشتمانی و دژی ئیمپریالیستی بوو. جووڵانەوەیەک کە لە کوردستان دا پەرەی گرتبوو بۆئەوەی سەربەخۆیی بپارێزی، دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئینگلیس خاشەبڕ بکا و بۆ ئەوە تێدەکۆشا کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسەتێکی نیشتمانی لە ئێران دا سەرکەوێ. ئەوەش یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندی‌یەکانی جووڵانەوەی ٢٤ - ١٣٢٥ بوو کە بۆ یەکەمجار جووڵانەوەی کوردستانی کرد بە بەشێک لە جووڵانەوەی دیموکڕاتیی پێشکەوتووی سەرانسەری ئێران.

هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئینگلیس ئەوەندە لە کۆماری کوردستان بیزار بوون و ئەوەندەیان رق لە پێشکەوتنی جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستان هەستا بوو کە بۆ تێکشاندنی بە هەموو هێزیانەوە یارمەتیی دەوڵەتی مەرکەزیی ئێرانیان دا. چونکە بە حەق ترسی ئەوەیان هەبوو کە جووڵانەوەی کوردستان لە دوارۆژ دا ببێ بە بنکەیەک بۆ پێشکەوتنی جووڵانەوەی نیشتمانی و دژی ئیمپریالیستی لە هەموو ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا.

کۆماری کوردستان ئاکامی جووڵانەوەیەک بوو کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی نەتەوەی کورد دا ببوو بە لە جووڵانەوەی ڕزگاری‌خوازی و پێشکەوتووی جیهانی کە باڵێکی وڵاتەکانی سۆسیالیستی و جووڵانەوەی کرێکاریی جیهانی و باڵێکی دیکەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆرلێکراو بوو. جووڵانەوەی خەڵکی کوردستان لە ساڵەکانی ٢٤ - ١٣٢٥ دا ببوو بە بەشێک لە جووڵانەوەی دژی فاشیستی و دژی ئیمپریالیستیی سەرانسەری جیهان و هەر بۆیەش لە گەڵ ئەوەی جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی نیشتمانی بوو، باری ئینترناسیونالیستییشی هەبوو.جووڵانەوەیەک بوو کە بۆ دۆستایەتی و ئاشتی و هاوکاری لە نێو هەموو نەتەوەکانی دنیا هەوڵی دەدا.

هیچ نەتەوەیەکی دیکەی لە کورد بەزیاتر دانەدەنا، بەڵام بە هیچ جۆرێک نەتەوەی کوردیشی بە زیاتر لە هیچ نەتەوەیەک نەدەزانی، دژی رەگەزپەرستی و فاشیزم و شوویێنیزم بوو.

کۆماری کوردستان ئەو ڕۆڵە تاقانەی مێژووی نەتەوەی کورد جوانەمەرگ بوو، بەڵام شوێنەواری ئەو کۆمارە ئێستاش هەر زیندووە. ئێستاش هەر پاش ٤٧ ساڵ خەڵکی کوردستان ڕێگای کۆماری کوردستان دەبڕن، ئەو ڕێگایەی کە پێشەوا شەهید قازی محەممەد دیاری کردبوو و گرتبوویە بەر. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەو هەموو ئەزموونە کە دەستیان کەوتووە و بە پەیرەوی کردن لە سیاسەتی ڕاست و دروستی حیزبەکەیان، ڕێگای پێشەوا تا سەر دەڕۆن و ئاواتەکانی بەجێ نەهاتووی کۆماری کوردستان بە تەواوی وەدی دێنن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سۆسیالیزم لە بەرچی ئامانجی «دوارۆژە«؟

لە پێشدا ئەوە بزانین کە بۆ گەیشتن بە ئامانج، دەبێ قۆناغ بە قۆناغ بەرەوپێش بچین و بۆ هەر قۆناغەی دروشمی تایبەتیمان هەبێ، بەگشتی حیزبێکی سیاسی سێ جۆر دروشمی هەیە:

**یەکەم**: «دروشمی رۆژ» کە دەکری لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراوی زۆر بچووک بێ. بۆ نموونە ئەگەر لە شارەکان «نان» یان «نەوت» وەدەست نەکەوت دەتوانین خەڵک هان بدەین بۆ ئەوەی کۆ ببنەوە و خۆپیشاندان پێک بێنن و داوای «نان» یان «نەوت» بکەن. شاگردی مەدرەسە دەتوانین هان بدەین بۆ ئەوەی بە کۆمەڵ وەڕێ کەون و داوا بکەن: مامۆستاکانیان تەبعید نەکرێن و دروشمی دیکەی ئاوا ...

**دووهەم**: درێژتر لە دروشمی ڕۆژ، دروشمی «تاکتیکی»یە ئەگەر سەرنج بدەینە تێکۆشانی حیزب. دەبینین کە لەپاش شۆڕشی ئێرانەوە هەتا ئێستا، حیزب چەند جار تاکتیکی خۆی گۆڕیوە: لەسەرەتا دا تاکتیکمان هاوکاری لە گەڵ ڕێژیمێک بوو کە بە دوای شۆڕشدا هاتبووە سەرکار. ئێمە پشتیوانیمان لە بەرێوەبەرایەتیی خومەینی و لە ڕێژیمەکەی دەکرد و مەسەلەی خەباتی چەکداری لە گۆڕێ نەبوو. لە شەڕی سێ مانگە دا دەستمان کرد بە خەباتی چەکدارانە بە دژی ڕێژیمی خومەینی کە لەڕاستی دا ئەو شێوە خەباتە ڕێژییم بەسەری داسەپاندبووین. پاش سەرکەوتن لە شەڕی سێ‌مانگە دا، سەرلەنوێ تاکتیکی خۆمان گۆڕێ. بەڵام ئەم جارە لە جیاتی پشتیوانی لەڕێژیمی خومەینی، دەمانەویست بۆ دیتنەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ مەسەلەی کوردستان، لەگەڵ دەوڵەت وتوویژ بکەین. تاکتیکی «وتوویژ» یش زۆر درێژەی نەکێشاو سەر لە نوێ شەڕی چەکداری دەستی پێ‌کرایەوە. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین کە تاکتیکی شەڕی چەکداری ئێستامان لە گەڵ شەڕی چەکداریی سێ‌مانگەدا فەرقی هەیە: ئەوکاتە ئێمە شەڕمان دەکرد بۆ ئەوەی ڕێژیم ناچار بە وتوویژ بکەین، بەڵام ئێستا شەڕ دەکەین بۆ ئەوەی ڕێژیم بڕووخێنین، چونکە لەم بڕوایەداین کە هیچ کام لە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران. لە چوارچێوەی ڕێژیمی خومەینی دا وەدی نایەن، واتە دروشمی ئێستای ئێمە: «ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی یە«.

بەمجۆرە دەبێنین کە لەو ماوەیە دا چەند قۆناغ هاتوتە پێش و بەپێی هەرکامیان، تاکتیکمان گۆڕیوە و دروشمی تایبەتیمان داوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**سێهەم:** لە تاکتیک درێژتر «ستراتێژی «یە. قۆناغی ستراتێژیک ماوەیەکە کە چەند قۆناغی تاکتیکی دەگرێتەوە. ئێمە هەروەک ئیشارەمان پێکرد، لە چەند ساڵی رابردوو دا تاکتیکی خۆمان چەند جار گۆڕیوە. بەڵام دروشمی ستراتێژیمان کە بریتی بووە لە: «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران» چ ئەو کاتەی پشتیوانیمان لە ڕێژیمی خومەینی دەکرد، چ لەوەختی شەڕی سێ مانگە دا،چ ئەودەمەی لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەت خەریکی وتووێژ بووین و،چ ئێستا کە دروشمی ڕووخاندنی ڕێژیممان هەڵگرتوە، هەر لە جێگای خۆی بووەو هەیە ...

کەوابوو، قۆناغی ستراتێژیک درێژە و مومکینە پێنچ هەتا دە یان تەنانەت بیست و پێنج ساڵ و زیاتریش بکێشێ. ئەوە بەستراوەتەوە بە زۆر هۆ و بەتایبەتی بەوە کە تا چ رادەیەک لە قۆناغێکی تاکتیکی تایبەتی دا سەرکەوتوو بووین و تاچ ڕادەیەک تاکتیکی باشمان بەکار هێناوە.

بەرنامەی سیاسیی هەر حیزبێک، بەگشتی بۆ قۆناغێکی ستراتێژیک دانراوە و لە بەرنامەی حیزبی ئێمەش هەروایە.

بەڵام بێجگە لەوانەی گوتران، هەر حیزبێکی شۆڕشگێڕ پێڕەوی لە هێندێک ئوسوولیش دەکا کە بۆ دابینکردنی هەرکام لەو ئەسڵانە، مومکینە بە چەند قۆناغی ستراتێژیک دا تێپەڕێ.

بۆ ئێمە دامەزراندنی سۆسیالیزم فەسڵێکی زۆر گرینگە بۆ گەیشتن بەو ئەسڵەش، ئێستا لە ئاسۆی خەباتی گەلی کورد دا، سێ قۆناغی ستراتێژیکمان لەبەر چاوە:

**قۆناغی یەکەم:** وەدست هێنانی خودموختاری‌یە. پاش وەدەست هێنانی خودموختاری، هەتا پێکهێنانی هەلومەرجی پیادەکردنی سۆسیالیزم. دەبێتە قۆناغی دووهەم... ئەگەر ح.د.ک.ئ. بتوانی ئەو بەرنامەیەی ئێستا هەیەتی، پاش وەرگرتنی خودموختاری لە ماوەی بیست‌وپێنج ساڵدا جێبەجێ بکا، سەرکەوتنێکی مێژوویی یەکجار گەورەی وەدەست هێناوە. بیست‌وپێنج ساڵ ئەگەرچی بە نیسبەت ژیانی یەک ئینسان ماوەیەکی زۆر دێتە بەرچاو، لە مێژووی نەتەوەیەک دا ماوەیەکی زۆر کەمە.

بەدوای جێبەجێبوونی بەرنامەکەماندا، دەست دەکەین بە دانانی بەرنامەیەکی تازە بۆ دامەزراندنی ئەوە قۆناغی سێهەمە. دامەزراندنی سۆسیالیزم بۆ خۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماوەیەکی زۆری دەوێ. لەوانەیە ژیانی دوو یان سێ نەسلی بۆ تەرخان بکرێ، وڵاتی زۆر پێشکەوتوو لە ئورووپای ڕۆژهەڵات دا وەک «ئەڵمانی دێموکڕاتی» یان «چێکۆسلۆواکی» کاتێک دەستیان کرد بە دامەزراندنی سۆسیالیزم، لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەوە بە سەدان ساڵ لە ئێمە لە پێشتر بوون، بەڵام هێشتا ناڵێن کە لە وڵاتی ئەواندا سۆسیالیزم تەواوە واتە ئەوەی پیی دەگوترێ: «سۆسیالیزمی پێشکەوتوو» پیادە کراوە. کەوابوو جێبەجێ کردنی ئەسڵێکی گرینگ وەک دامەزارندنی سۆسیالیزم کە بۆ خۆمان دیاری کردوە و بڕوامان پێی هەیە، سێ قۆناغی ستراتێژیکی پێویستە.

بە کورتی ئێمە لە ئێستاوە، هەم دروشمی ڕۆژمان کە بەشێکە لە تاکتیکمان و، هەم دروشمی تاکتیکمان کە بەشێکە لە ستراتێژی‌یەکەمان و هەم دروشمی ستراتێژیکمان کە لەسەر ئەسڵێکی پیرۆز دانراوە، بەروونی دیاری کردوە...

دامەزراندنی سۆسیالیزم، چارەسەرکردنی بنەڕەتیی مەسەلەی کۆمەڵایەتی‌یە، بەڵام ئەوە ئامانجی دوارۆژە و، لە قۆناغی ئێستای خەبات دا ناتوانی ببێ بە دروشمی ڕۆژ، تەنانەت مەسەلەی دامەزراندنی سۆسیالیزم، بەو وەزعە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی‌یەی ئێستا لە کوردستان دا هەیە، ناتوانی نەک تەنیا دروشمی ڕۆژ بێ، بەڵکوو لەڕاستی دا وەک قۆناغێکی تاکتیکییش ناکرێ باسی لەسەر بکرێ... بەڵام هەر ئەوە کە لەئێستاوە ڕادەگەیەنین: «ئامانجی دواڕۆژی حیزبەکەمان دامەزراندنی سۆسیالیزمە«، ڕێبازی گشتیی حیزبەکەمان بۆ دواڕۆژ دیاری کردوە و ئاسۆی سیاسەت و تێکۆشانەکەمان روون کردۆتەوە. ئەوەشمان دیاری کردوە کە لە کۆمەڵی کوردەواری دا، کێ پشتیوانمانە، لەگەڵ کام چین و توێژێک دەبی و دەتوانین بچینە پێش، هەروەها ڕوونمان کردۆتەوە کە لە ئێران و لە دونیا دا دۆست و هاوپەیمانەکانمان کێن؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

سەرچاوە: کتێبی کورتە باس نووسینی شەهید دوکتور قاسملوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تیرۆریزم:

# بۆچوونێکی جیاواز

**لە فەرەنسی یەوە بۆ کوردی: حەسەن ئەیووبزادە**

تیرۆریزم هێرش بۆ سەر ژیانی مرۆڤ و ئازادیی خەلکی بێتاوانە کە لەشەڕی نیوان تیرۆریست و دژبەرەکانیاندا بەشدار نین.

لەولاتانی رۆژئاوایی‌دا چاندنی بۆمب (تەقاندنەوە یان دانانەوەی بۆمب) لە شوێنە گشتی‌یەکان، بەبارمتەگرتنی خەڵک و ڕفاندنی فڕۆکە بە کردەوەی دزێوی تیرۆڕ ناو دەبردرێن. هەرچەند رواڵەتەکانی دیکەی ئەم دیاردەیە لەوانە زیاترن و دەزگا راگەیەنەرە گشتی‌یە رۆژئاوایی‌یەکان ناویان نابەن و خۆی لێ دەبوێرن.

## ڕێگا بدەن لەو باسەدا چەند پرسیارێك بکەین:

## تیرۆریست کێیە؟

ولاتانی رۆژاوا پێیان‌خۆشە بزووتنەوەی نەتەوەیی و خەباتی چەکداری لەگەڵ کاری تیرۆڕیستی تێکەڵ بکرێ. وێدەچی تیرۆریزم لەگەڵ کردەوەی زۆر لە دەولەتەکان ریک بکەوێ، ئەگەر نەبێ ریک دەخرێ... نموونەی ئەو ولاتانە زۆرن کە لەبەر پێویستیی خۆیان بە تیرۆریزم بۆ پەڕژاندنی سیاسەتی تیرۆریستی، بە شێوەی ئاسایی خۆیان بە دژی تیرۆڕیست ناو دەبەن. وەکوو باشووری ئەفریقا، ئیسرائیل، شیلی و ئێران لەو ریزەدان. کاتێ رەشەکان داوا دەکەن ئاپارتاید نەمێنێ، ئەوان رەشەکان بە تیرۆریست دەزانن، فەلەستینی‌یەکان داوای ولاتی خۆیان دەکەن. خەڵکی شیلی دژ بە دیکتاتوری‌یە و ئێرانی‌یەکان دیکتاتۆریی ئاخوندی رەت دەکەنەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ناچار کراوە لە حەوتساڵی رابردوودا دژ بە ڕێژیمی خومەینی دەست بۆ خەباتی چەکدارانە بەرێ. ئەو خەباتە هەرگیز بەرەو تیرۆریزم نەکشاوە. بەپێچەوانە یارمەتیی کردوە بە ئازادکردنی ژمارەیەک بەبارمتەگیراو کە حەوت کەسیان فەڕەنسەیی بوون.* بزووتنەوە نێونەتەوەییەکانی دیکەی جیهان بەو شێوەیە رەفتار دەکەن. ئەو شێوە هەڵسوکەوتە ناکەوێتە نێو گەرداوی تیڕۆڕیزمەوە.

بە پێی پرەنسیپ، ئێمە تیرۆریزم رەت دەکەینەوە. چونکە پێمان وایە ئەو بنەمایە، ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ دەستەبەر دەکا. هەروەها لەروانگەی سیاسییەوە، لە درێژخایەندا تیرۆریزم پرستیژی بزووتنەوە لەنێو دەبا و لە نێوخۆوە ویرانی دەکا. هەڵسەنگاندن و پێناسەکردنی نەگونجاوی وڵاتانی رۆژاوا لە تیڕۆریسم, خەبات بە دژی ئەو دیاردەیە ئەستەم دەکا.

کردەوە تیڕۆریستییەکان بە دژی وڵاتانی رۆژاوا مەبەستی جۆراوجۆری لەپشتە. تیڕۆریستەکان بۆ ئامانجەکانیان پێویستییان بە پروپاگەندە هەیە. دەیانەوێ، بە ناتەواویی دوژمنەکانیان روحییەی مەعنەویی هێزەکانیان پتەو بکەن.

ئەوان دەیانەوێ چالاکییە ئاساییەکانی دەوڵەتی دژبەر لەکار بخەن و هەوڵ دەدەن، دەوڵەت پێوانەی نائاسایی بەمەبەستی دنەدانی نارەزامەندیی گشتیی بخاتە گەر. راگەیەنەرە گشتییەکان لە رۆژاوادا دەکەونە داوێکەوە کە تیرۆریستەکان بۆیان دادەنێنەوە. لە حاڵێکدا چالاکییە تیرۆریستییەکان بە بەربڵاوی بڵاو دەکرێنەوە و بە ئاگاداریی خەلک رادەگەیەندرێن، خەباتی بزووتنەوەی دێموکراتیک بۆ ئازادی و مافەکان لەبیر دەکرێ.

جیهادی ئیسلامی کە تەنیا نوێەرایەتیی تاقمێکی دەستکرد دەکا، ناوو دەنگیان لە جیهاندا هەیە. ویست و داخوازی بیست ملیۆن کورد لە بازنەی سیاسیدا بە دژواری دەناسرێ. ئایا ئەو نەگونجاوی و بێقەوارەییە بزووتنەوە دێموکراتییەکان هاننادا بۆ ئەوە پەنا بۆ کردەوەی تیرۆریستی بەرن، بۆ ئەوە دەنگیان ببیسترێ؟

دێموکراسییەکانی رۆژاوا ناتەواون و تیڕۆریستەکان لەو ناتەواوییە سوود وەردەگرن. بەڵام هەر لەو کاتەدا دێموکراسی دوژمنی ژمارە ١ی تیرۆریزمە. لەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شوێنەی کە دیموکراسی هەیە، تێرۆریزم گەشە ناکا. تێرۆڕیزم بە ئاشکرا لە دەرەوەڕا دێ. لەو وکاتانەی کە ئازادی‌یەکان پێشێل دەکرێن، دیکتاتۆری‌هەیە، بێعەداڵەتی هەیە، گرفتە ئایینی و ئیتنیکی و سیاسی‌یەکان پەرە دەگرن.

دامرکاندنی دیموکراسی زیاتر زیان بە دیموکراسی‌یە رۆژاوایی‌یەکان دەگەیەنێ. ئازادکردنی بەبارمتەگیراوێک ئیمتیازێکە کە لەهەڵبژاردنەکاندا کەڵکی وەردەگیرێ.

تێڕۆریستەکان لە ئیمتیازی رکەبەریی سیاسی کەڵک وەردەگرن. ویستەکانیان پەرە پێدەدەن. دەبێ لەبیر بێ کە بەبارمتەگرتنی ئەمریکایی‌یەکان لە ١٩٨٠ لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ئەمریکا لەلایەن خومەینی‌یەوە شوێنی‌خستە سەر سیاسەتی ئەمریکایی‌یەکان. هەروەها دانی باجی سمێل بەحیزبوڵڵای لوبنان لە مارسی ١٩٨٦. تێروریستەکان ئامانجیان ئەوەیە کە دیموکراسیی‌یەکان لەق بکەن، لە ناوەوە بنکۆڵیان بکەن و گرفتەکان بەرەو رۆژاوا بنێرن بۆ ئەوە وڵاتەکانیان وێران بکەن.
بەرتەسک کردنەوەی دیموکراسی بە مانای یارمەتی‌دان و لایەنگری‌کردنە لە تێرۆر.

لەم هەلومەرجانەدا چۆن دەکرێ کۆتایی بە تێرۆڕیزم بێنین؟

مرۆڤ دەبێ ئاگاداری ئەو راستی‌یە بێ کە تێرۆریزم بە شەوێک کۆتایی پێ نایە و لەنێو ناچێ. وەرێخستنی پروپاگەندەیەکی زۆر بۆ بەبارمتەگیراوان سودی نیە. چونکە ئەوە راست ئەو شتەیە کە تێرۆریستەکان دەیانەوێ. رووخاندنی دەوڵەت، ئەگەرنا وڵات دەکەنە بارمتەی بارمتەکان.

ئاگادارکردنی ڕای گشتی لەمەر بەبارمتەگیراوان، مانای نووسینی مقالەی سەرەکیی لە چاپەمەنی‌یەکان دا نیە. «دان‌بەخۆداگرتن» لەمەر بارمتەکان رەنگە زیاتر یارمەتی بکا بە ئازادکردنیان. وتوویژ نابێ وەلا بنرێ. بەڵام قبووڵی وتوویژ بە مانای چۆکدادان بۆ هەموو ویستەکانیان نیە. نابی لە بیربکرێ کە تەسلیم‌بوون بە ویستە نەقانوونیی‌یەکانی تێرۆریستەکان رێگا دەکاتەوە بۆ ئەوە کە داخوازەکانیان رێک وپێکتر و زیاتر بکەن.

زۆر گرنگە کە لەگەل تێرۆریستانی راستەقینە وتوویژ بکرێ نە ئەو کەسانەی کە بۆ چاندنی بومبەکان و بارمتەگرتن و رفاندن کەڵکیان لێ‌وەردەگیرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاڵی وتوویژ لەگەڵ حیزبوڵلای لوبنان چىیە، لەحاڵێک دا هەموو کەس ئەوە دەزانێ کە ئەمانە دروستکراوی تارانن. دەبێ سەرەنجام نوێنەرانی موعتەبەر بۆ وتوویژ بدۆزرێنەوە.

خومەینی پارەی دەوێ، بۆ ئەوە لەگەڵ عێراق درێژە بەشەڕەکەی بدا. لەبەر ئەوە کە ئابووریی ئێرانییەکان بەرەو کارەسات دەچێ.

خاڵی سەرەکیی وتوویژەکان لە وتوێژەکانی نێوان فەرەنسە و کۆماری ئیسلامی پێوەندیی بە میلیارد دۆلار قەرزەوە هەیەکە شا بە شیرکەتی ئۆیرۆدیفی دابوو.

نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی وتوویژ لەسەر حەوت کەس لە بارمتەگیراوان کە لە دەست حیزبوڵلای لوبنان دان ڕەت دەکەنەوە و هەمووان دەزانن کە چارەنووسی ئەوانە پێوەندیی بە ویستی ئایەتوڵلاوە هەیە. گرووپەکانی دیکە سەر بەدەوڵەتگەلێکی ناسراوی دیکەن. شەڕکردن لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە پشتیوانی لە تێرۆر دەکەن بە تایبەتی ئێران پێویستییەکە و چاوپۆشیی لێناکرێ. ئەو وڵاتانە دەبێ خۆیان بگلێنە نێو ترس و خۆفەوە. هەموو وڵاتان دەبێ دژ بە تێرۆریزم هاوکاری بکەن. ئەوەش تایبەت بە ناتۆ و EEC نیە.

لەماوەی ٤٤٤ ڕۆژدا کە بارمتە ئەمریکاییەکان لە ئێران دا بوون. چەند وڵاتێکی ئورووپایی پێوەندیی باشیان لەگەڵ ئێران هێشتەوە.

لە نەبوونی ئەمریکییەکاندا دەوڵەتەکانی ئورووپایی سوودی بازرگانیی باشیان لە ڕێژیمی خومەینی دەس کەوت.

چەند مانگ، چەند فەرەنسی لەدەستی ئێرانییەکان دا لە لوبناندا بوون، فەڕەنسە گوشاری پڕوپاگەندەی لەمەڕ بارمتەکان تەجروبە کرد.

هاوکارانی ئی. ئی. سی. فەرەنسە وەکوو ئینگلستان و ئاڵمان ئێستاش زۆر پێوەندیی ئابووریی بە هێزیان لەگەڵ ئێران هەیە. ئەوانە پشتیوانی لەڕێژیمێک دەکەن کە تێرۆریزمی وەکوو دوکتورینێکی دەوڵەتی هەڵبژاردوە. هاو پێوەندیی بەدژی تێرۆر دەبێ کارامەتر بێ و ببێتە دیاردەیەکی نێونەتەوەیی و نەتەنیا وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بەڵکوو وڵاتانی سوسیالیستیش بە تایبەتی جیهانی سێهەمیش بگرێتەوە.

ئەو تێئۆرییە کە ئیدیعا دەکا جیهانی سێهەم تێرۆریزم دروست دەکا دەبێ لێی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوور بکەوێتەوە.

خەبات دژی تیرۆر کارێکی پێویستە، بێ جیاوازی و لەهەرجێیەکەوە سەرچاوە بگرێ. ژیرانەیە کە تیرۆریزمی عەرەبەکان کە ژیانی بێتاوانەکان دەخەنە مەترسیی‌یەوە بێ رارایی و بە وردی مەحکووم بکرێ. هێرش بۆسەر سیناگۆگی جوولەکەکان لە ئیستامبوڵ کە تێیدا ٢٤ کەس کوژران، ئەو کردەوەیە دژ بە ئازادیی ئایینە. بەڵام بۆچی هێرش بۆ سەر کوردی عێراق مەحکوم ناکرێ؟

ئەم هێرشە دەبێتە هۆی مەرگی سەتان مەدەنی. هاوکوفەکانی وڵاتانی رۆژاوا کردەوە تیرۆریستی‌یەکان مەحکووم دەکەن. بەڵام زۆر گونجاوە کە رارایی‌یەکانیان لەمەڕ ئەو هەنگاوانە دژ بە ڕێژیمی نژادپەرستی ئەفریقای باشووری وەبەرچاو بگیرێ.

کاتی ئەوەهاتوە ئەو جیاوازی‌دانانە کۆتایی پێ‌بێ، کە لەم جیهانەدا برێک لە خەڵک وەکوو شاروەندی دەرەجە دوو وسێ چاویان لێدەکرێ کە ژیانیان ئەو بایەخەی نیە کە ئەو شاروەندانەی وڵاتانی پێشکەوتوو هەیانە. پشتیوانیی ئەخلاقی، و سیاسی لە بزووتنەوەکانی ئەو خەڵکانەی کە پەنابردن بۆ تیرۆر رەت دەکەنەوە ریگەیەکی دیکە بۆ خەبات بە دژی تیرۆریسمە.

ABDUL RAHMAN GHASSEMLOU
GENERAL SECRETARY

PARIS, 161986/09/

تیرۆریزم لە روانگەیەکی جیاوازەوە، نووسراوەیەکی نەمر دوکتور عەبدورڕەحمان قاسملووە کە بۆ «کۆنفرانسی تیرۆر و رەوشتی مرۆڤانە» نووسراوە. ئەم کۆنفرانسە لە ١٦ - ٩ - ١٩٨٦ لە شاری پاریس بەسترا.

دوکتور کۆشنێر، وەزیری دەرەوەی ئێستای دەولەتی فەرانسە بە هۆی نەبوونی دوکتور قاسملوو لەو کۆنفرانسەدا خوێندبوویەوە.

حەسەن ئەیووبزادە ئەو مەقالە حقووقی‌یەی لە دەقە سەرەکی‌یەکەیەوە کە بەزمانی فەرانسەیی نووسراوە، بە وەبەرچاوگرتنی وەرگێڕدراوەکەی بە زمانی ئینگلیزیی کردوویە بە کوردی.

* **تێبینی:**

٣ کەس لەو ٧ کەسە کە حیزبێکی سیاسیی کورد لە عێراق بە بارمتەی گرتبوون، ناوەکانیان بریتی بوو لە: Gymore و Maurice و Hary گیراوەکان، فەرەنسی بوون و بە ئیبتیکار و نێوبژیکردنی د. قاسملوو دەبیری گشتیی حدکا و هاوکاریی سیاسەتڤان د.عزیز ماملی بەرپرسی سیاسیی حدکا لە پاریس و سەرۆکی ئەو حیزبەی کە فەرەنسی‌یەکانی بە بارمتە گرتبوو ئازادکران.

هەروەها دوو ئەندازیاری یوگوسلاوی کە بە هەمان شیوە بە بارمتە گیرابوون بەئیبتیکاری د.قاسملوو سکرتێری حدکا و پێوەندی‌گرتنی نوێنەری حدکا (ئەندازیار حاج ئەحمەدی) لەگەڵ بالۆێزخانەی یوگوسلاوی، گیراوەکان ناردرانەوە بۆ وڵاتەکەیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕێ هەڵوێست


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتەکانی دوکتور قاسملوو لە دواساتەکانی ژیانی دا

وتووێژەکانی نardراوانی تاران و ڕێبەرانی کورد بە هۆی بەشدارانی وتووێژەکەوە لەسەر کاسێت تۆمار کراوە. ئەو نەوارانە کە لە دەستی پۆلیس دا بوون، سەرئەنجام درانەوە بە بەرپرسانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

عەبدولرەحمان قاسملوو قەت بەم وردبینییە دەروونناسی یانەوە بۆچوونەکانی خۆی لە بارەی خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران شی نەکرد بۆوە:

«لە دوو چاوپێکەوتنی پێشوومان دا، ئێمە لە بارەی دوو خاڵی ئەسڵییەوە قسەمان کرد: قبووڵ کردنی ئەسلی خودموختاری و ئەسڵی تێکۆشانی ئازادانەی حیزبی ئێمە لە نێوخۆی وڵات دا. ئێوە وەڵامتان دایەوە کە هەڵسووڕێنەرانی ڕێژیم لە گەڵ قبووڵکردنی ئەسڵی خودموختاری نین.

لەبارەی خاڵی دووهەمەوە، ئێمە لە دەفتەری سیاسیی دا باسێکی زۆر دوور و درێژمان هەبوو کە ئایا پێشمەرگەکان چەکەکانیان تەحویل بدەنەوە یان نا؟ دەفتەری سیاسیی وا بیر دەکاتەوە کە مومکین نیە کە چەک تەحویل بدرێتەوە. ئێوە دەبێ لەو مەسەلەیە بگەن کە پاش دە ساڵ شەڕ و ئەو هەموو قوربانیدانە، خودموختاری بووە بە سەمبولی داخوازەکانی ئێمە. ئێوە دەتانەوێ ئێمە وەشەیەکی دیکە بەکار بێنین؟ «قاسملوو هەر لەو کاتە دا کە خۆی وەک پیاوی خودموختاری ناو دەبا، دەڵێ: نەسلی من نەسلی دێموکراسی و خودموختاری یە« پاشان وێڕای داوای درێژەی وتووێژ، وریایان دەکاتەوە و دەڵێ: دڵنیابن ئەگەر گیروگرفتی کورد چارەسەر نەبێ، ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی دووربوونەوە لە مەرکەز و جیاییخوازی ...

ئەوەیان مومکین نیە کە وشەی خودموختاری چاوپۆشیی لێ بکرێ. ئەم وشەیە بۆ نەتەوەی کورد واتایەکی عاتیفی و مێژوویی هەیە ئەم وشەیە سەمبولێکە. من وا هەست دەکەم کە ئێوە نێوەرۆکەکە قبووڵ بکەن بەڵام ئێوە دەتانەوێ ئێمە واز لە وشەی کە بێنین. لە ئیسلام دا هەر کاتێک دەقێکی پیرۆز دەخوێننەوە، ناکرێ بێ گوتنی «بیسم الله الرحمن الرحیم» دەست پێ بکرێ. ئەوەش ڕاست وایە، ئێوە نێوەرۆکی خودموختاریتان قبووڵە بەڵام بە بێ « بسم الله الرحمن الرحیم».

«ئێوە دەڵێن کە لە هەلومەرجی ئێستا دا مەسەلەی ئەسڵی چارەسەری مەسەلەی خودموختاری نیە، بەڵکوو چارەسەری پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێران و کۆماری ئیسلامیی ئێران مەبەستی ئەسڵی یە. ئێمە هاتووینە ئێرە کە داواتان لێ بکەین مەسەلەی خودموختاری چارەسەر بکەن».

دوکتور قاسملوو هەوڵ دەدا کە مافی دیاریکردنی چارەنووس شی بکاتەوە کە بە چەندین شێوە جێبەجێ دەبێ: سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری.لە درێژەی قسەکانی دا دەڵێ: ئەوەی بۆ ئێمە مەسەلەیە ئەوەیە کە ئایا کۆماری ئیسلامی بەڕاستی دەیەوێ کێشەی میللییەتەکان لەئێران دا چارەسەر بکا؟ ئەگەر وەڵامی کۆماری ئیسلامیی بەڵێ یە، ئێمە دەمانەوێ بزانین کە دەیەوێ چۆنی چارەسەر بکا ؟ ئایا بەشێوەی سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری؟ ئێمە کوردەکان لانیکەمی داخوازەکانمان هێناوەتە گۆڕێ. ئێمە فیدرالیزمیشمان قبووڵە، بەدڵنیاییەوە دەڵێم بە بڕوای من بەو هۆیەوە کە کاتی خۆی لە ئیسلام دا جۆرە فیدراڵیزمێک هەبووە وا باشترە کە فیدرالیزم هەڵبژێردرێ و بۆ وێنە یەکیەتیی کۆمارە فیدراڵەکانی ئێران پێک بهێنرێ. کەوابوو ئێوە ئەگەر نەسەربەخۆیی‌تان قبووڵ بێ، نە فیدراڵیزم و نە خودموختاری، ئەوە بەو مانایەیە کە ناتانەوێ مەسەلە میللییەتەکان لە ئێران دا چارەسەر بکەن». قاسملوو ئەو ئاکامە وەردەگرێ کە: «لەوانەیە سبەینێ بەشێکی دیکەی ئێران خوازیاری خودموختاری بێ. دەبێ ئەو ئازایەتی‌یە هەبێ و بە ئوسوول و پرەنسیپی ئەوتۆ، مەسەلە نێوخۆیی‌یەکانی ئێران چارەسەر بکرێن کە هەموو لا قبووڵیان بێ. هەم عەرەبەکان، هەم بەلووچەکان، هەم تورکمەنەکان و هەم کوردەکان. ئەگەر لەمڕۆوە نەتوانین ئەو مەسەلانە چارەسەر بکەین دەبێ بە موسیبەتێکی گشتی بۆ وڵاتەکەمان.پاش چەند قسەیەکی دیکە، ئەوان ڕۆژی داهاتوو بۆ درێژەی وتووێژەکان دیاری دەکەن. فازڵ ڕەسووڵ کوردی عێراق کە نەخشی نێوبژیوانی هەیە لە قسەکانی هەر دوو لا ئەم ئاکامە وەردەگرێ: یان ئێوە دەگەنە هێندێک ڕێککەوتن و درێژە بە وتووێژ دەدەن بەو مەرجەی شەڕ ڕابوەستێ، یان بێ ئەوەی شەڕ بوەستێ، وتووێژەکان درێژە پێ‌دەدەن. بەڵام لەهەر حاڵ دا باشترە ئەمڕۆ کە هەلومەرج لەبارە، بگەنە ڕێککەوتن و ئاکام، ٣ساڵی دیکە، لەوانەیە وەزع بگۆڕێ و موعادیلەکان و هاوسەنگیی هێزەکان بەمجۆرە نەمێنێ و هەلومەرجی ئەوکات شتێکی دیکە بێ».

ئەوە دوا وشەکانن. دەنگی جووڵانی کورسی و مێزەکان دەبیسرێ، پاشان دەنگی چوار تەقەی کپ کە دیارە بەچەکی تەیار بە ئامێری دەنگگر کراون، دێتە گوێ. ئینجا بێ دەنگیی تەواو.

ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە: ٤١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی
# بە بۆنەی تیرۆر کرانی دوکتور قاسملووی شەهید

دوکتور قاسملوو یەکێک لەو ڕێبەرە مەزن و بەتواناییانە بوو کە نەک هەر لە نێو نەتەوەی زۆرلێکراوی کورد دا بەڵکوو لە نێو گەلانی بەختەوەر و ئازاد و پێشکەوتووی دنیاش دا، بە دەگمەن هەڵدەکەون. قاسملوو لەو گەورە پیاوانە بوو کە گەلان شانازی‌یان پێوە دەکەن و مێژوو بەسەرهاتی ژیان و خەباتیان بە خەتی زێڕین تۆمار دەکا. دوکتور قاسملوو ئینسان و ئینساندۆست بوو. ڕێزی بۆ مافی بەرامبەری هەموو ئینسانەکان بە زمان و ئایین و ڕەنگی پێست و وڵاتی جیاوازەوەو دادەنا و تەمەنی پڕ لە شانازیی خۆی لە پێناو وەدی‌هاتنی ئەو ئامانجە بەرزە ئینسانی‌یە دا بردە سەر، قاسملوو دوژمنی شەڕ و ئاشقی ئاشتی بوو. فەلسەفەی ژیانی، ئاشتی و پێکەوە ژیانی بەئاشتی لە نێو هەموو گەلانی جیهان دا بوو. ئەو دێموکڕات بە هەموو مانای وشەکە بوو. بە هەموو توانای خۆی بۆ پەرەپێدانی ئوسوولی دێموکراسی لە نێو خۆی حیزب و لە کۆمەڵ دا بەکار دەبرد و هەر بۆیەش لە پێناوی جێگیر بوونی دێموکراسی لە سەرانسەری ئێران دا خەباتی حیزبەکەمانی بە لێوەشاوەیی‌یەوە ڕێبەرایەتی دەکرد.

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان!

بێ گومان شەهید بوونی هاوڕێی خۆشەویست و ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملوو زیانێکی گەورە و زەبرێکی بەژانە کە لە پەیکەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان دەدرێ. بەڵام سوننەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەرەتای دامەزرانیەوە تا ئێستا ئەوە بووە کە قوربانیی زۆر گەورەی لە پێناوی وەدی‌هاتنی ئامانجە لە مێژینە و ڕەواکانی گەلی کورد دا بدا، ئەم حیزبە پێشەوا قازی محەممەدی دامەزرێنەر و ڕێبەری حیزب و سەرۆک کۆماری « کوردستان» ی لەو پێناوە دا فیدا کردوە و بە دەیان و سەدان و هەزاران ئەندامی ڕێبەرایەتی و کادر و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشمەرگەی هەڵکەوتووی لەو ڕێگایە دا شەهید بووە، ئێمە دڵنیاین هەروەک چۆن پاش شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەممەد ڕێگای ئەو ڕێبەرە بێ ڕێبوار نەمایەوە ڕێبازی دوکتور قاسملووش کوێربوونەوەی بۆ نیە و گەلەکەمان زۆر ڕۆڵەی لێوەشاوەی ئەوتۆی هەن کە جێگای دوکتور قاسملوویان پێ پڕبکاتەوە.

هاوڕێ تێکۆشەرەکان!

خزمەتی هاوڕێی شەهید دوکتور قاسملوو بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، ئەوەندە پرشنگدارە کە بۆ هەتاهەتایە لە مێژووی حیزبەکەمان دا دەمێنێتەوە. قاسملوو بوو کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی پاش چەندس ساڵ لاڕێبوون گێرایەوە سەر ڕێبازی پێشکەوتووانەی خۆی و، هەر ئەویش بوو کە بە هەموو توانایەوە دیفاعی لە سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزبەکەمان دەکرد و فێری کردین کە لە پێناوی پاراستنی ئەو سەربەخۆیی‌یە دا هەموو نرخێک بە هەرزان بزانین.

ئاشکرایە کە لە دەستدانی ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوو بۆ ئێمە ڕێبوارانی ڕێگای ئەو شەهیدە مەزنە کارەساتێکی دڵتەزێنە، بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە ئێمە قوتابیانی بە ئەمەگی دوکتور قاسملووین، قاسملوو هەموو ژیانی حیزبی و سیاسیی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو کە ئیمان بە ڕێبەرایەتیی بە کۆمەڵ لە نێو ریزەکانی حیزب و کۆمەڵی کوردەواری دا بەهێز بکا و نەخشی فەرد هەر ئەندازە کاریگەر و بەنرخیش بێ، زۆر گەورە نەکاتەوە. ڕێبەری شەهیدمان فێری کردین لەوەختی تەنگانە دا ورەمان بەرز بێ، خۆ نەدۆڕێنین و بۆ تاکەساتێکیش کزی و نائومێدی رووومان تێ نەکا.

ئێمە هەموومان دەبێ ژیان و خەباتی مامۆستا و ڕێبەری لەدەستچوومان، دوکتور قاسملوو، بکەینە سەرمەشقی ژیانمان، گەورەیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران هەر لەوەدایە کە زەبری زۆر گەورەو و کارەساتی زۆر دڵتەزین تەحەممول دەکا و ناچەمێ. شەهید بوونی دوکتور قاسملوو دەبێ ئێمە لەسەر درێژەپێدانی ڕێگاکەی سوورتر بکا. دەبێ دەرسەکانی ئەو مامۆستا هەرگیزنەمرەمان وەبیر بێنێتەوە، هەوڵ بدەین نە دۆست و نە دوژمن هەست بەوە نەکەن کە دوکتور قاسملوو جێی لە نێو ریزەکانی حیزب دا بەتاڵە. هەر بۆیە لە سەرمانە کە لێبڕاوانە و شێلگیرانە ڕێگای دوکتور قاسملوو درێژە بدەین و نەهێڵین ئالاکەی، بۆ یەک ساتیش بکەوێتە سەر


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زەوی، پێوستە بگوترێ تا پێکهاتنی پلینۆمی بەرینی کۆمیتەی ناوەندی و هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی، هاوڕێی تێکۆشەر دوکتور «سادق شەرەفکەندی» جێگری سکرتێری گشتی تەواوی ئەرکەکانی سکرتێر بەرێوە دەبا.

ئێمە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە گەڵ ئەوەی بە هەموو وجوودمانەوە، بۆ لە دەستدانی دوکتور قاسملوو بە پەرۆشین، هەر بە پێی ئاموزگاریەیە بەنرخەکانی خۆی تازیەی بۆ ناگرین و، رەشی بۆ ناپۆشین، ئێمە هەموو دەرد و داخ و خەفەت و کەسەری لە دەستدانی ڕێبەری شەهیدمان دەکەینە ڕق و قینێکی پیرۆز و بەگژ دوژمنانی ئازادی و ئینسانیەتی دا دەکەین، دروشمی «باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەپێدانی ڕێگایانە« کە لە مێژە لەحیزبەکەمان دا جێی خۆی گرتوە، دروشمێکە کە دوکتور قاسملوو بۆخۆی دایناوە. کەوابوو باشترین پاداش بۆ قاسملووش درێژدانی ڕێگایەتی.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی شەهید بوونی ڕێبەری کارزان و تێکۆشەری ناودار دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزب و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی بەوەجی کۆمیتەی ناوەندییەوە، پڕ بەدڵ سەرەخۆشی لە هاوڕێیانی حیزبی، ئەندامانی بنەماڵەی ئەو دوو شەهیدە سەربەرزە، خەڵکی بەشەرەف و تێکۆشەری کوردستان، ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران و هەموو ئۆگرانی ئازادی و سەربەخۆیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکا.

کۆمیتەی ناوەندی بەرامبەر بە گیانی پاکی شەهیدی مەزن هاوڕێ دوکتور قاسملوو و هەموو شەهیدانی کوردستان لە گەڵ کۆمەڵانی خەباتگێری گەلی کورد پەیمان نوێ دەکاتەوە کە تا دوا دڵۆپی خوێن و دوا هەناسەی ژیانی بەرێبازی پرشانازیی ئەو خۆشەویستە لەدەست چووە وەفادار بێ و هەتا وەدی هاتنی ئامانجی بەرزی قاسملوو «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» هەدادانی نەبێ. دڵنیاین هەر ئەمەش پەیمان و بەڵێنی هەموو کادرەکانی حیزب و هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای دێموکراسی و خودموختاری یە.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتەکانی دوکتور شەرەفکەندیی لە کۆچی قاسملووی ڕێبەر دا

هاوڕێیانی خۆشەویست!
خۆشک و برا ئازیزەکانم!

بەدڵێکی پڕ لە داخ و دەروونێکی پڕ لەخەم و چاوێکی پڕ لە فرمێسک لێرە لە دەوری یەکتر کۆبووینەوە هەتا پێکەوە لەسەر موسیبەتی دڵتەزێنی لەدەستچوونی ڕێبەری تاقانەمان دوکتور «عەبدولڕەحمان قاسملوو»ی نەمر، دەردەدڵ بکەین و ئەو وەزعە ناخۆشە کە بەهۆی ئەم خەسارەتە گەورەیە تووشمان هاتوە هەڵسەنگێنین. بۆ خۆتان زۆر باش دەزانن کە لە وەزعێکی ئاوا لە هەل و مەرجێکی بەم جۆرە تاڵ و ناخۆش دا، قسەکردن ئاسان نیە، جەرەیانی ئەو ڕووداوە هەرچەند هێشتا بە وردی ڕوون نەبۆتەوە، بەڵام بە گشتی و خەتە ئەسڵی‌یەکانی دا دیارە ڕێبەری تێکۆشەر و ماندوویی‌نەناسمان ئەمساڵیش وەک چەند ساڵی ڕابردوو، دوو سێ مانگی ئاخری بەهار و ئەوەڵی هاوینی بۆ کار و تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات تەرخان کردبوو. ئێمە هەمووموان لەبەرهەمی کارو هەڵسوڕانی ڕێبەرە کەموێنەکەمان لە جەرەیانی سەفەرەکانی بۆ دەرەوەی وڵات تا ڕادەیەک ئاگادارین و دەنگە گەرم وسەمیمی‌یەکەی ئێستاش لە گوێمان دا دەنگ دەداتەوە کە چۆن لە پاش گەڕانەوەی لە هەر سەفەرێک دا لە رادیۆ، لە کۆبوونەوەی حیزبی و غەیرە حیزبی دا باسی بەرەو پێشچوون و ناساندنی مەسەلەی کورد لەنێو بیروڕای گشتیی جیهان، باسی هەڵوێستی جۆراوجۆری کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکانی سەبارەت بە داخوازی‌یەکانی گەلی کورد، باسی ناساندنی نێوەڕوک، هەروەها ڕەوتی خەباتی شۆڕشگێڕانەمان بۆ گەیشتن بەئازادی و دێموکراسی، باسی چوونەسەری ناو و ئیعتباری حیزب لەڕادەی جیهانی و سەرەنجام باسی چۆنیەتیی کارو چالاکیی لایەنگران و ئەندامان و ڕێکخراوەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵاتی بۆ دەکردین و دڵی گەرم دادەهێناین.

بەڵام هەموو ئەمانە کە کاک دوکتوری خۆشەویستمان هەروا بە هاسانی و بەکورتی بە سەریان دا تێدەپەڕێ، تەنیا وەک مشتێک لە خەرواری سەرکەوتنەکانی دوکتور قاسملووی نەمر لە دەرەوەی وڵات لە گەڵیدا بن دەزانی کە بەرزیی پلەی هەوڵ و تێکۆشان و سەرکەوتنەکانی لە مەیدانی تێکۆشانێکی ئاوا پڕ کەندو کلۆ و بەربڵاو دا


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاچ ڕادەیەک بوو. نزیکەی دوو مانگ لەمەو بەر فەرانسەییەکی کورددۆست، من پێم گوت: «کە لە داهاتوویەکی نێزیکدا دوکتور قاسملوو دێتە فەرانسە،» ئەو فەرانسەییە کورددۆستە بۆ خۆی لەنێو دۆست و ئاشنایان دا بە پڕکاری و ماندوویی‌نەناسی بەناوبانگە، کاتێک خەبەرەکەم پێ دا لەو کاتە دا کە بە ئاشکرا و لە ناخی دەروونەوە خۆشحاڵیی خۆی دەردەبڕێ، ناڵەشی لێ بەرز بۆوە و گوتی: ئەی هاوار دوکتور دیسان هاتەوە « کاک دوکتور قاسملوو لە جەریانی چەند ڕۆژ تەعتیلی و جێژنی بەربڵاوی پاریس پێتەختی فەرانسە کە بە بۆنەی دووسەدەمین ساڵرۆژی شۆڕشی مەزنی فەرانسە بەرێوە دەچێ کەڵک وەردەگرێ و ئەو جێژنی شادی‌یە بەجێ دێڵێ و لە گەڵ هاوڕێی بەنرخمان کاک عەبدوڵڵا قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، بۆ کارو باری حیزبی دەچێتە شاری وییەن پێتەختی ئوتریش و میوانی دۆستێکی قەدیمی دەبن کە لەوێ بە هۆی پیلانێکی گەلاڵەداڕێژراو لەلایەن چەند تیرۆریستی حیرفەیی‌یەوە هەر سێکیان تیرۆر دەکرێن و دەچنە نێو کاروانی شەهیدانی سوورخەڵاتی گەلی کوردەوە. ئێمە دیارە مەسئوولییەتی دیتنەوە و ناسینی قەتعیی عامیلانی ئەو جینایەتە گەورە و سامناکە دەخەینە ئەستۆی دەوڵەتی ئوتریش و پۆلیسی ئەو وڵاتە، بەڵام بەش بەحاڵی خۆمان کەمتر شکمان بۆ ئەوە دەچێ کە ئەو کارەساتە بەدەست ڕێژیمی ئینسانکوژ و جینایەتکاری ئاخوندی بە ئەنجام نەگەیشتبێ.

هاوڕێیانی خۆشەویست و ئەمەگناسم!

ئیستا کە دوکتور قاسملوومان لە دەست داوە من لەو جەمعەدا چ دەتوانم عەرزی ئێوە بکەم؟ ئێمە حەقی خۆمانە بۆ ئەو موسیبەتە کە بە سەرمان هاتوە خەم و خەفەت دامان بگرێ و فرمێسکمان لە چاوان بگەڕێ. خەم و پەژارە بۆ لەدەستدانی ئازیزێکی جێگای هیوا و هومێدێکی ئەمڕۆ و داهاتوومان، سیفەتێکی ئینسانی‌یە و ئێمەش ئینسانین.من دەتوانم بەسەعات و بە ڕۆژ باسی تایبەتمەندی‌یەکانی بێ وێنەی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملووتان بۆ بکەم. دوکتور قاسملوو زانا بوو، لە باری سیاسی، زانا لەباری ئیقتیسادی، زانا لە باری کۆمەڵناسی، زانا لەباری مەسایلی عیلمی، زانا لە باری ئەدەبی و هونەری‌یەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەکورتی زانایەکی گشتی، یانی ئەو جۆرە زانایانە کە لە قەدیم دا پێیان دەکوتن (فیلسوف) یا بڵێین حەکیم. دوکتور قاسملوو زانایەکی عەمەلی یانی بەکردەوەش بوو، یانی کەسێک بوو کە زانایییەکانی لە مەیدانی کردەوە دا بەکار دەبرد، وەک ئامرازێک و وەسیلەیەک بۆ خزمەت بە ئینسان، بەکۆمەڵ و بەگەل، کەڵکی لێ وەردەگرت. دوکتور قاسملوو بەڕاستی بەکار و پڕکار بوو، ماندوویینەناس و بێزار بوو لەوە کە کاتێکی بچووک لە ژیانی رۆژانە دا بە بێ کار و بێهوودە رابرێ. دوکتور قاسملوو شۆڕشگێڕ بوو، شۆڕشگێڕ بە مانای ئەسڵیی کەلیمە، یانی کەسێک کە دەیهەوێ ئاڵوگورێکی قووڵ و بنەڕەتی لە جیهەتی باشترکردن دا، لە هەر بوارێک و هەر بارێ دا کە نالەباری تێدا بەدی دەکرێ، پێک بێنێ. دوکتور قاسملوو قانیع بوو، لەڕاستی دا هەر لەو کاتە دا ئەگەر بۆی گونجابا پێی خۆش بوو ژیانێکی زۆر باش رابوێرێ و باش بژی، ئەگەر پێویستبا لە هەموو کەس قانیعتر بوو، بە سادەترین و کەمترین ئێمکان بە فەوری رادەهات.

دوکتور قاسملوو ئازا و نەترس بوو، تەنیا ئەوانەی لە نزیکەوە لە گەڵی بوون دەزانن کە چۆن لەمەیدانی خەبات دا و لە دژوارترین هەلومەرج دا نەهەر خۆی نەدەدۆڕاند، بەلکوو دەرسی خۆڕاگری و لە سەرخۆیی و ئازایەتیی بە دەورەبەرەکانی دەدا. دوکتور قاسملوو ئینسان و ئینسان دۆست بوو، کێ هەیە دووجار دوکتور قاسملووی لە نزیکەوە دیتبێ و هەستی بەو دەریا دەریای عاتیفە و خۆشەویستییە کە لە سێنگی دا مەوجی دەدا نەکرد بێ؟

سەرنەنجام دوکتور قاسملوو مامۆستا و موعەلیمێکی بەخشەندە بوو، یانی تەواوی هەوڵ و تێکۆشانی ئەوە بوو کە ئەوەی دەیزانی و تەواوی ئەو سیفەتانە کە هەیەتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە هەموو هەلومەرجێکی موناسب دا فێری هاوڕێیانی بکا. بەڵێ، بەڕاستی ڕێبەرەکەمان، ڕێبەرێکی کەموێنە و هەڵکەوتوو بوو. کێ هەیە بەخۆێ بڵێ ئینسان و لە نزیکەوە ناسیبێتێ و ئێستا لە نەمانی دا تەمی خەم دای‌نەگرتبێ.

بەڵام ئێستا ئێمە دەبێ چ بکەین؟ دەستەوئەژنۆ و خەمبار دابنیشین و فرمێسک هەڵڕێژین یان بیر لەوە بکەینەوە کە ئەگەر ئێستا دوکتور بۆ خۆی مابا و سایەی لە سەرمان با چی دەکرد، چی پێ‌دەگوتین و چۆنی ڕێنوێنی دەکردین؟

بەداخێکی گرانەوە لە بەر زۆر گیروگرفت ئێمە کە لێرە کۆبووینەوە بۆمان ناگونجێ لەسەر تەرمی شەهیدی خۆشەویستمان کاک دوکتور قاسملوو کۆ ببینەوە و لەگەڵ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێبەرمان، مامۆستامان، ڕێنوێیمان، بابمان. برامان. خوداحافیزی یەکجاری بکەین. بەڵام لەم جیگا تایبەتی‌یە دا کە کۆببینەوە، خۆی مانایەکی تایبەتی تێدایە، من دڵنیام کە ئەگەر ئیختیار بە دەستی خودی دوکتور قسملوو بوایە، پێی خۆش بوو ئەم قەبرستانە بچووکەی کە بە گۆڕی چەند شەهیدی خۆشەویستمان رازاوەتەوە، تەرمی ئەویشی لە باوەش گرتبا. جێگای دوکتور قاسملوو خاکی پاک و پیرۆزی کوردستان و ریزی ئەو، ریزی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستانە.

من ئێستا کە لێرە ڕاوەستاوم، لێرە ڕا چاوم لەو جێگایەیە کە دوکتور قاسملوو نزیکەی دە مانگ لەمەو بەر بێدەنگ و غەمگین و پڕلەئیحتیرام لێی ڕاوەستا بوو و لە سەر قەبری تازە گڵکراوێ وەستا ئەحمەدی داغەیی، کە هاوڕێی کۆن و دڵسۆزی حیزبی و ڕەفیقی زۆر خۆشەویست و نێزیکی کاک دوکتور قاسملوو بوو. من زۆر باش دەزانم لەو کاتە دا چ بە بیرو دڵی کاک دوکتور دا دەهات. دوکتور قاسملوو لەو ماوەیە دا کە ڕێبەر و ڕێنوێنمان بوو، لەسەر قەبری زۆر شەهید ڕاوەستا و کڕنۆشی برد. لەسەر زۆر شەهیدی بەنرخ قسەی کردو بۆ زۆر شەهیدی خۆشەویستمان شتی نووسی. لە هەموو ئەوانەدا چی دەگوت؟ (مەگەر نەیدەگوت: باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەپێدانی ڕێگایانە؟! مەگەر نەیدەگوت : ئێمە لەم ڕێگایە دا یا سەردەکەین، یان سەردادەنێین و لە گەڵ کاروانی شەهیدان دەکەوین؟!) بە دەیان جار ئەوەی دووپات کردۆتەوە. باشە ئێمە ئێستا لێرە لەسەر گڵکۆی شەهیدان لەسەر گڵکۆی هاوکاروانانی ڕێبەری خۆشەویستمان لێرە راوستاوین، با لەخۆمان و لەهەموو دۆستان و دوژمنانیش پرسیار بکەین: کێ وەک دوکتور قاسملوو قسە و وەعدەی لە گەڵ ڕەفتار و کردەوەی یەکی دەگرتەوە؟ ئینجا ڕوو لە خۆمان بکەین و لە خۆمان تێ‌فکرین، ئێمە کێین؟ وەڵامی ئەو پرسیارە ڕوونە ئێمە خۆشەویستی دوکتور قاسملووی نەمرین. بەڵام ئەگەر خۆشەویستی ئەوین و ئەومان خۆش دەوێ ئایا نابێ کارێک بکەین کە ئەو خۆشحاڵ بکەین؟ ئێمە شاگردی دوکتور قاسملووین، بەڵام ئەگەر خۆمان بە شاگردی ئەو دەزانین، ئایا نابێ دەرسەکانی ئەو فێر بین و بەکاریان بێنن؟ ئێمە ڕێبواری ڕێگای دوکتور قاسملووین. بەڵام ئەگەر ئەو بە ڕێنوێنی خۆمان دەزانین ئایا نابێ تێ‌بکۆشین هەر بەو ڕێگایە دا بڕۆین کە ئەو پێی نیشان داوین؟

خۆشکان و برایانی ئازیز !

من لەسەرەتا دا عەرزم کردن کە قسەکردن لە خزمەت ئێوە دا و لەسەر کەسێکی وەک دوکتورقاسملوو، شتێکی هاسان نیە و بۆ خۆشتان دەبینن. جا ئەگەر قسەکردن ئاوا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دژوار بێ دیارە درێژەدانی ڕێگای قاسملوو و ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی ئەو بۆ ئێمەی بە جێ هێشتوە، دەیان و سەدان بەرابەر دژوارترە. بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە گەلی کورد ئێستا بە تێکرایی چاوی لە ئێمە بڕیوە، دڵی لە نیگەرانیدا لێ دەدا. ڕۆحی پاکی شەهیدان لە خوێنداشەڵاڵمان و لە سەرووی هەمووان، پێشەوا قازی و دوکتور قاسملوو تێمان دەفکرن. لەو لاش ڕا دوژمنانی ڕەنگاورەنگی گەلی کورد هەر لەو کاتە دا کە خۆشحاڵن، بەنیگەرانی چاومان لێدەکەن، بە درێژایی مێژوو، دوژمنانی گەلی کورد، دوژمنانی ئێمە تاکتیکیان ئەوە بووە، نەخشەیان ئەوە بووە کە سەری ئێمە لێ بدەن و ئەو جارەش بەداخەوە ئەوەیان کرد. ئارەزوو و هیوای ئەوان هەمیشە ئەوە بووە کە ئەگەر سەرمان لێبدەن ئیدی لەش حەرەکەتی نامینێ و دەکەوێ، ئێستاش ئەو ئومێدەیان هەیە. بەڵام تەواوی ڕەنج و زەحمەت و تێکۆشانی دوکتور قاسملووی نەمر ئەوە بوو کە ئێمە وا بار بێنێ لە پێش دا هاوڕێیانی حیزبی، لەسەر پێی خۆیان بن، « موتتەکی » بەنەفسی خۆیان بن، چاویان هەر لەوی و لە یەک نەفەر نەبێ و لە پاشان لە ڕێگای ئێمەوە و چ بە خیتابی موستەقیم بە میللەتی کورد، تەواو هیوا و هومێد و ئارەزووی ئەوە بوو کە گیانیشی لەسەر ئەو کێشەیە دانا کە میللەتی کورد بگاتە ئەو قۆناغەی کە کامڵ بێ و چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆیەوە بگرێ، میلەت بە تەوای ئەوەی بکا نە یەک فەرد.

جا هاوڕێیانی ئازیزم، خۆشک و برایانی خۆشەویست، من زۆر درێژی ناکەمەوە، چونکە پوختەی قسەکە ڕوونە، لە دڵی هەمووتان دایە و هەموو دەزانین مانای چیە. لە بەروەی کورتی دەڵێم و پوختی دەڵێم، شەهیدانی سەربەرزمان و لەسەرووی هەمووان ئەو دوو شەهیدانە کە لێرەن، عەکسیان، شەهید پێشەوای مەزنمان و شەهید دوکتور قاسملوو، تازەترین و گەورەترین شەهیدمان، ئەو دووانە چاویان لە ئێمەیە، دایکی ئەو هەموو شەهیدانە، ئەو هەموو دایکە دڵسووتاوانە، جەرگسووتاوانە، خوشکان و برایانی ئازیز لەدەس‌داو، هەموو چاویان لە ئێمەیە، میللەتی کورد چاوی لە ئێمەیە. من ئیجازەم وەرگرتوە لە بەرێوەبەرایەتیی حیزب و ئەو مەئموورییەتەم پێ دراوە ئیجازەش لە ئێوە دەخوازم کە تێکرا، لەو کاتە تاریخی‌یەدا، لەو کاتە مێژوویی‌یە دا، لەو لەحزەیەدا کە یادی ئەو عەزیزە گەورانە دەکەین، بڕیار بدەین، پەیمان تازە بکهینەوە لە گەڵ گیانی شەهیدانمان و لە پێش هەمووان دا لە گەڵ ڕووحی پاکی دوکتور قاسملووی خۆشەویستمان، دوکتور قاسملووی گەورەمان، مامۆستامان، ڕێبەرمان، بەڵێنی پێ بدەین کە نیگەرانمان مەبە بە دوات دا دێین. ئێمەش وەک تۆ یا سەردەکەوین، یا ئەو ئیفتیخارەمان بەنسیب دەبێ کە بێینە قەراخ تۆ و تۆ لە باوەش بگرین.

سەرچاوە: کتێبی دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی مۆدێرن و شۆڕشگێڕێکی دێموکرات



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەرۆژی بە خاك سپاردنی شەهیدانی ڤییەن لەسەر گڵکۆی شەهیدەکان لە (پێرلاشێز) ی پاریس

وتاری بەرێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەرۆژی بە خاک سپاردنی تەرمی پیرۆزی شەهیدان دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادریئازەر لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس

رۆژی بە خاک سپاردنی تەرمی پیرۆزی دوکتور و کاک عەبدوڵڵا لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس، زیاتر لە سێ هەزار کەس لە نوێنەرانی حیزب و رێکخراوەکان و شەخسییەتە کورد و ئێرانی و خاریجییەکان لەسەر گڵکۆی قاسملوو کۆ بیوونەوە و رێزیان لە یادی ئەو گەورەپیاوەی مێژووی کورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی ئێران گرت. ئەو بەبالابڕین و ستایشانە کە لە وتاری شەخسییەتەکان دا لەسەر قەبران یان لە دەفتەری بیرەوەری دا لە دوکتور قاسملوو کران، نیشانەیەک لە ئیحتیڕامی بێئەملاو ئەولای هەمووان بۆ دوکتوری شەهید بوو. لێرە دا وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر گڵکۆی قاسملووی نەمر کە لایەن بەرێز و تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە خوێندرایەوە بڵاو دەکەینەوە. ئەوەش دەقی وتارە کە :

خوشک و برا بەڕێزەکان!
نوێنەرانی حیزب و رێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان!
شەخسیەتە ئازادیخواز و بەشەردۆستەکان!

لێرە کۆبووینەوە بۆ ئەوەی تەرمی پیرۆزی دوو شەهیدی رێگای رزگاری، دوکتور عبدالرحمان قاسملو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاک عەبدوڵڵا قادریئازەر نوێنەری حیزب لە ئورووپا بە خاک بسپێرین. بەشداریی ئێوە لەو رێورەسمە دا رێزدانانە بۆ ئەو خەباتە سەخت و شیلگیرە کە دوکتور قاسملوو ماوەی زیاتر لە چل ساڵ تەمەنی خۆی بۆ تەرخان کردبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ئەوە ڕێک خراوە تا شۆڕشگێڕێکی مەزن و ناوداری کورد بەو جۆرە کە شیاوی خۆیەتی لە نێو خۆمان بەڕێ بکەین. دوکتور قاسملوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و سەرانسەری ئێران ڕێبەرێکی لێوەشاوە و تێکۆشەرێکی ماندوویی‌نەناس بوو کە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەمتر وێنەی وی بە خۆیەوە دیوە. قاسملوو سیاسەتمەدارێکی بیرورد و کارامە، خەباتگێڕێکی بەورە و شەخسییەتێکی زانستی و شۆڕشگێڕێکی بە تەواو مانای وشە بوو.

قاسملوو لە ڕێگای دابین‌کردەنی ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دا تێ‌دەکۆشا. هەوڵی دەدا چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان بۆ هەتاهەتایە لە نێو بچێ و چارەنووسی گەلان بکەوێتە دەستی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان. ئەو ئیمانێکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو بۆ جێگیر بوونی دێموکراسی لە نێو ریزەکانی حیزب و لە نێو کۆمەڵ دا بە هەموو تواناوە تێ‌دەکۆشا و ئەگەر جاروبارێش لە ئاکامی برەوپێدانی دێموکراسی دا زیانێک بە حیزب گەیشتبایە، دوکتور قاسملوو دەی گوت ئەمە باجی دێموکراسی‌یە و کەسێک دێموکراسیی بوێ دەبێ باجەکەشی بدا.

دوکتور قاسملوو نیشتمانپەروەرێکی کورد بوو. باوەری تەواوی بە چارەنووسی هاوبەشی گەلی کورد هەبوو و سەرکەوتن و تێ‌شکانی کوردی لە هەر بەشێکی کوردستان دا بووایە بە سەرکەوتن یان تێ‌شکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دادەنا و لەو ڕێگایەش دا زۆر جار بە دروستی دەزانی قازانجی کاتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران فیدای قازانجی ستراتیژیکیی گەلی کورد بکا. ئەو کات کە تەنیا داواکردنی مافی نەتەوایەتی بۆ کورد بە گوناح دەژمێردرا و دوژمنانی کورد ناوی جیاوازی‌خوازی یان لەسەر دادەنا، قاسملوو لە کتێبی بە ناوبانگی خۆی «کوردستان و کورد» دا هاواری دەکرد کورد نەتەوەیەکی جیا لە هەموو نەتەوەکانی دیکەیە و ئەگەر ڕۆژێک وەک هەموو گەلانی ئازاد و بەختەوەری جیهان چارەنووسی خۆی بە تەواوی بە دەستەوە بگرێ، ئەمە یەکگرتنەوەیە نەک جیابوونەوە.

دوکتور قاسملوو هەر لەو کاتە دا نیشتمانپەروەرێکی گەورەی ئێرانی بوو، ئیجازەی بە کەس نەدەدا لەو بە ئێرانی‌تر بزانێ. ئیمانی بە یەکیەتیی چارەنووسی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران هەبوو و بەدروستی دەی‌زانی کەگەلی کورد لە ئێران دا بێ هاوکاری و هاوخەباتی لە گەڵ گەلانی دیکەی ئێران بە ئامانجە ڕەواکانی ناگا. هەر بۆیە بەدڵەوە هاوکاری و هەنگاورێکخستن لەگەڵ هێزە نیشتمانپەروەرەکانی یەکانی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێرانی بە مەرجی سەرەکیی سەرکەوتن دەزانی.دوکتور قاسملوو بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی گەلی کوردی بە بەشێک لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلان لەسەرانسەری جیهان دا دەزانی، هەر بۆیەش هەوڵی پتەوکردنی پێوەندی لەگەڵ هەموو بزووتنەوە رزگاریخوازی‌یەکانی دەدا و بۆ راکێشانی پشتیوانیی بیروڕای گشتیی جیهانی لە خەباتی خەڵکی کوردستان تێ‌دەکۆشا.

ئەم سروشتە تایبەتی یانە و زۆر سیفەتی بەرزی دیکەی ئینسانی و ئەخلاقی و شۆڕشگێڕانە دوکتور قاسملوویان کردبووە شەخسیەتێکی گەورەی جیهانی کە تەنیا ملکی خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران نەبێ. ئەم ڕێوشوێنە پڕشکۆیەش کە ئەمڕۆ بە هاوکاری و بەشداریی ئێوە دۆستانی بەڕێز بۆ بەخاکسپاردنی دوکتور قاسملوو پێک هاتوە رەنگدانەوەیەکی سروشتی‌یە بۆ ئەو شەخسیەتە جیهانی‌یەی دوکتور قاسملوو. سپاس بۆ ئێوە و سڵاو بۆ دوکتور قاسملوو.

ئەتۆش ئەی تێکۆشەری هەرگیز نەمر، ئەی مامۆستای زانا و ڕێبەری بەتوانا! بە خاترجەمی سەر بنێوە و بە ئاسوودەیی بنوو. چونکە بەهەوڵ و تێکۆشانی دەیان ساڵەت وڵاتێکت هەژاندوە و گەلێکت ڕاپەڕاندوە، قوتابی و هاوسەنگەرەکانت لەسەر پەیمانی خۆیان ماون و ڕێگاکەت بەرنادەن. هاوڕێی شەهیدم! بۆ لەدەستدانی تۆ هەزاران پێشمەرگە و دەیان هەزار ئەندامی حیزبەکەت، سەدان هەزار دۆست و لایەنگری ڕێبازەکەت و بە میلیۆن کەس لە رۆڵەکانی گەلەکەت غەمیان بەسەر دا باری و فرمێسکیان هەڵوەراند. بەڵام نەک لەبەر داماوی و ناهۆمێدی، چونکە گەلێک رۆڵەی وەک تۆی پێ‌گەیاندبێ ناهۆمێدی ناناسێ. ئەوان بۆت گریان تا بە ئاوی چاوی خۆیان و بە خاکی ڕێگای تۆ قوڕێک بۆ سەری هەمووی ئەوانە بگرنەوە کە پێ‌یان وایە بە مردنی قاسملوو میللەتی قاسملوو و ڕێبازی قاسملووش دەمرێ.

دەزانم هەم بۆ تۆ و هەم بۆ ئێمە خۆشتر بوو لە دڵی گەورەی خاکی کوردستان دا و لە پەنای پێشمەرگەو هاوڕێ‌یانی شەهیدی حیزبیت بە خاک بسپێردرێی. بەڵام ئێستا کە کوردستان لەژێر چەکمەی بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستی‌دایە، بە شیاوی مەقامی بەرزی تۆمان زانی لە گۆرستانی شەهیدان و شەخسییەتە ئەدەبی و زانستی و هونەری یەکانی فەرانسە بە خاکت بسپێرین، بتکەینە دراوسێی شەهیدانی هەمیشە زیندووی کۆمۆنی پاریس و هونەرمەندی شۆڕشگێڕی مەزنی کورد یەڵماز گونەی و شەخسیەتە ئەدەبی‌یە گەورەکانی ئێران وەک صادق هیدایت و غلامحسین ساعدی تا ئەو رۆژەی ئاواتەکانت وەدی دێن و دەبینە خاوەنی ئێرانێکی ئازاد و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیموکرات و کوردستانێکی خودموختار. ئەو دەم دڵنیا بە ڕۆڵەکانت دەتبەنەوە نیشتمانە خۆشەویستەکەت و گڵکۆی پیرۆزت دەکەنە زیارەتگەی دڵسۆزانی کورد و نیشتمانپەروەرانی ئێران. ڕێبەری پایەبەرزی شۆڕشگێڕانی کوردستان! بێگومان هەموو هاورێ و هاوسەنگەرەکانت پێیان خۆش بوو ئەمرۆ لە پەنات بان، بەڵام بە باشیان زانی لە ڕۆژی بەخاکسپاردنی تۆ دا هەموویان لەو جێگایە بن کە بۆخۆت پێت خۆشە هەموو خەباتگێرانی حیزبەکەتی لێ بن:

سەنگەری خەبات بۆ ئازادی و دیموکراسی و خودموختاری. هەر بۆیە ئێمەیان نارد کە بە نوێنەرایەتیی هەموویان دوامالئاوابیت لە گەڵ بکەین و دڵنیاییت بدەینێ کە ئامانجت بەرقەرارە و ڕێگاکەت پڕڕێبوارە.

دۆستانی خۆشەویست!

بەشداریی ئێوە لە ڕێورەسمی ناشتنی شەهید دوکتور قاسملوو دا ڕێزدانانە بۆ خەبات و فیداکاریی ئەوانەی لە پێناو گەل دا دەژین و لە ڕێی نیشتمان دا دەمرن. ڕێگام بدەن بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سوپاسی هەموو ئێوە و دەوڵەت و میللەتی فەرانسە بکەم کە بۆ پێک هێنانی ئەم ڕێورەسمە هاوکاریان کردین و یارمەتییان داین. فەرانسە هەمیشە پەناگەی ئازادیخوازان و ئەو کەسانە بووە کە لە پێناوی بیرو باوەڕی خۆیان دا لە نیشتمان دەربەدەر دەبن هەر ئەوەش ڕێز و خۆشەویستیی ئەو وڵاتەی لە دڵی تێکۆشەرانی کورد دا جێگیر کردوە و ئیحتیرامی کۆمەڵگای جیهانیی بۆ لای فەرانسە ڕاکێشاوە. لەبەر ئەوەی دوکتور قاسملوو شەهیدی هەموو ئازادیخوازان و بەشەردۆستانی جیهانە، ڕێگام بدەن لە لایەن حیزبی دوکتور قاسملوو، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سەرەخۆشی لە ئێوە و لە هەموو ئۆگرانی ئازادی لە سەرانسەی جیهان دا بکەم.

سڵاو لە گیانی پاکی هاورێیانی شەهید دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادری و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگای.

سوپاستان دەکەم و هەر بژین

سەرچاوە: نیو سەدە تێکۆشان لە نووسینی بەرێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشێك له قسەكانی دوكتور بێرنارد كۆشنێر

دۆستانی کوردان و دۆستانی (عەبدوڵڵا) و (عەبدولڕەحمان) ناتوانن ئەم تاوانە، ئەم دەستدرێژیيە چەپەڵە و ئەو پیلانە سامناکە کە دوایی بە ژیانی ئینسانە تێگەیشتوو و پێشکەوتنخواز و دڵفراوانەکان هێنا، لە بیر بەرنەوە.

بۆ ئەو کەسانە کە کوردەکان ناناسن مەسەلەکە بریتیيە لە دەستدرێژیيەکی چەپەڵ بۆ سەر گیانی دوو خەباتگێڕ. بۆ ئەوانەش کە کورددەکان دەناسن ئەو لە دەستچوونە شتێکی زۆر دڵتەزێنە. بەڵام بۆ هەموو کوردەکان چ لە گوندەکان، چ لە ماڵە بەبۆمب تێکڕووخاوەکان و چ لە شار و ئۆردووگاکانی ئاوارەکان دا مەرگی ئەو دوو کەسە، خەسارێکی گەورە و قەرەبوو نەکراوە.

ئێمە لێرە شاهیدی وەحشیگەرییەکین. چەند گرانە باوەڕ بکەین کە ڕێبەرانی سیاسیی ئەوتۆش هەن کە کردەوەی رۆژانەیان و ئامرازی ئەسڵیی دەسەڵاتیان ئینسانکوشتنە.

حکوومەتی فەرانسە کە من بە نوێنەرایەتیی ئەو لێرەم، لە بەرامبەر ئەم سێ قوربانیيە بەناحەق کوژراوە دا سەری کڕنۆش دادەنوێنێ و لە بنەماڵەکانیان، لە هاوسەری (قاسملوو) (هێلین) و دوو کچەکەی سەرەخۆشی دەکا و پشتیوانیی خۆی لەوان ڕادەگەیەنێ.

عەبدولڕەحمان قاسملوو! کاتێک بیر لە تۆ دەکەمەوە پێش هەموو شتێک پێکەنینەکەت دێتەوە بەرچاوم. تۆ دەتتوانی لە بەرامبەر هەموو شتێک و هەموو کەس دا دەمبەبزە بی. بیر لە فەرهەنگی دەوڵەمەندی تۆ دەکەمەوە و، بیر لەروانینی تۆ وەک مێژوونووسێک و وەک ئینسانێکی تێگەیشتوو دەکەمەوە کە چاوت بە هەموو شتێک دا دەخشاند تابتوانی کەلکی لێ وەرگری و لێکدانەوەی ورد و جوان بەدەستەوە بدەی. تۆ لە جیهانی سیهەم دا ئینسانێک بووی کە من زیاتر لە هەموو کەس ستایشم دەکردی. هەر لەو کاتە دا کە پارتیزان و ئازادیخواز و وەفادار بەستراتێژیيەک بووی و، لە حالێک دا بە دوای ڕێبازێکی سیاسیی شێلگیرەوە بووی، هیچ کات کاکڵەی مەبەستت کە دێموکراسی بوو لە بیر نەدەچۆوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قاسملوو و دۆستەکانی داواکاری خودموختاریی کوردستان بوون و ئامادە بوون تا وتوویژی لەسەر بکەن. ئەو دەیەویست لەسەر خودموختاری لە گەڵ جێنشینانی خومەینی وتوویژ بکا. هەر بۆیەش چووبووە ڤییەن تا لەسەر مەسەلەی کورد بگاتە ڕێگا چارەیەکی ئاشتیخوازانە، ئەوان لە پەیامی ئاشتی ترسان، بۆیە پێغەمبەری ئاشتییان کوشت. ئەوەیە کاری تاقمێک کە بەسەر، بەشێک لە جیهان دا حکوومەت دەکەن.

عەبدولڕەحمان قاسملوو ! وام دێتە بەرچاو کە تۆم لە هەموو جییەک دیوە بێگومان. چونکە تۆ ئۆلگوویەک بووی، تۆ لێرە دیارە لە وڵاتی خۆت نی، بەڵام بە مەودایەکی نەزۆر دوور لە گوللەبارانکراوەکانی کۆمونی پاریس کە قوربانیانی هێندێک بەربەرەکانیی دیکەن، بە خاک سپێردراوی. ئەو بەربەرەکانییانە کە تۆ باشت دەناسین و ستایشت دەکردن. بەو حاڵەش تۆ ئێستا لەماڵی خۆت دووری، هەر لە جیدا تۆ ئەی ئاوارەی هەمیشەیی! ماڵێکت هەیە؟ بەڵام هیوادارم لێرە، لەنێو ئێمە دۆستەکانت تاڕادەیەک هەست بەوە بکەی کە لە ماڵی خۆتی.

دۆستی من (عەبدولڕەحمان قاسملوو)! دە ڕۆژ لەوە پێش تۆ بەمنت گوت کە خەبات دژوارە. بەتایبەتی ئەوکات کە لە دەوری یەک کۆدەبینەوە و دەبینین کە جێی هێندێک هاوڕێمان بەتاڵە. ئەو هاوڕێیانەی پێکەوە خەباتمان دەکرد و لەم ڕێیە دا کوژراون. بەڵام ئێستا دەبینم کە تۆش دۆستی من هەر لەم ڕێگایە دا کوژرای.

چەند ئەستەمە! تائەو کاتەی پیاوە ردێنڕەش و سپییەکان و ژنانی چارشێورەش دەستی دۆستی بۆ لای خەڵکی دیکە درێژ دەکەن و، ئیدی چی دیکە بۆ ئەو هەموو کوشتارەی دەیکەن ناوی خودا بە شاهید ناگرن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قسەکانی تۆماس هامیربێرگ

## سکرتێری گشتیی کۆمیتەی سوئیدیی پشتیوانی لە مافەئینسانییەکانی نەتەوەی کورد

لە سوئیدەوە هاتووم بۆ ئەوەی سەرەخۆشیی خۆم لەگەڵ پەیامێکی دەوڵەتی سوئید و پەیامێکی حیزبی سۆسیالیستی فەرمانڕەوا لە سوئید پێشکێش بکەم.

ئەمن بۆخۆم بۆ ئەوە هاتووم کە ڕێزو حورمەتی خۆم لە لایەن «کۆمیتەی سوئیدی بۆ ئازادییە ئینسانییەکان لە کوردستان دا» کە کۆمیتە یەکی تازەدامەزراوە دەرببڕم. ئەم کۆمیتەیە زیاتر بە هەوڵ و پێشنیاری « عەبدولڕەحمان قاسملوو » دامەزراوە. دوکتور قاسملوو یەکەمجار لە یەکەم ساڵەکانی دەیەی ١٩٧٠ دا لە گەڵ ئەو ڕێکخراوانە کە لەباری مافی مرۆڤەوە تێدەکۆشن پێوەندیی گرت بۆ ئەوەی کۆمەک بە زیندانییانی کوردی ئێران بکەن.

بەم جۆرە ئەو هاوکارییە کە لەبیست ساڵ لەمەوبەرەوە دەستی پێکرابوو، بەرێکوپێکی درێژەی هەبوو، تا سەرەنجام لە ژێر تەئسیری ئەودا و بە پێشنیاری ئەو، ئەم کۆمیتەیە بۆ ئازادییە ئینسانییەکان لە کوردستان دامەزرا، کە تەواوی حیزبە سیاسییەکان، کلیساکان، سەندیکا کرێکارییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی تێدا بەشدارن.

«عەبدولڕەحمان قاسملوو» بۆ ئێمە پیاوێکی دەوڵەتمەرد بوو کە لە رادەی نێونەتەوەیی دا ڕێزی بۆ دادەنرا. ئەو، میوانی بەڕێزی دوا کۆنگرەی نێونەتەوەیی سۆسیالیست بوو کە لە ڕۆژەکانی دوایی مانگی ژوئەنی ١٩٨٩دا لە ستۆکهۆڵم گیرا، لەم کۆنگرەیە دا ئەو لەگەڵ زۆر کەس لە هاوڕێیانی سۆسیالیستی هەموو ڕەوتە سۆسیالیستییە دیموکراتەکانی دنیا لە بارەی مەسەلە سیاسییەکانەوە چاوپێکەوتنی هەبوو. ئەو توانایەکی دیپلۆماسیی هەبوو کە ڕەنگە ئەمڕۆ هیچ ڕێبەرێکی دیکەی کورد نەیبێ. ئەو هەم وەک ڕێبەرێک و هەم وەک ڕێکخەر و خاوەننەزەرێک بایەخێکی زۆری بە مەسەلەی کوردستان دەدا. پیاوێکی گەرم، میهرەبان و زۆر لەسەرەخۆ بوو. بۆ ئێمە لە سوئید ئەو لە خەباتی سیاسی و خەبات بۆ مافە ئینسانییەکان و ئاشتی لە نوختە جۆراوجۆرەکانی دنیا دا نموونە بوو. لەڕاستی دا ئەو بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمە باوک بوو و لە کارەکانمان دا ئیلهامی دەداینێ. ئەو رووناکبیریێکی کورد بوو، بەڵام هەمیشە ئاگای لە خەباتی هەموو نوختەکانی جیهان لە پێناوی مەسەلە جۆراوجۆرەکانیش دا هەبوو، چەنکە پێوەندیی ئەوانی لە گەڵ مەسەلەیەک کە بۆ خۆی خەباتی بۆ دەکرد، بەروونی بۆ دەرکەوتبوو.

ئەو سیاسەتمەدارێکی جیهانی بوو و بە مانای تەواوی وشە ئەنتێرناسیۆلیست بوو. بەڵام بەو حاڵەش هەمیشە بە نەتەوەی خۆی وەفادار بوو، دوا جار کە نیزیکەی سێ حەوتوو لەمەوبەر لە ستۆکهۆڵم دیتم لەبارەی هەنگاوێکی تازەوە بۆ گەیشتن بەرێگا چارەیەکی ئاشتیخوازانە، رێگایەکی ئاشتیخوازانە کە مافە ئینسانییەکان بۆ کوردی ئێران وەدی بێنێ، بەمنی گوت کە ئامادەیە خۆی بخاتە مەترسییەوە. ئەو گوتی ئەم خۆلەمەترسیهاویشتنە غیرەتی دەوێ. ئێستاش دەبینین کە بەداخەوە ئەو خۆلەمەترسیهاویشتنە بە قیمەتی گیانی تەواو بووە. ئێمە ئێستا لە ماتەمی رێبەرێکی مەزن و دۆستێکی نیزیکی وی « عەبدوڵلا قادری » داین کە ئەوان وەک خەباتگێرانی رێگای ئاشتی و مافە ئینسانییەکان دەناسین. ئەوان لە لایەن هێزە پاشکەوتوو و بۆگەنەکانەوە لە خوێن دا شەلاڵ کران.

بەڵام هەموومان دەزانین کە کارەکانیان و ئامانجەکانیان و شوێنەواریان لە دوا رۆژدا دەمێنێ دوارۆژ دەگۆڕن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتەکانی پاتریک بۆدوان

## (سکرتێری گشتیی فێدراسیۆنی مافی مرۆڤ)

دەموساتی وا هەن کە دیتنەوەی وشە بۆ قسەکردن دژوارە. ئەو کاتانە کە وتار پێشکەش کردنیش تاڕادەیەک وەک کارێکی بێمانا دەچێ. دەبێ بگۆترێ کە دەموساتێکی ئاوا تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش کە لەمێژساڵە لە پێناوی مافی کوردەکان دا خەبات دەکەن کەمێک دڵساردی و ناهومێدیی پێوەیە. ئێستا جارێکی دیکە دوو خەباتگێڕ لەگەورەترین خەباتگێڕانی ڕێگای ئامانجەکانی گەلی کورد بە شێوەیەکی ناجوانمێرانە شەهید کراون.

زیاتر لەبیست میلیۆن کورد لەمێژساڵە لە هەلومەرجێکی ئاوا دژوار دا دەژین. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەیە کە من دەبێ بەڕاشکاوی بڵێم ئێمە لە درێژدانی ئەم وەزعە بە تەواوی بێزارین و بێزاریی خۆمان دەردەبڕین. بەڵام کوردەکان بە شەهامەت و ئازایەتییەکی بێ وێنەوە درێژە بەو ژیانەیان دەدەن.

دیارە من نامەوێ بۆ ئەو پێشمەرگانەی لێرە ئامادەن باسی ئازایەتی بکەم، ئەوان زۆر باش لەمانای ئازایەتی تێدەگەن. بەتایبەتی کەخەباتی ئەوان لە پێناوی ئامانجە بەرحەقەکانیان دایە. (چونکە هەر لەجێ دا وشەی پێشمەرگە یانی لەمەرگسڵ نەکردن و بەپێشوازی مەرگەوەچوون). نا شەهید بوونی ئەوان بێ ئاکام نیە. ئێمە کە بوێری و ئازایەتیی کوردەکان دەناسین، دەتوانین دڵنیا بین کە خەبات درێژەی دەبێ و ئێمە هەر چەند کوردیش نەبین پشتیوانییان لێ دەکەین. لەهەرحاڵ دا، ئێمە وەک ڕێکخراوە نێونەتەوەیییەکان بە کەلک وەرگرتن لە ئیمکاناتمان تێدەکۆشین هەلومەرجێکی وا پێک بێنین کە مەسەلەی کوردەکان زیاتر بێتە گۆڕێ، ڕێگا نەدرێ ئەو کردەوە دڕندانەیە دەرحەق بە گەلی کورد درێژەی هەبێ، ڕێکخراوە نێونەتەوەیییەکان و دەوڵەتەکان سەرەنجام زیاتر فشار بخەنە سەر کاربەدەستانی وڵاتانی ئێران، ئێراق و تورکیە بۆ ئەوەی ئەم وەزعە کۆتایی پێبهێنرێ. بۆ ئەوەی کوردەکان لانی کەم بە خودموختاری بگەن و بتوانن چیدی گەلێکی هەمیشە شەڕلێدراو و ژێردەست نەبن، بەڵام ئێمە زۆر باش دەزانین کە بوێری و ئازایەتیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردەکان لەم بارەیەوەش دەفریایان دەکەوێ و ئێمە دەزانین کە نابێ ناهومێد بین و دەزانین کە پاش مەرگی دوکتور قاسملوو و دوو خەباتگێڕە کوردەکەی دیکە کە بەشێوەیەکی ناجوانمێرانە کوشتیانن، خەباتگێڕانی دیکەی ئەوتۆ هەڵدەکەون کە ڕێگاکەیان درێژە بدەن و ئێمە کوڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان هاتووینە ئێرە تاپشتیوانیی تەواوی خۆمان لە بنەماڵەی شەهیدەکان و دۆستانی کوردمان ڕابگەیەنین. هەروەها پێیان بڵێین هیوادارین ئەم دەموساتە کە بۆ هەمووومان ناخۆشە، تین و گوڕێکی تازەمان بۆ بەئاکامگەیاندنی ئامانجی ڕەوای گەلی کورد وەبەر بێنێ.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥٢ (گەلاوێژی ١٣٦٨ - ئووتی ١٩٨٩


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی سوپاس و پێزانینی دوکتور سادق شەرەفکەندی
# جێگری سکرتێری گشتیی حیزب

## بە بۆنەی هاودەردیی خەڵک و دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکڕات
## بە دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی نەمردا

هاونیشتمانانی بەشەرەف !

خەڵکی دڵسووتاو و ئەمەگناسی کوردستان!

بە ئەرکی سەرشانی خۆم دەزانم بە ناوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی و ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبەوە سوپاسی گەرمی ئەو هاودەردی و هاودڵی‌یەتان بکەم کە بە بۆنەی شەهیدبوونی ڕێبەری خۆشەویستی حیزبەکەمان دوکتور قاسملووی نەمر خۆی نواندو بە شێوەیەکی بەربڵاو و بێ‌وێنە هەروا خۆی دەنوێنێ.

ئاشکرایە کە ئەو هاودەردی‌یە بێ‌خەوشەو ئەو هەستە پاکە نیشانەی ئەمەگناسی‌یە کە لە بیروباوەڕەوە سەرچاوە دەگرێ. بیروباوەڕ بە ڕێبازی خەباتگێڕانە و لەعەینی کاتدا ئوسووڵی و سەربەخۆی حیزب و، بیروباوەڕ بەو ئامانجانە کەڕێبەرێ هەڵکەوتوومان لەپێناوی وەدیهاتنیاندا سەری داناو گیانی بەخت کرد. ئەم هاودەردی‌یە نیشانەی ئەوەیە کە ئێوە خەڵکی تینووی ئازادی و دێموکڕاسی حیزبی دێموکڕات بەڕۆڵەی بەحەق و خۆشەویستی خۆتان چاو لێ‌دەکەن.

ئەمە، دیارە هەر لەو کاتەدا کە بۆ ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکڕات بە گشتی جێگای فەخرو شانازی‌یەکی گەورەیە، ئەرکێکی زۆر قورسیش دەخاتە سەرشانمان: ئەرکی درێژەدانی سادقانە و لێبڕاوانەی ڕێگای شەهیدان و، ئەرکی هەوڵدانێکی بێوچان بۆ ئەوەی هەروا جێگای بیروبڕوا خۆشەویستی بمێنینەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر بۆیە بە پێویستی دەزانم لەم هەلومەرجە ناسک و مێژووییەدا جارێکی دیکە ئێوە خەڵکی بەشەرەف و ئازادیخوازی سەرانسەری ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی، دڵنیا بکەم کە ئێمە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات، حیزبی شەهیدان، ئەم ئەرکە گرانە کە کەوتۆتە سەرشانمان زۆر باش هەست پێدەکەین و زۆر بە ئاگاهییەوە بڕیاری یەکجاریمان داوە کە هەموو هێزو توانای خۆمان تەرخانی پێوانی ڕێگای دوکتور قاسملوو، یانی ڕێگای خەباتی کوڵنەدەرانە لە پێناوی ئازادی و دێموکڕاسی و مافە ئینسانییەکاندا بکەین تا لەم ڕێگایە دا – کە ڕێگای سووری شەهیدانە – یان سەربکەوین، یان بە شانازییەوە وەک شەهیدە ئازیزەکانمان سەر دابنێین.

هاونیشتمانانی ئازدیخوازی ئێران!

ڕێژیمی خوێنرێژو خوێنخۆری ئاخوندی بە شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو دەریخست کە نایهەوێ لە نێوەرۆکی ڕەش و، لەرەفتارو کردەوەی دژی گەلی و دژی ئێرانییخۆی دا ئاڵوگۆڕێک پێکبێنێ. چونکە مەگەر دوکتور قاسملوو لە چ ڕێگایەکداو بە دوای کام ئامانجدا لە داوی ئەو ڕێژیمە جەللادە کەوت و تێرۆر کرا؟

دوکتور قاسملوو دەیهەویست خەڵکی کوردستانی ئێران بە وەرگرتنی خودموختاری لە پێش هەموو شتێکدا هەست بەشەخسییەتی خۆیان بکەن. گەلی کورد لەکوردستانێکی خودموختاردایە کە بەڕاستی و بەکردەوە دەتوانێ هەست بە برایەتیو یەکسانی لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران بکا. ئینجا بەدڵێکی گەرمەوە ئەرکی نیشتمانیی خۆی بەو جۆرە کە لەسەرشانی نیشتمانپەروەانی ڕاستینە، بە ئەنجام بگەیەنێ و لە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی خۆشەویستی خۆی ئێرانی وێران و پەرێشانی ئەمڕۆدا نەخشێکی کاریگەر بگێڕێ.

دوکتور قاسملوو ئاواتی ئەوە بوو کە چ زانایی و ئەزموون و لێوەشاوەیی خۆی وەک ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتووی ئەم ئاوو خاکە، چ خەباتگێڕی و ماندوویینەناسیی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کە لەهەڵکەوتووترین و دڵسۆزترین ڕۆڵەکانی کوردستانی ئێرانن و، بەدوای ئەواندا هەموو هێزو توانای گەلی کورد لە کوردستانی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێران لە خزمەت سەربەخۆیی سیاسی و بەرەوپێش‌بردنی ئێران لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و عیلمی و سەنعەتی و بوارەکانی دیکە دابنێ.

بەڵام پەروەردەکراوانی خوێن و خەیانەت بەم جینایەتە گەورەیە نیشانیان دا کە نە لەفکری ئێران‌دان و نەگەلی کورد لەئێران بەئێرانی دەزانن. ئەوان جارێکی دیکە بەروونی ڕایانگەیاند کە هیچ بایەخێک بە ئوسووڵی ئەخلاقی و ئینسانی نادەن و چووکترین نرخ بۆ ڕێوشوێنی نێونەتەوەیی و پێوەندی‌یەکانی گەلان و دەوڵەتانی جیهان دانانێن.

ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای ئەوە کە بەکردەوە چالاکترین هێزی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە مەیدانی خەبات چەکدارانە لەنێوخۆی ئێران‌دا بووین و هەین، ئاشتی‌خوازین و ئەگەر دەستمان بۆ چەک بردوە، بۆ دیفاع لە خۆمانە، چونکە شەڕیان بەسەردا سەپاندووین. ئێمە لە شەڕو خوێنڕێژی بێزارین، چونکە مانای شەڕ باش دەزانین و هەر بۆیە هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بووین کە مەسەلەی کوردستان هەتا بگونجێ لە ڕێگای ئاشتی‌خوازانەوە چارەسەر بکەین. بەڵام کۆنەپەرستانی دوور لە ئینسانییەت و عەقڵی سەلیم،

بەو کارە دڕندانەیە سەلماندیان کە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ئەمڕۆی ئێران هیچ ڕێگایەک بە ناوی ڕێگای ئاشتی‌خوازانە ناناسن و لەنێوان خۆیان و خەڵکی ئێران‌دا تەنیا زۆرو «خشونت» بە حاکم دەزانن و بەس!

بەڵێ، ڕێژیمی ئاخوندی، گەلانی ئێران بە ئاشکرا بۆ مەیدانی شەڕو بەربەرەکانی لەگەڵ خۆی بانگ دەکا و ئێستا ماوەتەوە سەر ئێمە کە کەنگێ و چۆن لەشکان‌نەهاتوویی هێزی یەکگرتووی خۆمانی پێ نیشان بدەین و تامی تاڵی شکست و تێکڕووخانی پێ بچێژین.

ڕۆڵەکانی گەلی بەوەفاو خەباتگێڕی کورد!

ئێوە هەستی نیشتمانپەروەری و ئەمەگناسیی خۆتان سەبارەت بە ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری زۆر باش سەلماندوە، بەڵام هەست هەرچەند زۆر گرنگە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەتەنیا بەس نیە. هەست دەبی شکڵێکی ماددی و دەستگر بە خۆیەوە بگرێ کە بتوانێ لە مەیدانی کردەوەدا بە شێوەیەکی کاریگەر خۆی بنوێنێ.

ئێمە هەر لەسەرەتاوە کە پێمان لە ڕیگای دژوارو پڕهەورازونشێوی خەبات ناوە، بڕیارمان داوە هەتا ئاخرنەفەس و ئاخردڵۆپی خوێن درێژەدەری ئەو ڕیگایە بین. ئەم بڕیارەشمان دیارە دڵگەرم بە پشتیوانیی ئێوە داوە. ئێستاش بەهەموو هەست و وجوودمانەوە ئەم بڕیارەتان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە و دڵنیاین کە بە پشتیوانیی ئێوە سەرەنجام سەردەکەوین. چونکە دەزانین کە هێزی یەکپارچەی گەل لەبڕاننەهاتوویە و قەت نابەزێ.

ئێمە گەلێکی مەزڵوومین و زۆرمان زوڵم لێدەکرێ. زۆرداران بە کوشتنی دوکتور قاسملوو دەیانەوێ بە ئێمە بڵێن کە تەنیا کاتێک مافی نەفەسکێشانمان هەیە کە ژێردەست و ژێر چەپۆکەیان بین. بەڵام لە مێژە گوتوویانە کە قبووڵی زوڵم لە خودی زوڵم خراپترە. ئەگەر بمانەوێ هەموو دەرسەکانی دوکتور قاسملووی نەمر لەیەک دەرسدا کورت بکەینەوە ئەم دەرسە ئەوەیە کە سەرنجی ئێمەی بۆ لای هێزی خۆمان ڕاکێشاو تێیگەیاندین کە ئەگەر دڵنیایی‌مان بە خۆمان بێ و، پشتی یەکتر بگرین خاوەنی چتوانایەکی گەورەین کە پەیکەری زۆرداران وەلەرزین دەخاو تووشی پەلەقاژەی مەرگیان دەکا!

دەبا ئەم دەرسە بەنرخەمان هەروا لەبەرچاو بێ.

با دایکانی کوردستان ڕۆڵەکانیان لە باوەشی گەرم و پڕلەخۆشەویستیی خۆیاندا بە هەستی گەرمی نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی پەروەردە بکەن و چیرۆکی ژیانی دوکتور قاسملوو و شەهیدانی ڕیگای ڕزگاری‌یان بە گوێدا بخوێنن.

با باوکانی کوردستان دەرسی ئازایەتی و خەباتگێڕی فێری منداڵەکانیان بکەن و تێیان بگەیەنن کە چەندە خۆشە جێگای هیوا و هومێدی کۆمەڵەکەیان و گەلەکەیان بن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

با لاوانی کورد - کوڕ و کچ - باش بزانن کە ژیان لە ئەسیری و ژێردەستیداو، بەسەرشۆڕی و شەرمەزارییەوە چەندە بێقەدروقیمەتە و لەبەرامبەردا هەڵمژینی هەوای پاک و بێگەردی سەربەرزی و ئازادی چەندە خۆش و دڵڕفێن.

دەبا ڕۆڵە نەبەزەکانی کوردستان ریزەکانی حیزبی دێموکرات بەهاتنی خۆیان جوانتر لە پێشوو برازێننەوە و بە هەڵگرتنی چەکی شەرەف و سەربەرزی، هێزی پێشمەرگە زۆر لە ئێستا بەهێزتر و لەشکان نەهاتووتر بکەن.

ئاشکرایە کە گەلی کورد وەجاخکوێر نیە و خاوەنی دەیان و سەدان قاسملوو بووە و هەیە. تایبەتمەندیی قاسملوو ئەوە بوو کە لێوەشاوەیی و زانایی خۆی لە خزمەت رزگاری و ئازادیی گەلەکەی دانابوو. بۆیە ئێستا لەم کاتەدا کە بێگومان کاتێکی زۆر گرنگ لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورددایە، بە هەموو هەستەوە داوا لە لاوانی خوێنگەرم و رووناکبیری کوردستان دەکەم کە بێنە مەیدانی خەبات و جێگای بەتاڵی قاسملوو پڕ کەنەوە. ئەگەر دوژمنانی ئازادی ئاوا لە قاسملوویەک دەترسن دەبێ لە بەرامبەر دە قاسملوودا وەزعیان چۆن بێ؟

ئێمە هەموومان باش دەزانین کە لەو فەزا پڕزەبروزەنگ و سەرەڕۆیی و رەشەکوژییەی ئەمڕۆی ئێراندا هیچ داهاتوویەکی روون بۆ هیچ کەس بەدی ناکرێ و هەتا سایەی ئەو دیکتاتۆرییە کۆنەپەرستانەیە بمێنێ ژیانێکی ئاسایی بێدەنگ و بێدەردی سەر بۆ کەس مومکین نیە. ئەگەریش بەڕواڵەت مومکین بێ لەسەر هەر ئینسانێکی واقیعی پێویستە ئەو ژیانە - هەر چەندەش درێژ - بە سەرەنجامەکەیەوە لەگەڵ ژیانی کورت بەڵام پڕلەشانازی و لەمێژووتۆمارکراوی تێکۆشەرانی مەیدانی خەبات و شەهیدانی رێگای ئازادی گەل، وەک دوکتور قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری هەڵسەنگێنێ و بڕیاری خۆی لە بارەی ریگەی ژیانیدا بدا.

هاونیشتمانانی ئەویندارى ئازادی!

- دوکتور قاسملوو لە سەرانسەی ژیانیدا وەک مەلێکی لەهێلانەدەرکراو دڵی بۆ نیشتمانە خۆشەویستەکەی و تێیدا حاسانەوە لێی دەدا. بەڵام بەداخ و کەسەرەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو نیشتمانە خۆشەویستەمان لە وەزعێکی وادا نەدیت کە پەیکەری پاکی شەهیدانی ئازیزمانی بە دڵنیاییەوە پێبسپێرین. هەر بۆیە جارێ بەئەمانەت لە جێگایەکی دوور لە کوردستان دامان‌ناون هەتا ئەو ڕۆژەی کە لەسایەی خەبات و تێکۆشانی ئێمەدا خاکی پاکی نیشتمانە جوانەکەمان نەک هەر باوەشی بۆ ڕۆڵە فیداکارو بەئەمەگەکانی خۆی، بەڵکوو بۆ هەموو ئینسانێکی خەباتگێڕی شەیدای ئازادی ئاواڵە بکاتەوە.

بەهیوای ئەو ڕۆژە پیرۆزە.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥٢ – ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران – ڕێکەوتی: ٢ی ٥ی ١٣٦٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆست کەوتن

عەبدوڵڵا حەسەن زادە

ڕۆژی هەینی ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی ڕێکەوتی ١٤ی ژووئیەی ١٩٨٩ی زایینی لە ڕۆژی جەژنی قوربان یەکەمین جەژنی گەورەی موسوڵمانان بوو، خەبەرێکی دڵتەزێن دڵی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران و بە گشتی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی داخورپاند، خەبەری شەهیدبوونی ڕێبەری پایەبەرزی کورد دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە گەڵ هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئورووپا و دوکتور فازیل مەلا مەحموود (فاضل رسول) کوردی عێراقیی دانیشتووی ئۆتریش و مامۆستای زانستگە لە وییەن، بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەو خەبەرە جەژنی لە کوردان کردە ماتەم و شایی لێ کردن بە شین، چونکە بەڕاستی کۆستێکی گەورە بوو.

دوکتور قاسملوو چۆن کەوتە داو و چۆن بوو بە پێی خۆی چووە کوشتارگا؟ کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق لە زۆر کۆڕوکۆمەڵی سیاسی دا ئەو نیگەرانی یەی پێک هێنابوو کە ڕەنگە ئەو دوو دەوڵەتە پاش چارەسەری ناکۆکییەکانیان با بدەنەوە سەر کورد و بۆ لەنێوبردن و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد لە هەر دوو بەشی کوردستانی ئێران و عێراق پێکەوە هاوکاری بکەن. لە لایەکی دیکەشەوە ئایەتوڵڵا خومەینی لەگەڵ ئەو هەموو سەرسەختی و کەللەڕەقییە کە لە بارەی شەڕی ئێران و عێراقەوە لە خۆی نیشان دابوو، لە ژێر زەبری واقیعیەتەکان دا جامی ژەهری خواردبووەوە و بڕیارنامەی ژمارە ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی سەبارەت بە تەقەوەستاندن لە شەڕی نێوان ئێران و عێراق دا قبووڵ کرد بوو.لەو هەلومەرجە دا کۆماری ئیسلامی لەڕێگای هێندی لە دۆستانەوە پێشنیاری وتوویژ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە ئێران بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەدا. دوکتور قاسملوو و لە گەڵ ئەویش دا دەفتەری سیاسی دێنە سەر ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باوەڕە کە هەر چەند رابردووی کۆماری ئیسلامی لەو بارەیەوە پڕە لە دووڕوویی و فێڵ و تەڵەکەبازی، بەڵام ئێستا کە لەگەڵ دوژمنێکی لاوەیی حازر بووە، ئاشتی قبووڵ بکا، دەتوانی لە گەڵ کوردیش کە بەشێک لە خەڵکی ئێرانە، رێک بکەوێ. لە حاڵەتێکیش دا کە لە زۆر لاوە بزووتنەوەی کورد لە ژێر مەترسی‌دایە، رەت‌کردنەوەی پێشنیاری وتووێژ کارێکی دروست نیە. چونکە ئەگەر ئەم وتووێژانە تەنیا تەقەوەستاندنێکی درێژخایەن و ئابڕوومەندانەیان لێ بکەوێتەوە، دەتوانی بە قازانجی بزووتنەوەی کورد هەم لە ئێران و هەم لە دەرەوەی ئێران بە تایبەتی لە عێراق بێ. ئەمەش لە خۆی دا دەتوانی لێکدانەوەیەکی دروست بێ.

بەڵام عەیبی کار لە جێیەکی دیکە دا بوو، کۆماری ئیسلامیی داوای کردبوو کە ئەم وتووێژە دەبێ بە تەواوی نهێنی بێ و لە گەڵ شەخسی دوکتور قاسملووش بێ، بەو ناوە کە دەوڵەت دەیەوێ ئەو کەسەی دێتە سەر مێزی وتووێژ خاوەنی سەلاحییەت بێ و باشیش شارەزاری ویست و داخوازەکانی حیزب و خەڵکی کوردستان بێ. بە داخەوە دەفتەری سیاسی و دوکتور قاسملوو سەرەڕای بڕیاری روونی کۆمیتەی ناوەندی لە بارەی رەت‌کردنەوەی وتووێژی نهێنی‌یەوە ئەو پێشنیارە قبووڵ دەکەن و بێ ئەوەش کە گوێ بدەنە ئەوە کە کێ دێ لە لایەن دەوڵەتەوە لەگەڵ بەرپرسی یەکەمی حیزب وتووێژ دەکام بەوە رازی دەبن کە دوکتور قاسملوو بچێ لە ڤییەن لە گەڵ بە ناو نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دابنیشێ. دەوری یەکەمی دانیشتنەکان لە رۆژەکانی یەکەمی ساڵی ١٩٨٩ی زایینی دا بە ئامادەیی مام جەلال سکرتێری گشتیی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و لە ژێر پارێزگاری ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتی نیشتمانی لە ئۆتریش و هەروەها بە بەشداریی ئاغای ئەحمەد بن بلا سەرکۆماری پێشووی ئەلجەزایر لە ڤییەن پێک دێ. لەو دەورەیە دا نوێنەرانی دەوڵەت (کە وا دیارە زەمینە بۆ جێبەجێ‌کردنی نەخشەی ئەسڵیی کارەکەیان نابینن) داوا دەکەن کە حیزب پێشنیارەکانی بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد باس بکا، تا ئەوان یادداشتیان بکەن و بیانبەنەوە مەرکەز بۆئەوەی بەرپرسان نەزەریان لەسەر بدەن. دوکتور قاسملووش بە وردی هەموو بۆچوونەکانی حیزبیان بۆ شی دەکاتەوە و پێشنیارەکانی حیزبیان دەخاتە بەر دەم و ئەو دەورە لە وتووێژەکان بەوەندە کۆتایی پێ دێ.

سەیر ئەوەیە کۆماری ئیسلامی کە هێندە پێی لەسەر نهێنی‌بوونی وتووێژەکان


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دادەگرت، بە ڕێگای جۆراوجۆر دا بڵاوی دەکردەوە کە وتوویژ هەبووە و نوێنەرانی حیزبی دێموکڕات و دەوڵەت لە ئوتریش یەکتریان دیوە، بەڵام هەر لەو کاتە دا وای نیشان دەدا کە ئەوە یەکیەتیی نیشتمانییە کە خەبەری وتوویژی بڵاو کردۆتەوە، بۆ ئەوەی وا نیشان بدا کە یەکیەتی زاربەهاوارە و بۆیە نابێ لە وتوویژێکی نهێنی دا ئامادە بێ.

لەنێوەڕاستی بەهاری ساڵی ١٣٦٨ (١٩٨٩) دا شەهید دوکتور شەڕەفکەندی سەفەرێکی دەرەوەی وڵاتی کرد. لەو کاتە دا کە کۆماری ئیسلامی داوا دەکا دەوری دووهەمی وتووێژەکان دەست پێ بکاتەوە، دەفتەری سیاسی پێشنیار دەکا ئێستا کە دوکتور شەڕەفکەندی لە دەرەوەیە با دەوری دووهەمی وتووێژەکان لەگەڵ ناوبراو بکرێ. بەڵام کۆماری ئیسلامی کە بۆخۆی دوو مەئموووری دەرەجە سێ و چواری ناردبووە سەر مێزی وتوویژ، ئەو پێشنیارە ڕەت دەکاتەوە و ڕادەگەیەنێ کە لەگەڵ شەخسی دوکتور قاسملوو نەبێ حازر نیە وتووێژ بکا. هەر لەو کاتە دا ڕادەگەیەنێ کە قبووڵی نیە یەکیەتیی نیشتمانی بەشداری کۆبوونەوەکان بێ، بەو ناوە کە دەوڵەت دەیەوێ وتووێژەکە نهێنی بێ و ڕێبەرانی یەکیەتییش قسەیان تێناوەستی و باسی دەکەن. بۆ نەگبەتیی کورد هیچ یەک لەمانەش دوکتور قاسملوو هوشیار ناکەنەوە و سەرنجی بۆ لای پیلانی ڕێژیم بۆ لە نێوبردنی ڕاناکێشرێ.

لە دوایین ڕۆژەکانی بەهاری ساڵی ١٣٦٨ دا دوکتور قاسملوو بۆ کاروباری حیزبی و بە تایبەتی بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست دا سەفەری ئورووپای کرد. کاربەدەستانی ڕێژیم کە لە بوونی دوکتور لە ئورووپا ئاگادار دەبن، هەوڵ دەدەن پێوەندیی پێوە بگرن و بە ناوی درێژەدانی وتووێژەکانەوە بیخەنە داو. لەبەر ئەوەش کە پێشتر ڕایانگەیاندوە ئامادە نین یەکیەتیی نیشتمانی لە کۆبوونەوەکان دا بەشدار بکەن، لە ڕێگای دوکتور فازیل مەلا مەحموودەوە هەوڵ دەدەن پەیامەکەیان بە دوکتور قاسملوو بگەیەنن. دوکتور فازیل بە تەلەفون لە گەڵ دوکتور قاسملوو قسە دەکا و قەرار و مەدار دادەنێن کە دوکتور ڕۆژی ١١ی ژووئیە بچێتە ئوتریش.

شایانی باسە، دوکتور لە فەرانسە جگە لە خانمی هێلینا قاسملوو (خوشکە نەسرین) واتە خێزانی لە لای هیچ کەس باسی ئەوە ناکا بۆ چ مەبەستێک دەچێتە وییەن. کاتێکیش خوشکە نەسرین پرسیاری لێدەکا کە داخوا هەست بە مەترسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناکا، دوکتور دڵنیای دەکا کە هەموو تێبینی‌یەکی ئەمنییەتی کراوە و جێگای نیگەرانی نیە. بەو جۆرە ڕۆژی ١١ی ژووئیە دوکتور قاسملوو دەچێتە وییەن و میوانی یەکێک لە هاوڕێیانی حیزبی دەبێ. ڕۆژی دوایی بێ‌ئەوەی ڕێگا بدا لە هاوڕێیانی حیزبی لە وییەن کەسی لە گەڵ بچێ، یان تەنانەت پێیان بڵێ کە دەچێتە کوێ لەگەڵ عەبدوڵڵا قادری دەچێتە نیزیک ئەو شوێنە کە تێرۆری وییەنی لێ‌قەوما. لەوێ ئەو هاوڕێ‌یە کە بە ماشێن دەیانگەیەنی ئێزن دەداتەوە و دوو بە دوو دەچنە شوێنی چاوپێکەوتن. دیارە دوکتور فازیل و تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی یەکتر دەگرنەوە و ئەو ڕۆژە ماوەیەک قسە دەکەن و بە ڕواڵەت بۆ تەواوکردنی وتوویژەکان قەرار دادەنێن ڕۆژی دواتر هەر لەو شوێنە یەکتر ببیننەوە. قەرارەکە بۆ سەعات ٥ی دوانیوەڕۆ دادەنێن.

وەک هاوڕێ یەکی حیزبی بۆ نووسەری ئەم دێرانەی گێڕایەوە ڕۆژی ١٣ی ژووئیە شەهید دوکتور قاسملوو، کاک عەبدوڵڵا قادری و دوو سێ هاوڕێی دیکە بانگهێشتن دەکا کە نانی نیوەڕۆ لە ریستوورانێک لە دەرەوەی وییەن پێکەوە بخۆن. بەڵام شەهید عەبدوڵڵا هەر لە بەیانی‌یەوە ناڕەحەت و پەرێشان دەبێ و کاتێک دەیانەوێ بڕۆن دەڵێ نەخۆشم و ناتوانم بێم کە دوکتور داوای لێ‌دەکا لە گەڵیان بچێ، بە دڵگەرمی‌یەوە دەڵێ ئەگەر بە پێ‌خۆش‌بوون بێ نایەم و ئەگەر بە زۆریشە ئەوە شتێکی دیکەیە، سەرەنجام کاک عەبدوڵڵا لە ماڵێ بە جێ دەمێنێ و دوکتور و هاوڕێیانی دیکە دەچنە دەر. لەوەڕا وا دەردەکەوێ کە کاک عەبدوڵڵا لە هەڵس‌وکەوتی ڕۆژی پێشووی تێرۆریستە بە ناو دیپلۆماتەکان کەوتۆتە گومان، بەڵام لە ترسی ئەوەی پێی بڵێن دەترسی، یان دوکتور گلەیی لێ بکا کە بۆچی نهێنی دەدرکێنێ ددانی بە جەرگی خۆی داگرتوە و نەی‌گوتوە چاوپێکەوتنێکی لەو بابەتە لە گۆڕێ‌دایە و تەنانەت لە ڕووی نەهاتوە بە دوکتور قاسملووی نەمریش بڵێ هەست بە مەترسی دەکەم.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە دوکتور هەر لەو هاوڕێ‌یەی ڕۆژی پێشتر داوا دەکا کە بە ماشێن بیانگەیەنێتە شوێنی دیاری‌کراو. کاتێک دەگەنە ئەو شوێنە هاوڕێ‌یەکە دەڵێ با لە گەڵتان بێم، دوکتور قبووڵ ناکا. دەڵێ باشە لێرە دەبم تا دێنەوە، دوکتور بەوەش ڕازی نابێ، پێی دەڵێ بڕۆوە و سەعات ٧ وەرەوە بەدوامان دا. هاوڕێمان دەگەڕێتەوە و سەعاتی ٧ بەدوایان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دا دەچێتەوە. بەڵام کاتێک دەگاتە شوێنی دیاریکراو دەبینێ دنیا بە پۆلیس تەنراوە و وەزعێکی ئاڵۆز و نائاسایی پێک هاتوە کاتێک ماشێنەکەی رادەگرێ، پۆلیس دەگاتە سەری و لێی دەپرسی کارت لێرە چیە؟ وەڵام دەداتەوە کە دۆستێکم هەیە قەرارە لێرە یەکتر ببینین. ئەمجار ئەو لە پۆلیس دەپرسێ چ باسە پۆلیس بۆی باس دەکا کە لەم نیزیکانە چەند کەس کوژراون و رەنگە ئەتۆ لە ناسینیان دا بتوانی کۆمەگمان بکەی. وەختێک هاوڕێمان لەگەڵ پۆلیس دەچێتە شوێنی رووداوەکە، تەرمی لە خوێنداشەلاڵی دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی دەبینێ و بە پۆلیس دەڵێ کە ئەمانە کێن. دیارە پۆلیس ئەو هاوڕێ یە دەباتە مەرکەزی پۆلیس وتا شەودرەنگانێک لەوی تەحقیقی لێ دەکەن و دوایە ئیزنی دەدەن بچێتەوە.

گوێگرتن لەو شریتانە کە لە وتوویژی دوکتور قاسملوو و راسپاردە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی تۆمار کراون، بەروونی دەری دەخا کە بە پێچەوانەی ئەوەی ڕێژیم رای گەیاند کە گۆیا کەسانێک لە دەرەوە ڕا هاتوون و تەقەیان لێکردوون، هیچ کەس لە دەرێ ڕا نەهاتۆتە ژووری دانیشتنی نوێنەرانی حیزب و تێرۆریستەکان و هەموو شتێک لە پێش دا ئامادە کراوە. لە گەڵ ئەوە دا کە گۆیا ئەو چاوپێکەوتنە بۆ ئەوە بووە کە نێردراوەکانی ڕێژیم وەلامی داخوازەکانی حیزبی دێموکڕات لە لایەن دەوڵەتەوە بە دوکتور و هاوڕێکانی رابگەیەنن، ئەوان لە قسەکانی خۆیان دا بە هیچ جۆر خۆ لەو باسانە نادەن و دەڵێن ئێمە پەیامێکمان لە لایەن دەوڵەتەوە نەهێناوە و هاتووین بزانین ئێوە چۆن بۆ مەسەلەکە دەچن و داخوازەکانتان چین. دوکتوریش بە درێژی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و نێوەرۆکی خودمختاری شی دەکاتەوە و هەوڵ دەدا تێیانبگەیەنی کە دابینبوونی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە خزمەتی پتەوبوونی برایەتی و هاوپێوەندیی نێوان گەلانی ئێران دایە. لە ناکاو قسەکان دەپچڕێن و دەنگی چەند شلپەیەکی چووک دێ کە دیارە دەنگی ئەو چەکانەیە کە دەزگای دەنگ وەشێر (صدا خفەکن) یان لەسەرە، لەگەڵ دەنگێکی زۆر سووکی مرخێشمرخێش و بەگژیەکداچوون کە هەروەک لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسیش دا کاتی خۆی راگەیەندرا، دەبێ ئاکامی بەربەرەکانیی شەهید عەبدوڵڵا قادری بێ کە پاش کوژرانی دوکتور پەلاماری پیاو کوژەکانی داوە.

ئەو باسە زۆر دوور و درێژە و کاتی خۆشی لە رادیۆ و رۆژنامە و گۆڤارەکان دا زۆری لە سەر گوتراوە و نووسراوە و لێرەدا نامانەوێ زۆری لەسەر بڕۆین، ئەوەی ناکرێ خۆی لێ ببوێرین دوو شتە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**یەکەم:** هەڵوێستی نائینسانی و سەوداگەرانەی دەوڵەتی ئوتریش کە تێرۆریستەکانی بە جل و بەرگی خوێناوی‌یەوە لەبەر دەستدا بوون. بەڵام بۆ پاراستنی قازانجی ئابووری و بازرگانیی خۆی لەبەر چاوی بە مۆلەقماوی بە میلیۆن ئینسانی ئازادیخواز و دادپەروەر، ئەوانەی بەڕێزەوە ناردەوە تاران و لە گوڵ کاڵتری پێ‌نەگوتن نەک هەر ئەوە، دوایەش هەموو توانای خۆی بەکار هێنا تا لە دادگا دا تاوانی کۆماری ئیسلامی داپۆشرێ و حیزبی دێموکڕات و بنەماڵەی شەهیدەکان مەحکووم بکرێن و مافی میللەتێک لەو نێوە دا بە فیڕۆ بدرێ.

**دووهەم:** ئەو هەڵە نەبەخشراوەیە کە ئێمە بۆخۆمان وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران تووشی هاتین. کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە پلینۆمی مانگی گەلاوێژی ١٣٦٣ دا لە بارەی وتوویژ لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزی‌یەوە هێندی ئەسڵی پەسند کردبوون کە لێرەدا بە کورتی باسیان دەکەین. پێش هەموو شتێک ئەوە کە دەبێ وتوویژ لەسەر داخوازە سیاسی یەکانی حیزبی دێموکڕات و خەڵکی کوردستان بێ کە بەتەواوی روونن و لە بەرنامەی حیزب دا هاتوون. ئەمجار ئەوە کە حیزب وتوویژ بێ‌ئاگاداریی خەڵک ناکا و وتوویژ دەبێ بە ئاشکرا و بە رەسمی لە لایەن دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی‌یەوە لە گەڵ حیزبی دێموکڕات بکرێ. پاشان وتوویژ دەبێ لە کوردستان بێ. ئەم باسە بە درێژی لە ژمارە ٩٩ی کوردستان (کوردستان) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، خەرمانانی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی، سیپتامبری ١٩٨٤ی زایینی دا هاتوە و خوێنەرە بەڕێزەکان دەتوانن موراجەعەی پێ بکەن.

کەچی لەم وتوویژە دا هیچ کام لەو ئەسڵانە وەبەر چاو نەگیرابوون. نەک هەر وتوویژ لەسەر داخوازەکانی خەڵکی کوردستان نەبوو، بەڵکوو بە شاهیدیی نەوارەکان لە جێ دا شتێک نەبوو کە بکرێ ناوی وتوویژی سیاسیی لە سەر دابنرێ پاشان وتوویژ نەک هەر بە ئاگاداریی خەڵکی کوردستان نەبوو، بگرە لە نێو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش دا ئەوانەی ئاگایان لەو وتوویژە هەبوو لە قامکی دەستان کەمتر بوون. ئەمجار دەزانین وتوویژ لە کوردستان نەبوو، و هەزاران کیلۆمیتر دوور لە کوردستان بێ وەبەرچاوگرتنی هیچ ڕێوشوێنێکی ئەمنیەتی و سیاسی و


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیپلۆماسی رێک خرابوو. لەحاڵێک دا ئەو دیدارە لەوڵاتێکی ئورووپایی دانرابوو و دەکرا بەئاگاداریی دەوڵەت و لەژێر پارێزگاریی پۆلیس دا رێک بخرێ و پێشی کارەساتێکی وا بگیرێ، بەتوندی لە هەموو کەس و یەک لەوان لە هاورێیانی حیزبی شاردرابۆوە. لە هەمووی ناخۆشتر سکرتێری گشتیی حیزب و شەخسیەتێکی وەک دوکتور قاسملوو لەگەڵ دوو پاسداری نەناسراو و بێ ناوو نیشان چوو بووە سەر مێزی وتووێژ. لەوانەش تاڵتر ئەوە بوو کە ئەو هەموو ئیسرارەی رێژیم بۆ ئەوەی دوکتور قاسملوو بۆخۆی ئامادەی وتووێژەکان بێ و تەنانەت جێگری سکرتێریش قبووڵ ناکەن، ئەوە کە یەکیەتیی نیشتمانی نابێ بەشدار بێ و ئەوە کە بەشداریی ئەحمەد بن بلاشیان بۆ جاری دووهەم قبووڵ نەکرد و ئەوە کە دەبێ وتووێژ لە هەموو کەس نهێنی بێ و زۆر نیشانەی دیکەش نەیان توانیبوو زەینی ئینسانێکی بەهۆش و زیرەکی وەک دوکتور قاسملوو بۆ لای ئەو پیلانەی بۆی رێک خرابوو، راکێشن. بەڕاستی ئەوە جگە لە نەگبەتیی میللەتی کورد دەکرێ چ ناوێکی لەسەر دابنرێ؟

ئەوەندەی لەدەستچوونی دوکتور قاسملوو بۆ حیزبی دێموکرات و گەلی کورد خەسارێکی گەورە بوو. چەند ئەوەندە ئەو فێڵلێکران و بەفریوچوونە بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات تاڵ و دڵتەزێن بوو. بەڵام قاسملووی نەمر هەروەک بەزیندوویی خزمەتی گەورەی بەپێشخستن و پێگەیاندنی حیزبی دێموکرات و میللەتی کورد کرد بەمردنیشی دەنگی کوردو بە تایبەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانی بەگوێی خەڵکی دنیا گەیاند و دنیای لە مەزڵوومی و بەشخوراویی نەتەوەی کورد ئاگادار کرد. زیادمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین هەتا ئێستا شەهیدبوونی هیچ رێبەرێکی ئۆپۆزیسیۆن لەهیچ وڵاتێکی جیهان دا ئەو دەنگدانەوەیەی نەبووە و ئەوەندە لە راگەیەنە گشتییەکان دا لە سەری نەنووسراوە و نەگوتراوە. ئەو شەپۆلی هادەردی و پشتیوانییە کە لە لایەن کۆمەڵانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا، حیزب و رێکخراوە سیاسی یەکانی ئێران و کۆڕوکۆمەڵ و شەخسیەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوە بەرامبەر بە حیزب و خەڵکی کوردستانی ئێران وەڕێ کەوت بەڕاستی تا ئەو کاتە بێ وێنە بوو، و لەگەڵ گەورەیی ئەو کارەساتە کە بەسەر میللەتەکەمان هاتبوو رێک دەکەوت.

ڕۆژی بە خاک سپاردنی تەرمی پیرۆزی دوکتور و کاک عەبدوڵڵا لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس، زیاتر لە سێ هەزار کەس لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکان و شەخسییەتە کورد و ئێرانی و خاریجی یەکان لە سەر گڵکۆی قاسملوو کۆ ببوونەوە و ڕێزیان لە یادی ئەو گەورە پیاوەی مێژووی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئێران نا. ئەو بە بالا بڕین و ستایشانە کە لە وتاری شەخسییەتەکان دا لە لەسەر قەبران یان لە دەفتەری بیرەوەری دا لە دوکتور قاسملوو کران، نیشانەیەک لە ئیحتیڕامی بێ ئەم لا و ئەم لای هەمووان بۆ دوکتوری شەهید بوو.

سەرچاوە: کتیبی نیو سەدە تیکۆشان نووسینی ڕێزدار مامۆستا

عەبدوڵڵا حەسەن زادە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کرۆنۆلۆژیی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو

مانگی دیسامبری ١٩٨٨: هەیئەتێکی ئێرانی بە سەرۆکایەتیی جەعفەری سەحراروودیو بە هاوڕێیەتیی مستەفا ئەجەوادی (مستەفەوی) گەیشتە ڤییەن بۆ ئەوەی لەبارەی خودموختاریی کوردستانی ئێرانەوە لەگەڵ سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات وتوویژ بکا.

* ٢٧ی دیسامبری ١٩٨٨: دوکتور قاسملوو لەگەڵ عەبدوڵڵا قادری ئازەر (نوێنەری حیزب لە ئورووپا) بەناوبژیوانیی مام جەلال تاڵەبانی لە ڤییەن لەگەڵ هەیئەتێکی کۆماری ئیسلامی کۆ بوونەوە.

* ٣١ی دیسامبری ١٩٨٨: جارێکی دیکە هەیئەتی حیزبی دێموکرات و هەیئەتی کۆماری ئیسلامی هەر لەو شارە کۆبوونەوە. کۆبوونەوەکە نزیک بە ٨ سەعاتی خایاند.

* ١٩ی ژانویەی ١٩٨٩: دەوری دووهەمی کۆبوونەوەکان لە نێوان هەیئەتی حیزبی دێموکرات و هەیئەتی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد. دوکتور قاسملوو بەبێ مام جەلال بەشداری کۆبوونەوەکان بوو، لە جیاتیی مام جەلال نەوشیروان مستەفا بەشدار بوو. هەیئەتی کۆماری ئیسلامییش بریتی بوون لە سەحراروودی و مستەفەوی و بوزورگیان.

* ٢٦ی ژووئەنی ١٩٨٩: ئەمیر مەنسوور بوزورگیان لە سویسەوە هاتە ڤییەن و چاوی بە دوکتور فازل رەسووڵ کەوت و ٣ خاڵی پێ راگەیاند:

١- ئێران ئامادەیە بۆ وتوویژ.

٢- ئێران پێی باش نیە تاڵەبانی بەشدار یا تەنانەت ئاگاداری کۆبوونەوەکان بێ.

٣- لە جیاتیی تاڵەبانی ئێران پێی باشە د. فازل رەسووڵ وەک ناوبژیکەر بەشدار بێ.

* ٢٧ی ژووئەنی ١٩٨٩: د. فازل رەسووڵ تەلەفۆنی بۆ دوکتور قاسملوو کردو پێی گوت کە هەیئەتێکی ئێرانی پێیان راگەیاندوە کە رەفسەنجانی دوای مردنی خومەینی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد زۆر تامەزرۆیە. ئێرانی یەکان ئامادەن رۆژی ٢٩ی ژووئەنی ١٩٨٩ لەگەڵ لایەنی کورد دابنیشن.

* ٣٠ی ژووئەنی ١٩٨٩: دوکتور فازل رەسووڵ بە فرۆکە چووە پاریس بۆ لای دوکتور قاسملوو. پاش ئەم دیدارە دوکتور فازل، ئەمیر مەنسوور بوزورگیانی ئاگادار کردەوە کە دوکتور قاسملوو ئامادەیە سەرلەنوێ لەگەڵ هەیئەتی کۆماری ئیسلامی کۆ بێتەوە.

* ٦ی ژووئیەی ١٩٨٩: وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند کە رۆژی ١٤ – ٧ رۆژی چلەی مەرگی خومەینییە و، وریایی دا کە ئەگەری ئەنجامدانی کاری تێرۆریستی هەیە.

* ١٠ی ژووئیەی ١٩٨٩: پاشنیوەڕۆی ئەو رۆژە سەحراروودی گەیشتە ڤییەن و رۆژی دوایی چووە هەمان هۆتێل کە مستەفا ئەجوادی پێشتر لێی جێگیر ببوو، ئەوان تا رۆژی ١٤ی ژووئیەی ١٩٨٩ ژووریان لەم هۆتێلە رێزێرو کرد بوو.

* ١١ی ژووئیەی ١٩٨٩: دوکتور قاسملووو عەبدوڵڵای قادریئازەر گەیشتنە ڤییەن. پاش چەند سەعات چوونە ماڵی د.فازل بۆ بینینی سەرۆکی پێشووی ئەلجەزایر ئەحمەد بنبیللا.

* ١٢ی ژووئیەی ١٩٨٩: دەوری سێهەمی کۆبوونەوەکان لە نێوان هەیئەتی حیزبی دێموکرات و کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد. پاش دانیشتنێکی چەند سەعاتە هەیئەتی کۆماری ئیسلامی گوتیان پێویستە ئەنجامی کۆبوونەوەکان بە تاران رابگەیەنین و بۆ سبەینێ دووبارە ئامادەن درێژە بە وتووێژ بدەنەوە.

* ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩: دوکتور قاسملووو عەبدوڵڵای قادریئازەر سەعات ٤ی پاشنیوەرۆ بە هاورێیەتیی خوسرەو بەهرامی نوێنەری حیزب لە ڤییەن سەردانی وەزارەتی نێوخۆی ئوتریشیان کردو چاویان بە سەرۆکی بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەت کەوت. هەر لەوێشەوە وەڕێ کەوتن بۆ شوێنی کۆبوونەوە لەگەڵ هەیئەتی کۆماری ئیسلامی.

* ١٣ی ژووئیەن ١٩٨٩ کۆبوونەوەی دووهەم لە شوێنی رۆژی پێشوو دەستی پێکرد. دەوری سەعات ٧:٢٠ دوکتور قاسملوو، عەبدوڵڵای قادریئازەرو د. فازیل



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەسووڵ درانە بەر گوللە. لەو ڕووداوەدا سەحرارووودییش بە هۆی دەست کردنەوەی عەبدوڵڵای قادریئازەر، بە گوللەی خۆیان بریندار بوو. سەعات ٧:٣٧ پۆلیس گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە.

* ١٤ی ژووئیەی ١٩٨٩: بە هۆی فشاری وەزارەتی دەرەوەی ئوتریش بۆ سەر دادگای ڤییەن و پۆلیسی ئەو وڵاتە، پرۆسەی دەرکردنی بەڵگەی تاوانبار بوونی دوو ئێرانییەکە (سەحرارووودی و بوزورگیان)، بەو بیانوویە کە هیچ شتێکیان لەسەر ئیسپات نیە، نەچووە پێش. بوزورگیان نێردرا بۆ باڵوێزخانەی ئێران.

* ١٦ی ژووئیەی ١٩٨٩: دەفتەری ڕێکخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران لە شاری کۆڵن زانیاریی وردی لەسەر سەحرارووودی و بوزورگیان بڵاو کردەوەو ڕای گەیاند ئەمانە نەک دیپلۆمات بەڵکوو لە بەرپرسانی بەرزی دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانن و بە فەرمانی ڕەفسەنجانی و فەللاحیان ئەم تێرۆرەیان ئەنجام داوە.

* ١٩ی ژووئیەن ١٩٨٩: دوکتور دانیک، (دادوەر لە دادگای ڤییەن، پاش بازجۆیی لە Maihart (خاوەن فرۆشگەیەک) بۆی دەرکەوت کە ئەو ماتۆرسیکلێتەی پۆلیس دۆزیویەتەوە، سەحرارووودی بە ناوی ساختەی «مستەفا یالچین» کڕیویەتی.

* ١٩ی ژووئیەی ١٩٨٩: خاتوو هێلێن قاسملوو ڕای گەیاند ئەوانەی مێردەکەییان تێرۆر کردوە هەرسێکیان سەر بە دەزگای ئیتیلاعاتی ئێرانن و بە فەرمانی ڕەفسەنجانی (سەرکۆماری ئەوکات) ئەم تاوانەیان ئەنجام داوە. خاتوو هێلێن لە ڕێگای پارێزەرەکەیەوە داوای زیندانیکردنی تاوانبارانی کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی کاربەدەستانی ئوتریش بۆ خۆیان لە نێو خۆیان دا ڕێک کەوتبوون، داواکەیان ڕەت کردەوە.

* ٢٠ ی ژووئیەی ١٩٨٩: تەرمی دوکتور قاسملوو بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر کورد، ئێرانی و فەرانسەیی کە زۆر کەسایەتیی ناسراوو بەناوبانگیان لە نێودا بوون، لە گۆرستانی پیرلاشێز بە خاک سپێردرا.

* ٢٢ی ژووئیەی ١٩٨٩: سەعات ٧ی ئێوارە، سەحرارووودی لەگەڵ چەند لێپرسراوی باڵوێزخانەی ئێران و بە یاوەریی پۆلیسی ئوتریش گەیشتە فرۆکەخانەی ڤییەن و لەوێشەوە بە سلامەت گەیەندرایەوە ئێران.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

* ٢٧ی ژووئیەی ١٩٨٩: ڕۆژنامەی سەربەخۆی ئوتریشیی «دێرئێستاندارد» (دوو حەوتوو دوای تێرۆرەکە) نووسی: بە تەواوی دیارە کە کاربەدەستانی دەوڵەتی هەرچی لە دەستیان هاتوە کردوویانە بۆ ئەوەی کارئاسانی بۆ چوونەوەی شاهیدان و تاوانباران بۆ ئێران بکەن و نەهێڵن نهێنییەکانی ئەم تێرۆرە ئاشکرا بی«.

* ٣١ی ئۆکتۆبری ١٩٨٩: ئەنجومەنی دۆستانی گەلی کورد لە ئوتریش لە کۆبوونەوەی خۆیدا بە تێکڕای دەنگ بڕیاریدا دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو بە ناوی کاندیدای وەرگرتنی خەڵاتی ساڵی ١٩٩٠ بە کومیتەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بناسێنێ. بە دوای پشتیوانیی دەیان پرۆفیسۆرو نوێنەری پارلمان لە وڵاتانی ئورووپایی لەو پێشنیارە، ئەنجومەنی ناوبراو پێشنیارنامەکەی خۆی و سەنەدو بەڵگەی پێویستی لەو بارەوە لە ڕۆژی ٢٤ی ژانویەی ١٩٩٠دا بۆ کومیتەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە نۆرویژ نارد.

* نوامبری ١٩٨٩: فرانتز لویشناک وەزیری نێوخۆی ئوتریش لە سەفەرێک دا بۆ واشنگتۆن ڕایگەیاند کە دەوڵەتی ئێران لە تێرۆری ١٣ی ژوئیەی ڤیەن دا ڕاستەوخۆ دەستی هەبووە.

* ٢٨ی نوامبری ١٩٨٩: فەرمانی گرتنی سەحراروودی، حاجی مستەفەوی و ئەمیر مەنسوور بزورگیان بە تاوانی بەشداریی ڕاستەوخۆ لە تێرۆری ٣ خەباتگێڕی کورد لە لایەن دادگای ئوتریشەوە دەرچوو!

* کۆتایی نوامبری ١٩٨٩: ئاکامەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر گوللەکان، نیشانی هێڵێن قاسملوو دران. بە پێی ئەو ئاکامانە:

١- ئەم دوو چەکەی کە دەنگ کپ کەر (صداخفەکن) یان لەسەر بوو هەر لە ژووری ڕووداوەکەداو بە هۆی ٢ کەسی بەشداری کۆبوونەوەکە، کەلکیان لێ وەرگیراوە.

٢- گوللەکان لە دوو شوێنی جیاوازەوە کە هەر دوو چەکەکەش لە نزیک کوژراوەکانەوە بوون، هاوێژراون.

٣- دوکتور قاسملوو، ٣ گوللەی بە دوو چەک لێ دراوە، عەبدوڵڵای قادریئازەر بە یازدە گوللە کوژراوە و فازل ڕەسوول بە پێنج گوللە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤- هیچکام لە تەقەکەرەکان لەبەر دەرکی هاتنە ژووری ئاپارتمانەکە نەبوون.

٥- لەسەر تەرمی عەبدوڵڵای قادری ئازەر خوێنی سەحرارووەدی هەبووە.

٧- لێکۆڵینەوەکان دەریانخست کە سەحرارووەدی راست ناکا کە بکوژەکان لەدەرەوە هاتبوونە نێو ئاپارتمانەکە.

* ٨ی دیسامبر تا ١٢ی نوامبری ١٩٨٩: برۆنۆکرایسکی، راوێژکار (صدراعظم)ی پێشووی ئۆتریش بە خاتوو هێلێن قاسملووی راگەیاند کە لەلایەن خاتوو دانیەل و ئاغای میترانیشەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەم پەروەندەیە پشتیوانیی لێ دەکرێ.

* ٢٨ی نوامبری ١٩٨٩: پیتر پیلتز نوێنەری سەوزەکان لە پارلمانی ئۆتریش چل و دوو پرسیاری تازەی لە وەزیری دادگوستەری و دوازدە پرسیاری نوێی لە وەزیری دەرەوە کرد.

* ١١ی دیسامبری ١٩٨٩: دادگای نێونەتەوەیی لاهە لەهۆڵەند وڵاتی ئۆتریشی ئاگادار کردەوە کە تاوانبار ئەمیر مەنسوور بوزورگیان خۆی لە سەفارەتی ئێران لە ڤیەن شاردۆتەوە، پێویستە حکوومەتی ئۆتریش رێگایەک بدۆزێتەوە بۆ گرتنی ئەو تاوانبارە.

* ٢٨ی فیوریەی ١٩٩٠: وەزیری نێوخۆی ئۆتریش بە هاوسەری دوکتور قاسملووی گوت ئەمن لە بیرم نیە لە بارەی بەشداریی راستەوخۆی ئێران لەم تێرۆرەدا شتێکم گوتبێ. بەپێی مەنتیقیش نەمدەتوانی شتی ئەوتۆ بڵێم، چونکە هیچ بەڵگەیەکی قانوونیم بەدەستەوە نەبوو!

* مارسی ١٩٩٠: راگەیەنە گشتی‌یەکانی ئۆتریش و ئەمریکاو یەک لەوان رۆژنامەی سەربەخۆی «دێرستاندارد» قسەکانی وەزیری نێوخۆی ئۆتریشیان لەو بارەیەوە کە تێرۆری ڤیەن بە هۆی کەسانی سەر بە ئێرانەوە ئەنجام دراوە، بڵاو کردەوە. ئەم قسانە لەبەردەم هەواڵنووسانی تەلەڤیزیۆن و چاپەمەنی‌یەکانی ئۆتریش کران و لەوانیش دا بڵاو بوونەوە.

* ١٠ی ژووئیەی ١٩٩٠: مانفرێد وایدینگێر وەکیلی ئۆتریشیی بنەماڵەی دوکتور قاسملوو لە وتووێژێکی چاپەمەنی دا رای‌گەیاند، فەرمانی گرتنی ٣ تاوانبارەکە لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتی خۆیدا دەر نەچوو. بەر لەوەی ٢ کەس لەو ٣ کەسە خاکی ئوتریش بەجێ بێڵن، ئەو گومانەیان لەسەر بوو کە ئێستا بە هۆی لێکۆڵینەوە لە تەرمەکان و گوللەکان بۆ دادگوستەری پێک هاتوون. روون نیە کەمتەرخەمی لە کاتی خۆی دا و دەرنەچوونی فەرمان لەسەر کام دەزگایە، بەڵام شتێک کە هیچ گومانێکی تێدا نیە ئەوەیە بەرلەوەی سەحراروودی لە ٢٢ی ژووئیەدا ئوتریش بەجێ بێڵێ، هەموو شتێک روون ببۆوە و بەڵگەو دەلیلی تەواو بۆ پێشگیری لە ناردنەوەی هەبوون.

* ١٣ی ژووئیەی ١٩٩٠: بە بۆنەی یەکەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی، ژمارەیەک لە نووسەران، رووناکبیران و پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی ئورووپا لە بەیاننامەیەک دا رایانگەیاند کە ساڵێک دوای ئەو تیرۆرە بە هۆی نێردراوانی کۆماری ئیسلامی «دەوڵەتی ئوتریش نە راستییەکەی روون کردۆتەوە و نە ئەو هەموو ئامرازانەی دەوڵەتێکی قانوونی لە دەستی دا هەن، بە کاری هێناون تا دادپەروەری بە بێ هیچ کۆسپێک کاری خۆی بکا»، ئەوان داوایان کردبوو ئەم جینایەتە بێسزا نەمێنێتەوەو ئاکامی لێکۆڵینەوەکان بڵاو بکرێتەوەو رێکخەرانی ئەم تاوانە بە بیرورای گشتی بناسێندرێن و بدرێن بە دادگا.

* ١٨ی ژووئیەی ١٩٩٠: کاناڵی دووهەمی تەلەڤیزیۆنی ئەڵمان لە راپۆرتێکی بەڵگەدار لە بارەی رایەڵکەی تیرۆریستی ئایەتوڵلاکان لە ئورووپا دا بەشێکی سەرەکیی بۆ تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی تەرخان کرد. بەپێی راپۆرتەکە: تیرۆرەکە بە هەموو وردەکارییەکانیەوە لە پێشەوە بەرنامەی بۆ دارێژرابوو. ١٤ ئێرانی بە پاسپۆرتی سیاسییەوە لە هوتێلی ئیم ئێشتێفانزدۆم (١٨) نیشتە جێ ببوون. ئەوان لە بێرلینەوە هاتبوون و ئەو مەئمووریيەتەیان هەبوو کە ئەگەر تیمی تیرۆر سەرکەوتوو نەبوو، ئەوان دەست بە کار بن و کارەکە تەواو بکەن.

* ٨ - ٢ - ١٩٩١: خاتوو هێلێن قاسملوو (لە رێگای پارێزەرەکەیە و Manfred weidnger جارێکی دیکە بە رەسمی حکوومەتی ئوتریشی تاوانبار کرد و سکاڵای خۆی پێشکەشی دادگای ڤیەن کرد. لە رۆژی ١٥ی سپتامبری ١٩٩١ دادگا وەڵامی نیگەتیڤی پێ دایەوە و تەنانەت داوای بژاردنەوەی هەزینەی کارکردن لەسەر ئەو سکاڵایەی لێ کرد.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

* ١٥ی دیسامبری ١٩٩٥: دادستانی ئەڵمان لە درێژەی کاری دادگای میکونووس دا، ئاگادار بوون لە دەخاڵەت و رۆڵی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری ڤیەنی بۆ روونبوونەوە لەسەر تیرۆری میکونووس بە پێویست زانی. هەر بۆیە داوای کرد:

١- حوکمی جەلبی دەزگای قەزایی ئوتریش لەبارەی سەحراروودی، بوزورگیان و مستەفا ئەجوادی لە دادگای میکونووس دا بخوێندرێتەوە.

٢- کارناسی پولیس و بەرپرسی بازجوویی پەروەندەی تیرۆری ڤیەن بەناوی «فرانتس ئۆستوڤیس» وەک شاهید بۆ دادگای میکونووس بانگ بکرێ. (سەفەری بێگەرانەوە، سەلام عەزیزی)

* ٢٣ی فیوریەی ١٩٩٥: بەرێز ئۆستوڤیس کارمەندی وەزارەتی نێوخۆی ئۆتریش لە بەشی بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆریزم لە ئیدارەی جینایاتی سیاسی لە دادگای میکونووس دا وەک شاهید ئامادە بووو لەسەر تیرۆری ڤیەن و لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو لە لایەن پۆلیسی ئوتریشەوە، شیکردنەوەی خۆی خستە روو. (سەفەری بێگەرانەوە، سەلام عەزیزی)

* ١٤ و ١٥ی ئوکتوبری ١٩٨٩: بە ئیبتیکاری بنیاتی فرانس لیپرتێ و هاوکاریی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس یەکەمین کونفرانسی نێونەتەوەیی لەسەر کورد لە شاری پاریس پێک هات. ئەو کونفرانسە کە زیاتر لە دووسەد شەخسیەتی بەناوبانگی جیهانیی تێدا بەشدار بوون و بەناوی «کونفرانسی کورد، مافی مرۆڤو کەسایەتی فەرهەنگی ئەوان» ناسرا، بۆ رێزگرتن لە گیانی شەهیدی مەزن دوکتور قاسملووی نەمر، پێشکێش بە یادی ئەو تێکۆشەرە ناسراوە کرا. («کوردستان» ژ ١٧٣، مای ١٩٩١، بانەمەڕی ١٣٧٠)

* ٨ی ژوئەنی ١٩٩١: کورت والدهایم سەرکۆماری ئوتریش بەسەرۆکایەتیی هەیئەتێکی ئابووری، بازرگانیی ئوتریش بەسەردانێکی رەسمی هاتە ئێران و لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا.

پتەوکردن و بەهێزکردنی پێوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان ئوتریش و رێژیمی ئاخوندی و هەوڵدان بۆ ئازاد کردنی ئەو بارمتە رۆژئاواییانە کە لە مێژە گیرۆدەی دەستی تاقمە تیرۆریستییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی بوون،

گرینگترینی ئەو مەبەستانە بوون کە ناوبراو لەو سەفەرەدا بە دوایان دا دەگەڕا. شایانی باسە لە بەهاری ساڵی ۱۳٦۹ (۱۹۹۰)دا کۆماری ئیسلامی رایگەیاند لەو ماوەیەدا (لە دوای تیرۆری دکتور قاسملووەوە) زیاتر لەسەد پرۆتۆکۆلی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ ئوتریش ئیمزا کراوە. («کوردستان»، ژ ۱۷٥، ژووئیەی ۱۹۹۱، پوشپەری ۱۳۷۰)

* ۱٥ و ۱٦ و ۱۷ی مارسی ۱۹۹۱: کۆنفرانسی بەرەسمی ناسینی مافەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەراست دا کەلە شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوە چوو، لە دوا خاڵی بەیاننامەی خۆی دا ئەم بڕیارەی لەبارەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملووە پەسند کرد:

«کونفرانس بڕیاری دا لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆری دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و عەبدوڵڵای قادری دا نامەیەک بۆ دەوڵەتی ئوتریش بنووسرێ و لەو دەوڵەتە داوا بکرێ وەک دەوڵەتێک کە ئەو کارەساتە لە وڵاتەکەی دا قەوماوە، بیروڕای گشتیی جیهانی و خەڵکی کوردستان لە جوزئیاتی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاورێیانی کە بە ئاشکرا لەژێرپێنانی ئوسووڵی ئەخلاقی و نێونەتەوەیی‌یە، ئاگادار بکا». («کوردستان»، ژ ۱۷۲، ئاوریلی ۱۹۹۱، خاکەلێوەی ۱۳۷۰)

* ۲۷ و ۲۸ی سێپتامبری ۱۹۹۱ (٥و٦ی رەزبەری ۱۳۷۰): کۆنفرانسی نێونەتەوەیی «گەلی کورد، داهاتوویەکی بێ مافی ئینسانی« کە بە سەرپەرستیی گێرهارد شرۆیدەر سەرۆک وەزیری دەوڵەتی ساکسی خواروو لە بۆن پێک هات، لە بڕیارنامەی خۆی دا داوای لە وڵاتی ئوتریش کرد: «لێکۆڵینەوەی خۆی لەبارەی تیرۆری دوکتور قاسملوو، عەبدوڵڵای قادری و دوکتور فازیل رەسووڵ لە ۱۳ی ژووئیەی ۱۹۸۹ لە ڤیەن بە دەستی نوێنەرانی رەسمیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە چوو، تەواو بکاو وێڕای بڵاو کردنەوەی ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەکە، پیاوکوژەکان بخاتە بەر تەعقیبی قانوونی. («کوردستان» ژ ۱۷۸، ئوکتوبری ۱۹۹۱، رەزبەی ۱۳۷۰)

* ۲۱ - ۲۸ی دیسامبری ۱۹۹۱(۳۰ی سەرماوەز تا ٦ی بەفرانباری ۱۳۷۰): کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (کۆنگرەی قاسملوو) یەکێک لە بڕیارە سیاسی‌یەکانی خۆی «بۆ سیاسەتی سەوداگەرانەی ئوتریش» تەرخان کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو بڕیارە دا پاش ئاماژە بەوە کە سەرەڕای رابردنی دووساڵ و نیو پاش تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی هێشتا دەوڵەتی ئوتریش ڕێگای نەداوە عامیلانی ئەسڵیی ئەو جینایەتە بناسێندرێن، هاتبوو: «کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی قاسملوو لە کاتێک دا سیاسەتی کاسبکارانەی دەوڵەتی ئوتریش لەو پێوەندی‌یەدا مەحکووم دەکا، لە هەموو کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکان داوا دەکا فشاری زیاتر بخەنە سەر ئەو دەوڵەتە بۆ ئەوەی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بێ‌پەردەو بە راشکاوی بە دنیا بناسێنێ و عامیلانی ئەسڵیی ئەو جینایەتە کە بێجگە لە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئاخوندی کەسێک نین، لەقاو بدا». (کوردستان ١٨١، ژانویەی ١٩٩٢، بەفرانباری ١٣٧٠)

* ٢٠ی سیپتامبری ١٩٩٩ (٢٩ی خەرمانانی ١٣٧٨): توماس کلیستیل سەرکۆماری ئوتریش بە سەرۆکایەتیی هەیئەتێکی پایەبەرزی دەوڵەتی بە سەردانێکی رەسمی گەیشتە ئێران. سەفەری تۆماس کلیستیل بۆ ئێران لە کاتێک دا بوو کە کۆماری ئیسلامی حوکمی ئیعدامی بۆ چوار کەس لە بەڕێوەبەرانی خۆپیشاندانە خوێندکاری‌یەکان دەرکردبووو سەدان کەس لە لاوانی ئازادیخوازی ئێران بە تۆمەتی بەشداری لە نائارامی‌یەکانی مانگی پووشپەری تاران، تەورێز، ئیسفەهان داله بەندیخانەکانی ئەو ڕێژیمەدا لەگەڵ ئازارو ئەشکەنجە بەرەوڕوو بوون. ئەو سەفەرە دوای یادی دەساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو کە لەودا سەدان شەخسییەتی بەناوبانگی سیاسی، زانستی،و کۆمەڵایەتی داوایان لە دەوڵەتی ئوتریش کرد, پەروەندەی ئەو جینایەتە وەجەرەیان بکەوێتەوە و عامیلانی بناسێندرێن، ئەنجام درا. هەر بۆیە سەفەری توماس کلیستیل بۆ ئێران لەگەڵ نارەزایەتیی توندی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیون و رۆژنامەکانی لایەنگری ئازادی و مافی مرۆڤ بەرەوڕوو بوو. لە دەرەوەی ئەو وڵاتەش بێزاریی کۆڕو کۆمەڵەکانی پارێزەری ئاشتی و دیمۆکراسیی بۆ لای خۆی راکێشا. («کوردستان» ٢٧٥، خەرمانانی ١٣٧٨)

* ٣١ی ژووئیەی ٢٠٠٣: دوکتور مانفرید وایدینگیر وەکیلی ئوتریشیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ پەروەندەی تیرروری دوکتور قاسملوو، بێ‌سەرو شوێن کرا. تەرمی ئەو پارێزەرە رۆژی ١٣ی سیپتامبری ٢٠٠٣ پاش مانگێک و ٣ رۆژ لە بێ‌سەروشوێن‌بوونی لە دارستانێک لە دەرەوەی ڤیەن دۆزرایەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پەراوێز:**

* ئەو زانیاری‌یانەی ئەم نیشانەیەیان لەسەرە لە پوختەی کتێبەکەی دوکتور پیتر پیلتز «ئوسکورت بەرەو تاران» وەرگیراون کە «قوتان» بە زمانی کوردی ئامادەی کردوە.

* ئەو زانیاری یانەی ئەم نیشانەیەیان لەسەرە لە نووسینێکی خاتوو هێلێن کرۆلیش (قاسملوو) کە شەیدا نەبەوی کردوویە بە فارسی و لە ژێر ناوی «معمای قاسملو» لە ژمارە ١٨، زستانی ١٣٦٩ی گۆڤاری «چشم انداز»دا بڵاو بۆتەوە، وەرگیراون.

* ئەو زانیاری‌یانەی ئەم نیشانەیەیان لەسەرە، سەرچاوەکەیان لە تەنیشت خۆیان نووسراوە.

سەرچاوە: kurdistana me – نویسندە: kave elham ; ١٠خرداد ١٣٨٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بابەتی دەیەمین ساڵی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی:

## وتاری سکرتێری گشتیی حیزب هاوڕێ عبدالله حسن زاده لەرێ و رەسمی دەیەمین ساڵی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو وهاوڕێیانی دا

خوشک و برا خۆشەویستەکان!

دۆستانی بەڕێز!

لەم شوێنە پیرۆزە دا لە پارلمانی فەرانسە سەنگەری یەکێک لە دێموکراسی یە لە مێژینەکانی دنیای شارستانەتی لە دەوری یەک کۆبووینەوە تا ڕێز لە یادی دوکتور عبدالرحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران گەورە پیاوی مێژووی کورد و خەباتگیری ڕێگای ئاشتی و ئازادی لە کوردستان و سەرانسەری ئێران بگرین. بەشداریی ئێوە دۆستان لەم رێ و رەسمەدا نیشانەی نرخدانان بۆ ئەو ئامانجە بەرزانەیە کە دوکتور قاسملووی شەهید گیانی خۆی لە پێناوی وەدی هێنانیان دا بەخت کرد. وەک یەکێک لە قوتابیان و ڕێبوارانی ڕێگای پڕشانازیی دوکتور قاسملوو ئێزن دەخوازم لە لایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، بنەماڵەی شەهیدەکان و دۆستانی دوکتور قاسملووی نەمر و هاوڕێی وەفاداری عبدالله قادری ئازەر لە یەک یەکی ئێوە کە لەم رێ و رەسمە دا بەشدار بوون سوپاس بکەم و لە خزمەت بە ئامانجی بەرزی وەدیهێنانی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی دا سەرکەوتنی رۆژلەرۆژزیاترتان بۆ بە ئاوات بخوازم.

کەسایەتیی نیونەتەوەیی دوکتور قاسملوو بۆ ئێوە و زۆربەی لایەنگرانی ئازادی و دادپەروەری لە جیهان دا کەسایەتی‌یەکی ناسراوە. بۆیە ئێزن دەخوازم لەم دەرفەتە دا ئەگەر بە کورتییش بێ لەبارەی نەخشی دوکتور قاسملوو لە بەرەوپێش‌بردنی ئامانجەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و ڕێنوێنیی بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستانەوە بۆتان بدێم.

قاسملوو هەر لە دەورانی میرمنداڵییەوە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ناسی و لە پێش دا لە یەکیەتیی لاوان و دوایە لە نێو ریزەکانی حیزب دا دەستی بەتێکۆشان کرد و ئەوەندەی لێوەشاوەیی لە خۆی نیشان دا کە زۆر زوو بوو بە ئەندامی ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەری. هەرچەند بە هۆی هێندێ ئالوگۆڕێ نێو ریزەکانی حیزبەوە کە باسکردنیان لێرە دا جێی نیە، دوکتور قاسملوو ماوەی چەند ساڵێک لە ئەندامەتیی ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتی دوور کەوتەوە و ناچار بوو لەوڵاتانی ئورووپایی بمێنێتەوە، بەڵام ساڵی ۱۹۷۰ پاش ئیمزای رێککەوتننامەی مێژوویی ۱۱ی مارس لە نێوان دەوڵەتی عێراق و رێبەرایەتیی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانی عێراق دا گەڕایەوە کوردستان و کەوتە نوێکردنەوە و بووژاندنەوەی تێکۆشانی حیزبی. وەختێک قاسملوو گەڕایەوە کوردستان حیزبی دێموکراتی کوردستان و رابردووە پڕشانازییەکەی تەنیا ناوێکیان لێ مابۆوە. بەڵام گەڕانەوەی ناوبراو بۆ نێو خەباتگێڕانی حیزب گیانێکی تازەی بەسەر لەشی نیوەگیانی حیزب دا کردەوە و لە ماوەیەکی زۆر کورت دا حیزبێک کە بە تەواوی لە ڕێبازی پێشکەوتووانەی خۆی ترازابوو، سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بریاردانی خۆی لەدەست دابوو، گەڕایەوە سەر ڕێبازی خۆی و زۆری پێنەچوو کە جێگای شیاوی خۆی لەنێو حیزب و رێکخراوە سیاسییە کورد و ئێرانییەکان و کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیییەکان دا وەرگرتەوە. لە یەک قسە دا قاسملوو ڕۆنێسانسێکی لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا وەرێخست.

پاش شۆڕشی ۱۹۷۹ی ئێران و بەتایبەتی دوای ئەوەی شەڕێکی نەخوازراو و ناڕەوا بەسەر خەڵکی کوردستانی ئێران داسەپێندرا، دوکتور قاسملوو نەخشێکی ئەوەندە گرنگ و بەنرخی لە ڕێنوێنی و بەرەوپێشبردنی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستانی ئێران دا یاری کرد کە تەنانەت ناحەزانیشی نەیاندەتوانی حاشای لێبکەن، ئەوە کە بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران هەمیشە سروشتێکی ئینسانی و پێشکەوتووانەی هەبووە و لەنێو کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیییەکان دا ڕێزو ئیعتیبارێکی زۆری هەیە. بە پلەی یەکەم بەرهەمی رێنوێنییزانایانەی دوکتور قاسملوویە. بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کەمتر ڕێبەرێک لەنێو حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی گەلانی زۆر لێکراو و بێ بەش دا بەئەندازەی دوکتور قاسملوو خزمەتی بە بەرەوپێشبردنی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەی کردوە و نەخشێکی وەهای یاری کردوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دۆستانی بەڕێز!

دە ساڵ لەمەو بەر لەسەر گڵکۆی دوکتور قاسملوو لە گۆرستانی پێرلاشیز گوتمان ئەوانەی پێیان وایە بەتێرۆری دوکتور قاسملوو ئامانجی قاسملوو، گەلی قاسملوو، و حیزبی قاسملووشیان تێرۆر کردوە زۆر بەهەڵە چوون، ئێستا پاش تێپەڕینی دە ساڵ بەسەر شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو دا بە شانازی‌یەوە ڕادەگەیەنم کە لە گەڵ هەموو دژواری‌یەکانی سەر ڕێگای خەباتی خەڵکی کوردستان و دڵڕەشیی کار بەدەستانی ئێران و لە گەڵ ئەوەی لەو ماوەیە دا سەدان کەس لە ڕێبوارانی ڕێگای قاسملوو و لەوانە چەند کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کە دوکتور سادق شەرەفکەندی جێنیشینی لێوەشاوەی دوکتور قاسملوو لە ریزی پێشەوەیانە، گیانیان لە ڕێی ئامانجی قاسملوو دا بەخشیوە، ڕۆڵە بەرحەقەکانی دوکتور قاسملوو ئاڵای پڕ شانازیی ئەویان بە شەکاوەیی ڕاگرتوە و بە ئیرادەیەکی پتەوەوە لە ڕێگای خەبات بۆ وەدستهێنانی ئامانجە بەرزەکانی ڕێبەری شەهیدیان دا بەرەوپێش دەچن.

بەو حاڵەش هێشتا بەداخەوە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا تا گەیشتن بە ماف و ئازادی‌یە ڕەواکانی خۆی و وەدی‌هێنانی ئامانجەکانی قاسملوو ڕێیەکی دووری لە پێش دایە، چونک ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە وڵاتەکەمان دا هێشتا حاشا لە بوونی نیزیک بە دەمیلیۆن کوردی ئێران دەکا و خۆ لەبەرەسمی‌ناسینی مافە نەتەوایەتی‌یەکانیان دەبوێرێ، هێشتا خەڵکی کوردستان لەمافی بەڕێوەبردنی ناوچەکە بە هۆی نوێنەرانی هەڵبژێ خۆیان و لەمافی سەرەتایی خوێندنەوە و نووسین و خوێندن بەزمانی زگماکیی خۆیان بێ‌بەشن، هێشتا لە کوردستان سەرکوت گاڵە بەخەڵک دەکا و هێشتا ماشێنی ئەشکەنجە و ئیعدام لە زیندانەکان دا و تێرۆری ئازادیخوازانی کورد لە هەر جێیەک دەرەتانی هەبێ بە هەموو توانای خۆیەوە لە کار دایە.

دەبێ لێی زیاد بکەین کە لەڕادەی سەرانسەریی ئێرانیش دا وەزعەکە کەم وزۆر هەروەک وەزعی کوردستانی ئێرانە. بەپێچەوانەی هێندێ ئالوگۆڕێ باش کە لەمانگی مەی ۱۹۹۷ بەم لاوە لە ئێران دا روویان داوە، ئەم قۆڵە لە دەسەڵاتداران کە باوەڕی بە توندوتیژی و سەرکوت هەیە هەروا باڵادەستە و هەروا درێژە بە سەرکوتی ئازادی‌یەکان و لە نێوبردنی ئازادیخوازان و ئازادبیران دەدا. تێرۆری ئازادبیرانی وەک داریووش و پەروانەی فرووهەر، ڕێبەرانی حیزبی میللەتی ئێران و گەورە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نووسەرانی وەک مختاری و پوینده لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٨ دا بەڵگەی زیندووی ئەم ئیددیعایەن. خەڵکی دنیا ئاگادارن کە ئەگەرچی ڕاگەیەندرا قاتڵانی فرووهەرەکان لەوەزارەتی ئیتلاعات دا گیراون، پاش تێپەرینی چەند مانگ تاوانبارەکان نەک هەر بەسزا نەگەیشتوون بەڵکوو ناوەکانیشیان بە خەڵکی ئێران نەگوتراوە.

ئامادە بووانی بەڕێز!

هەروەک باس کرا، ئێمە لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دا ئاڵوگۆڕەکانی دوو ساڵی دوایی لە ئێران دا لەسەریەک بە باش هەڵدەسەنگێنین، چونکە هەنگاوێکی زۆر بچووکیش بەرەو جێگیربوونی ئازادی و دێموکراسی و وەدیهاتنی کۆمەڵگای شارستانی بە بڕوای ئێمە دەسکەوتێکی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێرانە. بەڵام زۆر بەڕوونی دەبێ بگۆترێ ئەوەندەی پێوەندیی بە ماف و ئازادی‌یەکانی خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی بەڕەسمی‌ناسینی بوونی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و دابین‌کردنی مافی نەتەوایەتیی ڕۆڵەکانی ئەم گەلەوە هەیە، هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێک نە لە کردەوە و نە لە سیاسەتی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دا پێک نەهاتوە. لەوەش زیاتر، ئەو ئازادی‌یە نیوەچلەش کە قۆڵێکی دەسەڵاتداران لە ئاکامی خەبات و تێکۆشانی خەڵک دا ملی بۆ ڕاکێشاوە، لە کوردستانی ئێران ڕۆژبەڕۆژ بەرتەسکتر دەکرێتەوە و چووکترین جموجۆڵی نارەزایی خەڵک و هێنانەگۆڕی داخوازە ڕەواکانیان بە قورقوشمی تواوەوە و زیندان و ئەشکەنجە وەڵام دەدرێتەوە. نموونەی بەرچاوی نەو راستی‌یە ڕووداوەکانی فێوریەی رابردوو لە شارەکانی سنە، کامیاران سەقز، مەهاباد ، ورمێ و شارەکانی دیکەی کوردستانە کە لە وان دا دەیان کەس لە خەڵکی بێدیفاع کوژران و بریندار بوون و سەدان کەس لە لاوانی کورد ڕەوانەی زیندانەکان کران.

لێرەدایە کە ئێمە لە ئێوە و کۆڕوکۆمەڵە دەوڵەتی و نێودەوڵەتی‌یەکان لە سەرانسەری جیهان دا داوا دەکەین کە بەفریای خەڵکی کوردستانی ئێران بگەن و لەنفووزی خۆیان بۆ ناچارکردنی دەسەڵاتدارانی ئێران بە وازهێنان لە سەرکوتی خەڵک و قبووڵی بەرەسمی‌ناسینی بوونی گەلی کورد و ماف و ئازادی‌یە رەواکانی کەلک وەربگرن. لەسێ مانگی رابردوو دا خەڵکی دنیا شاهیدی هەنگاونانی بە کردەوە و کاریگەری وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ئەندامانی پەیمانی ناتۆ بەدژی دەوڵەتی یوگۆسلاوی بە تاوانی وەپێش‌گرتنی سیاسەتی ژینۆسید بەرامبەر بە خەڵکی کۆسۆڤۆ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوون. حیزبی ئێمە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی عەمەلیاتی نیزامی‌یەوە تا ئەو جێگایە کە پێوەندیی بە تەمبێ‌کردنی دیکتاتۆریی میلۆسۆڤیچ هەوڵدان بۆ دابین‌کردنی مافەکانی ئەلبانی‌ڕەگەزەکانی ئەیالەتی کۆسۆڤۆوە هەیە پێشوازیی لەو کارە کردوە و ئەوەی بە دەستپێکردنی فەسڵێکی تازە لە دیفاعی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە بوون و مافەکانی گەلانی زۆرلێکراو و بێ‌هێز داناوە. بەڵام پرسیارێک کە بە زەینی ئێمە و بێگومان زەینی هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوەی دەیان میلیۆن کەسیی کورد دا ڕادەبرێ ئەوەیە کە داخوا ئەو کارەساتانەی بە درێژایی چەند سەدەی نەپساوە بەسەر نەتەوەی کورد هاتوون، لە دەرد و ئازارەکانی خەڵکی کۆسۆڤۆ کەمترن؟ ئەگەر وا نیە بۆچی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بە تایبەتی دەوڵەتان بێ‌پەروا بە پەنای قەلاچۆی خەڵکی کوردستان و سووتاندنی سەرزەویی کوردستان و تاوانەکانی دیکە دەرحەق بەکوردان بەتایبەتی لەئێران دا تێ‌دەپەڕن و مێشێکیان لێ میوان نیە؟!

هەر لەو پێوەندی‌یە دا بەجێ‌یە بگوترێ کە هەر ئێستا وەک هەموو دەزانن عبدالله ئۆجەلان ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە لە دادگای ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتە دا بە تاوانی خەیانەت بە وڵات دادگایی دەکرێ‌و دادستان داوای حوکمی ئیعدامی بۆ کردوە. بە باوەڕی پارێزەکانی ئۆجەلان و هەموو کۆروکۆمەڵە حوقووقی‌یەکان ناوبراو کەمترین ڕادەی دەرەتانی کەلکوەرگرتن لە موحاکەمەیەکی عادڵانەی بۆ پێک هاتوە. گومان لەوە دا نیە کە خەباتی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و حیزبەکەی لەسەر یەک دژ کردەوەیەکی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی دەوڵەتی تورکیە بەرامبەر بە چەندین میلیۆن کوردی دانیشتووی ئەو وڵاتەیە. کەوایە، بەجێ‌یە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بە تایبەتی دەوڵەتە ئورووپایی‌یەکان هەنگاوێکی کاریگەر لە ڕێگای ڕزگارکردنی گیانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و لەوە زیاتر لە ڕێگای بەرەسمی‌ناسرانی ماف و ئازادی‌یەکانی خەڵکی کوردستانی تورکیە دا هەڵێننەوە و لە نفووزی خۆیان لە لای دەوڵەتی تورکیە بۆ وەدی‌هاتنی ئەم ئامانجە کەلک وەرگرن.

بە باوەڕی ئێمە مافی نەتەوایەتیی کوردان بەشێکی جیانەکراو لەو مافانەی مرۆڤە کە لە ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ دا پێ لەسەر پێویستیی دابین‌کردنیان بۆ هەموو ئینسانەکان داگیراوە. بۆیە جێی خۆیەتی هەموو ئۆگرانی حەق و دادپەروەری کۆمەگ بە دابین‌بوونی ئەو مافە لە وڵاتانی کوردنشین دا بکەن. ئەوەش زیاد دەکەم کە بە باوەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەگەر دێموکراسی لە وڵاتانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردنشین‌دا سەقامگیر بێ و ڕێ و شوێنەکانی مافی مرۆڤ لە بەرچاو بگیرێن، چارەسەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانە دا بە تەواوی ئیمکانی هەیە. هەرچەشنە نیگەرانی‌یەک لە دابەش‌بوونی ئەو وڵاتانە ئەگەر مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلی کورد بەرەسمی بناسرین، تەنیا بۆچوونێکی چەوت و بیانوویەکی بەتاڵ بۆ خۆبواردن لە قبووڵکردنی ڕاستی‌یەکانە.

دۆستانی بەڕێز!

ئەوەی لە دەیەمین ساڵرۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی دا، دڵی ئەندامانی حیزبی قاسملوو و، هەموو ڕۆڵەکانی گەلی قاسملوو ئازار دەدا ئەو حەقیقەتەیە کە لە کاتی ڕوودانی کارەساتی وییەن دا، دەوڵەتی ئوتریش بە ئاشکرا هاوکاریی ئەو تێرۆریستانەی کرد کە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە ناردرابوون و بە ناردنەوەیان بۆ تاران ڕێگای بەڕێوەبردنی عەداڵەت لە سەر وانی بەربەست کرد. ئێستاش دوو ساڵ دوای ئەوەی دادگای میکۆنووس بە ڕاشکاوی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەهەموو تێرۆرە سیاسی‌یەکانی دژ بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دا بە تاوانبار ناسیوە، هێشتا دەوڵەتی ئۆتریش ڕێگای نەداوە پەروەندەی قەتڵی قاسملوو بکرێتەوە و کۆمیسیۆنێکی پارلمانی بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی ئێمەوە پێک بهێنرێ. بۆیە بە پێداگرتنەوە لە ئێوە و هەموو دۆستانی گەلی کورد و ئۆگرانی حەق و عەداڵەت داوا دەکەین کۆمەگ بکەن تا دەوڵەتی ئۆتریش ڕێگا بدا ئەو پەروەندەیە وەگەڕ بکەوێتەوە و کۆمیسیۆنێکی پارلمانی بۆ پێراگەیشتنی پێک بهێنرێ. دڵنیام هەمووی ئێوە دۆستانی بەڕێز پشتیوانی لەم داخوازی‌یە ڕەوایەمان دەکەن و ئەمەش باشترین ڕێزگرتن لە یادی دوکتور قاسملووی شەهیدە.

جارێکی دیکە لە بەشداریی هەمووی ئێوە دۆستانی بەڕێز لەم یادکردنەوەیە دا سوپاس دەکەم و بۆ هەمووتان سەلامەتی و سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازم.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ (٢٢ی پووشپەری ١٣٧٨ ١٣ی ژووئیەی ١٩٩٩)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قسەکانی دوکتور بێرنارد کۆشنێر

## وەزیری لەش ساغی و کارو باری کۆمەڵایەتیی فەڕانسە

خانمی سەرۆک!

ئاغای حەسەن زادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران!

خانمی قاسملوو!

دۆستانی بەڕێز!

ئێمە زۆر بیرەوەریمان پێکەوە هەیە، جارێکی دیکە وەک ئەندامانی بنەماڵەیەک لە دەوری یەک کۆبووینەوە تا ڕێز لە بیرەوەریی دوکتور قاسملوو لە دەیەمین ساڵی شەهیدبوونی دا بگرین، دە ساڵ چەند زوو ڕابرد، هێشتا وتەکانی دە ساڵ لەمەو بەری مامۆستا لە گۆڕستانی پێڕلاشیزم لە بیرە کە دەیگوت: قاسملوو! ئەمڕۆ هەموو درێژەدەرانی ڕێگاکەت و دۆستان و لایەنگرانی ێبازەکەت بۆت دەگرین و فرمێسک هەڵدەوەرێنن. بەڵام نەک لەبەر داماوی و ناهومێدی، چونکە گەلێک ڕۆڵەی وەک تۆی پێگەیاندبێ ناهومێدی ناناسێ. ئەوان بۆت گریان تا بە ئاوی چاوی خۆیان و بە خاکی ڕێگای تۆ قوڕێک بۆ سەری دوژمنانی ئازادی بگرنەوە.»

بەڵێ دوکتور قاسملوو!

زۆر لە دۆستانت ئەمڕۆ لیرە کۆبوونەوە و زۆری دیکەش لە پێتەختەکانی دیکەی ئورووپا کۆبوونەوە و کۆ دەبنەوە، دەساڵ لەمەوبەر کۆمەڵێک ئینسانی خاوەنبیر، پێشکەوتنخوازو هیممەت بەرز لە وییەن پێتەختی ئۆتریش تێرۆر کران.

قاتڵەکان هەر ئەوانە بوون کە سێ دۆستی دیکەمان: شەرەفکەندی، عەبدولی و ئەردەڵانیان لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ دا لە بێرلین شەهید کرد.

بەڵێ؛ هەموویان بە هۆی بەرپرسانی وڵاتی خۆیان واتە ئێران کوژران، بەرپرسانێک کە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان بەهەر نرخێک تێرۆریزمی دەوڵەتی لە دژی هاونیشتمانانی خۆیان، لە دژی ئازادی و لە دژی کەسایەتییەکانی وڵاتی خۆیان بە کار دێنن.

بەڵام لە بارەی وەحشیکەری‌یەوە کوردەکان باشتر لە هەر کەسێکی دیکە دەتوانن لەم بارەیەوە بدوێن، چونکە لەمێژساڵە خەڵکی کورد بوون بە قوربانیی ئەم دیاردەیە و هەموو رۆژێ لە گەڵی بەرەوڕوون و بە ئێسکو پێستەوە هەستی پێ‌دەکەن، بە تایبەتی لە تورکیە.

بەڵێ دوکتور قاسملوو

کوردستانی ئێران ئێستاش کە ئێستایە، هێشتا خودموختاریی وەدەست نەهێناوە: بەڵام کوردستانی عێراق کە تۆ بە باشی دەتناسی و لێی دەژیای و ئێمەش لە گەڵت دا بووین تا ڕادەیەک خودموختارە، بەڵام ئەو هومێدە کە لە سێبەری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم بەشەی کوردستان دا پێکهاتوە، دەتوانێ هەتا کەنگێ درێژە بکێشێ؟! لەبارەی دروشمی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان»یش دەبێ بڵێم دێموکراسی لە ئێران دا کە یەکێک لە ئارەزوەکانت بوو، هێشتا نەهاتوتە دی. بەڵام خەباتی تۆ لە پێناو جێگیربوونی دێموکراسی، کۆتایی پێ‌نەهاتوە، چونکە حیزبەکەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروا درێژە بە خەبات دەدا و، لە نەبوونی خۆت دا ڕێڕەوان و خەباتگێڕانی دیکە درێژە بە رێگاکەت دەدەن. بۆیە گومانی تێدا نیە، درەنگ یا زوو ئامانجەکانت دێنە دێ.

بەڵێ قاسملوو!

مافی دەخالەتی ئینسانی کە ئەوکات ئەوەندە جێی خۆی نەکردبۆوە، نزیکەی سێ مانگە بووە بە مەسەلەیەکی (قبووڵکراوی) جیهانی. نەتەوە یەکگرتووەکان سەرئەنجام بڕیاریان دا بچنە شەڕی وەحشیگەری، بچنە شەڕی دیکتاتۆرێک کە ماوەیەک لەمەوبەر بە ئەنجامدانی جینایەت لە دژی مرۆڤایەتی تاوانبار کرا. ئەمجار دێموکراسی سەرکەوتوویە. ئەوە کە پەنابەران و ئاوارەکان، تەنیا سێ مانگ دوای راونران لەماڵ و هێلانەیان، دەتوانن بگەڕێنەوە سەرخاکی خۆیان ڕووداوێکی کەموێنەیە لە مێژوو دا. ئەوەش دەزانم کە هێشتا هەموو مەسەلەکان چارەسەر نەبوون.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمڕۆ تا سبەی، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم مەسەلەیە وەک ماددەیەکی قانوونی پەسند دەکا و ئەو کاتەیە کە کوردەکانیش دەگرێتەوە! ئاشکرایە کە لە هەلومەرجی ئێستا دا، ئەم مەسەلەیە تەنیا تایبەتیی ئورووپایە. بەڵام ئێمە دەزانین کە ئەم هەنگاوە بۆ داهاتووی مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتی‌یەکان مەسەلەیەکی یەکجار گەورە و گرنگە.

قاسملوو!

لە نەمانی تۆ دا وەک مرۆڤێکی ژیر و زانا، ڕەخنەگر، قسەخۆش، خاوەنی فەرهەنگێکی قووڵ و پێکەنینێکی شوێن‌دانەر، هەست بە کەمایەسی دەکەم، تۆ ژیانت لەڕێگای گەلی کورد و لە پێناوی بەدی‌هێنانی ئازادی و دێموکراسیی دنیاداگر دا، بەخشی. لەوە کە دۆستت بووین هەست بە شانازی دەکەم، دەبێ هەوڵ بدەین لێوەشاوەیی هەوڵ و تێکۆشان لە پێناو بەدی‌هێنانی بیروبۆچوون و ئامانجەکانی تۆمان هەبێ. بەڵی خەباتی تۆ خەباتی ئێمەش بوو، هەر خەباتی ئێمەش دەبێ و گەلەکەت سەرئەنجام ڕۆژێک بە ئازادی دەگا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتاری مادام دانیەل میتران

## هاوسەری فرانسوا میتران سەرکۆماری پێشووی فەرانسە

ڕۆژ باش

لێرە ژمارەیەکی زۆر لە دۆستانی ناسیاو دەبینم کە لە دیفاع لە ئامانجی کورد و داخوازی کوردەکان و دیفاع لە ئامانجی ئاشتی دا لە گەڵ ئێمە هاوکاریان کردوە، چەند سات لە مەوبەر، کاتێک دوکتور گرانژۆن (کاتی خوێندنەوەی دەقی وتاری عەبدوڵلا حەسەن زادە، سکرتێری گشتیی حیزب بە زمانی فەرانسەیی) دەیگوت کە دەوڵەتی ئۆتریش تێرۆریستەکانی ئازاد کرد، بۆ ماوەیەکی کورت لە مەبەستەکەی تێنەگەیشتم. دەزانن بۆ چی؟ چونکە لە کۆڕوکۆمەڵە ڕەسمی یەکان دا کە پارلمانی فەرانسە یەک لەوانە، ئەوە هەمیشە کوردەکانن کە بە تێرۆریست دەژمێردرێن. (بەشدارانی ڕێورەسم پێدەکەنن) بەڵام دیارە من و ئێوە لە بارەی کوردکانەوە وا بیر ناکەینەوە، بەهەرحاڵ پاشان بەری خۆم کۆ کردەوە و لەمەبەستەکەی تێگەیشتم.

لە کۆتایی سەدە دا دەبینم کە لە نێوان سیاسەتی دەوڵەتان و گەلەکانیان دا جیاوازی‌یەکی ئەوەندە زۆر هەیە کە ئینسان سەری لێدەشێوی ئەگەرچی ئەم دەوڵەتانە هەموویان دەوڵەتی دێموکڕاتیکن.

عەبدلرەحمان قاسملوو مرۆڤدۆست و لایەنگری ئاشتی بوو باوەڕێکی قووڵی بە ئاشتی هەبوو. لەسەر بناغەی ئەم باوەڕەش بوو کە پێی وابوو توندو تیژی و چەک لەگەڵ پێکەوەژیانی بە ئاشتیی ئینسانەکان و لێکتێگەیشتنی ئەوان، نەگونجاو و ناتەبان، هەر بۆیە هەموو هەوڵی خۆی بەکار هێنا تا لەگەڵ دەوڵەت وتووێژ بکا و قەناعەت بەو دەوڵەتە بێنێ کە ئێرانی‌یەکان و کوردەکان دەتوانن پێکەوە بژین و هەروەها جگە لە کوشتار و قەلاچۆکردن، ڕیگایەکی دیکە بۆ لێکحاڵی‌بوون و لێکنزیکبوونەوە هەیە، ڕاست لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم مەئمووریەتە ئاشتیخوازانەیە دا بوو کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوژرا. بەکوژرانی وی، بیزاری و نەفرەتێکی گەورە پێک هات و بیروڕای گشتیی داگرت. بیروڕای گشتیی ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ لە گەڵ کوردەکان لە پێوەندی دا بوون و هەروەها ئەوانە کە کوردەکانیان دەناسی. دیارە ئەمڕۆ بە بروای من، هەموو دنیا کوردەکان و مێژووی ئەوان دەناسێ، و بۆ ناساندنیان پێویست ناکا هەموو ئەو کارەساتانەی بە سەریان هاتوە بگێڕینەوە. بەڵام لە لایەن دەوڵەتانەوە (دیارە مەبەستی من دەوڵەتە ئورووپاییەکانن) جگە لە دەربڕینی چەند وشە بە نیشانەی بەداخبوون و نیگەرانیدەربڕین، شتێکی گەورە روو نادا. دیارە ئەگەر ئەمڕۆ لەم شوێنە ئەم قسانە دەکەم بەم هۆیەیە کە دەزانم بێئەژمار نوێنەری ئەوتۆ هەن کە بەر لەوەی نوێنەر بن، ئینسانن و وەک ئێمە بیر دەکەنەوە. بەڵام چ کەسێک ئەم هەموو هێزە دەبزوێنی تا دەوڵەتەکانیان ناچار بن گوێ لە قسەکانیان بگرن.

بەداخەوە دەوڵەتان دەنگی گەلان نابیسن، بەداخەوە دەوڵەتان دەنگی ئەو کەسانە کە لە گەلان نزیکن نابیسن، تەنیا سیاسەت دەکەن جا تازە ئەگەر بشتوانین پێی بڵێین سیاسەت. لەڕاستی دا دەبێ بڵێین ئەوان دەسەڵاتێکیان نیە. هەربۆیە من بە بیرکردنەوە لە عەبدلرەحمان قاسملوو کە بۆ ئێمە قوتبێک بوو، هاتوومە سەر ئەو باوەڕە کە کەسێکی ئەوتۆ پێویستە تا ئێمە ناچار بە بیرکردنەوە بکا. دیارە لەو بوارە دا من لە فرانسوا (میتران)یش سەرمەشق وەردەگرم، بەڵێ بە سەرمەشقوەرگرتن لەم جۆرەکەسانە و ڕێنوێنی وەرگرتن لە بیرو ئەندێشەی ئەوانە کەئینسان دەتوانێ لێبڕاوانە و قورس و قایم و بەتوانایی یەوە هەنگاو هەڵبگرێ و سیاسەتی ئاشتی لە نێوان گەلانی هاوپشت و هاو پێوەند دا برەو پێ بدا.

# پەیامی ئاغای پییەر مۆروا

(سەرۆکی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست)

لێرە بە بۆنەی ڕێزدانان بۆ بیرەوەریی دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی شەهیدی حیزبەکەتان کە دە ساڵ لەمەوبەر لە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩دا بە شێوەیەکی ناجوامێرانە تێرۆر کرا لێک کۆبووینەوە.

پێمخۆشە بەم بۆنەیەوە جارێکی دیکە وەبیر بێنمەوە کە دوکتور قاسملوو ڕێزێکی یەکجار زۆری لای دێموکڕاتەکانی سەرانسەری جیهان بەتایبەتی سۆسیال دێموکڕاتەکان هەبوو. ئەو سێمبولی خەبات لە ڕێگای ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەری بۆ زۆرلێکراوان دا بوو. بە ناوی خۆم و بە ناوی ئەنتێرناسیونالی سۆسیالیست و ١٤١ ڕێکخراوی ئەندامەوە بە یادی ئەو سەری ڕێز دادەنوێنم.

لەگەڵ ئەوەش دا وەبیر دێنمەوە کە بە مردنی ئەو خەباتەکەی، لە نێو نەچووە هەتا گەیشتن بە دێموکڕاسی‌یەکی ڕاستەقینە کە مافی ئینسانەکان بە تەواوی ڕەچاو بکا، درێژەی هەیە و درێژەی دەبێ.

ڕووداوەکانی ئەم دواییانە لە ئورووپا و، هەروەها لە تیمۆری ڕۆژهەڵات و لە ئەندۆنێزی و بەتایبەتی لە ئێران دا، ئەم دڵنیایی‌یەیان پێک هێناوە، کەئەگەر خەباتی خۆیان بە هێمنی بەڵام بەشێوەیەکی لێبڕاوانە درێژە بدەن، ئازادی و دادپەروەری سەرئەنجام سەردەکەوێ، گومانی تێدا نیە کە سەدەی بیست و یەکەم، نەک هەر سەدەی ئازادیی میللەتان، بەڵکوو سەدەی ئازادیی فەردیی ئینسانەکانیش دەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قسەکانی دوکتور بێرنارد گرانژۆن
## (سەرۆکی ئیفتخاریی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان)

لەسەر ئیجازەی ئێوە، من دەمەوێ لەلایەن ئەو ڕێکخراوە ئینسانییانەی لەگەڵ دوکتور قاسملوو دا هاوکارییان هەبووە، کەمێک بدوێم، قاسملوو بۆ ئێمە هەر تەنیا کەسێک نەبوو کە بەباشی ئەو گیروگرفتانەی لە کاتی ئەنجامدانی خزمەتە ئینسانییەکان دا دەهاتنە سەر ڕێمان، دەرک دەکردن. بەڵکوو کەسێکی زۆر لەوە، بەرزتر بوو. ئەو بۆ ئێمە نموونەی مرۆڤدۆستێکی گەورە بوو. ئەگەر بمەوێ تایبەتمەندیی دوکتور قاسملوو باشتر دەربخەم، دەبێ بە دووپاتکردنەوەی دوو وتە، کۆتایی بە قسەکانم بێنم: یەکێک لەم دوو وتانە هی قاسملوو خۆیەتی. وتەیەک کە حەز دەکەم دووپاتی بکەمەوە و پێم وایە هەتا دوا ساتی ژیانیشم هەر دەیڵێمەوە، ئەویش ئەوەیە (دەزانی، لەنێوان قەناعەتپێهێنان و داسەپاندن‌دا، قەناعەتپێهێنان سەختترە و کات و خۆماندوو کردنی زیاتری دەوێ، بەڵام سەرئەنجام ئەو کەسە سەر دەکەوێ کە لەڕێگای قەناعەتپێهێنانەوە، گیروگرفتەکان چارە سەر دەکا).

وتەکەی دیکە هی منداڵێکی هەشت ساڵەی کوردە، چەند مانگ دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، لەبنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کە ئەوکات لە ماتەمی لە دەستدانی شەخسیەتێکی ئاوا گرنگ دا بوو، چاوم بەو منداڵە کەوت و لێم پرسی: دوکتور قاسملوو بۆ تۆ سێمبولی چ شتێکە؟ ئەو منداڵە لە وەڵام دا گوتی: (دێموکراسی). من پێموایە ئەو منداڵە هەموو تایبەتمەندییەکانی دوکتور قاسملووی بەم یەک وشەیە، دەربڕی.

# وتاری ئالین شنال

## دەبیری نێونەتەوەیی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە لە کارو باری میدیتەرانە دا

دۆستانی بەڕێز !

ڕێگا بدەن منیش بە کورتی چەند وتەیەک بە مەبەستی ڕێزنان لە یادی دوکتور قاسملوو، پێشکێش بکەم. هەر کات کەسێک لەنێو دەچێ وەک عادەت دەڵێن جێگای خاڵی‌یە لە بارەی دوکتور قاسملوو، ئەم قسەیە، بەتەواوی مانای وشە لە جێی خۆی‌دایە و ئێمە زۆر بە قووڵی نەبوونی وی هەست پێ دەکەین چونکە ئەگەرچی دە ساڵ لەمردنی رابردوە، هێشتا عادەتمان بە مەرگی ئەو نەگرتوە و هێشتا پێویستیمان پێ‌یەتی. دوکتور قاسملوو لە هەموو رۆژهەڵاتی نزیک دا شەخسیەتێک بوو کە ئێمە هاوتایەکمان بۆ ئەو بەدی نەدەکرد.

دوکتور قاسملوو دۆستێکی ڕاستەقینە بوو و ئێمە متمانەی تەواومان پێی هەبوو، روانگەیەکی مۆدێڕنی هەبوو، بەبڕوای ئەو، هیچ هۆیەک نەی‌دەتوانی ئەم مەسەلەیە پاساو بداتەوە کە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەرەوتی دێموکراتیزاسیۆنی جیهان، بێ‌بەش وەمێنێ. لەم بارەیەوە، عەبدولرەحمان ئالاهەڵگر و پێشڕەو بوو.

ئەو وەک دۆستێک هەمیشە یارمەتیی دەداین، بۆ وێنە دەتوانم نەخش و هاوکاریی کاریگەری ئەو لە ئازادکردنی بارمتەکان لە سەرەتای دەیەی هەشتادا،وەبیر بێنمەوە.

شەخسیەتی قاسملوو زۆر لەوە گەورەتر بوو کە لە پاوانی کەس‌دا بێ. بەڵام ئیجازە، بدەن بڵێم کە ئێمە ئەومان بەیەکێک لە خۆمان دەزانی، ئەو لە نێو بنەماڵەی سۆسیال‌دیموکڕاتەکان دا زۆر زوو جێگای خۆی دیتەوە و ئەندامەتی لەو بنەماڵەیەی دا، پێ خۆش بوو. جاری یەکەم ساڵی ١٩٧٦ هاتە دەفتەری حیزبی سوسیالیست ئەو کات لیۆنێل ژۆسپەن دەبیری یەکەمی جیهانی سێهەم بوو. لەو رۆژە بە دواوە هیچ کات پێوەندیی لەگەڵ ئێمە نەپچڕا و هەمیشە لە کۆنگرەکانمان دا بەشدار دەبوو، پاشان حیزبەکەی بوو بەئەندامی تەواو عەیاری ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمە لەو بارەیەوە زۆر خۆشحاڵ بووین. ئەورۆژە تاڵەم هەر لە بیرە کە لەگەڵ تەرمەکەی دا بەرەو گۆڕستانی پێرلاشێز دەچووین. جگە لە ئاغای بیرنارد کووشنێر کە بەشدار بوو و قسەی کرد و قسەکانیمان هەر لەبیرە، ئاغای لیۆنێل ژۆسپەن وەزیری پەروەردە و فێرکردنی ئەو کات و سەرۆک وەزیری ئێستای فەرانسەش، بۆ ماوەیەکی وەزارەتەکەی خۆی بەجێ هێشت و بە مەبەستی دەربڕینی هاوپێوەندی و سەبارەت بە ئۆگری بە عەبدولرەحمان قاسملوو، دەگەڵ خۆپێشاندەران کەوت.

لە تایبەتمەندی یە بەرزەکانی دوکتور قاسملوو، دەتوانم بیری کراوە و بەربەرینی روانینی ئەو لەبارەی مەسەلەکانی جیهانەوە، ناو بەرم، روانینن و بۆچوونەکانی وی لە چوارچێوەی تەنگی ناوچە دا بەرتەسک نەدەبوونەوە. لەوبارەوە ئەو لەگەڵ هەموو شەخسیەتە سیاسی‌یەکانی ئەو ناوچەیە جیاوازی‌یەکی زۆری هەبوو. ئەویندای ژیان و هەڵسوکەوت لە نێو خەڵک دا بوو. هەر بۆیە هەڤاڵەتی و دۆستایەتی لەگەڵ ئەو، بەڕاستی خۆش و مایەی خۆشحاڵی بوو، ئەو دەیتوانی لە رێگای شۆخی و تەنزەوە، بیروڕا جیدی‌یەکانی خۆی دەرببڕێ.

دیارە نابێ هاوڕێیانی شەهیدی دوکتور قاسملوو لە بیر بەرینەوە،

عەبدوڵڵا قادری کە ئینسانێکی گەرموگوڕ وخۆش‌ڕەفتار بوو و نەخشێکی بەرچاوی لە پێوەندی‌یەکانی ئێمە و حیزبی دێموکڕات دا هەبوو. هەروەها فازیل رەسووڵ کە کوردێکی عێراق بوو و وەک دێموکراتێک بیری دەکردەوە و بەڕاستی خوازیاری ئاشتی و هاوپێوەندیی نێوان کوردەکان بوو. بۆچوونەکانی لای ئێمە بە نرخ بوون ئەو فێری کردین لە لێکدانەوەکانمان دا داهاتووی کوردەکانی ئێران و عێراق لێک جیا نەکەینەوە، دیارە ئەمڕۆ دەبێ داهاتووی کوردەکانی تورکیەشمان لەبەرچاو بێ.

سوپاسی ئێوە دەکەم کە گوێتان لەقسەکانم ڕاگرت. پێم وایە هەموومان لەرێگای بەجێگەیاندنی بەڵێن و بەرپرسایەتی‌یەکانمان لەبارەی پشتیوانی‌کردن لەوانە کە خەباتی دوکتور قاسملوو درێژە دەدەن، بە ناوو یادی دوکتور قاسملوو وەفادار دەمێنینەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتاری دوکتور کەندالّ نەزان،

## سەرۆکی ئەنستیتووی کورد لە پاریس

من وەک دۆستێکی چەند ساڵەی دوکتور قاسملوو قسە دەکەم. قسەکانی دۆستانی ئێرانی و ئەو کەسانەی دیکە کە قاسملوویان دەناسی، زۆریان کار تێکردم، پێم وایە ئەوە رەسمی گەورەپیاونی هونەر و سیاسەتە کە دەبن بە ئاوێنەیەکی گەورە لە بەرامبەر میللەت و کۆمەڵی خۆیان دا تا هەموو بتوانن خۆیانی تێدا ببینن، لێرە دا دۆستانی ئێرانی و فەڕانسەیی رێزیان لە شەخسییەتی دوکتور قاسملوو گرت لەوانەیە ئەگەر عەرەبێک لە عێراقەوە، تورکێک لە تورکیەوە، ئازەریی‌یەک و ئاشوری - کەلدانیی‌یەکیش قسەیان کردبا، مەبەستەکانی خۆیان هەر بەو هەست و سۆز و تین‌وگوڕەوە دەربڕیبا و دوکتور قاسملوویان بەهی خۆیان زانیبا، چونکە دوکتور قاسملوو لە ناتەبایی و جیاوازی‌یە ناوچەیی، نەتەوەیی و مەزهەبی‌یەکان، زۆر بەرزتر بوو. ئەو هێزە نادیارەی ئەمڕۆ ئێمەی لە دەوری یەکتر کۆ کردۆتەوە هەموو ئەو بایەخانەیە کە قاسملوو بنچینەی خەبات و تێکۆشانی خۆی لەسەر دانابوون، واتە ئازادی، دێموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

کاتێک ساڵی ١٩٧٦ لە پاریس لە گەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا بووم گەلی کورد کارەساتێکی نەتەوەیی بەسەردا تێدەپەڕی، چونکە راپەرینی ژێنراڵ بارزانی کە هومێدێکی زۆری لە دڵی کورد دا پێک هێنابوو، بەدوای ڕێککەوتن‌نامەی الجزایر لە نێوان شای ئێران و سەددام حوسێن داو، نیشاندانی چرای سەوز لەلایەن ئەمریکاوە تێک شکا بوو، جگە لەوەش ئەو کات کوردەکان شایەدی پشتیوانیی ئەمریکا لەرێژیمە دژی گەلی‌یەکانی ئێران و تورکیە بوون. هەربۆیە دژکردەوەی هێزە سیاسی‌یەکانی کورد بۆ وێنە موحافیزەکارەکان ئەوە بوو کە سیستمی شووڕەوی بکەن بە رووگەی خۆیان و رێبازی خۆیان لەسەر بناغەی سوسیالیزمی زانستی واتە مارکسیزم لینینزم دیاری بکەن. قاسملوو کە لە پراگ هاتبۆوە و سیستمی سوسیالیستیی لە نێوەوە دەناسی، ئەزموونێکی یەکجار زۆری هەبوو. من بۆخۆم چەند جار چوومە وڵاتانی رۆژهەڵات و دڵنیا بووم کە مۆدێلی شووڕەوەی گەیشتۆتە بن‌بەست. بەڵام ئەو کات



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەربڕینی روانگەیەکی ئەوتۆ لە کۆڕوکۆمەڵەکانی رۆژهەڵاتی نێوەراست دا زۆر بە زەحمەت بوو و تەنانەت بە جۆرێک خۆفرۆشی و خەیانەت لە قەڵەم دەدرا.

قاسملوو بڕوایەکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو، لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە دێموکراسی شتێک نیە تایبەتیی هێندێک وڵاتان بێ، بەڵکوو دەسکەوتێکی مرۆڤایەتی‌یە کە هەموو لا و بە تایبەتی وڵاتانی جیهانی سێهەم مافی ئەوەیان هەیە هەیانبێ و کەڵکی لێوەرگرن. لە روانگەی ئەوەوە دێموکراسی وەک ئامرازێک بوو بۆ یەکگرتووکردنی میللەتێکی وەک نەتەوەی کورد کە لەئاکامی هۆکاری جۆراوجۆر دا لەتلەت و دابەش کراوە. ئەو دەیەویست لە رێگای دیالۆگ و قەناعەتپێهێنانەوە کوردەکان لێک نزیک بکاتەوە و یەکگرتوویان بکا نەک لە رێگای پەنابردن بۆ زۆرو زۆرەملی و توندو تیژی.

ئەو دێموکراسی‌یەکی ناتەواوی وەک دێموکراسی بۆرژوازی یان ئەوەی پێی دەڵێن دیموکراسیی سیاسی لە باشترین سەرەڕۆیی یان دیکتاتۆریی خەڵکی و پرۆلیتاریا، پێ باشتر بوو، بەڵام لەو باوەڕە دا بوو کە دەبێ ئەو دێموکراسی‌یە قووڵتر بکرێتەوە و باری کۆمەڵایەتییشی پێ بدرێ کە بریتی‌یە لە دادپەروەیی کۆمەڵایەتی.

لەسەربناغەی ئەو بۆچوونە بوو کە پێی وابوو لە نێوان سیستمی ئەمریکا و مۆدیلی شووڕەوەی دا رێگایەکی دیکە هەیە کە سۆسیالیزمی دێموکراتیکە.. ئەو سۆسیالیزمی دێموکراتیکی لە سەردەمێک دا لە ڕیزەکانی حیزبەکەی دا شی کردەوە و برەوی پێ دا کە کارێکی ئەوتۆ ئازایەتی‌یەکی زۆری دەویست.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملووی ژیر و زانا سەفیرێکی هەڵسووڕ بۆ جووڵانەوەیەکی بێیارویاوەر

**نووسینی: مارک کراوێتز**

**رۆژنامەی لیبراسیۆن، ٧ی ئووتی ١٩٨٩**

**وەرگێڕان لە: ئینگلیسییەوە کاردان**

عبدالرحمن قاسملو کە سێزدەهەمی ژووئیەی ١٩٨٩ لە وییەن تێرۆر کرا، هەم وەک ڕێبەری یەکێک لە کۆنترین و رەسەنترین بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی نەتەوەیی و هەم لە باری سەرنجڕاکێشبوونی کەسایەتی‌یەوە، هەروەها لەباری ئیعتیبار و نفووزی نێونەتەوەییشەوە بەو توانا و لێهاتوویی‌یە کەم وێنەیە ئەگەر نەڵێین بێوێنەیەی لە شیکردنەوەی داب و نەریتەکان و خەباتی گەلێکی هەزار ساڵە لەتوێی بایەخەکانی دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەم دا کە بریتین لە : ئازادی و دێموکراسی و ئەنتێرناسیۆنالیزم، پیاوێکی بێ هاوتا بوو، بەڵام بۆ خەڵک (ی جیهان) ئەوەندە نەناسرابوو و لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر لە ئینسانەکان، لە بوون‌و مەرگی ئەو هاوکات ئاگادار بن.

قاسملوو نە کارەکانی شاراوە بوون نە ژیانێکی پڕلە نهێنی و رەمز و رازی هەبوو. ئەو کە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەگەر پێویست بوایە سەرکردەیەکی شەڕ و لەمەش زیاتر ڕێبەرێکی سیاسی بوو، ئۆگری دیالۆگ و باس‌کردن و هەبوونی پێوەندیی گەرموگوڕ بوو. ئەو سەفیرێکی هەڵسووڕ و بەهەست بوو بۆ بزووتنەوەکەی و، بۆ باشتر ناساندنی سەفەری بۆ سەرانسەر جیهان دەکرد. بەڵام ژیان لە نێو پێشمەرگەکان لە خانوویەکی قوڕین - لە قوولایی دۆڵێک و لە سنوورەکانی نێوان ئێران و عێراق - ی دا زیاتر پێ خۆش بوو - ناوچەیەک کە زوو زوو ناچار بە گوێزەگوێزو گۆڕینی شوێنی ماڵ و بنکەکەی دەبوو، بەڵام کتێبخانەکەی هەمیشە لە گەڵ دا بوو.

ئۆگر و ئەویندارى کتێب و شەرابی چاک بوو. دیارە زۆر بە هاسانی دەیتوانی چاوپۆشی لە دووهەمیان بکا بەڵام لە یەکەمیان نا - هەروا کە زۆر بە سانایی لە سەر میزی خواردن لە پاریس دادەنیشت، هەر بەو هاسانی‌یەش، تەنیایی و ژینی سادەی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەوای ساردی زستانە سەختەکانی چیاکان دا تەحەممول دەکرد. لە تەمەنی نزیک ٦٠ ساڵی – لە دێسامبری داهاتوو دەبووە ٥٩ ساڵ – سەفا و گەرموگوڕی و خۆمانەبوونی ئینسانێکی وریای ڕۆژهەڵاتیی لە گەڵ دینامیزمی پیاوێکی لاو و، وردبینیی ئەندامێکی فەرهەنگستان (کوڕی زانیاری) و زەوقی ئەویندارێکی ژیان ئاوێتە کردبوو. قاسملوو هەر بەو ڕادەیە کە لەسەر بیروڕاکانی خۆی سوور بوو، ئەوەندش پیاوی مەیدانی کردەوە بوو. ئەو بە هاسانی دەیتوانی توندوتیژیی پێویست بۆ خەباتێکی سیاسی – چەکدارانە لە گەڵ شک و گومانێکی سەرچاوەگرتوو لە ژیانی زانستیی خۆی ئاویتەی یەکتر بکا.

قاسملوو لە ئابووری دا پلەی دوکتورای هەبوو، ئۆگری مێژوو و ئەدەبیات بوو و بە تایبەتی لە شێعری کوردی، فارسی و عەرەبی دا، شارەزا بوو. جگە لەمەش بە هاسانی وتەکانی ویکتۆر هۆگۆ، بۆدلێر، والت ویتمەن یا تی.س. ئیلیۆتی بە نموونە دێنایەوە. ئینسانێکی سەمیمی، بێفیزو خۆشەویست بوو و ئەوەندەی بەپاراوی و بەهاسانی بە شەش حەوت زمان قسەی دەکرد و دەینووسی، ئەوەندەش کەیفی بە نوکتە و قسەی خۆش دەهات. لە گەڵ هەر کەسێک دوابا و هەڵسوکەوتی هەبا چ لایەنگرانی بزووتنەوە (ی ژێر ڕێبەرایەتی)ی خۆی، چ ڕووناکبیران، دوکتوران، وەزیران، سەفیرە گەورەکان و سیاسەتمەدارانی چەپ و ڕاست، هەستێکی وەک یەکی تێدا پێک دێنان. هەموویان، تەنانەت ئەگەر ماوەیەکی زۆر لەوە پێشیش چاوپێکەوتن و وتووێژیان لەگەڵ بووبی، پێ لەو ڕاستییە دەنێن کەشەخسیەتی دوکتور قاسملوو کاری تێکردوون و بۆ لای خۆی ڕاکێشاون. لەم سەدەیە دا کەم کەس هەیە ئەو هەموو ئینسانە جۆراوجۆرە لە بارەی شەخسیەتەکەیەوە هاودەنگ بن.

قاسملوو ژیانی سیاسیی خۆی وەک کۆمۆنیستێک و لە حیزبی توودەی ئێران دا، دەست پێکرد و هەتا ئاستی ڕێبەرییش لەم حیزبە دا چووە پێش. پاش پازدە ساڵ گوتنەوەی دەرسی ئابووری لە (زانستگەی) پراگ، لە ئۆوتی ١٩٦٨دا لەسەر مەسەلەی دەخالەتی شووڕەوی لە کاروباری چیکۆسلوواکی دا، وازی لە حیزبی کۆمۆنیست هێنا. ئەگەرچی بیروڕای تێکەڵ بە دەمارگرژی و دوگماتیکی مارکسیزمی وەلانا، بەڵام قەت حاشای لەرابردووی خۆی نەکرد.

بەڵکوو بە هەڵەکانی خۆی دا چۆوە و بۆ تێگەیشتنی ئەم مەسەلەیە کە لە کوێ و کەنگێ دادپەروەری لە گەڵ بێعەداڵەتی و ڕاستی لە گەڵ درۆ و – تەنانەت لەگەڵ تێرۆر و وەحشەت – دا ئاویتەی یەک بوون، هەل و مەرج و بارودۆخە سیاسییە جیاوازەکانی شی دەکردەوە و لێک دەدایەوە. ئەو بە تایبەتی زیرەکی و هەستێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوتۆی هەبوو کە گیروگرفتەکانی خەباتی سیاسی لە کۆمەڵێکی (دواکەوتوو) دا بە باشی تێدەگەیشت (بۆ خۆی هەموو جارێ وشەی دواکەوتووی بەکار دەهێنا). کۆمەڵێک کە بە هۆی نەبوونی هەر چەشنە پێوەندییەک لە گەڵ دنیای دەرەوەدا و بە هۆی بێبەشی لە مافی بیروڕادەربڕین و بڕیاردان، تەنانەت لە بواری دەستڕاگەیشتن بە فەرهەنگەکەی خۆشی دا، وەدوا کەوتوە. بەڵام ئەو ئامادە نەبوو ئەم دواکەوتوویییە بکا بەبیانوویەکی ئیدئۆلۆژیکی بەمەبەستی پەنابردن بۆ زیدەڕۆیی جۆراوجۆری وەک برەوپێدانی شەخسیەتی ڕێبەر (کیش شخصیت) لەرێکخراوێکی سیاسی دا، یان دیکتاتۆریی حیزبێکی سیاسی بەسەر گەلێکدا و هتد.

جگە لەمەش لە گەڵ ئەو بۆچوونەدا نەبوو کە گرنگ نیە لە پێوەندییە گشتییەکان و لە وتووێژ لە گەڵ ڕاگەیەنە گشتییەکان دا، بە جۆریک بدوێ، بەڵام لە مەیدانی کردەوە دا ئەو قەسانەی کردوونی لە بیر خۆی بەرێتەوە.

شانازیی گەورەی کە هیچ کات لە دووپاتکردنەوەی ماندوو نەدەبوو، ئەوە بوو کە ئەوەندەی دەگونجێ دەبێ بایەخ و ئیدەئالە ئینسانییەکان لە تێکۆشان و کاروباری ڕۆژانەی بزووتنەوە دا، ڕەنگدانەوەیان هەبێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچ کات لەگەڵ خەڵک دا پەنای بۆ فشارو زۆرەملی نەبردوە، قەت بارمتەی نەگرتوون، هیچ کات فڕۆکەی نەڕفاندوە، یان لە نێو ئوتوبۆسیک، بازاڕێک یان یەکێک لە شارەکانی دوژمن دا بۆمبی نەتەقاندۆتەوە. دیارە حیسێبی شوێن و ناوچە نیزامییەکان جوێیە. قاسملوو ئەگەرچی ئینسانێکی بێباک و نەترس بوو، بەڵام لە باری ئوسوولییەوە دژی تێرۆریزم بوو – ئەگەرچی چاک دەیزانی دەبێ چ نرخێکی گران بابەتی هەڵوێستێکی لەم بابەتە بدا. ناڕەحەتیی لەوە دەردەبڕی کە راگەیەنە گشتییەکان گرنگییەکی ئەوتۆ بەمەسەلەی کوردەکان نادەن، جارێک لە جێیەک نووسیبووی: «تاقمێکی بچووک دەتوانێ لە ڕێگای بارمتەگرتن، یان دانانەوەی بۆمبێکەوە ناوبانگێکی زۆر بۆ خۆی پەیدا بکا، ئەوەش لەحاڵێکدایە کە بزووتنەوە رزگاریخوازە نەتەوەییەکان کە پەنا بۆ تێرۆریزم نابەن، بە تەواوی لە بیر کراون.»نوامبری ١٩٧٩، هەر لەیەکەم ڕۆژی بە بارمتەگیرانی دیپلۆماتەکان و کارمەندەکانی سەفارەتیئەمریکا لە تاران دا، ئەم کردەوەیەی مەحکووم کرد. بە بڕوای دوکتور قاسملوو، رزگاریی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی ئەمریکا، یان رزگاربوونی دنیای سێهەم لە زلهێزێکی ئیمپریالیستی، هەرەک لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا هاتوە، ئامانجی درێژخایەنی خەباتێکی سیاسییە کە ئازادی و دێموکراسی بۆ هەمووانی بەدواوەیە.

بەوحاڵەش سەرەڕای بوختانەکانی ڕێژیمی تاران، واشنگتۆن ئاوڕێکی لە کێشەی کورد نەدایەوە. ئەگەرچی دیپلۆماسیی ئەمریکا لەشەڕی کوردەکان لە گەڵ دەوڵەتی عێراق دا (١٩٧٥ ١٩٦١) چالاکانە وەخۆ کەوت، بەو هۆ ستراتێژیکییانەی کیسینجێر شی یان دەکاتەوە لە میشکی خۆی دا بە نیازخراپییەوە بیریان لێ دەکاتەوە - دەوڵەتی ئەمریکا هیچ کارێکی بە مەبەستی خزمەت بەم کێشەیە نەکرد. قاسملوو بۆخۆی هەتا مانگێک بەر لە مردنی کە ویزای سەفەر بۆ ئەمریکای پێ درا - قەت ڕێگای چوون بۆ ئەمریکای پێنەدرا. ڕاست لە ڕۆژەکانی بەر لە سەفەری وییەن‌دا، خۆی بۆ سەفەری ئەمریکا ئامادە دەکرد، وڵاتێک کە ئەو هیوادار بوو بۆ ناساندنی کێشەی کورد زۆری هەوڵ تێدا بدا. ئەگەرچی لەسەر ئاکامە سیاسییەکانی سەفەرێکی ئەوتۆ، زۆریش ناروون نەبوو.

ئەو چاک دەیزانی کە هاوپێوەندی و هاودەردیی بەشێک لە خوێندەوارانی جیهان لە گەڵ کێشەی کوردەکان (نەک هەر لە گەڵ ٥ میلیۆن کوردی ئێران بەڵکوو لە گەڵ ٢٥ میلیۆن کورد دا کە بەسەر چەند وڵات دا، دابەش کراون) ئەگەرچی بەربەرینتریش بێ، بەهیچ جۆر ناتوانی دیپلۆماسیی دەسەڵاتە گەورەکان و تەنانەت دیپلۆماسیی ئورووپاییەکانیش بە قازانجی کورد، ببزێوێ. چونکە هەر لە جێدا ئەوان لە بیری قازانجەکانی خۆیان‌دان.

ئەو بە هۆی ئەو هەموو سەفەرانەی بە تایبەتی بۆ ئورووپا کردبوونی، ئەم ڕاستییەی بۆ دەرکەوتبوو. چونکە ئەگەرچی بەگشتی ڕێزیان بۆ دادەنا، بەو حاڵەش زۆر بە کەمی لە کۆڕوکۆمەڵە ڕەسمییەکان دا وەردەگیرا. لەباشترین حاڵەت دا بە کەلکوەرگرتن لە دۆستایەتیی لەمێژینە و پێوەندیی (حیزبەکەی) خۆی لە گەڵ ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست، جاروبار دەیتوانی کەمێک یارمەتیی مرۆڤدۆستانە بۆ گەلەکەی وەدەست بێنێ یان لە ڕێگای دۆستێکیەوە، گیرو گرفتێک کە بۆ وی گرنگ بوو، چارەسەر بکا. ژان فرانسوا دیناو، یەکێک لە وەزیرەکانی کابینەی ژیسکار دیستان، بە هەستێکی تاڕادەیەک دۆستانەوە باسی ئەوەی دەکرد کە سەردەمێک دوکتور قاسملوو ئەوی خستۆتە ژێر فشار، تا سەرەنجام توانیویەتی فەرهەنگێکی فەرانسە - کوردی کە لە مێژ بوو چاوەڕوانی چاپی دووبارە بوو، سەر لە نوێ چاپ بکاتەوە.

قاسملوو ئینسانێکی ڕیئالیست بوو. باش لەبیرمە جارێک گوتی لە کۆتایی سەدەیەک دا کە هەوڵدانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی سەقامگیرکردنی ناسیۆنالیزمێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەرزۆک و ناقایم، لەتایبەتمەندیيە بەرچاوەکانیەتی (هەرچەشنە هەوڵدانێک بۆ تێکدانی نەخشەی جوغرافیا بەو مەبەستە کە ئیجازە بە کوردەکان بدرێ لەسەر ویرانەکانی ٣ نەتەوەی دیکە، وڵاتێکی سەربەخۆ پێک بینن) ناتوانی شتێکی دڵخواز بێ. هەر بۆیە خودموختاریی بۆ کوردستانی ئێران دەویست نەک سەربەخۆیی بۆ کوردەکان . بەڵام دوژمنەکانی لە تاران پێیان وابوو ئەمە هەر تاکتیکێکی فریودەرانەیە، تاکتیکێک کە بەشێوەیەکی ناشیانە بۆ شاردەنەوەی بیروڕای جیاوازیخوازانە کە ناوێرێ دەریببڕێ و یەکەم هەنگاوە بۆ پێکهێنانی (کوردستانی گەورە) و یەکگرتووکردنی کوردەکانی ئێران، عێراق، تورکیە و تەنانەت کوردەکانی سووریە و یەکیەتیی شووڕەوی، کەلکی لێوەردەگرێ.

لەم بارەیەوە تەنانەت کەسێکی ناڕووحانیی وەک بەنیسەدریش لە گەڵ ئاخوندە بنیاتگەراکان تەواو هاوبیروڕا بوو.

دەستووری کوشتنی قاسملوو، لە ساڵی ١٩٧٩وە کە وەک تەنیا کەسی غەیرە ڕووحانی بۆ مەجلیسی (دامەزرێنەران) هەڵبژێردراو، لەبەر هۆی ئەمنیەتی لە چوون بۆ تاران خۆی پاراست درابوو. ئایەتوڵلا خومەینی لە وتووێژێکی تەلەویزیۆنی دا بە ئاشکرا بەداخبوونی خۆی لە نەهاتنی ئەو دەربڕی و گوتی:

«خۆزگە هاتبا. من وام دانابوو ئەگەر هاتبا لێرە رام گرتبا»

سێزدەهەمی ژووئیە رۆژی جێژنی گەورەی موسوڵمانان (جێژنی قوربان) بوو، هەرەوها شیعەکانیش لەم ڕۆژە دا، ڕێزیان لە چلەمین ڕۆژی مەرگی خومەینی دەگرت. داخوا ئەمە شتێکی بە ڕێکەوت بوو ؟ ئایا ئەو قاتڵانەی بەرگی نوێنەرانی ئاشتیيان کردبووە بەر و لە لایەن هاشمیی ڕەفسەنجانیيەوە مەئموورییەتیان پێدرابوو و بە پاسپۆرتی دیپلۆماتیيەوە کە ویلایەتی (وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی) ئیمزای کردبوو، لە تارانەوە هاتبوون. بە ئەنقەست لەم ڕۆژە دا کە ڕۆژی تازیەباری بوو، فەرمانی کوشتنیان بەجێ گەیاند ؟!.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ پووشپەڕی ١٣٧٨ - ژووئیەی ١٩٩٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەو رابەرەی لە گشت بوارەکان دا لێهاتوو بوو

**د.کەماڵ مەزهەر**

بەهاری ساڵی ١٩٥٩ واتا چل ساڵ لەمەوبەر، بۆ یەکەمجار ناوی ئەنوەری، کە یەکێک بوو لە نازناوەکانی دوکتور قاسملوو، بەر پەردەی گوێم کەوت. شاگردانی بەشی کوردیی تازە کراوەوەی زانکۆی بەغدا بە ڕێز و خۆشەویستی و تەقدیرێکی زۆرەوە بەو مامۆستایەیان دا هەڵدەدا و باسی وانە پڕسوودەکانی‌یان دەکرد و لەو بوارە دا پلەی یەکەمیان دابووە ئەو و گۆرانی شاعیر.

هەڵبەت ناسینی رووناکبیرێکی وا پێشکەوتنخوازی پایەبەرز خۆزگە و ئاواتی هەر کوردێکی دڵسۆز بوو. بە هۆی برای خۆشەویست دوکتۆر عیزەددین مستەفا رەسووڵەوە هەر زوو دەرفەتێکی وا بۆ من هەڵکەوت. ئەو رۆژە بۆ یەکەمجار لە ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی کەڕادە مریەمی بەغدا دیم، هەستم کرد قاسملوو لە گشت بوارەکان دا بەڕاستی کوردێکی کەموێنە و کەمهاوتایە. قسەزان، قسەخۆش، نیشتمانپەروەر، زانا و دانایەکی قووڵو دووربینە.

زۆری نەبرد بە هۆی پەتای کوشندەی «دەردە کورد» ەوە قاسملوو لە عێراق دوور خرایەوە. ئەو بڕیارە هێند بزواندمی خۆم پێنەگیراو وتارێکی توندوتیژم بە ناونیشانی «بۆچی» یەوە نووسی و لەو دا زۆر بە سۆزەوە باسی لێهاتوویی بێئەندازەی شەهیدم کردبوو کە دەبوو هەمیشە دەرگەکانی عیراقو شۆڕشی گەلاوێژ لە بەردەمی دا ئاواڵە بێت. سەرنووسەری ئەوسای رۆژنامەی «ژین» ئەحمەد زرنگی نەوەی پیرەمێرد نووسینەکەی هێند بە دڵ بوو کردیە سەروتاری رۆژنامەکە، وا دیارە وتارەکەم رقی ناپیرۆزی یەکێک لەو برادەرە کوردانەی زۆر هەڵساندبوو. میقرۆیی «دردە کوردە« بە خەستوخۆلی تێکەڵ بە خوێنی ناو گشت دەمارەکانی لەشی ببوو، زۆر بەتوندی و بە ڕقەوە هەر لەسەر لاپەرەکانی «ژین» وەڵامی دابوومەوە و دەستە چەورەکەی خۆی بە قاسملوو دا سڕیبوو. بەڵام خوا هەڵناگرێت ناونیشانێکی لە باری بۆ وەڵامە نالەبارەکەی هەڵبژارد بوو، کە ئەویش «چرنکو» بوو، کاتێک وەڵامەکەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو دەردە کوردەواری‌یە چاپ ببوو من گەیشتبوومە وڵاتی شووڕەوی بۆ خوێندنی باڵا، قاسملووی شەهید بۆخۆی دانەیەک لەو ژمارەیەی «ژین»ی لە پڕاگەوە بۆ ناردم بۆ مۆسکۆ و خۆی ئاسایی چەند دێڕێکی رازاوەی پڕ لە پەندی بۆ نووسیبووم.

پێم وایە دەروبەری کۆتایی ساڵی ١٩٦٠، یا سەرەتای ساڵی ١٩٦١ شەهید هاتە وڵاتی شووڕەوی بۆ کۆبوونەوەی زانیاری دەربارەی باسەکانی نامەی دوکتوراکەی. ئەوساکە منیش لەوێ بە خوێندنی دوکتوراوە خەریک بووم، دەمدی چۆن لە ناو کتێبان دا کنەی دەکرد، چەند ماندوونەناس بوو. هەر لەو رۆژانەش دا زانیم کەم کەس لە دونیا دا بەڕادەی ئەو زمانی رۆژهەڵاتی و ئورووپایی دەزانێت : وەک یەک هەر دوو زاراوەی سەرەکیی کوردی و، فارسی و ئازەری و تورکی و عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی و رووسی و چیکی وسلۆڤاکی و هی دی. لە دانیشتنێک دا لەماڵی خۆم لەبەغدا دیومە چۆن لەگەڵ مۆییک (کریس کوچێرا) و خیزانەکەی دا وەک بولبول بێ‌گرێ بەفەرەنسی دەدوا و تائەوان بەهەر دووکیان نوکتەیەکیان دەگێڕایەوە، ئەم چواری خۆشتری دەدا بە تەنگەیان دا و ئینجا هەر پێنجیشیانی بۆ ئێمە دەکردە کوردی وگشتمانی دەهەژاند. هەمیشە گوڵی سەر دەستەی مەجلیس بوو، لەسەر هیچ پەکی نەدەکەوت لە گشت بوارەکانی دا سیاسەت، مێژوو، ئەدەب و هەر بوارێکی تر دا شۆڕەسواری مەیدان بوو، تەنانەت دەنگ و ئاوازیشی لە گەڵ باسەکان دا دەگۆڕدرا، بۆیە ئەوەی نەیناسیبایە نەیدەزانی ئەو کەڵە پیاوە سیاسی‌یە، یان شاعیر و ئەدیب و زانا و مێژوونووس و زمانەوانە، چونکە ئەو لە ڕاستی دا هەموویان بەسەر یەکەوە بوو.

دەیان جار لەگەڵی دا نیشتووم، کەم کەسی وا بێ فیزو پەتی و زمانپاک و رۆح سووکم دیوە، هەمیشە وەک گوڵەگەنمی پڕ دەچەمیەوە، بێزی نەدەهات توخنی گوڵە گەنمە پۆچەڵەکان بکەوێت، لەکاتی پێویستیش دا بە خراپە باسی کەسی نەدەکرد، توانجهاوێژ و ئاگر خۆشکەر نەبوو، بە پێچەوانەوە کۆکەرەوەی دژەکان بوو، لەم بوارە دا کەس وەک ئەو وەستا نەبوو.

ژمارەیەکی زۆر لەو دیدەنی‌یانەم خوێندۆتەوە کە رۆژنامەنووسانی شەرق و غەرب لە گەڵ قاسملوو دا سازیان دابوو، سەرجەمیان بە سۆزەوە باسی لێهاتوویی ئەو ڕابەرەیان لە گشت بوارەکان دا کردوە و وەک سەردارێکی دووربین و دێموکراسیخواز و ئازا و لەخۆبووردوو و سەرڕاست و ئاشتیخواز و ئەدەبدۆست



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و قسەخۆش باسیان کردوە، گشتیان بە هەگبەی پڕ لە زانیاریی ورد و دەگمەن و خۆشەویستی یەکی زۆرەوە ماڵئاوایی یان لێ کردوە، ئەوەی کریس کوچێرا و خانمی هاوسەری و هدی الحسینی و زۆری تر دەربارەی قاسملوو دەیڵێن مایەی شانازییە بۆ هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر، بریا ڕێبوارانی ڕێگای قاسملوو ئەو بەرهەمانەیان لەکتێبێکی سەربەخۆدا بڵاو دەکردەوە، کەدڵنیام لەوەی دەبێتە ڕێپیشاندەرێکی دەگمەن و پێویست بۆ پشتاوپشتی کورد. قسەکانی لە گەڵ ڕۆژئاواییەکان دا نەستەق و هەڵسەنگاندنەکانی بەجێ و بۆچوونەکانی ورد بوون، باشی دەبزواندن کە پێی دەگوتن کوردیش دەتوانن فرۆکە برفێنن و بارمتە بگرن و خەڵکی بێتاوان لە خوێن دا بگەوزێنن، تاکەی لەو ناگەن و وەئاگا نایەن و ئاوڕێکی مرۆڤانە ئەو گەلە ستەمدیدەیە نادەنەوە...

ئەگەر بێمە سەر باسی بەرهەمە ڕەسەن و نایابەکانی دەتوانم یەکجار زۆر بێژم، تایبەت دەربارەی نامەی دوکتوراکەی کە تا ئێستە لەبەر بایەخی زۆری بە چەند زمانێکی ئوروروپایی و ڕۆژهەڵاتی چاپ کراوە، کاتی خۆی لە ڕۆژنامەی «التاخی» دا وتارێکی تایبەتم لەم بارەیەوە بڵاو کردەوە و ئەو بەرهەمەم بە یەکێک لە کتێبە دانسقەکانی کوردناسی لە قەڵەم دا.

عیشقی شەهید بەرانبەر کورد و کوردستان بێئەندازە بێسنوور بوو، لەبن نەدەهات، کەس بەر لەو نەیتوانی بەڕادەی ئەو تینی ئەو عیشقە پیرۆزە بگەیەنێتە ناو خاکی ئورووپاوە، هەستی دەیان سیاسەتمەدار و کەسایەتی و ڕۆژنامەنووسی ئورووپایی بەناوبانگی بەلای کێشەی نەتەوەی کورد دا ڕاکێشا، هەمان کات قاسملوو نیشتمانپەروەرێکی ئێرانی و مرۆڤدۆستێکی گەورەی جیهان بوو، بێگومان مێژوو بە قێز و نەفرەتەوە دەڕوانێتە ئەو دەستە شێتە ناپاکانەی بەوپەڕی کورتبینی و گەوجی و ڕقی سەر بە سەدە ناونجییەکانەوە ڕێگەیان بە خۆیان دا ئێمە و خۆیان و خەڵکی تریش لە تیشکی ئەو ئەستێرە بەرزەی ئاسمانی کوردستان و ئێران و تووران دابڕن، ئەو ئەستێرە گەشاوەیەی بێرنارد کووشنێر وەزیری کاروباری مرۆڤایەتیی فەرەنسی لە کاتی ئاوابوونی دا بە دڵی پڕ و چاوی پڕلەفرمێسکەوە پێی گوت: «لەسەرجەمی جیهانی سێیەم دا کەسم وەک تۆ بەدڵ نەبووە »

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ١٩٩٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سڵاوی وەفا و ڕێزلێنان لە یادی شەهید دوکتور «عبدالرحمن قاسملوو» لە دەهەمین ساڵی مەرگی دا

**سەلاح بەدرەدین**

**سکرتێری گشتیی حیزبی یەکیەتیی گەلی کورد لە سووریە**

یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٨ دا لە پڕاگ چاوم پێی کەوت. ئەوکات دوکتور «انوری» (ناوی نهێنیی دوکتور قاسملوو) لە پڕاگ مامۆستای زانستگە بوو و دەرسی دەگوتەوە. بە دوای ئەو چاوپێکەوتنەدا - کە ئەودەم لە سەرەتای لاوەتی دا بووم و بە جیددی و حەماسەتەوە لە بواری کێشەی نەتەوایەتی دا کارم دەکرد - پێم خۆش بوو لە بزووتنەوەی نیشتمانی و ئازادیخوازانەی بەشەکانی دیکەی کوردستان ئاگادار بم.

ئەزموونی مەهاباد و ناوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ناوی شەهید پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی و نەخشی بارزانیی نەمر لەو کۆمارە دا جێگای گرنگیپێدانی ئێمە بوون و دەمانەویست ڕاستییەکانی پێوەندیدار بەو کۆمارە و بە تایبەت نەخشی یەکیەتیی سۆڤیەت و بەرپرسایەتیی ئەو حکوومەتە لە تێکچوونی کۆماری مەهاباد دا زیاتر بزانین. ئەودەم ئێمە وەک لاوانی کوردی سەر بەحیزب و ڕێکخراوە چەپییەکان، ئارەزوومان دەکرد کە بەرپرسایەتیی تێکڕووخانی کۆماری مەهاباد نەکەوێتە سەر ئەستۆی یەکیەتیی سۆڤیەت.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا کە چاوم بە شەهید قاسملوو کەوت وام زانی کە لایەنێکی گەورەی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمانم دۆزیوەتەوە. بۆم دەرکەوت کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دا خەباتگیر هەن و بزووتنەوەی کوردایەتی هەیە. لەو چاوپێکەوتنە دا بۆم دەرکەوت کە بیرو بۆچوونمان لە سەر ئامانجمان بۆ ئێستا و داهاتووی بزووتنەوەی کورد وەک یەک وایە.

بۆ جاری دووهەم لە مانگی ئازاری سالی ١٩٧٠ دا دووبارە لە پڕاگ چاوم بە شەهید کەوت. ئەوکات بەیاننامەی مێژوویی ١١ی ئازار دەرچووبوو. قەرار بوو کۆنفرانسێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوبەش لە نێوان حیزبی ئێمە و پارتی دیموکڕاتی کوردستانی عێراق لە پڕاگ بەڕێوە بچێ. شەهید قاسملوو دەعوەتی لە هەموو لایەک کرد کە کۆبوونەوەیەکی گەورە بگیرێ بە بۆنەی دەرچوونی ئەو بەیاننامە مێژووییە و لەو کۆبوونەوەیە دا زۆر بە گەرمی پشتیوانیی لەو بەیاننامەیە کرد و بە ڕووداوێکی گەورەی هەڵسەنگاند.

جاری سێهەم هاوینی ساڵی ١٩٧٠ لە بەغدا چاومان پێک کەوت ئەو کات من بۆ کۆنگرەی هەشتی پارتی دەعوت کرابووم و لە بەغداڕا چووم بۆ (ناوپردان) و (حاجی هۆمەران). چاوپێکەوتنی ئەو جارەمان لەماڵی سەرتیپی خانەنشین (فواد عارف) و لەماڵی خوالێخۆشبوو (نژاد عەزیز ئاغا) ئەنجام درا و، لەو چاوپێکەوتنە دا ناسیاویم لە سەر بەشێکی زیاتر لە خەباتگێران وسەرکردەکانی حیزبی دیموکڕات و هەلومەرجی سیاسی و تەشکیلاتیی ئەو حیزبە پەیدا کرد.

پێوەندیی ئێمە لە گەڵ حیزبی دیموکڕات دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆماری مەهاباد کە لە ڕێوڕەسمی کۆماری کوردستان دا (قدری جمیل پاشا) وەک نوێنەری کوردی سووریە بەشداریی کرد. ئەو پێوەندی‌یە لەو کاتەوە تا ئێستا بەردەوامە و درێژەی هەیە.

ساڵێک دوای ئەو چاوپێکەوتنەی دوایی لە (بیروت) چاومان کەوت بە دوکتوری شەهید و چەند کەس لە هەڤاڵانی. لەو چاوپێکەوتنە دا دوکتوری شەهید داوای لە حیزبە سیاسی‌یەکانی کوردستانی سووریە کرد کە یەک بگرن و ئێمە هەموومان ئەو پێشنیارەی شەهیدمان زۆر پێ خۆش بوو و قبووڵمان کرد و سیاسەت و هەڵوێستی خۆمان و هۆی ناکۆکی‌یەکانمان بۆ ڕوون کردوە. بەڵام بەداخەوە لایەکەی دیکە پێشنیاری دوکتوریان قبووڵ نەکرد. بەهۆی ئەو کارەوە شەهید قاسملوو لە نۆختە نەزاراتی ئێمە بە تەواوی ئاگادار بۆوە، ئێمە ئەو کات ئەو هەنگاوەی دوکتورمان زۆر لەلا بەنرخ بوو و لە سەر گرنگی‌دانی ئێمە بە مەسەلەی کوردستانی ئێران شوێنی دانا. دوای ئەوە پێوەندیی ئێمە هەر درێژەی کێشا و شەهید لە هێندێک بواردا داوای هیندێک هاوکاریی لە ئێمە کرد بۆ کوردستانی ئێران بە تایبەتی دوای شۆڕشی ئێران. ئێمە زۆرمان هەوڵ دا کە لەو بوارە دا چمان لە دەست دێ بیکەین و زۆر هەنگاومان لەو بارەیەوە هەڵێنانەوە، کە ئێستا جێگای باسکردنیان نیە. تەنیا شت کە دەتوانین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیلێن ئەوەیە کە یارمەتیمان دان بۆ کردنەوەی دەفتەرێک بۆ حیزبی دێموکڕات لە (بیروت) و پێشوازی کردن لە نوێنەرانیان وبەرپرسانی حیزب بۆ بیروت بەردەوام بوو کە لە نێوان ئەوان دا سکرتێری گشتی ئێستای حیزب براو دۆستم (عبدالله حسن زادە) دەبینرا کە چەندین جار لە گەڵ نوێنەرانی ریکخراوی رزگاریدەری فەلەستین و لە گەڵ نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی لوبنان چاوپێکەوتن و دیداریان کرد و لەسەر وتووێژی بزووتنەوەی کوردستانی ئێران و سەرکردایەتیی ئێران، باسیان کرد. لەو سەردەمە دا دەزگاکانی ئێمە ببوون بە شوێنی بڵاوکردنەوەی هەواڵی بزووتنەوەکانی کوردستانی ئێران.

بەڕاستی شەهید قاسملوو سەرکردەیەکی لێهاتوو، سیاسی، رووناکبیر و وشیار بوو، و بە لەدەست چوونی ناوبراو بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد ئاڵایەک لە ئاڵاکانی کەوتە خوارەوە، دوژمن دەیزانی لە کوێڕا زەبر بوەشێنێ هەر وەک دەیزانی چۆن زەبر بوەشێنێ.

مەبەستمان هەموو ئەو دوژمنانەیە(هەم رێژیمی پاشایەتی و هەم رێژیمی ئیسلامی) کە دەستیان بەخوێنی سەرکردەکانی گەلەکەمان لەسمکۆڕا بگرە تا شەهید قازی محەممەد و شەهید قاسملوو و شەهید شەرەفکەندی و هاوڕێ بەوەجەکانیان سوور بووە ....

رۆژنامە کوردستان ژمارە ٢٧٢ (پووشپەر – جوولای ١٩٩٩)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە گەڵ دوکتۆر عەبدولرحمان قاسملوو (لەدەفتەری بیرەوەری دا)

مارف خەزنەدار

## یەکەمین بینینی لە ساڵی ١٩٥٩ لە بەغدا

لە یەکەمین بینین و یەکتر ناسین بە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی دیاریکراو لە مێشکم دا بزێ، هەستم کرد ڕووبەڕووی پیاوچاکێک بووم، بە کوڵ ئارەزووی ئەوەم دەکرد ئەگەر لە دوارۆژ دا ببین بە هاوڕێ ئەمە دەبێتە مایەی بەختیاری بۆ من.

ساڵی ١٩٥٩ بوو، من لە کەرکووک دەژیام، بەڵام هاتوچۆی بەغدام دەکرد، لەم کاتە دا لە گەشتێکی بەغدا بووم پێش نێوەڕۆیەک لە دەسگای (کارگێڕیی گشتیی خوێندنی کوردی) سەر بە وەزارەتی پەروەردەی بەغدا بوو. ئەم دەسگایە تازە کرابۆوە بۆ کورد و یەکێک بوو لە دەسکەوتەکانی شۆڕشە سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨. لە دانیشتنێک دا دوکتور سەدیق ئەترووشی گەنجێکی لەتەمەنی خۆمی پێ ناساندم (عەبباسی ئەنوەری) بوو، لەدوای ماوەیەکی زۆر وەکوو خۆی ووتی: کاکە گیان بوومەوە بە ئەسڵەکەی خۆم (عەبدولرەحمان قاسملوو) ئەمە لە ساڵی ١٩٦٥ بوو لە ئوروپا. هەر ئەو گەشتەی بەغدا بوو دوو جاری تر لە گەڵ قاسملوو چاومان بە یەکتری کەوتەوە، ئیتر بە تەواوی چووە ناو دڵمەوە، لەو سەردەمەدا و تا ئێستاش من خولقم خۆش نەبووە، لە گەڵ ئەوانەی سیاسەتیان کردبووە پیشەی ڕۆژانەیان، بەڵام لە گەڵ قاسملوو وا نەبووم هەر لە سەرەتاوە بۆم دەرکەوت لاوێکە پڕ لە جموجۆڵ و کۆشش، ئەو کاتی خۆی تەرخان کردوە بۆ سیاسەت (دیارە بەنهێنی و لە ڕێی پارتایەتییەوە). کەچی قوتابییەو دەیەوێ فیر بێ. فێری هەموو شتێک زمان و زانیاری و زانستی و چێژی ئەدەبی و شارەزایی لە کولتووری نەتەوایەتی.

لەو چەند ڕۆژەی بەغدا بڕیارمان دا ئاگاداری یەکتری بین. هیچ نەبێ بە نامە و نووسین لە هەر کوێیەکی ئەم گێتییە بین یەکتری بەسەر بکەینەوە. وابزانم هەردووکیشمان ئەوەمان نەدەزانی چارەنووس تۆماری بۆ کردووین زۆربەی ژیانمان لە دەرەوەی نیشتمان بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە ساڵی ١٩٦٠ لە بەرلین؛

لە ساڵی ١٩٦٠ کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە شاری بەرلین بەسترا، ئەو کاتە بەرلین کرابووە دوو پارچە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) بەڵام دیوارەکە هێشتا دروست نەکرابوو. ئەو کۆنگرەیە یەکێک بوو لە کۆنگرە گەورەکانی خوێندکارانی کورد.

قوتابیی هەموو لایەنەکانی کوردستان ئەوانەی لە ئورووپاوە دەیانخوێند بۆی هاتبوون، تەنانەت دەسەڵاتی شای ئێران ڕێگەی دابوو ئیحسان نووری پاشای پەنابەری سیاسیی کوردی تورکیا لە ئێرانەوە بە میوانداری بێ بۆ بەرلین دوو یاوەریان لەگەڵ ناردبوو یەکێکیان کوردی سنە ئەویتریان کوردی مەهاباد بوو.

ئەوەی جێی شادی بوو بۆ من ئەوە بوو دوو کەسی نزیک لەمن یەکێکیان عەبدولرەحمان قاسملوو بوو لە چیکۆسلۆڤاکیاوە هاتبوو نوێنەری قوتابیانی کوردی ئەوێ بوو لە کۆنگرەکە دا، دووەمیان کامیران بەدرخان لە پاریسەوە هاتبوو.

ڕۆژانی کۆنگرە تەباییەک لە ناوەوە بوو لە نێوان ئەو قوتابییانەی لەهەموو لایەنەکانی کوردستانەوە هاتبوون، بە دەگمەن کورد ئەم تەباییەی بە خۆیەوە دیبوو، بەڵام داخی گرانم بەردەوام نەبوو. کاکی قاسملوو دەوری گرنگ بوو، چونکە جموجۆڵ و بینین و بۆچوونەکانی لە تەمەنی گەورەتر بوون. بەشداریکردنی لەکارو باری کۆمەڵەی خوێندکاران زۆر بوو، ئەگەرچی لەو سەردەمە دا قوتابیی کوردی ئێران و تورکیا زۆر کەم بوون و بە زۆری قوتابیان کوردی عێراق بوون.

لە ماوەی ئەو دە ڕۆژەی لەگەڵ قاسملوو لە بەرلین پێکەوە بووین، زیاتر لە بیروڕاو ڕەوشت و چێژی قاسملوو گەیشتم، ئەودەم بۆم ڕوون بووەوە ئەم قوتابییە تەنیا کەسێکی سیاسی و ئەندامی پارتی یەکی نهێنی نیە، بەڵکوو وەک ئادەمزادێکی خوێندەوارو ڕۆشنبیر خۆیدەنوێنێ و چێژی ئەدەبیی هەیە و ئەگەر بایەخ بەم لایەنەی ڕۆشنبیریی نەتەوایەتیمان بدا پسپۆڕێکی دیاری لێدەرسکێ. لەو ڕۆژانە دا پەیمانم لەگەڵی دا بەست بەنامە و نووسین ئاگاداری یەکتری بین و ئەوەم تێگەیاند لە دوای سێ مانگی تر، واتە لە پاییزی داهاتوو دا لە مۆسکۆوە ماڵ دەگوێزمەوە سانت پیترسبورگ (لینیگرادی ئەوسا) و ئاگاداری ناوونیشانی خۆمی دەکەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لە سانت پێترسبورگ لە بەهاری ١٩٦١

ماوەیەکی کەم بەسەر قۆناغی خوێندنی باڵام تێپەڕ بوو لە ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای زانستی لەسانت پێترسبورگ. بەیانییەک سکرتێری ئامۆژگا ئاگاداری کردم کوردێک بە میوانی هاتۆتە سانت پێترسبورگ و لە ئوتێلی ئەستۆریا دابەزیوە، ئەمە کۆنترین و گەورەترین ئوتێلی ئەو شارە بوو کە زیاتر لە دوو سەد ساڵ پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رووسیا بوو. کابرای میوان هەواڵی منی پرسیبوو، منیش لەو کاتەدا بیرم بۆ سێ چوار کەس چوو یەکێک لەوان قاسملوو بوو.

بەپێ کەوتمە رێ بەرەو ئوتێلی ئەستۆریا، چونکە لە ئامۆژگاکەمانەوە نزیک بوو. جێی گوشادییەکی بێپایان بوو کە ڕووبەڕووی قاسملوو بوومەوە. بە خەندەو بزەی خۆشییەوە دەستم لە ملی کرد و وتم: کاکی خۆم تۆ کابرایەکی سیاسیی، بە ئیش و کاری تایبەتیی خۆت هاتووی، تکایە پێم بڵێ چەند لێرە دەبی و چەند بەر من دەکەوی؟ وتی: سێ شەو لێرە دەبم و شەوورۆژێک بەر تۆ دەکەوم، ئینجا ڕوو دەکەمە مۆسکۆ.

یەکەمین هەنگاو ئەوە بوو پێکەوە چووین بۆ خانەی قوتابیانی لێکۆڵینەوەی باڵای ئەکادیمیا، من لەوێ دەژیام. کابرایەکی ئازەربایجانی ئێرانمان لا بوو، لە مەهاباد ژیابوو و کوردیی دەزانی، کە لەگەڵ قاسملوو لە ژوورەکەی من ڕووبەڕووی یەکتری هاتن دەستیان لە ملی یەکتری کرد. قاسملوو وتی: ئەمە ناوی عەسکەر سلێمانییە، لە رۆژگارانی کۆمەڵە لە گەڵ ئێمە لە رێکخراوی گەنجان بوو و لەدوای رووخانی کۆماری کوردستان ئاوارەی ئازەربایجانی سۆڤیەت بوو. لەو سەردەمە دا عەسکەر لە باکۆ دەژیا و بۆ خوێندنی باڵا لە بەشی مێژوو هاتبووە سانت پێترسبورگ.

قاسملوو تەنیا ماوەی دوو کاتژمێری هەبوو تەماشای مۆزەخانە بە ناوبانگەکەی (ئەرمیتاژ) بکا. پێکەوە لە ناو باڵەخانەی زستانە ئەم دوو کاتژمێرەمان بردە سەر. قاسملوو بەشەوقەوە رووی دەکردە من و سەری با دەدا بەوەی ئامۆژگاکەم لە باڵەخانەی میخایلۆڤک لە نزیک ئەرمیتاژەوەیە، دەیوت: تۆ زۆر بەختیاری هەموو رۆژ لەو دیوو لەم دیوەوە بە پێش دەرگاکانی ئەرمیتاژ تێدەپەری.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەپاش بینینی ئەرمیتاژ بۆ ماوەیەکی کەم سەری لەبەشی کوردۆلۆجیی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی دا، لەگەڵ کارگەرە زانستیەکان دا ئاشنایەتیی پەیدا کرد، بەتایبەتی قەناتی کوردۆی سەرۆکی بەش. لەو ماوە کەمەدا قاسملوو زۆر بە تەنگەوە بوو چاوی بە (بالی)ی (دەریاچەی سۆنە)ی چایکۆڤکسی بکەوێ. دەیوت: کارێکی چاکە لێرە یا لە مۆسکۆ چاوم پێی بکەوێ، بەڵام ئەمە کارێکی قورسە چونکە هەموو کات پێشان نادرێ و بلیتیش زۆر بە زەحمەت دەست دەکەوێ.

ڕێکەوتێکی سەیر بوو، وتم: ئەگەر ئەم شەو چاوت بەو بالیەیە بکەوێ چی دەڵێی؟ وتی: ئەمە گاڵتەیە و هەر نابێ! وتم: ئەگەر بوو؟ وتی بۆ تۆ خرۆشۆڤی؟ بە پێکەنینەوە وتم؛ ڕەنگە.ماوەی دوو مانگ پێش ئەو کاتە بلێتی دوو کەسم دەست کەوتبوو بۆ ئەو بالیەیە و ئەو شەوەی قاسملوو لەگەڵ منداا بوو پێشان دەدرا.. سەردەمێکی گیانی و سۆزی ڕۆمانتیکیمان پێکەوە بردە سەر لە شانۆی گەورەی سانت پیترسبورگ بە دەگمەن ئەو چێژە هونەرییە بەرزە حەقیقییە لە سیاسییان دا دەردەکەوێ. بەڵام بەڕاستی قاسملوو نموونەی ئادەمزادی هوشیاری تێکۆشەری خەباتگێڕی زانای نووسەری هونەروەر بوو، دەیتوانی لە ژیانی پراکتیکی تایبەتی خۆی دا بەشی هەموویان بپارێزی و جێیان دیاری بکا.

## لەبەغدا لە ساڵی ١٩٦٧ەوە تا ساڵانی سەرەتای حەفتاکان:

ئەو ساڵەی بە یەکجاری لە ڕووسیاوە گەڕامەوە بەغدا (١٩٦٨) و لەزانستگای بەغدا بە مامۆستای ئەدەبی کوردی دامەزرام قاسملوو لە بەغدا بوو. بێ گومان خەریکی کارو باری سیاسی بوو لەگەڵ هاوڕێکانی و دەیانویست نێوەندی جموجۆلی حیزبایەتییان بگوێزنەوە بەغدا. لەو ماوەیە دا بە تایبەتی لە دوای بڵاوبوونەوەی بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی نێوان دەوڵەتی مەرکەزیی عێراق و شۆڕشی کورد بە فەرماندەیی مەلا مستەفا بارزانی ڕێگە خۆشتر بوو بۆ کاروباری قاسملوو و هاوڕێکانی.لەو ماوەیە دا وەکوو خۆیان دەیانوت ماڵی ئێمە لە گەڕەکی داوودیی مەنسوور لە بەغدا یەکێک بوو لە ماڵەکانی خۆیان، هاتنیان بۆ لای ئێمە حەفتانە بوو. لە هەموویان زیاتر قاسملوو خۆی هاتوچۆی ماڵی ئێمەی دەکرد، ئیتر هێمنی شاعیر و عەبدوڵڵا حەسەن زادە و کەریمی حیسامی و هی تریان هەمیشە ئێمەیان بەسەر دەکردەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو ماوەیەدا بوو، قاسملوو دەیوت بۆ جاری دووەم نامەی دوکتورایەکەی لە بابەت کورد و کوردستانەوە - لەوە پێش لە شاری پراگ بۆ جاری یەکەم بە عەرەبی بڵاو کردبووەوە. لە بیرووت بڵاوی بکاتەوە. ئومێدی زۆری بەمن بوو ئەو کارەی بۆ بە ئەنجام بگەیەنم، بەتایبەتی لەنامەنووسین دا بۆ ئەو بڵاوەخانەی بێرووت کە کتێبەکەی چاپ دەکردەوە. بەڵام داخی گرانم کە کتێبەکەیان چاپ و بڵاو کردەوە. لە مەرجەکانی قاسملوو لایان دابوو، لەبەر ئەوە ناچار بوو بەیانێک لە رۆژنامەی(التاخی = برایەتی)ی بەغدا بڵاو بکاتەوە و ئەم چاپەی کتێبەکە بە هی خۆی نەزانێ.

لە نیوەی یەکەمی حەفتاکان دا هەرچەندە قاسملوو مەڵبەندی ژیانی لە بەغدا بوو، بەڵام گەشتی دەرەوەی زۆر بوو. لەو سەردەمە دا رۆژنامەی (کوردستان)ی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە رێکوپێکی بڵاو دەکرایەوە. دەنگێکی باشی هەبوو و سەرچاوەیەکی گرنگ بوو لە پراکتێکی دروستکردنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی.رووداوەکانی بەهاری ١٩٧٤ و کشانەوەی شۆڕشی کوردستانی عێراق بۆ ناو شاخ و نوشوستیيەکەی بەهاری ساڵی ١٩٧٥ کاری گەورەی کردە سەر دوا رۆژی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، بێگومان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران واتە قاسملوو هاوڕێکانی ئەوانیش تووشی چەرمەسەری بوون.

جارێکی تریش هەندێکیان روویان کردە زێدو مەڵبەندی خۆیان، هی تریش بۆ هەندەران، بەم شێوەیە جارێکی دیکەش لەگەڵ قاسملوو لە یەکتری دابڕاین،ئیتر شەڕی نێوان ئێران و عێراق دەستی پێکرد، من خانەنشین کرام و لە زانستگای بەغدا دوور خرامەوە (١٩٨١) ئینجا رووم کردە وڵاتی جەزائیر و لەزانستگای عەننابە دامەزرام، قاسملووش خەریکی سیاسەت و حیزبایەتی بوو لە نێوان کوردستان و عێراق و ئێران و ئورووپا دەسووڕایەوە. باوەڕ ناکەم لەو ماوەیە دا ئەو منی لە بیر کردبێ، یا من ئەوم لە بیر کردبێ. بە نامە و راسپاردە یەکترمان بەسەر دەکردەوە، وەفای بەرامبەر بەمن و بنەماڵە و خیزانمان بێ سنوور بوو، لە ساڵی ١٩٨٣ - ١٩٨٤ کە بەسەر هەولێر تێدەپەڕی و دەچوو ناو شاخ لە خێزان و ماڵی ئێمەی دەپرسی و بە خەڵکانی خۆی ڕادەگەیاند ئاگاداری منداڵەکانم بن لە هەولێر.

قاسملوو دۆستێکی باش بوو، ئاگاداری هەموو کاروبارێکی ورد و درشتی ژیان بوو، هەموو رووداوێکی پێوەندی بەخۆی و کەسوکاری و حیزب و هاوڕێ و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

برادەرانیەوە بوو، کاتێ بۆ دەرەخساند بیری لێ بکاتەوە و دەست بۆ هەموو جۆرە چاکە و کردەوەی باش درێژ بکا.

## لە ساڵی ١٩٨٦ لە پاریس

لە دوا رۆژانی مانگی ئاگۆستی ساڵی ١٩٨٦ ئێواریکیان ماڵاواییم لە کوردناسی فرەنسی جۆیس بڵاو کرد. بەناوی ئەوەی لە دوای دوو رۆژ دەگەرێمەوە جەزائیر. شەوی پێش ئەو رۆژە قاسملوو گەیشتبووە پاریس و بیستبووی من لەوێم و لە پاش دوو رۆژی تر دەگەرێمەوە. شەو تەلەفۆنم بۆ کرا بۆ نیوەرۆی رۆژی دوایی برادەرێکی خۆشەویستم دەمێکە منی نەدیوە لە ریستورانێکی چینی بەرامبەر کلیسەی نۆتردام چاوەنۆرم دەبێ.پێش بینینی هەستم کرد دەبێ ئەم برادەرە قاسملوو بێ، بەراستییش ئەو بوو. دانیشتن و کۆرێکی لەبیرنەکراو بوو، بەدەم نانخواردنەوە نزیکەی سێ کاتژمێر دەمەتەقێ بوو. قاسملوو و قادریی هاورێی مەسئوولی رێکخراوی ئورووپایان لە گەڵ جۆیس بڵاو و کچێکی فەرەنسی رۆژنامەنووسی کۆمۆنیست. بە قاسملووم وت: ئەم کچە جوانەت بۆ هێناوە، خۆ من فەرەنسی نازانم وتی: بۆیە بانگم کردوە چونکە ئەو رووسی دەزانێ، من چۆن یەکێک بانگ دەکەم بۆ میوانداریی تۆ، زمانێک کۆتان نەکاتەوە.لە ماوەی ئەو سێ کاتژمێرە دا بایی سێ رۆژ گفتوگۆمان کرد، یادگارێک بوو بە هیچ جۆرێ لە بیر ناچێتەوە. بەتایبەتی لەپاشانا کە قاسملوو و هاورێکانی بە دەستی چەپەڵی دوژمنانی کورد شەهید کران ئەو سێ کاتژمێرەی پاریس لەحوزووری عەبدولرەحمان قاسملوو دواماڵئاوایی بوو و جارێکی تر چاومان بە یەکتری نەکەوتەوە.

قاسملوو گیتی‌یەکی بێ‌پایان بوو لە سۆز و کۆشش و جوامێری و نیشتمانپەروەری و رۆشنبیری و هەستی ناسکی شاعیرانەی گەلێ رەوشتی مرۆڤایەتی بە دەگمەن لە تاکە کەسێک کۆ دەبێتەوە. قسە لەو بابەتەوە لای من زۆرە. گیتیی قاسملوو بەرز و فراوانە، جارێ با ئەمەندە بەس بێ تا کاتی خۆی.

* نەمری بۆ یادی شەهیدی کورد عەبدولرەحمان قاسملوو و هاورێیانی

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ پووشپەری ١٣٧٨ - جوولای ١٩٩٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چەند وشەیەك بە داوێنی یادی پیرۆزی دوكتور قاسملووەوە

**محەممەدی مەلا کەریم**

ناسیاویم لە گەڵ نەمر دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو ئەگەڕێتەوە بۆ دووهەمین ساڵی شۆڕشی پیرۆزی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی عێراق. لە ئەنجامی ئەو رووداوە مەزنە، بەهۆی ئەو دەوارە رەش و سەنگینەی تیرۆری کوشتوبڕو زەبروزەنگی رژێمی کوودەتای خوێناویی شا - شواتزکۆف - زاهیدیی‌یەوە بەسەر سەرانسەری ئێران و گەلانی ئێران دا هەڵدرابوو، کۆمەڵێکی زۆر لە خەباتکارانی ئێرانی لە کورد و فارس و گەلانی تری ئێرانی روویان کردە عێراقی ئازادی و دیموکراتی و شۆڕش. یەکێکیش لەوانە دوکتور قاسملوو بوو کە ئەو سەردەمە بەشبەحاڵی ئەوانەی ڕووبەڕوو نەیان ئەناسی، بە «عەبباسی ئەنوەری» ناوبانگی دەرکرد بوو.

عەبباسی ئەنوەری یا دوکتور قاسملوو، بە عێراق و کوردستانی عێراق نامۆو نائاشنا نەبوو. ئەو، ئەوەندی من پێ‌بزانم، یەک دوو ساڵ پێش شۆڕشیش لای کەمی جارێکی تر لەرێگای قەڵادزەوە هاتبووە کوردستانی عێراق و لەوێوە گەیەنرابووە بەغدا و لەوێشەوە دەرفەتی سەفەری بۆ دەرەوە بۆ رەخسێنرابوو. لەبەر ئەوە کە پاش شۆڕش گەڕابۆوە، کۆمەڵێ دۆست و برادەری کۆنی هەبوو و کۆمەڵێکی تریشی بۆ پەیدا بوو کە خۆشبەختانە بەندە یەکێکیان بووم.

من، دوکتور قاسملووم لە رێگای دۆستی دێرینم خوالێخۆشبوو کاک نەژادی ئەحمەدی عەزیزئاغا و برادەری خۆشەویستم دوکتور عیزەددەین مستەفا و نیشتمانپەروەی شەهیدی ئێرانی پەرویزی حیکمەتجووەوە ناسی، ئەو ماوە کەمەی پێش دەرپەڕاندنی دوکتور لە عێراق کە پێوەندیی دۆستایەتیم لە گەڵی هەبوو چەند جارێ رێ کەوتوە کۆبوونەوەی چەند دۆست و برادەری هەر دووکمانی خستووەتە یەک و پێکەوە دانیشتووین لە زۆر بابەت دواوین کە زۆرتریان سیاسەت بووەو، منیش لەو گفتوگۆیانە دا چەردەیەک بەشداریم بووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو ماوەیەدا تازە بەشی کوردیی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا کرابووەوە. کۆمەڵێ پسپۆری ئەدەبیاتی کوردی وەک مامۆستا گۆران و مامۆستا عەلادین سەججادی و جگەر خوێن موحازەرەیان تیا ئەدا. دوکتور قاسملوویش موحازەرەی لە بابەتی ئابووری دا ئەدا. بە دەرکرانی دوکتور لە عێراق قوتابی‌یەکانی لە مامۆستایەک بێبەش کران کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی خوێندنا ئابووریی کوردستان، تێکڕای کوردستانی، بۆ لێک ئەدانەوەو، بەپێی بەرنامەیەکی زانستی یانە بابەتەکەی بۆ شی ئەکردنەوە.

دواجاری کۆبوونەوەی ئەو ماوەیەم لەگەڵ دوکتور لە ماڵی خۆیانا بوو و، بەبۆنەی بڕیاردانی دەرکردنی و خۆ ئامادەکردنیەوە بوو بۆ ڕۆیشتن و بەجێهێشتنی عێراق... هەر لەو دانیشتنە دا بوو ئەتلەسێکی گەورەی هەموو کیشوەر و وڵاتانی جیهانی دامێ کە لە گەڵ جیۆگرافیایەکی بەربڵاوی وڵاتانی جیهان دا بە رووسی لە مۆسکۆ لە چاپ دراوە. دوکتور خۆی لەو ئەتڵەسە دا پێشانی دام کە چۆن لە نەخشەی سروشتیی ڕۆژهەڵاتی نزیکی ئەو ئەتڵەسە دا لەسەر ناوچەی کوردستان ناوێکی «کوردستان»ی لێ نووسراوە، بەشێکی زۆری ناوچەکەی گرتووەتەوە. ئەتڵەسی باسکراوم، ئێستایش، وەک سەرچاوەیەکی بەنرخ و یادگاری دۆستێکی ئازیزی خۆم هەڵگرتوە.

پاش ئەوە ئیتر هەتا پاش ڕێکەوتنەکەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ و بەیەک گەیشتنەوەی زۆر لەو دۆست و برادەرانەی بە هۆی بارودۆخی نالەباری ساڵانی پێشترەوە بەملاولادا بڵاوەیان کردبوو، دوکتورم نەدییەوە، ئەو جارە کە دوکتور هاتەوە عێراق تا ناوەڕاستی ١٩٧٤ و تازە بوونەوەی جەنگ لە کوردستان بەیناوبەین یەکتریمان ئەدی. لەم دەمەدا دوکتور ئەندامی کارای کۆڕی زانیاریی کورد بوو، لە وەزارەتی نەخشەکێشانی عێراقیش دا پسپۆڕ بوو. هەر لەو ماوەیە دا بوو چاپێکی دەسکاری‌کراوی عەرەبی و یەکێکی دیی کوردی کوردستان‌و کوردەکەی لە بێرووت و بەغدا بڵاو کرانەوە. ئەم کارە دەرفەتی ئەوەی بۆ خوێندەوارانی عەرەب و کورد رەخساند کە لە نزیکەوە دوکتور بناسن و بەرهەمی باشتریان لە زانستی دەسگیر ببێ.

هەڵوێستی سیاسیی دوکتور و حیزبەکەی لەدوادوایی ئەم قۆناغەدا بە دوای وەستاندنی شەڕی براکوژی لە کوردستان و گەڕانەو بۆ سیاسەتی چارکردنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەسەلەی کورد لە ڕێگای ئاشتی‌یەوە، ئەو مەسەلەیەی گەیشتووە تەنگەلانێکی زۆر خەتەرناک. وەک پاشتریش بۆ هەموان روون بووەوە، هەڵویستی هیچ لایەک لەو لایەنانەی لەگەڵ مەسەلەی کورد دان‌وستاندنیان هەبوو، نەگەیشتووەتە ئاستێکی دووربینانەی بڵند و باڵای وەک ئاستی ئەو هەڵوێستەی ئەوان وەریان گرت.

قۆناغێکی تری یەکتردیتنەوەمان لەگەڵ دوکتور پاش شۆڕشی دەست بەسەر داگیراو و بەئاکام نەگەیشتووی گەلانی ئێران بوو. پاش بەرەنگاری یەکتر بوونەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و رژێمی حوکمڕانی نوێی ئێران و لەئەنجام دا داگیرکردنەوەی ناوچە لە کۆنترۆلی دەوڵەت‌دەرچووەکانی کوردستان کە دوکتورو حیزبەکەی ناچار بوون بنکەی خۆیان بگوێزنەوە بەری کوردستانی عێراق و، ئیدی دوکتور گەلێ جار سەری لەبەغدا ئەدا و بەندەیش گەلێ جار ئەچوومە سولەیمانیو دیداری دوکتورم چەند جارێ بە درێژی بۆ رەخسا. لەو دەرفەتەدا بوو و دوکتورناملکەیەکی، وەک بەشێک لە ئەدەبییاتی حیزب، بڵاو کردەوە: کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم و، بەش بەحاڵی جۆری بیرکردنەوەی برێکی زۆر لە سۆسیالیست و چەپڕەوەکانی ئەو ناوچەیە شتێکی نوێ بوو، هەروا بە ئاسانی بۆ هەموو کەس قووت نەئەچوو. ئەم ناملکەیە نیشانەی ئاسۆیەکی بەڕاستی کراوەی دوکتورە کە دەمێ‌ساڵ بوو لای ئەو چەکەرەی کردبوو و سەری هەڵدابوو و ئەرک و مەینەتی زۆریشی لە ئورووپا لە ڕێگای ئەو ئاسۆبیری‌یە دا هاتە رێ. من دڵنیام ئەگەر دوکتور بە هۆی نیازپاکی و دەروون‌خاوێنیی خۆیەوە نەبووایە بە دوای ئەو پیلانەوە کە تێرۆریستەکانی رژێمی ئێران بۆیان نایەوە و تا ئەو رۆژە پڕگەردەلوولانەی ئەمڕۆ بمایایەتەوە، دەروێکی گەلێ دیاری لە دیاری‌کردنی چارەنووسی دوارۆژی گەلی کورد دا لە هەر پارچەیەکی کوردستان و بە تایبەتی لە کوردستانی ئێران و عێراقا ئەدی.

دوکتور قاسملوو سیاسەتمەدارێکی زاناو دیپلۆماتێکی هەڵکەوتوو بوو، شارەزای سیاسەتی جیهانی و هێڵی رەوتی بەرەو دوارۆژ بوو، بەڵام بەداخەوە لە کەفوکوڵی ئەو جۆش‌وخرۆشە دا کە شۆڕشی ئێران لە ئەنجامی توورەیی و کینەی ساڵەهای ساڵ پەنگ‌خواردووەی دڵ و دەروونی جەماوەری گەلی ئێرانا کە دەرفەتی دووربینی و بیرکردنەوە و پەندوعیبرەت‌وەرگرتن لەڕووداوەکانی پێشووی ئێران خۆی و وڵاتانی دراوسێ بۆ هیچ کام لە پێشەنگە سیاسی‌یەکانی ئەو جەماوەرە نەئەڕەخسا، لە توانایا نەبوو دەست بەسەر رەوتی رووداوەکانا بگرێ بە جۆرێکی بەڕێوەبەرێ لەو کەندو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆسپانەی بپارێزی. پاشان هاتنەڕێی و ئاکامەکەی ئەوە بوو بەهۆی دەستگرتنی تاقمێکی پاشکەوتووی بەعەقلی سەدەکانی ناوەڕاست بیرکردووەوە، بەسەر کوردستان و گەلی کورد و هەموو گەلانی ئێرانا هات و زەبروزەنگ و کوشتوکوشتاری ئاشکراو نهێنی هەموو کون و قوژبنێکی وڵاتی گرتەوە و، لەدرێژەکێشانی ئەو بارە نالەبارە دا، نەک هەر بزووتنەوەی گەل تێکشکا، بەڵکوو دوکتور خۆیشی و کۆمەڵێ لە سەرکردەکانی حیزبەکەی و سەدان لە هاوڕێیانی لەو گەرداوە دا سەریان تیا چوو، سەرەڕای ئەو زەرەروزیانە بێ شومارەیەش لە گەلی کورد و لە ئاوەدانی و سامانی کوردستان کەوت.

بەڵام لەگەڵ ئەمەیش گشتی، ڕێگای خەبات هەمیشە بەرێبوارانی کوڵنەدەری هەر ئاوەدان بووە و کاروانی تێکۆشان قەت پاڵی لێ نەداوەتەوە و سڵی نەکردووەتەوە. ڕەوڕەوەی مێژوو هەمیشە هەر بۆ پێشەوە ڕۆیشتوە و ئەڕوا و هەموو بەڵگە و نیشانەیەکیش وا ئەگەیەنێ هەوری رەشی ئاسمانی کوردەواری لەڕەوینەوەدایە و، سەدەی دادێ مژدەی خۆشی بەمرازگەیشتن و وەدەست هێنانی ئازادی و دێموکراسی و هاوسانیی بۆ کوردیش پێیە.

دەسا هەمیشە هەر بەرز و شەکاوە بێ ئاڵای پیرۆزی قازی محەممەد و سەیف و سەردی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی و دەیان و سەدان هاوڕێی بۆ کورد و کوردستان لە گیان بووردوویان!

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ پووشپەری ١٣٧٨ - جوولای ١٩٩٩


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چەند بیرەوەری دەربارەی دوکتور قاسملوو

**دوکتور مەحموود عوسمان**

لەبەر ئەوەی کە نزیکەی سێ دەیە پێوەندیی نێزیکم هەبوو، لە گەڵ شەهید د. قاسملوو دا و تا ڕادەیەک شارەزای بیروڕا و بۆچوونی بووم بە پێویستی ئەزانم بەبۆنەی تێپەڕبوونی دە ساڵ بەسەر شەهیدکرانی دا زۆر بە کورتی ئاماژە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەم دەربارەی، کە زیاتر لایەنی جۆری بیرکردنەوەی و خەباتی ئەم تێکۆشەرە ناسراوەی گەلی کورد دەرئەخەن بۆ ئەوەی زیاتر ئەم کەسایەتی‌یە لە لایەن نەتەوەکەمانەوە بناسرێت:

١- شەهید تا ڕادەیەکی زۆر بیرکردنەوە و بۆچوونی ستراتیجیکیی هەبوو بۆ کێشەی کورد، دووربین بوو لە چۆنیەتیی هەڵسەنگاندن و چارەسەرکردنیان، لەبەر ئەوە بە ئاسۆیەکی فراوان تەماشای وەزعی کوردستانی ئەکرد و دوور بوو لە ڕەفتاری تەسکی حزبایەتی. بۆ نموونە لە ساڵانی ١٩٧٥ - ١٩٧٢ پاش بەیانی ١١ی ئازار کە توندو تیژیی یەکجار زۆر هەبوو لەنێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و بەغدا کۆسپ زیاد ئەبوون لەسەر ڕێگای جێبەجێکردنی بەیانی ئازاری ١٩٧٠، د. قاسملوو کە پێوەندی و ڕێزی هەبوو لەلای سۆڤیەتەکان و لای بەغدا و لایەنی تریش، تارادەیەک هەوڵی زۆری دا بۆ لابردنی کۆسپەکان و چەسپاندنی ئاشتی بە هاوکاریی ناوبژیکەرانی تر، لەگەڵ ئەوەش کە لە کوردستانی عێراق لەو کاتە دا حزبی دێموکڕات وەزعی باش نەبوو... بەتایبەتی کە شۆڕشی ئەیلوول ڕۆژبەڕۆژ پەیوەندیی لە گەڵ تاران و پێویستی بە کۆمەکی ئێران زیاتر ئەبوو، لێرە دا دیارە د. قاسملوو پێی باش بوو ئەو سەرکردایەتی‌یە سەرکەویت و ئاشتی بچەسپێت لەم پارچەیەی کوردستان کە بۆ ئایندەی هەموو کوردستان هەنگاوێک ئەبوو بۆ پێشەوە، وە لێرەدا لە بەردەمی بەرژەوەندیی تەسکی حزبی خۆیان ئەوەستا.

هەروەها دیمان کە پاش ئەوەی ئەم ئاشتی‌یە نەچەسپا و شۆڕشی ئەیلوول تووشی نسکۆ بوو لە ساڵی ١٩٧٥، د. قاسملوو کە کاری هەبوو لەبەغدا و لەوێ ئەژیا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و لەرووی سیاسییشەوە چالاکیی ئەکرد، بەپەلە هەنگاوی نا بۆ بەجێهێشتنی بەغدا و لەگەڵ زۆربەی سەرکردایەتیی دیموکڕات کە لەوێ بوون، چوونە دەرەوە بۆ ئەوەی لەعێراق نە مێننەوە، نەوەک رێژیمی بەغدا هەوڵ بدات سوودیان لێ وەربگرێت بۆ هەر جۆرە دژایەتییەکی کوردی عێراق کە لەو کاتە دا وەزعیان باش نەبوو پاش هەرەسهێنانی شۆڕش.

٢- ڕاستە کە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەبەر خەباتی چەکداری کە تووشی ببوو، پێوەندیی هەبوو لە گەڵ ڕێژیمی عێراق بەڵام دوکتور قاسملوو... بەدرێژەی شەڕی ئێران (١٩٨٨ - ١٩٨٠) زۆر لای گرنگ بوو کە حزبی دیموکڕات تێکەڵاوی لەگەڵ هێزەکانی عێراق زۆر کەم بکاتەوە، نەوەک تووشی تێکەڵاوی و شەڕکردنی هاوکات یان هاوبەش ببێ لە گەڵیان دژی هێزەکانی ئێران واتە هەستی ئەکرد کە پێوەندی لە گەڵ بەغدا ئەبێت و ناتوانرێت خۆی لێ لابدرێت، بەڵام ئەبێت سنووری بۆ دابنرێت لە سەر حیسابی کوردی عێراق نەبێت.

٣- لەبەر ئەوە د. قاسملوو خاوەنتوانا بوو لە چالاکی سیاسی و دیپلۆماسی و چەند زمانێکی بیگانەی ئەزانی و لەدەرەوە خوێندبووی و ماوەیەک ژیابوو، شارەزایی لەوەزعی دەرەوە هەبوو، لەسەر ئاستی جیهانی پێوەندیی زۆر پەیدا کردبوو لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئوروپا و ڕێزی هەبوو بەتایبەتی لە لای حزبەکانی سۆسیال دیموکڕات. بەم پێیە پەیوەندیی لە گەڵ ڕێکخراوی جیهانی سوسیالیست ئەنترناسیونال زیاتر ببوو و دەوری هەبوو لە وەرگرتنی حزبی دیموکڕات وەکوو چاوەدێر لەو ڕێکخراوە دا. جگە لەوە دەورێکی گرنگی هەبوو لە بەستنی کۆنفرانسی جیهانیی گرنگی ١٩٨٩ لە پاریس لەسەر کەیسی کورد. ئەگەر چی خۆی فریا نەکەوت بە داخەوە تێیدا بەشدار بێت.

لە لایەکی ترەوە لە کاتێک دا دژی تیرۆرو بەکارهێنانی زۆر بوو و بڕوای وابوو کە هەموو کێشەیەک زیاتر دەبێت بە دیالۆگ و ئاشتی چارەسەر بکرێت و بڕوای بە ڕێزلێنانی مافی مرۆڤ هەبوو و بەم پێیە لەسەر ئاستی دەرەوە زیاتر ناسرابوو، بەڵام کەپێویست ئەبوو دیمان لە کوردستانی ئێران و عێراق چۆن وەکوو پێشمەرگەیەک چەکی لە شان بوو لە گەڵ هێزەکانی حزبی دیموکڕات بۆ بەرگری لە مافی گەلی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کورد دژی هێرشەکانی ڕێژیمی داگیرکەری تاران لە گەڵ وەزعی ناخۆشی ناو شاخ و داخ گونجا بوو، واتە شەهید د. قاسملووم دیوە و ناسیوە وەکوو سەرکردەیەکی خاوەنتوانا و لێهاتوو لە دەرەوەو لە ناوەوە و لە زرووفی جیاواز دا، کە بەداخەوە لە کیسی کورد چوو و بەو شێوە پڕناسۆرە.

لەبەر ئەوەی کورد قەوارەی نیە و ئیعترافی پێنەکراوە و داگیرکەران هەمیشە دژی بوون و دەوڵەتە گەورەکان غەدریان لێکردوە، زۆر لە سەرکردە ناسراوەکانی کوردستان فێڵ و غەدری گەورەیان لێکراوە و زۆر شەهیدیش کراون، بەم پێیە وەکوو شێخ مەحموود حەفید، شێخ سەعید، سەید ڕەزا و ئیحسان نووری پاشا، سمکۆ و قازی محەممەدو بارزانی هەر بەم شێوەیەش خوێنی د. قاسملوو و هاوڕێکانی هەرزان کراو بە غەدر شەهید کران لەلایەن ڕێژیمی تارانەوە و لە کاتی گفتوگۆی ئاشتی، پێش دەساڵ لە ١٣ - ٧ - ١٩٨٩ لە شاری ڤیەننا و دیمان چۆن نەمسا کە وڵاتێکی ئەورووپیی‌یە بکوژەکانی بە ئەمینی ناردەوە تاران و هەموو یاساو سەرەتا و بناغەیەکی مرۆڤایەتیی خستە ژێر پێوە.

ئێستاش کە یادی ١٠ ساڵەی شەهید قاسملوو ئەکەینەوە ئەبینین کە هەمان فێڵ و غەدر لە گەڵ عبداللە ئۆجەلان کرا کە ئێستا لە ژێر مەترسیی لەسێدارەدانە لە تورکیا. واتە دژایەتیی کورد و دانەنان بەمافەکانی دا و غەدر لێکردنی لە لایەن کۆمەلگای نێونەتەوەیی‌یەوە بەردەوامە.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید دوکتور عبدالرحمن قاسملو و هەڤاڵ عبداللە قادری و فاضل رسول و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان.

سەرکەوتوو بێت خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران تا گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی.

لەندەن ٣١ - ٥ - ١٩٩٩

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ پووشپەڕی ١٣٧٨ - جووڵای ١٩٩٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو زیندووە و هەرگیز نامرێ

**کارزان**

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ بەرامبەر بە سێزدەهەمی ژووئیەی ١٩٨٩ ڕووداوێکی خوێناوی و سامناک لە شەقامی ئینديستراسی وییەن ڕووی دا کە دۆستان و ئۆگرانی گەلی کوردی لە سەرانسەری جیهان و هەموو ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە ماف و عەداڵەت هەیە بە گشتی و گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستانی بەتایبەتی هەژاند.

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و عەبدوڵڵا قادری نوێنەری حیزب لە ئورووپا و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ کوردی عێراق و دۆستی حیزبی دێموکڕات بە مەبەستی بەشداریکردن لە چاوپێکەوتن و «وتووێژ» لەگەڵ بەناو هەیئەتی نوێنەرایەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ، چوونە ساختومانی دیاریکراو بۆ ئەم مەبەستە.

دیپلۆمات - تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بریتی بوون لە سێ کەس بە ناوەکانی محەممەد جەعفەری سەحراروودی، حاجی مستەفەوی و ئەمیر مەنسووری بوزورگیان. ئەو سێ کەسە ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕەفسەنجانییەوە بۆ شەهیدکردنی ڕێبەری زانای حیزب و هاوڕێکانی لە تارانەوە ڕەوانە کرابوون و پاسپۆرتە «دیپلۆماتیک»ە کانیشیان لە لایەن وەزیری دەرەوەی ئەو کات ویلایەتییەوە ئیمزا کرابوون.

تا ئێستا لەسەر ئەو ڕووداوە تاڵ و دڵتەزێنە زۆر شت گوتراوە و نووسراوە، کەوا بوو هەرچی لەم بارەیەوە بگوترێ، ئەوپەڕەکەی دەتوانی پێداگرتنەوە و دووپاتکردنەوەی هێندێک لە ڕاستییەکانی بێ. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئیشارە بە چەند خاڵ بە باش دەزانین:

١- شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو ئەم ڕاستییەی بەڕوونی دەرخست کە کەسایەتییە گەورەکان تەنانەت بەمردنەکەشیان شوێنەواری زۆر گەورە لەسەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوڕەگەز و هاونیشتمانانی خۆیان دادەنێن. کەوابوو پێش هەموو شتێک بەرهەمی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە بەهێزبوونی گیانی هاوپێوەندی و یەکیەتی لە نێو چین و توێژەکانی گەلی کورددا بوو، گەلێک کە هەم لە نێوخۆی کوردستان و هەم لە دەرەوە چ بە بەشداریکردن لە ڕێورەسمی بە خاکسپاردنی دوکتور و هاوڕێکانی لە پاریس و چ بە ناردنی نامە و پەیامی سەرەخۆشیی بێئەژمار بۆ دەفتەرەکانی نوێنەرایەتیی حیزب و سەرەنجام چ بە پێکهێنانی مەجلیسی سەرەخۆشی و خۆپێشاندان (لە هەرکوێ ئیمکانی هەبوو) ڕێز و حورمەتی خۆیان بۆ ئەم گەورە پیاوە دەربڕی و بەمجۆرە هەنگاوێکی دیکەیان بە مەبەستی یەکیەتی و هاوپێوەندی هەڵێنایەوە.

٢- بەشداریی هەرەزۆری ڕێکخراوە و حیزبە سیاسیی‌یەکانی ئێران و کوردستان (هەموو بەشەکانی کوردستان) و هەروەها نوێنەری زۆر حیزبی سیاسیی ئورووپا، بەتایبەتی حیزبە سۆسیالیستەکان، چەند وەزیری دەوڵەتی فەرانسە، لەوانە وەزیری نێوخۆ، وەزیری پەروەردەوفێرکردن، سکرتێری وەزارەتی دەرەوە و، هەروەها ڕۆژهەڵاتناسە بەناوبانگەکان و کەسایەتی‌یە ئەدەبی و کۆمەڵایەتی یەکانی فەرانسە نیشانەی وەڕێکەوتنی شەپۆلێکی گەورەی نەفرەت و بێزاری لە عامیلانی ئەو جینایەتە سامناکە بوو. دەنگدانەوەی ئەم شەپۆلە بەهۆی رادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکان و چاپەمەنیی سەرانسەری جیهان زیاتر لەهەر دیاردەیەکی دیکە زۆرلێکراویی گەلی کوردی بۆ خەڵکی جیهان دەرخست. ڕاستی‌یەکی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە بەشێک لە خەڵکی جیهان تا پێش ئەم کردەوە جینایەتکارانەیەی وییەن یان هەر لە بنەڕەتڕا ئاگایان لە بوونی نەتەوەیەک بەناوی کورد نەبوو یان لێرەو لەوێ هێندێک شتیان لەو بارەیەوە بەرگوێ کەوتبوو کە ئەوەش بەهۆی تەبلیغاتی دوژمنانی کورد کاری نەدەکردە سەر بیروڕایان تا هاودەردی لە گەڵ گەلی ستەملێکراوی کورد بکەن، بەڵام شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و دەنگدانەوەی هەواڵی شەهیدبوونی لەرادەی جیهانی دا، هەستی دۆستایەتیی بەشێکی بەرین لە خەڵکی جیهانی بۆ لای خەباتی گەلەکەمان بەمەبەستی وەدەستهێنانی ماف و ئازادی‌یەکانی وەجۆش هێنا.

٣- هەڵوێستی دەوڵەتی ئۆتریش لەبەرامبەر ئەو جینایەتە و بەڕێوەبەرانی دا، تەنانەت لە هەڵوێستی ئەو دەوڵەتە لاواز و بەکرێگیراوانە کە لە بەرامبەر دەوڵەتە گەورەکان دا مل بۆ ڕێژیمی کاپیتولاسیۆن ڕادەکێشن ترسنۆکانەتر بوو، چونکە لەم جۆرە پێوەندی‌یانە دا ئەو تاوانبارانەی کە تاوانیان لێ ڕووداوە ئەگەر ئەو دەوڵەتانەش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که ملیان بۆ کاپیتولاسیون ڕاکێشاوە نەتوانن، لانی کەم دەوڵەتی خۆیان بە تاوانی جینایەت موحاکەمەیان دەکا.

بەدڵنیایی‌یەوە، دەتوانین بڵێین هەر لەو کاتەوە کە مەئموورانی پۆلیسی گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە، کاربەدەستانی قەزایی و زۆر بەرپرسی دیکەی بەڕێوەبەریی دەوڵەت هیچ شک و گومانێکیان لەوە دا نەبوو کە ئەو جینایەتە سامناکە لەلایەن کەسانێکەوە ڕووی داوە کە لە ژێر ناوی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامی دا هاتوونەتە ئەم وڵاتە. بەڵام بە دوور لە چاوەڕوانی و بەپێچەوانەی هەموو ڕێوشوێن و پێوانە قانوونی‌یەکان، دەوڵەتی ئۆتریش- کاربەدەستانی قەزاییش بە پێڕەوی لە دەوڵـەت - نەک هەر بچووکترین هەنگاوی قانوونی‌یان لە دژی جینایەتکاران هەڵنەهێنایەوە بەڵکوو حاجی مستەفەوی‌یان بە ڕێز و حورمەتەوە تا فڕۆکەخانە بەڕێ کرد تا سەرکەوتووانە! بگەڕێتەوە ئێران؛ «بزرگیان» یشیان پاش ٢٤ سەعات ئازاد کرد تا لە سەفارەتی ڕێژیم لە وییەن داڵـدە بدرێ و سێهەم کەسیش واتە سەحرارووودی پاش ئەوەی لە نەخۆشخانە هاتە دەر بەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە!! تا فرۆکەخانەیان بەرێ کرد.

لێرە دا دەبێ بگوترێ ئەگەر بەشێک لەخەڵکی ئەم جیهانە بە هۆی نەداری و دەستکورتی و نەخۆشیی جۆراوجۆر و بێبەشی لە زۆر ئیمکاناتی ژیان مەینەت دەچێژن ڕۆژانـە چەندین هـەزار کـەس - ڕەنگە دەیـان هـەزار کـەس- بەهۆی برسیەتی‌یەوە، گیانی خۆیان لە دەست دەدەن؛ ئەگەر لەزۆر وڵاتان دا، بەتایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم خەڵک لەژێر زوڵم و ستەمی حکوومەتە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرەکان دا دەناڵێنن و لەحکوومەتە سەرەڕۆ و ستەمکارەکان وەزاڵە هاتوون؛ دەوڵەتەکانی وەک ئۆتریشیش دیلی دەستی قازانجە ئابووری‌یەکانن کە لە ڕێگای پێوەندی‌یەکانی خۆیان لەگەڵ وڵاتانی دیکەوە، وەدەستیان دێنن، ئەم جۆرە دەوڵەتانە بە جۆرێک دیل و کۆیلەی ئەم جۆرە قازانجانەن کە لە بەرامبەر ڕووداوی وەک ئەو ڕووداوەی سێزدەی ژووئیەی ١٩٨٩ی وییەن دا ئامادەن هەموو قانوونەکانی ئەو وڵاتە و پێوانەکانی مافی مرۆڤ و ڕێوشوێنی زاڵ بەسەر پێوەندی‌یەکانی نێونەتەوەیی دا بخەنە ژێر پێ نەوەکوو قازانجەکانیان بکەوێتە مەترسی‌یەوە! لە ڕوانگەی ئەم جۆرە دەوڵەتانەوە مەسەلەی وەک دێموکراسی، ئازادی و مافی مرۆڤ ئەو کاتە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شایانی ئیعتیبار و گرنگیپێدانن کە لەگەڵ قازانجە ئابووری‌یەکانیان یەک بگرنەوە و زەرەریان پێ‌نەگا، ئەگینا پووشێک نایەنن.

سەبارەت بەم راستی‌یانەیە کە هەنگاوی دەزگای قەزایی ئەڵمان لەپێوەندی لەگەڵ بەڕێوەبردنی دادگای میکونووس‌دا گرنگی‌یەکی یەکجار زۆری هەیە، ئەگەر لیبراویی بێ‌ئەملاوئەولای دادستان، قازی‌یەکان و سەرۆکی دادگای بێرلین لەپێوەندی لەگەڵ ئەو بڕیارە مێژوویی‌یە دا کە لەسەر پەروەندەی میکونووسیان دەرکرد، لە ڕوانگەی هەموو ئەو کەسانەوە کە ئۆگری حەق و عەداڵەتن وەک نموونەیەک لە حەقخوازی و عەداڵەتپەروەری بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە، هەڵویستی سازشکارانەو قانوونشکێنانەی دەوڵەت و دەزگای قەزایی ئۆتریشیش وەک نموونەیەک لە ناحەقی و بێ‌عەداڵەتی، بەتایبەتی لە ویژدانی میللەتی کورد دا هیچ کات لە بیر ناچێتەوە و ئەوە زامێکە کە کەوتۆتە سەر دڵی یەکیەکی رۆڵەکانی ئەم گەلە و هەموو جارێ لە گەڵ وەبیرهێنانەوەی دوکتور قاسملوو دا تەشەنە دەکاتەوە. یاد و بیرەوەریی دوکتور قاسملوو بە تێپەڕینی رۆژگار لە بیر ناچێتەوە، چونکە ئەو نەمردوە و هەرگیز نامری.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ پووشپەڕی ١٣٧٨ - جوولای ١٩٩٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو ئاڵای ئازادیخوازی بوو

دوکتور موکەڕڕەم تاڵەبانی

دەمێک بوو دوکتور قاسملووم وەکوو خەباتکەرێکی کورد دەناسی، بەڵام کە لەهشتاکان دا بۆ ناوبژیکردن لەنێوان حکوومەتی عێراق و پارتە نیشتمانییەکان و بەتایبەت پارتە کوردستانی یەکان (یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عێراق) بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ئاشتی بۆ چارەکردنی کێشەی کوردی کوردستانی خواروو، چەند جارێک لە بەغدا لەگەڵ شەهید د. قاسملوو یەکترمان بینی هەر دووک لەو بڕوایەدا بووین کە دەبێت کێشەی کورد بە جۆرێکی ئاشتییانە چارە بکرێت، هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەکوردستان دا دەبووە هۆی دەرد و ئەشکەنجەیەکی زۆری میللەتی کورد و، تەنها سوودی بۆ دوژمنانی کورد و عەرەب بوو. ئەم ئاڵایە کە قاسملوو و شەرەفکەندی و د. فوئاد هەڵیان کردوە، ئەگەر ئازادیخوازێکی عەجەم یان تورک یان عەرەبیش هەڵیکەن، تووشی هەمان تاوان دەبن. ئایا د. قاسملوو و شەرەفکەندی هەر لەبەر ئەوەی کورد بوون شەهید کران؟

(ئۆجەلان) هەر لەبەر کوردایەتی دەبێت لەسێدارە بدرێت؟، ئایا بەندیخانەکان تەنها ئازادیخواهانی کوردیان تێدایە ؟ ئەو بیروباوەڕە کە قاسملوو و شەرەفکەندیو (اوج ئالان) هەیانە، گەر ئەمانە عەجەم و تورکیش بوونایە، کۆنەپەرستان و نەژادپەرەستان بەو بارتەیان دەبردن.

... د. قاسملوو دۆستێکی میللەتانی ئێران بوو، چونکە داوای چارەکردنی کێشەی میللەتی کوردی ئێرانی دەکرد. ئەوەیش لە قازانجی میللەتانی ئێراندایە. چونکە خەباتی ئەو میللەتانە دژی ئیمپریالیستەکان و کۆنەپەرستان بەهێزتر دەکات. ئەوانەی بەرهەلستیی مافی رەوای میللەتی کورد دەکەن، ئامادەن دەست لەقازانجی وڵات بۆ ئیمپریالیستەکان و کۆنەپەرستان هەڵگرن، بە مەرجێک مافی ڕەوای میللەتی کورد نەدەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی لە شەهید د. قاسملوو دا هەست دەکرا، جیاوازیی لە نێوان مافی میللەتی کورد لە کوردستانی دابەشکراو دا نەدەکرد. لەو بڕوایەدا بوو کە چارەکردنی کێشەی کورد لە کوردستانی عێراق دا، چارەی کێشەی بەشێکی میللەتی کوردە و ڕێگا بۆ چارەکردنی کێشەی بەشەکانی تری کوردستان خۆش دەکات. لەبەر ئەوە زۆر بە جەخت بۆ چارە کردنی کێشەی کوردی عێراق تێدەکۆشا و هاوکاریی لە گەڵ دەکردم.

سڵاو بۆ یادی شەهیدبوونی ئەو تێکۆشەرە ئازادیخوازەی میللەتی کورد. ئەو ئاڵایەی کە ئازادیخوازان لە سەرانسەری جیهان دا هەڵیان کرد، لەسەرانسەری کوردستانیش دا دەشەکێتەوە. تەماشای هەر کونجێکی ویژدانم دەکەم، شێوەی شەهید قاسملووی تێدا دەبینم.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ پووشپەڕی ١٣٧٨ - جوولای ١٩٩٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شەهید قاسملوو

**مسعود محمد**

لە گۆشەی پەنهان و پەسیوی نادیاری گەلانی جیهانی بەدبەخت و لێقەوماوان، لە ئاکامی ستەم و بێدادی بەردەوام دا دەرفەتێک دەڕەخسێت بۆ وەدەرنانی گوشاری پەنگخواردووی دێرزەمانەوە، لێرە و لەویَ، پرووشک و پۆلوو و بڵێسە رادەخزن وەک شیهابی هەمەڕەنگ و هەمەسەنگ ڕاوی عیفریت و شەیتانان دەنێن تا دوا ترووسکەی گیانەڵای شەهیدی ! چ بەخشێنیک نییە بگاتە شەرەفی خۆبەختکردن لە پێناو ئازادی و سەرفرازیی نژادی پێشێلکراو تا ئەگەر قوربانیی‌یەک هەبایە بچێتە تای تەرازووی سەنگاندن بەرانبەر ئەو تۆقەڵانەی شەهادەت دەبیَ بە دوا موستەحیلا بگەڕێین.

شەهید قاسملوو یەکێک لەو نرخدارانەی دوژمن پێیانەوە خەریکە (بۆ) لە ناو بردنیان دەگەڕێت و شوێنپێیان هەڵدەگرێتەوە و بە زەڕەبین و دووربین و نزیک بین دەیانخاتە مەودای گوللە و بۆمب... لێرە ، لەویَ لەهەموو شوێنێک؛ ئینجا ئەگەر شەرەفدارێکی لە خۆبووردوو بە تەقەی ڕێکەوت بوو بەشەهید، قاسملوو شەرەفی شەهادەت بە شوێنیەوە گوڵاوپڕژێنی هەموو مەودای عومری تێپەڕیوی کردوە، قاسملوو و هاوتاکانی، هەر یەکەیان زاوای نەمری بووکی وەک خاتووزینێکن کە داستانی سەدانساڵی کوردەواری ئاگر بە جەرگی گوێگرەوە دەنیَ.

قاسملوو چێهرەیەکی درەخشانە ڕووەو بەیان و خۆر بەرەو ئومێدی روونبین چەندێکی ئەو مرۆیەم پتر ناسیبیت قووڵتر چۆتە هەست و نەستمەوە، دڵنیاتر هۆش و زمانی گێراوە لە بابەتی وتووێژ...

من ئاگاداری ڕابردووی ژیانی و چەندوچۆنی خانەوادەی نیم کە دەزانم رەگی و رەگەزی قووڵ و کۆنە لە نژاد و کوردستانپەرەستی بیَ ئەوەی پیت لەسەر پیت دابنێم: مەودای برایەتیمان و هاوبەشیی ئەو لە ئەندامەتیی کارای کۆڕی زانیاریی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کورد سەر لەبەری خەبات و چالاکی و ئەدەب و زانست و ئاکاری شەقڵی خۆیان لە لێکۆڵینەوە و وتووێژی کۆمەڵەی ئەندامانی کۆڕ چەسپ کرد. لەوە بە دواتر قاسملوو بۆم بوو بە برای حجرانە؛ لە دانیشتنێکی شەوانە پیاوێکی فەرەنسی میوانمان بوو. قاسملوو بە ڕەهایی و بە نوکتە و فنونی وشە ئارایی و چی لە هەناوی ئەدیب و زانا و هونەروەرێک بڕسکێت بەو میوانەی گەیاند. گوتم: لە زمانی منەوە بەو میوانە بڵێن: قاسملوو لە کوردییش وەها رەوانە ها!

راپەرموونم بە قاسملوو بێمەرایی، لە پلەیەک دا بوو پلەی دیکەی بە دواوە دا نەدەهات. لەو رووەوە کە دڵنیا بووم دەیتوانی بە چەند زمانێک لەسیاسەت و ئەدەب و زانست و هونەر و... تا دەگاتە نوکتەی رۆشنبیرانە مەجلیس ئارایی بکات و زاخاوی مێشکی گوی دێران بدات.

کاتێک لە گەڕانەوەم بەرەو کوردستانی عێراق ، لە ورمێوە، ساڵی رەوی دوو ملیۆنی، چەندی گوزەرم بە روانگەی دێی قاسملووەی خایاند دوو فرمێسکی حەسرەت لە چاوانم قەتیس مان تا لە نەدیوی ئەو هەرێمە بۆ سەر خاک هەڵوەرێن.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ پووشپەڕی ١٣٧٨ - جوولای ١٩٩٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بزووتنەوەی کوردستان بۆ زۆر لە دەسکەوتەکانی خۆی قەرزداری زانایی و زیرەکیی سیاسیی قاسملوویە

**مێهدی خانبابا تیهرانی**

بەبڕوای من بزووتنەوەی کوردستان بۆ زۆر لە دەسکەوتەکانی خۆی، قەرزداری زانایی و زیرەکیی سیاسیی قاسملوویە. ئەو پاش تەواوکردنی خوێندنی زانستگە لە پاریس، سالانێکی زۆر لە چێکوسلۆواکی ژیاوە و پاش هاتنی میوانە نەخوازراوەکانی شووڕەوی بۆ ئەوێ، سالی ١٩٦٨ ناچار بوو ئەو ولاتە بە جێ بێلێ . قاسملوو لە گەل مەسەلەکانی پێوەندیدار بە ولاتانی ئورووپایی ئاشنایە و ئاگای لە بارودۆخ و سیاسەتی ولاتانی ناوچەی رۆژهەلاتی نێوەڕاستیشە. ئینسانێکی دنیادیتوویە و لەڕاستیدا ئەزموونی دەولەمەندی ئەو، یارمەتیی زۆری بە گەشەکردنی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردوە.

بەڕاستی دەتوانم بلێم کە قاسملوو یەکێک لە لێوەشاوەترین سیاسەتمەدارانی ئێرانە. ئەوەی لە کاتی مانەوەم لە کوردستان دا، شوێنی لەسەر دانام، ئەوە بوو کە دەمدی لە پێوەندیی ئینسانیی نێوان رێبەران و کەسانی سادە و پێشمەرگەکانی حیزب دا هیچ فەرق و جیاوازیەک نیە. پێشمەرگەکان بە رۆژ دەچوونە عەمەلیاتی نیزامی و شەوانە لەدەوری یەک کۆ دەبوونەوە و بە ساز و گۆرانی هەل دەپەڕین و شادییان دەکرد. قاسملوو دەیگوت: «شۆڕش خەمخواردنی ناوێ ئینسان شوڕشی بۆ شەهیدبوون ناوێ، شەهیدبوون هەر لەجێ دا ئامانج نیە، ئینسان دەبێ هەول بدا تا لەمەیدانی خەبات دا بیر لە ژیان بکاتەوە. ئەگەر شەهیدیش بوو، ئەوە شتێکە لەخەبات دا دێتە پێش، بەلام مەبەست لە هەول و تێکۆشانی ئینسان، ژیانێکی باشترە و هەمیشە دەبێ بیر لە ژیان بکرێتەوە.» دەمەوێ بلێم ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە، ئەو (قاسملوو) بردیە نێو بزووتنەوەی کوردستان بیرکردنەوەیەکی نوێ کە بەسەرنجدان بە دواکەوتوویی



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان، گرنگی‌یەکی دووقاتی هەیە. لایەنی دیکەی ئەم شێوە بیرکردنەوەیە، پێک‌هاتنی دەرەتان بۆ لەگەڵ‌یەک بەرەورووبوونەوەی ئازادانەی بیرو بۆچوون و ڕوانگەکانە کە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا هەیە و نەک هەر بوونی موخالیفان تەحەممول دەکرێ، بەڵکوو هەر کەس دەتوانێ بە ئازادی بۆچوون و بیروڕای خۆی دەربڕێ، بەبڕوای من ئەوە لەو دەسکەوتانەیە کە قاسملوو لە پێکهێنانیان دا نەخشی زۆر بەرچاوی هەبووە. گرتنەپێشی ئەم سیاسەتە بوو بەهۆی ئەوە کە حیزبی دێموکڕات نەبێتە دیلی سیاسەتە سوننەتی‌یەکان. ئەو سیاسەتانەی کەپەیڕەوی لە یەک ئۆلگۆی تایبەتی دەکەن و یان لەڕوانگەی ئۆلگوویەکی دیاریکراوەوە دەڕواننە شۆڕش و سەرکەوتنی خۆیان لە گرەوی پشتیوانیی دەسەڵاتێکی خاریجی دا دەبینن.

کتێبی: (نگاهی از درون به جنبش چپ ایران)

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ پووشپەڕی ١٣٧٨ - جووڵای ١٩٩٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور قاسملوو عاشقی ئازادی و دێموکراسی بوو

بابا عەلی میهرپەروەر

* کاک دوکتور قاسملوو ڕووناکبیرێکی ئاکادمی، شۆڕشگێڕ بە تایبەتمەندی‌یەکی بەرزی ئینسانی‌یەوە و شارەزا لەسەر مەسائیلی جیهانی و نێونەتەوەیی بوو.

* دوکتور قاسملوو یا هەر کەسایەتی‌یەکی وەک ئەو کاتێک دەتوانێ ئەرکی نیشتمانیی خۆی بە باشی بەڕێوە بەرێ کە کەرەسە و ئیمکاناتی بەرەوپێش‌بردنی ئاواتەکانی لەبەر دەستدا بێ. باشترین ئیمکانات بۆ شۆڕشگێڕێک بوونی (تشکل) یا ڕێکخراوێکی سیاسی‌یە کە ئەو شۆڕشگێڕە بتوانێ ئاواتەکانی خۆی لە ئاوێنەی بەرنامە و ئامانج و پێڕەوی ئەو ڕێکخراوە دا ببینێ. بۆ دوکتور قاسملوو حیزبی دێموکڕات ئەو ڕێکخراوە بوو. لەوە زیاتریش ئەو ڕێکخراوە بە دەستی توانای (معمار) ێکی گەورەی وەک قاسملوو چاکسازی و تەعمیر و نۆژەن کرابۆوە. هەربۆیە قاسملوو لەگەڵ حیزب و حیزب لەگەڵ قاسملوو زۆر بە ئاسانی دەیان‌توانی بگونجێن. حیزب لە زانست و ئەزموون و کەسایەتیی قاسملوو کەڵکی وەردەگرت و قاسملووش لە نفووز و ئیعتیبار، خۆشەویستی و پرستیژی ئەو حیزبە سوودی پێ‌دەگەیشت و یەکتریان تەواو دەکرد. قاسملوو حیزبی هێنایەوە سەر هێڵی ڕاستەقینەی دامەزرێنەرانی، جارێکی دیکە کەسایەتیی بەرزی سەربەخۆبوونی پێ‌بەخشییەوە و ئیعتیباری کزبووی بۆ گێڕایەوە و خۆی لە ژێر سێبەری ئەو کەسایەتی‌یە بەرزە دا هەڵی داو زیاتر گەشەی کرد و وەک ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو لە دەرەوەی سنووری مەعنەوی و جوغرافیای حیزبیش پەلی هاویشت و بوو بەلایەنی پرس‌وڕاپێ کردن و جێگەی بڕوا و متمانەی دەورووبەر و نەزەر و بۆچوونەکانی لەبەر چاو دەگیرا و بەرگی کردەوەی لەبەر دەکرا. هەر بۆیە وەک لە نێو حیزبی دێموکڕات دا خاوەن نفووز و ئیعتیبار و قسەڕۆییو بوو، لەنێو بزووتنەوەی کوردیش دا سەری لە ناو سەران بوو و بەباشی نەخشی خۆی دەگێڕا.

* دوکتور قاسملوو حیزبی دووبارە داڕشتەوە و سەرلەنوێ چاکسازیی تێدا کرد و کردی بە حیزبێکی مۆدێرن و خاوەنی بەرنامەیەکی ڕوونی پێشکەوتووانەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گونجاو لەگەڵ سەردەم و دامەزراو لەسەر راستی‌یەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، بە کورتی دوکتور قاسملوو حیزبی زیندوو کردەوە و خستیە سەرپێ و هێنایەوە نێو جەرگەی خەبات و تێکۆشان.

* دوکتور قاسملوو لە گەڵ فەرهەنگی ئورووپایی ئاشنایی تەواوی هەبوو، قاسملوو جگە لەوە کە لەباری زانستی‌یەوە خاوەنی پلەیەکی بەرز وەک دوکتورای زانستی ئابووری و مامۆستای زانکۆ بوو. لەباری سیاسییشەوە خاوەن‌پلەیەکی بەرزی تێگەیشتوویی بوو. کەرەسەی بەکارهێنانی زانستی خۆیشی کە زمان زانی بوو بە دەستەوە بوو، ئەو دەیتوانی زۆر بە ئاسانی بە چەندین زمانی زیندووی نێونەتەوەیی وەک فەرانسەیی، ئینگلیسی، عەرەبی و ... نەزەرات و بۆچوونی خۆی لە کۆڕوکۆمەڵی جۆراوجۆر دا بۆ گوێگرانی باس بکا و شارەزایی خۆی لەو بوارە دا بسەلمێنێ. ئەگەر مرۆڤێک لەباری عیلمی‌یەوە خاوەن پلەیەکی بەرز بێت، بتوانی بەزمانەکانی نێونەتەوەیی بێ‌گرێ‌وگۆڵ بدوێ، خاوەن‌زیرەکی و هۆش و حافیزەیەکی بەرز بێت، فەرهەنگ و کولتووری رۆژهەڵاتی زانایانە لەگەڵ کولتوور و داب‌ونەریتی رۆژئاوا هاودەم کردبێ و لەهەر کامیان لە شوێنی خۆی کەڵکی وەرگرتبێ گومانی تێدا نیە سەرکەوتوو دەبێ.

* دوکتور قاسملوو بڕوای بەرێبەریی دەستەجەمعی هەبوو. بۆیە خۆی بێ‌نیاز لە نەزەر و بۆچوونی رێبەرایەتی نەدەزانی. رێزی بۆ دادەنان و تێ‌دەکۆشا دەستیان بگرێ و پەروەردەیان بکا. ئەوە قسەی دوکتور قاسملوویە کە دەیگوت ئێستا حیزبی دێموکرات خاوەنی رێبەرایەتی‌یەکە کە ئەگەر چەند کەسێکی وەک خۆشی رۆژێک نەمێنن حیزب لە سەر پێی خۆی ڕادەوەستی و چۆک دانادا. کەوابوو دوکتور بایەخی تایبەتیی بە رێبەریی حیزب دەدا و نەخشی رێبەریی لە حیزب دا لەبەر چاو بوو.

زۆر روونە کاتێک کەسایەتی‌یەک هەڵگری نەخشێکی قورس و سەنگینە لە بزووتنەوەیەک دا، کاتی لە دەس‌چوونی هەڵگرتنی ئەو قورسایی‌یە بۆ تاکە کەسێک ئەگەر نامومکین نەبێ زۆر زەحمەتە، تەنیا رێگاچارە ئەوەیە کە ئەو قورسایی‌یە بەسەر کۆمەڵێک دا دابەش بکرێ و پێکەوە باری گرانی لەسەرعەرزکەوتوو هەڵگرن و کەلێنی وا گەورە پڕ بکەنەوە، مرۆڤ هەر چەند گەورە بێ هەر چەند زانا و تێگەیشتوو و لێهاتوو بێ کاتی نەمانی کەلێنەکەشی بەو ڕادەیە گەورە دەبێ و بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پڕکردنەوەی هەوڵی زۆری دەوێ. بە خۆشی‌یەوە هەروەک لە پێش دا باس کرا، باوەڕی دوکتور قاسملوو بە ڕێبەریی بەکۆمەڵ و هەوڵدانی بۆ پێکهاتنی ئەو ڕێبەرایەتی‌یە و جێکەوتنی ئەو پرەنسیپە کاریگەریی خۆی نواند و نەی‌هێڵا نەبوونی دوکتور قاسملوو زۆر زۆر بە حیزبی دیموکڕاتەوە دیار بێ.

* ئەو دوو پرسیارە پێوەندی‌یان پێکەوە زۆرە، کاک دوکتور قاسملوو بە قووڵی بڕوای بە دیموکراسی هەبوو، عاشقی ئازادی و ئازادەیی بوو، بڕوای وابوو بێ ئەوەی دیموکراسی باڵ بەسەر وڵات دا بکێشێ مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر ناکرێ و یەک لەوان مەسەلەی کورد. هەر بۆیە دروشمی سەرەکیی ئێمە دیموکراسی بۆ ئێرانە، ناکرێ کەسێک عاشقی دیموکراسی بێ و مافی تاکەکانی کۆمەڵی لە بەرچاو نەبێ بە تایبەت مەسەلەی ژنان، لەو ڕوانگەیەوە کاک دوکتور بایەخی بە ئازادیی ژنان دەدا، یەکەم وەک دیموکراتێک رزگاریی مرۆڤەکانی لە دەلاقەی دیموکراسی‌یەوە دەبینی و هەم وەک دیموکڕاتێک کە ماوەیەکی دوورودرێژ لە ئورووپا ژیابوو و لەوێ مافی ژنان تا ڕادەیەکی زۆر دابین کراوە و لە کۆمەڵگا دا نیهادینە بووە و بۆتە بەشێک لە فەرهەنگیان، پێی وابوو ژنان دەتوانن نەخشی کاریگەریان لەکۆمەڵگا دا هەبێ و شیاوە شوێنی تایبەتی خۆیان پێبدرێ. هەروەها پێی وا بوو پێش ئەوەی پیاوان مافی ژنان دابین بکەن، دەبێ ژنان بۆ خۆیان هەم مافی خۆیان بناسن و بزانن هەم بۆ مسۆگەرکردنی پاراستنی بۆ خۆیان هەوڵ بدەن و لێوەشاوەیی لە خۆیان لەو بوارە دا نیشان بدەن.

* کاک دوکتور قاسملوو ئۆگری موتالەعە و خوێندنەوە بوو. ڕۆژانە کەمتر لە ٢ سەعات موتالەعەی نەدەکرد. هەروەک پێشتریش باسم کرد شارەزایی بەسەر چەندین زمانی زیندووی دنیادا هەبوو. ئەهلی شیعر و ئەدەبیات بوو. قسەخۆش و نوکتەزان بوو، ئەگەر لەمەجلیس دادەنیشت هەموو چاویان لە زاری ئەو بوو. شارەزای سیاسەتی جیهانی بوو و سیاسەتوانانی ناوداری دەناسی و دۆستایەتی‌یەکی شەخسیی لەگەڵ زۆر کەسی ناودار و دەسەڵاتبەدەست لە بواری سیاسی دا هەبوو. ئەو تایبەتمەندی‌یانە دەرەتانی کاری زیاترو پێشکەوتن و سەرکەوتنی زیاتری بۆ شەخسی دوکتور قاسملوو و لە ڕێگای ئەویشەوە بۆ حیزبەکەی بەدەست دەهێنا.

سەرچاوە: کتێبی دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی مودێرن شۆڕشگێڕێکی دیموکرات.

ئا: کاوە بەهرامی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشێک لە وتەکانی حەسەن ڕەستگار

## وەکوو هەموو ئینسانێکی دیکە دوکتور قاسملووش ئینسان بوو

وەکوو هەموو ئینسانێکی دیکە دوکتور قاسملووش ئینسان بوو. دیارە مومکینە لەجەریانی کاردا هەم نوکاتی موسبەتی زۆر بوو، نوکاتی بەقووەتی زۆر بوو. بەڵام ئەوەی کە ئەوی بەرجەستە دەکرد ئەوە بوو کە دەیتوانی سازماندەهی بدا، شکڵ بدا، ئیدئۆلۆژیی هەبوو و دووربینیی هەبوو بۆ مەسایلی سیاسی، ئەوەی کە ئەویٚ ڕۆژی حیزبی دێموکرات لەو بارەوە زەعیف بوو، بۆیە وجوودی وی نەخشی وی یەکجار زۆر موئەسسیر بوو لە بووژانەوە و دروستکردنەوە و پێکەوەنانەوە و بە ئیستلاح سازماندەهیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بە نەزەری من هیچ وەختایەکی چ وەختێک مووافیقی بووم و چ وەختێک موخالیفی بووم، قەت ئەوەم نەشاردۆتەوە هەمیشە پێموابووە - کە لەکۆنگرەی هەشتیش هەر ئەم قسانەم کرد- کە نەخشی دوکتور قاسملووی لە بووژاندنەوەی حیزبی دێموکرات لە سەربەخۆیی حیزبی دێموکرات، نەخشێکی ئەساسی بوو...

لەڕاستی دا دوکتور ئینسانێکی ساحبتەجروبە بوو ساحبئەزموون بوو و دەورانێکی زۆر ئەو لە حیزبی توودە و حیزبی دێموکرات دا فەعالییەتی کردبوو و پێموایە هەم ئەو بوو کە تەئسیری هەبوو لە کۆبوونەوەیەک دا کە لەکوردستانی ئێران بە قاچاغی گیرابوو لەدێی سەیداوا ئەوانە، هەر ئەو ببوو بە باعیسی ئەوەی کە حیزبی دێموکرات لە حیزبی توودە جویٚ بکاتەوە و حیزبێکی سەربەخۆ بیٚ. لەبەر ئەوە بێجگە لەوەش دوکتور قاسملوو ئەو فکرەی ئەوەندەی من لیٚی حاڵی بم، ئەو فکرەی بەلای باری ناسیۆنالیستی دا زۆر بە قووەت ببوو، دوای وەی کە دوکتوراکەی وەرگرت و تیزی دوکتوراکەی کە کتێبی (کوردستان و کوردە) نووسیویەتی ئەگەر تەماشای بکەین دیارە لەویٚ موڕاعاتی زۆر شتی کردوە - کە بۆوەی کتێبەکە چاپ بیٚ یا ئەسڵەن بۆ خۆی عەقیدەی وا بووە، ئەوەی نازانم، بەڵام بەلای باری ئەوەی دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که میللەتی کورد میللەتێکی گەورەیە و حەقی سەربەخۆیی هەیە و حەقی ئازادبوونی هەیە تەئسیری زۆر لەسەر شەهید دوکتور قاسملوو هەبوو بۆ ئەوەی کە ببێتە کوڕی میللەتی خۆی و لەو ڕێگایە دا هەوڵ بدات و کە لەو ڕێگایەش دا هەوڵ بدا حیزبێکی کوردی دەبێ موستەقیل لەئەحزابی دیکە بێت، مەسەلەن لە حیزبی توودەی ئێران کە حیزبێکی سەرتاسەری بوو و ئەو زەمانی حیزبی دێموکرات و فیرقەی ئازەربایجان بەشێک یان لقێک لەوی بوون، ئەو فیکرە لەوی دا تەقویەت ببوو کە کورد بۆ خۆی لیاقەتی ئەوەی هەیە کە حیزبی خۆی هەبێ. سەربەخۆ بێ، بۆ خۆی بڕیار بدا و بەقەولی دەڵێن نۆکەری هیچ حیزب و سازمانێکی دیکە نەبێ و ئەوەی بەڕوونی لەو کێشە و بێشەی ئەحزابی کۆمونیست بۆ دەرکەوتبوو و ئەوەشی بۆ دەرکەوتبوو کە زۆر شتی ناڕەوا لەو ئەحزابی کۆمونیستی - ئیستالینی‌یە دا هەیە کە بەڕاستی ئینسان لێی بێزارە، بۆیە زیاتر هەوڵی ئەوەی بوو کە حیزبی دێموکرات دەبێ حیزبێکی سەربەخۆ بێ و بۆخۆی بڕیار بدا.

لەڕاستی دا من زۆر جار لە گەڵ دوکتور قاسملوو دا لە کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی، مەحافیلی سیاسی دا بووم، یەکێک لە تایبەتمەندی‌یەکانی دوکتور قاسملوو بەنیسبەت خەڵکی دیکەوە ئەوە بوو کە زۆر زوو و پاش ماوەیەکی کورت سەیتەرەی دەکرد بەسەر کۆبوونەوەکە دا، بەسەر مەجلیسەکە دا، چ لەباری زمانپاراوی چ لەباری ئاگاداری و ئیتلاعاتێکی وەسیع (بەربڵاو) کە لەسەر ژوورەوە و دەرەوەی مەسەلەن وڵات هەببوو چ لەباری ئوروپاو ئەوانەوە زۆر ئیتلاعاتێکی وەسیعی هەبوو، لەباری سیاسەتی جیهانی‌یەوە زۆر ئاگادارییی زۆر بوو. جگە لەوەش لەباری زمانەوە چەندین زمانی زیندووی دنیایەی زۆر چاک دەزانی: فەڕانسەیی یەکجار زۆر چاک دەزانی، ئینگلیسی بۆ خۆی فێری ببوو و زۆر چاکی دەزانی، رووسیی دەزانی، چێکۆسلوواکیی دەزانی، عەرەبیی دەزانی، تورکیی دەزانی، فارسیی دەزانی و کوردیی دەزانی. جا لە بەر وەی ببووە شتێکی نموونە یەعنی کەسانێک کە لە موقابیل وی دا قەراریان دەگرت خۆیان بە چکۆڵە دەدیت لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو ئینسانە ئەو هەموو زمانە دەزانێ و ئەو هەموو نوکتە و مەسەلەیەی کە لەبەحس و گوفتوگۆو ئەوانە دا دەیهێنایەوە، زوو دەیتوانی بەسەر بەحسەکە دا یان بەسەر کۆبوونەوەکە دا خۆی بسەپێنی. ئەوە یەکێک لە بە ئیستلاح تایبەتمەندی‌یەکانی دوکتور قاسملووی بوو کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له مەحافیلی سیاسی دا دەیتوانی ئاوا خۆی بسەپێنی.

مەحفەلی یەکجار زۆر خۆش بوو، دۆستایەتییشی خۆش بوو. دیارە ئەمن وەکوو خۆم بێجگە لە مەوارێدی سیاسی کە جارجار بەرخوردمان دەبوو چەند جارێک، جارێک لە کۆنگرەی سێ و کۆنگرەی پێنج پێش کۆنگرە لە پیلۆنۆم و ئەوانە، بەڵام وەکوو رابیتەی شەخسی یەکجار زۆر نێوانمان خۆش بوو و هەمیشە بەتایبەتی لەگەورەدێی کەم وا هەبوو شەوانە یەعنی مەگەر بۆ خۆم میوانم هەبا دەنا هەمیشە دەچووم لەلای وی نانـــم دەخوارد، چونکە هەر مـــەحفیلێکی با، بابەتی هەموو ئەو مەحفیلانە شتی پێ بوو. خاریجی بایە نوکتەی یەکجار زۆری پێ بوو، کوردەواری بایە نوکتەی یەکجار زۆری پێ بوو، فارسی بایە ئەنواع و ئەقسامی شێعری فارسی لەبەر بوو. شێعری کوردی لەبەر بوو. یەعنی شتەکەی وا خۆش دەکرد کە بەڕاستی هەموو مەجلیسەکەی موتەوەجیهی خۆی دەکرد. بۆیە لەمەحافیل یەعنی دەیتوانی دەورێکی ئەساسی لە کۆکردنەوە و لەبەئیستلاح خڕکردنەوەی خەڵکی دا ببینێ، بێجگە لەوەی ئومێدیشی دەدا. یەعنی هەر ئەوە نەبوو کە مەحفیلەکەی خۆش بێ و قسەی خۆش و ئەوانە، زیمنی ئەوەش لەو شاخ و داخانە لەو جێگا سەخت و ئەوانە ئومێدی دەدا بە دەوروبەری خۆی، ئەوە بۆ خۆی یەکێک لە بەئیستیلاح شتی هەرە باشی دوکتور قاسملوو بوو کە دەیتوانی نەخشی رەهبەری هەبێ.

بەڕاستی ئەوەی کە جێگای سەرنج بوو، دوکتور قاسملوو هەم لە باری بنەماڵەیی یەوە لە بنەماڵەیەکی بڵێین (متوسط) یا بڵێیین بەنیسبەت کوردەواری یەوە دەوڵەمەند پێگەیبوو، هەم تەحسیل کردەیەکی خاریج بوو، بەشی زۆری تەحسیلاتی لە دەرەوەی وڵات لە فەرانسە و چیکۆسلۆواکی و ئەوانە گوزەراندبوو و تەقریبەن دەکری بڵێین ئاشنایەتی‌یەکی تەواوی بە ژیانی ئورووپایی‌یەوە هەبوو. ئەوە کە هاتبوو لەو شەرایەتە سەختەی کوردستان دا، لە شەڕی پارتیزانی دا، لە بن ئەشکەوتان و لە جێگای تەڕەشوح و بە ژیانێکی یەکجار زۆر سەرەتایی جاری وابوو نان و شیرێژ، مانگێکی هەر دەبوو نان و شیرێژ بخوا، ئا بەو شێوەیەی رەفتار یەعنی هەڵی دەکرد. ئەوە هەم بە نیسبەت ئورووپایی‌یەکان و خەبەرنیگارانیش کە دەهاتن بە ڕاستی لەو تەحەممولەی ئەو کابرایەی تەعەجوبیان دەکرد کە توانیویەتی ئاوا،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە شەرایەتێکی ئاوا ژیانی خۆش دا بێتە شەرایتێکی ئاوا ناخۆش، بشتوانی هەڵ بکا و لەوەی موهیمتر ئەوە بوو کە زۆر کەم تووڕە دەبوو. یەعنی کەسێک کە مەسئوولیەتێکی ئاوا گەورەی بەعوهدەوە بێ یەعنی شەرایتێکی ئاوا سەختی ژیان کە هەرئان، هەر رۆژ ژیانیشت لە خەتەردا بێ. ئاوا بتوانی هەڵکەی و تەحەممول بکەی و لە گەڵ ئەو هەموو گیروگرفت و کۆسپ و نارەسایی‌یەی کە لە نێو حیزب و لە نێو ئەو بزووتنەوەیە و لە نێو ئەو مەشاکیلەی دا کە هەمیشەش هەبوو، لەو بارەیەوە بەڕاستی جێگایەکی تایبەتی هەبوو.

تێبینی: ئەم بەشێکە لەوتەکانی کاک حەسەن.

سەرچاوە: کتێبی دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی مودێرن شۆڕشگێڕێکی دێموکرات.

ئا: کاوە بەهرامی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بابەتی ساڵی
# ٢٠٠٤ ـ ٢٠٠٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لەسەر گڵکۆی ڕێبەرێکی گۆڕغەریب

**قادر وریا**

«ڕۆژێک کە کۆترەکانی ئاشتی لە دڵی پاریسدا، بۆ ڕێزنان لە مافی مرۆڤ لەبەر چاوی ڕێبەرانی ٣٢ وڵاتی جیهان بەرەو ئاسمان لە شەققەی باڵیان دەدا، یەکێک لە لێوەشاوەترین خەباتگێڕانی داواکاری مافە ئینسانییەکانیان لە شاری ڤییەندا کوشت. عەبدوڵڕەحمانی قاسملوو، بێگومان زۆری پێ خۆش دەبوو توانیبای لەم ڕێوڕەسمەدا بەشداربا و بەو ڕاوێژە ئارامو بەو سروشتە شۆخەی کە تایبەتی شەخسی ئەو بوو، داوای کردبا لە چوارچێوەی یاساکانی مافی مرۆڤدا، بیرێکیش لە حاڵی میللەتی کورد بکەنەوە.

قاسملوو فەرانسەی بە نیشتمانی سروشتیی دووهەمی خۆی دەزانیو بڕوایەکی قووڵی بە بایەخە دیمۆکراتیکەکان هەبووو دەیەویست لەگەڵ جێنشینانی خومەینی وتووێژ بکا، بەڵام هێندێک پێیان خۆش نەبوو کوردان لە داهاتووی ئێراندا ببنە هاوبەش. عەبدوڵڕەحمانی قاسملوو گیانی خۆی لەو ڕێیەدا دانا. ئەو ئیدی هەرگیز کۆتایی تێکهەڵچوونەکان، سەرکەوتنی پێشمەرگەو وەدیهاتنی داوای ساکاری خودموختاریی کوردستان نابینێ، بەڵام ئەوانەی ناسیویانە، هەرگیز لەبیریان ناچێتەوە. ئەرکی هەموو ئەوانەی تینووی دادپەروەرین ئەوەیە ئەم پەندە کوردییە پێچەوانە بکەنەوە کە دەڵێ «میللەتی کورد جگە لە چیاکانی کوردستان پشتیوانێکی دیکەی نیە«.

لە ئێوارەیەکی ساردی ڕۆژێکی سەرماوەزی پاریسدا، نۆ ساڵو نیو دوای ئەو ڕۆژە تاڵەی نەک مەمانان، میللەتێک ناتوانێ قەت لەبیری بەرێتەوە، لە نێو دیمەنە ئەفسووناوییەکانی گۆڕستانی بەناوبانگی پیرلاشێزدا، لە سەر گڵکۆی ڕێبەرە گۆڕ غەریبەکەم، خۆم دەبینمەوە.

سێ ڕۆژ لەمەوبەر لە ڤییەن چوومەتە بەردەرکی ئەو ئاپارتومانە «لەعنەتی‌یە«ی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە ئێوارەی رۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨، پێغەمبەری ئاشتی‌یان تێدا کوشت، چەند حەوتوویەکیش پێشتر لە سوئێد بۆ یەکەمجار وێنەی دڵتەزێن‌و هەست بزوێنی کەللەی پڕاوو لەشی بە گوللە دابێژراوی ئەوو هاوڕێکەیم ـ کە بە دوای ڕووداوەکەدا هەڵ گیراوە ـ دیوە. بە دڵپڕی‌و بێ‌سەرنجدان بە گریانی هاوڕێکەم، بەڕێزەوە لەبەرامبەر وێنەی سەر کێلەکەی‌دا وەستاوم. تۆماری مەزلوومییەتی میللەتێک لەچەند دەقیقەیەکدا هەڵ دەوێژنم.

خۆرئاوا بوونی رۆژی ٢٩ی پووشپەڕی ١٣٦٨، ئەو رۆژەی تەرمی ئەوو هاوڕێی تا سەری هەر لەم شوێنە، دوور لەچاوی ئێمەی ڕێبوارانی ڕێگاکەی بە خاک سپێردرا، دیتەوە یادم. ئەم وتانەی سەرەوەی دوکتور بێرنارد کوشنێرم لە ڕێورەسمی بەخاک سپاردنی‌دا کە ئێوارەی هەمان رۆژ لە ڕادیۆی بی. بی. سی بیستمن، یەک یەک لەگوێ‌دا دەزرینگێنەوە.

لەو دیوی دیواری ئاویی فرمێسکە قەتیس ماوەکانی نێو چاوم، کێلەکەی بەرە بەرە وەها بەرز دەبێتەوە، بورجی ئیفێلم لێ ون دەکا. بە وەرددانەوەی بیرەوەری‌یەکانم گیان بە بەر وێنەی سەر کێلەکەی‌دا دەکەمەوەو لەبەر چاوم زیندوو دەبێتەوەو بێجگە لەو چیتر بەدی ناکەم. «لە خزمەتی حەزرەتی عیشق»دا دەگەڕێمەوە بۆ ڕابردوو، بۆ ڕێبەندانی ١٣٥٧، بۆ «حەسەن نووران» کە بۆ یەکەم جار لەوێ ناویم لە بابم بیست، بۆ باغی «یەنگیجە« کە یەکەم جار لەوێ دیتم. دەیان بیرەوەری لە دیدارو لە وتەکانی خێرا خێرا بە مێشکمدا تێ‌دەپەڕن. بیرەوەریی ئەو ڕۆژەم دێتەوە یاد کە تازە هەواڵی جەرگبڕی شەهید بوونی ئەویان پێ‌دابووین‌و «ناخوداگاه« ئەو شێعرەی هێمنم کەوتبۆوە یادو دەمنووسی‌یەوە:

زەوی چۆنت لە ڕوو هەڵ هات بدەی سوور

نەڕووخای ئاسمانی پیری پشت کوور

ئیرەیی بە هاوڕێکەم دەبەم. حەز دەکەم وەک ئەو لە قوڵپی گریان بدەمو ئەو ئاگرەی لە هەناوم دا کڵپەی سەندوە، دامرکێنم. بە پێچەوانەی عادەتی هەمیشەییم ئێستا یەکپارچە سۆزو بەزەیی‌و عاتیفە نیم، کوورەی ڕق‌و نەفرەت‌و بێزاریم. لەو غەدرەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له پێش چاوی مرۆڤایەتی لێمان کرا، له گۆڕ غەریبیی ڕێبەرانمان‌و بێبەشییان له بسته خاکێکی وەتەن که تێی دا بسرەون، له بندەستی‌و مەزلوومییەتی سەدان ساڵەی میللەته چەندین میلیۆنی‌یەکەم له دەروازەی سەدەی بیست‌و یەکدا، بێزارو تووڕەم.

بۆمشت‌و ماڵدانی ئەو هەستەی خۆم‌و بەرلەماڵاوایی، چەند کۆپلەیەک له وتاره مێژوویی‌یەکەی «مامۆستا» له سەر گڵکۆی ئەم ڕێبەره گۆڕ غەریبه وەبیر دێنمەوەو لەبەر خۆمەوه دەیانڵێمەوە:

« ئەتۆش ئەی تێکۆشەری هەرگیز نەمر، ئەی مامۆستای زاناو ڕێبەری بەتوانا! بەخاترجەمی سەربنێوەو به ئاسوودەیی بنوو. چونکه به هەوڵ‌و تێکۆشانی دەیان ساڵەت وڵاتێکت هەژاندوەو گەلێکت ڕاپەڕاندوه. قوتابی‌و هاوسەنگەرانت لەسەر پەیمانی خۆیان ماون‌و ڕێگاکەت بەرنادەن... «

له ژماره ٣٤٥ی «کوردستان» ٣١ی پووشپەڕی١٣٨١(٢٢یژوئیەی ٢٠٠٢)دا بڵاو بۆتەوە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بە یادی دوکتۆر قاسملوو گەورە پیاوی ڕۆژە سەختەکان

**ڕەحیم ڕەشیدی**

١٥ساڵ چەند قورس تێدەپەڕێ و تاقەتی مرۆڤ و خۆڕاگری وی بۆ ڕاوەستان لە ئاست دژوارییەکان دا و مانەوەی بۆ لە بیر نەکردنی تاڵی یەکان چەن قورس و قایمە.

ڕەنگە ئەمە هەنگاوێک بێ بۆ پاشەوە کە مرۆڤ لە بازنەی ئەندێشەکانی خۆیدا پاش ١٥ ساڵیش هەر چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئازیز بکاو لەگەڵ تروسکەی بەیانییەک قیت وقنج هەڵسێتە سەر پێ و بە ئارامی و لەسەر خۆ بڵێ: ئەم کاتەت باش.

وا بیر دەکەمەوە کە ڕاوستان ڕێک لەم خاڵەوە دەست پێ دەکا و گەلێک جاریش لەم ڕاوەستانە دا ڕابردوویەک لە دایک دەبێتەوە کە ئێمە لە ترسی لە دەست دانی، دایم دووپاتی دەکەینەوە و لەم سۆنگەوە بۆ چواردەوری خۆمان دەڕوانین و ڕەنگە لێرە دا ئیدی خەونەکانیش هەر بەگومانەوە لە دایک بن.

گومانێک هەرگیز ناهێڵێ ئێمە لە ناخی خۆمان دا ئۆقرە بگرین و ئاسودە بین. گومان لای نەتەوەی مە ئەونە دەمە زەرد کراوەتەوە کە بلیمەتەکانیشمان هیندێک جار ناتوانن لە گومان خۆ ببوێرن.

دەکرێ گومان لە پانتایی خۆی دا جەوهەری گۆڕان بێ، گۆڕانێک کە قەڵایەک لە قەتیس مانەوە بەرە و جوڵە سازبدا وەک ئەوە مەلەوانەی کە خۆی لە گۆلێکی ئارام داوێ و دەیشڵەژێنێ و گیان بەبەر بوونی ون بووی گۆل دا دەکاو واقیعێک دەخولقێنێ کە بەرهەمی گومانە.

دەکرێ بە ئاراستەیەکی دیکەدا بڵێین مەلەوان بوونی ڕاستەقینەی خۆی لە شڵەژانی گۆل دا دەبینێتەوەو بەدەم شەپۆلەکان و شڵپ وهۆڕەکانەوە هەست بە واقیعی بوونی خۆی دەکا.سەیرە زۆر جار مەلەوانەکان بۆ ئەوەی گیان بەبەر شەپۆلەکان دا بکەنەوە چەن ساکار دەبنە قوربانی گومان و چەن سادە لە بوونێکی واقعییەوە ئارام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەچنە ناخی بێدەنگی یەکی کوشەندە کە بۆ ئێمە تەنها چاوەڕوانی بەرهەم دێنێتەوە.

چاوەڕوانی گۆڕانی زەمەن و گۆڕانی تەعبیرێکی نویَ بۆ خەونەکان و دەرباز بوون لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە. ئەمە مەترسی یەکی کوشەندەیە کە ئاوڕ لە وزە و تواناکانی خۆمان نەدەینەوەو بەردەوام خۆمان لە سەر پرۆسەی چاوەڕوانی بهێڵینەوە.

دوکتۆر قاسملوو ١٥ساڵ بەر لە ئێستا، خاک، نیشتمان، نەتەوە، مرۆڤ و خۆشەویستی و تەنانەت تیرۆریزم و توندوتیژی و زۆر چەمکو بابەت گەلی دیکەی بۆمە پێناسە کرد.

هەنگاوەکانی قاسملوو کە بۆ ژووری دیالۆگ هاویشتنی، جیا لەوەی باوەڕ بەخۆبوونێکی قووڵ و شوێندانەر لە ناخی ئەو دا بە ئێمە نیشان دەدا، لە هەمان حاڵ دا دەمانهێنێتە سەر ئەو ڕاستییەی کە قاسملوو هەرگیز لە دەروازەی گومانەوە بۆ دیالۆگ هەنگاوی نەنا ئەو لە لایەک باوەڕی بە گۆڕان هەیەو دەخوازیَ بۆ گۆڕان هەنگاو بنیَ و لە هەنگاوەکانیشی دا مرۆڤ وەکوو بونەوەرێک هەمیشە لای پیرۆز بووە.

ئەمە ئەوە ناگەیەنیَ کە قاسملوو لە دڵ ڕەشی هێزی بەرامبەر تێنەگەیشتووە. بەڵکوو خوێندنەوەیەکی لۆژیکی ئەوە دەردەخا کە قاسملوو لەو باوەڕەوە کە دەکاریَ گۆڕانێک بەرەو باشتربوون بخولقێنیَ خزایە نێو ژووره بێدەنگەکانی دیالۆگەوە.

ئەمە بە هیچ جۆر نابیَ ئەو گومانەمان لا دروست بکا کە قاسملوو بە هەڵەدا چوو، قاسملوو بەم هەنگاوه دوو باوەڕی گرینگی بۆ جێهێشتین.

**یەکەم:** بۆ ئەوەی گومانەکان لە زەمەنی خەونەوە بۆ دونیای واقیع بگوازینەوە دەبیَ پرۆسەی چاوەڕوانی وەلانێین و بەردەوام ئەو باوەڕەمان تێدا دروست بیَ کە بۆ گۆڕان هەنگاونان پێویستە، هەنگاوێک کە لەسەر بنەمای پیرۆزی مرۆڤ بۆ پێشەوە بهاوێژریَ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاڵێکی دیکە کە قاسملوو بۆمانی کردۆتە کولتوور ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین لەسەر لایەنی بەرانبەری خۆمان شوێن دابنێین و وەکوو پێویست گۆڕانکاری تێدا دروست بکەین. بەڵام دەبێ بۆ سازدانی ئەم پرۆسەیە ئارام، هێدی و لەسەر خۆبین و مرۆڤەکان لە دەرەوەی نەریتی کەرەستە ببینین، ئەوانەی هاتن و قاسملوویان داییە بەر ڕێژنەی گوللەو کاک عەبدوللا شیان لەگەڵ وی‌دا لە ئێمە ئەستاندند مرۆڤ بە مانایی ڕاستەقینەی خۆیان نەبوون، ئەوان کەرەستە بوون ئەم کەرەستانە ڕەنگە خەمیش دایان گرێ و تووڕەش بن و بەگژێ خۆیان دا بچنەوە، کەواتە ئاسایی‌یە بڵێین ئەوانیش بە ئاراستەیەکی جیاواز دا قوربانین، قوربانی سیستەمو ئایدولۆژی یەکن کە دەیان هەوێ یەک ڕەنگ و یەک بۆن و یەک پێناسە بە مرۆڤەکان ببەخشن لە حاڵێکدا قوربانیانی ئێمەو ئێمەی هەڵگری باوەڕەکانیان پێداگرین کە دەکرێ لەسەر بنەمای لێک نەچوونەکانیش پێکەوە ئارامی بخولقێنین.

١٥ساڵ تێدەپەڕێ و ئێمە بە خوێندنەوەی هەر ڕۆژەی مامۆستاو ڕێبەری بەتوانامان قووڵتر تێدەگەین کە مرۆڤ پیرۆزە و هەموو باوەڕ و کەرەستەو ئایدۆلۆژیایەک دەبێ لە خزمەتی ئینسان و بۆ ئینسان بێ.

ئێمە ناخوازین بە خوێن گۆڕان پێک بێنین. ئێمە بیر لە خۆشەویستی دەکەینەوەو هەر لەم ڕەهەندەش دا دەتوانیین بوونی خۆمان وەکوو واقیعێک هەست پێبکەین.

با لە بیرمان نەچێت ئەگەر قاسملوو لە زەمەنێکی ئاڵۆزدا بۆ دیالۆگ هەنگاوی نا ئامانجی سەرەکی ئەوە بوو کە نەگەینە دۆخی چاوەڕوانی و لە خەیاڵی ڕێژنە بارانی ڕەحمەت دا بۆی بنوێین...

سەرچاوە: گۆڤاری «لاوان» - ڕێکەوتی: هاوینی ٢٠٠٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەنگاوی بوێرانەی پیتر پیڵتز جێگای ڕێزو پێزانینی ئەویندارانی ڕێگای دوکتور قاسملوویە

**ڕەشید حەیدەری**

لە سەروبەندی یادی شازدە ساڵەی تیرۆری ڕیبەری لێوەشاوەو هەڵکەوتووی گەلی کورد، شەهیدی نەمر دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو و هاوڕێیانی، عەبدوڵڵا قادری ئازەرو دوکتور فازل ڕەسووڵ دا، شاهیدی هەوڵێکی نوێ بە مەبەستی وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی قەتڵی ئەوانین‌و دەبینین کە ئەو تیرۆرە نامرۆڤانەیە، کە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ لە بێدەنگی‌یەکی سامناکدا لەنێو جەرگەی ئورووپاو لەلایەن جەللادەکانی تارانەوە بەڕێوە چوو، هەر ئێستا بووەتە بابەتی هەواڵی زۆر لە ئاژانسەکانی دەنگوباس‌و وێ‌دەچێت، بە مەرجی بەردەوامبوون، میکۆنۆس‌ئاسا شوێنێکی کاریگەر لەسەر پێوەندیی وڵاتانی جیهان، بەتایبەت وڵاتانی ئورووپایی، لەگەڵ تاران‌دا دابنێت‌و ناچاریان بکات جارێکی دیکە بە پێوەندی‌یەکانیان لەگەڵ ئەو حکومەتە تیرۆریست‌و مرۆڤکوژەدا بچنەوە.

ئەم هەوڵە نوێ‌یە، کە لەلایەن بەڕێز پیتر پیڵتز، پارلەمانتاری ئوتریشی‌یەوە دەستی‌پێ‌کردوە، لەلایەک بووەتە مایەی خۆشحاڵیی ئەویندارانو ڕێبوارانی بەئەمەگی ڕێگای دوکتور قاسملوو لە هەر قوژبنێکی ئەم جیهانەو لەلایەکی دیکە تۆوی ترس و نیگەرانیی زۆری لە دڵی دەسەڵاتدارانی تیرۆریست و تیرۆریست‌پەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران‌دا چاندوە.

ئەگەرچی عامیلی سەرەکیی ئەو جینایەتە سامناکە بۆ کورد بەگشتی و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی هەر لە سەرەتاوە ڕوون‌و ئاشکرا بوو و جێگای بۆ گومان و دوودڵی‌لێکردن نەهێشتبووەوە، کەچی سیاسەتی بەرژەوەندی‌خوازانەی حکوومەتی ئوتریش لە ڕابردوودا، کۆسپی گەورەی لە بەردەم جێبەجێ‌کردنی عەداڵەت لەپێوەندی لەگەڵ تاوانبارانی کارەساتەکە دا دروستکرد. بەو حاڵەش لێکۆڵینەوە لەو پەروەندەیەو لە ئاکامدا دەستنیشان کردنی تاوانباران و، هەروەک ئومێدیش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکرێت، ناساندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک گەلاڵەدارێژو جێبەجێکەری ئەو تیرۆرە لە دادگایەکی عادلانەدا دوای ئەو ماوە دوورو درێژە وەرچەرخانێکی گرینگ و مێژوویی دەبێت لە سیاسەتی مامەڵەگەرانەی دەوڵەتی ئوتریش بەرامبەر بە کێشەکە لە رابردووداو ریسواییەکی کەموێنەی دیکە دەبێت بۆ دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستو دواکەوتووی تاران.

شاراوە نییە کە پشتگوێخستن و بێدەنگیکردن لە پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو لە ١٦ ساڵی رابردوودا، نائومێدیی زۆری لای ئازادیخوازان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ دروست کردوە. لە درێژەی ئەو ١٦ ساڵەدا ئازادیخوازانی کورد بەگشتیو رێبوارانی بەوەفای رێگای پڕلەسەروەریی دوکتور قاسملوو بەتایبەتی، زۆر بەتاسەوە چاوەڕوانی هەوڵێکی جیددیی هاوشێوەی هەولی بەرێز پیتر پیلتز بوون کە بتوانێت پەروەندەی تیرۆری ئەو شەهیدە سەربەرزە و هاوڕێیانی وەگەڕ بخاتەوەو لە ئاکامدا تاوانبارانی تاوانەکە دادگایی بکرێن و بە جیهانی مرۆڤایەتی بناسێندرێن.

بەخۆشییەوە ئەمڕۆ دەبینین کە ئەو خەونە وا وردەوردە دێتە دی و رۆڵی ئازایانەی پارلەمانتاری ئوتریشی، پیتر پیلتزی بوێرو چاونەترس لەو پێوەندییەدا گەلێک دیارو بەرچاوە. هەوڵێک کە دەبێت لەلایەن تێکۆشەرانی دیموکرات و ئەویندارانی ئامانجە بەرزەکانی دوکتور قاسملوو، دیموکراسی، ئاشتی و دادپەروەرییەوە شێلگیرانە پشتگیریی لێبکرێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لەئاکامی ساتوسەودا یان هەڕەشەو گوشارهێنانی ئاخوندەکان بۆ کاربەدەستانی ئوتریشیدا، لەبارنەبرێت.

پیتر پیلتز ئەگەرچی لە سەرەتای رێگایەکی دژوارو پڕکەندوکۆسپدایە، بەلام لە قسەکانی دا وا دەردەکەوێت کە ئامادەیە تا سەر ئەو رێگایە ببڕێت. ئەمەش بۆ هەموو مرۆڤێکی خاوەنویژدان و عەدالەتخواز جێگای رێزو ئافەرینپێگوتنە.

ئێستا رەنگە پرسیارێک بە زەینی خوێنەری ئەم دێرانەدا تێبپەڕێت. ئەویش ئەوەیە کە داخوا پیتر پیلتز کێیە؟

ئەگەر بمانەوێ ئەو پارلەمانتارە ئوتریشییەو حیزبەکەی بەکورتیو لە چەند دێرێکدا بناسێنین، دەڵێین:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«پیتر پیلتز لە ٢٢ی ژانویەی ١٩٥٤ لە شاری کاپفێنبەرگ Kapfenberg لە ویلایەتی ستیریا Styria لە دایک بووە. ئەم سیاسەتوانە ئوتریشی‌یە لە ساڵی ١٩٨٦ تا ساڵی ١٩٩١و هەروەها لە ساڵی ١٩٩٩ بەملاوە ئەندامی هەڵبژێردراوی سەوزەکان لە پارلەمانی ئوتریش دا بووە. بێجگە لەوە، پیتر پیلتز لە ساڵی ١٩٩٢ تا ساڵی ١٩٩٤ وتەبێژی ویلایەتیی حیزبی سەوزەکان (Die Grünen) بووە. جێی ئاماژەپێکردنە کە حیزبی سەوزەکان حیزبێکی خاوەن‌کورسی لەپارلەمانی ئەو وڵاتەدایەو لە بواری ژینگەو کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی یە گشتی‌یەکان‌دا چالاکیی هەیە. ئەم حیزبە ساڵی ١٩٨٦ لەژێر ناوی (ئالترناتیڤی سەوز) دا لە یەکگرتنی حیزبی کۆنەپارێزی (Vereinte Grüne Österreichs) و حیزبی پێشکەوتووتری (Alternative Liste Österreichs) پێک هات. حیزبی سەوزەکان هەر لەو ساڵەوە هاتە نێو پارلەمانی ئوتریش. دواتر، واتە لە ساڵی ١٩٩٥دا ناوەکەی گۆڕا بۆ ئەو ناوەی کە ئێستا هەیەتی. ئەم حیزبە هەر ئێستا ئەندامی فیدڕاسیۆنی حیزبە سەوزەکانی ئوروپایە.

پیتر پیلتزی ئەندامپارلەمانی ئوتریش، کە سەر بەو حیزبەیە، بە کێشە یاسایی‌یەکان‌و لێکۆڵینەوە لە گەندەڵی‌یە سیاسی‌یەکانەوە خەریکە.»

لە کۆتایی دا پێویستە بگوترێت کە هەنگاوی بوێرانەی پیتر پیلتز بۆ وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی دوکتور قاسملوو بێ‌شک جێگای ڕێزو پێزانینی تێکڕای ئەویندارانی ڕێبازی ئەو شەهیدە مەزنەیە. پیتر پیلتز بەو هەنگاوە مەزنەی جێگایەکی بەرزی بۆ خۆی لەنێو دڵی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەرو گشت ئازادیخوازێکی دادپەروەر دا کردووەتەوەو، بە بڕینی تاسەری ئەو ڕێگایەش، مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد بۆ هەتاهەتایە بە بەرزی و گەورەیی‌یەوە یادی دەکاتەوەو لەنێو لاپەڕە زێڕینەکانی خۆی دا بە فەخرو شانازی‌یەوە ناوی تۆمار دەکات.

بەرزو پیرۆز بێت یادی ١٦ ساڵەی تیرۆری ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملووی هەمیشە زیندوو و کاک عەبدوڵڵا قادری‌ئازەرو دوکتور فازڵ ڕەسووڵ مردن و سەرشۆڕی بۆ کۆماری تیرۆریست و تیرۆریست پەروەری ئیسلامیی ئێران.

سەرچاوەکان: ویکیپیدیا - ماڵپەڕی حیزبی سەوزەکانی ئوتریش

سەرچاوە: ماڵپەری پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠٠٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سێ کاندیدی سەرۆک کۆماریی ئێران دەستیان لە تیرۆری قاسملودا هەبووە

**گویا نیوز**

سایتی گویانیوز لە ڕاپۆرتێکدا قسەکانی کەسێکی بە ناوی (D) بڵاو کردەوە کە هاوڕێیەکی بە ناوی ناسر تەقیپور (ئەنجامدەری تیرۆری دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو)، پێش ئەوەی بکوژرێ باسی لە چۆنیەتیی ئەو کردەوەیە کردوە، ئەوەی خوارەوە دەقی ڕاپۆرتەکەیە : «بەنی سەدر» سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران لەگەڵ شایەدحاڵێکی تازەی کوشتارەکەی ڤییەنا بە ناوی (D) کە بووە هۆی کوژرانی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو سەرۆکی پێشووی حزبی دیموکراتی کوردستان و عەبدوڵڵا قادری و فازیل ڕەسووڵ، گفتوگۆیەکی سازداوە. کە لەو گفتوگۆیەدا ڕۆڵی سێ کەس لە کاندیدەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ئێران ئاشکرا بووە.

لەو ڕاپۆرتەدا ڕۆڵی ڕەفسەنجانی، حەمید ئەحمەدی نەژاد و موحسین ڕەزایی لە تیرۆری دکتۆر قاسملوو، قادری و فازیل ڕەسووڵ و هەروەها دکتۆر کەسرا وەفاداری کە لە ١٨ی ئەم مانگەدا کوژرا، لە زمانی کەسێکەوە کە تیرۆرەکانی ئەنجام داوە، ئاشکرا دەکرێت.

بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتە، فەرمانی ئەو کارە لەلایەن خامنەیی و لەڕێگەی هاشمی ڕەفسەنجانی‌یەوە دراوەتە موحسین ڕەزایی و ئەویش داویەتی بە فەرماندەی سوپای قودس و تیمەکانی گفتوگۆ لەگەڵ قاسملوو. ئەو کەسەی بەرپرسی ئەو تیرۆرەیە ناوی ناسر تەقیپورە، ئەو کەسێکە کە لەگەڵ عەسکەری، ڕاسپێردراوی کوشتنی قاسملوو و فازیل ڕەسووڵ و عەبدوڵڵا قادری بوون. تەقیپور پێش ئەوەی بکوژرێ، زانیبووی کە دەیانەوێ لەناوی بەرن هەر بۆیەش مەسەلەکەی بۆ هاوڕێیەکی خۆی باس دەکا و پێی دەڵێ ئەگەر بەساغی گەڕامەوە، ئەوا ئەوانە لە بیر بەرنەوە و ئەگەریش کوژرام بڵاوی بکەنەوە. لەکۆتایی زستانی ئەمساڵدا هاوڕێیەکەی کە لە ئێران ڕایکردبوو، چووە لای بەنیسەدر و تەواوی مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێش ئەوەی کە باس لە هەوڵەکانی بەنیسەدر سەبارەت بەو مەسەلەیە بکرێت، هەندێک سەبارەت بە چۆنیەتی ئەو کردەوەیە لە زمانی (D)یەوە دەکرێ، کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢، یەکێک لە ئەفسەرەکانی سوپای پاسداران، بە ناوی ناسر تەقیپور، هەندێک زانیاریی دایە من و داوای لێ کردم ئەگەر هەر ڕووداوێک بۆ ئەو رووبدات، ئەو مەسەلەیە بڵاو بکەمەوە و هۆکاری ئەو کردەوەیەی وەها بۆ من روون کردەوە: «رەنگە من بە دەستی هێزەکانی سوپای قودس - ئەو بۆخۆی یەێک لە ئەفسەرە پلەبەرزەکانی ئەو سوپایە بوو - بە هۆی ئەو ناکۆکی‌یەی کە لەگەڵ فەرماندەی سوپا هەمە، بە مەبەستی پاراستنی نهێنی‌یە ئەمنی‌یەکانی نیزام، لەناو بچم». قسەکەی ئەو راست دەرچوو، چونکە پاش ماوەیەک لە کاتی مەلەکردنی لە رووباری کارووندا کوژرا. ئەندامی دیکەی تیمەکە (عەسکەری)یش ساڵی ٢٠٠٤ لە کاتی چوونی بۆ شوێنی کارەکەی گوللەی بەر کەوت و کوژرا و گوتیان پاسەوانەکە هەڵەی کردوە و لێی داوە. تا ئێستا نەمتوانیوە ئەو زانیاری‌یانە بڵاو بکەمەوە، بەڵام ئێستا ئەوان بەم شێوەیە و لە زاری تەقیپورەوە بڵاو دەکەمەوە:

*»ساڵی ١٩٨٩، لە لایەن هاشمیی رەفسەنجانی سەرۆککۆماری ئەو کاتەوە، راسپاردەیەک خرایە سەر ئەستۆی سوپای قودس، چونکە کردەوەکانی دەرەوەی سنوور لەسەر شانی سوپای قودس بوون. فەرمانی کوشتنەکان لە لایەن رابەرەوە دەدرایە سەرۆککۆمار، تەنانەت پێش ئەوەی رەفسەنجانی ببێتە سەرۆککۆمار، بە هۆی ئەوەی جێگری سەرۆکی گشتیی هێزە چەکدارەکان بوو، راسپاردەکان لە لایەن ئەوەوە دەردەکران. هەر راسپاردنێک لە لایەن فەرماندەی گشتیی سوپای پاسدارانەوە دەگەیشتە فەرماندەی سوپای قودس».

ئەو راسپاردەیە لە ناوبردنی سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، بە هۆی ئەوەی بۆ رابەرایەتیی ئێران مەترسی‌یان هەبوو.

*** «داڕێژەری ئەو کردەوەیە، یەکێک لە ئەندامە بەرزەکانی سوپای قودس بە ناوی حاجی غەفور بوو.**

ئەو ئێستا بەرپرسی حەراسەت (دەزگای هەواڵگری کە سەربە وەزارەتی ئیتیلاعاتە و لە هەموو دامودەزگایەکاندا بەشێک بەو ناوە هەیە)ە. بە پێی پلانەکان، ئەو کردەوەیە دەبوایە لە دوو قۆناغدا بە ئەنجام بگات و بە ئەنجامیش گەیشت. لە قۆناغی یەکەمدا پێشنیازی گفتوگۆ و گەیشتن بە ئەنجامێک لەسەر مەسەلەی کورد، لەگەڵ دکتۆر


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەبدولرەحمان قاسملوو سەرۆکی حیزبی دیموکرات دەکرا، لەو قۆناغەدا دەبوایە ڕێککەوتنێک بکرێت . لە قۆناغی دووەمدا، چەند مانگ دواتر دەبوایە گفتوگۆکانی کۆتایی ئەنجام بدرێن و ڕێککەوتنەکە ئیمزا کرابا. تیرۆری سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبوایە لەو قۆناغەدا بە ئەنجام بگات. بۆچی پلانەکە لە دوو قۆناغدا بوو؟ چونکە دەبوایە دەوڵەت وەک ئاشتیخواز و داواکاری چارەسەرکردنی کێشەکان نیشان بدرێت و ئەو کەسانەی دژایەتیی چارەسەری کێشەی کوردستان بوون،وەک تاوانبار دەناساند».

* (D) **لە درێژەدا دەڵێ: بۆ ئەو کارە سێ تیم پێکهێنران:**

١- تیمی گفتوگۆکان کە حاجی غەفور بە ناوی نهێنی ئەمیر مەنسور بوزورگیان، ئەندام و بەرپرسی پەیوەندی لەگەڵ دوو تیمەکەی دیکە بوو.

٢- دوو تیمی تیرۆر، یەکێکیان پێکهاتبوو لە ناسر تەقیپور و ئەوی دیکەش بەرپرسەکەی حەمید ئەحمەدینەژاد بوو. پەیوەندیی تیمی یەکەم بە باڵیۆزخانەی ئێران لە نەمسادا لە ڕێگەی ئەحمەدی نەژادەوە بوو و ئەو چەکەکانی لە باڵیۆزخانە وەرگرتو دانیە دوو ئەندامەکەی دیکەی تیمی تیرۆر هەر وەک پلانەکە، گفتوگۆی یەکەم لە ڕۆژەکانی ٢٨ و ٣٠ کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٨ لە ڤییەنای پایتەختی نەمسا ئەنجام دران، ٧ی مانگی تەموزی ساڵی ١٩٨٩ دیسان لە ڤییەنا ئەنجام دران.

ناسر تەقیپور و عەسکەری هەفتەیەک پێش ڕێکەوتی گفتوگۆکان، لە ڕێگەی ئیماراتی عەرەبییەوە بە پاسپۆرتی ئەورووپی، چوونە نەمسا. باڵیۆزخانەی ئێرانیش لە ڕێگەی ئەحمەدینەژادەوە چەک و پێداویستییەکانی دیکەی بەوان گەیاند. حاجی غەفووریش زانیاریی دەربارەی شوێن و کاتی کۆبوونەوەکە دایە ئەوان.

* (D) **لە درێژەدا لە زاری تەقیپوورەوە دەڵێ: شاندی کوردی چەند جار شوێن و کاتی کۆبوونەوەکەی گۆڕی، ئەو کارەشیان هەندێک کێشەی دروست کرد. تیمی تیرۆر داوای لە شاندی گفتوگۆ کرد تا دەتوانن کاتی کۆبوونەوەکە درێژتر بکەن تا هەلێکی باشیان وەدەست بکەوێ. ئەو هەلە سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ وەدەست کەوت. یەکێک لە ئەندامانی شاندی گفتوگۆ بە ناوی موستەفەوی دەرگای بە کراوەیی هێشتەوە و**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**من و عەسکەری بێ هیچ کێشەیەک چووینە شوێنی گفتوگۆکان و بەرەو سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، قاسملو و قادری و کەسی سێیەم بە ناوی فازیل (خەڵکی باشووری کوردستان و مامۆستای زانکۆ لە ڤییەنا بوو) و گوللەبارانمان کردن. قاسملوو تەنانەت نەیتوانی لەسەر کورسی‌یەکەی هەستێت و دوو کەسەکەی دیکەش دەستبەجێ کوژران.**

بە هۆی تاریکبوونی شوێنی گفتوگۆکان، جەعفەری شاهروودی (ئەندامی تیمی گفتوگۆکان و لە فەرماندەکانی سوپا)ش بریندار بوو. من و عەسکەری خێرا ئەوێمان بەجێ هێشت و لە نەمسا چووینە دەرەوە. جەعفەری شاهروودی‌یان گواستەوە بۆ نەخۆشخانە و دوای ٢٤ سەعات و پاش هەوڵەکانی باڵیۆزخانەی کۆماری ئیسلامی ئازاد کرا و چووە باڵیۆزخانە لەوێ مایەوە و دوای ماوەیەک هاتەوە ئێران.

تەقیپوور دەربارەی ئامادەکاری‌یەکانی ئەو کردەوەیە گوتبووی: لە کۆبوونەوەکانی تاراندا و پێش چوونمان بۆ نەمسا، حاجی غەفوور باسی لەچۆنیەتیی کاری سێ تیمەکە دەکرد.ئەحمەدی‌نەژاد ئەو کێشانەی کە رەنگ بوو بێنە پێشەوەی دەخستە روو و حاجی غەفووریش وەڵامی دەدایەوە. لە کۆتاییدا حاجی غەفوور گوتی:

«هەموو شتێک جێبەجێ کراوە، لە نەمساش هیچ کێشەیەکمان بۆ نایەتە پێشەوە. دەچین و کارەکەمان ئەنجام دەدین و هیچ شتێک روو نادات». لە راستیدا لە هەندێک شوێن، دەوڵەتی نەمسا بۆ پاراستنی پەیوەندی‌یەکانی لەگەڵ ئێران، هاوکاریی گواستنەوەی شاندەکانی بۆ ئێران کرد و پۆلیسیش لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆی نەکرد.

جگە لەو کارە تیرۆریستی‌یە، ناسر تەقیپوور کاری دانانەوەی بۆمب لە دوکانی فازیلی لە لەندەنیشی ئەنجام داوە. مەبەست لەو کارە کوشتنی فازیلی بوو، بەڵام لەجیاتی ئەو، کوڕەکەی بەرکەوت.

حاجی غەفوور لە هێنانی تەکنۆلۆژیای ناوکی لە وڵاتانی تازەسەربەخۆی ئاسیاوە بۆ ئێران، وەک قەزاقستان رۆڵێکی کاریگەری هەبووە.

ئەو راپۆرتە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئەڵمانی و دراوەتە دکتۆر پیتەر پیڵتزی ئەندامی پەرلەمانی نەمسا و لە سەرکردەکانی حیزبی سەوزەکان. دکتۆر پیڵتز کەسێکە کە لە کاتی تیرۆرەکانی ڤییەناوە بە بەردەوامی لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون. هەروەها ئەو ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی پەرلەمانی نەمسایە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دکتۆر پێڵتز داوای کرد تا ئەو کاتەی هیچ هەوڵێکی ڕەسمی ئەنجام نەدراوە ئەو زانیاری‌یانە لە زاری شایەدەکەوە ئاشکرا نەکرێت، هەم بە هۆی پاراستنی گیانی و هەمیش بۆ ئەوەی ئێران هیچ هەوڵێکی پێشگیری ئەنجام نەدات، هەر بۆیەش وێڕای گرووپێکی تەلەڤزیۆنی، ڕۆژی هەینی ٢٠ی ئەم مانگە چووە فەرەنسا و لە شوێنی دانیشتنی بەنی‌سەدر، لەگەڵ ئەو شایەدحاڵە بە ماوەی دوو سەعات قسەیان کرد. پێڵتز وەڵامەکانی لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوانەی لە نەمسا ئەنجام دراون، لێکدەدایەوە. لە ئەنجامدا گوتی ئەو قسانە زۆر شتی نادیاریان بۆ ڕوون کردینەوە و ئێستا دەزانین پلانی ئەو تیرۆرانە چۆن داڕێژراوە و ئێران و نەمسا چی‌یان کردوە.

ئەو گرووپە تەلەڤزیۆنی‌یە فیلمێکیان لە گفتوگۆکانی دکتۆر پێڵتز و بەنی‌سەدر دروست کرد و گفتوگۆیەکیان لەگەڵ بەنی‌سەدر ئەنجام دا کە شەوی ٢٣ی ئەم مانگە لە نەمسا بڵاو کرایەوە.

هەروەها دکتۆر پێڵتز ٢٣ی ئەم مانگە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی سازدا و گوتی: «هەر کارێک بتوانم دەیکەم تا ڕێوشوێنی یاسایی بۆ ئەنجامدەرانی ئەو کارانە بگیرێتە بەر».

ئەو شایەدحاڵی تازەی بە (شایەدی D) ناو برد و لە زاری ناسر تەقیپوورەوە گوتی: «فەرمانی ئەو کارە لە لایەن ڕەفسەنجانی و موحسینی ڕەزایی‌یەوە دراوە و ئەحمەدی‌نەژادیش تیمی دووەمی تیرۆری پێکهێناوە. ئەو زانیاری‌یانەم داوەتە یەکیەتیی ئەورووپا، ئەو سێ کەسە ئێستا کاندیدی سەرۆک کۆمارینە، یەکیەتیی ئەورووپا دەبێ بزانێ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریدا، ململانێ لە نێوان تەکنۆکراتە میانڕۆیەکاندا نیە، بەڵکوو لە نێوان کەسانێکدایە کە لە تیرۆرە سیاسی‌یەکاندا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستیان هەبووە«.

لە درێژەدا گوتی: «من قسەکانی (شایەدحاڵی D)م لەگەڵ ئەو بەڵگانەی سەبارەت بە تیرۆرەکان لە ئارشیڤی پۆلیس دەرهێناوە، لێکدایەوە، ئەو قسانە زۆر زانیاریی تازە و دروستیان تێدایە کە هەلی پەیگەردی یاسایی سێ کاندیدی سەرۆک‌کۆماری و بەرپرسانی تیرۆر دەڕەخسێنێ». هەروەها تەقیپوور ئەوەی بۆ (شایەدحاڵی D) ڕوون کردۆتەوە کە دەوڵەتی نەمسا بۆ پاراستنی پەیوەندی‌یە سیاسی - ئابووری‌یەکانی خۆی لەگەڵ ئێران، پێشگیریی لەو کەسانە نەکردوە کە ویستوویانە لەو وڵاتە بچنە دەرەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕاپۆرتەدا باس لە چۆنیەتیی تیرۆری دکتۆر کەسرا وەفاداری لە پاریس کراوە کە ئەوە دەقەکەیەتی:

ڕۆژی ١٨ی ئەم مانگە دکتۆر کەسرا وەفاداریان بە چەقۆ لە ماڵەکەی خۆیدا کوشت. ئەو مامۆستای زانکۆ و کاندیدی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی زەردەشتی‌یەکانی ئێران بوو و کەسانێکی زۆریش دەنگیان دابوویە.

هەروەها چەند ساڵ لەمەو بەر لە سیمینارێکدا لە لەندەن بەشداریی کرد، کاتێک کە دەیەویست بچێتە ناو شوێنی سیمینارەکە، کەسێک پێی‌گوت کارم پێتە، بردیە لایەک و چەند کەسێک دەورەیان دا و بە زۆر لەوێیان بردە دەرەوە و تا کۆتایی سیمینارەکە ڕایانگرت و هۆشداریان دایە کە ئەگەر جارێکی دیکە لە سیمیناری وادا بەشداری بکات، ئەوا ئەو کات بە هۆشداری‌یەکی ئاسایی ڕازی نابن.

شایانی باسە نێوبراو لە چالاکانی پاراستنی مافی مرۆڤ بوو.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١ی جوونی ٢٠٠٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ساڵی: ٢٠٠٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تیرۆری نێو دەوڵەتی و شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو هاوڕێکانی

سەعید کاوە کوێستانی

دەوڵەتانی پێشکەوتووی جیهان بە پێی یاساو فەرهەنگی داڕژاوی نێودەوڵەتی بۆخۆ ڕێکخستن لە گەڵ یاسای جیهانی بەو پەڕی تواناوە هەوڵ دەدەن یاساکانی نێو دەوڵەتی بپارێزن و یاساشکێن نەبن. چونکە پێشێلکردنی یاسای جیهانی ئیعتبار و پرستژی دەوڵەتی یاساشکێن دێنێتە خوارێ. کەچی بەڕێوەبەرانی رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئەنقەست یاساو فەرهەنگی نێونەتەوەیی پێشێل دەکەن و ڕێزی بۆدانانێن. ئەو کردەوە ناپەسندە بە زیرەکی و ڕێبازێکی سیاسیی شاز دادەنێن. بەڵگە بۆ پێشێلکاری ئەوەیە، دەیانەوێ و زۆرجاریش گوتوویانە: فەرهەنگی سیاسیی کۆنە پەرستانەی خۆیان وەکوو کالا بۆجیهان ڕەوانە دەکەن کە یەکێک لە کالاکانی بیری تیرۆریزمە بۆ تیرۆرکردنی ئەو کەسایەتی و ڕووناکبیرانەی کە دژی رژێمی کۆنە پەرستن .بەپێی ئەو بیروبۆچوونە و پێڕەوکردنی ئەو سیاسەتەیە کە مرۆڤی سیاسی و هەڵکەوتووی زانایان کردۆتە نیشانەی تیڕۆرو بە پشتیوانەیەکی زۆری مادی وەک کالا بە جیهاندا بڵاویان کردۆتەوە. هۆیەکانی ئەو کارو کردەوانە ئیسپاتی ئەوە دەکات کە داڕژانی بیچمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بناغەی خوێنڕێژی و کێشە و ئاژاوە دامەزراوە و بەبێ ئاژاوەنانەوە و پێکهێنانی پشێوی ناوچە و جیهان ئەو رژێمە ڕاوەستاو نیە و مەحکووم بە ڕووخانە.

بۆ درێـژەدان بە تـەمـەنـی نیکبەتباری خـۆیـان، پشێوی و ئـاژاوەنـانـەوە و دووبەرەکیسازکردن و بەتایبەتی درۆ و دەلەسەیان کردۆتە سیاسەتی ڕۆژانەی خۆیان و هیچ کاتێک لـەو یاساو فەرهەنگە داڕژاوە تایبەتییەی کە پێکهاتە و دروستکراوی خۆیانە دەستهەڵگرنین. ئەو کـردەوە تایبەتمەندییەی کە پێڕەوی دەکەن تیرۆری کەسایەتییەکانە کەئێستا بەسەدان کەسیان بە شێوەی جۆراو جۆرو هەریەکەی بە شێوازێک لە نێو بـردوە. بۆ وێنە یەکێک لەو کەسایەتییانە شەهید دوکتورعەبدولڕحمانی قاسملووە کە بە فێڵ و تەڵەکە بەناوی ئاشتی و ڕێککەوتن لە سەرمێزی وتووێژ خوێنیان ڕشت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سێزدەهەمی ١٣مانگی یولی ١٩٨٩ی زایینی بەپێی پلانی پێشتردارێژاو رژێمی تیرۆرو تیرۆریستپەروەر واتە سەردەمدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سیاسەتمەدارو زانای هەڵکەوتووی کورد سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران دوکتور قاسملووی لەگەڵ کاک عەبدوڵلای قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی دەفتەری حیزب لە وڵاتی فەرانسە شەهید کردن .

هەمیشە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاشتی و هێدی و هێمنی و دوورەپەرێزی لە خوێنڕێژی وەک ئەسڵێک لەبەرچاو بووە و کاری بۆکراوە. شەهید دوکتور قاسملوو ویستوویەتی بە وتوویژ لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بۆ وەدەستهێنانی مافێکی سەرە تایی کورد کۆتایی بە گێرەو کێشەو خوێنرێژی بێنێ. هەربۆیەش بە مەبەستی پێشگیری لە کوشتن و برین و ئاوارەبوونی نەتەوەکەی پێشنیاری دانیشتنی بۆ وتوویژ لەگەڵ نوێنەری سەرانی کۆماری کۆنەپەرستی ئیسلامیی ئێران لە دەرەوەی ئێران پەسند کردوە. تاوانبارانی کۆماری ئیسلامی بە ناوی وتوویژ بەکرێگیراوی خۆیان بەناوی «سەحرا ڕوودی« دیاری کردوە و لە شاری وێن پایتەختی وڵاتی ئوتریش لە شوێنی دیاریکراو ئەو دانیشتنە پێکهاتوە. بەپێی ئەو بەرنامە پڕ فڕوفێڵە دارێژاوە، سەرانی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی ڕەش و چنجرووکی خوێناویی خۆیان پێشانی جیهانیان داو کارەساتێکی دڵتەزێنی لێکەوتەوە. لەو کارەساتە دا دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و عەبدوڵلا قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کەسێکی دیکەی باشوور بە ناوی دوکتور فازیل بە داخەوە شەهید کران.

سەرانی رژێم وەک خووخدەی هەمیشەیی دەست و پلی خوێناویی خۆیان نیشانی کۆڕو کۆمەڵی پێشکەوتووی جیهانیان داو بەو تاوان و کارەساتە ناجوانمێرانەی کردیان دوو تێکۆشەری حیزبی دێموکرات و کوردێکی باشووریان شەڵاڵی خوێن کرد. دوژمن، دوکتور قاسملووی وەک کەسایەتیی ناسراوی جیهانی ناسیبوو کە کۆسپێکی گەورەیە لە بەرانبەر ڕژێمی کۆماری دژی گەلیی ئێراندا .

لە ڕاستیدا دوکتور قاسملوو لە دەرەوەو ژوورەوەی وڵات وەک زانا و پسپۆرو سیاسەتزانێکی کارامە و مرۆڤێکی ژیر ناسرابوو. ناوبراو لە تەمەنی لاوەتییەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەتا ئەو ڕۆژەی شەهید کرا، وێڕای ئاوارەیی، بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوەی کورد خەباتی سیاسیی کردبووە هەوێنی تێکۆشانی خۆی.

زانایان و کوردناسانی بێگانە، دوکتور قاسملوو وەک تیئۆریزانێکی شۆڕشگێری کورد ناو دەبەن. نووسەران و ڕۆژنامەوانان لە دەرەوە دوکتورقاسملوو وەکوو مێژووناس و ئابووریزانێکی شارەزا دەناسن و کتێبی کوردستان و کورد بەیانگەری ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە بە زمانی چیکی نووسراوەو بەزمانەکانی ئینگلیزی، پۆلێنی، سلۆفاکی، عەڕەبی و کوردی وەرگێڕدراوە.

بە شەهیدبوونی زانایەکی ئاوا، نەک هەر حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران خەسارەتێکی گەورەی قەرەبوونەکراوی وێکەوت، بەڵکوو بۆ جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانیش بە زیانێکی مەزنی قەرەبوونەکراو دەژمێردرێ.

کارەساتی دڵتەزێنی وێنی پێتەختی ئوتریش ڕووداوێک بوو دەبوایە هەموو کورد و کۆڕو کۆمەڵ و حیزب و ڕێکخراوەکانی نیشتمانپەروەری کوردی بەو پەڕی دڵسۆزییەوە شێلگیرانە وەدوای کەوتبان و گوشاریان بۆسەر دەوڵەتی ئوتریش هێنابایە بۆ دادگاییکردنی ئەوانەی کە لە پشتی ئەو تاوانە ڕاوەستاون، بۆئەوەی خوێنی دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی ئاوا بە فیڕۆ نەڕوات و تاوانی کۆماری کۆنە پەرستی ئیسلامیی ئێران دانەپۆشرێت و هەروەها دەوڵەتی ئوتریش بەسات و سەودا بەرژەوەندیی تایبەتیی مادی لەگەڵ پۆلیسی ڕژێمی ئێران ڕێک نەکەوێ،کە خوێنی ڕێبەرانی کورد ئاوا بە هاسانی بە نێو قامکاندا بڕوات و لە ژێر یاساو ئاڵای دەوڵەتی ئوتریشدا کۆماری ئیسلامی ئێران خوێنی بە ناحەقی کوردان بڕێژێ.

ئاشکرایە، دەوڵەتی ئوتریش باش دەزانێ کە «سەحراڕوودی» تیرۆریستی نێردراوی ئێرانە کە دوای بەجێهێنانی مەئموورییەتەکەی بە لمبۆزی خوێناوی چۆتە نەخۆشخانەی دەوڵەتی ئوتریش و بۆخۆیان پانسمانیان کردوەو بە ئاشکرا بە سواری فڕۆکە بەرە و ئێران وڵاتی ئوتریشی بە جێ هێشتوە .

ئێمەو مانان و گشت لایەنە سیاسییەکانی کورد باش دەزانین کە مەسەلەی تیرۆری کەسانی هەڵکەوتوو تەنیا هەر بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نیە، بەڵکوو کارەساتی ئاوا بە گوێرەی مێژووی ڕابردوو وەبیرمان دەخاتەوە کە لەهەموو


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەلێنو قوژبنی بەشەکانی کوردستان بۆ خەباتکاران لە ئارادا بووە. بێشک تا ئەو ڕۆژەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو شێوەو بیچم و یاسایەی دایڕشتوە بمێنێ، ئەو بەرنامە خوێناوی‌یانەی خۆی بە ڕێوە دەبات و واز لەو تاوانانە ناهێنێ. بێشک گەلی کوردیش بە ڕیزێکی یەکگرتوو شێلگیرانە درێژە بە خەباتی خۆی دەدات و ئەگەر وریا نەبین ڕووداوی ئاوا دڵتەزێنیش لە ئاڕادا دەبێت. چونکە دەبێ لەیادمان بێ کە ئەو ڕووداوانە هەوەڵجارو ئاخرجار نابن، تاخەبات و بەربەرەکانی لە دژی داگیرکەران ماوە، دوژمنیش زەبروزەنگی خۆی دەنوێنێ. هەر بۆیە لەسەر هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر ئەرکە، لەسەر ئەو کارەساتە دڵتەزێنانە چ بە نووسین، چ بەفاکس و تەلەفون چ بە ڕێپێوان و خۆپێشاندان و هەر شێوازێکی کە بە سوودو بەرژەوەندی گشتیی گەلی کورد دەژمێردرێ بۆ لەقاودانی تاوانێکی ئاوا خەباتی خۆیان بەرەوپێش بەرن و دەوڵەتی ئوتریش وادار بکەن کە ئەو ڕووداوە، بە بێدەنگی‌و چاوپۆشی پووشبەسەر نەکرێ‌و بە هەر شێوەیەک دەکرێ و چۆن لەگەڵ سیاسەتی نێودەوڵەتی دەگونجێ بێزاریی خۆیان لە مەڕ بێدەنگیی دەوڵەتی ئوتریش دەرببڕن، چونکە بێگومان دەوڵەت و پۆلیسی ئەو وڵاتە زۆرباش دەزانن‌و لایان ڕوونە کە پیاوکوژان تڕۆریستی کێن و پیاوی کام ڕژێمن. ڕووناکبیرو سیاسەتمەدار و زانایانی جیهانی باش دەزانن ئەوانەی لە پشتی ئەو ڕووداوو تیرۆڕانە راوەستاون کێن و بۆ وا دەکەن.

دەوران و سەردەم و مێدیای ئەورۆ ئەوە دەخوازێ بە یارمەتیی هەمە لایەنە پتری ودوا بکەوین و گوشار باوێینە سەر دەوڵەتی ئوتریش تا بە پێی یاسای نێو دەوڵەتی لەو تاوانە بکۆڵێتەوە و پەروەندەی قاتڵانی ئەو ڕووداوە لە دادگایەکدا بخرێتە بەر حوکمی دادپەروەران و لانیکەم وەکوو دادگای میکۆنوسی ئەڵمان، ڕووی ڕەشی تاوانبارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک بەڵگەیەکی ڕەشی مێژوویی پێشانی جیهانیان بدرێ.

سەرچاوە: ماڵپەری خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠٠٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو، بیرمەندێکی شۆڕشگێڕو ئاشتیخواز

**جەمیل کولاهی**

لەکاتێکدا کە شۆرشی نەتەوەیی کورد، لە کوردستانی ئێران بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتی و رەواکانی خۆی بە هۆی سەرکوتی بێ بەزەییانەی، دەسەڵاتە زاڵەکان بەسەر کوردستان دا راوەستا بوو و دەنگی مافخوازیی ئەو نەتەوە چەوساوەیەیان بە شێوەیەکی نامرۆڤانە کپ کردبۆو، هاتنی دوکتور قاسملو، بۆ نێو گورەپانی خەباتی نەتەوایەتی، وەک نەفەسی مەسیحایی وابوو کە سەر لە نوێ بزووتنەوەی کورد گیانێکی تازەی بە بەرداکراو، کەوتەوە جمووجۆڵ و جارێکی دیکە بووژایەوە. ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ماوەیەکی زۆر لە وڵاتانی ئورووپایی خەریکی خوێندن و لێکۆڵینەوە بوو، جیا لەوەی مامۆستای زانکۆ بوو، وەک مرۆڤێکی خوێندەوار، ئاکادێمیک و دنیا دیتوو سەیری کێشە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت، مەسەلە پێوەندیدارەکان بە شۆرشی کوردی دەکرد. بۆیە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی ئەوە بوو کە رێگا چارەیەکی زانستی و سەردەمیانە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد بدۆزێتەوە. ئەو چەشنە روانین و روانگەیە شتێکی نوێ بوو کە ئەو رێبەرە مەزنە دەیویست، بیهێنێتە نێو شۆرشی کورد و بیکا بە بنەمایەک. چوونکە بە هۆی ئەوەوە کە لەگەڵ سیاسەتی جیهانی و دنیای دەرەوە و هەروەها لەگەڵ سیاسەتی حکوومەتە زاڵەکان بەسەر کوردستان و ناوچەکەدا ئاشنایی هەبوو، شارەزایی یەکی تەواوی لەسەر ژێئوپولتییک و هەڵکەوتی جوغرافیایی کوردستان و قورسایی سیاسیی کورد هەبوو و سیاسەتەکانی لەسەر ئەو راستییانە دادەرشت، چوونکە کاری سیاسی بە لای دوکتور قاسملووە، خاوەن سێ تابەتمەندیی سەرەکی بوو، کە تا ئەو کات لەنێو بزووتنەوەی کوردی دا بەدی نەدەکران بۆیە بۆ جێگیر کردنیان لە نێو بزووتنەوەی کورد دا بێ وچان هەوڵی دەدا:

١- واقیعبینی لە سیاسەتدا

٢- سەربەخۆیی بڕیاردان لە سیاسەتدا

٣- جێگیر کردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتور قاسملوو هەموو کاتێک ئەوەی دووپات دەکردەوە کە سیاسەت «هونەری مومکین»ە و دەیگوت کە خاڵێکی لاوازی بزووتنەوەی کوردی ئەوە بووە کە تا ئێستا یان «هەموو شتێک»ی ویستووە یان «هیچ شتێک» بۆیە دەیگوت سیاسەت «رەش و سپی« نیە بەڵکوو لە نێوان رەش و سپیدا رەنگەلێکی دیکە هەن. لە روانگەی دوکتور قاسملووە سیاسەت کردن لە گەڵ ئاوات و ئارەزوودا جیاوازییەکی قووڵیان هەیە. چوونکە لە روانگەی ئەوەوە سیاسەت پێوەندیی بە راستی و واقیعییەتەکانی نێو خۆیی، ناوچەیی و جیهانییەوە هەیە و بنەمای ئاوات و ئارەزوویش لە سەر خەیاڵ دایە، کە دیارە خەیاڵ و راستی دوو شتی بە تەواوی لێک جیاوازن. ئەو رێبەرە مەزنە لە هەڵگرتنی درووشمەکانیدا، لە داخوازییەکانیدا و بە گشتی لە سیاسەتکردنیدا واقیعییەتە نێوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیەکانی لێک دەدایەوە و دوای تاوتوێیکردن و هەڵسەنگاندنێکی زانستییانە رای خۆی دەردەبڕی. هەبوونی ئاوەها روانگەیەک لە سیاسەتدا کارێکی کردبوو کە دوکتور قاسملوو دروشمێک هەڵبژێرێ کە نەتەنیا بۆی جێبەجێ بێ، بەڵکوو لەگەڵ واقیعییەتەکانی ئێران بەگشتی و بەتایبەت کوردستاندا یەک بگرێتەوە، چوونکە خۆی لە پێناو ئەو دروشم و داخوازییانەدا بە مەسئوول دەزانی و دەیگوت کە ئێمە «حیزبێکی مەسئوول»ین، هەر بۆیە لە هەموو بوارەکاندا دەبێ «مەسئوولانە« بجووڵێنەوە.

تایبەتمەندییەکی دیکە کە دوکتور قاسملوو لە کاری سیاسیدا لە سەری سوور بووە سەربەخۆیی بڕیاردان لە سیاسەتدا بووە، چوونکە پێی وابووە کە هیچ لایەنێکی ناوچەیی و نێونەتەوەیی بە رادەی رێبەران و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە سەر راستییەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا شارەزاییان نیە، بۆیە ئەوەی کە دەبێ بڕیار بدا، رێبەران و حیزبە و لایەنە سیاسییەکانی کوردن و هیچ کەس بۆی نیە بە بێ ئەوان و رای ئەوان لە سەر کوردستان بڕیار بدا. یەکێ لەو هۆیانە کە لەسەر، سەربەخۆیی سیاسی پێداگر بووە، ئەوەیە کە کاری سیاسی و سیاسەتکردن بۆ چۆنییەتی بەرێوە بردنی وڵات و پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەییە، کە بە بێ سەربەخۆیی لە بڕیارداندا ئەو دوو شتە دەستەبەر نابن. لە شی کردنەوەی کورتە باسدا ئاوا لەسەر گرنگیی سەربەخۆیی دەدوێ:»ئێمە بەخاتری دۆستایەتی قەت واز لە سەربەخۆیی خۆمان و قازانجی میللەتەکەمان ناهێنین، بەڵام لە بەر خاتری سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ئەگەر پێویست بوو، واز لە دۆستایەتی دەهێنین. کەوابوو میعیار بۆ ئێمە قازانجی حیزب، گەلی کورد و گەلانی ئێران و سەربەخۆیی‌مانە. میعیاری ئەساسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەربەخۆیی بڕیاردانە، دۆستایەتی دەکەین، بەڵام لە گەڵ پاراستنی سەربەخۆیی، ئەگەر پێویست بوو دۆستایەتییەکە فیدای سەربەخۆیی دەکەین، بەڵام هەرگیز سەربەخۆیی فیدای دۆستایەتی ناکەین.» هەر لەبەر ئەم هۆیە بووە کە دوکتور قاسملوو هەموو کاتێک لەسەر بنەمای ڕیزی دوولایەنە پێوەندیی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە گرتوە.

تایبەتمەندیی سێیەم کە لە سیاسەتی دوکتور قاسملوودا خۆی نواندوەو بۆ خۆی باوەری قووڵی پێ بووە«ئەخلاق لە سیاسەت»دا بووە. بۆیە لەم بارەیەوە دژی هەر چەشنە بێ ئوسووڵی، قسەی ناحەزو ناشیرین و فێڵەبازی لە سیاسەتدا بوو. بۆیە لە کاری سیاسیدا بە کردەوەی ئینسانی، ئەدەبیاتی مەردمییانە و پاک و خاوێن باوەری قووڵی هەبووە. لەو بارەیەوە بۆ خۆشی دەڵێ « ئێمە بێ ئوسووڵی و جنێوفرۆشی لە سیاسەتدا ڕەت دەکەینەوەو بۆ جێگیر کردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا تێ دەکۆشین.»

بە هۆی هەبوونی ئاوەها ڕوانگەلێک لە کاری سیاسییە کە دوکتور قاسملوو شەڕی وەک تاکتیک چاو لێ دەکرد، تاکتیکێک بۆ گەیشتن بە ئاشتی و تەبایی. چوونکە لەسەر ئەو باوەرە بوو کە کورد ئەو هێزەی نیە کە بتوانێ دژمنی سەرتا پا تەیار بە چەکی مودێرنەوە لە بەین بەرێ، بۆیە دەبێ شەڕی چەکداری وەک تاکتیک بۆ ماندوو کردنی دوژمن بەکار بێنێ، تا ئەو کاتەی کە دوژمن ناچار بە وتووێژ بێ. وتووێژ و دیالۆگ لە لای دوکتور قاسملوو وەک شێوەیەک لە شێوەکانی خەبات چاوی لێ دەکرا، پێی وابوو کە هەر لایەنێک بەوە باوەری نەبێ «دەرگای سیاسەتی« بەسەر خۆیدا داخستوە. لەم بارەیەوە لە سەر گرنگی وتووێژ دەڵێ: «لە واقیع دا من شەڕ دەکەم بۆ موزاکرە، چوونکە ئێمە دەڵێن مەسەلەی کورد حەللی نیزامیی نیە.» لە سەر ئەو بنەمایە بووە کە هەموو کاتێک لە کاتی کاری دیپلۆماسی و پێوەندی گرتن بە وڵاتان و لایەنەکانی دیکەوە خوازیاری پشتیوانیی سیاسی لە کێشەی کورد بووە، کە ئەمە شتێکە کە لە نێو شورشی کورد دا نوێیە. بۆیە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی سیاسی لە جووڵانەوەی کورد لە ئاستی جیهانیدا هەوڵێکی زۆری دەدا، بۆ وێنە تێکۆشانێکی بێوێنەی دیپلۆماسیی بـــۆ بەستنی کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی بۆ چارەسەری کێشەی کورد وەرێ خستبوو کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕوانگەیەی کە پێی وابوو دەبێ مەسەلەی کورد لە فورمی نێوخۆیی و ناوچەیی دا بێتە دەرێ و ببێتە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی. لەم بارەیەوە دەیگوت: «دەبێ بەهەموو ئەو کەسانە کە گوێیان لە قسەکانی ئێمەیە بڵێین کە داوای کورد زۆر سادەو ڕەوایە، کورد مافی نەتەوەیی خۆی دەوێ کە لە جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤدا هاتوە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

واتە شتێکی زیادی نیە بۆیە مەسەلەن داوای خودموختاری مەسەلەیەکی نێوخۆیی نیە. زۆر لە دەوڵەتان وەک دەوڵەتی ئێران ئەگەر باسی خودموختاری دەکرێ دەڵێن، ئەوە مەسەلەیەکی نێوخۆیی و داخلیە و کەس حەقی نیە دەستی تێوەردا. کەوابوو مەسـەلەی خـودموختاری مەسەلەیەکی نێوخۆیی نیەو بەشێکە لە مافی مرۆڤ. بۆیەش ئەو دەوڵەت و رێکخراوو شەخسییەتانە کە خۆیان بە لایەنگری مافی مرۆڤ دەزانن پێویستە لە داوا رەواکانی گەلی کورد پشتیوانی بکەن.» (رۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٨٧)بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، واتە جیهانی کردنی کێشەی کورد، بەکردنەوەی دەفتەری نوێنەرایەتی بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتانی جۆراوجۆر، پێوەندی گرتن بە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی وڵاتانی دەرەوە، گرتنی کوڕو سیمیناری جۆراوجۆر و وتوویژ لەگەڵ راگەینە گشتییەکان لەسەر کێشەی کورد، توانیی بە باشی کێشەی کورد بە وڵاتانی دەرەوە بناسێنێ، کە ئاکام و قازانجە بەنرخەکانی ئەو شێوە تێکۆشانە هەر زوو دەرکەوت و لەسەر کێشەی کورد کاریگەریی پوزێتیڤیان دانا.

دوکتور قاسملوو بۆ بردنەپێشی ئەو سیاسەتە دروست و ئوسووڵییانە کە گرتبوونیە پێش و جێگیر کردنیان لە نێو بزووتنەوەی کورد دا، لە نێوخۆی ئەو بزووتنەوەیەش هەوڵێکی بێ وچانی بۆ چاکسازی دەدا، چوونکە ئەو بزووتنەوەیە لە هێندێک بواردا پێویستیی بە رێفورم هەبوو و هەروەها بۆ دەرکەوتنی سیمایەکی جوان لەو بزووتنەوەیە لەکن بیروڕای دەرەوە پێویست بوو لە هێندێک کار و کردەوەی نامرۆڤانە و ناحەز، دوور بێ و پاک و خاوێن رابگیرێ، چوونکە دەیزانی کە دنیا لە بزووتنەوەیەک کە بە کاری نامرۆڤانەوە تێکەڵ بێ پشتیوانیی سیاسی ناکا. خەبات دژی تیرۆریزم، خەبات دژی ناسیونالیزمی بەر چاوتەنگ، خەبات بۆ جێگیر کردنی دێمۆکراسی و بایەخەکانی مودێرنیتە لە نێو بزووتنەوەی کورد دا، خەبات دژی هەر چەشنە هەڵاواردنی جینسی و رەگەزی و ئایینی و نەتەوەیی خەبات دژی هەرچەشنە فەرد پەرەستی و... لەو بایەخانە بوون کە دوکتور قاسملوو بێ وچان هەوڵی دەدا کە بیانهێنێتە نێو بزووتنەوەی کوردەوە.

دوکتور قاسملوو هەموو کاتێک ئەوەی دووپات کردوتەوە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆز و رەواکان، دەبێ کەرەسەی رەواو و پیرۆز بەکار بهێنرێ، چوونکە لەسەر ئەو باوەرە بووە کە بزووتنەوەی کورد، بزووتنەوەیەکـی رەوایەو بزووتنەوەیەکە، کە لە پێناو مافە ئینسانییەکانی نەتەوەیەکی بندەستدا سەری هەڵداوە، بۆیە نابێ سیمای ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بزووتنەوەیە بە هۆی کاری تیروریستییەوە کە بە «کەرەسەی ناپیرۆز» ناوی دەبات، لەنێو بیروڕای گشتیی جیهاندا خەوشدار بکرێ. بۆیە هەر چەند ڕێبەری حیزبێک بووە کە چەکدار بووە و شەڕی چەکداری کردوە، بەڵام هاوکات لە گەڵ ئەوە ڕەشەکوژی، دیل کوشتن، لێدان و ئەشکەنجە، تیرور، بارمتە گرتن، تەیارە ڕفاندن و تەقاندنەوەی مەحکووم کردوە. بۆیە ئەو شەڕەی کە حیزبی دێمۆکرات دەیکرد لە ڕواڵەت و ناوەرۆکدا لەگەڵ تیروریزم جیاوازییەکی قووڵی هەبووە. دوکتور قاسملوو لە بارەی ئەو شەڕەی کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەیکرد دەڵێ: «نابێ لە بیرمان بچێ کە پێشمەرگە لە پێناو وەدەست هێنانی ئەو ئامانجانەی گەلی کورد خەبات دەکا کە دوژمنانی ئازادی بە ئاشتی حازر نەبوون قەبووڵیان بکەن و بۆ سەرکوتکردنی داخوازییەکانی گەلی کورد پەلاماریان هێناوەو شەڕیان بە سەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندووە. کەوابوو شەڕی پێشمەرگە بۆ دیفاع لە ئازادی، شەڕە لە پێناو مافێکی ڕەوادا و لە ئاکامدا شەڕە بۆ گەیشتن بە ئاشتییەکی سەربەرزانە و عادڵانە.» ئەمە ناوەروکی شەڕێکە کە حیزبی دێمۆکرات کردویەتی، بۆیە ئەو ڕێبەرە زانایە حیسابی خەڵکی ئاسایی و بێدیفاعی لە حکوومەتی سەرکوتکەری ئاخوندی جیا دەکردەوە و دژ بە خستنە مەترسیی گیانی خەڵکی ئاسایی و سیڤیل بوو. لەسەر ئەم بنەمایە بوو کە تیروریزم و بزووتنەوە نەتەواەیەتییەکانی لێک جیا دەکردەوە و لە نێوانیاندا جیاوازی دادەنا، دەیگوت دوو شتی جیاواز لە یەکن، لە سەری پێ داگری دەکرد و دەیگوت: «تیروریزم و بزووتنەوە رزگاریخوازییە نەتەوەیی‌یەکان دوو مەسەلەی جیاوازن، لە شەڕی چەکدارانە یان پارتیزانی بۆ رزگاریی نەتەوەیەک پەنابردن بۆ تیروریزم پێویست نیە. بە پێچەوانە من پێم وایە بزووتنەوە بەهێزەکان، ئەو بزووتنەوانەی کە بە ڕێگای دێمۆکراتی دا دەڕۆن و ڕێنوێنی دەکرێن و لایەنگریی و پشتیوانی خەڵکیان لەگەڵە پیویستییەکیان بە پەنا بردن بۆ تیروریزم نیە.»دوکتور قاسملوو تا ئەو جێگایە بازنەی مەحکووم کردنی تیروریزم بەرین دەکاتەوە کە ئەو ڕێکخراوو حیزبە کوردییانەش کە ئیستراتێژی خۆیان لەسەر ئەم بناخەیە دامەزراندوە، دەگرێتەوە و دەڵێ «ئامانجیان لە گەڵ ئامانجی بزووتنەوەی ڕەوای کورد دا یەک نیە.» چوونکە جیا لەوەی کە ترسی خەوشدار بوونی سیمای بزووتنەوەی کوردی لە نێو بیرورای گشتی جیهاندا هەبووە ترسی ئەوەشی هەبووە کە حکوومەتە زاڵەکان بە سەر کوردستاندا بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کورد بێ ئێعتبار بکەن و پاساو بۆ میلیتاریزە کردنی کوردستان بهێننەوە و خۆیان وەک پارێزەری ئازادی و مافەکانی خەڵک نیشان بدەن، لە کردەوەگەلی تیروریستی کە لەلایەن ئەو تاقمانەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

روویان دەدا، کەڵکی خراپ وەر بگرن، بۆیە هەموو کاتێک ئەوەی بۆ هێزە کوردییەکان دووپات دەکردەوە و ڕێنوێنی دەکردن.

دوکتور قاسملوو جیا لەوە، ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگیشی رەت دەکردەوە و پێ لەسەر دۆستایەتیی نێوان گەلان دادەگرت و بێوچان بۆ یەکیەتیی نێوان نەتەوە بندەستکانی ئێران هەوڵی دەدا و بۆ لێک نیزیک کردنەوەو پێوەندی دۆستایەتی لە نێوان ئەو نەتەوانە تێ دەکۆشا، لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە هاوپەیمانیی ئیستراتێژیکی ئێمە گەلانی بندەستی ئێرانن. هەروەها بەو باوەرە گەیشتبوو کە تەنیا بە یەکگرتوویی و هاوخەباتی نەتەوەکانی ئێرانە کە سیستمێکی دێمۆکراتیک لە ئێراندا جێگیر دەبێ، لەم بارەیەوە دەڵێ «بزووتنەوەی گەلی کورد هەرچەندە بەهێزیش بێ ئەوپەرەکەی تەنیا دەتوانێ رێژیم لاواز و رێگا بۆ رووخانی رێژیم خۆش بکا، بەڵام هیچ کات ناتوانێ ببێتە ئاڵترناتیڤ، بۆیە ئێمە، بەردەوام هەوڵمان داوە کە پێوەندیی نێوان بزووتنەوەی گەلی کورد و بزووتنەوەکانی دیکەی ئێران بەهێز بکەین.»

هەر بۆیە لە دواساتەکانی ژیانیدا لە گەڵ ئەوەی کە داکۆکی لە مافەکانی کورد دەکا، پێ لەسەر دابین بوونی مافی نەتەوەکانی دیکەش دا دەگرێو بە هێنانی نێوی ئەو نەتەوانە، دەڵێ «ئەگەر ئەمرۆ کێشەی ئەو نەتەوانە چارەسەر نەکرێ لە داهاتوویەکی نیزیکدا دەبێ چاوەروانی رووداوگەلی دڵتەزێن بین.» ئەم روانگەیە دەرخەری ئەو راستییەیە کە دوکتور قاسملوو ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگی بە مەترسی بۆ لێک بڵاو بوونەوەی خەباتی مافخوازانەی گەلانی بندەستی ئێران و هەروەها بە رێگا خۆشکەری پێک هاتنی بیری شوڤێنیستی و مەزنیخوازی زانیوە، کە ئەمە خۆی دەبێتە بەربەستێک لەسەر رێگای یەکگرتوویی نەتەوەکانی ئێران و دوورکەوتنەوەیان لە یەکتر. بۆیە دوکتور قاسملوو بۆ پێشگرتن لە سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگ و هەر چەشنە مەزنیخوازییەک، تێدەکۆشا کە بزووتنەوەی کورد دێمۆکراتیزە بکا، هەر بۆیە دەیگوت خەباتی ئێمە بە تەنیا «میللی« نیە بەڵکوو خەباتێکی «میللی دێمۆکراتیک»ە. چوونکە دوکتور قاسملوو پێ وابوو کە مرۆڤی دێموکرات، مرۆڤەکان لە هەر نەتەوە، رەگەز و ئاینێک بن، یەکسان سەیریان دەکاو تێ دەکۆشێ بایەخە مرۆڤایەنییەکان لەنێو کۆمەڵگادا پەرە پێ بدا، بۆیە لەبارەی گرنگیی دێموکراسی لەنێو شۆڕشدا دەیگوت «هەرگیز خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی یا خەباتی چینایەتی«یەوە. ئەمە دەرخەری ئەو راستییەیە کە دوکتور قاسملوو دێموکراسی بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کلیدی چارەسەری کێشەکان دەزانێ، بۆیە بێوچان هەوڵی دەدا کە دێموکراسی وەک بنەمایەک بێنێتە نێو جووڵانەوەی کوردەوە. دوکتور قاسملوو بۆ سڕینەوەی دیاردەی فەرد پەرستی لەنێو بزووتنەوەی کورد دا کە پێ وابوو، بەربەستی سەرەکیی جێگیر بوونی دێموکراسی لەنێو ئەو بزووتنەوەیەیە، هەوڵێکی زۆری‌دا کە ئەم روانگەیە دوو قازانجی بەدواوە بوو.

١- نەبەسترانەوەی بزووتنەوە بە تاکەکەس

٢- پەروەردە کردنی مرۆڤی بوێر و ئازا و چالاک. هەر بۆیە دەیگوت:»هیچ نێعمەتێک لە جیهاندا لە ئازادی بەنرختر نیە. ئازادی کەرامەت و شەخسییەت دەدا بە ئینسان و رێگا نادا بکرێ بەمورە... ئینسان دەبێ لە حاڵەتی مورە بێتە دەر، ببێتە شەخسییەت، ببێتە فەردێکی زیندوو و چالاکی کۆمەڵ«.

جیا لەوە دوکتور قاسملوو بۆ لەنێو بردنی هەر چەشنە هەڵاواردنێکی جینسی لە دژی ژنان تێکۆشاوەو بۆ لەنێو بردنی پێشێلکردنی مافی ژنان هەوڵی داوە کە لەم بارەیەوە دەڵێ «ژنان نیوەی ئەندامانی کۆمەڵن. هەرچی کەمتر لە کاروباری کۆمەڵدا بەشدار بن، ئەوەندە کارو تێکۆشان و خەللاقییەت لە کۆمەڵدا کەمترەو هەر ئەوەندەش کۆمەڵ پاشکەوتووترە. بۆیە رادەی بەشدار بوونی ژنان لە هەموو بارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی‌دا، نیشانەی رادەی پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵێکە.»

ئەم شێوە بیر کردنەوەیە نیشانەی ئەو پەری دێموکرات بوون و مودێرن بوونی ئەو رێبەرە گەورەیەیە کە بە هێنانی ئەو رێبازە دروست و ئوسوولییانە بۆ نێو بزووتنەوەی کورد، بوو بە هۆی ئەوە کە بزووتنەوەی کورد بکەوێتە سەر رێبازێکی مودێرن و هاوچەرخ. رێبازێک کە بوو بە هۆی پەرەسەندنی رۆژ لەدوای رۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک پێشرەوی جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران. بۆیە دەبێ رێباز و بیری قاسملوو هەروا وەکوو چراوگی رێگای خەباتمان بمێنێتەوە و ئەندێشەی قاسملوو و رێنوێنییەکانی ئەو رێبەرە گەورەیە کە بانگەشەی پێک هێنانی کۆمەڵگایەک، بەپێ بایەخە مرۆڤایەنییەکانی، دەکرد، بە کردەوە لەنێو کۆمەڵگادا پەرەیان پێ بدەین و جێگیریان بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەوتی: ١١ی جووڵای ٢٠٠٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# باسێکی کورت لە سەر کەسایەتیی دوکتور قاسملوو

حەمەرەسووڵ حەسەنپوور

لە سەر کەسایەتیی دوکتور قاسملوو زۆر شت گوتراوە و نووسراوە و لێکۆڵینەوەی ئاکادیمیی لە سەر کراوە و چەندین کتێبی لە سەر بڵاو کراوەتەوە، بۆیە ئەمن لە ماوەیەکی کورتی چەند خولەکی دا ناکرێ کەسایەتیی ئەو زاتە بلیمەتە بخەمە ڕوو، بەڵام بە حوکمی ئەوەی ماوەیێکی کەم لە ژیانی حیزبایەتی نهێنی دا لە گەڵی بووم و پاش ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبیش، بەحوکمی کارەکەم لێی نێزیک بووم دەکرێ زۆر بە کورتی هەندێک لە تایبەتمەندی‌یەکانی باس بکەم.

تایبەتمەندیی هەرە بەرچاوی دوکتور قاسملوو مێهرەبانی‌یەکەی بوو، کەسێک دژایەتییشی کردبایە، ئەو بە لێبووردنەوە هەڵس‌وکەوتی لە گەڵدا دەکرد. تایبەتمەندی‌یەکی دیکەی ئەو ئەوە بوو کە لە زۆر بواردا شارەزایی هەبوو، کە باسی کەسایەتی‌یەکی سیاسی، فەرهەنگی و هونەری دەکرد، بەچەشنێک دەی‌ناساند، هەروا بزانە ساڵەها لەگەڵی‌دا ژیاوە، شارەزایی‌یەکی زۆری لە وەزعی جوغرافیایی و ژیئۆپۆلتیکی وڵاتانی دونیا هەبوو، شۆڕشە ڕزگاریخوازانەکانی گەلانی ژێردەستەی ئەمریکای لاتین، ئەفریقا، ئاسیای ناڤین و ئاسیای دووری دەناسی و تێ‌دەکۆشا بۆ ڕێبەری‌کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەڵک لە ئەزموونەکانیان وەر بگرێ.

لە یەک قسەدا دەکرێ بڵێین دوکتور قاسملوو بە تەنیا سەرکردە نەبوو، بەڵکوو زانا و مێژوونووس و ئابووری‌زان و ئەدیب و ڕۆژنامەڤانێکی بە توانا بوو، دوکتور قاسملوو زۆرجار دەیگوت: حەزی زۆرم لە هۆنراوەی کوردی‌یە، بەتایبەتی ئارەزووم ئەوەیە ساتێک بێ‌گرمەی تەیارەو بۆمب و قرمەی کلاشینکۆف، گوێ بۆ هەڵبەستەکانی گۆرانی شاعیر شل بکەم.

لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە گەورەدێ زۆر کۆڕی شێعرخوێندنەوەی لە ماڵەکەی خۆی‌دا پێک دەهێنا و زۆر جاریش «شێرکۆ بێ‌کەس»ی شاعیری بانگ دەکردو بە شێعرەکانی سەرسام بوو و بۆ خوێندنەوەی هەر کۆپلەیەک لە شێعری شێرکۆ بێ‌کەس ئافەرینی لێ‌دەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێعری شاعێرە کلاسیکی‌یەکانی فارسی وەک فەردەوسی، سەعدی و خەیام و بابا تاهیری دەخوێندەوە، جارجاریش کە بێکار دەبوو پەنای دەبردە بەر کتێبی حافزی شیرازی و فاڵی دەگرتەوە و بۆ دەوروبەرەکەی شی دەکردەوە.

لە هەموو تایبەتمەندی‌یەکانی بەرزتر ئەوە بوو کە دوکتور قاسملوو گەل و نیشتمانەکەی خۆش دەویست و حەزی لە ژیانی سروشت کوردستان دەکرد، بەڵام لە هەمان کاتدا لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە ژیان بە بێ ئازادی، هیچ واتایەکی نیە و هەر بۆ ئەم مەبەستەش بوو کە چاکی مەردایەتیی لێ بە لادا کرد و وەک پێشمەرگەیەکی گیانلەسەردەست ڕێگەی چیای گرتە بەر، و چاو نەترسانە بوو بە ڕێبواری ڕێگای ئازادیی کوردستان.

ئێستا ڕووحی دوکتور قاسملووی هەمیشە زیندوو، هەموو بەیانی و ئێواران وەک کۆترێکی سپیی باڵنەخشین لە ئاسمانی کوردستان لە شەقەی شاباڵان دەدا و نان و ئازادی بۆ گەلەکەی دەخوازێ.

گەورەیی ئەو ڕێبەرە مەزنە، ئێمەی ڕێبواران هان دەدا دەرس لە ئەزموونەکانی وەر بگرین و درێژە بە ڕێگاکەی بدەین. ڕووحی شاد بێت.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠٠٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور قاسملووی دیپلومات، پارتیزان، فەرهەنگ، ئەدەب و هونەر ناس

**حامید تەیمووری**

دوکتور قاسملوو زیاتر لە چل ساڵی تەمەنی خۆی بێ وچان لە پێناوی وەدەست هێنانی ئازادی و سەربەستی بۆ میللەتەکەی دژی داگیرکەرانی کوردستان خەباتی کرد و تا دواساتەکانی ژیانی لەو ڕێگایەدا نەوەستا.

بە سەرکەوتنی گەلانی ئێران دژی دەسەڵاتدارییەتی پاشاییەتی لە ئێراندا و هاتنی خومەینی بۆ وڵات کە ناوبراویش لە حەمەڕەزا درندەتر بۆ کورد دەرچوو، نێوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و نێوی دوکتور قاسملووم بیست. ئەو دەم من قوتابی قوتابخانە بووم لە شار و هێندە شارەزای پرسی کوردایەتی نەبووم و تەنانەت بۆ یەکەم جاریش بوو کە هەم نێوی حدکا و هەم نێوی شەهیدی مەزنم دەبیست. لەو سەردەمانە کە ڕادیۆی فارسی تاران خەڵکی ئێرانی هان دەدا دژی گەلی کورد لە کوردستان و دژی حدکا، ئا لەو سات و کاتەدا ئێمەش هەستی کوردایەتیمان بزواو هەر لەو دەمانەدا بووین بە لایەنگری حدکا و نێوی دوکتوریش بۆمان ئاشناتر و خۆسەویست تر بوو. دیارە بە هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئێران و عێراق و داگیرکردنی شارو شارۆچکەکانی سەر سنووری ئێران لە لایەن سوپای عێراقەوە، خەڵکی سەر سنوور و شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەر لە مەریوانەوە تاکوو باشووری ئێران کەوتە ژێر چەکمەی سوپای دڕندەی بەعسی عێراقەوە. زۆربەی خەڵکی سەر سنوور ئاوارەی کوردستانی عێراق بوون. هەڵبەتە لە ئاوارەی داو لەو کاتە دژوارەدا خەونی ئێمە سەرکەوتنی کوردستان بوو بە سەر داگیر کەراندا. لەو خەونە مەزنتر ئەوە بوو کە ڕۆژێک بی ئەو گەورە پیاوە و سکرتێری حدکا لە نزیکەوە ببینم، دیارە ئەو خەونە لە کوردستاندا بەدیی نەهات تاکوو ساڵی ١٩٨٩ بۆ یەکەم جار لە سمینارێکی بەرین کە زۆربەی ئەندامانی حدکا بەشدار بوون لە ستۆکهۆڵم پێتەختی وڵاتی سوید ئەو خەونەم هات دیی و لە نزیکەوە دوکتور قاسملووم بینی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ئەو ئیفتخارەم پی برا. ئەو جۆرەی کە لە بیرو مێشکی خۆمدا دامنابوو، هەر بەو جۆرەش شەهیدی مەزنم بینیی. بە قەولی کاک برایمی یونسی دوکتور مرۆڤێکی زۆر پڕ و شارەزا لە هەموو بوارێکدا بوو. گەورەی ئەو کەڵە پیاوە بە پێنووس و بە نووسین نایەتە وەسف کردن...

وەک ئەمەگناسییەک بەرانبەر ئەو کەڵە پیاوە زۆربەی ئەو دوکیومنتانەی کە لە سەر شەهیدی مەزن نووسراون لە کتیبێکی قەوارەی مامناوەندی لەساڵی ١٩٩٤ لە ژێر نێوی «چەپکە بۆچوونێک لە سەر گەورە شەهیدی گەلی کورد د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو» چاپ و بەڵاو کردەوە. ئەم نووسینەی خوارەوەش گوڵبژێرێکە لە نێو ئەو کتێبە دا:

دوکتور قاسملوو لەو ئینسانانە بوو کە «ئینسانی تەواو» ناو دەبرێن. ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە لێهاتوویی و لێزانی ناوبراو تەنیا لە بوارێک دا نەبوو. ڕێبەری شەهید جگە لەوەی سیسەتمەدارێکی شارەزا، دیپلوماتێکی بە توانا و ئابووری زانێکی گەورە بوو چەند زمانی زیندووی دنیای بە باشی دەزانی. لە سەر مێژوو زمان و فەرهەنگ و شارستانیەتیی گەلی کورد بە تایبەتی و هێندێک لە گەلانی دەراوسێ و... زانیارییەکی زۆری هەبوو. جگە لەمانەش دوکتور قاسملوو لە بارەی تێگەیشتن لە مانای ژیان، هەڵسوکەوت و ئەخلاقی و چۆنیەتی چێژ وەرگرتن لە هونەر و ئەدەب و دەسکەوتە مەعنەوییەکانی مرۆڤەوە نموونە و ئۆڵگوو بوو.

شەهیدی نەمر بەشێکی زۆر لە ژیان و تەمەنی پڕ بەهرەی خۆح، وێڕای بەڕێوە بردنی ئەرکە سیاسییەکانی، بۆ خزمەت بە زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگی گەلەکەی تەرخان کردبوو. دوکتوری شەهید ساڵانێکی زۆر ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد بووە، نزیکەی دوو ساڵان لە زانستگەی سۆربونی پاریس لە فەرانسە لە بەشی زمان و شارستانییەتی کورد دا کاری کرد. دڵسۆزانە بۆ دامەزران و پێگەیاندنی ئەنیستیتۆی کورد لە فەرانسە تێکۆساوە و لەگەڵ ئەو کۆڕ و ناوەندە و زانایانە کە لە زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگی کوردیان کۆڵیوەتەوە هاوکاری و پێوەندییەکی گەرم و نەپچڕاوی هەبووە. ئەوین و ئۆگری دوکتوری شەهید بە فەرهەنگی نەتەوەکەی بە جۆرێک بوو کە بایەخێکی تایبەتی بە ئەدەبیان و هونەرمەندانی کورد دەدا و پێی خۆش بوو بە کارەکانیان دڵگەرمیان بکا. حەزی دەکرد بەرهەمەکانیان ببینێ، بیخوێنێتەوە، گوێیان لێ بگرێ و نێوەڕۆکی بەرهەمەکانیان لەگەڵ بێنیتە بەر باس.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە دڵ فرەوانییەوە دەستی هونەرمەندان و ئەدەیبە لاوەکانی دەگرت و ڕێنوێنی دەکردن. شیعری زۆربەی ساعیرە ناسروەکانی کوردی خوێندبووە. لە سەر فولکلۆر و گۆرانی و موسیقای نەتەوەکەمان زانیارییەکی زۆری هەبوو فولکلۆر و داب و نەریت و گۆرانیی هەموو ناوچەکانی کوردستان بۆ ناوبراو خۆشەویست بوون. کاک دوکتور گرنگییەکی زۆری بە بووژاندنەوەی زمانی کوردی دەدا.

دوکتوری قاسملوو لەو بڕوایەدا بوو لە بواری ئەدەبی و هونەری دا دەبێ خاوەنی ئەو توانا و ئیمکاناتە بین کە وەڵامدەری ئەو بزووتنەوە مەزن و پان و بەرینەی گەلەکەمان بێ. ناوبراو بۆ خۆی نووسەرێکی بە توانا و بە ئەزموون بوو بە سەخاوەتەوە ئەزموونەکانی خۆی لە ئیختیاری هاوڕێیانی دەنا. دوکتوری شەهید بۆ کۆڕ و ناوەندە زانستی، فەرهەنگی و هونەرییەکانی جیهان شەخسییەتێکی ناسراو بوو، ئەو ناسرانە بە هۆی ئەو شارەزاییەی بوو کە دوکتور قاسملوو لە سەر مێژوو و فەرهەنگ هەی بوو. ناوبراو بەو رادەیە لەگەڵ فەرهەنگ و داب و نەریتی گەلانی دیکە ئاشنا بوو کە لە نێو هەر میللەتێک دا بە ئاسانی دۆستی بۆ خۆی دەدۆزییەوە. شەهیدی نەمر لە کوردستان پارتیزان و لە ئوروپا دیپلومات بوو.

## لە بواری تێروریزم و ئەخلاقی سیاسی

دوکتور قاسملوو دەیوت؛ »ئێمە وەک حیزبی دیمۆکرات ڕەشەکوژی ڕەت دەکەینەوە، چوونکە حیزبێک کە لە لایەن گەلەوە پشتیوانی لێ بکری هیچ پێویستی یەکی بە پەنا بردن بۆ ئەو چەشنە کارانە نیە. ئێمە تیروریزم لە هەر شوێنێک مەحکووم دەکەین. ئێمە بێ ئوسوولی و جنێوفرۆشی لە سیاسەت دا ڕەت دەکەینەوە، بۆ جیگیر کردنی ئەخلاق؛ لە سیاسەت دا تیدەکۆشین و یەکەم ڕیکخراوی ئیرانی بووین کە ئەخلاقمان واریدی سیاسەت کردووە«.هەتا چیاکانی کوردستان و گەلی ئێمە بمێنی هاواری ئاشتی خوازانەی قاسملووی نەمر لە لوولەی تفەنگی پیشمەرگەکانی کوردستان دا دەنگ دەداتەوە. ئەو دەنگە هەتا سەرکەوتنی یەکجاری گەلەکەمان هەر دەمێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ – ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠٠٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ٢٢ی پووشپەڕ، ڕۆژی پەیمان نوێکردنەوەی خەڵك لەگەڵ خۆر و ڕووناکی!

**شەریف فەلاح**

لەناو هەر نەتەوە و گەلێکدا دەگمەنن ئەو مرۆڤە هەڵکەوتە و سیمبولانەی کە دەبنە هێمای ئاشتی و ئازادی و ڕێبازی دیمۆکرات بوون و ئاشتیخوازی دەبێتە سەرچاوەی ژیان و خەباتیان. نەتەوەی کورد و خەباتە ڕەواکەی لە کوردستانی ئێرانیش هەزاران ڕۆڵەی مێرخاس و چەندین ڕێبەری لێوەشاوە و شەهیدی مەزنی تێدا هەڵکەوتووە کە گیانیان کردۆتە فیدای ئازادی و دیمۆکراسی و سەربەستیی نیشتمان و لە بست بە بستی ئەم خاکە ڕەنگینەدا بە خوێنی ئاڵی ئەو ڕۆڵە مەزن و لە خۆبردووانە خەڵفە نەمامی هیوا و ئومێد ڕواوە. سەرقافڵەی کاروانی سوورخەڵاتی گەل قازیی دامەزرێنەر و بنیاتنەری حیزبی دیمۆکرات و کۆمار و خەبات بوو، بووژێنەرەوەی خەبات و ڕاچەنین و بەرخودان مامۆستای دیمۆکراسی و هێمای ئاشتی و ئازادی شەهیدی مەزن دوکتور قاسملوو و مرۆڤی ڕۆژی تەنگانە و ڕێڕەوی ڕاستەقینەی شەهیدان دوکتور سەعیدی مامۆستا و زانا بوو. ئێستا هەرکام لەو ڕێبەرە شەهیدانە بوونەتە هێما و سەمبولێک و لە دڵی ڕۆڵە نیشتمانپەروەرکانی نەوەی ئەمڕۆدا وەک یادێکی هەرمان نەخشیان بەستووە و بە لێدانی ترپەی دڵیان دوژمنان و نەیارانی گەل زراویان دەچێ. ئەوەی کە پتر لە گشت جێگای تێڕامان و لێ وردبوونەوەیە، ئەوەیە کە بۆ ماوەی پێنج ساڵی ڕەبەقە خەڵکی ڕاپەڕیو و بە ئەمەگی کوردستانی ئێران لە یادی ٢٢ی پووشپەڕ و ساڵڕۆژی تیرۆی ناجوامێرانەی ڕێبەر و سەرداری ناوداری کورد دوکتور قاسملووی زانا و هاوڕێیانیدا لە ئاستێکی بەرین و کەم وێنەدا و بە شێوەی جۆراوجۆر، یادی کارەساتی ڤیەن بەرز ڕادەگرن و لە سەر داوای حیزبی دێمۆکاتی کوردستانی ئێران و لەژێر تیشکی ڕێنوێنییەکانی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی ئەو حیزبەدا و بە هیمەتی ڕۆڵە ئازا و چاونەترسەکانی حیزب و گەل لە سەرانسەری نیشتمان حیماسە دەخولقێنن و یادی کەسکی شەهیدان بەرز ڕادەگرن و لە گەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئامانج و ڕێبازی پڕ لە سەروەرییان پەیمانی وەفاداری و درێژەدانی ڕێگایان تازە دەکەنەوە و لەلایەکی دیکەشەوە بە مەحکووم و ڕیسواکردنی کردەوەی جینایەتکارانە و قیزەون و پڕ لە شەرم و شوورەیی سەرانی کۆماری ئیسلامی، ئەو پەڵە نەنگ و ڕەشە تیرۆریزیمە نێودەوڵەتییە بەنێو چاوانی ئەو ڕێژیمەوەیە تازەتری دەکەنەوە. خەڵکی بەئەمەگ و وەفاداری کوردستانی ئێران بەو تێگەیشتنە بەرزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە هەیانە، باش

دەزانن چ کاتێک، چۆن، لەکوێ، بە شێوەیەک، و بە کام ئامراز درێژە بە ڕەوتی خەباتی دەیان ساڵەی خۆیان بدەن و دەزانن لەم بارودۆخەی کە بزووتنەوەی کورد و کۆمەڵگای ئێستای کوردستانی تێدایە چ جۆر خەباتێک دەتوانێ وەڵامدەر بێت کە دوژمنانی کورد دەستەوەستان و سەرسام بکات. ئەوەش نایەتە دی جگە لە هیمەتی ڕێبوارانی ڕێبازی پڕ شکۆی دوکتور قاسملوو و حزبە خۆشەویستەکەی واتە(حدکا). سەرەڕای ئەوەی کە دوژمنی دڵپڕ لە قین کە زراوی لە وێنەی شەهدەکانیشمان چووە، سەرانسەری شار و شارۆچکە و گوند و باژێڕەکانی بە پاسدار و بەکرێگیراو و هیزە ئەمنی و سەرکوتکەرە گوێ لە مستەکانی تەنیبوو، بەڵام لە بەرامبەر ئیمان و خۆڕاگریی و وەرەی بەرزی ڕۆڵەکانی دیمۆکراتدا چۆکیان دادا ودەستە و دامێن و سەرشۆڕ گەڕانەوە باوەشی ئاغاکانیان. ئەمساڵیش وەکوو ساڵانی پێشوو، ڕۆڵە گیان لەسەر دەستەکانی تێکڕای نیشتمانی تینوو بە ئازادی، ئەمسالیش کاروانی نەپساوەی خەبات لە بست بە بستی ئەم نیشتمانە ڕەنگینە، هەر لە داوێنەکانی پشتکۆ و ئیلام و چیاکانی «مانێشت»ەوە بگرە هەتا لێواری چۆمی خوڕێنی قەرەسوو، لە ئەیوان و ئابدانان و کرند و کووهدەشتەوە هەتا بەردەڵانەکانی دالاهۆی سەربەرز و دەشتی زەهاو و قەسر و گیلان، ئەمساڵیش جارێکی تر کرماشانی دێرین، ڕۆڵە ئاشقەکانی بێستوون و چاو کراوە و ئاتەشگە نشینەکانی کەنگاوەر و سەحنە و بێڵەوار و سونقوڕ، کوێستان و هۆبە و هەوار، شار و شەقام و کۆڵان و پێدەشت و مەزرایان کردە وێنەی شەهیدانی ڕێبەر و ئاڵای شینی ئاسمانی بوو بە سەمبولی مانەوەیان. ئەمساڵ نرکەی شێرە کوڕانی ڕوانسەر و جوانڕۆ و سەلاس چیا و دۆڵ و دەشت و سارای پڕ کرد لە سرووودی هەرمان و بوون. سڵاو لە ڕۆڵە ئازاو بەجەرگەکانی هەورامان لانەکەی زەردەشت و ئاهوورامەزدا، سڵاو لە هیمەت و خۆڕاگریی گەنج و پیر و ژن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و منداڵی پاوەی کۆڵنەدەر، دەستتان خۆش ئەی چاو نەترسەکانی نەوسوود و شاری شەهیدانی نۆدشە، ئافەرین ئەی کامیارانی نەوەکانی تۆڵە ئەستێن و هەردەم راپەڕیو، دەستتان خۆش، سڵاو لە ئیمان و خۆڕاگری و ئەمەگناسیتان دڵپڕ لە هیواکانی موچش و دێگولان و قوروە و لەیلاخی تاریکی بەزێن. ئەمساڵ لە حەماسەیەکی تردا شاری سنەی خوێناوی، ژاوەرۆی مەتەرێزی خەبات چەم شاری پڕ بڵێسە و ئاویەری پڕ لە قریوە و ئاریز و کۆسالانی دڵپڕ لە خولیا و شوێشە و نگڵ و سەولاوای سەربلێند کۆشکی بێدادیان هێنایە لەرزە و بە تراکت و دروشم و وێنەی ڕێبەری خەبات و بەرخودان حیماسەیەکی تر و چیرۆکێکی نەمریان تۆمار کرد کە مێژوو لە سینگی خۆیدا دەینەخشێنێ. لە دەرفەت و هەلێکی دیکەدا رۆڵەکانی ١٢ سوارەی مەریوان و ژاوەرۆی چاوگەی شۆڕش، یادی دوکتور قاسملوو و ڕێبازە پڕ لە خۆزگەکەیان بەرز راگرت و شاخ و دەشت و بژوێن، کێڵگە و مەزرا و هەواریان کردەوە مەیدانی تاراندنی دوژمن و ژیان و ژیوار و گڕ و بڵێسەیان تێدا چاند. لە ٢٢ی پووشپەڕدا هەوار نشینەکانی چلچەمە و ساراڵ، رۆڵە عاشقەکانی دیواندەرەی رۆژی تەنگانە، خەڵکی پشت ئەستوور و پشتیوانی حیزب و گەل، بیجاڕ و گەڕووس و تیکابی دێرین، هەوشاری هۆلاکۆ بەزێن، نەمامی خۆزگە و ژیانەوەیان لە دڵی ئەم خاکەدا چاند و دوژمنیان ریسوا و سەرشۆڕ کرد. سڵاو لە دەست و پەنجەتان شۆڕەشوارانی یازدە ئەستێرە، ئەی سەقزی راپەڕیو، بەو حیماسەیەتان نەکەرۆز هێندەی دیکە باڵای کرد و دۆ لە دەستی ئاربابای لووتکە بڵێند لە کەلیخانەوە بەرە و مەتەرێزی دێموکرات نشینانی گەورک و هاورێ لەگەڵ رەبەتی سەرسەوز و سەردەشت شاری قارەمانان، بەو حیماسە پڕ لە شکۆیەیان دڵی هەزاران دایکی شەهیدان خۆشتر کرد و بزەیان خستە سە لێوی دایکە نیشتمان. هەر دوێنێ بوو ئاڵای کوردستان و وێنەی قاسملووی ڕێبەر و ئاڵای شینی ئاسمانی کرایە بەر بووکی رازاوەی موکریان بۆکانی دڵپڕ لە خۆزگە و لە حەوزە گەورەدا دەست نوێژی چوار رکات نوێژی ئەوینی گرت. هەر دوێنێ بوو رۆڵەکانی قازی، شاری هەرمان و راچەنین، پێتەختەکەی کۆمار مەهاباد، شاری شێعر و جوانی دووبارە بۆوە بە پێشەنگ و لەگەڵ ساینقەلا و نەغەدە شاری برایەتی و هێمای کۆڵنەدان لەگەڵ خانێ، قەندیل نشینانی تاریکی بەزێن، رووناکیان خستە دڵی جەماوەر و پیلانەکانی نەیارانیان کردە بڵقی سەر ئاو. جارێکی تر لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باکوورەوە رۆڵەکانی لاجان و شنۆو جەماوەری راچەنیوی نەڵۆس و نەلاس هەواڵی هیوا بەخشیان بە گوێی قارەمانانی مەیدانی خەباتدا چرپاند، دەستتان خۆش ئەی پۆلە هەلۆکانی تەرگەوەڕ و مەگەوەڕ، نەوەکانی سمکۆ لە ورمێ و سەڵماس و ماکۆ و خۆی ئەی دەورا نشینەکانی سیپان، سڵاو لە ئیمانتان کە پیدەشت و کانی هۆبە و هەوار و دەشت و بژوێن و کۆڵان و شەقام و باژێڕتان شیناوی و ژیانتان رازاندەوە و خەوتان لە چاوی ژیان خۆران تاراند. دەستتان خۆش ورەتان بەرز، هەنگاوەکانتان پتەو، رێگاتان پڕ لە رێبورا ئەی کاروانە شین پۆشەکەی گەل، ئێوە ئێستا بوونەتە هێمای بەرخودان و رووگەی خەباتی گشت گەلانی ئێران، ئێوە بەم کارە بەنرخ و پیرۆزەتان، بە بەڕێوەبردنی ئەم حیماسە پڕ لە واتایە جارێکی تر سەلماندتان کە هەتا سەرکەوتن رێبواری بە ئەمەگی رێبازی پڕ لە سەروەریی سەرقافڵەی شەهیدان قازی و قاسملوو و شەرفکەندین و هیچ زەبر و زەنگ و ترس و تۆقاندنێک لێکتان ناکاتەوە و جارێکی تر ئەو درۆشمەتان دووپات کردەوە هەروەک چۆن رێبەری ئاشتیخوازی نەتەوەکەمان دوکتوور قاسملووی زانا لەپێناو دابینبوونی ئازادی و ژیانی رەوای نەوتەوەی کورددا خوێنی رژایە سەر مێزی ئاشتی ئێمەش بە ئیمان بە پشتیوانیی گەل رێڕەو و رێبواری ئەو رێبازە هەرمانەین. جارێکی تر ئێوە بە دنیاتان سەلماند کە ئەگەرچی دوکتور قاسملو بە جەستە نەماوە بەڵام ئامانج و رێباز و رێگا پڕ لە رێبوارەکەی لە دڵی ئەم خاکە و یەکە بە یەکەی رۆڵەکانی نیشتمان دایە. هەتا سەرکەوتن ساتێک ناسرەوین.

سەرچاوە: ماڵپەری خاکەلێوە – ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠٠٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# به بۆنەی ١٧ ساڵوەگەڕی تیرۆری ڕێبەریی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوکتۆر عبدالرحمان قاسملوو

**ئەحمەد عەلیپوور**

«باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگایانە»

د. قاسملوو

کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ڕۆژی چوارشەمە، ١٣ مانگی ژووئیەی ساڵی ١٩٨٩، بە گوللەی دەمانچەی پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامی، دڵی گەورەپیاوی کورد، سیاسەتڤان، ئابووریزان، ڕێبەر و سەرکردەی خەباتی رزگاریخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوکتۆر عەبدورەحمان قاسملوو، لە شاری ڤیەن پێتەختی ئوتریش (نەمسا) لەکار کەوت. بەمجۆرە، یەکێک لە شێلگیرترین درێژەدەرانی ڕێگای شەهیدانی کوردستان ماڵئاواییی لە گەلەکەی کرد و بەپەلە خۆی گەیاندە کاروانی لەخۆبوردووانی کوردستان و جارێکی دیکەش سەلماندی کە باوەڕی پتەوی بە ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کورد هەیە و هەردەم ئامادەیە گیانی لەسەر ڕێبازی ئازادی ئەو بەخت بکا. د. قاسملوو، هەر وەک لەنێو ڕێبەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتدا باو بووە، ئەمجارەش نیشانی دا کە ئەو تەنیا لە بواری سیاسی و زانستدا پێشڕەوی گەلەکەی نیە بەڵکو بەکردەوە و لە پراکتیکیش‌دا دەریخست کە ئەو مەزنەپیاوە تەنانەت لە بواری گیانباختکردن و سەلماندنی ئەو ڕاستی‌یەدا کەئەو ڕێبەری ڕاستەقینە و پێشمەرگەی خۆنەویستی گەلەکەیەتی، پێشڕەوە. دوکتۆر قاسملوو بێشک چ لەباری پلەی زانستی‌یەوە و چ لەباری ئەزموونی سیاسی‌یەوە و چ لەباری کارزانی و لێهاتوویی‌یەوە بەوەجترین کەسایەتیی کوردە لە سی ساڵی ڕابوردوودا.

تایبەتمەندی‌یەکانی کەسایەتیی قاسملوو ئەوە بوو کە ئەو لەحاڵێکدا کە ڕێبەر و ڕێکخەرو سیاسەتزانێکی بەئەزموون و بیرمەندێکی ئینتێلێگێنت بوو، هەروەها لەباری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زانستییشەوە پلەیەکی بەرزی ئاکادێمیکی هەبوو کە تائێستاش لەنێو کورداندا وێنەی کەمە. دەسەڵاتی د. قاسملوو بەسەر زانستی ئابووری‌دا و ئەزموونی چەندین ساڵەی ئەو نەمرە لە بواری سیاسی و کاری پراکتیکی‌دا و هەروەها توێژینەوە و دەرس‌گوتنەوە، بەتێکڕایی کەسایەتی‌یەکی ئیدەئالی لەو پێک‌هێنابوو کە گەلی کورد پێویستیی پێبوو. ڕێبەرایەتیی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد کە تا ئەوکات یان بەدەستی پیاوە ئایینی‌یەکانەوە بوو یاخود لەژێر دەسەڵاتی سەرۆک‌عەشیرەتەکان‌دا بوو، بە هاتنە مەیدانی د. قاسملوو سیمایەکی مۆدێڕن و زانستیی بەخۆوە گرت و دەرگایەکی نوێ بەرەوڕووی گەلەکەمان کرایەوە. ئەستێرەیەک لە ئاسمانی سیاسیی کورددا هەڵات کە هەم لەبواری تیئۆریی سیاسی‌دا و هەم لەبورای بیروباوەڕی دێموکراسی‌یانەدا ڕێگانیشاندەر و سەرچاوەی ئیلهامی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمانە. د. قاسملوو خەباتی گەلی کوردی بۆ گەیشتن بەمافەکانی خۆی بۆ یەکەم جار بەشێوەیەکی زانستی فۆرمۆلە کرد و بەم شێوەیە ویستی ئەم خەباتە تا ئاستی سیاسەتی ڕۆژی نێودەوڵەتی بەرز کاتەوە. زۆر دژوارە مرۆڤ بتوانێ ئەوە موجەسەم کا کە د. قاسملووی نەمر چ ئەرکێکی دژوار و گرنگی لەسەر شان بوو. بەڵام ئەو، ئەم ئەرکەی بە لێهاتوویی و کارزانی‌یەکی بێوێنە بەڕێوە برد و گیانیشی لەو ڕێگایەدا بەخت کرد.

پلاتۆ لە کتێبی سیاسەت‌دا دەڵێ باشترین کەسایەتی‌یەکان بۆ ڕێبەرایەتی کردنی کۆمەڵگا و دەوڵەت فیلسووفەکانن. ماکس ڤێبێر سێ ئایدیال‌تایپ بۆ ڕێبەران ئاراستە دەکات کە بەپێی ئەو ,ڕێبەران یان دەبێ کاریسمایان هەبێ (بە هۆی خۆشەویستبوونیان بتوانن خەڵکی بۆ لای خۆیان و بیروباوەڕەکەیان ڕاکێشن)، یان دەبێ بەشێوەی سوننەتی و ئایینی ڕێبەرایەتی بکەن یاخود مۆدێڕن بن. دوکتۆر قاسملوو هەم ڕێبەرێکی مۆدێڕن بوو و هەم کاریسماشی هەبوو. دیارە ئەم تایبەتمەندی‌یانە لەلایەکەوە لە کارزانی و لێهاتوویی و زانایی د. قاسملووەوە سەرچاوەیان دەگرت و لە لایەکی دیکەشەوە لە ویست و هەستی خزمەتکردنی ئەو نەمرە بە گەلەی بژیوی وەردەگرت. بەڵام مەخابن ئەم تایبەتمەندی‌یە نایابانە نەتەنیا هەمیشە نەدەبوونە مایەی سەربەرزی و شانازی، بەڵکوو زۆرجاران دەبوونە هۆی بەخیلی و حەسوودیی هەندێ زڕەکوردی چاوچنۆک و خۆبەزلزان کە وزەی ڕێبەرایەتیکردنی کوردانیان نەبوو و لە بەرانبەر د. قاسملوودا خۆیان چکۆلە و بێ‌بایەخ هەست پێ‌دەکرد.

بێگومان، لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی‌دا، د. قاسملوو یەکێک لەو هەڵکەوتووە شازانە بوو کە لێکدانەوەی دروستی لەسروشت و ماهییەتی کۆماری ئیسلامی هەبوو و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ستراتیژی «شەڕی ڕەوای» پارتیزانیی لەهەمبەر ئەم ڕژیمەدا هەڵبژارد. ڕوون و ئاشکراشە کە شەڕەکە لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە بەسەر گەلی کورددا کەداوای مافەرەواکانی خۆی دەکرد، داسەپابوو. لەهەمان کات‌دا د. قاسملوو خوازیاری شێلگیری چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە بوو. زەقترین بەڵگەش بۆ ئەوە تیرۆری د. قاسملوویە لەسەر مێزی وتوویژی ئاشتی لەگەڵ بەناو نوێنەرانی ڕێژیمی داگیرکەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دایە. من بەش‌بەحاڵی خۆم پێموایە ئەو کەسانەی ئێستا ڕەخنە لە د. قاسملوو دەگرن کە نەدەبوو شەڕی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا کردبایە هەڵەن. ئێمە ئێستا بە لە دەستابوونی ئاکامی ڕووداوەکان دەزانین کە نەتەنیا د. قاسملوو بەڵکوو هەموو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و تەنانەت دەوڵەتەرۆژئاواییەکانیش پێیان وابوو کە شەڕی نێوان ئێراق و ئێران و هەروەها شەڕی کەمایەتی‌یەنەتەوایەتی‌یەکان لە گەڵ کۆماری تازەپێکهاتووی ئیسلامی‌دا دەبێتە هۆی ڕووخانی. ڕەنگە بیروبۆچوونی ئەوکات وابووبێ کە چونکە لەلایەک ڕێژیم هێستا بەتەواوی سەقامگیر نەبووە و لەلایەکی‌ترەوە مەلاکان ئەزموونی دەوڵەتداری‌یان نیە، بە هاسانی ئەورێژیمە لەنێو ببرێ. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە زەق‌کردنەوەی دوژمنیکی لاوەکی و خاریجی و بە تۆمەتلێدانی کوفر و بێدینی توانی شیعەکان سازمان بداو بیان‌نێرێتە مەیدانی شەڕ. دیارە کۆماری ئیسلامی لەم بوارەدا هەم لە هەستی ئایینیی شیعەکان و هەم لە دانی پاداشی ماددی کەڵکی وەر دەگرت. لەم پێوەندی‌یەدا بەجێی دەزانم بڵێم کە ئێستاش هەن کەسگەلێک کە دڵیان بە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران خۆش کردوە و چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە ئەمریکا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی‌یان بۆ بڕووخێنێ. ..

لە کاتێکدا کە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد دەمێک بوو لە کزیی دابوو، د.قاسملوو مەشخەڵێکی هەڵکرد کە هەتا ئێستاش هەر دەگڕێ و توانی ڕۆشنایی بداو ببێ بە یەکێک لە گەورەترین و بەهێزترین جووڵانەوەکانی چریکی دەیەی ٨٠ی جیهان. د. قاسملو توانی شەڕێکی ڕەوا لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێک بخات و ڕێبەرایەتی بکا. هەر لەو کاتەش‌دا، قاسملوو سەرکەوتووانە حیزبەکەی کردە حیزبێکی مۆدێڕن کە وەڵامدەرەوەی بارودۆخی ئەمڕۆی سیاسەت و خەبات بێت و ئەرکی بەڕێوەبردن و سازماندانی کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستان بەئەستۆوە بگرێ و وەک دەم‌ودەزگایەکی دەوڵەتی لەنێو کۆمەڵی کوردەواری‌دا چالاکی بنوێنێ.

کارتێکردنی د. قاسملوو و حیزبەکەی لەسەر ژیان و شێوەی بیرکردنەوە و تەنانەت شێوەی ژیانی کوردی ڕۆژهەلات، سیمای کوردستانی گۆڕیوە. ئەم بەشە لە کوردستان ئێستا لەباری سیاسییەوە بێشک، یەکێک لە پێشکەوتووترین مەڵبەندەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەهەموو بارێکەوە سیاسەتی سەرکوتکردن و دەرهاوێژەرانەیو دواکەوتووانەی خۆی بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە دەبا. کۆماری ئیسلامی ئێستا هەوڵ دەدا کە بە بڵاوکردنەوەی تریاک و هێرۆیین لەنێو لاوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕەنگدانەوەی ئەم کارتێکردنە بسڕێتەوە و خەڵک لە بەسیاسیبوون بڕەوێنێتەوە.

## زانست و تیئۆری

نیزیکەی چوارسەدساڵ لەمەوبەر ئەحمەدی خانی بناغەی بیری وڵاتپەروەری و ناسیونالیزمی ڕزگاریخوازیی کوردی داڕشت و بەم شێوەیە بوو بە یەکەمکەس کە لەسەر یەکیەتی و خەباتی هاوبەشی گەلی کورد پێی داگرت. ئاواتەکانی ئەحمەدی خانی نەتەنیا وەدی نەهاتن بەڵکوو کوردستان پتر لەتلەت کراو لە کاتێکدا کە کوردان لەگەڵ یەکتر و لەخزمەتی داگیرکەرانی کوردستاندا شمشێریان دەوەشاند، سەروەت و سامانی گەلی کورد تاڵان کراو نیشتمانەکەمان خاوەنی عەرەب و تورک و تەنانەت ئازەرییشی لێ پەیدا بوو. د. قاسملوو لەکاتێکدا کە گەلی کورد بە تەواوی حاشا لە بوونی دەکرا، بە درێژەپێدانی ڕێگای ئەحمەدی خانی و بە نووسینی کتێبی کوردستان و کورد کێشەی کوردی بۆ یەکەمجار لە مێژووی گەلی کورددا بە شێوەیەکی زانستی تیۆریزە کرد و بەوجۆرە خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد هاتە نێو قۆناغێکی تازەوە.

## کتێبی کورستان و کورد

نەمر د. قاسملو بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا، بەشێوەیەکی زانستی و ڕێکوپێک، گرفتەکان، هەلومەرج و هەروەها ئیمکانەکانی خەباتی گەلەکەی ئاراستە کردو کتێبەکەی هەرچەند لە ڕوانگەیەکی مارکسیستییەوە نووسراوەو، ئەمڕۆ ئەگەر لەنێوماندا بایە ڕەنگە زۆرجیگای گۆڕیبان، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێت بەنێوەرۆکترین و بەنرخترین کتێبی زانستییە کە لەلایەن کوردێکەوە و لەسەر کورد نووسراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به چاوپۆشین لە بەشی ئابووری‌یەکەی کتێبی کوردستان و کورد، ئەم کتێبە بەتێروتەسەلی مێژووی گەلی کورد و هەلومەرجی سیاسی و قۆناغی خەبات و شێوەکانی ئەم خەباتە و تایبەتمەندی‌یەکانی رێبەرایەتیی ئەم خەباتە ئاراستە دەکات کە هەتا ئێستاش هەر راستن. د. قاسملوو کوردستان بە یەکوڵات دەزانێ و سنووری دەستکردی داگیرکەرانی کوردستان بەرەسمی ناناسێ. د. قاسملوو لە جوابی نەیارانی کورددا کە تۆمەتی جیایی‌خوازیی لێ‌دەدەن دەنووسێ کە پێکهاتنی دەوڵەتێکی کورد بەمانای جیابوونەوە نیە، بەڵکوو تێکەڵاوبوونەوەیە. پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد یانی بەیەکەوەلکاندنەوەی چوار پارچەی لێکدابڕاوی کوردستان. ئەمە بەڵگەیەکە بۆ وەدرۆخستنەوەی پڕوپاگاندیستەکانی حیزبی توودە و ئەکسەرییەت کە ئەوکات، لە خزمەتی کۆماری ئیسلامی‌دا، د. قاسملوویان بە ناسیونالیست و دژی شۆڕشی ئیسلامی تاوانبار دەکرد و ئێستاش پاشماوەی ئەم زەلکاوانە، ئەو بەناسیونالیست – رێفۆرمیست و ئێرانچی‌بوون تاوانبار دەکەن. رەخنە و نارەزایی لە رێبەرایەتیی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد، لەلایەن دەرەبەگ و توێژی دیکەی خاوەن‌دەسەڵاتی کوردەوە وەک خەتێکی سوور سەرانسەری کتێبی کوردستان و کورد دەئاژوێ. بەم حاڵەش د. قاسملوو لە هەر هەمووی سەرکردەکانی شۆڕشەکانی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەکانی کوردستان بەڕێز و شانازی‌یەوە یاد دەکا و وەک قارەمانانی گەل باسیان دەکا.

## سنووری کوردستان

د. قاسملوو کاتێک لە کتێبەکەی‌دا باسی دیاری‌کردنی سنووری کوردستان دەکا، بە وشە سێحراوی‌یەکانی خۆی ئاوا دەنووسێ «لە شیمالی رۆژهەڵاتی لوتکەی ئاراراتەوە خەتێکی راست دەست پێ‌دەکا، بەرەو جنووب بۆ بەشی جنووبی زاگرۆس و پشتکۆ دێتە خوارێ، لەوێ‌ڕا خەتێکی راست بۆلای رۆژئاوا دەکێشین هەتا دەگاتە شاری مووسڵ لە عێراق، لەوێوە خەتێکی راست بۆ لای رۆژئاوا کە لە مووسڵەوە دەگاتە بەشی تورکنشینی ویلایەتی ئەسکەندەروون و لەو نوختەوە خەتێک بۆلای شیمالی رۆژهەڵات رادەکشێ تا دەگاتە ئەرزەرۆم لە تورکیا، پاشان لە ئەرزەرۆمەوە خەتێک بەرەو رۆژهەڵات دێ تا دەگاتەوە لوتکەی ئارارات».(١)ئەم چەند دێرە ساکارە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام بەنرخەی سەرەوە، ئێستا بەشێوەی نەخشەی رەنگینی کوردستان لە ملوێنها ماڵی کورد لە سەرانسەری کوردستاندا هەڵواسراوە. بەم شێوەیە دەردەکەوێ کە د.

قاسملوو هەر لەباری تیۆریی سیاسی و زانستی ئابوری و توانایی رێکخستنو هەڵبژاردنی ستراتیژیی خەباتەوە بلیمەت نەبوو بەڵکوو لەباری وڵاتناسییشەوە رێنیشاندەری گەلەکەی بووە.

## جووڵانەوە رزگاریخوازانەکانی گەلی کورد

د. قاسملوو لە کتێبی کوردستان و کورددا، کەمایەسی و کەموکوڕیەکانی جووڵانەوەکانی کورد بە شێوەیەکی ئۆبژێکتیوی زانستی دەداتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و لەژیانی سیاسی خۆشیدا بەکردەوە هەوڵ دەدا کە ئەم کەموکورتییانە نەهێڵێ. نەمر د. قاسملوو باوەڕی پتەوی بەهاوکاریی سیاسیی هێزەسیاسییەکانی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا هەبوو و هەمیشە ئامادە بوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، دەست لە بەرژەوەندییەکانی حیزبەکەی خۆی هەڵگرێ. د. قاسملوو لە وتارێکدا کە بەبۆنەی هاتنی هێزی پشتیوانی یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، پێشکەشی کرد گوتی کە کوردستانی خۆشەویست نیشتمانی هەموومانە. هاوکاریی سیاسی نێوان یەکیەتیی نیشتیمانی و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە لە سەر بڕیارێکی سیاسی ئاراستە کراوە. بەمجۆرە د. قاسملوو هەموو رەهەندەکانی جووڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردی بە چالاکیی سیاسی دەزانێ و هاوکاری و هاوخەباتی لەنێوان هێزەسیاسییەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دا لە روانگەی سیاسییەوە هەڵدەسەنگاند. ئەوە تێروانینیکی مۆدێرن و پێشکەوتووانە بوو کە لەگەڵ ئاستی سیاسەتی جیهانی دا دەهاتەوە. د. قاسملوو سیاسەتڤانێکی ئێنتێرناسیونالیست بوو کە کێشەی کورد و خەباتەکەی بە جیهان ناساند و تا رێژەی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرزی کردەوە. د. قاسملوو خەباتی گەلی کوردی بووژاندەوە و گیانێکی تازەی وەبەرنایەوە و گەشەی پێدا و وەک باغەوانێک هەڵیپارداوت و بە خوێنی خۆی پاراوی کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قاسملووش وەک هەموو مرۆڤێک بەرهەمی کۆمەڵگای سەردەمی خۆی بوو و بێگومان ڕووداوەکانی کوردستان، ئێران، ڕۆژهەڵاتی‌نێوەڕاست و لە ئاکام دا جیهان کاریان دەکردە سەر بیروباوەڕی سیاسی و شێوەی هەڵسەنگاندن و ئانالیزی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەڵبژاردنی ستراتیژی و تاکتیکی سیاسیی ئەو نەمرە. وەک ڕۆشنبیرێکی لاو، لە سەردەمی لاوەتیی خۆی‌داو، بە تەئسیروەرگرتن لە جیهانی دووجەمسەریی دوای شەڕی دووەمی جیهانی و مارشی بیروباوەڕی مارکسیست - لینیستی، کە ئەودەم زۆر کەسی تینووی ئازادی و دێموکڕاسی بە تەنیا ڕێگەی نەجات و دامەزراندنی بەرابەری و یەکسانیی مرۆڤەکانیان دەزانی، د.قاسملووش ئەوڕێبازەی کردە کەرەسەیەک بۆ وەدیهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی گەلەکەی. سەردەمی دوای شەڕی دووەمی جیهانی بەتەواوی مۆری دژی ئیمپریالیستی و دژی کۆلۆنیالیستی لێ‌درابوو و گەلانی ژێردەست و کۆلۆنیکراوی ئاسیا و ئەفریقاو ئەمریکای لاتین یەک بەدوای یەکدا ئازاد دەبوون. ئەم ڕووداوانە ئەوکات، بەکارتێکردن و ڕەنگدانەوەی بیری مارکسیست - لینیستی لە قەڵەم دەدران.

د. قاسملوو زوو بۆی دەرکەوت کە لینینیستەکان سیمایەکی ناڕاستیان لە کۆمۆنیزم ئاڕاستە کردوە و نیزامی سۆسیالیستی کە لەسۆڤیەت و ڕۆژهەڵاتی ئورووپادا دامەزرابوو، لەسەر بناغەی دیکتاتۆری و گەندەڵیی سیاسی و ئابووری بنیات نرابوو. هەر لەبەر ئەوە لە بەهاری ساڵی ١٩٦٨دا، کە بە بەهاری پراگ ناسراوە، پشتیوانیی خۆی لە ئەلێکساندر دۆپچێک، سەرەک‌وەزیرانی ئەو کاتی چێکوسلۆڤاکیا، کە دەیەویست سۆسیالیزم دێموکراتی‌یانە بکا و لەژێر دەسەڵاتی ڕووسەکان ڕزگاری بکا، دەربڕی. د. قاسملوو بە نووسینی نامیلکەی «سۆسیالیزمی دێموکراتیک» لە هەشتاکان‌دا پەردەی لەسەر کەم‌وکورتی‌یەکانی نیزامی سۆڤیەتی هەڵدایەوە و نیشانی دا کە نیزامی سۆسیالیستی لەگەڵ زۆر گیروگرفت و تەنگ‌وچەڵەمەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕووبەڕوو بۆتەوە. هەروەها د.قاسملوو نیشانی دا کە سیستمی سۆڤیەتی سیستمێکی نادێموکراتی‌یە و بەمەرجێک پرۆسەی بە دێموکراسیبوونی تێدا وەگەڕ نەکەوێ مەحکووم بە لەنێوچوونە. ڕەوتی زەمان بۆ جارێکی دیکەش دروستبوونی بۆچوونی د. قاسملووی سەلماند. د. قاسملوو بە پێچەوانەی گەلێ کۆمۆنیست و مارکسیست -

لینینیست، باوەڕی بە ئازادیی نەتەوایەتی هەبوو و تەنیا مارکسیستێکی «ئێرانی» بوو کە بۆ رزگاریی گەلەکەی لە ژێر ستەمی نەتەوایەتیی فارسەکان، عەرەبەکان و تورکەکان خەباتی دەکرد.

د. قاسملوو پێی وابوو کە کێشەی کورد بە نەوتەوە گرێ دراوە و تا زەمانێک ئیمپریالیزم لە بەرژەوەندی‌دایە کە دەوڵەتێکی کوردی پێک نەیە، خەباتی رزگاریخوازیی ئەم گەلە هەرلەوکاتەدا کە دیموکراتی‌یە لەهەمان کاتدا دژی ئیمپێریالیستییشە (٢) د. قاسملوو یەکێک لەو پێشرەوانە بوو کە لە رێگایەکی زانستی‌یەوە سەلماندی کە گەلی کورد نەتەوەیە و بۆی هەیە دەوڵەتی سەربەخۆی تایبەتیی خۆی پێک بێنێ. بەڵام وەک بلیمەتێکی زانا باش ئاگادار بوو کە واقیعییەتی سیاسی و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و پارسەنگی دەسەڵات هێشتا ئیمکانی پێکهێنانی دەوڵەتێکی وای نەداوە. چونکە تا ئەوکاتیش و ئێستاشی لەگەڵ بێ هێشتا یەکگرتوویی‌یەکی ئەوها لەنێو گەلی کورددا بەدی ناکرێ کە بتوانێ موژدەدەری دەستپێکی رەوەندێکی وەها بێ. لەلایەکی دیکەشەوە، د. قاسملوو بەباشی دەیزانی کە دەوڵەتە رۆژئاوایی‌یەکان هیچ کات ئامادە نین بەوە رازی بن کە دەوڵەتێکی کوردی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێک بێت و سنوورەکان بگۆڕدرێن. هۆی ئەمەش ئەوە بوو کە ئیمپریالیستەکان ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتیان لەدەستدا بوو و تا ئەوکاتەی کە رێگای بەرهەڵستی کردنیان بوو دژی چارەسەری کێشەی کورد بوون.(٣)

کۆمۆنیستە شۆڤێنیستەکانی نەتەوە داگیرکەرەکان هەمیشە بەبیانووی لایەنگری لە رێبەرایەتیی «پرۆلتاریا» و سۆسیالیزم دژی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی و بەتایبەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بوون. د. قاسملوو لە جوابی ئەمجۆرە کەسانەدا دەنووسێ کە «هێندێک جار داخوازی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد بە داخوازێکی کۆنەپەرستانە دادەنرێ و کۆمۆنیستەکان لە سەر ئەو باوەڕەن کە دەبێ بەرهەڵستیی بکەن. ئەوانەی خاوەنی ئەم هەڵوێستەن، زۆرجار ئەوە دەکەنە بیانوو کە دەترسن دەرەبەگەکان لەو دەوڵەتە دا دەسەڵات بگرنە دەست و دیارە ئەوانیش دوژمنی دێموکڕاسی و سوسیالیزمن و بەم جۆرە کوردستان دەبێتە قەڵای کۆنەپەرستی لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. بەڵام ئەو هەلوێستە بەتەواوی هەڵوێستێکی ناڕاستە و لە تێنەگەیشتنی باری ئێستای کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێ».(٤) ئەمرۆ دوای شەڕی سارد و هەڵکردنی سروەی دێموکڕاسی لە سەرانسەری جیهان‌دا، هێشتا هەن زڕەکوردی بەناو کۆمۆنیست بەڵام دواکەوتوو کە پێیان وایە گەلی  کورد نابێ

داوای پیکهێنانی دەوڵەتی خۆی بکا و ئەم داوخوازە بە ناسیونالیزم و دواکەوتوویی دەزانن. د. قاسملوو لە جێگایەکی تردا دەنووسێ «کوردیش وەک هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. سروشتێکی تایبەتی کە لە مەسەلەی کورددا هەیە ئەوەیە کە مەسەلەکە بۆ کورد نە تەنیا جیابوونەوە نیە، بەڵکوو پێش هەموو شتێک یەکگرتنەوەیە. بۆ نموونە جێبەجێکردنی مافی دانانی چارەنووس لە عیراق مانای جیابوونەوەی کوردستانی عیراق نیە، بەڵکوو یەکگرتنەوەی کوردستانی عیراق لەگەل کوردستانی ئێران و تورکیایە. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە باسی بکەین مافی نەتەوەی کوردە بۆ یەکگرتنەوە لەنێو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا». (٥)

ئەم نووسراوەیە بەڵگەیەکە لە دژی کۆمۆنیستەکانی ئێرانی کە بەکورد و فارسیانەوە لە خزمەتی شۆڤینیزمی فارس‌دان و قاسملوویان بە بۆرژوابوون تاوانبار دەکرد و بەم شێوەیە سەرپۆشیان بەسەر بەرهەڵستکاری‌یەکانی خۆیان لە هەمبەر گەلی کورددا دەکێشا. ئەمانە ئێستاش بەدزینی تیۆری‌یەکانی د. قاسملوو لەمەڕ کلاسەکردنی بەرهەڵستکارانی کێشەی کورد، پرۆپاگاندای بێ‌نێوەرۆک ئاڕاستە دەکەن و ئێستا لە ئاور توندترن و د. قاسملوو بە ناسیۆنالیست-ریفۆرمیست تاوانباردەکەن. د. قاسملوو دەنووسێ « هێندێک لە مێژوونووسان بەئەنقەست راستی‌یە مێژوویی‌یەکان بەراوەژوو نیشان دەدەن، بۆ ئەوەی بە هێنانەوەی هێندێک بەڵگەی بێ ئەساس ئیسبات بکەن کە کورد لە رەگەزی سامی‌یە یان تورکە. هێندێکی‌تر خزمایەتیی نیوان زمانی فارسی و کوردی و ئەوە کە هەردوو زمانەکە دەچنەوە سەر لقی زمانە ئێرانی‌یەکان دەکەنە بەڵگەی ئەوە کە کورد بە فارس دابنێن. بە کورتی دان بە بوونی کورددا وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ نانێن و پەرەئەستاندنی مێژوو بەراوەژوو نیشان دەدەن». (٦)

١- کتێبی کوردستان و کورد نووسینی د قاسملوو، لاپەڕی ١٤، و. عبدلله حسن‌زادە، کتێبفرۆشیی سۆران، هەولێر چاپخانەی منارە، ساڵی ٢٠٠٦.
٢- کورستان و کورد . ل ٢٩٢.
٣- هەمان سەرچاوە، ل . ٣١٠
٤- هەمان سەرچاوە. ل، ٣٠٨،٣٠٩.
٥- هەمان سەرچاوە. ل، ٣٠٦.
٦- هەمان سەرچاوە. ل، ٣٧.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوونی ٢٠٠٦


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو و قەیرانی سەرکردە

خالید محەممەدزادە

١٧ ساڵ پاش شەهیدکرانی دوکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملوو نووسین لە سەر دوکتۆر قاسملوو شتێکی سادە نیە. هەر بۆیە هەتاکوو ئێستاش نووسینی جیددیمان لە سەر قاسملوو نەخوێندۆتەوە، بەڵام قەیرانی سەرکردایەتی لە بزووتنەوەی کوردەکانی ئێران بۆ ساتێکیش بێ، دەمانگەڕێنێتەوە بۆ بەردەم رۆڵی گەورەی سەرکردایەتیکردنی قاسملوو لە ئاڵۆزترین ساڵەکانی ئەم ناوچەیە. ئەمە وامان لێدەکا کە ئێمە بۆ ساتێکیش بێ لە رۆڵی گەورەی سەرکردایەتیکردنی قاسملوو بنوارین کە چۆن ئەم بزووتنەوەیەی خستە سەر رێگای واقێعیی خۆی، هیوایەکی گەورەی لەکۆمەڵگا بە نیسبەت خۆی لە رێبەرایەتیکردنی بزووتنەوەی کوردستان پێک هێنا و ئەم بێباوەڕیەی سڕییەوە کە دوای شەهیدکرانی قازی محەممەد بە نیسبەت رێبەرانی کورد لە ئێران دا پێک هاتبوو.

قاسملوو لەپاڵ ئەوەدا کە لە بزووتنەوەی کوردەکانی ئێران دا بۆشاییەکی زۆر گەورەی پڕکردەوە بە تیرۆرکردنیشی، بێکەسییەکی بەرچاوی لەو بزووتنەوەیەدا پێک هێنا کە هەتاکوو ئێستا ئەم بزووتنەوەیە بێ یارو یاوەر دەژی. لەراستی دا بزووتنەوەی کوردەکانی ئێران دوای قاسملوو رووبەڕووی قەیرانێکی گەورەی سەرکردایەتیکردن بۆوە کە هەتاکوو ئێستاش ئەم قەیرانە بە جوانی دیارە، حاشاکردن لەم واقێعەش شتێک لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، هیچ کەس و هیچ هێزێک نەیتوانی جێگای قاسملوو پڕ بکاتەوە، چونکە ئەمە پێش هەموو شتێک پێویستیی تێگەیشتن لەئەفکاری قاسملووی داوا دەکرد کە ئەمەش غایبێکی هەرەگەورە بوو.١٧ ساڵ پاش تیرۆرکرانی قاسملوو جێگای ئەم پیاوە لە بازنەی رێبەرایەتیی کوردەکانی ئێران دا هەر خاڵییە، خاڵی بەو مانایە کە کوردەکانی ئێران قەت نەیانتوانی کارەکتەرێکی کاریگەر لە نەبوونی قاسملوودا دروست بکەن کە ئەم بزووتنەوە بێیارویاوەرە رێبەرایەتی بکا. کوردەکان بۆ خۆیان ئیعتراف دەکەن کە نە تەنیا نەیانتوانی جێگای قاسملوو پڕبکەنەوە، بەڵکوو ئەندیشەکانی قاسملووش وەک خۆی نەخوێندرانەوە و کاریان پێنەکرا.

تێگەیشتن لەم رێبەرە وامان لێدەکا کە ئەندیشەکانی تەنیا لە حیزبێک دا بەرتەسک نەکەینەوە، ئەوە راستە کە دوکتۆر قاسملوو وەک فریادڕەسێک حیزبی دێموکراتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستانی ئێرانی لە گرێدراوی و گەرمێن‌نشینی رزگار کردو کردی بە گەورەترین حیزبی کوردی لە ئێران دا، بەڵام ئەندیشە و پرەنسیپەکانی سیمای بزووتنەوەی کوردەکانی لە ئێران دا بە تەواوی گۆڕی و شوێنی زۆری لە سەر گوتاری سیاسی کوردەکانی ئێران دانا. بە شێوەیەک کە ئەگەر بمانەوێ لە ئەفکارو ئەندیشەی سیاسیی بزووتنەوەی سیاسیی کوردەکانی ئێران لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم بە دواوە تێبگەین بە بێ گەرانەوە بۆ ئەندیشەکانی قاسملوو ئەم کارە مەحاڵە.

قاسملوو لە هەمان کات کە هیوایەکی گەورە بوو لە سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی کوردەکان، تیرورکرانی ناوەختیشی قەیرانی سەرکردایەتی‌کردنی قووڵتر کردەوەو بێ هیوایی‌یەکی گەورەشی بەدوای خۆی دا هێنا. ئەو کە لە نەبوونی رێبەرایەتی‌یەکی کاراو نائۆمیدی‌یەکی بەربلاو هاتە ناو بزووتنەوەیەک کە تەنیا لەسەر ئاسەوارەکانی کۆماری کوردستان دەژیا، نەمانیشی گەڕانەوەیەکی لەسەرەخۆ بوو بۆ گوشەگیرکردنی ئەم بزووتنەوەیە و لە مەنگەنەنانی کە هەتاکوو ئێستاش درێژەی هەیە.

بێگومان خەباتی ئێستای کوردەکانی ئێران زیاد لە حەد پێویستیی بەئەفکاری دێموکراسیخوازانە و لیبرالیستیی قاسملوو و پرەنسیپە ئینسانی‌یەکانی هەیە و لە هەمان کات دا ئەم بزووتنەوەیە پێویستیی بە کارەکتەرێکی هەڵسووڕی سیاسی هەیە بۆ ناساندنی کێشەی گەلێکی لە بیرکراوو پڕکردنەوەی هەموو ئەو بۆشایی‌یانە کە دوای قاسملوو پێک هاتن، بەڵام قەیرانی سەرکردایەتی‌کردنی بزووتنەوەی سەرانسەریی کوردەکانی ئێران دوای قاسملوو وا دەکا کە کوردەکانی ئێران دەبێ خەساری ئەم ناکارایی‌یەی رێبەرانی سیاسی بدەن و بۆ هەمیشە لە«چاوەڕوانیی گۆدو»دا بمێننەوە. لە راستی‌دا ئێمە تا لە مەرگی قاسملوو دوورتر دەکەوینەوە باشتر هەست بە نەبوونی ئەم پیاوە دەکەین، لە حالێک دا کە سیاسی‌یەکانی ئێستامان هەڵگری بێ‌هیوایی و بێ بەرنامەیی‌یەکی دیارن، قاسملوو پیاوێک بوو کە هەڵگری هیوایەکی زۆر گەورە بوو و رۆڵی کاریگەری لە سەرکردایەتی‌کردنی بزووتنەوەی کوردستان‌دا گێڕا کە بزووتنەوەی کوردستان هەتاکوو ئێستا بۆ»زۆر لە دەسکەوتەکانی خۆی بە قەرزداری قاسملوو دەزانی».نەمانی دوکتۆر قاسملوو لە سەرکردایەتیی جوولانەوەی کوردستان دا بە خەسارێکی زۆر گەورە دەژمێردرێ و پێویستیی بە قسەکردنی زیاترو مەجالێکی باشتر هەیە، بۆیە ئەم چەند دێرە تەنیا وەک وەبیرهێنانەوەیەک بۆ پیاوێک نووسرا کە ئێستاش پێویستمان پێیەتی.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٨ی دیسەمبەری ٢٠٠٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور قاسملوو و پێداگری لەسەر خەباتی هاوبەشی نەتەوەکانی ئێران

جەمیل ئەحمەدی

لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردنی لایەنە جۆراجۆرەکانی ژیان و کەسایەتی‌یەکی بەرێز و مەزن وەکوو دوکتور «عەبدورەحمان قاسملوو» پێویستیی بە کات‌و زانست و کەرەسەی خۆیەتی، کە بەداخەوە لەم هەلەدا لانیکەمی ئەم پێداویستی‌یانە لە بەردەستمان‌دان، تاکوو ئەوەندەی شایانی ئەم گەورەپیاوەی مێژووی خەبات و تێکۆشانی ئازادی‌خوازانەی نەتەوەکەمان بە تایبەتی و ئێران بە گشتی‌یە بەجێ بگەیەنم.ئەوەیکە لەم بابەتەدا پێشکەشی ئێوەی بەرێزی دەکەم، بێگومان زیاتر لەوەیکە باسێکی زانستی و بەرهەمی لێوەکۆڵینێکی ئاکادیمیک بێ، بابەتێکە کە بە رەسمی رێزلێنان و دەربڕینی هەستو وەفا، ئاماژە بە بەشێکی بچووک لە شێوەی خەبات‌و بیرکردنەوەی کەسایەتی‌یەک دەکا کە هاوکات خەباتگێری و زانستی لەخۆیدا کۆکردبۆوەو بەکاری دەهێنا.

بە مەبەستی باشترتێگەیشتن لە بابەتی سەرەکیی ئەم وتارە، پێویستە ئاماژەیەکی هەرچەند کورت بکەینە سەر بۆچوونی دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر دیاریکردنی بناغەی شێوەخەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران‌دا کە زیاتر لە ٦٠ ساڵە بەردەوامە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکی میللی‌یە کە بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران‌و لە چوارچێوەی خاکی ئێران‌دا خەبات دەکا. کەواتە ئەم حیزبە، حیزبێکە کە بە باوەڕ بە جیهانی پێشکەوتووی ئەمڕۆ،(لێرە ناتەواوی هەیە) کە بریتین لە دێموکراسی‌و مافی مرۆڤ، خەباتێکی نەتەوەیی دەکا، ئەگەرچی بە تێگەیشتن لە واقیعییەتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، هاوکات وەکوو ئامانجێکی درێژخایەن لە ئاسۆیەک دا بۆ دوارۆژی خەبات، کار دەکا لە پێناوی وەدیهاتنی کۆمەڵگایەکی ئینسانی‌تر لە ژێر سێبەری سوسیالیزمی‌دمکراتیک‌دا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاک دوکتور قاسملوو، لە شیکردنەوەیەک دا کە لەسەر دروشمی ئیستراتژیی ئەو کاتی حیزب، واتە «دێموکراسی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستان» کردوویەتی، لە دوای باس‌کردنی ئەوەیکە حیزبی دێموکرات بۆ چەسپاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووس خەبات دەکا، دەڵێ:

«مافی چارەنووس کە داوای دەکەین موحتەوایە (نێوەرۆکە)، بەڵام ئەو مافی چارەنووسە دەکرێ بە چەند شێوە جێ‌بەجێ بکرێ«(۱) لە درێژەی باسەکەدا دوای ئاماژەکردن‌و ناوبردنی ئەم چەند شێوەیە کە بریتین لە:

١- مافی وەرگرتنی سەربەخۆیی

٢- هەقی هەڵبژاردنی فێدرالیزم

٣- رازی‌بوون بەشێوەی خودموختاری، واتە (ئۆتۆنومی) لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم سێ شێوەیە تاوتۆی دەکاو بە ئاماژەکردن بە کەمو کورتی‌یەکانی وەرگرتنی سەربەخۆیی و نەبوونی دەرفەتی لە بار بۆ دەستنیشان‌کردنی شێوەی فێدراتیو دەڵێ «چونکە ئێران لە یەک میللییەت پێک نەهاتوە و لە چەند میللییەت پێک هاتوە، کەوابوو فیدرالیزمیشمان قبووڵە. بەڵام چونکە کەسێکی دیکە (واتە میللییەتێکی دیکە) نیە جارێ لە مەیدان‌دا، هەر ئێمە بەتاقی تەنیا هەین و داوای هەقی خۆمان دەکەین. داوای خودموختاری دەکەین.»(۲)

رەنگە گێڕانەوەی ئەم بۆچوونەی دوکتور قاسملوو خوێنەرو یان بیسەر، تووشی جۆرە پارادۆکسێک بکا، کە چۆن دەبێ تو لایەنگریی خودموختاری بکەی‌و لە هەمان کاتدا باوەڕیشت بە خەباتی هاوبەش و بەشداربوون لە یەک بەرەدا بێ تا لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران‌دا لە خەبات دژی دوژمنێکی هاوبەش بەرەبەرەکانی بکەی و بەشدار بی.ئەگەرچی بە سەرنجدان و وردبوونەوە لە وتەی پێشووی کاک دوکتور، دەکرێ لەوە تێ‌بگەین. کە هەڵبژاردنی خودموختاری وەکوو شێوەیەک لە شێوەکانی دیاریکردنی مافی چارەنووس، واقیعبینانەتر بووە بەڵام لە هەمان کاتدا بە وتەیەکی دیکەی کاک (دوکتور)ەوە دەتوانین روونکردنەوەیەکی باشترمان لەسەر ئەم بابەتە هەبێ. دوکتور قاسملوو بە تیشک‌خستنەسەر چەمکێکی دیکەی دروشمی سەرەکیی حیزب واتە، «دێموکراسی بۆ ئێران» دەڵێ: «ئەگەر دێموکراسی بە تەواوی لە ئێران‌دا جێگیر بێ. مانای ئەوەیە کە خەڵکانی دیکەش خودموختاریی خۆیان وەرگرتوەو ئەگەر


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوان حەقی خۆیان وەربگرن ئەوەیش بۆ خۆی (تضمین)ێکە بۆ حەقی ئێمە«(٣) یان لە شوێنێی دیکەشدا دەڵێ: «ئێمە لایەنگری خودموختاری بۆ هەموونەتەوەکانیئێرانین. زیاتر لەوە پێمان وایە شێوەی عەمەلی بۆ حەلکردنی مەسەلەی میللی لە ئێراندا شێوەی فیدرالێزمە، چونکە چەند میللەتی دیکەش هەن.»(٤)

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ لە حاڵێکدا کە لە باری(عینی)یەوە دەرەتانی یەکگرتوویی خەباتی نەتەوەکانی ئێران بە هۆی کەموکورتییەکانی بزووتنەوەی میلیی نەتەوەکانی دیکە مومکین نەبووە، بەڵام سەرەڕای لایەنی (زەینی)ی ئەم خەباتە، دوکتور قاسملوو هەوڵێکی بێ وچانی داوە بۆ ئەکتیڤکردن و تەنانەت یەکانگیرکردنی ئەم خەباتە هاوبەشەو هەردەم چ لە باری نەزەری و چ لە باری پراکتیکەوە هەوڵی بۆ داوە. لە ئاکامی ئاوەها هەوڵێکیدا بووە کە بەشی زۆری ئەرکی خەباتی نەتەوەکانی غەیرە فارس لە ئێراندا کەوتۆتە ئەستۆی حیزب و ڕێبەرە ماندوونەناسەکەی، ئەم ئەرکە لە درێژەی خەباتی نەتەوەکەماندا شوێنێکی بەرچاوی هەبووە و هەیەتی، تا رادەیەک کە لە دوایین ئاخاوتنی دوکتور قاسملوودا، لە سەر مێزی وتووێژ کە لە لایەن دیپلۆمات تیروریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە رازێندرابۆوە، داکۆکیکردن و دیفاعی لە نەتەوەکانی ئێران و لە مافی رەوایان لە لایەن دوکتوری شەهیدەوە، جێگەی ئاماژە و وەبیر هێنانەوەیە.

کەوابوو ئەوەیکە لە درێژەی ئەم بابەتەدا، دەیخەینە بەرباس و نووسین زۆر دوورترە لە تەنیا بیروبۆچوونی رێبەری مەزنمان دوکتور قاسملووی شەهید، بەڵکوو ئەمە رەوتێک بووە لە خەباتی پراکتیک و ململانێی بەکردەوەی دوکتور قاسملوو و حیزبەکەی وێڕای سستی و لە مەیداندانەبوونی نەتەوەکانیئێران لە لایەکەوە وەئەستۆگرتن و شاندانەژێر باری قورسی خەبات و بەرگری لە مافو مانی نەتەوەکانی ئێرانی لە لایەکی دیکەوە،و لە هەمان کاتدا رووبەرِوو بوونەوە لەگەڵ خواستو بۆچوونی تەنگنەزەرانە (کورت بینانە)و خەیاڵی بەشێک لە هاوسەنگەرانی لە درێژەی خەباتدا کە بە تێنەگەیشتن لە هەلومەرجی خەبات تووشی «(افراط)» و «(تفریط)» دەبوون.

بە دوای ئەم ئاماژەیەدا کە بە مافی دیاریکردنی چارەنووس کرا، بۆچوونێ کە ئێمە دەیخەینە بەرباس، خەباتی هاوبەش لەگەڵ نەتەوەکانی ئێران بێجگە لە نەتەوەی دەسەڵات بەدەستی فارسە. ئەگەر بمانەوێ ئاورێک لەمێژووی خەباتی نەتەوەی کورد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەکوردستانی ئێران بدەینەوە و لەم گۆشەنیگایەوە، واتە لەگۆشەنیگای پێوەندی و هاوخەباتی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا، چاوی لێ بکەین، دەتوانین بە ئاماژەکردن بە کۆماری کوردستان و هاوخەباتیی نەتەوەکەمان لەگەڵ نەتەوەی دراوسێ واتە ئازەرییەکان دەست پێبکەین و ئاماژە بە پەیمانی هاوکاریی نێوان کورد و ئازەری بکەین کە لەلایەن حکوومەتی میللیی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان بە ڕێبەرایەتیی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان راگەیەندرا.

قۆناخی دیکە هاوخەباتیی نەتەوەکانی ئێرانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی دوای شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ زایینی دا، لەم قۆناخەدا بوو کە بە هەوڵ و ئیبتکاری کاک دوکتور قاسملوو، وەکوو ڕێبەری حیزبی دێموکرات لە پاییزی ساڵی ١٩٨٠دا وا بڕیار بوو هاودەنگی‌یەکی گشتی لە نێوان نەتەوەکانی ئێراندا پێک بێ. بەداخەوە ئەم هەوڵەی کاک دوکتور بە هۆی هەڵایساندنی شەڕ لە لایەن خومەینی‌یەوە لەدژی نەتەوەی کورد، بێ ئاکام مایەوە. بەڕێز مستەفا هێجری سکرتێری گشتیی حیزب لەم پێوەندیەدا دەڵێ: «... بە ئیبتکاری دوکتور قاسملوو بوو کە پێکهێنانی یەکیەتیی نەتەوەکانی ئێران هەنگاوی بۆ هەڵگیراو بڕیار بوو کە لە پاییزی ١٣٥٩دا نوێنەرانی هەموو نەتەوەکانی ئێران لە شاری «مەهاباد» کۆببنەوەو ڕێوشوێنێک بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بگرنە بەر، بەڵام بەداخەوە هێزەکانی ڕێژیم لەو سەروبەندەدا هێرشی بەربڵاوی خۆیان بۆ سەر شاری مەهاباد دەست پێکرد و ئەو فرسەتەش لە کیس چوو.»

ئەگەرچی بە هۆی لاوازبوونی جووڵانەوەی نەتەوەیی نەتەوەکانی دیکەی ئێران جودا لە کورد، هەوڵە یەک لە دوای یەکەکانی دوکتور قاسملوو ئەو جۆرە کە خۆی ئاواتی دەخواست لە کاتی ژیانی بە نرخی‌دا بەری نەگرت، بەڵام بە هاتنەئارای کەشوهەوای نوێی جیهانی و ناوچەیی و هەوڵی بێ‌وچانی ڕێبەرانی حیزب و پەرەسەندنی جووولانەوەی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، ئاواتەکانی دوکتور قاسملووی شەهید بەپێک هاتنی کۆنگرەیەک لە ژێرناوی «کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدرال»دا وەدی هات. وا پێشبینی دەکرێ کە لە گۆڕانکاری‌یەکانی داهاتووی ئێراندا قورسایی خوی بە باشی بنوێنێ.لێرەدا جێی‌خۆیەتی هەندێ لە هۆیەکانی پێداگریی کاک دوکتور قاسملوو لەمەڕ ئەم لایەنە گرنگەی خەبات، واتە بایەخدانی زۆری بە خەباتی هاوبەش


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ نەتەوەکانی ئێران، دەستنیشان بکەین و بە هەندێ لە وتەکانی خۆی لەم بارەیەوە، هۆیەکانی ئەم پێداگرییانە پشتڕاست بکەینەوە بیانڕازێنینەوە.

## باوەڕی بناخەیی دوکتور قاسملوو بە چەمکی یەکگرتوویی و بایەخە مرۆڤییەکان وەکوو ئازادی و مافی مرۆڤ:

دوکتور قاسملوو، هەموو کاتێک و لە هەر دەرفەتێکدا هەوڵی دەدا نەتەوەکانی ئێران هان بدا تا بە هەڵبژاردنی خەباتی هاوبەش دژی کردەوە نامرۆڤانەکانی کۆماری ئیسلامی، دژی دیکتاتۆری و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا ڕابوەستن و یەکبگرن و لەپێناو وەدیهێنانی ئازادیدا خەبات بکەن و لە قوربانیدان نەترسن.

ئەو لەحاڵێکدا باوەڕی بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان و سەربەخۆیی وان هەبوو، هاوکات مرۆڤێکی ئەنترناسیونال بوو،و خولیایەکی مەزنی بۆ پێوەندیی نێوان نەتەوەکان هەبوو.هەر بۆیە لە وتووێژێکی رادیویی دا دەڵێ: «پەیامی من بۆ نەتەوەکانی ئێران ئەوەیە کە دەبێ هەموو کەس لەو ڕاستییە تێبگا کە ڕێژیمی کۆنەپەرستی خومەینی ڕێژیمێکی دژی ئازادی، ڕێژیمێکی دژی گەلی، تەنانەت ڕێژیمێکی دژی ئینسانییە و ئەوەی ئیسبات کردوە. خەبات کردن دژی ڕێژیمی خومەینی بریتییە لە دیفاع لە ئازادی، بەڵام بریتییە لە دیفاع لە ئینسانیش. بەڕاستی وجوودی ڕێژیمی خومەینی نەنگە بۆ نەتەوەکانی ئێران، نەنگە بۆ تاریخی ئێران و هەموو نەتەوەکانی ئێران. هەموو هێزە پێشڕەوەکانی نەتەوەکانی ئێران، هەموو ئەو ئینسانانە کە خۆیان بە ئازادیخواز، بە دێموکرات دادەنێن دەبێ یەک بگرن بۆ ئەوە هەرچی زووتر ئەو ڕێژیمە بڕووخێ و شوێنەواری نەمێنێ و ئەو نەنگە لە تاریخی ئێران لابچێ.(٦)

## لێکدانەوەی واقیعبینانەی لەسەر ژێئوپۆلیتیك و هەڵکەوتی جوغرافیایی کوردستان:

دوکتور قاسملوو بە شارەزاییەکی کەموێنە کە لەسەر کوردستان هەیبوو، چاک دەیزانی کە ژێئوپۆلیتیکی کوردستان و هەڵکەوتی جوغرافیایی کوردستان بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی وڵاتێکی سەربەخۆدا مومکین نابێ، بۆیە خەبات لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به مەبەستی وەدەستهێنانی مافە ئینسانی و نەتەوەیی‌یەکانی بە باشترو گونجاوتر دەزانی و ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە مافی دیاریکردنی چارەنووس، تەنانەت ئازادیی بڕیاردان تا سنووری جوداییشی بۆ نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە ڕەوا دەزانی. لەئاکامی ئەم واقیع بینی‌یە دا بوو کە بۆ وەدەستهێنانی مافە ناوبراوەکان لە چوارچێوەی ئێران‌دا بە پێی ئەوەی کە نەتەوەی کورد لە ئێران‌دا لە باری حەشیمەت و جوغرافیاو رووبـەرەوە، توانای بڕیاردانی یەکجاریی بۆ تەواوی ئێرانی نەبوو، دەیگوت: «بزووتنەوەی گەلی کورد هەر چەندە بە تواناش بێ دەتوانێ لە باشترین کات‌دا ڕێژیم لاواز بکا، هەلومەرجی رووخانی پێک بێنێ، بەڵام تەنیا و لە هیچ باریکەوە ناتوانێ ئاڵترناتیڤ بێت، هەر بەم هۆیەوە ئێمە هەموو کاتێک لە هەوڵی ئەوەدا بووین کە پێوەندیی نێوان بزووتنەوەی گەلی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران‌دا بپارێزین»(٧) هەروەها لە جێگەیەکی دیکەدا دەڵێ: «ئێمە لە ئەقەلییەت‌داین کەوابوو، دەبێ هاوپەیمانمان هەبێ لە بەشەکانی دیکە ئێران‌داو دۆستمان هەبێ.»(٨)

## باوەڕی قووڵی بە چەمکی دێموکراسی:

دوکتور قاسملوو، بەردەوام پێ‌داگر بوو لەسەر ئەوەی کە لە دروشمی سەرەکیی حیزب‌دا دێموکراسی بنەمایەکە کە نابێ فیدای خەباتی چینایەتی و نەتەوەیی بکرێ. هەربۆیە لەسەر ئەم باوەڕەی خۆی و بە هۆی جێگیربوون و هێنانەئارای دێموکراسی و پاشان سەقامگیرکردنی خودموختاری لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێ هەلێ بڕەخسێنین تا بە هاوخەباتی نەتەوەکانی ئێران، دێموکراسی و پاشان خودموختاری و یان فیدرالیەت سەقامگیر بکەین. لەسەر ئەم بابەتە لە جێگایەک دا دەڵێ: «... دێموکراسی بۆ ئێمە وەک حیزبێکی دێموکرات هەدەفە، حیزبێکی دێموکراتین بۆ ئازادی، یانی بۆ ئازادیی هەموو نەتەوەکانی ئێران تێ‌دەکۆشین و دەمانەوێ ئەو ئازادی‌یەش بپارێزین و تەنانەت پاش وەرگرتنی خودموختارییش ئەو دێموکراسی‌یە لە بەشەکانی دیکەی ئێران زامنێکە بۆ خودموختاریی ئەو گەلانە.»(٩)


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشبینیی داهاتووی ناوچە رۆژهەڵات ناوین و رەوتی جیهانگیری و ئەنتگراسیۆنی ئابووری:

دوکتور قاسملوو وەک مروڤێکی رووناکبیرو خەباتکارێکی ئاکادیمیک کە خوێندنی باڵای لە وڵاتانی ئوروپاییدا تەواو کردبوو، و بۆماوەیەکی زۆر لەم وڵاتانەدا ژیابوو و هەروەها بە پێی ئەو شارەزاییەی لەسەر پرسە جیاجیاکانی جیهان، بە تایبەت لەسەر سیاسەت و ئابووریی جیهان هەیبوو. باش دەیزانی کە ئەو شەپۆلە ئابووری‌یە جیهانی‌یەی دەستی پێکردبوو بە زووترین کات وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوینیش دەگرێتەوە، هەر بەم پێیە ئەگەر بێت و کوردستانیش بە سەربەخۆیی بگا، دەبێ تۆ بۆ پێکەوەژیان، ئاشتی و یەکگرتوویی کە دەتوانێ ئاکامی ئەم شەپۆلە بێ پێوەندی‌یەکی باشت لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێدا هەبێ، هەر لەم سۆنگەیەوە بوو کە پێداگریی دەکرد لە سەر خەباتی هاوبەش دژی دیکتاتۆری و لابردنی زوڵمی نەتەوەیی و سەقامگیرکردنی مافی وەک یەکژیانی نەتەوەکان و ئەم خەباتەی بە گونجاو دەزانی کە تۆ هاوکات بۆ خۆرێکخستن لەگەڵ رەوتی جیهانی و گەرەنتیی مان و مەوجوودیەتی خۆت وەکوو نەتەوەیەکی جوداو دانپێدانراو بەرەو پێش برۆی. لەم پێوەندی‌یەداو لە ئاکامی باوەڕی بە پێکهاتنی جۆرە ئەنتگراسیۆنێک لە نەتەوەکانی ناوچە، لە داهاتوودا بوو کە لە سەر بەفەرمی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی ناوچە بەدەستی خۆیان و بۆ ئاشتی و تەبایی نێوانیان خەباتی دەکردو لەسەر هاوخەباتی‌یان سوورو پێداگر بوو.

لە ئاکامدا ئەگەر بمانەوێ بە کورتی باسی ئەم بابەتە بکەین، دەتوانین بڵێین: دوکتور قاسملوو، بە باوەڕێکی قووڵ، کە بەرهەمی ساڵەها خوێندن و خەباتی بەکردەوەی بوو، هەوڵی دەدا تا «مافی دیاریکردنی چارەنووس، وەکوو مافێکی دێموکراتیک لە ئێراندا بۆ نەتەوەکانی ئێران دابین بکرێ و هەر بەو پێیە لە درێژەی ئەم ئەزموونە دوورودرێـژەدا کە دەستی کەوتبوو، پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەو دڵخوازانەی نەتەوەکانی ئێران، لە چوارچێوەی وڵاتێکی سەربەخۆو ئازاد و سەقامگیری‌دا بە باشتر دەزانی، وڵاتێک کە هەمووان مافی وەکیەکژیانیان هەبێ و نەتەوەگەل بەسەر چارەنووسی خۆیاندا زاڵ بن و مافی یەکسان و هاوبەشیان لەبەرامبەر پرسە

گشتی‌یەکان‌دا هەبێ. لە ئاکامی ئەم بۆچوونەو لە درێژەی بیروباوەڕە گشتگیرەکانی لەمەڕ ئازادیی مرۆڤ و ژیانێکی ئینسانی و ئاسوودە بۆ مرۆڤەکان‌دا بوو کە هاوکات دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەوەی کە ڕێبەرایەتیی جووڵانەوەی میللی - دێموکراتیکی نەتەوەی کورد لە ئێرانی‌دا دەکرد، ببووە جێگەی هیواو هومێدی کوردان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و لە هەمان حاڵدا جێگای باوەڕو ڕێزی ئازادیخوازان و نەتەوەکانی ئێران بوو. ڕێزو ئێحترامی ئەو هەر بەمەوە نەدەوەستا، دوکتور قاسملوو کەسایەتی‌یەکی ڕۆژهەڵاتی بوو کە سەرنجی بیرمەندان و سیاسەتڤانانی ڕۆژئاوایشی بۆلای خۆی ڕاکشابوو.

هەر ئەم وتەیەی «بێرنارد کوشنێر» وەزیری ئەوکاتی کاروباری مرۆڤایەتی لە کاتی ناشتنی تەرمی پیرۆزی کاک دوکتور لە گۆرستانی (پێرلاشێز)ی پاریس‌دا بۆ دەرخستنی ئەم ڕاستی‌یانە بەسە کە گوتوویەتی: «لە سەرجەمی جیهانی سێیەم‌دا کەسم وەک تۆ بەدڵ نەبوو.»

١- تاڤگەی حەقیقەت بەرگی یەکەم ل ٢٨٦

٢- هەمان سەرچاوە ل ٢٩٩

٣-. هەمان سەرچاوە ل ٢٩٨

٤- هەمان سەرچاوە ل ٢٩٨

٥- دوکتور قاسملو ڕێبەرێکی مۆدێڕن و شۆرشگێرێکی دێموکڕات ل ١٦٠

٦- تاڤگەی حەقیقەت بەرگی دووهەم ل ١٧٢

٧- هەمان سەرچاوە

٨- هەمان سەرچاوە

٩- هەمان سەرچاوە

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٩ی دێسەمبەری ٢٠٠٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بابەتی ساڵی: ٢٠٠٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکڕات دا

**ئیسماعیل زارعی**

شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو دووەمین ڕێبەری کاریزمای حیزبی دێموکراتی کوردستانە، کە یەکێک لە بەرزترین ڕێبەرەکانی نەتەوەی کوردیشە. دوکتور قاسملووی شەهید، کاریگەرییەکی هێندە زۆری لەسەر حیزب و پرسی نەتەوەیی کورد و پرسی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد هەبووە کە دەکرێ سەردەمی ڕۆڵگێڕان و ئەکتیڤ بوونی ئەو شەهیدە بە قۆناغێکی تایبەتی دانێین و تەنانەت ڕەنگە خراپ نەبێ کە مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانیش بە چەند بەشی پێش دوکتور قاسملوو و سەردەمی دوکتور قاسملوو و پاش دوکتور قاسملوو دابەش بکەین. دەکرێ ژیانی سیاسی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووی شەهید بە قۆناغێکی گرینگ لە ژیانی سیاسیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلات و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش بزانین.

زۆر نووسەر و لێکۆڵەر لەسەر ژیان و ڕۆڵی سیاسیی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هەروەها لەسەر چۆنییەتیی شەهید بوونی دەستیان بۆ نووسین بردووە و هەر کام لەوان لە ڕوانگەی خۆیەوە ئەو مەسەلەیەی هەڵسەنگاندوە. زۆر کەسی وەک بەڕێز مامۆستا «عەبدوڵڵا حەسەن زادە» و کاک «جەلیل گادانی» لەسەر کەسایەتیی شەهیدی مەزن چاوپێکەوتن و لیدوان یان نووسینیان هەبووە. لە کەسایەتییە بیانییەکانیش دەتوانین ئاماژە بە کەسێکی وەکوو «کریس کۆچێرا» بکەین. لە کتێبی «خەباتخوازیی کورد» دا بە تێروتەسەلی باسی ڕۆڵی شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووی نەمر و شێوەی شەهید بوونی دەکا کە شیاوی سەرنج و لێ وردبوونەوەیە.

شیاوی ئاماژە پێدانە کە چوار کتێبی تایبەتی لەسەر شەهیدی مەزن چاپ کراون کە کاک کاوە بەهرامی زەحمەتی ئامادە کردن و کۆکردنەوەی دوو کتێب لەوانەی کێشاوە. یەکەمیان کتێبی «دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی مۆدێرن و شۆڕشگێڕ»ە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی تریش کتێبی «تاقگەی هەقیقەتە» کە تا ئێستا دوو بەرگی چاپ کراوە و زۆر لەو نووسین و وتارانەی شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لەخۆیان دەگرن. هەروەها کتێبێکی بەپێزی دیکەش لەسەر کەسایەتیی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، بەناوی «قاسملوو لە ڕێباز دا زیندووە» چاپ بووە کە کاک قادر وریا زەحمەتی نووسین و وەرگێڕان و ئامادە کردنی کێشاوە. جیا لەو سێ کتێبەی سەرەوە کتێبی ئێسکۆرت بەرەو تاران، یەکێکی دیکە لەو کتێبانەیە کە باس لە ڕووداوی شەهید بوونی دوکتور قاسملووی نەمر دەکا. خوێنەری خۆسەویست دەتوانی بۆ زیاتر ئاشنا بوون لەگەڵ کەسایەتیی ئەو شەهیدە مەزنە چاوێک لەو سەرچاوانەی سەرەوە بکا. ئێمەش بە ئاماژە کردن بەو وتە و نووسین و وتار و کتێبانەیە کە بابەتەکەمان دادەڕێژین. مامۆستا هوشمەند عەلی، دانیشتووی شاری کۆیە. بۆ نامەی ماستەر (فوق لیسانس)ی خۆی لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەلی لەسەر کەسایەتی و ڕۆڵی شەهیدی مەزن کردوە کە ئێمە لەم بەشە لە نووسینەکەماندا زۆری کەڵک لێ وەردەگرین. تێزەکەی بەڕێز هوشمەند عەلی کە شتێکی جوان و تایبەتییە لە زانکۆی کۆیە بەپلەی زۆرباش وەرگیراوە.

دوکتور قاسملوو لە بنەماڵەیەکی موڵکدار و دەست ڕۆیشتوو دا لە دایک بووە، ناوی باوکی محەممەد ئاغا (مەمەد ئاغا) بووە کە سەر بەهۆزی دێبۆکرین، دایکی عەبدولڕەحمان ئاشووری بووە و ناوی فاتیمە بووە. دوکتور قاسملوو لە شەوی یەلدای ساڵی ١٩٣٠ و لە شاری ورمێ لە دایک بووە. لە دایکبوونی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو هاوکات بووە لە گەڵ شەهید بوونی سمایل ئاغای سمکۆ.

## ئا: تایبەتمەندی و کەسایەتیی دوکتور:

ئەگەر بمانەوێ زۆر بە تێرو تەسەلی باس لەسەردەمی ئەندامبوونی دوکتور قاسملوو لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا بکەین و کەمتر ئاماژە بەسەردەمی منداڵی و لاویتی بدەین، دەبێ لێرەوە سەرەتا باسی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی تاکەکەسیی دوکتور قاسملووی نەمر بکەین و دواتر باسی هێندێک ڕووداوی گرینگ لەسەردەمی ئەندامبوونی ئەو شەهیدە مەزنە دا بکەین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تایبەتمەندییەک کە زۆر جار سەرنجی خەڵکی بۆ لا دوکتور قاسملوو راکێشاوە و لەگەڵ ئەوەدا گرینگی و رپلێکی بەرزی هەبووە لە باڵابوونی کەسایەتی و بەرزبوونی ئاستی تێگەیشتنی دوکتور قاسملووی نەمردا شارەزابوونی دوکتور قاسملووی نەمرە لە سەر چەند زمان. «بەشێوەیەکی گشتی دوکتور قاسملوو زمانەکانی: کوردی، فارسی، ئازەری، تورکی. عەرەبی، فەرەنسی، ئینگلیزی، چێکی بەباشی زانیوە و لە هەمان کاتیشدا توانیویەتی بە چەند زمانێکی دیکەی وەک ئاڵمانی و رووسی و پۆلۆنی گفتوگۆ بکات!» لەسەر ئەوەی کە زمان زانین تا چ رادەیەک گرینگیی هەیە لەسەر جیهان بینی و روانگەی ئەو تاکەی کە زمانێکی تر جگە لە زمانی زگماکی دەزانێ دەتوانین ئاماژە بەو وتە گرینگ و فەلسەفییە بکەین کە فەیلەسووفێکی زماناناس لەو بارەوە کردوویەتی: «وێناکردنی زمانێک وێناکردنی فۆڕمێکی ژیانە». لەراستییش دا سنووری تێگەیشتنی ئێمە، سنووری جیهان بینی ئێمە و ئاستی بەرزی و نەوی بوونی روانگە و لۆژێکی بوونی ئێمە و مامڵەکردنمان لەگەڵ دیاردە و پرسەکان، تا ئەو رادەیە دەچێتە پێش کە زمانمان ئیزنمان پێ دەدا. ئەگەر تاکێک لەسەر زمانەکانی دیکە شارەزایی، سروشتییە سنووری ئەو شتانەی لە سەرەوە و زۆر لایەن و رەهەندی دیکەی وەکوو شارەزابوون لەسەر رەهەندەکانی دیکەی ئەو زمانە کە نەتەوەیەک یان چەند نەتەوە قسەی پێ دەکەن زیاتر دەچێتە سەرو بەرینتر دەبێ. هەربۆیەش شارەزا بوونی شەهید دوکتور قاسملوو لە زمانەکان دا، هۆکارێکی زۆر گرینگ بووە بۆ زیاتر شارەزابوونی شەهیدی مەزن لەسەر هەموو ئەو شتانەی لەسەرەوە باسمان کردن و یەکێک لەو فاکتەرانە بووە کەبۆتە هۆی سەرکەوتووتر بوونی دوکتور قاسملوو لە کاری دیپلۆماسی و ژیانی رۆژانە و ئاسایی خۆیدا.

دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سەبارەت بەوە کە چۆن مرۆڤێک بووە و چۆنی لە ژیان روانیەوە و کاتەکانی ژیانی بە چیەوە سەرف کردوە و چۆن ژیانی بەسەر بردوە دەڵێ: «من هەمیشە مرۆڤێکی گەشبین بووم و لە سەختترین بارودۆخەکاندا توانای دان بەخۆدا گرتنم هەبووە کە تا ئێستەش نەگۆڕاوم. جگە لەمە زۆر حەز لە خوێبدنەوە دەکەم و هەمیشە بە دوای گۆڤار و رۆژنامەی دەرەکی و ئێرانی دەکەوم و دەخوێنمەوە، لە هەمان کاتدا زۆر حەز لە خوێندنەوەی رۆمان و بابەتی زانستی دەکەم... (٣)». هێلێنای خیزانی سەبارەت بە نوێخواز بوون و زانابوونی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتور قاسملوو نەمر ئاماژە بەوە داکا کە کەسێکی بەفیز نەبووە و کەسێکی زۆر لەسەرەخۆو هێدی و خۆمانە بووە و توانایی دۆستایەتی و هەڵکردن لەگەڵ دەوروبەرەکانی دا زۆر بووە.بەهۆی ئەوەی کە شەهیدی مەزن زۆر لە وڵاتانی ئورووپایی گەڕاوە و زۆری موتاڵا لەسەر شێوەی ژیان و کلتوور و چوارچێوەی جوغرافیایی و مێژووی ئەو وڵات و نەتەوانە هەبووە شارەزایی یەکی یەکجار زۆری لەسەر ئەو وڵات و نەتەوە گەلە هەبووەو ئەوەش خۆی یارمەتییەکی زۆری داوە بۆ ئەوەی لوکاری دیپلۆماسی و پشتیوانی دروست کردن بۆ هەوڵەکانی خۆی و بو حیزبەکەی سەرکەوتوو و بەتوانا بێ. دیارە لێرە دا ناتوانین ئاماژە بە ئاستی تێگەیشتوویی شەهیدی مەزن لەسەر ئەو نەتەوە و کلتوورانە بدەین، بەڵام دەتوانین وەک نموونە و ئەزموونی تاکەکەسیی خۆی خۆی لەسەر داب و نەریتی کوردەواری و ئەدەب و کولتووری کورد ئاماژە بە هەستی کوردایەتیی ئەو شەهیدە بکەین و لە لایەکی دیکەوە دەکرێ ئاماژە بە هۆگر بوونی شەهیدی مەزن بۆ ئەدەبیات و زمانی کوردی بکەین. پێشەکییەک کە بۆ «تاریک و روون»ی مامۆستا «هێمن موکریانی»، شاعیری نەتەوەیی و بەرزی نەتەوەی کوردی نووسیوە، نیشان دەدا کە شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لەو بوارەش دا زۆر تامەزرۆ بووە و تەنانەت توانایی باش و بەرزیشی هەبووە.

**دوکتور کۆشنەر سەبارەت بە کەسایەتیی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ڕێوڕەسمی ساڵرۆژی شەهید بوونی قاسملوو لە ساڵی ١٩٩٠ دا دەڵێ:**

«دەتوانم بە راشکاوی بڵێم بۆم دەرکەوتوە کە لە دنیای سێهەمدا و لە نێو کەسایەتی و سەرۆکەکاندا د. قاسملوو بێ هەتاو بوو. لێبوردوویی، ئاشنایی بە زمان و فەرهەنگی زۆر لە نەتەوەکانی دیکە، ئاشتیخوازی، دڵپاکی و بێ کینەیی، بەشێک بوون لە تایبەتمەندییەکانی د. قاسملوو (٤)». کەسایەتیی دوکتور قاسملووی نەمر لەلای زۆر لە بیانییەکانیش جێگای سەرنج و لێ وردبوونەوە و سەرسوڕمان بوو. کەسایەتیی دوکتور قاسملوو نەمر بەڕاستی و بە حەق شیاوی ڕێز لێگرتن و لێتۆژینەوە بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەنگە بەهێزترین و سەرنجڕاکێشترین تایبەتمەندیی دوکتور قاسملوو دێموکرات بوونی بێ. باوەڕی دوکتور قاسملووی نەمر بەدێموکراسی تا ئەو ڕادەیە کە وەک خۆی دەفەرموێ: «خراپترین دێموکراسیم، لە باشترین دیکتاتۆری پێ باشترە». دێموکرات بوونی دوکتور قاسملوو لە ژیانی ڕۆژانەشی دا شتێکی بەرچاو بوو. ئەو بەگیان و دڵ باوەڕی بە دێموکراسی و هەموو ئەو ڕەهەندانە هەبوو کە دێموکراسی لە خۆی دەگرتن. هەروەک مامۆستا حەسەن زادە لە کتێبی نێوسەدە تێکۆشاندا ئاماژە بەوە دەکا کە سەرەڕای دژایەتیی کاک ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ دوکتور قاسملوو سەرەڕای ئەو هەموو خراپییانە کە کاک ئەحمەد لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان کردی و ئەو هەموو هەوڵانەی کە دواجار بە زەرەری جووڵانەوەی نەتەوەی و حیزبی دێموکراتی کوردستان تەواو دەبوو، ئەوە لەسەر پێشنیار دەکرێ کە جارێکی دیکەش پێوەندیی پێوە بگیرێتەوە و داوای هاوکاری و ئەندامبوون لە حیزبی لێ بکەنەوە. مامۆستا بەو شێوەیە بۆمان دەگێڕێتەوە کە: «... لە کۆنفرانس دا (مەبەست لە کۆنفرانسی سێهەمە) بە توندی داوا کرا کەلە حیزب دەربکرێ. خەریک بوو بڕیاری دەرکردن بدرێ کە شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو هاتە دەنگ و گوتی هاوڕێیان! ئەمن دەزانم ئەحمەد تۆفیق سەرەڕۆیە و خەتای حیزبیی لەسەرە. لە نێو ئێوەش دا کەس نیە بە قەدەر من لە لایەن ناوبراوەوە خەراپەی لەگەڵ کرابێ. بەڵام ئێمە ئێستا خەریکی دامەزراندن و جێگیرکردنی ئوسوولی حیزبیین، چۆن دەکرێ هەر لێرەدا بۆخۆمان پێشێلی بکەین. ئەو برایە ئەندامی حیزبە. دەبێ بانگ کرێ بۆ کۆبوونەوەی حیزبی، قسەی لەگەڵ بکرێ و هەوڵ بدرێ ڕەفتاری خۆی باش بکا. ئەگەر خۆی ئیسلاح کرد و ڕێ و شوێنی حیزبی بەجێ هێنا باشتر. ئەگەریش نا، ئەودەم کۆمیتەی ناوەندی دەتوانی دەری بکا...(٤)».

تایبەتمەندییەکی دیکەی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووی نەمر ڕەخنەگر بوونی بوو. شکی تێدانییە کەسێکی دێموکڕات جیا لەوەی کە ڕخنەگریشە، ڕەخنەوەرگریشە. ئەوە لەناو کەسایەتی دوکتور قاسملووی نەمرد دا زۆر وەبەرچاو دەکەوت. دوکتور قاسملوو کەمتر دەکەوتە بەر هەستیاری و دەمارگرژییەوە و داب و نەریت و پرسێک کە لەڕوانگەی ئەوەوە باش نەبوایە، زۆر بوێرانە، ڕەخنە لێدەگرت. «بەچاو خشاندنەوەیەک بەسەر وتارو هەڵوێستەکانی دوکتور قاسملوو دا بە سانایی ئەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە قاسملوو ئەو شۆڕشگێرە ڕاستەقینەیەیە کە ئازایانە نەریتەکان، پێوەندییە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان، ڕەوتی بزووینەوە و گوتاری زاڵی کۆمەڵگای دەخاتە ژێر پرسیارو ڕێگایەکی نوێ پێشنیار دەکات کە بەکردەوەش بۆ سەقامگیر کردنی هەنگاو دەنێ (٥)».

## ب: سەرەتای دەستپێکی کارو تێکۆشانی سیاسی

دوکتور قاسملووی نەمر لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەر دا لەدایک بوو و هەر ئەو کەشەی بنەماڵەکەشی کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر هۆگر بوونی دوکتور قاسملوو بە کاری سیاسیی و چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕێگای دیپلۆماتییەوە هەبووە. سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی سیاسی دوکتور قاسملوو دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵبوونی. هۆکاری سەرەکیی ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوە کە بنەماڵەی قاسملوو بنەماڵەیەکی تێکەڵاو بە سیاست بوون و شەهیدی مەزن خۆی لەم بارەیەوە دەفەرمێ: «هەرچەندە تەمەنم ١١ ساڵ بوو، بەڵام وەک زۆر منداڵی ئەو سەردەمە سیاسەت سەرنجی ڕاکێشا بووم (٦)». لە تافی منداڵییەوە ئاشنا بوون بە کاری سیاسی بێگومان باش ئەزموون کۆکردنەوە و باش تێگەیشتن لە کاری دیپلۆماسیی بەدواوە دەبێ. دوکتوری مەزن خۆی بە زمانی خۆی لە شوێنێکی دیکەش هەر ئاماژە بەوە دەکا و دەڵێ: «یەکێک لە بابەتە گرینگەکان ئەوەیە کە من هەر لە سەرەتای تەمەنی گەنجییەوە دەستم کردوە بە خەبات کردن و شەڕ دژی زوڵم و جیاوازیی نەتەوایەتی (٧)».

بەڵام بەشێوەیەکی فەرمی و دیار تێکۆشانی شەهید دوکتور قاسملووی نەمر دەگەرێتەوە بۆ ئەندامبوونی ناوبراو لەیەکیەیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستان دا. بەپێی سەرچاوەکان شەهیدی مەزن لە تەمەنی پازدە ساڵی و لەساڵی ١٩٤٥ بۆتە ئەندامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستان و پاشان لە ورمێ دەستی بە تێکۆشانی حیزبی کردوە. پرۆفیسۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ لەم پێوەندییە دا ئاماژە دەکا کە: «بارودۆخی گونجاوی خێزانەکەی پاڵی بە عەبدولڕەحمانەوە نا بۆ ئەوەی هەر لەسەرەتای تەمەنی لاویەوە دەست بکات بە تێکۆشان لە پێناوی

کوردستان دا و له ساڵی ١٩٤٥ دا له تەمەنی ١٥ ساڵی دا بوو کە یەکیتی لاوانی له شاری ورمێ دامەزراند(٨)».

له رۆژنامەی کوردستان و چەند بڵاڤۆکێکی دیکەی حدکاش دا هەر ئەو شتە بە شێوەیەکی دیکە باس کراوە، بەڵام ئاماژە بەوە نەکراوە کە خودی دوکتور قاسملوو لەو تەمەنەدا یەکیەتیی لاوانی دامەزراند بێ. ڕەنگە لەو تەمەنەدا قاسملوو بووبێتە ئەندامی رەسمیی ئەو رێکخراوە کە راستەوخۆ لە ژێر سێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستادا تێکۆشانی دەکرد و پێوەندییەکی قووڵی لەگەڵ ئەو حیزبە دا هەبوو و لە راستیدا ئێستاش ئەو پێوەندییە هەروا بەگەرم و گوڕێ ماوەتەوە و یەکیەتی لاوان وەکوو رێکخراوێکی بەرهەمی ئەو حیزبە چاوی لێ دەکرێ.

هەروەها دوکتور قاسملوو لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا دا تێکۆشانی سیاسیی خۆی دەکا. لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٩، ئەوکات کە دوکتور قاسملووی نەمر لە ئورووپا خوێندکار بووە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد دادەمەزرێ و بەڵام ئەمجارەیان خودی دوکتور قاسملوو دەستی لەدامەزراندنی ئەو رێکخراوە دا هەبووە. «یەکێک لەچالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا بەشداری کردنیان بوو لەمیهرەجانی دووهەمی لاوان و قوتابیانی جیهاندا، کە هاوینی ساڵی ١٩٤٩ لەشاری «بوداپست»، بەستراو نوێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە توانیان بەشداری بکەن و دەنگی کورد بگەیەننە دەرەوە و باسی بارودۆخی ئەوسای کورد رابگەیەنن(٩)». نەتەوەیی بوونی دوکتور قاسملوو لە لایەک و دژ بوونی حیزبی توودە بەرامبەر بە خەباتی نەتەوایەتی لە لایەکی دیکە، وای کرد رۆڵی دوکتور قاسملوو لەو رێکخراوە دا کەمرەنگ ببێتەوە. دوکتور قاسملوو ئەو کات کادری حیزبی توودە بوو.

جیی خۆیەتی بڵێین، دوکتور قاسملوو ساڵی ١٩٤٧ دەچێتە تاران و لەوێ سەرقاڵی خوێندنی ئامادەیی دەبێ، دیارە هەر لەو ساڵەشدا پێوەندی بە حیزبی توودە دەگرێ و بەم شێوەیە دەبێتە ئەندامی حیزبی توودە. لەم بارەیەوە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە تێزەکەی کاک هوشمەند دا بە تێرو تەسەلی لەسەر ئەو بەشە لە ژیانی دوکتور قاسملوو لێداونی هەبووە و بە روونی ئەو قۆناغەشی وەکوو زۆر سەردەمی دیکە ژیانی قاسملوو روون کردۆتەوە کە شیاوی ئاماژە پێکردن و سەرنجدانن. دوکتور قاسملوو لە وتارێک دا کەبە خراپ باسی شا دەکاو هێرش


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکاتە سەر سیاسەتەکانی دەسەڵاتی ئەو کات لە ساڵەکانی ١٩٤٨ و ١٩٤٩ ەوە دەکەوێتە ژێر گوشار و زەختەوە و بەناچار دەچێتە چێکۆسلۆڤاکیای ئەوکات و لە پراگ دەگیریسیتەوە. پراگی سەردەمێک کە لەو سەردەمەدا لەوێ کەشی مارکسیست بوون زۆر بەهێز بوو و هەروەها بیرۆکەی دژە مارکسیستیش هێدی هێدی سەری هەل دەدا و باسی لێوە دەکرا و هەر ئەو سەردەمەش قوتابخانەیەکی فولسەفیی بەهێزی وەکوو بازنەی ڤییەن لە پڕاگدا زۆر بەهێزو بەنفووز بوو. دوکتور قاسملوو لەو کەشەی یەو کاتی پڕاگدا درێژەی بە کاری سیاسیی خۆی دا. بەڵام زۆری نەخایاند دوکتور قاسملوو لەگەڵ گۆڕانێک کە لە ئێراندا رووی دا و موسەددیق هاتە سەرکار، گەڕایەوە تاران. دواتر بۆ پێوەندیی تەشکیلاتی و سیاسیی نێوان حیزبی توودە و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کۆمیتەی «کاک» پێک دێ کە دوکتور قاسملوو لەوێدا نوێنەری بەشی کوردستان و دەنیردرێتەوە کوردستان.

«قاسملوو لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٥٣ – ١٩٥٩ دا هەرچەندە تێکۆشانی سیاسیی خۆی لە چوارچێوەی سیاسەت و ئایدیۆلۆژییەتی توودە دا پەرەی پێ داوە، بەڵام لە زۆر کاتیشدا رەخنەی توندی لەو حیزبە هەبووە و هەوڵی داوە لە پاڵ بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە ئێران دەرەتانی کاری سیاسی بۆ خۆی برەخسێنێت، بەڵام بەهۆی سیاسەتی دوو لایەنەی قاسملوو، هەم لە توودە و هەم لە دێموکڕات لەوە دا سەرکەوتوو نەبووە و لەلایەن کادرەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە و لە سەرووی هەمووشیانەوە لەگەڵ عەبدوڵلا ئیسحاقی، تووشی ناکۆکی و ململانێی توند بۆتەوە. (١٠)»

سەبارەت بە بەرپرسایەتی دوکتور قاسملوو لە ناو حیزبی دێموکڕاتدا لە شوێنێکدا خۆی دەڵێ:

« لەبەهاری ساڵی ١٣٣٢ (١٩٥٣ز )ی راستەوخۆ لە تێکۆشانی حدکادا بەشداریم کردوە و لە ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی حیزبیشدا لێپرسراوتەتیم هەبووە (١١)». هەر لە درێژە دا کاتێک دەیهەوێ سەبارەت بەمێژووی حیزب قسە بکا ئاماژە بەوە دەکا کە لەنزیکەوە ئاگاداری زۆرێک لە رووداوەکان بووە.

پاش ئەوەی دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق تووشی ناکۆکی دەبێ و لە ئەنجامی ئەو ناکۆکییە دا واز لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دێنێ، دوکتور



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قاسملوو بۆ ماوەی نیزیک ١٠ ساڵان لە دوورەوە ئاگاداری وەزعی حیزبی دێموکرات و رووداوەکانی دەبێ. لەم بارەیەوە خۆی لە شوێنێک دا دەڵێ: «بەم چەشنە ئەمن لەساڵی ١٣٣٩ هەتا ١٩٤٩ بەش بەحاڵی خۆم تەنیا لە دەرەوە و لە دوورەوە ئاگاداری وەزعی حیزب بووم(١٢)». جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکەین کە لەئاکامی دژایەتییەکانی کاک ئەحمەد تۆفیق دا بوو کە دوکتور قاسملوو لە حیزبدا نەما. پاشان دوکتور قاسملوو دێتەوە کوردستان و بە هاوکاریی چەند کەسێک لە هاوڕێیانی دیکە کۆنفرانسی سێهەمی حیزب پێک دێنن.» هەتا بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لە عێراق کە من هاتمەوە عێراق و لەگەڵ چەند کەسێک لەبرادەرانی دیکە کۆنفڕانسی سێهەمی حیزبمان پێک هێنا(١٣)». دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ئاماژە کردن بە جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ دا و وێڕای داخ دەربڕین بۆ شەهید بوونی زۆر ئەندامی بەوەجی حیزب وەک مەلا ئاوارە و موعینی یەکان و سمایل شەریفزادە، باس لە ئەندامبوونی کەسانێکی دیکە دەکا کە ئەو کات دەیان توانی بەڕێوەبردنی حیزب بگرنە ئەستۆ. «لە نەتیجە دا ساڵی ١٣٤٨ ئەوانەی بۆ بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکڕات لە کوردستان مابوونەوە بریتی بوون لە: کاک ئەمیر قازی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، هێمنی شاعیر و حەسەن ڕەستگار ئەو چوارانە وەک باڵی ناسیۆنالیستی لە حیزبدا دەهاتنە بەرچاو(١٤)». دواتریش باسی چەند ئەندامێکی دیکە دەکا بە ناوەکانی «محەممەد ئەمین سراجی «و» یوسف ریزوانی» و ئەوانەش وەک باڵی چەپ و پێشکەوتنخوازی ناو حیزب ناو دەبا. لە درێژە دا دوکتور قاسملوو بە هێنانەوەی ناوی ئەو شەش کەسە و کەریم حیسامی، ئاماژە بەوە دەکا کە ئەوان ئەوکات رێبەری حیزبیان لەسەرشان بووە و لەبەر نەبوونی جێ و رێ ناچار لە قاوەخانەیەکی کۆیە زۆر کۆبوونەوەیان گرتوە و سەرقاڵی زیندووکردنەوەی حیزب بوون و هەر لەوێشەوەیە کە دوکتور قاسملوو بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی دەنووسێتەوە و دەیداتە دەست ئەو کەسانەی سەرەوە و بەشدارانی کۆنفڕانسی سێهەم کە دوای لێدوان و دەستێوەردان، پەسند دەکرێ.

دوای ئەوە حیزبی دێموکرات کاری خۆی بەباشی بەڕێوە برد و زۆر تێکۆشانی بەرچاوی هەبوو. لەو نێوەدا دوکتور قاسملوو رۆڵێکی یەکجار گرینگی گێڕا.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرکەوتنێکی گەورە کە دوکتور قاسملوو لە کورتە مێژووی ڕێبەرایەتی حدکا دا ئاماژەی پێ دەدا لەساڵی ١٣٥٠ بوو کە لەشاری کۆیە کۆنفڕانسی سێهەم گیرا. «لەو کۆنفڕانسە دا کۆمیتەی ناوەندی یەک هەڵبژێردرا، بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆ پەسند کرا کە ئەوە سەرکەوتنێکی گەورە بوو(١٥)». بەدوای ئەوەدا لە پلینۆم وەک سکرتێری حیزب هەڵ دەبژێردرێ.

ساڵی ١٣٥٦ کە جم و جووڵ دەکەوێتە وڵاتی ئێرانەوە، دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە کوردستانی عێراق و داوا دەکا کە بچنەوە وڵات. بەڵام زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ئەوکات دژایەتیی ئەو داوایە دەکەن. پاش ماوەیەک هەوڵ و تەقەلای دوکتور لە بەهاری ساڵی ١٣٥٧، واتە ساڵی شۆڕشی گەلانی ئێران دا، بەوە ڕازی دەبن کە کۆمیتەیەک دامەزرینن و بچنەوە نێوخۆی وڵات. ئەو کۆمیتەیە بەناوی کۆمیتەی زاگرۆس بوو کە ئەندامەکانی شەش کەس بوون. مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەم بارەوە دەفەرمێ: «زاگرۆس لە جێ دا سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. دوکتور قاسملوو، کاک ئەمیر قازی و کاک هاشم کەریمی و سێ کادری دیکە: سەید ڕەسووڵ دهقان، مەلا حەسەن شیوەسەڵی و عەبدوڵڵا حەسەن زادە پێک هاتبوو.(١٦)» وەک مامۆستا حەسەن زادە ئاماژەی پێ دەکا کۆمیتەی زاگرۆس لە ماوەی کەمتر لە حەوتوویەک لە پاییزی هەمان ساڵدا خۆیان گەیاندەوە نێوخۆی وڵات و زۆریش کاریگەر بوو.

### پ: ڕۆڵ و ڕێبازی دوکتور قاسملوو لە پاش شۆڕشی ئێران

ئەگەر بمانهەوێ باسی ژیان و ڕۆڵی بەرچاوی سیاسی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران بکەین دەبێ باس لە ڕۆڵ وکاریگەریی دوکتوری مەزن و هەروەها هەڵس و کەوتی سیاسی و دیپلۆماتێکی ئەو لەدژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بکەین. ئەو باسەش باسێکی هێندە کورت نییە کەبکرێ بەتەواوی لەم وتارە داجێی بێتەوە. سەرەکی ترین و گرینگترین سیاسەتی دوکتور قاسملوو لە بەرامبەر ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دا دانیشتن و وتوویژ بوو. دوکتور قاسملووش هەر وەک پێشەوای نەمر، دامەزرێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، باوەڕی بە چارەسەری کێشەی کورد لە ڕێگایەکی ئاشتیخوازانەوە هەبوو و بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو تواناوە هەوڵی دەدا لە ڕێگای دیالۆگ و وتووێژەوە ئەو کێشانە بێنە بەرباس و زەق بکرێنەوە و دواجار چارەسەر بکرێن و مافی پێویست و ڕەوا کوردان بدرێ. یەکەمین نیشانەکانی پاش ئەو باوەڕە ئەوەیە کە ئەو کەسایەتییە باوەڕی بە ئاشتی هەبووە و نەفرەتی لە شەڕ و خوێنڕشتن بووە. وتووێژەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران مێژوویەکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە دوکتور قاسملوو ئەگەر نەک لە هەموویان دا لە زۆربەیان دا بەشدار بووە و ڕۆڵی بەرجەستەی گێڕاوە. لە کاتی وتوویژ کردندا بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پیلانی تیرۆر کردنی دوکتور قاسملووی داڕشت و بەداخەوە تێیدا سەرکەوتوو بوو.

«پاش ئەوەی شۆڕشی گەلانی ئێران بە رابەریی خومەینی یەکلایی کرایەوە و لە ١ - ٢ - ١٩٧٩ دا خومەینی لە تاران نیشتەجی بوو، قاسملوو وەک ڕێبەری حدکا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە ڕژیمی نوێ دەربڕی و ڕۆژی ٩ی شوباتی ١٩٧٩ پەیامێکی ئاراستەی خومەینی کرد. بەڵام ئەو هەوڵەش بێ ئەنجام مایەوە، ڕۆژی ١٠ - ٢ - ١٩٧٩ حکوومەتی کاتی بە سەرۆکایەتیی» مهدی بازرگان «دامەزرا بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان. قاسملوو لەسەر هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بۆ چارەسەری کێشەی کورد بەردەوام بوو، بەتایبەتی کاتێک کە ڕۆژی ٣١ - ٣ - ١٩٧٩، چاوی بەبازرگان دەکەوێت و پشتیوانی حدکا لەدەوڵەتی کاتی ڕادەگەیەنێت، پاشان داوای کرد ڕێگە بدرێ نوێنەرانی دیموکرات لەرێگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بۆ گەلانی ئێران شی بکەنەوە، هەروەها داوا دەکا بۆ ئەوەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لە یاسای بنەڕەییدا بگونجێن، ڕیگە بدرێت نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە دانانی ئەو یاسایە دا بەشدار بن(١٧)».

شیاوی ئاماژە پێدانە کە پێوەندی نێوان شەهید قاسملوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەر لە بنەڕەتدا باش نەبوو، چونکە لە بنەڕەتدا دوکتور قاسملوو خوازیاری دیموکراسی و مافی نەتەوایەتی و جیا لەوانەش داوای مافی خودموختاریی بۆ نەتەوەی کورد دەکرد و لەبەرامبەر دا کۆماری ئیسلامی باوەڕی بە هیچکام لەوانە نەبوو. دوای ئەوەی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو داوایانە ڕەت کرانەوە و قەبووڵ نەکران ئیدی دوکتوری مەزن سیاسەتێکی تاڕادەیەک ڕکەبەڕانەی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرتە بەر و لەگەڵ ڕژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو کەوتە ناکۆکی یەوە. یەکێک لە نموونەکانی ئەو ناکۆکییە ئەو کات دەرکەوت کە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕایگەیاند کە ریفراندۆم دا بەشداری ناکا، چونکە ئەو ڕژیمە باوەڕی بە هیچ بنەمایەکی دیموکراتیک نییە. هەربۆیەش لە کوردستاندا کەمتر کەسێک لەو ریفراندۆمە دا دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی دا، بەڵام واقیعی مەسەلەکە بەو شێوەیە بوو کە کۆماری ئیسلامی بە ڕێژەیەک دەنگی یەکجار زۆرەوە دەنگی هێنایەوە، مووسا غەنی نژاد لە وتارێک دا باسی بناخەکانی دیموکراسی دەکا، زۆر باش ماهییەتی ئەو ڕێژیمە روون دەکاتەوە کە ئەو کات دوکتور قاسملوو پێی گەیشتبوو و ئەوەش لە ورد بینی و داهاتوو بینیی قاسملوو ڕادەهات نەک لە دەمارگرژیی نەتەوەیی و هەستی نەتەوایەتی یان شتێک بەناوی بەرژەوەندیی حیزبی و لە لایەکی دیکە ئەوە مافی سەرەکی و گرنگترین داخواز و ویستی خەڵکی کوردیش بوو. غەنی نژاد سەبارەت بەو ڕێفراندۆمە و ئاکامەکانی دولێ: «٩٨٪ دەنگیان بە شتێک داوە و ئەو ٢٪ یە قسەیەکیان بۆ وتن نیە. بەڵام ئەوە دیموکراسی نیە. ئەمە جۆرێک پۆپۆلیزمە و ئەم مەترسی یە. مەترسیی فاشیزمە، مەترسیی ڕەگەزپەرەستیە(١٨)». هەوڵەکانی شەهید دوکتور قاسملوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بە تایبەتی هەوڵە ئاشتیوازانەکانی، هێندە زۆرن کە ئێمە ناتوانین بە تێرو تەسەلی لێرەدا باسی هەموویان بکەین. یەکێکی دیکە لە هەوڵەکانی شەهید قاسملوو بریتی بوو لەوە کە پاش ئەوەی کۆنگرەی ٤ی حیزب گیرا، دوکتور قاسملوو لەساڵی ١٩٨٠ دا لێژنەیەک دەنێرێتە تاران و لە ٣ی شوباتی ١٩٨٠ ئەو لێژنەیە لەگەڵ بنی سەدر وەک سەرۆک کۆماری ئەوکات کۆبوونەوە پێک دێنن.

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە شەڕی سێ مانگە بکەین. لە ڕاستیدا شەڕی سێ مانگە لە ئاکامی تێکچوونی وتووێژەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو کە لەو شەڕەشدا دوکتور قاسملوو ڕۆڵێکی بەرجەستە و باشی ڕێبەرایەتیی حیزبی هەبوو کە بەداخەوە ئەو کات ئەو شەڕە بەسەر خەڵکی کورد دا سەپا بوو.

ڕووداوێکی گرینگ لەو نێوەدا ڕوودانی جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. لێرە دا جێی خۆیەتی، بۆ ئەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دواتر سەری هەوداکەمان لێ ون نەبێ و لە بابەتی سەرەکیی باسەکەمان دوور نەکەوینەوە، ئاماژە بەوەش بدەین کە چەند ساڵێک پاش ئەو جیابوونەوەیەی تاقمی حەوت کەسی (پێڕەوانی کۆنگرەی ٤) جیابوونەوەیەکی گرینگی دیکەش روودەدا کە دەکرێ بە گەورەترین جیابوونەوە لە مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ناودیر بکەین. ئەو جیابوونەوەیەی دوایی کە لە ساڵی ١٣٦٧ رووی داو لەژێر ناوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران – ریبەرایەتی شۆڕشگێڕ دا، تێکۆشانی خۆی درێژە پێ دا. گرینگی ئەو بابەتە یەکجار زۆرە، بەتایبەتی چونکە هەر دوو جیابوونەوەکان لەسەردەمی سکرتێر بوونی شەهید دوکتور قاسملوو دا بووە. هەڵسەنگاندنی ئەو دوو جیابوونەوەیە لێرە دا، ڕەنگە لە تەوەری سەرەکیی ئەم باسە دوورمان بخاتەوە».

دواتر شەڕی چەکداری بەسەر خەڵکی کوردستان دا سەپاو پاش ئەوەی حیزب لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان پاشەکشەی کردبوو کۆنگرەی ٥ یش گیرا. لەو کۆنگرەیە دا بڕیاری چوونە نێو شۆڕایی میلیی موقاوەمەت درا، هەروەها دروشمی «بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی» یش درا. لەو کۆنگرەیەش دا دوکتور قاسملوو سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران هەڵ بژێردرایەوە. لەپاش کۆنگرەی ٥ ەوە تا پێش گیرانی کۆنگرەی ٦ دوکتور زۆر چاوپێکەوتن و وتووێژی هەبوون کە لە زۆربەیان دا باسی ئەوەی کردوە کە شەڕی ئێمە لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە و شەڕێکی چەکدارانەی سەپێندراوە بەسەر نەتەوەی کورد دا و لەو ڕێگایەوە ئێمە دەتوانین بە مافەکانمان بگەین، چونکە ئەو ڕێژیمە ماهییەت و نێوەڕۆکیکی نادێموکراتیک و خوێنڕێژ و ناخەڵکیی هەیە.

دوو ساڵ دواتر کۆنگرەی شەشیش گیرا. لەو کۆنگرەیەشدا کە دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵ بژێردرا، کۆمەڵێک گرفت و باسی تازە هاتنە بەرباس کە ئاکامی باس و گونجاوی بۆ حیزب تێدا نەبوو. ئەو کۆنگرەیە لە زستانی ١٩٨٤ دا گیرا. لەو کۆنگرەیەشدا هەر پێداگری لەسەر دروشمی رووخانی کۆماری ئیسلامی کرایەوە و کورتە باس، بابەتێکی تازە بوو کە لە کۆنگرەی شەشەم دا هاتە گۆڕێ و دوکتور قاسملوو هێنایە بەرباسی ئەو مەسەلەیە بە پێویست دەزانێ و مەبەست لەو باسەش بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە فیکری توودەیی و ستالینیسم و ناسیۆنالیزمی عەشیرەتی لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دا مابوو. جێی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆیەتی لێرە دا لە زمان خودی دوکتور قاسملوو باسی ئەو دیارەیە بکەین.

«بەڵام هەروا کە گوتم و کۆنگرەی پێنجەمیش دەری خست ئەو شێوە فکرکردنەوەی حیزبی توودە لە حیزبی ئێمەدا هەر مابوو.

بەرەبەرە دەرکەوت کە ئەو شێوە بیرکردنەوە نەک هەر ماوە بەڵکوو پاش ماوەیەک کزی و بێدەنگی بەداخەوە خەریکە سەر لە نوێ پەرە دەستێنێ و بەدەنەی حیزبیش دەخوا. ئەوە بوو کە فکری ئەوەمان کردەوە ئێمە کارێکی وا بکەین مەرزبەندی یەک بکرێ لە بەینی حیزبی دێموکرات و بیرو باوەڕی توودەیی، یانی بیرو باوەڕی بوروکراتیکی سانترالیستی یا ستالینیستی، ئەوە بوو کە «کورتە باسێک لەسەر سوسیالیزم» مان ئامادە کرد بۆ کۆنگرەی شەشەم. لەواقیع دا مەبەست لە «کورتە باس» پێک هێنانی ئەو مەرزبەندییە بوو بەینی هەموو ئەو کەسانە کە هێشتا بیرو باوەڕی توودەییان هەبوو و بەینی ئەوانە کە بە تەواوی دێموکرات بوون و ڕێگایەکی سەربەخۆ و دێموکراتیک و بلێین میللی لەباری کوردایەتییانەوە گرتبوو پێش.(١٩)».

دیارە ئەو کێشە و گرفتانە کە لە ئاکامێ کورتە باس دا تووشی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بوون کۆمەڵێک ڕووداوی گەورەشیان بەدوادا هات کە کەمتر ئاماژەیان پێ دراوە. یەکێک لەو بابەخانە ئەوە بوو کە زۆر پێشمەرگە و کادری دژ بەو بابەتە حیزبی دێموکڕاتی کاردستانیان بەجێ هێشت. کاتێک ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ لە حیزب دێموکرات جیابۆوە لە نامیلکەیەکدا بەو شێوەیە باسی ئەو نامیلکەیە دەکا» ئەو نامیلکەیە (مەبەست کورتە باس) کە دووهەم جار لە دوایین پلینۆم پێش کۆنگرەی شەش کەوتە بەرباس، لەسەر پێشنیاری زۆربەی ئەندامی پلینۆم قەرار بوو لە نێو بەدەنەی حیزبدا باسی پێویستی لەسەر بکرێ و دوای ئەوە نەزەری ئەندامانی حیزبی لەسەر وەرگیرا بۆ پەسند کرانی یەکجاری بهێنرێتە کۆنگرە(٢٠)». دیارە لە لاپەڕەکانی ١٥ و ١٦ و ١٧ی ڕاپۆرتی کۆنفڕانسی چوارەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ دا باسێکی کورت سەبارەت بە کورتە باس کراوە کە هێنانەوەی ئەو باسە لێرە دا پێویست نیە و بە گشتی کاکڵەی بابەتەکە هەر ئەو شتەیە کە شەهید دوکتور قاسملووش ئاماژەی پێ دەکا کە بە کۆمەڵێک کێشەوە ئەو نامیلکەیە قەبووڵ کرا و دواتریش هەر لەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاگەیەندراوە دا باس لەوە دەکا کە زۆر کەس موخالیفی کورتە باس بوون لە حیزب ڕۆیشتوون.

پاش چەند ساڵێک کۆنگرەی ٧یش گیرا. ئەو کەسانەی کە پێشتر لەگەڵ ناملیکەی کورتە باس دا دژایەتییان کردبوو، لە کۆنگرەی حەوتەمیش دا هەر مابوون و کۆمەڵێک باسی جیاوازی دیکەیان هێنایە گۆڕێ! کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکەوتی ١٧ تا ٢١ - ١٢ - ١٩٨٥ داگیرا. لەو کۆنگرەیەشدا دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردرایەوە. لە تێزەکەی کاک هوشمەند دا باس لەوە کراوە کە لە کۆنگرەی حەوتەم دا دوکتور قاسملوو ڕووبەڕووی کۆمەڵێک باسی وەکوو فێدرالیزم و دروشمی سەربەخۆیی (مافی چارە نووس) بۆوە. دوکتور قاسملوو بەهەوڵ و لێکدانەوە و شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی وەزعی سیاسیی و کۆمەڵێک فاکتەری دیکە زۆرینەی کۆنگرەی هێنایە سەر ئەو قەناعەتە کە ئەو شتانە زەرووری و زۆر پێویست نین.

کۆنگرەی هەشتەمیش لەساڵی ١٩٨٨ دا گیرا. لەو کۆنگرەیەدا دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردرا، بەڵام ڕووبەڕووی گەورەترین دژایەتی لە مێژووی سیاسی خۆی لە نێو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دا بۆوە. بەشێکی زۆری ئەندامانی کۆنگرەی هەشتەم لە گەڵ بۆچوونێکی دوکتور قاسملوو دا دژایەتییان هەبوو. ئەو بۆچوونەش لیستەی فیکس بوو. جێی خۆیەتی کە لێرە دا ئاماژە بەو خاڵەش بدەین کە هەر لەو کۆنگرەیە دا بوو کە خاڵی جیایی دین لە دەوڵەت باسی لێوەکرایەوە و بۆ جارێکی دیکەش پەسند کرایەوە. خاڵی جیایی دین لە دەوڵەت پاش کۆنگرەی چوارەمی حیزبەوە بەهۆی ئەوە کە حیزب لە وتووێژ لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا بوو نەما و دواتریش لە کۆنگرەی هەشتەمدا بە لەبەرچاو گرتنی بێ ئاکام بوون و شکستی وتووێژ جارێکی دیکە ئەو خاڵە لەنێو بەرنامەی حیزبدا گونجێندرایەوە. لەو کۆنگرەیەدا کۆمەڵێک کێشە گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و چەند مانگ دوای تەواو بوونی کۆنگرە گەورەترین جیابوونەوەی حیزب ڕووی دا. دوکتور قاسملوو بەو جیابوونەوەیە زۆر نیگەران و ناڕاحەت بوو. نیگەرانیی دوکتور قاسملوو لە بەرپرسایەتی و دەرووەست بوونێکەوە دەهات کە بە حیزبی دێموکڕات و نەتەوەی کورد هەبوو.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتور قاسملوو لە کاتی جیابوونەوەی ئەو لایەنە دا زۆر نیگەران بوو، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەش حاشای لەوە نەدەکرد کە ئەوانەی جیابوونەوە ساڵانێک هاوڕێ و هاوسەنگەر و هاوئامانجی ئەویش بوون و هەوڵی دڵپاکانەی دا بۆ ئەوەی کە ئەو هاوڕێیانە لێی دوور نەکەونەوە. هەربۆیەش لە نامەیەکی دۆستانە دا بۆ کاک فەتاح کاویان یەکێک لە ئەندامانی جیابۆوە لە پاش کۆنگرەی هەشتەم دەنووسێ:

«پاش سڵاوێکی گەرمی برایانە

هێندی دەنگۆ لەسەر تێکۆشانی ئێستای ئەو چەند هاورێیە کە لە کۆمیتەی ناوەندی دا نەماون بڵاوبۆتەوە کە هیوادارم راست نەبێ... بەناوی هاوکاری و دۆستایەتیی چەند ساڵەمان پێم وایە مافی ئەوەم هەیە کە قسەکانی خۆم بە سەراحەت بکەم و دڵنیاشت دەکەم کە ئەو قسانە تەنیا و تەنیا لە رووی دڵسۆزییەوەیە...»

لە بەشێکی دیکە لەو نامەیە دا کە ئاماژەیە بە نیازپاکیی دوکتور قاسملوو و هەست بە بەرپرسایەتی کردنی قاسملوو هاتووە کە « بەڵام دەگەڵ ئەوە هەر کەس لەو هاوڕێیانە (بێ ئیستسنا) بگەرێتەوە و هاوکاری بکا وەک لە کوردەواری دا باوە دەستی ماچ دەکەین(٢١)».

## چ: شەهید بوونی دوکتور قاسملوو

لەسەر شەهید بوونی دوکتور قاسملوو زۆر کەس بیرو رای دەربڕیوە، لە راستیدا زۆر لەو بۆچوونانە جیاواز و جۆراوجۆرن. ئێمە لەو پێوەندییە دا هێندێک لەو روانگە و بۆچوونانە دەخەینە بەرباس.

دوکتور قاسملوو کە لەسەر مێزی وتوویژ لەگەڵ نوێنەرە تیرۆریستەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا، داخێکی گەورەی لە دڵی هەموو کوردێکی بەشەرەف و شۆڕشگێڕ دا بەجێ هێشت. لەروانگەی کریس کۆچێراوە ئەو وتووێژانە لەلایەن بەڕێز مام جەلالەوە رێک خرا بوون، کۆچێرا بەم شێوەیە باس لە نیازپاکی و هەوڵی مام جەلال بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە رێگای وتوویژەوە داکا: « تاڵەبانی لە لایەک بێ شک دەی ویست پاداشی ئەو «خزمەت» ە بداتەوە کە ساڵی ١٩٨٤ قاسملوو لەکاتی وتوویژی تاڵەبانی لەگەڵ سەدام حسێن دا پێی کردبوو(٢٢)».



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیاره بەڕێز مام جەلال و هاوڕێیانی جیا لەوەی کە لەرێک خستنی ئەو وتوویژانە دا یارمەتییان داوە کە کاری پاراستن و بەشی ئەمنیی گیانی هەر دوو لاش دا بەشدار و بەرپرسیار بوون. پیلانێک کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ تیرۆری دوکتور قاسملوو نابوویەوە زۆر لەوە سازمان دراوتر و ئامادەکراوتر بوو کە کوردەکان بیریان لێ دەکردەوە. «جەلال تاڵەبانی کە بە شێوەیەک زامنی ئەمنییەتی چاوپێکەوتنەکان بوو، بۆخۆی لە هەموو کۆبوونەوەکان بەشدار دەبێ و چەند ئەندامی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیش چاوەدێریی شوێنەکەیان پێ دەسپێردرێ(٢٣)» .

« لەراستی دا داوەکەش هەر ئەوەیە. دوای ئەوە کە کۆبوونەوەیەکی مانگی مارس هەڵدەوەشێتەوە، قەراری دیداری تازە بۆ رۆژەکانی ١٢ و ١٣ی ژوئیە دادەنرێ. ئەم جارە جەلال تاڵەبانی کە ئێرانییەکان رەخنەی زار بە هاوار بوونی لێ دەگرن بەشدار ناکەن و...(٢٤)».

هەروەها کریس کۆچێرا سەبارەت بە پێگەی دوکتور قاسملوو و شەهید بوونی دەڵێ: «بە لە دەست دانی قاسملوو، بزووتنەوەی کورد لە تەواوەتیی خۆی دا کەساتەیی یەکی بێ هەوتای لەدەست دا. رێبەری وەک قاسملوو کەم هەن کە هەموو کەس گوێی لێ دەگرت و رەنگە تەنیا کەسایەتیی کوردیش بێ کە تاڵەبانی (مەبەست لە بەڕێز مام جەلالە) بە قسەی دەکرد(٢٥)». کاک هوشمەندیش شتێکی لەو چەشنە دەڵێ و هۆکاری دانیشتنی شەهید قاسملوو لەگەڵ رێژیم دەگێڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک فاکتەری گرینگ لەوانە تەواوبوونی شەڕی ئێران و عێراق و هاتنە سەرکاری رەفسەنجانی کە ئەو کات خۆی وەک باڵێکی میانەڕەو دەناساند و تێکدانی پێوەندی لەگەڵ شورای میللی موقاوەمەت و جیابوونەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران – رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ و درێژبوونی ماوەی خەبات و چاوەڕوانیی نەتەوەی کورد لە حیزبی دێموکرات لەو فاکتەرانەن. بەڵام باسی رۆڵی هەڤال مام جەلال دەکا کە هەوڵی داوە وتوویژ لە نێوان ئەو دوو لایەنە واتە قاسملوو و رێژیمی کۆنەپەرستی ئێراندا رێک بخات. لە خولی دووهەمی وتوویژ دا داوا لە مام جەلال دەکرێ کە بەشداریی کۆبوونەوەکان نەکا. «لە بارەی بەشداری نەکردنی بەڕێز جەلال تاڵەبانی لە گفتوگۆکانی نێوان قاسملوو و ئێران، تاڵەبانی لە چاوپێکەوتنێکیدا دەگێڕێتەوە و دەڵێت:» لە دیداری چوارەمدا داوایان لە من کرد دەست لەو ناوبژیوانییە هەڵگرم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تا «فازل رەسول» و سەرۆک «بن بلا» رێکی بخەن. ئەوکات لێی حالی نەبووم.: پاشان تاڵەبانی دەپرسێت: «(مەبەستی لە دوکتور قاسملوویە) نازانم ئایا بۆ ئەوە بوو کە کەڵک لەو پاسەوانییەی کە من بۆم دابین کردبوو نەبینیّ؟(٢٦)».

دواتریش پاش ئەوەی کە خومەینی دەمرێ، رژیمی ئێران جارێکی تر لە رێگای د. فازڵەوە پێوەندی بە دوکتور قاسملووەوە دەگرن و دەیانەوێ درێژە بە وتووێژەکانی رابردوو بدەن. رۆژی ١١ - ٧ - ١٩٨٩ جارێکی دیکە لە شاری ڤییەن، بە بەشداریی نوێنەرانی رژیم وتوویژ دەست پێ دەکاتەوە. محەممەد جەعفەر سەحرارووودی و حاجی مستەفەوی و ئەمیر مەنسوور بوزورگیان نوێنەرەکانی رژیم بوون. دوای گفتوگۆکانی ئەو رۆژە داوا دەکەن وتوویژەکە بکەوێتە رۆژی دواتر. عەبدوڵڵا قادری ئازەر وەک لایەنی دوکتور قاسملوو و د. فازل رەسووڵیش وەکوو نێوبژیوان بەشداری دەکەن. ئەو رۆژەش کۆبوونەوەکە وەداو دەخرێ و رۆژی دواتر واتە ١٣ - ٧ - ١٩٨٩ کە رۆژی جێژنی قوربانی موسڵمانان و رۆژی چلەی مردنی خومەینی بوو وتوویژەکان دەست پێدەکەنەوە. هوشمەند عەلی بەم شێوەیە باس لە وردەکارییەکانی ئەو کارەساتە دەکا: «دوای درێژەدان بە گفتوگۆ، کاتژمێر ٣٠ - ٧ی ئێوارە بوزورگیان بە بیانووی کڕینی هەندی خواردنەوە دەچێتە دەرەوە. لەو کاتە دا بکوژەکان بە گوێرەی ئەو کاسیتانەی کە وتەکانی هەر دوو لای لەسەر تۆمار کراوە دەردەکەوێت هەر دوو لا لە کاتی وتوویژ کردندا بوون کە دەنگی چەند تەقەیەکی نزم دێت دیارە ئەو چەکانەی بەکار هاتوون دەنگ شاراوە بوون، ئیتر لەو کاتەدا قسەکان دەپچڕێن، بەمەش گفتوگۆکان لە ئێوارەی ١٣ی تەمموزی ١٩٨٩ بە کارەسات کۆتایی پێ هات(٢٧)». لەو کارەساتە دا دوکتور قاسملوو و عەبدوڵڵا قاسری ئازەر و فازل مەلا مەحموود رەسووڵ شەهید دەبن و محەممەد رەحیمی و جەعفەر سەحرارووودی) بە ناو دیپلۆماتیش بریندار دەبێ.

بەم شێوەیە زەبرێکی یەکجار گەورە لە بزووتنەوەی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دەدرێ. یەکێک لە بەتواناترین رێبەرانی نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی زۆر مەزڵوومانە و زۆر بێ بەزەییانە بەدەستی رێژیمی خوێنخۆری بە ماهییەت تیرۆریست و تیرۆرپەروەر شەهید دەکرێ. رێبەرێک کەڕەنگە بۆ هەتا هەتایە وەک یەکێک لە ئاشتیخوازترین و زاناترین رێبەرانی نەتەوەی کورد باسی بکرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرچاوە و پەڕاوێزەکان:

«جێی خۆیەتی بڵێین کە نووسەری ئەم وتارە ماوەیەکە سەرقاڵی وەرگێڕانی تێزی فوق لیسانس (ماجستەر)ی بەڕێز هوشمەند عەلی یە لە زمانی کوردی یەوە بۆسەر زمانی فارسی کە سەبارەت بە ژیان و کەسایەتیی دوکتور قاسملووی شەهیدە. خودی ئەم وتارەش بەشێکی زۆر کورتە لە لێکۆڵینەوەیەکی فیکری سەبارەت بە قیرانەکانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە ڕەنگە لە دوو بەرگ دا چاپ و بڵاوی بکەمەوە.

١- عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و رۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دا، نامەی ماستەر هەشمەند عەلی مەحموود، ٢٠٠٦، لاپەڕە ٢٤

٢- سەردەمی رەخنە، ژمارەی یەکەم، لە دەنگی زەمانەوە بۆ بێدەنگی مانا، بەختیار عەلی. لاپەڕە ٢٥.

٣- عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و رۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دا، نامەی ماستەر هەشمەند عەلی مەحموود، ٢٠٠٦. لاپەڕە ٢٧.

٤- عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و رۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دا، نامەی ماستەر هەشمەند عەلی مەحموود، ٢٠٠٦. لاپەڕە ٢٩

٤- کورتە مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، نێوسەدە تێکۆشان، عەبدوڵڵا حەسەن زادە لاپەڕە ٢٥٦.

٥- لاوان ، گۆڤاری ژمارە ٢٥، دوکتور قاسملوو، شۆڕشگێڕی راستەقینە، رامبود لوتفیپوور. لاپەڕە ٢٥.

٦- عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و رۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دا، نامەی ماستەر هەشمەند عەلی مەحموود، ٢٠٠٦، لاپەڕە ٣١.

٧- عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و رۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دا، نامەی ماستەر هەشمەند عەلی مەحموود، ٢٠٠٦، لاپەڕە ٣١

٨- عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و رۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دا، نامەی ماستەر
هەشمەند عەلی مەحموود، ٢٠٠٦، لاپەڕە ٣٢.

٩- عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و رۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دا، نامەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماستەر هەشمەند عەلی مەحموود، ٢٠٠٦، لاپەڕە ٣٦.

١٠- عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و ڕۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا، نامەی ماستەر هەشمەند عەلی مەحموود، ٢٠٠٦، لاپەڕە ٤٢.

١١- چل ساڵ خەبات لاپەڕە ١٠، پەڕاوێزی لاپەڕە، چاپی دووهەم، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو.

١٢- پاشکۆی تێکۆشەر ژمارە ٢٧، لاپەڕە ١٠ ساڵی ١٣٦٨. نێوەڕۆکی ئەم پاشکۆی تێکۆشەرە دەقی وتاری شەهید دوکتور قاسملووی نەمرە لە ژێر ناوی مێژووی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا چاپ بووە و پێش شەهید بوونی دوکتور قاسملوو ئەو وتارە وەک وانە لە پۆلەکانی کادری دا دەگوترایەوە.

١٣- پاشکۆی تێکۆشەر ژمارە ٢٧، لاپەڕە ١١ ساڵی ١٣٦٨.

١٤- پاشکۆی تێکۆشەر ژمارە ٢٧، لاپەڕە ١٢ و ١٣ ساڵی ١٣٦٨.

١٥- پاشکۆی تێکۆشەر ژمارە ٢٧، ساڵی ١٣٦٨.

١٦- کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نێوسەدە تێکۆشان، عەبدوڵڵا حەسەن زادە لاپەڕە ٢٨٦.

١٧- عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و ڕۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا، نامەی ماستەر هەشمەند عەلی مەحموود، ٢٠٠٦، لاپەڕە ٦٠ و ٦١.

١٨- گۆڤاری ئایین ژمارەی یەکەم، ساڵی یەکەم، لاپەڕە ٢٥، مووسی غەنی نژاد، دیارە ئەم ەتارە لە گۆڤاری لاوانی ژمارە ٢٥یشدا چاپکراوە کە ڕێبوار ئیبراهیم زادیان وەری گێڕاوە.

« شیاوی ئاماژەیە ئەم وتارە بەشێکی یەکجار کورتی لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی، مێژوویی و فیکرییە سەبارەت بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە ڕەنگە لە تویێ دوو بەرگدا چاپ و بڵاوبکرێتەوە، هەروەها جێی خۆیەتی باسی ئەوەش بکەین کەلەو بەرهەمە دا باسی زۆر لایەن و ڕەهەندی دیکە کەسایەتییە بەرزەکان حیزب کراوە کە بۆ زیاتر تێگەیاندنی ئەم بابەتە یارمەتیدەر دەبن.

١٩- پاشکۆی تێکۆشەر ژمارە ٢٧، لاپەڕە ٢٤ ساڵی ١٣٦٨.

٢٠- ڕاگەیانداروی کۆمیتەی ناوەندیی، حیزبی دێموکڕاتی کورستانی ئێران – ڕیبەرایەتی شۆڕشگێڕ، لەسەر کۆتایی هاتنی کۆنفرانسی چوارەم لاپەڕە ١٥ .

٢١- ٥٠ ساڵ خەبات، جەلیل گادانی، بەرگی دووهەم چاپی دووهەم لاپەڕە ٢٩ و ٣٠.

٢٢- خەباتخوازیی کورد، کریس کۆچێرا، وەرگێڕانی ئاسۆ حەسەن زادە، ساڵی ١٩٩٩. لا ١٠٥

٢٣- خەباتخوازیی کورد، کریس کۆچێرا، وەرگێڕانی ئاسۆ حەسەن زادە، ساڵی ١٩٩٩. لا ١٠٥

٢٤- خەباتخوازیی کورد، کریس کۆچێرا، وەرگێڕانی ئاسۆ حەسەن زادە، ساڵی ١٩٩٩. لا ١٠٥

٢٥- خەباتخوازیی کورد، کریس کۆچێرا، وەرگێڕانی ئاسۆ حەسەن زادە، ساڵی ١٩٩٩. لا ١٠٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٦- عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و ڕۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا، نامەی ماستەر هەشمەند عەلی مەحموود، ٢٠٠٦، لاپەڕە ٨٨.

٢٧- عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و ڕۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا، نامەی ماستەر هەشمەند عەلی مەحموود، ٢٠٠٦، لاپەڕە ٩١.

سەرچاوە: گۆڤاری تیشک ژمارە ١٨ - ڕێکەوتی: ڕەشەمەی ١٣٨٥ -

فێبریوێری ٢٠٠٧

تێبینی ئەم بابەتە بەشێوەی (پی، دی، ئیف) بووە تایپ کردنەوەی

دووبارە ڕەحمان نەقشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور قاسملوو، شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە

رامبۆد لۆتفپووری

ئەگەر چەمکی شۆڕش بەواتای گۆڕانکارییەکی قووڵ و بنچینەیی لە بنیاد، پێکهاتەو پێوەندییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگادا بزانین کە گۆڕانی بارودۆخی ئارایی لێدەکەوێتەوەو نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵگا دەگۆڕێ، شۆڕشگێڕیش دەبێتە ئەو هێزە مرۆییەی کە ئەرکی شۆڕشی بەئەستۆوەیە، واتە بواری دەرهەست و بەرهەستی پێویست بۆ بەئاکامگەیاندنی شۆڕش و بەئۆبژەکردنی سۆبژەی شۆڕش دەرەخسێنێ، بەدیۆیکی دیکەدا دەتوانین بڵێین کە شۆڕشگێڕ لەقۆناغی یەکەمدا هەست بەپێویستیی شۆڕشو بوارە لەبارە کۆمەڵایەتییەکانی دەکات، لەقۆناغی دووهەمدا هەوڵ بۆ تیۆریزەو میکانیزەکردنی بیرۆکەی شۆڕش دەدات، قۆناغی سێهەم قۆناغی جەماوەری کردنەوەی بیرۆکەی شۆڕش و ڕێکخستن و مۆبیلیزەکردنی خەڵکە، لەم قۆناغەدایە کە شۆڕشگێڕی دارێژەرو تیۆریسیەن بەکردەوە دێتە گۆڕەپانی پراکتیزەکردنی تیۆرەکەی و بەئاکامگەیاندنی بیرۆکەی شۆڕشەوە. کەوابوو شۆڕشگێڕ تیۆریسیەنێکی پراگماتیستە کە بەبیرو کردەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی تێدەکۆشێ. هەڵبەت روون و ئاشکرایە کە لەهەر شۆڕشێکدا هەموو شۆڕشگێڕان بەواتای داهێنانی تیۆریی شۆرش، تیۆریسیەن نین بەڵکوو تەنیا کۆمەڵە ئێلیتێکی تایبەتن کە ئەرکی تیۆریزەکردنی بیرۆکەی شۆڕشیان لەسەرشانە بەڵام هەموو شۆڕشگێڕێک پێویستە هەستی بەپێویسیتی شۆڕش کردبێت و لەلایەنە ئێپیستێمیکەکانی تێگەیشتبێت.

پێویستیی شۆڕش و گۆڕانکاری لای شۆڕشگێڕ لەقۆناغی راوبۆچوونێکی بێوزە دەرباز دەبێت و بەقۆناغی باوەڕێکی قووڵو بزوێنەر دەگات کە لە بنیادی کەسایەتیدا رەگ دادەکوتێ. بەو پێیەی کە هەرچەشنە گۆڕانخوازییەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری، راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ روو لە دەسەڵاتی سیاسی دەکاتو بنچینەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مانەوەی دەخاتە مەترسی‌یەوە، تاکی گۆڕانخواز یا شۆڕشگێڕ دەبێتە مەترسی‌یەک بۆ دەسەڵات واتا خوازیاری بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتو لەنێوبردنی دەسەڵاتی ئارایی‌یە. لێرەدا زۆرجار بەهەڵە کەسایەتیی گۆڕانخوازی شۆڕشگێڕ بە دەسەڵاتخواز ناوزەد دەکرێ، بۆیە پێش ئەوەی کە برۆینە سەرباسی تایبەتمەندی‌یەکانی شۆڕشگێڕ پێویستە پێناسەیەک بۆ کەسایەتیی دەسەڵاتخواز بکەین، بۆ ئەم مەبەستە ئاماژە بەپێناسەیەک دەکەم کە «ئەریک فرۆم» بۆ کەسایەتیی دەسەڵاتخوازی دەکات: «بونیادی کەسایەتیی دەسەڵاتخواز، بونیادی کەسایەتیی کەسێکە لەسەرێکەوە بەتەسلیمبوون بەهێزێکی ترو پشت‌بەستنی رەمزی بەخاوەن‌پلەوپایەو دەسەڵاتەکان هەست بەهێزو شوناسی خۆی دەکات، لەسەرێکی تریشەوە دەسەڵاتێکی رەمزیی بەسەرکەسانێک‌دا هەیە کە تەسلیمی ئەو دەبن یان پشتی پێ‌دەبەستن. واتە کەسایەتیی دەسەڵاتخوازانە ئەو دەمە هەست بەهێزو شوناسی خۆی دەکات کە خۆی لەخزمەتی دەسەڵاتێکی بەرواڵەت پایەدار دەبینێتەوەو دەبێتە بەشێک لەو دەسەڵاتە و لەهەمان کاتیش‌دا لەرێی بەکارهێنانی دەسەڵاتەوە بەرامبەر خەڵکێک کە لەژێر دەستی ئەودان، گەشە دەکات. لەراستی‌دا ئەم حاڵەتە رەنگدانەوەی نەخۆشی‌یەکی ئیزدواجی‌یانەی ئازاردانو ئازارچەشتنە کە هەستی دەسەڵات و شوناس بەو دەبەخشێت. ئەو کە دەبێ بە بەشێک لە بەشەکانی گەورەیەک (ئیدی ئەو گەورەیە هەرچییەک بێت) خۆی بەگەورە دەبینێت. ئەگەر بەتەنیا بمێنێتەوە خۆی‌لەخۆی‌دا هەرەس دەهێنێت. هەربۆیە هەڕەشەکردن لە دەسەڵاتدارانو کەوتنەمەترسیی بونیادی دەسەڵاتیان، لەواقیع‌دا بەهەڕەشەیەک دەژمێردرێ بۆ سەر کەسایەتیی دەسەڵاتخوازانەی ئەو کەسە (واتە هۆکارە وجودی و عەقڵانیەکانی دەکەوێتە مەترسی‌یەوە). لەم رووەوە ئەو بەناچاری دژ بەم هۆکارانە دەوەستێتەوە کە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتخوازی دروست دەکەن. چونکە بەم رێگەیە لەراستی‌دا لەپێناوی پاراستنی هۆکارەکانی بوون و ژیانی خۆی‌دا دەجەنگێت».

ئەگەر چاو لەقوچکەی دەسەڵات لەناو رێکخراوە شۆڕشگێرەکانیش‌دا بکەین گەلێک جار کەسایەتیی لەم چەشنەمان وەبەرچاو دەکەوێت، بۆیە مەرج نیە هەرکەس کە لەشۆڕش‌دا بەشدار بوو خاوەن‌کەسایەتیی شۆڕشگێڕانە بێت. هەرچەند لە ڕوانگەی سیاسەتەوە هەموو بەشداربووانی شۆڕش بە شۆڕشگێر پێناسە دەکرێن بەڵام شۆڕشگێڕ لە روانگەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی‌و بە بۆچوونی کەسانێکی وەک


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەریک فرۆم ئەو کەسەیە کە ئامانجدارانەو بەباوەڕەوە تێکەڵاوی شۆڕش دەبێت، واتە هەڵوێستەکەی پشت بە مەعریفەیەک دەبەستێ کە بۆی بۆتە باوەڕو لە هزرو بیری‌دا رەگی داکوتاوە و بنیادی بۆتەوە. بۆیە کەسایەتیی شۆڕشگێڕ بڕوایەکی قایمی بەخۆی و ڕێبازەکەی هەیەو لە دژوارترین هەلومەرجەکانیش‌دا تووشی لەرزۆکیو پاشگەزبوونەوە نابێت، ئەم تایبەتمەندی‌یە رەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لە کەسایەتیی دوکتور قاسملوودا هەیە، دوکتور قاسملوو ڕێبەرایەتیی شۆڕشێکی دەکرد کە هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆوە دیوە، گەلێک قۆناغی شکستو سەرکەوتنی ئەزموون کردوە، گەلێک رۆڵەی ئازاو کەسایەتیی گەورەی لەگەڵ‌دا بووە کە بەشێکیان یان شەهید یان بریندار، کەم ئەندام و پەککەوتە بوونە یا لەقۆناغێک لەقۆناغە دژوارەکان‌دا تووشی شکستو بێ‌هیوایی بوونە و کاروانی خەباتیان بەجێ هێشتوە، کە یەکێک لەهۆکارەکانی ئەم بەجێ‌هێشتنە دەتوانێ نەبوون یا لاوازبوونی باوەڕی شۆڕگێڕانە لەو کەسانەدا بێ واتە بەشێک لەو کەسانە خاوەن‌کەسایەتیی شۆڕشگێڕانە نەبوونەو هەندێک سەدەم (ئەنگیزە)ی لاوەکی راکێشی شۆڕشی کردوون. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدایە کە کەسایەتیی شۆڕشگێڕانەی دوکتور قاسملوو باشتر دەردەکەوێ.

پاش سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامیو لەکاتێک‌دا کە وتووێژەکانی دەوڵەتی کاتی و هێزی کورد بۆ دابینو دەستەبەربوونی مافەکانی نەتەوەی کورد لەئێران‌دا بێ‌ئاکام دەمێنێتەوە و ڕژێم بڕیاری شەڕو جیهاد دەدات، دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەری حیزبی دیمۆکرات و شۆڕشی نەتەوایەتیی کورد لەم پارچەیە لەگەڵ ئەوەی کە ئاگاداری ناهاوسەنگیی هێزەکانو بەهێزتربوونی نەیارەکەیەتی، شێلگیرانە بڕیاری بەرخۆدانو شەڕی چەکداری دەدات، تەنانەت پاش داگیرکردنی شارو گوندەکانی کوردستان لەلایەن هێزەکانی ڕژێمی ئێران و پاشەکشەی ناچاریی هێزە کوردەکان بۆ دەرەوەی وڵاتیش دیسان کۆڵ نادات و تووشی بێ‌هیوایی نابێت بەڵکوو ئاڵای شۆڕش هەر بەرز رادەگرێت و دەڵێ: «بەبڕوای من ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕ گرینگە ئەوەیە کە نابێ هیچ کات شەرمەزاری ویژدانی خۆی بێ و دەبێ هەردەم بتوانێ ئیددیعا بکا کە ئەوەندەی بۆی کراوە و لەدەستی هاتوە، لەپێناو شۆڕش، ئازادی و رزگاریی نیشتمانەکەی‌دا کردویەتی«.

کەم نەبوون ئەو شۆڕشگێڕانەی! کە ئاگربەسی ئێران و عێراق ئەژنۆی شکاندن و ترس و بێ‌هیوایی دایگرتن. بەڵام لەو دەمەیش‌دا قاسملووی ڕێبەر بەو پەڕی ئازایەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و لێهاتوویی‌یەوە شرۆڤەی بارودۆخەکە دەکات و دەڵێ: «ئێستا ئەگەر مێژوو دووپات بێتەوەو ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە بۆ جارێکی دیکەش بۆ تێکشکاندنی جووڵانەوەی نیشتمانیی گەلی کورد، پێکەوە رێک کەون (هەرچەند کە ئیمکانی شتێکی ئەوتۆ کەمە) کوردەکان دەبێ چ بکەن؟

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا بۆ کوردەکان تەنیا یەک رێگا دەمێنێتەوە، ئەویش بریتی‌یە لەوە کە یەکبگرن و بە هەموو هێزیانەوە دیفاع لەخۆیان بکەن. بەئاشکرا دەبێ بڵێین کە ئەمجار باسی ئاشبەتاڵ و خۆبەدەستەوەدان لەگۆڕێ‌دا نیە. بەربەرەکانێ و خۆڕاگریی گەلی کورد لە شارو دێ‌دا هەر درێژەی دەبێ و لە تەواوی شێوەکانی خەباتیش کەڵک وەردەگیرێ. ئەمڕۆ جووڵانەوەیەکی بەتەواوی سازماندراو بەرێبەرایەتی‌یەکی شۆڕشگێڕەوە لەکوردستان لەگۆڕێ‌دایە...» باوەڕبەخۆییو پشتئەستووربوون بەهێزی شۆڕش لەو تایبەتمەندی‌یە شۆڕشگێرانانەیە کە بەتەواوەتی لە بیرو کردەوەی دوکتور قاسملوودا رەنگی دابووەوە، بۆیە لەگەڵ ئەوەی کە پسپۆرانە کەڵکی لە هەموو فاکتەرە دەرەکی و ناوەکی‌یەکان بۆ پێش‌خستنی شۆڕش وەردەگرت و خاوەنی دیپلۆماسی‌یەکی بەهێز بوو بۆ پێکهێنانی پێوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ هێزە کوردستانی، ئێرانی، ناوچەیی و جیهانی‌یەکان، بەڵام لەپێش‌دا گرینگایەتیی بەهێزو وزەی نەتەوەکەی دەداو دەیگوت: «لەپێش‌دا، با بایەخ بە هێزی بێ‌پایانی گەلی کورد بدەین و لەخۆمان و خەباتی خۆمان دڵنیا بین‌و وەک عامڵێکی سەربەخۆ لە مەیدانی سیاسیی وڵات‌دا خۆ بنوێنین، ئەو کاتە پشتیوانمان زۆر دەبێ و هەلومەرجی سەرکەوتن باشتر ئامادە دەبێ«.

## شۆڕشگێڕ یا ئاژاوە خواز

تەنیا هۆکاری شۆڕشگێڕانە نیە کە مرۆڤ لە دەسەڵاتی زاڵ یاخی دەکات و سەدەمی سەرهەڵدانی تێدا دروست دەکات، واتە هەندێک جار بەرژەوەندیی تاکەکەسی هاندەری سەرهەڵدان و یاخی‌بوونی مرۆڤە، مەبەستم لەم قسەیە ئەوەیە کەپێویستە جیاوازی‌یەک دابنێین لەنێوان کەسایەتیی شۆڕشگێڕو کەسایەتی ئاژاوەخوازدا.

شۆڕشگێڕ بۆیە دێتە گۆڕەپانی خەبات و ئاڵای شۆڕش هەڵدەگرێت کە لەنێوەرۆکی دەسەڵاتی زاڵ و پێوەندی‌یە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری‌یە ئارایی‌یەکانی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵگا بێزراوەو بە ناکارامە و نەگونجاویان دەزانێ. بەواتایەکی دیکە هەست بە چەوساندنەوە، نایەکسانی و پێشلێکرانی مافی خەڵک، چین، توێژ یا نەتەوەیەک دەکات و بە ئەرکی خۆی دەزانێت دژ بەو دیاردانە هەڵوێستی خۆی هەبێت، لەراستیدا سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕ پشت بەمەعریفەیەک دەبەستێ کە لە بەستێنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەری هەڵداوە، بەڵام ئاژاوەخواز ئەو کەسەیە کە سەرهەڵدان و یاخیبوونەکەی هیچ ژێرخانێکی مەعریفی نیە، بەڵکوو تەنیا کۆمەڵێک قازانج و بەرژەوەندیی تاکەکەسی وەک نەبوونی خۆی لە دەسەڵاتدایە کە هاندەریەتی، واتە چون خۆی لە دەسەڵاتدا نابینێتەوە، رەخنەگریەتی و دژایەتیی دەکا، دەنا ئەگەر هەر ئەو دەسەڵاتە چەوسێنەرە بەبێ ئەوەیکە هیچ چەشنە گۆڕانێکی مەعریفی یا سیستماتیک لەخۆیدا پێک بێنێ یا پێوەندییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکان بە ئاقارێکی داوەرانەدا بەرێت، بەس لەپێکهاتەی دەسەڵاتەکەیدا جێگایەکیش بۆ ئەو تەرخان بکات و پلەوپایەکی بداتێ، بێدەنگ دەبێت، نەک هەربێدەنگ دەبێت بەڵکوو دەبێتە پاساودەری کەموکوڕیو هەڵاواردنەکانی دەسەڵاتیش بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پێناسەگەلە با بزانین رێبەری شەهید دوکتور قاسملوو شۆڕشگێڕ بووە یا ئاژاوەخواز؟

دوکتور قاسملوو هەم بەپێی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی و هەم بەپێی پێگە زانستی و سیاسییەکەی دەیتوانی شوێن و جێگایەکی باشترو بەرزتری لە دەسەڵاتی ئێران یاخود لانی کەم لە ئەورووپا هەبێ، بەڵام دەبینین بەوپەڕی لەخۆبوردوورییەوە بەگیانێکی شۆڕشگێڕانەوە لە کوردستان و چیا سەرکەشەکانی دەمێنێتەوەو باوەشی قەندیل و هاورێیەتیی پێشمەرگەو ژیانی دژواری پاتیزانی هەڵدەبژێرێت، دوکتور قاسملوو گەلێک جارو بەڕاشکاوی باس لە ئامانجەکانی خۆیو حیزبی دیمۆکرات دەکاتو جەماوەریبوونی ئەو ویستانە دەخاتە روو،بۆ نموونە لەکاتی وتوویژ لەگەڵ دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لەوییەن لەوەڵامی نوێنەرانی ئێراندا کە داوا دەکەن واز لە خودموختاری بێنێ دەڵێ: «ئەوەیان مومکین نیە کە وشەی خودموختاری چاوپۆشیی لێ بکرێ. ئەم وشەیە بۆ نەتەوەی کورد واتایەکی عاتیفی و مێژوویی هەیە. ئەم وشەیە سەمبولێکە«.

یان جارێکی دیکەو لە وتوویژ لەگەڵ «عاتفەی گورگین»دا دەڵێ: «ئێمە لەوباوەڕەداین پاش تاقیکردنەوەی دوو سەرەڕۆیی توندو تیژ واتە سەرەڕۆیی

پاشایەتی و سەرەڕۆیی ڕێژیمی خومەینی کاتی ئەوە هاتوە کە ڕێژیمێکی دیمۆکراتیک لەئێران دابمەزرێ، ئێمە ئامادە نیین لەگەڵ هیچ هێزێکی لایەنگری دیکتاتۆری هاوکار بین‌و هەر لەبنەڕەت دا هەرچەشنە دیکتاتۆری‌یەک رەد دەکەینەوە. ئێمە دەمانەوێ بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بە کۆبوونەوەی دەسەڵات لەتاران بێنین». ئەمانەو گەلێک نمونەی دیکە پیشاندەری ئەو راستی‌یەن کە یاخی‌بوون و سەرهەڵدانی دوکتور قاسملوو لە هەرچەشنە مەبەستێکی تاکەکەسی‌و ئاژاوەخوازانە بەدوور بووە ، یاخی بوون بووە لە دەسەڵاتی سەرەڕۆیی و سەرهەڵدان بووە لەپێناو دابین و دەستەبەربوونی هەندێک ئامانجی گشتیو بەتایبەتی مافە پێشێلکراوەکانی نەتەوەی ژێر دەستی کورد.

## شۆڕشگێڕ ئایدیالیستە یا ڕیئالیست؟

شۆڕشگێڕ بەو پێیەی کە دژ بەواقیعی کۆمەڵگای ئارایی‌و پێوەندی‌یەکانی سەرهەڵدەدات، پێویستیی بەخوێندنەوەی ڕیئالیی کۆمەڵگاو کەرەستەی گۆڕانی واقیعی هەیە، ئەو بڕوای بەهێزێکی زەوینی بۆ گۆڕانکاری هەیە کە تەنیا لە هزرو ویستی مرۆڤ و کۆمەلانی خەڵکدا بەرهەم دێت. بڕوای بە بزاوت و جووڵانەوەیەکی ئۆرگانیک هەیە کە هەموو تاک، چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەوێنەی ئەندامانی لەش لە پرۆسەی وەگەڕخستن و گۆڕاندا ڕۆڵیان هەبێ. بۆیە دەتوانین بڵێین شۆڕشگێڕ مرۆڤێکی ڕیئالیستە کە لەسەر بەستێنی واقیع دەژی نەک لە ئوتوپیادا، بەپێچەوانەی مرۆڤی ئایدیالیست کە ئەریک فرۆم گوتەنی «خاوەنی خود شەیدایی‌یەکی فرەیە. لەراستی‌دا کەسایەتی‌یەکی دەروونپەرێشی (نائومێدی‌یەکی تێکەڵ بەخۆگەورەزانی) هەیە، کە وەکوو هەر دەروونێکی تری نەخۆش لەدنیای دەوروبەری خۆی جیاو پێ‌نامۆیە. بەڵام ڕێگاچارەیەکی لەبەردەمدایە کە ئەو لە دەروونپەرێشان جیا دەکاتەوە. ئەو خۆی بەبیانوویەکەوە (هەر بیانوویەک بێت، سیاسی، ئایینی،... هتد) بەستۆتەوە و کردوویەتی بەکۆڵەکەی بوونی و بەبتێکو بەتەسلیمبوونی تەواوەتی بەرامبەر بەوتبەی خۆی، بەماناو گەرمیی ژیان دەگات. لەهەلومەرجەکانی تەسلیمبوونیدا شوناسی خۆی لەو بتە دەستێنێت، بتێک کە خۆی قوتی کردۆتەوەو رەهایی پێ‌بەخشیوە«.

لەراستی‌دا شۆڕشگێڕ نەبڕوای بەکاریزما و قارەمان هەیەو نە هەوڵ دەدا کە ببێتە قارەمان‌و کاریزما واتە بڕوای بە ئۆتوریتەی عەقڵانی و دیمۆکراتیک هەیەو


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دژ بەقارەمانپەرستی و کاریزما پەروەرییە، هێزو سەرچاوەی شۆڕش و گۆڕان لەخەڵکدا دەبینێت نەک لەبت یا کەسایەتییەکی تایبەتدا. هەموو هەوڵیشی ئەوەیە کە خەڵک بێنێتە سەر ئەو بڕوایە کە بەشێوەیەکی ئۆرگانیک ڕۆڵی خۆیان لە شۆڕشدا ببینن و بەتەمای قارەمان و ڕزگاریدەر نەبن. شۆڕشگێڕ گۆڕانخوازێکی پراگماتیستە کە لەوەهمو خۆزگەدا ناژی، بەپێی ریئالی کۆمەڵگا تیۆری هەڵدەبژێرێ یا دادەڕێژێو لە کردەوەدا تاقیی دەکاتەوە. لای ئەو هیچ بیرو کەسایەتییەک پیرۆز نیەو بڕوای بە هیچ بیرو تیۆرییەکی نەگۆرو ڕەها نیە واتە نابێتە کۆیلەی هیچ بۆچوون و ئایدۆلۆژیایەک و نایهەوێ خەڵکیش بکاتە کۆیلەی بیرو کەسایەتیی خۆی. زۆرجار هەست دەکەی شۆڕشگێڕ ئەو مرۆڤە وشیارو پێگەیشتووەیە کە کەوتۆتە جیهانێکی شێتو ئیفلیجەوە، چونکە بۆ پێگەیاندن و تێگەیاندنی خەڵک هەوڵ دەدات و تێدەکۆشێ هێزو تواناکانی خەڵکیان پێبناسێنێ، بەپێچەوانەی هەندێک دەسەڵاتخوازو ئاژاوەگێری بەناو شۆڕشگێڕ کە وەک مۆرەو پەیژەی گەیشتن بەدەسەڵات چاو لەخەڵک دەکەن.

گەورەیی لای شۆڕشگێڕ نەبوون بەمۆرەوکۆیلەیە، بۆیە زۆر بەئاسانی دەڵێ: «نا»و مل کەج ناکات. دوکتور قاسملوو دەڵێ: «هیچ نیعمەتێک لەجیهاندا لەئازادی بەنرختر نیە، ئازادی کەرامەت و شەخسیەت دەدا بەئینسانو ڕێگا نادا بکرێ بەمۆرە.... ئینسان دەبێ لەحاڵەتی مۆرە بێتە دەر، ببێتە شەخسیەت، ببێتە فەردێکی زیندوو و چالاکی کۆمەڵ«.

لێرەدا ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە ڕوانگەی شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینەی وەک دوکتور قاسملوودا، مرۆڤ کاتێک هەڵدەدات و گەشە دەکات کە بۆخۆی هەست پێبکات، بۆ خۆی بیربکاتەوە و بۆ خۆیشی بڕیار بدات.

## شۆڕشگێڕ نوێخوازو ڕەخنەگرە

شۆڕش لەخۆیدا گۆڕانکارییەکە بۆ نوێبوونەوە. واتە ڕەدکردنەوەی باری ئارایىو هەنگاونان بەرەو بارودۆخێکی نوێترو پێشکەوتووترە، کەوابوو دەسپێکی شۆڕش گومانێکە کە دەخرێتە سەرئێستا، ڕابردوو و نەریتە دەستوپاگرەکان، هانا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئارێنت سەبارەت بەپرۆسەی شۆڕش دەڵێ: «چەمکی نوێی شۆڕش لەم تێگەیشتنە جیاناکرێتەوە کە ڕەوتی مێژوو لەناکاو سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوەو چیرۆکێکی بەتەواوەتی نوێ دێتە ئاراوە کە قەت نەزانراوەو نەگوتراوە«. ئەمەش بەواتای گۆڕانکاری‌یەکی قووڵو پێکهاتەشکێنە. بۆیە کەسایەتیی شۆڕشگێڕیش کە شوناسی خۆی لە چەمکی شۆڕشەوە وەردەگرێ ناتوانێ لەم تایبەتمەندی‌یانە بەدوور بێت واتە شۆڕشگێڕ خاوەن کاراکتەرێکی گۆڕانخوازو داهێنەرە.

گۆڕانخوازی و داهێنانیش پێویستیی بەگیانی ڕەخنەگری و ڕەخنەگرتن هەیە واتە کەوتنەبەرڕەخنەی باری ئارایی‌یە کە پێویستیی گۆڕان و داهێنان دێنێتە ئاراوە. کە وابوو شۆڕشگێڕ ئەو ڕەخنەگرە شێلگیرەیە کە بەکردەوە دێتە گۆڕەپانی گۆڕانکاری و داهێنانەوە، ڕەخنە سەرەکیترین چەکی شۆڕشگێڕە کە لە تێگەیشتنێکی ڕیئالەوە سەرچاوە دەگرێ نەک لە وەهمێکی ئایدیالیستی‌یەوە.

شۆڕشگێڕ قەت لە ڕەوتی گۆڕانکاری و نوێکردنەوەدا پەنا بۆ ئامرازو میکانیزمی کۆن و سواو نابات و دەزانێ کە بەکەرەستەی کۆن و ڕزیو، نوێ چێ ناکرێت و سەرەتای خراپ قەت ئاکامی باشی لێناکەوێتەوە، بۆیە یا خۆی تیۆریسیەنە یا بەدوای تیۆری و میکانیزمی نوێو جیاوازدا دەگەڕێ بۆ گۆڕانکاری. لێرەدایە کە شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە و نوێخواز لەئاژاوە خوازی بەناو شۆڕشگێڕ کە بەمەعریفەو ئامرازی کۆنەوەو تەنیا بەمەبەستی گەیشتن بەدەسەڵات، دروشمی گۆڕان و نوێخوازی هەڵدەگرێت، جیا دەکرێتەوە کەسایەتیی ئاژاوەخواز بۆ ڕەوایی‌بەخشین بەخۆی شانازی بەپێبەندبوونی خۆی دەکات بەنەریت و باوەڕە کۆنەکانی کۆمەڵگاوە و بەپێداگرتن لەسەر باوەڕە نەریتی‌یەکان و بەپیرۆزکردنیان دەیهەوێ سیمایەکی خەڵکی و جەماوەری بەخۆ بدات، لەکاتێکدا کە شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە لەهەمانکاتدا کە ڕیئالیستانە هەڵسوکەوت لەگەڵ بیروباوەڕی خەڵک و نەریتەکان دەکات، لەهەمان کاتیشدا پێ لەسەرپێویستیی گۆڕانی ئەو نەریتو باوەڕانە دادەگرێت و مەعریفەو جیهانبینی و گوتارێکی نوێ پێشکەش دەکات، ئەم کەسایەتی‌یە لەباتی ئەوەی ببێتە پێداهەڵبێژی نەریتو دەسەڵات، بێز دەکاتەوە لەکۆرو کۆبوونەوەی نەریتخوازانو دەسەڵاتدارانی ناشارەزا. بۆیە دەتوانین بڵێین شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە هەمان ڕووناکبیری پراگماتیستە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەچاوخشاندنەوەیەک بەسەر وتارو هەڵوێستەکانی دوکتور قاسملوودا بەسانایی ئەم ڕاستی‌یەمان بۆ دەردەکەوێت کە قاسملوو ئەو شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەیەیە کە ئازایانە نەریتەکان، پێوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یە کۆنەکان، ڕەوتی بزووتنەوە و گوتاری زاڵی کۆمەڵگاکەی دەخاتە ژێر پرسیارو ڕێگایەکی نوێ پێشنیار دەکات کە بەکردەوەش بۆ سەقامگیرکردنی هەنگاو دەنێ. دوکتور قاسملوو لەکتێبی (کوردستان‌و کورد)دا زۆرجارو بەڕاشکاوانە نەریت و پێوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانی کۆمەڵگای ئەو کاتی کوردستان دەخاتە ژێر ڕەخنەو پێ لەسەر پێویستیی گۆڕانکاری دادەگرێت، ڕەخنە لە گوتاری سۆسیالیستی و سۆسیالیزمی ئارایی (موجود) کە گوتاری ڕووناکبیریی زاڵی ئەو سەردەمەی کوردستان، ئێران و تەنانەت جیهانیشە (بەتایبەت وڵاتانی جیهانی سێهەم) دەگرێت‌و دۆزێکی نوێ واتە سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک دێنێتە ئاراوە.

دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەوەی‌دا کە باوەڕی بەسۆسیالیزم هەیە بەڵام بە ڕوانینێکی ڕیئالەوە چاو لەو دۆزەو بارودۆخی کۆمەڵگای دەکات، بۆیە پێ لەسەر گۆڕانکاری لەو دۆزەو چەسپاندنی سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک دادەگرێ: «هەم لەباری تیۆری‌یەوەو هەم لەباری عەمەلی‌یەوە باسی بارە باشەکانی سۆسیالیزممان کرد، هێندێک گیروگرفتی سۆسیالیزمی مەوجوودو هۆی ئەو گیرو گرفتانەشمان خستە بەرچاوو، لەئاخردا هاتینە سەر ئەوە کە گیرو گرفتی ئەساسی لە سۆسیالیزمی مەوجووددا، نەبوون یان مەحدوودبوونی دیموکراسیی سیاسی‌یە.

ئایا ئەو سوسیالیزمەی ئێمە دەمانەوێ دروستی بکەین، بەتەواوی عەینی ئەوە دەبێ کە لەوڵاتانی سۆسیالیستی دا دامەزراوە؟

وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر بەراشکاوی ئەوەیە کە: نا! ئەوە لەگەڵ وەزعی وڵاتەکەماندا ناگونجێ. چونکە ڕاستە کە کۆمەڵی کوردەواری پێی ناوەتە قۆناغی سەرمایەداری، بەڵام هێشتا خۆی بەتەواوی لە پێوەندی‌یەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی ڕزگار نەکردوە. تەرکیبی کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەمان و تەرکیبی چینایەتیی کۆمەڵی ئێمە، جیاوازی‌یەکی تەواوی لەگەڵ کۆمەڵێکی سەرمایەداری دا هەیە. فەرهەنگ و سوننەتی گەلەکەشمان تایبەتین‌و، لەگەڵ فەرهەنگو سوننەتی گەلانی دیکە فەرقی هەیە. هەر بۆیە زۆر ڕوونە کە ئەو سۆسیالیزمەی ئێمە دەمانهەوێ دای‌بمەزرێنین، دەبێ لەگەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سۆسیالیزمی یەکیەتیی سۆڤیەتی، یان فەرانسە، یان ویتنام، یان هەر جێگایەکی دیکە فەرقی هەبێ«.

وڵاتانی سوسیالیستی دەخاتە بەر رەخنە و سەبارەت بەرۆڵی رەخنە لەو وڵاتانەدا دەڵێ: «رەنگ بێ ئەو پرسیارە بێتە پێش کە ئەگەر ئەندامانی حیزب لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا رەخنەکانی خۆیان بەراشکاوی بڵێن چ دەبێ؟ وڵام ئەوەیە کە لەنەزەر زۆربەی ئەو ئەندامانە، ئەم کارە وەک سەرلەدیواردان وایەو بەتاقیکردنەوە دەزانن کە ئەگەرچی مومکینە لەهەوەڵدا بەرواڵەت پێیان بڵێن کە ئەو رەخنەو رەخنەگرتنە مافی خۆیانە، بەڵام لە یەکەم هەلکەوتدا بیانوویان پێ دەگرن‌و سزایان دەدەن»

بزوتنەوەی کوردو تەنانەت حیزبی دیمۆکراتیش لەژێر چاوی وردبین و رەخنەگری دوکتور قاسملوو رەد نابن و ئازایانە و دڵسۆزانە قامک لەسەر لایەنە لاوازەکانیان و پێویستیی ریفۆرم لەوانەدا دادەنێ:»پێشرەوبوون و رادەی شۆرشگێربوونی هەموو حیزبێکی سیاسی لەوەرا دەردەکەوێ کە چۆن سەیری رابردووی خۆی و بەتایبەتی هەڵەکانی خۆی دەکا. حیزبی شۆرشگێڕ نابێ لەوە بترسێ کە گۆیا بەباسی هەڵەی رابردوو دوژمنی شاد دەبێ، یا لەئیعتباری حیزبەکە کەم دەبێتەوە. بەپێچەوانە پێ‌لێنان و راستکردنەوەی هەڵەو چەوتی‌یەکانی رابردووی تێکۆشان ناوبانگی حیزب لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەباتە سەرێ و جیددی بوون و بەرپرس‌بوونی حیزبەکە نیشان دەدا. بۆیە پێویستە کزی و هەڵەکانی زەمانی کۆماری کوردستان بگوترێن و بخرێنە روو. بائەوەش بڵێین کە رەخنەگرتن لە بەڕێوەبەریی حیزب لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا نە نرخی کۆمار کەم دەکاتەوەو نە ئیعتباری بەرێوەبەرانی ئەو وەختەی حیزب دێنێتە خوارێ«

ئەگەرچی قاسملوو مرۆڤێکی سۆسیالیستە بەڵام لە شیکردنەوەی هۆیەکانی تێکچوونی کۆماردا ناکەوێتە ژێر هێژمۆنی روانگەی بەستراوەیی «dependency»یەوەو تەنیا لایەنی دەرەکی تاوانبار ناکات بەڵکوو بەتێڕوانینێکی مۆدێرنیستی‌یەوە «modernization» شرۆڤەی هۆیەکانی سەرنەکەوتنی کۆمارو لایەنە لاوازە نێو خۆیی‌یەکانی سیستمی کۆمار، حیزبی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیمۆکراتو کۆمەڵگای کوردستان دەکات. «پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان ئەو بیروباوەڕە لە مێژووی حیزبی ئێمەدا بەهێز بوو کە هۆی ئەسڵیی تێکشکانی ئەم کۆمارە، سیاسەتی چەوتی یەکیەتیی سۆڤیەتی بەرامبەر بە وەزعی ئێران بوو. گوایا یەکیەتیی سۆڤیەتی خەڵکی کوردستانی هان دا بۆ ئەوە کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ، لەپاشان بەتاقی تەنیای بەجێ هێشت و ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئێران توانی بەهاسانی لەنێوی بەرێ. ئەنجامی ئەو لێکدانەوەیە زۆر ڕوونە، ئەوە خۆئاسوودەکردن و خۆماندوونەکردنە. تاوانبارکردنی خەڵکی دیکە هەموو وەختێک لە ڕەخنەلەخۆگرتن خۆشترە. بێجگە لەوە ئەگەر لێکدانەوەمان بەو شێوەیە بێ، ئیعترافمان کردوە کە کۆماری کوردستان دەستکردی بێگانە بووەو ئەوەش ڕاستو ڕەوان ئەو بیروڕایەیە کە دوژمن لە سەرەتای پێکهاتنی ئەم کۆمارەوە تا ئێستا بڵاوی دەکاتەوە، بیروڕایەک کە لەگەڵ واقعییەت ڕێک ناکەوێو هەوڵی ئەوەیە کە باری ڕاستەقینەی مێژوو بگۆڕێ.

هێزی ئەسڵیی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٢٥ - ١٣٢٤ گەلی کورد بووەو هۆی ئەسڵیی پێکهاتنی کۆماری کوردستانیش دیسان هەر ئەوە بووە کە گەلی کورد ویستوویەتی بەمافی ڕەوای خۆی بگاو چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ. ئەودەم دیارە هۆی ئەسڵیی تێکچوونی کۆماری کوردستان کزیی نێوخۆی جووڵانەوە، کزیی نێوخۆی حیزب و لەپێش هەمووان دا زەعفی بەرێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. ئەو کزیو لاوازیيە لەهەموو بارەکانی ژیانو تێکوشانی حیزب و کۆماری کوردستان‌دا خۆی دەنواند».

ئەمانەو دەیان نموونەی دیکە دەیسەلمێنن کە دوکتور قاسملوو وەک شۆڕشگێرێکی ڕاستەقینە خاوەنکاراکتەرێکی ڕەخنەگرو داهێنەر بووە.

## کۆنە پارێزی (کۆنسێرڤاتیزم) یا ئاشتیخوازی

شۆڕشگێڕ وەک ڕووناکبیرێکی گۆڕان‌خواز، مرۆڤێکی شێلگیرو ڕادیکاڵە سەبارەت بە بڕواو بۆچوونەکانی و خۆی بەدەست باری ئارایی و پێوەندیيە کۆنە کۆمەڵایەتی و سیاسیيەکان و دەسەڵاتی بێدادیيەوە نادات، بۆیە زۆر سروشتیيە کە لەپێناو گەیشتن بەئامانجەکانی‌دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەنا بۆ کردەوەو میکانیزمی توندوتیژیش بەرێت. لەجیٚدا زۆربەی بیریاران، شۆڕش وەک گۆڕانکاری‌یەکی توندو تیژانە پێناسە دەکەن، بەڵام لێرەدا دوو بابەتی بنەڕەتی دێنە گۆڕیٚ کە شایانی سەرنج و تێڕامانن، یەکەم مەبەستی شۆڕشگێڕ لە گۆڕانکاری و تەنانەت کردەوەی توندو تیژ چیە؟ جگە لەوەیە کە گۆڕانکاری لەپێناو پێشکەوتن و گەیشتن بە کۆمەڵگای ئازادو دادوەرانە و ئاشتی‌یەکی سەقامگرتوو دایە؟ شۆڕش میکانیزمێکە بۆ گۆڕانکاری بە مەبەستی دابین و دەستەبەرکردنی مافەمرۆیی‌یەکان و سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئازادی. لەجیٚدا شۆڕشگێڕ مرۆڤدۆست و ئەویندارى ژیانە، بەژیان‌دا نەنووساوە. بەپیری مردنەوە دەڕوا بۆ پێکهێنانی ژیانێکی باشتر. ئەوەی لەلای ئەو ڕەسەنە مرۆڤ و گیان و ژیان و مەعریفەیەتی. ئەو بە گیانێکی مرۆڤدۆستانەوە ڕەخنە لەباری ئارایی‌و سنوورە دزێوەکانی کۆمەڵگا دەگرێت و لەپێناو گۆڕانیان‌دا ئاگری شۆڕش هەڵدەگیرسێنێت. کەوابوو زۆر لۆژیکی‌یە کە شۆڕشگێڕ لە هەر قۆناغێک لە خەباتەکەی‌دا بۆی بلویٚ شێوازی ئاشتی‌خوازانەو ناتوندوتیژ هەڵبژێریٚو لەڕێگای وتووێژو دیالۆگەوە ئامانجەکانی مسۆگەر بکات، ئەمەش بەهیچ شێوەیەک نابیٚ بە کۆنەپارێزی، سازان و پاراستنی باری ئارایی لێکبدرێتەوە، چونکە لەراستی‌دا شۆڕشگێر وازی لە ئامانجەکانی نەهێناوە و دانی بەبارودۆخی کۆن‌و نەریتی‌دا نەناوە، بەڵکوو تەنیا بەپێی گونجان میکانیزمێکی کەم تێچووتری هەڵبژاردوە. دووهەم، شۆڕشگێر لە چ بەستێن و هەلومەرجێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتوری‌و ئابووری‌دا ئاڵای شۆڕش هەڵدەدات؟ بیٚ گومان شۆڕشگێڕی ریالیست ناتوانیٚ راستی‌یەکانی کۆمەڵگاو پێوەندییەکانی کۆمەڵ لە هەموو بوارەکان‌دا لەبەرچاو نەگرێت، کەوابوو ناچارە لەو سیستمەدا هەوڵی گۆڕانکاری بدات، ئەو لە بۆشایی‌دا ناژی و ناتوانیٚ بەشێوەیەکی رەها هەموو ریئالی کۆمەڵگا ڕەد بکاتەوە، بەڵام لە هەمانکاتیش‌دا واز لە ئیدەکانی ناهێنێت و شێلگیرانەو بەشێوەیەکی لۆژیکی تیٚدەکۆشێت کە بیانکات بە ریئاڵو واقیعی کۆمەڵگا. بۆیە هەرچەن بیریارێکی وەک ویکتۆر وۆلفنشتاین پێی وایە کە: «هەرکەسێک، هەرچەندە کەمتر خۆی بە گۆڕانێکی بنچینەیی کۆمەڵگاو بەتەواوەتی وەلانانی چینێکی سەردەستەوە خەریک بکات. لەوانەیە کەمتر بتوانێت تایبەتمەندی‌یە سایکۆلۆژیکەکانی کەسایەتی‌یەکی شۆڕشگێڕ لەخۆوە نیشان بداتو هەرچەندە زۆرتر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئینتیمای بەکارهێنانی ئامرازێکی سیاسیی ئاشتیخوازانە کە ڕەواییەکی نەریتی هەبێ تێدا بەهێزتر بێت، ئەگەری ئەوەی کە خاوەن سایکۆلۆژییەکی شۆڕشگێڕانە بێ کەمترە«. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجی شۆڕش کە گۆڕانکارییەکی قووڵو پێکهاتەشکێنە دەتوانین بڵێین، ئەگەر شۆڕشگێڕ لە قۆناغەکانی شۆڕشدا هەستی بەوە کرد کە ئامرازێکی ئاشتیخوازانەی وەک دیالۆگ دەتوانێ کاریگەر بێت و لەهەمانکاتیشدا بنەما هزری و ئامانجە سەرەکییەکانی شۆڕش خەوشدار ناکات. بۆ دەبێ نەتوانێ کەڵکی لێوەربگرێ؟

دوکتور قاسملوو وەک شۆڕشگێڕێکی شارەزا لە گەمەی سیاسیدا لەگەڵ ئەوەیکە پێ لەسەر مەبەستو ئامانجەکانی شۆڕشەکەی دادەگرێت. لە هەمانکاتدا ئاگادارە کە لەچ بەستێنو هەلومەرجێکدا گەمەی سیاسی دەکات و زانایانە و بە بەرپرسایەتییەوە کەڵک لە هەموو ئامرازەکان وەردەگرێت: « ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژی ئەوەڵەوە رامان گەیاندوە کە شەڕخواز نیین، ئێمە شەڕ بۆ شەڕ ناکەین. ئێمە شەڕ بۆ شتێکی دیکە دەکەین. شەڕەکەش ئێمە دەستمان پێ نەکردوە. ئەو شەڕە بەسەر ئێمەدا تەحمیل بووە. شەڕی ئێمە بۆ دێموکراسی و خودموختارییە. هەر وەختێکی بە دێموکراسی و خودموختاری گەیشتین، دەست لەشەڕەکە هەڵدەگرین. پاشان لەسیاسەتدا ئەوە رەشو سپی نیە، هەموو شتێک و هیچ شتێک. هەرکەس ئاوا سیاسەت بکا سەرناکەوێ«. راشکاوانە هەرچەشنە خۆبەدەستەوەدان و تەسلیم بوون لەبەرامبەر هەلومەرجی سیاسیی ناوچە و وڵاتانی سەردەست رەد دەکاتەوەو دەڵێ: «بۆ ئەوە کە ئەو ئەرکە گرینگە کە باسم کرد، نیشان بدەین کە ئێمە حیزبێکی سەربەخۆین، هێزێکی سەربەخۆین، داوای دێموکراسی و خودموختاری دەکەین و دەمانهەوێ ئەو دیموکراسی و خودموختارییە وەربگرین، شەڕی ئێران و عێراق هەبێ و نەبێ ئەوە رەبتی بەئێمە نیەو بۆ ئامانجەکانی خۆمان هەر شەڕی خۆمان بەڕێوە دەبەین. ئێمە شەڕخواز نیین، بەڵام تەسلیمتەڵەبیش نیین، تەسلیم نابین».

## دۆستایەتی و دوژمنایەتی

لە شۆڕشدا ئامانجو مەبەستی شۆڕشەکە دۆست و دوژمنی شۆڕشگێڕ دیاری دەکات، بۆ وێنە لە شۆڕشێکی چینایەتیدا کە لەپێناو مافو بەرژەوەندییەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چینی کرێکاردا دەکرێ، کرێکاران و چینی چەوساوەی هاوبەرژەوەندی دەبن بەدۆست و پاڵپشتی یەکترو لەهەمانکاتدا چینی بورژواو سەرمایەداریش دەکەونە بەرەی دژبەشۆڕشەوە، چونکە لەجێدا شۆڕشێکی کرێکاری و گەیشتنی کرێکاران بە ئامانجەکانیان، بەرژەوەندیی سەرمایەدار دەخاتە مەترسیی‌یەوە و رووخانی دەسەڵاتی بورژوازیی لێدەکەوێتەوە. هەروەها لە شۆڕشێکی رزگاریخوازانەی نەتەوەییش‌دا، بەرژەوەندیی نەتەوەیە کە دۆست و دوژمن دیاری دەکات، گەیشتنی نەتەوەیەکی بندەستی وەک کورد بە ماف و ئازادی‌یەکانی، بێگومان دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەستی فارس یا هەر نەتەوەیەکی دیکەی دژی کورد کەم دەکاتەوەو بەرژەوەندی‌یەکانی دەخاتە مەترسی‌یەوە، بۆیە لەشۆڕش‌داو بەتایبەت لە شۆڕشێکی سیاسی‌دا، دۆستایەتی‌و دوژمنایەتی بەپێی بەرژەوەندی دەکرێ، کەوابوو هێزێکی فارس کە بڕوای بە مەزنایەتی و پیرۆزیی ئێران و تاقە نەتەوەیەک بەناوی ئێرانی (بەشوناسی فارسی‌یەوە) لەو وڵاتەدا هەیە قەت ناتوانێ دۆست و پاڵپشتی نەتەوەی کوردو داکۆکیکاری ئامانجەکانی بێت، تەنانەت هێزە زێدەخوازە تورکەکانیش لەئێران‌دا کە چاوی تەمایان بڕیوەتە خاکی کوردستان قەت ناتوانن دۆستی شۆڕشی کوردو هێزە شۆڕشگێڕەکانی بن. بۆیە شۆڕشگێڕ زانایانەو بەپێی ئامانج و بەرژەوەندی‌یەکانی شۆڕشەکەی دۆستایەتی و دوژمنایەتی دەکات و قەت ئامادە نابێ لەپێناو دۆستایەتی‌یەکی رووکەش و بێبنەمادا ساویلکانە بەرژەوەندی‌یە رەسەنەکانی شۆڕشەکەی بخاتە ژێر پێیەوەو قەتیش لەپێناو چەپڵەی هێزێکی بەناو دۆست‌دا کە لەراستی‌دا بەرژەوەندی‌یەکانی بەتەواوەتی دژایەتی‌یان لەگەڵ بەرژەوەندی‌یەکانی ئەو هەیە، ئامادە نابێ داژیەتیی هێزێک بکات کە دەتوانێ ببێتە یارمەتیدەرو دۆستێکی ستراتژیک بۆ ئەو.

دوکتور قاسملوو لەو پێوەندی‌یەدا دەڵێ:»با بەسەراحەتەوە بگوترێ کە ئێمە بەخاتری دۆستایەتی قەت واز لە سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ناهێنین. بەڵام لەبەر خاتری سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ئەگەر پێویست بوو واز لە دۆستایەتی دەهێنین. کەوابوو میعیار بۆ ئێمە قازانجی حیزب و گەلی کورد و گەلانی ئێران و سەربەخۆییمانە. میعیاری ئەساسی سەربەخۆیی بڕیاردانە. دۆستایەتی دەکەین بەڵام لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆیی. ئەگەر پێویست بوو دۆستایەتی‌یەکە فیدای سەربەخۆیی دەکەین، بەڵام هەرگیز سەربەخۆیی فیدای دۆستایەتی ناکەین«.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ئاکام:

لێکدانەوەی هەر کام لە ڕەهەندەکانی ژیان و کەسایەتیی هەرکەسێکی شۆڕشگێڕ بەتایبەت کە ڕێبەری شۆڕشیش بووبێت. پێویستیی بەلێکدانەوەو لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سەردەم و شوێن و کاتی ژیانی ئەو کەسایەتی‌یە هەیە. ڕەنگە هەندێک لە بۆچوون و هەڵوێستەکانی دوکتور قاسملوو یا لەخۆیاندا ڕەخنەیان لەسەر بێت یا لانی کەم لەگەڵ هەلومەرجی ئێستادا نەگونجێن و پێویستی‌یان بە پێداچوونەوەو خوێندنەوەیەکی نوێ هەبێت، ئەمەش بە هیچ شێوەیەک لە بایەخی ئەو بۆچوونانە کەم ناکاتەوە واتە نابێ کەسایەتی‌یەکی وەک دوکتور قاسملوو کە لەسەردەمی شەڕی ساردو هەلومەرجێکی سیاسیی جیاوازدا ڕێبەرایەتیی شۆڕشی کردوە و هەڤدەساڵ لەمەوبەر شەهید بووە بە ڕبەی ئێستا شرۆڤە بکرێت. بۆیە ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتوە زیاتر جەختی لەسەر فاکتەرە نەگۆڕەکان کردوە و هەوڵ دراوە بە ڕبەیەکی لۆژیکی و گونجاوو لەگەڵ سەردەمی ژیانی دوکتور قاسملوو شرۆڤەی ڕەهەندی شۆڕشگێڕانەی کەسایەتیی ئەو ڕێبەرە بکات. لەم بابەتەدا زیاتر لایەنە پۆزەتیڤەکانی ئەم کەسایەتی‌یە بەرجەستە کراوەتەوە، بەڵام دەکرێ لە بابەتێکی دیکەدا لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەیی‌یەوە شرۆڤەی ژیان و کەسایەتیی دوکتور قاسملوو بکرێت. لێرە دا هەوڵی من دەستنیشانکردنی تایبەتمەندی‌یەکانی کەسایەتی‌یەکی شۆڕشگێڕو ڕادەی ڕەنگدانەوەیان لە کەسایەتیی دوکتور قاسملوودا بووە.

### سەرچاوەکان:

١- کوهن، الوین استانفورد ـ تئوریهای انقلاب، ترجمەی علیرچا گیب، نشر قوس، چاپ اول - تهران ١٣٨٠

٢- ازکیا، مصفگی ـ جامعەشناسی توسعە، نشر کلمە، چاپ دوم - تهران ١٣٧٩

٣- پلیچ، پیتەر - ئیسکۆرت بەرەو تاران، وەرگێڕانی حەسەنی ئەیوب زادە، چاپی دەزگای وەرگێڕان، چاپی دووهەم - هەولێر

٤- فرۆم، ئەریک چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی، وەرگێڕانی ئازادبەرزنجی، چاپی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم - ٢٠٠٠

٥- قاسملوو، عبدالرحمن - چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادیدا (کورتە مێژووی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران)، چاپی کۆمیسیوونی چاپەمەنیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، ١٣٨١

٦- قادر وریا، - قاسملوو لەرێبازیدا زیندووە، چاپی ئاوێر، چاپی یەکەم ـ ٢٠٠٥- (نووسینو کۆکردنەوە)

٧- کاوە بەهرامی، - تاقگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم - (کۆکردنەوە)

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ریکەوتی: ٧ی جانیۆیری ٢٠٠٧


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بابەتی ساڵی: ٢٠٠٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور قاسملوو ڕێبەری ناوداری کورد و سەرداری دێموکراسی

**کەریم ئەڵلاوەیسی**

لە هەر نەتەوەیەک، ژمارەیەک بلیمەت هەڵدەکەون، یەکێک لە بلیمەتەکانی نەتەوەی کورد دوکتور عبدالرحمان قاسملویە. ئەگەر قازی محەمەد، سەرۆککۆماری کوردستان و پێشەوای حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو و ڕێبەرێکی زۆر لێهاتووی وەک دوکتور قاسملوو شانازیی پێدەکرد و دەیگوت: «پێشەوا گوڵێک بوو لەبیابان ڕوابوو، دوکتور قاسملووش ڕێبەر و سەرداری گەورەی دیموکراسی و جێگای شانازیی گەلەکەمان بوو و دەتوانین بڵێین کە پێشەوا و قاسملوو» دوو کەسایەتیی هەمیشەزیندوون» و ژیان و خەبات و ئاموژگاری‌یەکانیان دەتوانن بۆ نەوەکانی داهاتووش بەکەڵک بن.

سەمەد بێهرەنگی، نووسەری گەورەی ئێرانی خەڵکی ئازەربایجان کە بە زمانی تورکی و فارسی چیرۆکی بۆ منداڵان دەنووسی و بەدەستی بەکرێگراوانی دەزگای جەهەننەمیی ساواکی محەمەدڕەزاشای پەهلەوی لە شیمالی ئێران خنکێندرا لە کتێبی ماسی‌یە ڕەشە بچکۆلەکەدا، لە زمانی ماسی‌یەوە دەڵێ:» گرنگ نیە کە ئەمن دەمرم، گرنگ ئەوەیە کە ژیان و مەرگی من چ کاریگەری‌یەکی لە سەر ژیان و گوزەرانی خەڵک دەبێ».

دوکتور قاسملووی بلیمەت کە ببوو بە کەسایەتی‌یەکی نێونەتەوەیی، هەتا لە ژیاندا بوو زۆر خزمەتی گەورەی بەجێ‌گەیاند، ئەو دەستی بە نوێ‌کردنەوە و بووژاندنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد و گیانێکی تازەی دایەوە بە حدک، سەربەخۆیی فکری و سیاسی وسەربەخۆیی

بڕیاردانی بۆ حیزب گێڕایەوەو و زۆر هەنگاوی گرنگ و جیددی‌تری هەڵێنانەوە، بە کورتی قاسملوو ڕێنیسانسێکی لەحیزبی دیموکراتدا وەڕێ‌خست. ڕۆڵی گرنگی لەڕێنوێنی و بەرەوپێش بردنی خۆراگریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گێڕا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خزمەتەکانی ئەوەندە گرنگ و بەرچاون کە قەت لە بیرو زەینی ئەندامانی حیزب و کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان و ئازادیخوازانی ئێران و سەدان دیپلۆمات و کاربەدەستی وڵاتانی جیهان و زۆر لایەنی دیکە کە ئەویان دەناسی ناچێتەوە. لەدەستچوونی دوکتور قاسملوو تەنیا خەسارەتێک نەبوو بۆ حیزبی دیموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو کۆستی لەدەستچوونی قاسملوو کۆستی تەواوی بزووتنەوی کورد و تەواوی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی ئێران و بزووتنەوەی خەبات بۆ ئاشتی و دیموکراسی لە رادەی جیهانیدا بوو.

مامۆستا حەسەنزادە، کەسایەتیی بەناوبانگی کورد وسکرتێری پێشووی حیزبی دیموکرات لە سەر گڵکۆی شەهیدان لەپیرلاشێزی پاریس دهڵێ: «هاورێی شەهید! بۆ لەدەستدانی تۆ» هەزارن پێشمەرگە، دەیانهەزار ئەندامی حیزبەکەت و سەدانهەزار دۆست و لایەنگری رێبازەکەت و بە میلیۆن کەس لە رۆڵەکانی گەلەکەت غەمیان بەسەردا باری و فرمێسکیان هەڵوەراند بەڵام نەک لەبەر داماوی و ناهومێدی، چونکە گەلێک رۆڵەی وەک تۆی پێگەیاندبێ ناهومێدی ناناسێ. ئەوان بۆت گریان تا بە ئاوی چاوی خۆیان و بەخاکی رێگای تۆ قورێک بۆ سەری هەمووی ئەوانە بگرنەوە کە پێیان وایە بە مردنی قاسملوو، میللەتی قاسملوو و رێبازی قاسملووش دەمرێ.»

مەرگی دوکتور قاسملوو هاوپێوندییەکی کەموێنەی لەڕادەی جیهانیدا بۆ لای گەلی کورد و خەباتەکەی راکێشا، رێورەسمی بەخاکسپاردنی قاسملوو لە گۆرستانی پێرلاشێزی پاریس بە کردەوە بوو بە خۆپیشاندانێکی گەورەی ئۆگرانی ئاشتی و دیموکراسی لە جیهاندا بۆ دەربڕینی هاودردی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و نیشاندانی رق و بێزاری بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران.

١٩ ساڵ لە شەهیدبوونی ئەو رێبەرە مەزنە تێپەڕیوە، یاد و بیرەوەری و ئەندیشەکانی نەک هەر لە بیرنەچۆتەوە بەڵکوو هەر لە گەشانەوەدایە و بۆ نەوەکانی ئێستاکەی کوردستانیش هەروەک جاران سرنجڕاکێش و جێگای رێزو خۆشەویستییە. ناوی دوکتور قاسملوو بووەتە دروشمی سەرزار و ئاڵای دەستی لاوانی ئەمڕۆی کوردستان، لە کۆڕی خەبات و تێکۆشان بە دژی دیکتاتۆر و زۆرداری دەسەڵاتدارانی ئێراندا، ئەوەتا چەند ساڵە لە زۆربەی خۆپێشاندانەکان بە تایبەت راپەڕینەکانی خەڵکی کوردستان لە ٣ ساڵی رابردوودا، شازدەهەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که له شاری قارەمانی مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان بەڕێوە چوو که خەڵکی کوردستان و لاوانی شۆڕشگیر ئەو دروشمانەیان دەگوتەوە:

«قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە». «مانگی پووشپەر، مانگی تیرۆری ڕێبەر»، «دیموکراتمان سەروەرە، قاسملوومان ڕێبەرە».

**مامۆستا هەژار شاعیری نەمر دەڵێ:** لاشەمان که سەر دەنێتەوە..... بیرمان هەردەتەنێتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین که ئەگەر قاسملووی نەمر و مامۆستای دیموکراسی، لاشەی سەری ناوەتەوە بەڵام بیری هەر دەتەنێتەوە.

دوکتور قاسملوو هی حیزبەکەی، گەلی کورد و مرۆڤایەتی بە گشتی بوو. تایبەتمەندی هەرە گەورەی قاسملوو و حیزبەکەی لەوە دایە که تێکۆشەرانی حیزب و گەلەکەیان وا ڕاهێناوە، هەر لەو کاتەدا که بۆ ڕزگاری و مافە مرۆڤایەتی‌یەکانی خەڵکی کوردستان خەبات دەکەن هەرگیز ئاشتی و ئازادی وەک ئامانجی پیرۆزی کۆمەڵگای بەشەری له بیر ناکەن، دوکتور قاسملوو خەباتگێڕی شێلگیری ڕێگای مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلەکەی بە هەموو تواناوە بۆ جێگیربوونی دیموکراسی و و نیزامێکی دیموکراتیک لەئێران دا هەوڵی دەدا و هەر چەشنە چەوسانەوەیەکی نەتەوایەتی، چینایەتی، ڕەگەزی و جینسی ڕەت دەکردەوە. قاسملوو بە دامرکانەوەی ئاگری شەڕو ئینسانکوژی و بڕانەوەی شوێنەواری ستەم و چەوسانەوە لە هەر سووچێکی ئەم جیهانە دەگەشایەوە و خۆی بە شەریکی ڕەوتی بەختیاریی مروڤ لەم جیهانە دەزانێ. سەرەنجام گیانی لە پێناوی ئاشتی و لابردنی شەڕ وماڵوێرانکەری لەسەر گەلەکەی و مافە ئینسانی‌یەکانی دانا.

ئەو کەسایەتی و کۆڕوکۆمەڵە مروڤدۆستانەی وڵاتانی جۆراجۆری جیهان که ناوی ڕێبەری شەهیدی گەلەکەمانیان له ڕیزی کەسانێکی وەک گۆرباچۆف، دۆبچێک و نیلسۆن ماندێلا دا گونجاندوە و خەڵاتی ئاشتیی نوبێلی پێ ڕەوا دەبینن، لەڕاستی‌دا ڕێزیان بۆ فیدارکاری و لەخۆبردوویی قاسملووی مەزن و ئەو ڕێباز و ئامانجە داناوە که دوکتور قاسملوو، حیزبەکەی، گەلی کوردو هاونیشتیمانانی پێی وفادار بوون.

بۆ هەموولایەک روون و ئاشکرایه که داخستنی پروەندەی قەتلی دوکتور قاسملوو له لایەن دەولەتی ئۆتریش لەبەر بەرژەوەندیی ئابووری بووە و بەس و ١٩ ساڵە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو دەوڵەتە مەسڵەحەتپارێزە پێشی بە بەڕێوەچوونی عەداڵەت گرتوە، ئاخۆ ئەگەر ئەو وڵاتە و زۆر وڵاتی دیکەی ئورووپایی کە تیرۆریستەکانی کۆماری ئێسلامیی ئێران خاکی ئەوانیان کردبوو بە مەیدانی رمبازێنی خۆیان و دەیان شۆرشگێڕی کورد و ئێرانی‌یان تیرۆر کرد بە جێگای پێشگیری و گیروگرفتسازکردن بۆ دادگای وڵاتەکەیان، ئیزنیان دابا عەداڵەت وەک دادگای میکۆنووسی ئەڵمان بەرێوە بچێ ئەمرۆ رێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاوا لە بەرامبەر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌دا لاسار و... دەبوو؟

مەسەلەی تیرۆر کە بووەتە مەترسی‌یەکی زۆر گەورە بۆ کۆمەڵگای جیهانی، بڵێی هۆیەکەی بێ‌دەنگی لە بەرامبەری کردەوە تیرۆریستی‌یەکانی ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و سازان و سات و سەودای بازرگانی لەگەڵ ئەوان نەبێ؟ بڵێی هەڵوێستێکی دروست و دادپەروەرانەی ئوتریش و وڵاتانی دیکەی ئورووپایی کاریگەری نەبایە بۆ ڕوونـەدان یان کەمترکردنەوەی خەسارەتەکانی رووداوی ١١سپتامبری ئەمریکا ؟

جێگەی خۆیەتی گەلی کوردو حیزبی دیموکراتی کوردستان و کەسایەتی‌یە بەشەردۆستەکان و بیروڕای گشتی هەوڵی خۆیان بدەن و دەوڵەتی ئوتریش مەجبوور بکەن کە دادگایەکی عادڵانە پێکبێنێ و عامیلانی ئەو جینایەتە بە جیهانی‌یان بناسێنێ. ئاخۆ راگەیاندنی راستی‌یەکان پاش رووخانی رێژیمی کوماری ئیسلامیی ئێران شەمەزاری‌یەکی زیاتر نیە بۆ ئەو وڵاتە؟

بەو هیوایەی زۆر نەکێشێ رێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئێسلامیی ئێران بڕووخێ. گەلی قارەمانپەروەری کورد بتوانێ تەرمەکەی قاسملووی مەزن بباتەوە ئامێزی زێد و نیشتمانەکەی و لەگەڵ گڵکۆی شەهیدان پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور سادق ببنە زیارەتگای ئوگرانی ئازادی و ئاشتی و دیموکراسی و تازەکردنەوەی پەیمانی لاوان و گشت خەڵک لەگەڵ ڕێبازەکەیان.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠٠٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتۆر قاسملوو هەموو گەلی کورد خاوەنیەتی

**د.رۆژان ئاشتاب**

**لەیادی ١٩ مین ساڵیادی شەهید کردنی دوکتۆر قاسملوو دا**

ساڵی ١٩٨٩ لە رۆژێکی وەک ئەمرۆدا لە سەر دەستی رێبەرانی رژێمی دیکتاتۆرو کونەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران تاوانێکی نامرۆڤانە لە دژی یەکێک لە تێکۆشەرە دێرین و هەڵکەوتووی گەلەکەمان ئەنجامدرا، ئەویش بەناحەق شەهیدکردنی دوکتۆر قاسملوو، تێکۆشەری گەورەی کوردایەتی، سیاستمدار وروناکبیر، سەرکردەی لێهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

دوکتۆر قاسملوو هەر لە تەمەنی منداڵییەوە بە روحێکی نیشتمانپەروەریی و کوردایەتی گۆشکرابوو، هەر بوویەش بەشی زۆری تەمنی خۆی بۆ خزمەتی گەلە بەشحوراوەکەی و بزوتنەوەی رزگارێخوازانەی گەلی کوردستان تەرخانکردبوو، لە پێناو بە دیهێنانی ئازادی و دیموکراسی و دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکان ودادپەروەری وئاشتی بۆ گەلە کەمان گیانی خۆی کردە قوربانی.

ئەگەر ئاورێکی سەرپێیانە لە لاپەرەکانی ژیانی شەهید بەدێنەوە، دەبینین کە بە سەدان هەڵویستی نیشتمانپەروەرانە و خۆراگریی و راستگۆیی وخۆشەویستی رازاوەتەوە، بەداخەوە دوژمنانی ئازادی وئاشتی بە شێوازیەکی زۆر ناجوامیرانە ،کە پیشەی خۆیان لە پیلانیکی نامرۆڤانەدا لە سەر مێزی وتوویژ بە رەوالت بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران لە گەل هاوریانی تیرۆریانکرد. ئەم کردەوەیەی یەکێک لە رەشترین کارنامەی تەمنی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، کە هەر گیز مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان لە یادی ناکات. لە رۆژی ١٣ی ژوویەی ساڵی ١٩٨٩ لە شاری ڤیین پاتەختی ئوتریش لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا شەهیدی دەکەن و دەچێتە رێزی کاروانی سوور خەڵاتی شەهیدانی حیزب و گەل.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتۆر قاسملوو هەر لە تەمنی منداڵیەوە تێکەلی جیهانی سیاسەت و روشنبیری بوو، وهاتە نێو جەرگەی خەباتی رزگاریخوازانەی خەلکی کوردستان، هەموو تەمەنی خۆی بۆ سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی خەباتی کوردایەتی وناساندنی کێشەی رەوای نەتەوەکەی بە گەلانی ناوچە و بە هەموو جیهانیان تەرخانکرد.دکتۆر قاسملوو کەسایەتییەکی ناسراوی نێونەتەوەیی بوو، کاتێک لە ژیاندابوو، بۆ ناساندنی پرسی کورد لە رۆژهەلاتی نێوەراست پیوەندی توندوتۆلی لە گەل دەیان مرۆڤی ئاکادیمیک، رۆژهەلات ناس،کوردناس وژۆرنالیست هەبوو لەم ریگایەوە رای دەیان مرۆڤی ئازادیخواز و سیاستمدار ودیپلۆمات وکاربەدەستی ولاتانی جیهانی بۆ لای پرسی کورد راکیشا. شەهید بوونیشی هاودەنگی و هاوپیوەندییەکی لە رادەبەدەری لە ئاستی جیهانی بۆ لای خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد و هاودردی لە گەل حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران نیشاندا.

دوکتۆر قاسملوو مرۆڤێکی بە ناوبانگ و بەتواتا رۆشنبیر و نووسەرێکی ئاکادیمیک بوو، چەندین کتێب و وتاری سیاسی و کومەلایەتی و چەندین بابەتی ئەدەبی بلاو کردۆتەوە، ئەم سەرکردە تێکۆشەرە کاریگەری بەرچاوی لە سەر چەندین سیاستمدار و ئاکادیمی و رووناکبیری کوردستان هەبووە. دوکتۆر قاسملوو باوەری بە ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی هەبوو، تێکۆشەرییەکی شێگیری دابینکردنی مافی ژنان لە کۆمەلگای کوردەواری بوو، دژی هەرچەشنە چەوسانەوەیەکی نەتەوەیی، چینایەتی، رەگەزی و جینسی بوو.

واله کاتیکدا ١٩ ساڵ بەسەر شەهید بوونی ئەو سەرکردە خۆشەویستەدا تێداپەرێ بیرو باورەکانی بۆ حیزبەکەی و نەوەکانی تازە پێکەیشتووی شۆرشگیری کوردستان جێگای سرنجراکیشانن و جێگای رێزو خۆشەویستین. هەموو ئەندامانی حیزب و کوران و کچانی کوردستان دەبی لە کۆری خەباتدا لە دژی رژیمە داگیرکەرانی کوردستان بۆ وەدیهێنانی مافەکانی نەتەوایەتی و بۆ دابینکردنی ئازادی و دیموکراسی وانە و پەندی لێوەرگرن. ئیمە هە ڤالانی ئەو شەهیدە هەریەکەمان کۆمەڵێ بیرەوەری ئەو تێکۆشەرە نەمرەمان لە بیرە . ئیمەی دۆستان و هاوبیران وهەڤالانی قاسملوو ئەوانەی لە قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی کوردایەتی دا بەوپەری شانازییەوە لە گەل شەهید سەرکردە خەباتمان کردووە، ئەرگی سەرشانی هەموومانە خەبات و تێکۆشانی و یاد وبیرەوەری ئەم شەهید لەرێگای ئازدی و سەرکەوتنی بزووتنەوی رزگاریخوازانەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەلی کوردستان بەرزو زیندوو رابگرین، پێویستە نەوەی نوێ ولاوانی تازە پێکەیشتوو بۆ خەبات و تێکۆشان بە هەڵوێستەکانی ئەم کەڵە پیاوە ئاشنابن و لەم قۆناغە ناسک و هەستەمەدا وانە و پەندی لێوەرگرەن. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە شەهید قاسملوو، شەهیدی گەلی کوردە وهیچ کەس و لایەنیک بۆێ نییە بە مەبەستی تایبەتی خۆی لە نێو حیزب و کۆمەڵگادا لە دوستایەتی و هاوخەباتی ئەو کەڵکی خراپی لێوەرگرێ وفەخر بە خەلک بفرۆشێ، قاسملوو کۆری کورد بوو و لە پێناوە کورد وکوردستان گیانی کردە قۆربانی. هەمووومان دەبی لە ساڵیادی شەهیدکردنیدا سەری رێزونەوازش بۆ خەباتی کوردایەتی و حیزبایەتی ئەم سەرکردەیە دا بنوێنین ولەسەر دریژەدانی رێبازەکەی ئەو بەردەوام بین. بۆئەم مەبەستەش لێرەدا لە هەموولایەک بەتایبەت لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوادەکەم لە ساڵی داهاتوو کە ٢٠ مین ساڵوەگەری شەهیدە ،کۆرێکی نێونەتەوەیی وبەرفەراوان وشایستە بۆ رێزلینان لە رۆڵ ومێژووی ئەم سەرکردەیە لە خەباتی سیاسی و نەتەوایەتیدا بە بەشداری کەسانی سیاستمەدار و رووناکبیر و ئاکادیمیک وخاوەن بیرورا و دوستانی لە سەراسەری جیهان رێک بخرێت.نەمری و سەربەرزی بۆ شەهید دوکتۆر قاسملوو وگشت شەهیدانی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەری پێشمەرگەکان - رێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠٠٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# با هەموومان درێژەدەری بەئەمەگی ڕێبازی پیرۆزی دوکتور قاسملوو بین!

**بەهیە حەیدەری**

لەسەر ژیان و کەسایەتیی بەرزی دوکتور قاسملوو، بەتایبەت لە دوو دەیەی رابردوودا، زۆر شت گوتراوە و تەنانەت زۆریش نووسراوە. ئەوانەی تا ئێستا لەسەر دوکتور قاسملوو دواون، زیاتر ئەو کەسایەتی یە تێکۆشەرانەن کە لە نێزیکەوە دوکتور قاسملوویان ناسیوەو هەر لە نێزیکیشەوە لەگەڵ گەوهەری بیرو ئەندێشەکانی ئەو مامۆستا مەزنەدا ئاشنا بوون. بەڵام من، وەک کوردێکی گەورەبووی دوورەوڵات، وەک مرۆڤێکی لە وڵات وەدەرنراوی لە بینینی نیشتمان بێبەشکراو، بەداخەوە دەبێ بێژم کە تەنیا لەگەڵ بیرو ئەندێشەکانی مامۆستای دێموکراسی دا، ئەویش تا رادەیەک، ئاشنام و لەو سۆنگەیەوە، هەستی خۆم بەرامبەر بەو مامۆستا بێهاوتایە دێنمە زمان.

هەموو نەتەوەیەک، بەتایبەت ئەو نەتەوانەی کە رۆژێک لە رۆژان چارەنووسیان لە چارەنووسی پڕ لە ژانی کوردەوە نێزیک بووە، لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی خۆیان دا، هەر یەکەو خاوەنی کەسایەتی یەکی هەڵکەوتووی نەتەوەیی ئەوتۆن کە رۆڵەکانیان شانازی‌یان پێوە دەکەن و بە ڕێزو حورمەتەوە یادیان دەکەنەوەو ناویان دێنن. بۆ وێنە هیندی‌یەکان شانازی بە «گاندی»یەوە دەکەن کە بە ڕێبەری‌کردنی خەباتی هێمنانەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە، دەوڵەتی داگیرکەری بریتانیای ئەو کاتی بەچۆک دا هێناو هیندوستانی لە ژێردەستەبوون رزگارکرد و گوڵی سەربەستیی لە بەرۆکی وڵاتەکەی دا. لە ئافریقای باشووردا، نیلسۆن ماندێلایە کە ئەو پلەیەی بە نسیب بووەو بە ڕێبەرو کەسایەتیی ئەفسانەیی ئەو وڵاتە دەناسرێ. کوردیش، ئەو شانازی یەی پێ براوە کە کەسایەتی یەکی بەرزو ناوداری وەک دوکتور قاسملوو سەرقافڵەی کاروانی خەباتە ڕەواکەی بووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتور قاسملوو بەڕاستی کوردی خۆش دەویست. ئەو دەیتوانی کەسایەتی یەکی خاوەن پلەی نێونەتەوەیی بێ و پۆستێکی جیهانیی هەبێ. ئەو دەیتوانی، بۆ نموونە، کووفی عەنانێک بێ، یان ئەلبرادەعی بێ! ئەم کەسایەتی یانە، وەک دەزانن، کەسایەتیی نێونەتەوەیی ناسراوی دونیای ئەوڕۆن. ئەو دەیتوانی، لەبەر شارەزایی لە زانستی ئابووریی هاوچەرخ دا، سەرۆک یان پرۆفسۆرێکی زانکۆی وڵاتێکی ئورووپایی بێ. هەر هیچ نەبێ، ئەو دەیتوانی خاوەنی پارەو ئاپارتمانی بەرزو ژیانێکی ئاسایی بێ کە، هەر وەک ئێمە لە نێزیکەوە دەبینین، هەر ئورووپایی یەک ئەوڕۆ لە ئورووپادا هەیەتی. بەڵام ئەو دێت واز لە ژیانێکی پڕ لە خۆشیو ئاسوودەیی وا دێنێ. دێت لە چیاکانی کوردستان دا قەوارەیەکی نوێ لە حیزب دادەڕێژێ. دێت لە نێو حیزبدا ئورگانی جیاجیا پێک دێنێ. دێت شێوەی ڕێکخراوێکی مۆدێرنی ئەوڕۆیی بە حیزبی دێموکرات دەبەخشێ. ئەم کارانە بۆ ئەوە دەکا تەنیا لەبەر ئەوەی بڕوای بە ئازادیی میللەتەکەی هەیە. بڕوای بەوە هەیە کە میللەتی کوردیش دەتوانێ خاوەنی حیزبی سیاسی خۆی بێ. حیزبێک کە خاوەنی قەوارەی مودێرن و جیهانپەسەندە. حیزبێک کە لەگەڵ جیهانی سەردەمدا یەک دەگرێتەوەو بۆ وەدیهێنانی ئاواتو ئارەزووە لەمێژینەکانی کورد خەبات دەکاو تا سەرکەوتنی یەکجاری و وەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەرزانەدا وچان نادا.

بەبڕوای من، پاش شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، دەبوو دوکتور یەکێک لەو کەسایەتی‌یانە بێت کە ناویان لە لیستی ناودارانی وەرگری خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل دا تۆمار کراوە. من پێم وایە لەو بارەوە جیهان غەدری لێی کرد. وەدەستهێنانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل، ئارەزوویەکی گەورەیە، دانپیانانێکی ڕەسمی‌یە بە ئاشتیخوازبوونی کەسایەتی یە ئاشتیخوازەکان دا. مەگەر ئەوانەی براوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلن، چەندە لە دوکتور قاسملوو ئاشتیخوازتر بوون؟ چەندە لە ئەو دیموکرات‌تر بوون؟ بۆ مەگەر ئەوان وەک دوکتۆر قاسملوو بانگەوازی ئاشتیی میللەتەکەیان لەلایەن کوێرترین ڕێژیمی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بە ئاگرو ئاسن وەڵامی درابووەوە؟ بۆ مەگەر ئەوان هێندەی کورد ناعەداڵەتیی ئابووری‌یان بە ڕەگ و پێستەوە هەست پێ کردبوو؟ مەگەر ئەوان وەک دوکتور قاسملوو خاوەنی میللەتێک بوون کە بەشێکی زۆر لە ڕۆڵەکانی لە خانەو کاشانەی خۆیان هەڵکەندرابوون؟ مەگەر نەتەوەکانی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوان، تەنیا لەبەر نەگوتن بە دەسەڵاتی حاکم، بێبەزەیی‌یانە حوکمی جیهادیان بەسەردا سەپێنرابوو؟ مەگەر ئەوان وەک دوکتور قاسملوو ئازایانە و چاونەترسانە، بەپیریی بانگەوازی ئاشتیی دوژمنەکەیانەوە چووبوون و گیانی خۆیان لەو ڕێگایەدا کردبووە قوربانی؟ هەر بۆیە پێم وایە دوکتور قاسملوو لەوانەی براوەی خەڵاتی ئاشتیی نوبێلن، زیاتر موستەحەقی وەرگرتنی ئەو

خەڵاتە بوو. لە نزیک بوونەوەی تراژیدیای ٢٢ی پووشپەڕدا، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە، لە وێنەیەکی هەڵواسراوی دوکتوری شەهید رادەمێنم و وەک ئەویندارانی دیکەی ڕێبازە پیرۆزەکەی، پرسیار لە دوای پرسیار لە زەین و بیرمدا کەڵەکە دەبن. لە خۆم دەپرسم دوکتور قاسملوو کێ بوو؟ بۆ گیانیان لێ ئەستاند؟ لەبەرچی بوو فریوی بەڵێنی پڕ لە درۆی بکوژانی خوارد؟ ئەمانەو زۆر پرسیاری دیکە... کە بۆ بەشێکیان هەرچی دەکەم وەڵامێک نابینمەوە.

هەرچی زیاتر لە وێنەکە ورد دەبمەوە. گەوهەری نایابتر خۆ دەردەخەن. ئاشتیخوازبوون، حەقبێژی و عەداڵەتخوازی ئەو چەمکە بەنرخانەن کە وەک ئەستێرەی گەشی گەلاوێژ بە سیمای پاکی دوکتور قاسملووی دیموکراتەوە دەدرەوشێنەوە. ئاخر لەم جیهانە بێ‌تاوانە پڕ لە تاوانەی کە ئێمەی مرۆڤی تێدا دەژین، لەمێژ ساڵە حەق دەنگێکی خنکێنراوو، عەداڵەت تاوسێکی تارێنراو و ئاشتیش کۆترێکی بە تیری ناحەق پێکراوە. ئەمەش سەربوردەی خۆی هەیە: کاتێک ویستیان حەق بکوژن، لە گەرووی کۆتری ئاشتی‌دا خۆی شاردەوە و کۆتریش بۆوەی خۆی لە تیری چڵکنی ناعادڵان بپارێزێ، هاوڕێ لەگەڵ تاوس دا، چیای بەرزی کوردستانیان کردە سەنگەر. لە شاخەوە، بۆ ڕاماڵینی شەوەزەنگ، حەق لەگەرووی کۆتری ئاشتی هاتە دەروو تێکەڵ بە قرمەی چەکی پێشمەرگە بوو. عەداڵەتیش بوو بە چراو لە دڕدان بە شەوەزەنگ دا، بەرچاوی پێشمەرگەی ڕووناک کردەوە.

لە درێژەی ڕێگادا، کۆتری ئاشتی، پێی ئەسپێردرا پەیامی ئاشتبوونەوە، لە شاخەوە بۆ لانکی شارستانیی یەت بێنێ و «بانگی ئەنەلحەق» بەگوێی قورس و گرانی شەوپەرستان دا بخوێنێ، بەشکەم، وەخۆ بێنەوەو شەڕ بە ئاشتی بگۆڕنەوە. بەڵام، وەک دیتمان، دوژمنانی دادپەروەری و مرۆڤایەتی، لەم ئاشتبوونەوە یە ترسان و بە بەرچاوی گشت ئوورووپای مافەکانی مرۆڤەوە، شەقیان لە بێشکی شارستانیەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەدان ساڵە هەڵ دا و بێشەرمانە کۆتری ئاشتی یان لە بەرگی پیرۆزی خۆی دا شەلاڵی خوێن کرد. ئیتر، لەو رۆژەوە، هیندێک جار حەق و ئاشتی و عەداڵەت، دوکتور قاسملوون و هیندێک جاریش دوکتور قاسملوو ئەوانە.

لە کۆتایی دا دەڵێم، ئارەزووی هەرە گەورەی دوکتور قاسملوو، رزگاریی نەتەوەی کورد بوو. بۆ ئەوەی ئەو ئاواتەی دوکتور قاسملوو بێتەدی، لەسەرمانە درێژەدەرێکی بەوەفای رێبازە پیرۆزەکەی بین. رەنگە ئێمە لێرە لە ئورووپا نەتوانین ببینە پێشمەرگە. بەڵام خۆ ئێمە دەتوانین منداڵەکانمان بە بیرو ئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو باربێنین و بە هاندانیان بۆ گرتنەبەری رێگای خوێندن، بۆ دوارۆژی کوردستان پەروەردەیان بکەین. بەم کارە، دڵنیام رۆحی دوکتور قاسملوو لە ئێمە رازی دەبێ.

نەمری بۆ دوکتور قاسملوو و بەردەوامی بۆ رێبازە پیرۆزەکەی!

سەرچاوە: ماڵپەری خاکەلێوە - رێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠٠٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژن لە ئاوێنەی روانگەکانی دوکتور قاسملوودا

**حەسەن حاتەمی**

١٩ ساڵە ١٣ی ژوویيە، یادی کارەساتی دڵتەزێنی وییەن پێتەختی ئوتریش دەکرێتەوە. لەو رووداوە دڵتەزێنەدا د. قاسملوو سیاسەتمەداری مەزن و مرۆڤێکی هەڵکەوتووی نەتەوەکەمان و سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکڕات، لەگەڵ عەبدوڵلا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و د. فازل رەسووڵ – مامۆستای زانستگا- بەهۆی کردەوەیەکی تێرۆریستی لە پێشداداریژراوی دیپلۆمات – تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر مێزی وتووێژ بەداخەوە گیانیان لێئەستێندرا.لەدەستدانی هەر تێکۆشەرێکی رێی ئازادی خەسارێکی گەورەیە. بەڵام بەغەدر لەخوێندا شەلاڵ کردنی ئازادیخوازان زامێکی قووڵی هەرمانی ژیانە. لەو یادەدا د.قاسملوو بەهۆی تایبەتمەندییەکانیەوە پتر بەرجەستە دەبێتەوە و بیروبۆچوونەکانی دەتوانن ئەمەگناسیی زیاتر بۆ ئەو چالاکڤانە نەمرە بن. ئەوەش بەو مانایە نیە کە دوکتوری شەهید، جێی رەخنە و هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنە نیە و رێبەرێکی کاریزماتیکی «موقەدەس» ە. بەڵام ئەو بەشەی دەچێتە خانەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و هەمەلایەنە و بەرپرسانە لە زەمان ومەکاندا و...د. قاسملوو رێبەری زانا، لە زۆر بۆنە و موناسەبەتاندا لەسەر، ژن و کێشە و گیروگرفتەکانی لەکۆمەڵی کوردەواری بەگشتی و لە کۆمەڵگاکەمان لەرۆژهەلاتی کوردستان بەتایبەتی دواوە. بۆچوونەکانی ئەو بەرێزە، کاتی خۆی لەچاپەمەنییەکانی حیزبدا بڵاو بوونەتەوە. من بەو بڕوایە کە مەسەلەی ژن، لەنێو روانگە و کردەوەکانی پیاوی کورد بەگشتی و تێکۆشەرانی حیزب بەتایبەتی زۆر گرنگە، پێموایە لەهەر بۆنەیەکی لەو شێوەیەدا بەچەشنێک پێویستە وەزعی ژنان زۆرتر بێتە بەرباس. بۆیە لێرەدا بەشێک لە روانگەکانی د. قاسملوو باس دەکەم کە بۆ یادی ١٤ساڵەی کارەساتی دڵتەزێنی وییەن لە رۆژهەلاتی کانادا ئامادەم کردبوو.

د.قاسملوو گوتوویەتی:» واقعییەت ئەوەیە کەوڵاتی ئێمە، وڵاتێکی پاشکەوتووە. بەڵام پاشکەوتووترین لای کۆمەڵی کوردەواری لە واقیعدا پاشکەوتنی خوشکەکانمانە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشانەی ئەوە نیە خەتای خۆیان بێ. بەداخەوە کۆمەڵی کوردەواری سوننەتێکی ئەوتۆی هەیە کە ژن نەیتوانیوە، بەو شێوەیە کە پێویستە لەخەبات و لەتێکۆشان و کاروباری وڵاتەکەماندا بەشدار بێ.

ئەو ڕاستی‌یەش بڵێم کە خودی خوشکەکانمان زۆرجار ئەگەر بۆشیان هەڵدەکەوێ بەشێوەی ئەوتۆ ئامادەیی نیشان نادەن کە ئەرکی خۆیان لەڕاستی‌دا بخەنە سەرشانی خۆیان، بۆ جێبەجێ‌کردنی کارێکی یەکجار زۆر گەورە، کە بریتی‌یە لە وەرگرتنی مافی ژن. ئێمە کە باسی ماف دەکەین، باسی گیروگرفتی ژنان دەکەین. چونکە ئەو گیروگرفتە هەیە.

هەروەها کە باسی گیروگرفتی کورد دەکەین و دەڵێین: ئەگەر گیروگرفتی کورد چارەسەر بێ، دەبێ گەلی کورد چارەنووس و مافی دانانی چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ. کە وایە مەسەلەی ژنانیش هەر وایە. ژنان دەبێ خۆیان مافی لە واقیعدا چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە بگرن. ئەگەر چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە نەگرن، ئەوەش کە پێیان خۆشە جێبەجێ بێ، کەسی دیکە بۆیان ناکا.

دیارە یەکێک لە تەئسیرە هەرە خراپەکانی کۆماری ئیسلامی، وەپاش‌خستنی ژنانە. نامانەوێ بڵێین کە لە زەمانی ڕێژیمی شاهەنشاهی‌دا ژن هەموو ئازاد بوون. بەڵام ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە ئێستا لە جمهووریی ئیسلامی دا ژن لە زۆرجێگا کە پێشتر کاری تێدا دەکرد؛ لە کۆمەڵدا، لە خەباتدا، لەهەموو کارو کردەوەی ژیان‌دا بەشدار بوو، ئێستا ناردراوەتە کونجی ئاشپەزخانە و لە ژێر چادری ڕەش‌دا لە واقیعدا زیندانی کراوە.

ئێستا ئەگەر ئێرانی خۆمان زیندانێکە بۆ هەموو خەڵکی ئێران، بۆ هەموو گەلانی زۆرلێکراو، زیندانێکی گەورەشە بۆ هەموو خوشکەکانمان. بۆیە خەبات بۆ ئازادیی ژن، خەبات بۆ ئەوەیە ژن مافی خۆی وەربگرێ، بەهیچ شێوەیەک جودا نیە لە خەباتی میللەتەکەمان بۆ دێمۆکڕاسی و خودموختاری. لە هەر جێگایەک دێمۆکراسی زیاتر پێش‌کەوتوە، میللەتان مافی خۆیان وەرگرتوە، ژنانیش ئازادیی زیاتریان دەست کەوتوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەبات بۆ مافی ژنان تەنانەت لەخەبات بۆ وەرگرتنی خودموختارییش درێژترە. دیارە هەمووومان دەزانین کە ئێمە هەر لە مێژە گوتوومانە خەبات بۆ خودموختاری رەنگە زۆر درێژ بێ. بەڵام خەبات بۆ مافی ژنان هەتا پاش خودموختارییش، دەبێ هەر بەردەوام بێ. خوشکەکانمان بەتایبەتی ئەوانەی کە عومریان کەمە، دەبێ هەر لە ئێستاوە خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەو رۆژە کە وەختێک گەورە بوون، خەباتەکە لە هەموو لایەک درێژە پێبدەن.

لە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئێمەدا، دەبێ جێگایەکی تایبەتی بدرێ بە ژنان کە نیوەی دانیشتووانی وڵاتەکەمان پێکدێنن. هەروەک دەزانن حیزبی ئێمە مافی بەرانبەریی تەواو لەگەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێ. بەڵام دانانی ماف لەگەڵ پیادەکردنی ئەو مافە لە کۆمەڵدا مەودایەکی زۆریان لە بەیندا هەیە. دەبێ ئەو مەودایە بەرەبەرە لە بەین بچێ.

بە بیروڕای حیزبی ئێمە هەرچی زیاتر ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکاندا بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوتووترە و هەرچی لە بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەیەکدا ژنانی تێکۆشەر بژین، بزووتنەوەکە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتنی زیاترە. و...»

بەو هیوایەی ئەو کورتە ئاماژەیە بە کێشەی ژنان لە ئاوێنەی روانگەکانی دکتور قاسملووی بە پیلان لەدەستچووومان، ببێتە هۆی بەخۆداچوونەوەیەکی پتر بە رابردوومان دا و هەوڵدان بۆ پشتیوانی زیاتری پیاوان، لە هاتنە مەیدانی ژنان بۆ نەهێشتنی پێشێل کاری ماف و ئازادیەکانیان. ژنانیش بۆ ئازادی ومافی بەرانبەری زۆر چالاکانە و بوێرانەی لە نێوخۆی ئێران و کوردستان، خەبات دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ – ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠٠٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بابەتی ساڵی:
## ٢٠٠٩ - ٢٠ ساڵە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گاندی و قاسملوو، ڕۆحی گەورەی نەتەوەو هێماکانی ئاشتیخوازی

**عارف نادری**

مێژووی مرۆڤایەتی بە جۆرێک مێژووی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەندێشەی مرۆڤتەوەرو سەرەڕۆیی مرۆڤی چەوسێنەرە. هێزی یەکەم تەواوی توانای خۆی تەرخانی وشیاری مرۆڤ و عەقڵانیکردنی کردوە تاکوو تاک و جڤاک بتوانن شێوەژیانی دڵخوازی خۆیان هەڵبژێرن و بایەخ بە ژیان و پێکەوەژیانێکی ئازاد و دڵخوازانە بدەن. کولتوور و تێگەیشتنێک کە ئاشتی، خۆشەویستی، گیانی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە خواست و گەورەییەکانی بنەمای پراکتیک و فەلسەفەی بوون و مانەوەیەتی. لە بەرامبەریشدا، هێزی دووهەم بنەمای فیکری و کرداری لەسەر چەوساندنەوەی مرۆڤ، ورووژاندن، ترساندن و تۆقاندن، پەیامی مەرگخۆشەویستی و کردەییکردنی کوشتوبڕ دارشتوە. فیکرییەتێک کە مەشخەڵدارانی پێکەوەهەڵکردنی بە شێوازێکی تراژیک قوربانی کردوە.

سوقرات، مەسیح، گاندی و لەنێو نەتەوەی کوردیشدا پێشەوا قازی و دوکتور قاسملوو لە ڕیزی لایەنگرانی بەرجەستەی دووریکردن لە توندوتیژی بوون کە ڕووبەڕووی مەرگێکی توندوتیژ هاتوون. لەم نێوەدا مەهاتما گاندی (١٩٨٤ - ١٨٦٩)، ڕێبەری سەربەخۆیی هیند، کەسایەتییەکی دیارو مەزنی ئەم گۆڕەپانەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٧یشدا ڕۆژی لەدایکبوونی (٢ی ئۆکتۆبر - ١٠ی ڕەزبەر) لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەکوو ڕۆژی جیهانیی «ناتوندوتیژی» دیاری کراوە. لە لایەکی دیکەوە لە نێو نەتەوەی کورددا، دوکتور قاسملوو (١٩٨٩ - ١٩٣٠)، هێمای سەرەکیی ئاشتیخوازی بووەو وەکوو «پێغەمبەری ئاشتی» ناوی لێدەبەن و بڕوایان پێی هەیەو تەنانەت لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیشدا کەسایەتییەکی ناوادارە، ئەگەرچی هەنووکەش ئەوەندەی کە شیاوو شایانیەتی نەناسێندراوە. بەڵام موتاڵای ژیان، خەبات، ئەندێشەو هەڵوێست و کردارەکانی گاندی و قاسملووو بەراوردێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خێرای رەوتی خەباتی ئەم دوو رێبەرە نەتەوەیی‌یە وێڕای هێندێک جیاوازی، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش و تایبەتمەندیی وەک یەکمان پیشان دەدات. مێتۆدی سیاسی، فەلسەفەی بەرەنگاری، نیشتمان‌پەروەری و خزمەت و هەوڵەکانیان لە پێناو ئامادەکردن و رۆنانی ژێرخانی فیکری و سیاسی و پێگەیشتنی شوناسی نەتەوەیی نەتەوەکانیان‌دا بە جۆرێکە کە دەتوانین گاندی و قاسملوو بە هاوڕێباز و سەربە یەک قوتابخانەی فیکری ناودێر بکەین.

هەردووکیان لەدایکبووی بنەماڵەیەکی خاوەن‌پرستیژو دەوڵەمەند بوون کە دەیان‌توانی بە ئاسانی لەخۆش‌بژیویی ژیان بەهرەمەند بن. بەڵام گەڕان بەدوای حەقیقەت‌دا و بەرپرسایەتی لە ئاست ویژدان و ئەرک و خەسڵەتە مرۆڤی و نەتەوەیی‌یەکانیان دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە دەست لەژیانی تاکەکەسیی خۆیان هەڵگرن و بەختەوەریی خۆیان بەبەختەوەریی نەتەوەکانیانەوە گرێ بدەن. هەروەک گاندی دەڵێت: «خۆ تەرخان‌کردنی من بۆ حەقیقەت پەلکێشی کردم بۆ نێو گۆڕەپانی سیاسەت». گاندی هەموو سامانی خۆی پێشکەشی کۆنگرەی هیندی‌یەکانی نیشتەجێ لەئەفریقای باشوور دەکاو قاسملووش هەموو سامانی تەرخانی حیزبی دێموکرات. بێ‌ئەوەی کە هەرگیز هەوڵی سەپاندنی خۆیان بەسەر خەڵک یان رێکخراوی سەرەکیی نەتەوەکەیان‌دا بدەن. چونکوو تا کۆتاییش هەموو سامانی ماددی و مەعنەویی ئەوان بۆ نەتەوە بووەو هیچکات لە رەوتی خەبات‌دا هیچ شتێکیان نەکرد بە مڵکی خۆیان.

هەردوو کەسیان بە هۆی هەڵوێستی بوێرانەیان لە هەندەرانیش رووبەڕووی گوشار دەبنەوە، گاندی لە ئەفریقاو قاسملوو لە چیکۆسلۆڤاکی. لەبەر ئەوەی کە لە دیدی ئەوانەوە ستەم و پێشێل‌کردنی مافەکانی مرۆڤ، توندوتیژی و بێ‌ڕێزی بە کەرامەتی ئینسانە، جا چ رێژیمێکی سەرەڕۆ بیکات یان لە ژێرناوی ئازادی، دێموکراسی و حکوومەتی سوسیالیستی‌دا بەڕێوە بچێت. چونکە بە بڕوای گاندی تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن رێگای «ساتیاگرا»کان (تێکۆشان لە پێناو گەیشتن بە حەقیقەت‌دا) لەپێش بگرن کە خۆیانیان لەترس، سامان، شانازیی درۆیین، خزمایەتی، دەسەڵات، هەڕەشەی جەستەیی و مەرگ ئازاد کردبێ. تایبەتمەندی گەلێک کە پێناسەو نێوئاخنی ژیانی قاسملوویە. قاسملوو هەر لە سەردەمی لاوەتی‌یەوە بێ ئەوەی خۆی بەمیرات و شانازی‌یە بنەماڵەیی‌یەکانی ببەستێتەوە، هەوڵ دەدات لەسەر

پێی خۆیەوە ڕاوەستێت و لە ڕێگای تواناو بەهرە ناوازەکانی تاکەکەسیی خۆیەوە لە پانتایی گشتیدا دەرکەوێت.

واتە سیمایەکی جیاواز کە جگە لەوەی کەسایەتییەکی خاوەنئۆتۆریتەو ڕەوایی و پێگەی کۆمەڵایەتییە، هاوکاتیش خاوەنی کەسێتییەکی خودساختەشە. ئەو چەمکەی کە گاندی بە توانای حکوومەتکردن لە سەر خۆ ناوی دەبات و بە بنەمای سەربەخۆیی لە هەردوو ئاستی تاکەکەسی و نەتەوەییدا دەزانێ و قاسملووش بە هەوێن و ئەسڵی سەرەکیی مرۆڤبوون و خۆبوون. بۆیە قاسملوو هەمیشە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ نابێ ببێتە مۆرەو بەرنامەی حیزب و ڕزگاریی نەتەوەکەی لە سەر ئەو ئەساسە بنیات دەنێ و گاندییش دەڵێ بۆ سەقامگیرکردنی یاسایەک تێدەکۆشم کە هێندییەکان لە ملکەچی و ژێردەستپەروەری ڕزگار بکات.

باس لەوە دەکەین کە گاندی لەحاڵێکدا ئینگلیس بە جێدەهێڵێت کە هیندیتر بۆتەوەو لە ڕێگای ڕۆژئـاواوە، ڕۆژهەڵاتی زیاتر ناسیوە. ئەمەش تایبەتمەندیی سەرەکیی قاسملوویە کە کاتێ لە ئورووپا دەگەڕێتەوە بۆ وڵات، کوردتر، نەتەوەییترو بڕوامەندتر بە نیشتمانەکەی بۆتەوەو ڕۆژئاوا نەتەنیا نەبۆتە هۆکارێک بۆ دابڕانی ئەو لە وڵات و بێگانەیی نێوانیان، بەڵکوو لە واقیعدا ئەو دوورکەوتنەوە دەکاتە پردو بیانوویەک بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە یەکترو بەربڵاوترکردنی تەوەرەکانی پێگەیشتنەوەو هاوخەباتی. بۆیە دەبینین قاسملوو بە سیمایەکی کوردانەترەوە لە هەندەران دێتەوە وڵات و هەروەکوو گاندی دەبێتە سیمای ڕاستەقینەی نەتەوەکەی چ لە نێو خودی نەتەوەکەی و چ لەودیوی کەوشەنی نەتەوەیی خۆی. چونکە ئەوان لە سەر ئەو قەناعەتە بوون کە دەبێ خودی ئەوان سیمای ڕاستەقینەی ئەو ئاڵوگۆڕانە بن کە ئاواتیانە لە نێو نەتەوەکەیاندا بەدیی بهێنن. بۆیە ئەگەر گاندی بۆتە سیمایەک بۆ پێناسەی هێند و مرۆڤی دەروەستی هێندی، لە کوردستانیش قاسملوو خاوەنی ئەو پلەو پایەیە. کاتێک دەڕوانیتە وێنەکانی گاندی، هەست بەوە دەکەی کە تۆ دەتوانی لە ڕووی وێنەکانی ئـەوەوە کولتوورەکەی بناسی، هەڵسوکەوتەکانی لەگەڵ دەوروبـەریدا تێبگەی، خەمی ئینسان لە چاوەکانیدا بخوێنیتەوەو... بە گشتی تەنانەت جلوبەرگ و شێوەی ڕۆیشتن و دانیشتنی گاندیش پەیامی تێدا هەیەو ئەو وێنانە لەگەڵ تۆدا دەپەیڤن. هەروەک خودی گاندی دەڵێ: « ژیانی من پەیامی منە». ئەم چەشنە پەیامە بە شێوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

راستەقینە تەنیا لە وێنەکان یان ئاوێنەی ژیانی مارتین لۆتێرکینگ، نێلسۆن ماندێلاو زیاتر لە هەمووی لە سیمای قاسملوودا دەردەکەوێت چونکە گاندی‌و قاسملوو هەردووکیان جگە لەوەی کە جلوبەرگی نەتەوەیی‌یان لەبەر دەکردو لەنەریتە رەسەن و گونجاوەکانی نەتەوەکەیان رێزیان دەگرت. توانایان، تواناو هێزی بێ وێنەی ئەوان لە بەرهەمهێنانەوە و بەرۆژکردنی کولتووری نەتەوەکەیانە. کارێک کە لەرێگەی ناسین و زانینی فەرهەنگە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەی خۆیان و جیران و جیهانەوە، وێرای جەختکردن لە سەر ئارمانجە نیشتمانی‌یەکانیان و بەهێزکردنی ئیرادەی نیشتمانپەروەری، یەکیەتیی کۆمەڵایەتی و مرۆڤی و بە بنەماگرتنی ئازادی، مافی دیاری‌کردنی چارەنووس و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی جێگیریان دەکرد. بێ‌گومان شارەزایی و ئاشنایەتی تەواوو هەمەلایەنەی ئەوان لەسەر رەهەندەکانی شوناسی نەتەوایەتیی نەتەوەکەیان (سایکۆلۆژی، کولتوور، خاک، سیاسەت، مێژوو، زمان و ئەدەبیات، ئابووری)، هۆکاری سەرکەوتن و پێشڤەچوونی بیرۆکە و ئامانجەکانیان بوو. بۆیە هەنووکە دەتوانرێت تەنیا لە رووی ئەو وێنانەی کە لە قاسملوو بە یادگار ماونەتەوە، کۆمەڵێک زانیاری‌ی بەنرخ بەدەست بخەیت و چەندین کتێبی لە سەر بنووسیت.

پەیامی نێو وێنەکانی قاسملوو تەنیا لە نێو وێنەکانی گاندی‌دا دەدۆزرێتەوە. وێنەگەلێک کە ئەگەرچی بە کەرەستەی زۆر ئاسایی وەرگیراون بەڵام لە ریزی زیندووترین وێنەکانی بەردەست لەرێبەرانی گۆڕان خولقێنی جیهانن. بەجۆرێ کە هیچ کەس جگە لەقاسملوو وەکوو نەتەوەکەی نیە. تا ئەو رادەیە کە مرۆڤ هەست دەکات قاسملوو بێجگە نەتەوەو فەرهەنگی خۆی‌و وڵاتی خۆی ئاشنایەتیی لەسەر هیچی‌تر نیە، بۆ گاندییش هەروەهایە. لەحاڵێکدا ئەم وەکوو خۆبوون و وەکووخەڵکی‌خۆبوونە دەقاودەق بەرهەمی تێگەیشتنی قووڵ و فرەرەهەندی ئەوان لە خۆیان و جیهانی بەرینی دەوروبەری خۆیانە. خاکەڕایی لە عەینی گەورەیی‌دا تایبەتمەندیی دیکەی هەردووی ئەوانە. خۆیانیان جیاواز لەخەڵک نەدەزانی و بێ‌تەشریفات ژیان‌و هەڵسوکەوتیان دەکردو بەرامبەر بەخەڵکی خۆیان، لێبوردە، دڵسۆزو دلۆڤان بوون و لە هەمبەر دوژمنانی نەتەوەکەیان‌دا خاوەنی بوێری‌و غرووریکی تایبەت بوون. بۆیە بەردەوامیش جەختیان لە سەر گەورەیی نەتەوەیی و پێویستیی خەبات بۆ سەربەرزی و شایی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەخۆیی دەکردو هەردوویانیش لە بەردڵان بوون و دڵڕاکێشی‌یەکی لەرادەبەدەریان بووو خەڵکیان راکێش و شەیدای خۆیان دەکرد. بەڵام ئەوان هەرگیز مۆڵەتی ئەوەیان نەدا کە بتیان لێ دروست بکرێ‌و پێگەی بان‌مرۆڤییان پێ‌بدرێت. چونکە لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە ئێمە خۆمانیش بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە بە کۆیلەکردنی خۆماندا بەشدارین. بۆیە ئەوان هەمیشە وەکوو خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگای خۆیان دەردەکەوتن، تێکەڵ بە خەڵک بوون‌و وێڕای زانیاریی بەربڵاو لەگەڵ خەڵک بە زمانی ئەوان قسەیان دەکردو ئێزنیان نەدەدا هیچ چەشنە دیوارو مەودایەکی دەسکرد لە نێوان خۆیان و گەلەکەیاندا ببێت. تەنانەت لە هەموو قۆناغەکان بەتایبەت لە قۆناغە پڕمەترسی‌یەکاندا پێشەنگ و پێشمەرگی نەتەوە بوون و نموونەی هەرەبەرچاوی کردەگەرێتی، بەرپرسایەتی‌قبوولکردن و بەرپرس بوون، بوون. بە پێچەوانەی زۆر رێبەر یان شۆڕشگێڕی دیکە کە دەسەڵاتی سیاسی مەبەستی سەرەکی‌یان بوو، لە روانگەی ئەوانەوە تەنیا کەرەستەیەک بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشترو سڕینەوەی مۆرەبوون و ژێردەستەیی و مسۆگەربوونی حەقیقەت، واتە ئازادیی مرۆڤی یەخسیر بوو. بۆیە خەباتی ئەوان هاوکات سێ بیاڤی چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ، سەرەڕۆیی نێوخۆیی و کۆلۆنیالیزمی بیانی دەگرتەوە.

ئەوان یەکگرتوویی و یەکانگیریی تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگایان کردە ئامانجی خۆیان و بۆ یەکەمجار رێک و پێکی‌یەکی بەهێزیان بە شێوەیەکی ئۆرگانیزەکراو پێکهانی و لە رێگەی کەسایەتیی بەهێزی خۆیان و خودئاگایی بەخشین و قەناعەت پێهێنانەوە، پێشیان لە پرشوبڵاوی و سەرگەردانیی خەڵکی ئارمانج‌خواز گرت و لە رێگەی سڕینەوەی ترس، لاوازی و بێ‌متمانەیی، ئازایەتی، زاڤربوون و بڕوابەخۆبوونیان پێ‌بەخشین و نەترسان و پاکبوون لە نفرەتیان وەکوو پرەنسیپی سەرەکیی تێکۆشان جێگیر کرد. چونکە بە بڕوای ئەوان دێموکراسی هێزێکی پەنگراو لە نێو ناخ و ئیرادەی نەتەوەکانە کە لەرێگەی گۆڕانکاری لە زێهنییەت و رۆحییە و ئەخلاقی گەل و خەبات دژ بە پاشڤەڕۆیی و پڕکردنەوەی بەگیانی برایەتی، راستی و پاکی وەکوو کولتوورێک بیچم دەگرێ و گشتگیر دەبێت. بۆیە گاندی میعماری دێموکراسی لە هێندو قاسملوو تیۆریسیەنی فەرهەنگی دێموکراسی و گوتاری دێموکراتیک لە کوردستانە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروەها هەردوویان بڕوایان وا بوو کە نەتەوەکان تا بڕوایان بە بەها کۆیی‌یەکان و هێزی گشتیی خۆیان نەبێ، ناتوانن بە ئازادیی راستەقینە بگەیەن.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندی‌یەکانی گاندی و قاسملوو گرنگی‌دانی تەواو بە راگەیاندن بەتایبەت راگەیاندنی نێونەتەوەیی بۆ وەرگرتنەوەی رەوایی و دەرخستنی روالەتی بێ‌دەمامکی دوژمنانیان و گەیاندنی پەیامی بزووتنەوەکەیان بوو. تەنانەت هەریەک لەوانیش بۆ ماوەیەک بەرپرسی سەرەکیی رۆژنامەی زمانحاڵی نەتەوەکەیان بوون. لە لایەکی دیکەوە هەردوویان جگە لە توانای لێدوان و قسەو باس و لێکدانەوەو دیالۆگ، خاوەنی بەرهەمی بەهادار و قەڵەمێکی بەهێز بوون. شێوەی لێدوان و نووسینی هەردووکیان، کە هەر دوویانیش کەسانی ئاکادمیست و دەرچووی زانستگاکانی رۆژئاوا بوون، رەوان، روون، ئاسان، پڕنێوەڕۆک و راشکاوانە بووە. بە جۆرێ کە نووسراوەکانیشیان نموونەی بەرجەستەی نووسینی پەتی بە زمانی نەتەوەیی‌یانە.

هەردوو رێبەر جگە لە پەرۆشی‌یە مرۆڤی‌یەکان، بایەخێکی بێ‌وێنەیان بە پێویستیی پاراستنی ژینگە و بەتایبەتی ئازارنەدان و خەسار نەگەیاندن بە گیانلەبەران و بوونەوەران داوەو زۆر لە خەمی شێواندنی ئیکۆسیستمدا بوون. چوونکە لەدیدی ئەوان مرۆڤی بەرپرس و خاوەن‌خەسڵەتی مرۆڤانە بەرانبەر بە هەموو سامانێک بەرپرس، خۆدان و ئەمەکناسە. فەلسەفەیەک کە خۆشەویستی و ئەڤینداری نێوئاخنی سەرەکی‌یەتی.

هاوبەشی‌یەکی دیکەی ئەم دوو رێبەرە جەختکردنیان لە سەر سیاسەتی ئەخلاقتەوەر یان زەرووڕەتی ئەخلاق و دەروەستی لە سیاسەت‌دا بووە. لە روانگەی ئەوانەوە هەرگیز نابێ بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئینسانی و سپیتایی‌یەکانمان لە ئامێرو میکانیزمی نائینسانی کەڵک وەرگرین. بۆیە هەمیشە مێتۆدی سیاسی‌و ئاشتی‌خوازانەیان بە باشترو گونجاوتر لە مێتۆدی چەکداری و توندئاژۆیانە زانیوەو نرخی هەرەمەزنیان لەو پێناوەدا داوە. تەنانەت هەردوویان ناوی «سازشکار»یان لێ‌نراوەو رووبەڕووی پاڵەپەستۆو گوشار بوونەتەوە. هەروەها هەریەک لەوان زۆرجار هۆشداری‌یان بە هاوڕێیان‌و هاوسەنگەرانی خۆیان دەدا کە نایانەوێت تاکپەرەستی بێتە ئاراوە، بەڵکوو ئەم باوەڕمەندی و وەفاداری و عیشق و پێبەندی‌یە تەنیاو تەنیا دەبێ بۆ نەتەوە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشتمان و ئازادی بێت نەک تاکێک، ئەگەرچی ئەو تاکە ڕێبەری کاریزمای نەتەوەش بێت، بۆیە گوتبوویان «ئازادی یان مەرگ».

سەبارەت بە ڕێبەرایەتیی جووڵانەوەی چەکدارییش لە لایەن قاسملووەوە، تەنیا ئاماژە بە وتەیەکی گاندی دەکەین کە دەڵێ: «ئەگەر تەنیا ڕێگای دەستەبەربوونی ماف، توندوتیژی بێت بێ هیچ تێڕامانێک دەبێ چەک هەڵبگرین».

جیاوازیی قاسملووو گاندی لەوەدا بوو کە دژبەری گاندی دەوڵەتی بریتانیا بوو، بەڵام دوژمنی قاسملوو ڕێژیمی دڕندەی کۆماری ئیسلامی بوو. ئەگەرچی گاندی و قاسملوو لەئاکام دا هەر دوویان وەکوو سوقرات و مەسیح بوونە قوربانیی فیکرییەت و ئیدئۆلۆژی‌یەکی مۆنیسم و ناجوانمێرانە تیرۆر کران، بەڵام هەنووکە ئەوان «مهاتما» (ڕۆحی گەورە)ی نەتەوە، «پێغەمبەری ئاشتی«و هێماکانی دێموکراسی و وڵاتپارێزیی مرۆڤتەوەرن.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان مێدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تیرۆری د. قاسملوو لە زمان چەند شایەدحاڵێکەوە

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: کەریم مەرەسەنە

## بەشی یەکەم

ڕۆژی سێزدەی جولای ١٩٨٩، سکرتێری پێشووتری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو، لە ڤیەنی پێتەختی ئوتریش، لە کاتی دانوستاندا لەگەڵ گرووپێک "دیپلۆمات"ی ئێرانی، تیرۆر کرا. سەرکرایەتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەرچەند لە سەرەتاوە زانیارییەکی ئەوتۆی لەمەڕ وردەکاریی دانوستانەکان نەبوو، بەڵام خێرا پەنجەی تاوانی بۆ لای کۆماری ئیسلامی ڕاکێشا. سەرچاوەکانی نزیک لە حیزبی دێموکرات ئەو کات وایان بڵاو کردەوە کە بکوژانی د. قاسملوو و هاوڕێیانی، بە پاسپۆرتی دیپلۆماسی و لەسەر دەستی باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕەوانەی ئێران کراونەوە. دەوڵەتی ئوتریش، کە تا ئێستاش بەهۆی کەمتەرخەمیی لە لێکۆڵینەوەی ئەو دۆسییەیەدا ڕەخنەی لێدەگیرێ، ڕایگەیاندووە کە هیچ بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری لەدەستدا نییە کە بانگەشەکان پشتڕاست بکاتەوە و بەو هۆیەوەش بکەرانی ئەو تاوانە نێودەوڵەتییە تا ئێستاش سزا نەدراون.یەکەمجار، شانزە ساڵ دوای تیرۆرەکە و لە ساڵی ٢٠٠٥ دا، ڕۆژنامەنووسێک کە ئێستا بە «شایەدحاڵ D » ناسراوە، لە ماڵی یەکەم سەرکۆماری ئیسلامیی ئێران ـ ئەبولحەسەنی بەنی سەدر – لە فەڕانسە، چاوی بە نوێنەری پارتی سەوزی ئوتریش «پیتەر پیلز» کەوت و لە دیدارەکەیدا ئاشکرای کرد: «یەکێک لە ئەندامانی ئەو گرووپەی ساڵی ١٩٨٩ پیلانی کوشتنی قاسملوو و هاوڕێیانی پێکهێناوە، لاوێکی پاسدار بووە بە ناوی مەحموودی ئەحمەدی نەژاد...

بە گوێرەی قسەکانی D ئەحمەدی نەژاد یەکێک بووە لە تیمێکی چوار کەسی کە بەرپرس بوون لە دابینکردنی تفاق و بەڕێوەبردنی پراکتیکی هێرشەکە. وەک شایەدحاڵەکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوتوویەتی: ئەحمەدی نەژاد چەکی دابینکردووە و رۆڵی «هێزی پشتیوان»یشی هەبووە. وا شیمانە دەکرێ کە ناوبراو لە شوێنی ڕووداوەکە بووبێ و بە موتورسیکلیش یەکێک لە هێرشکارە بریندارەکانی ڕزگار کردووە.

رۆژنامەنووس جۆرج هۆففمان - ئۆستەنهۆف، کە ساڵی ٢٠٠٥ شایەدحاڵەکەی بە تەلەفۆن دواندووە، سەبارەت بە ڕووداوەکە دەنووسێ: «یەکێک لە هێرشبەرەکان، کە بە گشتی چوار کەس بوون، بریندار بووە و لەلایەن دوو کەسی دیکەوە ڕاکێشی نێوان دوو ترومبێلی ڕاگیراو دەکرێ، لە چەندین شوێنەوە برینداره و خوێنی لێ دەتکێ. یەکێک لە ئەندامانی گرووپەکە بە موتورسیکل دەگاتە شوێنەکە و بریندارەکە لە پشت خۆی سوار دەکا و بە توندی لە شوێنەکە دور دەکەوێتەوە.»

هەروەها نووسیویەتی کە "شایەدحاڵەکە رۆژنامەنووسێکی ئێرانییە کە نایەوێ ناوی خۆی ئاشکرا بکات، ئەو دەترسێ. ماوەیەک بەر لە ئێستا ئەفسەرێکی سوپای پاسدارانی ئێران بە ناوی ناسری تەقی پوور، بەر لەوەی بە شێوەیەکی گوماناوی «بمرێ»، لەلای D دانی بەوەدا ناوە کە خۆی یەکێک بووە لە بکوژانی د. قاسملوو و ئەحمەدی نەژادیش یەکێک بووە لە ئەندامانی ئەو تیمەکۆماندۆیە کە تیرۆرەکەیان پێکهێناوە.

**کورتەیەکی وتووێژی جۆرج هۆففمان ئۆستەنهۆف لەگەڵ شایەدحاڵەکە:**

**ئۆستەنهۆف:** چۆن بوو کە ناسری تەقی پوور ویستی لەگەڵ تۆ قسە بکات لەسەر ڕووداوەکەی ڤیەن؟

**دی:** ئەمن لە کۆنەوە تەقی پوورم دەناسی، ئەو دۆستێکی بنەماڵەییمان بوو. ئەو چاودێریی ڕێڕەوی پێگەیشتنی منی دەکرد: ئەو کات کە دەمخوێند، کە بوومە رۆژنامەنووس. ئێمە بە ڕاستی لێک نزیک بووین. ئێمە بەردەوام یەک یان دوو جار لە مانگێکدا یەکترمان دەدیت و باسی بابەتی رۆژمان دەکرد.

**ئۆستەنهۆف:** ئایا ئەو کاتیش بابەتگەلی هەستیارتان باس دەکردن؟

**دی:** لەمێژەوە، تەقی پوور وەفادار بوو بە حکوومەت. ئێمە زۆر جار وەک یەک بیرمان نەدەکردەوە. ئەو هەر لەسەرەتای دامەزرانیەوە زۆر ئاکتیڤ بوو لە سوپای


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاسدارانداا. ئەو بەهایانەی ڕێگایان لە پێش شۆڕش کردەوە زۆر گرینگ بوون بۆ ئەو.

**ئۆستەنهۆف:** ئەو کاتە کە بابەتی کوشتنی کوردەکانی بۆ تۆ باسکرد چ پلەیەکی هەبوو لە سوپای پاسداراندا؟

**دی:** ئەو «سەردار پاسدار» بوو. ئەوە پلەیەکی ئیسلامییە. شتێکی گشتییە.

**ئۆستەنهۆف:** پەیوەندیی لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسیی وڵاتدا هەبوو؟

**دی:** ئەو دۆستێکی نزیکی کوڕی سەرکۆماری پێشوو هاشمی ڕەفسەنجانی بوو.

**ئۆستەنهۆف:** تەقی پوور کەی ئەو بابەتەی بۆ تۆ باسکرد؟

**دی:** ساڵی ١٣٨٠ بە ڕۆژژمێری ئێرانی. سێ ساڵ و نیو بەر لە ئێستا (سێ ساڵ و نیو بەر لە ساڵی ٢٠٠٥ کە وتووێژەکەی تێدا کراوە. تێبینیی وەرگێڕی کوردی)

**ئۆستەنهۆف:** پێتوایە ئەو بۆ ڕاست ئەتۆی هەڵبژارد بۆ ئەو بابەتە، بۆ کەسێکی دیکە نا؟

**دی:** ئەمنیش ئەو کات ئەوەم لێ پرسی. ئەو دوو هۆی پێ گوتم. گوتی؛ «یەکەم چوونکە من و تۆ لە منداڵییەوە یەکتر دەناسین، ئەمن باوەڕم بە تۆیە. دووهەم چوونکە تۆ ڕۆژنامەنووسی. ئەگەر ئەو زانیارییە ڕۆژێک بڵاو بکرێتەوە، ئەتۆ دەزانی چۆن و لە کوێ، چوونکا تۆ مەیدانەکە دەناسی.

**ئۆستەنهۆف:** یەکتر دواندنەکە لە کوێ بوو و لە چ کەش و هەوایەکدا؟

**دی:** من لە نزیک شوێنی کاری ئەو دەژیام، تەلەفۆنی بۆ کردم، دەیویست قسەم لەگەڵ بکا، لێم پرسی کە یەکسەر بچمە شوێنی کارەکەی، بەڵام گوتی نا من دێمەماڵی باوکت. ئیتر لەوێ یەکترمان دیت دوای کاتژمێر دەی شەو. سەرەتا یەک سەعات باسی کۆمەڵێک بابەتی دیکەی کرد، هەستم دەکرد هێندێک گرژ و ئاڵۆزە. ئەکات لێم پرسی دەیەوێ چیم پێ بڵێ: خۆ بۆ چەند قسەیەکی هاکەزایی بانگی نەکردووم: «ئەمن چاوەڕوانی ئەرکێکم و دەبێ سەفەر بکەم. ئەگەر هاتمەوە دەبێ پەیمانم پێ بدەی کە هەموو ئەو شتانەی گوێط لێ دەبێ لەبیر بکەی. بەڵام ئەگەر شتێکم بەسەر هات دەتوانی زانیارییەکە بڵاو بکەیەوە.» دواتر گوتی: «ئەگەر وا بکەی کە من پێت دەڵێم، هیچ کێشەیەکت نابێ.»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئۆستەنهۆف:** ئیتر باسی کوشتنەکەی بۆ کردی. بۆچی؟ دەیویست کەسێک بریندار بکا (تاوانبار بکا. وەرگێڕ) یان دەیویست ئەو شتە لە دڵی دەرباوێ؟

**دی:** ئەمن نەمدەزانی بۆچی ئەوەم پێ دەڵێ. دواتر تێگەیشتم ئەو دەیەویست چی بڵێ. پێموایە ئەو بەو ئەنجامە گەیشتبوو کە ڕژیمەکە سوپای پاسداران و سوپای قودسی کردبوو بە ئامرازێک. ئەو هەستی بەوە دەکرد کە بەجۆرێک خەڵەتێنراوە.

**ئۆستەنهۆف:** ئەو کاتی کە تەقی پوور شتەکەی بۆ تۆ باسکرد، باوەڕیئ وابوو کە مافی خۆی بوو  قەتڵەکانی ڤیەن پێک بێنێ؟

**دی:** باوەڕ ناکەم، ئەو هەستی بە پەشیمانی دکرد. دەنا باسی نەدەکرد.

**ئۆستەنهۆف:** ئایا ئەو پاتەوپات گوتی کە ئەحمەدی نەژاد بەشدار بووە لە تیمی کۆماندۆی پێکهێنانی چالاکییەکەدا لە ڤیەن؟

**دی:** چەند جار ناوی وی هێنا.

**ئۆستەنهۆف:** ئەتۆ ڕاپۆرتێکی نووسراوت داوە بە سەرکۆماری پێشووتری ئێران (ئەبولحەسەن) بەنی سەدر، کە ئێستا لە دیاسپۆرایە لە پاریس و دژبەری ڕژیمە. بەڵام ناوی ئەحمەدی نەژاد لەو ڕاپۆرتەدا نەبوو.

**دی:** ئەوە ڕاپۆرتێکی گشتی بوو و لەگەڵ بەنی سەدر پێکهاتبووین کە ناوی کەسی تێدا نەبێ.

**ئۆستەنهۆف:** بەڵام چەند ناو لە راپۆرتەکەدا هەن.

**دی:** تەنیا ناوی ئەو کەسانە هەیە کە پێشتر ناسراون. کەسانی دیکەش هەن کە من ناوم نەهێناون بۆ ئەوەی ناسنامەی خۆم ئاشکرا نەکەم.....

بەشی دووهەمی ئەم ڕاپۆرتە کە وردەکاریی قسەکانی شایەدحاڵێکی دیکەی تێدایە کە باسی بەشداریی ئەحمەدی نەژاد دەکا لە پیلانەکەدا چاوەڕوان بن.

**تێبینی:** ئەو وتووێژەی جۆرج هۆففمان ئۆستەنهۆفزۆر دوور و درێژترە، بەڵام من هەموویم وەرنەگێڕاوە. هەروەها جێگای ئاماژەیە کە وتووێژەکە ساڵی ٢٠٠٥ بە زمانی ئەڵمانی چاپ کراوە و ڕۆژنامەنووس «جۆن روسەنداڵ» کردوویەتی بە ئینگلیزی و منیش لەوم وەرگرتووە. بەشێکی دیکەی ئەو وتووێژە لە بەشی داهاتوودا بڵاو دەبێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## (بەشی دووهەم و کۆتایی)

وەک شایەدحاڵەکە لەو بەشەی وتووێژەکەدا ئاماژەی پێکردووە ئەحمەدی نەژاد لە کاتی هێرشەکەدا، بە سفەتی «هێزی پشتیوان» لە بەر دەرگای باڵەخانەکە بووە کە کوشتارەکەی تێدا کراوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش کە لە سەرەتاوە هەر جۆرە پەیوەندییەکی خۆی بەو تیرۆرەوە ڕەتکردۆتەوە، ساڵی ٢٠٠٥، دوای ئەوەی شایەدحاڵەکە ئەو زانیارییانەی دا بە ڕای گشتی، تاوانبارکردنەکەی بە «پیلانی ئەمریکا و ئیسرایل» زانی و ئاماژەشی بەوە کرد کە «ئەورووپییەکان دەبوو کامڵبوون لە خۆیان نیشان بدەن و نەکەونە داو».

ئەوە لە کاتێکدایە کە نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ئێرانی «ئەمیر تاهیری» بە ڕۆژنامەی (پرۆفایل)ی گوتووە کە لە کاتی دانوستانەکاندا لەگەڵ کوردەکان، ئەحمەدی نەژاد لە ڤیەن بووە و لێشی زیاد دەکا کە بەرپرسی چالاکییەکە بووە. ئاماژەش بەوە دەکات کە دەنگی ئەحمەدی نەژاد لە سەر کاسێت هەیە. لە کاتێکدا باسی ڕووداوەکە دەکرێت، دەنگی ئەحمەدی نەژاد ناسراوەتەوە. هەروەها بەگوێرەی سەرچاوە فەرمییەکانی ئەو نەخۆشخانەیەش کە تیماری کردووە، برینداره‌کە ئێرانی بووە.

هەروەها وەک هەردوو ڕۆژنامەنووسی ئوتریشی سیبیلا هامانن و مارتین ستاودینگێر لە وتارێکی ڕۆژنامەی (پرۆفایل)دا بلاویانکردۆتەوە، ئەحمەدی نەژاد دوای هێرشەکە، یەکێک لە بریندارەکان سواری ماتۆرسیکل دەکا و لە توندی لە شوێنەکە دوور دەکەوێتەوە.

ئەوەی خوارەوە بەشی دووهەمە لە وتووێژی ڕۆژنامەنووس جۆرج هۆففمان لەگەڵ شایەدحاڵی D؛

**ئۆستەنهۆف:** کەسی دەستت کرد بە نووسینی ڕاپۆرتەکەت؟

**دی:** یەکەم ڕاپۆرتم کاتێک نووسی کە هەر لە ئێران بووم، لێرە نەبووم لە فەڕانسە. ڕاپۆرتەکە لە ناو کۆمپیوتەرەکەمدا بوو کە لەلایەن حکوومەتەوە دەستی بەسەردا گیرا. بەڵام ڕاپۆرتەکە کۆدی لەسەر دانرابوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئۆستەنهۆف:** کاتێک ماڵەکەت گەڕان ئەتۆ ئێرانت بەجێ هێشت. ئەوە کەی بوو؟

**دی:** نامەوێ ڕێکەوتی تەواوت بدەمێ، ئیزن بدە با بڵێین کەمتر لە ساڵێک بەر لە ئێستا (٢٠٠٥)

**ئۆستەنهۆف:** چۆنت کرد بۆ ئەوەی پەیوەندی بە بەنی سەدرەوە بکەی؟

**دی:** کاتێک هاتمە پاریس ڕووبەڕوو نەمدەناسی، بەڵام هێندێک شتم لەسەر وی دەزانی. هەروەها یەکەم کار کە کردم ئەوە بوو سەرەتا باسی مەسەلەی ڤیەنی بۆ نەکەم. دوای ئەوەی تا رادەیەک متمانەم پێی پەیدا کرد شتەکەم بۆ باسکرد.

**ئۆستەنهۆف:** وەک لە ڕاپۆرتەکەتدا نووسیوتە دەتزانی کە ئەحمەدی نەژاد پاڵێوراوی سەرکۆمارییە؟

**دی:** ئەو کات کە ڕاپۆرتەکەم لە کۆمپیوتەرەکەی خۆمدا نووسی نەمدەزانی، بەڵام دوایە کە هاتمە لای بەنی سەدر دەمزانی.

**ئۆستەنهۆف:** ڕۆڵی ئەحمەدی نەژاد چی بوو لە ڤیەن؟

**دی:** ئەو جۆرێک لە هێزی پشتیوان بوو. ئەگەر شتێک بەسەر یەکێک لە ئەندامانی تیمەکە هاتبا، ئەو جێگاکەی پڕ دەکردەوە. بەڵام ئەویان پێویست نەببوو.

**ئۆستەنهۆف:** بەڵام ئەو لە سەحنەکەدا بوو.

**دی:** ئەو لە پێش باڵاخانەکە چاوەڕوان بوو

**ئۆستەنهۆف:** ساڵی ١٩٨٩ ئەحمەدی نەژاد چ پۆستێکی هەبوو لە سوپای پاسداراندا؟

**دی:** ئەو کاتە پۆست و مەقام نەبوون لە سوپای پاسداران و سوپای قودسدا. پۆستەکان دواتر دروستکران. ئەمن تەواو دڵنیا نیم کەی. خێرا بە، ئەمن دەبێ پەیوەندییەکەم ببڕم.

**ئۆستەنهۆف:** تەنیا دوو پرسیاری دیکە. تیمە کۆماندۆکەی ڤیەن چەند کەس بوون؟

**دی:** ئەوانە گرووپێک گفتوگۆکەر و گرووپێکی هێرش بوون. ئەحمەدی نەژاد پویەندیی نێوان باڵوێزی ئێران لە ڤیەن و گرووپی هێرش بووە. هەروەها دابینکردنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەکیش کاری ئەو بووە. ئەو گرووپەکەی ئە باڵوێزخانەوە برۆتە ئەو خانووە کە کوشتارەکەی لێ کراوە.

**ئۆستەنهۆف:** چەند کەس لە گرووپی هێرشدا بوون؟ سەرچاوەی جیاواز دەڵێن کە بێجگە لە گرووپی گفتوگۆ و گرووپی هێرش یەکینەیەکی دیکەش هەبووە.

**دی:** بە ئەحمەدی نەژادەوە وەک هێزی پشتیوان، سێ کەس لە یەکینەی هێرشدا بوون. ناکرێ باسی یەکینەیەکی سێهەم بکەین. کەسانی دیکە هەبوون – تەواوکەری گرووپی هێرش بوون.

ئەگەر ئەوانەی دیکە سەرکەوتوو نەبان ئەوان دەهاتنە ناو.

**ئۆستەنهۆف:** لە ڕاپۆرتەکەتدا نووسیوتە کە دو کەس لەوانەی پەلاپیتکەکەیان کێشاوە لە "ئەبوزەبی"یەوە بە ناوی خوازراو هاتوون. ئەحمەدی نەژاد چۆن هاتۆتە ناو وڵاتەکەوە (ئوتریش)؟

**دی:** بە پاسپۆرتی دیپلۆماتی

**ئۆستەنهۆف:** بە ناوی خۆیەوە؟

**دی:** نازانم

**ئۆستەنهۆف:** پرسیارێکی تایبەت بە خۆت: ئەتۆ ناتەوێ ناسنامەی خۆت ئاشکرا بکەی. بۆ نا؟

**دی:** نامەوێ بنەماڵەکەم لە ئێران بخەمە مەترسییەوە. ئەمن لە شوێنی ژیانیشم لە مەترسیدام. لێرە لە فەڕانسە یارمەتیم دراوە، بەڵام دەبێ بۆخۆم ئاگام لە خۆم بێ کە هیچم بەسەر نەیەت.

**ئۆستەنهۆف:** ئامادەی شایەدی بدەی لەلای لێکۆڵەری (پشکنەری یاسایی، وەرگێڕ) ئوتریشی؟

**دی:** بەڵێ، بە مەرجێک ناسنامەکەم ئاشکرا نەکرێت.

**ئۆستەنهۆف:** ئایا لە لایەن کارمەندی ئۆتریشییەوە پەیوەندیت پێوە کراوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**دی:** بەڵێ لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە چوار ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی ئەو زانیارییانەی سەرەوە، وتەبێژی پارتی سەوزی ئوتریش «پیتەر پیلز»، کە وەک لە ڕاپۆرتەکەی پێشوودا ئاماژەی پێکرا ساڵی ٢٠٠٥ ڕۆژنامەنووسە ئێرانییەکەی لە ماڵی ئەبولحەسەنی بەنی سەدر دیبوو و زانیارییەکانی لێ وەرگرتبوو، ڕۆژی پێنجشەممە (١٨ی ژوەن)، بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەیەکی پۆلیسی ئیتالیا هێندێک زانیاریی ئاشکرا کرد کە گوزارەی لە بەشداریی ئەحمەدی نەژاد دەکرد لە تیرۆرەکەی ڤیەن دا.

وەک پیلز ڕایگەیاند بازرگانێکی چەک کە خەڵکی ئەڵمانیایە و ئێستا لە ئیتالیا بەندکراوە، وێرای ڕاگەیاندنی ئەوە کە لە باڵوێزخانەی ئێران لە ڤیەن ژمارەیەک چەکی سووکی داوە بە ئێرانییەکان کە وەک ئەو دەڵێ «محەمەد ناوێکیشیان لەناودا بووە کە دواتر بوو بە سەرکۆماری ئێران». گیراوەکە دانیشی بەوەدا ناوە کە ڕۆژانی بەر لە کوژرانی د. قاسملوو ئەحمەدی نەژادی بە چەکەوە هێناوەتە ئوتریش.

وەک گیراوەکە گوتوویەتی ساڵی ١٩٨٩ لە پەیوەندیی لەگەڵ کڕین و فرۆشتنی چەکدا پەیوەندیی لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی ئێران دروست بووە و حەوتووی یەکەمی مانگی جولای هەمان ساڵیش، لە دیدارێکدا لە باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە لە ڤیەن، ژمارەیەک چەکی سووکی ڕادەستی ئێرانییەکان کردووە.

زانیارییەکانی ناو ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژی شەشی ئاوریلی ٢٠٠٦، بە ئاگاداریی کارمەندانی پۆلیسی ئوتریش دراوە بە گرووپی دژەمافیای پۆلیسی ئیتالیا.

ئەوەی خوارەوە کورتەیەکە لە دەقی قسەکانی شایەتحاڵە ئەڵمانییەکە کە ڕۆژی یەکی جولای لە ڕۆژنامەی ئینتەرنێتیی (New Majority) بڵاویکردۆتەوە.

شایەتحاڵەکە کە تەنیا پیتی یەکەمی ناوەکەی (س) ئاشکرا کراوە دەڵێ: دەمەوێ یارمەتیتان بدەم لە لێکۆڵینەوەکەدا. دەمەوێ پشکی خۆم بدەم بە عەداڵەت و دەمەوێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە کە سەبارەت بە قەتڵەکانی ڤینەن لێم دەکەی، هەر وەک چۆن لە دانیشتنی پێشوودا قسەمان لە سەر کرد.

ئەو دەڵێ کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٩ تا ١٩٩٣ هاوکارییم کردووە لە گەڵ دەزگای

هەواڵگریی ئێران (واواک). ئەو هەروەها دەڵێ کە لە ڕێگای سیخوڕێکی ئێرانییەوە بە ناوی "بورهان"، کە بەهۆی پەیوەندییەکی بازرگانییەوە لە ئوتریش ناسیویەتی، چەکی هێرشەکەی ڤینەنی دابینکردووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی خوارەوە کورتەیەکی وەرگێڕدراوە لە کۆی ڕاپۆرتەکە کە بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە و لێرەوە دەتوانن بیخوێننەوە.

(س) **دەڵێ**: «لە میانەی شەوخوانێکدا پێشنیارم پێکرا کە ئێرانییەکە (بورهان) ببینم. وەک

ئەڵمانییەک – وەک دەزانرێ ئەڵمانی لە ئێرانییەکان نزیکن – لێیان پرسیم داخوا ئامادەم چەک دابین بکەم بۆ برا موسوڵمانەکانی ئێران لە بۆسنی.

... دیدارێکم بۆ ساز کرا لە گەڵ بەڕێز بورهان... دیدارەکەش لە هوتێل هیلتۆن پێکهات لە ڤیەن.

بورهان گوتی کە ئەو نوێنەری دەزگای هەواڵگریی ئێرانە. ئەو پەیمانی پێدام کە ئێرانییەکان لەکاتی خۆیدا پارەکە بە بە نەخت دەدەن. ئەو داوای لێکردم چەک بۆ براکانیان ڕەوانە بکەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها برا بۆسنیەکانیش. ئەو چەکی سووکی دەویست، تانک و مووشەکیش.

لە کۆتایی دیدارەکەدا داوایەکی کتومتیشی لێ کردم: گوتی کە پێویستی بە ٢٦٠ – ٢٧٠ تانکی پێویستە بۆ هەرسێ هێزە سەربازییەکانیان. کارەکە بۆ من زۆر جێگای بایەخ بوو، چوونکا لە ڕێگای دۆستێکی ڕووسیای سپییەوە زانیبووم کە ژمارەیەک تانکی نزیک نوێ هەبوون بە نیوە قیمەت. هاوکات کە بورهان داوای چەکی کرد بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ موسوڵمانەکانی بۆسنیش.

چوونکا پەیوەندیی باشم هەبووم لە یوگوسلاڤی دڵنیام کرد کە خوازیارم تانکەکانی بۆ دابین کەم و یارمەتیی موسوڵمانەکانی بۆسنیش بدەم لە ڕێگای نهێنییەوە.

...کاتێک دەڕۆیشتین لێی پرسیم داخوا ئامادەم هێندێک چەکی سووک بۆ دۆستێکی خۆی دابین بکەم کە ئەویش هەر ئەندامی دەزگای هەواڵگری بوو، ئاوا ٥ ـ ١٠ چەکی سووک لە ماوەیەکی کەمدا.دڵنیام کرد کە ئەوە کێشە نییە.

دوای ئەو دیدارە پەیوەندییم بە چەند هاوڕێیەکمەوە کرد و لە کۆتاییەکانی مانگی ژوەندا بورهانم دیتەوە و ئاوام پێگوت:

A– ئەمن دەتوانم چەکتان بۆ ڕەوانـەی بۆسنی بکەم لە ڕێگای ئوکرانیاوە. نرخەکەشی ئەوەیە کە لە سەدا ٢٠ی چەکەکان دەبێ لە کرواتیا بمێنێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

B – ئەمن دەتوانم ٢٥٠ دانە تانکی نزیک بە نوێتان بۆ ڕەوانە بکەم، بە نرخێکی لەسەدا ٣٠ کەمتر لە نرخی هەوەڵجار. (نرخی تانکی نوێ)

C– ئەمن زانیاریی زیاترم لێی ویست سەبارەت بە ڕەوانەکردنەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.بورهان زۆر کەوتە ژێر کاریگەریی قسەکانی من و گوتی کە دەیەوێ دوو حەوتووی دیکە بمبینێ لەگەڵ دوو هاوڕێی، کە وەک ئەو گوتی لە وی دەستەڵاتدارتر و گرینگترن.

لەو دیدارەدا نیوەڕۆخوانمان خوارد لە ڕیستورانتی هیلتۆن. لەو هەلەدا پێم گوت کە دەتوانم ئەو چەکە سووکانەشیان بۆ دابین بکەم، هەشت ڕۆژ دوای داواکەیان. دیداری سێهەم لە باڵوێزخانەی ئێران پێکهات لە حەفتەی یەکەمی مانگی جولای (مانگی حەوت) دا. بورهان و محەمەد ناوێک، کە دواتر بوو بە سەرکۆماری ئێران و کەسێکیش بەناوی شەهیدی لەو دیدارەدا بەشدار بوون.»

(**س**) لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ کە بورهان کاتی ڕادەستکردنی چەکە سووکەکانی بۆ چەند ڕۆژ دوای دیداری دووهەم داناوە و ئیتر ئەویش (س) لە دیداری سێهەمدا، کە لە باڵوێزخانەی ئێران پێکهاتووە، چەکەکانی داوە بە بورهان، شەهیدی و محەمەد ناوکە.لە درێژەدا دەڵێ کە «شەهیدی و محەمەد بە زۆر تایبەتی ڕایان لە چەکەکان بوو لە خۆشییانا شاگەشکە بوون». هەروەها دەڵێ کە کۆپییەکی لە پاسپۆرتی دیپلۆماسیی «شەهیدی»ی لەلایە.

زانیارییەکانی ناو ئەو ڕاپۆرتە، کە لەلایەن پارلمانتاری پارتی سەوزی ئۆتریش «پیتەر پیلز»ەوە بڵاوکراوەتەوە لە گەڵ ئەو زانیارییانەی کە ناوبراو پێشتر لە شایەدحاڵی (دی) وەریگرتووە، یەکتر تەواو دەکەن بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنج و گومانە ئەوەیە کە شەڕی ناوخۆیی بۆسنی کە بە پێکدادانی موسوڵمان و کاسۆلیکەکانی ئەو وڵاتە دەستی پێکرد، لە پێنجی ئاوریلی ١٩٩٢ هاتە ئاراوە، کە نزیک بە سێ ساڵ دوای ڕووداوەکەی ڤیەنە.بەڵام ئەوەی زیاتر جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ناوەرۆکی هەردوو ڕاپۆرتەکە بە شێوەیەکی زۆر تەواو یەک دەگرنەوە. بۆ نموونە شوێنی دیدارەکان، ژمارەی بەشداران، ڕەوانەکردنی چەکەکان بۆ ئۆتریش و...

سەرچاوە: ڕێنێسانس نیوز(وێبنووسی کاتی) – ڕێکەوتی: ٥ی جوولای ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕەحمانی من

## کارێل جێچ - پراگ پرۆفیسۆر Karel Jech

### ئا: هاوکارانی کوردستان

یەکێکە لە دۆستە دێرینەکانی نەتەوەی کوردو شەهیدی ڕێبەر دوکتور قاسملوو. ساڵی ١٩٢٨ لە چێکوسلواکی لەدایک بووە. پسپۆری مێژووی ئابووری‌یەو یەکێکە لە گەورەترین پرۆفیسۆرەکانی ئاکادیمیکی کۆماری چێکو یەکێک لە ڕێبەرانی بەهاری پراگ بووە. چەندین خەڵاتی زانستیی لە بواری مێژووی ئابووری‌دا وەرگرتوە. چەند کتێبی زانستییشی لە سەر ڕیفۆرمە ئابووری‌یەکانی سۆسیالیستی نووسیوە. پرۆفیسۆر Karel Jech ساڵی ٢٠٠٨، بەرزترین خەڵاتی زانستیی کۆماری چێکی وەرگرتو یەکێک لە کەسایەتی‌یە زانستی‌و سیاسی‌یەکانی کۆماری چێکە. باوکی ٣ منداڵ و باپیری ٦ نەوەیە. ئێستاش وێنەیەکی گەورەی دوکتور قاسملوو لە ماڵەکەی‌داو لە پشت سەری دادەنێ.

عەبدولڕەحمان بە پاشناوی قاسملوو کە ناوی گوندو گەلیی باوکی‌یە، من لە تەمەنی لاوێتی‌دا ناسیبووم. هەردووکمان لە لاوانی شەڕی دووهەمی جیهانی بووین. من لە کاتی شەڕ لە کۆماری چێک و لە ژێر زوڵمی هیتلێردا ژیابووم، ئەو بە هەزاران کیلۆمێتر دوور لە ئێمە لە ئێران ژیابوو. هەردووکیشمان لە تەمەنی لاویی خۆمان‌دا هەم شایی‌و پێشکەوتنی دیموکراسی‌و هەمیش زوڵمی ڕێژیمە زۆردارەکانمان ناسیبوو. ڕەحمان بۆنی بە چرۆو غونچەکانی سەرکەوتنی کۆماری کوردستانەوە کردبوو و هەروەها شاهێدی زوڵمی هێزە زۆردارەکان لە ژاکاندنی چرۆکانی ئازادی‌و دیموکراسیی کۆماری کوردستان ببوو... ئەو تراژیدیایەی کە بەسەر کۆماری کوردستانیان هێناو ڕەحمان دیتبووی، هیچ کات لە بیری نەدەکردو ببووە بەشێک لە هەبوونی ئەو. پاش ئەو تراژیدیایە ئیتر نەی‌ویستبوو لە ئێران بمێنێتەوە و بۆ ئورووپا کۆچی کردبوو. نزیک ساڵێک لە فەڕانسە مایەوە و سەرقاڵی خوێندن بووو لەم نێوەدا بوورسی خوێندنی لە ڕێکخراوی یەکیەتیی خوێندکارانی جیهان وەرگرت و هاتە کۆماری چێکوسلوڤاکیا بۆ خوێندنی باڵا لە زانکۆ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر لە سەرەتای هاتنیەوە، زانیاریی گشتیی رەحمان لەسەر پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی و زمانناسی‌یەکان ئەوەندە بەهێز بوو کە راستەوخۆ لەکۆرسی دووهەمی زانستگای زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان لە پراگ وەرگیرا. هەموو خوێندکارانی چێکی سەرمان سوورمابوو کە ئەو وەک بیانی‌یەک بەبێ‌ئەوەی کە کۆرسی یەکەمی زانکۆ بخوێنێ، چۆن راستەوخۆ بۆ کۆرسی دووهەم تێپەڕ بووا! پاش ماوەیەکی کورت، ئیتر هەموو کەسێک لە زانکۆدا دەی‌زانی کە رەحمان ژیرترین و زیرەکترین خوێندکاری زانستگایەو ئەو بەو شێوە باش و سەرکەوتووە خۆی نیشان دابوو. لەخوێندن‌دا زیاتر لە هەر شتێک سەرنجی دەدا بەمەسەلەکانی پێوەندیدار بە ئابووریی نێونەتەوەیی و پێوەندی‌یە سیاسی‌یەکانی نێوان ولاتانی جیهان. لە ماوەیەکی زۆر کورت‌دا نەتەنیا خوێندکارانی زانستگای ئێمە، بەڵکوو خوێندکارانی زانکۆکانی دیکەی کۆماری چێک، رەحمانیان وەک وتەبێژو بەرپرسی خۆیان هەڵبژارد. رەحمان بیرو رامانە چەپەکانی خۆی هیچ کات نەدەشاردەوە. چەپی‌بوونی ئەو لە رووحیەی کۆمەڵایەتی و لە خوێندنی ئەدەبیاتو بەسەرهاتی ئەو لە دەورانی کۆماری کوردستان و مانەوەی لە فەرانسەدا سەرچاوەی دەگرت.

بەڵام لە ماوەیەکی کورت‌دا، مەترسی‌یەکانی دوگماتیزم و تەریقەتە نۆژەنەکانی کۆمۆنیزمی سۆڤیەتی پێشووی ناسی و ئەوەش بووە هۆی دوورکەوتنەوەی رەحمان لە حیزبی توودەی ئێران کە تەنیا ئیدئۆلۆژیی کۆمۆنیزمی سۆڤییەتی بە فەرمی دەناسی.

بەختەوەریی هەردووکمان ئەوە بوو کە هەر لە سەرەتای خوێندنمان‌دا، ژوورێکی هاوبەشمان بەرکەوت کە لە بینای خوێندکاران لە شاری پراگ بە ناوی «Rooswelt» لە کۆلانی «Opletalova» هەڵکەوتبوو. هەتا کۆتایی خوێندن، واتە بۆ ماوەی ٥ ساڵ من و رەحمان پێکەوە لە نێو ئەو ژوورەدا بووین. بە رۆژ لە خوێندنگا، بە شەویش لەو ژوورە دا، هەمیشە پێکەوە بووین. وەک دوو لاو، دەردو مەینەت، خۆشی و شادی‌یەکانی تەمەنی لاوێتیمان پێکەوە دابەش دەکرد و هیچ کەسێکی دیکە لەگەڵ ئێمەدا نەبوو. رەحمان کەسوکارە نزیکەکانی خۆی لە کوردستان بەجێ‌هێشتبوون و منیش لە چیاکانی «Orl:cky»ەوە هاتبوومو ئێمە هەردووکمان تەنیا بووین و لە نێو ئەو تەنیایی‌یەدا ئێمە یەکترمان ناسی و بۆ یەکتر ببووین بە دایکو باوک، هەڤاڵ و هۆگرو دۆستی گیانی و.... پاش کۆتایی خوێندنیش نەمان‌ویست لە یەکتر دوور بکەوینەوە. دوو ماڵمان لە پەنای یەکتر لە گەڕەکی «Petrin»ی شاری پراگ بە کرێ گرتو ئەمجارە بووین بە جیران...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له سەرەتادا کە یەکترمان ناسی، لەسەر داوای ڕەحمان، من ئەوم فێری زمانی چێکی کرد، کێشە ڕێزمانی‌یەکانی چێکیم بۆ ڕەحمان شی دەکردەوە، بەڵام پاش ماوەیەکی زۆر کورت، ئیتر پێویست بەوەش نەبوو... ئەوەندە ژیر بوو کە نەتەنیا بە زمانی ئەدەبیی چێکی وەک ئێمە قسەی دەکرد، تەنانەت بە تەواوی شارەزای زاراوەکانی زمانی چێکییش ببوو. ئیتر کێشەمان نەمابوو و بە زمانی زگماکیم ڕۆژانە نەتەنیا لە سەر پرسەکانی سیاسەتی جیهانی، بەڵکوو لە سەر ئێش‌و دەردەکانی ژیان قسەمان دەکردو ئەمە بووە هۆی دۆستایەتیی قووڵی ئێمە هەتا مردن... ئەم دۆستایەتی‌یە بێ‌وێنەیە نەتەنیا لە نێو ئێمەدا مابووەوە، بەڵکوو پاش ئەوەش کە ڕەحمان سەردانی ماڵی ئێمەی کرد لە چیای «Orl:cky»، بوو بە دۆست و ئەندامی بنەماڵەکەمان. لە شەوە درێژەکان‌دا، لەسەر شاخی ئۆرلیکی لە ماڵی ئێمەدا بۆ بنەماڵەکەمان بە چەندین کاتژمێر وەک چیرۆکبێژێکی بێ‌وێنەو بە زمانێکی زوڵاڵ‌و سادە باسی کوردستانە شیرینەکەی خۆی دەکرد. شەوانە ئێمە وەک بنەماڵە سەرسوڕماو هەتا بەرەبەیانی‌یان گوێمان لە چیرۆک و بیرەوەری‌یە رازاوەکانی ڕەحمان دەگرت لەسەر کوردستانەکەی. ئێمەی فێری چالێنان و برنجی کوردی کرد. بەدەم خواردنەوەی چای کوردی‌یەوە چێژی چیرۆکەکانی کوردستانی کۆتایی پێ‌نەدەهات، ئێمە بە هیوای شەوانی نوێ دەماینەوە کە ڕەحمان دەرگاکانی دنیایەکی نەناسراو بۆ ئێمە بکاتەوە. لە ڕۆژیش‌دا، ڕەحمان بە ناو گوندی‌یەکان‌دا دەگەڕاو دەی‌هەویست تایبەتمەندی‌یەکانیان بناسێت. ژیان و کاریان، خۆشحاڵی و غەمگینی‌یان و ڕامان و ئامانجەکانیان و ...هتد. باوکی من مامۆستا و فەرمانداری ناوچەکەمان بوو و لە سەردەمی شەڕی جیهانی‌دا بە دژی هیتلێر لەسەر ئەو شاخانە شەڕو بەرخودانی کردبوو. ڕەحمان ڕۆژانە چەند کاتژمێر لەگەڵ باوکم دادەنیشت و سەدان پرسیاری لەسەر شەڕ بۆ ئازادی، لەسەر پیشەی مامۆستایی و سیستەمی دەوڵەتی دەکردو باوکی من بە خۆشحاڵی و سینگفرەوانی‌یەوە وەک مامۆستایەکی تایبەتی و وەک باوکێک بەبێ‌ئەوە کە هەست بە ماندووبوون بکات، پرسیارەکانی وەڵام دەدایەوە و زیاتر بۆی شی دەکردەوە و شەرگەکانی پێ نیشان دەدا. باوکم تووشی سەرسوڕمان ببوو کە بۆ دەبێ کەسێک هەزاران کیلۆمێتر دوور لە کوردستان ـ ئەفسانەیەک ک ە مرۆڤ لە سەر نەخشەکانیش نەی‌دەدیت – بۆچی دەیهەوێ ئەو زانیاری‌یانە بزانێت و بیریان لێ‌بکاتەوە!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دایک و خوشکم لە ڕێگای ڕەحمانەوە فێری چێشتی کوردی دەبوون و ئەویان وەک کەسێکی بنەماڵەکەمان بە حیساب دێنا. ماوەیەکی کورت پاش تەواوکردنی زانکۆ، ڕەحمان بەرەبەرە خۆی بۆ شەڕی دژ بە ڕێژیمی زۆرداری پاشایەتی ئامادە کردو بۆ تێکۆشان گەڕایەوە ئێران. بۆ ئەو شەڕە تەنیا کتێبی لەگەڵ خۆی‌دا دەبرد. بۆ ئەوەی کە لە کاتی چوون بۆ ئێران کتێبەکان نەگیرێن، ئێمە بە هەموو بنەماڵەوە، بەرگی پەرتووکەکانمان گۆڕی، لەسەر کتێبە سیاسی و زانستی‌یەکان، بەرگی کتێبی ئەڤینداری و شێعرمان دەچەسپاند تاکوو نەگیرێن. ڕەحمان و کتێب هیچ‌کات لە یەکتر جیا نەدەبوونەوە. لەو کاتەدا، ڕەحمان دەی‌هەویست لەگەڵ کچە خوێندکارێک‌دا بە ناوی «Helena» ژیانی هاوبەشی پێک بێنێ. پێک‌هێنانی ژیانی هاوبەش کاتی دەویست، چونکە ڕەحمان دەی‌هەویست ڕۆژێک زووتر بگاتە بەرەی خەبات بە دژی ڕێژیمی شاهەنشاهی، دەزگیرانەکەی لەوێ مایەوە، پاش ئەوە کە گەیشتە ئێران، لە ڕێگای باڵوێزخانەی چێکۆسلواکیا لە تاران، وەکاڵەت‌نامەیەکی ئامادە کردو ناردی بۆ من، تاکوو من لە جێگای ئەو لەگەڵ هێلێنا بچم بۆ شارەداریی پراگ و باڵوێزخانەی ئێران لە پراگ و لەگەڵ هێلێنا لاپەڕەکانی هاوسەریەتی لە جیاتی ڕەحمان واژۆ بکەم. لە مێژووی کۆماری چێکۆسلواکیادا هەتا ئەو کات، یەکەمین جار بوو کە شتێکی وەها ڕووی دەداو من لە جیاتی ڕەحمان بۆ واژۆکردنی بەڵگەکانی فەرمیی ژیانی هاوبەش لەگەڵ هێلێنا چوومە ئیدارەو لاپەڕەکانمان واژۆ کرد، تاکوو هێلێنا بتوانێ بە فەرمی وەک هاوسەری ڕەحمان بچێتە ئێران. بەم هەوڵ و ماندووبوون و تێکۆشانە بنەماڵەیەکی کورد و چێکی پێک‌هات. لە ئاکامی ئەو ژیانە هاوبەشەی بنەماڵە کوردو چێکی‌یەدا، دوو منداڵ بە ناوەکانی میناو هیوا لەدایک بوون. ئەم بنەماڵە کوردو چێکی‌یە بە ساڵان بە شێوەیەکی نهێنی لە ئێران مانەوەو بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی تێکۆشان و زۆر دوورتر لە ماڵەکەی پراگیان، ڕەحمان و هێلێنا پێکەوە ژیانی هاوبەشیان پێک هێنا...

پاش چەندین ساڵ وای لێ‌هات کە ئەوان لە ئێران گەڕانەوە بۆ پراگ، ساڵەکانی دووری کۆتایی‌یان پێ‌هاتو دووبارە گەیشتینەوە بە یەکترو یەکترمان گرتەوە. بە ڕۆژ ڕەحمان لە زانکۆی ئابووریی نێونەتەوەیی، من لە زانکۆی مێژوویی ئابووری و هاوسەری ڕەحمان (هێلینا)ش لە زانستگای زمانەوانی وانەی زمانی ئینگلیزیی دەوتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوو منداڵەکەی ئەوان و ٣ منداڵەکەی من لە ماڵی ئەوان و لە ماڵی ئێمەدا پێکەوە گەورە دەبوون.

راستە کە رەحمان پسپۆڕێکی بێوێنەو شارەزا لە بواری ئابووریی نێونەتەوەیی بوو، بەڵام هەمیشە لە دڵ و دەروونیدا ناساندنی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە بەرامبەر ناحەقی، زوڵم و بێمافی هەبوو. لە لایەکەوە بە پرسە ئابووری‌یەکانی جیهانەوە خەریک دەبووو لە لایەکی دیکەشەوە هەتا کات دەرفەت و مەجالی دەدا ئەرکی خۆی بە نیسبەت مەسەلە پێوەندی‌دارەکان بە نەتەوەکەی، بە نووسینو بڵاو کردنەوەی وتارو لێکۆڵینەوە، بەڕێوەبردنی سیمینارو بڵاوکردنەوەی کتێب بەجێ دەهێنا. لەم نێوەدا ساڵی ١٩٦٤، لە پێتەختی کۆماری سلوڤاکیا، کتێبی بەناوبانگی خۆی «کوردستان و کورد»ی بە زمانی سلواکی بڵاو کردەوە. ئەو کتێبە، یەکەمین کتێبی لێکۆڵینەوەیی لە سەر دۆزی کوردو کوردستان بوو کە لە ئورووپا چاپ کرابوو. پێوەندی‌یە زانستی، زانیاری و سیاسی‌یەکانی خۆی لەگەڵ رێبەرانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەمیشە دەپاراست. هێندێک جار لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و جەلال تاڵەبانی کۆ دەبووەوە. هەموویان بایەخێکی زۆریان بە بیرو رامانەکانی رەحمان دەدا. لە ئورووپا دەرگای زۆربەی رێبەران بۆ رەحمان وەک یەکەمین کوردی بەناوبانگ کراوە بوو. دۆستایەتیی رەحمان لەگەڵ «Bernard» ،«olaf palme» ،«bruno kreisky» ،«kochner»و... زۆر قووڵ و بێوێنە بوو. هەر بۆیە ساڵی ١٩٩٠و پاش شەهیدکرانی، لە لایەن دۆستانی رەحمانو کەسایەتی‌یە ناودارەکانی کۆماری چێکۆسلواکیاو ئۆتریشەوە وەک پاڵێوراوی خەڵاتی ئاشتیی نوبێل ناسێندرا.

لە ساڵی ١٩٦٨دا، رەحمان بە ئاشکراو بە دەنگێکی بەرز پشتیوانیی لە رەوتی ریفۆرم کرد لە وڵاتەکەمان کە وەک «بەهاری پراگ» ناسێندرا. لە رۆژە دژوارە مێژوویی‌یەکاندا، رەحمان لەگەڵ گەلەکەمان (گەلی چێک) لە بەرامبەر ئامانجەکانی کۆلۆنیالیستی سۆڤیەتی پێشوو دەستی بە خەبات کرد. ئەو لەگەڵ ئێمە وەک گەلی چێک کەوتە نێو تێکۆشان بۆ دیموکراسی و سۆسیالیزم بە سیمایەکی مەدەنی و مرۆڤی، نەک بە شێوەی زۆرداری.

پاش ئەوەی کە بەهاری پراگ بە تانکەکانی رێژیمی زۆرداری سۆڤیەتی و ئەوانی دیکە، بە سەدان هەزار سەربازی بیانی‌یەوە سەرکوت کرا، هەموومانیان لەسەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کار لابردو شەوورۆژێک کەوتینە ژێر چاوەدێریی توندی پۆلیسەکانی ڕێژیمی زاڵم و زاڵ بە سەر وڵاتەکەمانەوە. بەهۆی ئەوەوە کە ئێمە چێکی بووین، نەیاندەتوانی ئێمە لەو وڵاتە وەدەر بنێن، بەڵام چونکە ڕەحمان بیانی بەحیساب دەهات، ئەوو بنەماڵەکەی‌یان بە زۆرەملێ لە چێکۆسلۆڤاکی وەدەر نا. ساڵی ١٩٧٣ بوو بە ڕێبەری PDKI و هەتا کاتی شەهیدبوونی بەردەوام لە کۆنگەرەکانی حیزبی دێموکراتدا وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵدەبژێردرا. پاش ئەوە کە ڕەحمان لە چێکۆسلوڤاکیا وەدەر نرا، ناوەندی تێکۆشانی خۆی بۆ نەتەوەکەی بردە پاریس و لەو شارەوە دەنگی مەزڵوومیەتی نەتەوەکەی دەگەیاندە هەرچوار گۆشەی جیهان. خەبات و تێکۆشانی ڕەحمان لە پێناو مافە دێموکراتیکەکانی گەلی کورد و لابردنی سنووره دەسکردەکان کە نەتەوەی کوردو کوردستانیان کردبوو بە چوار پارچەوە هەر درێژەی هەبوو. ئەو ڕەوشەی کە بە سەر نەتەوەی کورد هێنرابوو، یەکێک لە گەورەترین ناهەقی و تاوانەکانی سەدەی بیستەم لە هەمبەر مرۆڤایەتی‌یە.

ئەو ڕاستی‌یەکانی سەدەی ٢٠ی بە باشی دەناسی و دەی‌زانی کە بۆ هێشتنەوەی ئەو ئامانجە، پێویستە کوردستانی ئێران خودموختاری‌ی خۆی وەربگرێ‌و ئێران دێموکراتیک بکرێت، هەر بۆیە دروشمی حیزبەکەی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کردستان» بوو. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هاوکات لەگەڵ شەڕی چەکداری بەردەوام لە ڕێگاکانی دیپلۆماسیی نێونەتەوەیی دەگەڕاو تاقیی دەکردەوە. لە هەموو شوێنێکو لایەک ڕێزیان لێ‌دەگرت و گوێ‌یان بۆ ڕەحمان رادەگرت. لە بواری دیپلۆماسی‌دا وەک مامۆستایەکی شارەزاو بێ هاوتای کۆمپرۆمیسنەکان دەناسرا. کەمکەس وەک ڕەحمان دەی‌توانی چەندلایەنی دوژمن و پێکناکۆک پێکەوە کۆ بکاتەوە و بڕیارێکی دادپەروەرانە بۆ هەردووکیان وەربگرێت. حەقانیەتەکانی هەموو لایەنەکانی قبووڵ دەکرد، پیشانی ئەوانی دەدا کە چۆن مرۆڤ و لایەنەکان بە ڕاستی‌یەکانیان لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوەو ڕاستی و ڕێگاچارەیەکی هاوبەش بدۆزنەوەو دان بەو ڕاستی‌یە هاوبەشەدا بنێن و بیان‌پارێزن. لەمبوارەدا ڕەحمان بە ڕاستی کارامەو پسپۆڕ بوو. لە کۆتایی ساڵەکانی ٨٠ی سەدەی رابردوودا، لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک مامۆستایەکی شارەزاو بێ‌وێنە دیپلۆماسیی کۆمپرۆمیسنکی، بۆ ئاشتی کەوتە وتوویژ. ئەو هیوادار بوو بەڵکوو بتوانێ لەگەڵ ئەوان لە ڕێگای وتوویژی مەدەنی‌یەوە پرسەکان چارەسەر بکات. بەڵام ڕەحمان لەبیری کردبوو کە کەسانی بەرامبەر ئەو، نامرۆڤن. نرخی ئەو خۆش نییەتی‌یەی خۆی بە ژیانی خۆی و دوو هۆگری خۆی دا... و ڕۆژی ١٣ - ٧ - ١٩٨٩ لەشاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڤییەن لەگەڵ دوو هاوڕێی بە دەستی زاڵمان و تیرۆریستانی خوێنڕێژی ڕێژیمی کۆماری ئسیلامی شەهید کرا. بکوژانی ئەو پیاوە گەورەیەی مێژوو هەتا ئەمڕۆش سزا نەدراون. ئەم ڕووداوە لە دڵی ئورووپای نێوەڕاستدا، لە دڵی دۆست و هەڤاڵانی ڕەحماندا برینێکی قووڵە. دیتمان کە لە کۆڵان و شەقامەکانی پاریسدا، بە هەزاران کەس لە چوار گۆشەی ئورووپاوە لەگەڵ تەرمەکەی چوون بۆ گۆڕستانی پیرلاشێز، ئەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە. بەداخەوە ئەو تراژیدیایە جارێکی دیکە لە بێرلین و بە شەهیدکرانی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی خۆی دووبارە کردەوە.

دوایینجار من و ڕەحمان لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ چاومان بە یەکتر کەوتەوە، چەند ڕۆژ پاش ٥٩ یەمین ساڵڕۆژی لەدایک بوونی ڕەحمان ( ٢٢ - ١٢ - ١٩٣٠ ) کە لەو ڕۆژانە دا منیش بووم بە ٦٠ ساڵان، ئێمە پێکەوە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی هەردووکمانمان جەژن گرت. بڕیارمان دا کە لەو ساڵەدا جارێکی دیکە لە پراگ یەکتر ببینین، چونکە ئێمە هەموومان ئیتر دەمانزانی کە لەو ساڵەدا (١٩٨٩)، شۆڕشەکەمان لە چێکۆسلواکیا سەر دەکەوێ و ئێمە ڕەحمان بە ڕەسمی بانگهێشت دەکەین و هەرچی لە ئیمکاناتی کۆماری چێک لە دەستمان بێت پێشکەشی دۆستە تێکۆشەرەکەی گەلی چێکی دەکەین. سەرەتای مانگی ٧ی ساڵی ١٩٨٩ لەڤییەن تەلەفۆنی بۆ من کردو وتی کە لەگەڵ کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران کۆ دەبێتەوەو پاش ئەو دیدارانە، بەر لەوە کە بچێتە پاریس، دێتە پراگ و مزگێنییەکی خۆش لەگەڵ خۆی دێنێت. لە جیاتی ئەو مزگێنییە، ئەو هەواڵە کارەساتبارو دڵتەزێنە گەیشتە من و دەروونی من، بنەماڵەکەمو هەموو دۆستان و هۆگرانی ڕەحمانی هەژاندو ئەوە گەورەترین داخی ژیانمان بوو.

بۆ من و بنەماڵەکەم و دۆستەکانمان شەرەف و سەربەرزییەکی گەورەیە کە بووینە دۆستی ڕەحمان، تێکۆشەری بێهاوتاو گەورەی دێموکراسی و ئازادی و شۆڕشگێڕی دژی تیرۆریزم. ئێمە سەربەرزین کە وڵاتەکەمان بۆ ڕەحمان ببووە وڵاتی دووهەمی و لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ئورووپا دەهات بۆ دیتنی.

ڕەحمان لە وڵاتی ئێمەدا، لە دڵەکانماندا سیمبولی دڵسۆزی، خەباتگێڕی و ڕاستی بووو هەر ئاواش دەمێنێتەوە. ئێمە نەوەکانمان بە چیرۆکەکانی ئەو پیاوە ناودارە پەروەردە دەکەین و هەتا هەتایە لە نێو دڵماندا زیندوو دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری هەڵوی کوردستان - ڕێکەوتی: ٥ی جوولای ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور قاسملوو ناسێنەری پرسی کورد بە ڕۆژئاوا

مستەفا شڵماشی

(لە بارەی گرنگیی پەیداکردنی دۆست و پشتیوان بۆ بزوتنەوەی کوردستان لە ڕوانگەی دوکتور قاسملوو و ڕوڵی ئە و ڕێبەرە لە ناساندنی پرسی کورد بە ڕۆژئاوادا.)

## من دوکتور قاسملووم لە چەند قۆناغی جیاوازدا ناسیوە.

یەکەم جار کە ناوی ئەوم بە گوێ ئاشنا بوو، لە سیاسەت هەر تێنەدەگەیشتم. لاوێکی شازدە ساڵە بووم کە تەنیا هەستم بە چەوساوەیی و ژێرچەپۆکیی گەلەکەم کردبوو. غەمم لەوە دەخوارد کە کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکانی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ و بەشێک لە کادرەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە باشووری کوردستان پەرشوبڵاو بوون و هەرکەس ڕووی لە جێگایەک بوو. ئەمن وەک لاوێکی کرچوکاڵی دەربەدەرو ناڕاستەوخۆ قوربانیی دەستی ڕێژیمی سەرەڕۆی پەهلەوی، لە سەرکوتی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ دا (بۆیە دەڵێم ناڕاستەوخۆ چونکە بۆ خۆم تا ئەوکاتە بەشداریی‌یەکی ئەوتۆم لە جووڵانەوەدا نەببوو، بەڵکوو بە هۆی شەهیدکرانی مەلا ئاوارەی برام و ڕاوەدوونانی براکانی دیکەم و بنەماڵەکەمان لە لایەن ڕێژیمی پەهلەوی‌یەوە تووشی ڕاکردن و ئاوارەیی ببووم) و تینووی تۆڵە کردنەوە. لەو سەردەمەدا تە نیا دوو ئارەزووم هەبوون، یەکەم کۆبوونەوەی هەموو کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەک ڕێکخراوداو دووەم بوون بەئەندام و پێشمەرگە لەو ڕێکخراوەدا. ڕاست لەو سەروبەندەدا دەنگۆی هاتنەوەی دوکتور قاسملوو بۆ باشووری کوردستان بڵاو بۆوە. هە ر لەگەڵ ئەو دەنگۆیەدا باس لەوە دەکرا کە ئەو ئینسانێکی دیپلۆمات، زانا، سیاسی و هەتا بڵێی کوردەو تەنیا ئەو دەتوانێ ئەو خەڵکە پەرشوبڵاوە لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوەو گوڕو تینێکی تازە بدا بە حیزبی دێموکڕات و جووڵانەوەی گەلی کورد لەڕوژهەڵاتی کوردستان. ئەو ڕۆژانە خەبەری خۆش هەبوون. لە لایەک وتووێژی بارزانی لەگەڵ حکوومەتی عێراق و بڵاوبوونەوەی بەیانی ١١ ئازار، لە لایەک هاتوچۆو لێکخڕبوونەوەی کوردە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان و لەلایەکی دیکەوە پێکهاتنەوەی بنەماڵەی کوردی لە باشووری کوردستان لە ئارادا بوو. لە بیرمە براگەورەکەم جەنابی مامۆستا مەلا محەممەدی شڵماشی سەفەری بەغدای کردو چاوی بە دوکتور قاسملوو کەوت. کە گەڕایەوە گوتی مستەفا ئەو کابرایە شتێکی لە دەست دێ، دەڵێی خوا بۆ سەرۆکی دروست کردوە. هەم گفتوگۆی، هەم سەروشکڵی و هەم زانایی و دنیادیدەیی‌یەکەی بۆ ئەو کارە دەست دەدەن. بە تەماشە هەموو کوردەکانی ئەو دیو لە دەوری خۆی کۆکاتەوە. کە ئەوەم بیست شاگەشکە بووم و هیوام تێگەڕا کە بەو زووانە دوو ئاواتە گرنگەکەم وەدی بێن.

هەر واش بوو، دوای ماوەیەک کۆنفڕانسی ٣ گیرا، کومیتەیەکی ناوەندی هەڵبژێردراو دوکتور قاسملوو بوو بە سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. منیش بەرەبەرە زۆرتر تێکەڵاوی حیزبی‌یەکان بووم ، هەر چەند جارێ نەمدەتوانی ببمە ئەندامی حیزب. چونکە تەمەنم نەگەیبووە ١٨ساڵان. بەڵام زۆری پێ‌نەچوو کە حیزبی دێموکڕات لە ژێر ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوودا خۆی گرت و زۆربەی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە. تەمەنی منیش گەیشتە ١٨ ساڵ و بووم بە ئەندامی حیزب و هەردووک ئاواتەکەم وەدی هاتن. بەڵام دوای ماوەیەکی کورت تێگەیشتم کە تازە وردەوردە ئاواتە ئەسڵی‌یەکانی خۆم و گەلەکەم لە مێشکمدا سەر هەڵدەدەن و ڕەنگە هەموو تەمەنیشم بەشی وەدیهاتنی بەشێکی بەرچاو لەو ئاواتانە نەکا. ئەوەی گرنگ بوو ڕێگای ناسینی دوکتور قاسملووم بۆ کرایەوە. تەنانەت چەندجار شانازیی ئەوەم هەبوو لە ماڵی خۆمان بە خزمەتی بگەم و گوێ لە وتە بەنرخەکانی ڕاگرم.

هەر ئەو سەرو بەندی باس لە زانایی و دیپلۆمات‌بوون و کوردایەتیی دوکتوور قاسملوو دەکرا. لە نێو کۆڕو کۆمەڵی فەرهەنگی و سیاسیی کوردەکانی باشووری کوردستان‌دا کە ئەوکات زۆر کۆڕی سیاسی و فەرهەنگی‌یان پێک دێنا و ئەمنیش بەهۆی کەسانی وەک مامۆستا هێمنی شاعیر، مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە و کاک کەریمی حیسامی‌یەوە کە جاروبار سەریان لە سلێمانی دەداو ئەمنیش لەگەڵ وان خۆم بە کۆڕەکان‌دا دەکرد، باسی بلیمەتیی دوکتور قاسملووم زۆر دەبیست. هەروەها باس لەوە دەکرا کە خەریکە جێ‌پێی خۆی و حیزب لە عێراق بەهێز دەکا و هەم لەلای کوردەکان و هەم لەلای دەوڵەتی عێراق ڕێزی تایبەتیی لێ‌دەگیرێ. لە ڕاستییش‌دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروا بوو. دەکرێ بلیمەتیی دوکتور قاسملوو لە باری دیپلۆماسییەوەو مێتۆدی ئەو بۆ کاری دیپلۆماسی و کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان، بێئەوەی سەر بەخۆیی لە بڕیاردان‌دا بکرێتە قوربانی، بە پێوانەکردنی ئە و پەیوەندی‌یەی کە هەر لە سەرەتای وەدەستگرتنی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕات‌دا هەم لەگەڵ کوردی باشوور و هەم لەگەڵ دەوڵەتی عێراق دایمەزراند بپێورێ. مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە زۆر بەحەق لە کورتەمێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌دا لەو بارەوە ئاوا دەڵێ:

هەر ئەو بناغە پتەوو دروستەی پەیوەندی لە گەڵ دەوڵەتی عێراق بووە کە زۆر جار ئێمەی لە گرتنی هەڵوێستی ناڕاست بەرامبەر بە بزووتنەوەی کوردی عێراق پاراستوە. تا ئەو کاتە دوکتور قاسملوو بۆ من تەنیا فریشتەی کۆکردنەوەی کۆمەڵێک شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە پێم وابوو ئێستا ئیدی ئامرازی سەرکەوتنمان بە دەستەوەیە و زۆری پێناچێ دەگەڕێینەوە زێدی خۆمان. بەپێکهاتنی کۆنگرەی ٣ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بەشداری‌کردنم لەوێ‌دا دوکتور قاسملووم باشتر ناسی. یان باشترە بڵێم ئەو زۆرتر ڕووی دامێ و هەلی بۆ ڕەخساندم کە رووی قسەکردنم لەلای ئەو هەبێ و لە خۆمڕا ببینم ڕووبەڕووی دانیشم و تەنانەت پرسیاری لێبکەم. بەتایبەت کاتێک زانی سەرەڕای وەدواکەوتن لە مەدرەسە دیسان دەستم بە خوێندن کردوەتەوە و لە ئاخر ساڵەکانی وەرگرتنی دیپلۆم‌دام، زیاتریش مەیدانی قسەی پێدەدام و وەڵامی پرسیارەکانی بە شێوەیەکی درێژتر دەدامەوە. هەر چەند بەداخەوە شانسی ئەوەم کەم بوو کە بەتێروتەسەلی بیبینم. چونکە دوکتور لەو کاتەدا بەشی زۆری کاتی خۆی لە دەرەوە بوو ئەگەر لە عێراقیش بوو، من لە سلێمانی و ئەو لە بەغدا. دیارە ئەو کەلێنەم بە خوێندنەوەی نووسراوەکانی لە ڕۆژنامەی کوردستان و بڵاوکراوەکانی دیکەدا پڕ دەکردەوە. بە هەرحاڵ هەر ئەوکات دوکتور قاسملوو بۆ من ئولگوویەک بوو، کە زۆرجار ئاواتم دەخواست، ڕۆژێک لە ڕۆژان، دەرسەدێک لە زانایی و لێوەشاوەیی ئەوم بە نسیب ببێ. ئاواتێک کە ئێستاشی لەگەڵ بێ، وەدی نەهاتوە.

بە سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران و گەڕانەوەمان بۆ نێوخۆی وڵات، تەنانەت هەلی وەم بۆ ڕەخسا کە لە نیزیکەوە لەگەڵ چەندین تایبەتمەندیی دوکتور قاسملوو ئاشنا بم. لە کاتی شەڕی سێ‌مانگەدا بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک لە ئاشی پشکاوێ لە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیزیک مەنزڵەکەی دوکتور قاسملوو میوان بووم. ئەمن تازە لە باشووری کوردستانڕا گەڕابوومەوەو کارێکی ئەوتۆم نەبوو، جگە لەو وردەکارانەی کە جاروبار دوکتور پێی دەسپاردم. شەوانەش دوای نان و پەنیر و ترێ ڕەش خواردنەکە جاروبار دوکتور قسەی دەکرد و ئێمەش کەڵکمان وەردەگرت. ئەو کات زۆرجار دەچووە سەر وەزعی دنیا و باسی پەیوەندی‌یەکانی نێونەتەوەیی و پێویستیی ناساندنی مەسەلەی کورد لە نێو کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکانی دەکرد. باسی کاروباری دیپلۆماسیی دەکردو شتی وای دێنا گۆڕێ کە بۆ من زۆر تازە بوون هەرچەند ئەو کاتە خۆم بە خوێندەوار دەزانی و چەندساڵێکم لە کتێب‌خوێندنەوەو بەشداری‌کردن لە هەستەی موتالەعاتی‌دا بەسەر بردبوو، بەڵام زۆر سەرم لێ‌دەرنەدەکردن.

لە کۆنگرەی چوارەوە کە شانازیی ئەندامەتیی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانم پێ‌بڕا و هەلی ئەوەم دەست کەوت کە لە دەفتەری سیاسی‌دا بەردەوام پەیوەندیم لەگەڵ دوکتور قاسملوو هەبێ، تازە بە تەواوەتی دەریای زانست و لێوەشاوەیی ئەو بلیمەتەم دی. زاڵ بوونی دوکتور قاسملوو بەسەر هەموو ڕێچکەکانی زانستی‌دا ئەوی کردبوو بە سیاسەتمەدارێکی شاز لە نێو جووڵانەوەی ڕزگاری‌خوازی گەلی کورددا. ئەو لەگەڵ ئابووری‌زان ئابووری‌زان، لەگەڵ دیپلۆمات، دیپلۆمات لەگەڵ کۆمەڵناس، کۆمەڵناس و تەنانەت لەگەڵ شاعیرو ئەدیب، شاعیرو ئەدیب بوو.

بە تایبەت باری دیپلۆماسی‌یەکەی دوکتور قاسملوو زۆر سەرنجڕاکێش بوو. لەدەفتەری سیاسی‌دا ئێمە زۆرجا میوانی گەورەی سیاسی و سەرکردەی سیاسیمان دەهات. هەر لە ڕێبەرانی کوردەوە، هەتا ڕێبەرانی ڕێکخراوە ئێرانی‌یەکان، هەتا نوێنەرانی دەوڵەت، هەتا ڕۆژنامەنووسانی ناوچەیی و دەرەوە سەردانیان دەکردین. لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا، لە سەرکەوتن و تێشکان‌دا، لە هەموو ئەوکاتانەدا کە دەفتەری سیاسیمان لە مهاباد، لە سەر شاخانی ناوچەی مهاباد، لە شیوەجۆی ناوچەی سەردەشت، لە مەزناوێی ناوچەی سەردەشت، لە گەلاڵێی باشووری کوردستان و لە گەورەدێی باشووری کوردستان لە نیزیکەوە ئاگام لە هەڵسوکەوتی دوکتور قاسملوو بوو. لەو دیدارانەدا، قەت نەمدی، ڕێبەرایەتیی دانیشتنەکەی لەدەستدەربهێنرێ. دوکتور قاسملوو بە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن و دەرخستنی زانستی خۆی کارێکی وای دەکرد کە میوانەکان زۆرتر دەبوونە گوێگر هەتا وتەبێژ. دوکتور هەمیشە بەسەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دانیشتنەکان‌دا زاڵ بوو، بە جۆرێک کە سەرکردە بە ناوبانگەکانیش، بە دڵخوازی خۆیان ڕۆڵی سەرکردەی کۆبوونەوەکەیان پێ‌دەسپارد.

ساڵی ١٩٨٣ی میلادی کە ئەمن بۆ شەش مانگان وەک بەرپرسی حیزب لە دەرەوەی وڵات لە پاریس بووم، هەلێکی باشتریشم بۆ ڕەخسا تا دوکتور قاسملووی دنیادیدە و بلیمەتی دیپلۆماسی باشتر بناسم. لەدیدارەکانی‌دا لەگەڵ زۆر کەسایەتیی کورد، ئێرانی و ئوروپایی‌دا، لە بەشداری‌کردنی لە کۆبوونەوەو کۆنفرانسەکان‌دا، لە شێوەی باس‌کردن و قەناعەت‌پێکردنی‌دا، زۆر کەڵکم وەرگرت و لێی فێر بووم. دەتوانم چەند وێنەیەک باس بکەم کە هەر لەو ماوە کورتەدا دوکتور قاسملوو بەڕاستی هونەر نمایی تێدا کرد.

* هەر ئەوکات کۆنگرەی ساڵانەی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانیش دەعوەت کرابوو. ئەمن لە خزمەت دوکتور قاسملوودا وەک نوێنەرایەتیی حیزب چووین بۆ کۆنگرە کە لە شاری «لیۆن» بەڕێوە چوو. لە نێو هێزە کوردی‌یەکان‌دا لە بیرمە بەڕێز مام جەلالیش لەوێ بوو، کە نوێنەری ئەوکاتی یەکیەتیی نیشتمانی لە فەڕانسە بەرێز ئەحمەد بامەڕنییشی لەگەڵ بوو. لەماوەی دوو ڕۆژدا ئێمە توانیمان لەگەڵ ١٢ هەیئەتی نێونەتەوەیی حیزبی و دەوڵەتی‌دا چاو پێکەوتن بکەین. من بە ئینگلیزی‌یە کەچ و کرووچەکەی خۆم ڕووم لە هەر هەیئەتێک دەکرد و پێشنیارم دەکرد لەگەڵ ڕێبەرمان دوکتور قاسملوودا دیدار بکەن نەیان‌دەگوت نا، فەورەن قەرارمان دادەنا. لەو دانیشتنانەدا سەرنجم دەدا دوکتور لە هەموو ئامرازەکان کەڵکی وەردەگرت بۆ زاڵبوون بەسەر کەشوهەوای کۆبوونەوەکەدا. بەباسی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری و تەنانەت قسەی خۆش و نوکتەهێنانەوەو شێعرخوێندنەوە ئەوەندەی ڕێز بۆ خۆی بەدەست دێنا کە ئەگەر دوایە نەتیجەگیری‌یەکی سیاسیی دەکرد، لایەنەکەی بەرامبەری لە پەسندکردن زیاتر هیچی بۆ نەدەمایەوە. لە ئاخری کۆنگرەدا کۆبوونەوەیەکمان هەبوو لەگەڵ نوێنەرایەتیی یەکیەتیی نیشتمانی. مام جەلال ڕووی لە دوکتور کرد گوتی سەرتان زۆرقاڵ بوو، ئاگادار بووم هەیئەتی زۆرتان دین، بێشک بە وردەکاریی دیپلۆماتیکی خۆت مەسەلەی کوردت وا پێ‌ناساندوون ئیدی لە بیریان نەچێتەوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**کریس کۆچێرا ڕۆژنامە نووسی فەڕانسەیی کوردناس، سە بارەت بە دوکتور قاسملوو ئاوا دەڵێ:**

قاسملوو کە بە ٦ تا ٧ زمان قسەی دەکرد، زۆر بە فەرهەنگ، خاوەنی هۆشێکی لەڕادەبەدەر و خۆش مەشرەفییەکی هەموو لایەنەیە. ئەو خاوەنی تاقیکردنەوەیەکی ئەوتۆیە کە دەتوانێ لە وەلاتێکی پان و بەرینی وەک ئێراندا خودموختاری بۆ گەلەکەی دابین بکا.

* لە شوورای میلیی موقاوەمەتدا کە ئەوکات ماوەیەک بوو لەحیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان هەڵکێلابوو، بەهۆی ئەوەی کە لە بەرامبەر هێژەمۆنیتەڵەبی‌یەکانی موجاهیدین و خۆبەزۆرزانی‌یەکانی بەنی‌سەدردا ڕادەوەستا، من دووجار لە گەڵی بووم. دوکتور قاسملوو بە سەر کۆبوونەوەکاندا زاڵ بوو جێگایەکی گەورەی بەتایبەتی لەلای کەسایەتی‌یە ناودارەکانی وەک دوکتور مەتین‌دەفتەری، دوکتور پاکدامەن، دوکتور هەزارخانی و.... بە دەست هێنابوو. بەجۆرێک کە مەسعوودی ڕەجەوی و بەنی‌سەدریش زۆر حیسابیان لێ‌دەکێشاو لە ڕاستی‌دا بە جۆرێک خۆیان لەوە دەپاراست کە لەگەڵی بکەونە موناقەشەی دوورو درێژەوە. بە تایبەت بەنی‌سەدر خۆی لە قەرەی نەدەدا.

* دوکتور قاسملوو زۆر لە بیری ئەوەش‌دا بوو کە  بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد بە دنیای دەرەوە، هەماهەنگی و یەکیەتی‌یەک لە نێو هێزە کوردی‌یەکانی سەرانسەری کوردستان هەبێ. بە تایبەت کۆدەنگی بەرەوڕووی دنیای دەرەوەی بە پێداویستی‌یەکی گەورە دەزانی. هەر لە سەر داوای ئەو ساڵی ١٩٨٣ کۆبوونەوەیەک لە نێوان ٣ حیزبی گەورەی ئەوکاتی کوردستان واتە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی سوسیالیستی باکووری کوردستان پێکهات کە میواندارەکەی حیزبی ئێمە بوو. لەلایەن یەکیەتیی نیشتمانی‌یەوە دوکتور کەماڵ فواد، لەلایەن حیزبی سوسیالیستەوە کاک کەماڵ بورِقای و لەلایەن حیزبیشەوە من لە خزمەتیان‌دا بووم. دوکتور قاسملوو گەڵاڵەیەکی پێشنیار کردبوو بۆ هاوکاری بە تایبەت لە دەرەوە و بۆخۆشی لە زۆر بوارەوە زەمینەسازیی بۆ کردبوو لە نێو کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان دا. بەداخەوە ئەو پڕۆژەیە دواتر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشگوێ خرا، ئەگەر لەوکاتەوە کورد لە دەرەوە یەکدەنگیی هەبایە، ئێستا کارمان لە جێگایەکی دیکە بوو.

بە ڕاستی دوکتوری شەهید ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە ناساندنی مەسەلەی کورد بە بیروڕای گشتیی نێونەتەوەیی و بۆ خۆشی باشترین باڵوێزی کوردستان بوو لە دەرەوەی وڵات. لە هەشتاکان‌دا دەفتەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەپاریس کە بەهەوڵ و کۆششی ئەو دامەزرابوو، وەک سەفارەتێکی هەموو کوردستان چاوی لێ‌دەکرا و هێزە سیاسی‌یە کوردی‌یەکان کەڵکیان لێ‌وەردەگرت. دوکتور قاسملوو هەوڵی دەدا لە نێو هەموو بوارەکان‌دا و لەهەموو وڵاتەکان دۆست بۆ کورد و جووڵانەوەکەی پەیدا بکا. بەهەوڵ وکۆششی ئەو دەیان ڕۆژنامەنووس، دوکتوری بێ‌سنوور، کەسایەتیی سیاسی، ڕێبەری وڵاتان، هونەرمەندو تەنانەت تێکنۆکڕات بوونە دۆستی کورد. سەردانی کوردستانیان کرد، بیمارستانی گەڕۆکیان لە شاخێکەوە بۆ شاخێکی دیکەی کوردستان دەگواستەوە و لە وڵاتەکانی خۆیان‌دا پێشوازی‌یان لە پێشمەرگە برینداەکان، یا لە خوێندکارەکان دەکرد.

دوژمنی غەدداری کورد، کۆماری ئیسلامیی ئێران باش دەی‌زانی ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە جووڵانەوەدا چیە، هەربۆیە تەنانەت بە شێوەیەکی ڕووهەڵماڵاوانە، لە سەر میزی وتوویژ، لە نێو جەرگەی وڵاتانی ئازاددا پیلانی تیرۆری بۆ داڕشت و ئامادە بوو لەو پێناوەدا ئیمتیازی زۆر گەورەی ئابووری بدا. بە هیوای ئەوەی داوێنی دایکی نیشتمان بتوانێ دیسان ڕۆڵەی وەک دوکتور قاسملوو پێشکەش بە بزاوی ڕزگاری‌خوازانەی گەلی کورد بکا. چونکە بەراستی پێویستمان بە بلیمەتی ئاوا زۆرە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور قاسملوو ڕێبەرو زانای ئاشتیخواز

بێهروز کورد ئەحمەدی

چێ گوارا، شۆڕشگێڕی ئازادیخوازی ئەمریکای لاتین دەڵێ:

«ئەو کەسە کە پێش بە شەڕێک ناگرێ کە دەکرێ خۆی لێلادەی، خاینە؛ هەروەک ئەوکەسەش کە پێشی شەڕێک دەگرێ کە لادانی لێمەحاڵە، خەیانەت دەکا...»

ڕێبەری زانا و شۆڕشگێڕی کورد دوکتور عبدالرحمن قاسملو، ڕۆژی ١٣ - ٧ - ١٩٨٩، لەسەر مێزی وتووێژی ئاشتی لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەشاری ڤییەنی پێتەختی ئوتریش، کەوتە بەر دەسرێژی ئەو بەناو دیپلۆماتانەو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی، گیانیان بەختی ئازادی و ئاشتی لە کوردستان کرد.

ساڵی ١٩٧٩ بەهاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لەئێران، لەبەر ئەوەی خەڵکی کورستان بە وشیاری و دووربینیی سیاسیی خۆیان، نەچوونە ژێرباری هەڵبژاردنی نادێموکراتیانەی ڕێژیمی ئیسلامی و، تێکرا ڕەدی ئەو داوایەی خۆمەینییان دایەوە کە بەپێچەوانەی هەموو وادەو بەڵێنەکانی سەبارەت بە دامەزرانی مەجلیسی موئەسسیسان و هەڵبژاردنی ئازاد بە بەشداریی نوێنەرانی هەموو گەلانی ئێران، دەیەویست سەرجەمی خەڵک لەئێراندا - کە ئەو بە ئوممەتی ئیسلامی ناوی دەبردن - دەنگ بە دامەزرانی کۆماری ئیسلامی، وەک تاقە ئالتێرناتیڤ بدەن.

لەو دەمەداو لەهەلومەرجێکدا کە خومەینی وەک خوایەک چاوی لێدەکراو سەرو ڕیشی لەمانگدا دەبینرا و تاڵەمووی لە بەرگەکانی نێو قورئاندا بەرچاو دەکەوت و، هەر چەشنە نەیاری و بەرپەرچدانەوەیەکی ئەو، وەک کوفری موتڵەق لە قەڵەم دەدرا؛ دووربینیی سیاسی و ئازایەتیی کەموێنەی خەڵکی کوردستان، بۆ وەستان لە بەرامبەر ئەو داواو لەڕاستیدا ئەو فەرمانە نارەواو دیکتاتۆرانەیەدا، بوو بەهۆی ئەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و خومەینی، تووشی شۆک و خۆفێکی چاوەڕواننەکراو بن و بەپەلەفەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستان بەناوی جیهاد بەدژی کافران دەرکراو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنانەت ئیدیعایان کرد کە ئەرتەشی ئیسرائیل ئەوە لە کوردستان لەشاری سنە دامەزراوە!

لەڕاستیدا گرتنی ئەو هەڵوێستە بەجێیە کە ٣٠ ساڵ لەمەوبەر لەلایەن زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستانەوە دەرکەوت، نیشاندەری وشیاریی ڕێکخراوی سیاسیی کوردستان و بێشک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەرەوەی هەمووانەوە بوو، کە شەخسییەتێکی زانای بەهێزو سیاسەتمەدارێکی ئاشنا بەڕاز و ڕەمزەکانی سیاسەتی مودێڕنی چەرخی بیستەم وەک دوکتور قاسملوو ڕێبەرایەتیی دەکرد.

پێش هەڵگیرسانی شەڕ بە دژی کوردستان، دوکتور قاسملوو لە یەکەم پەیامە ڕەسمییەکانی خۆیدا ڕایگەیاند کە کوردستان شەڕخواز نیەو دەیەوێ لەڕێگای ئاشتی و هێمنانەوە، مافەکانی خۆی مسۆگەر بکا. زۆر بە ڕوونی باسی کرد کە گەلانی ئێران و یەک لەوان خەڵکی کوردستان بۆ هێنانەسەرکاری کۆماری ئیسلامی شۆڕشیان نەکردوە، بەڵکوو ئامانج لە ڕاپەڕین و گۆڕینی سیستمی سیاسیی ئێران، بەدەستهێنانی ئازادی و سەقامگیرکردنی یەکسانی و گەیشتنی خەڵک – بە موسوڵمان و غەیرە موسوڵمانەوە – بە مافەکایان بووە.

ئەو پێشبینییە هەرە بەرزە سیاسییەو ئەو وشیارییە کەموێنەیە، کە ئەودەم زۆر کەس و ڕێکخراوی حەپەساندو زۆر تیرو تانەی ئەوانی هەم بۆ حیزبی دێموکرات و هەم بۆ خەڵکی کوردستان و هەمیش بۆ شەخسی دوکتور قاسملوو ڕاژاند، ئەمڕۆ دوای ٣٠ ساڵ دەرکەوتوە کە چەندە لەجێی خۆیدا بووە.

دوکتور قاسملوو بێجگە لەوە کە لەبیرکردنەوەو لە ڕاگەیاندنی هەڵوێستی سیاسیدا، پرسوڕای بەهاوڕێیان و ڕاوێژکارانی دەکرد، زۆر جاریش لە هەرشوێن و ناوچەیەک هەولی دەدا، پرسیار لە خەڵکی ئاسایی لە هەرچین و توێژێک بکا. من وەک قوتابی و هاوسەنگەر و هاوڕێی دوکتور قاسملوو، فرەجار بەچاوی خۆم دیومە، کەئەو ڕێبەرە زانایە تێدەکۆشا ڕێبازی سیاسی و ستراتێژیی خەباتی خۆی و حیزب و گەلەکەی لەسەر ئەساسی پرسیار و ڕاو ڕاوێژ، نەک هەر لەڕێبەرایەتیی شۆڕشدا، بەڵکوو لە پێوەندیگرتن لەگەڵ خەڵکدا بدۆزێتەوەو دەکاریان بکا. بۆ وێنەساڵی ١٩٧٩و پێش شەڕی ٣مانگە، ئەو دەم کە دوکتور تازە لە تاران گەڕابۆوە شاری سنە، ئێوارە هەتا گەیشتن بە دەفتەری حیزب، ماشێنەکەی لە شەقامی فێردۆسی لایدا


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و کەسێک کە دوکانەکەی لەوێ بوو، بەناسینەوەی دوکتور، هاتە پێش و بەگەرمی سڵاوو چاکەی کردو داوای کرد کە دوکتور قاسملوو دابەزێ و چایەک بخواتەوە. دابەزیین و چووین دانیشتین. بەدەم چاخواردنەوە، دوکتور لەوی پرسی باشە ئێوە پێتان‌وایە خودموختاریمان بۆ وەردەگیرێ؟ ئەو پیاوە وریایەش (کە ناوی نابەم) بەدەم لاتاوداوان بەخومەینی‌یەوە، گوتی هیچمان پێ‌نادرێ، خاسترە خۆمان فریو نەدەین! ئەم ئاخوندگەلە دز و درۆزنن!! ئەمە تەنیا نموونەیەک لە وشیاریی خەڵکی کوردستان و هەروەها وشیاریی دوکتور قاسملوویە کە جارەهای جارو لە بۆنەو کات و شوێنی تردا دووپات کراوەتەوە. دوکتور قاسملوو زۆر چاکی دەزانی کە فاشیزمی مەزهەبی، هیچ ڕێز و حورمەتێک بۆ مرۆڤ و ئازادی و دیموکراسی دانانێ. بەڵام ئەو وەک ڕێبەرێک کە متمانەی خەڵکی پێ‌بوو، نەی‌دەتوانی هەروا لەناکاو بەخەڵکی خۆی بڵێ هەستن شارو دێ بەجێ بێڵن، ئەمە بکەن و ئەوە بکەن. ئەو دەی‌زانی کە ئەو ڕاستی‌یە تاڵە، واتە کۆماری ئیسلامی، هەر چونێک بێ جڵەوی شۆڕشی گەلانی ئێرانی بەدەستەوە گرتوە و ئیدەو ئامانجەکانی لێ‌دزیون، بۆیە دەبوو لەسەرەخۆ بجووڵێتەوە، تووشی بڕیاری بەپەلەو هەڵە نەبێ و هاوکات کەستراتیژیی دیفاعی چەکدارانە دادەڕێژێ، چرکەیەکیش لە هەوڵدان بۆ خولقاندنی هەلومەرجی هێمنانەو ئاشتی‌یانە - تەنانەت لەگەڵ ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامی - نەوەستێ. ئەگەر دوکتور قاسملوو لە دەورانی شۆڕش‌داو هەتا ئەو کاتە کە لەژیان‌دا بوو، ساڵێ جارێک سەری ئورووپای دەدا، هەموو کۆششی ئەوە بوو کە وەک باڵیۆز و نوێنەری ئاشتی و ئازادی، ئیدەکان و ئاواتەکانی شۆڕش و خەڵکی کوردستان بە بیروڕای گشتیی دنیای ڕۆژئاوا بگەیەنێ و، هاوکات سیاسەت و کردەوەی دوور لەمرۆڤایەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا بکا.ڕوانگەی دوکتور قاسملوو لەسەر شەڕ، زۆرجار لەوتارو نووسین و وتووێژو هەڵوێستەکانی دا بە ئاشکرا دەردەکەوت. دوکتور قاسملوو دژی شەڕ بوو؛ ئەگەر فەرمانی دیفاعی بەپێشمەرگە دەدا، تەنیا بۆ ئەوە بوو کە نەدەکرا دەست لەسەر دەست دانێ و ڕێگا بدا لەشکری فریوخواردووی دەسەڵاتی حاکم، بە کوردستان وەربن و هاونیشتمانانی ئەو بکوژن.

دوکتور قاسملوو شەڕی کوردستانی بەشەڕی دیفاعی دەزانی و ناو دەبرد. دەیگوت ئێمە نەچووینە سەرماڵوحاڵ و خاک و زێدی خەڵکی تر. ئەوە ئەوانن، دوژمنە، کۆماری ئیسلامی‌یە، کە بەناڕەوا پەلامارمان دەدەن و لێمان دەکوژن و کەرامەت و

شەرافەتمان پێشێل دەکەن؛ ئەگەر دیفاع و بەربەرەکانێ نەکەین، لە بەرامبەری هەر پرەنسیپ و هەر ماناو نرخێکی ئینسانی‌دا، دادەمێنین و لە دوارۆژدا مێژوو لەسەرمان دەنووسێ کەخۆیان حازر بوون زوڵم‌وزۆر قبووڵ بکەن، ترسەنۆک بوون، باوەڕیان بە مافی خۆیان نەبوو؛ نەوەی داهاتووی کوردیش لێمان خۆش نابێ و بە بێ‌وەفا و بێ‌ئامانج و خوارەڕێ و نەزانمان لەقەڵەم دەدا...

ڕوانینی دوکتور قاسملوو بۆ ئاشتییش، پێوەندیی نزیک و بێ‌ئەملاوئەولای لەگەڵ ڕوانگەی ئەو لەسەر شەڕدا هەبوو.

زۆر جار دەیگوت و دەی‌نووسی و ڕای‌دەگەیاند کە شەڕ، بۆ خولقاندنی ئاشتی دەکا. پیاوێک، مرۆڤێک، ڕێبەرێک، شۆڕشگێڕێکی وەک دوکتور قاسملوو لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی‌دا و لە هەلومەرجی شەڕ و شۆڕش‌دا، جارێک کەسێک لەبیری نیە بە دەنگی بڵیند قسەی کردبێ؛ تەنانەت لەکاتی تووڕەیی‌دا لەسەرەخۆیی خۆی دەپاراست و هیچ کاتێک قسەی سووک و بێ‌بایی تەنانەت بە دوژمنەکانی قەستەسەری خۆی و گەکەلەی نەدەگوت کەوابوو دیارە مرۆڤێکی وا، خوازیاری ئاشتی و، نەیاری شەڕ و ماڵوێرانی‌یە. ئەمە سروشت و ڕەوشت و مێنتالیتەی ئینسانە کە لەگەڵ هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و بڕیاردان و کردەوەی‌دا، پێوەندیی نەپساوەی هەیە.

هەرچەند ئەم بەرامبەرکردن و موقایەسەیە لەجێی خۆی‌دا نەبێ، بەڵام هەموو خەڵکی دنیا بەچاو دیتیان و بەگوێ بیستیان کە خومەینی لە گەڕانەوەی‌دا بۆ ئێران، لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسەکەدا کە پرسی چ هەستێکت هەیە، بە نێوچاوانی گرژ و مۆن کە غەزەب‌و شەڕو مەرگی لێ‌دەباری، گوتی هیچ! هەر زووش فەرمانی شەڕی داو کوردستان و ئێرانی لە چەندین شەڕی ماڵوێرانکەردا بە فەتەرات داو هەتا جامی زەهریان لە گەرووی نەتکاند، هەدای نەداو ملی دانەنواند.

دوکتور قاسملووش کە دێموکراتێکی دنیادیدەی خوێندەواری مودێڕنی لاییک و پێشکەوتنخواز بوو، لە مەجلیس و دانیشتنی‌دا، بزەو قسەی خۆش لەسەر زاری ون نەدەبوو و تەنانەت لەکاتی ڕاگەیاندنی هەڵوێستی سیاسی‌دا، تێ‌دەکۆشا هەوای زاڵ بەسەر قسەکانی یا نووسینەکانی دا، دوور بێ لە وشەی ڕەقو، پڕ بێ لە شەپۆل و ئاواتی هێمنی و ئاشتی...ڕوانگەو ڕوانینی دوکتور قاسملوو لەسەر دیالۆگ و وتووێژیش زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو. هەر لە ڕۆژەکانی هاتنەسەرکاری کۆماری


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیسلامییەوە، سەرەڕای ئەوە کە گەلەکەی دوکتور قاسملوو تووشی خەسارەت و ماڵوێرانیی شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی ببوو، هەموو جارێک ڕای‌دەگەیاند کە ڕێگا چارەی مەسەلەی کوردستان ڕێگای ئاشتی‌خوازانەیە. بۆ ئەو مەبەستەش دیارە هەموو هەوڵی خۆی دەدا؛ ڕووی لە ڕێبەرانی وڵاتانی ئورووپایی دەکرد و داوای لێ‌دەکردن کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی تێ‌بگەیەنن کە کوردستان خوازیاری شەڕ نیە، بەڵام تەسلیمی بڕیاری زوڵم‌وزۆریش نابێ. ئەگەر دوکتور قاسملوو خوازیاری ئاشتی و بەرگریی لەشەڕ و، کۆتایی‌هێنان بەشەڕ نەبووایە، ئەوەندەی هەوڵ نەدەدا کە ئاخرەکەی بەداخەوە لەداوی تێرۆریستان بکەوێ. دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەری کەم‌هاوتای جووڵانەوەی ڕزگاری‌خوازی کوردستان، بۆ زۆربەی ڕێبەران و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ناسرابوو. ئەوان دەیان‌زانی کە ڕادەی خۆشەویستیی دوکتور قاسملوو لەنێو خەڵکی خۆی‌دا تا کوێیە؛ ئەوان دەیان‌زانی کە لەگەڵ ئەو کەڵەپیاوەیان پێ‌ناکرێ، بۆیە هەرلەزووڕا بڕیاریان دا کە گیانی پاکی بستێنن.

دوکتور ئەوەندە باوەڕی بەئاشتی هەبوو کە حازر بوو نوێنەرانی ڕێژیمی ئیسلامی قبووڵ بکاو لەگەڵیان دانیشێ. ئەو دانیشتنە و ئاکامەکەی، بوو بەهۆی خەسارێکی گەورەو زیانێکی قەرەبوونەکراو. خەسارێک نەک هەر بۆ کورد و کوردستان، بەڵکوو بۆ ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بۆ هەموو جیهانیش. مەگەر کوردستان چەند دوکتور قاسملووی پەروەردە کردوەو دەکا؟ مەگەر ئێران چەند ڕێبەری ئاوا کارامەو زانا و مودێرن بەخۆیەوە دەبینێ؟ مەگەر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پڕ وەیشوومەو شەڕ و دواکەوتوویيدا، چەند مودیری ئاشتی‌خواز و لێوەشاوەی وەک دوکتور قاسملوو هەیە؟ داخوا جیهانی ئێمە گەیشتۆتە ئەو جێگایە کە ئیتر پێویستیی بە ڕێ‌نیشاندەران و مرۆڤناسان و ئاشتی‌خوازانی وەک دوکتور قاسملوو نەبێ؟!

ئەمڕۆ دوای ٣٠ ساڵ لە هاتنەسەرکاری ڕێژیمی تێرۆر و مەرگ و خەفەقانی کۆماری ئیسلامی و، پاش ٢٠ ساڵ تێپەڕبوون لە تێرۆر و مەرگی ناوادەی دوکتور عبدالرحمن قاسملوو، کە کۆماری ئیسلامی بەدوای بەناو هەڵبژاردنی سەرکۆمار و، تێکچوونی پایەکانی هەموو درۆ و دەلەسەیەک، لەحاڵێکدا ئێران یەکپارچە ئاڵۆزی و خۆپیشاندان و ڕاپەڕین بەدژی یەکێک لە ڕەشترین دیکتاتۆرییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی‌یە؛ یادو ناوو لە هەموو گرنگتر بوونی ڕێبەرێکی لێوەشاوەو خۆشناو و دێموکراتی وەک دوکتور عبدالرحمن قاسملوو، کە ڕێ‌پیشاندەری ئەم ڕاپەڕینە مەزنە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێ، لە هەمووکاتێک زیاتر هەست پێدەکرێ. بێشک ئەم ڕاپەڕینە بە قازانجی خەڵک و بەقازانجی ئیدەکان و پێشبینییەکانی دوکتور قاسملوو بۆ ئێرانێکی بەتەواوی ئازاد و کوردستانێکی ئازادتر تەواو دەبێ.

٢٠ ساڵ پێش ئێستا، کاتێک دوکتور قاسملووی مەزن لە ئارامگەی «پێرلاشێز»ی پاریسدا ئارامی گرتبوو، دوکتور «بێرنارد کۆشنێر»ی وەزیری دەوڵەتی ئەوکات و وەزیری دەرەوەی ئێستای فەڕانسە، لەبەر چاوو گوێی هەموو جیهاندا، ڕووی لە دوکتور قاسملوو کرد و وتی:

«بریا هەموو ڕێبەرانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەقەد تۆ دێموکرات دەبوون...»

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە ئاسمان یەکتریمان ناسی..!!

## مومتاز حەیدەری

### کورتە بیرەوەریەک

بەڵێ، لەجەرگەی ئاسمان، لەگەڵ د. قاسملووی رووناکبیری سەرکردە یەکتریمان ناسی. ئەو جارێکی دیکەش بەیەکجاری رۆحی فڕییە ئاسمان..!

من بەشبەحاڵی خۆم، وەکوو مێرمنداڵێکی چاوکراوەی باشی خێزانێکی رۆشنبیریو نیشتمانپەروەرو وڵاتپارێز، ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی رابردوو، هەرزوو: (وشەو، دەستەواژەی وەک خەبات، بەندیخانە، خۆپیشاندان، زاراوی کۆماری کوردستان، حزبی دیموکرات، پێشەوا قازی، شەهیدانی ١٩ی حوزەیران، مەلا مستەفای بارزانی، مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا، کارەساتی تەڵبەندکردنی خێزانە گەڕاوەکانی بارزانیيان لەمەهابادەوە کە لە رۆژئاوای شاری هەولێر نیشتەجێ کرابوون.. هتد. ئەو شتانەی بەجۆرێک لە جۆرەکان، بەر گوێم کەوتبوون، بەتایبەتی پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨، ئەوسا کە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان ی عێراق بووم.. رۆژێکیان لە بارەگای لاوانی کوردستان بووم ـ چاپخانەکەی تێکۆشەری ناسراو سەید مەجید بەرزنجی زەلامێک بەجلوبەرگێکی تایبەتیی کوردی،هەروەها گۆرەویو بەلەکپێچێکی توندوتۆڵی لەپێ بوو..!! خۆی بەناوی: (ئەحمەد تۆفیق) و حزبی دیموکرات ناساندو گوتی میوانی پارتیم. منیش یەکسەر ئاگاداری برادەرانی لێژنەی – پێی دەگوترا لێژنەی مەحەللی – پارتیم کرد.. ئەوانیش گوتیان: بیگەینە ماڵی هەڤاڵ شەمسەدین موفتی لە قەڵات.. منیش لەگەڵ خۆم بۆ ماڵی بەڕێز کاک شەمسەدین موفتیم بردو گەڕامەوە ئەوەی جێی وەبیرهێنانەوەیە، ئەو برادەرە – واتە کاک ئەحمەد تۆفیق – پێمان زۆر عەتنیکە بوو – ئەنتیکە – توورەگەیەکی گەورەی بەسەر شانەوە بوو.. دیار بوو هەندێ – وەکوو جانتە – کەلوپەلی تێدا بوو، بۆم دەرکەوت لەنێو ئەو

کەلوپەلانەدا، ژمارەیەک کارتی وێنەدار - رەش‌و سپی - هەبوو.. کە وێنەی پێشەوا قازی و سەیفی قازی و سەدری قازیی لەخۆ گرتبوو، کارتەکانیش بۆ ئەوە دروست کرابوون پیتاک - یارمەتی - بۆ حەدەکا کۆ بکرێتەوە، بەهای کارتەکانیش بەم جۆرە بوون: (-٢٥٠ فلس، ٥٠٠ فلس، یەک دینار - هەزار فلس). پاشدان، بە بڕیاری پارتی کارتی پیتاکەکان دابەش کران بۆ ئەوەی پارە کۆ بکرێتەوەو ئەنجامیش درا.

شایانی باسە، من ساڵی ١٩٦٠ یەکەم نووسینم بەزمانی عارەبی لە رۆژنامەی (الحجارە)ی شاعیری بەناوبانگی عێراقی (کاظم السماوی) لەبارەی یادی کۆماری کوردستان بڵاو کردەوە.. ئەوەی راستی بێ، پاش بڵاوبوونەوەی زۆر دڵخۆش بووم و قاچم عەردی نەدەگرت..!! ئیتر لەوساوە، بەپێی زیادبوونی هۆشی سیاسی و هەستی نەتەوەیی زانیاریی زیاترم لەبارەی حزبی دیموکراتی کوردستان - بەتایبەتی بەهۆی کاک ساڵح حەیدەریی برا گەورەمەوە وەدەست دەهێنا.

لەکۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوودا بوو، لە مۆسکۆ بووم کتێبێکم دەست کەوت لەبارەی کوردو کوردستان بە قەڵەمی عەباس ئەنوەری نووسرابوو. بە وردی خوێندبوومەوە هەر ئەوەندم دەزانی ئەو (عەباس ئەنوەری‌یە) یەکێکە لە تێکۆشەرە رۆشنبیرەکانی کوردستانی - ئێران - بەرێکەوت مانگی رەشەمە - شوبات ی ساڵی ١٩٦٨، من لە مۆسکۆوە بەنهێنی دەگەڕامەوە نیشتمان یەکەم ویستگە لەشاری پڕاگ - پایتەختی ئەوسای دەوڵەتی یەکگرتووی چیکۆسلۆفاکیا بوو - لەئۆتێلی حزب دایانبەزاندم چەند رۆژێ لەوێ مامەوە، لەپاشان بەرێگەی هێڵی ئاسمانی چوومە سووریا..

ئەو رۆژانـەی لە ئۆتێلەکە بووم، کەسم نەدەناسی! بەرێکەوت لەگەڵ هاوڕێ (عەرەبی بوهالی) سکرتێری حزبی شیوعیی جەزائیر یەکتریمان ناسی، رۆژانە پێکەوە دادەنیشتین.. هاوکات یەکێکی باڵابەرزی گەنمرەنگ و قژرەشم دەدی هاتوچۆی ئۆتێلەکەی دەکرد، چالاک دیار بوو، ئەوە بوو لە رۆژی دیاریکراودا، بەرپرسانی حزب منیان بردە فرۆکەخانەیەک، نازانم ناوی چی بوو..؟! لە فڕۆکەدا لە شوێنی دیاریکراودا، دانیشتم سەیرم کرد، پیاوە باڵابەرزەکە لە تەنیشتم دانیشتوە..!! نە ئەو دەنگ... نەمن دەنگ، بەتایبەتی کە من بەنهێنی دەگەڕێمەوە لە مەسەلەی پەیوەندیو قسەکردن هەستیار بووم.. پاش نیوسەعاتێک لە ئاسمان دەفڕین، بەزمانی رووسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پرسی: خەڵکی کوێی، بۆ کوێ دەچیت.. منیش لەسەرخۆ وەڵامم داوە، گوتم خەڵکی عێراقم، خەڵکی کوردستانم (ئیز ئیراکا، ئیز کوردستانا)!! دەچمە سووریا نەمگوت بۆ عێراق دەگەڕێمەوە، چونکە گەڕانەوەم بۆ عێراق نهێنی بوو.. یەکسەر فەرمووی تۆ کوردی..؟! بەڵێ کوردم..!!

ئیتر وردەوردە دەستمان بە قسەکردن کرد.. ئەو پرسیاری دەکرد، منیش بەئەسپایی وەڵامم دەدایەوە.. بێئەوەی بزانم ئەوە کێیە..!؟ پاشدان کە زیاتر باسی کوردمان دەکرد، من گوتم لەم دواییەدا، لە مۆسکۆ کتێبێکی چاکم لەبارەی کوردەوە خوێندەوە (بەتایپ و رۆنیۆ بەزمانی عەرەبی چاپ کرابوو). فەرمووی دانەرەکەی کێ بوو..؟

گوتم: (عەباسی ئەنوەری) بەپێکەنینەوە فەرمووی: دانەری کتێبەکە عەباسی ئەنوەری دەناسی..؟! گوتم نەخێر نایناسم..!!! دیسان بەپێکەنینەوە فەرمووی حەز دەکەی بیناسی..؟! گوتم، بەڵێ حەز دەکەم بیناسم! فەرمووی ئەو - ناو- ە واتە (عەباسی ئەنوەری) گۆڕاوە خاوەنی کتێبەکە ناوی د. عەبدولڕەحمان قاسملووە..!! حەز دەکەیت بیناسی..؟!.

دیسان گوتم بێگومان حەز دەکەم بیناسم، چونکە کتێبەکەیم زۆر بەدڵ بوو..!

بێئەوەی من بناسێ ئەو یەکسەر گوتی من د. عەبدولرەحمان قاسملووم، من پێموایە لەنێوان قسەکانمان متمانەی پەیدا کردبوو، چونکە زۆر هۆشیارانە قسەی دەکرد. هاوکات فەرمووی تۆ کێی؟، منیش خۆم ئاشکرا کرد، چونکە من بەناوێکی دیکە سەفەرەکەم دەکرد. گوتم مومتاز حەیدەری، کۆمۆنیستم بەنهێنی دەگەڕێمەوە وڵات..!!

فەرمووی برای شەهید جەمال حەیدەریی؟ گوتم بەڵێ یەکسەر هەردووکمان زۆر بەپەرۆش و گەرمەوە بێئەوەی هەست بکەین لەنێو فرۆکەداین و لەئاسمان دەفڕین، لەجێی خۆمان راست هەڵساینە سەرپێ و دەستمان لەملی یەکتری کردو یەکتریمان ماچ کرد..!!! سەرنشینەکانی فرۆکەکە سەرسام بوون، بەسەرسوڕمانەوە تەماشای ئێمەیان دەکرد..!! نەیاندەزانی مەسەلە چیە..؟! ئیتر پاش تەواوبوونی دەستلەملانە گەرمەکە، دانیشتینەوە دووبارە زۆر بەراشکاوانە پێم گوت گەڕانەوەم لە سووریاوە بۆ عێراق نهێنی دەبێ.. جا نازانم لەرێگا بەسەلامەتی دەرباز دەبم؟!.. پێمگوت:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێگومان سەردانی مامۆستا هەمزە عەبدوڵلا دەکەیت - چونکە ماڵی مامۆستا هەمزە عەبدوڵلا هەردەم بارەگەیەکی کراوەی سیاسی بوو، هەموو لایەنەکانی سیاسی هاتوچویان دەکرد فەرمووی مامۆستا هەمزە، دۆستێکی نزیکمە، پیاوێکی گەورەیە، زۆریش هاتوچۆی دەکەم..

منیش بە دوکتۆرم گوت: دوو بتل ڤۆدکای چاکم بۆ مامۆستا کڕیوە ئەگەر دەکرێ تۆ لەگەڵ خۆت بۆی بەریەو پێشی بڵێی ئاگاداری هاوڕێ عەزیز محەممەد سکرتێری حزب بکات کە بەرێگاوەم ئەگەر نەگیرێم ئەوە پاش چەند رۆژی دیکە دەگەمە بەغدا.. هتد.. بەزووترین کات سەردانی مامۆستا هەمزە عەبدوڵلا دەکەم..!!

فەرمووی زۆر باشە.. دوو بتل ڤۆدکاکەلەناو جانتاکەی بەردەستم بوون، یەکسەر وەریگرت خستیە ناو جانتاکەیەوە.

پاشماوەیەک گەیشتینە فرۆکەخانەی ئەستەمبوول بۆ ماوەی (٤٥) دەقیقە لەوێماینەوە لەو کورتەماوەیەش دا دوکتۆر باسی ئەستەمبوولو کوردو تورکیای بۆ دەکردم.. بەهەرحاڵ گەیشتینە دیمەشق ئەو بەجیا لە ئۆتێلێکی گەورە دابەزی، منیش لە ئوتێلێکی بچکۆلانە دابەزیم.. ئەو دیسان بە فڕۆکە رووی لەبەغدا کرد،

منیش پاش چەند رۆژێک چوومە وڵاتی کوێت. لەوێش بە ئۆتۆمۆبێلی گەورەی کرێ، بە سەلامەتی بەشەو گەیشتمە شاری بەسراو، هەر بەوشەوە، نیوەشەوبوو دیسان بە ئۆتۆمبێلێکی گەورە واتە نەفەرەکانی زۆربوون. بۆ رۆژی دوایی گەیشتمە شاری بەغداو بە سەلامەتی لە گەڕەکی - وەزیریە - بە کەسوکارم شاد بووم.

رۆژی پاشتر سەردانی جەنابی مامۆستا هەمزە عەبدوڵلام کرد و زۆر، زۆر کەیف خۆش بوو بەڕاستی ئێمەی زێدە خۆش دەویست. مامۆستا هەمزە فەرمووی دیاری‌یەکەت گەیشت، بتلێکیشمان نۆش کرد!! کاک عەزیز ئەم شەو بۆ ئێرە دێت! بەپەرۆشی بیستنی هەواڵی بەسەلامەتی گەڕانەوەتانە..! هەر ئەو شەوە، بەجەنابی کاک عەزیز محەمەد لەماڵی مامۆستا هەمزە شاد بووم.

ئیتر پاش گەڕانەوەم، ناوە ناوە هەندێ جار بەرێکەوت لە ماڵی مامۆستا هەمزە، یان لە شوێنێکی دیکە بەخزمەت د. قاسملوو دەگەیشتم... بەڕاستی پیاوێکی زۆر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆشمەحشەر، قسەزانو زیرەک و دەمبەپێکەنین و کۆمەڵپەروەر بوو..!!

یەکێ لەو دەرسانەی لەجەنابیان فێر بووم ئەوە بوو، رۆژێکیان لە شەقامی (النهر) شەقامێکی جوانو پڕ کۆگای جلو بەرگی مودێڕنی ژنانە بوو، پیاسەم دەکرد هەر ئەوەندەم زانی یەکێ بانگی کردم، گوتی کاک مومتاز ئەوەندە سەیری ئاسمان مەکە، پیاوی فەقیریش ببینە، منیش ئەوە لێرەم....!! ڕاستییەکەی سەیری بالآخانە جوانەکانی ئەو شەقامەم دەکرد..! هەڵبەت فەرموودەکەیم، وەک پەندێکی سوودبەخش وەرگرت لەوەوە فێربووم، کە مرۆڤ هەردەم لەگەڵ خەڵکدا بێو خەڵک ببینێ - لووت بەرزو بەفیز نەبێ..!!

بەڵێ، شەهید د.قاسملوو، بە یەکێ لە سەرکردە رووناکبیرو تێکۆشەرە گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک دەژمێردرێ. سەد حەیف و مخابن بۆ ئەو کۆستە گەورەی جوولانەوەی رزگاریخوای گەلی کوردستان بەتایبەتی رۆژهەڵاتی نیشتمان، کوردستانی گەورە بەگشتی.

گیانی شادو رەوانی ئەو رووناکبیرە سەرکردەیە هەردەم زیندوو بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو ڕێبەرێکی گەورە

**کەریم ئەحمەد**

ساڵی ١٩٧٣ ئەو کاتەی لە وەزارەتی بەرنامەدانانی عیراق کاری دەکرد، لە بەغدا چاوم پێی کەوت. ئەم دیدارە لەگەڵ هاوڕێ عەزیز محەممەد بوو. لەو کاتەدا ئەمن بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی حیزبی شیووعیی عیراق بووم. ...

دوای ئەو دیدارە زۆر جار هاتوچۆم دەکردن، ئێمە سەرمان دەدان‌و ئەو سەری دەداین‌و لە بارەی بارودۆخی ئێران‌و عێراقەوە زانیاریمان دەدا بە یەکتر. وەزعەکە باش نەبوو. بەعس سیاسەتێکی ناسەقامگیرو راستڕەوانەو دیکتاتۆرانەی گرتبووە پێش و بەتایبەتی پێوەندی‌یەکانی دەگەڵ شۆڕشی کوردستانی عیراق و لە ئاکامدا دەگەڵ حیزبی شیوعیی عیراق و حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)یش گۆڕابوو. (ساڵی ١٩٧٤) شەهید قاسملوو داوای چاوپێکەوتنی لێ‌کردین و قەرارێکی لە چاخانەیەک (ئەبوونەواس) دانا. کە چووم دیتم چاوەڕێمە، پاش سڵاوی هاوڕێیانە گوتی با لەکورتی بی‌بڕینەوە، ئیمکانی مانەوە لە عیراقمان نەماوە چونکە حکوومەتی عیراق کەندوکۆسپ دەخاتە سەر ڕێگەی کاروچالاکیمان. چونکە هەستمان کردوە حکوومەتی بەعسی عێراق دەستی کردوە بەباش کردنەوەی پێوەندی‌یەکانی دەگەڵ ئێران، و پێش ئەوەی حکوومەت داوامان لێ‌بکا بەغدا بەجێ بێڵین، ناچارین روو لە ئورووپا بکەین. دوایە گوتی وەزعی ئێوەش بەرەو خەراپی دەچێ، بەتایبەتی لە پێوەندی دەگەڵ شۆڕشی کوردستان‌دا، و داوای لێ‌کردین بەرانبەر بەوەی بە نهێنی لە نێوان ئێران و عیراق‌دا دەگوزەرێ وشیارو لەسەرهەست بین. لێرەدا ماڵاواییمان لێکتر کرد بەو قەرارە کە لە شوێنێکی دیکەی جگە لە بەغدا یەکتر ببینینەوە.

وا ڕێ‌کەوت ساڵی ١٩٧٦ بۆ کارێکی حیزبی سەردانی (پراگ) پێتەختی چەکوسلۆڤاکیام کرد. هاوڕێیان ئاگاداریان کردم کە دوکتۆر قاسملوو دەیەوێ چاوی پێم بکەوێ. دەسبەجێ قبووڵم کردو قەرارێکمان لە ڕێستوورانێکی پراگ دانا.وا بزانم لەو کاتەدا لە زانستگەیەکی پراگ دەرسی دەگوتەوە. کاتی دیدارەکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەیشت، دوای سڵاوو چاکوچۆنی ئەمن دەستم بەقسە کردو وەزعی عیراق پاش نوشوستی‌یەکەی شۆڕشی ئەیلوول لەئاکامی ڕێککەوتنی شاو سەددام لە ساڵی ١٩٧٥ دام بۆ باس کرد. لەو ڕێککەوتننامەیەدا شا سێ داخوازی بنەڕەتیی لە سەددام هەبوون کە بریتی بوون لە دیاری‌کردنەوەی سنووری هاوبەشی نێوان عیراق و ئێران، وازهێنان لە نیوەی یەکاوی عەرەبان (شط‌العرب) بۆ ئێران و پچڕینی پێوەندیی بەرەیی دەگەڵ حیزبی شیووعیی عیراق. سەددامیش تەنیا داوایەکی لە شا هەبوو کە بریتی بوو لە ڕێگەگرتن لەو یارمەتی‌یانەی بە ئێران دا دەگەیشتنە شۆڕشی ئەیلوول. ئەمجار شەهید قاسملوو بارودۆخی ئێرانی باس کردو گوتی بە رواڵەت ئارامە، بەڵام کارو تێکۆشانی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوە دەستی پێ‌کردوە بەتایبەتی دوای ئەوەی حکوومەتی سەددام لە سەر داوای شا پیاوی ئایینیی ئۆپۆزیسیۆن (خومەینی)ی ناچار کردوە عێراق بەجێ بێڵێ و پەنا بەرێتە بەر فەرانسە. زۆریش بانگەواز بۆ هاوپەیمانەتیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کراوە، بەڵام وا دیارە ئەو هەوڵانە بەهۆی ناکۆکی‌یەکانی نێوان حیزب و ڕێکخراوە ئێرانی‌یەکان سەر نەکەوتوون. بەتایبەتی لەبەر ئەوەی ئەو ڕێکخراوانە هیچ تەشکیلاتێکیان لەنێوخۆدا نیە، بەڵام پێگەی گەلی‌یان هەیەو ئەگەر هەلومەرجی دێموکراتی‌یان بۆ بڕەخسێ ئەوان دەتوانن ڕێکخراوەکانیان دروست بکەنەوە. هەر چەند خومەینییش ڕێکخراوێکی نیە، بەڵام پێگەیەکی بەرینی لە نێو پیاوە ئایینی‌یەکان‌دا هەیە کە لەنێو کۆمەڵانی خەڵک‌دا زۆریان دەست دەڕوا. پاشان گوتی هەست دەکا لەو ساڵانەی لە پێشدان ڕووداوی شۆڕشگێرانە دێنە پێش. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ڕووداوانەی لە ئێران‌دا دەگوزەرێن دوور نیە، بەڵام کۆسپی سەر ڕێگەمان حیزبی توودەیە کە هەڵوێستێکی خەراپی بەرانبەرمان هەیەو ئێوە باشترتان ئاگا لێیە.

پێش‌بینی‌یەکەی ڕێبەری شەهید قاسملوو هاتەدی‌و ئەو ڕاپەرینە گەلی‌یە تەقییەوە کە بە سەرۆکایەتیی خومەینی ساڵی ١٩٧٩ حکوومەتی شای ڕووخاند. لەو ڕۆژە گەردەلوولاوی‌یانە دا ئەمن بۆ دوو مەبەست چوومە تاران. یەکیان ئاگاداربوون لەو ئاڵوگۆڕانە بوو کە دوای ڕووخانی شا بەسەر ئێران‌دا هاتبوون. هاوڕێ (عادل حبە) شم لە گەڵ بوو کە ئاگاداری‌یەکی بەرینی لە هێزە سیاسی‌یەکانی ئێران هەبوو، و لە نێو کادری ڕێبەریی حیزبی توودەو چریکی فیدایی خەڵک و موجاهیدینی خەڵک و پیاوە ئایینی‌یەکان‌دا هێندێ دۆستی هەبوون و بەتایبەتی پێوەندیی دەگەڵ زانای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشکەوتنخواز ئایەتوڵڵا تاڵەقانی باش بوو. ئەمە یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی بتوانم چاوم بەو حیزب و ڕێکخراوو کەسایەتی‌یانە بکەوێ. مەبەستی دووەمیش ئەوە بوو کە سەردانی بنکەکانی پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعیمان بکەم کە لە سەر سنووری نێوان عیراق و ئێران دامەزرابوون تا لە پێویستی‌یەکانیان ئاگادار بم و هەروەها پێوەندی بە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بگرم کە بە تازەیی پارتی سۆسیالیستی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی ڕەسووڵ مامەندی کۆچکردوو و دوکتور مەحموود عوسمانی سەربەخۆی لێ جیا ببوونەوە. هەروا سەردانی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)یش بکەم. پێش ئەوەی بچمە مەهاباد، لەو هۆتیلەی لێی دابەزیبووم کاک مەسعوود بارزانی سەردانی کردم و داوای لێبووردنی کرد لەوەی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعیی عیراقدا گوزەراوە و لە پێوەندیی خەراپی نێوان هەر دوو حیزب، پێم‌گوت لەگەڵ ئەوەی عوزرهێنانەوەکەت قبووڵ دەکەم، هەردوولا ئێمەش و ئێوەش هەڵەمان بەرانبەر بەیەکتر هەبووەو ئارەزوو دەکەم پێوەندیی خەباتگێڕانەی نێوانمان بگەڕێتەوە دۆخی جارانی. ڕۆژی دواتر دەگەڵ تێکۆشەر کەریمی حیسامی بە قەتار بەرەو مەهاباد وەڕێ کەوتین‌و بەیانی بوو کە گەیشتینە وێ. هاوڕێیانمان ماڵێکیان لە دەوروبەری شار بەکرێ گرتبوو. ئەمن تێکۆشەر جلال دەبباغیشم لەگەڵ بوو. هاوڕییان ئەحمەد بانیخێلانی و بەهائەددین نووری و هێندێ هاوڕێی دیکەش وەک ئەبووتاراو هی تر بە تازەیی گەیشتبوونە مەهاباد بۆ ئەوەی بچنە بنکەی پێشمەرگەکانمان لە «ناوزەنگ» ڕێبەری شەهید قاسملوو کە خەبەری هاتنی من بۆ مەهابادی بیستبوو، دەگەڵ وەفدێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان(ئێران) هاتە ئەو ماڵەی هاوڕێیانی لێ‌بوون، پاش دەست‌وەمست و چاک‌وخۆشی، شەهید قاسملوو دەستی بەقسە کردو گوتی وەک دەبینن وەزعەکە ڕوون و سەقامگیر نیەو کێشە لە نێوان حیزب و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان و پیاوە ئایینی‌یەکان‌دا هەیە، وا دیارە تا ئێستا ڕێبەرایەتیی خومەینی قبووڵ کراوە. لە نێو حیزبە سیاسی‌یەکان‌دا موجاهیدین لە پێشەوەن، دوای وان چریکە فیدایی‌یەکان‌و ئەو لیبراڵانە دێن کە مەیلیان بە لای «مصدق « دایە.

لە کوردستان حدک(ئێران) نفووزێکی بەرینی لە نێوان کۆمەڵانی خەڵکدا هەیە.....
و بە هەر حاڵ وەزعێکی لیبڕاڵی هەیە کە تا ئێستا دەرفەتی کاری ئازادی بە هەمووان داوە، بەڵام کێشەی فکری لە نێوان هەمووان‌دا هەیە. تا ئێستا وەزعەکە لەسەر خەتێکی دیاریکراوی سیاسی جێگیر نەبووە و لەم ڕۆژانەدا وەفدێکی کوردستانی

دەنێرینە لای خومەینی. ناوبراو ئایەتوڵڵا تاڵەقانیی ناردۆتە کوردستان بۆ ئەوەی راپۆرتێکی لە سەر مەسەلەی کورد بۆ ئامادە بکا. ئێمە هاتنی تاڵەقانیمان پێخۆشە، چونکە ئەو پێیخۆشە گەلی کورد مافە ئیداری و فەرهەنگییەکانی بەدەست بێنێ و فەرقی دەگەڵ پیاوە ئایینییەکانی دیکە هەیە کە دەیانەوێ مەسەلەی کورد پشت گوێ بخرێ بەو ناوە کە (هەموومان موسوڵمانینو هەموومان ئێرانیین). هەروەها گوتی ئێمە لە خزمەتتاندایین، پێویستیتان بە هەرچییەک هەبێ ئامادەین بە پێی توانا بۆتان دابین بکەین. پاشان نۆرەقسەی دا بە من و زۆر بە کورتی پێم گوت ئێمە ئێستا بووینە حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆن و هاوپەیمانیمان لەگەڵ بەعس نەماوەو بووینە بەشێک لە هێزە شۆڕشگێرەکانی کوردستان و لە ژێر دروشمی (دێموکراسی بۆ عێراق و حوکمی زاتیی راستەقینە بۆ کوردستان)دا کار دەکەین.دوای گەشتێک بۆ ناوچەی (ناوزەنگ)و چاوپێکەوتنی مام جەلال و رەسووڵ مامەندو دوکتور مەحموود عوسمان و سەردانی بنکەی پێشمەرگەکان، گەڕامەوە تاران بۆ درێژەدانی دیدار لەگەڵ حیزب و رێکخراوو کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان، راپۆرتێکی دوورودرێژم نووسی و ناردم بۆ هاوڕێ عەزیز محەممەد کە ئەودەم لە مۆسکۆ بوو. ئەمن هەوڵم دەدا پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی توودە باش بکەمەوە، بەڵام بەداخەوە بە هۆی هەڵویستی نالەباری کیانووری، سکرتێری حیزبی توودە بەرانبەر بە دێموکرات سەر نەکەوتم و ئەمە شوێنەواری خەراپی لەسەر پێوەندیی ئێمەو توودەش دانا. وا رێکەوت حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشانگەیەکی لەتاران دانا کەخەبات و قوربانیدانی ئەو حیزبە لەپێناو مافە نەتەوایەتییەکانی کوردیدا نیشان دەدا. ئەمن چوومە ئەو پێشانگایە کە خەڵکیکی یەکجار زۆر لە هەموو نەتەوەکانی ئێران و حیزب و رێکخراو و شەخسییەتە جۆراوجۆرەکان سەریان لێدەداو رێبەری شەهید بۆ خۆی پێشوازیی لێدەکردن.ئاڵوگۆرەکان و بارودۆخی سیاسیی ئێران بەرەو راست رۆیشتن، چونکە حکوومەت هێرشێکی بەربڵاوی زەبروزەنگی کردە سەر ژیانی حیزبایەتی و لەپێش هەموانیشەوە حیزبی توودەی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان(ئێران).

حیزب ناچار بوو بنکەکان بگوازیتەوە بۆ شاخ و هێزە حیزبییەکانی وەکوو هێزی پێشمەرگە لە چیاکان رێک بخاو شەڕی زۆر سەخت لە نێوان هێزە حکوومەتییەکان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە هێندێ ناوچەی رۆژهەلاتی کوردستان روویان دا. شەهید قاسملوو سەردانی بارەگای ئێمە لە (نۆکان)ی کردو سەری بارەگای یەکیەتیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشتمانیی کوردستانیشی دا. ئێمە لە گەڵ مام جەلال ڕێک کەوتین کە پێکەوە سەردانی بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان(ئێران) بکەین کە لە مەهابادەوە هاتبووە شاخ. وەفدی ئێمە پێک هاتبوو لە هاوڕێ عەزیز محەممەد و من و وەفدی (ینک)یش لە مام جەلال و جەمال ئاغاو چەند کەسی دیکە پێک هاتبوو، وتووێژێکی دۆستانە لە نێوان هەر سێ لادا گوزەراو وەفدی ئێمە چووە سەر باسی پێوەندیی ناخۆشی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان(ئێران) و پارتی دێموکراتی کوردستانیش و بریار درا کە هاوڕێ عەزیز محەممەد هەوڵی باشکردنی پێوەندیی نێوان هەردوو حیزب بدا.

بە کردەوەش ڕۆژی دوایی بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان(ئێران) مان بەجێ هێشت و هاوڕێ عەزیز لەوێ ڕا چووە(راژان) بۆ بارەگای (پارتی) بۆ باسی باشکردنی پێوەندی‌یەکان و داوا لە پارتی کرا بۆ چاوپێکەوتنی هەر دوو لا، بەلام هەولەکان ئاکامێکی باشیان لێنەکەوتەوە ڕووداوەکانی نێوان عیراق و ئێران بەرەو خەراپی ڕۆیشتن. عیراق شەڕی بە دژی ئێران هەڵگیرساندو چالاکیی شۆڕشگێرانەی (حدکا) رووی کردە ناوچە سنووری‌یەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق... ڕێبەری شەهید چووە ئوروپا بۆ درێژەدانی چالاکیی سیاسیی خۆی بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتیوانیی دەرەکی بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان. ئێران بە چالاکیی شۆڕشگێرانی گەلی کوردی ئێران و چالاکیی ڕێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهید قاسملوو زۆر قەلس بوو. بۆیە دەزگای جاسووسیی ئێران بە ناوی وتووێژ بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لەئێرانەوە بۆسەیەکی بۆ نایەوەو بە گوللەی غەدرو خەیانەت سنگی شەقارشەقار کرد. بەمجۆرە کۆتایی بە تەمەنی ڕێبەرێکی دیاری بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان هات و ئەمە بووە پەڵەیەکی شەرم بە نێوچاوانی دەزگای جاسووسیی ئێرانەوە.

ئەوان پێیان وابوو بە تیرۆری شەهید قاسملوو بزووتنەوەی رزگاری‌خوازانەی کوردستانی ئێرانیان لە نێو بردوە، بەڵام خەراپ حاڵی ببوون، چونکە حیزبی شەهید قاسملوو ئێستاش و لە مەودواشخەباتی نەپساوەی خۆی بۆ وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران درێژەی پێدەدا.

شانازی و نەمری بۆ ڕێبەری شەهید قاسملوو

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە یادی ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی سەرکردەیەکی لێهاتووی کوردستان‌دا

د. جەمشید حەیدەری

بێگومان نووسین لەسەر کەسایەتیی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و زاناو سیاسەتوانی کورد، دکتور ئاورەحمانی قاسملوو ئاسان نیە. چونکە ئەو مرۆڤە تێکۆشەرە، زانایە، سیاسی‌و ئەدەبدۆستە، ڕووناکبیرێکی فرەلایەن بوو. جگە لەوەی سەرکردەیەکی ماندوونەناسی بزاڤی رزگاری‌خوازی کوردو بزاڤی چەپ بوو لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، هەربۆیەش تیری ژەهراویی ئاخوندەکانی ئێران ئاراستەی کراو لە سەر مێزی گفتوگۆ لەپێناو ئاشتی، بە نامەردی شەهید کرا.دیارە ئەوانەی لە نزیکەوە دکتۆر قاسملوویان دەناسی و هاوخەبات و هاورێگەی بوون. تایبەتمەندی و توانست و فیکری سیاسیی دوکتور قاسملوویان لەرێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە کاتی ئاشتی و جەنگداو لە پێوەندی فرەوانی لەگەڵ بزاڤی رزگاریخوازی و دێموکراتی لەسەر ئاشتی نێودەوڵەتی‌دا بەرز هەڵدەسەنگاند.

من لەساڵی ١٩٧٤دا، لە بولگارستان و لە ماڵی شەهیدی نەمر مامۆستا حەسەنی قزلجی یەکتریمان ناسی. بەڵام بەر لەوکاتەیش، کە بە ئەنوەری ناسراو بووو لە پراگ دەژیا لە دوورەوە دەمناسی، لەرێگەی نووسینە بەبایەخەکەی. کوردستان و کورد - چاپی عەرەبی ١٩٦٨ (پراگ)و پاشانیش چاپی کوردی - کوردستان و کورد - لە وەرگێرانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەو بەتایبەت دوای کۆنگرەی سێیەمی حیزب کە دوکتور قاسملوو بەسکرتێر هەڵبژاردرا.

لە هەشتاکان، کە هێشتا دوکتور لە ژیان‌دا بوو، زۆر لایەنی سیاسی‌و فیکریی دوکتورم لە یەکێک کە هاوخەباتی بوو لە نزیکەوە ناسی، بەڵام بەداخەوە لە بەرەی دژی یەکتر بوون، لە کاک کەریمی حیسامی ـ یەوە دەبیست. دێتەوە یادم کە هەواڵی شەهیدبوونی دکتۆر قاسملوو گەیشت شلەژابوو، فرمێسک لە چاوەکانی خورخور دەهاتنە خوارێ.

لەسەر وتاری رۆژنامەی «سەردەمی نوێ» ئابی ١٨٨٩ دا بەمجۆرەی نووسیبوو:» قاسملوو یەکێک لەو کەسانە بوو کە نەک هەر لە کوردستان، بەلکوو لە دەرەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستانیش بە زانایەکی لێزان و سیاسی‌یەکی ژیرو کارامەو بە تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەر ناسراو بوو. بەشی زۆری تەمەنی خۆی لە دەربەدەری‌و لەخەباتی سیاسی و تیکۆشان لەپێناو وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورددا رابوارد. «هەر لەو وتارەدا هاتبوو:» کوژرانی دکتۆر قاسملوو نەک هەر بۆ حیزبی دیموکرات، بەڵکوو بۆ جووڵانەوەی رزگاریخوازی کورد زیانێکی گەورەو کۆستێکی گران بوو.»

هەر چەندەکاک کەریمو دکتۆر قاسملوو بەروالەت لە بەرەی جیاوازدا بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا، دکتۆر قاسملووی بەرز هەڵدەسەنگاند، دوکتور قاسملوو خاوەنی ئەزموونێکی زۆر بوو، وەک تێکۆشەرێک لەریزی حیزبی «تووە« دا وەک زانایەک کە ماوەیەکی زۆر لە چیکۆسلۆڤاکیا ژیابوو خوێندنی تەواو کردبوو، لە نزیکەوە ئاشنایەتیی لەگەڵ سیستمی بلۆکی ئورووپای رۆژهەلات - دەوڵەتانی ئۆردووگای سۆسیالیستی - شارەزایی و لێکدانەوەو تێبنی‌یەکانی لەسەر شێوەی پراکتیزە کردنی بەرنامەی (دامەزراندنی سۆسیالیزم)و سەپاندنی سیاسەتی دەوڵەتی زلهێز پێشێڵکردنی بنەمای مافی دیموکراتی لەو سیستمانەدا لە ژێر پەردەو بیانووی پاراستنی دەستکەوتەکانی سۆسیالیزم، سەرکوتکردنی نارەزایی میللەتانی هێندێک لەو دەوڵەتانە وەک: مەجارستان لە ساڵی ١٩٥٦، چیکۆسلۆڤاکیا لە ساڵی ١٩٦٨: بێگومان ئەو رووداوانـە دوکتور قاسملووی خستە بەردەم هەڵوێستەیەک و پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی ئەزموونی فەرمانرەوایی وڵاتانی بلۆکی رۆژهەڵاتی ئورووپاو سۆڤیەت و رێباز و سیاسەتی پارتە کۆمۆنیستەکان. چ ئەوانەی لە دەسەڵاتدا بوون و چ ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەلات و کاریگەریی ئەوانەلە سەر بزاڤی رزگاریخوازی گەلانی ژێردەست. هەروەها دەست نیشانکردنی ناکۆکیی سیاسەت‌و پرەنسیپەکانی راگەیاندراوی دەوڵەتانی ئەو بلۆکە لەگەڵ بەرژەوەندیی خەباتی رزگاریخوازو دیموکراتیکی میللەتانی ژێردەست. چونکە بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی‌و ئابووری لەسەرووی دۆستایەتی و پشتگیریی خەباتی زەحمەتکێشانی جیهانی سێیەم بوو. بۆ نموونە: پێوەندیی ئابووری و سیاسیی سۆڤیەت و ئێرانی شاهنشاهی، پێوەندیی سۆڤیەت و ئەڵمانیای دیموکراتی لەگەڵ رژێمی سەدام حوسین و سوریا... هتد.بێگومان ئەو پێوەندی‌یانە ناکۆک بوون لەگەڵ پرەنسیپی پشتگیری‌و هاوکاریی ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیست لەگەڵ خەباتی گەلانی چەوساوە دژی رژێمە کۆنەپەرستەکان‌و دیکتاتۆرەکان.

بێگومان ئەزموونی رابردووی لە ریزی حیزبی تودە و لێکدانەوەی بۆ سیاسەتی پیادەکراوی ئەو دەوڵەتانە، و تێگەیشتن و بەرپرسیاریەتی بەرانبەر بە بزاڤی دیموکراتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و رزگاریخوازی گەلی کورد وای لە دکتۆر قاسملوو کرد گۆڕەپانی خەبات بگۆڕێ و هێزوتوانای خۆی تەرخان بکا بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و دێموکراتیی گەلی کوردستان و گەلانی ئێران لە ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا. بێگومان لێهاتوویی سیاسی و زانایی و ئەزموونی رێکخراوەیی دکتۆر قاسملووی هێناوەتە سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. دوکتور قاسملوو لە سەرەتای حەفتاکانەوە تا شەهیدبوونی لە ساڵی ١٩٨٩دا، چ بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران و چ لە خەباتی شارو شاخدا بەلێهاتوویی رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد.

وەک لە مێژووی حیزبی دێموکرات دەردەکەوێ، دوکتور قاسملوو دوای گەڕانەوەی لە ئەورووپاو بەرلە کۆنفرانسی سێیەمی حیزب، بیری لە گۆڕان لە بەرنامەو پێڕەوی حیزب دەکـردەوە. چونکە حیزبی دێموکرات وەک زۆربـەی حیزبە کوردیەکان و حیزبە شۆڕشگێرەکانی دونیا لە ژێر کاریگەریی حیزبە کۆمۆنیست و کرێکارەکانی دونیادا بوو، بنەماکانی بەرنامەو پێڕەوی حیزبیان نموونەی حیزبە لێنینیەکانی بووو، هەروەها ئامانجی دوارۆژیش بۆ هەموو حیزبە شۆڕشگێرەکان و چەپ ـ سۆسیالیزم و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بوو. دوکتور لە روانگەی تێگەیشتنی خۆیەوەو سوودوەرگرتن لە ئەزموونی حیزب و دەوڵەتانی بلۆکی ئورووپایی رۆژهەڵاتی گەیشتبووە قەناعەتێک،کە بێ دێموکراتیەتی کۆمەڵایەتی و ئازادیی بیرورای سیاسی، سۆسیالیزم تووشی شکستی دێت. بۆیە لە یەکەم پرۆژەی بەرنامەی بەر لە کۆنفرانسی سێیەم وەک مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە دەنووسێ:» پاشگری دێموکراتیی بۆ سۆسیالیزمەکە دانابوو.» وەک دەردەکەوێ لە کۆنفرانسی سێیەمەوە تا کۆنگرەی شەشەمی حیزب مشتومڕو ململانێ لە سەر هێندی تێزی سۆسیالیزم و گۆڕانی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆ درێژەی کێشاو ناکۆکی لە نێوان لایەنگرانی بۆچوونەکەی دوکتور قاسملوو لەگەڵ دژە بۆچوونەکانی کێشەی دروست کردبوو. هەندێ لە دژەبۆچوونەکانی دوکتوریان بەوە تاوانبار دەکرد کە مەبەستی لە چەمکی سۆسیالیزمی دێموکراتیک، سۆسیال دێموکراتیی ئورووپایە، بەڵام حەسەنزادە دەنووسێ کە لە کورتەباسدا دوکتور بەراشکاوی رای گەیاندوە.» سۆسیالیزمی دێموکراتیک لەگەڵ سۆسیال دێموکراسی فەرقی هەیە، سۆسیال دێموکراسی رێبازێکی ریفۆرمیستیە کە بەناوی سۆسیالیزم دیفاع لە سەرمایەداری دەکا... لە حالێکدا سۆسیالیزمی دێموکراتیک بەمانای هەڵوەشانی سەرمایەداری بە تەواوی و پێکهێنانی کۆمەڵێکی سوسیالیستیە« (کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ ٢٠٠٢، لاپەرە ٤٤٤).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرچەندە دوکتور قاسملوو ئەوکات بۆچوونەکەی بەم شێوەیە فۆرمووڵە کردوە، بەڵام بەئەندامبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سۆسیال ئینتێرناسیۆنال دا، پێچەوانەی فۆرمووڵەکەی خۆیەتی.

دوکتور قاسملوو بیری لەلابردنی هەندێ بەندو پرەنسیپی پێڕەو و بەرنامەی حیزبە کۆمۆنیستەکان و حیزبە چەپەکانی هاوشێوەیان کردەوە، وەک ژمارەیەک لەحیزبە کۆمۆنیستەکانی فەڕەنسە، ئیتالیاو ئیسپانیا کە لە شەستەکان لەبەرنامەی خۆیان لایان بردن وەک: «دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و سەنترالیزمی دیموکراسی». هەر چەندە لە بەرنامەی دێموکراتدا. دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا نەبووە، بەڵام سەنترالیزمی دێموکراسی لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی زۆربەی حیزبە چەپەکاندا چەپێنراوە. بێگومان سەنترالیزمی دێموکراسی لە زۆربەی حیزبەکاندا بەخەرابترین شێوە پیادە کراوە، تەنیا سەنترالیزم پیادە کراوەو دێموکراتیەت پێشێل کراوە بە بۆچوونی من ئەو بەندە چەکێکی کوشندە بوو بۆ سەرکوتکردنی بیروڕای جیاواز لە نێو حیزبداو سەپاندنی بۆچوونی ناوەندو پشتگوێخستنی بۆچوونی کەمینە و کپکردنی دەنگیان یاخود دەرچوون لەدیسیپلینی حیزبی لێک دراوەتەوە (سر کردن، دەرکردن، تۆمەتدانەپاڵ) هەرچەندە هەندێ سەرکردەی لە شێوەی دوکتور قاسملوو لەرووی تیۆرییەوە دژی سەنترالیزمی دێموکراسی بوون، بەڵام لەپراکتیکدا لە نێو حیزبەکانیاندا پیادە کراوە. بێگومان دوکتور ئاوڕەحمان قاسملوو، سەرکردەیەکی لێهاتووی گەورەی کورد بوو. بەڵام وەک دەوترێ کەس لە کەموکوڕی و هەڵە بەدەر نیە، بێگومان هەڵەی مرۆڤی مەزن، ئەگەر بچووکیش بێ بەگران لەسەر حیزب و بزاڤی رزگاریخوازی میللەتەکەی دەوەستێ.

بێگومان لەدەستدانی گەورە سیاسەتوانی کورد، ئاورەحمانی قاسملوو زیانێکی گەورەیە لە بزاڤی رزگاریخوازی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دا.

لە بیستەمین ساڵی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا، هەزار سڵاو لە گیانی و رەوانی شاد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور قاسملوو دیاردەیەکی نوێ لە بزاڤی کورددا

عەزیز ماملێ

لە ساڵەکانی ١٩٨٠ی زایینی، ئەستێرەیەک لە ئاسمانی بزووتنەوەی کورد وەدەرکەوت، درەوشاوە، گەشاوە، رازاوەو رووناکایی خستە سەر سیاسەت و ستراتیژیی کورد.

ئەو دیاردەیە کە شتێکی نوێ بوو لە مێژووی سیاسیی کورددا، کەسایەتی‌یەکی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو، رووناکبیرێک بوو تێگەیشتوو لە کێشەی کورد لەنێو «معادلات» و پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان، پێگەیشتوو لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، بەفەرهەنگی بەرزی تایبەتی‌یەوە.

کاراکتێرو کاریزمای دوکتور قاسملوو لە چ پلەو رادەیەکدا بوو کە توانی لە ماوەیەکی کورتدا جێگەیەکی پتەو لە مەیدانی خەباتی کورد، هەروەها پێگەیەکی بەربڵاو لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری، بە تایبەت ناو وناوبانگێکی ئەوتۆ لە جیهاندا بۆ خۆی دابین بکا؟ دوکتور قاسملوو کۆمەڵێک تایبەتمەندیی رەنگاورەنگ و جۆراوجۆری لە خۆیدا کۆ کردبۆوە.لە هۆش و زەکاوەتدا پلەی زۆر لە سەرەوە بوو، لە ناسین و لێکدانەوە گورجو ئازا، لە بیرو فکردا بەرزو باڵا، لە هەڵسەنگاندندا بەپێزو بەهێز، لە بۆچوون و ئانالیزەکردن بەدەسەڵات و بە توانا بوو. تەواوەتی ئەو سروشتە تایبەتی‌یانە هی ئەوە بوو کە پیاوێکی فرە زاناو عالم بوو. لە فەلسەفە هەتا کۆمەڵناسی، لە عیلمی ئابووری هەتا سیاسەت، مامۆستایەکی پایەبەرز بوو. لەبەر ئەوە بوو کە کەسێکی باوەڕبەخۆ بوو، متمانەی بە لێوەشاوەیی و لێهاتوویی خۆی هەبوو ئەو کاراکتێرە شەخسی و بەرچاوانەی دوکتور قاسملوو وای لێ‌هاتبوو کە لە دانیشتن و پێوەندی لەگەڵ هەر کەس، لە نێو هەر کۆڕوکۆمەڵێک، دەکەوتنە بەرچاوو سەرنجیان رادەکێشا و کەسایەتی و ژیریی ئەو ئینسانەیان بەرجەستە دەکرد.

من کە شانازیی بەرپرسیارێتی پێوەندی‌یە گشتی‌یەکانی ئەو سیاسەتوانە بە ئەزموونەم هەبووە لە نێو حیزبی دیمۆکراتدا، چەن نموونەیەک بە کورتی باس دەکەم بۆ دەرخستنی هەڵسوکەوت و چۆنیەتیی پێوەندی‌یەکانی ئەو شەهیدە نەمرە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

* لە کاتی شەڕی سێ مانگەدا لە چیاکانی کوردستان، لە چاوپێکەوتنەکانی نێوان ڕێبەرانی کوردی باشووری کوردستان وەک یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی شیوعیی عێراق، حیزبی سۆشیالیستی کوردستان، کەسایەتیی دوکتور قاسملوو لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سەرۆکایەتیی ئەو حیزبانە گەلێک بەرچاو بوو.

* لە دانیشتن لەگەڵ خومەینی و شەریعەتمەداری و وتووێژکردن بە زمانی حاڵی ئەوان، سەرنجی ئەو دوو کەسایەتی‌یە ئایینی‌یەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو شەریعەتمەداری بە زمانی تورکی پێی‌گوت: دەبێ من و تۆ ببین بە دۆست.

* لە پێوەندی‌یە دیپلۆماسی یەکان‌دا کاتێک بۆ یەکەم‌جار لەگەڵ کاربەدەستێکی پایەبەرزی کابینەی وەزیری دەرەوەی فەڕانسە و چەند کەس لە هاوکارانی کۆ بۆوە، ئەوان زۆر زوو قوشقیی شێوەی قسەکردن و لێکدانەوەی وەزعی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران و کوردستان بوون و لە نێوچاوانی ئەو دیپلۆماتە پایەبەرزانەدا تەمجیدو تەعزیم بۆ دوکتور قاسملوو دەبینرا.

* لە نێو کۆبوونەوەکانی شووڕای بەرگریی میللی سەر بەرێکخراوی موجاهیدینی گەل‌دا جێگەی دوکتور قاسملوو وەک کەسێکی زاناو بە ئەزموون و بەتواناو خاوەن‌نەزەر لە سیاسەت‌دا زۆر زەق و بەرچاو بوو.

* لە دانیشتنەکانی لەگەڵ هاوڕێی یاسر عەرەفات، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی فەتح و ڕێکخراوی ئازادی‌خوازی فەلەستین و بە ناوی محەمەد سەرتاوی، پێوەندی‌یەکی ئەوتۆ ڕێک‌وپێک و بەکەڵک و بەجێ‌وڕێ پێک هاتبوو کە بەر لە هەر شتێک دەگەڕاوە بۆ ڕێزو حورمەتێک کە ئەو کەسایەتی‌یە فەلەستینی‌یە بۆ دوکتور قاسملووی دادەنا.

سروشتە شەخسی‌یەکانی دوکتور قاسملوو زۆر زوو جیاوازیی پلەو ڕادەی پێگەشتوویی ئەوی لەگەڵ لایەنی رووبەروو، لەگەڵ دەوروبەر، لەگەڵ دانیشتووان و ئامادەبووان دەخستە بەرچاو. دوکتور قاسملوو لە لێکدانەوەکان و باسەکانی خۆی بۆ چکۆلەترین قسەو بابەت، گەورەترین ئانالیزو بەربڵاوترین چەمکی دەخستە ئارا، باوەڕی قورسی بە پێداویستی بە بوونی پڕۆژەی دیاریکراو هەبوو، بە شێوەی زانستی لەگەڵ ڕووداوەکان ڕووبەڕوو دەبوو. لایەنێکی بەرچاوی دیکە لە کەسایەتیی دوکتور قاسملوو لە پێوەندی و وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەوانەکان بە تایبەتی وڵاتانی ئورووپایی‌دا خۆی دەنواند کە دەتوانم بڵێم لە هیچ کەس لە کەسایەتی‌یە کوردەکان تەنانەت لە ئێرانی‌یەکان‌دا نەدیتراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قسەکردن بە چەند زمانی زیندووی جیهان، دەسەڵاتداری بەسەر بابەتەکان، ئاگاداریی تایبەتی لە وەزعی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی جیهان، بە تایبەتی زۆر زوو وەرگرتنی پرسیارەکان و گورج جوابدانەوەیان، سەرنجی گشت رۆژنامەوانەکانی بۆ لای خۆی رادەکێشا، لەم چوارچێوەیە دا بە راستی بە تواناو بە نرخ بوو. لێرەدا دەردەکەوێ کە چەند سیاسەتوانێکی مەزن و بە ئەزموونە.

دوکتور قاسملوو کوردێک بوو لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو هاتبووە دەر، بەڵام لە ژیانی دەرەوە لە ناسینی ئورووپاو ئاشنا بوون لەگەڵ پێوەندییە نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیییەکاندا فرە سەرکەوتوو بوو.دوکتور قاسملوو بە شارستانییەتی تایبەتی خۆی و هەروەها لێهاتوویی بێوێنە گەیشتە پلەیەک کە لەگەڵ پیاوە سیاسییەکانی پلە یەکی جیهان بەرابەریی دەکرد، ئەو کەسایەتییە کوردە هەموو مەرجەکانی دەوڵەتپیاوێکی کوردی لە خۆیدا کۆ کردبۆوە. من بۆخۆم زۆر هەستم بە وێچوون و وەک یەک چوونی دوکتور قاسملوو لەگەڵ فرانسوا میتران دەکرد.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو وەزعە تایبەتییە بوو کە کۆماری ئیسلامی چەندین ساڵ بوو پیلانی تیرۆری ئەو رێبەرە کوردەی دارشتبوو. ساڵی ١٩٨٢، شەوێک کاتژمێر ١٢، هاورێی یاسر عەرەفات بە ناوی محەمەد سەرتاوی کە دۆستی دوکتور قاسملوو بوو تەلەفۆنی بۆ من کرد و پەیامێکی بۆ ناوبراو دانا. پەیامەکە ئەوە بوو کە کاربەدەستانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران پیلانی تیرۆری دوکتور قاسملوویان بە دەستەوەیە، هەر ئەو شەوە پەیامەکەم بە ناردراوی دەفتەری سیاسی لە پاریس راگەیاند. نازانم رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات چۆن ئەو پەیامەی وەرگرت و بۆ پووچەڵ کردنەوەی چ هەنگاوێکی هاویشت.

لە بیستەمین ساڵی شەهید بوونی ئەو بلیمەتەدا، جێگەی لە مەیدانی خەباتی کورددا، دیارو چۆڵ و بەتاڵە. مێژووی کورد زۆر زوو رۆڵەیەکی هەڵکەوتووی لە کیس چوو، کەسێک کە لە دنیای ژێئۆپۆلۆتیکی ئەمرۆ،لە پێوەندییە نێونەتەوەیییەکانی کوردا نەخشی گەورە بەجێ بگەیەنێ. لە دیرۆکی کورددا، دوکتور قاسملوو جێگەو بەش و شوێن و شوێنەواری تایبەتیی هەیە.

رووحی شادو رەوانی خۆش بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور قاسملوو کەسێکی هەڵکەوتووی گەلی کوردو ڕۆژهەڵات

**دوکتور عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ**

جیهانی دوکتور قاسملوو جیهانێکی فراوان بوو، خۆشی لە خۆیدا جیهانێکی فراوان بوو.

کەسێکی هەڵکەوتووی گەلی کوردو ڕۆژهەڵات بوو. بێگومان لە ڕێی بیروباوەڕو ڕێی سۆشیال - دیموکرات گرتنیشەوە چووە سنووری جیهانەوە.

لەم جۆرە بۆنانەدا ڕێگەی بیرویادەوەری دەگرم زیاد لە لێکۆڵینەوە، چونکە لێکۆڵینەوە لە دەست زۆرکەس دێت، بەڵام بیرەوەری لای زۆرکەس نیەو کەمکەسیش هەن بیرەوەری دەکەن بە دەرگای لێکۆڵینەوە.

خۆزگە یارمەتی‌یەک دەدرام کە ئەوپێشەکی‌یە عەرەبی‌یەی بۆ بەعەرەبی وەرگێڕانی (چل ساڵ خەبات)ی شەهید قاسملووم نووسیوە بکەم بە کتێب. ئەوسا ئەوبیرەوەری‌یانەی تەمەنیان درێژە دەبوونە بەرگی کتێبێک.

وەک دەزانن شەهید قاسملوو لەساڵی ١٩٥٢ - ١٩٥٣وە دەناسم. بەڵام کە ١٩٦٠ - ١٩٦٥ لە مۆسکۆ بووم ساڵی دووجار لە پڕاگ دەبوومە میوانی. یەکەم جار بوو بەو فراوانی‌یە کۆمەڵێک قسەی خۆش لەبارەی دەسەڵاتی چیکۆسلۆڤاکیاو شەخسی( نۆڤۆتنی)یەوە ببیستم. نازانم لەکوێی دەبیستن و چۆنی کۆ دەکردنەوە. لەڕاستی‌دا ئەو سەردەمە من قەڵس دەبووم کە بەوجۆرە باسی سەر کردەیەکی کۆمۆنیست بکرێ. بەڵام دوکتوری شەهید بەوانەو بەگەلێک شتی دیکە بەرەو بەرچاوفراوانیی بردم.

لەوەش گەیشتم کە(قسەی خۆش) دەرگای ڕەخنەن. بەتایبەتی لە وڵاتێکدا کە ئازادیی ڕەخنە نەبێ. ئەگەر ئێستا ئەو قسە خۆشانە کۆ بکەمەوە ڕەنگە ئەوەش جیا بکەمەوە کەکامەیان هەر خودی دوکتور قاسملوو دروستی کردوونو کامەیانی بیستوە. لێرەوە دەچمە سەر ئەوەی کە شەهید قاسملوو لەپڕاگ، وەک هاووڵاتی‌یەکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چیک دەژیا. لە شێوەی ژیانی ماڵ و گوێلەمۆسیقاگرتن و خۆراک و خۆ لە چایخانەی ڕۆژلاتی‌یەکان - شوێنی چەنەبازی - دوورخستنەوە. لەو ژیانەی ئەوی‌دا بە خەیاڵی کەمکەس‌دا دەهات ئەم پیاوە توانای گەڕانەوە ڕۆژهەلات و کوردستانی هەبێ. نەک بێتەوە ببێ بە سەرکردەی ڕێکخستن و پیشمەرگەش و لە چیاش ژیانێکی تایبەتیی رووناکبیرانە بۆخۆی و هاوەڵەکانی دامەزرێنێ.

زۆر کەسی ڕووناکبیرم لە پراگ لە ماڵەکەی‌دا دەدی، لەراستی‌دا لام ناخۆش بوو تێکۆشەرێکی کورد بەو جۆرە دەست بخاتە کاری وڵاتێکەوە کە لەوێ میوانە. بەڵام پاش داگیرکردنی پراگ و ڕووداوەکانی تر ناچار کرا بچێتە پاریس و پاشان بگەڕێتەوە کوردستان. سەرکردەیەکی کۆمۆنیستی ناوداری لای خۆمان دەیوت: ئەگەر چیک دەیان‌زانی دوکتور قاسملوو پاش ساڵێک دەگەڕێتەوەو لە ئێران‌و کوردستان ئەم جێگەو دەسەڵاتەی دەبێ، ئەو خۆیشی بڕۆیشتایە ئەوان دەپاڕانەوە کە بمێنێتەوە. لەدایکبووی شەوی یەڵدای ۱۹۳۰ ئەو تەمەنەی نەبردە سەر کە بەپێی (لەشساغی‌و ئاگاداری)ی خۆی لێی چاوەڕوان دەکرا. بەڵام وەک لە شوێنێکی تردا نووسیبووم - چرای ئەو پیاوە وریایە ئەو سەعاتە لە چرکەیەکدا وەستاو دوژمن پەیی پێ‌برد. بۆ ئەوەش - بۆباسی هەڵپەی شەهید قاسملوو بۆ ڕێککەوتن، یادەوەری و لێکۆڵینەوەم هەیە. بۆ ئەو پرۆژەیە هیوام وایە یارمەتیی تەواوکردنیم بدرێ.

قاسملوو شەهیدێکو سەرکردەیەکی نەمرە و زۆری پێشکەش کرد

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۱۳ی جوولای ۲۰۰۹



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# باسێك لە سەر كات و شوێنی تیرۆری د. قاسملوو

د . هێمن سەیدی

## شۆێنی تیرۆری د. قاسملوو

بەرپرسانی كۆماری ئیسلامی بۆخۆیان وڵاتی ئۆتریشیان بۆ ئەو عەمەلیاتە هەڵبژاردبوو. دەیانزانی كاك دوكتور بە ئەنجامدانی وتوویژ لە هیچكام لە وڵاتانی ناوچە رازی نابێ. متمانەشی بە وڵاتانی بلۆكی شەرق كە تازە تووشی شێوان ببوون نیە. بۆیە لە نێو وڵاتانی ئورووپای غەربی شوێنێكیان بۆ وتوویژ یا باشترە لێین بۆ تیرۆر دۆزییەوە. وڵاتانی رۆژئاوا زۆربەیان یا خاوەنی دەسهڵاتێكی سیاسیی بەهێز بوون كە كۆماری ئیسلامی نەیدەتوانی كاربەدەستەكانیان بكڕێ یا ئەوەی كە خاوەنی دەستگایەكی قەزایی بەهێز بوون كە سەر بەخۆیی‌یان هەبوو و بۆ كردەوەی تیرۆریستی، پرمەترسی بوون. بەڵام وڵاتی ئۆتریش لە چەندین بوارەوە بۆ كۆماری ئیسلامی شوێنێكی لەبار بوو كە لەو نووسراوەیەدا هەوڵ دەدرێ ئەو بوارانە شی بكرێنەوە. جوغرافیای ئۆتریش و سیستمە ئابووری و سیاسی‌یەكەی بۆ كۆماری ئیسلامی ناسراو بوو. ئەو وڵاتە بەرواڵەت لەجوغرافیای سیاسیی ئورووپای رۆژئاوا هەڵكەوتبوو بەڵام تایبەتمەندی ئەو وڵاتانە وەک ئابووریی بەهێز و سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی قەزایی نەبوو. ئۆتریش وڵاتێكی بچووک بە ئابووری‌یەكی لاوازەوە بوو. لە باری سیاسی و ئابووری‌یە وە بەستراوە بە وڵاتی ئەڵمانی رۆژئاوا بوو. ئەڵمانیش كە دابەش كرابوو، لە سەنگەری یەكەمی شەڕی سارد هەڵكەوتبوو كە بە گەرمبوونی كێشەی وڵاتانی ئورووپای شەرقی ئەو قورسایی‌یە زۆرتر ببوو. ئۆتریش وابەستە بە وڵاتێک بوو كە لەو قۆناغەدا بۆخۆی دەیان كێشەی هەبوو، بەگشتی مەجالی لۆبیی تیرۆر و موعامەلە لە سیستمی ئابووری و سیاسیی ئەو وڵاتە رەخسابوو. لە هەمووی ئەوانە گرنگتر شەخسی سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە، پێوەندی و رابردوویەكی سەیر و كەموێنەی دەگەڵ كۆماری ئیسلامی هەبوو. رابردووی ئاشنایەتیی «كۆرت والدهایم» كە لە كاتی تیرۆری دوكتور قاسملوودا سەرۆککۆماری ئۆتریش بوو دەگەڵ كۆماری ئیسلامی دەگەڕایەوە بۆ چەند ساڵ پێشتر و ئەو كات كە لە نیۆیۆرک سكرتێری



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو. کاتێک دوای رووداوی گرەوگانگیریی سفارەتی ئەمریکا لە تاران، ئەنجومەنی ئاسایش بە تێکڕای دەنگ بریارنامەیەکی سەبارەت بە مەحکوومکردنی ئێران و پێویستیی ئازادکردنی گرەوگانەکان پەسەند کرد، مەئمورییەت بە کۆرت والدهایم درا کە وەک سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی ئێران بکا و بۆ چارەی کێشەکە حەول بدا. سەرەتا خومەینی بۆ سەفەری والدهایم و سەردانی لە جەماران موافقەتی کرد، بەڵام دوای گەیشتنی بە تاران خومەینی حازر نەبوو ئیزنی چاوپێکەوتنی بداتێ و بە بڕیارێکی سەیروسەمەرە ئەمری کرد کە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ببەن بۆ بەهەشتی زەهرا تا گۆڕی شەهیدانی شۆڕشی ئیسلامی ببینێ!!! کۆرت والدهایم کە بەتەواوی سەری سوڕمابوو بەو هیوایە کە لانیکەم دوای سەردانی لە بەهەشت زەهرا ئیزنی چاوپێکەوتن بە خومەینی بدرێتێ چوو بۆ گۆرستان. بەڵام دوای گەڕانەوەی، دیسان بە ئەمری خومەینی سواری فرۆکە کرا و ناردرایەوە بۆ نیۆ یۆرک!! ئەو کردەوەیەی کۆماری ئیسلامی و رێبەرەکەی، شوێنی لەسەر والد هایم دانابوو. دەکرێ بڵێین لەباری رەوانناسیی سیاسی‌یەوە، هەیبەتی کۆماری ئیسلامی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکانی گرتبوو. دوای کێشەی گرەوگانەکان جارێکی دیکە سەردانی ئێرانی کرد، بەڵام دیسان نەی‌توانی خومەینی ببینێ و تەنیا دەگەڵ رەجایی، سەرۆک‌کۆمار چاوپێکەوتنی هەبوو. دوای تەواوبوونی ئەرکەکەی لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش و گەڕانەوەی بۆ وڵاتی خۆشی دیسان هەر هەوڵی دامەزراندنی پێوەندیی سیاسی و ئابووری لە نێوان ڤییەن و تارانی‌دا دەدا. هەر چەند ئێستا بەڵگەیەکی مەحکەمەپەسەند سەبارەت بەدەوری کۆرت والدهایم لە رووداوی تێرۆری دوکتور قاسملوودا بەدەستەوە نیە، بەڵام ئەوەی کە ئەو رووداوە لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی ناوبراودا رووی داوە، بایەخی لێوردبوونەوە و لێکۆلینەوەی زیاتری هەیە.

## کاتی تێرۆری دوکتور قاسملوو

بەداخەوە کۆماری ئیسلامی توانی کاتی تێرۆرەکەش بە رۆژو مانگ و بەساڵ هەر بۆخۆی دیاری بکات. دەڵێن دوکتور قاسملوو بۆ رۆژی ١٤ی جولای یانی تەنیا رۆژێک دوای تێرۆرەکەی لە پاریس بۆ بەشداری لە جێژنی دووسەدساڵەی شۆڕشی فەرانسە دەعوەت کرابوو کە بەداخەوە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی مەجالی بەشداری‌یان پێنەدا. ئەگەر هاوکات‌بوونی رۆژی تێرۆرەکە دەگەڵ جێژنی قوربان بەهەڵکەوت بووبێ،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به دڵنیاییەوە هاوکاتبوونی دەگەڵ چلەی مەرگی خومەینی بە هەڵکەوت نەبووە. دەزانین کە خومەینی فتوای قەتڵی کاک دوکتوری دابوو بۆ کاربەدەستانی تێرۆر، تێرۆری دوکتور قاسملوو لەچلەی خومەینیدا مانایەکی سەمبولیکی هەبوو. بەڵام ئەگەر لە رۆژ و مانگەکەی بگەڕێین و هەموو ئەو رووداوانە بە هەڵکەوت دابنێین، هەڵبژاردنی ساڵی ۱۹۸۹ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەڵبژاردنێکی دروست بوو. هەر لە سەرەتاوە دیار بوو کە ئەو ساڵە ساڵێکی پڕڕووداو دەبێ، ساڵێک کە رووداوە گرنگەکان لەنێوان رووداوە گرنگترەکاندا دەشاردرێنەوە. ساڵێک کە بەشێک لە ئورووپا بە تەواوی شڵەژا بوو و بەشەکەی دیکەش نەیدەزانی چۆن خۆی دەگەڵ رەوتی خێرای ئاڵوگۆڕەکان بگونجێنێ. لەو بوارەشدا دیسان هەڵبژاردنی ئۆتریش هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو بوو، ئۆتریش لە ساڵی ۱۹۸۹دا لە ئاوری ئەڵمانی شەرقیدا دەسووتا. ئەڵمانی رۆژئاوا هەستی دەکرد برایەکی خۆی بە نەخۆشی دۆزیوەتەوە، ئەڵمان سەرخۆشی ئەگەری یەکگرتنەوە و پەرۆشی رووخانی ئابووری بوو. مەجالی بۆ چاودێری و یارمەتیی هیچ وڵاتێک نەمابوو. بەداخەوە ئەو رەوشە نالەبارەی ئۆتریش و بەگشتی زۆربوون و خێرابوونی رووداوەکانی ساڵی ۱۹۸۹ی ئورووپا، باشترین هەلی بۆ کۆماری ئیسلامی رەخساندو دڵنیای کرد کە بە موعامەلەیەکی ئابووری، بەرپرسانی ئۆتریش رازی دەکەن و بیروڕای گشتیی جیهانیش زۆر ناپرژێتە سەر ئەو جینایەتە. بە کردەوەش هەر وای لێهات. کۆماری ئیسلامی توانی هەم تێرۆرەکە ئەنجام بدات و هەم تاکوو ئێستاش خۆی لە ئاکامەکانی ئەو جینایەتە بدزێتەوە. سیستمی جینایەتکار! دەستەواژەیەک کە بەتەواوی دەتوانێ پێناسەی کۆماری ئیسلامی بێت، رێژیمێک کە نە لە ئابووریدا و نە لە هونەری ئیدارەی وڵاتدا خاوەنی کردەی سیستماتیک نیە. تەنیا لەجینایەتدا خاوەنی سیستمە، ئەو نازناوە کە چەند سال دوای تێرۆری دوکتور قاسملوو و لە دادگای میکۆنوسدا بۆ رێژیمی ئێران هەڵبژێردرا، «سیستمی جینایەتکار» پڕ بە پێستی کۆماری ئیسلامییە.

پێویستە توێژەران و لێکۆلەران و ئەو کەسانەی لە ئورووپا دەستیان بە ئارشیوەکان رادەگا یا پێوەندییان دەگەڵ رێکخراوە مەدەنییەکانی وڵاتی ئۆتریش هەیە لە هەر مەجالێک بۆ بەدواداچوونی ئەو فایلە و کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر کۆرت والدهایم و پێوەندییەکانی دەگەڵ رێژیمی ئێران کەڵک وەرگرن. بە دڵنیاییەوە رۆژێک بەرپرسانی ئەو پیلانە تووشی قازییەکی ئازا وەک قازییەکەی بێرلین دەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۱۳ی جووڵای ۲۰۰۹



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو، مانگی گەشاوەی نێو ئەستێرە هەرە پرشنگدارەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی کوردە

سەعید بەگزادە

پاش ٢٠ ساڵ ئێستاش شوێنپەنجە و شوێنەواری سیاسەت و تیژیی بیری دکتۆر قاسملوو بەسەر نە تەنیا حیزبی دیمۆکراتی کوردستانەوە بەڵکوو لە هەر چوارپارچەی کوردستان و لە ستراتیژیی هێزە سیاسی‌یەکان و گەورەپیاوانی کورددا دیارە و دەناسرێتەوە.

ئەوە بەو مانایە نیە کە بڵێم تێزو بۆچوونەکانی دکتۆر قاسملوو نوسخەیەکن کە ئەمڕۆش راست بەو جۆرەی ٣٠ ساڵ پێش هەبوون دەبێ دەکار بکرێنەوە و هیچ ئاڵوگۆڕێکیان نابێ تێدا پێک بێ یان راست وەک خۆی بەکار دەهێنرێنەوە. دکتۆر قاسملوو خۆی زۆر باش دەیزانی و فێری دەورووبەرەکانیشی دەکرد کە سیاسەت و هەڵوێست و ئامانجەکان نابێ نەگۆڕ بن. جیهان دایم لە ئاڵوگۆڕدایە و نیاز و ویستەکانی کۆمەڵیش دەگۆڕێن. کەسێک بە جێ نامێنێ کە بتوانێ سەردەمی خۆی و داهاتوو باش لێک بداتەوە و خۆیان دەگەڵ رێک بخا. بۆ رێبەر گرنگ رابردوو وەک خۆی نیە، بەڵکوو رابردوو دەبێ چرای تاریکی‌یەکانی داهاتوو بێ.

راستە دکتۆر قاسملوو کورد و خەباتکاری کورد بوو و زیاتر وەک تێکۆشەرێکی کوردایەتی و عەدالەتی کۆمەلایەتیی کوردستان ناسراوە، بەڵام ئەوەی لە بیری دکتۆر قاسملوودا بوو ئازادی و بەربەرەکانی دەگەڵ دیکتاتۆری و هەرچەشنە ناعەداڵەتی‌یەک لەهەر شوێنێک و دەهەر لیباسێک دا بوو. پێی‌وابوو ئینسانەکان بێ‌لەبەرچاوگرتنی رەگەز، ئایین و جنسییەت وەک یەکن و دەبێ خاوەنی مافی بەرانبەر بن. هەر بۆیەش لە تەواوی ژیانی‌دا لە هەر شوێنێک ژیابێ، لە کوردستان، تاران، پاریس، پراگ یان لە بەغدا بە پێی جۆری خەبات و داخوازی‌یەکان ئەگەر لە پێشەوەی خەباتکاران و ئازادی‌خوازان نەبووبێ،هەرگیز لە قەراخ و لە پەراوێزدا نەبووە. لەئێران قاچاخ دەبێ، لەپاریس لەسەر داوای دەوڵەتی ئێران دەر دەکرێ، لە پراگ کێشەی بۆ دروست



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبێ، لە عێراق دەر دەکرێ. ئەوانە هەموو نیشاندەری ئەوەن کە قاسملوو ئینسانێکی هەستیار و وشیار و خەباتکاری هەموو بوارەکان بووە و بەپێی هەل و ئیمکان و کات و مەکان نەیتوانیوە لە ئاست نابەرابەری و ستەمدا جا بەهەر رەنگ و شێوەیەک بووبێ، بێدەنگ یان تەسلیم بێ و تەنانەت چاویان لێ بنوقێنێ.

لەسەر دکتۆر قاسملوو زۆرم بیستبوو، بەڵام بە حوکمی کاری حیزبی و تەشکیلاتیم بۆ ماوەیەکی بەرچاو هەموو حەوتووانە و بەتایبەت رۆژانی هەینی ئیزنم هەبوو لە لای بمێنمەوە و لە نزیکەوە چاوم لە هەڵسوکەوت و لێدوانەکانی ببێ. لەو ماوەیەدا زیاتر زانیاری و توانایی هەمەلایەنەی کاک دکتۆرم بۆ دەرکەوت.

وەک خۆی باسی دەکا و پاشانیش راستیی وتەکانی لە ژیانی سیاسیی ئەودا دەر دەکەوێ، هەر لە مێرمنداڵییەوە چارەسەری مافی کوردانی بۆ گرنگ بووە و هەستی بە چەوساوەیی و مافخوارویی نەتەوەکەی کردوە.

دکتۆر قاسملوو ژیانی سیاسیی خۆی لە نێو لاوانی کوردڕا دەست پێکرد، دەگەڵ حیزبی توودەی ئێران وەک هێزێکی سەراسەری کە لەو سەردەمدا نوێنەرایەتیی چەپی ئێرانی دەکرد و بۆ ئەو سەردەم و کات هێزیکی خەباتکار بوو،کاری کردوە. لە حیزبی توودەدا هەوڵی داوە کە کار و چالاکییەکانی زیاتر رووی لە کوردستان بێ. ئەوەش تارادەیەک بۆ لایەنی بۆچوونی ناسیۆنالیستیی ئەو دەگەڕێتەوە کە لەو سەردەمیشدا چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە روانگەی ئەودا ئەولەویەتی هەبووە.

پاش ئەوەی کە ماوەیەک لە دەرەوە دەمێنێتەوە و خەریکی خوێندنی باڵای خۆی دەبێ و هاوکاتیش لە چالاکانی هەرە پێشەوەی خەباتکارانی کورد و ئێرانی بووە، دەگەڕێتەوە کوردستان و دەگەڵ هاوڕێیانی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا هەوڵ بۆ رێکخستنەوەی حیزب و گەشاندنەوەی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەدا.

نەخش و رۆڵی ئەسڵیی دکتۆر قاسملوو وەک رێبەرێکی وشیار و بە توانا راست لەوسەردەمەوە خۆ دەردەخا. لەو سەردەمەدا حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وەک تەنیا حیزبی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان دوچاری ئاڵۆزی و شێواوییەکی زۆر بووە. بەشێک لە رێبەرانی ئەسڵیی حیزب لە زیندانەکانی شای ئێراندان. ئەو بەشەی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیکەش کە ناوەندی ڕێبەریی خەباتیان بۆ کوردستانی گەرمێن ڕاگوێزتوە، لەنێوان خۆیاندا تەواو ناکۆکن و لە نەتیجەی تەکڕەوی و ئیدارەی نادێمۆکراتیکی حیزبدا، بەڕێوەبەری و بەدەنەی حیزب بەسەر چەند بەش و دەستەی چووکدا بڵاو بوون.

توانایی و لێزانیی دکتۆر قاسملوو، هاوڕێیانی لێک کۆدەکاتەوە و تەشکیلاتی حیزبی نێوەرۆک و سیمایەکی ڕێکوپێک و دێمۆکراتیکی پێدەدرێ و حیزب بە تەواوی دەبووژێتەوە و پەیوەندی و موناسبات و ئیعتباری خۆی پەیدا دەکاتەوە.

لەماوەیەکی کورتدا نەخش و ڕێبەری و توانایی قاسملوو تەنانەت شوێن لەسەر هەڵسوکەوتی ڕێکخراوەکانی کوردی پارچەکانی دیکەش دادەنێ و، تا ڕادەیەکی زۆر دەبێتە ڕاوێژکاری ڕێبەرانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بە تایبەت بەشی گەرمێن. زۆرجار هێزە کوردستانییەکان چ لە پێوەندیی بەینی خۆیاندا و چ لەرادەی وتوویژ و دارشتنی ویست و داواکانی کورددا بۆ باس و دانوستاندن دەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە توانایی دکتۆر قاسملوو کەڵکیان وەرگرتوە. ئەو باش دەیزانی چۆن لە دەرفەتەکان کەڵک وەربگرێ و قەت وشک و یەکلایەنە بە سیاسەت و رابردووەوە نەدەنووسا. لای ئەو سیاسەت هونەر و کەرەسەی ئیدارە و مودارا و گونجان و کێبەرکێی گەیشتن بە ئامانجەکان بوو.لە ڕادەی نێونەتەوەییشدا دۆستایەتی و پێوەندیی دەگەڵ زۆر کۆڕوکۆمەڵ و ڕێکخراوی سیاسی و کەسایەتییە ناسراو و ناودارەکاندا هەبوو. ئێستاش لە درێژەی پەیوەندییەکانی ئەودا کە چاوت بەو کەسایەتییە بیانییانە دەکەوێ باس لەبیری تیژ و کراوەیی فکری سیاسی و کۆمەڵایەتیی کاک دکتۆر دەکەن و حەسرەتی لەدەستدانی ئەو گەورەپیاوە لەزمانی ئەوانەوە دەبیسرێ و باس لەوە دەکەن کە ئەگەر لەم هەلومەرجەدا قاسملوو لە حەیاتدا با ڕەنگ بوو مێژووی کورد بە جۆرێکی دیکە تۆمار کرابا. لە هەمانکاتدا دکتۆر قاسملوو لە لای هێزە ڕزگاریخوازە عەرەب و ئێرانییەکان و کەسایەتییە ناودارەکانی ئەو نەتەوانە جێگایەکی تایبەتی و قسەرۆیشتوویی خۆی هەبوو. توانایی مودیرییەت و بەڕێوەبەریی بزووتنەوەی کورد و پەیوەندی و دۆستایەتی دەگەڵ زۆر کۆڕوکۆمەڵی بریاردەری جیهانی و قسەرۆیشتوویی لە لای ئێرانییە ئازادیخوازەکان ببوونە هۆی ئەوە کەرژێمەکانی ئێران بەپادشایی و ئیسلامییەوە لە دکتۆر قاسملوو نیگەران بن و لێی بترسێن. ترسی ئەو حکوومەت و رژیمانە لە دکتۆر قاسملوو تەنیا لە بەر ئەوە نەبوو کە سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانە. هەر دووک رژێم قاسملوویان بە مەترسیی هەرە گەورەی حکوومەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران دەزانی. هەر بۆیەش لە کاتێکدا کە قاسملوو دەیویست پاش شەڕی عێراق و ئێران، کوردستانیش ئاسایشی خۆی بەدەست بێنێ و ئێران بەگشتی ئارامی و ئاسوودەیی بە خۆوە ببینێ، بە پلانێک کە دەمێکە لەسەر کوردان بەتاقی دەکرێتەوە، لە بەینیان برد. شەهیدکرانی دکتۆر قاسملوو زیانێکی گەورە بوو کە لە داهاتووی ناوچەکەمان بە گشتی و بە تایبەت لە کورد کەوت. هەمیشە دەڵێین دوژمن خەیاڵی خاوە و بە شەهیدکردنی ڕێبەرانمان ناتوانێ خەباتەکەمان بشکێنێ و هەنگاومان پێ شل بکا. ئەوە راستە و خەباتی رزگاریخوازیی کورد هەتا ئامانجی نهایی بەردەوامە، بەڵام خۆ کفر نیەو درۆش نیە بڵێین  لانیکەم تا ئێستا جێگای قاسملوومان بۆ پڕ نەکراوەتەوە. راستە لە ماوەی دەسهڵاتی دکتۆر قاسملووشدا حیزبی دێمۆکرات لەتبوون و ناکۆکیی تێکەوتوە. ئەوەش دەگەڵ ئەوەی کە ڕووداوێکی سەیروسەمەرە نەبوون و لە مێژوو و رابردووی زۆربەی حیزب و رێکخراوەکاندا بینراون، زیاتر شێوە و جۆری بۆچوون و جیاوازیی بەڕێوەبەریی کەسایەتییەکان دەگرێتەوە،و بە هێچ جۆر ئەو لایەنە بەهێزانەی دکتۆر قاسملوو ناشکێن ولێیان کەم ناکەنەوە،و بە هەموو خوسووسیاتی چاک و کزی وەک ڕێبەرێکی گەورەی کورد لە مێژوودا جێی گرتوە و لانیکەم تا ئێستا قاسملوو مانگی  گەشاوەی نێو ئەستێرە هەرە پرشنگدارەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی کوردە. توانیان قاسملوو شەهید بکەن، بەڵام ناتوانن ئاواتی کورد و قاسملوو بکوژن. خەباتی رزگاریخوازانەی کورد لە دکتۆر قاسملووڕا دەستی پێ نەکردوە کە بە شەهیدکردنی ئەویش تەواو ببێ. راستە ڕێبەری و توانایی قاسملوو تایبەتی بوو، بەڵام ناحەزانی کورد دەبێ دڵنیا بن کە کورد بێ دکتۆر قاسملووش خەباتی خۆی هەتا وەدیهێنانی ئامانجەکانی درێژە دەدا.

بەڕێز بێ یادی شەهیدانی وییەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد  -  ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕوانگەی د. قاسملوو لە سەرنەتەوە (ملت) و ناسیۆنالیسم

لوقمان زەهرایی

زۆرلە شۆوینیستە فارسەکان بۆ ئەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد بشێوێنن، هۆوییەتی کوردی بە ئێرانیبوونیەوە وەکوو چەمکێکی سیاسی دەبەستنەوە وکورد وەکوو قوم» پێناسە دەکەن و هەمووکات ئیددیعای ئەوە دەکەن کە کورد ناتوانێ پێناسەی نەتەوەبوون بۆ خۆی بکا، چونکە تایبەتمەندییەکانی یەک نەتەوەی تێدا نیە و کورد یەکێک لە «ئەقوامی ئێرانییە«. ئەو ڕەگەزپەرستانە، نەک «لەبەر حوببی عەلی بەڵکوو لە بەر بوغزی عومەر» پەنا دەبەن بۆ ئەو ڕستەیە کە گۆیا د. قاسملوو زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە مەوبەر گوتوویەتی کە «کورد لە هەر ئێرانییەک ئێرانیترە«. یانی بە کەڵکیخراپوەرگرتن لەو مەسەلەیە دەیانەوێ وا نیشان بدەن کە بەڵێ د. قاسملووش کوردی وەکوو نەتەوە پێناسە نەکردوە و لەڕوانگەی ئەویشەوە کورد یەکێک لە «ئەقوامی» ئێرانییە. هێندێک لە ئەحزابی بەناو چەپی کوردیش بەتایبەت هی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خۆیان زیاتر وەکوو حیزبی سەرانسەری پێناسە دەکەن ساڵانێکی دوورودرێژە کاریان بۆتە هێرشی ناڕەوا بۆ سەر ناسیۆنالیزمی کوردی و بە کۆنەپەرست ودژ بە ئازادی و مافی یەکسانی ژن وپیاو تاوانباری دەکەن و، هەموو هەوڵ و فکریان ئەوەیە کە بە قەولی خۆیان پێش بەگەشەکردنی بیری «ناسیۆنالیزمی کۆنەپەرستانەی کوردی» بگرن و ستراتیژیی تێکۆشانی سیاسییان بۆتە دژایەتی بێبنەما لەدژی کورد وخەباتە ڕزگاریخوازییەکەی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە ڕاستیدا لێکدانەوەی ئەو بە ناو کۆمونیستانە دژایەتیی تەواوی هەیە لە گەڵ بۆچوونەکانی مارکسیستەکان ولە سەرەوەی هەمووان لێنین کە بڕوای بە دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ گەلانی ژێرستەمی گەلانی حاکم هەیە. لەو پێوەندییەدا، دواتر ئاوڕێک لە بیرو ئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو دەدەمەوە و کتێبی «کوردستان و کورد» لە نووسینی ئەو ڕێبەرە لێوەشاوەیە دەکەم بە بنەما بۆ ئەو بابەتە.

بە بڕوای من دوکتور قاسملوو خاوەنی چەندین کەسایەتی بووە کە دەکرێ بەم جۆرە دابەشیان بکەم.

**یەکەم:** دوکتور قاسملوو دێموکراتێکی چەپ بووە و بڕوایەکی قووڵی بە دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و یەکسانیی ژن و پیاو هەبووەو هەردەم تێکۆشاوە بنەما دێموکراتی‌یەکان لە نێو حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگای کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان‌دا جێگیر بکا.

**دووهەم:** دوکتور قاسملوو سۆسیالیست بوو، ئەو بڕوای بە دابین‌کردنی مافە کۆمەڵایەتی‌یەکان و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی هەبوو. بۆ ئەو مەبەستەش ڕای وا بوو کە سۆسیالیزم بە بێ دێموکراسی ناتەواوە و هەربۆیە «کورتە باس»ی هێنایە نێو حیزبی دێموکرات و تێکۆشا «سۆسیالیزمی دێموکراتیک» ببێ بە ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکرات و تاکوو ئێستاش ئەو دروشمە بە بڕێک ئاڵوگۆڕەوە لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا هەیە.

**سێهەم:** دوکتور قاسملوو باوەڕێکی قووڵیشی بە نەتەوەبوونی کورد هەبوو. دەکرێ بڵێم ئەو لایەنەشی بەهێز بووە و ئەوەش لە ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆی‌دا، بە تایبەت لە کتێبە مێژووییەیە بەناوبانگەکەی «کوردستان و کورد» دا بە ڕوونی خۆی دەردەخا. هەروەها بیروبۆچوونی هاوسەنگەرانی کە لەنزیکەوە لە گەڵی ژیاون و بەباشی ئاگاداری ڕوانگەکانی بوون، ڕاستیی ئەو بۆچوونە دەردەخا. ڕوانگەی ناسیۆنالیستیی دوکتور قاسملوو، تاریف و لێکدانەوەی ئەو بۆ نەتەوە تەوەری سەرەکیی بابەتەکەی من پێک دەهێنن و بۆ ئەومەبەستەش هەوڵم داوە بە پێی توانا ڕوانگەکانی ئەو ڕێبەرە کاریزماتیکەی گەلی کورد بخەمە بەر لێکۆڵینەوە.

ماموستا عەبدوڵلا حەسەن‌زادە لەبابەت کەسایەتیی دوکتور قاسملووەوە دەڵێ: «دوکتورقاسملوو لە ڕێگای دابین‌کردنی ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی‌دا تێ‌دەکۆشا. هەوڵی دەدا چەوسانەوەی ئینسان بەدەستی ئینسان بۆ هەتاهەتایە لەنێو بچێ و چارەنووسی گەلان بکەوێتە دەستی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان. ئەو ئیمانێکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو. بۆ جێگیربوونی دێموکراسی لەنێو ریزەکانی حیزب و لەنێوکۆمەڵ‌دا بە هەموو توانایەوە تێ‌دەکۆشا و ئەگەر جاروباریش لەئاکامی برەوپێدانی دێموکراسی‌دا زیانێک بەحیزب گەیشتبا، دوکتور قاسملوو دەیگوت، ئەمە باجی دێموکراسی‌یەو کەسێک دێموکراسیی بوێ، دەبێ باجەکەشی بدا. دوکتور قاسملوو نیشتمانپەروەرێکی کورد بوو. باوەڕی تەواوی بە چارەنووسی هاوبەشی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەلی کورد هەبوو، سەرکەوتن و تێشکانی کوردی لە هەر بەشێکی کوردستان بووایە بە سەرکەوتن یان تێشکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دادەنا و لەو ڕێگایەشدا زۆر جار بەدروستی دەزانی قازانجی کاتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان فیدای قازانجی ستراتیژیکی گەلی کورد بکا. (نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی دووهەم، ل. ٢٠٧ - ٢٠٨).

کاک حەسەن ڕەستگار لە بابەت کەسایەتیی دوکتور قاسملوو دەڵێ «ئەوەندەی ئەمن لێی حاڵی بم، ئەوفکری بە لای باری ناسیۆنالیستیدا زۆر بەقووەت بوو. دوای ئەوەی کە دوکتوراکەی وەرگرت و، تێزی دوکتوراکەی کە کتێبی «کوردستان و کورد»ە نووسیویەتی، ئەگەر تەماشای بکەین، دیارە لە وێ موراعاتی زۆر شتی کردوە کە بۆوەی کتێبەکە چاپ بێ یان ئەسڵەن بۆ خۆی عەقیدەی وا بوو، ئەوەی نازانم، بەڵام بەباری ئەوەیدا کە میللەتی کورد میللەتێکی گەورەیە و حەقی سەربەخۆیی هەیە و حەقی ئازادبوونی هەیە تەئسیری زۆر لەسەر شەهید دوکتور قاسملوو هەبوو بۆئەوەی ببێتە کوڕی میللەتی خۆی و لەو ڕێگایەدا هەوڵ بدات و ڕاشی وا بوو کە حیزبێکی کوردی دەبێ موستەقیل لە ئەحزابی دیکە بێت، مەسەلەن لە حیزبی توودەی ئێران کە حیزبێکی سەرتاسەری بوو. ئەو فیکرە لەوێدا تەقویەت ببوو کە کورد بۆ خۆی لیاقەتی ئەوەی هەیە کە حیزبی خۆی هەبێ، سەربەخۆ بێ، بۆ خۆی بڕیار بداو بە قەولی دەڵێن نۆکەری هیچ حیزب و سازمانێکی دیکە نەبێ. (دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی مودێرن و شۆڕشگێڕێکی دێموکرات، ل. ١٥٠ - ١٥١).

دوکتور کەماڵ مەزهەر ئەحمەد لە بابەت کەسایەتیی دوکتور قاسملوو دەڵێ: «عیشقی شەهید د. قاسملوو بەرانبەر کورد و کوردستان بێ ئەندازە و بێسنوور بوو، لەبن نەدەهات، کەس بەرلەو نەیتوانی بەڕادەی ئەو تینی ئەوعیشقە پیرۆزە بگەیەنێتە ناو خاکی ئەورووپاوە، هەستی دەیان و دەیان سیاسەتمەدارو کەسایەتی و ڕۆژنامەنووسی ئەورووپیی بە ناوبانگی بە لای کێشەی نەتەوەیی کورددا ڕاکێشا. (دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی مودێرن و شۆڕشگێڕێکی دێموکرات، ل. ١٧٤).

بە چاوخشاندنێک بە کتێبی «کوردستان و کورد»ی د. قاسملوودا کە یەکەم جار بە زمانی چێکی و لە ساڵی ١٩٦٢دا لە وڵاتی چێکۆسلۆواکی بڵاو بۆتەوە بە تەواوی چەواشە کارییان ئێرانیستەکانمان بۆ دەردەکەوێ. د. قاسملوو لە تاریفکردنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەتەوە و ناسیۆنالیسم و تایبەتمەندی‌یەکانی یەک نەتەوە و ناسیۆنالیسمی کوردی‌دا نەک هەر کورد بە «قەوم»پێناسە ناکا، بەڵکوو بەخستنەڕووی کۆمەڵێک بەڵگە نیشانی دەدا کە کورد نەتەوەیە و لەسەرئەو باوەڕەیە کە کورد مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆی هەبێ و ناسیۆنالیسمی کوردیش بە دێموکراتی‌خواز و دژی ئیمپریالیست پێناسە دەکا و بۆ ئیسپاتی هەرچی زیاتری ئەو بۆچوونەی خۆی ئاماژە بە قسەکانی لێنین دەکا کە گوتوویەتی «ناسیۆنالیزمی بۆرژوازیی هەرکام لە نەتەوەکانی ژێرستەم ناوەرۆکی دێموکراتیکی هەیە کە دژی زوڵم و ستەم و چەوسانەوەیە و ئێمە بە تەواوی پشتیوانی لە ناوەرۆکی دێموکراتیکی دەکەین». (کردستان وکرد، ل. ٣١٢).

لە بەشی سێهەم، فەسڵی دوازدەهەم لە چاپی فارسی کتێبی(کوردستان و کورد) دا لە لێکۆڵینەوەیەک کە لەسەر نەتەوە کراوە، لە باسێک لە ژێر ناوی «کامڵبوونی نەتەوەیی گەلی کورد» دا د. قاسملوو بە هێنانەوەی کۆمەڵێک بەڵگە ئیسپاتی دەکا کە کورد نەتەوەیە نەک «قەوم». بەرێزی بۆ ئەو مەبەستە دوو پرسیاری گرنگی هێناوەتە بەر باس.

**یەکەم**: «ئایا دەکرێ کوردەکان وەکوو نەتەوە پێناسە بکرێن؟».

**دووهەم**: «ئایا باشتر نیە کە کوردەکان وەکوو کەمایەتی‌یەکی میللی چاو لێبکرێن؟». د. قاسملوو بۆ ئەو مەبەستە لێکدانەوەی خۆی لە مەڕ تاریف و ماناکردنی نەتەوە بەو شێوەیە کە لە خوارەوە دێ دەخاتە ڕوو.

(وەرگێرانی لە فارسی‌یەوە بۆ کوردی لە لایەن نووسەری بابەتەوە ئەنجام دراوە، هۆیەکەشی ئەوە بوو کە چاپی کوردی‌یەکەیم دەست نەکەوت).

« زۆر جار وشەی «نەتەوە» بەدروستی مانا نەکراوەتەوە، بەڵام زانستی سەردەم چوارچێوەیەکی دیاریکراوی بۆ مانای ئەو وشەیە داناوە. نەتەوە کۆمەڵێک لە ئینسانەکان دەگرێتەوە کە لە ڕەوەندی مێژوویی‌دا سەریان هەڵداوە و جێگیر بوونە. کۆمەڵێک لە ئینسانەکان تەنیا دوای تێپەرکردنی دەورانێکی دیاریکراو لە پێشڤەچوون پێناسەی نەتەوەیان بۆ دەکرێ. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ بناغە و ژێرخانی نەتەوەکانی سەردەمی ئێمە پەیوەندیی بە گەشەکردنی سەرمایەداری‌یەوە هەیە و ئەو نەتەوانە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوڕا لە گەڵ گەشەکردنی نیزامی سەرمایەداری جێگیر بوون. شتێکی ڕوونە کە بنچکەی گەشەسەندنی نەتەوەکان بۆ نیزامەکانی ڕابردووی کۆمەڵگا لە سەردەمی کۆیلەداری و دەرەبەگایەتی‌دا دەگەڕێتەوە. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش، بۆ ئەوەی کە کۆمەڵێکی ئینسانی وەکوو نەتەوە پێناسە بکرێ، بوونی هێندێک شەرت و شرووت پێویستە کە گرینگترینیان بریتین لە زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش، ژیانی ئابووریی هاوبەش و داب و نەریتی هاوبەش کە لەژیانی فەرهەنگیی نەتەوەدا ڕەنگ دەداتەوە.

پێشتر ئاماژەمان بەوە کردبوو کە گەلی کورد کۆمەڵێکی ئینسانی‌یە کە خاوەنی ڕابردووی مێژوویی‌یە ولە سەدەی حەوتەمەوە بەو ناوە پێناسە کراوە «.(کردستان وکرد، ل. ٣٠٠).

«ئێستا با بزانین ئەوتایبەتمەندی‌یانهی کە کورد وەکوو نەتەوە پێناسە دەکەن کامانەن؟ هەروەکوو پێشتر ئاماژەی پێکرا، زمانی کوردی، زمانی هاوبەشی هەموو کوردەکانە و بوونی جیاوازیی بچووک لەنێوان زاراوەکانی کوردی‌دا ڕاستیی ئەو مەسەلهیە ناگۆڕێ. بوونی زاراوەکان و ژێرزاراوەکانی جۆراوجۆر تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتووش‌دا ڕاستی‌یەکی حاشاهەڵنەگرە. نەبوونی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو بۆ کوردەکان تاکوو ئێستاش خۆی مەسەلەیەکی گرینگە. بە لام ئەوە بەومانایەش نیە کە زمانی کوردی تاکوو ئێستا پێشڤەچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە نەدیوە و بەومانایەش نیە کە گۆیا یەکێک لە زاراوەکانی زمانی فارسی بێ، بەو جۆرەی کە هێندێک بانگەشەی بۆ دەکەن. هیچکام لە ڕۆژهەڵاتناسە ناسراوەکان هیچ شک و گومانیان نیە لەمەڕ گەشەسەندنی زمانی کوردی بەڕادەی پێویست نیە. یەکەمین کتێبی ڕێزمانی کوردی لە ساڵی ١٧٨٧دا بڵاو بۆتەوە. بۆیە نەبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، پێش هەموو شتێک بەو مەسەلەوە پێوەندیی هەیە کە ئێمە خەت و نووسینێکی هاوبەشمان نەبووە«.

«هەروەکوو لە بەشەکانی پێشتردا ڕوونمان کردەوە، زمانی کوردی بە پیتی عەرەبی، لاتین و ڕووسی دەنووسرێ و ئەوەش بە هۆی ئەوەیە کە نەتەوەی کورد لە نێوان چەند وڵات‌دا دابەش کراوە و لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا خویندن و نووسین بەزمانی کوردە یاساخە. کەوابوو،لە ڕوانگەی مێژوویی‌یەوە لانی‌کەم کات و دەرفەت پێویستە تاکوو خەت و نووسینی یەکگرتوو و زمانی ستانداری کوردی پێک‌بێ. ئاکام ئەوەیە کە نەتەوەی کوردیش خاوەنی زمانی هاوبەشە کە وەکوو یەکێک لە هۆکارەکانی جیاکەرەوەی نێوان گەلان پێناسە دەکرێ. لە لایەکی دیکەوە هیچ کەس حاشا لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوونی خاکی هاوبەشی کوردەکان ناکا. چونکە لە ڕۆژگارانی زۆر کۆنەوە کوردستان وەکوو زێد و نیشتمانی کوردان ناسراوە. خاکێک کە هەزاران ساڵە ڕۆڵەکانی ئەو گەلە لە ناو کێو و دەشت و دۆڵیدا دەژین. دابەشکردنی کوردستان بە هۆی سنوورە سیاسییەکانەوە لە نێوان چەند وڵاتاندا هیچ لە ڕاستیی مەسەلەکە ناگۆڕێ. لە بابەت ژیانی هاوبەشی ئابووری ڕوانگەی زۆر جۆراوجۆر هەیە. ئەوەی ڕاستی بێ لە نێو کوردەکاندا ژیانی ئابووریی هاوبەش بەوشێوەیەی کە لە وڵاتانی وەکوو فەرانسە و ئیتالیا دەبینرێ، بەرچاو ناکەوێ. لەو پێوەندییەدا تەنانەت لە مابەینی کوردەکان و تورکەکاندا جیاوازی هەیە،چونکە تورکەکان لەوبارەوە لە کوردەکان لە پێشترن. هۆیەکەشی بەرەوپێشچوونی بەئەسپایی ڕەوەندی گەشەسەندنی سەرمایەداری لە کوردستانە. هۆیەکی دیکەی ئەومەسەلە دابەشبوونی کوردستان لە نێوان چەند وڵاتدایە و بەشەکانی بە شێوەیەکی فەرمی لێک جیا کراونەوە و لەناو هەرکام لەو بەشانەشدا کوردستان دابەش کراوەتەوە. ئەوەش شتێکی سروشتییە کە هەمووی ئەوهۆکارانە بوونەتە ئاستەنگ لە بەردەم دروستبوونی ژیانێکی هاوبەشی ئابووری». (کردستان وکرد، ل ل. ٣٠٠- ٣٠٢).

«سەرەرای هەموو ئەوانە، بەرەوپێشچوونی پێوەندیی سەرمایەداری و بوونی جیاوازی لە ژیانی گوندنشینەکاندا، گەورەتربوونی شارەکان و پەرەسەندنی بازرگانی و پێوەندییەکان لە بەهێزبوونی مانەوەی نەتەوەی کورد دا دەوەر دەبینن. ئەوەش بەومانایەیە کە ئەگەر نەتوانین باس لە ژیانێکی ئابووریی هاوبەشی کامڵ لە کوردستاندا بکەین، ناتوانین حاشاش لە بوونی جۆرێک ژیانی هاوبەشی ئابووری لە کوردستاندا بکەین. پێشتر باسمان کردبوو کە سەرەرای بوونی سنوورە دەستکردەکان، کوردەکان خاوەنی پێوەندیی بەربڵاوی ئابوورین، بۆ وێنە دەتوانین باس لە پێوەندییە ئابوورییەکانی کوردەکانی ئێران و عێراق بکەین. جگە لەمانە، ژیانی ئابووریی هاوبەش دیاردەیەکی نیسبییە و نەتەوەکانی هاوسێی کوردەکان وەکوو فارسەکان، تورکەکان، عەرەبەکان و ئازەرییەکان لە بواری ژیانی ئابووریی هاوبەشەوە وەکوو کوردەکان وان. ئەوانیش لە هێندێک ناوچە یەکیەتیی ئابوورییەکی بە هێزیان هەیەو لە هیندێک ناوچەش لێی بێ بەشن». (کردستان وکرد، ل. ٣٠٢ - ٣٠٣).

«داب و نەریتی هاوبەشی کوردەکان بە شێوەیەکی گشتی شتێکی ڕوون و دیارە. تەواوی خاوەرناسان و هەموو ئەوانەی کە قۆلی هیمەتیان بۆ لێکۆلینەوە لە سەرکوردان


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵماڵیوە لە سەر ئەو ڕاستییە هاوڕان کە کوردەکان لە تەواوی نەتەوەکانی دراوسێی خۆیان جیاوازن. کوردەکان کولتوری تایبەت بە خۆیان پاراستوە و هیچ کام لە گرووپە نژادی و زمانییەکان نەیانتوانیوە بیتوێننەوە. خەباتی دووروودرێژی کوردەکان لە پێناو پاراستنی هۆوییەتی میللیی خۆیاندا، بەردەوام بۆتە هۆی مانەوە و پاراستنی داب و نەریتی هاوبەش و فەرهەنگی نەتەوەییيان. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە لە دوای شەڕی جیهانیی دووهەم و بە تایبەت لە سەردەمی کۆماری دێموکراتیکی کوردستاندا هەستی نەتەوایەتی لە نێو کوردەکاندا زۆر بەهێز بووە». (کردستان وکرد، ل. ٣٠٣ ).

## کاریگەریی نەرێنیی ئایینی هاوبەش لە سەر گەشەسەندنی هۆشیاریی نەتەوەیی کورد:

د. قاسملوو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئایینی هاوبەش کاریگەریی زۆر نەرێنیی لە سەر گەشەسەندنی هۆوییەتی نەتەوەیی کورد داناوە و بۆ ئەو مەبەستەش دەنووسێ کە «ئایینی هاوبەش یەکێک بووە لە ئاستەنگەکانی بەردەم کە پێشی بە گەشەسەندن و کامڵبوونی هۆوییەتی نەتەوەیی گەلی کورد گرتوە. دەسەڵاتداران لە ئیسلام، ئایینی هاوبەشی گەلانی موسوڵمان وەکوو کەرەسەیەک بۆ داپۆشینی ستەمی نەتەوەیی خەلیفەکانی بەغدا و سولتانەکانی عوسمانی کە ئەوانیش خۆیان وەکوو خەلیفە پێناسە کردوە کەڵکیان وەرگرتوە. بۆ نموونە لە سەردەمی شەڕی جیهانیی یەکەمدا کوردەکان دەرفەتێکیان بۆ ڕەخسا تاکوو بۆ دابینکردنی مافەکانی نەتەوەیی و بۆ بە دەستەوەگرتنی چارەیخۆنووسین خەبات و بەرخۆدان بکەن، بە لام بە بیانووی جیهاد ئەوانیان فریو داو بۆ ماوەیەک هۆش و فکری کوردەکانیان لەو زوڵم و ستەمەی کە لە لایەن تورکەکانەوە دەرحەقیان دەکرا بە لارێدا برد».

«ئەوە ڕاستە کە دین وەکوو یەکێک لە هۆیەکانی کامڵبوونی هۆوییەتی نەتەوەیی بەئەژمار نایە، بە لام دەکرێ کاریگەریی ئایین لە سەر دروستبوونی هۆوییەتی نەتەوەیی گەلی کورد لەو هەڵسەنگاندنەی خوارەوە وەکوو نموونە بخەینە بەرچاو. هەرچەند ناوچەی کرماشان لە بواری ئابووری و کۆمەلایەتیدا لە پێشترە، خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە دەڤەری مەهاباد بە هێزترە. چونکە کوردەکانی مەهاباد سوننین، بە لام کوردەکانی کرماشان شیعەن. ئەو جیاوازییە مەزهەبییە بۆتە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هۆی ئەوە کە ستەمی نەتەوەیی لە مەهاباد ئاشکراتر خۆی بنوێنێ. ئەو مەسەلەیە هەستی خۆڕاگریی کوردەکان دەباتە سەرەوە و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هۆشیاریی نەتەوەیی. بێگومان دابەشبوونی کوردستان لە نێوان چەند وڵاتی جیاوازدا ئاستەنگێکی دیکەیە لە سەر ڕێگای کامڵبوونی هۆوییەتی نەتەویی گەلی کورد. کەوابوو نەتەوەی کورد خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەیە کە بۆ کامڵبوونی هۆوییەتی نەتەوەیەکی جیاواز پێویستن. بەو هۆیەشەوە، هەروەکوو چۆن باس لە نەتەوەکانی دیکە دەکەن، دەکرێ وەکوو نەتەوە باس لە کوردیش بکرێ. چونکە سێ شەرتی گرینگ و سەرەکیی کامڵبوونی هۆوییەتی میللی بریتین لە زمان، زێد و نیشتمان و داب و نەریتی هاوبەش کە هەموویان بە تەواوی لە گەلی کورددا هەن و زۆرجار بوونی ئابووریی هاوبەش وەکوو هۆیەکی سەرەکی بۆ کامڵبوونی هۆوییەتی نەتەوەیی حیسابی بۆ ناکرێ. بە سەرنجدان بەو مەسەلانەی کە لە سەرەوە باسکران دەکرێ گەلی کوردیش وەکوو یەکێک لە گەلانی دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست چاو لێبکرێ کە لە حالی حازردا خەریکی کامڵکردنی هۆوییەتی نەتەوەیی خۆیەتی».(کردستان وکرد، ل ل. ٣٠٣ ـ ٣٠٥).

## مارکسیستەکان و مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد:

د. قاسملوو بۆ سەلماندنی نەتەوەبوونی کورد و بۆئەوەی وەڵامێکی باشی بە چەپەکانی ئێرانی دابێتەوە کە بە هەڵە یان بە ئانقەست بیرو بۆچوونەکانی مارکسیسم بە تایبەت هی لێنین لێک دەدەنەوە و لەو ڕێگایەوە دژایەتیی کورد و مافە نەتەوەیی‌یەکانی دەکەن ئاماژە بە ڕوانگەی مارکسیستەکان و لە سەرەوەی هەموان لێنین دەکا و بە هێنانەوەی کۆمەڵێک فاکت چەواشەکاری‌یەکانی پانئێرانیستە چەپ و ڕاستەکان دەخاتە ڕوو، لەوبارەوە دەنووسێ:

«مارکسیزم – لێنینیزم مافی دیاریکردنی چارەی‌خۆنووسینی بۆ هەموو گەلان بەرەسمی ناسیوە. لێنین لە هەڵسوکەوت لە گەڵ ڕیفۆرمیستەکاندا دەڵێ» دیاری‌کردنی چارەنووسی نەتەوەکان یانی سەربەخۆیی سیاسیی ئەو گەلانە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی». لێنین هەرلەو پەیوەندی‌یەدا دەڵێ «مافی دیاریکردنی چارەنووس کە بەشێک لە بەرنامەکانی مارکسیستەکانە لەبواری مێژوویی و ئابووری تەنیا یەک مانای هەیە، ئەویش بریتی‌یە لە دیاری‌کردنی چارەنووسی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسی، واتە سەربەخۆیی دەوڵەتی و دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی میللی».

د. قاسملوو لە درێژەی باسەکەی‌دا دەنووسێ «لێنین لێبراوانە لە دیاری‌کردنی مافی چارەنووس پشتیوانی دەکا و هەموو ئەوانەی کە دژایەتی ئەومافە دەکەن و بە جۆرێک مانای دەکەنەوە کە شامیلی مافی سەربەخۆیی نابێ دەداتە بەر ڕەخنە. لێنین لەوبارەوە دەڵێ» سۆسیالیستی نەتەوەی حاکم ئەگەر لە کاتی شەڕ یان ئاشتی‌دا لە هەمبەر دابین‌کردنی مافی سەربەخۆیی نەتەوەکانی ژێر ستەم تێ‌نەکۆشێ سۆسیالیست نیە و تەنانەت ئەنترناسیۆنالیستیش نیە، تەنیا شۆوێنیستە.(کردستان و کرد،ل .٣١٨ ـ ٣١٩).بە بڕوای من ئەو قسەیەی لێنین بۆ ئەورۆی ئێران زۆر لەجێی خۆی‌دایە، چونکە ئەحزابی بە ناو سۆسیالیست و کۆمونیستی سەراسەریی فارس زمان یان پاشکۆکانی ئەوان کە کوردن و بەئاشکرا هێرش دەکەنە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی و بزاڤی ڕزگاری‌خوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جگە لەکۆمەڵێک عەشیرەتی دواکەوتووی ڕەگەزپەرست و فاشیست هیچ پێناسەیەکی دیکەیان بۆ ناکرێ، دەنا ئەگەر بەراستی سۆسیالیست و کۆمونیست بان و بڕوایان بە مافی بەرابەری و یەکسانیی مرۆڤەکان هەبووایە، شەڕی ناڕەوایان بە سەر کورددا نەدەسەپاند. ئەو بەناو ئەحزابە کۆمونیست و سۆسیالیستانە هەردەزانن بڵێن «پاراستنی تەمامیەتی ئەرزیی ئێران» وەکوو ئەوەی هەموو ئێران بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە ملکی بێ‌ئەم‌لاو ئەولای باب و باپیریان بێ و دەبێ نەتەوەی فەرمانڕەوا هەرفارس بێ و هەر ئەوانیش لە تارانەوە لە جیاتی گەلی کورد بیر بکەنەوە و بڕیار بدەن. ئایا ژیان و گیانی مرۆڤەکان نابێ لە خاک‌وخۆڵ بە نرختر بێ؟ ئەگەر ئینسانەکان نەتوانن ئازاد بژین و لە مافی ئینسانی بێ بەش بن، «تەمامیەتی ئەرزی» بە کەڵکی چی دێ؟ کورد مافی خۆیەتی بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆی بدا و مافی بێ‌ئەم‌لاوئەولای نەتەوەیی خۆیەتی کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دامەزرێنێ. چۆن بۆ گەلانی دیکە ئەو مافە شتێکی ڕەواو بەرحەقە، بە لام بۆ کورد ناحەق؟ چ یاسایەکی سەرزەوی و ئاسمانی ئەو مافە تەنیا بۆ کوردان بە ناڕەوا دەزانێ بەڵام بۆ خەلکانی دیکە بە ڕەوا؟

د. قاسملوو لەمەڕ دیاریکردنی مافی چارەنووس دەنووسێ «کوردەکان هەر وەکوو هەر نەتەوەیەکی دیکە مافی دیاری‌کردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە. لە بابەت مەسەلەی کوردەوە شتێکی تایبەتییش هەیە و ئەویش ئەوەیە کە بۆ گەلی کورد تەنیا لە وەدەست هێنانی سەربەخۆیی‌دا خۆ نابینێتەوە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵکوو لە پێش هەموو شتێکدا وەدەست هێنانەوەی یەکیەتیی نەتەوەیی‌یە. بۆ نموونە دابین‌کردنی مافی دیاری‌کردنی چارەنووس لە عێراقدا بە مانای جیابوونەوەی کوردستانی عێراق نیە، بەڵکوو بە مانای یەکگرتنەوەی کوردستانی عێراق لە گەڵ کوردستانی ئێران و تورکیەیە. (کردستان وکرد، ل. ٣١٩).

هەرئەندازە یەکیەتیی کوردستان ناموەکین و نادروست بێتە بەرچاو، حەق وایە کە مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد بە فەرمی بناسێندرێ. چونکە دان‌نان بە مافی دیاری‌کردنی چارەنووس بۆ هەموو نەتەوەکان بە بێ جیاوازی و هەڵاواردن، بە بێ لە بەرچاوگرتنی ڕادەی حەشیمەتی ئەو گەلەی کە باسی لێوە دەکرێ و ڕادەی پێشکەوتنی ئەو وڵاتەی کە نەتەوەی ناوبراو تێیدا دەژی، بە مانای قەبوڵکردنی بیروبۆچوونەکانی ئەنترناسیۆنالیستی و مافی یەکسانیی گەلانە.

ئەوە کە هەلومەرجی گونجاو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەبارە یان نا، ئەوە کە سەربەخۆیی نەتەوەیەک یان مانەوەی ئەو نەتەوەیە لەگەڵ چەند نەتەوەی دیکە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، ئەوە کە نەتەوەیەک لەو مافەی خۆی کەڵک وەردەگرێ یان نا، ئەوە کە ئەو داوایە لەژێر سێبەری ڕێژیمێکی سەرمایەداری‌دا ئیمکانی وەدی‌هاتنی هەیە یان تەنیا لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی سۆسیالیستی‌دا، نابێ ببنە هۆی حاشاکردن لەو ڕاستی‌یە کە تەواوی نەتەوەکان مافی دیاری‌کردنی چارەنووسی خۆیان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە. (کردستان وکرد، ل. ٣١٩ ـ ٣٢٠). جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بە هیچ شێوەیەک بە واتای جیاوازی‌خوازی (تجزیه طلبی) نیە و بەپێچەوانەوە دوای ئەو سەربەخۆیی‌یە هەلومەرجی پێویست بۆ دروست‌بوونی یەکیەتیی نێوان تەواوی دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دەتوانێ لە شێوەی فیدراسیۆن‌دا بێ، پێک دێ.(کردستان وکرد، ل. ٣٢٥).

### مەسەلەی کورد لە ڕوانگەی شۆوێنیسمی فارسەوە:

هەروەکوو لە سەرەتادا ئاماژەم پێ‌کرد شۆوێنیسمی فارس بەردەوام دژایەتیی کورد و مافە نەتەوایەتی‌یەکانی کردوە و بە هەموو توانایەوە هەوڵی بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد داوە و دەکرێ بڵێم کە سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردیان تاکوو ئەمڕۆش بە شێوازی جۆراوجۆرو سیستماتیک بەرەوپێش بردوە. ئەوان جگە لە لایەنی سیاسیی مەسەلەکە هەوڵیشیان داوە لە بواری زمانی و مێژوویی و فەرهەنگییشدا ژێنۆسایدی نەتەوەی کورد کامڵ بکەن. یەکێک لەو لایەنە سیاسی‌یانەی کەخۆی بەهێزێکی سەراسەری ناساندوە و ڕابردوویەکی کۆنی هەیە ڕێکخراوی «جبهە ملی ایران» ە کە ساڵی ١٣٤٩ هەتاوی لە نامیلکەیەکدا لە ژێر ناوی «ئەفسانەی گەلانی ئێران» بە قەڵەمی م - ماکان کە لە لایەن چاپخانەی «مزدک» سەربەو ڕێکخراوەیە چاپ و بڵاو کراوەتەوە فرەگەلی‌بوونی ئێران بە تەواوی ڕەد دەکاتەوە و حاشا لە بوونی زمانەکانی دیکە لە ئێراندا دەکا و بۆ ئەو هەموویان، زاراوەن جگە لە فارسی.

دوکتور قاسملوو بۆ بەرپەرچدانەوەی ڕوانگە شۆوینیستی‌یەکانی ئەو ڕێکخراوەیە لە بابەتێکدا لە ژێر ناوی «واقعییەتی گەلانی ئێران و ئەفسانەی م ـ ماکان» بە باشی داکۆکیی لە کورد و مافەکانی کردوە و بە هێنانەوەی زۆر بەڵگە بۆچوونە ڕاسیستی‌یەکانی ئەو ڕێکخراوەی بەرپەرچ داوەتەوە. نووسینەکەی دوکتور قاسملوو بۆ ئێستاش هەر تازەیە و بۆیە بە پێویستم زانی کە ئاوڕێکی لێ بدەمەوە. ئەو ڕوانگەیەی ڕێکخراوی «جبهە ملی ایران» نەک ئاڵوگۆری بە سەردا نەهاتوە، بەڵکوو زۆر ڕێکخراوی دیکەی چەپ و ڕاستی سەراسەرییش پەیرەویی لێ‌دەکەن و کردوویانە بە ستراتیژیی خۆیان بۆ دژایەتیی نەتەوەی کورد و خواستەکانی. ئەوەی لە خوارەوە دەی‌خوێننەوە هەڵبژاردەیەک لە نووسینەکەی - ماکان و هەڵوێستەکانی دوکتور قاسملوویە.

«ئاغای ماکان کە خۆی وەکوو سۆسیالیست پێناسە دەکا لە مەڕ نەبوونی گەلانی جیاواز لە ئێراندا دەنووسێ «فیکری گەلانی ئێران فیکرێکە بە هۆی نۆکەرانی ئیمپریالیزم لە دەرەوەڕا هاتوە و نیسبەت‌دانی بە لێنین نە تەنیا لادانێکی گەورەیە، بەڵکوو بێ‌حورمەتی بەو پیاوە مەزنەشە« (لاپەڕەی ٤٦).

لە درێژەی ئەو باسەدا ئاغای ماکان دەنووسێ «ئێمە بێجگە لە نەتەوە (گەل)ی ئێران لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتەدا گەلێکی دیکە ناناسین». (لاپەڕەی ٤٣). دوکتور قاسملوو لە وەڵامدا دەنووسێ «ڕێژیمی حەمە ڕەزا شا کە بە کردەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حاشا لە بوونی نەتەوەکانی تری ئێران وەک ئازەربایجانی، کورد و... هتد دەکاو دان بە هیچ چەشنە مافێکی نەتەوایەتی بۆ ئەو نەتەوانەدا نانێ، بیروڕای لە گەڵ بیروڕای ئاغای ماکان کە دەڵێ لە ئێراندا تەنیا نەتەوەیەک هەیە و ئەویش نەتەوەی ئێرانە بە تەواوی یەکە. پان ئێرانیستەکانی نۆکەری شا لە تاقمی پزیشکپووریش ئامانجیان هەر ئەوەیە کە هەموو گەلانی ئێران بە ناوی نەتەوەی ئێران بێنە ژێر ئاڵای پان ئیرانیزم». «هەم لە سەردەمی رەزاشا و هەم لە سەردەمی ئێستادا رێژیمی کۆنەپەرستی پاشایەتی هەموو بزووتنەوەیەکی گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانی بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی خۆیان بە جیاوازیخوازی تاوانبار کردوەو ئاغای ماکانیش هەروا دەکا. رێژیمی کۆنەپەرستی بنەماڵەی پەهلەوی، بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان بە دەستکردی بێگانەکان دەزانێ و بە توندی سەرکوتی کردوون و سەرکوتیان دەکا».( تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم، ل. ٢٤٨).

ماکان لە درێژەی باسەکەیدا دەنووسێ «هەموو راپەڕینەکانی گەلی کورد و هەموو تێکۆشانی سیاسی کوردەکان لە راپەڕینەکانی چەکدارییەوە بگرە تا بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە بە هاندانی بێگانە بووە. ئەو بێگانەیە جارێک عوسمانییە و جارێک ئینگلیزو جارێک ئەمریکایە و جارێک یەکیەتیی سۆوییتی. ماکان دیسان بەردەوام دەبێ و دەڵێ» بەم چەشنە روون دەبێتەوە کە راپەڕینەکانی کوردستان لە ئێراندا بناغەیەکی نەتەوایەتی و زانستییان نەبووە و بەڵکوو بە هاندانی بێگانە و دابینکردنی مەبەستی ئیمپریالیستەکان هاتوونە دی». دوکتور قاسملوو لە وەڵامدا دەنووسێ «ئایا ماکان بە ڕاستی هێندە ساویلکەیە وا بیر بکاتەوە کە ئەگەر هەستی نەتەوایەتی نەبووایە گەلی کورد بۆ دابینکردنی مەبەستی ئیمپریالیستەکان ئەو هەموو خوێنەی دەڕشت. ئایا سمایلی شەریف زادە و مەلا ئاوارە و سولەیمانی موعینی و دەیان شەهیدی تر بەهاندانی بێگانە دەستیان دایە چەک؟ ئایا زۆر بێئینسافی نیە مۆری نۆکەرایەتیی ئیمپریالیزم لەناوچاوانی ئەو شەهیدانە بدرێ کە رابەری ڕاپەرینە چەکدارانەکەی ئەم دواییانەیان کرد لەدژی رێژیمی دژی نیشتمانی و کۆنەپەرستی شاهەنشایی، ئەویش لە لایەن کەسێکەوە کە خۆی بە ئازادیخواز ودژی ئیستعمار دەزانێ؟

(تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم، ل. ٢٥٥ ـ ٢٥٦ ).


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماکان، کۆماری کوردستان لە مەهاباد بە دەستکردی بێگانە دەزانێ و قازی محەممەد بە کارگێری بەڕێوەبردنی سیاسەتی بێگانەکان لە کوردستاندا. ئەو ئیددیعا دەکا کە «ئەو کۆمارە هەر لەبەر ئەوەی پشتی بە کۆمەڵانی خەڵک نەبەستبوو، چونکە بزووتنەوەیەکی جیاوازیخوازانە بوو بە بێ بە گژیەکداهاتنێکی سەختی عەسکەری لەگەڵ ئەرتەشی پەهلەوی لەبەریەک هەڵوەشا». دوکتور قاسملوو لە وەڵامدا دەنووسێ «دیارە ئاغای ماکان لە بارەی کۆماری مەهابادەوە زۆرکەم ئاگادارە. بە شاهیدیی دۆست و دوژمن (ئەوەندە بەسە کە ماکان تەماشایەکی کتێبی نجفقلی پسیان، «لە مەهابادی خوێناوییەوە تا لێوارەکانی ئاراز» بکا). قازی محەممەد و کۆماری مەهاباد بەچەشنێکی بێوێنە جێگای خۆیان لەناو خەڵکی کوردستاندا کردبۆوە. ئێستاش کۆماری مەهاباد دیاردەی خەباتێکی دووروودرێژی مێژوویییە و لانی چاکە و خەراپەی ئەو کۆمارە میراتێکی گەورەیە بۆ گەلی کورد. نە ئاغای ماکان و نە شۆوێنیستەکانی تری فارس بەگشتی و نە کۆنەپەرستیی حەمەرەزاشا ناتوانن کاریگەریەتیی مەعنەویی ئەو کۆمارە لە ناو بەرن.

دوکتور قاسملوو لە درێژەی باسەکەیدا دەنووسێ «سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە ئاغای ماکان لە (ل. ٤٠) لە حیزبی توودەی ئێران داوا دەکا کە لە دژی مافی دانانی چارەنووسی گەلانی ئێران خەبات بکا. ماکان دەڵێ لەنێوان دروشمی دیفاع لە تەواویەتی ئەرزیی ئێران و مافی دانانی چارەنووسی گەلانی ئێراندا کە هەردووکیان لە بەرنامەی حیزبی توودەی ئێراندا هاتوون ناتەبایی هەیە». (تاقگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم، ل.ل. ٢٥٨ ـ ٢٥٩).

## مەسەلەی زمان لە ڕوانگەی م - ماکان:

فارسە شۆوینیستەکان لە بواری زمانیشەوە هەمووکات هەوڵ دەدەن کە زمانی کوردی بە لقێک لە زمانی فارسی پێناسە بکەن و وا نیشان دەدەن کە بە قەولی خۆیان «چونکە کورد نەتەوە نیە و قەومە، کە وابوو ناتوانێ زمانی سەربەخۆشی هەبێ». م - ماکان لەو پەیوەندییەدا دەنووسێ» زمانی دەری زمانی هەموو خەڵکی ئێرانە، چونکە ئەو زمانە بە ناوی زمانی دانیشتووانی ئێران لە پرۆسە (ڕەوت)ی مێژوویيدا پێک هاتوە و پەرەی ئەستاندوە«. دوکتور قاسملوو لە وەڵامدا دەنووسێ» ئەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە منداڵی ئازەربایجانی بۆ یەکەمجار لە قوتابخانەدا تووشی زمانی فارسی دەبێ و تێدەگا کە بە «سوو» دەڵێن «ئاب» و بە «چۆرەک» دەڵێن «نان»، بۆ ئاغای ماکان گرینگ نیە. ئەو ناتوانێ تێبگا کە زمانی فارسی بۆ منداڵانی ئازەربایجانی و کورد زمانی زگماکی نیە. ماکان بە ئاشکرا دەری ناخا و وا دیارە ئەو ئازایەتی و ڕووهەڵماڵاوی‌یە لە خۆی‌دا شک نابا. بە لام بەرهەمی لێکدانەوەکەی ئەوەیە کە هەموو گەلانی ئێران دەبێ زمانی فارسی بە زمانی خۆیان بزانن و چونکە ئەوەش لە راستی دوورە، کە وابێ دەبێ مشوورێکی بۆ بخۆرێ یان ئەوەی کە نەتەوەکانی غەیرە فارس لە ئێران دا بە زۆر بتوێندرێنەوە.

ئێستا لەوە گەڕێین کە ماکان لە ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە دەگێرێتەوە (ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە کە لە جێگایەکی تردا بە «مووچەخۆری ئاشکراو نهێنیی دەزگای حکوومەتیی وڵاتە ئیمپریالیستی‌یەکانیان ناو دەبا»(لاپەڕەی ٣١)، کە گۆیا ئەو زمانەی هاتۆتە فەلاتی ئێران بە زمانی ئێرانی ناو دەبەن.

راستیی ئەوەیە کە لە فەرهەنگی زمانناسی‌دا لە هیچ شوێنێک ئێمە تووشی زاراوەی زمانی ئێرانی نابین و هیچ ڕۆژهەڵاتناسێکی ناسراو ئەو زاراوەی بە کار نەهێناوە. بە پێچەوانە هەموو ڕۆژهەڵاتناسان زاراوەی زمانە ئێرانی‌یەکانی بەکار دێنن کە لکێکە لە زمانەکانی هیندوئۆرووپایی. لاڕووس (قاموسی فەرانسەوی) لەلکی هیندوئێرانی‌دا کە زمانەکانی هیندی و ئێرانی دەگرێتەوە، زمانەکانی تازەی هیندی، سانسکریت، پارسیی کۆن، زەتر، فارسی و کوردی ناو دەبا. (لاڕووسی بچووک ١٩٦٤، لاپەڕەی ١٤٤٣). دوکتور قاسملوو درێژە بە باسەکەی دەدا و لە بواری زمانەوە دەنووسێ» زاراوەیەکی تر کە ماکان بە کاری دێنێ «نیوەزمان» ە. دیارە ئەوەش زاراوەیەکی تایبەتی خۆیەتی. لە زانستی زمانناسی‌دا زاراوەیەکی وەها نیە و ناشزانین کە مەبەستی لە نیوەزمان چیە. ئاغای ماکان ناچار بووە ئەو زاراوە داتاشێ. تا ئەگەر نەی‌توانی زمانەکانی ئازەری و کوردی بکاتە بەشێک لە شێوەکانی زمانی فارسی، لانی‌کەم بتوانێ ناوی نیوەزمانیان بەسەردا ببرێ. (تاقگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم، ل.ل ٢٥١ ـ ٢٥٢).

لە بابەت زمانی کوردی‌یەوە ماکان دەنووسێ «چونکە لە زمانی کوردی‌دا چەند شێوە هەیە ناکرێ پێی بگوترێ زمان». لە وەڵام‌دا دوکتور قاسملوو دەڵێ» لەپێش‌دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبێ بڵێین کە بوونی چەند شێوەی جۆربەجۆر تایبەتی زمانی کوردی نیە. زمانی ئەڵمانی کە یەکێکە لە زمانە مۆدێرن و پێشکەوتووەکان، ئێستاش خاوەنی چەند شێوەی جۆربەجۆرە. ناتەواویی زمانی کوردی لەوەدایە کە ئەلفوبێیەکی نیە کەبتوانێ ببێتە بناغە بۆ پێکهێنانی زمانی ستانداردی کوردی. ئێستا لە قوتابخانەکانی کوردستانی عێراقدا بەزمانی کوردی دەخوێندرێ. رۆژنامە و گۆڤارو کتێب بەو زمانە بڵاو دەکرێتەوە. لەیەکیەتیی سۆڤییەتیش هەر وەها. رۆژهەڵاتناسەکان لە رۆژهەڵاتەوە تا رۆژئاوا هەموو سەلماندوویانە کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە. لێکنزیکیی زمانی کوردی و فارسی نابێتە بەڵگەی ئەوە کە زمانی فارسی شێوەیەکی زمانی کوردییە یان بە پێچەوانە زمانی کوردی یەکێکە لە شێوەکانی زمانی فارسی. مەگەر زمانی رووسی و بیلۆڕووسی یا زمانی رووسی و ئۆکراینی جیاوازییان لە نێواندا پترە لە زمانی کوردی و فارسی؟ تەنانەت دوو نەتەوەی جیاوازییش دەگونجێ بەزمانێک قسە بکەن وەک ئۆتریشییەکان و ئەڵمانییەکان، فەرانسەوییەکان و بێلژیکییەکان، ئینگلیزییەکان وئەمریکاییەکان. (تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم، ل.ل. ٢٥٦ ـ ٢٥٧).ئەو کتێبانەی وەکوو سەرچاوە بۆ ئەو بابەتە کەڵکم لێوەرگرتوون بریتین لە:

کردستان وکرد، دکتر عبدالرحمن قاسملو. چاپی فارسی، ١٩٩٦

نیوسەدە تێکۆشان، عبداللە حسنزادە، بەرگی دووهەم، ١٩٩٦

دوکتور قاسملوو، رێبەرێکی مۆدێرن و شۆرشگێرێکی دیموکرات، کۆ کردنەوەی کاوە بەهرامی

تاڤگەی هەقیقەت، لە کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی، بەرگی یەکەم

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور قاسملوو، ساغکەرەوەو زیندووکەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**د. گوڵمراد مرادی**

ئەگەرچی ئەوە ئامانجی تەواوی خەباتگێرانی رێگەی ئازادیی گەلانە کە هەرچی زووتر رێژیمگەلی سەدەناوەڕاستی بخەنە نێو زبڵدانی مێژوو و کەشێکی ئەوتۆ بخوڵقێنن کە ئیتر هیچ کەسێک بۆ گەیشتن بە مافە رەواکانی خۆی پێویستیی بە خەباتێکی خوێناوی نەبێت.

بەڵام هەروەکی دەبینین هێشتا گۆڕانێکی بەرچاو نەهاتۆتە ئاراوەو جینایەتکاران هەروا لەسەر تەختی دەسەڵاتن. کەوابوو ئێمە دەبێ بە بەرپرسیارەتی‌یەوە لە بەرامبەر خوێنی بەناحەقرژاوی ئەو خۆشەویستانەدا ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە گرفتی کارەکەمان لە کوێدایەو لە کوێ بەهەڵە چووین؟ بۆچی ئەحمەدی‌نژادێک کە وڵاتی بردە سەر لێواری هەڵدێر دیسانیش لە هەڵبژاردنەکان‌دا سەر دەکەوێتەوە؟ ئەوانە کۆمەڵە پرسیارێکن کە ئەگەر ئەو جوامێرە گیانبەختکردووانە لە نێومان‌دا بوایەن هەم لە ئێمەو هەمیش لە خۆیانیان دەکردن.

ئیزن بدەن لەم پێوەندی‌یەدا وتەیەکی دوکتور قاسملوو بێنینەوە کە بە زیندی سەری بەردەوام گوتوویەتی:«

**باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی رێگەیانە.»**

بەداخ و کەسەرەوە دوکتور قاسملوو خۆی چووە ریزی کاروانی سوورخەڵاتانەوە و دوژمن ئەو دەرفەتەی بەو و هاورێکانی نەدا. بەڵام ئەو بە باوەڕی پتەوەوە دەی‌زانی کە رێگەکەی رێگەیەکی راستەو دەتگوت ئیلهامی پێ‌کراوە کە رۆژێک گیانی لەو رێگە پیرۆز و پڕمەترسی‌یە دا، دادەنێ.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی ئەو نەیدەزانی ئەوە بوو کە ئایا ئێمە درێژەدەری ڕێگەکەی دەبین یان نا؟ ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە بە کوێرایی چاوی دوژمنان، ئاڵای ئەو خەباتە ڕەوایەی کە بە دەستی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیان ئەسپێردرابوو، هەروا شەکاوەیەو هەتا سەرکەوتنی یەکجارەکی نانەوێ. بەهەر حاڵ هاوسەنگەران و خەباتکارانی ڕێگەی دیموکراسی دەبێ ئەو ئامۆژگاری‌یە بکەنە ئەڵقەی گوێچکەیان کە دواجار» یەککگرتوویی هێمای سەرکەوتنەو بۆ دەستەبەرکردنی ئەو یەککگرتوویی‌یە هۆشیاری و چاوکراوەیی و باوەڕ بە ڕێبازی خەبات پێویستە«. هەروەکی ئەو مامۆستا بێ وێنەیە بە شێوازی خۆی دەیگوت: «بۆ وەدەستهێنانی هۆشیاری و هەبوونی باوەڕی پتەوو قووڵ بە ڕێگەی خەڵکی، پەرەوەردە پێویستە. هەر بۆیەشە یەکێک لە گرنگترین بەرنامە پەروەردەیی‌یەکانی ئەو پەروەردەی سیاسی و مێژوویی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بوو. دوژمنان بە وردی لەو خاڵە تێگەیشتبوون و بوونی دوکتور قاسملوو و شوێنکەوتووەکانی‌یان بە مەترسی‌یەک بۆسەر خۆیان دەزانی و دەبوو لەسەر ڕێگە لاببردرێن.

دوژمن ئەوەی کردو بە فێڵ و دەهۆ دوکتور قاسملووی کێشایە سەر مێزی وتووێژو خستیە تەڵەو داوەوە و چاوەڕوان مایەوە وەها فێڵ و تەڵەکەیەکیش بەڵام بە شێوازێکی دیکە بۆ جێگرەوەکەی ئەو واتەدوکتور شەرەفکەندیی نەمرو هاوڕێیانی بەکار بێنێ و بۆ ئەو مەبەستەش  هەنگاو بە هەنگاو هەڵسوکەوت و چالاکی‌یەکانیانی خستبووە ژێر چاوەدێری‌یەوە کە ئەم هەلە ناپیرۆزە لە بێرلین ڕەخساو ئەو جینایەتە سەرلەنوێ دووپات بۆوە. لەوانەیە ئێستێش وەها نەخشەو پیلانێکیان بۆ ڕێبەرانی ئێستەی حیزبی دێموکرات و ڕێبوارانی ڕاستەقینەی ڕێگای دوکتور قاسملوو و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی گەلانی دیکەش لە نێو ئۆپۆزیسیۆن‌دا داڕشتبێ. چونکی دوژمنانی زێدەخوازو ناوەندگەرا لە پەروەردەو چاوکراوەیی و بەکارهێنانی مەنتیق لەبری چەک و لە ڕێگەی ئاشتی‌خوازانە بۆ وەدەستهێنانی مافی گەلان تۆقیون. مەنتیقی سەدە ناڤینی‌یەکان تیرۆرو سڕینەوەی لایەنی بەرامبەرەو هیچی دیکە. لەگەڵ هەمووی ئەوانەش‌دا، ئەزموون ئەوەی سەلماندوە کە ناوی گەورە پیاوان لە مێژوودا هەمیشە بە نەمری دەمێنێتەوە و هیچ مرۆڤێک ئەگەر خۆیشی بیەوێ ناتوانێ ناوونیشان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و شوێنپەنجەی ئەوان لە بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەدا لە یاد بکا. ئەوەتا سەعدیی شیرازی دەڵێ:

**بر خاک ره نشستن سعدی عجب مدار**

**مردان چه جای خاک که در خون تپیده‌اند**

**سمندر نه‌ای گرد آتش مگرد   که مردانگی باید آنگه نبرد**

بەڵێ هێندێ لە پیاوانی بێوێنەی ئێمە سەربەرزانە و بە مەنتیقەوە دەچنە شەڕو بەرەنگاری دوژمنان دەبنەوە و لەخوێن دەگەوزێن بۆ ئەوەی دەراوی ئاشتی و ئازادی بۆ هاونیشتمانەکانیان خۆش بکەن. ئەوان سەمەندەرانە خۆیان بە کڵی ئاگردا دەکەن و هەرگیز ناسووتێن. کەوابوو کەڵەپیاوانی ئێمەش هەرگیز لە یادان ناچنەوە. شاعیرێکی دیکەی فارس بەناوی حەنزەلەی بادغەیسی دەڵێ:

**یا بزرگی و نازو نعمت و جاه   یا چو مردانت مرگ رویاروی**

هەروەکی بینیمان و لە مێژووشدا زۆرمان خوێندۆتەوە هێندێ لە پێشەنگەکانی ئێمە مەرگی بەرەوڕوویان هەڵبژارد، نەک پێگەو پلەوپایە. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کە بەڕای من لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ژیان و پلەوپایە بە هەموو نرخێک شیاوی مرۆڤ نیە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا لە نێو ئێمەدا هەن ئەوانەی کە بۆ پلەوپایە و ژیانێکی خۆش و کورتخایەن، حەقیقەت دەنێنە ژێر پێیانەوە. بەڵام قاسملووەکان لێبڕاوانە پشتیان کردە ئەو جۆرە ژیانە، ئەوان باوەڕیان بە دروشمێک هەبوو و پێبەندی بوون کە دەڵێ:

**منصوروار اگر ببرندم بپای دار   مردانه جان دهم که جهان پایدار نیست**

چ شیرینە مرۆڤ وا بیر بکاتەوە. دیارە ئاشکرایە کە ئێمە بە هیچ شێوەیەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نامانەوێ بتێک لە ڕێبەرانی سیاسیمان تەنانەت لەوانەش کە ڕاستگۆیانە گیانیان لەو پێناوەدا بەخت کرد ساز بکەین و قارەمانێکی پووچەڵ و درۆیینیان لێ ساز بکەین. بەڵام ئەوەش دروست نیە کە ڕێز لە زەحمەت و هەوڵ و تێکۆشانی ئەو کەسانە نەگرین کە هەموو شتێکی خۆیانیان لەپێناوی یەکسانی و وەدەستهێنانی مافی یەکسانیی گەلەکەیان‌دا فیدا کردوە. بێ‌گومان ئێمە نەتەوەی کورد ڕێز لە قارەمانە نەمرەکانی خۆمان دەگرین و نەک لە بیریان ناکەین بەڵکوو

هەموو ساڵێ کارێکی وا دەکەین کە بۆ هەمیشە لە بیرو زەینی نەتەوەو چالاکان و شۆڕشگێڕەکانیان دا بە زیندوویی بمێننەوە.

بێ‌گومان یەکێک لە مەبەستەکانی ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی ئەو قارەمانانەو لەقاودانی مەسەلە پێوەندیدارەکان بە تیرۆرەکەیانەوە، لەڕاستی‌دا پووچەڵکردنەوەی تاکتیک و پیلانە جۆراوجۆرەکانی دوژمنانی ئاشتی و ئازادی و یەکسانی‌یە کە بۆ شادی و خۆشیی کەسانی لەو چەشنە خۆیان دایان‌دەڕێژن و تەنانەت بۆ وێنە هوشمەندەکانی کوردیش بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کارانە دەسخەڕۆ دەکەن.

بیست ساڵ لەمەوبەر ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی دوکتور قاسملووی نەمرو درێژەدەری ڕێبازی قازی محەممەدو هاوڕێیانی، لەسەر مێزی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی‌دا لە بری وەرگرتنەوەی وەڵامی پرسیارە مەنتیقی‌یەکانیان و چارەسەری مەسەلەی گەلانی نێو ئێران، درانە بەر دەسڕێژ.

لەوە دڵتەزێنتر ئەوەیە کە ئێمەمانان کەم وا هەیە دەرس لەم ئەزموونانە وەربگرین. لەبەر ئەوەی کە دەبێ بزانین دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ بۆ پاراستن و مانەوەی خۆیان دۆست و دوژمن لێک هەڵناوێرن. بکوژان فەرمانی لێبڕاوانەیان پێ‌درابوو کە نێوبژیوانی نێوان ئەوان و دوکتور قاسملوو واتە دوکتور فازڵ ڕەسووڵ کە پیاوێکی لانی‌کەم بە ڕواڵەت موسوڵمان و باوەڕمەند بوو، و پێوەندی‌یەکی نزیکیشی لەگەڵ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی‌دا هەبوو، بێ بەزەیی‌یانە تیرۆر بکرێ. کەوابوو بەلای دیکتاتۆرانەوە ئەگەر بەرژەوەندی‌یەکانیان بکەوێتە مەترسی‌یەوە، جیاوازی‌یەک لە نێوان دۆست و دوژمن‌دا نیەو لەوانەیە هەر لەبەر ئەوە کە ئەویش کورد بوو دەبایە بکوژرێ. لەبەر ئەوەی فەرماندەرانی ئەودیوی پەردە، نەیان‌دەویست بەهیچ شێوەیەک بەڵگەیەک لەخۆیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەجێ بێڵن. ئێمە دیسانیش لێرە دووپاتەی دەکەینەوە، ئەوە دەبێ وریایی‌دانێک بێ بۆ ئەوانەی کە متمانە بە دوژمنی نەتەوەکان دەکەن و زانست و تێگەیشتوویی خۆیان لە پێناوی ژیانێکی خۆش و کورتی چەند رۆژە دا دەنێنە خزمەتی ئەوانەوە.

ئەم پەیامە کە ئێستێ دەنووسرێ، نەک تەنیا بەو مەبەستە بێ کە تیرۆری سامناکی دوکتور قاسملووی نەمرمان لەبیر نەچێتەوە، بەڵکوو زیاتر پێوەندیی بە هەوڵێکی گرنگەوە هەیە، واتە راکێشانی سەرنجی دۆستان و پشتیوانان بۆ بەرگری لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستان، لە روانگەی ئەم سیاسەتوانە بێوێنەیەوە و هەروەها لەبەر رۆڵی دوکتور قاسملوو لە ناساندنی ویستەکانی نەتەوەی کورد بە جیهانی خۆراوایە. ئەو دەیویست جیهانی پیشەسازی و چاولەکەرەسەی خاوی بەرهەمهێنی وزە، تێ بگەیەنێ کە پێوەندی‌یەکانی ئەوان لەگەڵ جیهانی سێهەمدا پێوەندی‌یەکی نادادپەروەرانە و تاڵانکەرانەیە. ئەگەر ئەوان پێبەندی یەکسانی و ئاشتیی بەردەوامن و گەرەکیانە وڵاتانی جیهانی سێهەم کە حەشیمەتی بەکاربەری ئەو وڵاتگەلە لە گەشەیەکی بەرچاودایە، لە داهاتوودا کڕیاری بەرهەمەکانی ئەوان بن، دەبێ سەرنجی جیدی بدەنە ویستە سەرەتایی‌یەکانی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئەو ویشکارۆیانە کە لە کەرەسەی خاودا دەوڵەمەندن بەڵام گەشەیان نەکردوە یان وەپاش خراون. ئەوە پەیامێک بوو کەهەم پێشەنگەکانی دوکتور قاسملوو و هەم خۆیشی و هەمیش شوێنکەوتووەکانی داویانەتە وڵاتانی پیشەسازی. بەڵام پەیامی گرنگتری نەتەوە بندەستەکان بەمەبەستی سازکردنی پشتیوانی لە رێگەی خەباتی رەوای خۆیانەوە، کە لە بیرۆکەی ئەو مەزنەپیاوەدا هەبوو بە شێوەی خۆی دێنینەوە:

دوکتور قاسملووی  نەمر یەکەم‌مەرجی خۆی بۆ زیاترکردنی رێژەی دۆستانی گەلان  بە تایبەتی نەتەوەی کورد، لەسەر بنەمای هۆشیاریی ئەو گەلانەو بانگەشەی بەجێوڕێ و گەیاندنی دەنگی مافخوازانەی خۆیان بەگوێی خەڵکی جیهان، داڕشت. ئەو لە بەستێنی توانای خۆی‌دا لە پێناوی چاوکراوەیی کوردەکان‌دا، دووهەم مەرجی خۆی لەسەر پەروەردەی کادرو پێشمەرگەکان و تەیارکردنی مێشکی هەموو خەباتگێڕانی کورد بەچەکی زانست و هۆشیاری و زانیاریی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رووناکبیری دانا. پەرەوەردە لە روانگەی دوکتور قاسملوو و رووناکبیرانی دیکەوە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوو لایەنی باشی هەبوو: یەکەم ئەوە کە مرۆڤ مافەکانی خۆی دەناسین و بە باوەڕێکی پتەوترەوە لە پێناویاندا خەباتی دەکردو دووەم ئەوە کە مرۆڤ دەیتوانی ئەو مافانە بە شێوەیەکی مەنتیقی بە خەڵکی جیهان بناسێنێ و بەڵگە بێنێتەوە کە هۆی چیە کە لە پێناویاندا خەبات دەکا؟

لەپێوەندی لەگەڵ رۆڵی دوکتور قاسملوو لەناساندنی ویستەکانی نەتەوەی کورددا، واتە داوای ئەو مافگەلەی کە دەیان‌ساڵە پێشێل دەکرێن، بەتایبەتی بە جیهانی خۆراوا، بێ‌گومان ئەوە نەک هەر بۆچوونی دوکتور قاسملوو بووبێت بەڵکوو کەسایەتی‌یەکانی دیکەی ئێرانی و جیهانییش لەم رووەوە وەک یەک بیریان دەکردەوە. دوکتور قاسملوو ئەلحەق بە ساخکەرەوە و زیندووکەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ناسرابوو. لەبەر ئەوەی لەو پێناوەدا هەوڵی داو بۆ بەدەست‌هێنانی مافی خەڵکی لە رێگەی ئاشتی‌خوازانەی حیزبی‌یەوە گیانی لەسەر ئەم ئامانجە دانا.

ئەو بەوپەڕی تواناوە هەوڵی دا، شان‌بەشانی پەرەوەردەی سیاسی و هۆشیاریی مێژوویی بۆ کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و گەل، ماف و ماهیەتی خەبات بەرێتە نێو دیموکراتەکانی جیهان و بۆیان روون بکاتەوە کە کوردەکان چی‌یان دەوێ و بۆچی خوازیاری پشتیوانیی مەعنەویی جیهانی ئازادو دیموکراتن؟

دوکتور قاسملوو ئەوکاتەی لە هەرەتی لاوەتی‌دا بوو، بینەری رووخانی کۆماری کوردستان و ئیعدامی قازی‌یەکان بوو. ئەوەش کاریگەری‌یەکی قووڵی لەسەر رۆح و دەروونی لاوی ئەو داناو، ئەوی لەرادەبەدەر خستە قووڵایی بیرکردنەوەوە. ئەو بە هەگبەیەک لە پرسیاری بێ‌وەڵامەوە لە پێوەندی لەگەڵ مافو بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورددا، باروبنەی بەرەو ئورووپا پێچایەوە. ئەو لەماوەی زیاتر لەسی ساڵ نیشتەجێ‌بوونی لە فەرەنسادا تێگەیی کە خەڵکی ئوورووپای خۆراوا تەنانەت توێژی رووناکبیرو شۆڕشگێڕەکەشی زانیاری‌یەکی دروست و تێگەیشتنێکی تەواویان لەسەر نەتەوەی کورد نیەو نازانن چی‌یان گەرەکە. ئورووپایی‌یەکان زۆربەیان کوردیان وەکوو سوورپێستەخۆجێی‌یەکانی ئەمریکا ئەویش لە روانگەی گەشتیاران و رۆمان‌نووسگەلێکی ناسراوی ئەلمانی وەکوو کارل مای کتێبی (بەنێو کوردستانی وەحشی‌دا) دەناسی و، دەگمەن‌کەس ئەوەیان دەزانی کە خەباتی دووسەت ساڵی رابردووی کوردەکان لە پێناوی چی‌دا بووە؟. ئەوان لە رێگەی نووسراوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێندێ گەشتیارانەوە یا لەو بیرەوەری و راپۆرتانەوە کە نێردراوانی دەوڵەتی لە گۆڤارەکانیاندا بە زمانی ئەورووپی بڵاویان دەکردنەوە، کە وەکوو نەتەوەیەکی کێوی و ڕێگری نێو کوێستانەکان باسی کوردیان دەکردو لە جێیەکی دیکە بە نەتەوەیەکی بە غیرەت و جوامێرو میوانگر ناویان دێنا، کوردیان دەناسی. بەڵام کەمترین شتێکیان لەسەر باری سیاسی، واتە سەرکوتکرانیان و بەرەنگاری و خۆڕاگریی ماندوویی‌نەناسانەیان لەبەرامبەر دیکتاتۆرە دەسەڵاتدارەکانی زاڵ بەسەر ناوچەدا نەدەزانی. هەتا ئەو شوێنەی من ئاگادارم تەنیا کەسێک کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دا (١٨٣٤ی زایینی) باسی قارەمانێتی‌و خۆڕاگریی کوردەکانی لە بەرامبەر هێزە داگیرکەرەکانی دەسەڵاتبەدەستانی عوسمانی‌دا ئەویش لە کۆمەڵە نامەیەکدا کە بۆ هاوسەرەکەی ناردوە، کردوەو ئێستا بوونەتە بەڵگە، مارشال هێلمۆت گراف ڤۆن مۆلتکێی ئەلمانیی راوێژکاری سەربازی و لە خزمەت ئیمپراتۆریی عوسمانی‌دا بووە. لێرەدا دەبێ ئەوە وەبیر بێنینەوە کە بزووتنەوەکانی سەدەی بیستەم لەسەرانسەری  کوردستان و زیاتر لە هەمووشیان دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دواتر کۆماری کوردستان لە لایەن یەکەمین ڕێبەری ئەو حیزبەوە لەم نیشتمانەدا، هەموویان بڵێسەگەلێکی سیاسی بوون کە سەرەتا رووناکبیران و دواتر دەوڵەتانی خاوەن‌بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی‌یان لە ناوچەدا لەخەو راچڵەکاندو تێیان گەیاندن کە جگە لە دیکتاتۆرانی دەسەڵاتدارو لایەنەکانی چەوسێنەرەکانی گرێ‌بەستەکان، کۆمەڵێک نەتەوەی دیکەش، وەکوو کوردو ئازەری و ئەرمەنی و بەلووچ و تورکمەن و عەرەب و... هەن کە چەندین ساڵە مافەکانیان پێشێل دەکرێن و هیچ کەس بەهێندی نەگرتوون و گوێیان نادەنێ. دیارە پێویست بە وتن ناکا کە لەگەڵ تەواوی ئەوانەشدا، بەپێی هەلومەرجی شوێن و کات، کەسایەتی و سەرۆک عەشیرەتەکان، و دواتریش حیزبە سیاسی‌یەکانی ئەو نەتەوە مافخوراوانە هەرکام بە شێوەیەک و بە پێی توانای خۆیان هەوڵیان دا نەتەوە و ویست و مافەکانیان بەخەڵکی جیهان بناسێنن و ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەش لە جێی خۆیاندا شیاوی ڕێزلێگرتن و دەستخۆشانەن. بۆ نموونە: لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی‌یەوە تەنیا لە نێو گەلی کورددا، دەکرێ ناوی ڕێبەرگەلێکی ناوداری وەکوو شێخ مەحموودی بەرزنجەیی (١٩١٨ - ١٩٣١) شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥) ئیحسان نووری پاشا


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

(١٩٢٧) سمایل ئاغای سمکۆ(١٩١٨ - ١٩٣٠) سەید رەزای دێرسیمی (١٩٣٧ - ١٩٣٨) مەلا مستەفای بارزانی (١٩٣٢ - ١٩٧٥) قازی محەممەد دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان (١٩٠٠ - ١٩٤٧) و سەرئەنجام دوکتور قاسملوو ساخکەرەوەی ئەم حیزبە (١٩٣٠ - ١٩٨٩) بێنین. هەروەکی ئاماژەی پێکرا هەرکام لەو کەسایەتی‌یانە لەپێگەو سەردەمی خۆیانەوە رۆڵێکی کاریگەریان لەناساندنی نەتەوەی کوردو ویست و داخوازی‌یەکانیان لە نێو خەڵکی ناوچەو جیهاندا هەبوو. بەڵام ئێمە دەزانین کە هەتا جیهان زیاتر بەرە و پێشکەوتن دەچێ، داهێنان و کاریگەریی کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکان زیاتر دەردەکەوێ و شێوەی کەڵکوەرگرتن لێیان بەرچاوتر دەبێ. دوکتور قاسملوو کە هەتا چەند ساڵێکیش پاش شەڕی دووهەمی جیهانی و هەرەسی ناوادە و بە ناڕەوای کۆماری کوردستان، هەر لە ئێران دەژیاو لێرەو لەوێ‌و لە کۆڕوکۆبوونەوە سیاسی‌یەکان و لە نێو خەڵکی ئاسایی‌دا کۆمەڵە شتێکی سەبارەت بە کورد دەبیست کە تەنیا لە هەقایەت دەچوون. لە ئورووپای خۆراوا (فەرەنسا) لە کەشێکی ئازادترو دواییش لە ئورووپای خۆرهەڵاتدا کە گرنگی‌یەکی جیددیتر بە نەتەوە بندەستەکان دەدرا دەیویست شتی زیاتر لەسەر نەتەوەکەی ببیستێ و هۆکاری تێشکانەکانی نەتەوەی کورد، لانی‌کەم لە سەدەی بیستەمدا تاوتوێ بکاو بۆ ئەو هەگبە پرسیارەی کە هەر لەئێرانەوە بە کۆڵ خۆی‌دا دابوو، وەڵامی مەنتیقی و بەجێ وەدۆزێ. یەکەمین کاری مێژوویی و سیاسی و ئابووریی دوکتور قاسملوو لەناساندنی زانستی‌و باشتری نەتەوەی کورد بەخەڵکی جیهان، نووسینی تێزی دوکتوراکەی لەپێوەندی لەگەڵ ئەو نەتەوەیەدا بەناوی کوردستان‌و کورد بوو. ئەو بەرهەمە پڕبایەخە نەک هەر بە زمانی چیکی بەڵکوو خێرا وەرگێڕدرایە سەر زمانی نێونەتەوەیی ئینگلیزی (١٩٦٥)و کەوتە بەردەستی رۆژهەڵاتناسان و کۆڕو کۆبوونەوە سیاسی و مێژوویی‌یەکانی جیهان. دوکتور قاسملوو لە ئورووپا لە پەنا کاری زانستی و ئاکادیمیکدا بەشێکی هەرەزۆری تواناکانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ چالاکی و کاروباری سیاسی و هەوڵی دەدا وێڕای روونکردنەوەی پێگەو رەوشی کوردەکان لە ناوچەدا حیزبی پێکهێنەرو دامەزرێنەری کۆماری کوردستان لە ئێرانیش ساخ بکاتەوە. ئەو بوو کە هێزە پەرش‌وبڵاوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لە دەوری یەکتری کۆ کردەوەو گیانێکی نوێی وەبەر کارو چالاکی‌یەکانی ئەو حیزبە نایەوە. لەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەردەمەدا بوو کە پێوەندی‌یەکانی لەگەڵ کۆڕو کۆبوونەوە پێشکەوتنخواز و دیموکراتەکانی نێو ئورووپادا چڕ کردەوەو ئەوانی لە کێشەو مەسەلەی کوردان کە بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کرابوون، تێگەیاند. قاسملووی نەمر کەسایەتی‌یەک بوو کە پێبەپێی سەردەم دەچووە پێشێ و تەواو لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌دا هاوهەنگاو بوو. ئەو بوو کە دروشمی دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی زیندوو کردەوەو رۆحێکی نوێی بەبەردا کردەوە. بانگەشەی ئەم دروشمە بوو کە لە ئاستی جیهان‌دا سەرنجی کۆڕو کۆبوونەوە ئاشتی‌خوازو ئازادی‌خوازو لایەنگرانی پێکەوەژیانی ئاشتی‌خوازانەی گەلانی بۆلای خۆی راکێشا. زۆربەی کەسایەتی‌یەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی و ئاکادیمیک و بەناوبانگی ئێران دۆستی دوکتور قاسملوو بوون‌و زۆربەی زۆریان لەوەدا کە زیندوو ماونەتەوەو لەچنگی جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی رایان‌کردوە، خۆیان بە قەرزداری دوکتور قاسملوو دەزانن. دوکتور قاسملوو بەراستی کوردێکی بەتەواو مانا کورد بوو. ئەو نەک‌هەر خۆی و حیزبەکەی، بەڵکوو حیزب و کەسایەتی‌یە ناسراوەکانی دیکەی کوردستانیشی، وەکوو سەرکۆماری ئێستەی عێراق(مام جەلال تاڵەبانی)و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی بە ئورووپایی‌یەکان و بە تایبەتی بە سۆشیالیستە نێونەتەوەیی‌یەکان ناساندو داوای لێ‌کردن کە لە چوارچێوەی هەرکام لەو وڵاتانەدا کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە بەرگری لە مافەکانی نەتەوەی کورد بکەن. دوکتور قاسملوو لە ناخەوە باوەڕی بە دیموکراسی و پەرەپێدانی لەنێو خەڵکی ئاسایی کورددا هەبوو. ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە هەتا ئەو کاتەی ناتێگەیشتوویی و ناهۆشیاری بەسەر ناوچەدا زاڵ بێ، ئێمە چاومان بە دیموکراسی ناکەوێ. هەربۆیەش تەواوی فیکرو زیکری ئەو، وەگەڕ خستنی ئەو پەرەوەردەیە بوو کە کۆماری کوردستان لە تەمەنی کورتی یازدەمانگەی خۆی‌دا دای‌ڕشتبوو و دوکتور قاسملوو هەوڵی دەدا هاوکات لەگەڵ چاکسازی لە پێکهاتەی حیزب‌دا ئەو شێوە پەرەوەردەیە سەرەتا لە نێو کادرو دواتر لەسەرانسەری کۆمەڵگەی کوردەواری‌دا جێ بخا. دوکتور قاسملوو بۆچی باوەڕی قووڵی بەوە بوو کە لە نێو تەواوی نەتەوەکانی نێو چوارچێوەی ئێران و وڵاتانی فرەگەلیی دیکەدا پەرە بە ئازادی و دیموکراسی بدرێ و خەڵکەکانیان فێری بن؟ لەبەر ئەوەی کە دەیزانی تێگەیشتنی

دروست لە ئازادی و دیموکراسی پێویستیی بە پەروەردە هەیەو زۆرینەی خەڵکی ئاسایی لەو پەروەردەیە بێ بەشن. ئەو بە باشی لەو ڕاستییە تێگەیبوو و ئێمەش ئەمڕۆ بۆچوونەکانی پشتڕاست دەکەینەوە، هەتا ئەوکاتەی حەشیمەتی میلیۆنی لە نێو تەواوی گەلاندا بە جوانی لە دیموکراسی تێنەگەن و ڕێز بۆ دەنگی ئازادو هۆشیارانە دانەنێن و باوەڕیان بە ئازادیی مرۆڤەکان و نەتەوەکان نەبێ، ئازادی و سەربەخۆیی گەلانی ناوچەو بە تایبەتی کەمینەکان لە تراویلکەیەک بەولاوە چیتر نابێ.

ئێستا با بزانین توێژەرگەلی واقیعبین و ناواقیعبین، چییان لەسەر دوکتور قاسملووی نەمر گوتووەو دەیڵێن؟ لەم دواییانە دا بابەتێکم لە هاونیشتمانێکەوە بە دەست گەیشت کە گۆیا لەپێوەندی لەگەڵ نۆزدەیەمینساڵوەگەڕی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا نووسیبووی. بە پێویستم زانی چەند ڕستەیەکی وەک خۆی لێرەدا بێنمەوە. ئەو هاونیشتمانە ئازیزە نووسیبووی:

«بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنێین کە لەنێو ڕێبەرانی ئەو نەتەوەیەو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، دوکتور قاسملوو ئەو ڕێبەرە فرەزاناو بیرمەندە مەزنە بەروانین و هزرو کەسایەتیی جیهانی و هەروەها زانیاریی سیاسی و دیپلۆماتیک و سیاسەتی بنەمایی خۆی، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ناساندنی مەسەلەی کورد بەخەڵکی جیهان و هێنانەگۆڕێی مەسەلەی کوردو حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەبوو.» ئەو ئازیزەمان لە شوێنێکی دیکەی وتارەکەی دا نووسیوێتی:

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کەپاش تێشکانی سەربازی، ئابووری و سیاسیی خۆی لەشەڕی گەڵ عێراق و مەرگی خومەینی، بەجۆرێک تووشی قەیران و هاوکات بۆشایی ڕێبەریی ببوو و بە هۆی نەبوونی ڕێبەرێکی هاوشانی خومەینی بەو ئاکامە گەیشتبوو ئەو کەسانەی کە لەوانەیە مەترسییەکیان بۆسەر داهاتووی کۆماری ئیسلامی هەبێ لەنێو بەرێ‌و لەو نێوەدا دوکتور قاسملوو کە گرنگترین پشک بوو، بڕیاری لەنێوبردنی درا.»

بەتایبەتی ئەو ڕستەیەی دوایی ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و من خۆم چەند ڕۆژ دوای تیرۆری دوکتور قاسملوو لە وتووێژێکی ڕادوییدا گوتم و لەپەیامی ساڵی ڕابردووشمدا بە بۆنەی نۆزدەیەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری ئەو کەسایەتییە بەناوبانگە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که سوککانی پاپۆڕی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بەدەستەوە بوو، ئەوەم بیر هێنایەوە کە سی ساڵی دیکە دەخایەنێ بۆوەی ئێمە لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتدا قاسملوویەکی دیکەمان هەبێ. کەوابوو دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی باش دەیانزانی کە دوژمنە مەترسیدارەکانیان کێن و لە کوێن. هەربۆیەش ناوی دوکتور قاسملوو و جێنشینەکانی، بۆ تیرۆر خرابووە سەرووی لیستی سوپای قودسی فەللاحیانەکانی کۆماری ئیسلامییەوە. ئەو نووسەرە بەڕێزەمان لە کۆتایی بابەتەکەیدا زۆر بەجێ گوتوویەتی:

«کورتی ببڕینەوە دوکتور قاسملووی مەزن هەم بە ژیانی پڕ بەرهەمی و هەم بە شەهیدبوونەکەی، ئێمەی کوردی بەخەڵکی جیهان ناساندو ئەوە لەسەر ئێمەیە کە هەم ڕێبازەکەی بکەینە ڕێبازی ژیانی شۆڕشمان و هەمیش پەند لە شەهیدکرانی ئەم ڕێبەرەو ڕێبەرە شەهیدەکانی دیکەمان وەرگرین بۆ ئەوەی جارێکی دیکەش بە پێی خۆمان نەچینەوە سەر تەڵەو داوی کوشتنگەی دوژمنان و کارەساتی دیکەی لە چەشنی ڤییەن و بێرلین نەبینینەوە، دیارە ئەوەش بەو مانایە نیە کە پێوەندی و دۆستایەتیمان لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێمان و بەتایبەتی نەتەوەی فارس بپسێنین. (بڕواننە وتاری سەید مەسعوودی ناسری کە لە ڕێکەوتی ٧ - ٧ - ٢٠٠٨ دا لە ڕۆژنامە ئینتەرنێتییەکاندا بڵاو بۆتەوە.)

هاونیشتمانێکی دیکە کە ناوی ناهێنم هەوڵی داوە بەپێی بەڵگەو دیکۆمێنتو نووسراوەکانی کۆماری ئیسلامی و یا بەپێی سەرچاوەگەلی ئوروپیەو ئەمریکایی، دوکتور قاسملوو کەسایەتییە ناودارەکانی دیکەی کورد لە بیروڕای گشتیدا بشواتەوەو کارەکەی خۆیشی ناو ناوە کارێکی توێژەرانەی بێلایەن. لەحاڵێکدا زۆربەی هەرە زۆری ئەو نووسینانە فڕیان بەسەر بێلایەنییەوە نیە. ئەوە بۆخۆتان لە زمانی ئەوەوە بیخوێننەوە و داوەری بکەن:» ئیتر هەستم کرد لە بابەتێکی - لەسەر بنەمای سەرچاوەکانی نێوخۆو دەرەوە - بێلایەنانەو دادپەروەرانەدا، لە روانگەیەکی بێلایەنانەوە و بەپێی سەرچاوەکان رەهەندێکی کەسایەتیی ئەو بناسێنم. لەبەر ئەوەش کە وەکوو هێندێ لە کەسایەتییەکان مەسەلەی ئایینی نایەتە گۆڕێ، باشتر دەکرێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە کۆمەڵێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەخنەمان بێتەوە سەر. دیارە پاش تەرجەمەی (در حصار میلەها) کە بە زمانێکی بێگرێوگۆڵ باسی ڕووداوی کوژران و تیرۆرەکەی ئەو دەکا، حەزم لێبوو بێناسمو هێندێ شتیشم لەسەری لە زەینمدا هەبوو. لەبەر ئەوەی کە لەزۆر کەسانی وەکوو برایمی یۆنسی و... م بیستبوو کە تا بڵێی پیاوی مەنتیق و وتوویژ بوو. بەڵام دوو تێزی دوکتورا لە لایەن ئەو گەنجە وشیارانەوە لەسەری نووسراون و هەر بەم زووانە بڵاو دەبێتەوە کە جانسۆنیش مامۆستای سەرپەرشتیاریانە.

لەو چەند دێڕەدا تێدەگەین کە: یەکێک کە لە نێو ئێرانی کۆماریئیسلامیلێدراودا دەژی و یا حەزی لێبووە هاموشۆی ئێران بکا، ناتوانێ جگە لەوەی کەرێژیم دەیەوێ لەسەر کەسایەتییەکی سیاسیی کە هەر ئەو ڕێژیمە خۆی کوشتوویەتی شتی بێلایەنانە بنووسێ. جگە لەوەش ئەو سەرچاوەگەلەش کە کەڵکی لێوەرگرتوون لە بن تەورو مقەستی مەئموورانی کۆماری ئسلامییەوە هاتووتە دەرێو ناتوانن بێ لایەنانە بن. ئەگەرچی ڕستەی: پاش تەرجەمەی (در حصار میلەها) کە بە زمانێکی بێ گرێوگۆڵ باسی ڕووداوی کوژران و تیرۆرەکەی ئەو دەکا.» لانیکەم بەلای منەوە ڕوونو شیاوی لێتێگەیشتنە. بەڵام هەر ئەو نووسەرە بەڕێزە لە خوارترەوە ناچارە بنووسێ و لە زمانی کەسایەتییەکانی لایەنگری کۆماری ئیسلامییەوە بڵێ کە دوکتور قاسملوو تا بڵێی پیاوی مەنتیقو وتوویژ بوو. کەوابوو کەسێک کە پیاوی مەنتیق و وتوویژ بووبێ تەواو ڕوون و ئاشکرایە کە بۆ ڕێژیمی سەدەناڤینیی کۆماری ئیسلامی مەترسیدار بووە. هێشتا ئێمە لەبەر ئەوەی کە تێزی دوکتۆرای ئەو گەنجە زانستپەروەرەمان کە بەسەرپەرشتیاریی ئاغای جانسۆن نووسراوە نەخوێندۆتەوە، ناشتوانین داوەریی لەسەر بکەین. بەڵام شتێک کە لە ئاستی گونجاندا بۆ هەر مرۆڤێکی بێ لایەن یا لایەنگر، بە تایبەتی مرۆڤێکی توێژەر دەتوانێ پێوەری کردەوە بێ، ڕاستگۆیییە. دەڵێم هەتا ئەو جێگەی کە دەلوێ، واتە ئەگەر یەکێک ناتوانێ باسی حەقیقەت بکاو بۆی نالوێ، وا باشترە بێدەنگەی لێبکاو خۆیشی خوێنتاڵ نەکا. ئەوەی کە عەرزتانی دەکەم کە بەرگری لە حەقیقەت لەبەر ئەوەیە کە ئەگەر حەقیقەت لە زاری جینایەتکارترین پیاوی مێژووشەوە بێتە دەرێ لەبەر ئەوەی کە حەقیقەتە کەوابوو شیاوی دیفاع



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێکردنیشە. ئەمن دەبوو بیست ساڵ لەمەوبەر دیفاع لە تێزی دوکتۆراکەم بکەم. لەو کاتدا مامۆستاکانی من دوو پرۆفیسۆر بوون کە یەکێکیان هەتا سەر ئێسقان دژی کۆمۆنیست و خۆرهەهەڵاتناس و ئەویتر سۆشیال دیموکرات و بە توندی دژی ستالین بوو. من لەو برگە زەمەنی‌یە تایبەتەدا بە بەڵگەوە و بە توندی دیفاعم لە تێزی ستالینی لە جەنگەی شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا کرد. ئەوە لەو سەروبەندەدا بوو کە دیوارەکانی خۆرهەڵات خەریک بوون دەڕمان. ئەو دوو پرۆفیسۆرە سەیرێکی یەکتریان کردو گوتیان: ناکرێ نکووڵی لەو شتەی کە هەیە بکەی. کەوابوو گوتنی حەقیقەت لەسەر کەسایەتی‌یەکان پێویستیی بەوە نیە کە مرۆڤ لایەنگری ئەو کەسایەتی‌یانە بێ یا دژبەریان. بەپێی وەها بابەتێک دەبایە بەلای ئەو کەسە بێ لایەنەشەوە شتێکی ناماقووڵ نەبایە. ئەوانەی کە خاوەنی مەنتیقن و ئامادەی دیالۆگن ناتوانن خوار بڕۆن و هەر قسەیەکی بێ بنەماو خراپەش لە چەواشە رێگەکانی وەزارەتی سوپای پاسداران و رێکخراوی سیادا لەسەریان نووسرابێ، ناکرێ وەکوو بەڵگە لەسەریان حسێب بکەی و لەسەر بنەمای ئەو شتانە بڕیار دەربکەی.

بەرز بێ یادی شەهیدانی رێگەی ئازادی بە تایبەتی دوکتور قاسملووی نەمر

وەرگێران لە فارسی‌یەوە: رەسووڵ سوڵتانی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# عەبدوڵڵا قادری ئازەر، هاوڕێی ژیان و مردنی دوکتور قاسملوو

**کوردستان و کورد**

لە کردەوەی تڕۆریستیی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی (سێزدەی ژووئیەی ۱۹۸۹)دا جگە لە دوکتور قاسملووی ڕێبەرو دوکتور فازیل ڕەسووڵ هاوڕێی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و نوێنەری حیزب لە ئورووپا، عبدالله قادریئازەریش گیانی لە دەست دا. عبدالله قادریئازەر کێ بوو؟

ساڵی ۱۳۳۱ لە شاری نەغدە لە دایک بوو، خوێندنی سەرەتایی هەر لەو شارە تەواو کردو دوایە بۆ درێژەدانی خوێندن لە هونەرستان چووە شاری ورمێو دیپلۆمی وەرگرت. تەنیا حەڤدە ساڵی تەمەن بوو کە بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکرات و پاش ماوەیەک خەباتی نهێنی بە ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزب هاتە پێش و بوو بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی نەغدە. دڵسۆزی و پرکاری و لەخۆبووردەیی لە لایەک و زیرەکی و خوێندەواری و وشیاریی سیاسی لە لایەکی دیکە مەودایەکی بەرینیان بۆ پێگەیشتنی ئەو هاوڕێیە ڕەخساند. زۆری پێنەچوو بۆ ماوەیەک بوو بە بەرپرسی کۆمیتەی شارستان و دواتر گوازرایەوە بۆ ئۆرگانەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی. لە دەفتەری سیاسی ماوەیەک لە ڕادیۆ کاری کرد. لەو بەشەدا زۆر بەکەڵک بوو، چونکە جگە لە زمانی خۆی، دوو زمانی فارسی و تورکییشی زۆر باش دەزانین و بە هەردووکیان دەینووسی. ماوەیەک لە کۆمیسیۆنی ماڵی خزمەتی کرد، چونکە لە بەشی حیسابداریدا شارەزایی باشی هەبوو، هەر لەوکاتەشدا نموونەی دەستپاکی و ئەمانەتداری بوو. ماوەیەکیش لە نەخۆشخانە بە خەمی بریندار و نەخۆش و پێشمەرگە و خەڵکەوە بوو.

بەڵام ئەو کارەی عەبدوللا قادریئازەر زیاتر گەشەی تێدا کردو بەرەوپێشی برد کار لە پێوەندییەکانی دەرەوە بوو کە لەو بەشەدا بوو بە هاوکاری ڕاستەوخۆی دوکتور قاسملووی نەمر. لەژێر دەستی دوکتوردا پێگەیشت. ماوەیەک لە بەغدا بوو، زۆر زوو جێی خۆی کردەوە، زمان بە خێرایی فێر بوو، بەجۆرێک کە هەموو کارەکانی ڕاستەوخۆو بێ پێویستیی وەرگێڕ جێبەجێ دەکردن. کاتێک لێوەشاوەیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆی لەو بەشەدا بۆ هەمووان دەرخست بیر لەوە کرایەوە کە بنێردرێتە پاریس پێتەختی فەرانسە و بکرێتە بەرپرسی دەفتەری حیزب و نوێنەری حیزب لە ئوروووپا یان باشتر بڵێین دەرەوەی کوردستان بەگشتی. لەو ماوەیەدا کۆنگرەی حەوتەمی حیزب بەستراو ناوبراو بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. ئەو پلە حیزبی‌یەشی بەهەق بە لێوەشاوەیی و کارزانیی خۆی پێسپێردرا. کاتێک بەدوای هەڵبژێرانی‌دا ناردرایە پاریس و ئەو پۆستە گرنگەی وەرگرت، لەگەڵ زەمان کەوتە پێشبرکێ. دەبوو زوو فێری زمانی فەڕانسەیی بێ و هەر لەو کاتەدا لەڕێوشوێنی کاری دیپلۆماسی و ژیان لەئورووپا و لەگەڵ ئورووپایی‌یەکان شارەزایی پەیدا بکا کە دیارە کارێکی ئاسان نەبوو. بەڵام تواناییو لێوەشاوەیی عبدالله شتێکی دیکە بوو. زووتر لەوە کە چاوەڕوان دەکرا فێری زمان بوو، و زۆر زووش لەگەڵ ژیانی ئورووپا راهات و لەگەڵ فەرانسەیی‌یەکان پێوەندیی گەرمی دۆستایەتی و سیاسی و دیپلۆماسیی دامەزراند. بەڕاستی دۆستە فەڕانسەیی‌یەکان ئۆگری بوون، ستایشیان دەکردو لێی رازی بوون.کار دەگەڵ قاسملووی رێبەرو لە بەردەستی دیپلۆماتێکی وا شارەزادا بۆ قوتابی‌یەکی زیرەک و ئۆگرو لەخۆبوردوو وەک عەبدوڵلا قادری دەرفەتێکی زێڕین بوو. بۆی رەخسا رۆژنامەنووسان، نووسەران، سیاسەتوانان، دیپلۆماتەکان و بەگشتی خەڵکی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک فەڕانسە بناسێ و دەگەڵیان ببێتە دۆست و هاورێ. لەکاتی بوونی دوکتور قاسملوو لە دەرەوە هاوڕێ و هاوسەفەر و لە نەبوونی وی‌دا نوێنەری بوو. بۆیە دەرگەی هەموو شوێنێکی بۆ لەسەرپشت بوو، و بەهەقیش کەڵکی لەدەرفەت وەرگرت و خۆی پێگەیاند.

عەبدوڵلا هاوڕێ و هاوکاری تا سەری قاسملووی رێبەر بوو. بۆ سەفەری هاتونەهاتیش هاوسەفەری بوو. نیشانەکان دەریان‌خست کە زۆر بەقووڵی هەستی بەو مەترسی‌یە کردوە کە بۆخۆی و رێبەرە خۆشەویستەکەی لە کەمین‌دا بووە. بەڵام ئامادە نەبوو لێی هەڵببڕێ، لە تەنگانەدا پشتی تێ‌کاو بەتەنیا رەوانەی بۆسەی دوژمنانی ئازادیی بکا. ئەو ڕازی نەبوو پاش قاسملوو بژی و پێی باش بوو لەباوەشی قاسملوودا بمرێ و لەپایینی کێلەکەی قاسملوودا بنێژرێ. هەزاران سڵاو لەگیانی و شانازی بۆ وی کە هەتاسەر بەرێبازی حیزبەکەی و ئامانجی گەلەکەی و هاو چارەنووسی دەگەڵ رێبەرەکەی وەفادار ما.

رووحی شاد و رێگەی خەباتی پڕرێبوار.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەو دەرسانەی دەبێ لە گەورەپیاوی مێژووی کوردستان و ئێران فێریان بین

**ناسری ئێرانپوور**

لە ئاستی نێونەتەوەییدا هێندێک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و سیاسیی بەناوبانگ بە ناوی کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانەوە گرێ دراون. بزووتنەوەی دژی ئیستیعماریی هیند بە ناوی گاندی، بزووتنەوەی دژی ڕەگەزپەرستیی ئەفریقای باشوور بەناوی نیلسۆن ماندیلا، بزووتنەوەی ڕەشپێستەکانی ئەمریکا بەناوی مارتین لۆتێر کینگ، بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی میسر بەناوی جەمال عەبدولناسرو بزووتنەوەی میللیی ئێران لە دەیەی ۳۰ دا بە ناوی دوکتور محەممەد موسەددیق و بزووتنەوەی هاوچەرخی میللی - دێموکراتیکی کوردستانی ئێران بە ناوی دوکتور قاسملووەوە گرێ دراوە.

قاسملووش وەک قازی محەممەد کەسایەتییەکی بێهاوتا بوو. جێگەیەکی تایبەتیی کە ئەو لە بزووتنەوەی کورددا بووی - ئەویش سەرەڕای ئەو هەمووە کەسایەتییە سیاسی و خەباتگێڕەی کورد - ئاوا لەنەکاو، لەئاکامی پیلان و کودیتای حیزبیدا نەبوو، بەڵکوو بەرلە هەرشتێک دەگەڕێتەوە بۆ تێکۆشانی سیاسی و حیزبایەتیی وی لە ساڵانی دوورو درێژی بەر لە شۆرش و هەروەها ڕۆڵی تایبەتیی ئەو لە بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەر لە شۆرش...

ئەمن لەم نووسینەدا نامەوێ بە شێوەی ئوورینتالیستیو ئایینی وەسفی ئەم کەسایەتییە بکەمو پێی هەڵبلێم. ئەمن پێموایە لێکۆڵینەوەیەکی جامیع و مانیع و زانستی و مەیدانی و ئاکادیمی لەسەر ئەو پێویستیی بە وشیارییەکی زانستی - پسپۆڕانەی تەواوو لێکۆلینەوەیەکی بەرین هەیە کە لەتوانای نووسەری ئەم دێڕانە بەدەرە. بۆیە دانی پێدا دەنێم کە ڕوانینی من بۆ وی ڕوانینێکی شەخسی و سۆبژێکتیڤە لە گۆشەیەکی دیاریکراوەوە، هیچی دیکە. ئەم دێڕانە تەنیا بیرەوەرییەک و لەوحێکی ڕێزلێنانی تایبەتیی منن بۆ ئەو کەسایەتییە مەزنە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەنگە مێژوو باشترین حەکەم بێ. پێم‌وایە ئەم حوکمە لانی‌کەم لەبارەی دوکتور قاسملوودا وایە. بەباوەڕی من داوەریی ئەم نەسلەی ئێستا لەبارەی ئەودا زۆر عادڵانەترو بێلایەنانەترە لە داوەریی هاونەسل و هاوسەنگەرەکانی و ئەوانەی لە سەردەمی ژیانی وی‌دا لە مەیدانی سیاسی‌دا کاریان دەکرد. هەروەها بێلایەنانەترین داوەری لە لایەن ئەو کەسانەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە لە بەرەی سیاسیی ئەودا نەبوون و ئەویندارى وی نەبوون. ئەم شتە بەرادەیەکی زۆر لەبارەی منیش‌دا وایە. چونکە لە دوو قۆناغی جیاواز لەژیانی سیاسیی خۆم، لە سەردەمی مێرمنداڵی‌و لاوەتی‌دا لە بەرەی وی‌دا نەبووم و خۆمم بە موخالیفی سیاسی و ڕەخنەگری وی زانیوە. بەڵام ئەمڕۆ خۆم بە یەکێک لە ئەوینداراني ئەو کەسایەتی‌یە مەزن و شەریف و هەڵکەوتوویەی کوردستان و ئێران دەزانم. هەم ئەو کاتی کە دژی ئەو بووم بیروبۆچوونەکانم بە ڕاشکاوی دەردەبڕین و هەم ئەمڕۆش کە خۆم لە بەرەی وی‌دا دەبینم، بەو جۆرەم.

______

د. قاسملووش بەرهەمی زەمینەیەکی زەمانی و مەکانیی خۆی، بەرهەمی مێژوویەکی دیاریکراوی نەتەوەیەک لە قۆناغێکی دیاریکراودایەو وەک هەر چالاکێکی مەیدانی سیاسی لە هەڵە بێبەری نەبووە. ئەم هەڵانە بەشی هەرە زۆریان نەک ستراتیژی بەڵکوو زیاتر تاکتیکی بوون‌و لە بۆچوون و لێکدانەوی نادروست لەبارەی هەلومەرجێکی تایبەتی‌داو هەروەها بەرهەمی کەش‌وهەوای میلیتاریستیی ئەو کات‌و هێندێک جاریش دژکردەوەی هەڵەی لایەنی بەرامبەری بووە. گرنگترین هەڵەی لە ڕوانگەی منەوەو لەسەردەمی کاری سیاسیی من‌دا بە تەرتیب بریتی بووە لە هەڵسوکەوتی نەشیاوی ئەو لەبەرامبەر «پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار»ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌دا، بەرپرسایەتیی ئەو لە درێژەکێشانی شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە، هەڵس‌وکەوتی نا دێموکراتیی ئەو لەگەڵ «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ)، هەڵسەنگاندنی بەهەڵەی ئەو لە بارەی نێوەڕۆکی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران کە بوو بەهۆی وتووێژ لەگەڵ وی‌دا کە هەموومان ئاکامە کارەساتبارەکەیمان دی.بەڵام دوکتور قاسملوو هەر لەوەندەدا کورت ناکرێتەوە. خزمەتەکانی وی بە بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی کوردستان کە بەباوەڕی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

من هەڵکەوتووترین ڕێبەرو ئیدئۆلۆگ و تیئۆریسیەنیش بوو، یەکجار زۆرن. ئەو بەتایبەتی لەناسکترین و دژوارترین هەلومەرجەکاندا باشترین هەڵوێستەکانی گرتن و یەکێک لە گرنگترین قۆناغەکانی مێژووی نەتەوەیەکی، سەربەرزانە تۆمار کرد. ئەمن پێموایە ئەو درێژەدەری راستەقینەو لێبڕاوی ڕێگای قازی محەممەد بووە و ئەمڕۆش بەهەق باس لە «ڕێبازی قاسملوو» دەکرێ.

زیرەکی، لێزانی و ئازایەتیی سیاسی و هەروەها تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکانی دوکتور قاسملوو، بەرچاوبوونێکی تایبەتیی پێبەخشیبوو. باوەڕێکی پتەوم بەوە هەیە کە ئەو خاوەنی زۆربەی تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرێکی شایستە بوو: زۆربەی تاکتیک و هەڵوێستەکانی لە چوارچێوەی ستراتیژییەکی درێژخایەندا بوون، بیری رزگاریی نەتەوەی کورد لە ژێر نیری ئیستیعماری نێوخۆو لابردنی ستەمی نەتەوایەتی کاکڵی ئەو ستراتیژییەی پێک دێنا، بێئەوەی بتوانین ناوی «ناسیۆنالیست»ی لەسەر دابنێین. هەرچۆنێک بێ «ناسیۆنالییزم»ی وی لە ئی موسەددیق و گاندی و جەماڵ عەبدولناسر زیاتر نەبوو...

-----

لە هەڵوێستەکانی، نووسینەکانی و وتووێژەکانیڕا دەتوانین گرنگترین تایبەتمەندی و دەسکەوتە تیئۆری و پراکتیکییەکانی بۆ بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی کوردستانی ئێران کۆپی بکەین و هەڵێنجین کە بە بڕوای من گرنگترینیان ئەمانەن:

١- ئەو - سەرەڕای گێژاوە نێوخۆییەکانی حیزب - باوەڕی بە دێموکراسی هەبوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای ئەو هەمووە کێشە نێوخۆیی و جیابوونەوەو لێکدابڕانانەی، لەچاو حیزبە ئێرانییەکانی دیکە - لە چەپەوە بگرە تاراست - لە وەبەرچاوگرتنی پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی ژیانی حیزبایەتی، لەناخۆشترین هەلومەرجەکانی خەباتدا سەری لەنێو هەمووانداندا دیار بووە.

٢- ئەو پێوەندییەکی مەنتیقیی لەنێوان دێموکراسی لەئێرانو وەدیهاتنی داخوازە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستاندا کە لە دروشمی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان»دا خۆی دەنواند، بەدی دەکرد. ئەم دووانەی بە تەواوکەری یەکتر دەزانی. نەدەچووە ژێر باری «دێموکراسیی زۆرایەتی«. هیچ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیستمێکی سیاسیی بە دێموکرات نەدەزانی ئەگەر کێشە نەتەوایەتی‌یەکانی تێدا چارەسەر نەکرابایە. هەر لەو کاتەش دا پێی وا بوو دابین‌بوونی خودموختاری لە کوردستان‌دا - تەنانەت لە حکوومەتێکی نادێموکراتیک‌دا - سەرەنجام لە خزمەتی پەرەگرتنی دێموکراسی لە ئێران‌دا دەبێ.

٣- ئەو - سەرەڕای کێشە لەگەڵ سۆسیالیستە رادیکاڵ و سوننەتی‌یەکانی سەرانسەری و کوردستانی - سۆسیالیست بووو هەرواش مایەوە. نامیلکەی «کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم» بەرهەمێکی شوێندانەری وی بوو. ئەو پێی وابوو سۆسیالیزم بەبێ دێموکراسی و دێموکراسی بەبێ سۆسیالیزم بایەخی نیەو بانگەشەی بۆ تێکەڵکردنی ئەم دووانە دەکرد بە ناوی «سۆسیالیزمی دێموکراتیک». رەنگە بتوانین بە یەکەمو کاریگەرترین سۆسیال‌دێموکراتی کوردستانی ئێرانی دابنێین. ئەو سەرەڕای هێرشی سیاسیی بەشێکی زۆری سۆسیالیستەکانی سەردەمی خۆی، نە لەداوی ناسیۆنالیستەکانی سەردەمی خۆی کەوت و نەپەنای بردە بەر بیری لیبرالیزم و ئانتی کۆمۆنیزمو دژایەتی‌کردن لەگەڵ سۆڤیەت. بەڵام سەرەڕای ئەمەش ئەندێشەکانی زیاتر مارکسیستی بوون تا لێنینیستی. ئەو بە تایبەتی گیروگرفتی لەگەڵ ستالینیزم هەبوو کە یەکێک لە بناخە تیئۆری‌یەکانی هەموو لایەنە سۆسیالیستی‌یەکان بوو. ئەو سەرەڕای رەخنە جیددی و بەجێ‌یەکانی لە وڵاتانی سۆسیالیستی، هەمیشە بەدوای پێوەندی لەگەڵ ئەم وڵاتانەوە بوو بە مەبەستی راکێشانی پشتیوانیی ئەوان لە خەباتی نەتەوایەتیی کوردستانی ئێران. ئانتی کۆمۆنیستێک قەت کاری وا ناکا.

٤-ئەو پێوەندی‌یەکی دیالیکتیکیی مەنتیقیی لەنێوان «کوردستانی« و «ئێرانی«بوونی بزووتنەوەی کوردستان‌دا پێک‌هێنابووو دژایەتی‌یەکی لەنێوان ئەم دووانەدا بەدی نەدەکردو هیچ‌کامیانی بۆ ئەوی دیکە وەلا نەدەنا. بە باوەڕی من یەکێک لە خزمەتە تیئۆریکی‌یەکانی ئەو، بردنەژێرپرسیاری ئەندێشەکانی بەرەی نیشتمانی واتە یەک نەتەوەیی‌بوونی ئێرانە. ئەو لەگەڵ ئەوەدا کە ـ وەک بۆخۆی دەڵێ - ئێزن بەکەس نادا کە خۆی لەوی بە ئێرانیتر بزانێ، دژایەتیی لەگەڵ یەک‌نەتەوەبوونی ئێران دەکرد. لەوەش بەولاوەتر لێرولەوێ پێی لەسەر مافی دیاری‌کردنی چارەنووس و مافی سەربەخۆیی دادەگرت. ئەمەش هەم نیشاندەری راستوێژیی ئەوو هەم نیشانەی تێگەیشتنی سیاسیی ئەوە. ستراتیژیی درێژخایەنی وی پێشگیری لە ئاسیمیلاسیۆنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسی و فەرهەنگیی کوردستان و گۆڕینی نەتەوەی فەرهەنگیی کورد بۆ نەتەوەی سیاسیی کورد لە ڕێگەی وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی و نەتەوەیی کوردستان بوو، دیارە لە چوارچێوەی ئێراندا.

٥- ئەو وێڕای ئەوەی کە کوردستانی بە مەیدانی سەرەکیی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی دەزانی، بەڵام قەت تووشی خۆبەزلزانی و لەخۆباییبوون نەبوو و بەپێچەوانە، لەپێناو پەرەگرتنی خەبات لە دژی حکوومەتی ناوەندی بەردەوام لە هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەک و ئیئتیلافێکی هێزە دێموکراتە ئێرانییەکان - چ گەورە چ بچووک - دا بوو. ئەمن پێموایە هاوکاریی ئەو لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران و ئاغای دوکتور بەنی سەدر و ژمارەیەک لە کەسایەتییەکان و چەپە سەربەخۆیەکان بەمەبەستی پێکهێنانی «بزووتنەوەی بەرگریی نیشتمانی»، سەرەڕای بێئاکام بوونەکەی، کارێکی باش بوو. ئەو سەرەڕای ئەو هەمووە هەوڵە سەرانسەرییانە نەچووە ژێر باری خەسڵەتە هێژەمۆنیستی و مەزنیخوازانەو ئاسیمیلیستییانەکەی ئەوان. ئەو نامەیەی کە ساڵی ١٣٦١دا بەر لە هاتنەدەر لە «شووڕای میللیی بەرگری» لە وەڵامی مەهدیی ئەبریشەمچیدا بۆ مەسعوود ڕەجەویی نووسی، نیشانەی ئەم باوەڕبەخۆبوونەیە. ئەمن ناوی، بەشێک لە «مانیفێستی» بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانم، لەسەر ئەم نامەیە داناوە.

٦- ئەو پێوەندییەکی مەنتیقیی لە نێوان بەرگریی چەکدارانەو هەوڵدان بۆ ئاشتیدا پێک هێنابوو. هەم پیاوی مەیدانی شەڕ بووو هەم ئاشتیخواز. ئەم دووانەی بەواقیع لە دژایەتیی یەکتردا نەدەدی. جاری وابوو بە هیچ نەدەسازا، جاری واش بوو زۆر نەرم بوو. بەرگریی چەکدارانە کە لەو کارانە بوو بە ڕێنوێنی و ڕێبەرایەتیی وی دەکرا، زۆر بەجێو قابیلی ستایش بوو. هەر لەم کاتەشدا هیچ دەرفەتێکی بۆ ئامادەیی لە پێناو بەرقەرارکردنی ئاشتییەکی عادڵانە و وتوویژ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا لەدەست نەداو ئەوەش بۆخۆی وەک ئەسڵێک و پرەنسیپێک لەجێی خۆیدا بووە.

٧- ئەمن پێموایە لەو سەردەمیدا تەنیا ئەو دەیتوانی لە بەرامبەر هێرشی سیاسی و ئیدئۆلۆژیکی و تەنانەت تەشکیلاتیی حیزبی توودەی ئێراندا خۆی ڕابگرێ و ڕابوەستێ. لێزانی و خۆڕاگری و ئازایەتیی وی بوو پێشی بەوە گرت حیزبی توودەی ئێران بتوانێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵلووشێ و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستی بەسەردا بگرێ. نابێ لەبیرمان بچێ کە حیزبی توودەی ئێران لەساڵانی سەرەتای پاش شۆرشی ڕێبەندان لەنێو چەپ و سۆسیالیستەکانی ئێراندا دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیکی و سیاسی و عەقیدەیی و تیئۆریکیی زۆری هەبوو. هەر ئەم توانایەش بوو کە بزووتنەوەی فیدایی بەکردەوە بەدوای خۆیدا ڕاکێشاو ڕێکخراوە سیاسی‌یە سۆسیالیستی‌یەکانی دیکەی کە چووکەتر بوون لەنێو بردن. سەبارەت بەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرەی «بزووتنەوەی جیهانیی سۆسیالیستی»و ڕۆژهەڵاتدا بوو، بەڵام بۆخۆی خاوەنی تیئۆری‌یەکی سەربەخۆ بۆ خەباتی ئیدئۆلۆژیکی لەگەڵ لاڕێیی و هێرشی حیزبی توودەی ئێران ـ تەنانەت لە بواری مەسەلەی نەتەوایەتی‌دا ـ نەبوو، بە تایبەتییش سەبارەت بەوەی کە خەسلەتی تەواو رووناکبیرانەی نەبووو خەریکی خەباتی بەکردوە لە دژی دەسەڵات بوو، گرنگی و ڕۆڵ و خزمەتی گەورەی دوکتور قاسملوو بۆ پارێزگاری لە سەربەخۆیی فکری و تەشکیلاتی و سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانمان بۆ دەردەکەوێ.

٨- ئەو، هاوکێشی‌یەکی باش و مەنتیقی و سالمی لە نێوان وەرگرتنی یارمەتیی پشتی جەبهە لە دەوڵەتی عێراقو بردنەپێشی خەبات لە دژی حکوومەتی زاڵ بەسەر ئێراندا پێک هێنابوو. هەموومانی فێر کرد کە لە بواری پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا نابێ تەسلیمی شانتاژی نەیاران بین. فێری کردین کە پێوەندی‌یەکی ئەوتۆ دەکرێ هەبێ و جاری وایە تەنانەت دەبێ هەبێ بێ‌ئەوەی سەربەخۆیی سیاسیی خۆمان لەدەست بدەین. هەم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەم کۆمەڵە – بە باوەڕی من – پەروەندەیەکی خاوێنیان لەو بارەیەوە هەیە. پاراستنی سەربەخۆیی ئەوان بەبێ‌نرخ و بێ‌گیروگرفت بۆ ئەوان، شتێکی ئاسایی و زۆریش ئاسان نەبووە. ئەوەندە بەسە چۆنیەتیی پێوەندیی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و حیزبەکانی کوردستانی عێراق و تورکیە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران بێنینە بەرچاوی خۆمان، تاکوو ئەو ڕاستی‌یەمان باشتر بۆ دەرکەوێ.

٩- دوکتور قاسملوو هەر تەنیا لێکۆلەرێک یان تیئۆریسیەنێک یان خەباتگێڕێک یان سیاسەتمەدارێک نەبوو، بەڵکوو دیپلۆماتێکی چالاکیش بوو. پێوەندی‌یە دیپلۆماتیکی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی وی ڕۆڵێکی گرنگیان لە لەقاودانی جینایەتەکانی حکوومەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیسلامیی ئێران لە کوردستان و ناساندنی خەباتی خەڵکی کوردستان لە ئاستی نێونەتەوەیی و لە نێو بیروڕای گشتی و ڕاگەیەنە گشتیی‌یەکان‌دا هەبووە. ئەگەر ڕادەی پێوەندیی‌یەکان و وتووێژەکانی ئەو و بەشداری لە کۆنگرەکان و سیمینارە نێونەتەوەیی‌یەکانی ئەو لەگەڵ کارە کەم و لاوازەکانی دواتری ئەو هەمووە ئێرانی و کوردانەی دەرەوەی وڵات لە ئێستادا بەراورد بکەین، چۆنیەتی و چەندیەتیی بەرزی چالاکی‌یە تاکەکەسی‌یەکانی دوکتور قاسملوومان باشتر بۆ دەردەکەوێ.

١٠- لە تایبەتمەندی و خەسلەتە بەرچاوەکانی وی زانایی و بیرمەندی و فەرهەنگ و لەسەرخۆیی و ئەدەبی بەرزی سیاسیی ئەو، زاڵبوونی بەسەر مەسەلە سیاسی‌یە نێوخۆو نێونەتەوەیی‌یەکان‌داو راوێژێکی جوان لە شی‌کردنەوەی مەسەلە سیاسی‌یەکانی ڕۆژدا بوو. هەمووی ئەمانە ببوونە هۆی ئەوە کە ببێتە خاوەنی توانایەکی زۆری ئیستدلال و قسەی بڕوا. ئەو سەرەڕای ئەوەی ڕێبەری خەباتێکی سەخت و خوێناوی و نابەرابەر لە دژی ستەمی میللی‌بوو، بەڵام - ئەمن پێم‌وایە چونکە لە داوێنی چەپی ئێران‌دا پەروەردە ببوو ـ قەت سنوورە سیاسی‌یەکانی نەڕووشاند. دژایەتیی لەگەڵ خەڵک و قەوم و فەرهەنگ و زمانێکی تایبەتی‌دا نەکرد. بە پێچەوانە قەت نەی‌شاردەوە ئاشقی زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگی فارسی و خەڵکی فارس‌زمانەو هەمیشە بەدوای نزیکایەتی لەگەڵ کەسایەتی‌یە ئێرانی و هێزە «سەرانسەری»یەکانەوە بوو. هەروەها ئەلهەق جینایەتی مۆرەی وەک حەسەنی و مرادی قەتاری و کەسانی دیکەی بە حیسابی ئازەربایجانی‌یەکان دانەنا. لە هیچکام لەو سەدان نووسین و وتووێژانەدا تەنانەت یەک وشەی ناحەز و تێکەڵ بە تووڕەیی بۆ گەلی دراوسێ بەکار نەهێنا. ئەگەر چاوێک لە سایتە ئەنتەرنێتی‌یەکانی ژمارەیەک لە «چالاکان»ی تازەهاتووی ئەمڕۆ بکەین کە لە بواری میللیەتەکانی ئێران‌و هەورەوەها «ناسیۆنالیزمی ئێرانی» دا شت دەنووسن، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم تایبەتمەندیو نەجابەتە سیاسی‌یەی دوکتور قاسملوو شتێکی زۆریش ئاسایی نەبووە. ئەوە تەنیا لە کەسایەتی‌یە بەرزەکانی وەک ئەو ( دیارە ژمارەیەکی کەمیش نا لە ڕێبەرانی ئێستای کوردستانی ئێران لە حیزبە جۆراوجۆرەکانی) دەوەشێتەوە. ژیان‌و بەرهەمەکانی لەم بارەیەشەوە دەرسی زۆر بەنرخی بۆ هەمووومان تێدایە.

-----



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵێ، حکوومەتی تیرۆرو جینایەت دەیزانی چ کەسێک لە خەڵکی کوردستانو ئێران دەستێنێ. بەڵام نەیدەزانی لەبەر چاوانی ون دەکاو دەیباتە نێو دڵەکان. دوکتور قاسملوو قەت بەرادەی ئێستا، بیست ساڵ پاش ئەوەی بە مەزڵوومی گیانی لەدەست دا، ئاوا خۆشەویست نەبووە. حکوومەتی ئیسلامی نەیزانی رەخنەگرانیشی دەبنە ئەویندارو رێبواری رێگاکەی. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە یەکێک لە مۆرەکانی قەتڵی ناجوانمێرانەی ئەو، ئەحمەدینەژاد، وەک حکوومەتەکەی بێزراوتر لە هەرکاتێکی دیکەن و خەڵکی ئێران لەمێژە دەنگی زەنگی مەرگی ئەوانی وەڕێ خستوە.

لە بەیانیی شۆرشی خەڵکی ئێراندا کە هەر ئەم رۆژانە شاهیدی گوورانی نەمامەکەین، خەڵکی ئێران جینایەتکارانی وەک خامەنەیی و رەفسەنجانی و ئەحمەدینەژاد دەکێشنە پای موحاکەمەی گەل. بەڵام پەیکەران لە گەورەپیاوانی وەک دوکتور قاسملو دروست دەکەن و مانیۆمێنتیان لێ ساز دەکەنو شەقام و مەیدان و شوێن و دامەزراوە و قوتابخانەکانیان بەناو دەکەن. ئەمن وەک ئەندامێکی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان هەر لە ئێستاوە پێشنیار دەکەم کە یەکێک لە شارەکانی کوردستان و ئێران بە ناوی ئەم گەورە پیاوەی مێژووی ئێران و کوردستان بکەین. گرنگیی دوکتور قاسملوو بۆ کوردستان و ئێران لە گرنگیی جۆرج واشینگتۆن بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەمتر نەبووە. دەبا جەللادەکانی ئیسلامیی ئێران ئاوا وەڵامی جینایەتەکانی خۆیان بۆ نەهێشتنی فیزیکی و کوشتنی بیرمەندانی ئێران و کوردستان وەرگرنەوە.

١٢ی پووشپەڕی ١٣٨٨ – ٣ی ژووئیەی ٢٠٠٩

ئەڵمانی فیدراڵ و. لە فارسی‌یەوە: مستەفا مەعرووفی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تێروری دوکتور قاسملوو تێروری بیرمەندێکی دێموکراسیخواز

هیوا گوڵ محەمەدی

زۆر جار بیر لە تێرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو ئەکەمەوە و بە دوای وەڵامێک دا ویێلم.

بۆچی دوکتور قاسملوو لە هۆدەیەکدا لەگەڵ چەند کەسی نەناسراوا دانیشت و تێرۆر کرا؟

ئەمە سەرەتای پرسیارەکانە و ورووژاندنێکی بەرفراوانی بەدواوەیە. ئەو کەسانەی دوکتور قاسملو ئەناسن یان لەسەر ئەو بیرمەندە کوردە شتیان خوێندوەتەوە ئەزانن کە قاسملوو مرۆڤێکی زیرەک، شارەزای بوارەکانی کۆمەڵناسی، سیاسەت و دیپلۆماسی بووە، ئەو باش ئەیزانی کە نابێ لەگەڵ کەسانی نەناسراوا دانیشێ و وتووێژ بکات بەڵام لەوەش شارەزا بوو کە سەرەتای هەر دانیشتنێک ئەویش بۆ باسکردن لەسەر کێشەی کورد پێویستیی بە دڵفراوانی و وردکردنەوە هەیە.

بەداخەوە دوکتور قاسملوو کەوتە داوی ئەو قەوڵ و قەرارانە کە پێی درابوون و بڕوای وابوو کە سەرۆککۆماری ئەو کاتەی ئێران هاشمیی ڕەفسنجانی لە فکری گۆڕانکاریدایە و بە شکانی ئێران لە شەڕ لەگەڵ ئێراق و شپرزەیی لایەنی ئابووری و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە ئەیانەوێ کوردەکان ئاشت بکەنەوە و بەوجۆرە هێز و دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن.

دوکتور قاسملو هەڵبژێردرابوو کە تێرۆر بکرێ و هیوای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان برووخێ و ئەوەش ڕووداوەکانی دوای ئەو تێرورە بە باشی دەریانخست کە ئەگەر دوکتور قاسملوو تێرور نەکرایە هەلومەرجی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەوجۆرە نەدەبوو کە ئێستا هەیە.

دوکتور قاسملوو گرنگیی زۆری بە سەربەخۆیی سیاسی و ئیخلاق لە سیاسەتدا ئەدا و ئامادە نەبوو پاشەکشە لە پرەنسیپەکانی بکات و بەردەوام هەموو کێشە و چارەسەرییەکانی ئەگەڕاندەوە بۆ کۆمەڵگای کوردی و، ئامادە نەبوو لە پێناو

بەرژەوەندیی کاتیی خۆی یان حیزبەکەی‌دا بەرژەوەندیی گەل بکاتە قوربانی.

لەکەس شاراوە نیە کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ پێوەندی لە نێوان حیزبی بەعسی عیراق و حیزبی دیموکراتی کوردستان‌دا هەبووە و حیزبی دیموکرات لە ئیمکاناتی ئێراق کەڵکی وەرگرتوە. بەڵام لە تەواوی ئەو ماوەیەدا نامەیەکی ڕەسمیی دوکتور قاسملوو نادوزرێتەوە کە بۆ سەدام حسەین یان حیزبی بەعسی ناردبێ و پیرۆزبایی بۆنە تایبەتی‌یەکانی لێ‌کردبن. ئەوە بەڕواڵەت ئاسانە بەڵام لەڕاستی‌دا ئەوە سیاسەت‌کردنە بە تێگەیشتنی واقع و واقع بەڕێوەبردنی بەرپرسیارەتی و بەرپرسیاربوون لە ئاست دوارۆژ و دوارۆژ خوێندنەوەیە.

دوکتور قاسملوو تەنیا لە کوردستان و دەوروبەردا بە دوای دوست‌پەیداکردن بۆ کورد و کێشەکەی‌دا نەبوو، بەڵکوو هەوڵی ئەدا لە ئاستی ناونەتەوەیی‌دا کورد و کێشەکەی بداتە ناساندن و شیکردنەوەی لەوبوارەدا هەبوو.

دیارە هێندێ کەس هەن کە کەسایەتی‌یەکی کاریسمای ئاکادیمی و زانستی‌یان هەیە و خۆیان لەو بەرپرسیارەتی‌یەی کە هەیانە گەورەترن و هێندێ کەسی دیکەش هەن بە پێچەوانەوە لە ئاست ئەو بەرپرسیارەتی یەی کە هەیانە زۆر بچووکترن و وەڵامدرەوە نین.دوکتور قاسملوو لەو کەسانە بوو کە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە سکرتێری ئەو حیزبە گەورەتر بوو. دوکتور قاسملوو هەم کەسایەتی‌یەکی ئێرانی و جیهانیی هەبوو هەم رێبەرێکی ناسراوی جووڵانەوەیەکی نوێ‌خواز و دیموکراسی‌خواز بوو لە ناوچەیەکدا کە ئێستاش بەو چەمکانە نامۆیە.

دوکتور قاسملوو لە بەرنامەی حیزبەکەی‌دا گونجاندی کە ژن و پیاو بۆ کاری وەک یەک مووچەی وەک یەک وەردەگرن و باسی لە بەرابەریی مافی ژن و پیاو ئەکرد. هەر دوکتور قاسملووش بو کە دژی فەردپەرستی و سەرەڕۆیی و بێ‌پرەنیسپی و ڕەشەکوژی بوو.

ساڵی ١٩٨٣ دوکتور قاسملوو لە دەورەی پەروەردەیی گرووپێک لە کادەرکان‌دا دەڵێ: نەوەی ئێمە نەوەی خودموختاری بوو، بەڵام هیچ بە دووری نازانم کە نەوەی داهاتوو نەوەی سەربەخۆیی بێ.

کە واتە دوکتور قاسملوو زۆر لە پێشەوەی رووداوەکانەوە بوو و بە وردکردنەوە و هەڵسەنگاندن و شروڤەکردن لە ئەمری واقع دەگەیشت و پێشنیاری تایبەتیی خۆشی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەبوو. ئەو باش ئەیزانی کە کورد دەبێ بۆ خەباتێکی دووروودرێژ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خۆی ئامادە بکات و هەر بەو پێیەش بەردەوام باسی ئەوەی ئەکرد کە کۆماری ئیسلامیی ئێران سیستەمە و دەبێ ئێمەش بە وردی و بەرنامە و تێگەیشتنەوە لەهەمبەر ئەوسیستەمەدا ڕاوەستین.

ئەکرێ بڵێم دوکتور قاسملوو پیاوی سەدە بوو، بەو واتایە کە هەر سەد ساڵ جارێ مرۆڤێک پەیدا دەبێ کە سەرکێشیی جووڵانەوەیەکی ئازادیخوازی، کۆمەڵاتی، سیاسی، ئابووری و ... ئەکا و بە بیر و هزری خۆی هەوڵی گوڕانکاری و وەرچەرخان ئەدات.

بە باوەڕی من دوکتور قاسملوو زۆر لەوە زیاتری ئەزانی کە ئێمە لێی تێگەیشتبووین و زۆر لەوە زیاتری ئەتوانی بکات کە بە کردەوە کردی.

دوکتور قاسملوو ئەیتوانی هەوڵی وەرچەرخانێکی نوێ بدات لە نێو ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، چین یان جیلێکی نوێ پەروەردە بکات بەبێئەوەی ڕیزەکانی حیزب تووشی ئاڵۆزی و لێکدابران ببێ. دوکتور قاسملو نەک تەنیا دیپلۆمات، سیاسەتمەدار، ئابووریزان و کۆمەڵناس بوو بەڵکوو ئەدیبێکی کوردیزان و کوردیناسێکی بە تەواوی ماناش بوو، ئەو لە نووسیندا بە وردی سەرنجی ئەدایە دەربڕینەکانی و لە دەبڕینەکانیدا پاراویی زمانی کوردی ئەبینرا و ئەبینرێ.

بیست ساڵ بەر لە ئێستا کورد تەنیا سەرۆکی حیزبێکی لە دەست نەدا بەڵکوو کەڵە سیاسەتمەدارێکی بوو بە قوربانی کە ئەیتوانی لە داڕشتنەوەی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناویندا کاریگەریی خۆی هەبێ و بە باوەڕی من هەر ئەوەش بووە هۆکار کە بەرلەوەی ئەو سیاسەتە بگۆڕدری ئەویان لە نێو برد و لەو تیرۆرەشدا تەنیا کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی نەبوو بەڵکوو بە گەلەکۆمە و کۆمپلۆیەکی چەند لایەنە بەڕێوە چوو و هیوادارم مرۆڤ بتوانێ ڕۆژێ پەردە لەسەر هەموو لایەنە شاراوەکانی ئەو کردەوە نامرۆڤانەیە هەڵداتەوە.دوکتور قاسملوو سیاسەتی لەسەر بناغەی ئەمری واقع ئەکرد و باش ئەیزانی لە کوێدا چی بڵێ و لە وتندا کامە وشە بەکار بەرێ و لە بەڕێوەبردندا قوناغەکانی لێک ئەکردەوە و لە تەنگانەدا چارەسەری ئەخۆڵقان کە بەداخەوە ئێستا ڕێبوارانی ڕێگاکەی لەو شتانە شارەزا نین یان تێناگەن و نایانەوێ هەوڵی لێحاڵیبوونی بدەن.

ئەگەر مرۆڤ بە وردی کەسایەتیی دوکتور قاسملوو هەڵسەنگێنێ ئەویش وەک هەر مرۆڤ و زانایەکی دیکە خاوەن دوو لایەن بوو. چاک و خراپ، ئەوەندە لایەنی چاکەی

دوکتور قاسملوو بە هێزە کە کەم و کوڕی‌یەکانیشی کەمڕەنگ ئەکاتەوە و مرۆڤ بەرەو لای چاکەکانی رادەکێشێ.

یەکەم هەڵەی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی کردە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و زیاتر مەیلی خودموختاری‌خوازیی بەسەر سیاسەتی حیزبی دیموکراتدا زاڵ کرد و لەگەڵ بیرجیاوازانی خۆی‌دا بە نەرمی هەڵسوکەوتی نەئەکرد و هەر لە کۆنگرەی سێیەمەوە هەوڵی یەکدەستکردنەوەی حیزبی ئەدا بەپێی ویست و داخوازی‌یەکانی خۆی و لە کونگرەی چوار و شەش و هەشتدا ئەو هەڵانە دووبارە بوونەوە. ئەوە لە کاتێک‌دایە کە دوکتور قاسملو مروڤێکی دیموکرات و ئازادی‌خواز و دیموکراسی‌خواز بوو و ئەیتوانی لەگەڵ بیرجیاوازانی‌دا بە نەرمی و لەسەر ئەساسی پرەنسیپەکانی دیموکراسی هەڵسوکەوت بکات و زیاتر ڕێگای دیالۆگ بگرێتەبەر نەک دەرکردن، کە بەداخەوە ئیستا ئێتر بووەتە کولتوورێک بۆ حیزبەکەی و بەردەوام دووبارە ئەبێتەوە.بە گشتی دوکتور قاسملوو دیپلۆمات بوو لە گۆڕەپانی ناونەتەوەیی‌دا، سیاسەتمەدار بوو لە بواری سیاسەت و، ڕێبەر بوو لە بەڕێوەبەری‌دا.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوکتور قاسملوویان باش ئەناسی و لێی ترسابوون کە بتوانێ لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیی و نێوخۆیی‌دا کاریگەری‌یەکی باشی هەبێ و بێ‌گومان نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو، دڵنیام سەرجەم گەلانی ئێرانی بە سەرۆکیان قەبوڵ بوو و ئامادەبوون دەنگی بۆ بدەن ئەگەر لە ئێران دا وەرچەرخانێک بهاتایەتە ئاراوە.

بیست ساڵ دوای ئەو تێروره ناڕەوایە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان نەیان‌توانیوە شرۆڤەیەکی زانستی‌یانەیان لەو ڕێبەرەیان هەبێ و لە پەیامەکانی تێ‌نەگیشتوون و لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان دا کەمکار و خەمساردن.

هیوادارم لە یادی بیستەمین ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور قاسملوودا هەردوو لاباڵەکەی حیزب یەک بگرنەوە و بە ڕۆحی بەرخوەدان بۆ کوردان یەک بگرن و واز لە بەرژەوەندیی بچووکی خۆیان بێنن لە پێناو بەرژەوەندیی بەرزی گەل‌دا و هەر ئەوەشە پەیامی دوکتور قاسملوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پانۆڕامای ژیانی د. قاسملوو

**کارۆل پڕوونهووبێر**

*١٩٣٠ ڕۆژی ٢٢ی دیسامبر، لە شاری ورمێ، کوردستانی ئێران لەدایک بووە.

*١٩٤٥ حدک ـ ی ئێران لە ١٦ی ئاگوست دامەزراوە.

*١٩٤٦ حدک کاری دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی لە چەند شاری کوردستان دەست پێکرد. قاسملوو بەرپرسی لقی ئەو ڕێکخراوە لە ورمێ بوو. کۆماری کوردستان لە مانگی دیسامبری ١٩٤٦دا ڕووخا.

*١٩٤٧ خوێندنی دەبیرستانی لە تاران تەواو کردو بەرێگەی تورکیەدا چووە ئورووپاو لە پاریس دەرسی فەرانسەی خوێند.

*١٩٤٨ بوورسی خوێندنی لە پڕاگ وەرگرت و چووە زانستگەی زانستی سیاسی و ئابووری و وەک بەرپرسی یەکیەتیی خوێندکارانی خوێندنگەکەی هەڵبژێردرا.

*١٩٥٠ و ١٩٥١ لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی خوێندکاراندا لە پڕاگ و دوایەش لە بێرلین بەشدار بوو. دەگەڵ هاوژینی ئایندەی هێلین کرۆلیچ ژیانی هاوبەشی پێک هێنا؛ گەڕایەوە ئێران و لە سەردەمی دیکتاتۆریی حەمەرەزاشای پەهلەویدا بە نهێنی و وەک تێکۆشەرێکی حدک دەژیا.

* بوو بە ئەندامی ڕێبەریی حدک، پێنج ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەبوون. (ساڵی ١٩٥٣) مینای کچی لە پڕاگ لەدایک بوو،

*١٩٥٥ کچی دووهەمی، هیوا، لە تاران لەدایک بوو.(هەر ئەوساڵە) حدک لە حیزبی توودە جیا بۆوە.

*١٩٥٩ و ١٩٦٠ دەگەڵ هێلین چووە عێراق، بەڵام کچەکانیان لەپڕاگ مانەوە لە زانستگەی بەغدا دەرسی مێژووی کوردیی دەگوتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*١٩٦٠ و ١٩٦١ گەڕایەوە بۆ پراگ و لەخوێندنگەی ئابووری تەدریسی دەکردو خوێندنی دەورەی دوکتورای زانستی سیاسی و ئابووریی دەست پێکرد، تەواوی کردو لە زانستگەی پراگ وەک مامۆستای ئابووریی سیاسی کاری دەکردو کتێبی «کوردستانو کورد»ی نووسی.

*١٩٦٣ لە عێراق کۆدیتا دەکرێو ئەفسەرەکانی سەر بە حیزبی بەعس دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن.

*١٩٦٨ شووڕەوی هێرش دەکاتە سەر چیکوسلۆواکی. قاسملوو پێوەندیی خۆی دەگەڵ

رابـردووی کۆمونیستیـیەکەی دەپسێنێ. (سالی ١٩٧٠) قاسملوو دەگەڕێتەوە بەغداو وەک راوێژکاری وەزیری بەرنامەدانان دەست بە کار دەکا.

*١٩٧١ لە سێهەمین کۆنفرانسی «حدک»دا وەک سکرتێری گشتی هەڵدەبژێردرێ. نوێکردنەوەی حیزبەکەی دەست پێدەکاو بیروبڕوای سەرەکیی سیاسیی خۆی: دیموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان لە بەرنامەی حیزبدا دەگونجێنێ.

* ١٩٧٣ حدک سێهەمین کۆنگرەی خۆی بەڕێوە دەبا. قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزبەکە تەئیید دەکرێتەوە.

*١٩٧٥ ئێران و عێراق پەیمانی ئەلجەزایر واژۆ دەکەن و کوردەکان لە پشتیوانیی دەرەکی بێبەش دەکەن. ئەرتەشی عێراق هێرش دەباتە سەر کوردستان، قاسملوو دەگەڕێتەوە پراگ.

*١٩٧٦ – ١٩٧٨ دەوڵەتی پراگ ئیقامەی قاسملوو نوێ ناکاتەوەو لەئاکامدا ناچار دەبێ لەو وڵاتە بڕوا. دەچێتە پاریس و لەخوێندنگەی زمانە بیانییەکانی زانستگەی پاریس وەک یارمەتیدەری مامۆستا کاردەکا. دەگەڵ سیاسەتوانەکان، کەسانی بەفەرهەنگ و رۆژنامەنووسان پێوەندیی دۆستانە دادەمەزرێنێ و کاری سەرلەنوێ بڵاو کردنەوەی رۆژنامەی چوار لاپەڕەیی کوردستان کە لەمێژ بوو بڵاو نەببۆوە، بە دوو زمانی فارسی و کوردی دەست پێدەکاتەوە. دەگەڵ تاقمێک لە کەسانی بە نفووز ئەو شتانە دەنووسێ و بڵاویان دەکاتەوە: لۆکورد ئێ لۆ کوردستان، لاکوێشچەن



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناسیۆنال کورد ئۆ پرۆئێی ئۆریەنت (کورد کوردستان، گیروگرفتی نەتەوایەتیی کورد له رۆژهەڵاتی نێوەڕاست).

* له دەوروبەری پاریس، دەچێته سەردانی خومەینی، بەڵام، وەری ناگرن.

*١٩٧٨ دەگەڕێتەوە ئێران و لەپێشدا دەچێته تاران و دوایەش دەچێته مهاباد (کوردستان)و حدک (ئێران) سازمان دەداتەوە: کومیتەی نهێنی پێک دێنێ، بناخەی بیروبڕوای سیاسی و ڕێکخراوەیی دادەمەزرێنێ و تێکۆشەره لاوەکان بۆلای حیزب رادەکێشێ.

* ژانویەی ١٩٧٩، شا شاپووری بەختیار دەکاته سەرۆک وەزیرو بۆخۆی له وڵات دەچێته دەر.

* له مانگی مارسدا، قاسملوو له مهاباد خەباتی ئاشکرای حدک (ئێران)و داخوازەکانی کوردان رادەگەیەنێ. ئەو یەکەمین هەنگاوە سیاسییە گرنگە ناوو ناوبانگی لەنێو کۆمەڵانی خەڵک تەواو دەباته سەرێ.

* لێژنەیەکی دەوڵەت بە سەرۆکایەتیی بەرێز ئایەتوڵڵا تاڵەقانی و ئەندامەتیی بەنی سەدر و ئایەتوڵڵا بەهیشتی دەگەڵ کوردەکان کۆ دەبنەوە. تاڵەقانی بەڵێن بە کوردەکان دەدا هەتا رادەیەک خودموختارییان بۆ جێبەجێ بکاو داوایان لێدەکا لە ڕیفڕاندۆمی کۆماری ئیسلامیدا بەشدار بن. بەڵام، زۆربەی کوردەکان له ریفراندۆمەکەدا بەشدار نابن. له ئاکامدا، خومەینی کۆماری ئیسلامیی ئێران رادەگەیەنێ.

ئاگوست - ئوکتوبر

*قاسملوو وەک ئەندامی ئەنجومەنی پسپۆرانی قانوونی بنەڕەتی بە لەسەداهەشتای دەنگەکان هەڵدەبژێردرێ.

* له کاتی راپەرینی کوردەکاندا، خومەینی خۆی وەک فەرماندەری گشتیی هێزە چەکدارەکان شەڕ دژی «کوردە خیانەتکارەکان» رادەگەیەنێ و بێ هەرچەشنە جیاوازییەک کوردەکان سەرکوت دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

* له یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پسپۆرانی قانوونی بنەڕەتیدا قاسملووی مەحکووم دەکاو حدکاش قەدەخەکراو رادەگەیەنێ. حدکاش که زۆربەی خەڵکەکه پشتیوانیيان لێدەکرد، بۆ ئەوەی رێژیم له کوردستان کوشت و کوشتار وەڕێ نەخا. پەنا بۆ چیاکانی کوردستان دەبا.

* خەباتی چەکدارانەی پێشمەرگەکانی حدکا له دژی رێژیم دەست پێدەکا.

*کوردەکان کۆنترۆڵی کوردستان بەدەستەوە دەگرن.

* ئەرتەشی ئێرانیش دەست دەکا به داگیرکردنی کوردستان.

* ١٩٨٠ - ١٩٨٢ رێژیمی ئێران بێ هیچ چەشنه دەستپاراستنێکو به شێوەیەکی دڕندانه هێرش دەکاته سەر کوردستان. حدکا زیاتر بەرەو چیاکان پاشەکشه دەکاو وردەوردە له سنووری ئێران - عێراق نزیک دەبێتەوە. له سەرانسەری کوردستان قوتابخانەو نەخۆشخانه دادەمەزرێنێ و زیندانی خۆیان له چیاکان دروست دەکەن. قاسملوو سێڵاوی یارمەتیيه مرۆڤایەتیيەکانی رێکخراوە پزیشکیيەکانی فەرانسه بۆلای کوردستان رادەکێشێ.

*١٩٨٤ حدکا سکرتاریای گشتیی خۆی له کوردستانی عێراقو له تەنیشت سنووری ئێران دادەمەزرێنێ.

١٩٨٨ تاران وتووێژ دەگەڵ حدکا پێشنیار دەکا. قاسملووو نوێنەرانی ئێران له مانگەکانی دێسامرو ژانویەدا له ڤییەن کۆ دەبنەوە؛ ئەو کۆبوونەوەیه جەلال تاڵەبانی پێکی هێنا بوو.

*١٩٨٩ ئایەتوڵڵا خومەینی دەمرێ. قاسملووو ئەندامانی حدکا له کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست له سوئێد بەشدار دەبن.

دەوڵەتی تاران له رێگەی کوردێکی عێراقیيەوە بەناوی فازیل رەسووڵ پێوەندیی دەگەڵ دەگرێ و پێشنیار دەکا وتووێژەکان له ڤییەن دەست پێبکەنەوە.

*ژووئیەی ١٩٨٩ قاسملووو قادری ئازەرو رەسووڵ له کاتی وتووێژەکان دەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئێراندا، دەکوژرێن. نوێنەرانی دەفتەری سیاسیی حدکا رادەگەیەنن


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سادق شەرەفکەندی وەک سکرتێری گشتیی حیزب دیاری کراوە. قاسملووو قادری ئازەر لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس بە خاک سپێردران

* بێوەژنەکەی قاسملوو هێلین کرۆلیچ، لە دژی دەوڵەتی ئوتریش دەست دەکا بە تێکۆشانی قانوونی بەتاوانی ئەوەی کە ڕێگەی بە پیاوکوژەکان داوە بێ هیچ چەشنە لێپرسینەوەو سزادانێک لە وڵاتی ئوتریش وەدەر کەون.

*١٩٩٢سادق شەڕەفکەندی، سکرتێری گشتیی حدکا، دەگەڵ فەتاح عەبدولی، نوێنەری حدکا لە ئورووپا؛

*هومایوون ئەردەلان، نوێنەری حیزب لە ئەڵمان و نووری دێهکوردی تێکۆشەری ئێرانی، لە شاری بێرلین دەکوژرێن.

*دادگای سەرووی ئوتریش سکاڵاکەی هێلین کرۆلیچ ڕەد دەکاتەوە.

*١٩٩٦ لەماوەی بەڕێوەچوونی بیستەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیستدا، پلەی «چاوەدێری» یان دا بە حدکا. ساڵی ٢٠٠٥، پلەکەیان بردە سەرو کردیانە «راوێژکار».

*١٩٩٧ دادگایەکی ئەڵمان چوار کەسی بە تاوانی کوشتنی شەرەفکەندی و سێ کوردی دیکە مەحکووم کرد کە ئەندامی حیزبوڵڵا بوون. دادگا هەروەها فەرمانێکی نێونەتەوەیی بۆگرتنی حوججەتولئیسلام فەللاحیان کە وەزیری «اطلاعات»ی ئێران بوو دەرکرد. ناوبراو فەرمانی بەڕێوەبردنی جینایەتەکەی دابوو. پایەبەرزترین ڕێبەر عەلی خامەنەیی و سەرکۆماری پێشوو هاشمیی ڕەفسەنجانییش فەرمانی گرتنیان درابوو.

*٢٠٠٥ پیتێر پیلتز، ئەندامی پارلمانی ئوتریش و ڕێبەری حیزبی سەوزەکان، سەرۆک کۆماری ئێران، مەحموود ئەحمەدینژاد،و سەرۆک کۆماری پێشوو، ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی، بەدەست هەبوونیان لە کوشتنی کوردەکاندا بە تاوانبار دەناسێنێ. مەسەلەکە هەرگیز بڕیاری لەسەر نەدراوە و تاوانبارەکانیش بە رەسمی نەناسراون.

*٢٠٠٦ حدکا دوولەت دەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*٢٠٠٨ له ئێران، کاربەدەستانی دەوڵـەت درێژە بە جیاوازیدانان لە دژی کوردەکان دەدەن و کوردەکان هەروا سەرکوت دەکەن. تێکۆشەرانی مافی مرۆڤ، رۆژنامەنووسان، یەکیەتییە پیشەییەکان و خوێندکاران هەروا لەژێر گوشاری بێپسانەوەی دادوەریدان.

*بەوجۆرەی لە بۆڵتەنی ئەنستیتووی کورد لە پاریسدا باسی کراوە، لە مانگی ژووئیەدا لێخۆشبوونی نێونەتەوەیی رایگەیاندوە کە سەرکوتو ئازاردانی کوردەکان لە ژێر ناوی «ئاسایشی نێوخۆیی» دا هەروا درێژەی هەبووە. خستنەزیندانی کەسانی بێتاوان، دادگاییکردنی زاڵمانەو دەرکردنی فەرمانی ئێعدام، وەک کاری ئاساییان لێهاتوە.

* لەمانگی ئاوگوستدا یەکیەتیی ئورووپا راپۆرتێکی کوردەکانی چاپ کرد و بەتایبەتی نیگەرانیی خۆی لە بارەی پێنج کەس کوردی مەحکووم بەمەرگدا دەربڕی. ئەو کوردانە هێشتا ئێعدام نەکراون.

لە کتێبی «خولیاو مەرگی قاسملووی کورد» وەرگیراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# باوەڕ بە گۆڕان و هەوڵدان بۆ گۆڕین، لە نهێنییەکانی سەرکەوتنی د. قاسملوو بوون

عەزیز شێخانی

هەڵکشە بەرەو لووتکە!

لە هەر جێیەک هەی و لە هەر مەڵبەندێک هەناسە دەدەی

هەنگاو هەڵگرە و بەرەو لووتکەی ئاسمان بڕوانە

تیژ بڕوانە و سەربەرزانە بەرەو

ئەستێرەی پڕشنگداری سەرکەوتن ڕێگە بگرە

با هەنگاوەکانت سڵکردنەوە نەناسن

چاوەکانت با هەرگیز لە گەڵ سەرکەوتن و شکان نامۆ نەبن

تۆی ئێرادە و وزە، تۆی باوەڕ و هێز

لە پێدەشتی نیشتمان و لە بناری چیا

لە سەر لووتکەی سرووشت و لە هەر بستە خۆڵێکی کوردستاندا

بوونت لە هەناوی هەناسەی ژیان و جووڵەی سرووشتدایە

سەفەری گەیشتن بە ئامانج دەست پێبکە

تۆ لە گەیشتن بە ئامانجدا مانا دەدەی

تۆ لە هەڵکشان بەرەو لووتکەدا بوونت مسۆگەر دەکەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشەکی

خوێنەری بەڕێز، لەسەر داوای کۆمیتەی یادی ٢٠ساڵەی تیرۆری د.قاسملوو و هاوڕێیانی، هەوڵ دەدەم لەو نووسینەدا ڕەهەندی گۆڕان و کاریگەریی ڕەوتی گۆڕان لەسەر کەسایەتیی ناوبراو بەشێوەیەکی ساکار بێنمە بەر باس. مەبەست تەنیا ئاوڕدانەوەیەکی کورت و خێرایە، چونکە بۆ لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی بابەتێکی بەپێز کات و سەرچاوەی لێکۆڵینەوە پێویستن.

جێگای خۆیەتی لە بیستەمین ساڵڕۆژی ئەو جینایەتەدا وانەکانی مێژوو لە یاد نەکرێن. ئەگەر چی ئامانجی د. قاسملوو و حدکا چارەسەرکردنی کێشەی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگای وتوویژ بوو، بەڵام شێواز، جێگا و تکنیکی وتوویژ هەڵەبوون. لێکدانەوەی سکرتێری حدکا لە سەر بارودۆخی هەستیاری ئەو کات و بە تایبەت هەلومەرجی ترسناکی بزووتنەوەی کورد پاش کۆتاییهاتنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق پاڵنەری جیدی بوون، بۆ ئەوەی لە رۆژە رەشەکاندا کورد تووشی ئاشبەتاڵ نەبێتەوە. لێکدانەوەکانی د. قاسملوو و بەشێک لە رێکخراوە سیاسییەکان پاش پەلاماری کوتوپڕی ئەرتەشی سەددام بۆ سەر کووەیت وەرچەرخانیان تێکەوت و بزووتنەوی کورد لە هەڕەشەی جیدیی سەرکوتکران و کەلەپچەکران رزگاری بوو.

لەو سەردەمەدا لێکدانەوەی جیاواز لە سەر دوارۆژی ناوچە و هەڵسووڕێنەرانی نیزامی ئاخوندی دەکرا. ئوروپاییەکان و بەشێک لە رێکخراوە سیاسییەکانی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان کەوتبوونە ژێر کاریگەریی فرتوفێڵی ئاخوندەکان و لێکدانەوەی رۆژئاواییەکان. بەشێک لە وتە و کردارەکانی رەفسەنجانی و قۆڵی ناسراو بە نەرمڕۆکان، گۆڕەپانی خۆشباوەڕیی تەخت کرد و هەر ئەو پەیامەش بوو، کە لە لایەن د. قاسملوو بە ئەرێنی وەرگیرا و کۆماری ئاخوندی وەک پیلان و تەڵە سوودی لێوەرگرت. مێژووی ئێران و فرتوفێڵی دەسەڵاتدارەکانی ئێران لە سەردەمی ئیمام و شادا بۆ کورد و باقیی نەتەوەکانی ئێران پڕن لە وێنە و ڕووداوی دڵتەزێن. زۆرن ئەو کوردانەی، کە بە فرتوفێڵ و لە کاتی میوانی و دیالۆگدا بە تیری دەسەڵاتدارەکانی ئێران پێکراون و گیانیان لێئەستێندراوە. دوکتۆر قاسملوو یەکێک لەو کەسایەتییانەیە، کە پاش ساڵانێکی دووروودرێژ لە پێناوی کوردایەتی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستبەربوونی ئامانجەکانی کورددا، لە سەر مێزی بە ناو وتوویژ بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ئێراندا دەکەوێتە بەر دەستڕێژ و گیانی لێ‌دەستێندرێ.

لە ڕەوتی بەردرێژی خەبات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورددا، ئەگەری دووپاتبوونەوەی ڕووداوی لەو جۆرە دوور نیە. پێداچوونەوە بە رابردوودا لە سەر بنچینە و بەستێنی تێگەشتن لە هەوێن و ناخی ڕووداوەکان و هەڵپەرداوتنی داری گومان بۆ رۆنان و بەهێزکردنی وریایی نەتەوەیی بە سوود و پێویستە. خۆلادان و خۆدزینەوە لە ڕووداوەکان و لە بیرکردنی وانە مێژوویی‌یەکان بۆ نەوەی داهاتوو هەزینەی خۆی دەوێ. هەڵە و کەوتنەکان لە گۆڕەپانی نەتەوەیی‌دا کاتێک دەبنە سەرمایەی ڕاستەقینە و دەستمایەی جێگای متمانە، کە ڕاستی و دەقی ڕووداوەکان لە مێژووی گەل‌دا تۆمار بکرێن. لە کێبەرکێی نێوان تیۆری و پراکتیکدا وانەیەکی بە سوود هەیە، کە پراکتیک و کردار بە نزیکترین پاڵپشتی تیۆری دەزانێ. بە گوێرەی ئەو وانەیە، کورد لە پێوەندی لە گەڵ دەوڵەت و نەتەوە سەردەستەکان‌دا بە کردەوە و لە گۆڕەپانی پراکتیکدا خاوەنی ئەزموونی زۆرە. ئەو ئەزموونە لە شکڵ و شێوازی سەردەمی‌یانەدا تیۆریزە نەکراوە و لە رابردووی خەبات و ژیانی سیاسیی نەتەوەکەمان‌دا ڕۆڵ و نەخشی گرنگی نەگێراوە.

چارەنووسی کەسانی وەک سمایلاغا (سمکۆ) ئەگەر وانە و دەرسی گرنگی مێژوو بایە، تیرۆرکردنی کەسانی وەک د. قاسملوو بەو ئاسانی‌یە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بەڕێوە نەدەچوو. زیندووراگرتنی بیرەوەری‌یە تاڵەکان و ڕۆژە مێژوویی‌یەکان لە مێشک و بیری نەتەوەیەکدا بە مانای هەنگاوهەڵگرتن بەرەو خۆناسین و ئەوانی‌دیکەناسینە. نەتەوەیەک کە خۆی پێناسە دەکا و ئاستی خۆناسینی دەچێتە پلەی پێگەیشتوویی و هاوشانی نەتەوەکانی دیکە، زیاتر و ڕوونتر هەست بە قەوارەی بوون و سنوورەکان دەکا. خۆجیاکردنەوە لەوانی دیکە، بە تایبەت ئەوانەی بوون و ناسنامەی کوردبوون دەخەنە ژێر پرسیار بە مانای کارکردن و تێکۆشان لە پێناوی پاراستنی سنوورە سروشتی و مەنتقی‌یەکانی ژیان و بوونە.

## تەوەرەی ٢٠ ساڵەی تیرۆرکرانی قاسملوو

لە ٢٠ ساڵەی یادی تیرۆرکرانی د. قاسملوو و هاوڕێیانی‌دا چەند باس و بابەتێک هێشتا بە نەگۆڕی ماونەوە. بیست ساڵ بەسەر ئەو تیرۆرە ناجوانمێرانەیەدا تێ‌دەپەڕێ،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام هێشتا  کۆماری تیرۆر و تۆقاندن (کۆماری ئیسلامیی ئێران) لە دەسەڵاتدایە و وردەکاری‌یەکانی نەخشەی تیرۆری د. قاسملوو ئاشکرا نەبوون. کاتێک باس لە تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژ بە نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی رزگاری‌خوازیی ئەو گەلە دەکرێ، مەزلومییەتی کورد و بێچارەنووسیی  کورد لە گۆڕەپانی نێوخۆ و دەرەوەدا زیاتر خۆی زەق دەکاتەوە. مێژووی پێوەندی‌یەکانی کورد و نەتەوە سەر دەستەکانی فارس، تورک و عەرەب بە بارتەقای سەدان‌ساڵ پڕە لە بیرەوەریی تاڵ و بە ژان. پێوەندیی بزووتنەوەی کورد لە گەڵ دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر کوردستان‌دا لە ماوەی دوو سەدەی رابردوودا هەڵگری پەیامی روون و ئاشکرایە. تێگەیشتنی ئێمەی کورد لە پەیامی مێژوو لە سەر بنچینەی خەیاڵ و خۆش‌باوەڕی رۆنراوە، بۆیە لە بازنەی بەرەنگاری و خەباتکردن‌دا پشک و بەشی کوردان سەفەر بەرەو لێوارەکانی کەوتن و شکانە. لە شادەمارەکانی جەستەی نیشتمان‌دا خوێنێکی زۆر لە گەڕان و سوورڕخواردن‌دا بووە، بەڵام بیرو هزری تێکڕایی نەتەوەی کورد بە دەگمەن لە گەڵ کردار و رەفتاری نەتەوەیی یەکانگیر بوون. نەبوونی باڵانسی گونجاو بۆ نەتەوەی کورد، لە کەرتەکانی هزرو لێکدانەوە، باوەڕ و کرداردا بە رێژەیەکی زۆر باوەڕبەخۆبوونی کوردەکانی بردۆتە ژێر پرسیار.

تەوەرەی بیستەمین‌ساڵی تیرۆرکرانی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بۆ ئەمڕۆ و بۆ سبەیش جێگای باس و لێدوانی جۆراوجۆرە. کەیس و پەروەندەی تیرۆری سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، لە بەر کەین‌وبەینی بازرگانی و سیاسیی تاران و ڤییەن نەتوانرا بکرێتە پەروەندەی ئەکتیو و کراوە، کە قاتڵ و بەرنامەداڕێژەرانی ئەو قەتڵە سیاسی‌یە بۆ بیروڕای گشتی خەڵک روون بکرێنەوە. ئەگەر دەوڵەتی ئوتریش مافی ئینسان و مرۆڤەکانی فیدای بەرژەوەندی‌یە بازرگانی و ئابووری‌یەکان نەکردبایە، ئێران بە هیچ شێوەیەک لە ساڵی ١٩٩٢دا د. سادقی شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی تیرۆر نەدەکردن. هەروەک نیزامە کۆنەکانی ئورووپا لە دابەش‌کردنی خاکی کوردستان و بێچارەنووس‌کردنی نەتەوەی کورددا رۆڵی نەرێنی‌یان گێڕا، دەوڵەتی ئوتریش لە تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی‌دا رۆڵ و نەخشی نەرێنیی گێڕا. ئورووپایی‌یەکان و دەسەڵاتی سیاسی لە رۆژئاوا بە لۆژیکی ئابوری بڕیار دەدەن. باس و تەوەرەی مافی مرۆڤ و ئازادی‌یەکان تەنیا لە رووکەشێکی جوانکاری دەچن، کە لە رواڵـەت‌دا بە خاڵە بەهێز و گونجاوەکانی کولتووری رۆژئاوایی پێناسەی دەکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و جیهانیی خاوەنی دەزگایەکی بەرپرس و عادڵانە بایە، بە دەگمەن پەروەندەی تیرۆر و جینایەتی ئینسانکوژەکانی کۆماری خوێن و جینایەت لە ڤییەن و دەیان شوێنی دیکەی ئەم جیهانە پەردەی بێدەنگیی بەسەردا دەکێشرا. تۆماری کێشە زۆر و زەوەندەکانی کورد و دابەشبوونی خاکی کوردان لەنێوان چوار دەوڵەتی سەر بە چوار نەتەوەی سەردەستدا، وزە و هێزی نەتەوەیی تووشی شلەژانی بەردرێژ کردووە. دەرچوون بۆ ساتەوەختێک لە کەش و دۆخی کوردبوون و هەللاجیکردنی نەهامەتی و کێشەی کوردان، لە چاو و هزری کەس و لایەنێکی دەرەکیدا هەڵگری چەند رستەیەکی کورت و پڕمانان. یەکێک لەو رستە و هزرانە بریتییە، لەوەی کورد لە کوردبوون،  مێژوو و زمانی خۆی شارەزا و ئاگادار نیە. لە پڕماناترین رستەکان، ئەو رستەیەیە کە باس لە کۆکبوونی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانی زاڵ بە سەرکوردستان لە سەر تەوەرەی کوردستان و کورددا دەکا. لە هەمان کاتدا پێوەندیی نێوان رێکخراو و حیزبە کوردییەکان و تەنانەت خەڵکی کورد لە گەڵ یەکتردا ئاڵۆزە.

لە نێو گێژاوی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، کورد وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت و ژێردەستە زۆر قۆناخی جۆراوجۆری بڕیوە، بەڵام ئاسۆی مەنزڵگەی وەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین و مافە ئینسانییەکانی هێشتا ناڕوونە. نەتەوەی کورد بێجگە لە نەبوونی لە هاوکێشەی نێودەوڵەتیدا، بە هۆکاری سەرکوتکرانی بەردەوام لە گۆڕەپانی نەتەوەکانیشدا لاواز و تەنانەت بە کردەوە بێپێگەیە. مافی خاوەنایەتیی کورد بە سەر خاک و زێدی کوردان لە لایەن دەوڵەت و نەتەوە سەردەستەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا بوونی نیە و سیاسەت و رێبازی ئەوان بنکۆڵکردنی رەگ و ریشەی مێژووی کوردانە.

داپڵۆسینی بەردەوام، نەبوونی هێمنایەتیی راستەقینە بۆ کوردان و سیاسەتی لە پاشراگرتنی نەتەوە ژێردەستەکان رێکارەکانی بەردەم گەشەکردنی هەمەلایەنەی کۆمەڵگای کوردەواری بەرتەسک کردوە. ئەو بارودۆخەیە، کە هاندەری رۆڵەکانیەتی و زنجیرە بزووتنەوەیەکی دژ بە سەرەڕۆیی بەرهەم هێناوە. لە مێژووی گەلانی ژێردەست و یەک لەوان گەلی کورددا زۆر جار کەسانێک هەڵدەکەون، کە ژیان و تەمەنی خۆیان بۆ ئامانجی رزگاری و دابینکردنی ماف و ئازادییەکان تەرخان دەکەن. د. قاسملوو لە ریزی پێشەوەی ئەو مرۆڤانەدایە، کە بە شێواز و رێگای تایبەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەوڵی دا لە سەر بنچینەی ناسینی رابردوو، ئاشنایەتی لە گەڵ مێژوو و کولتووری گەلانی دیکە توانا و وزەی خۆی بۆ ئەستاندنی مافی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بخاتە گەڕ.

**قاسملوو لە دایکبوو و گەورەبووی سەردەمەکانی وەک ئاشتیی سارد، شەڕی جیهانی و شەڕی سارد**

بنەماڵە، مەڵبەندی ژیان، کۆمەڵگا و سەردەم لە بارهێنان و دروستکردنی مرۆڤەکان‌دا رۆڵی کاریگەر دەگێرن قاسملوو لە سەردەمێکدا لە دایک بوو،کە کوردستان و جیهان و بەتایبەت دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەو کات لەباروددۆخێکی تایبەت‌دا بوون. زیاتر لە یەک دەیە بوو، کە شەڕی یەکەمی جیهانی کۆتایی هاتبوو. کوردستان لە نێوان چوار وڵاتی ئێران، تورکیە، سووریە و عێراق‌دا دابەش کرابوو. لە سەر پاشماوەی شەڕی یەکەمی جیهانی خەریک بوو ریزبەندی‌یەکی دیکەی نێودەوڵەتی پێک‌دەهات، کە جیهانی بەرەو شەڕێکی گەورەی دیکە راپێچ دەکرد. لە کوردستان بزووتنەوە و سەرهەڵدانە رزگاری‌خوازەکان تووشی شکان هاتبوون. لە کۆبەندی دابەش‌کردنەوەی نەخشەی سیاسی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا، کوردەکان بە دۆڕاوی یەکەم پێناسە دەکران.

لە دایک‌بوون، پێ‌هەڵگرتن و گەورەبوون لە جەرگەی ئاڵۆزی‌یەکانی پێش و پاش شەڕی جیهانیی دووهەم، لەگەڵ هەموو دژواری و کەندو کۆسپەکانی رۆژگاردا مەیدانی بیرو هزری مرۆڤە خاوەن‌بەهرەکانیان کراوەتر و بەرفراوانتر کرد. کرانەوەی هەرچەندە کەمی دەلاقەی جیهان بەڕووی ناوچە و کوردستان‌دا، کەش و بەستێنی لە دایک‌بوونی ژمارەیەک رێکخراو و حیزبی خوڵقاند. کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و دواتر حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشی رۆژهەڵاتی کوردستان لەو ناوەند و رێکخراوانە بوون، کە بوون بە قوتابخانە و مەکۆی بیری نیشتمان‌پەروەری و ماف‌خوازی. دامەزرانی کۆماری کوردستان و دەرچوونی رۆژنامە، گۆڤار و کتێب بە زمانی کوردی بیرۆکەی خەبات بۆ رزگاری و ئەستاندنی ماف و ئازادی‌یەکانی نەتەوەی کوردی کردە بیرۆکەیەکی خاوەن‌هێما. لاوازبوونی دەسەڵاتی شا و بوونی هێزی دەرەکی لە بەشێک لە رووبەری خاکی ئێران‌دا گۆڕەپانی خۆدەرخستن و تێکۆشانی ئیدئۆلۆژی و نەتەوەیی ئاسانتر کردبوو.

د. قاسملوو لەو کەش و بارودۆخەدا تێکەڵ بە ژیانی سیاسی دەبێ. بۆ ئەو ژیان لە ژێر سێبەری ئاشتیی سارد، شەڕی گەورەی جیهانی و شەڕی ساردا هەڵگری وانە و لێکدانەوەی شاراوە و پڕمانا بوو، کە بۆ هەمیشە چارەنووسی‌یان گۆڕی. ناوبراو

ئازارەکانی شەڕی جیهانی، بێمافیی گەلەکەی و کێبەرکێی نێودەوڵەتان و تێکەڵبوون بە یەکێتیی لاوانی سەر بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەکاتە سەرەتای ئاشنابوون لە گەڵ سیاسەت. چوونی خوێندکارانی کورد لە سەردەمی کۆماری کوردستان بۆ دەرەوەی کوردستان و بە تایبەت بۆ کۆمارەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤییەت دەلاقەی کراوە بوو، بۆ بەشێک لە نەوەی نوێ و لاوەکان. گەورەبوون لەکەش و لە جەرگەی رووداوە دژوارەکاندا، دیتنی قاتی و قڕیی سەردەمی شەڕ، ئاشنابوون لە گەڵ سەرکەوتن و شکانی بزووتنەوەی کورد و بە تایبەت رووخانی کۆماری کوردستان،لەو پاڵنەرە بەهێزانەن، کە پاڵیان بە قاسملوو و رێژەیەکی دیکە لە لاوانی کوردەوە نا رێگای خەبات دژ بە بارودۆخی مەوجوود هەڵبژێرن.

ئەگەر پاشخانی بنەماڵەیی قاسملوو و بزووتنەوەی کورد پاش هەڵگیرسانی شەڕی دووهەمی جیهانی بکەینە بەستێنی تێروانینمان، تێکەڵبوونی قاسملوو لە گەڵ یەکێتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستان دەتوانین بە ئەڵقەی یەکەمی ژیانی سیاسیی ناوبراو پێناسە بکەین. لە جیهانی سیاسەت و کرداردا هەر مرۆڤ و ئەکتەرێکی سیاسیی، لە رەوتی کار و تێکۆشاندا هەڵە و بڕیاری نەرێنیی دەبێ. بۆ کەسایەتیی دوکتۆر قاسملووش ئەو ئەسڵە لە جێگای خۆیەتی و رەخنەگرتن لە ناوبراو لە بوارەکانی سیاسی، بەڕێوەبەری، تاکتیک و باوەڕە سیاسیی‌یەکان دەگونجێ. تێڕامانێکی گشتی لە کۆبەندی بیروباوەڕ و رەفتارەکانی ناوبراو بۆ وێنە لە رەفتارە سیاسیی‌یەکان، پێوەندیی‌یە دیپلۆماسیی‌یەکان، سەربەخۆیی بڕیاردان بۆ حیزب، ئەدەبیاتی راگەیاندن و لە بیرنەکردنی کێشەی کورد لە زۆر بوار و گۆڕەپاندا بۆمان روون‌دەبێتەوە، کە ناوبراو چەندە بەکردەوە و لەئاستی ناوچە و جیهاندا رۆڵی کوردستانیی‌یەکی ئەرێنیی دەگێڕا. بۆیە لەو کورتەنووسین و وتارەدا ناگونجێ لە سەر سەرجەم بوار و لایەنەکان هەڵوێستە بکرێ و لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی قاسملوو بۆ خوێنەران بخرێنە ڕوو.

## باوەڕ بە گۆڕان و قەتیس‌نەمان لە بڕگەیەکی تایبەتدا

گۆڕان ئاوێتەی ژیانی مرۆڤە و لە بیرکردنی ئەو ئەسڵە لە سیاسەت و ژیانی سیاسی‌دا بە مانای لە گۆڕنانی سەرکەوتن و سەرەتای نەگونجاوی‌یە. هەر سەردەمە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و هەر مرۆڤەش پەروەردەی رۆژگاری خۆیەتی. ناکرێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باس لەمرۆڤ و مێژووی ڕووداوێک بکەین، بەڵام سەردەم و زەمانی ڕووداوەکە و دۆخی گشتی لەبیر بکەین. گەڕان و گۆڕان لە مێژووی تاک و کۆمەڵە مرۆڤەکاندا بە دوو ئەڵقەی نزیک و هاوتا لە گەڵ یەکتر مانا کراونەوە. قاسملوو لە ژیانی خۆیدا بە تێپەڕکردنی ئەو دوو هەنگاوە و بە خۆماندووکردنی بەردەوام لە سەردەمە لێکجیاوازەکاندا توانی ببێتە کوردێکی ناوبەدەرەوە و ئەهلی هونەری دیپلۆماسی.

باوەڕی بەکردەوە بەچەمکی گۆڕان، لەژێر کاریگەری و ڕکێفی ئیدئۆلۆژی، مۆدێل و قوتابخانە هزری و فکرییەکان کارێکی ئاسان نیە. باوەڕ بەگۆڕان تەنیا بەمانای دەربڕین و ئاماژەکردنی ڕواڵەتی بە ڕەوتی گۆڕان پێناسە ناکرێ. لێرەدا مەبەست لە باوەڕمەندبوون بە چەمکی گۆڕان و ڕەوتی گۆڕان بە مانای هەوڵ و تەقەللای بەردەوام بۆ داهێنان و پێکهاتنی ئاڵوگۆڕە. ئەوەی پێوەندیی بە ئەڵقەی هزر و باوەڕەکانی د. قاسملوو و کەسایەتیی ناوبراوەوە هەیە، کۆکردنەوەی دوو تایبەتمەندی گرنگە، کە پاراستنی سنوورەکانیان بۆ هەرکەسێک ساکار و ئاسان نیە. تایبەتمەندیی یەکەم، کورد و کوردستانیبوونی هەمیشەیی قاسملوویە، کە لە وتە، دەق، بڕیار و ڕەفتاری بەردەوامدا ڕەنگی داوەتەوە. دووهەمین تایبەتمەندی بریتییە، (هاوکات لە گەڵ پاراستنی بەستێن و پاشخانی تایبەتمەندی یەکەم)، لە باوەڕمەندبوون بە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان و هاوکێشکردنی ئیدیۆلۆژییە نانەتەوەییەکان لە کردار و ڕەفتاری سیاسیدا.

کەسێکی وەک قاسملوو بە پاراستنی هەوێن و کاکڵەی خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەی و گونجاندن و هاوبەندکردنیان لە گەڵ ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و جیهانییەکان نیشانی دا، کە لە جەرگەی ئاڵوگۆڕەکاندا دەژی. هونەری گواستنەوە و دەرچوون لە باوەر و ئیدۆلۆژییەک بۆ ڕەهەندێکی دیکە، لەسەر هێڵی ئاگاداربوون و تێگەیشتن لە ڕووداوەکان و دەرکی دیاردەکان

لە تایبەتمەندییەکانی دوکتۆر قاسملوو بوو. ئەگەر ناوبراو هونەری خوێندنەوەی سەردەم و ڕۆژگاری نەبایە، لەبازنەی ئەندامەتیی حیزبی توودەی ئێران دەردەنەچوو. سەردەمێک کە بزووتنەوەی چەپ و مارکسیزم و دواتر مائۆییزم سنوورە جۆغرافیاییەکانیان دەبزاند و لە بەشێک لە وڵاتانی جیهاندا دەسەڵاتی سیاسی و ئیدارییان گرتە دەست، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و گەلانی ئەو ناوچەیە بە حوکمی سەردەم لە ژێر تەوژم و کاریگەریی ئەو بزووتنەوەیەدا بوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەجەرگەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا لە ئێران حیزبی توودە، کە بیروباوەڕێکی مارکسیستیی هەبوو دامەزرا. ئەو ڕێکخراوەیە لە ماوەیەکی کەمدا توانی خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە و ببێتە هێزی ئەکتیو و سەرتاسەریی وڵات. پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و هەڵوەدابوونی بەشێک لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان، جۆرێک بۆشایی لە کەش و بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبینرا. لەو سەروبەندەدا بوو، کە د. قاسملوو لە تاران تێکەڵ بە حیزبی توودە دەبێ و لەریزی ڕێکخراوی لاوان و دواتر حیزبدا کار و تێکۆشانی درێژە پێدەدا. هەرچەندە مرۆڤ ئاگاداری ئامانج و مەبەستی تاکەکان نیە بۆ تێکەڵبوونیان بە سیاسەت و ڕێکخراوە سیاسییەکان، بەڵام بە خوێندنەوەی دەق و تێکستەکانی سەردەمی ئەوکات دەردەکەوێ، کە مارکسیزم و چەپیەتی بە تەواوی مانا لە ناخ و دەروونی خەڵکێکی زۆردا ڕەگ و ریشەی داکوتابوو. بۆ کەسێکی وەک قاسملوو خەباتکردن دژ بە ڕێژیمی پاشایەتی ئەگەر ئامانج بووبێ، ئەوە حیزبی توودە و ئەندامەتی لەو حیزبەدا دەکرێ بە ئامرازێک پێناسە بکرێ. ناوبراو لە ئاکامی دەرچوون لە ئێران و گریسانەوە لە ئورووپا و خۆپێگەیاندندا، بیر و هزری گۆڕانی هەزم کردبوو. هەر بۆیە بە دەرچوون لە ڕێکخستنەکانی توودە، ڕەخنەگرتن لەسیاسەت و ڕێبازی دەوڵەتە کۆمۆنیستەکان و سۆسیالیزمی مەوجوود بەهرەمەندبوونی خۆی لە هونەری خۆگونجاندن و پێداچوونەوە بە ڕابردوودا نیشاندا.

ئۆگری بە ڕەوتی چەپ و بیرکردنەوە لە ئامانجی دواڕۆژ، کە خۆی لە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکەی سۆسیالیستی ئاوێتە کراو لە گەڵ دیموکڕاسیدا دەبینیەوە، قاسملووی لە چەمکی ئازادیی گەلان و مافی چارەیخۆنووسین دوور نەخستەوە. بۆ سەلماندنی ئەو ڕوانگەیە چاوخشاندنێکی کورت بەسەر نامەی دوکتۆرای قاسملوو «کوردستان و کورد» وەڵامدەرە. بە باوەڕی من گەڕانەوە بۆ سەردەمی شەڕی سارد و ئەو کاتانەی ناوبراو لە پڕاگ خەریکی خوێندن بوو، دەتوانێ ئاستی ڕەخنەگربوونی ناوبراو بەرامبەر بە باوەڕە ئیدۆلۆژیکییەکان و سوودوەرگرتن لە ڕوانگە باوەکانی ئەو کات لە پێناوی دەستنیشانکردنی کێشەی کورد و ڕێگای چارەسەرکردنیان دەربخات. بۆ ناوبراو شۆڕبوونەوە بۆ ناخی سۆسیالیزم و کۆمەڵگایەکی بەدوور لە چەوسانەوە، بە مانای لە بیرکردنی کێشە زۆرو زەوەندەکانی دیکەی کۆمەڵگا نەبوو.

ئەو جیهانی بیری دەکردەوە و کوردستانی ڕەفتاری دەکرد، کە ئەو هونەرە لە کەم کەسایەتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت نەتەوە ژێردەستەکاندا هەبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە روانگەی زۆربەی سەرۆکی حیزب و ڕێکخراوە کوردیی‌یەکان و کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکان، ڕێکاری کارکردن بە جۆرێکی دیکە بووە و هەیە. بەشێک لەوان کوردستانی بیریان کردۆتەوە و ویستوویانە ناوچەیی و جیهانی بجووڵێنەوە، یان لە بنەڕەتڕا بیرکردنەوە و رەفتاریان لە سەر بنچینەی ناوچەیەکی داخراو بووە. دەستەیەکی دیکە لەو کەسانە ویستوویانە ئیدۆلۆژی‌یانە و بەرفراوان بیر بکەنەوە و رەفتار بکەن، کە لەئاکامدا ناتەبایی و ناڕێکی لە هەناوی ستراتیژی و تاکتیک و ئامانجەکانیان‌دا سەری هەڵداوە.

پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی قۆناخە فکری‌یەکانی مرۆڤ ئاوێنەی باڵانوێنی سروشتی باوەڕبەگۆڕانی مرۆڤە. قاسملوو لە سەردەمی گەرموگوڕی ئیدۆلۆژی‌یەکان و شەڕی ساردی نێوان بلووکی سۆسیالیستی و سەرمایەداری‌دا هەڵگری بیرۆکەی پێداچوونەوە بە سۆسیالیزمی دەوڵەتی و هێنانەگۆری سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک بوو. ناوبراو بە کردەوە و لە تاریف‌کردنی سیاسەت‌دا هەوێنی ئاڵوگۆڕ و گرنگیی خۆگونجاندن لە گەڵ بارودۆخەکانی بە شێوازێکی ڕێژەیی هەزم کردبوو. هەڵوێستەکردن لە سەر دەق و نووسینەکانی و گوێ‌گرتن لە پەیام و وتەکانی ناوبراو پێشاندەری هەنگاوهەڵێنان بەرەو گۆڕەپانی ریالیزم و واقعگەرایی‌یە. لە قۆناخی پێش رووخانی حەمەڕەزا شا و سەردەمی کاراکردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌دا، ئەو مرۆڤە وێڕای قاڵبوونەوە لە مەیدانی کاری زانستی، دیپلۆماسی و هتد..دا هەوڵی دا حیزبی دێموکڕات لە گەڵ سەردەم و رەوتی ئاڵوگۆڕەکان هاوئاهەنگ بکا. قەتیس‌نەمانی د. قاسملوو لە بازنەی دوێنێ و رابردوودا، لە باشترین سەرمایەکانی سەرکەوتنی ئەو کەسایەتی‌یە بە ئەژمار دێن. پەڕینەوە لە قۆناخێک و هاوکات هەوڵدان بۆ خۆگونجاندن و ڕێکخستنی ئەگەری خولقانی قۆناخی تازە، لە هونەرە دەگمەنەکانی سیاسەتمەدارە دووربینەکانە.

سەرهەڵدان و گەرمتربوونی خۆپێشاندانەکانی خەڵکی ئێران و نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دژ بە نیزامی پاشایەتی، کە بە لووتکەی ئاڵوگۆڕەکانی ئەو کات حیساب دەکرێن، بۆ کوردێکی وەک سکرتێری حدک بە گۆڕەپانی کار و تێکۆشان دەناسران. سیاسەت و هونەری سیاسی ئەو حیکمەت و خوێندنەوەیە بە مرۆڤ دەدەن، کە ئەگەر لە گەڵ رووداوەکان‌دا هاوڕێ و ڕێبوار بێ، باشتر و کاریگەرتر کەسایەتی و لایەنەکان دەتوانن رووداوەکان پێناسە بکەن و بۆ بەرپەرچدانەوە خۆیان ئامادە بکەن. بەو واتایە، مرۆڤ دەتوانێ لە دەرفەتەکان‌دا نەخشەی بەرژەوەندی‌یەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستتنیشان بکا. ڕێبەری هەر بزووتنەوەیەک لە ڕیزی پێشەوەی کار و تێکۆشان‌دا دەکرێ و دەتوانێ کاریگەر و ڕۆڵگێر بێ. ڕووخانی نیزامی پاشایەتی و کرانەوەی کەش و دۆخی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەری خەباتی ئاشکرای حیزب و ڕێکخراوەکانی خولقاند. لەو سەردەمەدا کە هورووژمی ئاڵوگۆڕەکان قورس و بەرفراوان بوو، کەسایەتیی قاسملوو زیاترو زۆرتر توانی لە گۆڕەپانی سیاسەت‌دا ڕووبەڕووی ئاڵوگۆڕ و دیاردەکان ببێتەوە.

هەڵسوکەوت‌کردن لە گەڵ قۆناخی نە شەڕ و نە ئاشتی لە گەڵ ڕێژیم، سوودوەرگرتن لە یەکەمین هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، خوبرەگان و مەجلیس، بەشداربوون لە زنجیرە وتووێژەکان لە گەڵ ڕێژیم، پاراستنی سەربەخۆیی حیزب لە بڕیاردان‌دا، گرتنی کۆنگرەی حیزب و داڕشتنەوەی قەوارەی ئەو ڕێکخراوەیە لەو خاڵانەن، کە پێشاندەری نەخش و ڕۆڵی دوکتۆر قاسملوون. ناوبراو بە تێگەیشتن لە ڕووداوەکان و سەردەم هەوڵی دەدا خۆی و حیزبەکەی لەناوچەیەکی پڕ لەکێشە و گرفتی وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەگەڵ بارودۆخەکە بگونجێنێ. فەلسەفەی کەڵکوەرگرتن لە بارودۆخی هەنووکەیی، ئاگاداربوون لە ڕابردوو و ڕوانین بۆ داهاتوو لەو خاڵانەن، کە لەبیر و زەینی هەر سیاسەتمەدارێکی خاوەن‌هونەر لە پڕاکتیک و تیۆری‌دا دەوەشێتەوە.

قاسملوو لە ماوەی نزیک بە چل ساڵ تێکۆشان و خەبات لە پێناوی ئامانجەکانی‌دا بە کردەوە سەلماندی، کە دژ بە ڕەوتی ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕەکان ناوەستێ. ئەگەرچی لە قۆناخ و بڕگەکانی ژیانی سیاسی‌دا سەنگەری خەباتکردن و تێکۆشانی گواستەوە، بەڵام نێوەرۆک و هەوێنی خەبات لە پێناوی ئامانج و ڕێبازی نەتەوەکەی‌دا بە نەگۆڕی مایەوە. بۆ ناوبراو لە گەڵ ئەوەی سیاسەت هونەری مومکین بوو، بەڵام چەمکی سیاسەت و ئەخلاق تێکەڵاو و ئاوێتەی یەک بوون. ناوبراو بە ئاگاداربوون لە کەموکووڕی‌یەکانی نیزامی دەسەڵاتداری ناسراو بە کۆمۆنیسم لە یەکێتی سۆڤییەت و بەشێک لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات و خوێندنەوەی ورد و بەرفراوان لە سەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەو ئامانجە گەیشتبوو، کە گەشەکردن و پێشکەوتن لە باوەش و ناخی بیرۆکەی سۆسیالیزم بێ دابین‌بوونی دیموکڕاسی و ئازادی وەدی نایەن.

قاسملوو ئاڵوگۆڕەکانی کۆپی نەدەکرد، بەڵام بە شارەزابوون و ئاگاداربوون لە قوتابخانە فیکری‌یەکان و ڕێڕەوی بزووتنەوەی چەپ و سۆسیالیستی و جیهانی سەرمایەداری هەوڵی دەدا حیزبەکەی لە ڕیزی پێشەوەی ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان‌دا بێ. تیرۆری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتۆر قاسملوو لە لایەن دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، دەرگای پرسیار و وەڵام لە سەر زۆر بابەت و لایەنی پێوەندیدار بە کار و تێکۆشانی سیاسیی ناوبراو بە ئاوەڵایی دەهێڵێتەوە. ئەگەر لە ژیاندا بایە، بۆ زۆر کەس و لایەن روون دەبۆوە، کە ناوبراو لەگەڵ جیهانی پاش شەڕی سارد، کۆماری ئیسلامیی ئێران، باشووری کوردستان، کەش و دۆخی پاش شەڕەکانی کەنداو چۆن هەڵسوکەوتی دەکرد.

## ئاکام و کۆتایی

قاسملوو لە ئاکامی سەرکەوتن بە سەر هەورازو نشێوی زەمانەدا و تێپەڕکردنی کەندوکۆسپی زۆر بەو رۆژە گەیشت، کە رێبەرایەتیی حیزبێک بە دەستەوە بگرێ. ناوبراو لە ئەنجامی کراوەبوون و خوێندنەوەی چەند لایەنەی رووداوەکان بەرەو داهاتوو و رەوتی ئاڵوگۆڕەکان دەچوو، هەر بۆیە لە سەکۆ و مینبەری نێونەتەوەیی‌دا کوردستانی‌یەکی کارامە بوو. ئەگەر لە بازنەی باوەڕ و ئیدۆلۆژی‌یەکی وشکدا قەتیس مابا و لەبڕیاردان و کرداری سیاسی‌دا مرۆڤێکی کورتبین بایە، بێگومان نەی‌دەتوانێ ئەرک و رۆڵی کوردستانی‌یەکی کارامە لە ئاستی دەرەوەدا یاری بکا. ئەگەرچی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی لێکۆڵینەوە و نووسین‌دا بەرێژەیەکی کەم هەوڵ دەدرێ، کە کار و تێکۆشانی ئەو مرۆڤە بخرێتە بەرباس، بەڵام بەگشتی بە بارتەقای ماندووبوون و تەقەللاکانی لە پێناوی رزگاریی نەتەوەکەی‌دا یادی ناکرێتەوە. ناوبراو لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی‌دا تەنیا وەک رۆژهەڵاتی‌یەک هەڵوێستی نەگرتوە و لە گۆڕەپانی لێکۆڵینەوە و باسی جیددی‌دا کوردستانی‌یەک بووە، کە ژان و ئازارەکانی گەلەکەی بە گوێی گەلانی دیکە گەیاندوە. لە بواری هزر و بیرەوە، قاسملوو وەک هەر مرۆڤێکی دیکە سەر بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌یە، بەڵام لە بواری رێکخستن و تەشکیلاتی‌یەوە ئەندامی رێکخراوێکی کوردی بوو.

ژیان و مەرگی قاسملوو لە کۆبەندی گشتی‌دا لە سەر بنچینەی هەنگاو بەرەو ئاڵوگۆڕ و لە پێناوی ئاڵوگۆڕدا هەڵچنراوە. ئاڵوگۆڕە فکری و رامانەکان، هاوکات گۆڕینی بەردەوامی تاکتیک و شێوازی خەبات پێ‌بەپێی بارودۆخی ناوچە و جیهان لە تایبەتمەندی‌یەکانی قاسملوون. مێژووی هەستان و کەوتنی قاسملوو و وەسەرپێ‌خستنەوەی حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان، بە رێبەرایەتیی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوبراو شایەتی دەدەن، کە ناوبراو لە ئانالیزەکردنی رەفتارەکانیدا لە چ ئاستێکدا باوەڕی بە رەوتی ئاڵوگۆڕەکان بوو. وەستان و راوەستاویی فکری و تێکۆشان لە فەرهەنگی هەر سیاسیەکی وردبین و کارامەدا بە زەحمەت جێدەگرێ. بۆ ناوبراو ئەگەرچی شەڕ ڕێگاچارەی کێشەکان نەبوو، بەڵام دەیزانی کە ئاشتی و ئازادی بێ ماندووبوون لە گۆڕەپانی هیچ گەل و نەتەوەیەکدا سەوز نابن. بە سەرنجدان بە باوەڕی ناوبراو لە مەڕ لاگیریکردن لە خەراپترین دیموکڕاسی لە بەرامبەر باشترین دیکتاتۆریدا روون دەبێتەوە، کە چەندە دژ بە داخراوی و چەقبەستوویی بووە. دیموکڕاسی و ئازادی لە گەڵ هەموو کەم و کووڕیەکان بە شاهیدی مێژوو سەرچاوەی ئاڵوگۆڕ و گەشەکردنن.

تێگەیشتن لە کێشەی کوردستان و خوێندنەوەی مێژووی گەلانی دیکە بۆ قاسملوو وانەیەک بوو، کە شەڕ ڕێگای چارە نیە و وتوویژ لە دواقۆناخدا بژاردەی کۆتاییە. هەرچەندە لە دانیشتن لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیدا وردبین نەبوو، بەڵام ئەو وانەیە بۆ مێژووی کوردان گرنگە، کە دەسەلاتی فەرمانڕەوا و نەتەوەی سەردەست لەو وڵاتەدا بەدرێژای مێژوو لەفرتوفێڵ سوودیان وەرگرتوە. هەڵەبوونی تکنیکی وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران،شاراوەبوونی ئەو دانیشتنانە لە خەڵک و بیروڕای گشتی، شاراوەبوونی شوێنی دانیشتن و کەسانی بەشداربوو لە دانووستانەکاندا، لەلایەنە گرنگەکانی ئەو وتوویژەن، کە پێویستە لە بیستەمین ساڵرۆژی یادکردنەوەی ئەو تیرۆرەدا لە بیر نەکرێن.

لە کۆتایی ئەو نووسینەدا جێگای خۆیەتی لەروانگەی جیاوازەوە ئەو باسە هەڵلاجی و ئانالیزە بکرێ. لێکدانەوە و بەدواداچوونی ئەو رووداوە کۆن نابێ و چەمکی ئاشتی و وتوویژ، مافی چارەیخۆنووسین بۆ کوردان، هەڵسوکەوتی ترسەنۆکانەی رێژیم و فرتوفێڵی دەسەڵاتداران، تیرۆریزم و کەسایەتیی قاسملوو وەک خەباتکارێکی کورد لە داهاتوودا زیاتر دەکەونە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لەئاکامدا و بە روانینی رەخنەگرانە لە سیاسەت و رەفتاری سیاسی و باوەڕەکانی قاسملوو، لە یەک رستەدا دەکرێ ناوبراو بە خەباتکارێکی کورد و کوردستانیەکی هەڵگری بیرو هزری نەگۆڕی نەتەوەیی پێناسە بکەین. کەسێک و کوردستانیەک، کە سەرکەوتنی گەل و وەدیهاتنی ئامەنجەکانی نەتەوەیی لە ناخی ئاڵوگۆڕەکان و لە سەر دەستی گەل و نەتەوە دەبینێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەو کتێبانەی د. قاسملوو نووسیوونی، یا دەبارەی ئەودا نووسراون

**عەلی بداغی**

لە دوکتور قاسملوو، بیرمەندی گەورەی کورد دوو کتێبی چاپکراوی «کوردستان و کورد» و «چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی« داو هەروەها نامیلکەی «کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم» بە یادگار بۆ نەتەوەکەی بەجێ ماون. لەدوای شەهیدبوونیشی کۆکراوەی بەرهەمەکانی و کۆمەڵێک کتێب سەبارەت بە رۆڵی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد و رەوشی پەروەندەی تیرۆری ڤییەن و کەسایەتیی دوکتور قاسملوو نووسراون و بە چاپ گەیشتوون. لێرەدا هەوڵ دراوە ئاماژە بە بەشێک لەو بەرهەم و پەرتووکانە بکرێ کە بەرهەمی دوکتور قاسمملوون یا لەسەر کەسایەتی و رۆڵی ئەو لە بزووتنەوەی سیاسی کورددا نووسراون:

## چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازای

«چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی« بەرگی یەکەمی کورتەیەک لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە دوکتور قاسملووی مەزن ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لەسەر پەسەندی دەفتەری سیاسیی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات و بە بۆنەی چلەمین ساڵی دامەزرانی حیزبەوە نووسیویەتی. «چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی« کە تا ئێستا چوار جار لە چاپ دراوەتەوە، لە سێ فەسڵ پێک هاتوە و باس لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان تا کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی لە ئێراندا دەکا. دوکتور قاسملوو بەتەما بوو بەرگی دووهەم و سێهەمی ئەو کتێبەش وەک کورتەیەک لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بنووسێ، بەڵام ئەو کارە بەهۆی هەلومەرجی تایبەتیی خەبات و لەماوەی پێش‌بینی‌کراودا نەکراو لە دوای شەهید بوونیشی ئەم ئەرکە خرایە ئەستۆی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە و ناوبراو لە ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی دا درێژەی کارەکەی دوکتور قاسملووی لە ژێر ناوی «نیو سەدە تێکۆشان» لە دوو بەرگ دا بە ئەنجام گەیاند.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تاڤگەی حەقیقەت

تاڤگەی حەقیقەت کە لەسێ بەرگدا چاپ و بڵاو بۆتەوە، لەراستیدا کۆکراوەی بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملووی مەزنەو کاوە بەهرامی ئەرکی سەرپەرستیکردن و کۆکردنەوە و بەچاپگەیاندنی ئەو بەرهەمانەی لە توێی سێ بەرگدا وەئەستۆ گرتوە. جگە لە کورتە باس و شیکردنەوەی کورتە باس، وانەکانی ئابووریی سیاسی، باسێک لە سەر مودیرییەت، وتووێژە چاپەمەنییەکانی دوکتور قاسملوو لەگەڵ رۆژنامە و گۆڤارە بیانی و نێوخۆییەکانی کوردستان، وتووێژە رادیۆییەکانی دوکتور قاسملوو، پەیامو نامەکانی دوکتور قاسملوو بۆ کەسایەتییە سیاسییەکان، وتارە رادیۆییەکان، وتەکانی شەهید قاسملوو لە کۆبوونەوەکانی حیزبی، بەشێک لە مژارو بابەتەکانی تاڤگەی هەقیقەت لە سێ بەرگی چاپکراویدان.

## ئیسکۆرت بەرە و تاران

کتێبی «ئیسکۆرت بەرەو تاران» نووسینی پیتەر پیلتز، مافناس و سەرۆکی حیزبی کەسکەکانی وڵاتی ئۆتریشە. ئەم کتێبە بە گشتی دیکۆمێنتی تیرۆری ڤییەن و وردەکاریی بەدواداچوونە پۆلیسی و قەزاییەکانی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانیەتی. ئەگەرچی نووسەر بۆ نووسینی ئەو کتێبەو کۆکردنەوەی زانیارییەکانی پێوەندیدار بە رووداوی تیرۆرەکە دەستی ئاوەڵا نەبووەو ئەو دیکۆمێنتە پۆلێنکراوانە لەلایەن دەزگای پۆلیسو بەشی دژی تیرۆری ئۆتریشەوە گوزینشی لە بەردەستی ئەو دانراون، بەڵام پیتیرپیلتز بەزیرەکی و شێلگیری و وردبینیی تایبەتەوە وردترین زانیارییەکانی پێش و پاش تیرۆرکردنی دوکتور قاسملووی کۆکردۆتەوەو بەروونی پەردە لەسەر سنارێوی پووشبەسەرکردنی پەروەندەی تیرۆرەکەو پێشێلکردنی یاسای وڵاتەکەی لادەداو رێککەوتن و سازانی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی ئۆتریش و کۆماری ئیسلامی بەنرخی بەستنی پەروەندەی تیرۆی دوکتور قاسملووله قاو دەدا.

ئەوی بۆ نووسەری ئیسکۆرت بەرەو تاران گرنگ بووە، ئەوەیە کە کردەوەو رەفتاری ناقانوونیو دزێوی سیاسەتڤانان و دەسەڵا تبەدەستانی وڵاتەکەی لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆری سکرتێری حیزبی دێموکرات لە پێناو بەرژەوەندیی ئابووریدا ئاشکرا بکاو لە قاوی بدا. شایانە باسە ئەم کتێبە بە هۆی حەسەن ئەیووبزادە لە زمانی ئەڵمانییەوە کراوە بە کوردی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## قاسملوو لە ڕێبازی دا زیندوە

کتێبی «قاسملوو لە ڕێبازی‌دا زیندوە» لە نووسین و ئامادەکردنی قادر وریایە. نووسەر کتێبەکەی بە ٤ فەسڵ دابەش کردوە. فەسلی یەکەمی کتێبەکە هەڵبژاردەیەک لەو وتارو نووسینانەی نووسەری لە خۆگرتوە کە بەبۆنەی تایبەت‌و لەیادی دوکتور قاسملوودا نووسراون. فەسلی دووهەمی کتێبەکە تایبەتە بەو وتارو وتوویژانەی دوکتور قاسملوویە کە نووسەر وەری‌گێراونە سەر زمانی کوردی. لەفەسلی سێهەم‌دا کۆمەڵێک لە پەیامی هاوسۆزی و هاوخەمیی حیزب و ڕێکخراوو کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکان بڵاو کراوەتەوە کە بەبۆنەی تیرۆری دوکتوری قاسملووی نەمرەوە نووسراون و بۆ حیزبی دێموکرات نێردراون.

فەسلی چوارەم‌و دوایین بەشی کتێبی« قاسملوو لە ڕێبازی‌دا زیندووە« بۆ باسێک لە پێوەندی لەگەڵ پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملووو بەدواداچوونی ئەو پەروەندەیەدا تەرخان کراوە.

## خولیاو مەرگی قاسملووی کورد

«خولیاو مەرگی قاسملووی کورد» بەرهەمی ڕۆژنامەنووسی ڤێنزوئیلایی، کارول پڕوون هووبێر، دۆستی نیزیکی دوکتور قاسملووو گەلی کوردە. ئەو کتێبە هەروەک لە پێشەکی‌یەکەی‌دا هاتوە، بەشێک لە ژیان و خەباتی دوکتور قاسملووو گۆشەیەک لە سەربردەی پڕدەرد و مەینەت و هەوڵ و خەباتی دوکتور قاسملووو نەتەوەی زۆرلێکراوو ڕزگاری‌خوازی کورد دەخاتە بەر چاو. ئەم کتێبە بە دوو زمانی ئیسپانیولی و ئینگلیسی چاپ‌و بڵاو بۆتەوەو لەلایەن» فەتاح کاویان» بە زمانی کوردی تەرجەمە کراوەتەوە. کارول پڕونهووبێر بۆ نووسینی ئەو کتێبە چەندین جار لە نێوخۆو دەرەوەی کوردستان لەگەڵ دوکتور قاسملوو وتوویژی ڕاستەوخۆی کردوەو بۆ هەرچی‌زیاتر دەرخستنی باری کەسێتی و لایەنی تیرۆر و پەروەندەی قەزاییی تیرۆری دوکتور قاسملوو سەردانی زۆر وڵات و کەسایەتیی سیاسیی وەک ئەحمەد بن‌بیللا، سەرۆک کۆماری پێشووی ئەلجەزاییر، بێرنارد کۆشنێر وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرانسە، پیترپیڵتز، سەرۆکی حیزبی سەوزەکانی ئوتریش،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئۆسوالدکپ سیلیر، بەرپرسی پۆلیسی ئوتریش، جەلال تاڵەبانی، سەرکۆماری عێراق و دەیان کەسایەتیی سیاسی، ئەدەبی و حقوقیی دیکەی کردوە. ئەم کتێبە بەگشتی و بەکورتی باس لە مێژووی کورد، رەوتی سیاسیی بزووتنەوەی کورد دوای راپەڕینی گەلانی ئێران (١٩٧٩)، ژیانو کەسایەتیی دوکتور قاسملووو لیکۆڵینەوە لە پەروەندەی تیرۆری ڤییەن دەکا.

## عەبدولرەحمان قاسملوو، ژیان و رۆڵی سیاسیی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورددا

ئەم کتێبە توێژینەوەیەکی مێژوویی‌و سیاسی‌یە کەباس لە ژیان و رۆڵی سیاسیی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی رزگاری‌خوازیی کورد لە ساڵانی ١٩٣٠ تا ١٩٨٩دا دەکاو لە بنەڕەتدا تێزی ماستەر (فەوقی‌لیسانسی) هۆشمەند عەلی مەحموود شیخانی‌یە کە پێشکێش بە بەشی مێژووی کولێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە کراوە.

ئەم توێژینەوەیە لە پێنچ بەشی سەرەکی پێک هاتوە: بەشی یەکەمی ئەو توێژینەوەیە بۆ باسێک لە سەر ژیان و کەسێتیی دوکتور قاسملوو لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی‌دا تەرخان کراوە. لە بەشی دووهەمدا رۆڵی سیاسیی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی رزگاری‌خوازیی کورد لە ماوەی دەسەڵاتداریی رێژیمی پاشایەتی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٥ تا ١٩٧٨دا خراواتە بەر باس و لە بەشی سێهەمدا ئاماژە بە رۆڵی رێبەریی دوکتور قاسملوو لە بەرەوپیش‌بردنی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کورد لە قۆناغەکانی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی تا کاتی تیرۆرکرانی کراوە. بەشی چوارەمی ئەو توێژینەوەیە باس لە هونەری دیپلۆماسیی قاسملووی نەمر لەگەڵ بزووتنەوە و حیزبە سەرتاسەری‌یەکانی ئێران، باشووری کوردستان، باکووری رۆژ ئاوای کوردستان و رۆژهەڵاتی کوردستان دەکا. بەشی کۆتایی ئەم توێژینەوەیە تایبەت بە هونەری دیپلۆماسیی دوکتور قاسملوو لە ناساندنی کێشەی کورد بە جیهانی دەرەوەو بەرۆژەڤکردنی پرسی کوردو دامەزراندنی پێوەندیی کورد لەگەڵ دنیای دەرەوە کراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دوکتور قاسملوو بانگا ئاشتی و ئازادی یە

ئەم کتێبە کۆکراوەی بەشێک لەوتارو نووسینو ژیاننامەی دوکتور قاسملووی مەزنە کە شەهاب خالیدی کۆی کردۆتەوەو بە زاراوەی کرمانجیی سەروو و بە پیتی لاتین بەچاپی گەیاندوە.

چەند بەشێکی ئەم کتێبە بریتییە لە: دوکتور قاسملوو و بزاڤی ئازادیخوازانەی کورد، دوکتور قاسملووو بزاڤی سەرتاسەریی ئێران، رۆڵی دوکتور قاسملوو لەرێبەریی حدک و بەشێک لە وتووێژە چاپەمەنی و رادیۆییەکانی دوکتور قاسملوو.

## دوکتور قاسملوو رێبەرێکی مۆدێردن و شۆرشگێرێکی دێموکرات

کتێبی« دوکتور قاسملوو، رێبەرێکی مۆدێرن و شۆرشگێرێکی دێموکرات» کۆکراوەی کۆمەڵێک لێدوان و بیرورای نووسەران، سیاسەتمەداران و رۆژنامەنووسان سەبارەت بە دوکتور قاسملووە کە لەلایەن کاوە بەهرامیەوە ئامادەی چاپ کراوەو بڵاو کراوەتەوە. ناوونیشانی چەند فەسلێکی ئەو کتێبە بریتین لە: دوکتور قاسملوو لە ئاوێنەی رێکخراوو کەسایەتییە سیاسییەکانەوە، یادی ١٠ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، رۆڵی دوکتورقاسملوو لە سەربەخۆیی سیاسیی حیزبدا، دوکتور قاسملوو پێغەمبەری ئاشتی،و دێموکراسیی راستەقینە لە روانگەی دوکتور قاسملووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕێزگرتن لە دوکتور قاسملوو، ڕێز لە خەباتی نەتەوایەتیمانە

هەیاس کاردۆ

« گەلێک ئازادی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدا» ئەوە قسەی دوکتور قاسملوویە کە هەم ئازادیی دەویست و هەم نرخی گرانیشی بۆ دا.ئەو لە پێناو ئازادیی نەتەوەکەیدا گیانی بەخشی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، بەرانبەر بە ١٣ی جوولای ١٩٨٩ی زایینی(ڕێک ٢٠ ساڵ لەوە پێش) لە شاری ڤییەنی وڵاتی ئۆتریش(نەمسا) جینایەتێکی سامناک رووی دا. جینایەتەکە هەر بۆیە سامناک نەبوو چونکە کۆتایی بە ژیانی سێ کەسایەتیی کورد هێنا، بەڵکوو سامناک بوو چونکە وێڕای ئەوە کە یەکێک لەو سێ شەهیدە کەسایەتییەکی بەرزی مەیدانی خەبات و سیمایەکی ناسراوی جیهانی بوو،لە هەمانکاتدا جینایەتەکە بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە و بەدوور لە هەر پرەنسیپێکی ئەخلاقی بەڕێوە چوو. بکوژانی دوکتور قاسملوو،سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و عەبدوڵڵا قادری، نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات و دوکتور فازیل ڕەسووڵ کوردی دانیشتووی ئۆتریش، لە کاتێکدا دەستیان بۆ چەک برد و خوێنی ئەو ڕۆڵە کوردانەیان ڕشت کە بە ناوی وتووێژ بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ مەسەلەی کورد، لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون. ڕێژیمی ئاخوندی بەو کارەی جارێکی دیکە سەلماندی کە لە دژایەتی دەگەڵ ڕەوتی بزووتنەوەی کوردستاندا هیچ سنوورێک ناناسێ و لە هیچ یاسایەک پێڕەوی ناکا.

بە تیرۆری دوکتۆر قاسملوو، بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد بەگشتی و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەتایبەتی کە قاسملوو ڕێبەرایەتیی دەکرد، تووشی خەسارێکی قورس هاتن. چونکە هەرلەجێدا ناوبراو وەک بیرمەندێکی بە توانا و سیاسەتوانێکی کارامە، بەجۆرێک ڕەوتی خەباتی هیدایەت دەکرد کە دوژمنی لە سەرکەوتن بەسەر بزووتنەوەدا ناهومێد کردبوو. هەرچەند قاتڵانی شەهیدانی ڤییەن بە بێسزا مانەوە و پەلاماردەرانی مافی کورد لە درێژەدان بە پەلامارە تیرۆریستییەکانیان جەسوورتر

بوون، بەڵام خوێنی بەناحەقڕژاوی ئەو شەهیدانە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بۆ درێژەدان بە خەبات سوورتر کرد. لەو کاتەوە تا ئێستا کە ٢٠ ساڵ تێدەپەڕێ، دڵسۆزانی بزووتنەوەی کورد و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بە شێوەی جۆراوجۆر یادی ئەو کارەساتە دەکەنەوە و لەو ڕێگایەشەوە ڕێز لە خەبات و فیداکاریی قاسملووی شەهید دەگرن کە خۆی فیدای ئازادیی کوردستان کرد.

دەکرێ دوکتور قاسملوو لە روانگەی جیاوازەوە هەڵسەنگێندرێ و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و خەبات و بیر و بۆچوونەکانی بێنە بەر باس. ئەوانەی لە نیزیکەوە ناسیویانە بە جۆریک لەسەری دەدوێن، ئەوانەی ئاشنای نووسراوکانی ئەون لایەنێکی دیکەی کەسایەتیی ئەو باس دەکەن، ئەوانەش کە لە رەوتی خەباتدا و لە نوختەی بەرانبەرەوە دەگەڵی رووبەروو بوون بە جۆریکی دیکەی هەڵدەسەنگێنن. تەنانەت لێکۆڵەرەوانی دنیای دەرەوەش، ئەوانە کە وەدوای مەسەلەی کورد دەکەون لە روانگەیەکی دیکەوە باسی دەکەن. هەمووی ئەوانەش نیشانەی رۆڵی گرنگی ئەو زاتە گەورەیە لە سەر رەوتی بزووتنەوەی کوردایەتی و ئازادیخوازین. دوکتۆر قاسملوو سالانێکی زۆر لە مەیدانی خەباتدا حزووری بەرچاوی هەبوو، سەرکردایەتیی حیزبێکی گرنگی کوردستانی دەکرد، بەردەوام دەگەڵ بزووتنەوەی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە پێوەندیدا بوو، لە دنیای دەرەوە هەم ناسرابوو هەم ناسیاویی زۆری هەبوو، تەنانەت لە نێو رووناکبیرانی نەتەوەکانی دەوروبەریشدا وای خۆنیشان دابوو کە نەدەکرا حیسابی بۆ نەکەن. دەگەڵ هەمووی ئەوانەش  شێوەی شەهیدبوونەکەی و ساتوسەودایەک کە لەسەر خوێنی ئەو کرا هەڵدەگرێ زۆر لەوانەی زیاتر لەسەر بنووسرێ و بگوترێ. ئەگەر بۆ خەڵکی ناحیزبی رەوایە کە لە روانگەی خۆیانەوە باس لە سەر ئەو شەهیدە بکەن، بۆ منی حیزبییش ناڕەوا نیە کە لە چاوی خۆمەوە سەیری کارنامەی دوکتوری  ڕێبەر بکەم و لە باوەڕی خۆمەوە هەڵیسەنگێنم. منی ئەندامی حیزب کە دوکتۆر قاسملووم لە نزیکەوە دەناسی و تەنانەت لە قۆناغێکدا شانازیی کەڵکوەرگرتن لە ڕێنوێنیەکانیشیم بەنسیب بوو، وای تێدەگەم کە ئەو دەیەویست حیزب بە بیری نوێ و هەڵوێستی نوێ چەکدار بکا. ئەگەر سەیری نووسراوە و قسەکانی دوکتۆر بکەی بۆت دەردەکەوی کە چەندە لە دەمارگرژی و بەرچاوتەنگی و خۆبەزلزانی بێزار بوو. ئەو لە ماوەی ڕێبەرایەتیکردنی حیزبدا هەوڵی دا قۆناغ بە قۆناغ و پێبەپێ ستانداردە مودێرنەکانی حیزبایەتی لە کوردستان دابەزێنێ. هەرچەند هەلومەرجی ئەو کاتی کوردستان کە کەوتبووە بەر پەلاماری درندانەی دوژمنی داگیرکەر ئەو مەجالەی نەرەخساند کە کاک دوکتور بەو ئامانجەی بگا، بەڵام نیەتی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاکی شەهید سەبارەت بەو مەسەلەیە لە هەموو هەڵسوکەوتیڕا دیار بوو.

دوکتۆر قاسملوو لە چەند قۆناغی ژیانی سیاسیی خۆیدا بە دژی رەسمی باو هەڵوێستی گرت و بەمجۆرە ویستی ئەوراستییە بسەلمێنێ کە هەوڵدان بۆ گۆرینی یاسای کۆنەپەرستانە، ئازایەتیی شۆرشگێرانەی دەوێ. لە راستیدا ئەو مەلەوانێک بوو کە بە پێچەوانەی رەوتی چۆم مەلەی دەکرد و خۆی بە شەپۆلەکان نەدەسپارد. با بەیەکەوە سەیری چەند وێنەیەک بکەین:

* کاتێک لە وڵاتی فەرانسە خوێندکاری زانستگا بوو لە کۆبوونەوەیەکی خوێندکاراندا بە دژی شای ئێران قسەی کرد و لە ئاکامدا خوێندکارەکان نامەیەکی نارەزایەتییان بۆ شا نارد. ئەو کارە بوو بە هۆی فشاری باڵوێزی ئێران لە پاریس و تەنەنەت دەوڵەتی فەرانسە بۆ سەر ناوبراو کە سەرئەنجام ناچار بوو ئەو وڵاتە جێ بهێڵێ.

* ساڵی ١٩٦٨ کاتێک لە پراگی پێتەختی چێکۆسلۆواکی خەریکی وانەگوتنەوە لە زانستگا بوو، بە دژی هێرشی سوپای سۆڤیەتی جاران بۆ سەر حەرەکەتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئەو وڵاتە هەڵوێستی توندی گرت و لە ئاکامدا لەو وڵاتە دەرکرا.

* دوای رووخانی کۆماری کوردستان، حیزبی دێمۆکرات تووشی قەیرانی سەرکردایەتی هات و لە چوارچێوەی دێمۆکراتیکی خۆی ترازا. دوای کۆنگرەی ٣ی حیزب کە دوکتۆر قاسملوو رێبەرایەتیی وەئەستۆ گرت، لە هەوڵێکی تەواو نوێدا و بە هاوکاری دۆستانی نیزیکی، دەستی بە نوێکردنەوەی حیزب کرد. هەوڵی دوکتۆر لەو بوارەدا ئاکامەکەی بوو بەوە کە حیزبێکی دێمۆکراتی وا دروست بێ کە دنیای دەوروبەر قبووڵی بکا و رێزی لێ بگرێ. لەڕاستیدا قاسملووی نەمر بە گیانوەبەرهێنانەوە و نوێکردنەوەی ئەوکاتی حیزب خزمەتێکی گەورەی بە بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان کرد.

* لە هەلومەرجێکدا کە زۆربەی رێبەرانی بزووتنەوە رزگاریخوازییەکانی جیهان و رۆژهەلاتی نێوەراست چاویان لە لوتف و مەرحەمەتی یەکیەتیی سۆڤیەت و هاوپەیمانانی بوو سەرکەوتنی خۆیان لەهاوکاریی ئەواندا دەدیت، دوکتۆر قاسملوو بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڵاوکردنەوەی «کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم» مەشرووعییەتی «سۆسیالیزمی مەوجوود»ی هێنایە ژێر پرسیار و بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد،پێویستیی گۆرانکاری لە بۆچوونی زاڵ بەسەر رووناکبیرانی کوردستانی‌دا روون کردەوە. هەر چەند کاتی خۆی نووسەری کورتەباس لۆمە و تەشەری زۆری بۆ باری، بەڵام تێپەرینی رۆژگار دروستیی بۆچوونەکەی سەلماند کە ئەوەش خزمەتێکی گەورە بوو بە بزووتنەوەی کوردستان.

* دوکتور قاسملوو رەنگە یەکەم سەرکردەی کورد بێ کە بەکردەوە توانیویەتی بزووتنەوەی ئازادی‌خوازانەی کورد بە جووڵانەوە رزگاریخوازی‌یەکانی جیهانەوە گرێ بدا. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە کاناڵەکانی گەیشتن بە ئەنتیرناسیۆناڵ سۆسیالیستی دۆزیەوە و کارێکی کرد حیزبی دێمۆکرات و دواتریش لایەنە سیاسی‌یەکانی دیکەی کوردستان لەو رێکخستنە گرنگە نێونەتەوەیی‌یەدا ببنە ئەندام. ئەگەر ئەمرۆ سیمای رێبەرانی کورد لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنتیرناسیۆنال سۆسیالیست‌دا دەبینرێ،زۆر رەوایە ئەمەگناسیی خۆمان بەرانبەر بەو هەوڵە دڵسۆزانەیەی دوکتوری شەهید نیشان بدەین.

* دوکتۆر قاسملوو چاک هەستی بەو راستی‌یە کردبوو کە بوونی دۆستانی باش و خاوەن‌هەڵوێست بۆ کورد گرنگی‌یەکی تایبەتیی هەیە. هەربۆیە لەو بوارەش‌دا توانای سروشتیی خۆی وەگەڕ خست و لەبواری نێونەتەوەیی‌دا دۆستانێکی وای بۆ گەلی کورد پەیدا کردن کە بەشێکیان ئێستاش خۆیان بە مەسەلەی کوردەوە ماندوو دەکەن. بێ‌جێ نیە لێرەدا ناوی چەند کەسێک لەو کورددۆستانە بێنم کە رەنگە بۆ بەشێک لە بەشداران نەناسراو بن. خانمی دانیال میتران، کە بە دایکی کوردان ناسراوە، ئاغای کریس کۆچیرا کە ماوەیەکی دوورودرێژە لەسەر مەسەلەی کورد بەجوابە و شت دەنووسێ، خانمی جۆیس بلوو کوردناسی بەناوبانگ، ئاغای جاناتان راندل کە ئێستاش بە تەمەنی زۆرەوە خۆی لە نێو کوردستان‌دا دەبینێ، ئاغای دوکتۆر کوشنێر کە بە قسە و کردەوە هەرچی لەدەستی هاتوە بۆ کوردی کردوە، خانمی هێلا ئیشلۆمبورگی ئەلمانی و هەروەها دادە نەسرینی خێزانی خۆی و دەیان کەسایەتیی خاوەن‌هەڵوێستی دیکە.

* دوکتۆر قاسملوو بە قووڵی باوەری  بە چارەسەری هەمەلایەنەی کێشەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کورد هەبوو. ئەو قەت نەیدەشاردەوە کە کوردستان وڵاتێکە و کورد یەک نەتەوەیە. کتێبی کوردستان و کورد کە زیاتر لە ٥٠ سال لەوە پێش بە قەڵەمی ئەو تێکۆشەرە نووسراوە دروستیی ئەو قسەیە دەردەخا. نەکهەر لەو کتێبەدا، بەڵکوو بەکردەوەش باوەڕی خۆی بەو ڕاستییە سەلماند. هەر بۆ وێنە لە ماوەی پێوەندیی سیاسیی خۆیدا وەک سکرتیری حیزبی دێمۆکرات دەگەل حکوومەتی عێراق، قەت مەجالی ئەوەی بە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە نەدا بەدژی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کورد کەڵکی لێوەرگرن.

دەرخستنی ئەو ڕاستییانەی سەرەوە و زۆر ڕاستیی دیکەش کە دەربری کەسایەتیی بەرزی ناو براون، هیچ بەو مانایە نیە دوکتۆر قاسملوو لە ئاوی شەو بە پاکتر بزانین و بەدوور لە هەر هەڵە و کەموکوڕییەکی وەسف بکەین. زۆر سروشتی یە کە ئەویش وەک هەر مرۆڤێکی دیکە تووشی هەڵە و کەموکوڕی بوو بێ و لە حیساباتی سیاسیی خۆیدا دروستی عەمەل نەکردبێ و لە ئاکامدا هەوڵەکانی ئاکامی پێچەوانەیان لێکەوتبێتەوە. دوکتۆر قاسملوو خۆی دژی دروستکردنی بوت بوو، هەر بۆیە هیچ پێویستیی بەوە نیە کە وەک بوت چاوی لێ بکەین. زۆر بەجێیە لێکۆڵەرەوانی کورد بەوردی ژیان و کار و کردەوەکانی قاسملووی شەهید هەڵسەنگێنن و بە ئینسافەوە لێکی بدەنەوە. ئێمە ئەگەر نەزانین خاڵە بە هێز و لاوازەکانی ڕێبەرانی شەهیدمان چین، ناتوانین بە باشی قەزاوەتیان لە سەر بکەین و لە ئاکامدا بە دەمارگرژییەوە باسیان دەکەین. ئینسانە مەزنەکان پێویستییان بە پێهەڵلاگوتن نیە و ئەوانەی عەودالی ئەوەن لە نیوەرۆکدا کەمییان هەیە. دوکتۆر قاسملوو زۆر لەوە گەورەترە لە ڕەخنە بترسێ.

### پێم خۆشە باسەکەم بەوە کۆتایی بێنم کە:

**یەکەم:** دوکتۆرقاسملوو بە شەهیدی ڕێگای ئازادیی کوردستان بزانین و سوننەتی ڕێزگرتن لە شەهیدانیش فێری منداڵەکانمان بکەین.

**دووهەم:** ڕەچاوکردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا کە داهێنەرەکەی لە کوردستان شەهید قاسملوویە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەکردەوە بەڕێوە بەرین. ئەو ڕەچاوکردنە بێگومان پرستیژی سیاسەتی کوردی دەباتە سەرێ.

**سێهەم**: زانایی دوکتۆر قاسملوو کە تایبەت بە بوارێک و دوو بوار نیە، وەک هاندەری خۆپێگەیاندنی نەوەی نوێ بگێرینەوە. کوردستان پێویستیی بە ئینسانی زانا هەیە بۆ ئەوەی ڕێگاکانی زووترگەیشتن بە ئازادی بدۆزنەوە.

**چوارەم**: دوکتور قاسملوو بە موڵکی تایبەتیی کەس نەزانین و خۆمانی پێوە رانەنێین. لەسەر حیسابی خوێنی ئەو خەبات نەکەین و هەوڵ بدەین لە ئامۆژگاریی‌یەکانی کەلک وەرگرین. کردەی هەر کەس دەربڕی نرخی ئەو کەسەیە.

پێنجەم: قاتڵی دوکتۆر قاسملوو کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە، وەک دوژمنی ماف و ئازادیی‌یەکانی خەلکی کوردستان سەیر بکەین و هەوڵ بدەین لە خەبات دژی ئەو دوژمنە و باقی داگیرکەرانی کوردستان خافڵ نەبین.

ڕێگای خەبات درێژ و پڕکارەساتە. بۆ ئەوەی ئەو ڕێگا سەختە بە چاکی ببڕین پێویستیمان بە یەکگرتوویی هەیە. دەبا یەکگرتوو بین بۆ ئەوەی رووحی شەهید قاسملوو و هەموو شەهیدانی کوردستان لێمان رازی بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شەهید دوکتۆر قاسملوو لە ئاوینەی مێژوودا

د. ڕۆژان خالید

نووسینی ئەم وتارە کورتە بۆ ڕێزگرتن لە نیو سەدە ژیانی پر لە سەروەری و خەبات و تێکۆشانی، سیاستمدار، نیشتمانپەروەرو رووشنبیری کورد، خۆشەویستی کومەڵانی خەڵکی کوردستان سکرتیری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران شەهیدی نەمر کاک دوکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملوویە.

کەس نییە لە دونیای سیاسەتی کوردی شارەزایی هەبێت و ناوی دوکتۆر قاسملووی نەبیستبێت، بەرهەم و نۆسراوەکانی نەخۆێندبێتەوە، هەر چەند بەرهەمەکانی تەنیا لە چوارچیوەی سیاستمەداران و رووشنبیران نێو بانگیان دەرنەکردوو، بەلکو بەگشتی لە نێو دڵی هەموو خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی لە نێو دلی هەر کوردێکی دلسۆز و نێشتمانپەروەر جێی خۆی کردۆتەوە و ئەوانی بەرەو خەبات و تێکوشان لە پێناو رزگاری گەل و نێشتمان هانداوە، ڕێبازەکەی بۆتە هەوێنی ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان بە گشتی و پیشمەرگەی سەنگەرو شورش بە تایبەتی.زۆرن ئەو کەسانەی لە مێژوودا ناویان بۆ هەمیشە لە ناو خەڵکی کوردستان بە سەربەرزی دەمێنێتەوە و نەوە و وەچەکانی داهاتووی ولاتەکەمان و بگرە هەموو جیهانیان بە چاوێکی ڕێزەوە سەیریان دەکەن و وەک مرۆڤەیەکی نەتەوەیی لە بەرچاویان دەگرن، تەنانەت زۆربەی لاپەرەکانی مێژوو باسی ئازایەتی و رووناکبیریان دەکات، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ئەم کەسانە رۆڵی سەرەکیان بینیوە لە زۆربەی رووداوە گرینکەکانی کومەلگای کوردەواری و شۆین پەنجەیان بەسەر رووداوەکاندا دیارە. یەکێک لەو کەسانەی کەوا لە مێژووی جولانەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی، دیپلوماسی و رووناکبیریدا رۆڵی بینیوە، بە تایبەتی لە رۆژهەلاتی کوردستان شەهید د. قاسملوویە.

ناوی بەرێز شەهید د.قاسملوو بە گشتی بۆ خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی بۆ رێبوارانی ریگای ئازادی و کوردایەتی ناویکی ناسراوە و من خۆم زۆر لەوە بە بچوکتر دەزانم کە ئەو ناودارە مەزنە و تیکوشەرە بە خەڵک بناسینم، ئەرکی لێکۆلینەوە و توێژینەوەم لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەر ژیان و تێکوشانی نەگرتوتە ئەستو، تەنیا بە ئەرکی سەر شانی خۆم دەزانم بۆ ڕێز گرتن و پێزانین و ئەمەگ دۆستی لە هەستی دوستایەتی و ژیانی چەند سال هاوخەباتی لە ریزی حیزبی دێمۆکرات کوردستاندا یاد وبیرەوەری ئەو بەرێزە لە بیر نەکەین.

من ناتوانم لەم وتارە کورتە دا بە سەرهات و ژیان و بیرەوەری شەهید د. قاسملوو بنووسم لە بەر ئەوە ئەمە کاری من نییە و کاتیکی زۆریشی گەرەکە. هەرچەند لە مەر ناساندنی د.قاسملوو زۆر وتار و کتێب نووسراون، بەڵام هەرچەند لە سەری بنووسریَ کەمە. مرۆف بە راستی بۆ ناسین و ناساندنی  ئەو گە ورە پیاوە، ئەو کەسایەتییە بیَ وێنەیە تووشی دژوارەتی دەبێتەوە و وشەی شیاوی لیَدەبری و قەلەمەکەی لە بڕست دەکەوی. چوونە ئەم کارە چەندین لێکۆلینەوەی زانستی و سیاسی هەڵدەگری، ئەو هەولانەی ئیمەمانان دەیدەین مەشقی عیشقی خۆمانە بەرامبەر بە کاک دوکتۆر دەنا نوسراوەی لە گوین ئەو نوسراوەیەی من رووی ئەو کۆرانەیان نیە کە باسی دوکتۆریان تیدا دیتە گۆری. هەرکەس بۆ ساتیکیش لە گەلی تێکەلاوی هەبووبێت و یا لە نیزیکەوە شارەزایەتی هەبووبێت هەرگیز قەسە خۆشەکانی، پەندە بە کەڵکەکانی، رێنۆینە باشەکانی، بزەی هەمێشە سەرلێوانی، رووخۆشی و مێوانداریتی وی لە بیرناکات.

نووسین لە سەرشەهید د. قاسملوو سەخت وهاسانە. سەختە چوونکە بالای بە قەت بالای کوردستانە و سامی بە قەت  تەواوی دەریاکانی ئەو جیهانە گەورەیە و مرۆڤ هەر چەند خامە رەنگینیش بێت لەوە دەترسی نەکا حەقی خوی نەدابیتی. هاسانە چوونکە ژیانی سەرکردەی شەهید چیروکی تراژیکی ژیانی نەتەوەیەکە، کە لە چارەنووسی رەشی خۆی یاغی بووە.سەدەی پێشوو سەدەی ئارمانە پڕ خە رج ومەزنەکان بوو. سەدەی شورشە خۆیناوی و بنەرەتیکان بوو. سەدەی ریبەرە بەلیمەت و لیهاتوو و نەتەوایەتیکان بوو. سەدەی قارە مانانی گورەپانی سیاست بوو. دوو شەری جیهانی و دەیان شەری نیو دەولەتی و نیوخۆیی لەو سەدە دا روویان دا. ئەو رووداو و تایبەتمەندیان سەدەی بیستەمیان کردوتە سیاسی‌ترین سەدەی مێژووی مرۆڤایەتی. قەیرانی سیاسیەکان کەڵە پیاوەی وایان قووت کردەوە، کە مێژوو قەت نا توانی لە بیریان بکا. ناوچەی رۆژهەلاتی نێوە راست بە هۆی هەلومەرجی ژئیوپولیتیکی تایبەتیەوە یەکێک لە قەیرانی‌ترین ناوچەکانی جیهان بووە. گەلی کورد بە درێژایی ئەو سەدەیە دە نێو سەران دا بووە و پرسەکەی قەیرانیەکانی ناوچەی قوولتر کردووە. ریبەرانی سیاسی نەتەوەی کورد شان بە شانی رێبەرانی جیهان هەلکشاون.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مرۆڤ دەتوانی لە و ناوچەیە لە گۆڕەپانی خەبات سیاسی و چەکداری لە پێناوی ئازادی و ئاشتی و ئاوەدانی و دیموکراسی و سەربەخۆیی گەلانی چەوساوە، زۆر کەسایەتی بەرچاو و بە نێو بانگ دەست نیشان بکات کە بونەتە جێگای شانازی ئەو گەلانە، بۆ وێنە لە هیندوستان ئیندیرا گاندی، لە میسر جەمال عەبدولناسر، لە ئیران دوکتۆر محەممەد مووسەدیق، لە ناو کوردانیش دا کەسایەتی هەلکەوتووی وەک شێخ سعید پیران، شێخ مەحموود، مستەفا بارزانی، قازی محەممەد و دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو دەبێندرێن.

بەڵام لە نێو رێبەرانی ریخەری خەباتی خویناوی لە پێناو ئازادی گەل و نێشتمانی کورد دا شەهید دوکتۆر قاسملووو پلە و پایەیەکی‌تری هەیە، بۆیە زور بەجێی کورد و مێژووی سیاسی و کۆمەلایەتیکەی و رێبوارانی رێگای ئازادی و دیموکراسی و سەربەخۆیی وگەلە مەێنەت بەشەکەی شانازیان پێوە دەکەن و وەک قارەمانیکی ناکام قەتیان لە دل دەرناچی.

مێژووی سیاسی وکۆمەلایەتی ناوچەی پر کێشە و هالوزی رۆژ هە لاتی نێوە راست بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی گەلێک روو داو وکارە ساتی دلتە زێنی گە ورەی بە خۆیە وە دیوە. بێ شک یەکێک لەو کارەساتە کە مێژووی سیاسی و کۆمەلایەتی وڵاتی کوردەواری قەتی لە بێر ناکا تێرور و شەهید کردنی سەرکردەی مەزن سکریتری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئیران دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوویە.

دوکتۆر قاسملوو هەر لە سەرەتایی ژیانی مندالیەوە تیکەلاوی و هاوبەشی بزوتنەوەی نیشتمانی، خەباتی سیاسی و رێکخراوەیی و شورش و چالاکی خەلکی کوردستان بوو، ئەو مرۆڤیکی شۆرشگیر و نێشتمان پەروەر و ولات پارێز بوو، کوردایەتی کرد بۆ رێبازی ژیانی سیاسی خوی و لە پێناو دابین کردنی مافە نەتەوایەتی و مەدەنیەکانی گەلەکەی گیانی کردە قوربانی. بە داخەوە دەزگای راگەیاندی حیزب و هاورێیانی دوکتور قاسملوو لە سەر کار و تیکۆشانی سیاسی و کەسایەتی وی هیچ کاریکی زانستیان نەکردووە، بە راستی لە روانگای هاورێیانی قاسملوو رۆڵ و دەور و جیگای دوکتۆر دەجولانەوەی رزگارێخوازی نەتەوەی کورد دا چی بوو؟ بۆچی تا ئێستا لیکۆلینەوەیەکی بنەرەتی، زانستی و کۆمەڵایەتیان لەم بارەیەوە نەخستوتە روو؟

بە داخەوە دەزگای راگەیاندی حیزب و هاورێیانی دوکتور قاسملوو لە سەرکار و تیکۆشانی سیاسی و کەسایەتی وی هیچ کاریکی زانستیان نەکردووە، بە راستی لە روانگای هاورێیانی قاسملوو رۆڵ و دەور و جیگای دوکتۆر دەجولانەوەی رزگارێخوازی نەتەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کورد دا چی بوو؟ بۆچی تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی بنەڕەتی، زانستی و کۆمەڵایەتیان لەم بارەیەوە نەخستوتە ڕوو؟ بە داخەوە، خوێندکارانی کوردی زانستگاکان چ لە نێو خوێ کوردستان و چ لە دەرەوەی کوردستانیش هیچ کارێکی زانستی و لێکۆڵینەوەی ئاکادمیکی ڕێک وپێکیان نەکردوە. ئەلبەت لەم چەند ساڵانەی دواییدا لایانی لاوازیش هەن کە بایخیان بە ژیانی کەساییەتی و حیزبی دوکتۆر داوە بەڵام ئەوانیش دەکرێ وەک شتێکی شەخسی چاوی لێبکری و تەنیا وەسفی قاسملوویە و لە چوارچێویکی تەسکدا ئەنجام دراون. بەڵام مرۆڤی تینووی زانست بەوەندە داناکەوی و رووحی پاراو نابێ. ئیستا پێویستە کەسایەتی وی توێژینەوەی لە سەربکرێ، لە کار و هەلویستە سیاسیەکانی، لە کەم وکوڕێ وهەلەکانی بە شیوەی ئاکادمیک بکۆلینەوە. دیارە ئەو کارە هەر لە ئەستوی ئەندامانی حیزب نیە. ئەرکی سەرشانی هەمو خوێندکاریکی کوردە چ لە نێو ولات وچ ئەو کەسانەی لە دەرەوەی وڵات خەرێکی خوێندنی زانستی و ئاکادمیکین، چوونکە ئەو ڕێبەرە ئی هەموو نەتەوەی کوردە. بە بۆچۆنی من ئەو کەم کاریە وێرای ئەوەی زەرەرو زیانیکی قورسی گەیاندوتە پرۆسەی شۆرشگیری سیاسی و نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان و حیزبە پیشرەوەکەی، بگرە کاریکی واشی کردو کە زۆر کەس لە ناسین و ڕۆلی دوکتۆر قاسملوو دا دووچاری سەرلێشیواویێ بن.

بەراورد کردنی شەهید قاسملوو لە گەڵ ڕێبەرانی دیکەی کورد، نە کاریەکی دروستە و نە هاسان. ئەگەر هەر ڕێبەرێک لە زەمان و مەکانی خوێ دا هەلنەسەنگێنێن و لە خۆرا بە ڕێبەرانی دیکەی کورد لە پارچە و زەمانەکانی تری کوردستان و مێژووی خەباتەکەی بگرین تووشی هەلەیەکی گەورە دبین، هەم حەقی دوکتور زایە دەبێ و هەم حەقی ئەوان ڕێبەرانە، کە بەویان دەگرین. سەرەرای ئەو تێبینانە دوکتوری شەهید زۆر بەهاسانی دەتوانین لە ڕێبەرانی دیکەی کورد هەڵاوێرین. ئەو تایبەتمەندیانەی کە دەوێدا کۆ ببوونەوە رووحیاتیکی وایان پێبەخشی بوو کە لە کەسایەتی هیچ کام لە ڕێبەرانی کورد دا نە بێنراوە.

سەردەمی هەموو شۆرشەکان و سەرکردەکانی کورد هەلومەرجی تایبەت بە خۆی هەبوو، بە باوەری من هەر سەرکردەیەک لەکات و ساتی خۆیدا خەبات و تێکوشانی هەبو و زور جوانیش بە کار و باری سیاسی و نەتەوایەتی شارەزای هەبوو، و لیهاتوش بوو، بەڵام دوکتۆر قاسملوو لە نێو ڕێبەرانی کورد دا جێگایەکی تایبەتی هەیە و وەک سەرکردەیەکی بێ هاوتای مێژووی سیاسی و نەتەوایەتی و سیاستمدار و ئاکادمیک زۆر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تایبەتمەندیی تێدا بەدی دەکرا کە وەک ئەستیرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی کوردەواری دەدروشیتەوە.

شەهید دوکتۆر قاسملوو کوردێکی سادق وسەرکردەیەکی رووناکبیر، زانا، و سیاستمداریکی داهێنەرو کارامە بوو. نەتەوەکەی خۆی و توانا و ماف و بەرژەوەندیکانی لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی دا زۆر ژێرانە هەلدەسەنگاند و دەناسی، ئەو لە زانستگا بە نێو بانگەکانی ئورووپا خوێندنی ئاکادمیکی تەواو کردبوو ووانەی دەگوتەوە هەروەها بە چەند زبانی زیندووی دونیا قەسەی دەکرد، توانی بووی گەلێک دوستی بەکەلک بۆ نەتەوەکەی لە ئاستی جیهانی دا پەیدا بکا، بە باشی بە هەل ومەرجی سیاسی سەردەمی خۆی چ لەباری ناوچەی و جیهانیەوە شارەزای هەبوو، ئەو وەک ماموستای زانستە کۆمەلایەتێکان بوو، شارەزایی زۆریی لە سەر هەمو بابەتەکانی پەیوندیدار بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی ودیموکراسی هەبو. دوکتور قاسملوو وەک مامۆستایەکی زانستی کۆمەڵایەتی رولێکی گرینک و فراوانی لە نێو جولانەوەی کوردستان دا لە ئەستودا بوو، زانستی وی لە ژیانی سیاسی و حیزبی دا چ لەرووی عەقلیەوە و چ لە رووی مەعنەویەوە کارێگەرێتی باشی لە هەمو بارێکەوە هەبو. پێویستە لانیکەم دان بەوە دا بنێم، کە دوکتور فەیلەسوفێک بوو، خو ئەگەیش ئاوا نەبوبێت، ئەوا لانی کەم باشترین و داناترین مرۆڤی سەردەمی خۆی بوو، پێم وایە مافی کەس نیە بەخۆی بلێت من لەوێ باشتر بوومە. ئەوینی دوکتور قاسملوو بەرانبەر کورد و کوردستان بێ ئاندازە وبێ سنوور بوو، کەس بەر لەو نەیتوانی بە رادەی ئەو تینی کوردایەتی لە نیو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بگەشینێتەوە و ئەو ئاگرە بگەینێتە ناو خەڵکی دەرەوەی کوردستان، هەستی دەیان وسەدان مرۆڤی پاک وبەشەر دوستی ئەورووپایی، سیاستمدار و کەسایەتی خاوەن پرێستیژ و روژنامە نووسە بە نێوبانگەکانی ئەم وڵاتانە بە لای کێشەی گەلی کورد رابکێشێ. ئەو لە کوردستانی ئیران کوردایەتی لە گێژەلووکە و شەپۆلی نەیاران چەپ و راست پاراستبوو، بۆ دەستەبەر کردنی ماڤی نەتەوایەتی و مەدەنیەکانی خەڵکی کوردستان ریبازیکی هەڵبژارد بوو کە دیموکراسی بۆ مروڤ لە نان و ئاو بە پێویستتر دەزانی، دەیفەرموو: هیچ شتێک لە جیهاندا لە دیموکراسی بە نەرختر نییە: پێویست بە بەڵگە نییە، هەرمرۆڤێکی بە ئینساف لە نێۆ بزووتنەوەی کورد دا بە باشی دەزانی هیچ ریبەریەک بە رادەی دوکتۆر قاسملوو لە سەر جێگیر کردنیی پرنسیپەکانی دیموکراسی شێلگیرو کارێگەر نەبوو. لە خۆرا نەبوو نازناوەی :مامۆستای دیموکراسی: یان پێداوە. بەگشتی دەکری بڵێن دوکتۆر قاسملوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مودێرنترین ڕێبازی لە کوردایە تێدا گرتبو بەر، ئەو شیاوترین ڕێبەری کوردی سەردەمی خۆی بوو کە دیتوانی دەگەڵ هەمو لایەنەکانی کێشەی کورد مەنتقیترین موعامەلەی سیاسی ئەنجام بدا.

مرۆڤ دەتوانێ دوکتۆر قاسملوو وەک باوکی کوردایەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بناسینێ، و ڕۆلی وی لە ساغ کردنەوەی بیری کوردایەتی و دوزینەوەی ڕێگای چارەسەر کردنی ئەو پروبلیمە گەورەیە بە ڕوونی دەست نیشان بکات. هەر وەک پێشتر ئاماژە کرا بۆ ناساندنی کەسایەتی وەک دوکتۆر قاسملوو پێویستی بەکاری زانستی و هەمە لایانە هەیە و دەبی لە زانستگاکانی سیاسی و کومەڵایەتییەکان بە شیوازەیکی ئاکادمیک بەرێوە بچێت. ئەگینا لە وانەیە بە نووسینی سەرسەرەکی ڕووخساری قاسملوو خەوشدار کەین. بێدەنگی و موبالەغە کردن لە پێوەندی دەگەڵ کەسایەتی ویدا هەر دووک هەڵە و تاوانیکی گەورەن. کە وا بوو دەبی خۆ هەڵگەین بۆ ناسینی و ناساندنی کەسایەتی ڕاستەقینەی ئەو سەرکردە سەر بڵینده.

خوینەری بەرێز ئەوشتانەی لە سەر دوکتۆر قاسملوو گوتران هیچیان موبالەغە نێن چوونکە بە پێی مەزەندەی ڕێکخراوی زانستی و فەرهەنگی نەتەوە یکگرتووەکان ( یونسکو) مرۆڤ سیاسی و کومەڵایەتی و فە رهەنگی بە کەسێک دەلێن کە:

١- بە یەکێک لە زبانەکانی زیندوی دونیا شارەزایی هە بت، بتوانێ بنووسێ و قەسەی پێ بکات.

٢- لە ژیانی خۆی دا لانی کەم کتیبێکی نووسیبت.

٣- خوێندنی ئاکادمیکی هەبت.

بیگومان ئەو سێ تایبەتمەندییە لە دوکتۆر قاسملوو دا هەبوون. بۆ ئەوەی تایبەتمەندییکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دوکتۆر قاسملوو باشتر بناسین ئەوەندە بەسە چاو بە سەردێری کارنامەی ئەو شەهیدە لە نێو جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران دا بخشێنین.

١- پاش کۆتایی شەری دوومی جیهانی و سەردەمی شەری سارد و پێکهاتنی دونیای دوو جەمسەری و زاڵ بوونی بیرو باوەری چەپ لە ناوچەکە بە گشتی و بە تایبەتی لە کوردستان کە سەر بە نیزامی سوسیالیستی ئەو سەردم بوو دوکتۆر قاسملوو لەم بەرەیە جودا بووە و خۆی هاویشتە سنگەری خەباتی کوردایەتی، خەباتێکی سەربەخۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و خۆ نەبەستنەوە بە سیاسەتی یەکیەتی سوفییەت و شکاندنی تابوی ئوردووگای سوسیالیستی و رەواندنی سێبەری سەرداری حیزبی توودە و سەلمانی ئەو راستیە کە لە جیهانی دوو جەمسەریش دا ئەوەی لە هەموو شتێک گرینگترە بەرژەوەندی نەتەوەی کوردە، نەک خۆ گنخاندن وە دەستە و دەستە بازی جیهانی و نێو خویەکان دا.

٢- روون کردنەوەی نرخ و سەنگی خەباتی نەتەوایەتی و نواندنی روانگەی مەنتقی بەرامبەر گرینکی پێدان بە پرسیی نەتەوایەتی و ریگای چارە سەر کردنی بە شێوازی دیموکراتیانە و دور کەوتنەوە لە خەباتی چینایەتی و دیکتاتوری پرولتاریایی و بەرگری کردن لە بە فێرو چوونی وزە و توانای تێکوشەران لە بە ستێنی کێشە چێنایەتی‌یەکان دا.

٣- سەرکەوتوو بوون لە پێناسە کردنی زانستیانەی پرسی کورد و روونکردنەوەی لایانەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری و فەرهەنگی خەڵکی کوردستان دە کتێبی «کوردستان و کورد»دا.

٤- هەوڵدان بۆ گەرانەوەی بیری نەتەوەیەتی سەربەخۆ لە نێو رووناکبیران و شۆرشگیرانی کورد، و هەوڵدان بۆ زێندوو کردنەوەی کوردایەتی و دارشتنی پلان و پێرە و پرۆگرام بو ساغ کردنەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئیران.

٥- سیاستی پشتگیری کردنی بێ ئەم لاو ئەولا لە خەباتی رزگاریخوازی خەڵکی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و لە هەمان کاتێشدا خۆ پاراستن لە دەست تێوەردان لە کار و باری سیاسی هیزەکانی ئەو هەریمانە دا.

٦- ساز دانی پرۆسەیەکی جیهانی بۆ ناساندن و بەرزکردنەوەی کەسایەتی نەتەوەی کورد و دەستنیشان کردنی گیر و گرفتەکانی لە ریگا و کانالی دیپلوماسیی کار ساز و گونجاوە.

٧- بۆ پێناسە کردنی دوست و دوژمنی کورد ئەو دروشمە جوانە کردبوو بناخەی سیاسەتی هەلاواردنی دوست و دوژمن کە دەیگوت هەر کەس «دوژمنمان نەبێت دوستمانە« هەر ئەو سیاسەتە بوو ئەوی کردە یەکەم کورد و ئێرانی کاندیدای وەرگرتنی خەلاتی نۆبیل.

٨- پرکتێزە کردنی ئەخلاق لە نێو دونیای سیاسەتدا، ئەو یەکەم کەس بوو لە ناوچەدا ئەخلاق واریدی سیاسەت کرد و ئەو ئەخلاقی سیاسی لە بەرانبەر رەقیب و موخالیفەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێرەو دەکرد. دەیفەرموو: جنێو فروشی و سوکایەتی لە نێو سیاست دا جێی نابێتەوە:.

**خوێنەری هێژا:** دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو کە ٥٩ سال لە تەمەنی پر لە شانازی تێپەر کردبوو، لە رۆژی ٢٢ پووشپەری ساڵی ١٣٦٨ هەتاوی واتا ١٣ ژووئیەی ١٩٨٩ زائینی دا لە شاری وییەن پایتەختی ئوتریش لە گەڵ دوو هاوریی بەناوەکانی کاک عەبدولای قادری ئازەر ئەندامی کومیتەی ناوەندی حدکا و دوکتۆر فازل رەسول کەسایەتی کوردی دانیشتووی ئوروپا بە دەستی دوژمنانی دڵ رەقی کورد تیروریستە کانی حکوومەتی کۆماری رەشی ئیسلامی ئێران لە کاتی چاوپێکەوتن و وتوویژ بۆ بە روالَت چارەسەری کێشەی کورد لە ئیران دا، بە دەستی تیروریستان شەهید کران.

دوژمن پێی وا بوو بە تیرۆری دوکتۆر قاسملوو، ئامانج و بیرو باوەری کوردایەتێش دەکوژێ، نەتەوەی قاسملوو و حیزبەکەی دەکوژێ، بەڵام دوژمنانی کورد زۆر بە هەڵە چوون، ئیستا بە شانازیەوە سەدان و هەزاران کورد لە ریزی حیزبی دێمۆکرات لە پێناو وە دیهاتنی ئامانجی قاسملوو و گشت شەهیدانی کوردستان خەبات دەکەن و سوورن لە سەر درێژە پێدانی رێبازی نەمری کوردایەتی هەتا گەیشتنی یەکجاری بە مافی رەوای کوردایەتی.

راستە بە شەهید بوونی دوکتۆر قاسملوو نەتەوەکەمان لە هەموو پارچەکانی کوردستان زاناترین، داهینەرترین، ئازاترین، پێشکەوتوترین خەباتکاری بیری نەتەوایەتی و کوردایەتی لە دەست دا، بەڵام کورد و کوردایەتی هەرگێز نامرێ و هەر زێندوویە.

بەڵێ زۆر قارەمانی وا لە خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمان دا هەبوون وهەن کە بە شەرەفەوە مردوون و دەژین مێژووش قەت لە بیریان ناکات.

لە کوتایی دا بە وەبێر هێنانەوەی وەتەیەکی بە نرخی هێژا بیر نارد کوشنیر وەزیری کاروباری مرۆڤایەتیی فەرانسە کە بە چاوی گریان و پڕ لە فرمێسکەوە گوتی: «لە سەرجەمی جیهانی سییەم دا کەسم وەک تو بە دڵ نەبوو»، کوتایی بەم وتارە دەهێنم.

هەر بەرزو پیرۆز بێت یادی ئەو نەمرە

سەرچاوە: ماڵپەری پێشمەرگەکان - رێکەوتی: ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بابەتی ساڵی: ٢٠١٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی کاریزماتیك

**کەیهان یووسفی**

بە لەدایکبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەباتی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لەم بەشەی کوردستان وەرچەرخانێکی بنەڕەتی بەخۆوە بینی و پێی نایە قۆناغێکی جیاوازو نوێیەوە. لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات بە ڕێبەرایەتیی پێشەواو دامەزراندنی کۆماری کوردستان ـ ساڵی ١٣٢٤ هەتاوی ـ تووی ڕەوتێکی لۆژیکیو عەقلانی لە خەباتی نەتەوەیی و دێموکراتیکی خەڵکی کوردستاندا بنەچەیی کرد.

ئەگەرچی پێشەوای نەمر بە چاندنی ئەم تووە، بنەماکانی خەباتی دامەزراند، بەڵام ڕێبەرێکی شازو توانا، وەکوو د.قاسملوو ئەرکی پەرەپێدان و گشتگیرترکردنی ئەو بیرو بۆچوونەی پێشەوا وەئەستۆ دەگرێ و بەرینایی خەبات لە ئاستی کوردستاندا پەرەدەبەخشێ و مەسەلەی کورد لە کێشەیەکی ناوچەیی یەوە دەکاتە کێشەیەکی نێونەتەوەیی.

گەورەیی و کەرامەتی کەسایەتیی د.قاسملوو ئەوەندە دیارو بەرچاوە کە دوای ٢١ ساڵ تێپەڕبوون لە تیرۆر کردنی ئەو بلیمەتە، شوێندانەری ئەندیشە و کردەوەکانی لەسەر ڕەوتی خەبات لە کوردستانی ئێران و پارچەکانی دیکەی کوردستان و تەنانەت لە ئاستی گشتی و سەرانسەری ئێرانیشدا دیارو لە بەرچاوە.لەم بابەتە دا دەمانهەوێ لە بواری زانستی کارگێڕییەوە ئاوڕێک لە کەسایەتی د.قاسملوو بدەینەوە. ئاوڕێک لە کەسایەتی ئەو بلیمەتە تاکوو بزانین ئایا سکرتێری شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، جیا لە ڕۆڵی سکرتێری (کارگێڕی)، کردەوەو کەسایەتییەکەی توانیویەتی ببێتە خاوەنی تایبەتمەندییەکانی «ڕێبەر»و دوایی «ڕێبەرێکی کاریزما»؟

سەرەتا بۆ شیکردنەوەی باسەکەمان پێناسەیەک لە چەمکەکانی «کارگێڕی»، «ڕێبەری»و «جیاوازی نێوانیان»و هەروەها شرۆڤەی چەمکی کاریزما و «ڕێبەری کاریزما» بە شێوەیەکی کورت دەکەین و لێکدانەوەی کەسایەتی د.قاسملوو لەگەڵ ئەو باسانەدا دەکەین و پێکەوە گرێی دەدەین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پێناسەی کارگێڕی:** کارگێڕی ڕەوتی پلاندانان، ڕێکخستن، ڕێنمایی و چاودێری لەسەر ئەرکی گشت ئەندامان و هەروەها بەکارهێنانی سەرچاوەکانی بەردەست بۆ گەیشتن بە مەبەستە دیاریکراوەکانە، بە واتایەکی دیکە کارگێڕی واتا هونەری ئەنجامدانی ئەرکەکان بە کەسانی دیکە.

**پێناسەی ڕێبەری:** ڕێبەری ڕەوتی کارتێکەری لەسەر ئەوانی دیکەو هاندانیان بۆ هاریکاری لەگەڵ یەکتر لە پێناو وەدیهاتنی ئامانجە هاوبەشەکانە. ڕێبەری لە بنەمادا بە کارتێکەری لەسەر ئەوانی دیکە پێناسە دەکەن، بەو مانایە کە پێڕەوان بە شێوەیەکی دڵخوازانە نەک لە ڕووی ناچارییەوە لە ڕێبەر پێڕەوی دەکەن.

لێرەدا دەمانهەوێ بزانین د.قاسملوو، کارگێڕێکی باش بوو یان ڕێبەرێکی بەتوانا. شایانی باسە کە ڕێبەر دەتوانێت کارگێڕی باش بێت و هەروەها کارگێڕیش دەتوانێت ڕێبەری بکات، بەڵام پرسیارێک کە لێرەدا دێتە ئاراوە ئەمەیە کە جیاوازی نێوانیان لە چیدایە؟ هێندێک لەو جیاوازییانە کە ڕێبەر لە ئاستێکی بەرزتر لە کارگێڕدا بۆمان پێناسە دەکات لێرەدا باسی دەکەین:کارتێکەری کارگێڕ لەسەر ژێردەستان بەهۆی دەسەڵاتێکی فەرمییەوە کە پۆستی ڕێکخراوەیی پێی داوە، بەڵام ڕێبەر دەتوانێت لەسەر کردەوەی کەسانی دیکەو ژێردەستان شوێندانەر بێت، تەنانەت لە دەرەوەی ڕێکخراویش، بێ ئەوەی ئەو کارتێکەرییەی لە دەسەڵاتی فەرمییەوە سەرچاوەی گرتبێت. هەرچەند حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێشەنگ و خۆشەویستی خەڵکی کوردستانە، بەڵام کارتێکەری و شوێندانەری د.قاسملوو نەک لە چوارچێوەی حیزب و کوردستانی ئێران، تەنانەت لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان و ئۆرووپاش ڕاستییەکی بەرچاوە.

کارگێڕ ئیدارە دەکات، لەحاڵێکدا ڕێبەر داهێنەرە، کاگێڕ کاروبارەکان دەپارێزێ، لە حاڵێکدا ڕێبەر پەرەی پێدەدات، ئەمەش هەروەک لەسەرەتاوە ئاماژەیەکی کورتمان کرد ڕوونە، دوکتور قاسملوو بەردەوام خاوەن ئەندیشە و میتۆدی نوێ لە هەلومەرجە دژوارەکاندا بووو هەروەها بازنەی خەباتی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرینترو بەربڵاوتر دەکردەوەو لە بواری چۆنایەتییەوە ئاستەکەی دەبردە سەرێ.

کارگێڕ چاوەدێری دەکات، لەحاڵێکدا ڕێبەر متمانە دەبەخشێت، کارگێر دۆخی هەنووکەیی قەبووڵ دەکات، بەڵام ڕێبەر دۆخی لە ئارادا، بەرەو دۆخی دیکەی مەبەست دەگۆڕێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سالآنی ڕێبەری و بوونی د.قاسملوو لە حیزبدا سەلمێنەری بوونی ئەو تایبەتمەندییانە لە کەسایەتیی ئەودایە، ورەبەرزی پێشمەرگەو کادر هەمیشە بە وتەیەکی ئەو نەمرە ئاستی دەگۆڕاو هەروەها هەم حیزب و هەمیش د.قاسملوو، دۆخی سەپاو و نالەباری ئەوکات و تەنانەت ئێستاشی لەگەڵ بێت بە دۆخێک دەزانی کە دەبێت بگۆڕدرێت. نموونەی هەرەبەرچاوەکانی ئەم ڕاستییەش کە مێژوو تۆماری کردوون بریتین لە: بایکوتی ڕێفڕاندۆمی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، مەحکوومکردنی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران، هەروەها هاتنە دەرەوە لە شووڕای میللی بەرگریو بەرخۆدان لە بەرانبەر خواستە دژە مرۆییەکانی ڕێژیمی ئێران و...

شرۆڤەی ئەو چەند خاڵەی سەرەوە لەمەڕ ئەوە بوو کە بزانین د.قاسملوو جیا لەوەی کە سکرتێری حیزب بوو، ڕێبەرێکی نەتەوەیی و لێهاتووش بوو، هەروەها بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەو ڕاستییە کە ئێمەی کورد بۆ مسۆگەرکردنی خواست و داخوازییەکانمان پێویستیمان بە ڕێبەرانێکی لەو چەشنە هەیە کە خەباتی دوورودرێژی ئێمە بە ئەنجام بگەیەن، هەروەک یەکێک لە بیردارێژەرانی بواری کارگێڕی بە ناوی «بێنیس» دەڵێت «بۆ مانەوە لە سەدەی بیست ویەکەمدا پێویستیمان بە بەرەیەکی نوێ لە ڕێبەران هەیە.»

بەڵام لە نێو ڕێبەرانیشدا، هەموویان وەک یەک نین، جیا لە پێناسەی ڕێبەری ڕەش و سپی، کە مەبەستی ئێمە لێرەدا ڕێبەری سپی (واتا ڕێبەرێک کە بۆ خزمەت بە مرۆڤایەتی تێدەکۆشێ)یە کە ئاستی هەرەبەرزی ئەم ڕێبەرییەش «ڕێبەری کاریزماتیکە« کە ئێمە لێرەدا لەسەر ئەو بڕوادایین کە د.قاسملوو خاوەنی تایبەتمەندیگەلی ڕێبەرییەکی کاریزماتیک بووە، بۆیە لێرەدا بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، شرۆڤەی ئەم چەمکە و پەلوپۆکانی دەکەین و بە کەسایەتیی د.قاسملووەوە گرێی دەدەین.

کاریزما و ڕێبەری کاریزماتیک لەو دەستەواژانەیە کە بە بیرمەندی ئاڵمانی ماکس وێبرەوە ناسراوە. کاریزما لە وشەدا بە مانای «بەشان و شکۆ»، «بەشکۆ» یان «زاناو بە ئاوەز» یان بە وتەیەکی دیکە بە مانای «ڕاکێشەری بێ وێنەیە«. کاریزماتیک وشەیەکی یۆنانییەو بە واتای «بەخشش»و «کەرەمە«.

چەمکی کاریزماتیک، بەتایبەتمەندیی کەسێک دەوترێ کە خۆی لە خۆدا یان بە بڕوای کەسانی دیکە خاوەنی هێزو توانای ڕێبەرییەکی شازو بێ وێنەیە، ماکس وێبر کاریزما وەها پێناسە دەکات : «تایبەتمەندی تایبەتی لە کەسایەتی دیاردەیەک».

بەڵام ڕێبەریی کاریزماتیک بە چەشنێک لە ڕێبەری دەوترێ کە خاوەنی هێزو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

توانایی خورپەبەخشین بە ژێردەستان بێت و ئەمەش لە حاڵێکدایە کە تواناییەکان لە هێزی کەسایەتی و بەڵێندەری تاکەوە سەرچاوەی گرتبێت. لەم چەشنە ڕێبەرییەدا بە بێکەڵکوەرگرتن لە خەڵاتی ماڵی و بەکارهێنانی زۆر پێوەندی دروست دەبێت.

هۆکارگەلی جۆراوجۆر بۆ سەرهەڵدانی ڕێبەری کاریزماتیک بوونی هەیە کە یەکێک لەوانە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو مێژوویییە. ماکس وێبر ڕێبەری کاریزماتیک بە دیاردەیەک دەزانێت کە زۆرتر لە هەلومەرج و بارودۆخی تایبەتدا سەرهەڵ دەدات، کە هەم هەلومەرجی تایبەت و مێژوویی گەلی کورد و ڕەوتی بەرخۆدان، خەبات و تێکۆشانی ئەم گەلە، بەستێن بۆ سەرهەڵدانی ڕێبەرێکی کاریزماتیک وەکوو د.قاسملوو دەرەخسێنێ. بەڵام ئەو پێوەندییانەی نێوان ڕێبەرێکی کاریزماتیک و پەیڕەوانی کامانەن کە دەبنە هۆی شکڵ گرتنی ڕێبەری کاریزماتیک. لیندهولم (١٩٨٨) پێوەندی ڕێبەری وەکوو وەداوکەوتنی عەشق دەزانێت.

بەڵام هێندێک جار پێوەندییەکان جۆرێک پێوەندییە کە بە پێوەندی هێمایی (سەمبۆلێک) دەناسرێت. پێوەندی هێمایی لەسەر بنەمای ماناکان، پەیامەکان و بایەخ و بەها ماناتەوەرەکان گەشە دەکەن کە لە ڕێبەر ئەو چاوەڕوانییە دەکرێت بیخاتە بەرباس یان جەختی لەسەر بکاتەوە، کە ئەوەش دەتوانێت مێژوویییەکی هاوبەش بێت یان هۆکاری کۆمەڵایەتی هەبێت. لێرەشدا جیا لەوەی د.قاسملوو بەبوونی زانیاری و توانایی و پسپۆڕی لە بوارە جیاجیاکاندا، بەجۆرێک قورساییەکی گەورەی هەبوو، بەڵام ئەوەیکە بەپێی ئەم پێناسەیە، دەتوانرێت تایبەتمەندیی ڕێبەرێکی کاریزماتیک بخرێتە پاڵ کەسایەتی ئەو شەهیدە، بوونی ئەو ماناو بەهاو بایەخانە بوو کە قاسملوو هێنایەوە بەرباس و جەختی لەسەری کردەوەو ئەوەیش مافی گەلێکی ژێردەست و زوڵملێکراو بوو، بەردەوام دووپاتی دەکردەوە کە «ئەرکی ئێمە درێژەدانی شۆڕش لە کوردستانە تا گەیشتن بە ئامانجەکان». یان ئەوەیکە لەمەڕ شەڕی داسەپاوی ئەوکات لەسەر گەلەکەمان دەڵێت: «شەڕی ئێمە، شەڕێکی ڕەوایە، خەبات بۆ ئازادی گەلێکی چەوساوەیە». لەڕاستیدا ڕێبەران ئامرازی دەروونی بردنە سەرەوەی بایەخی پەیڕەوانی خۆیانن. کە ئەوەش بەجۆرێک دەرخەری ئەو ڕاستییەی کەسایەتیی د.قاسملوو، کە چ لە ناوخۆو چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا پێگەی ئەندامێکی حیزبی دەگۆڕێ و بەهای زۆرتری پێدەبەخشێت.

میسنتر (١٩٨١) ڕوانگەیەکی جوان لەم بارەوە دەخاتە بەرباس و دەڵێت: ڕێبەر چیرۆکێک باس دەکات و کاتێک خەڵک خۆیان بە ڕێبەرەوە پێوەند دەدەن، لەڕاستیدا خۆیان بەو چیرۆکەوە پێوەند دەدەن کە گشتیان بە چەشنێکی هاوبەش خۆیان لەوێ وێنا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکەن. ئەم چیرۆکەش، چیرۆکی بەشخوراویو مافخوازی نەتەوەی کوردە کە قاسملوو دەبێتە چیرۆکبێژو گەلیش هەست بە پێوەندییەکی قووڵ لە نێوان خۆیان و ڕێبەری دەکەن.

لە ڕاستیدا کاریزمابوون ئاوەڵناوێکی تاکەکەسییە کە بەرهەمی پێگەو پۆستی تاک لە ڕێکخراودا نیە، بەڵکوو تایبەتمەندییەکی تایبەتە کە لە کردەوەکانی ڕێبەردا دەردەکەوێت و شکڵ دەگرێت. لە کۆتاییدا هێندێک تایبەتمەندیی ڕێبەری کاریزما هەیە کە بەرهەمی لێکۆڵینەوەکانی دوو بیرمەندی بواری کارگێڕییە (کانگرو کانکۆ)، کە لێرەدا تەنیا بەهێنانی دوو خاڵ کۆتایی بە باسەکەمان دێنین.

ڕێبەران کاتێک کاریزمان کە ئاسۆی بیری ئەوان دژایەتی زۆری لەگەڵ دۆخی هەنووکەییدا هەبێت، بەڵام لە هەمان حاڵدا، ئازادی ڕادەربڕین بە پەیڕەوانی دەدات. تەنیا بۆ نموونە باس لەو کاتو ساتانە دەکەین کە مارکسیزم ـ لێنینیزم نەک باڵی بەسەر ڕێکخراوە کوردییەکان بەڵکوو باڵی بەسەر ڕێکخراوە ئێرانیەکانیشدا کێشابوو، بەڵام د.قاسملوو لەو سەهۆڵبەندانی ئەندیشەدا، باس لە ئامانجێک دەکات بۆ دوارۆژی گەلەکەمان کە ئەویش »سۆسیالیزمی دێموکراتیکە«، کە دوای چەند ساڵ تێپەڕبوون لە خستنەبەرباسی پەسەند دەکرێت.

ڕێبەرانی کاریزماتیک ڕەنگە ریسکێکی تاکەکەسی زۆر قەبووڵ بکەن و هەزینەیەکی زۆری بۆیان هەبێت و هەروەها ئەو ڕێبەرە لەخۆبردوویی بکات تاکوو ئامانجە هاوبەشەکان مسۆگەر بێت.

لێگەڕان لە ژیان و زانستگاو خێزان و... هەموو ئەوانە لە لایەک تەنانەت دانیشتن لەسەر مێزی بەناو وتووێژو گیان بەختکردن لە پێناوی ئامانجی گەلدا، تایبەتمەندیی هەرەبەرزی کەسایەتی ئەو ڕێبەرە مەزنە بوو.

لە کۆتاییدا دەبێت ئەمەش بڵێین کە باڵادەستی کاریزمایی د.قاسملوو نەک لەو چەشنی باڵادەستییەکی نەریتی، ئایدیۆلۆژیکی یان ئایینی، بەڵکوو باڵادەستییەکی عەقڵانی بوو کە ئەوەش گرێدراوە بە باڵادەستی هزرییەوە کە درێژەدانی خەبات و بەردەوامبوونی حیزبو گەل، باس لەوە دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەری هەڵۆی کوردستان – ڕێکەوت؛ ساڵی ٢٠١٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملو.. کەڵە پیاوی مێژوو

**هیوا ناسیح**

پێم وایە (ڕەسول هەمزەتۆڤ)ە کە دەڵێت ((هەر گەلێک بە سەرکردەکانیدا بناسە.))، سەرکردە واتە کەشتییەوانی چارەنوسی ئەو گەلە، واتە دروستکەر و بنیادنەری مێژووی، ئەندازیاری ڕەنگرێژی تانوپۆی داهاتووی، شارەزا و (ڕێناس)ی تۆنێلە تاریک و ئاڵۆزەکانی سیاسەت و تاکە شۆڕەسواری هات و نەهاتی. ئەگەر بۆ گەلانی سەربەخۆی جیهان سەرکردە ئەو واتایانە بگەیەنێت، ئەوا بۆ گەلێکی بێبەش کراو و دابەش و داگیرکراو و هەمیشە سەرکوتکراوی وەک کورد زیاد لە مانا و مەغزایەک هەڵدەگرێت و ڕەهەندێکی زیاتری هەیە.

من بەش بە حاڵی خۆم، لە ژیانمدا بۆ مەرگەساتی کەم کەس گریاوم، بەڵام کارەساتێک لەوانەی زۆر هەژاندمی و لە دڵەوە گریاندمی مەرگی ناوادە و شەهیدکردنی حیزفرسەتانە و ناجوامێرانە و نامەردانەی د.قاسملو بوو. ئاخر من سەرەڕای ئەوەی لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا کتێبی (کوردستان و کورد) ەکەی ئەم گەورەپیاوەم خوێندبووەوە، کە باشترین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و زانستی بوو لە سەر کورد، بەردەوامیش لە ڕێگەی ڕادیۆی حزبی دیموکراتەوە ئاشنای بیروبۆچون و کەسایەتی قاسملوی نەمر بووم، ئەویش لە ڕێگەی ئەو وتارانەی کە دەینوسین و ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵیدا ساز دەکران.

قاسملو یەکێک لە دیارترین و هەڵکەوتوترین ڕابەر و سەرکردەی کورد بوو، ئەم مەزنە مرۆڤە لە هۆڵەکانی زانکۆدا مامۆستایەکی بەویقار و فەیلەسوفێکی شارەزای زانستی ئابوری، لە نێو کەژ و کێوەکاندا پارتیزان و سەرکردەیەکی مەیدانیی خاکی و پێشمەرگەیەکی وریای بەرەی شەڕ و پێکدادان، لە میانی کۆبونەوە و کۆنفراسەکاندا دیپلۆماتێکی شارەزا و کارامە و ڕامیار و ڕۆشەنبیر و دووربین و هۆشمەند، لە هۆڵەکانی شانۆ و کۆنسێرتی موسیکی هەندەراندا شانۆیار و هونەردۆست و گوێگرێکی بەسەرنج و سەلیقەی سیمفۆنیاکانی باخ و بتهۆڤن و مۆزارت. لە گفتوگۆی نێو حزبە کوردستانییەکاندا غەمخۆر و ڕابەرێکی بە مشور و لێوەشاوە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کۆڕ و کۆبونەوەی حزبی و جەماوەریدا، وتاردەرێکی ڕەوانێژ و باڵا ئاست و کارامە، لە کاری سیاسیدا فرەزمانزان و بیریار و بەئاکار و دیموکراتخواز و بیرتیژ، لە گفتوگۆی دۆستانە و هاوڕێیانەدا کۆمەڵایەتی و قسەخۆش و پڕبابەت، لە نووسیندا ڕەواننووس باڵادەست و بیرمەند، لە چالاکی شۆڕشگێرانەدا قاڵبوی خەبات و تێکۆشان، لە کوردایەتیدا کوردستانییەکی پێشکەوتوخواز، لە ئەدەبدا خوێنەرێکی شارەزا و ئەدەبدۆست، بوو. کورت و کرمانج ئەم مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو بەڵکو شێرکۆ بێکەس گوتەنی (گوڵەشەستپەڕەی بەهرە) بوو.

ئەم وەسف و ستایشانەی سەرەوە هی نوسەری ئەم وتارە نییە، بەڵکو هی کەسانی وەک هێمن و هەژار و عەبدوڵای حەسەن زادە و د. کەمال مەزهەر و د. عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ و د. مارف خەزنەدار و ڕۆژنامەنوسی بەناوبانگی ئێران عەلیڕەزا نوریزادە و کریس کۆچێرای نوسەری گەورەی بیانی و د. بێرنارد کوشنەری وەزیری پێشوی کاروباری مرۆڤایەتی فەرەنسا یە، بە جۆرێک ئەمەی دواییان نازناوی (پێغەمبەری ئاشتی) بە قاسملو دابوو.

کاک ڕەحمان (وەک هاوسەنگەرانی خۆی پێیان دەگوت) تا ئەو سەردەمەی خۆی ناسراوترین ڕابەر و سەرکردەی کورد بوو لە جیهاندا، ژمارەیەکی یەکجار زۆر کەسانی دیپلۆمات و سیاسەتمەدار و نوسەر و ڕوناکبیر و ڕۆژنامەنوسانی لە سەرتاسەری جیهاندا دەناسی و پەیوەندی دۆستایەتیی و هاوڕێیەتی گەرمی لەگەڵیاندا هەبوو. هەر بە هەوڵ کۆششی ئەم بوو کە حزبی دیموکرات، وەک یەکەم حیزب لە مێژووی کورد دا، بووە ئەندامی ڕێکخراوی سۆسیال ئینتەرناسیۆنالی جیهانیی. تاکە ڕابەری کورد بوو کە لە ئەوروپا خوێندبێتی زیاتر لە حەوت زمان بە باشی بزانێت، تاکە سەرکردەی کورد بوو کە کاندید کرابوو بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ. ناوبراو چل ساڵ بێ دابڕان لە ناو حزبی دیموکراتدا کاری کرد و هەژدە ساڵیش سکرتێری ئەم حزبە بوو.

هەڵبەت لێرەدا دەبێت ئەوەش بگوترێت، کە قاسملوش وەک هەر سەرکردەیەکی سیاسی تر لەپاڵ ئەو هەموو لێهاتویی و زانایەتییەیدا (مەعسوم) نەبووە و بە سەر هەڵەشدا کەوتوە، گەورەترینیشیان بە ڕای من ئەو خۆشباوەڕی و دڵپاکی و متمانەیەی

بووە بە دوژمن و داگیرکەرەکەی، کە ئەنجامەکەی بە داخەوە کارەساتی شەهیدبوونی خۆی و هاوڕێکانی لێکەوتەوە. بەڵام گرنگ ئەوەیە کە هەڵەکانی لە ئەنجامی دڵسۆزی و کارەوە بووە نەک بە مەبەست و نیاز. جێگەی داخە تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی و زانستی نە لەسەر چۆنێتی شەهید بوونی وە نە لەسەر کار و خەبات و نووسینەکانی ئەم سەرکردەیە نەکراوە، کە ئەمانە بابەتی چەندان نامەی ماستەر و تێزی دکتۆران.

بە داخەوە ئەم کەڵە سەرکردەیەی کورد لە بەرواری ٣١ - ٧ - ١٩٨٩ لە سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی جمهوری ئیسلامی ئێراندا لە ڤییەننای پایتەختی نەمسا (ئوێستریش) بە هاوڕێیەتی عەبدوڵای قادری ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی حزبی دیموکرات و فازڵ مەحمود ڕەسوڵ نوسەر و مامۆستای زانکۆ، تیرۆر کران. ئەوەی جێگەی داخ و کەسەریشە تا ئێستا دۆسیەی ئەم کارەساتە لەبەر بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی دیزە بەدەرخۆنە کراوە و نهێنیەکانی لە لایەن حکومەتی نەمساوە شاردراونەتەوە.

تیرۆرکردنی نامەردانە و ناجوامێرانەی ئەم شەهیدانە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا و لە کاتی گفتوگۆدا جارێکی تر سەلماندیەوە، دوژمنانی کورد زۆر لەوە دڕندەترن کە بیری مرۆڤ بۆی دەچێت و بۆ شکست پێ هێنانی کوردیش کۆ لە هیچ ڕێگایەکی ناڕەوا و نامرۆڤانە ناکەنەوە هەروەها خاوەنی هیچ بەها و ڕەوشتێکی سیاسی نین. قاسملو هەر لە کیس حزبی دیموکرات و کوردی ڕۆژهەڵات نەچوو بەڵکو لە کیس هەموو گەلی کوردستان چوو، بگرە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێک لە دیموکراتخواز و تێکۆشەر و چەپە پێشکەوتوخوازە دەگمەنەکانی لەدەستدا. لە یادی حەڤدە ساڵەی شەهیدکردنی ڕابەر و سەرکردە د. قاسملو و هاوڕێکانیدا هەزاران سڵاو و درود بۆ گیانی پاکیان و گۆڕەکانیان پڕ لە گوڵ و روناکی بێت.

لە کۆتایی دا دەمەوێت بەم چەند دێڕە لە پەخشانە شیعرەکەی شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس، کە لە یادی دە ساڵەی شەهید بوونی د. قاسملو دا گوتویەتی وتارەکەم تەواو بکەم..



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**زەمان چۆن و چەند ئەڕوا با بڕوا**

**قاسملو بووە بە ئاو**

**ئاخر ئاو چۆن لە یاد ئەکرێ؟**

**قاسملو بووە بە هەتاو..**

**ئاخر هەتاو چۆن بیر دەچێتەوە؟**

**قاسملو بووە بە کۆتر..**

**ئاخر کۆتر چۆن ناو دڵمان بەجێ دێڵێ؟**

**قاسملو بووە بە هاواری ئازادی**

**ئیتر هاواری ئازادی چۆن ئەمرێ؟**

**سەرچاوەکان :**

* مستەفای مەعروفی، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژ ١١٣ی ١٤ - ٧ - ٢٠٠٥

* مانگنامەی کوردستان، ئۆرگانی حدکا، ژ ٢٠ ی ١٣ - ٧ - ١٩٩٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئایا پۆلیسی نەمساوی دەستی هەبووە لە تیرۆر کردنی قاسملۆدا؟

## (خوێندنەوەیەک لە کتێبەکەی کارۆڵ پرانهوبەر)

عەلی سیرینی

### پێش چەند ڕۆژێک لە خوێندنەوەی کتێبی:

The Passion and Death of Rahman the Kurd، Dreaming Kurdistan بوومەوە. ئەم کتێبە لە نوسینی ڕۆژنامەڤانی ڤەنزویێلی کارۆڵ پرانهوبەرە. لە ڕۆژانی ڕابردوو، پەیوەندیم کرد بە کارۆڵ و چەندین پرسیارم ئاراستە کرد. پێم باش بوو خوێنەری کورد بە خوێندنەوەیەک لەم کتێبەدا ئاگادار بکەمەوە و تیشکیش بخەمە سەر هەندێک لە وەڵامەکانی کارۆڵ، کە داوام لێیکرد ئەم پرسیار و وەڵامانە بڵاو بکەمەوە، بەڵام ئەو پێی باش نەبوو بڵاو بێتەوە چونکە ڕاستیەکەشی من یەکەم جار کە پرسیارەکانم بۆی نارد، بە ناوی ئەوە نەبوو بڵاوی بکەمەوە. من ٢٩ پرسیارم ئاراستەی کارۆڵ کرد و هەموو پرسیارەکانی وەڵام دایەوە. بەڵام من تەنها تیشک دەخەمە سەر وەڵامەکانی ئەو، دوای پێشکەشکردنی خوێندنەوەیەک لە کتێبەکەیدا.

ئەم کتێبەی ناوبراو، یەکێکە لەو کتێبە گرنگانەی دەربارەی ئەم دۆسیە نوسراون. ئێستا لە ئالوگۆڕدام لە گەڵ دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی لوبنانی بۆ تەرجومەکردنی ئەم کتێبە بۆ زمانی عەرەبی. ڕۆژێک پێش ڕوداوی تیرۆرەکەی ١٣ی جوولای ١٩٨٩، دکتۆر قاسملۆ میزاجی خۆشساز بووە، چونکە ڤیزای ئەمریکای وەرگرتبوو، هەروەها هیواشی هەبوو، گفتوگۆی لە گەڵ ئێرانیەکان سەربگرێ. لەگەڵ دوو ئەندامانی حزبەکەی لە ڤیەننا، کە خێزانەکانیان نەمساوین، دەچنە چێشتخانەیەک لە بەرزاییەکانی ڤیەنناداو، بۆ خواردنی نیوەڕۆ. قاسملۆ پێشتر بە نوێنەرانی خۆی لە نەمسا گوتووە کە کەس ئاگادار نەکەنەوە، کە ئەو لە ڤیەننایە، کەچی ڕۆژی ١٣ی جوولای ١٩٨٩، دەورووبەری ئێوارە کاتێک قاسملۆ دەرچووە بۆ دیداری ئێرانیەکان، بە مەبەستی گفتوگۆ، پانزە کەس لە نوسینگەی حزبی دیموکرات لە ڤیەننا چاوەڕێی دکتۆر قاسملۆ دەکەن بۆ ئەوەی سەعات ٤ی ئێوارە ببینن! ل

١٨هەروەها هەفتەیەک پێش هاتنیی بۆ ڤیەننا، قاسملۆ چەند کەسایەتیەکی فەڕەنسی و نەمساوی بەم سەفەرەی ئاگادار دەکاتەوە. پاشان حکومەتی نەمساوی دەزانێ قاسملۆ لە ڤیەننایە و ڕۆژی تیرۆر کردنەکەی سەردانی وەزارەتی ناوخۆی نەمسا دەکا بەڵام ناتوانێت دکتۆر ماتزکا ببینێ کە ئاسانکاری کردبوو تا قاسملۆ ڤیزای نەمساوی وەربگرێ. ل ١٧

لە نێوان سەعات ٧ تا سەعات ٢٠ - ٧ی ئێوارە تاوانەکە ڕوو دەدات. دکتۆر قاسملۆ سێ گوللەی لێدەدرێ. فازڵ ڕسول پێنج گولله و عەبدوڵلا قادری ئازەریش یانزە گولله، واتە کۆی نۆزدە گوللەیان بەرکەوتووە، کەچی پۆلیسی نەمساوی تەنها چواردە قەوانی فیشەکی لە ژورەکەدا دۆزیوەتەوە! ل ١٧

رێنێتا، ئەو ئافرەتەیە، دکتۆر فازڵ کلیلی شوقەکەی لێوەرگرتبوو بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی نێوان قاسملۆ و ئێران. بەڵام ڕێنێتا بۆ گەشت و گوزار دەچێتە میسرا ل ١٩ بە دواوە.

سەحڕارودی کە بریندار دەبێ لای پۆلیس دەسگیر دەکرێ. بوزرجیانیش هەروەها. ئنجا قازی (مایکڵ دانیک) لە ٢٠ - ١٣ دەچێتە خەستەخانە بۆ بینینی سەحرارودی. پۆلیس ئاوێنەی شکاوی ماتۆڕسایکلێک و کلیلەکە و فۆرمی فرۆشتنەکەشی لە نێو تەنەکەی زبڵدا دۆزیەوە. فرۆشیار دەدۆزرێتەوەو دەبردرێتە خەستەخانە، چەندین وێنەی جیای پیشان دەدەن بۆ ئەوەی بڵێ کامیان ماتۆڕسایکلەکەی کڕیوە، ئەویش سەحڕارودی دەناسێتەوە و پەنجە دەخاتە سەر وێنەکەی ئەو. بەڵام سەحرارودی هەر بەردەوام دەبێ و ئینکاری ئەم مەسەلە دەکا! ل ٢٧، هەروەها لە لاپەڕە ٢٤ بەدواوە.

ئیفادەی بوزرجیان و سەحرارودی بە هیچ شێوە تێک ناکەنەوە و ناکۆکن. بەڵام دادگای ڤیەننا هەردووکیان ئازاد دەکا و بوزرجیان گەڕایەوە ئێران و لە ٢٢ - ١٣ سەحرارودی لە گەڵ چەند دیپلۆماتێکی ئێرانی ڕەوانەی ئێران کرایەوە. ل ٢٧، ٢٨ و ٢٩

مستەفەوی یەکێک بووە لەوانەی تەقەی کردووە و سێ کوردی کوشتووە، هەر نەبینرایەوە. هەر زوو جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاند کە مستەفەوی ئازادانە لە نێو شەقامەکانی تاران پیاسە دەکات. شایەنی باسە ژنەکەی مستەفەوی کوردە و بارزانیە! ل ٢٩، ٢٣٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەلال تاڵەبانی لە لایەک دەڵێ «قاسملۆ دەبوایە بزانێ کاتێک ئێران ئێمەی یەکێتی وەلا نا لە گفتوگۆکە مەبەستیان لەناوبردنی قاسملۆ بوو» بەڵام لە لایەکی تر دەڵێ «قەت خەیاڵم نەدەکرد ئێران بیەوێ قاسملۆ بکوژێ»!! ل ٢٠٢، ٢١٨، ٢٢٠ و ٢٢٢

قاسملۆ گوێ نادا بەو هەموو ئاگادار کردنەوانەی پێی گوتراوە. بەڵکو چەند جارێک بە پێکەنین و شۆخیەوە ئەم ئاگادار کردنەوانەی بەرێکردووە! ل ١١، ١٢، ١٣ و ٣٥

پۆلیسی نەمساوی هەوڵ دەدا فێڵ لە سەرۆکی پێشووی جەزائیر ئەحمەد بن بیللا بکا. پۆلیس بە بین بیللای گوتووە، بەپێی تۆمارکراوێک قاسملۆ داوای کردووە تۆ لە گفتوگۆ ئامادە بیت و ئێرانیش نەیویستووە. پۆلیس لێی دەپرسن ئایا تۆ لە شوێنی تاوانەکە ئامادە بووی؟ ئایا فارسی قسە دەکەیت؟! ئینجا بین بیللاش دەڵێ: کوا تۆمارکراوەکە؟ پۆلیسەکان تەماشای یەکتری دەکەن و دەڵێن: تۆمارکراوەکە وجودی نیە!! لێرەدا بین بیللا زۆر توڕە دەبێ و بە پۆلیس دەڵێ ئێوە لە گەڵ ئێرانیەکان بەشداریتان کردووە و ئەوان چەکیان لە ئێوە کڕیوە! ل ٢٠٩ و ٢١٠

بەنی سەدر دەڵێ، زانیاریمان هەیە لە ئێرانەوە کە قسە لە نێوان پاسداران کراوە، بە ئامادەبوونی پێشەوای پاسداران موحسین ڕەزا، کە یەکێک پرسیاری کردووە بۆ فازڵ ڕەسولیان کوشت؟ پێشەوای پاسدارانیش دەڵێ چونکە فازڵ مونافیق بوو، لە گەڵ ئۆپۆزۆسیۆنی ئێرانی کاری کردووە دژ بە ئێمە! ل ٢١١ تاڵەبانی ددان بەوە دەنێ کە لە خولەکانی پێشووتر لە ڤیەننا ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پاسەوانی شوێنی گفتوگۆکە بوونە و هەمووشیان چەکدار بوونە! ل ٢١٩

هەروەها تاڵەبانی دەڵێ: کورد نهێنی پێ ناپارێزرێ!! ل ٢٢٢

بەنی سەدر دەڵێ: فازڵ تەلەفۆنی بۆ کردم کە زۆر مەشغولەو دەیەوێ بێتە پاریس بۆ ئەوەی من ببینێ، بەڵام گوتی کۆبوونەوەم هەیە، بەڵام بە هیچ شێوە باسی ئەوەی نەکرد گفتوگۆ لە نێوان قاسملۆ و ئێران هەیە. فازڵ لە ژێر زەختی هەر دوو لا بوو، چونکە گەر نهێنی دڕکاندبوایە تۆمەتی خیانەتیان دەدایە پاڵ. ل ٢١٠، ٢١١، ٢٢٤ و ٢٢٥.

ئازاد ئەندامی حزبی دیموکرات و جێی متمانەی قاسملۆ، وەک ئەوەی قاسملۆ پێی گوتبوو ئێوارە بێت بە شوێنی، کە دەچێت، دەبینێ ئەو ناوە پڕە لە پۆلیس. هەست دەکا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شتێک ڕوویداوه. دەچێته شوێنەکەو پۆلیس دەیبەنە ژووری شوقەکەی ڕێنێتا، دەبینێ سێ لاشە سارد و سڕ کەوتوون لە خەڵتانی خوێندا. بەڵام ئەو شێواز و وێنەیەی ئازاد پاش ماوەیەکی کەم لە کاتی ڕوودانی ئەم تاوانە دەیبینێ، زۆر جیاوازە لەو وێنانەی دواتر پۆلیس نیشانی ئەو و کەسیتری داون!! ل ٢١٤ و ٢١٥،

ئەو کاسێتانەی پۆلیسی نەمساوی پاش چەند ساڵێک لە ڕوودانی ئەم تاوانە، ڕادەستی حزبی دیموکراتی کردوون، زۆر جێگای گومانن. کاسێتەکان لە گەڵ چۆنیەتی تاوانەکە یەکناگرنەوە. ئینجا لێرە پرسیار دێتە کایەوە: ئایا دکتۆر قاسملۆ ئەو کاسێتانەی ڕیکۆرد کردووە یان ئێرانیەکان، یان پۆلیسی نەمساوی؟!

هەر چەندە کاڕۆڵ بە تێر و تەسەلی باسی ئەم بابەتەی کردووە، بەڵام بابەتەکە پرسیاری زۆری لای من وروژاند بۆیە چەند پرسیارێکم ئاراستەی کاڕۆڵ پڕانهوبەر کرد ئەویش لە وەڵامی پرسیاری بیست و چوارەمیندا گوتی: ئەم پرسیارانە بێ وەڵام دەمێننەوەو هەندێکیان هەر ناتوانرێ وەڵامیان چنگ بکەوێ، چونکە تازە ماوەیەکی زۆر تێپەڕیوە بە سەر ئەم ڕووداوە. بەڵام هەندێکیان پەیوەستن بە لێکۆڵینەوە و پشکنینی ڕەسمی، گەر بکرێ، هەندێک وەڵامی ئەم پرسیارانە وەدەست دێن. کاڕۆڵ لە وەڵامی پرسیارەکە ئایا خۆی گوێ بیستی کاسێتەکان بووە؟ دەڵێ: نەخێر، بەڵام هیلین کرۆڵیچ بیوەژنی قاسملۆ بە نوسراویی دەقی کاسێتەکانی نیشان داوە. هەروەها لە وەڵامی ئایا ڕاستە لە کاسێتی سێیەم دکتۆر قاسملۆ پرسیار دەکا بۆ تاڵەبانی نەهاتووە؟ ئێرانیەکانیش دەڵێن ئێمەش نازانین! کاڕۆڵ دەڵێ: من ناتوانم ئەم پرسیارە وەڵام بدەمەوە دەربارەی تاڵەبانی!!

بەڵام با سەیرێکی کتێبەکە بکەین. لە لاپەڕە ٢٣٧ ەوە لە ژێر ناونیشانی «وتوێژ» کاڕۆڵ بە تێر و تەسەلی باسی ئەم کاسێتانە دەکات.

کاڕۆڵ دەڵێ: ئەو کاسێتانەی لە ناو جانتای قاسملۆدا دۆزراونەتەوە، پێدەچێ دەستکاری کرابن و هەمان کاسێت نەبن کە ئەو ڕۆژە ڕیکۆرد کراون! ل ٢٣٧.

بەڵام خۆ ئێرانیەکان و کوردەکان لە سەر ئەوە ڕێک کەوتبوون نهێنی بپارێزن. چۆن قاسملۆ توانیویەتی کاسێت ڕیکۆرد بکا بە تایبەتی لە کاتێکدا کاسێتێک تەواو بووە پێویستی بە گۆڕین هەبووە؟!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وا دەردەکەوێت هەندێک شوێنی کاسێتەکان سڕاوەتەوە! ل ٢٣٧ تا ٢٥٠ و ل ٢٥٢ و ٢٥٣

ئینجا لە بابەتی «گەوزان و نالەی سەر زەوی» لە لاپەڕە ٢٥١ ەوە بە تایبەت ل ٢٥٣ فازڵ ڕەسول باسی مەسەلەی کات دەکا و قاسملۆش لە وەڵامدا دەڵێ: سبەی دوای نیوەڕۆ باسی هەر مەسەلەیەک دەکەین حەز بکەیت. یەکێک داوای زیاتر کات دەکات، یەکێکیش دەڵێ گرنگ نیە یا دەڵێ کات مەسەلەیەک نیە. لێرەدا فازڵ دەڵێ دەتوانین بەردەوامی بە گفتوگۆ بدەین تا درەنگی ئێوارە. قاسملۆش بە سوعبەت پێی دەڵێ: بۆ خواردنی شێوان دەعوەتمان دەکەیت؟ فازڵ وەڵام دەداتەوە: گەر ئێوە هەمووتان حەز بکەن، پاش ئەوەی تەواو دەبین دەتوانین بچین بۆ شوێنێک. قاسملۆ دەڵێ: باشە، نان و پەنیر دێنین و لێرە نان دەخۆین! پاشان قسەو باس دەبیستری.. فازڵ قسە دەکا... کاسێتەکە دیسان سڕاوەتەوە... فازڵ بە شێوازێک قسە دەکات وەک بڵێی بۆ برادەرانێک مەسافە لە نێوانیان هەیە... بە کاک لە گەڵ قاسملۆ و قادری ئازەر دەدوێ...پاشان قاسملۆ دەربارەی گفتوگۆ دەڵێ قەبولمە... فازڵ دەڵێ بۆ ئەوەی بزانین (بۆ گفتوگۆ) چی دەکەین...

کارۆل دەڵێ: ئەگەر ئەم کاسێتانە ڕاست بن خۆ دەبێ لێرەدا پێنج چرکەیەک هەبێ دەنگی هەنگاوەکانی پێ و قاچی تۆمار کردبوایە... کەچی نە دەنگێک دەبیستری، نە هاوارکردنێک و نە هاوارێکیش... ئایا ئەم سێ کوردە هێشتان زیندوون لە کاتێکدا کاسێتەکە ئەم بێ دەنگیە تۆمار دەکا؟ پاش پێنج چرکە تەقە دەست پێدەکات، بەڵام لە کاسێتە کە تەنها دەنگی سێ چوار تەقەیەکی دەنگ خامۆش (کاتم یۆت) دێ. لێرەدا لە پشتەوەی (باکگراوند) کاسێتەکە چەند دەنگێکی نەناسراو بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێ، بە فارسی قسە دەکەن و بە پێکەنین دەنگەکان ناوبڕ دەکرێن و یەکێک دێ بە زمانی ئەڵمانی قسە لە گەڵ ئەوانیتر دەکات!! ل ٢٥١ تا ٢٥٥.

ئینجا با ئێمەش ئەم پرسیارانە لێرەدا بکەین: ئەم دەنگە ئەڵمانیە هی کێیە لە باکگراوندی کاسێتەکە دەبیستری؟ بۆ کاسێتەکان چەندین جار تێک دراون و پچڕاون؟ بۆ دەنگی هاوار و شەڕ نایێت؟ ١٩ گوللە لە قاسملۆ و هاوڕێیانی دراون و کەچی دەنگی تەنها ٣ - ٤ گوللەیەکی دەنگ کپکراو دێ، بۆ؟ کێ ئەم کاسێتانەی لە نێو جانتای قاسملۆ داناون؟ بۆ پۆلیسی نەمساوی دوای چەندین ساڵ ئەم کاسێتانەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاشکرا کرد و لە ساڵی ١٩٩٧ لە لۆمۆند دیپلۆماتیک بڵاو بوویەوە؟ بۆ ڕێنێتا ئەو کات نەمسا جێدەهێڵێت و دواتریش کە گەڕایەوە دەعوەتی سەفارەتی ئێران دەکرێ؟!

ئەوە ماوە بڵێین، لەم کتێبەدا هاتووە کە نەمسا دوای ئەم ڕوداوە، نەیهێشتووە دکتۆر سادق شەڕەفکەندی بێتە نەمسا!! ل ٢٧١.

ئینجا قاچاغچیەکی چەک و تەقەمەنی کە ئەڵمانیە، لە کاتی گیرانیدا لای پۆلیسی ئیتاڵیا ساڵی ٢٠٠٩ لە «تریستێ» ددانی بەوە ناوە کە لە هەفتەی یەکەمی مانگی هەفتی ١٩٨٩ نیو دەرزەن چەکی سوکیی بردووەتە ناو باڵوێزخانەی ئێران لە ڤیەننا و بەردەوام پەیوەندی لە گەڵیاندا هەبووە. لە کاتی بردنی چەک لە هەفتەی یەکەمی مانگی تەمموزی ١٩٨٩ لە کۆبونەوەکەدا سێ کەس ئامادە دەبن یەکێکیان زۆر بە تەئکید ئەحمەدی نەژاد بووە!! ل ٢٧٤ .

پێش ئەم ڕووداوە نەمسا بازرگانی زۆری هەبووە لە گەڵ ئێران و چەکیان بە ئێران فرۆشتووە. دواتر بازرگانیکردنەکە زیاتر بووە. دادگاش ملی بۆ حکومەتی نەمسا کەچ کرد.

ئەم بابەتە ئاوی زۆری دەوێ. لە کتێبێکدا بە وردی باسی دەکەین.

سەرچاوە: ماڵپەری دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوولای ٢٠١٠


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو کوژی،

دلشاد جەمشیدی

بژاردە کوژی خسلەتی ئەمرو نەگۆری دەسەلاتە کۆنەپارێزەکانە. کوشتن لە بەستەری فکردا زیاتر لەوەی کە فەوتاندنی جەستەیی بێت، ئەتک کردن و چەواشە کردنە. بژاردەکان کەمتر بە مەرگی جەستەیی دەمرن واتە لە ترپە کەوتنی دل و بە خاکوخۆل بوونی جسم کۆتایی ژیانی بیرمەندەکان نییە.

ئەگەر لە سایسەری سەد هۆکاری جیاوازە ئارام و لەسەرخۆ خوێندن و زانست پێناوەتەوە ولاتەوە و دەروات کە ئەم گەلە بەجێماوەی ئێمەیش هێدی هێدی ببێتە خاوەنی رۆشنبیری و رۆشنبیران، ئاساییە کە دیاردە تازەکان ئاوس بن بە گرفت و مەترسی و هاوکێشەی تایبەت بە خۆیانەوە. شەر لە جیهانی پێگەیشن و زانیاریدا بەرفراوانتر و پڕدەسکەوتترو لە ئەگەری دۆراندنیشدا کارەساتبارترە لە شەری دنیایەک کە چەک بەسەریدا زالە.

خوێندەوار بوونی کورد و پێشکەوتنی نەوەی نوێ، دوژمنی ناچار بە هەلایساندنی شەرێکی نوێ کردووە، راگەیاندن و کاریگەری ئێجابی ئەو دەرفەتەو بەرۆژ بوونەوەی نەهامەتیەکانی کورد، دیوارە ئاسنیەکانی سانسۆری لەسەر ئەم پرسە لە هەرچوار پارچەی کوردستان و لە مەودایکی بەرفراوانتریش لەو ولاتانە کە کوردستانیان بەسەردا بەشێندراوە روخاند. ئەمە دەرفەتێکی مەزن بۆ بزوتنەوەی ئازادیخواز و ترسێکی گەورە بۆ داگیرکەرە. دوژمن ناچارە بە لەبەرگرتنی رێگایەکی تازە بۆ پێشگرتن بە تەقینەوەی ئەو ئاواتانە کە رۆژانە لە کۆمەلگادا هۆگریان بۆ زیاد ئەبێت.

بژاردە کوژی یانی مراندنی جولەو وەستاندنی بزوتنەوە، کۆماری ئیسلامی بە شەهید کردنی رێبەرانی کوردی رۆژهەلات سەلماندویەتی کە لانیکەم هێندە لە تاکتیکی شەر شارەزایە کە بزانێ مەرگی پێشرەو سەرلێشێواوی کاروانە.

دوای نەمر قاسملوو رێبوارانی رێ ئازادی نەیانتوانی وەک قاسملوو بن و کەمتر لەوەی کە پێویست بوو لە فکرو هزری رێبەریان گەیشتبوون. قاسملوو رێکارێکی

نەخوێندراوەو بیرێکی دوای خۆی کارپێ نەکراوو لە هەمانکاتدا قوتابخانەیەکی فکری سەردەمیانە بوو کە نەوەی نوێ لەگەڵ ئەوەی شانازی پێوە دەکا بە تامەزرۆییەوە لە هەوڵی دەوڵەمەند کردنیاندایە.

قاسملوو جیا لەوە کە وەک رێبەری سەردەمی شەری حەماسی وجیا لەوە کە وەک شەهیدێکی کورد خۆشەویست وقارەمانی نەوەی کۆنە وەک بیرمەندو کەسێکی ئاکادێمیک و قوتابخانەیەکی فکری ئەستورەو پاڵەوانی نەوەی نوێشە.لە یەک رەستەدا قاسملوو کەسێکە بە هەموو تایبەتمەندیەکانی قارمانی میللەتێکی بندەستەوە.

لەناوهەموو میللەتانی جیهاندا هەن رێبەرانێک کە خۆشەویستیان گشتگیرە و سەداقەتو پاکیان لە دلسۆزیدا بە نیسبەت گەلەکەیانەوە لای گەل راستییەکی نەگۆر. ئەگەرماندێلا لە ئافریقای باشور لە زینداندا و لەبن دەستی دوژمنیدا بوو بە قارمانی میللی و ئەگەر گاندی لە هیند توانی بەبێشەر بریتانیا دەرپەرێنێ ئەبینین لە کوردستان قاسملوو توانی بە شەهید بوونی لەسەر مێزی وتووێژ ببێتە بەهێزترین فاکتی ئاشتیخواز بوونی میللەتێک کە ئەغیار بە پیاوکوژو سەربرو وەحشی تەبلێغیان لەسەر ئەکرد.لە یەک رەستەدا قاسملوو ئاوێنەی بالانوێنی ژانەکان و هیواکانی میللەتەکەی بووەو هەیە.

قاسملوو نە لەم وتارە دا و نە لە ناو کۆمەلگای کوردیدا تاکێکی بیرمەندو رێبەرێکی شەهیدی فلانە حیزب نییە، قاسملوو ئەنجامی کۆبوونەوەی مەزلومیەت و فیداکاری و ئاشتیخوازی گەلێکی بن دەست کراوی شەرقیە، قاسملوو ئەمرۆ ناوێکە کە زیاتر لەوە کە پێناسە بێت بۆ شەخسێک پێناسەی پرسێکو رێکاری دەربازبوونە. ناوو بیری قاسملوو دەروات لە ناو نەوەی نوێدا ببێ بە دەلیل و هۆی بەردەوام بوون، دوژمن لە پێناو و لەباربردنی ئەم دەلیللەدا ئامادەیە گشت رێگایەک بگرێتەبەر.لەهەمان ئاراستەیشدا نەیاری بیری نەتەوەیی واتە کوردی ئیسلامی توندهاژو - کوردی چەپی توندرەو.

(پاشماوەکانی مەکتەب قورئان و دواچۆرەکانی بلوکی شەرق) دوژمن ئاسا هەریەک لەسەنگەرێکەوە خەریکی کار کردنن بۆ کەم کردنەوە لە خۆشەویستی و ئیعتیبار و بە کورتی کاڵ کردنەوەی ئەو مانایانە کە دوکتور قاسملوو کردونی بە بەشێک لە بیرکردنەوەو ئامانجی کۆمەلگای کوردی.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر فلانە مەلای گرێدراو بە مۆجاهیدینی ئەفغانستان لە خۆتبەدا رەسالەتی خۆی لە هێرشکردنە سەر یادو رێبازی قاسملوو ئەبینێتەوە لە بەرانبەردا مامۆستای بەرەی خەباتی سور لە وتووێژ کتێبەکەیدا ئامانجدار سەبارەت بەپەیوەندیەکانیان لەگەل حکومەتی سەدام دێتە گۆو ئەلێ: تەنیا قاسملوو رەجەوی ئەیانتوانی برۆنە لای سەدام و بەم فتنە رەستەیەوە دەیهەوێت شک بخاتە کۆمەلگاوە کە قاسملوو رەجەوی ئاسا لە خزمەت سەدام و ئامانجەکانیدا بووە...کەچی نازانێ کوردی باشور باشترین شاهیدن بۆ ئەو حەقیقەتە کە قاسملوو هیچکات کوردی بە دوژمنی کورد نەفرۆشت،بەلام ئەوانە کە ئەمرۆ فتوای جیهاد دژ بە ناوو خۆشەویستی قاسملوو ئەدەن لە بەرچاوی هەموو کوردەوە پرسی کوردی رۆژهەلات و دەرفەتی چارەسەرییان لەبەرپێ مەنسورحیکمەتەکاندا سەربری و لە بەر رۆشنایی چاوخلەتێنی ئەو بیرمەندە ناکوردو دژە کوردانە دا کوردیان بەکورد بەکوشتدا.

قاسملوو ئەگەر زۆلمێکیشی لێکرابێ هەرئەوەیە کە دوژمنەکانی چ لەسەردەمی ژیانیدا و چ دوای شەهید بوونی هێند لە باری فکریەوە لاواز و داماون و داماو بوگن کە تەنیا بە توندوتیژی و شەرو نەهاکەیش جنێودان و بەرد تێگرتن هاتونەتە کارزارەوە. ئەم شەر فرۆشتنە ؛لەقەیرانی ئەندیشەوە سەرچاوە دەگرێت و ئەم دۆگم بوونەی نەیارانی ئەمرۆودوێنێ قاسملووهەردەم بەربەست بووە لە سەر رێگای سازکردنی زەمینەیەکی گونجاو بۆ دیالۆگی دژەکان لە کوردستانی رۆژهەلات.

لە کاتێکدا کە بەرەی ئیسلامی توندهاژو و چەپی هێشتا خەونەزڕاو لە هاوپەیمانییەکی نەنوسراودا خەریکی پروپاگەندەی ژەهراوین، لە سەنگەری دوژمنی هاوبەشەوە سیناریویەک بۆ ژێر پرسیاربردنی سەرجەم خەباتی کورد بەرێوە دەچی و ناوی لێ ئەنرێ قانعی فەرد، بێحورمەت کردنی پێشەواو ئیهانەکردنی بارزانی و زنجیرە کارێکی چڕوپڕ کە دەستی پێکردووە ئەنجامەکەی گەیشتنە بە قاسملوو» هەمان دەلیل و رێکارو مەزلومیەت و سەردەمی بوونی کورد کە قاسملوو بووەتە سەمبۆلی».

ئیسلاحی بوتی قاسملوو لە دێر زەمانەوە وێردی سەرزمانی نەیارانی کوردە و بەداخەوە هێندێک بەناورۆشنبیری کوردیش دەربازبوون لە قاسملوو بە سەرەتایەکی پرشنگدار بۆ قۆناخێکی نوێ دائەنێن و چاوەروانن بەرەی قانعی فەردەکان یا مەکتەبیەکان یا ....جادەی قاسملوو کوژیان بۆ تەخت بکەن و چەندە گێلانە لەپرسەکە دەروانن کە دوو پەیک شەراب خواردنی دوکتور قاسملوو بکەنە دەلیل و بە مەی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوتی ئەم گەلە بشکێنن کە ترێ رەشی بۆیە لا خۆشە چۆن شەرابی لێ دروست ئەبێ.

قاسملووی ئەستورە و قاسملووی پێناسەو قارەمانی میللی وەک هەموو ئینسانێک بێ هەلە نەبووە، بەلام نابێ لە بیرمان بچێت ئەگەر قاسملوو دەرسەدێکی غەزەبە نەوەدو نۆ دەرسەدی رەحمەت و ئافراندن و خزمەت بووە.

سێ تەیف لە کوردستان دژی کۆبوونەوەو گەرابەستنی پێناسەی نەتەوەیی و ئازادی ئینسانی کوردن، کۆماری ئیسلامی یا هەمان حکومەتی داگیرکەر، سەلفیەکان کە داوای دەسەلاتی ئاینی ئەکەن و کوردایەتی و خۆبوون بە تاوان ئەزانن سێهەم، ئەو دەستە لە چەپەکان کە هێشتا رێگای راستیان وەک کۆنە رەفێقیان نەدۆزیوەتەوە و هێشتا خەونی سور ئەبینن.

ئەمە یەکەمجار نییە کە ئەم سێ بەرە مۆتلەق گەرایە لە سەنگەرێکەوە هێرش ئەکەنە سەر ویست و خۆزگەکانی کوردی نەتەوەیی، بەلام بەخۆشیەوە لەم سەردەمەدا چەکو توند وتیژی تاقە وتاری زال نییە و دیالۆگ و خۆ دەربرین بووەتە جۆرە بەربەستێک کە فلانە فیرقەی توندهاژو چیتر نەتوانێ بە هەلایساندنی شەرێکی درۆیی پرسێکی مێژوویی بە دەیان سال دوا بخات. پرۆژەکانی ئیتلاعاتی ئێران هوشیارانە لە لایەن لاوی کوردەوە لە قاو ئەدرێن تەنانەت ئەگەر لە پێستی کورە مەریوانییەکی نەجیبزادەیشدا خۆ دەربخەن.

وەک دوا قسە ماوە بێژم کە قاسملوو چ وەک رێبازو چ وەک رێبەرێکی هەلکەوتو ناتوانێ بێ کەم و کۆری بێت و ژیانی ئەم سەرکردە مەزنەیش بەری لە هەلە نەبووە، کەوابوو پێداچوونەوە خوێندنەوەی سەردەمیانە و بەرۆژ کردنی رێبازو ئەندیشەی قاسملوو ئەرکی سەرشانی بزاڤی روناکبیری کوردستانە، هەروەک چۆن رەخنە گرتن و هەولدان بۆ بە ئەزمون کردنی هەلەکانی دوکتورقاسملوو ئەرک و رەسالەتی نەوەی نوێیە .

١٤ی ئاگوستی ٢٠١٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو، هزرێکی نەمر

## (بە بۆنەی شەوی یەلدا، شەوی لە دایکبوونی د. قاسملووی ڕێبەرمان)

ئارام ئیبراهیم خاس
وەرگێڕان لە فارسییەوە: تەها ڕەحیمی

بەڕاپی: قاسملوو بوێری و شەفافییەتی کردبوو بە بنەمای کاری خۆی و زۆر بە قووڵی دژی بێئیرادەکردن و هەرجۆرە بەئامرازبوونێکی مرۆڤ بوو، ئەو خەباتگێڕە مەزنە سەربەخۆیی ئیرادەو کردەوەی کردبووە بناخەی کاری خۆی و پارتەکەی. کەسایەتیی پراگماتیستی قاسملوو ببووە هۆی ئەوەی تاکتاکی ئەندامانی پارتەکەی بڕوا بەم ئەندێشەیە بێنن کە «حیزب»، بەرهەم و کەڵەکەبووی ماندوونەناسیی شۆڕشە». ناوبراو دژی «بەستراوەیی کەسایەتی» و هەر جۆرە تاکپەرستییەک بوو، لەم وتارەدا تێدەکۆشین هێندێک لایەنی کەسایەتیی سیاسیی ئەو ڕێبەرە بەتواناو ئەو شۆڕشگێڕە ئازادیخوازو دیموکراسیخوازە بە بێ زێدەڕۆیی بخەینە بەرباس.

### قاسملوو شۆڕشگێڕێکی پراگماتیست و ڕیئالیست

قاسملووی خاوەن پوتانسیەلی فیکری و تیئۆریکیی دەوڵەمەند بە هاوکاریی کەسانێکی بەتوانای وەک دوکتور سەعید شەرەفکەندی و.. کە - لەڕاستیدا وەک زنجیرەیەکی فیکری بەهێز - هەمیشە خاوەنئەندێشەی نوێ بوون و توانای بەرهەمهێنانەوەی ئەڵتێرناتیڤی نوێی خەبات بوون، حیزبی دیموکراتیان کردبووە ئەکتەرێکی سەرەکی لە مەیدانی سیاسیی کوردستان و ئێران. لەڕاستیدا قاسملوو بە پشتبەستن بەو ژێرخانە تیئۆریک و فیکرییە، ڕەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێران و کوردستانی بەڕاستی و دروستی لێکدەدایەوە و ڕاڤەی دەکردن. قاسملوو شارەزای خەڵکەکەی خۆی و تان و پۆی کۆمەڵگەکەی و شیرازە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکەی بوو. هەر بۆیەش ڕێبەرێکی سەرکەوتوو بوو. تێگەیشتوویی و ڕاڤەی دروستی هەلومەرج و ڕوانگەی ڕیئالیستیی وەک بەشێکی جیانەبۆوەی خووخدە و کەسایەتییە سیاسییەکەی،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەواوکەری پراگماتیسمی قاسملوو لە قۆناخە جیاوازەکانی خەبات بۆ وەدیهێنانی ماف و داخوازی‌یەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

ئەو تایبەتمەندی‌یانە دەبوونە هۆی ئەوە کە قاسملوو وەک رێبەرێکی پراگماتیست و لە هەمان‌کات‌دا بەرپرسیار، ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ خەبات بۆ رزگاریی گەل و حیزبەکەی بە زمان دەیوت، بە کردەوە بسەلمێنێ و هەر ئەم خەسڵەتە بەرزەی بوو بە هۆی ئەوە کە بە سەرکەوتوویی بزووتنەوەی میللی ـ دیموکراتیکی گەلی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە رۆژهەڵات لە قۆناخی ئەستەم و پڕ لە هەوراز و نشێوی چەکداری‌دا رێبەری بکا.

## قاسملوو رێبەرێکی خاوەن بیری ئیستراتیژیک

خەبات و رەوتی ناسیونالیستی پێویستیی بە رێبەرایەتی‌یەکی هەڵسووڕ و کارامە هەیە کە توانای بیرکردنەوەو تیئۆریزەکردنی بنەماکانی خەباتی هەیە و لە هەمان‌کاتیش‌دا خاوەن پوتانسیەل و دەسەڵاتی پراکتیک و جێبەجێ‌کردنی بیروبۆچوون و ئەندێشەکانیی هەبێ. کۆی ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندی‌یانە ئەندێشەی ستراتیژیکن. قاسملوو لەگەڵ ئەوەی روانگەو خوێندنەوەیەکی دروستی لە پرس و رووداوە سیاسی‌یەکان هەبوو و تەنیا بە روانگەیەکی «ژورنالیستی» و ئاستەکی نەی‌دەڕوانیە هاوکێشەو رووداوەکان. بە پێی خوێندنەوەی دروستی لە پرسە سیاسی‌یەکان لە مەیدان‌دا دەوری دەگێڕاو وەک رێبەرێکی ستراتیژیک و خاوەن تایبەتمەندیی «دوارۆژ بینی»سەبارەت بە پرس و رووداوە سیاسی‌یەکانی کوردستان، ئێران، رۆژهەڵاتی نێوەراست و جیهان هەمیشە کاریگەریی پۆزەتیڤ و ئەکتیڤی لەسەر بڕیارە سیاسی و هەڵوێستەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. هەر ئەم تایبەتمەندی‌یە بەرزانەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی رێبەرایەتیی دوکتور قاسملوودا دەبێ بە حیزبێک کە توانای سەرکەوتن بە سەر تەنگوچەڵەمەکان و دەرباز بوون لە هەر جۆرە قەیرانێکی چاوەڕوان‌نەکراوی هەیە.

## قاسملوو و دێموکراسی

دوکتور قاسملوو دوای خەباتی چەکداری ٤٧ - ٤٦ (بە رێبەرایەتیی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان) رۆڵێکی بەرچاو لە ساغکردنەوەی حیزبی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیموکراتدا دەگێڕێ و حیزب دەکاتە حیزبێکی مودێرن و خاوەنپێڕەو و پرۆگرام کە تێدەکۆشێ مەیدانی خەبات بەرینتر بکاتەوە و لە هەموو لایەنەکانی خەبات بۆ وەدیهێنانی ماف و داخوازییەکانی گەلی کورد کەڵک وەرگرێ. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە حیزب لەسێ رەهەندی ناسیۆنالیستی، چینایەتی و خەبات بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتدا درێژە بە چالاکی بدا. بەڵام باوەڕی قووڵی قاسملوو بە دیموکراسی لەم وتە بەنرخەیدا زیاتر دەردەکەوێ کە دەڵێ: (خەباتی ئێمە بۆ وەدیهێنانی دیموکراسی، نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەباتی نەتەوایەتی یان چینایەتی). دکتور قاسملوو ئەوەندەی بڕوا بە دیموکراسی هەیە کە بەردەوام لەسەر پرۆڤەی دیموکراسی قسە دەکا و هەموو رۆژێک بۆ تەمرینی دیموکراسی لەبەرچاو دەگرێ.

## قاسملوو، نووسەر و تیئۆریزانێکی بەتوانا

دوکتور قاسملوو لە باری تیئۆریکییشەوە وەک بیرمەندێکی هەڵکەوتەو لێهاتوو بەرچاوەو هێندێک بەرهەمی لەپاش خۆی بە جێ هێشتوون کە هێشتا کتێبخانەی کوردی شانازییان پێوە دەکا، گرنگترینی ئەم بەرهەمانە کتێبی «کوردستان و کورد»ە کە لەروانگەیەکی زانستییەوە، هەلومەرجی جوگرافیایی، مێژوویی، ئابووری، مرۆیی و کۆمەڵناسیی کوردستانی لێک دەداتـەوە. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە دوکتور قاسملوو لە کاتی نووسینی ئەم بەرهەمە بەسوودەدا بە هۆی دوور بوون لە کوردستان و نەبوونی بـواری لێکۆڵینەوەی مەیدانی کەندو کۆسپی زۆری بۆ نووسینی لەبەر بووە. هەروەها «کوردستان و کورد» لەسەردەمێکدا نووسرا کە سەرچاوەو ژێدەری زانستیی هاوئاستی ئەو بەرهەمە بۆئەوەی دوکتور قاسملوو بتوانێ کەڵکیان لێوەرگرێ لە کتێبخانەی کوردیدا دەگمەنن، کە ئەمە خۆی بایەخی ئەم بەرهەمەی قاسملوو زیاتر دەکا. هەروەها بیروبۆچوونەکانی قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ سۆسیالیزمی مەوجوود، رێگەی گەشەی ئابووریی ناسەرمایەداری، هەلومەرجی ئەو کاتی بلۆکی رۆژهەڵات و دەوڵەتە کۆمۆنیستییەکان و باسکردنی سوسیالیزمی دیموکراتیک بۆ یەکەمجار لەئەدەبیاتی سیاسیی گەلی کورد و نووسین لەم بارەیەوە لە قۆناخێکدا کەگوتاری چەپی ئۆرتودۆکسی، گوتاری زاڵی کۆڕوکۆمەڵە سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەو سەردەمی کوردستان، ئێران و ناوچەیە، سەرەڕای ئەوەی دژەباوی و بوێری و لە هەمانکاتدا دوارۆژبینیی کاک دوکتور قاسملوو نیشان دەدا، دەرخەری تێگەیشتنی بەرهەست (ئوبژێکتیڤ) و دروستی قاسملوو لەپرسە (کلان)ە سیاسییەکانی سەردەمە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## قاسملوو، دیپلۆماتیکی بەواتای راستەقینەی وشە

لایەنی دیپلۆماتیکی قاسملوو یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندی‌یە بەرزەکانی ئەم جوامێرە مەزنەی گەلی کوردە. قاسملوو کە لە زانکو بەناوبانگەکانی ئوروپا خوێندنی تەواو کردبوو و چەند زمانی زیندووی جیهانی دەزانین، تەنانەت لە دژوارترین قۆناخەکانی خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی‌دا گرنگیی چالاکیی دیپلۆماتیک و پێکهێنانی لۆبیی کورد لە وڵاتە زلهێزەکان و رێکخراوە کاریگەرەکانی جیهان لەبیر ناکا و بەردەوام هەوڵی بۆ دەدا و دامەزراندنی پێوەندیی قووڵ و راکێشانی پشتیوانیی مەعنەوی و دەرمانیی وڵاتێکی وەک فەڕانسە و کردنەوەی نوێنەرایەتیی حیزب لەو وڵاتەدا، بوون بە ئەندامی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست، پێکهێنانی پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوە ئازادی‌خوازو پێشکەوتووەکان لە وڵاتانی دیکەی جیهان وەک بزووتنەوەی رزگاری‌خوازی فەلەستین و خودی یاسر عەرەفات و.. بەشێک لەو هەوڵ و چالاکی‌یە دیپلۆماسی‌یانەی شەهید قاسملوون.

## قاسملوو و سیاسەتی (اخلاق مداران)

قاسملوو هەمیشە ئەخلاق بە مەرجی پێویست بۆ چالاکیی سیاسی دەزانێ. ناوبراو هەمیشە دژی روانگەی ماکیاڤێلیستی لە سیاسەت‌دا بووە و ئەمەشی بەکردەوە لە چەند دەیەی رێبەرایەتیی حیزبی دیموکرات‌دا سەلماندوە. قاسملوو بە روانگەیەکی ئەخلاقی و دەروەستانە دەی‌ڕوانیە بابەتی سیاسی و لە نێوخۆی رێکخستن و لە دەرەوەش و لە ئاستی پێوەندیی (کلان) و هاوکێشە سیاسی‌یە پێچەڵاوپێچەکانی ناوچەو جیهان‌دا ئەم پێبەندی و دەروەست‌بوونەوەی دەپاراست. کە رەنگە شێوەی هەڵسوکەوتی ئەخلاق‌مەندانەی ناوبراو لەگەڵ رێژیمی بەعسی عێراق و هاوکات پێوەندیی چڕوپڕی لەگەڵ رێبەرانی بزووتنەوەی رزگاری‌خوازی باشووری کوردستان گەورەترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە بن.ئاکام: دەبێ ئەمە لەبیر نەکەین کە سەرکردە و رێبەرە گەورەکان لە کاتی تێپەڕین بە رێگایەکدا تەنیا پێی‌دا تێ‌ناپەڕن، بەڵکوو هاوکات ئەم رێگایە دروست و هەمواریش دەکەن، قاسملووش خاوەن ئەم تایبەتمەندی‌یە بوو. لە هەشتا ساڵەی لەدایکبوونی ئەو گەورە پیاوەی گەلەکەمان‌دا رەنگە ئەو شتانەی لە سەرەوە باسیان کرا، بەشێکی کەم بن کە رێبەرانی هەنووکەی بزووتنەوەی رزگاری‌خوازی کوردستان دەبێ سەرنجیان بدەنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢١ی دیسەمبەری ٢٠١٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بابەتی ساڵی: ٢٠١١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دانشمەندێکی ڕێبەر و ڕێبەرێکی مەزن

**هوشیار حەق**

لە هەر شۆڕش و خەباتێکدا دژی دیکتاتۆری یان بۆ رزگاری نەتەوەیەک لە ژێر دەستی و چەوسانەوە ڕێکخراوێک یان حیزبێک دروست دەبێ بۆ بەرو پێشبردنی جوڵانەوەکە ڕێبەرێکی ئەوێ لە گەڵ گەلەکەی یان نەتەوەکەی ڕاست گۆ بێ، خۆ نەویست بێ، چاوی لە سەروەت و سامان نەبێ توانای ئەوەی هەبێ جوڵانەوەکە بە ڕێگایەکی ڕاست و دروست ڕێبەری بکا و بتوانێ دوژمن ببەزێنێ و سرنجی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک بۆ لای خۆی و جوڵانەوەکە ڕابکێشێ و دەست تێوەردان لە کاروباری ڕێکخراو و حیزبە شۆڕشگێرەکانی مەیدانی خەبات نەکا دەبێ هەموو وزە و هێزێک بە کار بهێنرێت بۆ لە نێو بردنی دیکتاتۆر و داگیرکەر و ڕێز بۆ بیرو باوەڕی جیاواز دانێت و لە هەمان کاتدا لە هیچ کەس و لایەن و دەوڵەتێک قەبوڵ نەکا کە بە نیازی ناپاک یان بۆ بەرژەوەنی تایبەتی حیزب و جوڵانەوەکە توشی کارسات و کز و لاوازی بکەن. بەرنامە و بیر و خەت و ڕێبازی نوێی هەبێ و بە کردەوە بگونجێ لە گەڵ سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوچە و لە گەڵ واقعیەتی کۆمەڵگا بگونجێ بتوانرێ جێبەجێ بکرێ، ئەمانە بەشێکن لەو ڕاستیانە کە لە کەسایەتی د. قاسملوو دا بەر چاو دەکەون.

حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دژ بە ڕێژیمی پاشایەتی بۆ هەموو خەڵکی کوردستانی ئێران وەک ئەمڕۆ ئاوا ناسراو نەبووە، لەوانەیە شەست تا هەفتا لە سەدی خەڵکی کوردستانی ئێران ئاگایان لە حیزب و دامەزراندنی کۆماری کوردستان نەبووە، بەڵام هەر بە رووخانی ڕێژیمی پاشایەتی بۆ ماوەیەکی زۆر کورت بە هیمەت و زانایی و لێزانی دوکتۆر قاسملوو لە دیان کۆبونەوە و میتنک و وتووێژیی رادیویی توانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرتاسەری کوردستان بناسێنێ و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکاتە باسی ڕۆژانە بە تایبەت لە نێو لاوانی تینووی ئازادی، د. قاسملوو هەر بە دەرکەوتنی بۆ یەکەم جار لە هەر شوێنێک کاریگەری دادەنا لە سەر مرۆڤەکان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ نموونە پیاوێک بوو زۆر دژی شۆڕش و حیزب و باسی کوردایەتی بوو. من وام دەزانی ئەمە قەت ئاڵوگۆڕ بە سەر بیر کردەنەوەیدا نایەت، بەڵام لە کاتی کیمابارانی هەڵەبجە کە ئەو کات هیزیکی ح دک ا رزگاری بوو لە زەڕایەن دوکتۆر قاسملوو بەو بۆنەوە قسەیان بۆ دەکا لەو کاتەدا ئەم پیاوەش لەوێ دەبێ و قسەکانی نەمر قاسملوو تەئسیری لە سەر دادەنێت و بۆ خۆی گوتی د. قاسملوو گوتوویە ئەمە سێ شەو و ڕۆژە سەرم لە سەر سەرین دا نەناوە تا ئێوە رزگارتان بووە، دوایی دەیگوت بە ڕاستی ئەمە ڕێبەرە ئەمە باوەکە.

کورتەباس یەکێکە لەو دەسکەوتە بە نرخ و مەزنەی بیرو ئەندیشە و تیژ بینی د. قاسملوو کە بۆ هەتاهەتایە وەک بەڵگەیەکی مێژوویی و زانستی و مرۆڤدۆستی و بە نرخ کتێبخانەی کوردستان دەوڵەمەند دەکا و وەک ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی بیرو ئەندیشە نوێکانی مامۆستای دادپەروەری د. قاسملوو بۆ هەتا هەتایە ئەدرەوشێتەوە، نووسینی کورتەباس لە کات و زەمانێکدا بوو کە دنیا بە دوو جەمسەری مەزن واتە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دابەش ببوو جەمسەری ڕۆژهەڵات کە سۆسیالیستی و جەمسەری ڕۆژئاوا کە دیموکراسی بوو و هەر دوو جەمسەر ئاسنیان بە ساردی دەکوتا. گرنگی کورتەباس لەوەدایە کە لەو کاتەدا بە بیری چ کەسێکدا ئەهات کە ڕێبەرێکی کورد لە ناوچەیەکی زۆر دواکەوتوو بەوە دەیزانی کە سۆسیالیزمی جەمسەری ڕۆژهەڵات زۆر ناتەواوە و هەرەس هێنانی ئەم سیستەمە گەورەترین بەڵگەی زانستییە بۆ کورتەباسی د. قاسملوو! دیموکراسی جەمسەری ڕۆژئاواش کەموکۆری زۆرە و زۆرتر لە بەرژەوەندی دەوڵەمەندەکانە و هەر ئێستا حیزبێکی سۆسیالیستی ئوروپای باس لەوەدەکا کە سۆسیالیزمی کۆن نەیتوانی چارەسەرێک بێ بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بەڵام سۆسیالیزمی دیموکراتیک ئەتوانێ باشترین چارەسەر بێ بۆ ئەم کەموکوڕی نادادپەروەریە لە ئوروپادا ئەمەش بەڵگەیەکیتری بتەوە بۆ کورتەباسی مامۆستای بێ هاوتا. لێرە مێژوو شایەتی دەدا کە بیر کردنەوەی د. قاسملوو لانی کەم بیست ساڵ لە پێش مرۆڤە

زانا و بلیمەتەکانیتر بوو ئەمەش هەر بەشێکی خوایە کە بە د. قاسملوو بەخشرابوو. بیرو ئەندیشەی ئەم ڕێبەرە بلیمەتە نەک هەر بۆ کورد خێر و بەرەکەتە لە ڕاستیدا بۆ هەموو مرۆڤەکان خێرو بەرەکەتە. هەر ئێستا بیرو ئەندیشەی ئەم ڕێبەرە دادپەروەرخوازە بوتە لافاوێکی بەهێز بۆ ڕاماڵینی دیکتاتۆری و داگیرکەرو و چەوسێنەر.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جێگیر کردنی سەربەخۆیی سیاسەتی لە چوارچێوەی سیاسەتی حدکادا یەکێکیتر لە پیرۆزترین و گرنگترین بەرهەمی بیری د. قاسملووە هەر ئێستا شەست تا هەفتا لە دەوڵەتانی دنیا بە ناو سەربەخۆن بەڵام سەربەخۆیی سیاسیان نییە لە لایەن دەوڵەتە زل هێزەکانەوە سیاسەتیان بۆ دیاری دەکرێ هەر حیزبێک یان دەوڵەتێک سەربەخۆیی سیاسی نەبێ ئەوە خەڵکەکەی ژێر دەستە و بێدەسەلاتە. بۆیە د. قاسملوو دەفەرمووی ئێمە دەبێ بە هەر نرخێک بێ سەربەخۆیی سیاسی حیزبەکەمان بپارێزین ئەمە زۆر بیر کردنەوەیێکی قوڵە و ئەمە وادەگەیەنێ کە د. قاسملوو لە باوەڕەدا بووە جێگای قەبووڵ نییە کە حیزبیک دەیان ساڵ خەبات بکاو باشترین رۆڵکانی گیانی پاکیان ببەخشن بۆ لە ناوبردنی چەوسانەوەو ژێردەستی بەڵام لە لایەکیترەوە بە نادیار خەڵکی کوردستان بە نەبوونی هێزی باوەڕ بوون بە خۆ بێدەسەڵات و بەستراوە بێ. بۆیە دروشمی حیزبی دێموکرات لە بەستراوەیی بێزارە لێرە سەرچاوە دەگرێ.

ئاوارەکانی ئوردوگای رومادی دەبێ زۆر هەستی سەربەرزی بکەن و شانازی بە خۆیانەوە بکەن کە لە رۆژی تەنگانەدا بە هانای د. قاسملوو و حیزبەکەی رۆیشتن لەوکاتەدا ئاوارەکانی ئوردوگای رومادی هەر چەند لە ژیانێکی زۆر سەخت و دژوار دژیان و بە سەدان کیلومتر لە خاکی کوردستان دوور بوون بەڵام هەستی شۆڕشگێرانەیان و نیشتمان خۆشەویستیان هەر وا زیندوو مایەوە ئەوە لە کاتێک دا بوو کە شەهید د. قاسملوو لە ژیان دا مابوو ئاوارەکانی ئوردوگای رومادی هاواریان دەکرد بەڵێ بەڵێ قاسملوو، بەڵێ بەڵێ حیزبەکەی قاسملوو ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم خەڵکە تا چەندە هۆشیار بوون و ئەم ڕێبەرە بلیمەتیان ناسیوە! لە کاتی شەهید بوونیدا لە سەرتاسەری ئوردوگا کە ئەوکات نزیک بە پەنجا هەزار کەس دەبوون لە کەشو هەوایەکی بەعسی دیکتاتۆردا لە سەربانی ماڵەکان ئاڵای ڕەش هەڵکرا و یەک پارچە ئوردوگا ڕەشی پۆشی ودنیا بێ دەنگ و کڕو مات بوو وات دەزانی هەر ماڵەو گەورەترین کۆسی کەوتووە. مندالانی ئوردوگای رومادی سرودی ئەی مامۆستای مەزن وزانا ئەی ڕێبەری ناوداری کورد یان بە گوێی دۆست و دوژمندا چرپاند، ئێستاش کە ئەم خەڵکە نزیک بە سەد هەزار کەس دەبن لە پاریزگای کرماشان و باشووری کوردستان و وڵاتانی ئوروپا و ئوستراليا و کانەدا نیشتەجێن و ئەم خەڵکە لە رابووردوو و ئێستا و داهاتوو وەک قڵایەکی پۆلایەن بوون و هەن بۆ پارێزگاری لە بیرو ئەندیشەکانی د. قاسملوو و حیزبەکەی د. قاسملوو و ڕێبوارانو قوتابیانی بە وەفای د. قاسملوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

من پێم وایە نابێ و ناکرێ لە ولاتێکی ئازاد و دیموکراسی کە بە قەولی خۆیان لە ولاتی ئەوان کەس ناتوانێ ماڤی مرۆڤ ژێر پێ بکا هەر ئاوا بە ئاسانی ڕێبەرێکی مەزن بە شێوەیەکی تروریستی ئەوەش لە کاتی وتووێژی ئاشتی کە دنیا پەسەندە و ولاتە دیموکرات و ئازادەکان هەر دەم ئەیلێنەو کە ئەوان دژی توندووتیژین لە گەڵ چارەسەری ئاشتیانەن هیچ لیکۆڵینەوەیەک لەم کردەوە تروریستیە نەکرێ ئەو لەکاتێکدا کە یەکێک لە تروریستەکان بە یەقەی خوێنینەوە و بە ڕێزەوە ڕەوانەی لای ڕێژیمی تروریست پەروەریان کردەوە من ئەم بێ دەنگیە تا ئێستا بە گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتی دەزانم دژ بە نەتەوەی کورد ڕێبەری مەزنی ئەم نەتەوە.

هەر لەم دەرفەتە پێویستە یادی قوتابییەکی زۆر بە وەفای ڕێبازی د. قاسملوو و تێکۆشەرێکی ئیمان پۆلاین و شۆڕشگێڕیکی بە دڵ و گیان پارێزەری جولانەوەی رزگاری خوازی کوردستان کاک سەید سەلام عزیزی کە ١٢ ساڵ لە مەو بەر لە ٢٤ی پووشپەڕ کۆچی ناوەختی کرد و ماڵئاوایی یەکجاری لە هاوسەنگەرانی کرد بە داخەوە مەرگ موڵەتی پێ نەدا خزمەتی گەورەتر بە جولانەوە حەقخوازەکەی نەتەوەکەی بکا. یادی هەر وەها بەرز بێ و روحی پاکی شاد. کاک سەید سەلام عەزیزی جێگای تایبەتی لە دڵی ئاوارەکانی ئوردوگای رومادی هەیە هەر ئەم شۆڕشگێڕە بوو بە دەنگە هەست بزوێنەکەی بە کردارە گەرم و شۆڕشگێڕینەکەی شۆڕشێکی بەرپا کرد بۆ پشتیوانی لە د. قاسملوو و حیزبەکەی د. قاسملوو. ئەمرۆ بە چاوی خۆمان دەبینین کە حیزبەکەی د. قاسملوو لە ئاستێکی زۆر بەرز بەرەو سەرکەوتنی یەکجاری نزیک دەبێتەوە. رێژیمی مەرگ و ترور دواساتەکانی تەمنی پڕ لە جنایەت و بێزاری تێپەڕ دەکا.

لە کۆتایی دا ووتەیەکی بە نرخی شەهید د. شەرەفکەندی و بیر دێنمەوە کە ئەو کات لە رادیو دەنگی کوردستانی ئێران لە یەکەم پەیامی بەبۆنەی شەهید بوونی د. قاسملوو بۆ خەڵکی کوردستان و یەکەم دژکردەوەی دژ بە رێژیمی تروریست پەروەری کۆماری ئیسلامی فەرمووی ئێمە دەبێ ژیان و خەبات و تێکۆشانی د. قاسملوو بە خەتی زێرین بنووسینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠١١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڵگەیەکی ویکیلیکس لە مەڕ دیدارێك لە گەڵ دوکتور قاسملوو

**وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: حەسەنی قازی**

بەڵگەیەکی ویکیلیکس سەبارەت بە دیداری کاربەدەستێکی ئەمەریکایی لە گەڵ دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو ئەم بەڵگەیە لە ١ی سێپتامبری ٢٠١١دا لە لایەن ویکیلیکسەوە بڵاو کراوەتەوە ڕاپۆرت لە سەفارەتخانەی ئەمەریکا لە بەغداوە بۆ بەشی پێوەندیدار لە وەزارەتی دەرەوەڕاپۆرتی ژمارە: ٨٥٥ ٨٨ بەغدا بەرواری ناردنی ڕاپۆرت : ١٦ی فیڤریەی ١٩٨٨

**بابەت: بۆچوونەکانی ڕێبەری کوردی ئێرانی**

١- تەواوی دەقەکە نهێنییە

٢- کورتەی باس

٣- قاسملوو گوتی پێوەندیی لەگەڵ تاڵەبانی باشە، ئەگەر چی سیاسەتی قاسملوو بۆ بێلایەنیی تەواو لە نێوان تاڵەبانی و عێراقییەکاندا جارجار گرژی ساز دەکا. قاسملوو باوەڕی بە هەبوونی ئیئتیلاف و هاوکاری لە گەڵ گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکەی ئێرانی هەیە، بەڵام لەمەر ڕەجەوی کە ئەو وەک «ئاماتۆڕ» ناوی برد، پێدەچێ مەیلێکی ئاوای بۆ هاوکاری تێدا نەبێ. کردەوەی نیزامیی بەرتەنگی ڕەجەوی لە باکوور (ی عێراق) پێوەندیی نێوان قاسملوو و تاڵەبانیی ئاڵۆز کردوە و، ئێستا ڕەجەوی چالاکییەکانی بەرەو باشوور(ی عێراق) دەگوێزێتەوە، بەپێچەوانەی ڕەجەوی، قاسملوو هەمیشە خۆی لەوە دەپارێزێ لەگەڵ سەدام وێنەی لێهەڵبگیرێ. قاسملوو بارودۆخی کوردستانی ئێرانی بەئارام باس کرد،لەکاتێکدا پێی وابوو هەلومەرج لە کوردستانی عێراق لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا (لە ڕوانگەی دەستەڵاتی نێوەندی لە بەغداوە) «بە توندی بەرەو گرژی ڕۆیشتوە«. سیاسەتی وێرانکردنی گوندەکان کە عێراق بەڕێوەی دەبا بەو ڕادە بەربڵاوە هێشتا لە ئێران لاسای ناکرێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کۆتایی کورتەی باس

٤- دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرەی ساڵی ١٩٨٨ی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئێران (حدکا)، سکرتێری گشتی عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە چیاکان هاتە خوارێ بۆ ئەوەی لە ١٠ ی فێڤرییە چاوی بە سەدام حوسێن بکەوێ. کاتێک قاسملوو دێ بۆ بەغدا لەبەر هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە کوردی ئێرانی لەسوێد و فەڕانسە بەئاسایی پێوەندی بە سەفیرەکانی سوێد و فەڕانسەوەش دەکا، ئەو هەر پێنج تا حەوت مانگ جارێک سەر لە بەغدا دەدا. سەرۆکی سیاسی ( مەبەست لەو کاربەدەستە ئەمەریکایییەیە کە ئەم ڕاپۆرتەی نووسیوە) داوای لە سەفیری سوێد تۆرەن کرد چاوی بە قاسملوو بکەوێ و ئەویش لە ١٢ی مانگی فێڤرییە میوانییەکی ساز کرد بە سفرە وخوانی نیوەڕۆ کە ٦ سەعاتی پێچوو. قاسملوو هەتا بڵێی کەسێکی کراوە، مووقەڵێش و، خۆشبەیانە، تەنانەت بە زمانی ئینگلیسش کە تەنێ یەک لەو شەش زمانانەیە کە باشیان دەزانێ (بە دوای کوردی، فارسی، عەرەبی، فەڕانسەیی، و چێکیدا (دیارە ئەو گوزارشتنووسە، ترکی ئازەری و برێک ئاسۆری لە بیر کردوە). لەو میوانییەدا دوکتور قاسملوو بەڕێوەبەرانی دەفتەرەکانی حدکای لە پاریس، ستۆکهۆڵم و بەغداش لە گەڵ بوو (عەبدوڵا قادری، ئیبراهیمی جۆرابچی نووسەر پاشنێوی خودالێخۆشبوو جۆرابچی بە هەڵە نووسیوە (جورابسکا) و سەلام عەزیزی.

## داوخوازی پشتیوانی مەعنەوی

٥- قاسملوو داوخوازییەکی پتەوی کرد بۆ «پشتیوانیی مەعنەوی و سیاسیی» ئەمەریکا. ئەو دەستنیشانی کرد سیاسەتی حدکا هەمیشە بریتی بووە لە دژایەتیی توند بە دژی تیرۆریزم و خەڵک بەبارمتەگرتن و نوسخەی بابەتێکی دا بەسەرۆکی سیاسی کە ئەو لەو دواییانەدا (بە ڕێگای نوێنەرێکەوە) لەسیمپۆزیۆمێک لەپاریس پێشکێشی کردبوو لەمەڕ تیرۆریزم و لەو نووسینەدا دژایەتیی کردوە لەگەڵ تیرۆریزم وەکوو ئامرازێکی خەباتی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە شۆڕشگێڕییەکان. ئەو گوتی زۆری پێسەیرە سەرۆککۆماری دەوڵەتە یەکگرتووەکان کاتی داوە بۆ چاوپێکەوتنی «کۆمەڵێکی دواکەتووی کەللەکۆنی بنچینەگری ئەفغانی»، لەکاتێکدا هیچ سەرنجێک ناداتە سەر «گرووپە دیمۆکراتە ڕاستەقینەکان» کە لە پێناو «مافە مرۆییە ناسراوەکانی جیهانی» دا شەڕ دەکەن.

٦- سەرۆکی سیاسی بە نۆرەی خۆی ڕایگەیاند لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بیروڕای گشتی هەستی هاوپێوەندییان تێدایە لە گەڵ بارودۆخی کورد بەڵام لە مەڕ ئەو هەلومەرجە زۆر نازانن. ڕەنگە کارێکی باش بێ ئەگەر قاسملوو هەوڵ لە گەڵ ڕۆژنامەنووسان بدا لەو بارەیەوە بنووسن. قاسملوو گوتی ئەوە یەک لەو شتانەیە کە کردوویەتی و ئەم جارەی کە لە بەغدایە حەوڵ دەدا ڤیزا وەربگرێ بۆ هەواڵنووسی واشنگتۆن پۆست لەپاریس جاناتان ڕانداڵ (بۆ سەردانی کوردستان). قاسملوو گوتی ڕانداڵ ئێستا خەریکە کتێبێک لەسەر کوردەکان دەنووسێ و بۆ ئەو کارەی چاوپێکەوتنێکی ١٤ سەعاتەی لە گەڵ قاسملوو کردوە. (کتێبی جاناتان ڕانداڵ: «دوای ئەو زانیارییە، چ لێبووردنێک» کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و فارسییش یەکێک لە باشترین کتێبە ڕۆژنامەنووسییەکانە کە لەو ساڵانەی دواییدا سەبارەت بەکوردان نووسرابێ. تێبینی وەرگێڕی کوردی). قاسملوو زۆر لەوە بە داخ بوو کە «سۆڤییەتییەکان هەمیشە وای دەبینن کە حدکا لەلایەن ئەمەریکاوە پشتیوانیی لێدەکرێ و ئەمەریکاییەکانیش هەمیشە گومانی ئەوەیان هەیە کە سۆڤییەت پشتیوانی لە حدکا بکا» لەکاتێکدا حدکا هیچ دۆستی نیە. «دۆستی ئێمە چیاکانن.»

## بارمتە ئیتالیایی یەکان

٧- قاسملوو پێی لێنا کە تازە چاوی بە سەفیری ئیتالیا لە بەغدا، تۆسکانۆ کەوتوە و بەڵێنی پێداوە ئەوەی لە توانایدا بێ دەیکا بۆ ئەو سێ ئیتالیاییەی لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ینک)ی تاڵەبانییەوە ڕفێندراون. ئەو گوتی لە ڕابردووشدا جاروبار لە مەڕ ڕووداوی ئەوتۆ خۆی تێوە گلاندوە و لەوەدا سەر کەوتوە تاڵەبانی پێمل بکا بۆ بەردانی بەبارمتەگیراوان و، ئەو «بەتەواوی دڵنیایە« کە دیسان ئەوجاریش لەو حەولەی خۆیدا سەرکەوتوو دەبێ.( ئەمن وای لێ تێگەیشتم کە ئەوە هەوەڵ جارە ئیتالیاییەکان ڕوویان لێ ناوە و وابزانم پێشتر ئەو هیچ حەوڵیکی نەداوە بۆ ئازادیی ئەو خەڵکە مەدەنییانە.) قاسملوو بێزاریی خۆی پێ وەنەشێرا لەوەی کە ئامادەیی دەستەکانی دیکە بۆ بەکارهێنانی تێرۆریزم هەمیشە سەرنجێکی زۆر زیاتری دەدرێتە سەر تا حدکا، سەرەڕای ئەوەی کە حدکا «ڕێکخستنێکی زۆرجەماوەریتر و پتەوترە«.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێگەی پشتیوانیی حدکا

٨- قاسملوو گوتی ١٢ - ١٠ هەزار شەڕکەری چالاکی هەیە و لە بەر نەبوونی دەرەتانی لۆجیستیکی «ناتوانێ لەو ژمارەیە زیاتر بحاوێنێتەوە« بەڵام هەر کاتێک پێویست بێ دەتوانێ «چەندین هەزارکەس» زیاتر لەو ژمارەیە وەگەڕ بخا. ئەو ئیددیعا دەکا لەنێو کوردە ئێرانییەکاندا هیچ هێزێک نیە کە بتوانێ رقەبەری ڕاستەقینەی لەگەڵ بکا.

(« ٨٠لە سەدی خەڵک لە پشتمن») و گاڵتەی بە بارودۆخی عێراق کرد: (لە ئێرانێ هیچ شتێک وەک ئەوە نیە کە تەها محیدین یێک (کوردە) « جێگری سەرۆککۆمار بێ یان کوردی ئاوای کە پلەی وەزارەتیان هەبێ. هەر وەها ئەو ژمارە زۆرە «جاش» ەش کە لێرە هەیە لەوێ نیە (جاش زاراوەیەکی نەرێنییە بۆ ئەو هێزە عەشیرەتییە کوردانەی کە دراو لە دەستەڵاتی نێوەندی وەردەگرن و بە دژی کوردان شەڕ دەکەن).

٩- قاسملوو لە داوخوازەکەی لە ئەمەریکا «بۆ پشتیوانیی مەعنەوی و سیاسی» جەختی کردەوە کە ئەو داوای دراو یان چەک و چۆڵ ناکا.» هەڵبەت مرۆ هەمیشە هەبوونی شتی زۆرتری پێخۆشە، بەڵام ئێمە زۆرمان هەیە.» ئەو دەڵێ حدکا توانیویەتە، بەدرێژایی ساڵان دەست بە سەر چەکێکی زۆری ئەرتەش و سپای پاسدارانی ئێراندا بگرێ. ئەو پێی خۆش نەبوو باسی سەرچاوە داراییەکانی خۆی بکا، بەڵام بە دەم قسەکردنمانەوە بۆم ڕوون بووەوە هەم حدکا و هەم یێنک تا ڕادەیەکی زۆر بەڕێگای وەرگرتنی بارانە لە ماڵی قاچاغ بەڕێچوونی خۆیان دابین دەکەن.

قاسملوو گوتی ئەوان «تەنێ» سێلەسەد بارانە وەردەگرن لەو کەلوپەلەی لە عێراقەوە دەبردرێ بۆ ئێران لەئاست ئەو لەسەدابیستەی کە لەلایەن تاڵەبانییەوە وەردەگیرێ. نموونەی ئەو جۆرە کەلوپەلەی دەچێتە ئێران لەوانە ویسکی و ڤیدیۆیە و ئەو کەلوپەلەی دەچێ بۆ عێراق مافوورە و پستەیە. پێشتر چا لە عێراقەوە دەهات و شەکر لە ئێرانەوە، بەڵام لەو دواییانەدا هەم چا و هەم شەکر لە عێراقەوە دەبردرێ بۆ ئێران. قاسملوو گوتی لەو دواییانەدا پرسیاری لە تاڵەبانی کردوە کە لە ڕووی داراییەوە چەند دەتوانێ بەرگە بگرێ بێتو لە پڕ سەرچاوەی دراوی وشک هەڵێ و تاڵەبانی وەڵامی داوەتەوە« دوو مانگ»، لەکاتێکدا قاسملوو ئیددیعا دەکا ئەو بەلانی کەمەوە «بۆ ماوەی دوو ساڵ» هیچ دژوارییەکی نابێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٠- قاسملوو بارودۆخی کوردستانی ئێرانی بە «ئارام» لە قەڵەم دا،لە سەردەمی دوای ساڵی ١٩٨٠، واتە ئەو کاتەی کە حدکا کۆنترۆڵی خۆی بەسەر شارەکاندا لەکیس دا و تاکتیکی شەڕی خۆی لە شەڕی بەرەیییەوە گۆڕی بە شەڕی پارتیزانی. ئێستا ئێرانییەکان شارەکان کۆنترۆڵ دەکەن بەڵام کۆنترۆڵی جادە سەرەکییەکانی دەرەوەی شاران تەنێ لە سەعات ٨ی بەیانییەوە تا پێنجی ئێوارێ بە دەست وانە، شەوانە کۆنترۆڵی جادەکان دەکەوێتەوە دەست حدکا. قاسملوو گوتی سەبارەت بەداهاتوو «خۆشبین»ە، چونکە پشتیوانیلێکردنی لە کوردستانی ئێران زۆر پتەوە. ئەو گوتی ئامادەیە تا ٢٥ ساڵ لە شاخەکان هەڵبکا، بەڵام ئەگەر بەو زووانە خومەینی بمرێ» لەوانەیە بشێوێنییەکی زۆر لەتاران ساز بێ و، چلۆنایەتیی ئابووریی ئێران زۆر شپرێوە. کاتێک لێمپرسی ئەو یان تاڵەبانی و بارزانی سەرزەوییەکی زۆرتریان لە ژێر کۆنترۆڵدایە قاسملوو وەڵامی داوە سێ ساڵ لەمەوپێش ئەو ناوچەی زیاتری لەژێر دەستەڵاتدا بوو، بەڵام ئێستا کوردە عێراقییەکان ناوچەی زیاتر کۆنترۆڵ دەکەن. گوتیشی ئەوە لەبەر ئەوە نیە ئەو وەزعی خراپ بووبێ - بە پێچەوانە وەزعی زۆر باشیشە - بەڵام زیاتر هۆی ئەوەیە بارودۆخی ڕێژیمی بەغدا لە کوردستانی عێراق لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا «بە توندی بەرەو خراپی» چووە. قاسملوو دەڵێ ئەو چەند ساڵ لەوەپێش دەورێکی سەرەکیی گێڕا بۆ ئەوەی تاڵەبانی و سەددام بۆ ماوەیەکی درێژ شەڕ ڕاگرن و بەیەکەوە وتووێژ بکەن، بەڵام ئەو وتووێژانە بە هیچ کوێ نەگەیشتن.

## ناچار بوو مەقەری سەرکردایەتی ڕاگوێزێ

١١- قاسملوو پێی لێدەنێ ئەو بەو دواییانە ناچار بووە مەقەری سەرکردایەتیی خۆی لە بەر بۆمبارانی خەستی ئێرانییەکان ڕاگوێزێ. شوێنی پێشووی سەرکردایەتی - ئەو لە سەر نەخشەیەک کە بەداخەوە زۆر ڕوون و ورد نەبوو نیشانی دام - وێدەچێ لەنیزیک زێی پچووک

بووبێ لەوجێیەی کە بەرەو عێراق لووزەو دەبەستێ (بە تەخمین ٣٦٠١ دەرجەی باکووری، ٤٥٢٠ دەرجەی ڕۆژهەڵاتی). ئەو لەوێندەرێ نەخۆشخانەیەکی گەورەشی هەبووە کە هەموو مانگێک دوکتورانی فەرانسەیی بە نۆرە کاریان تێدا دەکرد وحدکا زۆر جار تووشی هەلومەرجی نائاسایی دەهات و دەبوو لەوێ هاوکات هەم


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بریندارەکانی تاڵەبانی و هەم ئی ئەرتەشی عێراق وەربگرێ. شوێنی نەخۆشخانەکە ئیدی نەدەپارێزرا چونکە ئەرتەشی ئێران لە لای ڕۆژهەڵات و ئەرتەشی عێراق لەلای ڕۆژئاواوە لێی نیزیک کەوتبوونەوە و هێزەکانی تاڵەبانییش لەپشتەوەی ئەرتەشی عێراق بەرەو ڕۆژئاواتر دامەزرابوون «هەموو کەس هەمووکەسی تۆپباران دەکرد.» ئێستا ئەو گوێستوویەتەوە شوێنێک کە نیزیکەی ٣٥ کیلۆمیتر بەرەو باکوورە (بە تەخمین ٣٦٢٠ دەرجەی باکووری ، ٤٥١٥ دەرەجەی ڕۆژهەڵاتی)، دیسان ڕاست لە سەر سنووری ئێران، جا بۆیە قاسملوو دەڵێ زۆربەی کات لەنێو خاکی ئێراندایە، بەڵام ئێرە شوێنێکە کە ئەرتەشی عێراقیش هێندێک بەرەو ڕۆژئاواتر لێی دامەزراوە. کەوابوو، وا وەبەرچاو دێ ئێستا مەقەری سەرکردایەتی‌یەکەی لە شوێنێک بێ کە ئی هیچ کەس نیە و لەوێ حدکا بە تەواوی دەستی دەڕوا. قاسملوو دەڵێ لەو شوێنە نەخۆشخانەکەی دروست کردووەتەوە و دوکتورە فەڕانسەیی‌یەکان بەردەوامن لە سەر هاتنیان بۆ ئەوێ.

١٢- قاسملوو سەبارەت بە شەڕی ماوەت لەسەر چۆمی جۆگەسوور کە لە لای خوارووی مەقەری پێشووی سەرکردایەتیی وی هەڵکەوتوە گوتی، ئامانجی ئێرانی‌یەکان ئەوەیە کە ڕێگای بەرەو ڕۆژهەڵات - ڕۆژئاوا بۆ تاڵەبانی بکەنەوە. ئەو لێی زیاد کرد بنکەی سەرکردایەتیی تاڵەبانی، لەڕۆژهەڵاتی خوارووی ماوەت هەڵکەوتوە (شوێنێک بە تەخمین لە دۆڵی چۆمی شلێردا کە لە خوارووی ماوەت لە گەڵ جۆگەسوور تێکەڵ دەبێتەوە، نیزیکەی ٣٥٤٧ دەرەجەی باکووری، ٤٥٤٠ دەرەجەی ڕۆژهەڵاتی). ئێرانی‌یەکان ئەو بەرزایی‌یانەیان بەدەستەوەیە کە بەلای ڕۆژهەڵاتەوە دەڕواننە ماوەت، عێراقی‌یەکانیش کۆنترۆلی تەپۆلکەکانی ڕۆژئاوای باشووری ماوەتیان بەدەستەوەیە و، لەوێ شەڕی زۆر ڕووی داوە و هەر وەها لە چیایەکی ڕۆژئاوای ماوەت کە بەشێکی لە بن کۆنترۆڵی ئێرانی‌یەکان دایە. هەر ئەو ڕۆژە سەر لە بەیانی قاسملوو لە بنکەی سەرکردایەتی‌یەکەیەوە تەلەفۆنی بۆ کرابوو کە عێراقی‌یەکان هەر ئێستا دەستیان کردوە بەهێرشێکی تازە بۆ سەر سەنگەری ئێرانی‌یەکان لەڕۆژئاوای ماوەت. بەقسەی قاسملوو ماوەت بۆ خۆی، وەک «پێنجوێن» بەتەواوی چۆڵ کراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێوەندی لەگەڵ تاڵەبانی

١٣- قاسملوو دەڵێ ئەو «دۆستێکی زۆر چاکی» تاڵەبانی‌یە. لەو دوایی‌یانەدا داوای لە تاڵەبانی کرد هێندێک خاویاری دەریای خەزەری بۆ بێنێ و کاتێک تاڵەبانی ئەوەی بۆ هێنا بەشۆخی بە قاسملووی گوت بۆ ئەوەی بتوانێ خاویارێکی زیاتر لەوەی ئێستا کە بەشێوەی ئاسایی ئیزن دەدرێ وەدەست بهێنێ دەبوو بە ڕێگای کاناڵی تایبەتی‌یەوە ئەوە جێبەجێ بکا و ئەگەر دەستەڵاتدارانی ئێرانی زانیبایان ئەو خاویارە بۆ کێیە«جەڵتە لێی دەدان». قاسملوو پێی لێ‌نا دیارە جاری وا هەیە زۆر بابەتی ناسک دێتە گۆڕێ. بۆ وێنە، بەو زووانە ٥٢ عەسکەری عێراقی، کە شەش ئەفسەریان لەنێودا بووە، دالّدە دەهێننە بەر حدکا و تاڵەبانی داوایان لێ‌دەکا ئەو عێراقی‌یانە بدرێن بەو. قرە لە سەر ئەو بابەتە دوو حەوتووی پێ‌دەچێ بەڵام قاسملوو پێکێشی دەکا کە حدکا بە گردبڕی لە هەموو کاروبارێکی نێوان عێراقی‌یەکان و کوردەکان «لایەک ناگرێ» و، دوا جار عەسکەرەکان و ئەفسەرەکان ڕادەستی ئەرتەشی عێراق دەکاتەوە. قاسملوو لە قسەکانی‌دا لەکاتێکدا بە شێوەیەکی چاوڕاکێش کراوە بوو، بەڵام حەولیشی دەدا ئەو وشانەی دەکاریان دەکا ورد بن و، هیچ ئامادە نەبوو باسی پێوەندی‌یەکانی خۆی لە گەڵ مەسعوود بارزانی بکا، هەر ئەوەندە نەبێ بەتانەوە ئەو بیرەی بەرپەرچ دەداوە کە «پدک»ی بارزانی‌یەکان قەت «پارتی‌یەکی ڕاستەقینە« بووبێ. «ئەوان تەنێ عەشیرەتێکن.»

## سەدام بەرپرسیارە

١٤- قاسملوو چ بڕ مەیلی ئەوەی تێدا نەبوو باسی دیداری خۆی لەگەڵ سەددام بکا، یان تەنانەت ڕاستەوخۆ پێی لێ‌بنێ کە دیدارێکی ئاوا هەر کرابێش (ئەگەرچی لەدیداری تایبەتی لە گەڵ سەفیری سوێددا زۆر ڕەپ و ڕووتر قسەی کردبوو)، لە قسەکانی‌دا ئەو مەتۆڵەکە فارسی‌یەی بە شاهید هێناوە کە دەڵێ: «ئەگەر بتوانی خودای ببینی ئیدی هیچ پێویست ناکا بۆ هاتنەڕەدایێ لە گەڵ یەکێک لە دوازدە ئیمامەکان خۆت سەغلەت کەی. «قاسملوو گوتی بە پێچەوانەی ڕێبەری موجاهیدینی خەڵق ڕەجەوی،»ئەو بە گردبڕی هیچ پێی خۆش نیە« لە گەڵ سەددام وێنەی لێ‌هەڵبگیرێ یان هیچ بانگەشە و تەبلیغات سەبارەت بەسەفەری بۆ بەغدا بکرێ، چ دەگا بە دیداری سەددام. «کاری ئاوا وەنەبێ لە ئێران زۆر بە دلێ خەڵک بێ.»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێک سەرۆکی سیاسی پێکێشیی لێکرد کە پێی بڵێ لە نێو عێراقییەکاندا کێ بەرپرسی کاروباری لەمەڕ کوردەکانە، قاسملوو وەڵامی داوە سەددام. ئەو بەرپرسیاری هەموو شتێکە. ئەو درێژەی پێدا و گوتی: ئەوە بە جێی خۆی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانە سێ کەسی گرنگ لە عێراق هەن: سەددام، (عەدنان خەیروڵا، وەزیری بەرگری، ئامۆزا (خاڵۆزا دروستە) و ئاواڵ زاوا (ژنبرا دروستەی سەدام)، کە بەرپرسیاری باشوورە؛ و عەلی حەسەن ئەلمەجید زڕبرا (ئامۆزا دروستە)ی سەددام کە بەرپرسی باکوورە. لەگەڵ ئەوەشدا، قاسملوو گوتی ئەو زۆر کەم چاوی بە عەلی حەسەن کەوتوە. بەڕواڵەت لەبەر ئەوەی ئەو بەبینینی «خودا» پێویستی بە کەسی دی نیە.

## تێکدانی لادێکان

١٥- سەرۆکی سیاسی کاردانەوەی قاسملووی پرسی سەبارەت بە کردەوەی ڕووخاندنی لادێ کوردییەکان لە لایەن عێراقەوە. قاسملوو گوتی «زۆربە«ی گوندەکان تێک ڕووخێندراون ، بەڵام وێدەچوو سۆز نەیگرێ کاتێک باسی ئەوەی دەکرد. سەرۆکی سیاسی لێیپرسی داخودا ئەو کردەوەیە دەرئەنجامی بووەتە هۆی زیادبوونی ژمارەی پێشمەرگە و پەنابەران. ئەو وەڵامی داوە تێکدانی گوندەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بووەتە هۆی زیادبوونی ژمارەی پێشمەرگە بەڵام نە ئەو و نە تاڵەبانی پەنابەرەکانیان هان نەداوە کە بچنە نێو خاکی ئەوانەوە، ئەوەش لە بەر دژوارییەکی زۆری کە بۆ ناندان و ئاگاداریکردن لەخەڵک هەیە. ئاکامی ئاشکرای کەمپەینی ڕووخاندنی گوندەکانی عێراق بە بۆچوونی قاسملوو، تێکدان و نەهێشتنی نیزیک بەتەواوی شێوەژیانی کشتوکاڵیی کوردەکانی عێراقە. پیاوی کورد لە عێراق تەنێ دوو ڕێگایان لەبەرە، یان بچنە شارەکان یان ئەوەی لەو نێوەندە موجەممەعە تازە دروستکراوانەدا بژین کە لەوێش تەنیا شتێکی کە بتوانن پێی بژین «جاشایەتی» یە. قاسملوو گوتی ئێرانییەکان تا ئێستا لە کۆی زیاتر لە حەوت هەزار گوند لە کوردستانی ئێران هەر ٢٥ گوندیان ڕووخاندوە (و ئەو دەڵێ کە حەشیمەتی کورد لە ئێران حەوت میلیۆنە). قاسملوو گوتی دیارە هەر لایەک دەیەوێ خوو و خدەی خراپ لەلایەکەی دیکە فێر بێ. ئەو گوتی یەکێک لە خووە خراپەکانی ئێرانییەکان بەکارهێنانی چەکی کیمیاییە، هەر دووک لا بەکاری دەهێنن، ئەگەرچی عێراقییەکان زۆر زیاتری بەکار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەهێنن. سەرۆکی سیاسی پرسیاری لێکرد بە لەبەرچاوگرتنی تەبیعەتی ڕووت و قووتی زۆربەی کوردستان، داخوا هێرشی هیلیکۆپتێران و هێرشی هەوایی دیکە کێشەیەکی جیددی بۆ هێزی پێشمەرگە ساز ناکا، قاسملوو گوتی نە ئێمە و نە کوردەکانی عێراق زۆر لە هیلیکۆپتێران نیگەران نیین. دەتوانین خۆمان لە ئاست ئەوان بپارێزین، بەڵام تۆپخانە موشکیلەیەکی جیددی‌یە بۆ ئێمە. دیارە چەکی کیمیاییش کێشەیەکە.

## بۆچوونی کوردەکان سەبارەت بە عێراق

١٦- قاسملوو وەنەبێ سەری قسەکانی لە دەست دەربچێ و ڕەخنە لە عێراق بگرێ، بەڵام دیارە ئەو خۆی پێ ڕانەدەگیرا کە بەقسەی تیژ بە ئاشکرایی نەفرەت و بێزاریی خۆی لە عەرەبان و ڕێژیمی عێراق نیشان نەدا، ئەو بەتایبەتی گوتی، بەغدای یەکجار زۆر پێناخۆشە و ئەگەر بەگردبڕی پێویست نەبێ پێی تێنانێ. ئەو بە نابەدڵی پێی لێنا کە ئێران کۆمەڵەیەکی زۆر لە گۆڕانهاتووتر و دینامیکترە لەعێراق. بە حەسرەتەوە گوتی:» بەڵێ لە ورمێ خەڵک دەتوانن هەر کاتێک بیانەوێ دەست بدەنە تەلەفون و تەلەفۆن بکەن بۆ دەوڵەتە یەکگرتووەکان و، ئەوان ئازادن بۆ سەفەرکردن بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵام بە دوای ئەوەدا بە خێرایی دایگرتەوە لە چاو ئێران لە عێراق دەستتێوەردانێکی زۆر کەمتر هەیە لە ئەخلاقیاتی تایبەتیی خەڵکدا و عێراق زۆر «کراوەترە بۆ بیروڕای مۆدێرن»، ئەو گوتی نەفرەتی لە شا کردوە،» بەڵام خومەینی زۆر لە شا خراپترە. قاسملوو لە ساڵی ١٩٧٩دا دوو جار چاوی بە خومەینی کەوتوە و بە شێوەی بێشەرمانە درۆی لەگەڵ کراوە ، قاسملوو بەردەوام بوو لە سەر ئەوەی دەرسێکمان پێبڵێ سەبارەت بە عادەتی «تەقیە« لە نێو شیعەدا (بریتی‌یە لە درۆ و تەفرەدان بۆ خزمەت بە مەبەستێکی بەرزتر) وەکوو بەشێکی جیانەکراوە لە کەسایەتیی شیعە. سەرۆکی سیاسی بە نۆرەی خۆی ڕایگەیاند کە ئێمە خۆشمان لە دواییانەدا چەند دەرسێک سەبارەت بەو بابەتە فێر بووین.

## ڕەجەوی

١٧- قاسملوو ڕایگەیاند حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێویستیی بە هاوپەیمانی لە گەڵ گرووپەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران هەیە، چونکە ئاشکرایە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە تەنێ بە سەری خۆی ناتوانێ ڕێژیم بڕووخێنێ. ئەو پەژراندی کە ڕێژیمی ئێران پشتیوانی‌یەکی بەربڵاوی لێدەکرێ («بە سەدان هەزار ئاخوند کە بە تێکقرمانی ڕێژیم بژیوی خۆیان لە مەترسی‌دا دەبینن») و ڕووخاندنی وەنەبێ کارێکی هاسان بێ. سەرۆکی سیاسی پرسیاری ئەوەی لێکرد داخوا ئەگەری هاوپەیمانی لە گەڵ ڕەجەوی هەیە،چونکە هەرچۆنێک بێ، قسەی ئاوا هەیە کە ئەو لە باکووری عێراق عەمەلییاتی نیزامی کردوە. قاسملوو ڕەجەویی وەک «ئاماتۆر»ێک نێوزەد کرد «کە بەوپەڕی‌یەوە« ۱۲۰۰ شەڕوانی هەیە، بەڵام ماشێنێکی پڕوپاگاندەی زۆر باشی هەیە. ئەو گوتی ڕەجەوی لە باکوور حەولی چەند کردەوەیەکی دابوو، بەڵام بە پێچەوانەی حدکا موجاهیدینی خەلق «لە ئێران هیچ پێگەیەکی واقیعیی هێزیان نیە«. قاسملوو جەختی کردەوە « لەڕاستی‌دا، لە نێو گشت گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکان‌دا، «تەنێ حیزبەکەی من خاوەنی هێزی گرنگە لە نێوخۆی ئێران‌دا.» قاسملوو گوتی کردەوەکانی ئەو دوایی‌یانەی ڕەجەوی لە باکوور کێشەی بۆ حدکا ساز کردوە، چونکە جاروبار لەگەڵ هێزەکانی تاڵەبانی تێکهەڵچووە. قاسملوو گوتی لەوەودوا ئیدی ڕەجەوی لە باکوورەوە عەمەلییات ناکا و ئێستا گوێستوویەتەوە بۆ باشوور. ئەو گوتی «بە ڕواڵەت ڕەجەوی پێی خۆش نیە لەگەڵ هیچ هاوپەیمانی‌یەک بکەوێ.» «ڕەجەوی خەیاڵی گەورەی لە مێشکی‌دایە، پێی وایە لە وزەی‌دایە گشتی بە سەری خۆی پێک بهێنێ.»

## کۆنگرەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران

۱۸- لەو نێوەدا، نوێنەری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران لە پاریس (کە بڕیارە لە گەڵ هاوڕێیەکەی ستۆکهۆڵمی لە ۱۵ی فێڤرییە بگەڕێنەوە ئوڕووپا) گوتی «نیزیکەی ۲۰۰ نوێنەری حیزب لە کۆنگرەدا بەشدار بوون و ئەو کۆنگرەیە لە بنکەی نوێی سەرکردایەتی بەڕێوە چووە. پێشتر هەمیشە کۆنگرەکانی حیزب بە دووساڵ جارێک دەگیران، بەڵام لەبەر ئەو دژواری‌یانەی کە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزب لە گەڵی ڕووبەڕوون بۆ سەفەرکردن لە بەشە دوورەکانی کوردستانی ئێران و پەڕینەوەیان لە سنوور بۆ ئەوەی بگەنە بنکەی سەرکردایەتی لە عێراق ئێستا بڕیار دراوە کە کۆنگرەی داهاتوو تا سێ ساڵی دیکە نەبەسترێ. قاسملوو لەکاتێک‌دا لەسەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەبیعەتی دیموکراتیکی حیزبەکەی و سیاسەتەکانی پێداگریی دەکرد و دووپاتەی دەکردەوە(و شیی‌کردەوە کە مەبەستی لە «دیموکراتیک» بەمانا ڕۆژئاواییەکەیەتی نەک ڕۆژهەڵاتی‌یەکەی) ئەوەشی دەپەژراند کە هیچ ڕقەبەرێکی نەبووە بۆ پلەی سیکرتێری گشتی.

سەرۆکی سیاسی پرسیاری کرد داخوا هیچ لە نوێنەرانی حدکا لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە لە کۆنگرەدا بەشدار بوون، وەڵامی ئەوە بوو بەڵێ ئەوان لە کۆنگرەکانی پێشووتردا بەشدار بوون، بەڵام هیچیان نەهاتن بۆ ئەم کۆنگرەیە.

## کۆمەڵە

١٩- سەفیری سوید واقوڕمانی خۆی لەوە نیشان دا کە دوو حەوتوو لەمەوبەر ڤیزایەکی توریستیی بۆ سەردانی سویدی داوە بە کەسایەتی‌یەکی هەڵکەوتووی کوردی ئێرانی، شێخ عێزەدینی حوسێنی، و ئێستا ئەو (لەوێ) داوای پەنابەری دەکا. ئەو ڤیزایە لە سەر بانگەوازی زاواکەی، بەنێوی شەمسی دەرکراوە، کە نوێنەری کۆمەڵەیە لەبەغدا (گرووپێکی پچووکی مارکسیستی کوردی ئێرانی). قاسملوو گوتی شێخ حوسێنی گرینگی‌یەکی ئایینی ئەوتۆی نیە و کۆمەڵەش زۆر گرنگ نیە.

٢٠- قاسملوو لە ساڵی ١٩٣٠ هاتووەتە دنیاوە. لە سەرەتاوە لە ورمێ خوێندوویەو دواتر لە کالیجی ئەمەریکایی لە تاران درێژەی بەخوێندن داوە. ئەو لەپاریس دەستی بە خوێندنی زانکۆ کرد، بەڵام لە بەر چالاکیی شۆڕشگێڕانە لە دژی ئێران دەر کرا. لە زانکۆی پڕاگ بورسێکی وەدەست هێنا، و دواتر بۆ ماوەی بیست ساڵ لە پڕاگ مامۆستای ئابووری بوو. کاتێک سۆڤیێتی‌یەکان لە ساڵی ١٩٦٨ هێرشیان کردە وێندرێ ئەوێی بەجێ هێشت. تا ساڵی ١٩٧٠ هەر لە هاتوچوودا بوو و لەو ساڵەدا وەکوو ئابووری‌زانێک لە وەزارەتی تەختیت لە بەغدا دامەزرا و دەڵێ لەو ماوەیەدا پلانێکی ئابووریی هەموولایەنەی سەرەکیی بۆ عێراق نووسیوە. باڵای مامنێونجی‌یە و لاوازە، مووی ماش‌وبرینجی بووە بەڵام وەک لاوێک چوست‌وچالاکە. ئەو نەقڵی خۆش دەگێڕێتەوە وهەمیشە قسەکانی تیکەڵاو دەکا بەنوکتەی خۆش.

سەرچاوە: وێبلاگی ڕوانگە - ڕێکەوتی: ٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بابەتی ساڵی: ٢٠١٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو ڕێبەرێکی پێشەنگ بۆ هەموو نەوەکان

**شەریف فەلاح**

لەناو هەر نەتەوە و گەل و وڵات و لە هەر قۆناغ و زەمەنێکدا بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کەسایەتییەک بتوانێ بە هزر و ئەندێشەی هاوچەرخەوە کەش و دۆخێکی وا بخولقێنێ و بیرۆکەی سەردەمیانە و دوارۆژبین بێنێتە ئاراوە کە بۆ هەموو سەردەمەکان و بۆ هەموو نەوەکان کاریگەر بێت. هەر مرۆڤێک ڕۆڵەی سەردەمی خۆیەتی و تەنیا بۆ ئەو سەردەمە و ژینگەی دەوروبەری خۆی و لەوانەیە دوو نەوە دوای خۆی بتوانێ داهێنان بخولقێنی، بەڵام مرۆڤە هەڵکەوتە و بلیمەتەکان، ئەو کەسانەی ئەندێشەی ئازادیخوازی و ڕزگاریی مرۆڤیان کردۆتە ئامانج، دەگمەنن و کاریگەری و شوێن پەنجە و شەقڵی بیروباوەڕیان بۆ هەتا هەتایە دەمێنێ.

شەهید دوکتۆر قاسملوو لەو دەگمەن ڕێبەرانەی هاوچەرخی کوردە کە بە هزر و جیهانبینییەکی مرۆڤ تەوەرانە و ڕچەشکێن توانی هەم لەناو نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆی و لە چەقی خەباتی دێمۆکراتیکی کورددا توانی نوێگەرایی و داهێنان بخولقێنێ و پێکهاتەیەکی هاوچەرخ و مەدەنیانە لە حیزبایەتی لە چوارچێوەی بزووتنەوەدا بێتە ئاراوە و هەم لە ئاستی نێودەوڵەتی و پرسە سیاسی و دیپلۆماسیەکانیشدا هەڵگری پەیامی ئینسانی، ئاشتی و سەقامیگریی دونیاریەکی بەدەر لە توندوتیژی بوو. پەیام و ئەندێشە هاوچەرخەکانی دوکتۆر قاسملوو توانیان سیما و پێناسەیەکی تر لە ناوەرۆکی خەباتی سیاسی و نیشتمانیی کورد بۆ جیهانی دەرەوە بخەنە ڕوو.

جیهانێک کە پێشتر بە تێڕوانین و نیگایەکی دیکەوە لە کورد و خەباتە ڕەواکەی دەڕوانی، دوکتور قاسملوو توانی ئەو شقڵە بشکێنێ و هەنگاوێک هەڵبگرێت و لەڕاستای بە نێودەوڵەتی کردنی پرس و کێشەی سیاسیی کوردا هەنگاوی بەکردەوە و بنەڕەتی هەڵبگرێت. زانیاری و وشیاریی ئەو مرۆڤە بلیمەتە و خوێندنەوەی وردبین و واقیع بینانەی بۆ ڕووداوەکانی سەردەم و دواتری خۆی، توانیان کەسایەتییەکی لێ بخولقێنن کە ئەندێشە و بیرۆکە و ڕێبازەکەی نەتەنیا بۆ سەردەمی خۆی بەڵکوو بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەوەکانی ئێستای بزووتنەوەی ڕەوای کورد و داهاتووش چرای ڕێگا و هیوابەخش بن. دوکتۆر قاسملوو هێما و داهێنەری ئەخلاقی سیاسی و سیمای دێمۆکراتیک و ڕێزدانان بۆ بنەما و جەوهەرە مرۆییەکانە، داهێنەری پرەنسیپی سیاسی و حیزبایەتیی سەردەمە لە مەیدانی بزووتنەوەی کورد بەگشتی و بنیاتنەرەوەی قەوارەی سیاسیی حیزبی دێممکرات بەتایبەتی و دەست نیشانکەری ڕێباز و ستراتیژە درێژخایەن و جەوهەرییەکانی ئەم حیزبەیە، کە وایە مرۆڤ و داهێنەرێک کە هەڵگری ئەم توانایی و خەسڵەتانە بێت، دەتوانی ڕێبەرێکی پێشەنگ بێت بۆ هەموو نەوەکان.

مرۆڤێک کە هەڵگری ئەم تایبەتمەنییانە بێت، کاریزمایەک کە لەپێناو بیروباوەڕەکانی بە ئاشتی و ڕزگاریی نەتەوەکەی و سەلماندنی ڕەوایی خەباتدا لە مەرگ نەترسا و مردن لەسەر مێزی ئاشتی و بوون بە سیمبۆل و هێمای نەتەوەکەی کردە ئامانج و لەپێناو باوەڕمەندبوون بە ئاشتیی مرۆڤدا شەهید کرا. مرۆڤێک، ڕێبەر و پێشەنگی خەباتی هەموو نەوەکانە کە پاش ٢٣ لە شەهید کرانی، ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی سروود و پەیامە بەرزە ئینسانیەکەی لەناو دڵی دوژمندا دەڵێنەوە و دوژمن لە کاریگەریی ئەندێشەکانی زراوی چووە و بە هیچ پیلان و سەرکوت و تۆقاندنێک ناتوانێ ئەندێشەکانی لە هزری نەوەکانی ئەمڕۆدا بسڕێتەوە. هزرڤانێک پێشەنگی کاروانی ئازادییە کە پاش زیاتر لە دوو دەیە لە شەهید کرانی، ئەندێشە و بیروباوەڕە مرۆییەکانی بوونەتە چراوگی ڕێگا و لە قوتابخانەی دێمۆکرات و کوردایەتیدا دەوترێنەوە و شەپۆلی زەریای مرۆڤدۆستیی هەموو کۆنەپەرست و تاریک بیران نغرۆ دەکات و دەیانخاتە کەناری لەبیر کرانەوە.

قاسملوو تاڤگەیەکی خرۆشانە کە باڵای شینی شادی بەخشی دەشت و زنوێر و چیایە، قاسملوو شنەبایەکی دەشت و سارایە کە بە باڵای چیادا هەڵدەزنێت و لە قەدی کێوپاڵ دەئاڵێت و باوەش بە خاکا دەکات و بە ژێی کەزییەکانی شەماڵ گۆرانیی هەرمان و ڕاچەنین دەچڕێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕەشەکوژی بە نهێنی لە «وییەن»، توماس هامابێری

**نووسینی: توماس هامابێری** (Thomas Hammarberg)

**وەرگێڕانی لە سویدی: حەمید تەیموری**

ئەمە وەڵامێکی پڕ لە ڕق و کینە بوو. ئەو دەستەی کە بۆ ئاشتیخوازی درێژ کرا، لە داو خراو بە گوللەی چەکی ئۆتوماتیکی وەڵامی درایەوە.

ئەو ڕەشەکوژییە قیزەونە لە وییەن زەربەیەکی کاریگەر بوو هەم لە کورد و هەم لە پرسی ڕەوای کوردیش، هەروەها دژی چارەسەری ئاشتیخوازانە و خەباتی مافی مرۆڤ. تیروری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، عەبدوڵلا قادریئازەر و فازڵ ڕەسووڵ کاردانەوەی نێونەتەوەیی لێ دەکەوێتەوە.

ئەو ڕێژیمەی کە لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە فشاری لەسەرە بۆ ئەوەی ددان بە ئاشتی و مافی کۆمەڵایەتیی خەڵکدا بێنێ، بەرەشەکوژیی نهێنی هەموو ئەو مافە نێونەتەوەییانەی پێشێل کردوە. جەلادەکانی تاران هیچ بایەخێک بە بیروبۆچوونەکانمان نادەن.

ئەم تیرۆرە ناجوامێرانەیە مێژوویەکی تاڵە کە بووە هۆی وەستان و قەتیسمانەوەی پرۆسەیەکی ئاشتیخوازانە. کاتێک قاسملوو لەسەردانێکدا بۆ ستۆکهۆڵم لەمانگی ژوونی ساڵی ١٩٨٩دا باسی هەندێک مەرجی نوێی کرد کە بەتەمان لەگەڵ ڕێژیمی تاراندا دەست بە وتووێژ بکەن. ناوبراو ئاگای لە مەترسییەکانی ئەو وتووێژەش هەبوو، بەڵام بۆچوونەکەی وابوو کە دەیگوت ئەمە ئەرکێکە و دەبێ بەجێی بگەیەنم. عەبدولڕەحمان قاسملوو ڕێبەرێکی لێهاتووی گەلی کورد بوو کە لە باری سیاسییەوە بە سەر دەسەڵاتدارانی ئێراندا زاڵ بوو. ناوبراو لە سەرەتای ساڵانی هەفتاوە سکرتێری یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، کە گەورەترین حیزبی کوردییە لەو وڵاتەدا (ئێران. ئەو پێوەندییە بێ وێنانەی کە ناوبراو لە بلۆکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژهەڵات و هەروەها لە ڕۆژئاوادا هەیبوو، وایان لێکردبوو کە لەجیهاندا تاکە ڕێبەرێکی کورد بێ کە لەبواری کێشەی کورددا بایەخ بەقسەکانی بدەن. قاسملوو سوسیال دیموکرات بوو هەر لەو پێوەندییەشدا بۆ کۆنگرەی ئێنترناسیونالیست لەمانگی ژوونیدا بۆ ستۆکهۆلم بانگهێشت کرابوو. (ساڵی ١٩٨٩)سەرەڕای ئەو هەموو ساڵەی کە بە ناچاری لە دەرەوەی وڵات ژیابوو، پێوەندیی لەگەڵ نێوخۆی وڵات هەر بەردەوام بوو. بەناوبانگبوونی قاسملوو لە کوردستاندا لە پلەی یەکەم نە تەنیا لەسەر ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی بەڵکوو لەسەر گۆڕانکاریی قوتابخانەکان و کلینیکی تەندروستیش بوو.ناوبراو بیرێکی پان کوردیستیی هەبوو، بەڵام لە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لە ئێراندا سەرکەوتوو نەبوو. ئەو کاری زۆر و ڕێگای نوێی گرتبووە بەر بۆ باش کردنی پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە کوردییەکان لە وڵاتانی تردا و بەتایبەتی کوردستانی عێراق. قاسملوو ڕێبەرایەتیی ئۆپۆزیسیونی کوردی ئێرانی دژی ڕێژیمی شا لەئەستۆ بوو و هیوای بە شۆڕشێک بۆ باشترکردنی ژیانی داهاتووی گەلان لە ئێراندا و بەتایبەتی بۆ کوردەکانی ئەو بەشەی کوردستان هەبوو. بەڵام ڕێژیمی خومەینی پێشنیاری ئاشتیخوازانەی قاسملووی ڕەد کردەوە و بە پێچەوانەی خواستەکانی ئەوان، داوای لێ دەرکردن خۆیان بەدەستەوە بدەن.

قاسملووی دوور ئەندێش دژی ئەم بۆچوونە بێ نێوەڕۆک و توندڕەوانەیە ڕاوەستا. حیزبەکەی ئەو نەیدەویست بە تەواوەتی لە ئێران جیا ببێتەوە، هێڵە گشتییەکانی ناوبراو ئەوە بوو کە کورد مافی چارەی خۆنووسینی لە کوردستان لە نێو چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتدا بە دەستەوە بێ. ئەو جۆرە سیاسەتوانانە کە سیاسەتێکی وەها (ئاشتیخوازانە) ڕەد دەکەنەوە، جگە لە سیاسەتوانانی شێت و گێژوویژ شتێکی تر نین. ئەی ئێستا چارەنووسیان چ دەبێ؟ تووڕەیی، تاڵی و تفتی و شکوگومان برینێکی وا قووڵیان پێک هێناوە کە تاکوو ماوەیەکی درێژ ساڕێژ نابێت. تیرۆری وییەن کارەساتێکی نوێ نیە کە لەلایەن ڕێبەرانی سەرەڕەو و کۆنەپەرەستی ئێران دژ بە کورد ئەنجام دەدرێ: چۆن مرۆڤ بتوانێ لەگەڵ ئەو ڕەشەکوژە تیرۆریستانە بئاخفێ؟

بەڵام لە هەمانکاتدا، لەوانەیە ئەم تیرۆرە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی جۆشوخرۆش

و هەڵچوونێکی نوێ، لێرەدا دەبێ ئەگەری هەلێک پێک بێ بۆ یەکگرتنی ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی گەلی کورد. ئەمەش شتێکی زۆر پێوست و گرنگە. سەرەڕای ئەمانەش بەم زووانە بۆ ڕێبەرانی تاران دەردەکەوێ کە ئەو تێرۆرە خوێنڕێژانەیەی وییەن چەندە کارێکی نەزانانە و شێتانە بوو. بەم کردارانەیان سەروەری و ئابڕووی وڵاتەکەیان قیزەونو لاواز کردوە. بەم کردەوانە خۆیان و حکیومەتەکەیانیان لە بەرچاوی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی خستوە و دووریش نیە لە داهاتوودا لە نێوخۆی وڵاتدا دەسەڵاتدارانی ئێران ببن بە چەند دەستە و تاقم. مرۆڤ دەتوانێ تەنیا هیوادار بێ کە ئەو بەشانەیان کە باشتر بیر دەکەنەوە بتوانن هەلومەرجێکی گونجاوی وا بڕەخسێنن کە حکوومەتەکەیان بە ئاقارێکی باشتردا بەرن.

ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە: گرنگی و پشتیوانی لە مافی گەلی کورد ئەمڕۆ لە هەموو شتێک گرنگترە.

سەرچاوە: (Kurdistan bulletinen. Nr.٢ – ٨٩) ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو بیرمەندە جوامێرەکە

شەریف هەژاری

نزیک دەبینەوە لە یادی تیرۆر کردنی تاقانە بیرمەندی کورد و جیهانی رۆژهەڵات، بیرمەندێک کە ناسراوترین تێزەکانی داهێنانی مۆراڵ بوو لە کایەی سیاسی و حوکمڕانیەتدا، و داهێنەری تیۆریای بەڕێوەبردنی سیستمێکی نوێی دەوڵەتداریی بوو کە خۆی لە تیۆریای سۆسیالیزمی دیمۆکراتیکدا دەبینیەوە.

توێژەرانی شارەزا و پسپۆران کاتێک دەیانەوێت لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی بۆ حوکمڕانییەتی دادپەروەری لای سوقەرات و ئەفلاتون بکەن پێویستە لەسەریان کە بە وردی و دەقیقیەوە مامەڵە لەگەڵ تێزەکانی ئەو دوو بیرمەندە مەزنەدا بکەن و لە روانگەی مەبەستی پراکتیکی فەلسەفییەوە لێی بتوێژنەوە، بۆیە خوێندنەوە و توێژینەوەی تێزەکانی قاسملوو کە خۆی لە مەبەستیی هزری پراکتیکی فەلسەفیدا بۆ کایەکانی حوکمڕانیەت دەبینێتەوە، نەک هەر لەم سەرەقەڵەمەی نووسینەکەمدا کارێکی ئەستەمە بگرە پێویستیی بە بەکارهێنانی تەواوی تێزە داهێنراوەکانی قاسملوو و جیاوازی و بەراوردکردنە لەگەڵ تێزەکانی دیکەی فەیلەسووفان کە هەردوو جۆری داهێنانەکان وەک ئاماژەی پێدرا فۆرمۆلە دەبن لە مەبەستیی پراکتیکی فەلسەفەدا.

قاسملووی بیرمەند هەمیشە خوێندکارانی( کادیرانی) حیزبەکەی هان دەدا کە سەرەڕای زیادکردنی ئاستی زانین ئەوا زیاتر ورد ببنەوە و زۆرتر دووربین بن لە رۆچوون بۆ ناو کایەکانی زانین و لە سەرووی هەمووشیانەوە زانستی سیاسەت، قاسملوو وەک چۆن خۆی بە هزرێکی گوماناوی بە شوێن راستییە ئاسوودەهێنەکان و دارشتنی حومڕانیەتیەتێکی میلەت سالاریدا هەمیشە لە بیرکردنەوەی قووڵ و داهێناندا بوو، زیاتر لە مانەش کادیرانی حیزبەکەی فێر دەکرد کە وشەی (چۆن و بۆچی و لە بەرچی) ئەم کارە وا دەبێت و ئاکامەکانی چۆن دەبن لە هزرێکی دوربینی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پڕ لە تێڕاماندا لێک بدەنەوە نەک دەستەوەستان بن و وشەی (چی) ئەڵێت!! بەکاربهێنن و تێڕامان و بیرکردنەوە خودییەکانی خۆیان بەگەڕ نەخەن و بخەسێنن.

ئاشکرایە کە فەیلەسووفان و بیرمەندان هەمیشە عەودالّی زانینن و بەم هۆیەشە لە بیرکردنەوە قوڵەکانیاندا تیز و تیۆریای نوێ بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی دادەهێنن، قاسملوو سەرەڕای داهێنانە هزرییەکانی بۆ کایەی سیاسەت و حوکمڕانیەت، ئەوە لە بیرمەندانی دیکە جیای دەکاتەوە – (کە پێموایە هەر ئەم هۆکارەشە کە لە بیرمەندانیی دیکەی مەزنتر دەکات و دەتوانین لەگەڵ بیرمەندییەکەیدا جوامێریشی بخەینە پاڵ) - چونکە نەتەوەکەی قاسملوو لەناو شاڵاوێکی ئاگربارانی دڕندانەی داگیرکەرە ویژدان نەبووەکاندا بوو، کەچی ئەم بیرمەندە مەزنە جوامێرانە بەبێ سڵەمینەوە و بێ ئەوەی یەک چرکە هەدادان بناسێ، مەچەکی جوامێرانە و تەواوی هزری بیرمەندانەی بۆ ئەم بەرگرییە شەرافەتمەندانە پیرۆزە خستەکار، ئەو قاسملووە بیرمەندەی کە هەر ئەم هۆکارە بوو وای لێکرد کە واز لە هەموو ئیمتیازاتێکی خودی بهێنێت کە لەو سەردەمەدا لە یەکێک لە خۆشترین و زلهێزترین وڵاتانی دونیا واز لە پیشەی ئوستادی زانکۆ بهێنێت و چەندین پێشنیاری پڕاوپڕ لە سامان و دەسکەوتی مادیی خودی وەک نوێنەرایەتی کردنی نەتەوەیەکگرتووەکان لە وڵاتی میسر و چەندان مەقامی ساماناوی دیکە ڕەت بکاتەوە و دەرک بەو ڕاستییە نەگۆڕە بکات کە لەو سەردەمە جەهەنەمییەی کە هەتا ئێستاش بەسەر گەلەکەیدا سەپاوە دەبێت داینەمۆی داهێنەرانەی هزر و توانای بۆ ئەم بەرگرییە ڕەوایە وەگەڕ بخات. هەر لێرەشەوەیە ئەتوانرێت وەک بیرمەندێکی ڕاستەقینەی شۆڕشگێڕ ناودێر بکرێت و لە کارەکانیشی دا ئەم چەمکەی ئێمە دەسەلمێنرێت و ساخ دەکرێتەوە، بچوکترین نمونەش بۆ ئەم ڕاستییە حەقیقەت ئامێزە، ئەو دێڕەیە کە کریس کۆچێرا لە کتێبی کورد و هیوای سەربەخۆییدا نووسیەتیی: (د.قاسملوو ئاواتی بەوە دەخواست و بڕوای بەوە بوو کە گەر ڕۆژگارێک گەلەکەی لە کوردستانی ئێران بە مافێکی چکۆلەی خۆی وەک شێوازی حوکمڕانییەتی خودموختاری بگات ئەوا ئەو دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی و بە کاری زانستییەوە خۆی سەرقاڵ دەکات). ئەمە و چەندان بەڵگەی ساخکەرەوەی دیکە قاسملوویان کردۆتە بیرمەندێکی جوامێری شۆڕشگێڕ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جیاوازییەکی دیکەی تێزەکانی قاسملوو (کەلە نامیلکەی سوسیالیزمی دێمۆکراتیکدا ئاماژەی پێداوە) داهێنەری سیستمێکی دیمۆکراسی ـ یەکسانخوازی ـ میللەت سالاری بوو کە مۆراڵ و پرەنسیپ دوو بنەڕەتی سەرەکی کارکردی سیاسییەکان بێت لە حوکمڕانیەکەیاندا و لە سایەی ئەو سیستمەدا خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتییانی دەوڵەتەکان بێتە کایەوە، هەر ئەمەشە وا دەکات کە تیۆریاکانی قاسملوو تەواو پێچەوانەی تێزە نامۆرالیەکانی ماکیاڤێلی بێت، کە ماکیاڤێلی زۆر بە روونی ئاماژەی بەوە داوە کە هەموو سیاسییەک بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن دەبێت هەموو ڕێگەیەک تاقی بکاتەوە و بگرێتە بەر ئیتر بە لای ماکیاڤێلییەوە سەرکەوتن هەمیشە لە پێش مۆراڵەوەیە، بەڵام لەلای قاسملوو بەبێ پراکتیک نەکردنی مۆراڵ و ڕێزگرتن لە بنەما مرۆییەکان سەرکەوتن هیچ مانا و واتا و دەسکەوتێکی ئەوتۆ نییە.

کۆتایی ئەم چەند دێڕەش بەوە دێنم کە ئەرکی سەرەکیی ئێمەیە لە تەواوی داهێنانەکانی قاسملوو بتوێژینەوە و زیاتر رۆبچینە ناو کانیاوی مەعریفە مرۆڤ دۆستییەکانی قاسملوو، کە بێگوومان وتارێک بەوەدا ناگات، بەڵکو ورد بوونەوە و نووسینی چەندان کتێب کە بە میتۆدێکی ئاکادیمی هزری یاخود میتۆدێکی ئاکادیمی مێژوویی ـ سیاسی دەوێت و پێویستییەکی سەرەکییە کە کاری لەسەر بکرێت چونکە تێزە داهێنەرانەکانی قاسملوو بۆ مەبەستیی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا جیاوازەکانە و وەک پراکتیکیش چەندان شێواز و میتۆدی تایبەتی جیبەجێکاریش لە خۆ دەگرێت کە حوکمڕانیەت و سیاسەت کردن لە پێناو گەلەکاندا بن نەک سیاسییە بازرگانەکان.

٢٣ هەمین ساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملوو

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مێژوویەك بو دەرس لێوەرگرتن

دوکتور سەلاحەدینی خەدیو

١- ٦ ساڵ بەر لەئێستا کارناسێکی سیاسی بۆ لێکدانەوەی ئەم قەیرانە سیاسی و ڕێکخراوەیی‌یە کە داوێنی حدکای گرتبوو و بەرەو لێرەواری لەتبوون و لێکدابڕانی پەلکێش دەکرد، کەڵکی لە دەستەواژەی «قۆناخی پاش قاسملوو (پسا قاسملو)» وەرگرت. بە پێی ڕاڤەی ئەم چاوەدێرە، حیزبی دیموکرات واریدی قۆناخی پاش قاسملوو بووە و لە ئەگەری ئینشیعاب‌دا - کە ماوەیەکی دواتر ڕووی دا - بەشێکی زۆر لەڕەوایی و پرێستیژی کۆمەڵایەتیی خۆی لە دەست دەدا و تووشی دووپاتبوونەوەی بارودۆخی نالەباری چلەکان (شێستەکانی سەدەی زایینی پێشوو) دەبێتەوە.

٢- دوو ساڵ لەمەوبەر بۆ شیکاریی هەراوی قۆناخی پاش قاسملوو کەڵک لە «تیۆریی فشە» وەرگیرا. بەپێی ئەم تیۆری‌یە ئەگەرەکانی پێش‌بینی‌کراو لە شیکاری‌یەکەی ٦ ساڵ پێش بەشی زۆریان هاتوونە دی و دووپاتبوونەوەی تایبەتمەندی‌یەکانی چلەکان لە هەشتاکان‌دا بەر لە هەموو شتێک پۆلین‌بەندیی جیدی و ناجیددی وەک سەرەکی‌ترین کەرەسە بۆ شیکاریی هەراوی حیزبی دیمۆکرات و هێزە سیاسی‌یەکانی دیکە دێنێتە گۆڕ.

سەرەکی‌ترین کەرەسە؛ چونکە پێوانەی جیددی‌بوون و جیددی‌نەبوون بەر لە هەر شتێک پرسێکی ئانتۆلۆژیک دەوروژێنێ. بە واتایەکی دیکە بەر لە قەزاوەت‌کردن لە مەڕ چاک یان خراپ‌بوون و یا جوان و ناحەزبوونی ئاکار و کردەوە و تەنانەت کارکردە ناراستەوخۆکانی حیزبێکی سیاسی، پرسیار لە جیددی‌بوون و کاریگەری‌یەکانی حیزبێکی سیاسی لەسەر ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی دەوروبەری خۆی دەکرێ. بۆ نموونە لە کۆمەڵگای کوردستان‌دا ئەمڕۆکە بۆ زۆربەی خەڵک پرسی سەرەکی ئەوەیە:حیزبی دیمۆکرات بۆ وای لێ‌هاتوە؟ حیزبی دیموکرات لە کوێیە؟ تازە ئەوە بۆ کەسانێکە کە هێشتا ئەم کەیسەیان لەبیر نەچۆتەوە. زۆر کەم هەڵدەکەوێ خەڵکی ئاسایی بکەونە پێک‌گرتنی دوو دیموکراتەکە و بڵێن کامەیان باش یان باشترە. بۆ زیاتر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

روون بوونەوەی مەبەست، نموونەیەک دێنمەوە؛ سازمانی موجاهیدینی گەلی ئێران وەک دیموکراتەکان هێزێکی ئوردووگانشینە. بەلام ئوردووگانشینی‌یەکی چالاکانە لەناو کەمپێک کە بە ئاگروئاسن دەوری دراوە.

موجاهیدین لە غیابی چالاکیی ناوخۆ و هەروەها لە حاڵەتی بە بونبەستگەیشتنیان لە وڵاتی عێراق، تەواوی هزر و وزەیان بۆ چالاکی‌یە ناو نەتەوەیی‌یەکان تەرخان کردوە و وەک جیددی‌ترین و سەرەکی‌ترین هێزی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوە حیسابیان بۆ دەکرێ. پرسی سەرەکییش لە ناوخۆی وڵات لەمەڕ موجاهیدین ئەوەیە؟ موجاهیدین نادیموکراتن. ئەگەر بێنەوە لە ئێستا خراپتر دەبێ... بۆ پژاک و پ.ک.کەش ئەم حاڵەتە بوونی هەیە. واتا بیروڕای گشتی هەوڵپێشێ بەهێزی جیددی‌یان دەزانن. ئەوەیکە باشن یا خراپ دەمێنێتەوە بۆ دوایی. ئێمە لە درێژەی ئەم وتارەدا تێ‌دەکۆشین دروستیی ئەم دوو گریمانەیە – کە ئەز لە کۆمەڵێک وتاری رابردووشمدا هێناومنە گۆڕێ- بسەلمێنین.

## چەرخەی هەڵکشان و داکشان

قاسملوو رێبەری قۆناخێکی جیددی و هەستیار لە مێژووی شێست‌وحەوت ساڵەی حیزبی دیموکرات بوو. تایبەتمەندی‌یە سەرەکی‌یەکانی ئەم قۆناخە بریتین لە سانترالیزەبوونی حیزب لە چاو پاشاگەردانی‌یەکەی چلەکان، چوونەسەری ئاستی پرێستیژ و نفووزی ناوخۆیی، ناوچەیی و تەنانەت ناونەتەوەیی حیزب، تەقینەوەی پێگەی جەماوەری و رابەریی شەڕێکی چەکدارانەی کەموێنە و نامۆ لە چاو سوننەتە مێژوویی‌یەکانی کوردستانی ئێران بوو. ئەگەر دوو قۆناخی جیددی لە مێژووی حیزبی دیموکراتدا لەبەر چاو بگرین، یەکەم دەورانی کۆماری کوردستان بەڕێبەرایەتیی قازی موحەممەد و دووهەمیان شەستەکانی ئەم حیزبە بەرێبەرایەتیی قاسملوویە. قازی موحەممەد کۆمەڵەی ژێ کافی بژاردەخواز (نخبەگرا) و شارستانیی کردە حیزبێکی جەماوەری و قاسملووش حیزبی پارچەپارچەکراو و ماندوو و شەکەتی چلەکانی بەرەو حیزبێکی سیاسی بەبەرنامە و دیسیپلین و خاوەنی سەربەخۆیی سیاسی و رێکخراوەیی برد. تێفکرینێکی کورت لەم دێڕانەی سەرەوە دەمانگەیەنێتە ئەم ئاکامگیری‌یە کە بۆ خوێندنەوەی مێژووی دووردرێژی حیزبی دیموکرات لەم ماوە ٧٠ ساڵەیەدا (بە کۆمەڵەی ژێ کافەوە) دەتوانین چەرخەیەکی هەڵکشان و داکشان پێناسە بکەین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیزبی دیموکرات پاش ماوەیەکی کورتی هەڵکشان و گەشە لە سەردەمی کۆماردا، بەرە بەرە لە کزی دا، هەندێک چالاکیی پچڕپچڕ و جاری وایە بەبێ هیچ پێوەندی‌یەکی ئۆرگانیک بە یەکەوە، بەسترانەوەی ڕێکخراوەیی بەحیزبی توودە تا ناوەڕاستی سی‌یەکان و پاشان بە پارتی دیموکرات لە چلەکان‌دا، نەبوونی ڕیبەرێکی بە وەج و دیاریکراو و... تاقمێک لە تایبەتمەندی‌یەکانی ئەم سەردەمەی ژیانی حیزبی دیموکراتن. بەستنی کۆنگرە لە سەرماوەزی ١٣٤٣دا، یانی نزیکەی ٢٠ ساڵ پاش کۆنگرەی یەکەم نە تەنیا ناتوانێ کۆتایی بەم دۆخە گونجاوە بێنێ، بەڵکوو دەبێتە کانگایەکی تازە بۆ لێکدابڕان و پەرتەوازەیی و سەرهەڵدانی ناکۆکیی نوێ. لە کۆنگرەی ٣ لە سەرەتای پەنجاکان بەم لاوەیە کە گەشەی دووبارەی حیزب دەست پێ‌دەکاتەوە و شانسی مێژوویی شۆڕشی ١٣٥٧ وەک دەرفەتێکی زێڕین دێتە بەردەمی و حیزب لە جوگرافیایەکی گەورەتر لە زەمانی کۆماری کوردستان‌دا دەگەشێتەوە.

## حیزبی دیموکرات و دووپات بوونەوەی مێژوو

ئەگەر قایل بەوە بین کە چەرخەی هەڵکشان و داکشان، کەمتر وەک جەبرێکی مێژوویی کە حیزب توانای خۆلەدەست قوتارکردنی نەبێ و زۆرتر وەک جۆرێک دووپاتبوونەوەی مێژوو - وەک پارادایمێک دەتوانرێ بۆ خوێندنەوەی مێژووی حیزب کەڵکی لێ‌وەرگیری، لێرەدا بە ناچار ئەم پرسیارە قوت دەبێتەوە کە ئێستا حیزب لە کام فازی ئەم چەرخەیەدایە و مێژووی کام چاخیشی دووپات کردۆتەوە؟

ڕەنگە بۆ وەڵامێکی پوخت و پاراو بەم پرسیارە لەپێش‌دا پێویست بێ بۆ نموونە بە کتێبی بیرەوەری‌یەکانی کەسانێکی وەک کەریم حیسامی، موحەممەد خزری، سەعید کوێستانی، ئەمیر قازی و... دا بچینەوە و پاشان بۆ ساتێکیش بێ، وا فەرز کەین لەچلەکان‌دا (شەستەکانی سەدەی پێشوو) تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت و کەرەسەی پێوەندی وەک فەیس بووک هەیە و بابەتی ئەم کتێبانە لەوێ‌دا بڵاو دەبنەوە. ڕەنگە زۆر دوور لەراستی نەبێ ئەگەر بڵێین کە ئەم سیمایەی کە لەحیزب لە زەینی خەڵک و خوێنەردا دروست دەبوو، شتێکی نزیک لە سیمای ئێستای هەردووبەشی حیزب دەبوو. سیمایەک کە لەلایەک بەهۆی کێشە و دووبەرەکیی تاکەکان و لایەنەکان و نوقمبوون لە کێشەی لاوەکی‌دا خەوشدار بووە و لەلایەکی دیکە بە هوی کاریگەری و تایبەتمەندی‌یەکانی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دونیای سایبێری تا رادەیەکی زۆر تووشی پیرۆزیدارنین بووە و لە کۆمەڵگایەکی کە تا ١٥ – ١٠ ساڵ لەمەوبەر چەشنی «ئەمری قودسی» سەیری چەمکی وەک حیزبایەتی و خەباتی سیاسیی دەکرد، لەرادەبەدەر سێکولاریزە و «عورفی» بووە.

## هۆکارەکانی نوشوست و داکشانی حیزبی دیموکرات

ئەگەر زۆر نەچینە ناو وردەکاری‌یەوە و پێکهاتەخوازانە چاو لە پرسەکە بکەین. دەتوانین بڵێین کە گەشەی حیزبی دیموکرات بەتایبەتی و تەقینەوەی کێشەی کوردی ئێران بەگشتی، زۆرتر لە کاتێکدا بووە کە دەسەڵاتی ناوەندی یان تووشی لاوازی و ناسەقامگیری هاتوە و یان لە ئەساسدا تووشی دەستاودەست بوون بووە. قۆناخی سەرەتای بیستەکان (ڕۆیشتنی ڕەزاشا و هاتنی کوڕەکەی) و هەروەها سەردەمی شۆڕشی ١٣٥٧ سەلمێنەری ئەم راستی‌یەن. هۆکارێکی دیکەی پێکهاتەیی ڕەنگە جۆری پێوەندی لەگەڵ شۆڕشی کورد لە عێراق و یان بە واتایەکی دەقیق‌تر سات‌وسەودای ڕێبەرانی کوردستانی گەرمێن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تاران بووە. لە هەمووی ئەم ماوە حەفتا ساڵەیەدا جگە لە دوو قۆناخی کۆماری کوردستان و شەستەکان، هەمیشە گرنگایەتیی کێشەی کورد لەعێراق لە هاوتا ئێرانی‌یەکەی زۆرتر بووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر هۆکار و فاکتەری جۆراوجۆر و لە هەمووان گرنگ‌تر قورسایی ژێئۆپۆلیتیکی کێشەی کوردی عێراق لە چاو ئێران.

کوردستانی عێراق چەشنی کوردستانی تورکیا یەک لە چواری حەشیمەتی عێراق پێک دێنی و لە باری ژێئۆئێکۆنۆمیکیشەوە بایەخ و گرنگایەتی‌یەکی زۆرتری هەیە. لەحاڵێکدا لە کوردستانی ئێران ئەم نیسبەتە یەک بە دەیە و بەهەمان ئەندازەش گرنگایەتیی کەمترە. قورسایی ژێئۆپۆلیتیکی کێشەی کورد لە عێراق زۆرجار بۆتە هۆی ئەوە کە زۆر بە ئاسانی پشتیوانیی دەرەکی و یان لانی‌کەم مەیلی دەستێوەردان لەلایەن هێزە بیانی‌یەکان بۆ لای خۆی رابکێشێ. دەرک بەم راستی‌یانەش هەمیشە بۆتە سەبەبی ئەوە کە ڕێبەرایەتیی شۆڕش لە گەرمێن زۆر ریئالیستی‌یانە سیاسەت بکا و زۆر جاریش لە قوربانی‌کردنی براکوردەکانیان لەم دیوە نەسڵەمێتەوە. بەپێچەوانە لەدیوی ئێران زۆر ئیدەئالیستی چاو لەسیاسەت کراوە و باجی قورسیشی لەپێناو دراوە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٣٦٠دا کە چەکدارانی پارتی شان‌بەشانی سپای پاسداران ناوچە باکووری‌یەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستانی ئێرانیان «پاکسازی» دەکرد، لە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتدا مشتومڕ لەسەر جۆری پێوەندی لەگەڵ حکوومەتی بەعسی عێراق کۆتایی پێنەهاتبوو!

با ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە بۆ خەباتکارانی سیاسی لە دیوی ئێران، هەمیشە گەرمێن وەک پشتی جەبهە چاوی لێکراوە و هەربەم پێیەش ئەم حکوومەتانەی کە لەبەغدا دەسەڵاتدار بوونە، دەبوو خوێندوەیان بۆ کرابا. دیارە پێچەوانەکەشی بوکوردی عێراق هەر وایە. بەڵام بەم جیاوازییە کە بۆ ستراتژیستەکانی گەرمێن قووڵایی ئەم پشتی جەبهەیە تا دەروازەکانی تەورێز و تارانیش دەڕۆیی و لەسنوورەکانی سنە و سابلاغ دا کورت نەدەبۆوە.

هەروەک لەپێشدا باس کرا هەمیشە حیزبی دیموکرات لە فازی داکشانیدا لەگەڵ دوو واقیعییەتی پێکهاتەیی گرنگ رووبەروو بووە. یەکەم دەوڵەتی ناوەندیی بەهێز و دووهەم شۆڕشێکی بەهێز لە کوردستانی گەرمێن. بە زۆر هۆکاری مێژوویی، سیاسی، ژێئۆپولیتیکی ئەم دوو فاکتورە بەهێزە زۆر جار پێکەوە لکاوون. ئەم یەکگرتنەش هەمیشە زیانێکی ستراتژیکیی لەئامانج و بە رژەوەندییەکانی حیزب داوە. لەچلەکاندا کە رێژیمی پاشایەتی بەرەو بەهێزبوون و گەشەکردن دەچوو و خولیای بوون بە هێزێکی ناوچەیی و ژاندارمی کەنداوی لەمێشکدا بوو، دەستی بە پشتیوانی لە شۆڕشی ئەیلوول کرد. ئاکامی ئەم پشتیوانییە بۆ پاشماوەکانی حیزبی دیموکرات کارەساتبار بوو. لە ساڵی ١٩٦٦دا تیرۆر و رادەستکرنەوەی ئێرانی کادرە حیزبییەکان گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. سی ساڵ دواتر لەساڵی ١٩٩٦ ئەم داستانە بەشێوەیەکی ترسناکتر لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی یەکیەتی دووپات بۆوە. ئەگەر تراژیدیای سولیمانی موعینی لە بەهاری ١٣٤٧دا ساڵانێکی زۆر بووە مایەی پڕۆپاگەندا و تەبلیغات بۆ دژبەرانی پارتی و بە تایبەت یەکیەتیی نیشتمانی، دووپاتبوونەوەی مێژوو لە دەروازەی کۆیە لە ساڵی ١٣٧٥دا هەم کارتە تەبلیغاتییەی لە دەست یەکیەتی دەرهێنا و هەمیش سەلماندی کە ئەم جۆرە رووداوانە نەک هەڵقوڵاو لە حەز و مەیلی کەس و حیزبەکان بەڵکوو وەک قاعیدەیەکی سیاسی وان کە لەمکتەبی رێئالیستیی سیاسەتکردن لە کوردستانی عێراق دووپات دەبنەوە.

ڕەنگە هێنانەوەی نموونەیەکی سیمبولیک بۆ سەلماندنی دووپاتبوونەوەی مێژوو بۆ حیزبی دێموکرات و یان وەبەرهاتنی رووحی چلەکان لە هەفتاکان و هەشتاکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم حیزبەدا سەرنجڕاکێش بێ؛ هاتوچۆی بەئاشکرای سەرهەنگ سەیادیان بە بەردەم بنکەکانی حیزبدا لە سەرەتای چلەکاندا (بیرەوەرییەکانی محەممەد خزری) لەگەڵ هاتوچۆی بە ئازادیی جەعفەری سەحراروودی لە سەرەتای حەفتاکاندا نموونەیەکی دیکە لەم تەوارودە مێژووییانەن.

هەروەک چۆن هاتنەوە و لە ناوچوونی تیمە چەکدارەکان لە ساڵانی ٨٦ و ٨٧دا، تیشکێکی کاڵی خۆرەتاوی شۆڕشە لەخوێنداگەوزاوەکەی ساڵانی ٤٧ - ١٣٤٦ی تێدا بوو. تازە ئەگەر مارکس گوتەنی نەڵێین دووپاتەی کومیدی تراژیدی ٤٦ - ٤٧ بوو.

هەڵبەت بەرجەستەکردنەوەی هۆکارە پێکهاتەییەکان بە مانای لەبەرچاونەگرتنی فاکتورە ئینسانییەکان نیە.

داکشانی حیزب لەنێوەراستی حەفتاکان بەملاوە هەرچەند بەشی زۆری سەرچاوەگرتوو لە گۆڕانکاری لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە و لاوازبوونی دەسەڵاتی بەغداو سەرهەڵدانی حوکوومەتی تاران وەک هێزێکی ناوچەیی بوو، پشکێکشی بەڵام وەبەر لاوازی و نائاشنابوونی ڕێبەرایەتیی حیزب لەگەڵ چەمکە ستراتژیکەکان و خوێندنەوەی ناڕیئالیستی لە کێشە سیاسییەکان دەکەوێ. واقیعبینانەترین شیکارییەکان ئەوانەن کە لە دەلاقەی دیالیکتیکی پێکهاتە - بەرکار را ڕافەی بابەتەکان دەکەن. کەیسی حیزبی دیموکراتیش لەم چوارچێوەیە ناترازێ. واتە پرسی سەرەکی ئەوەیە کە ڕێبەرایەتی لە گەل ئەم جووتە پێکهاتەیە چ جورە سەودایەکی ستراتێژیک دەکا. لە قۆناخی شەستەکاندا - جیدیترین و کاریگەرترین حزووری حیزبی دیموکرات لە مەیدانی سیاسەت - حیزب وەکوو گەورەترین و مەترەحترین حیزبی کوردی چوارپارچە لەرابیتەیەکی تەعادولی لەگەڵ هەردووک فاکتۆری پێکهاتەیی گۆڕین و هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەدا بوو. سەربەخۆیی سیاسیی حیزب دروشمێکی ستراتژیک بوو کە وەک گلێنەی چاو دەپارێزرا. چەمکی سەربەخۆیی سیاسی کە زۆری جەخت لەسەر دەکرا، زیاتر مەبەستی سنووردانان لە بەرانبەر دەستێوەردانەکانی حیزبی توودە (زیاتر لە سییەکان) و پارتی دیموکرات (زیاتر لە چلەکان)دا بوو. حیزبی دیموکرات لەم سەردەمەدا نەتەنیا لە بەهێزترین قۆناخی سەربەخۆیی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆیدا بوو، بەڵکوو بە واتای نۆشیروان مستەفا لە کتێبی «پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن»دا زیرەکانە تێدەکۆشا، سەرەڕای نێوان ناخۆشی لەگەڵ پارتی، نەیەڵی هاوسەنگیی نێوان پارتی و یەکیەتی کە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەودەم دووهەمیان بەتایبەت لەباری سەربازی بەهێزتر بوو، بەتەواوەتی بەزیانی پارتی بشکێتەوە. تەماشای ڕۆڵی گرنگ و بکەری حیزبی دیموکرات لەم سەردەمەدا لەگەڵ کێشی ئێستایان بەباشی ئەم وەدواکەوتنە گەورەیە نیشان دەدات. داکشان و نوشوستی حیزب کە لە ناوەڕاستی هەفتاکان‌را بەرە بەرە دەستی پێکرد بە کەوتنەناو هەڵدێری لەتبوون و ئینشیعاب لە ساڵی ۱۳۸۵دا کەوتە قۆناخێکی چارەنووس‌سازەوە.

ئینشیعاب ئەم پەتایە بوو کە حیزبی بە خێراییەکی زۆرتر و توندترەوە واریدی «قۆناخی خەسیوی» کرد. لایەنی جیابۆوە پێی وابوو کە بە هەندێک ریفۆرمی رووکەشی و لیبرالیزەکردنی ڕێژەیی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی شاکلیلی سێحراویی کردنەوەی قەیرانەکانی حیزبی دیتوتەوە. خافل لەوە کە ئەوە چارەی دەردی حیزب یانی قەیرانی نەبوونی ستراتژی و ڕێبەری کارامە نیە و ئەوەی لەراستی‌دا ئەو پێوەی نووساوە «فەرعە» کە لە بری «ئەسڵ» دای‌ناوە.

ئەگەر قەیرانی سەرەکیی حیزب بە کورتی بە قەیرانی ئینفیعال و ناچالاکی پیناسە بکەین ،ریفورمکردن لە پیکهاتەی تەشکیلاتی وەک کاری جوانکاری بۆ نەخوشێکی جیدیی لێ‌دێ کە دەرمانەکەی شتێکی ترە. ئەوپەڕەکەی ئەگەر ئەم ڕیفۆرمە سەریشی گرتبا حیزبیکی مەسەلەن ناچالاکی لیبرالی لێ‌دەکەوتەوە. واتە بەجێی ئەوە کە حیزب لە تەنگانەرا بگەیەنەتە فەرعانە، تەنیا سیمایەکی جوانتر و درەوشاوەتری پێ‌دەبەخشی. سیمای لێقەوماوێکی نەجیب و رەسەن کە بەختی خراپ و سازی ناسازی روزگار تووشی ئەم نەهامەتی‌یەیان کردوە.

لایەنی بەرانبەریش بەخوێندنەوەی هەڵەی بارودۆخی مێژوویی پێی وابوو کە «مەشرووعیەت» لە ساڵۆنی کۆنگرە بەرانبەرە لەگەڵ «مەقبووڵیەت» لە کۆمەڵگادا. حاشاهەڵنەگرە کە لەدەست‌دانی زۆرێک لە پێوانەکانی جیدی‌بوون و کەم‌بوونەوەی کاریگەری لەسەر خەڵک و بەکورتی رەوینەوەی هێژموونی گوتاری سیاسیی حیزب، لە مێژساڵە کەلەبەرێکی گەورەی لەنێوان دوو چەمکی «مەشرووعیەت» و «مەقبوولیەت» پێک هێناوە. بۆ نموونە هەر ئێستا مەقبوولیەتی پارتی و یەکیەتی لە پانتای بیرورای گشتیی کوردستانی ئێران زور لە حیزبی دیموکرات زیاترە. لە هەشتاکانیش بو پ.ک.ک وابوو.لە شەستەکان‌دا ڕێک بە پێچەوانەی ئێستا بوو. هێژموونیی بێ‌ئەملاوئەملای گوتاری حیزب و لە سۆنگەی ئەوەوە مەقبووڵیەتی کۆمەڵایەتیی فراوانی کە لە چالاکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و حزووری حیزب لە ناوخۆ و ڕێبەرایەتیی بە هێز و کارامە و خاوەنداریێتیی ئیمکاناتی تەبلیغاتی وەک رادیۆ – ئەویش لە دونیای ئەودەمدا – پێک دەهات، تەنگی بە جیابۆوەکان و موخالیفان هەڵدەچنی کە ئەزقەزا قامکیان لەسەر مەشرووعیەت و بەهاکانی، وەک بڕیاراتی کۆنگرەی چوار بۆ «پێڕەوانی کۆنگرەی چوار» و یان لیستەی فیکس بو «ڕێبەرایەتیی شۆرشگێر» دادەنا. کەوابوو لەو سەردەمەدا دوو چەمکی مەشروعیەت و مەقبووڵیەت لە مەیدانی کردەوەدا حاستەم بوو لێک جیا کرێنەوە. لایەنی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی سێزدە پێی وابوو کە بە ڕۆیشتنی دژبەرانی، داستانی کۆنگرەی چوار و هەشت دووپات دەبێتەوە. بەڵام لەراستیدا هەشتاکانی حیزبی دیموکرات دووپاتەی چلەکان بوو نەک شەستەکانی ئەم حیزبە.

## قۆناخی پاش قاسملوو (پسا قاسملو) بە چ مانایەکە؟

لەراستیدا قۆناخی «پاش قاسملوو» لەگەڵ قوناخی «بێقاسملوویی» جیاوازیی هەیە. دووهەمیان دەستەواژەیەک بوو کە لەمانگ و ساڵانی هەوەڵی دوای تیروری د. قاسملوودا هاتە سەر زاروزمانی میدیاکانی حیزب و مەبەستی زیاتر هەوڵ و تێکۆشان بۆ پڕکردنەوەی جێگای بەتاڵی ئەم سەرکردە کاریگەرەی حیزب بوو. دیارە کە لەباری کردەوەشەوە، کۆی چالاکی و تێکۆشانەکانی حیزب بەرەو مەبەستی پڕکردنەوەی جێگای ئەو و درێژەدانی ڕێگای بوو. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ باسی لێوە دەکرێ هەم لەگەڵ قاسملووی زیندووی شەستەکان و هەم هی قۆناخی بێقاسملوویی جیاوازیی گەورەی هەیە. لە قۆناخی بێقاسملوویی‌دا (ساڵانی ١٣٦٨ – ١٣٧٥)، هێشتا حیزبی دیموکرات وێکچوونی زۆری هەبوو لەگەڵ ئەو حیزبەی کە قاسملوو ڕێبەرایەتیی دەکرد. بەڵام ئەم قاسملوویە کە هەنووکە هەیە، بەرهەمی سەنعەتی تەبلیغاتی هەردووک بەشی حیزبە. هەرچەندەی کە شتێک کۆن دەبێ و هەردەم لەسەری دەنووسرێ و دەگوترێ، مەودای لە واقیعیەت زیاتر دەبێ. قاسملووی ئێستا بەرهەمی بیرەوەریی‌یە رتووشکراوەکان، دوژمنایەتی‌یە شەخسی‌یەکان و خوشەویستی و ئەوینە لە رادەبەدەرەکانە. زاڵبوونی فەزای هەست و سۆز و عاتیفە ئێستاشی لەگەڵ بێ، دەرفەتێکی لەباری بۆ هەڵسەنگاندنی کارو کارنامەی ئەم کەسایەتی‌یە گرنگەی مێژووی هاوچەرخی ئێمە نەرەخساندوە. گوتن و گوتنەوەی دووبارەگوتراوەکان لە میدیا حیزبی‌یەکان‌دا لەسەر قاسملوو، کلێشەیەکی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێمەسرەفی لێ دروست کردوە، کە ساڵ لەگەڵ ساڵ و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ حەز و مەیلی بەردەنگ بۆ بیستنی کەم دەکاتەوە. دەڵێی بەئەنقەست دەزگای پروپاگەندا بیهەوێ بیخاتە گۆشەی فەرامۆشخانەوە.

شک لەوەدا نیە کە ئەگەر قاسملوو ئێستا مابا، حیزبی دیموکرات لەوەی کە ئێستا هەیە زۆر جیاوازتر دەبوو. بەهەمان ئەندازەش ئاشکرایە کە حیزبی دیموکراتی ئێستا بە هەردووک باڵیەوە لە هەمیشە زیاتر جیاوازی لەگەڵ حیزبی قاسملوو هەیە. سەربەخۆیی سیاسی کە تایبەتمەندیی سەرەکیی حیزبی دیموکراتی ئەو زەمان بوو، ئێستا لەبەرابنەر هێژموونی سیاسیی پارتی و یەکیەتی‌دا، وەک خەونێکی ئاڵۆز دەچێ. پاش قاسملوو بەمانای بەتاڵ بوونی حیزب لە روح و میرات و مەعنەویاتی قاسملوویە. لەحاڵێکدا بێ قاسملوویی تەنیا لەدەستدانی جەستەی فیزیکی قاسملوویە. وەک جیاوازیی نێوان گورانکاریی فیزیکی و شیمیایی. ئەوەیکە ئایا حیزب دەی‌توانی پێشی هاتنی ئەم قوناغە بگرێ یانا، وەڵامەکەی دەچێتەوە سەر باسەکەی پێشوو. واتا رادەی ستراتژیک بیرکردنەوە و ستراتژیک سیاسەت‌کردنی بەرکار لە قوناغی بێ‌قاسملوویی‌دا.

لە دوا بڕگەی ئەم وتارەدا دیسان داواتان لێ‌دەکەم کتێبە بیرەوەری‌یەکانی باسکراو لە سەرەتای ئەم نووسینەدا بخوێننەوە. قاسملوو قارەمانی هیچ کام لە داستانەکان نیە. ئەگەر ناوێکیشی هەبێ لە پەراوێز دایە. داستانی قاسملوو لە سەرەتای پەنجاکان‌ڕا دەست پێ‌دەکا.

دەسپێکی فازێکی دیکە لە هەڵکشان و گەشەکردن، با لێمان تێکنەچێ مەبەست پەسن و پێداهەڵگوتنی ئەم دەورانە نیە، هەڵسەنگاندنی بە چاک و خراپی ئەم قۆناخە باسێکی جیاوازە، مەبەست تەنیا جەخت لەسەر جیددی بوونی ئەم چاخەیە. دەورانێک کە بە قەرا مەودای زەمین و ئاسمان لەگەڵ ئێستا جیاوازە. هەروەک قۆناخی بێ قاسملووییش لەگەڵ قۆناخی پاش قاسملوو لە باری چەندایەتی‌یەوە جیاوازیی بەرچاوی هەیە. مانشێتی رۆژنامەی هاووڵاتی چاکی پێکابوو کە نووسیبووی کامیانی ئەم سکرتێرانە دەبنە ئەحمەد تۆفیق؟ لەراستی‌دا ئێستا قۆناخی ئەحمەد تۆفیقە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ١١ی جوولای ٢٠١٢


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیدا

ئارەش لۆرستانی

عەبدولڕەحمان قاسملوو شەوی یەڵدای ١٣٠٩ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٢ی دیسامبری ١٩٣٠ی زایینی، لە بنەماڵەیەکی خاوەنملکی شاری ورمێ چاوی بە دونیای روون هەڵێنا. سەرەتا لە ورمێ و دواتر لە تاران خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی تەواو کرد. هەر مێرمنداڵ بوو کە تێکەڵ بە مەسایلی سیاسی بوو و بیری ئازادیخوازی لە مێشکیدا هەوێنی گرت. ناوبراو لەمبارەیەوە لە کتێبی (چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی) دا دوای باس لە سەر سەفەری ٣٠ کەس لە فیئۆداڵ و سەرۆکعەشیرەتە کوردەکان بۆ باکۆ لە سەر داوای یەکیەتیی سۆڤیەت دەنووسێ: (هەر چەند ئەو کاتە من تەمەنم یازدە ساڵ بوو، بەڵام وەک زۆر منداڵی ئەو سەردەمە سیاسەت سەرنجی ڕاکێشابووم. بابم یەکێک لە ئەندامانی ئەو هەیئەتە بوو. زۆر باشم لەبیرە کە لە باکۆ هاتەوە چەندین تا قەندی لەگەڵ خۆی هێنابوو، تاپرێکی باشیشی پێبوو. وادیارە سۆویتییەکان قەندو تفەنگو شتی دیکەیان بە دیاری دابوو بە هەموو ئەندامانی هەیئەت. قەند بە تایبەتی زۆر بەنرخ بوو، چونکە ئەو کاتە لە ئێران زۆر کەم و گران بوو. من ئەو کارەم زۆر پێ سەیر بوو، چونکە لە ماڵی ئێمە براکانم و ئامۆزاکانم کە لە من گەورەتر بوون، باسی ئەوەیان دەکرد کە بابم لەگەڵ چەند کەسی دیکە چوون بۆ باکۆ حەقو ئازادیی کوردان داوا بکەن. بۆیە ڕاستوڕەوان لە بابم پرسی: ئەدی مافی کوردان چی لێهات؟)

دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو ساڵی ١٣٢٤ چالاکیی سیاسیی خۆی بە پێکهێنانی یەکیەتیی لاوانی سەربە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ورمێ دەست پێکرد. ساڵی ١٣٢٥ دوای رووخانی کۆماری کوردستان بۆ خوێندن رووی کردە تاران و ساڵی ١٣٢٧ بۆ درێژەدان بە خوێندن چووە پاریسی پێتەختی فەڕانسە. گەیشتنی بە پاریس هاوکات بوو لەگەڵ تەقەکردن لە شا لە زانکۆی تاران لە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٧ کە لە دەستچوونی ئازادییە دێموکراتیکەکانی لە سەرانسەری ئێراندا لێکەوتەوە. بەم بۆنەیەوە خوێندکارانی ئێرانی لە پاریس کۆبوونەوەیەکی بەرینیان گرت و لەم کۆبوونەوەیەدا دوکتور قاسملوو زۆر توند دژی شا قسەی کرد و لە ئاکامدا خوێندکاران پەیامێکی ناڕەزایەتیی توندیان بۆ حەمەڕەزاشا نارد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم وتاردانە بوو بە هۆی ئەوە کە باڵوێزخانەی ئێران و تەنانەت خودی فەڕانسەش فشاریکی زۆر بخەنە سەر دوکتور قاسملوو تا ئەوەی بە ناچاری پاریسی بە جێ‌هێشت و وەک یەکەمین بورسیەی ئێران (یەکیەتی خوێندکاران) چووە پڕاگی پێتەختی چیکۆسلۆواکی. لە ماوەی نیشتەجێ‌بوونی لەپاریس، بە هاوکاریی چەند خوێندکاریکی دیکەی کورد کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروووپای دامەزراند.

ئەو ماوەیەی لە پراگیش خەریک خوێندن بوو لە چالاکی‌یەکانی یەکیەتی نێونەتەوەیی خوێندکاران‌دا هەر بەشدار بوو. ساڵی ١٣٣٠ بە نوێنەرایەتیی لە لایەن خوێندکارانی ئێرانی بەشداری دووەمین کۆنگرەی ئەم رێکخراوە بوو کە لە شاری پڕاگ بەڕێوە چوو. هەر لەو ماوەیەدا وەک نوێنەری ئێران بەشداریی زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکانی فیدراسیۆنی جیهانیی لاوان لە شاری بوداپێستی پێتەختی مەجارستانی کرد. ساڵی ١٣٣١ لە سەردەمی حکوومەتی میللیی دوکتور موسەدیق‌دا دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو پاش ئەوەی لە زانکۆی پڕاگ لیسانسی زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکانی وەرگرت، گەڕایەوە ئێران. ئەوکات حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی تودەی ئێران لە باری تەشکیلاتی‌یەوە یەکگرتوو بوون. کاک دوکتور پاش شەش مانگ مانەوە و چالاکی لە تاران هاتەوە مەهاباد و بەرپرسایەتیی حیزبی پێ‌درا.

دوای کودیتای ٢٨ گەلاوێژی ١٣٣٢ ناچار بوو لە نێوان تاران و کوردستان‌دا بە نهێنی کاری حیزبی بکا. لەم ماوەیەدا بەرپرسی رۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی لە ئەستۆ بوو، کە بە نهێنی تەنیا ٥ ژمارەی لێ‌دەرچوو هەروەها لەم ماوەیەدا بە سەرۆکایەتیی ئەو کۆمیتەیەکی سەرانسەری بۆ چالاکی‌یەکانی حیزبی دێموکرات پێک‌هات. کاک عەبدولڕەحمانی قاسملوو دوای ٥ ساڵ چالاکیی سیاسی لە نیوخۆدا بە تایبەت کوردستان، دیسان لە ساڵی ١٣٣٦دا گەڕایەوە چیکۆسلۆواکی.

ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٥٨ی زایینی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی عێراق و گەشەی بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان، هەوڵی دا لەگەڵ هێندێک هاوڕێ و بەرپرسی حیزبی کە دانیشتووی باشووری کوردستان بوون، رێکخراوە حیزبی‌یەکانی نێوخۆی وڵات ببووژێنێتەوە. بە هۆی هێندێک هۆکاری سیاسی ناچار بوو ساڵی ١٣٣٩ بە فەرمانی دەوڵەتی عێراق ئەو وڵاتە بەجێ بێڵێ و بگەڕێتەوە پڕاگ.

ساڵی ١٣٤١ بەرامبەر بە ١٩٦١ی زایینی دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو توانی لە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زانکۆی پڕاگ پلەی دوکتورا، لە زانستە ئابووری‌یەکان‌دا وەرگرێ و تا ساڵی ١٣٤٩ هەر لەم زانکۆیەدا دەرسی ئابووریی سەرمایەداری و ئابووریی سۆسیالیستی و تیئۆریی گەشەی ئابووریی گوتەوە. لەم ماوەیەدا دوکتور قاسملوو چەند کتێب و نامیلکەی لە پێوەندی لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکان‌دا نووسی کە بەناوبانگترینیان « کوردستان و کورد»ە.ئەم کتێبە بە زمانی چێکی نووسراوە و تا ئێستا کراوەتە چەند زمانی وەک ئینگلیزی، سلۆواکی، لەهێستانی، عەرەبی، کوردی،و فارسی و چەند بەشێکیشی وەرگێردراوەتەوە سەر زمانی فەڕانسەیی و چاپ و بڵاو کراوەتەوە. کاک دوکتور بەسەر زمانەکانی کوردی، فارسی، تورکی، عەرەبی، فەڕانسەیی، ئینگلیزی، چێکی و رووسی‌دا زاڵ بوو و هەر وەها ئاشنایەتیی بە هێندێک زمانی دیکەی وەک ئەڵمانییش هەبوو. ناوبراو هاوکات لە دەرەوەی زانکۆ پێوەندیی لەگەڵ رەخنەگرانی سیستمی سوسیالیستیی بلۆکی رۆژهەڵات هەبوو. دوکتور کە ئەزموونی خەبات و چالاکیی سیاسیی پاریسیشی هەبوو هەوڵی دەدا سوسیالیزمی مەوجود لەگەڵ بەستێنی راستی‌یە سیاسی – کۆمەڵایەتی‌یە ئارایی‌یەکان بگونجێنێ.

ساڵی ١٩٦٨ ئەلێکساندێر دۆبچێک بوو بە سەرکۆماری چیکوسلۆواکی. بەهاری پڕاگ لە چوارچێوەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک‌دا و بە چاکسازی لە سیستمی سیاسی و ئابووری‌دا دەستی پێ‌کرد، بەڵام تەمەنی زۆر کورت بوو، بە هێرشی یەکیەتیی سۆڤیەت و لەسەرکارلابردنی دۆبچێک کۆتایی پێ‌هات و دوکتور قاسملووش وەک کەسیک کە تیئۆریسی‌یەنی ئەم هزرە بوو لە زانکۆی پڕاگ بەرپرسیارەتی و پلەی جارانی نەما و دواتر ناچار بوو چێکۆسلۆواکی جێ بهێڵێ و بگەڕێتەوە پاریس.

دوکتور قاسملوو لە پاریس لەگەڵ رێبەرانی حیزبی سۆسیالیست بە تایبەت میشێل رۆکار و لیۆنێل ژووسپەن لە پێوەندی‌دا بوو. لەگەڵ بەدەسەڵاتگەیشتنی سۆسیالیستەکان لە دەیەکانی هەشتا و هاوکاتبوونی لەگەڵ خەباتی دوکتور قاسملوو دژی کۆماری ئیسلامی ئەم پێوەندی‌یانە بەربڵاوتر بوونەوە. بە قووڵتربوونەوەی خەباتی چەکداری لە کوردستان و هاوکاتبوونی لەگەڵ شەڕی عێراق، دکتۆر قاسملوو لەگەڵ دیکتاتۆرێکی وەک سەدام حوسێنیش سەروکاری پەیدا کرد، بەڵام ئەزموون و لێهاتوویی دوکتور لە سیاسەت‌دا بوو بە هۆی ئەوەی کە هیچ کات لەگەڵ عێراق نەچێت لە بەرەیەکەوە و سەربەخۆیی خۆی و هێزەکانی حیزبی دێموکڕات بپارێزێ. ئەو بەڵگانەی دوای رووخانی سەددام لە ئیستخبارات دەست کەوتن، هیچ بەڵگەیەک لەسەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لاوازیی دکتۆر قاسملوو یا کەڵکوەرگرتنی سەددام لە هێزو پێشمەرگەکانی دێموکڕات لەم پێوەندی‌یەدا دەرناخەن.ساڵی ١٣٤٩ دوای دەرچوونی راگەیەندراوی ١١ی مارس و رێککەوتنی نێوان رێبەری  بزووتنەوەی باشووری کوردستان و دەوڵەتی عێراق دەرفەتی چالاکیی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر بوو. لەم ماوەیەدا دوکتۆر قاسملوو لە ئورووپا گەڕایەوە و بە یارمەتیی چەندکەس لە هاوڕێیانی نزیکی خۆی بەرپرسایەتیی بووژاندنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی وەئەستۆ گرت. لە کۆنفرانسی سێیەمی حیزب‌دا کە جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٠ گیرا، دکتۆر قاسملوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پاشان بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەڵبژێردرا و پاشان لە هەموو کۆنگرەکانی حیزب‌دا وەک سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا و بەم جۆرە بۆ ماوەی هەژدە ساڵ وەک سکرتێری گشتی و بەرپرسی یەکەمی حیزب و ئیدارەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی گرتە ئەستۆ و لە یەکێک لە دژوارترین هەلومەرجەکانی خەبات‌دا ئەم حیزبەی رێبەری کرد.

دکتۆر قاسملوو لە رەوتی خەبات‌دا هەمیشە هەڵوێستی حیزبی دێموکڕاتی بە روونی راگەیاندوە و لە پێناوی وەدی‌هاتنی ستراتیژیی حیزب کە دیاری‌کردنی مافی چارەنووسی گەلی کورد و ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکڕاتیک و سەربەخۆ و ئازاددایە، هیچ شک و دڕدۆنگیی نەبووەو کارنامەی خەباتی حیزبی دێموکڕاتی وەک عەیاری مەحەک بۆ دوارۆژ هێشتەوە.

دکتۆر قاسملوو لە ماوەی شۆڕشی ٥٧ و خەبات دژی پاشایەتی بەردەوام لەگەڵ رێکخراو و دامەزراوە شۆڕشگێڕەکان هاوکاریی هەبووەو هاوکات باسی لە رێزگرتن لە ئازادی‌یە دێموکڕاتیکەکان دەکرد. لەکارەکانی لەم پێوەندی‌یەدا دەتوانین ئاماژە بە یەکیەتیی بەشێک لە پارت و رێکخراوە جۆراوجۆرەکان بۆ وەبەرهێنانی نەمامی دێموکڕاسی بکەین.

ناوبراو چەندین جار لە وتووێژی دەگەڵ رۆژنامەکانی کەیهان، ئیتیلاعات، ئایەندەگان، ئێرانی فەردا تەنانەت رادیۆ کوردستان‌دا رای‌گەیاندوە کە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بە واتای جیابوونەوەی کوردستان نیەو ئێمە خۆمان بە ئێرانی دەزانین و داواکانمان سادەترین و سەرەتاییترین مافی دێموکڕاسی‌یە کە بە پێی قانوونەکانی رێکخراوی نەتەوەکانیش مافی هەموو کەسێکە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دکتۆر قاسملوو بەر لە راپرسیی ٥٨ لە لای بازەرگان و زۆربەی راگەیەنەکان بە هۆی رووننەبوونی ماهیەتی ئەم ریفراندۆمە، بایکۆتی کرد و بە دوور لە پرەنسیپە دیموکراتیکەکانی زانی، کە خەڵکی کوردستانیش بەم پێیە بە گشتی راپرسی‌یان بایکۆت کرد و دەکرێ بڵێین دەنگیان بۆ دیاری‌کردنی سیستمی سیاسی نەدا و مەشرووعیەتیان نەدایە کۆماری ئیسلامی.

دکتۆر قاسملوو ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ لەحاڵێکدا بۆ دانوستان لەسەر دۆزینەوەی رێگەچارەیەک بۆ پرسی کورد لەگەڵ چەند نوێنەری ئێران لە ڤییەنی پێتەختی ئۆتریش خەریکی وتوویژ بوو لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا قادری‌ئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بەدەستی نوێنەرە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا. لەم کردەوە ناجوانمێرانەیەدا دکتۆر فازیل رەسووڵ، کوردی باشووری کوردستان و مامۆستای زانکۆی ڤیەنیش بەدەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوو.

کاک دکتۆر و هاورێکانی لە سەردەمی سەرکۆماریی کورت والدهایمدا لە ئۆتریش تێرۆر کرا، ئەم سەردەمەی کورت والدهایم بە باشترین سەردەمی پێوەندیی ئێران و ئۆتریش دەزانرێ پێوەندی‌یەکان هێندە چڕوپڕ بوون کە ئەگەرچێ تێرۆریستەکان گیران، دواتر دەوڵەتی ئۆتریش ئازادی کردن و دانیەوە بەدەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و سەرەڕای هەموو هەوڵەکان ٢٣ ساڵ بەسەر ئەم تێرۆرە لە ناوەندی ئورووپای پێشکەوتوودا تێدەپەڕێ و هیچ بڕیارێکی لەسەر دەرنەچووەو هیچ تاوانبارێک مەحکووم نەکراوە، ئەگەرچی ئەم ساڵانەی دوایی نازی‌بوونی والدهایم بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر سەلما بەڵام بە بیانووی پیربوونی دادگایی نەکرا.

سەرچاوەکان:
ماڵپەڕی کوردستان و کورد
وتاری د. هێمن سەییدی
نامەی ماستەری هوشمەند عەلی مەحموود

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تیرۆریزم لە روانگەی دوکتۆر قاسملووەوە

**سیروان مووساپوور**

«ئێمە وەک حیزبێکی دێموکرات ڕەشەکوژی رەت دەکەینەوە، چونکە حیزبێک کە لەلایەن گەلەوە پشتیوانیی لێبکرێ، هیچ پێویستییەکی بە پەنابردن بۆ ئەو چەشنە کارانە نیە. ئێمە تیرۆریزم لە هەر شوێنێک مەحکوم دەکەین...»

(لە وتە بەنرخەکانی دوکتۆر قاسملوو)

تیرۆریزم لەروانگەی دوکتۆر قاسملووەوە: تیرۆریزم وەک زۆر چەمک و زاراوەی دیکە، پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. دیارە لێرەدا مەبەست پێناسەکردن و باسکردنی رەهەندە جیاوازەکانی تیرۆریزم نیە. تەنیا خاڵێک کە گرنگە ئاماژەی پێبکرێ ئەوەیە کە تیرۆریزم چ لەلایەن دەوڵەتەکان بەدژی کەسایەتی و رێکخراوە سیاسیە نەیارەکان کەڵکی لێوەرگیرێ و چ لەلایەن تاقم و رێکخراوەکانەوە بەدژی حکوومەتەکان سوودی لێوەربگیرێ، ئەوا کردەوەیەکە کە تێیدا مەبەست بەکارهێنانی توندوتیژی و ترس و تۆقاندن و، لەنێوبردن و بەچۆک داهێنانی لایەنی بەرامبەرە. دیارە خودی زاراوەی تیرۆریش لە سەرچاوە لاتینییەکەیدا هەر بەواتای ترساندن و ترس و تۆقاندنە.

دوکتۆر قاسملوو وەک رێبەری حیزبێکی خاوەنپێگەی جەماوەری، لەمبارەیەوە خاوەنروانگە و هەڵوێستی روون و ئینسانی بووە. لەکاتێکدا کەشەڕ لەکوردستان بەئاستەمترین قۆناغەکانی دا تێپەڕ دەبوو، ئەو پێداگریی لەوە کردۆتەوە کە تێکۆشەرانی کورد لەگەڵ ئەوەی بە تەواوی تواناوە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان هەوڵ بدەن، دەبێ لەهەر چەشنە کردەوەیەکی دژەمرۆیی بە تایبەت کردەوەی تیرۆریستی خۆ ببوێرن. لە یەکێک لە وتووێژەکانی دا گوتوویەتی: «..ئێمە بۆ دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان خەبات دەکەین. داواکانمان حەقن، شەڕ دەکەین بەڵام هەر چەشنە کردەوەیەکی تیرۆریستی رەت دەکەینەوە».



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاڵێکی گرنگی دیکە کە لە ڕوانگەکانی دوکتۆر قاسملوو سەبارەت بە تیرۆریزم دەردەکەوێ، مەسەلەی جیاوازیی نێوان تیرۆریزم و خەباتی بزووتنەوە ڕزگاریخوازیی‌یە نەتەوەیی‌یەکانە.

ئەو لەهەمانکاتدا کە بۆ چارەسەکردنی ئاشتی‌یانەی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هیچ هەوڵ و کۆششێک خۆ نابوێرێ، بەڵام زۆر ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکا کە: «ئێمە خەباتی چەکدارانە لەدژی ڕێژیمی کۆنەپەرست و تیرۆریستی تاران ڕەت ناکەینەوە. لە ڕێژیمێکی دیکتاتۆردا کە دەرەتانی هیچ شێوەیەکی دیکەی خەبات لە گۆڕێ‌دا نیە، تەنیا چەک بۆ خەبات لەپێناو دێموکراسی‌دا دەمێنێتەوە». لەگەڵ ئەوەش‌دا لەوتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی (لیبراسیۆن)ی فەڕانسەیی پێداگری لەسەر ئەوە دەکا کە: «تیرۆریزم و بزووتنەوە ڕزگاری‌خوازی‌یە نەتەوەیی‌یەکان دوو مەسەلەی جیاوازن. شەڕی چەکدارانە یان پارتیزانی بۆ ڕزگاریی نەتەوەیەک، پەنابردن بۆ تیرۆریزمی پێویست نیە». هەر لەم پێوەندی‌یەدا فەرموویەتی: «من پێم وایە بزووتنەوە بەهێزەکان، ئەو بزووتنەوانەی بە ڕێگەی دیموکراتی‌دا دەڕۆن و ڕێنوێنی و لایەنگری و پشتیوانیی خەڵکیان لەگەڵە، پێویستی‌یەکیان بە پەنابردن بۆ تیرۆریزم نیە». ئەو بە باشی لەوە تێ‌گەیشتبوو کە لەژێر ڕووناکیی سیاسەتی دروستی حیزبەکەی و پشت‌ئەستوور بە هێزی لەبڕان‌نەهاتووی خەڵکەکەی و فیداکاریی پێشمەرگەکانی، سەرەنجام خەباتی نەتەوەکەی بە ئامانج دەگا و هیچ پێویست ناکات کە «بۆ گەیشتن بە ئامانجی پیرۆز کەڵک لە ئامراز و کەرەسەی ناپیرۆز وەربگیرێ».

دوکتۆر قاسملوو بە ڕوانینێکی ئینسانی و بیرکردنەوەیەکی سەرووحیزبی و تەنانەت سەروونەتەوەییش بۆ تیرۆریزمی ڕوانیوە. ئەو تەنیا ئەو کاتانە تیرۆریزم مەحکوم ناکا کە ڕووی لە حیزبەکەی یان نەتەوەکەی خۆی بێت. ئەو لەهەمانکاتدا کە کوشتاری گوندنشینەکان بە هۆی ڕێژیمی خومەینی‌یەوە بە تیرۆریزم دادەنێ، تەقاندنەوەی بۆمب لە پێتەختی وڵاتە ڕۆژئاوایی‌یەکانیش مەحکووم دەکا. ئەو بە چەندین جار ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە «ئێمە تیرۆریزم لە هەر شوێنێک مەحکووم دەکەین». لەم پێوەندی‌یەدا جێی خۆیەتی وەک نموونە ئاماژە بە یەکێک لە وتە بەنرخەکانی دوکتۆری زانامان بکەین: «لەگەڵ ئەوەی خومەینی چەندین جار دژی ئێمە لە شێوەکانی تیرۆریستی کەڵکی وەرگرتوە، ئێمە هیچ کات ئەوەمان تەئیید نەکردوە و بە پێڕەوی‌کردن لە ئوسوول، بارمتەگرتنمان مەحکووم کردوە. لە ساڵی ١٩٧٩دا ئێمە تەنیا حیزبی ئێرانی بووین کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بارمتەگرتنمان لە سەفارەتی ئەمریکادا مەحکووم کرد. دواتریش هەمیشە تەیارەڕفاندن و بۆمبدانانەوەمان مەحکووم کردوە. تیرۆریزم سیاسەتی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامی‌یە کە بەرپرسانی ڕێژیم چەن ساڵ لەمەوپێش بەئاشکرا رایان گەیاندوە...».

لە روانگەی دوکتۆر قاسملووەوە «.. ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانیان‌دا نە تەنیا کردەوەی تیرۆریستی بە خراپ نازانن، بەڵکوو بە شێوەی رەسمی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا لەرەشەکوژی و شێوە جۆراوجۆرەکانی تیرۆر کەڵک وەردەگرن. ئەو ڕێژیمانە لەنێوخۆی وڵاتدا موخالیفە سیاسی‌یەکانی خۆیان تیرۆر دەکەن و لەو ڕێگایەوە دەسەڵاتی پاوانخوازانەی خۆیان بە زۆری بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن. لە دەرەوەی وڵاتیش بۆ کپکردنی دەنگی هاودەردی و هاوپێوەندیی جیهانی و بۆ بەرگری لەلایەنگریی ئازادی‌خوازان و بە مەبەستی ناچارکردنی دەوڵەتان بۆ قبووڵی هێندێک مەبەستی تایبەتی و جاروباریش بۆ باجئەستاندن یان سەپاندنی ئیدئولوژی و بۆچوونێکی تایبەتیی خۆیان پەنا دەبەنە بەر تیرۆریزم». کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی دژەگەلی هەم لەئاستی نێوخۆیی و هەم لە ئاستیی نێونەتەوەیی‌دا بە شێوەیەکی بەربڵاو کەڵکی لە کردەوەی تیرۆریستی وەرگرتوە کە بێ‌گومان یەکێک لە لایەنە هەرە خەساردیتووەکانی ئەم کردەوە دژە مرۆیی‌یانەی کۆماری ئیسلامی، حیزبی دێموکراتە کە بە سەدان کادر و پێشمەرگە و ئەندام و چەندین ڕێبەر و کەسایەتیی سیاسیی تێکۆشەری لەدەست داوە.

## دوکتۆر قاسملوو، قوربانیی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی

جیاواز لەوەی تیرۆریزم خۆی بە شێوازی جۆراوجۆر پێناسە کراوە و لە ڕەهەندیی جیاجیاوە سەیری کراوە و لە قامووس و سەرچاوەکان‌دا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ نووسراوە و بگرە لە هەندێکیشیان‌دا هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بەکارهێنانیشی دیاری کراوە، دەبێ بڵێین کە خودی تیرۆریزم چەند شێوازی جۆراوجۆری هەیە و لە چەند جۆرێکدا بەڕێوە دەچێ کە باوترینیان بریتین لە: تیرۆریزمی پێشێل‌کاری یاسا گشتی‌یەکان، تیرۆریزمی مارجینالی (پەراوێزی)، تیرۆریزمی سیاسی، ئایینی، کیمایی، رادیۆلۆجی، گەریلایی، دەوڵەتی و نێودەوڵەتیی. دیارە بێجگە لەمانەش چەندین جۆری دیکەی تیرۆریزم بوونیان هەیە. بەئاماژە بەم جۆرانە دەتوانین بڵێین کە دوکتۆر قاسملوو، بوو بەقوربانیی دەستی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و لەم ڕێگەیەوە کۆتایی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە ژیانی فیزیکی ناوبراو هات. چونکە لە تازەترین پێناسەدا کە بۆ تیرۆریزمی دەوڵەتیی کراوە، هاتوە کە بریتی‌یە لە: «شێوازێک لە تیرۆریزم کە دەوڵەتێک لەستراتیژیی خۆی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پشت بەکردەوە تیرۆریستی‌یەکان دەبەستێ، ئەمجۆرە لە تیرۆریزم کاتێک بەڕێوە دەچێ کە دەوڵەتێک بە پشت‌بەستن بە هێرشە سەربازی‌یە کلاسیکەکان نەی‌توانیوە ئامانجەکانی خۆی بەرەو پێشەوە ببات».

هەورەک هەموو لایەک دەزانن کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چەند دەیە دەسەڵاتداریی رەشی خۆی بەسەر ئێران‌دا بۆ لەنێوبردنی نەیاران و بەرهەڵست‌کارانی خۆی کەڵکی لە هەموو جۆرە ئامرازێکی سەرکوت و لەنێوبردن وەرگرتوە و تەنانەت زۆرجار لە رەهەندی ئایینی‌یەوە هەوڵی رەوایی‌دان بە کردەوە دژەمرۆیی‌یەکانی داوە. نەتەوەی کورد لە ئێران و حیزبی دێموکراتیش وەک رێبەر و پێشەنگی خەباتی رزگاری‌خوازانەی ئەم نەتەوەیە، ماوەیەکی کەم دوای هاتنەسەرکاری ئەم رێژیمە، رووبەڕووی خەباتێکی سەخت و خوێناوی بوونەوە و لەم پێناوەش‌دا تێچوویەکی زۆری ماددی و مرۆیی‌یان داوە. رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ کپ‌کردنی دەنگی ئازادی‌خوازانەی ئەم نەتەوەیە و لەمەیدان‌وەدەرنانی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و بەرتەسک‌کردنەوە و تەنانەت لەنێوبردنی ئەم کەشە سیاسی‌یە کە دوای ڕووخانی رێژیمی پەهلەوی لە کوردستان هاتبووە کایەوە، پەنای بۆ گشت ئامرازەکانی سەرکوت و تۆقاندن برد. تیرۆرکردنی دەیان و سەدان کادر و پێشمەرگەی دێموکرات لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، یەکێک لەو کردەوە دژەمرۆیی‌یانە بوو کە رێژیم لە پەنا کاولکاری و قەڵاچۆکردنی شار و گوندەکان و گرتن و ئێعدامی تێکۆشەرانی سیاسی و شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان بەکاری دەهێنان. کردەوەیەک کە بەداخەوە هەم کۆماری ئیسلامی لە زۆربەی کاتەکان‌دا تێی‌دا سەرکەوتوو بوو و هەم حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی خەڵکی کورد خەسارێکی زۆریان پێ‌گەیشت کە یەکێک لە تاڵترین و لەهەمان‌کات‌دا گەورەترین خەسارەکانی ئەم کردەوە دژەئینسانی‌یە تیرۆری ڕێبەرانی کورد و یەک لەوان خودی دوکتۆر قاسملوو بوو. راستە لە ماوەی چەند ساڵ شەڕ و بەربەرەکانی و شەهیدبوونی دەیان و سەدان تێکۆشەی دێموکرات‌دا، کۆماری ئیسلامی توانیبووی تا رادەیەک شۆڕشی کورد و حیزبی دێموکرات تووشی لاوازی بکا، بەڵام ئەم حیزبە پشت‌ئەستوور بە هێزی خەڵک و ئیرادەی پێشمەرگەکانی، هەروا قورس و قاییم راوەستابوو و بەربەرەکانیی خۆی درێژە پێ‌دەدا. هەروەک دوکتۆر قاسملوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆی لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی «الیوم السابع»دا گوتبووی: «دەتوانم بڵێم و رابگەیەنم کە ئێمە هەوەڵکەس بووین لە بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمی خومەینیدا و لەو باوەڕەدام لەداهاتووشدا ئاخرین کەس دەبین کە بەربەرەکانێمان لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی هەر دەمێنێ». ڕاست هەرواش بوو. لە لایەکی دیکەشەوە، کۆماری ئیسلامی زۆر بە باشی هەستی بەوە کردبوو کە هۆی سەرەکیی خۆڕاگری و بەردەوامبوونی خەباتی حیزبی دێموکرات و لەوەش گرنگتر بەجیهانناساندنی کێشەی کورد، ریبەرایەتی و سیاسەتی حەکیمانە و پڕ لە واقیعبینییەکەی دوکتۆر قاسملوویە. هەر بۆیە ئەوانیش بە دارشتنی پیلانێکی سامناک و تێکەڵ بە وردبینییەوە کە لە لایەن بەرپرس و کەسانی پلە یەکەمی وڵاتەوە گەڵاڵە کرابوو، پیلانی تیرۆری ڕێبەری بەتوانای کورد، دوکتۆر قاسلوویان بەڕێوە برد کە بەداخەوە توانیان تێشیدا سەرکەوتوو بن.

د. قاسلوو چۆن بوو کەوتە نێو ئەم تەڵەیەوە؟ ئەوە پرسیارێکە کە هەرکەس لەوانەیە بە بۆچوون و لەروانگەی خۆیەوە وەڵامی بداتەوە. ئەو کە باشتر لەهەر کەسێکی دیکە لە ماهییەتی کۆماری ئیسلامی تێگەیشتبوو و تەنانەت ئەوی وەک ڕێژیمێکی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەریش بەخەڵکی ئێران و جیهان ناساندبوو و چەند ساڵ پێش شەهیدبوونی لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی فەڕانسەیی لیبراسیۆندا گوتبووی: «ئێران تەنیا وڵاتێکە کە بە ڕەسمی تیرۆریزمی گەیاندۆتە سەتحی سیاسەتی وڵات. ئەوە مەوزۆعێکە کەمن وەبیرهێنانەوەی بە پێویست دەزانم». کەوایە ئەو زۆر باش شارەزای سیاسەتە چەپەڵەکانی ئەم ڕێژیمە بوو. بەڵام ئەوە کە چۆن بەم ئاسانییە لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئاخوندییەوە تیرۆر کرا، هەروەک گوتمان هەرکەس بە شێوەیەک وەڵامی دەداتەوە و تەنانەت هەندێک لە نووسەران و خاوەنڕایان ئەمە بە یەکێک لە هەڵە گەورەکانی دوکتۆر قاسملووی دادەنێن، بەڵام لێرەدا ئاماژە بە خاڵێک بە پێویست دەزانم کە ئەویش ئەوەیە: هەر چەشنە وەڵامدانەوەیەک بەم پرسیارە بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئەوکاتی ناوچەکە بەگشتی و، بزووتنەوەی کورد لەو سەردەمدا و هەلومەرجی نێوخۆیی حیزبی دێموکرات، ناحەقییەکە دەرحەق بە دوکتۆر قاسملوو دەکرێ.

سەرچاوەکان:

١- تاقگەی هەقیقەت، کۆکردنەوەی: کاوە بەهرامی (بەرگی دووەهەم)

٢- فەرهەنگی سیاسی، وەرگێڕانی زاهیر محەممەدی و یاسین حاجی زادە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تیرۆری ئاشتی، تیرۆری ڕێگەچارەی عەقڵانی

ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

٢٣ ساڵ پاش تیرۆری دوکتور قاسملوو، ئەو پرسیارە کە چ خوێندنەوەیەک بۆ هاوکێشەکانی ئێران و کوردستان ئەو ڕێبەرە ناودارەی گەلی کوردی بەو قەناعەتە گەیاند کە بچێتە سەر مێزی وتووێژێک لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کە بوو بە هۆی تیرۆرکرانی، هێشتا جێگای باس و لێکدانەوەیە. د.قاسملوو وێڕای ئەوەی کە هەر لە سەرەتای شۆڕشی خوێناوی گەلی کورد دژی کۆماری ئیسلامی هەمیشە جەختی لەسەر ئەو ڕاستییە کردبووەوە کە «ئێمە شەڕ بۆ شەڕ ناکەین، شەڕ بۆ ئاشتی دەکەین» و «ئێمە لە هیچ حاڵەتێکدا وتووێژ ڕەد ناکەینەوە»، واتە جگە لەو باوەڕە قووڵ و بنەماییەی کە بە وتووێژ و ئاشتی هەیبوو، خوێندنەوەیەکی تایبەتیشی بۆ هاوکێشە سیاسییەکانی نێوخۆی ئێران و دەرەوەی ئێران لەو قۆناخە زەمەنییەدا هەبوو کە وتووێژە تراژیکەکەی تێدا بەڕێوەچوو.

## لاوازبوونی پێگەی کۆماری ئیسلامی

کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق یەکێک لە گرینگترین خاڵە وەرچەرخانەکانی هاوکێشەکان بوو. دوکتور قاسملوو پێی وابوو و ئیستدلالی دەکرد کە بە هۆی کۆتاییهاتنی ئەو شەڕەوە، پرس و ئاریشە نێوخۆییەکانی ئێران لە بوارە جیاجیاکاندا زەقتر دەبنەوە و ئیتر پاساوی شەڕ لەگەڵ وڵاتێکی دراوسێ نامێنێ تا ئەو پرس و ئاریشانەی پێ پەردەپۆش بکەن. ئەو ئاماژەی بە زۆربوونی حەشیمەتی ئێران و لەدایکبوونی نەوەیەکی نوێ لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران دەکرد و دەیگوت ئەگەر تا دوێنێ ئەوە زیاتر خەڵکی کوردستان بوون کە کۆماری ئیسلامییان قبووڵ نەبوو، لەدوای کۆتاییهاتنی ئەو شەڕەوە، خەڵکی سەرانسەری ئێرانیش بیر لە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان دەکەنەوە و خوازیاری باشبوونی بارودۆخی ئابوورییان دەبن. هەروەها پێی وابوو پرسی نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران کە کەوتبووە ژێر

سێبەری ئەو شەڕەوە، بەرچاوتر دەبێ و لە داهاتوودا کۆماری ئیسلامی بە چالێش دەکێشێ و فاکتیشی لە نەتەوەی بەلووچ دەهێنایەوە کە لە ساڵی ١٣٦٤ەوە بەکردەوە و لە پێناو داخوازییە نەتەوەییەکانی تەنانەت شەڕی چەکدارییان لەپێش گرتبوو. خاڵێکی دیکە کە دوکتور قاسملوو لە وتووێژەکانیدا جەختی لەسەر کردەوە، مردنی خومەینی بوو. لەم بارەوە پێی وابوو ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بە مەرگی ئەو، تەمەنی لە شەووڕۆژێکدا ئاوا نابێ، بەڵام قەیرانی ڕێبەری کاریزماتیک کە یەکێک لە کۆڵەکانی ئەو سیستمە بوو، بۆ ڕێژیم درووست دەبێ. لە ئاستێکی بەرینتری جیهانیشدا، شۆرەوی وەکوو گەورەترین نموونەی سیستمی سیاسیی ڕۆنراو لەسەر ئیدئۆلۆژی و تۆتالیتاریزم گۆڕانی قووڵی بەخۆیەوە بینیبوو و ئەو چاوەڕوانییەی لە لای شارەزایانی سیاسەت درووست ببوو کە وڵاتانێک وەک ئێرانیش کە لە بەرگی ئیدئۆلۆژییەکی دیکەدا خاوەنی سیستمێکی لێکچوو بوون، تووشی قەیران بن کە هەر وایشی لێهات. بەگشتی دوکتور قاسملوو پێی وابوو کۆڵەکە فیکری و سیاسییەکانی ئەو ڕێژیمە کەوتوونەتە لەرزین و ئەمەیش پێگەی ڕێژیم لە بەرامبەر هێزە دێموکراسیخواز و ئازادیخوازەکانی ئێران لاواز دەکات.

## بەهێزبوونی پێگەی حیزبی دێموکرات

دوکتور قاسملوو بە درێژایی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق، بەردەوام پێشوازی لە کۆتاییهاتنی ئەو شەڕەماڵوێرانکەرە دەکرد و پێی وابوو لەو حاڵەتەدا، خەباتی خەڵکی ئێران لە پێناو دێموکراسی بەگشتی و خەباتی خەڵکی کوردستان بەگشتی لە ژێر سێبەری ئەو شەڕە دێنە دەرەوە و جیهانی دەرەوە بە گرینگییەکی پترەوە لەو خەباتە نێوخۆییانە دەڕوانن. هەروەها لە راپۆرتی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بۆ چەندین کۆنگرەی یەک لەدوای یەکی پێش لە ساڵی ١٣٦٨ باسی کردووە کە هێزی پێشمەرگە لە مەیدانی بەربەرەکانێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ڕۆژ بە ڕۆژ بە بیروباوەڕتر و ڕێکخراوتر و شارەزاتر دەبێ و سەربازەکانی ڕێژیم ڕۆژ بە ڕۆژ بیروباوەڕیان بەو ڕێژیمە زیاتر لەدەست دەدەن و ئیدی ئامادە نین کە وەک سەرەتاکانی پاش شۆڕش، چاویان بە رووی راستییەکان بنووقێنن و گوێ بۆ هەر فەرمانێکی وەلی فەقیە شل بکەن، واتە پێی وابوو باڵانسی شەڕ لە کوردستان بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تێپەڕینی کات زیاتر و زیاتر بە لای خەڵکی کوردستان و بە زیانی هێزەکانی ڕێژیم دەشکێتەوە. هەروەها بە سەرنجدان بەوەی کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە لایەکەوە زیاتر ڕووی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی و لە لایەکی دیکەوە ڕووی ئاشتیخوازانە و دیموکراسیخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێرانی بۆ دەرکەوتبوو و بە سەرنجدان بە زیاتربوونی برەوی حیزبی دیموکرات لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە سوسیال دیموکراتەکانی ئورووپایشدا، ئەو ڕێبازە سیاسی و بیرۆکەییەی کە لەو کاتەدا لە لووتکەی دەسەڵاتی وڵاتانی ئورووپاییدا بوو، دوکتور قاسملوو ئارگومێنتی دەهێنایەوە کە پێگەی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا لە بەراورد لەگەڵ جاران بەهێزتر بووە.

## ئاشتیخوازی لە بەرامبەر تیرۆریزمدا

دوکتور قاسملوو بە خوێندنەوەیەکی عەقڵانی لە هاوکێشە نێوخۆیی و دەرەکییەکان، هاتبووە سەر ئەو باوەڕە کە کۆماری ئیسلامی یان ڕێگەی وتووێژ دەگرێتە بەر و بیر لە چارەسەریی کێشە نێوخۆییەکان دەکاتەوە یان ڕێگەی شەڕ درێژە پێدەدا و بۆ هەمیشە لە قەیراندا دەژی و ئێران بەرەوماڵوێرانی زیاتر و زیاتر دەبات. خوێندنەوەیەکی درووست و بەرهەست کە لە وتووێژە تراژیکەکەی ١٣ی ژوئیەی ڤیەندا بە شێوەی جۆراوجۆر بۆ لایەنی بەرامبەری کە لە بەرگی دیپلۆمات دەرکەوتبوون، شی کردەوە.دوکتور قاسملوو کاتێک پەیامی وتووێژی لە تارانەوە پێ گەیشت، تا ڕادەیەکی زۆر بەوە هیوادار بوو کە ڕێژیم ڕێگای یەکەم هەڵدەبژێرێ و لەوانەیشە بەشێک لەو کەمتەرخەمییەی کە بەنیسبەت پاراستنی ئاسایشی شوێنی وتووێژەکە کردی، هەر لەو خوێندنەوەوە سەرچاوەی گرتبێ یان لانیکەم لە پاراستنی دەزگا ئەمنییەتییەکانی دەوڵەتی ئۆتریش دڵنیا بووبێ. کۆماری ئیسلامی ڕێگای هەمیشەیی خۆی، واتە تیرۆری هەڵبژارد و ڕێبەری ناوداری کوردی تیرۆر کرد، بەڵام بێئاگا بوو لەوەی کە بیر و ئەندێشەکانی قاسملوو هەروا لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا زیندوو دەمێننەوە و خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمە تیرۆریستە لە پانتاییەکی بەرینتر و گشتگیرتردا بەڕێوە دەچێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملووی پڕ شنگدارترین ئەستێرەی خەبات بۆ ئاشتی و دێموکراسی

**ئەحمەد مەکلاوەیی**

لە نێو نەتەوەکانی جیهاندا کەمتر نەتەوەیەک هەیە کە وەک کورد زوڵمی لێ کرابێ. بەڵام بەو حاڵەش کەمتر نەتەوە لە جیهاندا هەیە بە قەدەر کورد حەزی لە ئاشتی کردبێت و بکا. کورد بەگشتی سەرەڕای ئەوە کە لە لایەن ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکانەوە هەمیشە زەبرو زەنگی پێ ڕەوا بینراوە، هەمیشە ڕێگای ئاشتیخوازیی گرتۆتە بەر و لە پێناو جیگیر کردنی ئاشتی دا خەباتی کردوەو ماندوویی نەناسیوەو لەو پێناوەشدا زۆر ڕۆڵەی بە ئەمەگ و گەورەی خۆی فیدا کردووەو بە شانازی سەریان ناوەتەوە. ئەگەر بە وردی ئاوڕێک لە مێژووی نەتەوەی کورد بدەینەوە و بڕوانین، دەبینین مێژووی نەتەوەکەمان پڕە لە گیان بەخشینی ڕۆڵەکانی و لە نێویاندا گەلێک سەرکردەو ڕێبەری بە ئەزموون و لێوەشاوەو خۆراگرو لێهاتوو دەبینرێن کە بۆ گەیشتنی نەتەوەکەیان بە مافە ڕەواو ئینسانییەکانی خۆی چەندەیان خەبات کردوەو زەحمەتیان کێشاوە و بە دانی خوێنی خۆیان ئاشتیخوازی میللەتی کوردیان بە گشت خەڵکی ئاشتیخوازی جیهان نیشان داوە کە یەکێک لە بەر جەستەترین و بەرچاوترینیان قاسملوویە.

شەخسییەت و کەسایەتیی سیاسیی قاسملوو هەر لە سەرەتای لاوەتیدا بنی داکوتابوو و بە هۆی موقعییەتی تایبەتیی بنەماڵەیی زۆر زوو لەگەڵ گیروگرفتی گەلی کورد ئاشنا بوو و قۆڵی لە خەباتکردن هەڵ ماڵی و لە نێو ریزی ئەندامانی تەشکیلاتی حیزب دا بە مەبەستی ڕزگاربوونی نەتەوەکەی لە ژێر دەستی و گەیشتن بە مافەکانی درێژە بە تێکۆشان داو لەو پێناوەدا زۆری کوێرەوەری دیت و زەحمەتی کێشا و نەخشی بەرچاوی گێڕا کە لەگەڵ هەڵکردنی شنەبای بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ گەڕایەوە عیراق و بە هاوکاریی هاوڕێیانی دیکەی دانیشتووی ئەو وڵاتە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەشکیلاتی حیزبی لە نوێ نوێسازی کردەوەو حیزبی سەربەخۆ راگرت و لە پەرشی و بڵاوی دەربازی کرد.

ئەزموونی مێژوویی نیشانی داوە کە کەسایەتی‌یەکان دەتوانن لە دیاریکردنی چارەنووسی گەلاندا نەخشی بەرچاویان هەبێ کە د. قاسملوو یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە هەل ومەرجی ئەو کاتی حیزب دا وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار درەوشایەوەو رێگای ون بووی جارێکی دیکە بەرێبوارانی بە ئەمەگی ڕێبازی حیزب نیشان دایەوەو کەوتنەوە سەر رێی راستەقینەی خەبات و تێکۆشان.

بە دانانی بەرنامەو ئەساسنامەی نوێ و لاواندنەوەی هاوڕێیانی زیز بووی دەورانی سەر لێشێواویی حیزب و دارشتنەوەی سەر لە نوێی قەوارەی تەشکیلاتیی حیزب و خستنەوە گەڕی، حیزبی دێموکراتی لە نێو کۆڕو کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی ناوچەو دەوروبەر دا ناساندو بە کەڵک وەرگرتن لە کەسایەتیی بەرزی خۆی سەربەخۆیی لە دەست چووی حیزبی دێموکراتی گێرایەوە سەر دۆخی خۆی و رووحێکی تازەی بە بەر حیزبدا داکردەوەو هیواو بڕوایەکی زۆری خستە نێو دڵی خەڵکی کوردستان بەگشتی و کادرو ئەندامانی حیزب بە تایبەتی و تشکیلاتی حیزبیشی چاکسازی کردو دووبارە حیزبی دێموکراتی وەک حیزبێکی بەرپرس و تێکۆشەر و بە ئیعتبار هێنایەوە مەیدان و پێوەندی‌یەکی سالمی لە سەر پەرەپێدانی چالاکیی خۆی لەگەڵ زۆر رێکخراوی سیاسی و کۆڕو کۆمەڵی نێونەتەوەیی دا دامەزراندو پەرنسیپەکانی حیزبی دێموکراتی سەقامگیرکردن و کردنی بە فەرهەنگ و بۆ پاراستنی پێی دا دەگرت و ئامادە بوو مایەیان لەسەر دابنێ.

حەزی لە کاری دەستە جەمعی و رێبەریی جەمعی دەکرد و بۆ حەللی کێشەکانیش بەگشتی ئیمانی پتەوی بە دیالۆگ و وتوویژ چ لە نێو حیزب و چ لە پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی حیزب دا هەبوو. قاسملوو زۆری هەوڵ دا مەسەلەی کورد لە رادەی نەتەوەیی دا بناسێنێ، چونکە پێی وابوو ئەگەر مەسەلەی کورد نەبێتە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی چارەسەرکردنی دژوارە. بەڵێ قاسملوو پێشمەرگەیەکی مەیدانی خەبات، ئەدیب، نووسەر، دیپلۆمات و ئاشنا بە فەرهەنگی ئوروپایی و ئێران و کورد و هیدی و ئەهلی خوێندنەوەو زمانزانێکی بە تواناو رێبەرێکی هەڵکەوتوو، مودیرێکی کارامەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرمایەکی گەورە بۆ گەلی کورد و حیزبی دێموکرات بوو. هەر بۆیەش ئاخوندە دڵ ڕەشەکانی حاکم بە سەر ئێراندا کە خۆیان کردۆتە دەسەڵاتی موتڵەقە لە وەڵاتەکەمانداو هیچ بایەخێک بە ئوسوولی ئەخلاقی و ئینسانی نادەن و کەمترین نرخ بۆ ڕێ و شوێنە نەتەوەیی یەکان و پێوەندی‌یەکانی نێوان گەلان و دەوڵەتانی دنیا دانانێن، زۆر کۆنە پەرستانەو دوور لە عەدالەتی ئینسانی و ڕەوشتی پیاوانەو عەقلیەتی پێشکەوتوانە دەستیان لە جینایەتێکی کەم وێنەو بێ ئەخلاقی و بێ پرنسیپی یەکی ئاشکرا و بێ پەردە داو لە نیازپاکی و ئاشتیخوازیی گەلی کورد و قاسملووی ڕێبەر کەڵکی خراپیان وەرگرت و ڕووی دزێوی دڕندەیی خۆیان لە نێو جەرگەی ئورووپادا بۆ گەلانی ئێران و بەگشتی بۆ گەلانی جیهان دەرخست و لە سەر مێزی وتووێژ دەستیان بۆ درێژ کردو بە دەستی پڕ لە خوێن و خیانەتی خۆیان لە خوێندا سووریان کرد.

پەروەردە کراوانی خوێن و خیانەت و تینوو بە خوێنی نەتەوەی کورد بە ڕوونی دەریان خست چەند دوژمنی نەتەوەی کوردن و زیاتر لە رابردووش سەلماندیان کە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد هیچ ڕێگایێک بە ناوی ئاشتیخوازیی ناناسن. وایان زانی بەو هەنگاوە غەیرە ئینسانی و بێ ئەخلاقییە دەتوانن ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی نەتەوەی کورد ڕابگرن. نەیان زانی کە قاسملوو تاجی سەر بەرزی لە سەردەنێ و ئەوانن لە نێو خەڵکی وڵات و جیهانی ئاشتیخواز دا ڕوو ڕەش دەبن. هەرچەند لە دەست چوونی قاسملوو بۆ نەتەوەی کورد خەسارەیەکی گەورە بوو، بەڵام ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد وەفاداربە ئامۆژگاری یە بە نرخەکانی ڕێبەری بە ئەزموونیان نەیان هێشت جوولانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو نشوست بڕوا و یەک دەنگیی نەتەوەی کورد بەگشتی بەرانبەر بەو پیلانە لە هەر کات و سەردەمێک زیاتر خۆی نواندو یەکبوونی نەتەوەییی کوردیان لە هەر چوار پارچەیی کوردستاندا زیاتر نیشانی جیهانیان دا.

دوژمن بەو پیلانە گڵاوەی لە نێو خەڵکی کوردستان و هەموو ئاشتیخوازانی جیهاندا زیاتر بێزرا، بەڵام پشتیوانیی کۆمەڵگای ئاشتیخوازی جیهان زیاتر بە لای چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد کشا. هەر چەند ئەو کارەساتە برینێکی قووڵی لە سەر دڵی هەموو شۆڕشگێڕانی کوردستان و بەگشتی لە سەر دڵی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد دانا، بەڵام خوێنە گەشەکەی قاسملوو داری ئاشتی و ئازادی ئاو داو


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئاشتیخوازی نەتەوەی کوردی مۆر کرد و خستیە بەر چاوی بیروڕای ئاشتیخوازی جیهان. تیرۆر کردنی ئەو کەڵە پیاوە هەزاران شەخسییەتی بە ناوبانگی کورد و ئێرانی و جیهانی هەژاند کە دەسەڵات بە دەستانی ئێرانی ئاخووندییان لەعنەت و نەفرین کردو ئەو گوللانەی لە چەکی پیاو کوژەکانی سەر بە ئاخوندەکان هاتنە دەر تەنیا بە نیشانە گرتن و لێدان لە مێشک و دڵی قاسملوویان دانەناو بە لێدان لە دڵ و مێشکی ئازادیخوازانی جیهان و دنیای دێموکراسی خوازیان داناو قاسملوویان بە یەکێک لە شێلگیرترین لایەنگرانی سوڵح و ئاشتی و دێموکراسی لە سەرانسەری جیهاندا داناو دەستی خۆیان بۆ لە ئەژنۆ داو بەشداریی زۆربەی هەرە زۆری رێکخراوە و حیزبە سیاسی‌یەکانی ئێرانی و کوردستانی و نوێنەرانی زۆر حیزبی سیاسی ئوروپایی و دەیان و سەدان شەخسییەتی سیاسی، هونەری، رۆژهەڵاتناسی بە ناوبانگ و کەسایەتیی ئەدەبی لە رۆژی بە خاک سپاردنی و ساڵیادەکانی یەک بە دوا یەکدا، لە کۆڕو کۆبوونەوەو خۆپێشاندان و رێپێوان و ئیعترازەکاندا بە دژی کۆماری ئیسلامی، نیشانەی وەڕێکەوتنی شەپۆلێکی گەورەی نەفرین و بێزاری لە عامیلانی ئەو جینایەتە بوو کە دەنگدانەوەی ئەو شەپۆلە بە هۆی رادیۆو تەلەفزیۆن و چاپەمەنیی دنیادا ، زیاتر لە هەر دیاردەیەکی دیکە زۆر لێکراویی نەتەوەی کوردی بۆ خەڵکی جیهان دەرخست.

لەگەڵ ئەوەدا کە خۆشەویستیی قاسملوو لە نێو رۆڵەکانی گەلی کورد دا بەگشتی شتێکی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام پێویستە خەڵکی کوردستان بەگشتی و بە تایبەتی قشری رووناکبیرو لاوان بە بیروبۆچوونە جۆراوجۆرەکانی قاسملوو ئاشنا بکەین کە بۆ ئەوەش رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات و کادرو پێشمەرگەو رووناکبیرانی کورد بەرپرسیارن تا بیری قاسملوو تۆزێ فەرامۆشیی لێ نەنیشێ و وەچەکانی داهاتوو فەخری پێوە بکەن و لە نێو تاکەکانی نەتەوەکانی جیهاندا وەک سەمبوولی دێموکراسی خوازی باسی لێ بکەن کە ئەوە تەنیا خزمەت بە قاسملوو نیەو خزمەت کردن بە مێژووی نەتەوەکەمانە، لێرەدا یەو کە بە پیویستم زانی هەر چەند کورتیش بێت ئاورێک لە بیرەوەریەکی تاڵی رۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی کە ئەو کەڵە پیاوەی تێدل تیرۆر کرا و لەو کاتە دا لە ناوچەکانی رەبەت سەرگەرمی کاری حیزبی بووین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٣ ساڵ بەر لە ئێستا، دروست لەم مانگە دا کە کومیتە شارستانی رەبەت وهێزی زمزیران بە مەبەستی کار و تێکۆشانی حیزبی لە ناوچەی مەیدان چۆغەی رەبەت دابووین، ئیوارەی ٢٠ لە ٢١ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی بە مەبەستی چەند رۆژ حەسانەوە و پشوودان چووینە کانی بەرخ هەڵکەوتوو لە سەری رشتە کێوی چیایی پشتی گوندی نستان. بەڵام ئێوارەی ٢١ لە سەر ٢٢ی پووشپەری ئەو مانگەی، بریارمان دا کە شوێنەکەمان تەغیر بدەین و بچینە کانیە ویشکەڵان کە بە سەر هەموو دۆڵی زمزیران و بەشێکی زۆری ناوچەکانی مەیدان چۆغە و کاڵەشین و دۆڵی نەڵێنیش دا دەڕوانیێ. بەڵام ئیواریێ کە ویستمان حەرەکەت بکەین، بە مەبەستی پەیدا کردنی تداروکاتی کادر و پێشمەرگەکان، بووینە دوو دەستە. دەستەیەکمان بەم مەبەستەوە بەرەو گوندی کانی سپی کەوتینە ریێ و دەستەکەی تریشمان چوونە کانیە ویشکەڵان. بەڵام دەستەی ئێمە بێ خەبەر لەوە کە گوندی کانی سپی پرە لە جاش و پاسدار و کەمینیان داناوە، هەر کە واریدی ناوگوندی کانی سپی بووین، لە گەڵ هێزەکانی دوژمن دەرگیر بووین و شەڕێکی گەرم دەستی پێ کرا. بەڵام بەم حاڵەش کورانی نەترسی دێموکرات لە مەڵبەندەکانی رەبەت دا، لە ماوەیەکی زۆر کوت دا کەمینی دوژمنیان تێک شکاند و زەبرێکی بە ژانیان لە هێزەکانی دوژمن وەشاند و بە رادەیەکی زۆر لە هێزەکانی دوژمن کوژران و بریندار بوون و ٨ کەسیشیان لێ بە دیل گیران. پاش ئەوە کەمێکمان تداروکات لە چەند ماڵێک وەرگرت وبە ساغ و سلامەتی بۆ لای هاوسەنگەرانمان نیشتەجێ لە کانیە ویشکەڵان گەڕاینەوە. کە گەڕاینەوە، پێشمەرگەکان هەموو شاد بوون و بێ خەم لە کانیە ویشکەڵان بۆی خەوتین. بەڵام بەیانی ئەو رۆژە کە ئەو کات من ئەندامی کومیتەی شارستانی رەبەت بووم، کاک مستەفای مەولوودی کە ئەو کات بەرپرسی کومیتە شارستانی رەبەت بوو، بانگی هەموو ئەندامانی کومیتە شارستانی کرد و گوتی: کورینە لە دەفتەری سیاسیەوە پەیاممان بۆ هاتووە و دەڵێن دوکتور قاسملوو برینداره!!!؟

دەمودەست هەموومان دڵمان کەوتە لێدان و زانیمان دوکتور قاسملوو شەهید بووە، دەنا دەفتەری سیاسیی بۆ بریندار بوونی ئەو ئێمە ئاگادار ناکات. بەڵێ، لەلای پێشمەرگەکان دەنگمان نەکرد و وردە وردە رۆژ دەهات و بەرە و نیوەرۆ دەرۆیشت


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و پیشمەرگەکان هەر کامیان لە بەرسێبەری دارەکان و هەر یەکەیان لە بەر خۆیانەوە خەریکی چا دروست کردن بوون و یەک یەک و دوو دوو بە دەیان جۆر خەریکی راز و نیازی دڵی خۆیان بوون. بەڵام مخابن لەو کاتە دا کە کات ژمێر ١٢،٥ی نیوەرۆ بوو و رادیۆ دەنگی کوردستان بۆوە و راگەیاندراوی لێدا و هەواڵی تیرۆر کرانی دوکتور قاسملووی بڵاو کردەوە، هەموو شتێک گۆڕا و پێشمەرگەکان دەستیان بە گریان کرد وغەم دای گرتن. هەواڵێکی گەلێک گران و ناخۆش و دڵتەزێن بوو. هەموو کتری چایەکان لە سەر ئاگر سارد ببوونەوە و کەس نەبوو ساکیت نەبێ و بێ دەنگ دانەنیشتبێ. زۆر ناخۆش بوو، لە وکاتە دا دیلەکان زۆر زۆر دەترسان و پێیان وابوو ئێمە دەیان کوژین، بەڵام لەوکاتە سەختە دا لەسەر رێنوێنیەکانی قاسملووی نەمر کە دەی گوت: دیلیش مافی خۆی هەیە و نابی بێ حورمەتی پێ بکرێ، لە گوڵیان کەمتر پێ نەگوترا وزۆریان رێز لێ گیرا و وەک پێشمەرگەگان سەهمی تدارووکاتی خۆیان پێ درا . ئێوارەی ئەو رۆژە بووینە دوو دەستە و دەستە یەکمان چوونە گوندی سارتکێ و دەستەکەی ترمان کەمن خۆم لە گەڵ ئەوان دا بووم چووینە گوندی مێونە کە واریدی گوندی مێونە بووین دیتمان هەرچی خەڵکە رادیۆ دەنگی کوردستانیان گرتووە و گوێیان لە هەواڵی تیرۆری قاسملوو  گرتووە و دەگرین. لەو کاتە دا کە دەبوایە خەڵک دڵخۆشی ئێمە بداتەوە، ئەوە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون کە دڵ خۆشی خەڵکی گوندی مێونەیان دەدایەوە. ئەو شەوە لەوێ دیلەکانمان تەحویلی شۆڕای گوندی مێونە دان کە بەیانی بیان بەنەوە بۆ رەبەت و تەحویل رێژیمیان بدەنەوە. خەڵک کە ئەوەی دیت لایان زۆر سەیر و گران بوو کە ئێمە لەو کاتە دا کە دوکتور قاسملوو تیرۆر کراوە ، جاش و پاسدارە دیلەکانی شەر ئازاد دەکەین.

ئەو شەوە کە گەراینەوە مووچەی کیکنی لە پشتی گوندی سارتکێ، رێژیم لەو کاتە دا کە هەموو دوو ساعەت بوو دیلەکان لە لایەن شووراکانی گوندی مێونە گەیندرابوونەوە رەبەت ، ئێمەی دایە بەر رەهێڵەی گوللە کاتویشا و خۆمپارە و بە سەدان گوللەی لە دەوروبەری ئێمەدا کە بە خۆشیەوە زیانی بە دواوە نەبوو. بەڵام ئازاد کردنی ئەو دیلانە لە لایەنە حیزبی دێموکراتەوە لەو کاتە دا، لە ناو خەڵکی ناوچە و هێزەکانی دوژمنیش دا دەنگدانەوەیەکی سەیری هەبوو کە زۆر بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قازانجی جووڵانەوەی کوردستان تەواو  بوو. پاش ئەوە کاک مستەفای مەولوودی کۆبوونەوەیەکی بۆ گرتین و لە سەر وتە بە نرخەکەی قاسملوو کە دەی گوت: باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پێدانی ڕێگایانە، قسەی بۆ کردین و بە پێی وتەکانی  قاسملووی نەمر درێژەمان بە کار و تێکۆشانی حیزبی دا کە دەبینین ڕێگەکەی ئیستاش پاش ٢٣ ساڵ پڕ لە ڕێبوارە و هەر واش پر ڕێبوار دەبێ. یادی هەمیشە زیندوو و ڕێبازی پڕ ریبوار بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ  -  ڕێکەوتی: ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٢


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە بەجیهانیکردنی کێشەی کوردو بۆلوتفیی زۆرمان!

محمد سلێمانی

مێژووی نوێی شۆڕشی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شاهیدی ڕۆڵی بەرچاو و بوێرانەی دوکتور قاسملووی نەمرە لەنێو ئینترناسیوڵ سۆسیالیستو ئامانج لە هەوڵدان بۆ چوونەنێوڕێکخراوەیەکی ئەوتۆ لە ئاستی دەرەوەدا بەجیهانیکردنی کێشەی سیاسیو نەتەوایەتیی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی خەڵکی کوردستان بوو. دوکتور قاسملوو ئەگەر ڕێژیمی ئاخوندیو مرۆڤکوژەکانی بە پیلانی تیرۆریستی شەهیدیان نەکردبایە، بێگومان ئەو نەخشەڕێگایە کە وەک ئامانجی گرنگی کاری دیپلۆماسی خستبوویە دەستووری کاری سیاسی لە ئاستی نێونەتەوەییدا، بەمەبەستی گەیاندنی کێشەی کورد بۆ نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تێدەکۆشاو دەستی بە هەنگاونان کردبوو لە ڕێگای دۆستەکانیەوە.

هەوڵەکانیشی هەر بەو ئاڕاستەیەدا لەنێو ڕێکخراوی ئینترناسیۆڵ سۆسیالیستدا زۆرتر چڕکردبۆوە، هەتا لەڕێگای دۆستە ئوروپاییەکانییەوە کە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە جیهانییەن، کێشەی سیاسیی کورد بگەیەنێتە نێو کۆڕی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو لەو میمبەرە جیهانییەوە باس لە مێژووی سیاسیو نەتەوایەتیی بزووتنەوەی نیشتمانیی گەلی کوردو ئامانجە سیاسییەکانی بکات. ئەو کارەساتە گەورەیە کە بەسەر گەلی کوردو وڵاتی کوردستان هاتوە، وەک دابەشکردنو بەزۆرلکاندنی خاکی کوردستان بەچوار دەوڵەتی بەهێزی ناوچەکەوە، یەکێک لەو باسە گرنگانەی دوکتور قاسملوو بووە لەنێو کۆڕو کۆمەڵە پێشکەوتنخوازەکانی لایەنگری سەقامگیرکردنی دیمۆکڕاسی.

پێکهاتنی کۆمیتەی تایبەت بە کورد لە نێو ڕێکخراوی ئینترناسیول سۆسیالیست لە ساڵی ٢٠١٣ی زایینیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە دوکتور قاسملوو بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکەمجار لە مێژووی سیاسیی کورددا دەرگای ڕێکخراوەیەکی ئەوتۆی بەسەردا کرایەوە، بەڵام زۆر گرنگە بزانین ڕۆڵی ئەو کۆمیتەیە چیەو ئامانجی سەرەکی‌یان چی دەبێت لە پاش مەرگی ڕێبەرو گەورەپیاوی مێژووی سەردەمی نوێی جووڵانەوەی مافویستیی گەلی کوردستان. ئەگەر بێتو ئەو ستراتیژی‌یە سیاسی‌و دیپلۆماسی‌یەی کە دوکتور قاسملوو دای‌ڕشتبوو پێش لە مەرگی نابەوەختی خۆی، دەسکەوتێکی گەورە دەبێ بۆ کورد کە هەوڵەکانیان بەو ئاڕاستەیەدا چڕ بکەنەوە کە کێشەی کورد بگاتە سەر مێزی کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان بەشێوەی گشتی کە هەلومەرجێکی زێڕینی لە ئاستی دەرەوەدا بۆ ڕەخساوە.

وەفدی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوون، دەبوو پێشنیاری ئەوەیان کردبا کە ئەو کۆمیتەیە کە تایبەت بە کورد پێک‌هاتوە لە هێزە سیاسی‌یە کوردستانی‌یەکان بەناوی» شەهید دوکتور قاسملوو» نێودێر کرابا، وەک ڕێزو وەفایەک بۆ هەوڵو خەباتی بێ‌وچانی لەنێو ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست‌دا.

ئەو سەرکەوتنە سیاسی‌یە کە ئێستا بەدەستی کوردو هێزەسیاسی‌یەکانی دێت، ئاکامی ئەو بەرچاوروونی‌یە سیاسی‌و مێژوویی‌یەیە کە دوکتور قاسملوو لەنێو ئەندامان‌و لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوە جیهانی‌یەدا پێکی هێنابوو. بەرلە ڕووداوە سیاسی‌و ئیداری‌یەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی کە بەرهەمی ڕیفۆرمی سیاسی‌و ئابووری لە پێش ساڵی ١٩٨٩ی زایینیی‌دا لە ئورووپا بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوویان داو جەوهەری تێڕوانین‌و پێوەرە سیاسی‌و پەیوەندی‌یە جیهانی‌یەکان کەوتنە ژێر تەوژمی ئەو گۆڕانکاری‌یەوە.

دوکتورقاسملوو بەهۆی بیرمەندی، دووربینیی سیاسی‌و دێمۆکراتبوونی، دۆستی گرنگی لە ئاستی دەرەوەدا بەمەبەستی پشتیوانی‌و لایەنگری‌کردن لە مەسەلەی کورد پەیدا کردبووو زۆر بە هاسانی لە کاتی دانیشتن‌و کۆبوونەوەدا شوێنی لەسەر دادەنان‌و سەرنجو تێڕوانینە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی گەورەپیاوی مێژووی نوێی گەلی کورد دوکتور قاسملوو لەسەر مەسەلە گرنگو کێشە نێونەتەوەیی‌یەکان بە هێند دەگیراو زۆر بەسەرنجەوە گوێڕایەڵی باسو هەڵسەنگاندنە سیاسی، ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی دەبوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیاره بەهۆی پێکهاتەی سروشتی سیاسیو ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوەیە بووە کە دوکتور قاسملوو هەوڵی داوە بۆ ئەوەی لە نێویاندا شوێنی خۆی بکاتەوە هەتا پرسی کورد بەرەو پێشەوە بباو زەمینەی ئەوە دروست بکات کە پرسی ڕەوای کورد بگەیەنێتە سەر مێزی ئەو وڵاتە گەورەو بەنفووزانەی دونیا کە شوێنو جێگای پەنجەیان بەسەر مەسەلە هەستیارو هاوکێشە سیاسیەکانەوە لە جیهاندا هەبوو.

دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکڕات، وێڕای ڕێبەریکردنی جووڵانەوەی نیشتمانیی خەڵکی کوردستان لە نێوخۆی وڵات، لە بەرانبەر سیاسەتی سەرکوتو دیکتاتۆرانەی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران، لە گەرمەی شەری ساردو بێلوتفیی وڵاتانی سۆسیالیستی سەبارەت بە کێشەی سیاسیو خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەو قۆناخە سەختەی کاری سیاسیو دیپلۆماسیدا، زۆر لێبڕاوانە تێکۆشا بۆ ئەوەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان لە ئاستی دەرەوەدا گەشە پێبداو بیروڕای هێزو کۆمەڵگا دێمۆکراتیکەکان بۆ لای مەسەلەی کورد ڕابکێشێ. دیارە لەو کاتەدا ئەوەندە ئاسان نەبوو کە بە هەموو ئامانجەکانی بگات لە کارو خەباتی دیپلۆماسیو سیاسی، بەهۆی ئەو هەلومەرجە نالەبارەی کە زاڵ بوو بەسەر پەیوەندیی وڵاتاندا، چونکە لە گەرمەی جیهانی دوو جەمسەریو ئاڵۆزیی سیاسیو ناڕوونیی هاوکێشە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەدا زۆر دیار نەبوو کە کام لایەنی شەری سارد براوەی ئەو هاوسەنگییە سیاسیو ئابوورییە دەبێ لە ئاستی دونیادا، بەڵام سەرەڕای ئەو بارودۆخە کە بەسەر هەلومەرجی گیتیدا زاڵ ببوو، توانیبووی زۆر ژیرانە کەسانی ناودارو بەنفووز لە وڵاتانی ئورووپاو ئەمریکا کە شوینی گرنگیان لەسەر سیاسەتی وڵاتەکەیان هەبوو، بکات بە دۆستو لایەنگری خەباتی ڕەوای گەلی کورد لەپێناو گەیشتنی بە مافی سیاسیو نەتەوایەتیی خۆیدا.

خەباتو تێکۆشانی دوکتور قاسملوو لە نێو ڕێکخراوەی ئینترناسیونال سۆسیالیستدا وەک ڕێبەرێکی دێمۆکڕاتو پێشکەوتنخواز کاریگەریی لەسەر خوێندنەوەو تێڕوانینی ئەو ڕێکخراوەیە داناو گرنگیو هەستیاریی مەسەلەی کورد وەک کێشەی گەلێکی گەورە، شوێنی خستە سەر سیاسەتو هەڵوێستی ئینترناسیول سۆسیالیست سەبارەت بە جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کورد. ئەو زنجیرە کۆبوونەوانەش کە لە کوردستان پێکهاتوون بەرهەمی خەباتو ماندووبوونی دوکتورقاسملووی ڕێبەرن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەدوای ئاڵوگۆڕە سیاسیو کۆمەڵایەتیيەکانی ئوروپا کە لە هەشتاکاندا سەرهەڵدانو گەشەکردنیان بەشێوەیەکی بەربڵاو لەنێو وڵاتانی سۆسیالیستیدا زەمینەی بۆ دروست ببوو، دەرکەوتنی خاڵی لاوزی سیاسیو ئابووریی وڵاتانی سۆسیالیستی لەو قۆناخەی خەبات دا، بێگومان زەمینەی گەشەکردنی بیری ئازادیو سەربەستیی گەلانی جیهان زەمینەی گونجاوتری بۆ ڕەخسا. دوکتور قاسملوو بەر لە سەرهەڵدانی ئەو ڕیفۆرمە سیاسیو ئابووریيە کە پاشان ڕوخساری سیاسیی ئوروپاو ئاسیای بەتەواوی گۆڕیو زۆر وڵاتی نوێ بەدوای دارمانی بلۆکی سۆسیالیستیدا کەوتنە سەر نەخشەی سیاسیی جیهانەوە پێشبینیی ئەو قۆناخە سیاسیيەی کردبوو.

دوکتور قاسملوو دەمێک بوو هەڵسەنگاندنو توێژینەوەی ئەو بارودۆخە سیاسیيەی جیهانی کردبوو و بە پێشکەشکردنی «کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم» هەموو پێوەرو چەمکە فیکرییەکانی بەشێوەیەکی سەردەمیيانە وێرای ڕەخنە لە سیستەمی سیاسیو کۆمەڵایەتیی وڵاتانی سۆسیالیستی، ڕێگای ڕزگاربوون لە قەیرانی خستبوو بەرچاوی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی.

هیواخوازین ئەو کۆمیتەیە کە تایبەت بە کوردەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان پێک هاتوە لەنێو ڕێکخراوی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا ئەو دەورو ڕۆڵە مێژووییو نەتەوەییيە بگێڕی کە دوکتور قاسملوو لە هەشتاکاندا نەخشەڕێگای بۆ دارشتبوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٧ی ئەپریلی ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وانەکانی شەهید دوکتور قاسملوو چرای ڕێگای تێکۆشانمانە

**سامان فەقێ نەبی**

ڕێبەری شەهیدمان، دوکتۆر قاسملوو، لە بواری هزر و ڕامانو هەروەها لە بواری پڕاکتیکدا چەند وانەیەکی بەنرخی داوەتە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کە سەرنجپێدانیان لە قۆناغی ئێستاشدا دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ تێپەڕاندنی لەمپەر و قەیرانەکانی سەر ڕێگای خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لێرەدا هەوڵ دەدرێ ئاماژە بە گرنگترینیان بکرێ:

*** قاسملووو دێموکراسی:**

د. قاسملوو لە سەختترین قۆناغەکانی خەباتیشدا بەردەوام، هەبوونی پێوەندییەکی ئۆرگانیک و پابەندبوون بە پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی لە چوارچێوەی مافەکانی ئەندامبوون لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە بنەما گرتوەو لە جێگیرکردنی کەلتووری ڕەخنەگرتن لە کەموکوڕییەکانی حیزب لە زۆر بواردا بە پێچەوانەی زۆربەی ڕێبەرانی سەردەمی خۆی، دەستپێشخەری نواندوە تاکوو فۆبیای ڕەخنەگرتن لە نێو ئەندامانی حیزبدا بەرەبەرە بسردرێتەوە.

ڕەخنەگرتن لە ڕێبازی سوسیالیزمی مەوجوودو هێنانەئارای چەمکی سوسیالیزمی دیموکراتیک و ڕەخنەگرتن لە غایببوونی ئازادی لە نێو وڵاتانی سەربە بلووکی ڕۆژهەڵاتدا بەڵگەی سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەن.

ناوبراو لە ڕێگەی بەستێنسازی مەعریفی بۆ چەمکە تازەکانو لە پێناو جێگیربوونیان لە بەرنامەی حیزبدا، ئەم ئەسڵەشی بە بەردەوامی پاراستوە کە نوێخوازی پێویستیی بە بەستێنسازیو ڕۆشەنگەرییە و ناکرێ تەنیا لە قالبی دروشمدا بانگەشەی بۆ بکرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

د. قاسملوو له پێوەندی لەگەڵ چەمکی خەباتی ئازادیخوازانەدا زۆر بە ڕوونی ئاماژەی بە پێویستی نرخدانو هەبوونی ئیدارەیەکی شۆڕشگێڕانە قاسملوودا واتای نەمانو تەسلیم بوونی هەبووە و هەرگیز حازر نەبووە بە بێئیمتیاز چەکی پێشمەرگە بێ دەنگ ببێ.

ناوبراو چەکی پێشمەرگایەتیی بە ئامرازی گوشار بۆ سەر دەسەڵاتی ناوەندی پێناسە کردوەو تا ڕۆژی شەهیدبوونیو تەنانەت تا چرکەی کۆتایی ژیانیشی حازر نەبوو کە بە پاساوی هەبوونو درێژەی ڕەوتی وتوویژ لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەم ئامرازە بێ کەڵک بکا.

## * قاسملووو خەبات:

قاسملووی ڕێبەر خەباتی چەکدارانەی بە سەرەکیترین ئامرازی گوشار بۆ سەر دەسەڵاتی ناوەندیو هاوکات بەهێزترین پاڵنەرو هاندەری ڕێکخستنی کۆمەڵگەو گەشەی خەباتی مەدەنی لە نێو شارو لە نێو جەرگەی سیستمێکی دیکتاتۆری و جینایەتکاردا زانیوەو بە شێوەیەکی واقعبینانەش جیاوازیی خەباتی چەکدارانەی نەتەوەیەکی ژێر دەستی لەگەڵ هەڵسوکەوتی تێرۆریستیی گرووپە جۆراوجۆرە بناژۆخوازو ڕادیکاڵەکان لە جیهاندا شیکردۆتەوەو پێی لەسەر حەقانییەتی ئەم شێوە خەباتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا داگرتوە.

قاسملووی نەمر دابڕانی شۆڕشگێر لە جەماوەر و نەبوونی ستڕاتیژییەکی درێژخایەن بۆ خەباتی بە مەترسیی سەرەکی لەسەر تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات زانیوەو لەو چوارچێوەیەشدا بەردەوام هەوڵی داوە لە ڕێگەی تینوگوڕبەخشین بە خەبات، پێوەندیی پێشمەرگەو خەڵک لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی دوور نەکەوێتەوە کاناڵی گواستنەوەی ورەو باوەڕی شۆڕشگێڕانەی هێزی پێشمەرگە بۆخەڵکی ستەم لێکراوو وەزاڵە هاتووی کوردستان تووشی لەمپەر نەبێو ئەگەر بمانەوێ لەیەک ڕستەدا کورتی بکەینەوە لە ڕوانگەی قاسملووەوە بۆ ئەوەی لە کوردستان بێهیوایی سەر هەڵنەدا نابێ هیچکام لە شێوەکانی خەبات - هەرکام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەجێگەی خۆیدا - ڕەت بکرێنەوە.

ڕێبەری شەهیدمان، دوکتۆر قاسملوو، لە بواری هزر و ڕامانو هەروەها لە بواری پڕاکتیکدا چەند وانەیەکی بەنرخی داوەتە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کە سەرنجپێدانیان لە قۆناغی ئێستاشدا دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ تێپەڕاندنی لەمپەر و قەیرانەکانی سەر ڕێگای خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لێرەدا هەوڵ دەدرێ ئاماژە بە گرنگترینیان بکرێ:

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور قاسملوو دەڵێ : «منیش حەزم له شەڕ نیه»، بەڵام...

**نووسین و ئامادە کردنی: حەمید تەیموری**

له ڕێکەوتی ١٣ جوولای ساڵی ١٩٨٩، عەبدولڕەحمان قاسملوو له وییەن بەدەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تێرۆر کرا.

سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژێک پێش تێرۆرەکەی گەیشتبووه پێتەختی وڵاتی ئۆتریش تاکو لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەورێکی نوێ له وتووێژی نهێنی که شەش مانگ پێشتر تێک چوو بوو، دەست پێی بکاتەوە. وتووێژەکانی پێشتر هیچ ئاکامێکیان لێ نەکەوتبووەوە. عەبدولڕەحمان دەیوت که ڕژیمی تاران لەگەڵ ئەوەی که ئامادەیه ڕیفۆرمێک به قازانجی کوردەکان قەبووڵ بکا، له باسەکانیدا سوور بوو لەسەر خودموختاری بۆ خەڵکی کوردستان. ئەمە پۆختەی چاوپێکەوتنێکە که مارک کراڤێتس لەگەڵ دوکتور قاسملوو پێش تێرۆرەکەی له پاریس ئەنجامی داوە و له درێژەی نووسینەکەی دا دەنووسێ:

چەند هەفتەیەک پێش تێرۆری دوکتور قاسملوو، ناوبراو له پاریس بانگهێشتنی کردم بۆ ئەوەی پێکەوە پەرداخێ شەراب بخۆینەوە. زیاتر له ساڵێک دەبوو که یەکترمان نەبینیبوو. ناوبراو زۆر دڵخۆش هاتە بەرچاوم. من تازه له تاران گەڕابوومەوە چوونکە به نوێنەرایەتی ڕۆژنامەی لیبراسیۆن بۆ لێکۆڵینەوەی بەخاک سپاردنی خومەینی چووبوومه تاران. مردنی خومەینی ببووه باسی سەرەکی ئێمە و عەبدولڕەحمان وتی: «ئێوە که له کاتی گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێران، ئامادە بوون و ئێستاش شایەتی چوونی واتە مردنی خومەینی بوون». وتەیەکی زۆر کورت بوو بەڵام بەباشی شتەکەی باس کرد. منیش ئەوەم باس کرد که شانازی ناسینی لەگەڵ ناوبراو قەرزاری خومەینی و شەڕێکم که خومەینی دژی کوردەکانی ئێران هەڵیگیرساندبوو. دوکتوریش سەرەڕای دڵنیابوونی، ئەوەی پشت ڕاست کردەوە که زیاتر له ده ساڵە یەکتر دەناسین. پاشان باسی بیرەوەری مهاباد و ئەو گوندەی که یەکتر یەکمان ناسی، قسەمان کرد. له نێوان قسەکانمان دا ناوبراو وتی: «ئێوە بڕیار بوو که کتێبێک بنووسن. منیش پرسیم: «کتێبێک له سەر ئێوە؟» ئەگەر له سەر ئێوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێ زۆر باشە». وەڵامی دایەوە: «نە، بۆ کەس سەرەنج ڕاکێش نیە». بەڵام ئەگەر لە سەر مێژووی کورد بێ، دەتوانم ماتەریاڵی زۆر سەرەنج ڕاکێشت پێ بدەم». پاشان وتی لە بیریدایە لە پشووی هاویندا دووبارە بگەڕێتەوە بۆ پاریس. لە هەمان کاتدا کە ئامادەی چوون بوو بۆ چاوپێکەوتنێکی تر وتی:» بیر لەو کتێبە بکەرەوە». (واتە نووسینی کتێبێ لەسەر مێژووی کورد).

لە کاتی قسەکردنماندا لەگەڵ عەبدولڕەحمان پرسیم ئایا بە مردنی خومەینی هەلومەرجێکی نوێ لە ئێراندا بە سوودی کوردەکان دەست پێی دەکا؟ نابراو زۆر بە کورتی وەڵامی دایەوە و وتی: «هەلومەرجێکی نوێ پێش هاتووە، بەڵام دەسەڵات هێشتا بەدەستی هەمان کەسانە و دەبێ چاوەڕێ بین و بزانین چی ڕوو دەدا». هەرچەند زۆر شتی ترمان باس کرد بەڵام ئەوەم نەزانی ئایا لەو کاتەدا هیچ بڕیارێکی چاوپێکەوتنی لە وییەن دابوو یان نە. هەر جۆرێک بێ عەبدولڕەحمان لە جێگا و شوێنی وتوویژ کردنەوەکەی لەگەڵ کەسانی سەر بە ڕژیم لەگەڵ مندا هیچی نەدرکاند. هەرچەند چاوپێکەوتنی ئێمە لەسەر کاروبار نەبوو. دانیشتنەکەمان تەنیا لەسەر سەفەری دووبارەی ناوبراو بوو بۆ پاریس لە داهاتوودا، بەداخەوە نەمزانی کە ئەمە دەبێتە دوایین چاوپێکەوتنمان و پاش ماوەیەکی کەم لە وییەن دەبێ لێکۆڵینەوە لە سەر تێرۆرەکەی دەست پێی بکەم.مارک کراڤێتس دەنووسێ کاتێک قاسملوو لەسەر ئارمانی کوردەکان قسە دەکا، هیلاکی بۆ نیە. لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا کە دەمناسی، زۆر جار پێش دەهات کە لەسەر زۆر شتی جۆراوجۆر کە حەزی لێ دەکرد وەک فەلسەفە، هۆنراوە و شەرابی فەرانسە قسەی دەکرد، لە ڕاستیدا شارەزا بوو، ئۆستاد بوو. ناوبراو لە درێژەی باسەکەدا دەنووسێ، من لە ڕێگای دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو تەنانەت خۆمیش بە قەرزاری ناوبراو دەزانم کە کوردەکانم ناسی، بە هێزو توانایەکی بێ وێنە ئەم میللەتە لەبواری بەرخۆدان و عشق بە ئازادی ژیان ئاشنا بووم، بەرزتر لەوەش لەگەڵ ڕێبەرێکی سیاسی ڕووبەڕوو بووم کە وێنەی لە سەر ئەم کورەی خاکییە کەمتر دەبینرێ، سەرەڕای ئەوەش حەز ئەکەم لێرەدا هەندێک تایبەتمەندیەکانی کەسایەتی ناوبراو باس بکەم.

هەموو کەس بە دوکتور بانگیان دەکرد. منیش دەبێ دان بەوەدا بنێم کاتێک عەبدولڕەحمان قاسملووم بۆ یەکەم جار لە دەفتەری کارەکەی لە مهاباد بینی، بەخۆش باوەڕی وام زانی سکرتێری حیزبی دیموکرات کوردستانی ئێران لە ژیانی تایبەتی خۆیدا تەنیا پزشکێکە. بەڵام خێرا بۆم دەرکەوت کە دوکتورای لە بەشی زانستی ئابوری


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و زۆر شتی تر دا هەیە. هەرچەند ئەم کردەوە ناشیرینانەی من لە ڕووی ئەوەی کە تا رادەیەک زانیاریم هەبێ، نەبووە. گەرچی لەو سەردەمانەدا لانی کەم لە زۆربەی ڕۆژنامەکانی ئێمە لە سەر کوردەکانی ئێران بێ زانیاری بوون. ئەوەش بڵێم بەرپرسی زۆربەی ڕاگەیاندنە گەورەکانی ئێمەش دەیان وت ئەم جۆرە زانیاریانە خەڵک نایان کڕێ. (واتە زانیاری لە سەر پرسی کور و بزووتنەوەکانی کورد). پاش گەڕانەوەی خومەینی، کێشەی کورد بوو بە کێشەیەکی گەرم و گوڕ و بوو بە سەروتاری زۆربەی ڕۆژنامەکانی دەرەوە. کراڤێتس دەنووسێ کە هەموو دەزانن خومەینی بە ئاشکرا هەڕەشەی لە دوکتور قاسملوو دەکرد. ئەوە بوو دوکتور وەک نوێنەری گەلی کورد بۆ «مجلسی خبرگان» هەڵبژێردرا و کاری مجلسیش دانانی یاسا بوو بۆ ئێران. بەڵام بۆ ڕۆژی کردنەوەی مجلسی خبرگان دوکتور قاسملوو ئامادە نەبوو. دیارە پێشتر بە دوکتوریان ڕاگەیاندبوو کە بەشداری کردنەوەی مجلس نەبێ. ئەو ڕۆژە خومەینی ڕاستەوخۆ هەواڵی دوکتور قاسملووی پرسی کە هاتووە بۆ مجلس یان نە؟ خومەینی لە بەر کامێرای تەلەڤزیۆن و لە لای ئەو خەڵکانەش وتبووی: «بەداخەوە نەهاتووە! گەر دەهات، هەر ئێستا دەمگرت و دەمدا یەکسەر گوللەبارانیان بکردایا. «کراڤێتس دەنووسێ» لە دوکتورم پرسی بۆ خومەینی دەیەوێ بتکوژێ؟ وام دانابوو کە دوکتور ئێستا بە دوورودرێژی باس دەکا و دەڵێ ئەمە بەرنامەیەکی بەربەڵاوە. بەڵام ناوبراو زۆر بە کورتی وتی من هەم قاسملووم و هەمیش کوردم، ئەمەش بۆ ئەوانە واتە دوژمنەکان بەسە کە من کوردم و لە پێناوی رزگاری نەتەوەی کورد تێدەکۆشم. ئەمەش بۆ من گەورەترین شانازیە. (واتە کوردە). دوکتور لە درێژەی قسەکانی دا وتی: «لە مهاباد لە خەڵکانی جۆراوجۆر وەک جوولەکە، مەسیحی، بەهایی و بێ دین و هەروەها زۆر کەسانی تر کە لە تارانەوە هەڵهاتوون، لە مهاباد دەژین. بۆچوونی ئێمە لەسەر ئیسلام لەگەڵ بۆچوونی خومەینی جیاوازە. کوردەکان باشتر لە هەر کەسێکی تر لە دەرد و ڕەنجی کەمە نەتەوەکان تێدەگەن».

کراڤێتس لە درێژەی نووسینەکەیدا دەنووسێ لە یەکەم چاوپێکەوتنم و ئەو هەست و هەڵسەنگاندنانەی کە لەسەر قاسملوو هەمبوو لە چاوپێکەوتنەکانی تریدا بە تەواوی بۆم ئاشکراو بوون و هەمووی بەڕاست دەرچوون. من هیچم لەسەر مێژووی تاکەکەسی ناوبراو نەدەزانی، بەڵام تێگەیشتم کە سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە جۆرێکی تر، هەم ڕێبەری سیاسی و هەمیش نیزامی بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز لە جیهانی سێهەم، لەو دەورانەدا کەڵکمان لە «ئیستلاحی» جیهانی سێهەم وەر دەگرت و وەک ڕۆشنبیر دەهاتە ژماردن و لەو بوارەشدا هیچ شکم نەبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوبراو دەنووسێ هەرچەند ئامریکا ئەوەی یاساغ کردبوو کە ئیجازەی چوون بە دوکتور قاسملوو نەدا بە هۆی ئەوەی کە پێشتر بیروباوەڕی چەپی هەبووە، بەڵام لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٨٩ کۆشکی سپی دوکتور قاسملوویان بانگهێشت کرد بۆ ئەو وڵاتە و لە کۆشکی سپی لە سەر پرسی کورد و هەلومەرجی ناوچەکە قسە بۆ ئەندامانی کۆنگرە بکا. گەرچی دوکتور زۆر چاوەڕوانی ئاکامی سیاسی نەبوو بەڵام بایەخێکی زۆری بەو سەفەرەی دەدا کە لەوێ کێشەی کورد بە باشی بناسێنێ و گرنگی بەو سەفەرە دەدا، کە هەرگیز ئەو سەفەرەشی نەکرد...دوکتور قاسملوو پیاوێکی خۆش بەرخورد و باوەڕی بە دیالۆگ بوو. ناوبراو بۆ پێشەوەچوونی ئامانجەکەی لە هەموو بوارێکدا و هەموو جیهانی ژێروبان دەکرد.

(مەبەست لێرە خوێندنەوەیە، موتالایە). هیچ کات و لەو کات و ساتەی کە لەگەڵ پێشمەرگەکاندایە لە قوژبنێکی قوڕین لە نێو دڵی دۆڵێکی دوور کەوتوو لە نێوان سنووری دەستکردی ئێران و عێراق، هێندە خۆشحاڵ نەبووە. گەرچی زۆر جاریش جێگاکانی دەگۆڕی و لەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ، بەڵام هەر دەمیش کتێبخانەکەی لەگەڵ دا بوو. دوکتور عاشقی کتێب و کتێب خوێندنەوەو شەرابی باش بوو. لە بواری خواردنیشدا لە باشترین ڕستۆرانی پاریس بایا یان لە زستانی ساردی کێوەکانی کوردستان هیچ بۆی جیاوازی نەبوو هەر وەک یەک هەستی بە ئارامی و ئاسایش دەکرد. ناوبراو کە دوکتۆرای لە بواری زانستی ئابوری دا هەبوو، عاشقی مێژوو ئەدەبیات و زانستی باشی لە سەر هۆنراوەی کوردی و فارسی و عەرەبی و لە هەمان کاتیشدا بە هێنانەوەی بەڵگە لە هوگۆ Hugo، بودلێر Baudelaire، واڵت وایتمەن Walt Whitman و تۆماس ئلیوت Thomas Eliot بۆ باسەکانی کەڵکی وەردەگرت. قاسملوو مرۆڤێکی خۆشەویست، بیروباوەڕێکی کراوە و ئامادەی خزمەت بە هەموو لایەک بوو. ئەزموونی زۆری هەبوو بە زانینی شەش زمان ئەویش بە نووسین و قسەکردن. ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەگەر کەسێک لەگەڵی قسەی کردبایە، قەد لە بیری نەدەچووەوە و ناچێ، ئێستاشی لەگەڵ بێ باسی کەسایەتی ناوبراو دەکەن. هەموو کەسێک، هەر لە لایەنگران و ئەندامانی حیزبەکەی، ڕۆشنبیران، پزشکان، باڵوێزەکان، وەزیر و سیاسیەکانی حیزبەکان چ لە چەپ چ لە ڕاست بە بەبیرهێنانەوەی وتوێژێکی تەنانەت دوراودوریش دەکەوتنە ژێر کاریگەری و سەرنجڕاکێشی ناوبراوەوە و تەنانەت دانیشی پێدا دەنێن. لەم سەدەی بیستەمەشدا کەسی وەها دەگمەن پەیدا دەبێ کە بۆچوونێکی وەهای لەسەر خۆی هەبێ. زیاتر لە بیست ساڵە لە سەر تیرۆری وییەن دەگوزەرێ، بەڵام جنایەتەکە هەروەها بێ سزا ماوەتەوە. بێ گومان دوکتور



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قاسملوو ئامانجی ئەم جنایەتە بوو، بە تەنیاش نەبوو هاوکارەکەی عەبدوڵڵا قادری ئازەر و فازڵ ڕەسوڵی دۆستیشی هاوسەفەری بوون و شەهید کران.

دوکتور قاسملوو زۆر باش لە دەرد و مەینەت و ئازارو ئەشکەنجەی تاک و کۆی میللەتەکەی دەگەیشت، چوونکە بۆ خۆی ئەو دەردو ئازارو ئەشکەنجەیە چ بە ڕۆحی و چ بە فیزیکی چێشتبوو. خاتوو نەسرینی خێزانی لە کتێبەکەی بە ناوی «ئۆرووپاییەک لە وڵاتی کوردان» لە لاپەڕەی ٢٦٠ باسی ئەشکەنجەی دوکتور قاسملوو لە لایەن ساواکەوە لە تاران دەکا.

نەسرین خانم دەنووسێ لە تاران لەگەڵ دوکتور بە نهێنی دەژیاین و بۆ ئەوەی رزگارمان بێ و دەرباز بین بەرەو ئۆرووپا ناچار بووین بە هەزار دەردەسەری و کوێرەوەری و لە نێو بەفر و سەرماو سۆڵەی زستان و بە تاریکە شەو بە سواری گوێ درێژ و بە پێی و دوو منداڵ بە کۆڵەوە خۆمانمان گەیاندە باشوری کوردستان و ئەو جار بە نهێنی و بە مەبەستی زیارەتی کربلا و نجف گەیشتینە بەغدا. سەرەڕای ژیانێکی هەژارانە و دەست کورتی نزیکەی هەشت مانگ لە بەغدا ماینەوە. عەبدولڕەحمان بۆ کارو باری حیزبی دەڕۆیشت و پاش ماوەیەک دیار نەماو ئێمەش نەماندەزانی چی بکەین. ڕێگەی ئۆرروپاشمان لێی گیرابوو حکومەتی عێراقی ئیجازەی دەرچوونی ئێمەی نەدەدا. ئەو جار ناچار بووینەوە بە یارمەتی هەڤاڵانی حیزبی جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ ئێران و بەڵکو لە تارانەوە دەربازمان بێ. هەر جۆرێک بێ لەگەڵ هەر دوو کچەکەم لە بەغدا بە ئۆتوبوس و لە ڕێگای خانەقین و قەسری شیرین بە ترس و لەرزەوە گەیاندمانیانە تاران. بەڵام هەڤاڵانی حیزبی ئادروسی ماڵێکیان پێ داین کە بچینە ئەوێ و وتیان لەو ماڵە چاوەڕوانتانن. خێرا تاکسیەکم گرت بۆ ئەوەی نەگیرێن بەرەو جێگای ئادرس بەڕی کەوتین. لەبەر دەرگا ڕاوەستاین و لە دەرگامان دا ئەویش بە دڵەڕاوکێ، ئەو کەسەی کە دەرگای بەڕووماندا کردەوە مێردەکەم واتە دوکتور قاسملوو بوو. پاش حەسانەوە لێم پرسێ چۆن وێراوتە بگەڕێتەوە تاران و ئەو ماوە دووروودرێژە ئێمە لە بەغدا بووین تۆ لە کوێ بوی و بۆ هیچ هەواڵیکت نەبوو. دوکتور چ لە ژیانی تاکە کەسی و چ لە ژیانی حیزبایەتی نهێنی پارێز بوو هیچ نهێنیەک تەنانەت من کە هاوسەری بوم باس نەدەکرد. بەڵام ئەم جارە دانی بەوەی کە بۆی پێش هاتبوو، نا. عەبدولڕەحمان وتی لەو کاتەی کە ئێوە لە بەغدا بوون، من لەگەڵ ئیسماعیلی ئامۆزام لە لایەن ساواکەوە دەستگیر کراین. هەر دووکمانیان ڕۆژانە ئەشکەنجە دەکرد. ناوبراو وتی هەردوو لاقیان دەبەستمەوەو هەڵیان دەواسیم

و لێیان دەدام. لەو کاتەی کە قسەی دەکرد سینگی پیشان دام و جێ زامی لێدانەکان بە سینگیەوە دیار بوون. پاشان وتی ساواک داوای زانیاریان لێ کردووەو ئەویش هیچ شتێکی باس نەکردووە. سەرەڕای ئەو کێشانەی کە لێرەدا باسی ناکەم بە زیرەکی خۆی لە دەستی ساواک دەرباز دەبێ.

هەر جۆرێک بێ پاش تیرۆری دوکتور لە ساڵی ١٩٨٩، بڕیارمداو سەردانی ماڵی ئەحمەدی برای دوکتور قاسملووم کرد بۆ ئەوەی بە نێو یادداشت و نووسینەکانیدا بڕۆمەوە و زانیاری زۆرتر دەستم کەوێ. لەوێدا ئەحمەد بۆی باس کردم کە چۆن دوکتور قاسملوو لە دەستی ساواک رزگاری بووە. لە تاراندا سەرهەنگێک بوو بە ناوی زیبایی و لە نێو ساواکدا مەسئوولی ئەشکەنجە و کوشتن و ئیعدام بوو. ئەم زیبابیە کەسێکی دڕندەو زۆرینەی خەڵکی تاران لێی دەترسان. ئەگەر کەسێکی دەگرت یان دەیان دا بەدەستیەوە لە پێشدا لێکۆڵینەووەی لەسەر ئەم زیندانیە دەکرد کە بزانێ دەوڵەمەندە یان هەژارە. هەژار بایا ئەوە ئەشکەنجەی دەدا تاکو ئەو کەسە دەمرد یان دەیکوشت. کە دەزانێ بنەماڵەی دوکتور دەوڵەمەندن ڕاست دەڕوا بۆ لای کاک ئەحمەدی برای دوکتور قاسملوو کە ئەو سەردەمانە لە تاران دەبیر بوو. پێی دەڵێ کە قاسملووم گرتوەو سزای سێدارەی لە سەرە، ئەگەر دەتەوێ براکەت ئازاد بێ ئەوە دەبێ ٥٠٠٠ تمەنی ئەو کاتە بە سەرهەنگ زیبایی بدا. کاک ئەحمەدیش هەرچەند سەر دێنێ و سەردەبا ئەو ٥٠٠٠ تمەنە چۆن بەدەست بێنێ. بۆ ئەوەی دوکتور رزگاری بێی قەبووڵی دەکا ئەو پارەیە بە زیبایی بدا بە مەرجێک دوکتور لەگەڵ خۆی بباتە ماڵیان و ئازادی بکا و دوکتور بڕوا و ئەویش پارەکەی پێی بدا. لە کاتی ئازاد بوونی و پاش چەند ساڵێکیش تەنانەت پێوەندی تەلەفونیشی لەگەڵ ئەحمەدی برای نەبوو.

خاتوو نەسرین خێزانی دوکتور قاسملوو لە کتێبەکەیدا دەنووسێ کە مێردەکەی لە جێگایەکدا لە یادداشتەکانی ئەم ڕستەی ئاندرە مالرو Andre Malraux نووسیووەتەوە کە دەڵێ: «بێ ئەوەی حەزم لە شەڕ بێ، شەڕم کرد». دوکتوریش دەڵێ:» منیش حەزم لە شەڕ نیە، شەڕ نە تەنیا ژیان و گوزەرانی خەڵکی لە نێو دەبا، بەڵکوو دەبێتە هۆی کوشتنی مرۆڤەکانیش، بەڵام دەوڵەتەکان هیچ هەڵبژاردنێکیان بۆ ئێمە نەهێشتووەتەوە و پێشمەرگەکانی ئێمەش شۆڕشگێڕانی لێهاتوون».

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیڤێك بۆ شەهید دكتۆر قاسملوو قەڵای ورەی بەرزی تێكۆشان..

**م. عەونی خۆشناو**

شەهید بەخوێنی گەشی گڕکانی خەبات دەجۆشێنێ، شێوازو میکانیزمی تێکۆشان دەخەملێنێ، شەهید قاسملوو ئەستێرەیەکی پڕشنگدارە لە خەباتی بێ ووچانی کوردایەتی ئاوابوونی بۆ نی یە، ڕێبەر و سەرکردەو مامۆستایە ڕێگا وونبوونی نی یە، ڕێبوارانی لە تێکۆشان بەرەو ئامانج لە شوێنیانن، شەهیدان سەرچاوەی هێزو بازوی ڕاستەقینەو ڕێ نیشاندەری ڕێگای ڕاستیمانن، ئەوان ڕابردوو و ئایندەو نرخەکانی ئازادیمانن..

گەلیک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادی یەش بدا، هیچ میللەتێک بەبێ خەبات و تێکۆشان، بەبێ بەختکردنی ڕۆڵە جوامێرو مێرخاس و دیارو بەنرخەکان بە ئازادی نەگەیشتووە، گەلی کوردیش ئەو ڕاستییە مێژوویە دەزانێ، کە ئازادی و سەربەخۆی فیداکاری دەوێ، خۆبەختکردنی دەوێ، کاروانی شەهیدانمان درێژ، بەڵام ڕەنگە لەوش درێژتربێ، بۆیە لەماوەی خەباتی سەدان ساڵەی نەتەوەکەمان دەیان ڕێبەرو سەرکردەو هەزاران کادیری پێشکەوتوو دەیان هەزار پێشمەرگەی ماندونەناس و سەدان هەزار لە ڕۆڵە دڵسۆزو بە ئەمەکەکانی کردۆتە کۆچی قوربانی گەل و نیشتیمان، یەکێ لەو ڕێبەرە دیارو بلیمەتەکەی کوردو کوردستان، سیمبولی خەبات و تێکۆشان، هەڵگری پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیان، سەرکردەی دڵسۆزی گەل و نیشتیمان، خۆشەویستی نێو کۆمەڵانی خەلکی کوردستان، مامۆستا و پێشمەرگەو داناو لێزان، کەم وێنەبوو لەناو سەرکردایەتی کوردو جیهان، بەخشییە ڕێگای سەرفیرازی کوردو کوردستان..

دکتۆر قاسملوو لەساڵی ١٩٣٠ لە شاری ورمێ ی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە خانەوادەیەکی ناودارو دەوڵەمەندو نیشتیمانپەروەر لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەشاری ورمێ تەواوکردووە، دوای بۆ درێژەدان بە خوێندن چۆتە



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تارانی پایتەختی ئێران لەوێوە بەرەو وولاتی چیک بۆ تەواوکردنی خوێندنی بالا بەڕێکەوتووە، پسپۆری لە ئابووری سیاسی بەدەست هێناوە، لە یەککاتدا زانست و فێربوون و نیشتیمانپەروەری ئەو دووانەبوون، کە شەهید د.قاسملوو پەرەی پێدەدا، چونکە لەم دووانەیە دەتوانێت خزمەتێکی باش بە گەل و نیشتیمان بکات، دەستپێکی خەباتی د. قاسملوو بۆ کۆتایی شەری دووەمی جیهان دەگەڕێتەوە لە سالانی ١٩٤٥ لەو سەردەمانە لە بزاڤی خوێندکاران چۆتە نێو دونیای سیاسەت و ببوە ئەو سیاسەتمەدارە ناودارە کە کورد شانازی پێوەدەکرد..

دکتۆر قاسملووی نەمر، لەبەرئەوەی زۆر شارەزاو بە تواناو لێزان بوو لەبواری سیاسی و ئابوری، هەربۆیە بە گویرەی ڕۆژگار بەرنامەی سیاسی دادەڕشت، هەر لەو سۆنگەیەوە دوای ئەو هەموو کێشەو گیروگرفت و کێشمە کێشمەی بەرۆکی حیزبیان گرت، بەڵام بەهۆی لێهاتوویی بناغەیەکی تازەی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دارشت و توانی حیزبی دیموکرات بکات بە حیزبێکی مۆدێرن و هاوچەرخی ناوچەکەو کۆمەڵی کوردەواری لە دەوری کۆبکاتەوە،ببێتە یەکێک لەو حیزبە تێکۆشەرو بەرگریکارە سەرسەختانەی مافی ڕەوای گەلی کوردستان، کە هەموو لایەک شانازی پێوەبکەن، تەنانەت حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یەکانی تری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و جیهانیش ڕێزی بۆ دانێن و حیسابی بۆ بکەن، هەربۆیە دوژمنانی کوردو کوردستان بە هەموو شێوازێک بەرنامە و پیلانیان بۆ دادەڕشت بۆ نادیدەگرتنی هەوڵەکانی و لەناوبردنی بیرو ئەندێشەکانی، هەندێ جار هەندێک لە ئەندامانی حیزب و حیزبە هاوپەیمانەکانیش دەبوونە جێ بە جێکاری ئەو بەرنامە چەواشەکاریە، بەڵام گەورەیی شارەزایی و بلیمەتی و لێ بووردەیی ئەو سەرکردەیە لەوەدابوو بەشێوازێکی لۆژیکانە وەڵامی دەدانەوە..

ئێرانییەکان بەوە بە ناوبانگن ئەگەر نەیانتوانی لە بەرەی شەڕو بەرنامە گڵاوەکانیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن، ئەوە لە ڕێگای دیالۆگ و ئاشتی پیلانی تیرۆر دادەڕێژن، ٢٤ سال لەمەوبەر لە ڕۆژێکی گەرمی هاویندا لە ڕێکەوتی ١٣ - ٧ - ١٩٨٩ لە کاتێکدا کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و کوردانی ڕۆژهەلات بە تایبەتی چاوەڕێی ئەو پەیامە ئاشتیخوازەی شەهیدی ڕێبەرو سەرکردە د. قاسملوو بوون، چونکە هەست و سۆزو مرۆڤ دۆستی و نیشتیمانپەروەری د. قاسملوو هێزێکی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بن نەهاتووبوو، هەمیشە لە هەوڵ و تێکۆشان بوو بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی و پێکەوەژیانی گەلان، بۆیە خوازیاربوو کێشەی کورد بەشێوازێکی ئاشتیانە بە ڕێگای دیالۆگ و لێکتێگەیشتن چارەسەر بکرێت، دکتۆر قاسملووی نەمر ڕێبەری بلیمەت و زاناو شۆڕشگێرو نوێخوازو دیموکرات و داهێنەرو بیرمەندی گەلی کورد، یەکێ لەو سەرکردە بوێرو نەمرانەیە کە لەپێناوی ئازادی و بەختەوەری نەتەوەکەمان و پێکەوەژیانی گەلانی کوردستان و ئێران سەرسەختانە تێکۆشاوە و بۆتە قوربانی دەستی تیرۆر، چونکە بیرو ئەندیشەی شەهید قاسملوو ڕێبازێکی نوێ و داهێنەرانەو تیشکی خۆرەهەتاوی ئازادی و هەقیقەت بوو، هەربۆیە شەمشەمەکوێرەکانی جەهالەت و دژ بە مرۆڤایەتی لەسەر مێزی گفتوگۆ چرای ڕۆشنی ئەو مرۆڤ دۆستانە شەهید د. قاسملوو هاوڕێکانی شەهیدان عبدوڵڵای قادری و د. فازل ڕەسوڵ خامۆشکرد و ویستیان بە بێژەنگ بەر بە خۆرەهەتاو بگرن، ئاخوندەکان لە جیاتی بەرزو پیرۆز ڕاگرتنی پەیامی ئاشتی خوازانەی گەلی کورد بۆ ئاشتی پێکەوە ژیان، تیرۆریان کردە پێشەنگ بۆ چارەسەری کێشەکان!!

لە ٢٤ بیست و چوارمینساڵیادی تیرۆرکردنی نەمران سەری ڕێزو نەوازش بۆ بەردەم گڵکۆی نەمران( د. عبدولڕەحمان قاسملوو، عبدوڵڵای قادری، د. فازل ڕەسوڵ) دادەنەوێنین، بەڵێن دووپات دەکەینەوە کە درێژەپێدەری کاروانی نەپساوەی شەهیدە سەربەرزو نەمرەکان بین، لە پێناو بەدیهێنانی هیواو ئاواتەکانی شەهیدان و سەرخستنی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان، بۆ لە ناو بردنی تیرۆرو تیرۆریستان، با ساڵیادی تیرۆرکردنی ئەو نەمرانە ببێتە هەوێنی یەکبوونی پلاتفۆرمی پارت و لایەنە سیاسی یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ بەرنگاربوونەوەی پیلانی گڵاوی داگیرکەران و دەستبەرکردنی مافی ڕەوای گەلەکەمان.

نەمری سەربەرزی بۆ ئەو نەمرانەو سەرجەم شەهیدان..
مردن و سەرشۆڕی و ڕووڕەشی بۆ بکوژەکان و تیرۆریستان..
هەرشەکاوە بێت ئاڵا ڕەنگینەکەی کوردستان..

سەرچاوە: ماڵپەری کەرکوک - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هێندێك لە تایبەتمەندیەكانی د. قاسملوو

**حوسێن رەسوڵی**

لە نێو هەر نەتەوەیەک دا کەسانێک هەن کە لە گشت بوارەکانی ژیاندا تا چڵە پۆپە سەردەکەون و دەبن بە جێگای هیوا بۆ نەتەوەی خۆیان و تەنانەت زۆرجار دەبن بە مایەی شانازی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتیش.

لە نێو نەتەوە بن دەستەکانی جیهاندا ڕۆڵی سەرۆک و سەرکردەکان بەچاوترن و گەلێک جاران ڕۆڵەکانی نەتەوە بن دەستەکان وەک ڕووگەی ئەوین و ئاوات لێیان دەڕوانن.

شەهید د.قاسملوو لە نێو گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێکە لەو کەسانە کە ئەگەرچی ڕێبەی حیزبێک لەو پارچە دابەشکراوەی نیشتمان دابوو بەڵام گاریگەری لە سەر هەموو کورد لەو پارچەیە دا و تەنانەت لە پارچەکانی دیکەش داناوە و ئێستاش دوای زیاتر لە دوو دەیە لە شەهید بوونی خەڵکی هەرچوار پارچەکە بە چاوی ڕێزەوە لێی دەڕوانن و بە دڵنیاییەوە دەڵێن ئەگەر د.قاسملوو مابایە چارەنووسی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا زۆر لەوە باشتر دەبوو کە ئێستا هەیە.

بەڵام جیاوازیەکانی ئەو ڕۆڵە هەڵتوویە چی بوون کە توانیبووی جێگای خۆی لە نێو دڵی هەموو تاکێکی کور دا بکاتەوە؟؟

هەر مرۆڤێک خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی بەڵام کاتێک باس لە ڕێبەر دەکرێ تا ڕادەیەکی زۆر ئەو تایبەتمەندیانە هاوبەشن کە وا کەسێک دەکەن بە ڕێبەر بەڵام لەو بوارەشدا د. قاسملوو لە هەموو ڕێبەرەکانی سەردەمی خۆی و تەنانەت هەتا ئێستاش جیاوازتر بووە هەر بۆیە چ ئەو کاتە کە خۆی لە ژیاندا بوو و چ دوای شەهید بوونی کاریگەریەکانی لە سەر مەسەلەی کورد وا زەق و بەرچاون. لە نێو زۆربەی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەتەوە ژێر دەستەکان کە تا ئەمڕۆ بۆ ڕزگاری خەباتیان کردوە وتەنانەت لە نێو ئەو نەتەوانەشدا کە بۆ ئاڵ و گۆڕ لە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆ لە وڵاتەکەیان دا ڕاپەڕیون بە دەگمەن کەسێک هەبووە بەر لە هاتن بۆ ناو ڕیزەکانی شۆڕش خۆی کەسایەتێکی ناسراوی جیهانی بوو بێت و زۆربەی ڕێبەر و سەرکردەکان لە ناو کوورەی خەبات دا قاڵ بوونەتەوە بەڵام جیاوازی شەهید د.قاسلموو ڕاست لێرە دایە کە ئەو بەر لەوەی بێتە ناو سەرکردایەتی شۆڕشی کوردەوە خۆی خاوەنی کەسایەتێکی سیاسی و ئاکادێمیک و دیپلۆماتێکی بە مانای وشە بوو.

بە واتایەکی سادەتر و ڕوونتر دەکرێ بڵێن کە زۆربەی سەرکردەکان بە تایبەت لە نێو گەلی بندەستی کورد کوورەی خەبات باری هێناون و کەسایەتی پێ بەخشیون و کردوونی بە ڕێبەر و لێهاتوو بەڵام د.قاسلموو تایبەت بوو چونکە ئەو هەموو ئەو قۆناغانەی کە بۆ ڕێبەرێک پێویست بوون بە هەوڵ و تەقەلای لێبڕاوی خۆی بڕیبوونی و وەک کەسێکی کامڵ و ئامادە هاتۆتە نێو مەیدانی خەباتەوە.

زۆرجار دیتراوە کە ئەو کەسانەی کە دەبن بە ڕێبەری جووڵانەوەیەکی ئازادیخوازی بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک دەڵێن بزووتنەوەکە بۆیان دەبێتە ماڵ و سەرەڕای ئەوە لەو سۆنگەیە دا دەبن بە خاوەنی ناو  ناوبانگ هاوکات دەست بە سەر داهات و دەرکەوت سەرجەم داراییەکانی ئەو بزووتنەوەیە دادەگرن لەو بوارەشدا د. قاسملوو نەک هەر زۆر جیاوازترە بگرە بۆ ئەوە نابێ دەگەڵ ئەو جۆرە بە ناو ڕێبەرانە بەراوردیش بکرێ.

د. قاسملوو کاتێک دێتە ناو ڕیزەکانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەبێتە ئەندامی ڕێبەری حدکا،کە خۆی لە ئاستێکی هەرە بەرزدا خوێندنی تەواو کردبوو و چەندین زمانی زیندووی جیهانی بە تایبەت عەرەبی و ئینگلیسی دەزانی و شارەزایی تەواوی بە سەریاندا هەبوو کە بۆ پرسی کورد زۆر پێویست بوون ئەوەش لە بەر دوو هۆی سەرەکی کە بریتی بوون لە:

یەکەم زمانی ئینگلیسی کە زمانی زلهێزەکان و بڕیار بەدەسەتەکانی جیهانە و دووهەم زمانی عەرەبی کە دووبەشی گەلی کورد بەسەر دوو وڵاتی گرینگی عەڕەبی ناوچەکە دا دابەش کراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جگە لە زمانزانی و تیئووری زانێکی سەکەوتوو، د.قاسملوو پێوەندیەکی تون و تۆڵ و قووڵی دەگەڵ کەسایەتیە جیهانی و سووسیالیستەکانی سەردەم دا هەبوو کە بە تایبەتی لە جیهانی دوو جەمسەری ئەوکات دا پێویست بوون چونکە د.قاسملوو لە هەموو کەس باشتر دەیزانی کە تەنیا کێوەکان دۆستی گەلی کوردن و تا ئەو کاتە سرنجی دەرروە و بە تایبەت وڵاتە زلهێز و بڕیار بەدەسەتەکان بۆ یارمەتی کورد ڕانەکێشێ سەرکەوتنی ئەو پرسە ئاستەم و چاوەڕوان نەکراوە.

سەرەڕای هەموو ئەو تایبەتمەندیانە د.قاسملوو وەک دەزانین بە سرنجدان بەو کەسایەتیە جیهانیە و بەو ئاستە بەرزە لە زانست و خوێندەواریە کە هەیبوو لە زۆر جێگا باشترین کاری دەست دەکەوت.

بە کوردی و بە کورتی ئەگەر ڕێبەرێک لە جووڵانەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد دا شۆرشی وەک ئامرازێک بۆ سەرکەوتنەکانی خۆی بە کار هێنابێ بە پێچەوانە د.قاسملوو بە بێ هیچ چاوەڕوانێک و زۆر بە سەخاوەتەوە هەموو زانست و لێهاتوویی خۆی و تەنانەت باشترین سەرمایەی ژانی واتا گیانیشی نایە خزمەت کورد و ئامانجە پیرۆزەکانی ئەو گەلە بندەستە و لە ڕێگای حدکاوە بۆ سەرکەوتنی کورد بە کاری هێنا لە یەک ڕستەدا دەتوانین بڵێن کە شەهید د.قاسملوو بە پێچەوانەی هەموو کەسێک خۆی کردە کەرەستە و ئامرازێک لە پێناو بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی کورد دا و هەرچی هەیبوو خستیە خزمەت گەلەکەی بۆ ئەوە بە ئامانج بگات و وەک گەلانی سەر گۆی زەوی بە ئازادی بژی.

ئەوەی کە شەهید د.قاسملوو لە باقی ڕێبەرانی کورد و تەنانەت هەموو نەتەوە بندەستەکان جیا دەکاتەوە ئەو خسڵەتە بەرزە ئینسانیەیە کە کەمتر کەس هەبوو وەک ئەو هەموو شتێک بکاتە قوربانی و ئەگەر هەشبێت بارتەقای فیدکاریەکانی خۆی دەستکەوتی مادی و مەعنەوی لە لایەن شۆڕەشەوە وەدەست هێناوە.

شەهید د. قاسملوو لە دوو برگەی زەمانی جیاوازدا ڕێبەرایەتی حدکای وە ئەستۆ گرت کە بریتی بوون لە:

١. دەورەی یەکەم ئەو کاتە بوو کە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و گیرانی و گوژرانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب،ئەو حیزبە توشی خەباتی نهێنی ببوو و


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەربەخۆیی سیاسی خۆی لە دەست دابوو و وەک پاشکۆی پارتی دێموکڕاتی کوردسستانی ئێراق و حیزبی توودەی ئێران، کە د.قاسملوو ئەو بەستراوەیەی کۆتایی پێ هێنا و حیزبی خستەوە سەر ڕێگای ڕاستەقینەکەی خۆی.

٢. دەورەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ئاشکرا بوونی خەباتی گەلی کورد و حدکا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لەو دەورەیە دا حدکا لە گشت بوارەکانی سیاسی،نیزامی،مادی و مەعنەوەی دا گەویشتە چڵە پۆپە کە ئەوەش بێ گومان لە ژێر تیئۆریئ و ڕێبەری حەکیمانەی د.قاسملوو دا بوو.

قۆناغی دووهەمی ژیانی حدکا واتا دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی حوکومەتی گەندەڵی پەهلەوی قۆناغێکی سەرکەوتووتر و هەستیارترە هەم لە بواری سیاسی و نیزامی دا وهەم لە بواری ئابووری دا و شەهید د.قاسملوو کە خۆیٚ شارەزای بواری زانستی ئابووری بوو لە هەموو کەس باشتر و زووتر هەستی بەو ڕاستیە کردبوو کە هیچ کەس و لایەنێک بە تایبەتی هیچ شۆڕشێکی خوێناوی کە بۆ ئازدی خەبات دەکات بە بێ سەرچاوەیەکی بە هێزی ئابووری سەرکەوتنی ئاستەمە و هەر بۆیە بۆ دەستەبەر کردنی ئابووری شۆڕش هەرچی توانای هەیبوو خستنیە گەڕ.

شەهید د. قاسملوو وەک کەسی یەکەمی حیزب ئاگاداری هەموو شتێکی ئەو حیزبە بووە و زۆر جار بیستراوە کە هاوڕێکانی تەنانەت لە بەرزترین ئاستدا وتوویانە ئێمە ئاگامان لە زۆر شت نیە و د.قاسملوو خۆی دەزانیٚ حیزب چی هەیە و چی نیە کە ئەوە نیشانەی ئەو پەڕی بڕوا و متمانەیە کە هاوڕیٚ و هاوکارەکانی د.قاسملوویە بەو کەسەیان بووە.

لە قۆناغی دووهەمدایە کە حدکا لە زیاتر هەر کاتێکی دیکە خاوەن داراییە و لەو بوارەدا تەنیا بە پشت بەستن بە هاوکاری کۆمەڵانی ئازادیخوازی خەڵکی کوردستان قورس و قایم لە سەر پێی خۆی ڕادەوەستیٚ.

بەڵام ئەوەی کە لەو قۆناغەشدا دیسان د.قاسملوو لە زۆربەی ڕێبەرانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازیەکان جیا دەکاتەوە و سەر و گەردنێک لە ڕێبەرانی دیکە دیارترە ئەوەیە کە ئەو ڕێبەرە سەرەڕای ئەوە کە هەموو داهات و دارایی حیزبی لە بەر دەست دابوە بەڵام بەپێچەوانەی زۆر ڕێبەری دیکە هیچ کات بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەڵکی لە سەروەت و سامانی حیزب وەرنەکردوە و وەک زۆر کەسی دیکە کە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە کە سەروەت و سامانی حیزبیان بەکەسانی نزیک لە خۆیان ئەسپاردوە بۆ ئەوە بازرگانی پێوە بکەن.

شەهید د. قاسلموو وەک شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە بە تەواو مانا بڕوای بە ڕێبازەکەی بووە و هەرگیز و بۆ هیچ مەبەستێکی تایبەتی وەک دەڵێن «سووئیستیفادەی» لە دارایی حیزب نەکردوە وکەسێکی بە ڕاستی دەست و دڵ پاک و سیاسەتوانێکی بە پریسیب وبە مەڕام بوو و هەرگیز چاوی تەماحی نە بڕیوەتە  حیزب.

د.قاسلموو ئەوەندە بە بڕواوە پێی ناوەتە نێو ڕێبازی حدکاوە کە هەرچی هەیبوو جا چ مادی و چی مەعنەوی خستیە خزمەت ئەو حیزبە و تەنانەت کتێبخانەی تاکە کەسی خۆشی کردە باربووی بووکی ئازادی کورد و کوردستان.

شەهید د. قاسملوو سوارچاکێک بوو کە خوای سوار چاکی تاجی نابوە سەری.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان  -  ڕێکەوتی: ١٤ی جووڵای ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو چەمکێکی پڕ واتا

## قاسملوو کەسایەتیی بژاردەی مرۆڤایەتی

**ڕەزا ئەمینی**

له مێژووی مرۆڤایەتیدا دەگمەنن ئەو مرۆڤانەی له سەر بنەمای هزرو ڕوانگەیان مێژوو گەزگەز باڵا دەکا، کۆمەڵگاکان بەشوێن ئەندیشەکانیانەوە ڕێدەکەون، ڕەوتی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان بە جۆری بۆچوونیان خول دەخۆن. جۆری ئەو مرۆڤانە له گوتاری زانستیی کۆمەڵایەتیدا بژاردەکانی مرۆڤایەتییان پێدەگوترێ. بەتایبەتی لەنێو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی گەلانی بندەست، ئەوانەی بە چەکی زانستو ئەندیشەی ڕزگاری نەتەوەیی دێنە شەری ستەمگەری دەبنە قوتابخانەی کولتوورو ڕۆشنیریی ناسیۆنالیستی، دێنە ناو کایە گرنگەکانی کۆمەڵ، ڕۆڵو کارتێکەرییەکانیان له هەمبەر ڕسکانی ڕووداوەکان ئەوەندە بەرچاوە کە جەماوەرێک بەشوێن خۆیانەوە ڕادەکێشن، دەبنە ڕچەشکێنی ڕێبازێک کە تا ئاسۆ دوورەدەستەکانی ڕزگاری خەڵک ناچارە ڕێبازی هزرییان بپێوێ.

لەناو ئەدەبیاتی بەرگریی نەتەوایەتیی کورد بەم چەشنە مرۆڤانە دەگوترێ سەرکردە. بەتایبەتی له ئەدەبیاتی بەرگریی نەتەوەیی له ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە ڕێبەر پێناسە دەکرێن، بە کەسایەتیی مەزنی نەتەوەیی دێنە نرخاندن.

دکتور قاسملوو یەکێک لەو مرۆڤە ڕێبەرانەیە، کە باوەر، بۆچوونو کردارەکانی هاندەر، ڕێنیشاندەر، ڕوونترین جووڵەو تەکانی نەتەوەی کورد له سەدەی بیستو بیستویەکەمدایە. لەسەر لایەنە درەوشاوەو جیاوازەکانی کەسایەتیی زانستی، سیاسی، نەتەوەیی، ڕۆشنبیری... قاسملوو فرە بابەت نووسراوە، چەند لێکۆڵینەوەیەکیش ئەنجام دراوە. بەو حاڵەش نووسەران، لێکۆڵەرانی ئەم گۆرەپانە، کەسایەتییە ئاکادیمییەکان، ڕۆشنبیرانی قاسملووناس، بەکوردو غەیرەکوردەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیدیعای ناسینی گشت رەهەندەکانی کەسایەتیی زانستیی قاسملوویان نەکردوە. بۆیە هەنووکە زۆر نەگوتراو و نەنووسراو لە سەر قاسملوو ماوە. چونکە ئەو مرۆڤە بژاردەیە رەهەندگەلێکی بەرفراوانی لە تایبەتمەندیی زانایی‌و پسپۆری لە خۆی‌دا کۆ کردۆتەوە. بۆ نموونە ئابووری‌زانی، کۆمەڵناسی، مێژووناسی، سیاسەتڤانی...و چەندان تایبەتمەندیی تر کەگەلێک لیکدانەوەهەڵگرن. هەم قاسملوومان باشتر پێ‌دەناسێنن، هەمدیس ئەزموونەکانیمان بۆ دەکاتە پردەبازی رزگاریمان. بۆیە چەمکی قاسملوو لە رۆشنبیران دەخوازێ، بۆ پرکردنەوەی ئەم کەلەبەرە، ناوەندێکی تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی بەرفراوان پێک بێنن بۆ ئەوەی کەڵکی پێویست،لە زانیاری‌یە بە سوودەکانی وەرگرین تا بەکاریان بێنین.

لەم نووسراوەیەدا هەوڵ دەدرێ هەندێک لایەنی کەسایەتیی کاک دوکتور تاوتوێ بکرێت.

## قاسملوو لە تیئۆری‌و پراکتیکدا میکانیزمی بەرەوپێشڤەچوونی

## رووداوە کۆمەڵایەتی‌یەکان

یەکێک لە زایانانی جیهان پێی‌وایە بۆ شۆرش و گورانکاری دوو کەرەسەی تیئۆری‌و پراکتیک پێویستە هاوئاهەنگی یەکتر بن‌و بنەمای هەر کردارێکی داهێنەرانە بە تیئۆرێکی گۆرانکاری‌یانەوە پەیوەند دەدا.

هەموو قاسملووناسان بە تێکرای دەنگ لەسەر ئەوە کۆکن کە گۆرەپانی خوێندن و خوێندنەوەی ئەو مرۆڤە لە ئاستێکی لوتکەیی‌دا بووە، شارەزای زۆربەی زانستەکانی مرۆڤایەتی بەتایبەتی سیاسەت، ئابووری، کۆمەڵناسی، مێژووناسی و.. بووە، بەتێروتەسەلی خوێندوونی،لە ناسینی زۆربەی قوتابخانە هزری‌یەکان‌دا مامۆستا بووە. لەخەرمانی زانستی مرۆڤایەتی لە بەشی خۆی پتری وەرگرتوە بەوەندەشەوە نەوەستاوە، خۆشی بە نووسین‌و لێکۆلینەوەی زانستی، بنیاتنەری قوتابخانەیەکی تایبەت بووە. چونکە تیئۆری‌یە زانستی‌یەکانی لەگەڵ تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی کوردی پێک گرتوون، بێ‌ئەوەی خوێندنەوەی زۆر دوچاری فانتزی‌گەریی بکەن، ئەو بیرۆکانەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ واقعییەتەکانی کۆمەڵگەی خۆی موتوربە کردوە، ئەوەی لەگەڵیدا نەگونجاوە وەلای ناوە، بەم پێیە داهێنانێکی خۆماڵیی بۆ رزگاریی کورد هێناوەتە ناو گوتارو کولتووری رۆشنبیریی مرۆڤی کوردی خەباتگێری گۆڕانخوازەوە. لەو بارەشەوە بە رادەیەک شارەزا بووە کە بەو پەڕی باشییەوە ڕێگەی گەشەو هەڵدانی کۆمەڵگاکەی بە مێتۆدی کوردی گەڵاڵەڕێژی کردوە، هەوڵی داوە تیئۆرییە زانستییەکان بە باشترین شێوە بۆ بزووتنەوەی کورد بەکار بێنێت.

ئەگەر سەرنجێکی گشتی بدەینە بیرۆکە زانستییەکانی دوکتور قاسملوو لە هەمبەر بەرەوپێشبردنی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد،پێکگرتنیان لە تەک کردارەکانی بکەین بەو ئەنجامە دەگەین، لەو بوارەدا گەلێک سەرکەوتوو بووە،لە نێوان بۆچوونو کردەوەکانیدا کەلەبەرو پێکناکۆکبوون نایەتە بەرچاو.

لە بۆچوونەکانی قاسملوودا باوەرمەندی بە خەباتی دوورەدەست، ڕێگەنیشاندان بۆ چەندین بەرەی دواتریش بە روونی دیارە. ئەو بۆ برگەکانی خەباتی مرۆڤی کورد، سەرەتا ڕێکخستنی ڕێکخراوو حیزبی مۆدێرن، دواتر بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بە هۆی حیزبی مۆدێرن لەسەر بنەمای پەروەردەو راهێنانی دیمۆکراتیک، لەئەنجامدا ڕێکخستنی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی بێچەوسانەوەو یەکسان پلانڕێژی دەکا. بەدانانی کۆمەڵێک تاکتیکی دەرهەست ئیستراتیژییەکی داهێنەرانە دیاری دەکا، دەبێتە قوتابخانەیەک لە ئەندیشە بەرزەکانی مرۆڤایەتی. قاسملوو بە تەنیا مرۆڤی سەردەمی خۆی نیە چونکە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی بە رابردووی نەتەوەکەیەوە هەیە. بەو مانایە لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی خەباتی رابردووی کورد داهێنەرانە ئەنگوست دەخاتەسەر لایەنە ئەرێنیو نەرێنییەکان، لە سەردەمی خۆیدا بەکاریان دێنێ. ئەم پەیوەندییە ئۆرگانیکییەش بە دوارۆژی خەباتی ناسیۆنالیزمی کوردەوە گرێ دەدا، بەم چەشنە چەند سەدەیەکیش دواتر شۆرشگێرانی کورد لەو قوتابخانە مەزنە لە بۆچوونەکانی سوود وەردەگرن. چونکە بەپێی ئەندیشەکانی قاسملوو نەتەوە دەبێتە ئۆرگانیزمێکی ماتریالی مێژوویی. کە ڕەوشی ژێنۆسایدو ئاسیمیلەکردنی ناتوانێ بەر بە قەوارەگرتنی بگرێت.

بۆیە دەتوانین بڵێین قاسملوو، بۆچوونو کردارەکانی میکانیزمی بەرەوپێشڤەچوونی کورد و چارەسەری کێشەکانێتی.

## قاسملووی مێژووناس

دوکتور قاسملوو لە پێناسەیەکی زانستی بۆ مێژوو دەنووسێ:

«مێژوو فاکتۆگرافی نیە، دانانی ڕووداوەکان لە پاڵ یەکترو ڕیز کردنی ڕووداوەکان نیە. مێژوو دۆزینەوەی پێوەندی لە نێو ڕووداوەکانو نیشاندانی ئەوەیە کە ئەو ڕووداوانە چۆن لەسەر یەکتر کاریگەر دەبن. چۆن دەگۆڕێنو چۆن پەرە دەستێنن. بەتایبەتی مێژوو ڕاناوەستێو ڕانەوەستاوە. مێژوو دینامیزمی تایبەتیی خۆی هەیە، هێزی هاندەری هەیە.»(١)

ئەو لەم کورتە پڕنێوەڕۆک و زانستی‌یە بۆپێناسەی مێژوو دەی‌سەلمێنێ کە بەڕاستی مێژووزانێکی بلیمەتە ، مامۆستایەکی گەلێک شارەزا لە بواری مێژووناسی‌دایە. چونکە ئەمە ئاماژەیە کەقاسملوو هەم کۆمەڵگای کوردی باش ناسیوە و هەمدیس ڕابردووی خەباتی نەتەوەکەی خاس دەرک کردوە. بەزانستەوە پێکهاتە کۆمەلایەتی‌یەکانی داوەتە بەر ڕوانگەکانی، لەسەر بنەمای زانستی کۆمەڵناسیی کوردەواری خاڵە بە هێزو لاوازەکانی بزاڤی کوردی هەڵسەنگاندوەو بە تیئۆری مێژوویی ڕزگاری پلانرێژیی کردوە. «مێژوو زانستە، زانستێکی کۆمەلایەتی‌یە«(٢)

لە سەردەمێکدا دەست بۆ ئەو پرسە گرنگە دەبا کە بەهۆی سیاسەتی ئاسیمیلەکردنی کورد لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە ڕوشنبیری کورد هەموو دەرەتانێکی مێژوونووسیی لێ‌زەوت دەکرێت، ڕووداوە مێژوویی‌یەکان بە قەڵەمی بێگانەو دژبەرانی مافی نەتەوایەتیی کورد تۆمار دەکرێن. لەم هەلومەرجەدایە کە دوکتور بانگەشەی مێژوونووسیی ئۆبژێکتیو دەکاو لەو گۆڕەپانەدا دێتە شەڕی دیکتاتۆری‌یەوە.»ئەگەر لە هێنانەگۆری ڕووداوەکاندا ئۆبژێکتیوبوون نەپارێزرێ یا مێژوونووس بە کەیفی خۆی ڕووداوەکان بگۆڕێ، مێژوو باری زانستیی خۆی لە دەست دەدا»(٣) ئەو بە ئەنگوستخستنەسەر دەورو کاریگەری‌یەکانی کۆمەلانی خەڵک لە تۆمارکردنی ڕووداوەکاندا دەبێتە ڕێبەرێکی مێژوونووس. بەو واتایە پێناسەی نوێ بۆ مێژوو دەکا، دەرەتانی نووسینەوەی مێژووی بزاڤی ڕزگاری‌خوازیی کورد لە داگیرکەرانی کوردستان دەستێنێتەوە، لە ڕوویەکی تریشەوە بانگەوازی جیدیی جەماوەر بۆ گۆڕانکاری ئاراستە دەکا.دوکتور شارەزایی باشی بە سەر مێژوودا بووە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مانای مێژووناسیی زانستیی بە تەواوی دەرک کردوە، ماتریالیزمی مێژوویی باش زانیوە بەوردی موتالای کردوە، هەموو فراماسیۆنە کومەلایەتی - ئابووری‌یەکانی ناسیوە، خۆشی ئەم تیئۆری‌یەی ساماندار کردوە. هەڵسەنگاندنی زانستی‌یانەی لە قۆناغەکانی مێژوو بووە. مێژووی گەلەکەی خۆی بە باشی خوێندوتەوە، شرۆڤەی خۆی لە هەمبەریان‌دا کردوە. بێ ئەوەی دوچاری دەمارگرژی بووبێت راستی‌یەکانی وەک خۆیان بینیوە، هەوڵی داوە لەسەر بنەمای سەرکەوتن و تێکشکانەکان‌دا سەرکەوتن تیئۆریزە بکا.

**ژێدەر:**

١- چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی‌دا کورتەیەک لە مێژووی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە نووسینی دوکتورقاسملوو. لاپەرە ٨ پاراگرافی یەکەم

٢- هەمان سەرچاوە لاپەرە ١٢پاراگرافی دووهەم

٣- هەمان سەرچاوە لاپەرە ١١ پاراگرافی یەکەم

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەلات تایمز - ڕێکەوتی: ١٤ی جوولای ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕۆڵی خەڵك لە بزووتنەوەدا، لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە

**عادڵ موڕادی**

بێگومان لە سەرهەڵدان، دەسپێک و بەردەوامبوونی هەر بزووتنەوەیەک، شۆڕش یا حکوومەتێک ڕۆڵی خەڵک لەو پێناوەدا بەرچاوە و نکۆڵیی لێ ناکرێ. بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کوردیش کە ساڵانێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و مافە ڕەواکانی خۆی کە لە ڕاستیدا داواکاریی کۆمەڵانی هەموو خەڵکە لەم قاعیدەیە بێبەری نەبووە و نیە.

گەلی کورد کە بەردەوام هاوڕێ و پشتیوانی ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی خۆی لەم ڕێگا پڕ هەوراز و نشێوەدا بووە و هەرچەند شۆڕشگێڕانێکی بیرمەند و نوخبە وەک دوکتور قاسملوو، پێغەمبەری ئاشتی و مامۆستای دێموکراسی، لە نێو هەر ئەم خەڵکە ستەملێکراوەی کورد هەڵکەوتوون و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلەکەیان، گیانی خۆیان بێ هیچ چاوەڕوانییەک فیدا کردووە.

ئەم ڕێبەرە بلیمەتە، بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە شۆڕش و بەردەوامبوونی پەیوەستە بە پشتیوانی هەمەلایەنەی خەڵک و بە ڕای جەنابیان، شۆڕش، بۆ خەڵک و بۆ بەدەستهێنانی مافە بنەڕەتییەکانی ئەوان بە بێ بوونی بەرچاوی خەڵک بە شێوەی جۆراوجۆر لەم شۆڕشەدا بە سەرکەوتن ناگەیەن. دوکتور قاسملوو لە سەر ئەم باوەڕە بوو کە دەبێ شێوازی ڕاست لە پێوەندی لەگەڵ وەزع و هەلومەرجی کوردستان و ناوچە زانیاری تەواو بە خەڵک بدرێت تا بتوانن لێکدانەوەی باشیان لە هەلومەرجەکە ببێت و بە شێوەیەکی جیددی لە شۆڕشی ڕۆڵەکانی خۆیان پشتیوانی هەمەلایەنە بکەن.

دوکتور قاسملوو بە ڕوونی لە کارەکان و وتەکانی بە یەکێک لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی درووستبوونی پێوەندییەکی نەپچڕاو لەگەڵ خەڵک دەزانێ و پێویستی ڕوونکردنەوەی سیاسەتەکان و بەرنامەکان بۆ خەڵک دووپات دەکردەوە کە ئەمە خۆی گرینگی بەرچاوی خەڵک و هەبوونی ئەوان لە شۆڕشدا لە ڕوانگەی ئەم گەورە پیاوەی گۆڕەپانی شۆڕش ئاشکرا دەکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەورە پیاوی مێژووی گەلی کورد، خەڵک و پێشمەرگەی وەک ئاوو ماسی پێناسە کردووە و دەیگوت:

«هەر بەو جۆرەی کە ژیانی ماسی بە بوونی ئاوەوە پەیوەستە، پێویستیی سەرکەوتن و سەرفرازی پێشمەرگەکانیش لە گۆڕەپانی شۆڕش و سیاسەتدا، بوون و پشتیوانی هەمەلایەنەی خەڵکە و ئەم دوو فاکتەرە پێکەوە تەواوکەری یەکترن». ڕێبەری بلیمەتی گەلی کورد، هەموو کات بۆ ئاگاداربوون لە کێشە و کەموکوڕییەکانی خەڵک کە لەگەڵیاندا ڕووبەڕوو بوون، ڕاپۆرتی کۆمیتە شارستانەکانی بە وردی دەخوێندەوە و لێکدانەوەی لەسەر دەکردن و دەیگوت کە دەبێ زانیارییەکی تەواومان لەسەر ژیانی خەڵک ببێ تا بتوانین کێشەکانی ئەوان بناسین و بۆ چارەسەرکردنیان هەنگاوی باش هەڵێنین. دوکتور قاسملوو، گرینگی بەرچاوی بە ڕاوبۆچوونەکان و ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە لایەن خەڵکەوە دەگەیشت، دەدا.

لەو ناوچانە کە بە دەستی پێشمەرگە ئازاد دەکران، بۆ بەشداریی خەڵک لە کاروباری خۆیاندا شورای شار یا دێ دەستی بەکار دەکرد. بە شێوەیەک کە ئیسلاحاتی ئەرزی و دابەشکردنی زەوی، زمانی کوردی لە خوێندنگەکان و دروستکردنی کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی لە یەکەم کردەوە بنەڕەتییەکانی حیزب لەم ناوچانە بوو.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو شتانەی کە ئاماژەمان پێکرد، دەتوانین بڵێین کە ڕۆڵی خەڵک لە سەرهەڵدان، دەستپێک و بەردەوامی هەر شۆڕشێک بێ ئەملاوئەولایە. لە ڕاستیدا خەڵک یەکێک لە پایەکانی هەر شۆڕشێکن کە بە بێ بوونی ئەوان بە ئاکام ناگات و لە ئەگەری گەیشتن بە هێندێک لە ئامانجەکانی شۆڕش، لە درێژەدا بەلاڕێدا دەڕوات و لە ڕێگەی ڕاستی خۆی لادەدات.

لە کۆتاییدا، بە پەیامێک لە ڕێبەری شەهیدمان کە لە هەموو کاتێکدا پڕنێوەرۆکە، وتەکانم کورت دەکەمەوە کە دەڵێ: «پەیامی من بۆ خەڵکی کوردستان ئەمەیە کە وەکوو هەمیشە، پشتیوانی ئەندامانی حیزب و پێشمەرگەکان بن و ئاگاداری ئەوان بن، چوون دەزانن کە حیزبی دیموکرات بۆ ئازادی و بەختەوەری ئەوان شۆڕش دەکات».

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕوانینی دوکتۆر قاسملوو بۆ «ئەخلاق لە سیاسەت دا»

**سیروان مووساپوور**

پێوەندیی نێوان ئەخلاق و سیاسەت یان بە واتایەکی دیکە بابەتی ئەخلاق لە سیاسەتدا وەک یەکێک لە بابەتە گرنگ و باسهەڵگرەکانی بیاڤی فەلسەفەی سیاسی، بە درێژایی مێژوو لە قۆناغە جیاجیاکان و لەنێو شارستانیەتە جۆراوجۆرەکاندا ئاوڕی لێدراوەتەوە و بیرمەندان و سیاسەتمەداران هەریەکەیان بە چەشنێک مامەڵەیان لەگەڵ کردوە و ڕاڤە و لێکدانەوەی خۆیان لەم پێوەندییەدا خستۆتە ڕوو. بە کورتی لەگەڵ ئەوەی ئەخلاق و سیاسەت هەرکامیان هەڵگری دەیان پێناسە و لێکدانەوەی جۆراوجۆرن، پێوەندیی نێوانیشیان هەر بەم شێوەیە و بگرە زیاتریش جێگەی مشتومڕی زانا و خاوەنڕا و سایەستمەداران بووە. یەکێک لەو مرۆڤە سیاسی و خاوەنڕایانە کە گرنگیی بەم بابەتە داوە و لە وتە و نووسراوەکان و تەنانەت لە ژیان و خەباتیشیدا لەبەرچاوی گرتوە، شەهید دوکتۆر قاسملوویە. ناوبراو لەم بارەیەوە خاوەن ڕوانگە و ڕوانینی خۆی بووە و ئەمەش بە جوانی لە وتە و وتووێژەکانی لەگەڵ ڕادیۆ و ڕۆژنامەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. بەڵام پێش ئەوەی ئاماژە بە چەند وتەیەکی ناوبراو بدەین، پێویستە بە کورتی باس لە چەند ڕوانگەیەک لەبارەی پێوەندیی نێوان ئەخلاق و سیاسەتەوە بکەین و دوایە باشتر بۆمان دەردەکەوێ کە وتە و بۆچوونەکانی ئەم ڕێبەرە مەزنەمان لە کام یەک لەم ڕوانگانە زیاتر نزیکە.

ڕوانگەی یەکەم پێی وایە ئەخلاق دەبێ لە سیاسەت جیا بێ، واتە گرنگیی بە بابەتی جودایی ئەخلاق لە سیاسەت دەدا و پێی وایە گرنگیدان بە ئەخلاق لە سیاسەتدا دەبێتە هۆی شکست لە مەیدانی سیاسەتدا. چونکە ئەخلاق بایەخ بە حەق و حەقیقەت دەدا بەڵام مەبەستی سیاسەت بەرژەوەندی و مەسڵەحەتە و سیاسەت جیا لە گەیشتن بە دەسەڵات و پاراستنی، شتێکی دیکە نیە تەنانەت ئەگەر بنەما ئەخلاقییەکانیش لەژێرپێ بنرێن. ڕەنگدانەوەی ئەم جۆرە ڕوانگە و بیرکردنەوەیە بە شێوەیەکی ڕوون لە بیروڕاکانی ماکیاڤێللیدا بەرچاو دەکەون. ناوبراو لە کتێبی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«میر»دا جەخت لەوە دەکاتەوە کە سیاسەتمەداران و بەڕێوەبەرانی وڵات لەپێناو بەرژەوەندیی‌یە گشتیی‌یەکان‌دا دەتوانن دەست بۆ هەر هەوڵێکی توندوتیژانە و هەر فێڵو تەڵەکەیەک بەرن. لەڕاستی‌دا لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە لەژێر ئەم فەلسەفەیەدا کە «ئامانج، پاساودەری ئامرازە» باوەڕیان بە جودایی ئەخلاق و سیاسەت هەیە.

ڕوانگەی دووەم باوەڕی بە پاشکۆیەتیی ئەخلاق بۆ سیاسەت هەیە و پێی‌وایە ئەخلاق و زۆر بایەخی دیکەش پاشکۆی بێ‌ئەملا و ئەولای سیاسەت و کردەوەی شۆڕشگێڕانەن لەحاڵێکدا کە سیاسەت و کردەوەی شۆڕشگێڕانە پێویستی‌یان بە پاساوی ئەخلاقی نیە. جیاوازیی ئەم ڕوانگەیە لەگەڵ ڕوانگەی یەکەم لەوەدایە کە ئەم ڕوانگەیە هیچ بایەخ و ڕەسەنایەتی‌یەک بۆ ئەخلاق لەبەرچاو ناگرێ. لایەنگرانی ڕوانگەی یەکەم بە ماکیاڤێلیشەوە ئەگەرچی فەرمانڕەوا ناچار بە لەژێرپێنانی کردەوەی دژەئەخلاقی دەزانن، بەڵام ئەخلاق بە شتێکی ڕەسەن دادەنێن و تەنیا وەک پێویستی‌یەک سەرپێچی لە ئەخلاقیات بۆ میر بە ڕەوا دەبینن، بەڵام ئەم ڕوانگەیە هیچ سیاسەت و کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بە دژەئەخلاقی نازانێ.

ڕوانگەیەکی دیکە هەیە کە باوەڕی بە ئەخلاق لە دوو ئاستدا (ئەخلاقی دوولایەنە) هەیە و پێی وایە کە دەبێ ئەخلاق لە دوو ئاستی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی‌دا قسەی لەسەر بکرێ. ئەگەرچی ئەم دوو ئاستە هێندێک خاڵی هاوبەشیان پێکەوە هەیە، بەڵام ئەوەی لە ئاستی تاکەکەسی‌دا ئەخلاقی‌یە، ناتوانرێ لە ئاستی کۆمەڵایەتییش‌دا بە ئەخلاقی دابنرێ. ئەخلاقی تاکەکەسی لەسەر بنەمای پێودانە ڕەها ئەخلاقی‌یەکان دەپێورێ لەحاڵێکدا ئەخلاقی کۆمەڵایەتی پاشکۆی بەرژەوەندی‌یە نەتەوەیی‌یەکانە. لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە پێیان وایە کە بیاڤی ئەخلاقی تاکەکەسی، ئەخلاقێکی پڕ لەسۆز و خۆشەویستی و هی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی، ئەخلاقێکی ئامانجدار و ئاکامخوازە. دەرەنجامی ئەو ڕوانینە قبووڵ‌کردنی دوو سیستەمی ئەخلاقیی جیاوازە، مرۆڤ وەک تاک شوێنکەوتووی سیستەمێکی ئەخلاقی‌یە بەڵام کۆمەڵ سیستەمێکی ئەخلاقیی دیکەی هەیە. کەسانێکی وەک مارتین لۆتەر، ماکس ڤیبەر و ... بە لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە دادەنرێن.

دوایین ڕوانگە باس لە لێک‌جیانەبوونەوە و تێکەڵاویی ئەخلاق و سیاسەت دەکا. بە پێی ئەم ڕوانگەیە ئەخلاق سیاسەتی تاکەکەسی و سیاسەت ئەخلاقی بەکۆمەڵە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسەت و ئەخلاق لە لقەکانی حیکمەتی زانستی و لە هەوڵی بەختەوەریی مرۆڤدان. تا ئەو جێگەیەی کە خواجە نەسیری تووسی سیاسەت بە هونەری وەدیهێنانی ژیانی ئەخلاقی دەزانێ. ئەم ڕوانگەیە لە هەر دوو بیاڤی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیدا بایەخ بە ئەخلاق دەدا و پێی وایە هەر شتێک لە ئاستی تاکەکەسیدا ئەخلاقی بێ، لە ئاستی کۆمەڵایەتییشدا هەروایە و هەر شتێکیش لە ئاستی تاکەکەسی و بۆ تاکەکان غەیرەئەخلاقی بێ، لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا و بۆ سیاسەتمەدارانیش هەر غەیرەئەخلاقییە. بۆ نموونە ئەگەر فێڵبازی و درۆکردن شتێکی خراپ بن، بۆ دەسەڵاتدارانیش هەر خراپن و بە کردەوەیەکی ناحەز دەژمێردرێن.

لەوانەیە لە سەردەمی ئێستادا کەسانێک ئەو جۆرە تێگەیشتنە لە ئەخلاق بە شتێکی خەیاڵی و ناواقیعی بزانن و لەگەڵ بڕوابوون بە بنەما ئەخلاقییەکان پێیان وابێ ئاڵۆزیی سیاسی و دژواریی دەسەڵاتداری لە سەردەمی ئێستادا، ڕێگەی لەبەردەم ئەخلاق لە سیاسەتدا بەستوە و ناتوانرێ لە سیاسەتدا لەبەرچاو بگیرێ، بەڵام لەبیرمان نەچێ کە بیرمەندانێکیش هەن کە بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانجە هەوڵ دەدەن و لە کایە سیاسییەکاندا بایەخ بە ئەخلاقیش دەدەن و لەم ڕێگەیەدا بێگومان تووشی گەلێک گیروگرفتیش دەبنەوە.

لە سەدەی بیستەمیشدا کەسانێکی وەک واسلاڤ هاڤێل، مهاتما گاندی، ماندێلا و دەیان کەسی دیکە پێیان وا بووە و بە کردەوەش نیشانیان داوە کە سیاسەت ڕیشەی لە ئەخلاقدایە و لە کاتی سەرکەوتنیشدا بەم ئەسڵە وەفادار ماونەوە. واسلاڤ هاڤێل بە پێداگری لەسەر لەبەرچاوگرتنی ئەخلاق و ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونە کە پێیوایە دەبێ سیاسەتمەدار درۆ بکا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە سیاسەتدا دەکرێ ئەخلاق پیادە بکرێ بەڵام پێوانی ئەم ڕێگەیەش هەروا ئاسان نیە و پێویستیی بە هەوڵدانی زۆر هەیە. ماندێلا لە ماوەی دەسەڵاتداریدا پابەندی بنەما ئەخلاقییەکانی بوو و دوای کۆتاییهاتنی ماوەی سەرکۆمارییەکەشی بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە لە سیاسەت دوور کەوتەوە و درێژەی بە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی دا. گاندی هەرگیز پێی وا نەبووە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی پیرۆز کەڵک لە ئامرازی نادروست و ناپیرۆز وەرگیرێ.

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ڕوانگانە و دەیان تیۆری و ڕوانگە و بۆچوونی دیکە و بە وەرددانەوەیەکی وردی وتەکانی ڕێبەری شەهید دوکتۆر قاسملوو، بۆمان


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەردەکەوێ کە ناوبراو بڕوایەکی قووڵی بە لەبەرچاوگرتنی ئەخلاق لە سیاسەتدا هەبووە و لەبڕیار و کردەوەکانیشیدا ئەمە بە جوانی ڕەنگی داوەتەوە. لە مەیدانی خەباتدا ئەگەرچی پێشمەرگە بە باسکی بەهێزی گەل دەزانێ بەڵام ئاگاداریشی دەکا کە «هێزی پێشمەرگە بۆ خزمەتی گەل پێک هاتوە و هەرچی دەکا دەبێ لەپێناو خزمەت بە گەلدا بێ. ئاکار و کردەوەی لەگەڵ خەڵک جوان بێ و هەموو کاتێک خۆی بە پارێزەری ماف و ئازادیی خەڵک بزانێ و...»

مەحکوومکردنی ڕەشەکوژی و تیرۆریزم، بڕوابوون بە دۆستایەتیی نێوان گەلان، دژایەتیکردن لەگەڵ هەر چەشنەچەوسانەوەیەکی ئینسان بە دەستی ئینسان، ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە ڕەگەزپەرستی و مەزنیخوازییەک، دژایەتی لەگەڵ هەر جۆرە بێئووسوولی و بێئەخلاقییەک و دەیان بابەتی دیکە بە ڕوونی لە وتار و وتەکانی دوکتۆر قاسملوودا ڕەنگیان داوەتەوە. لە کردەوەشدا تەنیا ئاماژەکردن بە پێوەندیی نزیکی ناوبراو لەگەڵ حکوومەتی ئەوکاتی عێراق و هەرلەو کاتەشدا خۆپاراستن لە هەر چەشنە ڕێککەوتن و کردەوەیەک بە دژی گەلی کورد لە کوردستانو گەلانی دیکەی عێراق و حیزبەکانی ئەو پارچەیە، باشترین بەڵگەی سەلماندنی بڕوابوونی ناوبراو بە لەبەرچاوگرتنی ئەخلاق لە سیاسەتدایە.

ماوەتەوە بڵێین دوکتۆری شەهید ئەگەر لە ژیاندا بە بیروباوەڕ و بە قسە و بەکردەوە بڕوای بە لەبەرچاوگرتنی ئەخلاق لە سیاسەتدا هەبوو، زێدەڕۆیی نیە گەر بڵێین شەهیدبوونیشی لە کاتی وتوویژ و دیالۆگدا باشترین بەڵگەی بڕوابوونی ناوبراو بە ئەخلاق لە سیاسەتدا و بێئەخلاقیی لایەنی بەرامبەر (نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی) لەم مەیدانەدایە. ئەگەرچی باسکردن لە بابەتێکی وا گرنگ و لێکدانەوەی هزر و ئەندێشەکانی گەورەپیاوێکی وەک دوکتۆر قاسملوو پێویستیی بە شارەزایی زیاتر و لێوردبوونەوەی قووڵتر هەیە، بەڵام بۆ جوانتردەرخستنی ڕوانگە و ڕوانینەکانی، وتارەکە بە هێنانەوەی یەکێک لە وتە بەنرخەکانی لەم پێوەندییەدا کۆتایی پێدێنین: «ئێمە بێ ئوسوولی و جنێوفرۆشی لە سیاسەتدا ڕەت دەکەینەوە و بۆ جێگیرکردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا تێدەکۆشین. ئێمە یەکەم ڕێکخراوی ئێرانی بووین کە ئەخلاقمان واریدی سیاسەت کردوە.»

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور قاسملوو واقیعگەرای راستەقینە لە پرسی مافەکانی ژناندا

چەکۆ ئەحمەدی

ئەو کەسانەی توانیویانە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە دڵی کۆمەڵێک مرۆڤدا بمێننەوە و ببنە سیمبولی مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستی، زۆر کەم و دەگمەن بوون. ئەو نەتەوانەی کەوا ڕێبەرێکی راستەقینە و کاریزما و شۆڕشگێڕیان بووە، زۆرتر ئەوانەن کەوا هەر یەکە و بە شێوازێک بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان خەباتیان کردووە. لە هیندووستان ماهاتما گاندی، لە ئافریقا نێلسۆن ماندێلا، لە ئامریکا مارتین لۆتێرکینگ و لە کوردستان شەهید دوکتور قاسملوو نموونەی ئەو ڕێبەرە کاریزما و شۆڕشگێڕانەن. هەموو ئەم ڕێبەرانە تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان هەبووە و ئەو تایبەتمەندییەش بووەتە هۆی ئەوەی راستییەکانی کۆمەڵگا وەک خۆی ببینن و ئەویش واقیعگەرابوونیانە. لەم رەوتەدا کۆمەڵێک پرسی گرینگیان پێڕەو کردووە و یەک لەوان مافی ژنانە کە لە راستیدا یەکێک لە گرینگترین پرسەکانی هەمیشەیی مرۆڤایەتی بووە و هەیە.

لەوانەیە شەهید دوکتور قاسملوو بانگەشەی ئەوەی نەکردبێت کە فیمینیستە، بەڵام ئەوەی لە کردەوە، گوتار و وتارەکانیدا بەدی دەکرێ، نیشاندەری ئەو راستییەن کە شەهیدی نەمر بە هەر شێوەیەکی مومکین لە هەوڵی گەشەپێدان و بەرینکردنەوەی بیری یەکسانیخوازی و مافی بەرابەری پیاوان و ژناندا بووە و لەو بارەوە شێلگیرانە تێکۆشاوە.

هەموو ئەو بەڵگە و دیکۆمێنتانەی لەبەردەستدان، بۆمانی روون دەکەنەوە کە شەهید دوکتور قاسملوو پشتیوانێکی راستەقینەی ژنان بووە و بەردەوام بە هەر شێوازێک و لە هەر ڕێگایەکەوە بۆی کرابێت هاندەری ژنان بووە بۆ ئەوەی زۆرتر گەشە بکەن و زۆرتر لە هەوڵی دەستەبەرکردنی مافەکانیاندا بن.

ئەو راستیەی کە شەهیدی نەمر عاشقی سروشت بووە حاشاهەڵنەگرە و کەسانێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر شاهیدی ئەم وتەیەن، شەهید دوکتور قاسملوو لە رووی ئەو زانیاری و زانستانەوە بوو کە تا ئەو رادە بەرزە هەوڵی دەدا پرسی مافەکانی ژنان بورووژێنێت، چونکە ئەم راستییە کە ژن و سروشت دوو چەمکی وێکچوو و هاوشێوەی یەکن، لە لای ئەو زۆر روون بوو. ئەو دەیزانی کە بە بێ ئەکتیڤ بوونی ژنان، دیسانەوە کۆمەڵگا تووشی گرفت دەبێت و تا پرسی ژنان بە یەکجاری چارەسەر نەکرێ، کۆمەڵگا ناتوانێت بە ئاسوودەیی و بێ گرفت رەوتی مێژوو ببڕێت. بەڵام لێرەدا پرسیارێکی زۆر گرینگ دێتە گۆڕ کە گەلۆ، لە روانگەی دوکتور قاسملووەوە پێویست بوو کە یەکسانیی نێوان ژن و پیاو بەپێی ئەو پێوەرانە بێت کە لە راستیدا لە لایەن پیاوانەوە دیاری کراوە یان پێی وابوو کە دەبێ قامک لە سەر جیاوازییەکانی نێوانیان دابنرێت و بۆ زۆرتر گەشەپێدانی تایبەتمەندییەکانی ژنان هەوڵ بدرێت کە تا هەنووکە بە چڕی سەرکوت کراون؟

بێگومان و بە لەبەرچاوگرتنی هزری واقیعگەرایانەی شەهید دوکتور قاسملوو، دەبێ بزانین کە بە هەموو توانایەوە هەوڵی دەدا دوور لە دروشم و سیاسەتکردن و دەستەبەرکردنی قازانج و بەرژەوەندیی حیزبی و تاکەکەسی، بۆ هەرچی زیاتر باوەڕبەخۆبوون و ناسینی «خود» لە لای ژنانەوە یارمەتیدەر بێت و لەو رێگا دوور و پڕ لە کەند و کۆسپەدا پشتیوانی راستەقینەیان بێت. کەواتە ئەو ژنی وەک ژن چاو لێ دەکرد و خوازیاری ئەوە نەبوو ژن وەک پیاوی لێ بێت، بەڵکوو گەشەی هەرچی زۆرتری ژنان ئامانج و باوەڕی راستەقینەی رێبەری هەرگیز نەمرمان بوو.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - رێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# عەزیز حاج: بیرەوەرییەکانم لەگەڵ قاسملوو

**و: فەیسەڵ خەلیل**

ئەو ڕێبەری حزبی دیموکراتی کوردستان بوو لەئێران، لەلایەن پیاوانی فەیلەقی تیرۆرستی قودس لەڤیەنا لەساڵی ١٩٨٩ تیرۆر کرا.

قاسملووم لەپراگ ناسی، ئەو کاتە من نوێنەری حیزبی شیوعی عێراقی بووم لە گۆڤاری نێودەوڵەتیی شیوعی و لەنێوان ١٩٦١ - ١٩٦٦ بەرپرسی حزبیش بووم لەوێ، کە ئەوکات چیکۆسلۆڤاکیا بوو، قاسملووش لە یەکێک لە کۆلیژەکانی پراگ مامۆستای ئابووریی سیاسی بوو. بۆنە و ڕۆژەکەم بیر نەماوە، بەڵام زوو بووین بە برادەر، زۆر لەبارەی مەسەلەی کوردی دەدواین، زۆرجاریش ڕەشنووسی چەند بەشێکی کتێبەکەی «کورد و کوردستان». لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری»ی نیشان دەدام و مشتومڕمان لەسەر بابەتەکە دەکرد. ئەو زانیارییەکی زۆروزەوەندی هەبوو، شرۆڤەکردنەکانی لەبارەی کورد زۆر بوو. بەتایبەتی لەسەر کوردی ئێران، ئەو کتێبە گرنگەی لەساڵی ١٩٧٠ لەلایەن (دزەگای لوبنان بۆ وەشاندن) لە بەیرووت کرایە سەر زمانی عەرەبی و دواتریش بەزمانی دیکە بڵاو کرایەوە.

قاسملوو چەندین زمانی دەزانی، بەو زمانانەش دەیخوێندەوەو دەینوسی و وتاری دەدا، لەوانەش جگە لە کوردی و فارسی و عەرەبی، چیکی و ئینگلیزی و فەرەنسی و رووسیی دەزانی، ئەو کۆچکردووە، کەسایەتییەکی خۆشویستراوی هەبوو، نوکتەچی بوو، خۆشمەشرەب بوو، ژیانی خۆش دەویست، ئەو ژیانەی کە پەیوەست بوو بە مەسەلەیەکی سیاسییەوە، ئەویش مەسەلەی گەلی کورد بوو لە ئێران.

وەک مارکسییەکی کراوە ئەوم ناسی. نەتەوەخوازێکی لیبرال، عەلمانی، بوێر لە ڕەخنەگرتن، ئەو لە وڵاتە سۆسیالیستییەکان بوو، کاتێک ئاژاوە کەوتە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیستەمەکانیەوەو روخساری لادانەکانیان دەرکەوت، کاتێک یەکێتیی سۆڤیەت پراگی داگیر کرد لە ١٩٦٨ - ئەو کات من گەڕابوومەوە عێراق - بەڵام ئەو ئیدانەی ئەو داگیرکردنەی کرد، کەچی من لەگەڵ داگیرکردنیدا بووم بەبیانوی ئەوەی راستڕەوەکان لایان داوەو کەوتوونەتە سەرووی دەسەڵاتەوە لە چیکۆسلۆڤاکیا. بەڵام قاسملوو لەمن دووربینتر بوو، لە شرۆڤەکردنەکانیشی وردتر بوو.

قاسملوو دواتر گەڕایەوە گۆڕەپانی سەخت و راستەقینەکەی خەبات لە کوردستانی ئێران، هەر زوو بۆوە رێبەری یەکەمی ئەو گۆڕەپانە، جیا لەو تێکەڵپێکەڵی‌یەی کە لەنێوان سەرکردەکانی کورد هەبوو، تەنانەت لەعێراق و شوێنی دیکەیش وابوو، قاسملوو دەی‌توانی پرەنسیپەکان لەگەڵ ستراتیژ و تەکتیک لە یەکتر جیا بکاتەوە، نەی‌دەویست قوربانی بە یەکەمیان بدات لەپێناو ئامانجی خێرا و بەرتەسک، وەک ئەوەی چەندین جار رووی‌دەدا، جا هەرچەندە ئەو داوای گۆڕینی رژێمی شای دەکرد، لەژێر دروشمی دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نەبوو، کە رازی نیە بە تەکتیکی تەندروست و پلەبەپلە و هەرچ بەشە داواکاری‌یەک کە لەئامانجە ستراتیژی‌یەکەی نزیکی بکردایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر عەقلانی بوو، بەڵام زێدەڕۆیی لە داواکاری‌یەکان نەدەکرد، نەی‌دەویست جەماوەر و حیزب بە داوای جیابوونەوە رۆشنبیر بکات، بەڵکوو جەختی لەسەر ئامانجی خودموختاری دەکردەوە.

کاتێک سەرکردایەتیی کوردی لەعێراق لەگەڵ رژێمی بەعس گەیشتە رێکەوتنە بەناوبانگەکەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کە تێی‌دا بەڵێنی ئۆتۆنۆمی درابوو لەماوەی چوارساڵدا، کە بەشێک لە هەنگاوەکانی بۆ هاویێژرا، لایەنە پێشکەوتووەکان و لایەنە کوردی‌یەکان پێشوازی‌یان لێکرد، قاسملوو و حزبەکەشی پێشوازی‌یان لەو رێکەوتنە کردو لەو سەروبەندە دا قاسملوو چەندین جار سەردانی عێراقی کرد، بەڵام رێگەی بەخۆی و حزبەکەی نەدا ببێتە ئامێرێکی پڕوپاگەندە بەدەست دەسەڵاتی حیزبی بەعسەوە بۆ یەکلایی‌کردنەوەی ململانێ و بەرژەوەندی‌یە ئیقلیمی‌یەکانی. بۆ بیرهێنانەوە باسی دەکەم، کە لەو ماوەیەدا چەندین سەرکردەی چەپڕەوی عەرەبی هاتنە عێراق، بەتایبەتی لە میسرەوە، رژێمیش چاک هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردن،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمەش مانای ئەوە نەبوو، کە رژێم لەگەڵ بیروباوەڕی ئەوان هاوسۆزە، بەڵکوو لەپێناو پڕوپاگەندە و بەرژەوەندیی تەکتیکیی ناوخۆیی و عەرەبی بوو.

جارێکیان لەبەغدا بە قاسملوو گەیشتمەوە، جارێکی دیکەیش لەپاریس، برادەرێتیمان نوێ کردەوە، ئێوارەخوانمان لەچێشتخانە پاریسی‌یەکان ساز دەکرد، هەر ئەویش شوێنەکانی ئەو ئێوارەخوانەی دیار دەکرد، وەک گوتم سەرەڕای ئەوەی ژیانی خۆی بۆ مەسەلەی کوردی تەرخان کردبوو، لەگەڵ ئەمەش‌دا وەک گوتم ئەو پیاوی ژیان بوو، وەک جەواهیری دەڵێ «خۆشەویستیی ژیان بەخۆشەویستیی مردن، تەفرەم دەدا». ئەوەی جێگای سەرنجە، وڵاتانی رۆژئاوا کەمێک نەبێ ئەگینا هاوسۆزی‌یان لەگەڵ حیزبەکەی قاسملوو نەبوو، تەنانەت واشنتۆن رێگای بە قاسملوو نەدا بچێتە ئەوێ، تەنها لەسەروبەندی تیرۆرکردنەکەی نەبێت، کە ئەمیش ئەنجام نەدرا، کە ئەو دەیویست ئەنجام بدرێت لە بەرژەوەندیی نەتەوەکەی‌دا بێت، رژێمی خومەینی لەسەروبەندی دروستبوونی‌دا دەستی کرد بە دژایەتی هەموو ئەو هێزە دیموکراسی و عەلمانی‌یانەی کە پاڵپشتی شۆرشیان کردبوو، سەرەڕای ئەمەش جەنگێکی نوێی لەدژی کورد راگەیاندبوو، قاسملووی کۆچکردوو لە نیازپاکی بە ڕژێمەکەی خومەینی تێ‌کەوت، کاتێک رژێمەکە بانگەشەی دانوستاندنی لەگەڵ قاسملوو کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، رێکەوتنەکە لەسەر ئەوە بوو دیدارەکان لەڤیەنا بێت، رژێمی ئێران تەڵەیەکی خوێناویی بۆ قاسملوو و دوو هاوڕێی دانابۆوە، رژێم گرووپێکی لە ئەندامانی فەیلەقی قودس لەژێر ناوی دانوستاندن ناردبوو، کۆبوونەوەکە ئەنجام دراو دواتر بەوپەڕی ناپاکی و ترسنۆکی تیرۆریان کرد. دەسەڵاتدارانی ئێران سەرەداوی پیلانەکانیان ئاشکرا کرد، لەگەڵ ئەندامانی جێبەجێکار، بەڵام راستەوخۆ ئەوان ئێرانیان تاوانبار نەکرد، تەنانەت ئێستاش رژێمی «ولایت فقیە» هەوڵ لەگەڵ نەمسا دەدات ئەو راستی‌یانە رەش بکاتەوە، مەهدی دادستان و دیمیتری جانیۆ لە کتێبەکەیان‌دا بەناوی (رژێمی مەلاکان و سەمای سەربڕاو) کە بەزمانی فەرەنسی بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە دەکەن، کە جەعفەر شەهروودی بەشداری‌یان لەتیرۆر کردنی قاسملوو کردوە، دواتریش شەهروودی بووە بە یەکێک لە سەرکردەکانی فەیلەقی قودس، کە کەسێکی نزیکی ئەحمەدی نەژادە، پەرلەمانتارێکی نەمساوییش کە ناوی (پیتەر بیلتز) ە، لەگەڵ رۆژنامەی ستانداردی نەمساوی ئاشکرای کردبوو،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که ئەحمەدی‌نەژادیش بەشداریی لەو تیرۆرکردنە کردوە، هەر ئەو پەرلەمانتارە سکالای لەسەر حکومەتی نەمساوی تۆمارکردو بەوەی تاوانبار کرد، کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی بازرگانی ئەو بابەتەی شاردۆتەوە.

لەو کاتەدا نەژاد سەردانی نەمسای کردبوو بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوە بۆ تیزەکەی، واتە بەڕێکەوت. جا کتێبەکە باس لەوە دەکات، کە ئەرکی ئەنجامدانی تیرۆرکردنی قاسملوو بۆیە بە نەژاد و هاوڕێیانی سپێردراوە، چونکە ئەوان بەتەواوی شارەزای بارودۆخی کوردستان و هێزە سیاسی‌یەکانی ئەوێن، بەتایبەتی شارەزای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانن، هەر لەسەر ئەو بابەتەش وەزیری دەرەوەی ئێران موتتەکی، ئەویش ئەندامێکی دیکەی گرووپە تیرۆریستی‌یەکەی فەیلەقی قودس بوو.

لەمڕۆدا کێ بابەتی جەنگی ڕژێمی «فقیە» لەسەر کوردان دەورووژێنێ؟ ڕژێمی ئێران بە ناشیرینی لەئێران و ناوچەکە هەڵسوکەوت دەکات، هێزێک نیە ئەو سیاسەتە ترسناکەی ئێران بوەستێنێت. مەگەر هەڕەشەکانی ئۆباما نەبێت بە سزادان کە ئێستا ئەوەندە دووبارە بۆتەوە کەڵکی نەماوە. سەبارەت بەتاوانی کوشتنی قاسملوو و هاوڕێیانی وای لێ‌هاتووە بەتەواوی لەبیر بچێتەوە، ئەمیش بەهۆی فشارە بەردەوامەکانی ئێرانەوە بەسەر نەمساوە، کە مەبەستیەتی ئەو لاپەڕە خوێناوی‌یە دابخات، کە ڕژێمە فەقیهی‌یەکەی و سوپا(شۆرشگێرەکەی) و فەیلەقە تیرۆریستی‌یەکەی پێی هەڵساون.

خوێنی قوربانی‌یەکان تا ئێستا لەبیر کراوە، تەنها چەند وشە و وتارێک نەبێت، کە کاتی خۆی بۆ لاواندنەوەی قاسملوو نووسرا، بەڵام دواتر باسی ئەو بابەتە نەکرا، تەنانەت لەناو کوردانی عێراقیش!! بەڵام ئەو هێشتا لەناو قوڵایی دڵی خۆشەویست و هاوڕێیانی بزووتنەوەکەی ماوە. پێشتر وتارێکم نووسیبوو بەناوی «عەبدولڕەحمان قاسملوو: لەشەوی تاریکدا!» نووسیومە «ڕاستە ئەگەر بگوترێت قاسملوو قوتابخانەیەکی سیاسیی پێشکەوتووە، لەنێو ئەزموونی سیاسیی کورددا، تەنانەت لەعێراقدا».

سەرچاوە: ماڵپەڕی سڤیل - ڕێکەوتی: ٢٩ی دیسەمبەری ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بابەتی ساڵی: ٢٠١٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ساڵڕۆژی تیرۆری د. قاسملوو و بەرپرسیارەتی ئەخلاقی

مادح ئەحمەدی

ئەمساڵ (١٣٩٣)، چارەکە سەدەیەک بەسەر تیرۆری ڕێبەری مەزن «دوکتور قاسملوو» و هاوڕێیانی لەڤییەن تێپەڕ دبێ. بۆیە ئەتوانین بێژین کە بەرز ڕاگرتنی یادی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، دەبێ ئەمساڵ لە چاو ساڵانی پێشوو جیاواز بێ و گرنگیی تایبەتی پێبدرێ. لەماوەی ڕابردوودا هەر دوو لای حیزب کاریان بۆ ئەم بابەتە کردووە و هەر دوو لاش بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، کۆمەڵێک بەرنامەیان بەدەستەوەیە. ئەوەی لێرەدا دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم پێداگرییە لەسەر ڕەهەندێکی ئەخلاقی کە پێویستە هەموومان لە ساڵڕۆژی تیرۆی دوکتور قاسملوودا ڕچاوی بکەین.

بەداخەوە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ئەم خاڵە ڕەچاو نەکراوە و لە چوارچێوەی فەزایەکی ناسالم و ڕەقابەتێکی ناسالمدا هەر دوو لای حیزب مامەڵەیان لەگەڵ ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوو و کەسایەتی دوکتور قاسملوودا کردووە.

لەبەر ئەوەی کە هەر دوو لا خۆیان بە میراتگری مێژووی حیزب دەزانن، زۆر جار بەشێوەیەکی ئامرازی و شکڵی مامەڵە لەگەڵ بۆنەکاندا کراوە و بەشێکی زۆری کار و بەرنامەکان لە دەرەوەی چوارچێوەیەکی ئەخلاقی بووە و ئەوەندەی بۆ ململانێ و هەڤرکێ لەگەڵ یەکتری بووە، ئەوەندە بۆ ئەوە نەبوو کە باری مانایی بۆنەکان و کەسایەتییەکان بەرجەستە بکرێ. یەکێک لەو بۆنگەلەی کە بەم جۆرە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بووە. هەر دوو لا بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە درێژەدەری ڕێبازی دکتۆر قاسملوون، ململانێ ئەوەیان بووە کە کامیان بتوانێ سیمینارێک یان کۆڕێک زیاتر لەوی دیکە لەسەر دوکتور قاسملوو بگرێ. ڕەخنەکە لێرەدا ئەوەیە کە لەم ململانێ و هەڤڕکێیەدا باری مانایی و ناوەرۆک ڕەچاو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەکراوە، بۆیە دەچێتە خانەی ڕەقابەتێکی ناسالمەوە و نەتەنیا بە قازانج نەبووە، بەڵکو غەدریش لەکەسایەتی دوکتور قاسملوو کراوە. بە واتایەکی دیکە ئێمە لەباتی ئەوەی هەوڵ بدەین کەسایەتی دوکتور قاسملووی مەزن، گەورەتر نیشان بدەین، هاتووین لە چوارچێوەی حیزبێک و دوو لایەندا کورتمان کردووەتەوە و زۆرجار لەپشتی ئەم کەسایەتییەوە دژی یەکتری سەنگەرمان گرتووە و هەڵە و کەموکوڕییەکانمان پێ پاساوداوە. ئەمەش دوورە لە ڕەهەندێکی ئەخلاقی و دەچێتە خانەی کەڵک وەرگرتنی ئامرازی و شکڵییەوە و بەش بەحاڵی خۆم ئەمە بە غەدر دەزانم و پێموایە کەسایەتیی دوکتور قاسملوو زۆر لەوە گەورەترە کە ئێمە سەیری دەکەین و دەبێ بەقەبووڵ کردنی ئەم ڕەخنەیە لەروانگەیەکی ئەخلاقگەرایانەوە بڕوانییە کەسایەتی دوکتور قاسملوو و یادی بکەینەوە.

لەم پێوەندییەدا لەماوەی چەند ساڵی ڕابـردوودا زۆر ژێست بە دوکتور قاسملووەوە گیراوە و لە پشتی کامێراکانەوە زۆر بەدوکتور قاسملوودا هەڵوتراوە و دوور لە چاوی کامێراکانیش پێچەوانە ڕەفتار کراوە. بۆ وێنە دوکتور قاسملووش وەک هەر کەسایەتییەکی دیکە، دژبەرو ڕەخنەگری خۆی هەبووەو ئەمەش یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی کەسایەتییە گەورەکان. دوکتور قاسملوو جیا لەدەرەوە لەناو حیزبەکەی خۆشیدا ڕەخنەگر!! و دژبەری!! هەبووە، کەچی ئێستا لەئەنجامی ململانێیەکی ناسالمدا هەمان ئەو کەسانەی کە ڕەنگە دوکتور قاسملوویان قەبووڵ نەبێ، یان ڕەخنەیان لێ هەبێ، دەهێنرێنە پشتی کامێراکان و بەدوکتور قاسملوودا هەڵدەڵێن. لێرەدا من مەبەستم گرووپێکی دیاری کراو نییە و ڕنگە ئەم خوێندنەوەیە زۆر کەس بگرێتەوە و هەروەها ڕەنگە کەسیش لەو چوارچێوەیەدا خۆی نەبینێتەوە.

کاربەدەستی حیزبیم!!! پێ شک دێ کەلە کۆبوونەوەی چەند کەسی مەحفەلیدا، خەباتی دوکتور قاسملوو دەباتە ژێر پرسیار و تاوانباری دەکا بەوەی کە هەموو کێشە ناوخۆییەکانی حیزبی دیمۆکرات لە سەردەمی دوکتور قاسملوو و لەسەر دەستی د.قاسملوو سەری هەڵداوە، یان ئامادە نییە بەشداری ڕێوڕەسمی شەوی یەڵدا بکا کە دەکاتە ساڵرۆژی لەدایکبوونی د.قاسملوو، یان ئامادە نییە وێنەی دوکتور قاسملوو و ڕێبەرانی شەهید لە ژووری کارەکەی هەڵبواسێ و هیچ باوەڕی بەرێباز



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و هێڵە سیاسی و هزرییەکانی د.قاسملوو نییە، کەچی لە ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوودا لەپشتی کامێرا و تریبوونەکانەوە دەردەکەوێ و بە شاخ و باڵای د.قاسملوودا هەڵدەڵێی. ئەوەی کە باوەڕت پێ نەبێ و رەخنەت لێ هەبێ زۆر ئاساییە، بەڵام ئیتر ئەوە ئاسایی نییە کەتۆ باوەڕت پێ نەبێ و بچیتە پشتی تریبوون و کامێراکانەوە دەست بە پێداهەڵگوتن بکەی. بە باوەڕی من ئەمن جۆرێک لە دیماگۆژیەت و خەڵک فریودان و بێ ئەخلاقی.

بۆ ئەوەی غەدر لە کەسایەتی دوکتور قاسملوو نەکەین و لە روانگەیەکی ئەخلاقگەرایانەوە یادی بکەینەوە، پێویستە لە چوارچێوەی فەرمییات و گەمەکانی دونیای سیاسەت و حیزبایەتی بینەدەرەوە و دوکتور قاسملوو وەک هەیە رێزی لێ بگرین و باسی بکەین. ئەگەر بەباشی نازانین کە رەخنە لە دوکتور قاسملوو بگرین، هیچ ناچار نین بچین لەپشتی تریبوون و کامێراکانەوە بە کاتژمێرو نیو کاتژمێر بە کەسایەتی دوکتور قاسملوودا هەڵبلێین و بۆ خەڵک قسە بکەین و دوای ئەوەش بچینەوە لەکۆڕێکی چەند کەسیدا دەست بکەین بەرەخنەگرتن و سەرلەبەری ژیانی سیاسی دوکتور قاسملوو رەت بکەینەوە. لەچوارچیوەی فەرمییات و گەمەکانی دونیای سیاسەتدا لە ساڵانی رابردوودا زۆر کەس هاتوون قسەیان کردوو و دوکتور قاسملووشیان قەبووڵ نەبووە و پێانداهەڵوتووە و دواتر چووەنەتەوە ژوورەکەی خۆیان و لە کۆڕی چەند کەسیدا دەستیان کردووە بە رەخنەگرتن و رەت کردنەوەی خەباتی دوکتور قاسملوو. وەک ئاماژەی پێکرا، رەخنە گرتن لە دوکتور قاسملوو تاوان نییە، بەڵکو ئەوە تاوانە کە بڕوات پێ نەبێ و بچی نیوکاتژمێر پێیدا هەڵبلێی و قسە بۆ خەڵک بکەی و دواتریش هەموو شتێکی دوکتور قاسملوو رەت بکەیتەوە. حافز وتەنی:

«واعظان کاین جلوه در محراب و منبر می‌کنند - چون به خلوت می‌روند آن کار دیگر می‌کنند». ئەم شێوە مامەڵە کردنە لەگەڵ کەسایەتی دوکتور قاسملوو لە ساڵانی رابردوودا ناچێتە خانەی مامەڵەیەکی ئەخلاقییەوە. بەداخەوە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو دووبەرەکییەی کە دروست بووە و سەپاندوویانە بەسەر حیزبی دێمۆکراتدا.

دوکتور قاسملووی مەزن، چوارچێوەیەکی مۆدێڕنی بە حیزبی دێمۆکرات داو ئێستاشی لەگەڵ بێ هەر دوو لای حیزب لەو سەرمایە دەخۆن کە دوکتور قاسملوو نەخشی سەرەکی لە پێکەوەنانی دا هەبووە، بۆیە لە گەمەکانی نێوان یەکتریدا، ڕەوا نییە بە شێوەیەکی ئامرازی کەڵک لە دوکتور قاسملوو وەربگیردرێ.

پێویست ناکات لە ململانێ لەگەڵ یەکتریدا هەوڵبدرێ ژمارەی کۆڕە و سیمینار و سەفەرەکان زیاتر بکرێ. هەرکەس سیمیناری زیاتر پێک بێنێ و سەفەری زیاتر بکات، بەو مانایە نییە کە ئەوە میراتگری سەرەکی و درێژەدەری ڕاستەقینەی ڕێبازی دوکتور قاسملوویە.

دوکتور قاسملوو کە ڕەمزێکی گەورەی خەباتی کوردە، پێویست بە ئاراستەی بەهێز کردنی بزووتنەوەی کورد لەرۆژهەڵات و پارچەکانی دیکە کەڵک لە کەسایەتی و وانەکانی وەربگرین. ئەمە ئەرکی ئەخلاقی هەموومانە، نە ئەوەی لایەنێک بۆ لێدانی لایەنێکی دیکە لە پشتی کەسایەتی دوکتور قاسملووەوە سەنگەر بگرێ. بەداخەوە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا زۆر هەوڵمان داوە لەپشتی کەسایەتی دوکتور قاسملووەوە خۆمان بشارینەوە، کەموکۆڕی و هەڵەکانمان پاساو بدەین و سەنگەر لە یەکتری بگرین.

دوای تێپەڕینی چارەکە سەدەیەک لە تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی پێویستە لەو بەرپرسیارەتییە ئەخلاقییە تێبگەین و چیتر درێژە بەو مامەڵە ناشیاو و نا ئەخلاقییە لە پێوەندیی لەگەڵ کەسایەتیی دوکتور قاسملوودا نەدەین. بیرو ڕێبازی دوکتور قاسملوو دەبێ بەو ئاراستەیەدا بمانبات کە خەباتی کورد لە رۆژهەڵات ببوژێنینەوە و بەرەو لێکنزیک بوونەوەی زیاتر و کاری هاوبەشی زیاترمان ببات.

لە بەرەبەری ٢٥ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملووی مەزن و هاوڕێیان «عەبدوڵا قادری ئازەر» و «د.فازڵ ڕەسوڵ» (دۆستی حیزب)دا، هیوادارم ئەم ڕەهەند ئەخلاقییە ڕەچاو بکرێ و یادکردنەوەکانمان جیاواز بێ لە ساڵانی رابردوو، پێویستە واز لەو ململانێیە ناسالمە بهێنین و بەشێوەی نائەخلاقی و ئامرازی لە دوکتور قاسملوو و شەهیدەکانمان کەڵک وەرنەگرین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تێڕوانینێك لەسەر چەمکی قاسملوویيسم لەکوردستان

**هادی عارفی**

دوکتور قاسملوو شەوی یەڵدای ساڵی ١٩٣٠ زایینی لە شاری ورمێ (ڕەزاییە) چاوی بە ژیان هەڵێناو لە ١٣ی ژوورئییەی ساڵی ١٩٨٩ی زایینیدا لە ڤییەنی پێتەختی وڵاتی ئۆتریش لە ئەنجامی فتوایەکی سیاسی - ئایینیدا لەلایەن دەستەڵاتدارانی دیکتاتۆر - فاشیستیی ئیسلامیی ئێرانەوە تیرۆر کرا. ناوی دوکتور قاسملوو لەگەڵ کۆمەڵێک چەمکی وەک دیمۆکراسی، خودموختاری، سۆسیالیزم، خەباتی چەکدارانە، سەربەخۆیی حیزبی گرێدراوەو ناوەکەی بۆ هەر تاکێک کە ئەم بەرزە مرۆڤە بناسێت، ئەم چەمکانەی وەبیر دێنێتەوە. گرێدانی دیمۆکراسی و پرسی نەتەوەیی یەکێک لە شاکارە مەزنەکانی دوکتور قاسملوویە. ئەو پێیوابوو نە دیمۆکراسی بە تەنیا و بەبێ چارەسەر کردنی راستەقینەی پرسی نەتەوەیی واتایەکی راستەقینەی هەیە و نە پرسی نەتەوەیی بەبێ دیمۆکراسی چارەسەر دەکرێت. «دیمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران، دوکتورین و بیروباوەڕی قاسملووی بەرزە مرۆڤ بوو.

دوکتور قاسملوو ساڵی ١٩٨٠ی زایینی ڕوو لە هێز و ڕێکخراوە چپە رادیکاڵەکان کە بانگەشەی دیکتاتۆریی پرۆلتاریایان دەکرد، ڕایگەیاند: «خراپترین دیمۆکراسیم لە باشترین دیکتاتۆری پێ باشترە». دوکتور قاسملوو دیمۆکراسی بۆ خۆی کردبووە ڕێڕەوی خەبات و بەرخودان لە پێناو ئازادیدا.

مادام میتران، هاوسەری دانیال میتران سەرکۆماری پێشووی وڵاتی فەرانسە گوتبووی: «دوکتور قاسملوو بە بەڵگەوە پێی سەلماندم کە دیمۆکراسی دەتوانێ خاڵی هاوبەشی ئێمەی فەڕانسەوی و کوردەکان بێت».

هەر وەک ماندێلا و خەبات دژی ئاپارتاید لە ئەفریقای باشوور تەواوکەری یەکترن، لە کوردستانیش دیمۆکراسی و دوکتور قاسملوو لفە دوانەیەکی پێکەوە لکاون و کە جیاکردنەوەیان لەیەکتر ئیمکانی نییە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیمۆکراتیزە کردنی پەیوەندییەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بەلێزانی و لێوەشاوەیی دوکتور قاسملوو گەیشتنە ئەنجام، ئەوتاکە ڕێبەری نەتەوەی کورد بوو کە لەرێگەی هەڵبژاردنەوە لە کۆنگرە پلینۆمە حیزبییەکاندا دەبووە کەسی یەکەمی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران. ڕێبەرانی دیکەی بزووتنەوەی کورد وەک جەلال تاڵەبانی، بارزانییەکان، عەبدوڵڵا ئۆجەلان.. هیچکات لە هەڵبژاردندا بەشدارییان نەکرد و ڕێبەری بێ ئەملاوئەولای حیزبەکانی خۆیان بوون.

دوکتور قاسملوو بەپێچەوانەی ڕێبەرە کوردەکانی دیکە، باوەڕی بەڕێبەریی تاکەکەسی نەبوو، ئەو بەرزە مرۆڤە بانگەشەی بۆ ڕێبەریی بەکۆمەڵ دەکردو لەساڵی ١٩٨٠ی زایینیدا لە متینگێکدا لەشاری بۆکان، ڕەخنەی لە دروشمی بژی قاسملوو گرت، کە لەلایەن خەڵکی بەشداری متینگەکەوە دەگوترایەوە، ئەو بەئاشکرا ڕایگەیاند «دروشمی بژی قاسملوو دروشمی ئێمە نییە، بەڵکوو بژی ئازادی، بژی کوردستان و بژی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دروشمی ئێمەیە».

هەر کاتێک کە حیزبی دیمۆکرات لە ئەنجامی ناتێگەیشتوویی یان لێکدانەوەی نادروستی ئەندامێکی خۆی لەچەمکی دیمۆکراسی تووشی زیان دەبوو، دوکتور قاسملوو دەیگوت: «هەتا ئەو کاتەی فێری دیمۆکراسی دەبین، دەبێ نرخەکەشی بدەین، چونکە ئێمە لە ئێستادا تەمرینی دیمۆکراسی دەکەین». وەزیری کاری دەوڵەتی فەرانسە لە پەڕاوی بیرەوەرییەکانیدا نووسیبوویەتی «تیرۆری دوکتور قاسملوو خەنجێرێک بوو کە لەسەر دڵی دیمۆکراسیی تازە پێ گرتووی لەحاڵی گەشەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین درا». پێداگریی دوکتور قاسملوو بۆ خودموختاریی کوردستانی ئێران، بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەم ئەوەیکە: دوکتور قاسملوو لەو باوەڕەدابوو کە بواری مێژوویی و سیاسیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ هەڵکەوتەو پێگەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان (ئێراق، تورکیا و سووریا) جیاوازی هەیە و لە پێگەی کەسایەتییەکی لێزانی سیاسیدا واقیعبینیی سنوورە سیاسییەکانی کوردستانی قەبووڵ کردبوو.دوومیش ئەوە بوو کە، جۆری ستەمی نەتەوەیی کەلە وڵاتی ئێران بەرۆکی کوردی گرتبوو، لەگەڵ ئەو ستەمە نەتەوەییەی کە بەرەوڕووی گەلانی دیکەی ئێران دەبوویەوە جیاوازیی هەیە، کەوابوو بەپێی لۆژیک ناکرێ بە یەک شێوە چارەسەر بکرێن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتور قاسملوو نەیدەشاردەوە کە باوەڕی بە پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی و دیاریکردنی مافی چارنووس هەیەو لەساڵی ١٩٨٠ی زایینی لە دیدارێکدا لەگەڵ هانی ئەلحەسەن نوێنەری فەلەستینییەکان، رایگەیاندبوو: «ئیمە لە ئێستادا داوای خودموختاری دەکەین، بەڵام ئەگەر خەباتەکە قوڵترو درێژتر بێتەوە، کوردەکان بیر لەئاڵترنایڤیکی دیکە دەکەنەوە». (گۆیا هانی ئەلحەسەن ئەم وتەیی دوکتور قاسملووی بە گوێی خومەینی گەیاندبوو).

لەگەڵ ئەوەیکە دوکتور قاسملوو بەردەوام رەخنەی لە سۆسیالیزمی مەوجوود دەگرت، بەڵام هەمیشە سیستەمێکی سۆسیالیستی بە لەسیستەمێکی کاپیتالیستی باشتر بوو. دروشمی سۆسیالیزم ئەو دروشمە نەبوو کە دوکتور قاسملوو رازی بکات، ئەوەش لەروانگە و بیری عەداڵەت خوازانەی دوکتور قاسملوویەوە بە نیسبەت سۆسیالیزمەوە سەرچاوە دەگرت. ئەو لە پێگەی کەسایەتییەکی بیردۆزی سۆسیالیستییەوە هەم لەگەڵ سۆسیالیستە نەریتی و کلاسیکەکان، کە بە بیانووی خەبات دژی ئیمپریالیسمەوە نکۆڵییان لە ستەمی نەتەوەیی لە ئێران دەکرد و هەم کۆمۆنیستە توندڕەوەکان، کە بەهۆی خەباتی چینایەتییەوە دژایەتییان لەگەڵ مافی نەتەوەکانی ئێران دەکرد، جیاوازییەکی یەکجار زۆری هەبوو، دوکتور قاسملوو رەخنەی لەو جۆرە ئایدیا و بۆچوونانە گرت. بەم شێوەیە بزووتنەوەی میللی دێمۆکراتیکی کورد لە کوردستانی ئێران خۆی لە دەست دوو تێڕوانی هەڵە و نادروست رزگار کرد و ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران واتە سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک کە تێزی بەناوبانگی ئەو رێبەرە مەزنەی مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی کوردە، دیاریکرد. دوکتور قاسملوو هەتا کاتی تیرۆرکرانی وەکوو یەکێک لە رێبەرانی سۆسیالیستیی جیهان لە لیستی رەشی رێکخراوی (سیا)ی ئەمریکادا بوو، هەر بەم هۆیەوە ئیزنی چوون بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای نەبوو.

دوکتور قاسملوو وەکوو دیپلۆماتێکی لێزان و بە ئەزموون و شارەزا لە هەوراز و نشێوە دیپلۆماتیکەکان بایەخێکی یەکجار گەورەی بۆ ناساندنی پرسی کورد بە کۆڕ و کۆمەڵی نێودەولەتی ئەدا، ئەو پێیوابوو کە یەکیەتیی سیاسیی کوردەکان بۆ لابردنی ستەمی نەتەوەیی مەرجی سەرەکییە، بەڵام پشتیوانیی وڵاتانی زلهێز مەرجێکی پێویستەو راکێشانی سەرنج و پشتیوانیی وڵاتانیش تەنیا لە رێگەی چالاکیی دیپلۆماسییەوە بە ئەنجام دەگات و دەستەبەر دەبێت.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتور قاسملوو  بە هەوڵی ماندوونەناسانەی خۆی توانی هەتا رادەیەکی یەکجار زۆر پشتیوانیی دەوڵەتی فەڕانسە بەدەست بێنێت، حیزبەکەی دوکتور قاسملوو (حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران) یەکەمین حیزبی سیاسیی کورد بوو کە لەلایەن دەوڵەتێکی زلهێزەوە (فەڕانسە) بە فەرمی بناسرێت.دوکتور قاسملوو توانیبووی لە ئاستێکی سەرەوەدا جێگە و پێگەی تایبەتی لە نێو کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکانی وڵاتی فەڕانسەدا بۆ نەتەوەی کورد بە دەست بێنێت، بە بەردەوامی لەلایەن حیزبە خاوەن پێگە و جەماوەری (حیزبی کۆمۆنیست و حیزبی سۆسیالیست)ـەوە بۆ بەشداری لە رێوڕەسم و کۆنگرەکاندا بانگهێشت دەکرا. هزری دوکتور قاسملوو وایکرد کە ئەو حیزبەی کە خۆی رێبەرایەتی دەکرد، هاوتای حیزبی کاری ئیسرائیل دووەمین حیزبی سیاسی بێت کە لە ئینترناسیۆنال سوسیالیست بە ئەندام وەربگیرێت. بە دڵنایییەوە دەتوانین بڵێین کە دوکتور قاسملوو بناغەدارێژەری دیپلۆماسیی کوردە. گنشر (کە دواتر وەزیری بووە وەزیری دەرەوە) گوتبووی « دوکتور قاسملوو فێری کردم کە بۆ چارەسەریی پرسی کورد، نابێ تەنیا فەریقە (اکتفا، بسندە) بە مافی مرۆڤ بکەین، بەڵکوو دەبێ کەلک لە دەفرایەتی(ڤرفیت)ی سیاسی و دیپلۆماسیش وەربگرین».

**خەباتی چەکدارانە یەکێکی دیکە لەو بابەتانەیە کە گرێدراوی ناوی دوکتور قاسملوویە،**

دوکتور قاسملوو بۆ ماوەی ١٠ ساڵی رەبەق (١٩٧٩ هەتا ١٩٨٩) فەرماندەری گشتی هێزی چەکداری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ئەستۆ بوو، کە ژمارەی ئەو هێزە چەکدارە زیاتر لە ١٢ هەزار پێشمەرگەی شۆڕشگێر بوو. خەباتی چەکداری لە روانگەی دوکتور قاسملوویەوە باشترین وڵامدانەوە بە هێرشی نیزامیی رژیمی مەزهەبی ئێران بۆ سەر خاکی کوردستان و دیفاع لە ئازادیی نەتەوەی کورد بوو. بە پێچەوانەی بۆچوونی رێکخراوە چریکەکان کە خەباتی چەکدارییان هەم بە ستراتژی دەزانی و هەم ئازادیشیان لە لوولەی چەکەکانیانەوە دەبینی، دوکتور قاسملوو وەکوو تاکتیکێکی زەمەنی کەڵکی لە خەباتی چەکدارانە بۆ هەموار کردنی رێگەی سیاسی و ئاشتیخوازانە وەر دەگرت.سەرەڕای هەموو ئەو دڕندەییانەی پاسدارەکان و فشارە نیزامییەکانی رژیمی ئیسلامیی ئێران لە کوردستان، خەباتی چەکدارانەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە سەرکردایەتی دوکتور قاسملوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له چوارچێوەی خەباتێکی ئازادیخوازانە نەترازاو هەموو کات لە کردەوەی تیرۆریستی خۆی بەدوور گرت. لەکاتێکدا کەسانێکی تریش هەبوو کە ئیدیعای ڕێبەریی هەر چوار بەشی کوردستانیان دەکرد و لە ئەنجامدا بە هەڵسووکەتی ناتێگەیشتوانەیان بەشێک لە نەتەوەی کوردیان خستە نێو لیستی ڕەشی تیرۆریستییەوە کە پاشهاتی زیانباری بۆ نەتەوەی کورد بەدوای خۆیدا هێنا.

یاسر عەرەفات ڕێبەری فەلەستینییەکان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کریس کۆچێرا هەواڵنێری فەڕانسەیی، گوتبووی: «قاسملوو ڕێبەری کوردەکان هەم خەباتی چەکدارانەی کورد و لەگەڵ ئەوەشدا دێمۆکرات بوونی خۆی پاراست».

یەکێکی دیکە لەو چەمکە بەنرخانەی کە دوکتور قاسملوو بۆ ڕێبوارانی دێمۆکراتی بەجێهێشت، هەمان سەربەخۆیی حیزبی دێمۆکرات لە بڕیاردانی سیاسیدا بو. دوکتور قاسملوو ماوەی نزیک بە ٢٠ ساڵ (١٩٧١ هەتا ١٩٨٩) سکرتێری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو، بەر لەوەی کە بەرپرسیارەتیی لە حیزبدا وە ئەستۆ بگریت، حیزبی دێمۆکرات پێکهاتەیەکی تیکرووخاوی هەبوو، بەشێک لە تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکرات لە ژێر هێژمۆنیی حیزبی توودەی ئێران و بەشێکی دیکەشی لە ژێر کۆنترۆڵ و سەیتەرەی مەلا مستەفای بارزانیدا بوو، بەڵام دوکتور قاسملوو بە لێزانیی خۆی سەربەخۆیی بۆ حیزب گەڕاندەوە بووە گەورەترین و بەهێزترین حیزبی کورد و یەکێک لە کاریگەرترین و دیارترین حیزب لە ئاستی ئێراندا. کەوابوو هەستانەوە و گەشە کردنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ئەنجامی لێزانی و بناغەداڕێژیی نەمر دوکتور قاسملوویە. لێزانی و وردبینیی دوکتور قاسلموو لە بڕیارداندا جێگەی ستایش بوو.واقیعبینیی سیاسی یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی دوکتور قاسملوو بوو «لە سیاسەت کردندا نابێ بە تواوەتی خۆش بین و ناشبێ بەتەواوەتی ڕەش بین، بین، بەڵکوو دەبێ واقعبین بین». ئەمە لە وتە بە نرخەکانی ئەو بەرزە مرۆڤەیە. ئەو سیاسەتمەداریکی پراگماتیست بوو کە دیاردە و ڕووداوەکانی بە ڕەش یان سپی نەدەبینی.

متمانە بەخۆ بوونی دوکتور قاسملوو لە کۆمەڵی کوردەواریدا بێ هاوتا بوو، ماڵپەڕی ویکی لیکس (ماڵپەڕی تایبەت بە لەقاودان) بووسیویەتی «قاسملوو تاقانە ڕێبەری ئۆپۆزیسیۆن بوو کە هەر کاتێک پێی خۆش بوایە دەیتوانی چاوی بە سەدام عوسێن بکەوێت، بەڵام لە وێنە گرتن لەگەڵ سەدام عوسێن خۆی دەبوراد» (لە کاتێکدا

هێندێ کەسی وەکوو جەلال تاڵەبانی و مەسعوود رەجەوی بەوپەڕی شانازییەوە لە تەنیشت سەدام حوسین دەچوونە بەر کامێراو وێنەیان دەکێشا).

دوکتور قاسملوو سیاسەتباز نەبوو (وەک ئەوەی کە زۆر کەس سیاسەتبازن) سیاسەتمەدارێک بوو کە لە چوارچێوەی پرەنسیپدا سیاسەتی دەکرد و بۆ خۆیشی دەڵێت «ئێمە یەکەم حیزب بووین کە ئەخلاقمان هێنایە ناو سیاسەت»، رەنگە نهێنیی زیندوو مانەوەی روانگەکانی هەر لەم خاڵەدا خۆی شاردبێتەوە. ئەو سیاسەتی بە هونەری مومکین دەزانی.

## قاسملوییسم لە کۆمەڵگەی کوردیدا

راستییەکەی ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو تەنیا نوێنەری هزریی هاونەسلەکانی خۆی نەبوو، دەیان ساڵ لە سەردەمی خۆی لە پێشتر بوو، هاونەسلەکانی ئەو نەیانتوانی لە ئەندێشە پێشکەوتنخوازانەکانی تێبگەن. بیری مۆدێرنی قاسملوو ئەوی لەگەڵ رێبەرە کوردەکانی دیکە جیا کردبوویەوە و لە کۆمەڵی کوردیدا نە لە مێژوودا و نە لە ئێستاشدا ناکرێ لەگەڵ رێبەرانی دیکە بەراورد بکرێت. دوکتور قاسملوو لە ئاستی نێونەتەوەییشدا لە ریزی ریبەرانی وەک ویلی برات لە ئاڵمان و مانێلا لە ئەفریقای باشووردا بوو.

ئێستا ٢٥ ساڵ بەسەر تیرۆری جەستەیی کاک دوکتور قاسملوودا تێدەپەڕێت، نەسلێکی نوی هاتۆتە مەیدان کە باشتر و ئاسانتر لە هزر و ئەندێشەی قاسملوو تێدەگات و خۆی لەگەل ئەندێشەکانی هاوتەریب بکات. نەسلی نوێ دوکتور قاسملوو وەکوو هێمایەک بۆ گوتاری نوێ پرسی نەتەوەیی دێننە بەر باس و بە باوکی ناسیۆنالیزمی کور لە قەڵەمی ئەدەن، نەسلی نوێ دوکتور قاسملوو بە سیمای دیمۆکراتێکی راستەقینە و خەباتکارێکی نەتەوە خوازی راستەقینە لە قەڵەمی ئەدات.

نەسلی نوێ تێڕوانینی خۆی بۆ داهاتووی ناسیۆنالیزمی کوردی، لەسەر پێکهاتەی هزری و تێروانی دوکتور قاسملوو فۆرمولیزە دەکات. بە بۆچوونی نەسلی نوێ کوردایەتی بەبێ دیمۆکراسی هیچ ئیحتوبارێکی نییە، گەڕانەوە بۆ مێژوو قەبوول ناکەن، هاوشێوەی قاسملوو بانگەشەی شێلگیری و خۆڕاگری لە سیاسەت و خەباتدا دەکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قاسملوئیسم ئایدیۆلۆژییەکە، کە نوێنەرایەتیی ناسیۆنالیزمی مودێرن دەکات، بە واتایەکی دیکە ناسیۆنالیزمی دووربین (دوور ئەندێش) بوو، تەیبەتمەندییە بەرجەستەکانی قاسملوئیسم (ناسیۆنالیزمی مودێرن) سێکۆلاریز، مۆدێرنیزم و دیمۆکراسین.

ناسیۆنالیزمی کلاسیک لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی مودێرندایە، کە مەزهەب، عەشیرەگەرایی و نەریتگەرایی بە هۆکارەکانی خویا بوونی ناسیۆنالیزمی کلاسیک ئەژمار دەکرێن.قاسملوئیسم لە دەستپێکی ڕێگەکەدایە و ناسیۆنالیزمی کلاسیک هەتا ئیستاش بەسەر تێکڕای ڕەهەندە ماددی و مەعنەوییەکانی بزووتنەوەی کوردا زاڵە، بەڵام ئامادەبوونی ڕۆحی قاسملوئیسم لە سمینارەکاندا، کۆبوونەوە سیاسیـیەکان و کۆڕە ڕۆشبیرییەکان و قوتابخانەو زانکۆکاندا ئاماژە بە وەرچەرخان و گۆرانکارییەکەی مەزن و بە نرخ دەکات.

## بۆچی وتوێژ؟

**زۆر کەس ڕەخنە لە دوکتور قاسملوو دەگرن کە بۆچی لەگەڵ ڕژێمی ئیسلامیی ئێراندا وتوێژی ئەنجام دا؟ ئەم ڕەخنەیە ناوتانێ ڕەخنەیەکی بەجێ بێت، چونکە:**

ئەلف: وتوێژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و دەوڵەتانی دەرەوە، نەریتێکی لەمێژینەوەی نەتەوەی کورد بووەو ڕەنگە هیچ ڕێبەرێکی کورد نەبووبێت کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەگەڵ دەولەتی ناوەندی وتوێژی نەکردبێت. شیخ مەحموودی حەفید لەگەڵ بریتانیا و دەولەتی پاتشایی لە ئێراق وتوێژی کرد، سمکۆی شکاک لەگەک دەوڵەتی ڕەزا شا و شێخ ڕەزا لەگەڵ تورکەکان وتوێژیان کرد، مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ دەولەتی عەبدولکەریم قاسم، عەبدوسەلام عارف، حەسەن ئەلبەکر و سەدام حوسێن بەردەام لە دانوستان و وتوێژدا بوو.حیزبەکانی کوردستانی عێراق هیچکات درگای دیالۆگ و وتوێژیان لەسەر ڕژیمی بەعسی ئێراقدا دانەخست، تەنانەت لە تورکیاش پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لە دانوستان دایە و ئەمەش لە کاتێکدایە کە دەوڵەتی تورک بەپێی یاسای بنەڕەتی (دەستوور) نکۆڵی لە شوناسی نەتەوەی کورد دەکات.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ب: حیزبی دێمۆکرات لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای دیالۆگ پێکهاتووە، قازی محەمەد پاش یەک ساڵ دوای دامەزراندنی حیزبی لەگەڵ حەمە رەزا شا، قەوامو سەڵتەنە، بەرپرسی ستادی ئەرتەش کەوتە دانوستان و وتوێژەوەو جەگە لەمانەش چەندین جار لەگەڵ دەوڵەتانی سۆڤییەت، بریتانیا و دەوڵەتی ئازەربایجان وتوێژی کردووە، ئەوەیکە ١٣ی ژوئیەی ساڵی ١٩٨٩ی زایینی لە شاری ڤییەنی پێتەختی وڵاتی ئۆتریش رووی دا، دوایین وتوێژی دوکتور قاسملوو بوو، بەڵام یەکەمین وتوێژ نەبوو. حیزبی دێمۆکرات و دوکتور قاسملوو لە ساڵەکانی ١٩٧٩ هەتا ١٩٨٠ زایینی لەگەڵ خومەینی، دەوڵەتی کاتیی بازرگان و لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت لە کوردستان وتوێژی ئەنجام دابوو.

**پ: دوکتور قاسملوو وەکوو شێوازیک لە خەبات کەڵکی لە وتوێژ وەردەگرت، جا ئەو وتوێژە دەستکەوتی هەبێت یان نا. لە کۆمەڵگەی مۆدێرنی ئەمڕۆدا وتوێژ وەکوو شیوازێک لە دیپلۆماسی ناسراوە. ماندیلالە ئەفریقای باشوور هیچکات دیالۆگی لەگەڵ رژیمی ئاپارتاید نەپچڕاند، گاندی لە هیندوستان بەردەوام لەگەڵ بریتانیاییەکان دانوستانی هەبوو، لنین لە رووسیا چەندین جار لەگەڵ دەوڵەتی تێزار دانیشت و ویتوێژی کرد.**

دوکتور قاسملوو ئەو کاتەی درگای دیالۆگی بەڕووی رژیمی خومەینیدا کردەوە، کە شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و ئێراق کۆتایی پێهاتبوو، خومەینی جامی ژەهری خواردبوویەوە. کۆتایی هاتنی شەڕ هەلومەرجێکی نائاسایی و تێکەڵ بە نائومێدی لە کوردستاندا خولقاندبوو. سامی عەبدورەحمان سەرۆکی حیزبی دێمۆکراتیکی کورد و جەلال تاڵەبانی کەسی یەکەمی یەکیەتیی نیشتمانی لە وتوێژەکانیاندا کەلە دیمەشق ئەنجامیان دابوو، سیناریۆی پەیماننامەی ئەلجەزایر لە سالی ١٩٧٥ی زایینی کە تیایدا شۆڕشی کورد کرایە قوربانی، بۆ بزووتنەوەی کوردیان پێشبینی کردبوو. دوکتور قاسملوو وەکوو سیاسەتمەدارێکی دوورئەندێش و بەرپرس وێرای هەڵسەنگاندنی ئەو هەلوومەرجە، هەوڵی دا بە کەمترین نرخ و هەڤیازی (امتیاز)پێش بەو کارەساتە بگرێت کە لە بۆسەی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەکەیدا بوو، سەرەڕۆیی سەدام حوسین و داگیرکردنی کوەیت، رەوتی رووداوەکانی لە ناوچەکەدا گۆڕی. ئەگەر سەدام حوسێن ساڵێک زووتر هێرشی بکردایەتە سەر کوەیت، دوکتور قاسملوو لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی وتوێژی نەدەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ت: دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی ئاشتیخواز و لایەنگری دیالۆگ بوو، بە ڕێکەوت نەبوو کە پاش ئەوەی تیرۆر کرا، حیزبەکەی ناسناوی پێغەمبەری ئاشتی لەسەر دانا.**

ئەگەر وتوێژ و دانوستان بۆ کوردەکان دەستکەوتێکی بەرهەستی بەدواوە نەبووەو لەم ڕێگەیەدا ژمارەیەک لە بەشترین سەرکردەو ڕێبەرەکانیان بوونەتە قوربانی، نیشانەی خراپیی دانوستان و وتوێژ نییە، بەڵکوو ئەمە بۆ بێ پرەنسیپی لایەنی بەرامبەری وتوێژەکە، کە دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بێت، دەگەڕێتەوە، کە جگە لە زمانی تیرۆر و توندوتیژی، هەموو لۆژیکێک بە لایانەوە نامۆیە.

## نهێنیی تیرۆر کرانی دوکتور قاسملوو

دوکتور قاسملوو زیاتر و بەر لە هەموو کەسێکیش پەی بە تیرۆریست بوونی ڕژیمی خومەینی برد، ئەمەشی دەیان جار لە کۆڕ و کۆبوونەوە، سمینار و لێدوان و نوسراوەکانیدا شی کردبوویەوە.

وتوێژ دەبێ بە شێوەی فەرمی ئەنجام بدرێت، لە کاتی وتوێژەکەدا دەبێ کەسی سێیەمیش چاوەدێری بکات و ئامادەی دانیشتنەکە بێت، شوێنی وتوێژەکە دەبێ پارێزراو بێت، بەشێک لەو مەرجانەی دوکتور قاسملوو بۆ دانووستان لەگەڵ ڕژیمی ئیسلامیی ئێران بوون، کە چەندین جار لەگەڵ نێردراوانی ڕژیمی ئیسلامیی ئێران کە ماوە بە ماوە سەردانی دوکتور قاسملوویان دەکرد، دووپاتی دەکردەوە.بەڵام ئەوەی لە ڤیەن ڕووی دا، وتوێژی فەرمی نەبوو، لایەنی سێیەمیش لەوێ نەبوو، شوێنی وتوێژەکە پارێزراو و ئەمن نەبوو، کەوابوو چ نهێنییەک لە گۆڕێدابوو هەتا دوکتور قاسملوو بخەنە داوەکەوە، ڕەنگە هیچکات ئاشکرا نەبێت، بەڵام لێرەو لەوێ دەستی تاوانباری بەرەو لای جەلال تاڵەبانی وەکوو شەریکی پیلانی تیرۆرەکە رادەکێشرێت، هەتا ئیستا بەڵگەیەکی گرینگ کە بتوانین ئەو ڕاستییەی پێ بسەلمێنین لەبەر دەستدا نییە، بەڵام بۆچی جەلال تاڵەبانی بۆ بەشداری لەو تیرۆرەدا تاوانبار دەکرێت؟

**پ: جەلال تاڵەبانی کلیلی درگای دیالۆگی لە نێوان ڕژیمی ئیسلامی و دوکتور قاسملوو بوو، لە وتوێژەکانی پێشتردا بەشداریی چالاکانەی هەبووە، بەڵام ڕۆژی تیرۆرەکە دوکتور قاسملوو لە وتوێژەکەدا نابیندرێت، ڕژیمی ئیسلامیی ئێران هۆکاری**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەشدار نەبوونی بە «زار بەهاواریی جەلال تاڵەبانی» ڕاگەیاندووە، ڕژیم بەبێ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە کەی، لەکوێ و بە چ شێوەیەک جەلال تاڵەبانی نهێنیی وتوێژەکانی ئاشکرا کردووە؟ جەلال تالەبانی بەشدارنەبوونی خۆی لەو وتوێژەدا بە دوکتور قاسملوو نەگوتبوو، بەڵام دوکتور قاسملوو لە ڕێگەی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ڕژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە لە بەشدار نەبوونی جەلال تالەبانی ئاگادار دەکرێتەوە. ئەحمەد بن بیلا سەرکۆماری پێشووی ئەلجەزایر وەکوو ئالترناتیڤی جەلال تاڵەبانی پێشنیار دەکات، تیرۆریستەکانی ڕژیمیش قەبووڵی دەکەن، بەڵام ڕۆژی وتوێژەکە ئەوەش ئامادەی وتوێژەکە نابێت، ئاخۆ دەبێ ئەحمەد بن بیلاش نهێنیی کام دانیشتنی ئاشکرا کردبێت؟!**

دوابەدوای تیرۆر کرانی دوکتور قاسملوو، جەلال تاڵەبانی کۆمەڵێک - دیمانەی میدیای ئەنجام داوە، لە قسەکانیدا کۆمەڵێک قسەی دژ بەیەک ی ئاشکرا هەن، بۆ نموونە لە شوێنێکدا دەڵێت: «هیچ زانیارییەکم لە وتوێژی نێوان ڕژیمی ئیسلامیی ئێران و دوکتور قاسملوو نەبووە»، بەڵام لە دیمانەیەکی دیکەدا دەڵێت: دوکتور قاسملوو لەلایەن ڕژیمی سەدام حوسێنەوە تیرۆر کراوە (هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی تیرۆر کرانی دوکتور قاسملوو، دەفتەری نوێنەرایەتیی تاڵەبانی لە تاران بەبێ هیچ ئەملاولایەک تیرۆر کرانی دوکتور قاسملووی خستە ئەستۆی ڕژیمی بەعسی ئێراق، ڕوون و ئاشکرابوو کە ئەو ڕاگەیاندراوە بە هاوئاهانگیی ڕژیمی ئیسلامیی ئێران تەنزیم کراوە).ج. هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە جەلال تاڵەبانی دۆستایەتیەکی گەرمی لەگەڵ ڕژیمی ئیسلامیی ئێران و بە تابەت هاشمی ڕەفسەنجانی هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە وەکوو سیاستەمەدار (سیاسەتچی)یەکی سەرکەوتوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا ناسراوەو بەشێک لە سەرکەوتنەکانیشی لە ڕێگەی لەناوبردن و سرینەوەی جەستەیی هاوڕێ و نزیکانییەوە بووە. جەلال تالەبانی لە ڕابردوودا سەلماندوویەتی بۆ گەیشتن بە خواست و حەزە تاکە کەسییەکانی هیچ سنوورێک ناناسێت.

پەیوەندیی گەرمی دۆستایەتیی جەلال تالەبانی لەگەڵ بکوژەکانی دوکتور قاسملوو، بەتایبەت حاجی مستەفەوی هۆکارێکی دیکەیە کە جەلال تاڵەبانی دەستی تاوانی بەرەو لا درێژ بکرێت. هاتوچۆ و سەردانی بکوژەکانی دوکتور قاسملوو بەتایبەت سەحراروودی بۆ کوردستانی ئێراق و میوانداریەتیی بنەماڵە و نزیکانی جەلال تاڵەبانی لەو بکوژانە ئەوەندەی دیکە شک و گومانەکان قایمتر دەکات و تەنانەت دوکتور مەعموود عوسمان سیاسەتمەداری ناسراوی کورد گلەیی لەو هەڵسووکەوتەی بنەماڵەی تاڵەبانی و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دەربڕیبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چ. هۆکارێکی دیکە، کە بۆتە هۆی ئەوەیکە تاڵەبانی ئەوەندەی دیکە وەکوو هاوبەش و شەریکی ئەو کارە تیرۆریستییە لە قەڵەم بدرێت، قسە و لیدوانە دژبە یەکەکانی عەبدوڵلا حەسەنزادە سکرتێری پێشووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە، کە دەیهەوێ تاڵەبانی لەو تاوانە بێبەری بکات، عەبدوڵلا حەسەنزادە کەلکی لە سکرتێریی خۆی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا وەرگرت و لە بەدواداچوونی پەروەندی قەزایی رژیمی ئیسلامیی ئێران پاشەکشەی کرد، تەنانەت هاوسەری دوکتور قاسملووی هێنایە سەر ئەو قەناعەتەی کە واز لە بەدواداچوونی پەروەندەی تیرۆر کرانی دوکتور قاسملوو بێنێت. هەرچەند وازهێنان لە بەدواداچوونی قەزایی و یاسایی بۆ پەروەندەی تیرۆرکرانی دوکتور قاسملوو لە خۆیدا جێگەی پرسیارە، بەڵام گومانەکان لەوێدا بەهێزتر دەبن کە ئەم ماستە موویەکی تێدایە، یان ئەوەیکە رژیمی ئیسلامیی ئێران لە رێگەی جەلال تاڵەبانییەوە تەماعی وەبەر حەسەنزادە خستبێت، یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی دەستهەڵگرتن لە بەدواداچوونی دۆسیەی دوکتور قاسملوو بێت. پێویستە بگوترێت، کە پەروەندەی قەزایی تیرۆرکرانی جێگرەکەی دوکتور قاسملوو (دوکتور سادقی شەرەفکەندی) کە بە پەروەندەی میکۆنووس ناسراوە، رژیمی ئیسلامیی ئێرانی لە ئاستی نێونەتەوەییەدا لەگەڵ کێشەی یەکجار قووڵ بەرەورو وکرد و حوکمی دادگای میکۆنووس رژیمی ئیسلامیی ئێرانی تووشی ریسوا بوون کرد، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە پەروەندەی تیرۆرکرانی دوکتور قاسملوو چەندین قات لە پەروەندەی تیرۆرکرانی دوکتور قاسملوو ئاڵۆزتر بوو، لە کاتێکدا سیستمی قەزایی ئۆتریش لە سیستمی قەزایی ئاڵمان کۆنەکارتر نییە.

چیرۆکی تیرۆرکرانی دوکتور قاسملوو هاوشێوەی چیرۆکی نهێنیی بەدیلگیران و شەهیدکرانی ئەحمەد تۆفیق سکرتێری پێشووی حیزبی دیمۆکراتە، کە لە زیندانی عێراق، ئەشکەنجە و شەهید کرا.

ئەم بابەتە لە ماڵپەڕی «اخبار روز» و بە زمانی فارسی و بەناوی کەسێکەوە بە ناسناوی (ع. شەریفزادە) بڵاو کراوەتەوە.

http://www.akhbar-rooz.com/article.jsp?essayId=٦٠٩١٨

نگاه اجمالی به پدیده قاسملوئیسم در کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# د. قاسملوو ڕێبەرێکی دێموکراتو سیمای بەرزی مرۆڤایەتی

حوسێن نازدار

٢٢ی پووشپەری ١٣٩٣ی هەتاوی ٢٥ساڵ بەسەر شەهید بوونی دوکتور قاسملووی زاناو مەزن دا تێدەپەڕێ، بەم بۆنەوەو لەم ڕۆژەدا حیزتی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گەلی کوردو دۆستان و لایەنگرانی کوردو دوکتورقاسملوو، لە زۆر شوێنی جیهان‌دا، بەشێوەی جۆراوجۆر ڕێز لە یادو بیرەوەری ناودارترین کەسایەتی سیاسیو گەورە پیاوی مێژووی کورد، دوکتور قاسملووی نەمر دەگرن.

لە ٢٢ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی (بەرانبەربە ١٣ی ژوئیەی ساڵی ١٩٨٩ی زایینی)دا، تیرۆریستە دڵرەشەکانی ڕێژیمی ولایەتی فەقیە، کەبە ڕواڵەت بۆباسو دیالوگ لەسەر مەسەلەی کورد لە ئێرانەوە ناردرابوونە ڤییەن (پێتەختی ئوتریش). دوکتورقاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان دەگەڵ کاک «عەبدوڵڵا قادری ئازەر»ئەندامی کومیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵاتو» دوکتور فازڵ ڕەسووڵ «ماموستای کوردی زانستگەی ڤییەن ،تیرور کرد.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەیانزانی کە د.قاسملوو هەروەک لە خەبات بۆ دادپەروەری سیاسی و نەتەوایەتیو کۆمەڵایەتی‌دا شێلگیرە، زۆر زیاتر لەوەش باوڕی بە وتووێژو چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد هەیەو هەر بۆیە کاتێک لە ڕێگای نیزامی یەوە زەفەریان پێ نەبرد، فێڵبازانەو دەغەڵکارانە لە دەروازەی ئاشتیخوازانەوە بۆی هاتنە مەیدانو بە ناوی وتووێژی ئاشتیخوازانە لەسەر مافی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران،لە ڤییەن دەگەڵی دانیشتن و تێروریان کرد.

ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، کە شەهید یوونی د.قاسملوو زەبرێکی کاریگەرو خەسارو کۆستێکی مەزن و شوێن دانەر بوو، کە بە تایبەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوت. تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەو کۆستە گەورەیە، کۆستی هەموو نەتەوەی کورد بە گشتیو بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێرانو بزووتنەوەی خەبات بۆئاشتیو ئازادیو دێموکراسی لە ئاستی جیهانیدابوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو کۆستە گەورەیە لەلایەک بوو بە مایەی خەم و پەژارەی خەڵکی کوردستان و دۆستانی گەلی کوردو لەلایەکی دیکەوە ڕق و قینی شۆڕشگێرانەی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی بەرانبەر بە ڕێژیمی ئاخوندی زیاتر لە پێشوو بزواندو لەسەر درێژەدانی خەباتو ڕێبازی ڕێبەرە مەزنەکەیان شێلگیر تری کردن و لەئاستی جیهانیش دا، سیماو نێوەرۆکی تێرویستی کۆماری ئیسلامی ئێرانی باشتر دەرخست.

دوکتور قاسملوو،بە شاهیدی و ئیعترافی زۆر کەسایەتی ناوداری کوردو ئێرانیو جیهانی کەلە نزیکەوە ناسیوویانە، گەورەترینو بەئێعتبارترین کەسایەتی سیاسیو مێژووی کورد بوو، تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش‌دا کەسایەتیەکی کەم وێنە بوو، بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بۆبەشێکی بەر چاو لە دەسکەوتەسیاسیەکانی خۆی قەرزداری زاناییو زیرەکی سیاسی ئەو ڕێبەرە مەزنەیە، بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵ بێ گەلی کورد ڕێبەرێکی دیکەی هاوتای قاسملووی نەبوەتەوە.

دوکتور قاسملوو، خوێندکارێکی زیرەک و بە بەرنامە، مامۆستایەکی کەم وێنە،بیرمەندو رووناکبیرێکی بیرکراوەو تێژبیرو وریا و ژیربوو.دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی مودێرن و سیمایەکی دێموکرات، مروڤێکی شورشگێر، سیاسەتوانێکی واقع بینو نمونە، دیپلۆماتێکی هەڵکەوتوو و سەفیرێکی گەورەی نەتەوەی چەوساوەی کورد بوو..

دوکتور قاسملوو، مودیرێکی داهێنەر و چالاک و پڕکار و ماندووی نەناس، ڕێکخەرێکی بە توانا و ئەمانەت دار، پێشمەرگەیەکی بە نەزم و دیسیپلین، تێکوشەرێکی خاکی و خەڵکی و بەهەست و قسە خوش و ڕاستگۆ، کوردێکی مافخوازو نیشتمان پەروەر بوو.

دوکنور قاسملوو، لەئاستی کوردستان و ئێران و جیهان دا، بەراستی خەباتگێڕی شێلگیرو لە خۆ بوردوو و ماندووی نەناسی ڕێگای ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی نەتەوایەتی بوو.

د.قاسملوو، بە زیرەکی و توانایی و ئەزموونی کەم وێنەی خۆی رۆنێسانسێکی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌دا وەڕێخست، پێڕەوپرۆگرامی حیزبی لە سەر بناغەو بنچینەی دیمۆکراسی و بەرژەوەندی گەلی کوردو سەربە خۆی سیاسی بریاردان دارشتەوەو کردییە بەرێبازی سیاسی حیزبی، سوسیالیستی دێموکراتی لە ناو حیزب‌دا چەسپاندو کردیە بە ئامانجی دوا رۆژی حیزبی دیموکرات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەهید دوکتور قاسملوو، باوڕێکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو ،پێی وابوو دێموکراسی شتێک نییە تەنیا تایبەت بە هێندێک کەس‌و چەند وڵات بێ، بەڵکوو دەسکەوتێکی مرۆڤایەتییەو هەرکەسێک‌و هەر وڵاتێک مافی هەیە کە هەیبێ و کەڵکی لێ‌وەرگرێ، ئەو نەک هەر بۆ دۆستان تەنانەت بۆ دوژمنەکانیشی دێمۆکراسی دەپاراست‌و دەیفەرموو: «خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی‌و چینایەتی» د.قاسملوو، باوڕی قووڵی بە» ئازادی‌و داد پەروەری»هەبوو، پێی وابوومرۆڤ هەروەک بۆ درێژەدان بە ژیان پیویستی بە «ئاو هەوا «هەیە،هەر بەو چەشنەش بۆپەرەگرتن و گەشە کردن‌و درەوشانەوی کومەڵگای مرۆڤایەتی پیویستی بە «ئازادی‌و دادپەروەری» هەیە.شەهید دوکتور قاسملوو، باوڕی قووڵی بە»دۆستایەتی و پەیوەندی و هاوکاری»نێوان مرۆڤەکان هەبوو، پێی وابوو بۆ بەردەوام بوونی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بە پاراستنی «بەرژەووندی‌و سەربە خۆیی‌و حورمەتی»بەرانبەر، پیویستە ئەو پێوەندی‌و هاوکارییە هەمیشە گەشە بکاو پەرە بستێنێ.

لە بەر هەمووی ئەو تایبەتمەندییە بەرزانەی کە دقاسملووی نەمر هەیبوون،شەمشەمە کوێرەکانی حکومەتی ئیسلامی ئێران،دوژمنانی ئاشتی‌و ئازادی و مافی مرۆڤ، بە پیلانی ئاشتی‌و بەغەدرو خەیانەت دەست بەکار بوون‌و مامۆستای دێموکراسی‌و پێغەمبەری ئاشتییان شەهیدکرد. ئەوان بە هەڵە چوون، پێیان وابوو بە تێروری د.قاسملوو، رێبازو ئامانج‌و حیزب وگەلی قاسملووشیان تێرور کردوە، بەڵام ئیستا پاش تێپەر بوونی ٢٥ساڵ بە سەر شەهید بوونی د.قاسملوودا، زۆر ئاڵوگۆری هەمە لایەنەو گرینگ‌و چارەنووس ساز لە ئاستی جیهانی‌و ناوچەیی‌و ناوخویی دا پێکهاتوون کە تەنانەت لە سەر حیزبی دێموکرات و گەلی کوردیش شوین‌و کاریگەری بەرچاویان هەیە، رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش زیاتر لە هەموو کاتێک کەوتوەتە بەر گەمارۆی جۆرواجۆری نێودەوڵەتی‌و جیهانی‌و حیزبی دێموکرات‌و بیر وریبازو ئامانجی قاسملووش بەردەوام لە بەرەو پێش چوون و گەشە کردن‌و درەوشانەو دان‌و رێبواران‌و قوتابیانی قوتابخانەی قاسملووش، ئاڵای پڕلە شانازی‌ئەویان بە شەکاوەیی راگرتوەو بۆ گەیشتن بە ماف‌و ئامانجە بەرزەکانی گەلی کورد، دڵسوزانەو سەربەرزانەو شێلگیرانەو بێوچان خەبات دەکەن‌و بەرەو ئاسۆی روون هەنگاو دەنێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز – رێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بۆ قاسملوو!

**کەریم فەرخەپوور**

لەسەدەی پێشکەوتن دا، لەمەملەکەتی یاسا و قانوون دا، لەپیتەختی دیموکڕاسی لەلانکی پێشکەوتن و عەداڵەت دا، لەسەدەی بیست لە هەناوی ئوروپادا، لەسەر مینبەری کلیسا لەبەر دەمی پاپا دا، ئاشتیخوازێک، مافخوراوێک، دەربەدەرێک، کوردێک، پێشمەرگەیەک، سەرکردەیەک، پێشەوایەک، زانایەک، کاریزمایەک لە خاچ درا. قاسملووی کورد تیرۆر کرا، نیشتیمانێک ڕەشپۆش کرا، ئاسمان خرۆشا گەردوونی گریاند، گۆڕ لەرزی زەوی هەژاند بەڵام ئەهلی کتێب و یاسا هەتا ئێستاش کپ و بێدەنگ هەر لە خەو دان.

لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لە تەکیەی تاریک پەرستانی جەمارانەوە، لە قەڵای جیهاد و جینایەت و ئەنفالەوە، ڕەوەیێ دڵ ڕەش و قین لە دڵ بە دەمامک و شمشیرەوە بۆ زەماوەندی مەرگی فریشتەیەک هاتنە ناوەندی خۆرئاوا، لە ڤییەنی شۆخ و شەنگ دا، لەباوەشی بووکی ڕازاوەی ئوروپا دا، مەرگیان بەبالای قاسملوو بڕی، لە بیابانی غوربەتا، لە شەوەزەنگی سیاسەت و بێدادی دا، لە ناو گڕی باڕووت و گوللەدا روحیان سووتاند.

قاسملوو و هاوڕێکانی شەلاڵی خوین، خوێنڕێژانیش بە پەنجە مۆری خوێناویەوە، بە دەهۆڵ و زوڕنای مەرگەوە، بە بەر دەرگای کۆشکی خاوەن شکۆدا، لەنێو ئاپۆرای بازرگاناندا، بەکەژاوەی رازاوەی سیاسەتی بەرژەوەندی و درۆ، لە ژێر چارشێوی مەغوول و هیتلەر دا، لە ژێرسێبەری ئینجیل و خاچەکەی عیسا دا، بەرەوە بارەگای جەهل و جەهالەت، بەرەو کۆشکی ئەهریمەن و هۆلاکۆ بەدرەقە کران، داد و دیموکڕاسیش متتەقیان لێوە نەهات.

لەمێژ ساڵە لە کوردستانی داگیرکراودا خاکی کورد و مافی کورد و نەوتی کورد کلیلی دەروازە داخراوەکانی نێوان زۆرداران و دەوڵەتانن، بەڵام بۆ یەکەم جارە لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مێژووودا لە سەر مینبەری کلیسا، لەسەر تابووت و تەرمی کورد، قورئان و ئینجیل، مزگەوت و کلیسا بە یەک دەگەن، قەشە و ئاخوند شمشیر و خاچ لە یەک دەگەن، دەرگای دادگە گاڵە دەدرێن، هەق و یاسا لە نیو دەبرێن، بێ تاوان تاونبار و تاوانبار خەڵات دەکرێن.

ئەی سیاسەتوانانی کۆشک و کلیسا، سەدان ساڵە بە بێتاوان لە ناو دەبرێین، ساڵەهایە خوێنمان دەڕژێ و دەکوژرێین، زەمەنێکە هەقمان دەخورێ و هاوار دەکەین، هەتا کەی کپ و بێدەنگن، هەتاکەی ئاشقی زێڕ و نەوت و گەنجن؟ تا کەی تەماشاچی مەرگی ژن و پیاو و پیر و گەنجن؟

تاکوو ئێوە وا بێدەنگ بن، تا کڕنۆش نەبەن بۆ سەر گۆڕی شەهیدی من، تا لەکریسمەس دا ڕۆشەن نەکەن مۆمێ لە سەر مەزاری ڕێبەری من، تا تاجەگوڵێنە دانەنێن لە سەر گۆڕی سەربازی ون، تا شەرمەزار نەکەن دژمنی زۆرداری من، تا پێرلاشێز ئارام نەگرێ لەئاه و حەسرەتی میوانی دوور وڵاتی غەریبی من، تا لەسەر ئیڤێل لێ نەدرێ جاڕی مافی خوراوی شەهیدی من، هەموو ڕۆژێ، هەموو ساتێ، هەموو ساڵێ، لە بەر دەرگای پارلەمان و کلیساتان، لەبەر پەنجەرەی هەموو ماڵێ، لە گشت شەقام لە گوند و شار، هاوار دەکەم دەهەژێنم کۆشک و تەلار، ریسوا دەکەم هاوڕێی زۆردار. هەموو جارێ لەگەڵ زەنگی کلیساتان هاوار دەکەم تا ویژدانە نووستووەکان لە خەو ڕابن، هاوار دەکەم تا گوێچکە ئاخنراوەکان، دەرگا داخراوەکان، کەیسە بەستراوەکان دەکرێنەوە، هاوار دەکەم تا ئەو ڕۆژەی داد و دادوەرتان شەرم دەیگرێ، هاوار دەکەم تا ئەو ڕۆژەی روحی پیرۆزی قاسملوو ئارام دەگرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# د. قاسملوو ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە گۆڕەپانی دیپلۆماتیک دا

**هەژیر عەبدوڵلاپوور**

کاراکتێرو کەسایەتیی کارێزمای د.قاسملوو لە چ رادەو ئاستێکدا بوو کە توانی لە ماوەیەکی کورتدا قورسایی‌و پێگەیەکی بەرین لە نێو کۆمەڵگەی کورد بۆ خۆی مسۆگەر بکاو تەنانەت ناوبانگێکی ئەوتۆی جیهانیی بۆ خۆی دابین بکا؟ بە لەبەرچاوگرتنی چ تایبەتمەندگەلێک بوو کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی پیلانی تیرۆری ئەو هەڵکەوتەیەیان داڕشتو بەڕێوەیان برد؟

د.قاسملوو رووناکبیرێکی بیرمەند بوو بە هۆش‌و بیرتیژیی زۆر لەسەرێوە؛ ناوبراو لە دەربڕینی بۆچوون، هەڵسەنگاندن‌و لێکدانەوەشدا زۆر بەتوانا بوو؛ جیا لەوانە لە فەلسەفە، کۆمەڵناسی، زانستی ئابووری‌و سیاسەت‌و ئەدەبیات‌و هتددا لێوەشاوەو شارەزا بوو؛ بەجۆرێک کە لەگەڵ دیپلۆمات، دیپلۆمات لەگەڵ ئابووریزان، ئابووریزان، لەگەڵ کۆمەڵناس، کۆمەڵناس و بگرە لەگەڵ شاعیر و ئەدیب، شاعیرو ئەدیب بوو. ئەو تایبەتمەندییە کەسێنی‌و دیارانەی د.قاسملوو، کەسێتییەکی دیکەیان بەو بلیمەتە بەخشی بوو بەجۆرێک کە لەدانیشتن‌و پێوەندیی لەگەڵ هەر کەس یان هەر کۆڕو کۆمەڵێک دەکەوتە بەرچاوو سەرنجی بەشداران‌و کەسایەتی‌و لێهاتوویی ئەو بەرزەمرۆڤە زیاتر بەرچاو و دەردەکەوت.

بەڵام بەڕاستی جیا لەو تایبەتمەندییانە، رۆڵی د.قاسملوو لە جووڵانەوەی کوردستان‌و بزاڤی سەرانسەریی ئێران‌و تەنانەت لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوین‌و جیهانی چ بوو کە لە نێو جەرگەی وڵاتانی ئازادو دیمۆکراتیکدا پیلانی تیرۆری بۆ داڕێژرا؟

لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا هێندێک لە بزاڤە کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی‌و سیاسییە بەناوبانگەکان بە ناوی کەسایەتییە بلیمەتەکانەوە دەناسرێنەوە یان بەوانەوە دەبەسترێنەوە. بزووتنەوەی دژی داگیرکاریی هیند بەناوی گاندی، بزاڤی رەشپێستەکانی ئەمریکا بەناوی مارتین لۆتێر کینگ، جووڵانەوەی دژی نەژادپەرستیی ئەفریقای باشوور بەناوی نێلسۆن ماندێلا و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بزووتنەوەی میللی - دیموکراتیکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەناوی دوکتور قاسملووەوە گرێ دراوە.

دوکتور قاسملوو تەنیا لە کوردستانو ئێران و ناوچەدا بە دوای دوست پەیداکردن بۆ کوردو دۆزەکەیدا نەبوو، بەڵکوو بەردەوام هەوڵی دەدا کوردو پرسەکەی لە ئاستی نێونەتەوەییشدا، بناسێنێ.

ئەمر دوکتور قاسملوو لەپێوەندییە دیپلۆماسییە نێونەتەوەیی‌یەکانیدا زۆر سەرکەوتوو بوو و توانیبووی راو سەرنجی زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی ئورووپایی بۆ لای دۆزی کورد رابکێشێو هەر کات سەردانی ئورووپای دەکرد، هەموو هەوڵی لەو پێناوەدا دەخستە گەڕ کەوەک باڵوێزو نوێنەری بزاڤی رزگاریخوازی کورد، ئامانج و پرسی ئەو گەلە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دونیای رۆژاوا بناسێنێ. هەر ئەو پێوەندییە دیپلۆماتیکە نێونەتەوەیی‌یانەی ئەو بوو کە توانی لە لەقاودانی جینایەتەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لەکوردستانو داسەپاندنی شەڕ بەسەر گەلی کورددا دەوری باشی هەبێو هەروەها لەناساندنی خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەئاستی نێونەتەوەیی و لەنێو راگەیەنە گشتییەکانیشدا رۆڵێکی کاریگەر بگێڕێ. ئەگەر چاوێک بەرادەی پێوەندییەکان، وتووێژەکانو بەشداری لەکۆنگرەو سیمینارە نێونەتەوەییەکانی د.قاسملوودا بخشێنین، ئاستی پێوەندیو چالاکییە سیاسییەکانی ناوبراومان زیاتر بۆ دەردەکەوێ.

بەڕێز عەزیز ماملێ لە وتارێکدا لە ژێر ناوی «د.قاسملوو دیاردەیەکی نوێ لە بزاڤی کورددا»، لەم پێوەندییەدا دەڵێ: «لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکاندا کاتێک بۆ یەکەم جار لەگەڵ کاربەدەستێکی پایەبەرزی کابینەی وەزیری دەرەوەی فەڕانسەو چەند کەس لە هاوکارانی کۆبۆوە، ئەوان زۆر زوو تامەزرۆی شێوەی قسە کردن و لێکدانەوەی وەزعی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێران و کوردستان بوون و لە نێو چاوانی ئەو دیپلۆماتە پایەبەرزانەدا رێز و کڕنۆش بۆ د.قاسملوو دەبینرا».

د.قاسملوو بە شارەزایی و لێهاتوویی‌یەک کە لەدیپلۆماسیدا هەیبوو، لەراستیدا لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییە پلە یەکەکانی سەردەمی خۆیدا بەرابەری دەکردو بە کورتی هەموو مەرجەکانی دەوڵەتکەسایەتییەکی کوردی لە خۆیدا کۆکردبۆوە.

لایەنی دیپلۆماسیی دوکتور قاسملوو و زاڵبوونی گوتاری ئەوان لە ئاستی وتووێژو پێوەندییەکان لە کوردستانیشدا زۆر سەرنجڕاکێش بوو. لەم پێوەندییەدا بەڕێز مستەفا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەڵماشی لەدۆستانی نیزیکی نەمر قاسملوو دەڵێ: «لە دەفتەری سیاسیدا ئێمە زۆرجار میوانی گەورەی سیاسی و سەرکردەی سیاسیمان دەهات. هەر لەڕێبەرانی کوردەوە، هەتا ڕێبەرانی ڕێکخراوە ئێرانییەکان، هەتا نوێنەرانی دەوڵەت، هەتا ڕۆژنامەنووسانی ناوچەییو دەرەوە سەردانیان دەکردین. لەهەلومەرجی جۆراوجۆردا، لەسەرکەوتنو نسکۆدا، لەهەموو ئەو کاتانەدا کە دەفتەری سیاسیمان لەمهاباد، لەسەر شاخانی ناوچەی مهاباد، لەشیوەجۆی ناوچەی سەردەشت، لە مەزناوێی ناوچەی سەردەشت، لەگەلاڵێی باشووری کوردستان و لە گەورەدێی باشووری کوردستان لە نیزیکەوە ئاگام لە هەڵسوکەوتی دوکتور قاسملوو بوو. لەو دیدارانەدا، قەت نەمدی، ڕێبەرایەتیی دانیشتنەکەی لە دەست دەربهێنرێ. دوکتور قاسملوو بە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن و دەرخستنی زانستی خۆی کارێکی وای دەکرد کە میوانەکان زۆرتر دەبوونە گوێگر هەتا وتەبێژ. دوکتور هەمیشە بە سەر دانیشتنەکاندا زاڵ بوو، بە جۆرێک کە سەرکردە بەناوبانگەکانیش، بە دڵخوازی خۆیان ڕۆڵی سەرکردەی کۆبوونەوەکەیان پێدەسپارد».

د.قاسملوو سەرەڕای ئەوەیکە کوردستانی بەمەیدانی سەرەکیی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی دەزانی، بەڵام بۆ بەرین کردنەوەی خەباتو چالاکی لەدژی ئەو ڕێژیمە، بەردەوام لە هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەک لە هێزە دیموکراتە ئێرانییەکان بەچەپو ڕاستەوە بوو. نەمر د.قاسملوو لە هەستیارترینو دژوارترین هەلومەرجەکاندا باشترین هەڵوێستو سیاسەتی گرتەبەر و بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی لە ئەستەمترین قۆناغەکاندا ڕێبەری کردو بە هەق لە درێژەدەرانی ڕاستەقینەی ڕێگای نەمر قازی محەممەد بوو و هەتا ئەمڕۆش لە ڕێبازیدا کە بە «ڕێبازی قاسملوو» ناسراوە، زیندووە.

بە سەرنجدان بەو تایبەتمەندیانەو زۆر تایبەتمەندیی بەرچاوی دیکەی د.قاسملوو بوو کە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی پیلانی تیرۆری ئەو ڕێبەرە مەزنەی کوردیان داڕشت.

بە تیرۆری د.قاسملوو کورد تەنیا سەرۆکی حیزبێکی لە دەست نەدا، بەڵکوو کەڵە دیپلۆماتێکی هەڵکەوتووی لە دەست چوو، کە ئەگەر مابا، بەدڵنیاییەوە دەیتوانی لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی کورددا نەخشی دیار و بەرچاو بگێڕێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شرۆڤەیەك بۆ بنەماكانی خەباتی دوكتور قاسملوو

ئارەش لورستانی

و. سیروان موساپوور

**دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکە لە سەردەمی هاوچەرخ دا ژیـاوەو زۆر لە هاوخەباتەکانی هەنووکەش لە ژیاندا ماون. بەڵام بۆ نەوەی ئەمڕۆو کەسانێک کە چالاکانی سیاسیی ئیستاو داهاتووی کۆمەڵگەو نەتەوەکەیانن، ڕێبەرێک کە نێوی لە مێژووی خەباتی مرۆڤایەتی بە زیندوویی ماوەتەوە، چۆن ناسراوەو چۆن لێی تێ دەگەن؟**

لەم وتارەدا هەوڵ دراوە بە کورتی بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکیو بە لۆژیکی کۆمەڵگەخوازو مافتەوەر، گرینگترین پایەو بنەماکانی خەباتی ئەم ڕێبەرە مەزنە شی بکرێتەوە. لە پێناو زیاتر نزیککردنەوەو ڕوونکردنەوەی ئاسۆی فکریی خوێنەر، سەرەتا ١٠ بنەمای گرنگ دەخەینە ڕوو، کە ئەمڕۆکەش کارایی و بایەخی زۆریان لە کاروانی خەباتدا تێدا بەدی دەکرێو، دواتر هەر کامیان بە شێوەیەکی کورت شرۆڤە دەکەین:

١- بەردەوامیی خەباتی نەتەوەییو شوناستەوەری کورد لە سەر بنەمای ئامانجەکانی کۆماری کوردستانو ڕاپەرینی ساڵەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ بەڵام بە شێوازێکی نوێ،

٢- پرۆفیشنالیزە کردن و پەرەپێدانی بزووتنەوە لە ڕێگەی «سیاست کاربردی»یەوە،

٣ -دانانی ئۆتۆریتەی تایبەت بە پێی بارودۆخی ڕاستەقینەی خەبات،

٤- بەربڵاوی و بەرفراوان بوونی پانتایی خەبات لە کوردستانی ئێران بە شێوەیەکی بێ وێنە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥- کەڵکوەرگرتن لە دەروونناسیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها کلتووری سیاسیی گونجاو لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵگە،

٦- پراگماتیزمی دەرئەنجامخواز،

٧- بەشداریی ژن بە شێوەیەکی بەربڵاو و جیددی لە خەباتدا،

٨- تێپەڕین لە سۆسیالیزمی کلاسیک و خستنە ڕوی سوسیالیزمی دێموکراتیک بە شێوەی پراکتیکی،

٩- دامەزرانی پێوەندیی بەربڵاو لەگەڵ حیزبە ئێرانی و کوردستانییەکان،

١٠- هێنانەگۆڕو جێخستنی پرسی نەتەوەی کورد لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا،

## شیکردنەوەی کورتی ئەم خاڵانە:

١- دوکتور قاسملوو لە سەردەمێک‌دا بوو بە سکرتێری گشتیی حیزب، کە حیزبە سەرانسەرییە ئێرانییەکان خاوەن هێزو نفوزێکی زۆر بوون. شۆڕشی ٥٧ یش لەو فاکتەرانەیە کە دەیانتوانی خەباتی نەتەوەیی کورد بخەنە ژێر بارودۆخی خۆیانەوە. سێهەمین فاکتەر شەڕی ٨ ساڵەی ئێران‌و عێراقە، کە ئەوەش کاریگەریی تایبەتی خۆی لەسەر بیروڕای گشتی هەبوو. فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستان‌و سەرکوتی نەتەوەی کوردیش دەیتوانی لە حاڵەتی ناکارامەیی پارت و لایەنە کوردستانییەکان پاشهاتی زۆر خراپی بەدواوە بێ. لەلایەکی دیکەوە کۆماری کوردستان‌و شۆڕشی ساڵەکانی ١٣٤٦و ١٣٤٧ کە ڕاستەوخۆ بە بەشێک لەشانازیەکانی حیزبی دیموکرات دێنە ئەژمارو بێجگە لەوانەش، مێژووی دوورودرێژی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد لە تەواوی بەشەکانی کوردستان، هەستیاریی بەردەوامی خەباتی نەتەوەییان زەقتر دەکرد. و... لەگەڵ هەموو ئەو فاکتەرە زۆر هەستیارانە، دوکتورقاسملوو بەردەوام بوو لە خەباتی نەتەوەیی‌و شوناس‌تەوەری کورد لە سەر بنەمای ئامانجەکانی کۆماری کوردستان‌و ئەمڕۆکە دوای ٢٥ ساڵ دەبینین کە دروستترین ریگەی خەبات، هەروا هەوڵدان بۆ دیاریکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس‌و بەرگری لە شوناس‌و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کوردە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢- لە سەردەمی کۆمەڵەی ژ.ک، تا سەردەمی ڕێبەریی دوکتور قاسملوو لە حیزبی دمکراتدا بەردەوام خەبات بە شێوەیەکی پچڕپچڕو (ناتخصصی) بەڕێوە دەچووو لۆژێکی بزووتنەوە زیاتر لە سەر بنەمای ئەو پرەنسیپانە نەبوو کە بەشێوەی زانستی گشتێنرابوون، بەڵام بە هۆی ئەزموونو شارەزایی بەرزی دوکتور قاسملوو لە تواناییەکانی بزووتنەوە، لە ئەگەری پرۆفشناڵیزە و تەکنۆکراتیزە بوونیو، هەروەها تێگەیشتنی دروستی دوکتور قاسملوو لە لایەنە سیاسییە ئیرانی، کوردستانییەکانو پرۆسەی خەباتو لۆژێکی سیاسیی نێونەتەوەیی، بزووتنەوی نەتەوەی کورد لە کورستانی ئێران بەڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوو لە ماوەیەکی زۆر کورت دا پرۆفشنالیزەو لە ڕێگەی سیاسەت کارامەوە پەرەی گرت.

٣- یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی تێپەڕ بوون لە خەباتی پچڕپچر بۆ خەباتی بەردەوام، هەمیشە هەبوونی خەباتی ئۆتۆریتە بە واتای توانایی پیادەکردنی دەسەڵات بە شێوەی هەرەمی لە چوارچێوەی کۆمەڵەیەکی سیاسییە. ئەو ئۆتۆریتە تایبەتە کە دوکتور قاسملوو بۆ بەرەو پێش‌بردنی بزووتنەوە لە حیزب‌دا بەکاری هێنا، ئۆتۆریتەیەک بوو بە ناوەرۆکی سانترالیزمی دێموکراتیکەوە کە دوو لایەنی بە پێوەندییە نێوخۆییەکانی حیزب دەبەخشی کە بە پێی بارودۆخی راستەقینەی خەبات ئامادەو گەڵاڵە کرابوو. هەر ئەم ئۆتۆریتەیە بوو بە هۆی ئەوە کە لە ماوەی دوو دەیە خەباتی چەکدارانە ئاماری کوژراو و بریندار و وێرانکارییەکان بۆ حیزبی دێموکرات بگاتە لانی کەمی خۆی.

٤- سروشتییە کاتێک ئەو سێ فاکتەرەی هاتنە بەرباس، وەگەڕ کەوتن، پانتایی نفووز و بەربڵاوی بزووتنەوە لە کوردستانی ئێران بۆ یەکەم جار بە شێوازێکی بێ‌وێنە بە تەواوی کوردستانی ئیرانی گرتەوە. ئەم نفووزەش هێزی مرۆیی، مادیو مەعنەویی زۆری بۆ بزووتنەوەی کوردو بە تایبەت حیزبی دێموکرات لە گۆڕەپانی خەبات دا کۆ کردەوە.

٥- ناسینی دەروونناسیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیەک گرینگترین فاکتەری بردنەسەری بەشداریی سیاسی یان وەرێخستنی نافەرمانییە سیاسیو مەدەنییەکانە. زاراوەکانی دەروونناسیی سیاسیو کۆمەڵایەتیی بنەما پتەوەکانی شکڵ‌گرتنی کلتووری سیاسیی گونجاو لەگەڵ پێکهاتەکانی کۆمەڵگە پێک‌دێنو ئەم کلتورە سیاسییە دەتوانێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێزێک بێ لە بەرژەوەندی بزووتنەوە یان دژی ڕەوتی جووڵانەوەکە. دوکتور قاسملوو توانی دەروونناسیی سیاسیو کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی ئێران بناسێو کلتووری سیاسیی گونجاو لەگەڵ شوناسی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد جێگیر بکا. باشترین بەڵگەش کەشوهەوای چالاکو پیشەی سیاسیو مەدەنیی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێرانە، کە هەمیشە کوردستانی لە سەرەوەی هەڵسەنگاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دادەناو دادەنێ. بەڵگەی دیکەی جێگەی سەرنج پێدان، ڕادەی هۆگریو هەستیاریی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە دوکتورقاسملووو حیزبی دێموکراتو کارو کردەوەکانییەتی.

٦- پڕاگماتیزم (کردەوەخوازی) کە دەکرێ لەگەڵ پێوانەی ئەنجامگیریی ئەرێنی هەڵبسەنگێندرێ، یەکێکە لە دەسکەوتەکانی سەردەمی دوکتور قاسملوو کە لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ بە شێوەیەکی بەردەوام لە کۆمەڵگەی کوردستانو حیزبی دێموکراتدا بەباشی بەرچاو دەکەوێ، پڕاگماتیزمیش حیزبو بزووتنەوەی لە حاڵەتی ئاڕمانیو درووشمخوازی هێنایەدەرو بەشێوەی هێزێکی کارامە لە پێناو ئامانجو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە خستە کارەوە. پڕاگماتیزمی سەردەمی دوکتور قاسملوو تەنانەت تا ئەمڕۆ زۆرجار بۆتە پێوانەی خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەو چالاکییە حیزبییەکان.

٧- یەکێک لە گرینگترین پێوانەکانی بزووتنەوەی سیاسیی یان مەدەنیی هاوچەرخ، بەشداریی ژنان بە شێوەی بەربڵاوو جیدییە لەچەقی خەباتدا. لەسەردەمی دوکتور قاسملوودا ژنان بە شێوەی سیستماتیکو پیشەیی هاتنە ڕیزی خەباتەوە، بەشێوەیەک ئەمڕۆ دەبینین ژن تەنانەت لەپێگەی بڕیاردانو بەڕێوەبەرێتیی ئۆرگانو پێکهاتەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتدا بایەخی تایبەتی خۆی هەبووەو ئەم کارە بۆتە هۆی دڵگەرمیو ڕاکێشانی نیوەی کاریگەرو زۆر هەستیاری کۆمەڵ لە بەشداریی سیاسیو مەدەنیو هەمیشە لەحاڵی گەشەو پێشوەچوون دایە.

٨- تێپەڕین لەسوسیالیزمی کلاسیکو خستنەڕووی سوسیالیزمی دێموکراتیک بەشێوەی زانستی لەحیزبی دێموکراتدا کە لەلایەن دوکتور قاسملووە خرایە ڕوو، لەسەردەمێکدا بوو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هزری چەپی کلاسیکو ڕاستی میانە تا توندڕۆ، باری چالاکیو سەنتەری کۆمەڵگەی تووشی گەنگەشە ئەبستراکتەکان

دەکردو لەڕاستیشدا تووشبوون بەو ئەندێشە تئۆریکانە، لەکاتێکدا کە کۆمەڵگە پێویستی بەهەنگاوو بڕیاری جیدیو دەرەنجامی کردەیی هەبوو، دەیتوانی خەباتی نەتەوەیی کورد خەوشدار بکا یان بە لاڕێدا بەرێ. بەڵام دوکتور قاسملوو توانی بە خستنەڕووی گەڵاڵەی سوسیالیزمی دیموکراتیک کە ئازادییەکانو مافە کۆمەڵایەتیو تاکەکسییەکان هاوسەنگ رابگرێ، سلامەتی بزووتنەوەو رەوتی بەرەوپێشی حیزبی دێموکرات بپارێزێ.

٩- دەتوانین بڵێین پێوەندییو تێگەیاندنو رێکخستنی هێزە خەباتگێڕە کوردو ئێرانییەکان لە سەردەمی دوکتور قاسملوودا شێوازو ناوەڕۆکێکی نوێی بە خۆوە گرت، بەشێوەیەک کە نە نەتەوەی کورد لەئامانجەکانی خۆی پاشگەز بۆوەو نە لایەنە سیاسییە ئێرانییەکان لەلایەن خەباتگێڕانی کورد هەستیان بەمەترسی دەکرد تەنانەت کاتێک کە کۆماری ئیسلامی دەستی بە پاکتاوو وەدەرنانی هێزە سیاسییەکان لە تاران‌و شارەکانی دیکەی ئێران کرد، کوردستان بوو بە پەناگەیەک بۆ ئەو کەسانەی لە بەرامبەر حکوومەتدا ئامادەی رێککەوتنی کوێرانە نەبوون. بێجگە لەوە حیزبی دێموکرات بە رێبەرایەتیی دوکتور قاسملوو لەگەڵ کوردەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان بەتایبەت کوردە خەباتکارەکانی کوردستانی عێراق پێوەندییەکی دۆستانەی زۆر نزیکی هەبووو زۆرجار لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا یارمەتیی ئەو حیزب‌و هێزانەی دەدا.

١٠- ئامادەبوونی دیپلۆماتو هەواڵنێرە رۆژئاواییەکان‌و تەنانەت کادرە دەرمانییەکانی وڵاتانی بیانی لەبنکەکانی حیزبی دێموکرات، هەروەها ئەندامبوون لەئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست بۆ یەکەم جار لەلایەن دوکتور قاسملۆوە، هەنگاوێکی درەوشاوە بوو کە روخساری راستەقینەی کوردی بەبیروڕای گشتیی دنیا نیشان‌داو پەردەی لەسەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لادا.بەو هیوایەی ئەم وتارە توانیبێتی گۆشەیەک لە بەهاو بایەخی دوکتور قاسملووی بە خوێنەری بەڕێز بەتایبەت وەچەی ئەمڕۆ نیشان دابێ، رێبەرێک کە تازیندوو بوو خەباتی بۆ مرۆڤایەتیو مافە مرۆییەکان کردو تەنانەت شەهیدبوونیشی بوو بەهۆی ریسوابوونی هەمیشەیی دوژمنانی ئازادیو دادپەروەری.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو، ڕێبەرێکی کوردستانیی‌و ئەخلاق تەوەر لە سیاسەتدا

وحدت قلی زاده پیرانجوق

و: سیروان مووساپوور

## پێشەکی

٢٥ ساڵ لە تیرۆرکرانی یەکێک لە دیارترین و شوێندانەرترین کەسایەتییەکانی مێژووی کوردستان و ئێران واتە دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو تێدەپەڕێ. سەبارەت بە دوکتۆر قاسملوو وتارگەلی جۆراوجۆر بە زمانە جیاوازەکان لە هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی ژیان، ئامانج و کارەکانی نووسراوە و دەنووسرێ، بەڵام لەم نێوەدا کەمتر کەسێک ئاماژەی بە یەکێک لە بەرچاوترین جیاوازییەکانی ئەو لەگەڵ ڕێبەرانی دیکەی بزووتنەوە ئازادیخوازییە هاوشێوەکان و تەنانەت جیاواز لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە. هەروەک لە ناونیشان وتارەکەش ڕا دیارە، ئەم جیاوازییە بەئەخلاقیی و ئەخلاق تەوەر بوونی قاسملوو لە سیاسەت و برەودان بەم پرەنسیپە لەنێو بەدەنەی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستان و تەنانەت بزووتنەوە ئازادیخوازییەکانی وڵاتانی دیکەیە. پێش باسکردنی ئەم بابەتە واباشترە بە کورتی ئاوڕ لە ژیانی پڕ لە هەوراز و نشێوی ناوبراو بدەینەوە:

### قاسملوو کێیە؟

عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە شەوی یەڵدای ساڵی ١٣٠٩ لە ئاوایی قاسملوو سەر بە شارستانی ورمێ چاوی بە ژیان هەڵێناوە. خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە شارەکانی ورمێ و تاران تەواو کردووە. سەردەمی لاوێتیی ئەو هاوکات بوو لەگەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان بەڕێبەرایەتیی قازی محەمەد لە مەهاباد. دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ یەکەمین چالاکیی سیاسیی ناوبراو بوو. دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بۆ درێژەدانی خوێندن چوو بۆ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاران و لەوێشەوە ڕووی لە پاریس کرد. لەبەر چالاکییە سیاسییەکانی بە دژی شای ئێران ناچار کرا پاریس جێبێڵێ و بۆ درێژەدانی خوێندن ڕووی لە پڕاگ کرد. لە ساڵی ١٣٣١ قاسملوو گەڕایەوە ئێران و دوای پێنج ساڵ چالاکیی سیاسی لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستان گەڕایەوە چەکسلۆواکیا و لە ساڵی ١٣٤١ توانی بڕوانامەی دوکتۆرا لە ڕشتەی زانستی ئابوور وەربگرێ و لە هەمان زانکۆدا دەستی بە وانەوتنەوە کرد. لە ساڵی ١٣٤٩ لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیانی بەرپرسایەتیی زیندووکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە ئەستۆوە گرت. دواتر لە کۆنگرەی سێیەمی حیزب لە ساڵی ١٣٥٠ وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردرا و تا کاتی شەهیدبوونی لە ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ لەم پۆستەدا مایەوە.

## قاسملوو، ڕێبەرێکی مرۆڤدۆست

لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی دنیا زۆر نەتەوە بۆ بەدەسهێنانی ئازادیی و دەستەبەرکردنی مافەکانیان خەباتیان کردووە و دەکەن. هەموو ئەم بزووتنەوانە ڕێبەری تایبەت بە خۆیان هەبووە، بەڵام لەم نێوەدا کەمن ئەو ڕێبەرانەی کە وەک دوکتۆر قاسملوو هیچکات ئەخلاقیان فیدای بەرژەوەندییە تایبەتیی و تاکەکەسییو تەنانەت گرووپییەکانیش نەکردبێ. بۆ سەلماندنی ئەم ئیددیعایە ئەوەندە بەسە کە ئاوڕێک لە ڕەفتاری قاسملوو لە سەردەمی شەڕی داسەپاوی ڕێژیم بەدژی خەڵکی کوردستان بکەین. قاسملوو تەنانەت ئەوکاتە کە ڕێژیمی ئێران هێرشی کردە سەر کوردستان، ئیزنی بەدکرداری و هەڵسوکەوتی نەشیاوی لەگەڵ دیلەکانی شەڕ بە پێشمەرگەکان نەدەدا. لەم بارەوە مەجید حەقی چالاکیی سیاسی لە چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو سووسەن محەمەدخانی دەڵێ:» ئەو لە بارودۆخی شەڕیشدا لە هەوڵی بەرەوپێشبردنی بەها ئومانیستیو مرۆییەکاندا بوو و دژایەتی توندی لەگەا هەر چەشنە هەڵسوکەوتێکی نامرۆڤانە لەگەڵ دیلەکانی شەڕ و بێڕێزی بە تەرمی کوژراوانی شەڕ دەکرد.» بە گێڕانەوە لە ژمارەیەک لەو سەربازانەی کە لەلایەن پێشمەرگەکانەوە بە دیل گیرابوون و بە بڕیاری قاسملوو ئەوانیان بە چەکی بێفیشەک ئازاد دەکرد بۆ ئەوەی تەنانەت لە کاتی گەڕانەوەدا لەلایەن بەرپرسانیانەوە ئیزافە خزمەتیان بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێ‌نەدرێ. چونکە قاسملوو باوەڕی بە پرەنسیپی ئازادی و مافی مرۆڤ هەبوو و خەباتی نەتەوەی کوردیشی لەپێناو خزمەت بە مرۆڤایەتی و گەیشتنی کۆمەڵگەی ئێران بە بەها بەرزە مرۆییەکان دەزانی و لەم ڕێگەیەشدا هەموو چالاکییەکانی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانی لە چوارچێوەی بنەما سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ و جاڕنامەکانی جیهانیی ڕێکخراوی نەتەوەکان دەزانی و ئەم خەباتەی بۆ گەیشتنی کۆمەڵگە بە مافە مرۆییەکان لێک دەدایەوە.

## قاسملوو، ڕێبەری ڕیالیست (واقیع گرا)

قاسملوو ڕێبەرێکی ڕیالیست و جیهانبین بوو. ئەو هەرگیز بەپێی داخوازییە کەسییەکانی خۆی بڕیاری نەدەدا. بە ئاوڕدانەوەیەک لە هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی قاسملوودا، ئەم ڕاستییە بە ڕوونی دەردەکەوێ. لەساڵی ١٣٥٨ و لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکان‌دا بۆ تەئیید و وەدەسهێنانی ڕەوایی بوونی کۆماری ئیسلامی، لە حاڵێکدا کە تەواوی حیزب و گرووپەکان، تەنانەت ئەو حیزبانەی کە بڕوایان بە سێکۆلاریزم هەبوو، بۆ پشکداربوون لە دەسەڵات دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی دا، حیزبی دێموکرات بە ڕێبەرایەتیی قاسملوو بە هیچ جۆرێک ئامادەی لەژێرپێ‌نانی بەها دێموکراتییەکان نەبوو و بە لەبەرچاوگرتنی بنەمای ئەخلاق تەوەری ئەم هەڵبژاردنانەی بایکۆت کرد. چونکە قاسملوو بڕوای وابوو کە بەشداریی حیزبێک و ئەویش کۆماری ئیسلامی و هەبوونی یەک بژێرە، بەهیچ چەشنێک لەگەڵ بەها و بایەخەکانی کۆمەڵگەی دێموکرات ناگونجێ و بەم هۆیەشەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەریی قاسملوو ئەم هەڵبژاردنانەی تەحریم کرد.

## قاسملوو، دژبەری بارمتەگرتن

ئەگەر بەپێی ڕوانگەیەکی واقیع بینانە و بەدوور لە دەمارگرژیی ڕەگەزیی ئێستاکە لە کەسایەتی قاسملوو و بڕیارێکی ٣٥ ساڵ لەمەوبەری بڕوانین، کەسایەتی بەرچاو و ڕۆڵی گرینگ و سەرەکی ئەو بە باشی خۆی دەنوێنێ. لە کەش‌وهەوای سیاسی کە شۆڕشی جەماوەری بە دژی دیکتاتۆرێک سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و لەلایەن ڕێبەری ئەو شۆڕشە، واتە ئایەتوڵڵا خومەینی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و بە تایبەت ئەمریکا بە «شەیتانی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەورە» دادەنرێن و کەشی سیاسیی ئێران بە دژی ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا بوو، مەسەلەی بارمتەگیریی ٦٦ دیپلۆماتی ئەمریکایی هاتەگۆڕێ. لەم ڕووداوەدا ئەمجارەش تەنیا حیزبی دێموکرات بە ڕێبەرایەتیی قاسملوو بوو کە بەپێچەوانەی هەموو ڕەوتە سیاسییەکان بە ڕوونی ئەم کارەی بە پێشێل کرانی یاسا نێونەتەوەییەکان زانی و ئیدانەی کرد. لەڕاستیدا بڕیاردان لە وەها هەلومەرجێکدا زۆر دژوار و زەحمەت بوو، بەڵام حیزب لەژێر ڕێبەرایەتی قاسملوودا بەم هەڵوێستە لیبڕاو و جیهانگرە، سیمایەکی ئاشتیخوازانە و جیهان پەسندی لە بزووتنەوەی مرۆڤدۆستانەی نەتەوەیەک نیشان دا کە چەندین سەدە بوو بۆ وەدەسهێنانی ئازادی خەباتی دەکرد و لاپەڕەیەکی زێڕینی لە مێژووی سیاسیی کوردستاندا بۆ هەمیشە تۆمار کرد. هەڵوێستێک کە نە تەنیا بۆ حیزبی دێموکرات، بەڵکوو بۆ بزووتنەوەی سەرانسەریی کوردستان، بە سەرکەوتن و دەسکەوتێکی گەورەی مێژوویی دەهاتە ئەژمار کە هەنووکەش جێگەی شانازیی نەتەوەی کوردە.

## قاسملوو، ڕێبەرێکی جەماوەری

قاسملوو ڕێبەرێکی جەماوەری و مرۆڤدۆست بوو. ئەو هەرگیز بڕوای بە سیاسەتی تێدابردنی هاووڵاتیانی ئاسایی نەبوو و هەمیشە پێداگری لە پرەنسیپی پارێزگاریی لە خەڵکی سڤیل دەکرد. لەسەر ئەم بنەمایە دەبینین کاتێک کە حیزبی دێموکرات لەوپەڕی دەسەڵاتدا بوو و زیاتر لە ١٢٠٠٠ پێشمەرگەی بە ڕەسمی هەبوو و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران لە ماکووە تا کرماشانی لەگەڵ بوون و زۆربەی گوند و شارەکانی کوردستان لەژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوون، دوای بۆمباران کردنی شارە ئازادکراوەکان لە بارودۆخێکدا کە کۆنترۆڵی زۆر شاری ستراتیژیکی وەک مەهاباد، سەردەشت و ... لەدەست پێشمەرگەدا بوو، قاسملوو فەرمانی پاشەکشەی لە شارەکان دا، چونکە دەیزانی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو لە سەرکوتی خەڵکی کوردستاندا خۆ لە هیچ کردەوەیەک نابوێرێ، هەر بۆیە بەم هەنگاوەی نەیهێشت ڕێژیم بەم بیانوویە خەڵکی ئاسایی سەرکوت بکا. هەرچەند کە ئەو بە باشی دەیزانی ئەم پاشەکشێیە لایەنی نەرێنی بۆ حیزب بەدواوە دەبێ، بەڵام ئەو حیزبی دێموکراتی بە ئامرازێک بۆ خزمەت کردنی نەتەوەی کورد دەزانی و هەرگیز نەتەوەی فیدای حیزب نەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## قاسملوو، دێموکرات و ئاشتیخواز

دوای شۆڕشی ١٣٥٧ و لە ڕەوتی خەباتی حیزبەکانی دیکەی دژبەری کۆماری ئیسلامی، کوردستان کە لەژێر ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بە ڕێبەریی قاسملوودا بوو، ببوو بە پەناگایەکی هێمن بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ئەم هێزانە. لەم نێوەدا دەتوانرێ ئاماژە بە بڵاوکردنەوەی بەخۆڕایی بەرنامە ڕادیۆییەکانی حیزبی «کارگر» لە ڕادیۆی حیزب بکرێ کە تەنانەت زۆر جار ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی حیزبیش دەگرت. ئەمە نیشانەی پابەندبوونی حیزب و ڕێبەرەکەی بە یەکێک لە بنەما ئەخلاقییە گرنگەکانی حیزب بوو کە ئەویش هاوکاریی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دژبەری ڕێژیم بوو.

دوکتۆر قاسملوو لەو دەگمەن ڕێبەرانەی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستان بوو کە لە سەردەمێکدا کە گوتاری شەڕی چەکدارانە و توندوتیژیی شۆڕشگێڕی زاڵ بوو، قسەی لەسەر پێویستیی چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد لە کوردستان دەکرد، ئەو لە کتێبی «کوردستان و کورد» کە لە ساڵی ١٩٦٤ نووسیبووی، چارەسەرکردنی کێشەی کوردی بە پەرەسەندنی ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن لە گشت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرێ دابوو و بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی ناوچەکە پێشنیاری دامەزراندنی کۆنفدراسیۆنی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی دەدا کە تێیدا فیدراسیۆنی کوردستان یەکێک لە بەشەکانی بێ. بە دەسپێکردنی شەڕی کۆماری ئیسلامی بە دژی خەڵکی کوردستان، قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە لەپێناو سیاسەتی دیالۆگ و پێویستیی وتوویژ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ئێران هەوڵیان داوە. بێجگە لەمە قاسملوو لایەنگرێکی چالاکی گەشەسەندنی هاوپێوەندیی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە کوردستان و ئێران بووە و هەوڵی دەدا کە هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوری لانیکەی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی بۆ گەشەی دێموکراسی و لێک تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی کۆ ببنەوە.

## قاسملوو، بەرهەڵستکاری تاک پەرستی و داکۆکیکاری ڕێبەریی بەکۆمەڵ

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی کەسایەتی قاسملوو کە لەنێو ڕێبەرانی جیهاندا زۆر دەگمەنە، دژایەتیی توندی قاسملوو لەگەڵ تاک پەرستی بوو.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قاسملوو لە هەمان کاتدا کە خاوەنی هەموو تواناییەکانی ڕێبەرێکی نەتەوەیی و سیاسی بوو و لە سەردەمی سکرتێربوونی ناوبراو، کەسایەتی ئەو بە باشی لەلایەن هەموو ڕێبەرانی حیزبە کوردستانی و ئێرانییەکان دەبینرا و لەبەرچاو دەگیرا، هەرگیز هەوڵی بۆ تاک تەوەریی نەدا و خۆی تەنیا بە پێشمەرگەیەکی سادە دەزانی و بە توندی دژایەتیی تاکپەرستی لە حیزبدا دەکرد.

لە جەریانی میتینگی مەهاباد لە سەرەتای شۆڕشی ئێراندا، کاتێک قاسملوو خەریکی وتاردانە و حەشیمەتێکی دەیان هەزار کەسی دروشمی بژی قاسملوو دەڵێنەوە، قاسملوو لەو کاتەدا پێش بەم کارە دەگرێ و داوا لە خەڵک دەکا ئەم دروشمە نەڵێنەوە.

هەروەها ئەو چەندین جار لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بینینی وێنەکانی خۆی کە خەڵک لە دار و دیواریان دابوون، داوای لە پێشمەرگەکان دەکرد وێنەکان لێبکەنەوە و پێشی بەم جۆرە کارانە دەگرت. چونکە ئەو بە باشی دەیزانی کە زۆربەی ڕاپەڕینە نەتەوەییەکانی کورد بەهۆی پاڕانخوازیی و هەبوونی تەنیا کەسێک وەک ڕۆڵگێڕی سەرەکی، تووشی تێکشکان ببوون و دوای لەنێوچوونی ڕێبەری ئەو بزووتنەوانە، تەواوی بزووتنەوەکەش تووشی هەڵوەرین و لەنێوچوون بووە. هەربۆیە قاسملوو بەم کارە بێجگە لە پێشگرتن لە ئۆستوورەسازیی هەڵە، خەڵک و پێشمەرگەکانی حیزبی خۆی فێر دەکرد هەمیشە کەڵک لە ڕێبەریی بەکۆمەڵ وەربگرن و بەم شێوازە تاک پەرستی لە حیزبی خۆیدا بن بڕ کرد.

## قاسملوو، ڕێبەرێکی کوردستانی

کریس کۆچێرا سەبارەت بە کەسایەتی عەبدولڕەحمانی قاسملوو دەنووسێ:» قاسملوو هەرگیز خۆی تەنیا تایبەت بە کوردستانی ئێران نەدەزانی و هەرکات قسەی لەگەڵ ئورووپاییەکان دەکرد، باسی هەموو کورد، واتە ٢٥ میلیۆن کوردی دەکرد.»

لەوانەیە بتوانرێ لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە لە کەسایەتی کوردستانیی عەبدولڕەحمانی قاسملوو بڕوانرێ و باسی بکرێ. جاناتان ڕاندێل سەبارەت بە قاسملوو دەنووسێ:» لە یەکێک لە سەفەرەکانی قاسملوو بۆ ئورووپا ئەو لیستێکی پێ نیشان دام! کاتێک لە قاسملووم پرسی ئەم لیستە چیە و بۆ چیتە؟ گوتی: ئەم لیستە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هی ئەو شار و گوندانەیە کە پرۆسەی ئەنفالی ڕێژیمی بەعسیان تێدا بەڕێوە دەچێ و ئەم لیستەم بۆ وڵاتانی ئوروپایی ئامادە کردووە.»

بێشک بە سەرنجدان بە پرۆسەی سیاسیی ئەم ساڵانەی دوایی کوردستانی عێراق، ئەم بابەتە بۆ هەمووان ئاشکرا بووە کە قاسملوو ڕۆلی سەرەکی لە ڕووداوە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان هەبووە. ئەو بە هۆی لێهاتوویی لە دیپلۆماسی، گەورەترین کەسایەتی سیاسیی کوردستان بوو کە سەرنجی هەموو جیهانی بۆ لای مەسەلەی کورد و خەباتی ڕزگاریخوازیی ئەم نەتەوەیە ڕاکێشابوو. زۆربەی دیپلۆماتەکانی ئێستای ڕۆژئاوا کە وەک نوێنەری وڵاتەکانیان لە کوردستانی ئێراقن، باسی ئەوەیان کردووە کە لەڕێگەی شەهید قاسملوو ئاگاداری مەسەلەی کورد بوون. بۆ نموونە لە ڕێورەسمی کردنەوەی کۆنسولگەریی فەڕانسە لە شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان، بێرنارد کۆشنێر وەزیری دەرەوەی پێشووی فەڕانسە، وتارەکەی بەم شێوەیە دەسپ پێکرد:» بە یادی عەبدولڕەحمانی قاسملوو کە کورد و کوردستانی بە من ناساند!»

هەروەها فردریک تیسۆ سەرکونسولی پێشووی فەڕەنسا لە هەرێمی کوردستان لە چاوپێکەوتن لەگەڵ کوردستان تیڤی دەڵێ:» زۆربەی ئوروپایی و سیاسەتمەدارە ئوروپاییەکان لە ڕێگەی ناسینی قاسملووەوە سەرنجیان داوەتە مەسەلەی کورد».

قاسملوو ڕێبەرێکی کوردستانی بوو. ئەو هەمیشە پێداگریی لەسەر دوو پرەنسیپی سەرەکی دەکرد کە بریتین لە:

١- دەستێوەرنەدانی حیزبەکانی بەشەکانی کوردستان لە کاروباری نێوخۆیی یەکتر.

٢- یەکگرتوویی و هاوکاری هەموو حیزبە کوردستانییەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستان.

دەستێوەرنەدانی حیزبەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بەم واتایەیە کە قاسملوو بڕوای وابوو کوردی هەرکام لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش

کراوە، باشتر دەتوانن بۆ ئەو بەشە بڕیار بدەن و هەروەها دوکتور قاسملوو بە باشی دەیزانی کە بەبێ یەکگرتوویی، کوردەکان هیچ کات ناتوانن سەربکەون. ئەو بە سەرنجدان بەوە کە مێژووی کوردستانی بەباشی دەزانی، ئاگاداری خاڵی لاوازی کوردان واتە نەبوونی یەکگرتوویی بوو و توانی لە سەردەمی ڕێبەرایەتی خۆیدا لاپەڕەیەکی زێڕین لە یەکگرتوویی کوردەکان تۆمار بکا. دەزانین کە لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی ئەودا چۆن پێشمەرگەکانی دوو حیزبی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانی ئعراق و حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیە، شانبەشانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرەکانی شەڕ بە دژی کۆماری ئیسلامی شەڕیان دەکرد و تەنانەت لەم ڕێگەیشەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە پێشمەرگەکانی ئەو دوو حیزبە شەهید بوون.

ئەم توانایە لەڕادەبەدەری قاسملوو تا ئەمڕۆش لەنێو حیزبە کوردستانییەکانی هیچ یەک لە بەشەکانی کوردستان نابینرێ لەحاڵێکدا قاسملوو ٣٠ ساڵ لەمەوبەر بە ئاسانی ئەم یەکگرتووییە پیرۆزەی نێوان ڕۆڵەکانی کوردی پێک هێنابوو.

قاسملوو لە هەمان کاتدا کە یارمەتی حیزبەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانی دەکرد، هەر لەو کاتیشدا کەڵکی لە پێگە و کەسایەتی خۆی بۆ چارەسەری کێشەی کورد وەردەگرت. بۆ نموونە هەوڵی دەدا مەسەلەی کورد لە ئێراق لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکا و لەم پێوەندییەدا دەتوانرێ ئاماژە بە بە چاوپێکەوتنەکانی هەیئەتی یەکیەتیی نیشتمانی بە ڕێبەرایەتی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ حکوومەتی بەعسی عێراق بە ناوبژیوانی دوکتور قاسملوو بکرێ.

زۆرکەس ڕەخنە لە پێوەندیی حیزبی دێموکرات و خودی دوکتور قاسملوو لەگەڵ حکوومەتی پێشووی عێراق دەگرن، بەڵام بەڵگە و نیشانەکان هەموویان دەرخەری کەسایەتی تەواو سەربەخۆ و بێهاوتای دوکتۆر قاسملوو لە بڕیاردانەکانی لەم پێوەندییەدان.

لەکاتێکدا کە حیزبی بەعسی عێراق شاری هەڵەبجەی بۆمبارانی شیمیایی کرد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی قاسملوو کە ئەوکات لە ناوچە سنوورییەکان جێگیر بوون و خەریکی بەربەرەکانی و خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی بوون، بە توندی ئەم کردەوەیەی دەوڵەتی عێراق و حیزبی بەعسی ئیدانە کرد. کارێک کە لەوانەیە کەمتر حیزب و ڕێکخراوێک لەو سەردەمدا غیرەتی ئەنجامدانیان هەبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەحموود عوسمان سیاسەتمەداری باشووری کوردستان و ئەندامی پەرلەمانی عێراق دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعسی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ دوای ئاشکرابوونی بەڵگەنامەکانی دەزگای زانیاری عێراق دەڵێ:» زۆرکەس وایان دەزانی ئەگەر ڕۆژێک بەڵگەنامەکانی دەزگای زانیاری عێراق ئاشکرا بن، بەڵگەکانی هاوکاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەعس دەبیننەوە! بەڵام ئێستا دەوڵەتی ئێراق نەماوەو هەموو ئەم ئاشکرا بوون، بەڵام شتێک کە لە حیزبی دێموکرات بەدەست کەوتووە، نیشاندەری نەبوونی هاوکاری لەگەڵ بەعسە و تەنانەت لە زۆر بابەتدا حیزبی دێموکرات بەرژەوەندییەکانی خۆی فیدای بەرژەوەندیی کوردەکانی عێراق کردووە و ئەمە شانازییەکی گەورە بۆ هەموو کورد و حیزبی دێموکرات».

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە، کەسایەتیی کوردستانیی و نەتەوەیی دوکتور قاسملوو و ڕۆڵی دیاریکەر و چارەنووس سازی ئەو بۆ هەمووان دەردەکەوێ و بەم هۆیەوە دەتوانرێ نەک وەک ڕێبەری حیزبێک و بەشێکی کوردستان، بەڵکوو وەک ڕێبەرێکی کوردستانی باسی بکرێ.

دەبێ یەکێک لە تاڵترین کۆمێدییەکانی مێژوو بێ کە بکوژانی یەکێک لە بەئەخلاقترین ڕێبەرانی ئازادیخوازیی نەتەوەیەک لەبەر بێئەخلاقییەکانی حیزبی دەسەڵاتداری ئەوکاتی وڵاتێک بەبێ دادگایی کردن و هیچ چەشنە کێشەیەک بۆ وڵاتەکەیان بگەڕێنەوە. لەم پێوەندییەدا وا باشترە ئاماژە بە قسەی خاتوو نەسرینی قاسملوو بکرێکە دەڵێ:» بەرپرسانی ئۆتریشی تەنیا بەئەدەب بوون و تەواو...»

لە بیست و پێنجەمین ساڵڕۆژی تیرۆری کەسێک کە هەمیشە و لە هەر بارودۆخێکدا پابەندی بنەما ئەخلاقییەکان لە خەبات بە دژی دیکتاتۆری ئاخوندی بوو، ڕێز لە یادی بگرین و ئەم جینایەتە دژە مرۆییە مەحکووم بکەین. بە ئاواتی ڕۆژێک کە بکوژانی ئەم ڕێبەرە لە دادگا خەڵکییەکاندا دادگایی بکرێن و بە سزای کردەوکانیان بگەیەندرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چۆن بەرەو یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د.قاسملوو بچین؟

قادر وریا

لە ٢٢ی پووشپەڕی داهاتوو دا(کەمتر لە مانگێکی دیکە) ٢٥ سال بە سەر تیرۆری د.قاسملووو هاوڕێیانی بە دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، رادەبرێ. ٢٢ی پووشپەڕ، ئەو ڕۆژەیە کە د.محەممەد سەدیق کەبوودوەند چەند ساڵ لەمەوبەر لە پەیامێکی تایبەت دا لە بەندیخانەی ئێوینەوە، بە ڕۆژی دژایەتی لە گەڵ تیرۆری دەوڵەتی ناودێری کرد.

لە نیوەی دووهەمی دەیەی ٩٠ی هەتاوییەوە، خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە هیندێک شار و ناوچەکان، بە مانگرتنی گشتی و داخستنی دوکان و بازاڕ، لەم ڕۆژە دا بیزاریی خۆیان لە تیرۆری دەوڵەتی و وەفای خۆیان بۆ ئەم ڕێبەرە شەهیدە پێشان دەدا. بەڵام داموو دەزگای سەرکوتی ڕیژیم، بە کەلکوەرگرتن لە هەڕەشەو سزای جۆراوجۆر، سال بە ساڵ توندتر بەرەوڕووی ئەو خەڵکە دەبوونەوە کە بەشداری ئەو مانگرتنە گشتیە دەبوونو تێچووی ئەم جۆرە نارەزایەتیدەربڕینەیان جاربەجار پتر دەبردە سەر. ساڵانی دواتریش ڕێزگرتن لەو ڕێبەرە شەهیدەو بیزاری دەربڕین لە کۆماری ئیسلامی لە رۆژی تیرۆری ئەو ڕیبەرە کوردە دا، بە شیوەی دیکە دریژەی هەبووە. بەڵام ئاشکرایە شوێنەواری زاڵبوونی سەرکوتوکەشوهەوای ئەمنییەتیی ئێرانی پیوە دیار بووە.

ئەم یادە(تیرۆری د.قاسملوو) هەر تەنیا هی دیموکراتەکان نییەو خەڵکێکی زۆر لە دەرەوەی ئەندامان و لایەنگران و تیکۆشەرانی حیزبی دیموکرات هۆگرو لایەنگری ڕێگاو ئامانجەکان وکەسایەتیی ئەو ڕێبەرە گەورەیەنو هەر لەو کاتە دا،دەیانەوێ لە دەرفەتی گونجاودا کارنامەی تیرۆریستیو سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکەن. هەروەها ئەم ڕۆژەو ئەم یادە لە مێژ ساڵە تیکەڵ بە جۆرێک لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نارەزایەتیدەربڕینی هێمنانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. بۆیە جێی خۆیەتی لە بازنەیەکی گەورەتردا قسە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ساڵانەی ئەم یادە بکرێ ولە بەر ڕووناکاییئەزموون و ئیدەی جۆراوجۆر، کردەییترینو گونجاوترین پێشنیارەکان بۆ چۆنیەتیی بەڕیوەبردنی یادی ٢٥ساڵەی تیرۆری د.قاسملوو ئامادە بکرێ.

شاراوە نییە کە باسکردن لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەم یادە، باری ئەمنیەتیشی هەیە کە بێگومان،رەچاوکردنی پێویستە. بەلام هەر لەو کاتەدا، هەڵسەنگاندنی ئەزموونەکانی ڕابردوو، لێکدانەوەی دروستی بارودۆخی نیوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان، کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر تاکتیکەکانی دەزگای سەرکوتی ڕێژیم، ئالوگۆڕی بیروڕا لە بارەی کەموکوڕییەکانی رابردوو وخستنەرووی ئیدەی داهینەرانەش بەشێکن لە پێویستییەکانی بەڕێوەبردنی سەرکەوتوانەی ئەم یادە.لەم ڕوانگەیەوە، هاوفکری لە نێوان هەموو ئەو کەسانەی گرنگی بەم یادە دەدەن، بە پێویست دەزانم. ورووژاندنی ئەم باسەو هینانەگۆڕی ئەم پرسیارەی سەرەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، یارمەتیمان دەدا کارێک کە پێوەندیی بە ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە هەیە، نەک لە بازنەیەکی بچووک، بەلکوولەبەر رووناکایی باس وبیروراگۆڕینەوەیەکی خەسارناسانە وداهێنەرانە دا، بڕیاری لە سەر بدرێ. بەو هیوایەی بە هاوفکری و هاوبەشیی دلسۆزانەی هەموو ئەو کەسانەی ئەم یادە لای ئەوان،گرنگی و جێگایەکی تایبەتی هەیە، ئەمساڵ بە شێوەیەکی دیارتر، بیرەوەریی ٢٢ی پووشپەڕ لە نێوخۆی ولات دا بەڕێوە ببەین.

جێگای وەبیرهێناوەیە کەسانێک کە پێشنیار و ئیدەیەکی تایبەتیان هەیە و بە هۆی ئەمنیەتی نایانهەوێ لە شوێنی گشتی دا باسی بکەن، دەتوانن بۆ ڕێبەری و ڕێکخستنەکان و راگەیەنەکانی حیزبی دیموکراتی بنێرن تا بە تێبینییەوە باسیان لێ بکرێ و بڕیاریان لە سەر بدرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی جوونی ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بیری لێنین و باخەکانی سەمەرقەند: گەشتێك بەنێو کتێبخانەکەی دوکتور قاسملوودا

ئاسۆی حەسەن زادە

«...ئەمن زۆر هۆگری خوێندنەوەم. هەموو گۆڤارەکان، ڕۆژنامە خاریجی و ئێرانیی‌یەکان لە کوردستان دەخوێنمەوە و زۆریش هۆگری خوێندنەوەی ڕۆمان و کتێبە زانستیی‌یەکانم. بەڵام شێعرم زۆر خۆش دەوێ. لە کوردستان شەوی شێعر پێکدێنین و منیش شێعر دەخوێنمەوە. هۆگری‌یەکی یەکجار زۆرم بە شێعری کلاسیکی ئێران هەیە، بۆ نموونە حافز و سەعدی و خەییام و بابا تاهیری عوریان و فیردەوسی. هەروەها بە شێعری کلاسیکی کوردی بەتایبەتی گۆران کە شاعیری سەدەی بیستەمی کوردستانە و ئەحمەدی خانی کە شاعیری کلاسیکی کوردە. لە شاعیرە نوێیەکان نادر نادرپوور و ئەحمەدی شاملووم بەدڵن و دیوانەکانیانم هەیە. پەروینی ئیعتیسامییشم زۆر خۆش دەوێ و هەست دەکەم شێعرەکانی زۆر لە ژیانی ئێستای من نزیکن.» (دوکتور قاسملوو)

فرانسوا مۆریاک، ئەندامی ئەکادیمیی فەڕانسە و براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیات، دەیگوت «پێم بڵێ چ دەخوێنیەوە تا پێت بڵێم کێی، بەڵام باشترت دەناسم ئەگەر پێم بڵێی چ شتێک لەسەرڕا دەخوێنیەوە».

ناسین و تێگەیشتن لە جەوهەر و ناخی کەسایەتی و بیروباوەڕی مرۆڤە گەورەکان تەنیا بە پشتبەستن بە ریوایەتی ڕەسمیی ژیانیان و وتە و کردەوەی ئاشکرایان نایەتە دی. بەڵکوو دنیا و دیکۆری نێو ژیانی تایبەتیی ئەوان و هەڵسوکەوتیان لەو بەستێنەشدا سەرچاوەیەکی هەرە بەنرخی ئەم دەرک و بەدواداچوونەیە. ڕەهەندێکی گرنگی ئەم دیوە کەمتردیارەی ژیانی کەسایەتی‌یەکان – بەتایبەتی هی ڕێبەرانی سیاسی – بواری خوێندنەوە و موتاڵایە کە بە سەرنجپێدان و لێوردبوونەوەی دەکرێ بە بوارەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرنج و هۆگریی کەسایەتی‌یەکە ئاشنا بین و تا ڕادەیەک بۆمان دەربکەوێ کە لەژێر کاریگەریی کامە بەرهەمە فیکری و ئەدەبی و کامە تێز و لێکۆڵینەوانەدا (تەنانەت ئەگەر لە ئەنجامی رەتکردنەوەشیاندا بووبێ) دەزگای هزر و روانین و شێوازی ئاخاوتن و دەربڕینی کەسایەتی‌یەکە بیچم و نێوەرۆکی وەرگرتوە.

یەک دوو ساڵە لە بەرە بەری ساڵڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا ئەو بیرە و ئەو پرسیارە لە مێشکمدا کەڵکەڵە دەکا کە - هەروەک چۆن گەلانی تری جیهان بۆ سەروەران و سەردارانی خۆیانی دەکەن- ئایا ئێمەش دەتوانین چی بکەین بۆ ئەوەی ئەو شتانەی ئەو ڕێبەرە مەزنە لەدوای خۆی بە یادگار بۆ گەلەکەی بەجێ هێشتوون (لە کتێب و نامە و دەستنووس و فایلە دەنگی و ڕەنگی‌یەکانیڕا بگرە هەتا ئەلبۆم و جلوبەرگ و کەلوپەلە تایبەتی‌یەکانی) بە چەشنێک وەسەریەک بخەینەوە کە لە مەترسیی ژاکان و فەوتان رزگاریان بێ و لە هەلومەرجی لەباردا مووزەیەکیان (بۆ نموونە لە «ئاخرین ماڵی ژیانی» لە قەندیل) لێ دروست بکەین کە هەم ببێتە زیارەتگایەک بۆ هۆگران و ئەویندارانی بیروباوەڕ و ڕێبازەکەی و هەم ئەرشیڤێکی زیندوو بۆ بەردەستی مێژوونووس و لێکۆڵەرانی مەسەلەی کورد. بەشی هەرە زۆری ئەم کەلوپەلە تایبەتی‌یانە لە دەرەوەی وڵاتە (هێندێکیانم لە پاریس دیوە و دڵنیا نیم زۆر باش ڕاگیرابن)، بەشی کەمتریشی لە کوردستانە کە ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کتێبەکانی، لەنێو کتێبخانەیەکی بچووکدا و بە چەشنێک کە شیاوی ئەو یادگارە بەنرخانەیە، لە ژووری کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ڕاگیراون.

لە بیست و پێنج ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا، ئیزنیان پێ دام و ئیزنم بە خۆم دا دەرگای ئەو کتێبخانەیە بکەمەوە و دەست بۆ کتێبەکان بەرم. ساتەکانی دەسپێکی ئەو سەردانە بۆ من پڕ بوو لە هەژان. ئەگەرچی زۆر لەگەڵ تەقەدوسگەرایی نیم، بەڵام بەڕاستی وەک ئەوە وا بوو دەست بۆ کەرەسەیەکی پیرۆز ببەم و پێ بنێمە نێو دیار و دەڤەرێکی ئەفسانەیی، مەملەکەتێک کە لەودا هەستم نەدەکرد میوانێکی نەخوازراوم، بەڵام هەستم بە بچووکی دەکرد. کتێبەکان بۆنی دوکتور قاسملوویان لێ‌دەهات، هەر ئەو کتێبانە بوون کە لە ساڵانی سەختی خەباتی شاخدا، بەدەم هاڕەی تەیارەی دوژمن و هاژەی تاڤگەکانی کوردستانەوە، لەنێو چادر و لەژێر کەپرەکاندا، هاوڕێ و هاودەمی کاتە بە نودرەت ئازاد و ئارامەکانی بوون. دەتگوت گەلەریی مێژوون، ڕەنگی تێپەڕینی ڕۆژگاریان گرتبوو و دیار بوو سێبەری

سەدە و هەزارەیەکی نوێیان بەسەردا کشاوە. پڕ بوون لە سەرەقەڵەمی خۆی و دەسخەتی ئەو نووسەرانەی کتێبەکانیان پێشکەش کردبوو. «تاریکستانی ئەشباح» نەبوو ئەو کتێبخانەیە، چراخانی ئەڕواحی گەش و رووناک بوو.

یەکەم کتێب کە سەرنجی راکێشام کتێبێکی ئینگلیسی بوو سەبارەت بە خودی هونەری کتێبخانەداری کە کۆمەڵێک وتاری ڤیلادیمیر ئیلیچ لینین-ی سەبارەت بە گرنگیی پەرەپێدانی فەرهەنگی کتێبخوێندنەوە و سیستمی رێکخستنی کتێبخانەکان لە یەکێتیی سۆڤییەت لە خۆ گرتبوو. دەمودەست کەوتمەوە یادی ئەو بەیانییە بەهاری‌یەی قەندیل کاتێک دوکتور قاسملوو لە ماڵی عەبدوڵڵای حەسەن زادە چاوی لە کتێبخانەکەی ناوبراو دەکرد و حەسەن زادە بە ئیشارە بە من گوتی «ئەوەش کتێبخانەدارەکەمە!». دوکتور قاسملووش لە وەڵامدا گوتی: «کتێبخانەداری عیلمە!». ئەوکاتە بۆم پرسیار بوو کە چۆن دەکرێ کارێکی «سادە»ی وەک کتێبخانەداری عیلم بێ و نەمدەزانی لە دنیای پێشکەوتوودا کتێبخانەداری یەکێک لە دیسیپلینە ئەکادیمی و زانستی‌یەکانە.

گەشتێک بەنێو کتێبخانەکەی دوکتور قاسملوودا وێستگە یەک لەدوای یەکەکانی ژیان و خەباتی ئەومان بیر دەخاتەوە و زۆر شتی تازەمان لەبارەی کەسایەتی و بیروباوەڕی ئەو پیاوە سیاسی‌یە کە کتێب خوێنەوەیەکی بەبڕشتیش بوو فێر دەکا. هەڵوەستەی ورد و وەردانەوەی بەلەباریی کتێبەکان کۆمەڵێک نیشانەمان سەبارەت بەرەگ و ریشەی بیرۆکەکانی قاسملوو، و بە هەوێنی خەون و خولیا و نیگەرانی و هیواکانی دەخاتە دەست. نیشانەگەلێک کە بۆ ئەوە دەبن لەگەڵ زانیاری‌یەکانی دیکەی پێوەندیدار بە رابردوو و روانگەکانی قاسملوو لە تەنیشت یەک دابنرێن و لە ساغکردنەوەی پازڵی دیاردەی قاسملوودا کەڵکیان لێوەربگیرێ.

دیارە ئەم کەڵکوەرگرتنە پێویستە زۆر بەپارێزەوە ئەنجام بدرێ چونکە هەرچەشنە ئاکامگیری‌یەکی رەها لەبارەی کاریگەریی تەکتەکی کتێبەکانی نێو ئەم کتێبخانەیە لەسەر دوکتور قاسملوو لەجیاتی ئەوەی شوێنهەڵگر بێ دەتوانێ شوێنونکەر بێ و بە هەڵەماندا ببا، بەتایبەتی ئەگەر ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە دوکتور قاسملوو رێبەر و سیاسەتمەدارێکی کردەوەگەرا و واقیعەتبین و خاوەنخوێندنەوەی تایبەت بەخۆی لە رووداو و دیاردەکان بوو و قەت نەدەچووە ژێر باری گوتاری زاڵ و خانەبەندی‌یە تیئۆری‌یە پێشترداڕێژراوەکان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنانەت بڕیاردان لەسەر ئەوە کە هەموو کتێبەکان مسۆگەر هەڵبژاردەی خۆی یا جێگای سەرنج و هۆگریی خۆی بووبن، هەمیشە کارێکی ئاسان نیە. خاڵێکی سەرنجڕاکێش و هەژێنەر سەبارەت بە ساغکردنەوەی پێوەندیی دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەو کتێبانە ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی دوکتور سادقی شەرەفکەندی جێگرەوە و لەڕووی سیاسی و حیزبی‌یەوە میراتگری دوکتور قاسملوو بوو، بەوێنەی سەفەری ژیان و خەبات و گۆڕغەریبیی پێرلاشێزیان، کتێبەکانی نێو کتێبخانەکانیشیان دەستەملانی یەکتر بوون و زۆر جار دەبینین کە کتێبێکی ئەمیان لە نێو کتێبخانەکەی ئەویان‌دا ئارامی گرتوە و نەگەڕاوەتەوە شوێنی خۆی. هەروەها هەژێنەرە کە جارجارە لەو کتێبخانەیەدا تووشی کتێبی وا دەبین کە لەپاش مەرگی دوکتور قاسملوو و لەپێوەندی لەگەڵ ئۆدیسەی ژیانی قاسملوودا نووسراون، وەک بۆ نموونە نامیلکەی فەڕانسەیی «دوکتور قاسملوو، پیاوی ئاشتی و دیالۆگ» یا نوسخەی ئیسپانیۆلیی کتێبەکەی کارۆل پرۆنهووبێر، بەناوی «خولیا و مەرگی رەحمانی کورد».

سەبارەت بە کتێبەکانی دوکتور قاسملوو و ئامرازی دەست‌نیشانکردنی رادەی گرنگی‌یان هێندێک نیشانە هەن کە دەتوانن یارمەتیدەر بن. بەشێک لە بەرهەمەکان رێچکە و شوێنەواریان بە ڕوونی لە قسەکانی دوکتور قاسملوودا وەبەرچاو دەکەوێ، لە نووسینەکانی‌دا بۆخۆی راستەوخۆ وەک سەرچاوە کەڵکی لێ‌وەرگرتوون، یا لە کۆڕی دۆستان و هاوڕێیانی‌دا زۆر جار ئاماژەی پێ‌دەکردن. پێوەندیی نێوان کتێبەکان و دوکتور قاسملوو و کاریگەری‌یان لەسەر بیر و خەیاڵی، بێگومان لەو حاڵەتانەش‌دا ئاسانتر دەدۆزرێتەوە کە لەلایەن نووسەرەکانەوە پێشکەشی کراون یان قەدیان شکاوە و جار جارە و لێر و لەوێ سەرەقەڵەمێکی دوکتور قاسملوویان تێدا بەجێ ماوە. زۆر لە کتێبەکان لەسەر بنەمای تێگەیشتنێک کە دۆستانی دوکتور قاسملوو بەتایبەتی دۆستە بێگانەکانی لە بوارەکانی مەوریدی عەلاقەی دوکتور قاسملوو بوویانە، بۆ وی نێردراون. لەنێو هەموو کتێبەکانیش‌دا بەنرخترینیان لەڕووی بایەخی عاتیفی و مێژوویی‌یەوە ئەوانەن کە وەختی خۆی دوکتور قاسملوو بۆخۆی دابین و نیشانەی کردوون. ئەو عادەتی بوو لە لاپەڕەی پێش کۆتایی ئەو کتێبانەدا کە بۆی گرنگ بوون و هی خودی خۆی بوون بە لاتینی و بە خەتێک کە کەمێک وەک خەتی تەبیبەکان دەچێ دەی‌نووسی «رەحمان»، خەتێکی بەژێردا دەکێشا و لەخوارەوەی ئەو خەتەش رێکەوتی رۆژەکەی دەنووسی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ ئەوەدا کە بەهۆی هەلومەرجی سەختی خەبات و راگوێزرانی بەردەوامی بنکەی سەرکردایەتیی حیزب و دژواریی دەستڕاگەیشتن بە کتێب و سەرچاوەکان لەو سەردەمەدا، ژمارەی سەرجەم کتێبەکان زۆر نیە (کەمتر لە پێنج سەت جلد کتێب)، هەر لە یەکەم روانیندا دەوڵەمەندیی کتێبخانەکە چ لەڕووی زمان و کات و شوێنی چاپی کتێبەکان و چ لەڕووی جۆراوجۆریی بوار و بابەتەکانەوە سەرنج رادەکێشێ. بەڵام مەسەلەیەکی گرنگ کە لە هەڵسەنگاندنی ئەو کتێبخانەیەدا دەبێ لەبەرچاوی بگرین ئەوەیە کە ئەو کتێبخانەیە تەعبیر نەک لە هەموو ژیانی فیکریی دوکتور قاسملوو، بەڵکوو تەنیا تەعبیر لە دە ساڵی کۆتایی ژیانی دەکا، ئەگەرچی زۆر کتێبیشی تێدان (بەتایبەتی لەبواری مێژوویی و هزری‌دا) کە پاش شەڕی دووەمی جیهانی چاپ کراون یان لە شەستەکانی زایینی‌دا ئەودەم کە دوکتور قاسملوو لە پراگ دەژیا یا لە حەفتاکان‌دا کاتێک لە پاریس بوو، دابینی کردوون. چاوخشاندنێک بەو کتێبە دێرینانەی دوکتور قاسملوو لەگەڵ خۆی هێناونیەوە کوردستان و بەگشتی بەسەرجەم کتێبەکان، دوو ئاکامگیریی مانابەخشمان لەبواری ئامارگیری و پۆلێنی کتێبەکان‌دا دەداتە دەست:

**یەکەم؛** لەگەڵ ئەوەدا کە دوکتور قاسملوو بە پلەی جیاواز شارەزای نزیک بە دە زمانی زیندووی جیهانی بەتایبەتی رووسی و زمانە سلاڤەکان بوو، زیاتر لە حەفتا لە سەدی کتێبەکانی بە زمانی فەڕانسەیین. سەرنجڕاکێشە کە بزانین تەنانەت کتێبەکانی پێوەندیدار بە مارکسیسزم- لێنینیزمیش کە دوکتور قاسملوو لە گەنجیتی‌دا بۆخۆی دابین کردوون و رای‌گرتوون، زۆربەیان بە زمانی فەڕانسەیین. لەنێو زمانەکانی دیکەدا کوردی و فارسی بە پلەی دووەم، زمانە سلاڤەکان بە پلەی سێهەم، ئینگلیزی بە پلەی چوارەم، عەرەبی و ئەڵمانی بە پلەی پێنجەم دێن و تاق‌ولۆقیش کتێب بە زمانی تورکی وەبەرچاو دەکەوێ. هۆی باڵادەستیی زمانی فەڕانسەیی لەم کتێبخانەیەدا تەنیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە لەو ساڵانەدا کە ئەو کتێبخانەیە شکڵی گرتوە زۆربەی ئەو بیانی‌یانەی چ بەمەبەستی رۆژنامەوانی و چ بەتایبەتی بۆ یارمەتی‌دانی پزیشکی و ئینسانی سەردانی کوردستانیان کردووە فەڕانسەیی بوون یا ئەوە کە فەڕانسە وێستگەی یەکەم و سەرەکیی سەفەرەکانی دوکتور قاسملوو بۆ دەرەوەی وڵات بوو. بەڵکوو ئەو مەسەلەیە پێش هەموو شتێک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر لە بنەڕەت‌ڕا زمانی فەڕانسەیی لە دنیای مەعریفیی دوکتور قاسملوودا جێگەی یەکەم یا هەر نەبێ ریزی یەکەمی هەبوو. کاریگەریی زمانی فەڕانسەیی بەسەر زمانی بیرکردنەوەو ئاخاوتنی دوکتور قاسملووەوە تەنانەت ئەو کاتەی بە کوردی یا بە فارسییش قسەی دەکرد بە ڕوونی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیار بوو، ئەگەرچی ئەو کاریگەرییە نەدەگەیشتە رادەی کاریگەریی هەمان زمان لەسەر میکانیزمی بیر و دەربڕینی دوکتور شەرەفکەندی و زانستی کەلامی دوکتور قاسملوو شوێنەواری رەوانبێژییانەی زیاتر لە زمانێکی سەرەکیی پێوە دیار بوو.

**دووەم،** لەگەڵ ئەوەدا کە بواری پسپۆڕیی ئەکادیمیی دوکتور قاسملوو ئابووری بوو، بە تاقولۆق کتێبێک لەو کتێبخانەیەدا هەڵدەکەوێ کە پێوەندیی بە زانستی ئابوورییەوە هەبێ (بۆ نموونە یەک لەو تەنیا دوو کتێبە تورکییەی باسی ئابووریی کوردستانی تورکیە دەکا یان چاپی تورکیی نامیلکەکەیەکی خۆی سەبارەت بە کوردستانی ئێران کە بە یادداشت و سەرەقەڵەمەکانی نێوەوەیڕا دیارە دوکتور قاسملوو زۆر لە چاپ و وەرگێڕانەکە رازی نیە). لەلایەکی دیکەوە، ئەگەرچی دوکتور قاسملوو لەڕووی تیئۆری و فەلسەفەی سیاسییەوە هۆگر و هەڵگری چەمکە هزرییەکان بەتایبەتی لە مەکتەبی مارکسیستیدا بوو، کەچی کتێبە فیکری و ئیدئۆلۆژیکەکان کەمترین جێگەیان لەو کتێبخانەیەدا بەنسیب بووە و بە پەنجەکانی دوو دەست دەژمێردرێن.

زۆربەی هەرە زۆری کتێبەکان پێوەندییان بە مەسایلی ژێئۆپۆلیتیک و سیاسەتی دەرەوە و ململانەی زلهێزەکان و کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە هەیە. کەموکوڕییەکانی سۆسیالیزمی مەوجوود و پێویستیی ریفۆرم، ئەحزابی چەپی دنیا و سۆسیال دێموکڕاسی، مێژووی جیهان بەتایبەتی ئینقلابەکان، بیۆگرافی و بیرەوەرییەکانی سیاسەتمەدارانی ناسراو، کێشە و پێوەندییەکانی جیهانی سێهەم، رۆژهەڵاتناسی و مێژووی ئێران، کوردۆلۆژی، مافی مرۆڤ، تێرۆریزم، خەباتی پارتیزانی و تاکتیکە نیزامییەکان بوارەکانی دیکەی کتێبەکانی نێو ئەم کتێبخانەیە پێک دێنن. بێگومان لەو کتێبخانەیەدا ژمارەیەکی زۆر کتێب و بەرهەمی ئەدەبیش (چ لەبواری رۆمان و شێعری بێگانە بەتایبەتی فەڕانسەیی و چ لەپێوەندی لەگەڵ زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا) وەبەرچاو دەکەون. هەروەها سەرنجڕاکێشە کە بزانین لە تەواوی ئەو کتێبخانەیەدا تەنیا یەک دانە کتێب لەپێوەندی لەگەڵ ئایین و ئایینناسیدا هەیە کە ئەویش پێوەندیی بە تیئۆلۆژیی رزگاریی مرۆڤەوە هەیە.

هەمووی ئەمە بە مانای بێمەیلی و گرینگینەدانی چیدیکەی دوکتور قاسملوو بە پسپۆڕییە ئەکادیمییەکەی خۆی و بەگشتی بە بواری فیکر و تیئۆری نیە. بەڵکوو مانای ئەوەیە کە کتێبخانەکەی ساڵانی دوایی ژیانی دوکتور قاسملوو رەنگدانەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەلومەرجی سیاسیی ئەوکات و پێویستی‌یە مەعریفی‌یەکانی ئەو لەو سەردەمەدا بووە. ئەو کتێبخانەیە کتێبخانەی عەمەلیی سیاسەتمەدارێکی عەمەلگەرایە کە لەو دوایین قۆناغەی ژیان و خەباتی‌دا کە قۆناغی هەرە پڕشنگدار و درەوشاوەی بوو، ئەوەندەی سەرنجی دەدایە پرسەکانی بواری سیاسەتی واقیعی و خەباتی بەکردەوە، ئەوەندە خۆی بە بابەتە سیرفەن فیکری و تیئۆری‌یەکانەوە خەریک نەدەکرد.

سەبارەت بە نێوەرۆکی کتێبەکانی هەر کام لەو بوارانەی باس کران، لەگەڵ ئەوەدا کە کتێبەکانی نێو ئەم کتێبخانەیە بەپێی بوار و بابەت پۆلێن و ڕەدیف نەکراون، بەڵام دەتوانین بۆ مەبەستەکانی ئەم وتارە کتێبەکانی هەرکام لە بوارە ئاماژەپێکراوەکان وەسەریەک بخەینەوە و نموونەی ماناداریان لێ بێنینەوە.

هەروەک باسمان کرد و ئاماژەمان بە هۆکارەکەشی کرد، ژمارەی ئەو کتێبانەی نێو ئەم کتێبخانەیە کە نێوەرۆکێکی تەنیا هزری و ئیدئۆلۆژیکیان هەیە لەچاو ئەوە کە دەکرێ زائیرێک پێش کردنەوەی دەرگای کتێبخانەکە پێی وابێ، یەکجار زۆر کەمە. لێرەدا یەک دوو کتێبی بیرمەندی لیبراڵ و نەیاری سەرسەختی تۆتالیتاریسم، ڕێمۆن ئارۆن (وەک «پەنجا ساڵ بیرکردنەوەی سیاسی»یەکەی و دوایین بەرهەمە تەواونەکراوەکەی ژیانی لەسەر ئەزموونی کۆتایی سەدە) - هەر ئەو کەسە کە لەو شوێنەدا کە مارکس ئایینی بە «ئەفیۆنی خەڵک» لە قەڵەم دەدا، ئەو مارکسیسزمی بە ئەفیۆنی ڕووناکبیران دەزانی - لەگەڵ کۆمەڵێک کتێبی پێوەندیدار بە پرەنسیپەکانی مارکسیزم - لێنینیزم کە پاش شەڕی دووەمی جیهانی بە زمانی فەڕانسەیی لە پێکەن چاپ کراون (وەک «دەوڵەت و ئینقلاب» و «ئابووری و سیاسەت لە سەردەمی دیکتاتۆریی پرۆلتاریادا»ی لێنین و «پرەنسیپەکانی کۆمۆنیزم»ی ئێنگلس و «ئەنترناسیۆنالی چوارەم»ی ترۆتسکی) تێکەڵی یەکدی بوون. هەر لەو بوارەدا کۆمەڵێک سەرچاوە کە لە ڕۆڵی فاکتەری نەژادی و جێگە و پێگەی نەتەوە لە تیئۆریی مارکسیستی‌دا دەکۆڵنەوە (بۆ نموونە توێژینەوەکانی ئامادۆ بۆردیگا و فرانسوا ماسپێرۆ)، هەروەها هێندێک سەرچاوە کە سەرنج دەدەنە مەرام و ڕوانگەکانی مارکسیستەکانی جیهانی سێهەم (بۆ نموونە گۆڤارێکی مارکسیستەکانی ئەفریقا و ڕاپۆرتێک سەبارەت بە فێستیڤاڵی جیهانیی لاوان لە دیدی وەفدی ڕێکخراوەکانی وڵاتانی دۆستەوە) سەرنج ڕادەکێشن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام ئەوەی لەو بوارەدا باڵادەستە نەک لایەنی تیئۆریی مارکسیسیزم - لینیزم، بەڵکوو لایەنە عەمەلی و مەیدانی‌یەکەی وەدی‌هێنان و جێبەجێ‌کردنی ئەو بیروباوەڕە و واقیعییەتی سیستمی کۆمۆنیستی لە سەدەی بیستەمدایە. زۆربەی بەرهەمەکانی پێوەندیدار بەو پرسەش لەو کتێبخانەیەدا ئامانجیان ئەوەیە کە وێڕای شیکردنەوەی سیستمی سیاسی و ئابووریی یەکێتیی سۆڤیەت، سەبارەت بە نیشانەکانی ڕزین و هۆکارەکانی زەواڵی سۆسیالیزمی مەوجوود هۆشیاری بدەنە خوێنەر. لێرەدا بۆ نموونە ئەم تیترانەمان دێتە بەرچاو: «دەسەڵاتی قەبزەکراو لە یەکێتیی سۆڤیەت» لە نووسینی هێلێن کارێر دانکۆس، «مافیا لە شووڕەوی» لە نووسینی ڤێرژینی کوولۆدۆن، یا «نامەکانی میخائیل یەفیمۆڤ» سەبارەت بە دۆخی خراپی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا. بێگومان بەشێک لە سەرچاوەکانی ئەم هۆشیاری‌یە مێژوویی‌یە کە دوکتور قاسملوو لە ناوچەی ئێمەدا یەکەم و تا ماوەیەکی زۆر تاقانە ڕێبەری سیاسی بوو ئازایەتیی ئەوەی هەبێ ئاکامگیریی بەکردەوەی لێ‌وەربگرێ، سەرچاوەی ڕەسمیی خودی دەسەڵاتی سۆڤیەتین، لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەتەوە لە ساڵی ١٩٥٦ (کە لەودا فاسیلەگرتنی خرۆشچۆف لەگەڵ ستالینیزم ئەفسانەی «هەرگیز هەڵەنەکردنی سۆسیالیزمی عیلمی وەک وەڵامی موعەممای تاریخ»ی تێک شکاند) ڕا بگرە تا ریفۆرمخوازی‌یە چارەنووس‌سازەکەی گۆرباچۆف -»پێرێسترۆیکا، روانینێکی نوێ لە وڵاتەکەمان و لە جیهان» (چەندین نوسخەی هەمان چاپ لە کتێبخانەکەدا هەیە)- و بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی نوێنەرانی گەلی سۆڤیەتی لە ١٩٨٩ کە ناوبراو وەک ئامرازێکی نیهادی بۆ شەرعیەت‌پێدان و جێبەجێ‌کردنی پرۆژە ریفۆرمیستی‌یەکەی خۆی دروستی کردبوو.

ئەگەر کتێبخانەدارێک لە چەشنی ئەوە کە دوکتور قاسملوو لە بەیانییە بەهاری‌یەکەی قەندیل لە نەزەری‌دا بوو کتێبەکانی نێو ئەم کتێبخانەیە ڕێک بخاتەوە، پاش ریزکردنی سەرچاوەکانی سەرەوە، بەشێوەیەکی لۆژیکی ئەو کتێبانە دادەنێ کە باسی ئەلترناتیڤە مەوجوودەکەی دیکەی رۆئیای یەکسانیی مرۆڤ لەو سەردەمەدا دەکەن. لەکتێبخانەی ئەو پیاوەدا کە لە جەرگەی خەباتی قورسی چەکداری‌دا حازر بوو بۆ چەسپاندنی «سۆسیالیزمی دێموکراتیک» لە پرۆگرامی حیزبەکەی‌دا تێچووی گەورەی تەشکیلاتی تەحەممول بکا، کۆمەڵێک سەرچاوەی خوێندراوە و کارلەسەرکراو سەبارەت بە «ئۆرۆکۆمۆنیزم» (کۆمۆنیزمی ئورووپایی) و ئەزموونی سۆسیالیست و سۆسیال


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیموکراتەکانی بلۆکی ڕۆژئاوا (بۆ نموونە کتێبێکی کارل کۆرش دامەزرێنەری مارکسیسزمی ڕۆژئاوایی و کتێبێکی سانتیاگۆ کاریلۆ سکرتێری گشتیی پارتی کۆمونیستی ئیسپانیا) سەرنج ڕادەکێشن. دیارە لەو نێوەدا پرۆژەی سۆسیالیستەکانی فەڕانسە لە هەشتاکاندا و باسوخواسەکانی نێو کۆنگرەکانی پارتی سۆسیالیستی فەڕانسە (بەتایبەتی کۆنگرەی «ئێپینەی» کە کۆنگرەی یەکگرتنی بەرەی چەپ لە فەڕانسە و سەکۆی سەرکردایەتیی فرانسوا میتران بوو) جێگایەکی دیارتریان هەیە. چڵەپۆپەی ئەم کۆمەڵە سەرچاوەیەش ئەو کتێبانەی نێو کتێبخانەکەن کە لە ڕێگەی شیکردنەوەی سیستمی پارێزگاریی کۆمەڵایەتی لە ئورووپای کاپیتالیستی و دەوڵەتی ڕیفاهی لە سکاندیناڤییەوە پۆتانسیەل و سنوورەکانی سۆسیال‌دیموکراسی دەخەنە ڕوو.

بە هۆگری و هەگبەیەکەوە کە دوکتور قاسملوو لەبواری مێژوودا هەیبوو، سروشتییە کە کتێبەکانی ئەم بوارە جێگەیەکی گرنگیان لە کتێبخانەکەیدا بۆخۆیان داگرتبێ. لێرەدا مێژووی نوێی جیهان بە قەڵەمی هەریەک لە ڤیکتۆر ئالێکساندرۆڤ و مارک فێرۆ و جەواهێر لەعل نێهرۆ دیدێکی بەستێن‌ناسانە و تەنانەت دەروون‌ناسانەی سیاسی بۆ مێژوومان دەدەنە دەست. هەروەها مێژووی ئینقلابەکانی جیهان بەتایبەتی ئینقلابی فەڕانسە سەرنج ڕادەکێشن. لە کتێبێکی ئالبێرت سابوول‌دا لەو بارەوە هەموو ئەو شوێنانەی کتێبەکە کە باسی هەڵوێستی هێزە نەریتی‌یەکانی کۆمەڵگای ئەودەمی فەڕانسە بەتایبەتی کلیسا و ئەشرافیەت لە کاتی شۆڕشی فەڕانسەدا دەکەن بە قەڵەم (میداد)ێکی کاڵ خەتیان لەبن کێشراوە و ئیشارە کراون. هەر لە فەڕانسە، سەبارەت بە ڕاپەڕینی مانگی مای ١٩٦٨ی ئەو وڵاتە کە لەسەر بەستێنێکی سیاسی - ئابووری و لەڕاستی‌دا بەدژی کۆمەڵگای نەریتی و بۆ ئازادیی زیاتر و شل‌بوونەوەی کۆت و بەندە کۆمەڵایەتی‌یەکان بەڕێوە چوو، چەند سەرچاوەیەک لەو کتێبخانەیەدا دەبینرێ. لەسەر شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێرانیش چەند کتێبێک سەبارەت بەو ئینقلابە لەدیدی ئورووپایی‌یەکانەوە وەک کتێبی «خومەینی، ئینقلابی خیانەت‌پێکراو» لە نووسینی ژان پیەر پیشار و کریستیان دۆلانوا دەبینرێ.

هەر لەبواری مێژوویی‌دا زۆر بیۆگرافی و ئۆتۆبیۆگرافیی کەسایەتی‌یە سیاسی‌یە ناودارەکانی جیهان لە کتێبخانەکەی د. قاسملوودا وەبەر چاو دەکەون. لێرەدا ژیان و بەسەرهاتی ستالین و تیتۆ و چەند جلد داستانی ژیانی مووسۆلینی بە قەڵەمی ئاندرێ بریسۆ کە خاتوونێکی ئێرانی بەناوی پەریچێهری سابیتی «بە ئاواتی سەرکەوتنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەباتی گەلی کورد و رزگاریی میللەتی ئێران لەم رۆژگارە تاڵ و خەمناکەی» پێشکەش بە دوکتور قاسملوو کردوە لەگەڵ بیرەوەرییەکانی مارشاڵ ڤاسیلیفسکی قارەمانی شەڕی ستالینگراد و بیرەوەرییەکانی هێنری کیسینجێر بوونە ماڵاوسێی یەکتر. بەڵام دیسان فەڕانسە بەشی شێری وەبەر کەوتوە : جگە لە بیۆگرافی و بیرەوەرییەکانی ژەنراڵ دوگۆل و فرانسوا میتران (بە قەڵەمی خۆی لەژێر ناوی «مێشەنگوین و ئەندازیار» کە مانیفێستی وی بۆ فەتحی دەسەڵات لەپێناوی وەدیهێنانی ئیدئالەکان و لەسەر بنەمای بیروباوەڕە)، هێندێک لە سەرچاوەکان باسی ژیان و خەباتی کەسانی لە ناوچەی ئێمەدا کەمتر ناسراو دەکەن، وەک ژۆرژ کلێمانسۆ سەرۆک وەزیری سەرەتای سەدەی بیستی فەڕانسە کە سەرسەختانە داکۆکیی لە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت کردبوو و لە کۆمەڵگای دژە یەهوودیی ئەوسادا ئازایانە داکۆکیی لە کاپتن دریفووزی بە رەگەز جوولەکە کردبوو کە بە ناهەق تۆمەتبار کرابوو کە خیانەتی بە وڵات کردوە، هەروەها پیەر مەندێس فرانس گەورە سیمای کۆمارەکانی سێهەم و چوارەمی فەڕانسە کە وڵاتەکەی لە ڤیەتنام هێنابووە دەر. ئەم کتێبە کە پزیشکێکی فەڕانسەیی بەناوی رۆنی رووزۆ لەبری پێشکەشی بە فەڕانسەوی لەسەری نووسیوە «خۆڕاگری.. خۆڕاگری.. خۆڕاگری!» و ئادرەس و ژمارە تەلەفونی خۆی لە مارسەی بۆ بەجێ هێشتوە، یەکێک لەو ئاخرین کتێبانەیە کە دوکتور قاسملوو خستوونیەتە نێو کتێبخانەکەیەوە.

بەڵام هەژێنەرترین و رەنگە بەنرخترین کتێبی ئەم بەشە کتێبێکە بەناوی «پیاوێکی جیاواز» بە قەڵەمی ژیل پێرۆ کە بەسەرهاتی هانری کوریەل دەگێڕێتەوە کە خەباتگێڕێکی جوولەکەی کۆمۆنیست و لایەنگری جیهانی سێهەم بوو و لە هێندێک وڵاتی عەرەبی وەک میسر و ئەلجەزایر نەخشی داکۆکیکارانە لە گەلانی ژێردەستەی نواندبوو. هانری کوریەل کە لە سەردەمێکدا کە کەس بیری لە شتی وا نەدەکردەوە هەوڵی دەدا فەلەستینییەکان و ئیسرائیلییەکان پێک بێنێ هەتا کێشەی خۆیان لەڕێگەی ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکەن، ساڵی ١٩٧٨ لە پاریس تیرۆر کرا. کاتێک رۆژهەڵاتناس و کورددۆستی فەڕانسەیی مەدام جۆیس بلۆ لەسەر ئەم کتێبەی دەنووسی: «پێشکەش بە عەبدولڕەحمان، لەگەڵ سۆز و لایەنگریی سەرسەختانەم بۆ خەباتی پیرۆزی»، بێگومان فکری بۆ ئەوە نەدەچوو کە رۆژێک چوار سەت کیلۆمیتر ئەولاتر دوکتور قاسملووش هەر بەدەم خەونی ئاشتییەوە تیرۆر دەکرێ..

کێشەکانی جیهانی سێهەم تەوەرێکی دیکەی خوێندنەوەکانی دوکتور قاسملوو بووە. ئەگەر بەشێک لە بەرهەمەکانی ئەم تەوەرە سەرنج دەدەنە دڕدۆنگی و نایەکسانییەکانی نێوان وڵاتانی شومال و وڵاتانی جنووب (بۆ نموونە کۆمەڵێک سەرچاوە سەبارەت بە بزووتنەوەی وڵاتانی بێلایەن، گۆڤاری فەڕانسەیی «دوو جیهانەکە» یان کتێبی «بێزاریی مەینەتبەشان لە نەزمی جیهانی» لە نووسینی ژان زیگلەر سیاسەتمەدار و کۆمەڵناسی بەناوبانگی سویسی و لایەنگری بەجیهانیبوونێکی دیکە)، ئەوانەی دی زۆرتر باسی نالێکی و دینامیزمە نێوخۆییەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم دەکەن کە لێرەدا سەبارەت بە دنیای عەرەب و ئەگەری شۆڕش و نوێبوونەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرهەمی نووسەرانی وەک محەممەد حوسێن هەیکەل و سەبارەت بە ئەفغانستانیش کۆمەڵێک سەرچاوەی وەک چەند ژمارەی تایبەتیی «گۆڤاری سەردەمە تازەکان»ی ژان پۆل سارتر و کتێبی «لە قەفەسی ورچدا»ی ڕۆژنامەوانی فەڕانسەیی بەبارمتەگیراو لە ئەفغانستان ژاک ئابووشار دەبینرێن. ئەمریکای لاتینیش لەنێو ئەو کتێبانەدا جێگەیەکی دیاری هەیە، بۆ نموونە کتێبی «ڕەگە هەڵدڕاوەکانی ئەمریکای لاتین» ی ئێدوارد گالیانا و «گڕکانی نیکاراگوا» کە خاتوونی ڕۆژنامەوان گلۆریاتۆنیا هێنریکیز (کە لەگەڵ کارۆل پرۆنهووبێر لە یەک دەوراندا د. قاسملوویان ناسیوە) بە دوو زمانی ئیسپانیایی و فەڕانسەیی لەسەری نووسیوە «بەڕێز قاسملوو! خەباتی گەلان بۆ ڕزگاری سنوور ناناسێ، مەگەر نا؟!».

بوارێکی دیکەی زۆر بەرجەستە لەنێو کتێبەکانی دوکتور قاسملوودا ڕۆژهەڵاتناسییە. دوکتور قاسملوو جیا لەوە کە پێوەندیی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسانی ناسراوی جیهان هەبوو و ئەوەشی کردبووە بەستێنێک بۆ ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی فەرهەنگییانی دنیای دەرەوە بۆ لای مەسەلەی کورد، بۆخۆیشی لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی زایینیدا لە ئەنستیتووی زمان و شارستانییە ڕۆژهەڵاتییەکانی پاریس مامۆستا بوو و بوونی چەند ژمارەیەک لە بوڵتەنەکانی ئەو ئەنستیتوویە لەنێو کتێبخانەکەدا ئەو دەورەیە لە ژیانی ئەکادیمی و فەرهەنگیی دوکتور قاسملوومان وەبیر دێنێتەوە. لێرەدا هەروەها زۆر کتێب و سەرچاوە سەبارەت بە ئێران و ئێرانناسی و بەتایبەت خولیای فەڕانسەییەکان بۆ ئیسفەهان دەبینرێ (بۆ نموونە «بەرەو ئیسفەهان»ی پیەر لۆتی و «ئیبن سینا یا ڕێگای ئیسفەهان»ی ژیلبێر سینۆوێ).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام زۆربەی بەرهەمەکان لێرەدا کوردۆلۆژی بە زمانەکانی بیانی بەتایبەتی فەڕانسەیی دەگرنەوە. لەسەر کتێبەکەی کریس کۆچێرا (بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد)، ئەدیبی کوردی تورکیە، مەمۆ یەتکین کە بەپێی زانیاری‌یەکانی کاک حەسەنی قازی لەو سەردەمەدا کە لە لەهستان ژیاوە د. قاسملووی ناسیوە و لەبواری کوردۆلۆژی‌دا خاوەنی کتێبخانەیەکی بەنرخە، ساڵێک پێش شۆڕشی گەلانی ئێران بە رێنووسی لاتینی بۆ د. قاسملووی نووسیوە «بوهار هاتیە سەر چیایێ وەلاتێ من. تو مامۆستایێ من، کال و کەکێ من! ل سەر وێ چیای گولەکی.. هێڤیدارم کو بوهارێ دێ درێژ و شاد ببە بۆ گەلێ مەی کورد». تێزەکەی عیسمەت شەریف وانلی لەسەر کوردستانی عیراق، بیرەوەری‌یەکانی نورەددین زازا، کۆمەڵێک دەقی ئەدەبی و فۆلکلۆریی کوردی هەڵبژاردەی جۆیس بلۆ لەژێر ناوی «بیرەوەریی کوردستان»، سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی کە مامۆستای نەمر سەعید ناکام پێشکەشی د. قاسملووی کردووە، شەڕەفنامە، کتێبەکەی حەسەن ئەرفەع لەسەر مێژووی کوردەکان کە دوکتور قاسملوو لە «چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی»دا لەریزی ئەو دەگمەن سەرچاوانەدا کە لە کۆتایی کتێبەکەدا ریزی کردوون ناوی بردوە، و نامیلکەیەک بە زمانی تورکی لەسەر کوردستانی ئێران لە نووسینی خودی د. قاسملوو کە ناوبراو لە زۆر شوێن ئیشارەی پرسیار و پەراوێزی بۆ نووسیوە و وێ ناچێ زۆر لە چاپ و تەرجەمەکە رازی بێ، لەو کتێب و سەرچاوانەن کە لەو بەشەدا دەبینرێن.

هەر لێرەدا کتێبێکی فەڕانسەیی لە نووسینی کریستیان مۆر بەناوی «کوردەکانی ئەمڕۆ» لەو بارەوە سەرنج رادەکێشێ کە بەرگەکەی بریتی‌یە لە نیگارێکی دەستی کە لەودا د. قاسملوو بە جلوبەرگ و جەمەدانەی کوردی‌یەوە لەپێش گوندێکی کوردستان راوەستاوە. ئەوانەی دژایەتیی د. قاسملوویان لەگەڵ ئایکۆن سازی لە کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکان لەبیرە، بێگومان بە دیتنی بەرگی ئەو کتێبە کەمێک سەریان سوڕ دەمێنێ.

وەک ئاماژەی پێ کرا، ئەو بوارەی زۆرترین ژمارە لە کتێبەکانی نێو کتێبخانەکەی بۆخۆی تەرخان کردوە بواری ژئۆپۆلیتیک و پێوەندیی نێودەوڵەتی و ململانێ جیهانی و ناوچەیی‌یەکانە. لەو بەشەدا سەرچاوەکانی پێوەندیدار بە شەڕی سارد و رکابەریی سیاسی و نیزامیی ئەمریکا و شووڕەوی و جێگە و پێگەی ئورووپا لەو نێوەدا زۆر بەرجەستەیە کە لەو بارەیەوە بەرهەمی پسپۆڕانی وەک برێزێزینسکی راوێژکاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە رەچەڵەک لەهستانیی جیمیی کارتێر بۆ ئەمنیەتی میللی و ڕێژیس دوبرێ کە رابردوویەکی لەگەڵ شۆڕشی کووبادا هەبوو و دواتر بوو بە راوێژکاری فرانسوا میتران، وەبەرچاو دەکەون. هەر لەو بوارەدا کتێبی «لەنێو نهێنیی شازادەکاندا» سەرنج رادەکێشێ کە بریتی‌یە لە وتووێژی رۆژنامەوانی بەناوبانگی فەڕانسەیی کریستین ئۆکرەنت لەگەڵ بەرپرسی پێشووی سرویسە نهێنی‌یەکانی فەڕانسە. کریستین ئۆکرەنت کە هەمان ئەو خانمەیە کە دوایین وتووێژی تەسویریی لە زیندان لەگەڵ ئەمیر عەباسی هووەیدا ئەنجام دا و پێش هێرشی هاوپەیمانەکان بۆ سەر عیراقیش لە ژانویەی ١٩٩١دا وتووێژی لەگەڵ سەدام حوسێن کرد، لەسەر کتێبەکە بۆ دوکتور قاسملووی نووسیوە «پێشکەش بە دۆستمان عەبدولڕەحمان، چونکە ئەویش یەک لەوانە!» (واتە یەکێک لە شازادەکانە؛ مەبەستی ئەوەیە یەکێک لە گەورەپیاوانی ئەم جیهانەیە).

هەروەها ژمارەیەکی زۆر گۆڤار و سەرچاوەی گشتگیری پێوەندیدار بەو بوارە وەک گۆڤاری ئەنستیتووی توێژینەوەی ستراتژیکی فەڕانسە و چەندین ژمارەی ساڵنامەی رۆژنامەی لومۆند سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی جیهان و ئەتڵەسەکانی ژیئۆپۆلیتیک کە ژێرار شالیان لەسەر یەکێکیانی نووسیوە «ئەو ئەتڵەسە کە پێشکەشە بە هێلێن و رەحمان باسی شتگەلێک دەکا کە ئەوان لێی شارەزان»، لەم کتێبخانەیەدا دەبینرێن. هەر لەو بەشەدا کۆمەڵێک سەرچاوەی تایبەت بە لێکدانەوەی کێشە ناوچەیی‌یەکانیش بەتایبەتی شەڕی ئێران و عیراق و ئانالیزی نیزامیی ئەو شەڕە و دوورەدیمەنەکانی یەکلابوونەوەی وەبەرچاو دەکەون (بۆ نموونە کتێبێکی پاولا باڵتا بەناوی «ئێران و عیراق، شەڕێکی پێنج هەزار ساڵە» و مەوسووعەی چەند جلدیی ئەو شەڕە بە زمانی عەرەبی).

هێلێنا کروولیش (نەسرین قاسملوو) لە کتێبەکەی خۆی بەناوی «ئورووپایی‌یەک لە سەرزەمینی کوردەکان»دا دەنووسێ دوکتور قاسملوو قسەیەکی ئاندرێ مالرۆی لەسەر کوتە کاغەزێک نووسیبۆوە کە دەڵێ «شەرم پێ خۆش نەبوو، بەڵام شەرم کرد». لە کتێبخانەی ئەو رووناکبیرە بەفەرهەنگ و پەروەردەیەی ئورووپادا کە بەبێ ئەوەی هەرگیز لەژیانی‌دا کاری نیزامیی کردبێ، دەبوو رێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی بەربڵاوی چەکدارانە بکا، بەشێوەیەکی لۆژیکی بەڵام چاوەڕواننەکراو تووشی هێندێک کتێب و نامیلکە سەبارەت بە بواری شەڕ و خەباتی پارتیزانی بووم. کتێبێک کە لەو تەوەرەدا لە هەموویان زیاتر سەرنجی راکێشام لەبارەی گاریبالدی، رێبەری سیاسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و نیزامیی سەدەی نۆزدەی ئیتالیاوە نووسراوە کە لەوێدا د. قاسملوو چەند شوێنێکی کتێبەکەی نیشانە کردوە و خەتی لەبن کێشاون. بۆ نموونە لە لاپەڕە ٢٥٨ی کتێبەکەدا ئەو ڕستەیە کە دەڵێ «گاریبالدی بۆی گرنگ بوو کە سەرکردایەتیی جۆرە هێزێک بکا کە تەواو لەگەڵ ئامانج و ستراتژی‌یەکەی خۆی یەک بگرێتەوە». لە لاپەڕە ٣٠ی هەمان کتێبدا ئەو خوێنەرەی لە هەر باخچەیەیەک گوڵی خۆی دەچنی خەتی لەبن ئەو شوێنە داوە کە دەڵێ «ئەو کاتە لە ئیتالیا بە زیندانیانی سیاسی‌یان دەگوت کاربۆناری». کۆمەڵێک کتێب و نامیلکەی دیکە هەر لەبواری تەکنیک و تاکتیکەکانی شەڕی پارتیزانی وەک «شەڕە شۆڕشی‌یەکان»ی کۆلۆنێل گابریەلی ئەمریکایی و «هونەری شەڕ»ی ژەنراڵ سۆن تزووی چینی و کۆمەڵە ڕاپۆرتێک لەسەر موقاوەمەتی ئەفغانی‌یەکان لەریزی ئەو کتێب و نامیلکانەدان کە تاوتوێی پارامێترەکانی شەڕی پارتیزانی دەکەن.

بەڵام ئەو سەردارەی حازر نەبوو چەک بە جەنگاوەرەکانی دابنێ و هەمیشە ورەی وەبەر پێشمەرگەکان دەنا کە هەتا دروست‌بوونی هەلومەرجی چارەسەری سیاسی درێژە بە خەبات و خۆڕاگریی چەکدارانە بدەن، قەت شەڕی وەک حاڵەتێک چاو لێ نەدەکرد کە لەودا هەموو رەفتارێک ڕێگەپێدراو بێ. بەم‌جۆرەیە کە لە لاپەڕە ١٥٩ی کتێبەکەی گاریبالدی‌دا د. قاسملوو خەتی لەبن ئەو شوێنەش داوە کە باسی شەڕی سۆلفێرینۆ دەکا کە چلۆن باوکی قانوونی بەشەردۆستی، هانری دونان، پاش دیتنی گیان‌دەرچوونی بریندارانی شەڕ، هاتۆتە سەر ئەو قەناعەتە کە پێویستە چوارچێوە و ڕێساگەلێک بۆ ئەوە دابنرێ کە لە مەیدانی شەڕدا ئینسانیەت وەبەرچاو بگیرێ. جگە لەمەش، لەنێو کتێبەکان‌دا زۆر جار تووشی نوسخەکانی کۆنڤانسیۆنەکانی ژنێڤ و ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ (چاپی لیبراسیۆن) و ڕاپۆرتەکانی ئامنێستی ئەنترناسیۆنال و زۆر سەرچاوەی دیکەی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ و قانوونی بەشەردۆستی دەبین.

هەر لەبواری هاوار و هانای ئینسانی‌دا دوو کتێبی وەزیری دەرەوەی پێشووی فەڕانسە و دۆستی ناسراوی گەلی کورد، بێرنارد کوشنێر وەبەرچاو دەکەون. یەکەمیان پێش شەهیدبوونی د. قاسملوو، د. کوشنێر لەگەڵ ماریۆ بێتاتی (پرۆفیسۆر لە زانکۆی «پانتئۆن – ئەساس»ی پاریس) سەبارەت بە «ئەرکی دەستێوەردانی مرۆیی» نووسیویەتی و چوار پزیشکی فەڕانسەیی هەرکامەیان لە گۆشەیەکی لاپەڕەی یەکەم پێشکەشی‌یان بۆ د. قاسملوو لەسەر نووسیوە. یەکیان دەڵێ «ئەم مەئموورییەتە داستانێکی ڕاستەقینە بوو. سپاس کە دەرفەتت پێ‌داین گەلەکەت بناسین و خۆشمان بوێ». یەکی تریان دەنووسێ «ئەم مەئموورییەتە جارێ هەر لە نیوەی‌دایە، بەڵام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر لە ئێستاوە دەزانین کە قەت لەبیرمان ناچێتەوە». کتێبەکەی دیکەی کوشنێر لەژێر ناوی «نەهامەتیی ئەوانی دیکە« دوای مەرگی قاسملوو نووسراوە و نووسەر چاپی کتێبەکەی پێشکەش بە «عەبدولڕەحمان قاسملوو و سەید بەهائەددین مەجرووح» کردوە. بەهائەددینی مەجرووح ئەکادیمیک و سیاسەتمەدارێکی ئەفغانی بوو کە وەک د. قاسملوو ئەویش لە پاریس خوێندبووی و وەک د. قاسملوو ئەویش هەر سەری لەڕێی ئاشتیدا دانا و بەم «سووچە» تیرۆر کرا. تەنانەت زۆر تاڵ و تاسێنەرە کە کتێبخانەکەی د. قاسملوو چەندین کتێب و نامیلکەی سەبارەت بە تیرۆریزم و نەخشی کۆماری ئیسلامی هەم لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتیدا و هەم لە تەسفیەی تائەوکاتی جیابیراندا تێدایە.

ئەوەی تا ئێرە باسمان کرد هەمووی سیاسەت بوو. بەڵام خۆ لە ئاسۆی خەیاڵی قاسملوودا هەر «بیری لینین» نەبوو، «باخەکانی سەمەرقەند»یش هەبوو. لە پەنا و لەپاڵ کتێبە سیاسییەکاندا، ئەدەبیات وەک بوارێکی هەرە جێگای پەسند و هۆگریی د. قاسملوو بوارە باڵادەستەکەی دیکەی کتێبەکان پێک دێنێ. بەرهەمە ئەدەبییەکان بە زمانەکانی بێگانە بەتایبەتی فەڕانسەیی یەکجار زۆرن و دەیان ڕۆمان بە قەڵەمی ڤیکتۆر هۆگۆ و باڵزاک و زۆلا و سیمنۆن و چەندین ئانتۆلۆژیی شێعری فەڕانسەیی و هۆنراوەکانی بۆدلێر و کۆکتۆ و ژاک پریڤێر و ڕۆنێ شار لەو کتێبخانەیەدا پاڵەپەستۆی یەکتر دەدەن. لەنێو ڕۆمانەکاندا هێندێکیان کە هەم ناسراوترن و هەم زیاتریش ڕەنگی خوێندرانەوە و بەکاربرانیان پێوە دیارە سەرنج ڕادەکێشن و ئەولاتر لە زەوقی ئەدەبیی د. قاسملوو، ئیلهامی فەرهەنگی و حەساسییەتی ئینسانیی ئەومان چاکتر بۆ دەردەخەن. بۆ نموونە «نامە ئێرانییەکان»ی مۆنتسکیۆ، «ڕووحی شاد»ی ڕۆمەن ڕۆلانی هیومانیست و عەداڵەتخواز، سەت ساڵ تەنیایی بە فەڕانسەیی، «مەسیح لە ئیبۆلی ڕاوەستا»ی کارل لیڤی کە باسی ڕەنج و بەدبەختیی خەڵکی گوندێکی ئیتالیا دەکا.

ڕۆمانی «شەوی پیرۆز»ی تاهیر بن جەلوون (هەر بە فەڕانسەیی) کە حەز و حەسرەتەکانی ئافرەتێک دەگێڕێتەوە کە بە خەونی هاتنی شازادەی نازکێشەوە دەست پێدەکا و بە دەستدرێژیکردن بۆ سەری کۆتایی پێدێ، لەلایەن تیمێکی ڕێکخراوی یارمەتییە دەرمانییە نێونەتەوەییەکان (ئا. ئێم. ئی)یەوە پێشکەش بە د. قاسملوو کراوە. ڕۆمانی «جوانی خوداوەند» کە بەناوبانگترین ڕۆمانی ئاشقانەی فەڕانسەیی لە سەدەی بیستەمدایە، پزیشکێکی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان لەبەر خۆیەوە لەسەری نووسیوە «بەهۆی مەئمووریەتەکەمەوە کاتم نەبوو ئەم ڕۆمانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەواو بکەم، بەڵکوو ڕۆژێک هەر لە کوردستان تەواوی بکەم و ئەو ڕۆژەش ڕۆژێک بێ کە مەهاباد ئازاد بووبێ!». ڕۆمانی «هەڵبژاردنی سۆفی» کە داستانی ژنە جوولەکەیەکی دەربازبووی ئۆردووگاکانی نازی‌یەکان دەگێڕێتەوە کە ناچار کراوە لەنێوان ئەو دوو منداڵەی‌دا کە لەبەر دەستی نازی‌یەکان‌دا ماون هەڵبژێرێ کامەیان بە زیندوویی بمێنێ، خانمێکی فەڕانسەیی لە پێشەکی‌یەکەی‌دا نووسیویەتی «بۆ (ئا. ئێغ. ژێ). لەلایەن لایەنگرێکی سەرسەختی خۆتەوە». «ئا. ئێر. ژێ» پیتەکانی یەکەمی عەبدول-ڕەحمان-قاسملوو بە فەڕانسەیی‌یە و کورتکراوەی ناوەکەیەتی کە دۆستە قەدیمی‌یە خاریجی‌یەکانی د. قاسملوو، بە یاد و بە عادەتی سەردەمی نهێنیکاری و ڕاوەدوونان، ئێستاش کاتێک خۆبەخۆ باسی د. قاسملوو دەکەن، لە جیاتی ناوی تەواوی ئەو، هەر ئەو چەند پیتە بەکار دەبەن. ئەو خاتوونە بۆخۆیشی ناوی تەواوی خۆی نەنووسیوە و لەجیاتی ئیمزا تەنیا پیتەکانی یەکەمی ناو و ناوبانگی خۆی لەسەر کتێبەکە بەجێ هێشتوە.

بەڵام لەنێو هەموو ڕۆمانەکان‌دا ئەوەی لە هەمووان زیاتر سەرنجی ڕاکێشام و هەژاندمی شاکارێکی نووسەری لوبنانی ئەمین مەعلووف بوو. ئەمن هەر لە کۆلێژەوە لە ڕێگەی دەرسی «الأدب و النص»ی عەرەبی‌یەوە لەگەڵ ناوی ئەمین مەعلووف ئاشنا ببووم. کاتێکیش چوومە فەڕانسە یەکەم ڕۆمانی درێژی فەڕانسەییم کە خوێندەوە ڕۆمانێکی ئەو بوو. ئەو ڕۆمانەم ئەوەندە بەدڵ بوو کە کاتێک ساڵی ١٩٩٨ لە ستراسبورگ چاوم بە ئەمین مەعلووف کەوت و لەو دیدارەدا کتێبێکی تری خۆی (ناسنامە بکوژەکان)ی پێشکەش کردم، ئیجازەی وەرگێڕانی ڕۆمانەکەم لێ‌وەرگرت (کە دیارە دواتر لەبەر ئەوەی ئەحمەدی مەلا دەستوبردی لێ‌کردبوو، لەو کارە پاشگەز بوومەوە). ئەو ڕۆمانە ڕۆمانی سەمەرقەند بوو. «سەمەرقەند» ڕۆمانێکی مێژوویی‌یە کە داستانی ژیانی شاعیری شەراب و فەلسەفە، خەییام، و تاقە دەستنووسی چوارینەکانی بە خەتی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بە ڕیوایەتی ڕۆمانەکە پاش هێرشی مەغوولەکان لە سەدەی یازدەدا ون بووە و نزیک بە هەزار ساڵ دواتر ڕۆژهەڵاتناسێکی ئەمریکایی کە دایک و بابی لە خۆشەویستیی خەییام ناویان ناوە عومەر، دەی‌دۆزێتەوە و هەوڵ دەدا وێڕای مەعشووقە ئێرانی‌یەکەی، دەستنووسەکەی خەییامیش دەربازی ئەوپەڕی ئەتلانتیک بکا. کەچی چارەنووس وا دەکا کە «ڕوباعیات» لەنێو کەشتیی تایتانیک‌دا بۆ هەمیشە غەرقی ئۆقیانووسەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێ و «شیرین»یش ئەگەرچی لە خنکان رزگاری دەبێ، بەڵام ئەویشی بۆ هەمیشە لە کەنارەکان لیی بێسەروشوێن دەبێ و تاسەر لە خۆی دەپرسێ داخوا لە بنەرِەتڕا «شیرین»ێک هەبووە یا هەر دروستکراوی خولیا و خەیاڵی رۆژهەڵاتدۆستانەی خۆی بووە و هیچی دیکە.

بەبیانووی ئەم بەسەرهاتە شاعیرانەیەوە و لەپشت داستانی گەرِان بەدوای گەنجینەکان و دۆزینەوە و هەوڵی رزگارکردنیان و سەرەنجام سەرلەنوێ و بۆ هەمیشە لەدەستدانەوەیان، نووسەر لەرِاستیدا ئێپۆپەی گەنجینەیەکی گەورەتر لەو شتە رواڵەتییانە و هەموو ئەو رێگر و مەترسییانەمان بۆ دەگێرِێتەوە کە لە ناوچەی ئێمەدا هەرِەشە لە درەوشانەوەی ئەو گەنجینەیە دەکەن کە ئەویش بریتییە لە ئازادی. ئەمین مەعلووف لە «سەمەرقەند»دا بەدرێژیی هەزار ساڵ مێژووی ئێران و ناوچە، چەندین لاپەرِەی کۆن و تازە لە ململانێ سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەو دەڤەرەمان بۆ هەڵدەداتەوە. مێژوویەک کە لەودا ئارەزووی ئینسانەکان بۆ ئازادی و ئازادژیان بەردەوام بەهۆی فاناتیسم و تاریکپەرستانی وەک تەریقەتی حەسەن سەباح و هاوشێوەکانی سەردەمی هاوچەرخیانەوە سەرکوت دەکرێ. نزیکانی د. قاسملوو هۆگریی ناوبراو بۆ خەییامیان چاک لەبیرە و دڵنیام بە خوێندنەوەی سەمەرقەند و سەرنجدان بە نیشانە و تێماکانی نێو ئەو رۆمانە زۆر شتی فەزای زێهنی و کەسایەتیی تایبەتیی د. قاسملوویان دێتەوە یاد. لەسەر یەکێک لەو دوو نوسخەیە کە لە کتێبخانەکەی د. قاسملوودایە و کریستیان مۆر پیشکەشی کردوە نووسراوە :»ئەم رۆمانە بێگومان یارمەتیت دەدا کە شەوانی درێژی زستانی کورد زووتر تێپەرِ بکەی»..

هەر لەبواری ئەدەبیدا هێندێک بەرهەمی پێوەندیدار بە ئەدەبیاتی رووس و سلاڤیش دەبینرێن. بۆ نموونە گۆڤارێکی ئەدەبیاتی رووسی بە زمانی ئینگلیسی یان داستانێکی تەنزنووسی چێک یارۆسلاڤ هاسێک کە بەسەرهاتی سەربازێک لە شەرِی یەکەمی جیهانیدا دەگێرِێتەوە. لەنێو ئەم کتێبەدا ئینشای پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات کە وا دیارە لەنێو حیزبدا فێری خوێندنەوە و نووسین بووە خۆی حەشار دابوو کە بە زمانێکی جیددی و زۆر جوان باسی ژیانی پێشمەرگایەتی دەکا. بوونی ئەو ئینشایە راست لەنێو ئەم کتێبەدا لانیکەم بۆ من پرسیارخولقێن بوو و تەنیا رووحی گەردوون دەزانێ بۆچی ئەمیان ئەویانی لە باوەشی خۆیدا پاراستوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له ئەدەبیاتی فارسیدا جگە لە هێندێک بەرهەمی ناسراوی وەک شاهنامە کە دیارە ژمارەیان لە کتێبخانەکەدا زۆر نیە یا نەماوە، چەند کتێب و نامیلکەیەکیش بەهۆی پێشکەشییەکانیانەوە کە وەبیرهێنەرەوەی حاڵ و هەوای سەردەمی خۆیانن، سەرنجیان راکێشام. علی میرفترووس ئێراناسی دانیشتووی فەڕانسە کتێبی «آوازهای تبعیدی» ی خۆی «بە ئاواتی ئێرانێکی ئازاد و کوردستانێکی خودموختار» پێشکەش بە د. قاسملوو کردوە. نیعمەتی میرزازادە کە لەگەڵ د. قاسملوو لە چوارچێوەی کانوونی نووسەرانی ئێراندا یەکتریان ناسیوە، بە مەبەستی «تەجدیدی ئیرادەت»، «گوڵخەشم»ەکەی خۆی داوە بە د. قاسملوو و یادنامەی ئوستاد کامڕانی نەجاتوڵڵاهی کە مامۆستای زانکۆی پۆلیتێکنیکی تاران بوو و ساڵی ١٣٥٧ لە خۆپێشاندان بەدژی رێژیمی شادا شەهید کرابوو، لەلایەن «دایکی ئوستادی شەهید»ەوە پێشکەش بە د. قاسملوو کراوە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئەدەبیاتی کوردی، رۆمانەکانی حەمەدۆک کە عەبدوڵڵای حەسەن زادە وەک «یادگارێکی بچووک» پێشکەش بە «هاوڕێ و مامۆستای گەورە»ی خۆی کردوە، «ئەودیوی چیا» کە شکور مستەفا بە لەحنێکی عیرفانی و زەردەشتییانە لەسەری نووسیوە «بۆ مامۆستا و پیرم کاکی گەورەم»، دیوانی مەولەوی کە مەلا عەبدولکەریمی مودەریس پێشکەش بە «جەنابی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو»ی کردوە، هەروەها دیوانی شاعیرانی وەک حاجی قادری کۆیی و شێخ نووری شێخ ساڵح و ئەحمەد موختارجاف و بێگومان گۆران کە لەگەڵ د. قاسملوو سەردەمێک لە زانکۆی بەغدا هەردووکیان مامۆستا بوون و د. قاسملوو یەکجار هۆگری شێعرەکانی بوو، دەبینرێن.

لەبواری زمانی کوردی و زماننناسی و زمانسازیدا تێزەکەی ئەمیری حەسەنپوور لەسەر کاریگەریی فاکتەری زمان لەسەر گەشەکردنی نەتەوە و کتێبەکەی تۆفیق وەهبی لەسەر ریشەکانی زمانی کوردی بە ئینگلیسی و «زمانی یەکگرتووی کوردی»ی د. عێزەدین مستەفا رەسووڵ و چەند ژمارەی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد کە کاتی خۆی د. قاسملوو یەکێک لە هاوکاران و ئەندامانی بەرجەستەی بووە و عەبدولقادری دەباغی ژمارەیەکیانی پێشکەش بە د. قاسملوو کردوە، هەروەها هێندێک نوسخەی گۆڤاری گەلاوێژ و رۆژی کورد و رۆژی کوردستان سەرنج رادەکێشن. جیا لەوانەش، هەر لەبواری زماندا، کۆمەڵێک وشەنامەی وەک فەرهەنگی ئینگلیسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- عەرەبی - فەڕەنسی، فەرهەنگی عەرەبی -چێکی، فەرهەنگی ئابووریی رووسی - چێکی، و فەرهەنگی رووسی - کوردیی قەناتی کوردۆی دۆستی و فەرهەنگی کشتوکاڵ کە مەعرووف قەرەداغی بۆ مامۆستا هێمنی ناردوە دەبینرێن و ژمارە و چەشنی فەرهەنگەکان کاربوردێکی زۆر فرەوانتر لە پێویستییەکانی فێربوون یا تێگەیشتن لە زمان لەلایەن خاوەنەکەیانەوە دەردەخا. خۆش ئەوە بوو فەرهەنگێکی شەراب و بورجێکی خۆشەویستییش (تایبەت بە مانگی لەدایکبوونی د. قاسملوو) خۆی خزاندبووە نێو فەرهەنگەکان!

لە نووسینەوەی ئەم کورتە گێڕانەوەیەی گەشتەکەم بەنێو کتێبخانەی د. قاسملوودا و ناوهێنانی هێندێک لە کتێبەکاندا، بۆ من زۆر گرنگ بوو کە لە داوی ئەو وەسوەسە سیاسی‌یە نەکەوم کە بە زۆر و زۆرداری کتێبخانەیەکی فەرزی بۆ د. قاسملوو بە دروستکردن بدەمەوە. دەبوایە کتێبەکان بەو جۆرەی دیتوومن و لێکم کردوونەوە باس بکەم.

لەسەریەک دەتوانین بڵێین کتێبخانەکەی د. قاسملوو کە پەنجەرەیەکی هەرچەند سنووردار بەڵام بەنرخ بەسەر پانتایی ژیان و خەبات و کەسایەتیی ناوبراو و پێچ و قورتەکانی نێو ئەم پانتایی‌یەدایە، کتێبخانەیەکی زۆرتر سیاسیی زیندوو، کاربۆردی و بەرۆژی سەردەمی خۆیەتی. هەر لەو کاتەدا بەڵام بوونی ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی غەیرە سیاسی و بەگشتی فرەچەشنیی بوار و بابەتەکانی نێو ئەم کتێبخانەیە فرەوانی و دەوڵەمەندیی دنیای زەینی و مەعریفیی خاوەنەکەیمان بۆ دەردەخا.

رەنگە بۆ زۆر کەس سەرسوڕهێنەر بێ کە کتێبخانەی زانایەکی وەک د. قاسملوو هەر ئەو چەند سەد جلد کتێبەی تێدا بێ و لەنێو کتێبەکانیش‌دا زۆر شت کە پێمان وایە هەبوون نەبن یا رەنگە نەمابن. جیا لەو تێبینی‌یانەی لە سەرەتادا سەبارەت بە هۆکاری کەمبوون یا کەمبوونەوەی کتێبەکان و سروشتی ئەو کتێبانە باسم کرد، بە باوەڕی من هەر ئەو سنووردارببوونەی ژمارەی کتێبەکانە کە بایەخی کتێبەکان چەند قات دەباتە سەر. کتێبەکان بە ژمارە سنووردارن بەڵام بە نێوەرۆک سنوور ناناسن، هەروەک چۆن بیری سیاسی و خولیای ئینسانیی د. قاسملوو نە سنووری دەناسی، نە تابوو.

کتێبخانەکە هەروەها بۆی دەرخستم کە بۆ د. قاسملوو، هەروەک چۆن سەرجەم کۆمەڵگا نابێ بکرێتە عەتیقەخانەی روانگە و نەریتە قەتیس‌ماو و چەق‌بەستووەکان،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبیش لەگەڵ هەموو کەڵک و بەنرخی‌یەکەی، شتێک نیە جگە لە ئامرازێک لەپێناوی ئاڵوویر و جێگۆڕکەی زانیاری و گۆشەنیگا جیاوازەکان و لەوەش گرنگتر لەپێناوی نیسبی‌مانەوە و سەییالیەتی بیر و باوەڕەکانی نێو کۆمەڵگا.

لە کونجی هەرەئاخر و خوارەوەی کتێبخانەکەی د. قاسملوودا دوو نامیلکەم دەرهێنان کە بەپێی پێوەرەکانی ئەو کتێبخانەدارە عیلمییەی د. قاسملوو بۆخۆی لە بەیانی‌یە بەهاری‌یەکەی قەندیل‌دا مەبەستی بوو، نەدەبوو لە پەنای یەک دانرابان، بەڵام ئەمن لە پەنای یەکم دانانەوە. نەک تەنیا لەبەر ئەوە کە دەمویست کتێبخانەکە وەک خۆی بەجێ بێڵم، بەڵکوو هەروەها لەبەر ئەوە کە خودی هاواڵبوونی ئەو دوو نامیلکەیە بەس بوو بۆ خولاسەکردنەوەی بەسەرهات و کەسایەتیی د. قاسملوو. سەرچاوەی یەکەم «قانوونی خودموختاریی کاتالۆن» بە ئینگلیسی بوو کە ساڵی ١٣٦٥ د. قاسملوو لەگەڵ خۆی هێنایەوە کوردستان و لە حیزبی دێموکڕات‌دا بە زمانی فارسی بە چاپی گەیاند. بەرهەمی دووەمیش کتێبی «گوڵەکانی خراپە»ی بۆدلێر بوو کە کابرایەکی فەڕانسەیی لەجیاتی پێشکەشی ڕوو بە د. قاسملوو لەسەری نووسیوە:

«دەزانم ئەتۆش وەک من لەو باوەڕەدای کە ڕێگای ئازادی بە خۆشویستنی جوانی‌دا تێ‌دەپەڕێ!

ئەوە بوو کتێبخانەی دوکتور قاسملوو. ئەوە بوو «ئا. ئێغ. ژێ»...

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٤


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی لویس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست بۆ کۆبوونەوەی یادی ٢٥ ساڵەی تێرۆری د. قاسملوو لە پارلمانی ئینگلستان

دۆستانی خۆشەویست،

دوێنێ بیستوپێنجەمین ساڵوەگەڕی تێرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و هاوڕێکەی عەبدوڵڵا قادریئازەر و مامۆستای کوردی عێراقی فازڵ ڕەسووڵ بوو.

سێ حەوتوو پێشتر دوکتور قاسملوو بە سەرپەرستیی هەیئەتێکی حیزبەکەی لە کۆنگرەی هەژدەهەمی ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیست کە ڕێبەران و نوێنەرانی حیزبە سۆسیالیست و سۆسیالدێموکڕات و کرێکارییەکانی سەرجەم جیهانی لە ستۆکهۆڵم کۆ کردبۆوە، بەشدار ببوو. خۆتەرخانکردن و پابەندیی قاسملوو بە ئامانجەکانی گەلی کورد و خەباتی وی بۆ دێموکڕاسی و مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەمێک بوو بۆ بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانەی ئێمە ئاشنا بوون. ئەو پیاوێکی یەکجار ڕێزلێگیراو بوو کە بە هەوڵ و ئازایەتیی خۆی خەباتی گەلی کورد بۆ ماف و ئازادییەکانی بە خەباتی هەموو گەلانی جیهان بۆ ئازادی و مافی مرۆڤ و دێموکڕاسی بەستەوە.

زۆربەی ئەوانەی دواتر لە شۆڕشە دێموکڕاتییەکانی ئورووپای ناوەندی و ڕۆژهەڵاتدا بەشدار بوون و هەروەها ئەوانە کە لە ئەمریکای لاتین و ئەفریقا و ئاسیا بۆ دێموکڕاسی خەباتیان دەکرد لە ڕێگای دوکتور قاسملووەوە لەگەڵ واقیع و خەون و هیواکانی گەلی کورد لە وڵاتانی جۆربەجۆری ناوچەدا ئاشنا ببوون. ئەم هاوپێوەندییانە لەگەڵ گەلی کورد دواتر لەڕێگەی جێگرەوەی دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری گشتی واتە دوکتور سادق شەرەفکەندییەوە درێژە پێدران کە بەداخەوە ئەویش ڕۆژی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ بەشێوەیەکی تراژیک پاش بەشداریی لە کۆنگرەی نۆزدەهەمی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست لە بێرلین تێرۆر کرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمە لە ئەنترناسیۆنالسۆسیالیستدا لەرێگەی ئەزموون و خەباتی خۆمان لە تەواوی جیهاندا باش دەزانین کە کۆمەڵگای ئاشتی و دێموکڕاسی وەدی نایە مەگەر ئەوە کە هەموو ئەو گەل و پێکهاتانەی لە وڵاتەکاندا دەژین بەڕەسمی بناسرێن و مافی یەکسانی هەموو هاووڵاتییان دەستەبەر بکرێ. بە ئەزموونێک کە وەدەستمان هێناوە دەزانین کە رێگای هاوبەش بۆ گەیشتن بە دێموکڕاسی و ئاشتی بریتییە لە رێزگرتنی ماف و ئازادییەکانی هەموو گرووپەکان. بەبێ گەرەنتیی مافی وەک یەک بۆ هەمووان بەستێنێک بۆ توندڕەوی و فیرقەگەرایی دروست دەبێ. وەک هەر ئەمڕۆ لە زۆر لە کێشە و ناکۆکییەکانی نێوخۆی زۆر لە وڵاتانی جیهاندا دەیبینین، هەمیشە خەڵکی بێدیفاعن کە زۆرترین زیانیان لە دابەشبوون و ناکۆکییەکان وەبەر دەکەوێ. هەربۆیە لە ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستدا ئەحزابی وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تەواو جێگەی خۆیان هەیە و ئێمە پشتیوانی لەوە دەکەین کە کوردەکان لە بڕیاردان لە ئایندەی وڵاتی خۆیاندا دەنگیان ببیسترێ.

ئێمە لە تەنیشت گەلی کورد و هەموو ئەو دێموکڕاتانەوە دەوەستین کە بۆ ئایندەی ئاشتی و ئازادی لە ئێراندا خەبات دەکەن. هەر لەم سۆنگەیەشەوە بوو کە ئێمە بە روونی دژایەتیی خۆمان لەگەڵ دامەزرانی خەلافەتێکی ئیسلامی لە عیراق راگەیاندوە و پشتیوانی لە پێکهاتنی حکوومەتێکی یەکێتی نەتەوەیی لە عیراقدا دەکەین کە پلووڕالیسم گەرەنتی بکا و مافی یەکسان بۆ هەموو هاووڵاتییان بە کوردەکانیشەوە دابین بکا. ئێمە بە پشتبەستن بەم پرەنسیپ و بەهایانە لە تەنیشت گەلی کورد و هەروەها هەموو ئەو گرووپانەی نێو سووریەش دەبین کە هەر ئێستا بەهۆی خواستی ئازادی و دێموکڕاسی ئازار دەکێشن.

هاوپێوەندی مۆرکی ناسنامەی ئێمەیە و هەمیشە بەردی بناخەی سیاسەت و هەڵوێستەکانمان بووە. هاوپێوەندی لە خەباتمان بۆ یەکسانی و بەدژی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن و چەوسانەوە مەبەست و پرەنسیپی بناخەیی کاری ئێمەیە.

بۆ ئەندامانی ئەنترناسیۆنالسۆسیالیست، میراتی دوکتور قاسملوو کلیلێکی نەخشەڕێگای بەرەو پێشبردنی پرسی کورد لە سەردەمی ئەمڕۆدا و بەرزکردنەوەی دەنگی کوردەکان لە وڵاتانی خۆیان و لە هەر شوێنێکی دیکەی جیهاندایە. ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەوڵ و خەباتە هێشتا بە تەواوی بە ئاکام نەگەیشتوە و ئیرادەی نێونەتەوەیی ئێمە بەردەوام دەبێ لە لەقاودانی هەموو چەشنەکانی سەرکوتی کوردەکان و پشتیوانی لە هەوڵی هەمەلایەنە بۆ بردنەپێش و پارێزگاری بەپێی یاسای نێونەتەوەیی لە مافەکان و ئەمنیەت و باشکردنی دۆخی ژیانی کوردەکان، ئەوانەی وا دوکتور قاسملوو نوێنەرایەتیی دەکردن و ئێستاش هەر نوێنەرایەتی‌یان دەکا.

لویس ئەیالا سکرتێری گشتیی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەراوهوریای ژیانێك و بێ دەنگی مەرگێك

ئامادەکردنی بەشی فارسی: ئاسۆ ساڵح
وەرگێران: ڕەشید زەرواوی

لە شەوی یەڵدای ساڵی ۱۳۰۹دا، واتە هەر ئەو ساڵەی کە «سمکۆ» یەکێک لە ڕێبەرانی کورد لە پڕۆسەی دانوستاندا لەگەڵ حکوومەتی ئەو سەردەمە تیرۆر کرا، لەیەکێک لە بنەماڵە ناودارەکانی شاری ورمێ، کوڕێک چاوی بە دونیا هەڵ هێنا کە پەنجا و نۆ (٥٩) ساڵ دواتر، هەر لەو مانگە دا و لەسەر ئەو ڕێبازەی کە سمکۆ لەسەری تیرۆر کرا بوو، دوچاری هەمان چارەنووس کرایەوە. ئەو لە نووسینەکانیدا گرینگی زۆر بەسمکۆ ئەدا. بێ ئاگا لەوەی کە خۆی ڕۆژێک دەبێتە پرسێکی مەزن، بەهێزێک لەو و بە ئیلهامی زیندووی لاوانی نیشتمانەکەی.

بێ گومان مێژوویی خەباتی گەلی کورد ئەگەر گەرەکی بێ سونبولێک بۆ لۆژیک و هزری سیاسی لەخۆ پیشان بدات، هەڵبژاردەیەکی بەدەر لەدوکتور قاسملوو لەبەر دەم نامێنێ. جۆری تێڕوانینی خەڵکانی دەرەوەی حیزبەکەی قاسملوو، لەنێویاندا نووسەران و ڕۆژنامەوانانی ڕۆژئاوایی دەتوانێ پتر ئێمە لەگەڵ هزر و ئەندیشەکانی قاسملوو ئاشنا بکات.

## هەژیر تەیمووریان

هەژیر تەیمووریان «ڕۆژنامەوان و لە دۆستانی شەهید دوکتور قاسملوو» دەڵێ: من بۆ یەکەم جار لە لەندەن و کاتێک د. قاسملوو هاتە ئێرە، چاوپێکەوتنم لەگەڵ کرد. ئەو کات من وەک بێژەر لە ئێزگەی جیهانی «بی بی سی» کارم دەکرد. ئەو هاتە سەردانی من چونکی دەیزانی کە لە ڕابردوودا ئەندامی یەکیەتی خوێندکارانی کورد بووم. هەر لەو کاتەوە ئێمە بووینە هاوڕێ. ئەو مرۆڤێکی خوێن گەرم بوو، بە دڵنیاییەوە دەمزانی کە من وەک ڕۆژنامەوانێک کە بابەت و نامیلکەگەلێکم لەپێوەندی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە خۆرهەڵاتەوە نووسیون و بڵاو کردوونـەوە، نەمدەتوانی ببمە ئەندامی هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسی. بەڵام ئەو بۆ ئەندامەتی لەحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا هانی دەدام، هەڵبەت ئەو باسە زۆر جیددی نەبوو. بەهەر حاڵ ئەو کەسایەتییەکی خوێن گەرم و کاریزماتیکی هەبوو، دەیتوانی خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە. وێرای هەموو دژواریەکان، مرۆڤێکی شاد بوو. هیوای بە خەڵک دەبخشی، ئەو ڕێبەرێکی مەزن بوو، کەسێکی لەبەردڵان بوو. ئەو توانایی قسەکردنی بە دە (١٠) زمان هەبوو، کەسێکی بیرمەند و زۆر زیرەک بوو. سەردەمانێک کە لە چیکوسلۆڤاکیا خوێندکار بوو، بیری مارکسیستی هەبوو. من کتێبەکەی ئەو «کوردستان و کورد»م بەدەست گەیشت کە تێزی دوکتوراکەی لە وڵاتی چیکوسلۆڤاکیا بوو کە پڕ لە دروشمی مارکسیستی بوو، هەڵبەت قابیلی تێگەیشتنە لەبەر ئەوەی بۆ نووسەرانی کمونیست بوو، بەڵام من دەزانم کە دوکتور قاسملوو دواتر دێموکراتێکی واقع بین بوو و تێگەیشت کە ڕێرەوی مارکسیستی لە کۆمەڵگای کوردەواری دا شوێن و پێگەی نییە. هەموومان ئەومان خۆش دەویست، من ئەوم بۆ دوو ڕۆژنامەی گرینگی «تایمز و بی بی سی» برد.

دواتر کە چەند ڕۆژێک لە پاریس پێکەوە بووین بۆ ئەو بابەتە سپاسی کردم. لە بیرمە کە ئەو مرۆڤێکی بوێر بوو، لەدەرەوەی قاوەخانەیەک دانیشتبووین، لەبەرخۆمەوە گوتم کە هەر ساتێک تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی دەتوانن تیرۆری بکەن، بەڵام ئەو هیچ نیگەرانی ئەوە نەبوو و من ئێتر سەرم سووڕ نەما کە لە هێندێک حاڵەتدا متمانەی پێیان هەیە و بەشداری دانوستانی کرد و تیرۆر کرا. من چەند ڕۆژێکم لە گەڵ ئەو لە کۆنفرانسێک دا لەسەر کوردەکان لە ئامستردام بەسەر برد، بەگشتی زیاتر و زیاتر ئۆگری بووم و وەک هاوڕێیەک زۆرم خۆشم دەویست.

## مارك كراوێتس

مارک کراوێتس «ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەی لیبراسیۆن» و لە دۆستانی شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ: پتر لە سێ دەیە لە یەکم چاوپێکەوتنم لەگەڵ قاسملوو تێ پیر دەبێ، بەڵام ئەم دیدارە لە ژیانی بەکردەوەمدا وەک ساتەوەختێکی بەرچاو ماندگارە، دیمەنەکانی سەفەر بۆ مەهاباد و گوزەر لە دڵی مێژووی کوردستانی گەمارۆ دراو،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ قسە و باسەکانمان لە نووسینگەی دوکتور قاسملوو دا پێکەوە ئاوێتەی یەکتری دەبن. دۆخێکی تایبەتی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەم وەک بیرەوەرییەکی خۆش لەیادە کە بە دڵنیاییەوە پێویستە ئەوە لە دڵ گرمی و میوانداری و لەهەمووی زیاتر لە پێوەندییەکی ئارام و خۆش ڕەفتاری پیاوێک بزانین کە سەرەڕای ئەو هەموو بەرپرسیاریەتەی لە ئەستۆیەتی و لەهەرکەسێکی تر باشتر دەیزانێ کە تۆفان لەسات و کاتێکدا دەگات، بەڵام ئارامی لەدەست نەدەدا. هیچ شتێک توانای کارتێکەری لەسەر مێهرەبانی و بزەی دوکتوری نەبوو. ڕۆژنامەوانانێک کە لەگەڵ قاسملوو دا دیمانەیان ساز دەکرد، باوریان وایە کە ئەو یەکێک لەو دەگمەن کەسانە بوو کە وتووێژەکەی لەسەرەتاوە تا کۆتایی ڕێرەوی دەکرد. هەرشتێک کە پێویست بوو دەیهێنایە سەر زار.

تەیمووریان لە بارەی دیمانەیەک دا لەگەل دوکتور قاسملوو دەڵێ: من لە بریتانیا نامیلکە گەلێکم لە پێوەندی بە خۆرهەڵاتەوە بڵاو دەکردەوە، بۆ وێنە کاتێک پەیوەندیم بە گاردییەنەوە دەگرت، لەگەڵ ئەوەی کە بۆ ڕۆژنامەی تایمز جێگای متمانە بووم، یان بۆ وێنە کاتێک لەگەڵ ڕۆژنامەکانیتری وەک گاردییەن، دیلی تەلگراف، فاینێنشال تایمز پیوەندیم دەگرت و دەمگوت کە یەکێک لە ڕێبەرانی کوردەکانی ئێران لای منە و ئایا پێتان خۆشە قسەی لەگەڵ بکەن، ئەوان متمانەیان بە من هەبوو کە وا قسەی بێ هوودە و بێ ناوەڕیکیان لەگەڵ باس ناکەم، بەڵام کاتێک لەگەڵ قاسملوو قسەیان دەکرد بەراستی دەکوتنە ژێر کاریگەری دوکتورەوە.

یەکێک لە کاراکتێرە بەرچاوەکانی شەهید دوکتور قاسملوو لە وتووێژەکان دا، تێگەیشتن لە کات و زەمەن بووە، ئەم خەسلەتە بە جۆریک بووە کە هەر ڕۆژنامەوانێک پێی خۆش بووە کە لە داهاتووشدا لەگەڵ ئەو و لە بواری جۆراوجۆر دا سەر لەنوێ چاوپێکەوتنی لەتەک ساز کاتەوە.

هەژیر تەیمووریان لەو پیوەندییەدا دەڵێ: وابزانم چاوپێکەوتنەکە لە سالەکانی کۆتایی دەیەی ساڵی ١٩٧٠ بوو بەر لە شۆڕشی نگریسی ئیسلامی، ئیتر بۆ بی بی سیم برد و لەگەڵی دا دیمانەیەکم پێکهێنا بۆ بەشی فارسی بی بی سی، هەڵبەت هاوکارەکانم لە بەشی فارسی دەیانزانی کەوا کوردم و هەستی کوردایەتیم هەیە و ئاگادارم بوون کە زێدەرەوی نەکەم، بەڵام بەرێز قاسملوو زۆر فامیدە بوون و لە شتێکی لەو جۆرە تێدەگەیشتن و دیمانەکانی زۆر پێشوازیان لی دەکرا.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مارک کراوێتسیش دەڵێ: دوکتور قاسملوو کاتێک لە بارەی ئارمانجی کوردەکانەوە قسەی دەکرد، ماندوویی نەدەناسی، من لە عەبدولرحمان قاسملوو و لە سایەی ئەوڕا کوردەکانم ناسی، لەگەڵ توانای بێ هاوتای ئەم نەتەوەیە لە بواری خۆڕاگری و عەشق بە ئازادی ژیان کردن ئاشنا بووم و لەوەش گرینگتر رووبەرووی ڕێبەرێکی سیاسی بوومەوە کە لەسەر ئەم گۆی زەوییە کەمتر بەر چاو دەکەوت.

راستگۆیی یەکێکیتر لە تایبەتمەندییەکانی دوکتور قاسملوو بوو، تایبەتمەندییەک

کە ئەخلاقی بەخشیبووە کردە سیاسییەکانی ئەو رێبەرە

هەژیر تەیمووریان لەسەر ئەو تایبەتمەندییە دیسانەوە ئەدوێ و دەڵێ: تا ئەو جێگایەی من دەمناسی، مرۆڤێکی ئێجگار ساکار بوو، بەڵام هەر وەک کە پێشتر گوتم، مرۆڤ نیسبەت بە هیچ ڕێبەرێکی سیاسی، بەتایبەت رێبەرانی سیاسی لە خۆرهەڵات مەشهوورن بەوە کە ناچارن نهێنی کاری بکەن. مرۆڤ پێویستە گومان بکات، بەڵام کاتێک کە ئەوم باشتر و باشتر ناسی، زیاتر و زیاتر لە دونیای سیاسەت دا جێگای متمانە بوو.

**مارک دەڵێ:** ئەو هەرگیز لەو زمانە دونیفاقییەی کە لە تاران و لە نێوان رێبەرە دوورخراوە تازە گەراوەکاندا و بەتایبەت لە نێوان کەسانی لائیکی دەوری ئیمام رەواجی هەبوو، کەڵکی وەرنەدەگرت، زمانێک کە رێبەرانی نوێی تاران بە کەڵک وەرگرتن لێی، بەیاننامەی بەڕەواڵەت دێموکراتیکی خۆیان دەنووسی و بەتایبەت بۆ کڵاو نانە سەر گوێگرە ئەورووپاییەکانی خۆیان و بەوەش بە ناوی شۆڕشەوە پاساویان بۆ سەرکوتە دڕندانەکەیان دەهێنایەوە.

**تەیموریان:** رەحمان پتر لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوا گەشەی کرد، ئەو ساڵانێکی زۆر لە پاریس ژیانی بەسەر برد. بۆ وڵاتانیتر و بەتایبەت سوئێد و بریتانیا سەفەری دەکرد. بەو جۆرە پێوەندی لەگەل کەسانی دێموکرات و خاوەن پێگەی باڵا دەگرت. بۆ وێنە سۆسیال دێموکراتەکانی سوئێد یان پارتی کرێکارانی بریتانیا. ئەنجامی دیدارەکان لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی چاویان پێی دەکەوت،ئەویان هێنایە سەر ئەو بڕوایە کە کمونیسم ڕێگە چارە نییە، تەنانەت خۆشی ئەو راستییەی دەبینی. بڕوام وایە کە لە ژێر کارتێکەری ئەورووپای رۆژئاوا ببوو بە سۆسیال دێموکرات، لە ناخی دا وەک ناخی من، لە ناخماندا رەقمان لە توند و تیژی بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**مارک:** عەبدولرحمان لە بارەی ئازادی بۆ کوردەکان دەیگوت: «کوردەکان هەرگیز لە درێژە پێدان بە خەبات لە پێناو وەدی هاتنی مافەکانیان دەست هەڵ ناگرن. ئێمە لە دژی رێژیمی پێشوو خەباتمان کرد و ئەگەر ئەم رێژیمە نوێیە پێداگری لەسەر وەژێر پێنانی مافەکانمان بکات، لە دژی ئەویش درێژە بە خەباتی خۆمان ئەدەین. ئازادی بۆ ئێمە بۆتە ڕیشەیی.» ئەم قسانە لە نوکتەیەکی خۆش دەچوون، کە سروشتییە لەگەڵ قسەی رێبەرانی شۆڕشگێڕی تر بۆ دڵنەوایی رۆژنامەوانان وەک لێک بدرێتەوە، قسەهایەک کە خۆم زۆر جار لە شوێنەکانیتر بیستبوومن، بەڵام ئەمجارە شێوەی هێنانە سەرزاری ئەمانە جیاوازیان هەبوو، وشەکان بەبێ زێدەرەوەی و لە شکلی شیکردنەوە و بەدوور لە پروپاگەندە دەکەران. راستیەکەی ئەوەیە کەسێک کە ئەم وشانەی دەهێنایە سەر زار، شێوەی لە هیچ کام لەو رێبەرانەی ناسیبوومن، نەدەچوو.

بەڵێ ئەوە راستیەکەیە، هەموو ئەو رۆژنامەوانانەی کە لە نزیکەوە ناسیویانە، لەسەر ئەو باوەرەن کە عەبدولرحمان شێوەی لە هیچ کام لە رێبەرانی کوردستان، ئێران و تەنانەت خۆرهەڵاتی ناورەراستیش نەکردووە.

**هەژیر تەیمووریان:** قاسملوو کەسێکی بیرمەندتر بوو، وا بیر دەکەمەوە کە ئاستی کۆمەڵایەتی لەسەرووتر بوو، بۆ نموونە من تا ئێستا لەگەڵ بەرێز تاڵەبانی هاورێی نزیکم، ئەو پتر پیاوێکی کردارییە،هەڵبەت مرۆڤ نابێ متمانە بە هیچ رێبەرێکی سیاسی بکات، من زۆر بەداخەوەم کە بەرێز تاڵەبانی و یەکیەتی نیشتمانی پێوەندی باشیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە، بەڵام ناچارەیشە کە ئەم هاوپەیمانەتیەی هەبێ یان بەلانی کەمەوە خۆی وا هەست بکات کە پێویستە بیبێ. مرۆڤ لە ئاکامدا وەک رۆژنامەوانێک، وەک کەسێکی بێ لایەن پێویستە لەبەرانبەر هەموو رێبەرانی سیاسی گومانی هەبێ، بەڵام من پتر متمانەم بە بەرێز قاسملوو هەبوو، هەرچەند دەشمزانی کەلەگەڵ حکوومەتی سەدام حوسێن پێوەندی باشی هەیە و هەروەها لەگەڵ بەرێز د. بەختیار پێوەندی باشی هەیە، دەمزانی کە هەموو ئەمانە باوەرگەلێکیان هەیە، کەم و زۆر لەگەڵ دیکتاتۆرەکانی ناوچە هاتوچۆیان هەیە ، بەڵام دەمبینی کە بۆ مرۆڤ ئەمە جێگایی تێگەیشتن بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**مارک کراوێتس:** قاسملوو عاشقی کتێبی نایاب و شەرابی نایاب بوو، بەڵام هەڵبژاردەی یەکەمی داییم بەسەر دووهەمی دا پێ باشتر بوو. ئەو چ لە لەسەر مێزی خواردنی یەکێک لە خواردنگە نێودارەکانی پاریس بوایە، یان بە خواردنێکی سادە و ساکارەوە لە زستانێکی دژوار و لە خاڵێکی دووردەستی کێوەکانی کوردستان، وەک یەک هەستی بە ئارامی و خۆشی دەکرد. ئەو لە تەمەنی ٥٩ ساڵیدا ئارامی بیرمەندێکی خۆرهەڵاتی، چوست و چالاکی گەنجێک و هەڵوەدای زانست نووسێک و مەیلی مرۆڤێکی شادومان و زیندووی ئاوێتە بەیەک دەکرد. قاسملوو لە پێوەندی بە باوەڕەکانی دا کۆڵنەدەر و لە بەرپرسیارەتی خەباتی دا مرۆڤێکی کردە بوو، وا دەهاتە بەرچاو کە بەبێ هیچ زەحمەتێک، خۆڕاگرییەکانی خەباتی سیاسی - نیزامی لەگەڵ گومانگەلێکی ورد و جوانی مامۆستایەکی زانکۆ پێکەوە گرێ ئەدا.

**تەیموریان:** ئەو بەبێ سەرپۆش و ڕێک قسەی دەکرد، بۆ وێنە لە ڕۆنامەکانی تایمز و بی بی سی دا دەیگوت: پێویستە لەگەڵ پرسە سیاسییەکان خۆی وا پیشان بدات.

هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئەو هەردەم لەبەر دەم هەرەشەدا بوو. کاتێک لەگەڵ سیاسەتوانانی ڕۆژئاوایی قسەی دەکرد، هەمان ئەو شتەی کە لە ناخی دا بوو، باسی لێوە دەکرد. لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆژگاری لاویەتی خۆی لە وڵاتانی ئەرووپایی خۆرهەڵاتی سەردەمی کومونیسم بەسەر بردبوو، بەڵام بە پرسگەلێک کە بڕوای پێی نەبوو بایەخی نەدەدا. دواتر کە لە ڕێبەرانی سۆسیال دێموکراتی ڕۆژئاوایی نزیک بووەوە و هاوڕێیەتی پەیا کرد، توانی بێ پەردەتر لە جاران بدوێ.

قاسملوو پێش لە شەهید بوونی و لە دیمانەیەکدا لەگەڵ هەژیر تەیمووریان لە رادیۆ بی بی سی لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە: پاش ڕزگاری کوردستان بەچییەوە سەرقاڵ دەبێ؟ گوتبووی کە بۆ گوندی سەردەمی مناڵی دەگەڕێتەوە و خۆی بە خوێندنەوە سەرقاڵ دەکات.

**هەژیر تەیمووریان:** ئەو دیمانەیەم لە یادە، هەڵبەت ڕۆژنامەوانێک تەنیا پێکەنینی بەم قسانە دێت، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو سیاسەتمەدارانە لە وڵامی ئەم پرسەداکە: ئەگەر هەڵنەبژێردرای، بەچییەوە سەرقاڵ دەبی؟ دەڵێن کە بۆ نموونە دەچمە کتێبخانەکەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یان بەختەوەر دەبم کە وەک هاوڵاتییەکی ئاسایی بژیم! بە دڵنیایەوە گومان لەو نوکتانە دەکەین. بەڵام من دڵنیام کە قاسملوو بڕوای بەم پرسە هەبوو. بڕوام وایە کە ئەو لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرا، ئەو دەیزانی لەبەرچی خەڵکی کوردستان پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەن، کاتێک دژ بە ڕێژیمی خۆمەینی ڕاپەڕین.

بە گوتەی زۆر لە کەسانی نزیک بە قاسملوو، ئەو بە ڕاپەراندنی ڕۆژانە و سونبولیکی خۆی هەردەم هەوڵی داوە بە زمانێکی سادە و ساکار بۆ ڕۆژنامەوانان، خەباتی گەلی کورد و جیاوازییەکانی ئەوان لەگەڵ ڕێژیمی حاکم دا ڕوون کاتەو.

## جاناتان ڕاندان لە ڕۆژنامەوانانەی دیاری ئەمریکایی

جاناتان ڕاندان لە ڕۆژنامەوانانەی دیاری ئەمریکایی لە پێشنووسی کتێبی «هیوا و مەرگی ڕەحمانی کورد»دا نووسیویەتی کە کارۆڵ پرونهۆبەر لە پێوەندی بە یەکێک لەو کارانەی قاسملوو دا دەڵێ: «کاتێک بیر لە د. قاسملوو دەکەمەوە بەجۆرێک ویسکی دێتە مێشکم، نە بەو واتایەی من و یان د. قاسملوو ئوگریەکی زۆرمان بۆ ویسکی هەبووبێ، بەڵکوو لە دوو بۆنەدا من و د. قاسملوو بە ماوەدای دە ساڵان پێکەوە ویسکیمان خواردۆتەوە، یەکەم جار لە شاری مەهاباد لەگەڵ کۆمەڵێک لە ڕۆژنامەوانانی بیانی بوو. ئەو ڕۆژە دوکتور بە هێنانی ئەلکول بۆ سەر خوانی ئێوارە دەیویست پیشانی بدات کە هێمای ناسیۆنالیسمی کوردی لە سەدەی بیستەم دا گەرەکیەتی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوویی کۆماری ئیسلامی بخاتە ژێرپرسیارەوە».

قاسملوو کە پێشتر لەگەڵ خومەینی دا دانوستانی هەبووە و تێ گەیشتبوو کەوا خومەینی کەسێک نییە کە بکرێ لەتەک ئەودا بە ئاکام بگەی، بەڵام پاش لەمردنی ئەو هیوایە لەودا سەری هەڵدا کە ئیمکانی هەیە بە دانوستان لەگەڵ ڕێژیم، مافەکانی گەلی کورد لە ئێراندا بەدی بێن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کارۆڵ پرۆنهوبەر» نووسەر

کارۆڵ پرۆنهوبەر»نووسەر و لە نزیکەکانی د. قاسملوو» لە کتێبی «هیوا و مەرگی ڕەحمانی کورد»دا دەنووسێ: چەند ڕۆژ دوای میتینگی شاری مەهاباد و لێدوانی لە گۆڕەپانی یاری شاری مەهاباد، د. قاسملوو بریار ئەدات تا بچێتە شاری قوم و چاوی بە خومەینی بکەوێ. بریاری د. قاسملوو ڕێک چەند ڕۆژ پاش ئەو میتینگە چەند سەد هەزار کەسییە جێگایی هەڵوێستە کردنە و نیشانەی ئەوەیە کە پێویستە بەم میتینگە پیشان بدرێ کە نەتەوەی کورد پشتیوانی لە خواستەکانی حیزب لە دانوستان لەتەک ڕێژیم دەکات. ئەو باوەڕی وابوو و پێداگری دەکرد کە ئەمە کارێکی پێویستە و ئەشێ بە ئەنجام بگات. قاسملوو دەیگوت هەموو خەڵک و لایەنەکان لە هەموو لایەکەوە دەچنە سەردانی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی، ئەگەر کوردەکان ئەو کارە نەکەن، ئیمکانی ئەوەی هەیە کە لەوانەیە بۆ کوردەکان لە داهاتوودا ببێتە کێشە، لەبەر ئەوەی د. قاسملوو دەیزانی کە لە داهاتوویەکی نزیک یان دوور، دانوستان یان شەڕ لە نێوان کوردەکان و ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوودا ڕوو ئەدات، هەر لەبەر ئەوە پێویستە هەردوو لایەن بە نیاز پاکییەوە بچنە دانوستانەوە و نابێ وا بە ڕێژیم پیشان بدرێ کە هەر لەسەرەتاوە کوردەکان نە شۆڕش و نە ڕێبەریەکەیان قبوول کردووە.

دوو ڕۆژ بەر لە ریفراندۆمی کۆماری ئیسلامی، د. قاسملوو هاوڕێ لەگەڵ چەند کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حیزب بۆ شاری قوم سەفەر دەکەن. ئەو داوای دیداری ڕاستەوخۆی لەگەڵ خومەینی کردبوو،د. قاسملوو بە ئەحمەدی خومەینی گوت: ئێمە نزیک بە هەزار کیلۆمتر سەفەرمان کردووە تا بێینە ئێرە و بە تەنیا لەگەڵ خومەینی قسە بکەین. ئەحمەد خومەینی لە وەڵام دا دەڵێ کە پێنج خولەک ڕاوەستن. پاش چەند خولەک هەموو ئەو کەسانەی لە ژوورەوە بوون، شوێنەکەیان چۆڵ کرد بێجگە لە ئاخوندێکی لاواز و ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حیزب کە لەدەم درگا پاسەوانیان دەکرد تا کەسێک خۆی بە ژووردا نەکات.

**کارۆڵ پرۆنهوبەر دەڵێ:** د. قاسملوو باسی لەوە دەکرد کە ئێمە نزیک بە کاتژمێرێک لە تەک خومەینی قسە و باسمان کرد، دۆخی کوردستان و خواستەکانی گەلی کوردمان بۆ ئەو شی کردەوە و پێمان گوت کە ئێمە ئامادەین بەشداری ریفراندۆم بکەین بەمەرجێک ڕێز لە ویست و داخوازییەکانمان بگرن. خومەینی لە وڵامدا بەبێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی تەنانەت سەیرمان بکات، گوتی کە ئەو پرسانە چ پیوەندی بە منەوە نییە و برۆن لەگەڵ بازرگان قسە بکەن. پێم گوت زۆر باشە، لەم حاڵەتەدا تکا لە ئێوە دەکەم بە لانی کەمەوە ئەم بابەتانە و ئەم دیدارە بە شێوەی گشتی لە ڕاگەیەندنەکانتان بڵاو کەنەوە، لە وڵامدا گوتی کە ئایت الله طاڵقانی پێشتر لەو بارەوە هەموو شتێکی باس کردووە، چ شتێکی زیاترتان دەوێ؟ دواتر ئەو ئاماژەی بە بەرنامە و پێسنیارگەلێک کرد کە لە دوای شەڕی سنە هاتبوونە ئاراوە. ئیتر من گوتم کە ڕۆژنامەوانانی ئێرانی و بیانی لە بەردەم دەرکی هاتنەژوورەوەی بیناکە چاوەڕوانی ئەوەن تا بزانن ئەم چاوپێکەوتنەی ئێمە بەچ ئاکامێک گەیشتووە لەبەر ئەوەی ئەوان وەک ئۆپۆزسیۆنی ئێوە لێمان دەڕوانن. لەم حاڵەتەدا و ئایا ئیزن بە ئێمە ئەدەن تا بە ڕۆژنامەوانەکان بڵێین کە ئێوە هاوڕای پێشنیارەکانی آیت الله طالقانین و پەسندیان دەکەن؟ خومەینی گوتی، بەڵام من نازانم تاڵقانی چ شتێکی بە ئێوە گوتووە. ئێمە هەموو موسلمان و براین. بەڵام کاتێک ئێمە لە سەر ئەمانجەکانمان و داهاتووی ئێران پێداگریمان کرد، خومەینی گوتی کە زۆر نەخۆشم و بەخێرایی و بەبێ ئەوەی سەیرمان بکات، چووە دەر. کاتێک لە ماڵەکە هاتینەدەر و چووینە حەوشە،بییمان کە خومەینی لەسەر باڵکۆنی بیناکە دەست لە خەڵکی بەرز دەکاتەوە. ئەوە بوو کە بەنیازی گەرانەوە بۆ کوردستان سواری ماشێنەکەمان بووین و بەر لەوەی شاری قوم جێ بێڵین، لە ناو ماشینەکەدا و لەگەڵ ئەو ژمارەیە لە ئەندامانی کومیتە ناوەندی کۆبوونەوەیەکی خێرامان ڕێکخست و بریارمان دا کە لە ڕیفراندۆم بەشداری نەکەین.

**ڕێژیم بە فەرمانی جیهادی خومەینی لەدژی کورد، هێرشی کردە سەر کوردستان. عەبدولرحمان کە هەرگیز بڕوای بە شەر و توندوتیژی نەبوو، ئەمجارە ڕووبەڕووی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو و خومەینی ببووە.**

**تەیموریان**: من هەردەم دێموکرات بووم و لە راستی دا هەرگیز ناخم لەگەڵ تەوند و تیژی هاوڕا نییە، بەڵام بەداخەوە جاری وایە کە توند و تیژی و سەرهەڵدان پیویست دەبێ، ئەگەر کەسێک لەگەل ڕێژیمی قاجاری پەهلەوی یان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەورووە، ناچار دەبێ.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**مارک کراوێتس:** لەسەر دانوستان لەگەڵ ڕێژیم و باوەری عەبدولرحمان دەڵێ: عەبدولرحمان لەسەر دانوستان دەیگوت کە ڕێژیمی تاران لەگەڵ ئەوەی ئامادەی چاکسازی لەقازانجی کوردەکان بوو بەڵام هەروا لەسەر هەڵوێستی دووری کردن لە گفتوگۆ لە مەڕ خودموختاری کوردستانەوە پێداگری دەکرد. بەڵام دۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو، خومەینی فەوتی کردبوو، هاشمی ڕەفسەنجانی وەک پیاوی بەهێزی نوێی ئێران و بەکەسێکی کردەیی حیسابی بۆ دەکرا، ئەو بوو کە لەسپاندنی ڕاگەیەنراوی کۆتای هێنان بەشەری هەشت سالە لەگەل عێراق بە خومەینی، ڕۆڵی چارەنووسازی گێڕا. وڵاتی ئێران لەگەڵ دۆخی قەیراناوی بەرەوروو بوو و ئەمە بە تەنێ بەس بوو تا ڕێژیم سەرئەنجام لە بیری دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ لەگەڵ کوردەکان بێ. ئەوەی کە لە شرۆڤە کردنی تیرۆری د. قاسملوو شایانی ئاماژە پێدانە، ئەو ڕاستیەیە کە حزوور لە دانوستان و مەرگی خۆت وەک یەک کردەوەی سیاسی هەڵسەنگێندراو لەبەر چاو گیراوە و تێگەیشتن لەم کردەوەیە زۆر بەم ڕاستییەوە گرێدراوە کە بکرێ تێگەیشتنێکی قووڵ لە کەسایەتییەکی کردە و ئەخلاقی ئەو ببێ و سەرلەنوێ بنەمای تێئۆریکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و د. قاسملوو لەو سەردەمدا بناسێنینەوە.

هێندێک لە شرۆڤەکاران وازهێنان لەژیانی ئاکادمیک و ئارامی ئەورووپا، خەبات لەگەل خەڵک، لە تەک خەڵک و بۆ خەڵک و هەروەها حزووری قاسملوو لە دانوستان لەتەک ڕێژیم بە مەبەستی چارە کردنی پرسی کورد لە ئێران، نموونەگەلێکن کە لەهەڵبژاردنی ئەخلاقی قاسملوو ناویان لی دەبەن، بەڵام خالی شایانی سەرنج پێدان بێدەنگییەک بوو کە لەسایەی دەستپێکی پیوەندی ولاتانی ڕۆژئاوایی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گۆرستانی پێرلاشێزەوە تا کوردستان درێژەی کێشا.

**مارک کراوێتس:** تیرۆری د. قاسملوو لەگەڵ کەمتەر خەمی و گوێ پێ نەدان بەرەوروو نەبووەوە، لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ پیشاندانی دژکردەوەی چاوەروانکراو و شایانی کەسایەتی دوکتور قاسملوو لەلایەن ناوەندە دێموکراتیکەکانی ئیمەوە بەرەو ڕوو نەبووەوە. ئەوانەی کە بەپێی پۆست و پیگەکانیان پێویست بوو بزانن، دەیانزانی. بەڵام ئەو ڕۆژە بێجگە لە دۆستەکانی قاسملوو و کوردەکان و هەروەها ژمارەیەک ڕۆژنامەوان کە ئەو بابەتەکە بەلایانەوە گرینگ بوو، هیچ کەسێک بەبیری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەهێنایەوە. لەو رۆژەدا دۆستان لە دەوری تابووتی شەهیدانی ڤییەن کۆ ببوونەوە و لە گۆرستانی پێرلاشێز وەک دوایی ماڵ ئاوای، رێورەسمی ریز لێ نانیان ئەنجام دا، بەڵام لەدەرەوەی بازنەی گۆرستانی پێرلاشێز، بێدەنگییەکی بەر بڵاو حاکم بوو و ئەو کارە ناکرێ تەنیا بە خستنەبەرچاوی ترس لەرقی رێژیمی مەلاکان پاساوی بۆ بهێندرێتەوە. ئەم رەفتارە بە شێوەیەکی شەرماوی دەتوانێ دڵتەزێن بەرچاو کەوێ، بەڵام ئەوە راستییەکە و شتێکی نوێش نەبوو.

**تیرۆریستەکانی رێژیم کاری خۆیان کرد و بە پیشاندانی چرا سەوزی وڵاتانی ئەورووپایی بۆ ماڵەوە گەرابوونەوە.**

**تەیموریان:** کاتێک کۆماری ئیسلامی رەحمانی تیرۆر کرد، وەک ئەوە وابوو کە برایەکم لەدەست دابێ، زۆر زۆر دڵ تەنگ بووم. من بە تواوی دەمزانی کە کوردەکان و خەڵکی ئێران رێبەرێک کە دەیتوانێ بۆ ئێران باش بێ، لەدەستیان داوە. ئەو بۆ هەموو ئێران فیدرالیزم و دیموکراسی دەویست، شتێک کە هەموومان خوازیاری بووین.

کارکردی کۆمەڵایەتی هەڵبژاردنی ئەخلاقی کەسانێک کە لە پێگەی قاسملوو دا، دەستیان بۆ هەڵبژاردەگەلێکی لەوجۆرە دەبرد، درێژەی هوشیاری مرۆییە. درێژە پێدانێک لە چاوچێوەی ئەستێرەکانی هەڵقولاوی نێو ئەم مرۆڤانە. چەرخی پیشکەوتوو پتر لەهەر کاتێکیتر پێویستی بە لەدایک بوونەوەی ئەم ئەستێرانە هەیە، ئەستێرەگەلێک کە نە لە جۆری ئەستێرەکانی سەردەمانی پێش مودێرن لە قاڵبی پێگەی خوداوەند و یان قارەمانانی نجاتبەخش بەڵکوو لە قاڵبی مرۆڤەگەلی بەکردەوە و خاوەن لۆژیکی دروست، تێگەیشتوویی مرۆیی بەبیرمان بێننەوە و یان بە پێی پێگەی زانستی و کۆمەڵایەتی کە هەیانە، رێشەی دروستی هەلبژاردنەکانمان بخەنە ژێر پرسیارەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - رێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کاك دوکتور

نووسین: ئەحمەد ڕەئفەت
وەرگێڕان: هیوا میرزایی

لە یەکەمین ساڵەکانی زانستگام لە ئیتالیا چاوم بە عەبدولڕەحمان قاسملوو کەوت. بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێبەرانی حیزبی کومۆنیستی ئیتالیا سەفەری بۆ ڕۆما کردبوو. سەرۆک کۆماری ئێستا، جیۆرجیۆ ناپۆلیتانۆ و جان کارلۆ پایتتا، یەکێک لە بەرپرسانی پارتیزانەکان لە سەردەمی حکوومەتی مۆسوولینی کە دواتر بوو بە سیناتۆر، بەردەنگەکانی ئەو لەم چاوپێکەوتنەدا بوون. ئەرکی وەرگێڕانی ئەم چاوپێکەوتنانە لە ئەستۆی یەکێک لە هاوڕێیانی کورد بوو، هەڵبەت تا ئەو کاتەی کە لە کاتی نان خواردنی شەو لە یەکێک لە ڕێستورانەکانی شاری ڕۆما، کە ئەو کات شوێنی گردبوونەوەی ئێرانییەکان بوو و گەورەترین کۆمپانیای ئابجۆسازیی ئیتالیا واتە پرۆنی تێدایە، لەگەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا بووم. لە کاتی نان خواردندا کە دەرفەتێک بوو بۆ ئێمەی خوێندکار تاکوو لەگەڵیان ئاشنا بین و گوێ لە قسە و لێکدانەوەکانی لە مەڕ ئێران و ناوچە بگرین، باس لە سەرەتای ساڵەکانی دەیەی ٧٠ی زایینییە، دوکتور داوای لە من کە ئیتالیایی زمانی دایکیم بوو، کرد لە چاوپێکەوتنەکانی دواتریدا لەگەڵی بم. دوکتور قاسملوو دەیگوت، چوونکە من دوو فەرهەنگیم بە کەڵکوەرگرتن لە فەرهەنگی ئێرانی لە ئەو بە باشی تێدەگەم و ئەو تواناییەم هەیە کە بە کەڵکوەرگرتن لە فەرهەنگی ڕۆژئاوایی یان ئیتالیاییم، باشتر لەگەڵ بەردەنگەکاندا پێوەندی دروست بکەم و قسەکانی ئەو بگوازمەوە. نازانم ئەم مەسەلەیە چەندە ڕاستە، بەڵام بێگومان دەتوانم بڵێم کە دوکتور قاسملوو لە وەرگێڕانی من و جۆری پێوەندییەک کە من لەگەڵ بەردەنگەکاندا دروستم دەکرد، ڕازی بوو. منیش شانازیم بەوە دەکرد کە وەرگێڕانی قسەکانی یەکێک لە گەورەترین کەسایەتییە سیاسییەکانی ئێران لە چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانی ئیتالیام لە ئەستۆیە و پێداهەڵگوتن نیە ئەگەر بڵێم کە زۆر کەس ئەو هەڵبژاردنەی دوکتور قاسملوویان پێ ناخۆش بوو، چوونکە من خوێندکارێکی لاو بووم و ئەزموونی سیاسیم زۆر کەم

بوو. لەو ساڵانەدا بۆ چەند جار دوکتور قاسملووم لە چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێبەرانی سیاسیی حیزبە جۆراوجۆرەکانی ئیتالیا هاوڕێیەتی کرد و ئەمە دەرفەتێکی بێ وێنە بوو بۆ من کە لەگەڵ بۆچوون و کەسایەتیی ئەو کە بە بڕوای من تەنیا ڕێبەری گرینگترین حیزبی کوردستانی ئێران نەبوو، بەڵکوو یەکێک لەو کەسایەتییە سیاسییە دەگمەنانە بوو کە دەیتوانی گۆڕانکاری لە ئێراندا دروست بکا، لە نزیکەوە ئاشنا بم و ئەمە پێداهەڵگوتن نیە ئەگەر بڵێم کە ئەم چاوپێکەوتنانە ڕۆڵێکی سەرەکیان هەبوو لە گەشە و تێگەیشتنی سیاسی مندا.

لە کاک دوکتور، ناوێک کە من و بەشێک لە خوێندکارانی ئەو کات بۆ قسەکردن لەگەڵ قاسملوو کەڵکمان لێ وەردەگرت، چەند شت فێربووم کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەشی دانەبڕاوی باوەڕە سیاسییەکانی منە. یەکەم ئەوەی کە تەنیا ڕێزگرتنی بەرانبەری ئێتنیک و نەتەوەکانە کە دەتوانێ هەلی پێکەوەژیان بڕەخسێنێ و تا کاتێک هەر مرۆڤ، ئێتنیک یان نەتەوەیەک خۆی بە هەر هۆیەک لە سەرەوەتر بزانێت، ئەم پێکەوەژیانە بێگومان زۆرەملی و بە کەڵکوەرگرتن لە زۆری یەکێک بە سەر ئەوانی دیکەدا دەبێ. لە کاک دوکتور هەروەها فێر بووم کە لە وڵاتێک وەکوو ئێراندا کە لە ئێتنیک، نەتەوە، زمان و ئایینگەلی جۆراوجۆر پێک هاتووە، ناکرێ باس لە دێموکراسی و ئازادی بکەین، ئەگەر یەکێک لەم ئێتنیک و نەتەوانە یان زمان و ئایینانە بیانهەوێ خۆیان بە سەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنن. لە بیرمان نەچێ کە لەو ساڵانەدا باسکردن لە ئازادی زۆر بوو، بەڵام لە کۆبوونەوە سیاسی و خوێندکارییەکانی چەپەکاندا کەسێک باسی لە دێموکراسی نەدەکرد و هێندێک تەنانەت دێموکراسییان بە دیاردەیەکی تایبەت بە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان دەزانی. دوکتور قاسملوو هەرچەند بیرکردنەوەی سۆسیالیستیی هەبوو یان بە زمانی ئەمڕۆیی سۆسیال دێموکرات بوو، بەڵام سەرەڕای ئەمە بە تەواوی باوەڕی بە دێموکراسی لە هەر ئاستێکدا لە بنەماڵە و حیزبەوە بگرە تاکوو کۆمەڵگا و سیستمی وڵات هەبوو. ئەم باوەڕە تا ئەو ڕادەیە بوو کە هێندێک جار زۆریەک لە ئێمە لاوە چەپ و بە ڕواڵەت شۆڕشگێڕەکان بە سەرنجدان بەوەی کە قاسملوو لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش نەبوو، بە بوورژوامان دەزانی. یەکێکی دیکە لەو وانانەی کە لە دوکتور قاسملوو فێر بووم، سەرنجدان بە پرسەکانی ناوچە و جیهان بوو. قاسملوو لەو بڕوایەدا بوو کە لە سەدەی بیستەمدا هیچ نەتەوە و خەڵکێک ناتوانن خەمسارد بن و بە بێ سەرنجدان و بە لە بەرچاونەگرتنی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو شتانەی کە لە ناوچەکانی دیکەی جیهان ڕوو دەدەن، بۆ داهاتوویان بەرنامە دابڕێژن. ئەمڕۆ ئەم بابەتە کە ناوی گلۆبالیزاسیۆن «بە جیهانی بوون»ی لێ نراوە، بە شتێکی نوێ نایەتە بەرچاو، بەڵام لەو سەردەمەدا بەم شێوەیە باسی لێ نەدەکرا. بە کورتی دەتوانم بڵێم، زۆریەک لە قسەکانی قاسملوو ئەو کات تەنانەت بۆ بەردەنگە ئورووپاییەکانیش لە ڕادە بەدەر مودێرن و دووربینانە بوو، چ بگات بە ئێمە لاوانی وڵاتێکی لە حاڵی پەرەسەندندا وەک ئێران بە حکوومەتێکی نادێموکراتیکەوە. کاک دوکتور باوەڕێکی قووڵی بە پێویستیی هاوپێوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە هەبوو. دەیگووت ئێمە ئێرانییەکان چوونکە لە ژێر دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەدا ژیان دەکەین، چاوەڕوانیی ئەوەمان هەیە کە نەتەوەکانی دیکە هاوسۆزیی خۆیان بۆ ئێمە دەر ببڕن، بەڵام کەمتر هەنگاو بۆ هاوپێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە هەڵدێنین. ئەمە ڕاستییەکە کە بەداخەوە ئەمڕۆکەش گۆڕانی بە سەردا نەهاتووە و هەر وایە. کەمتر ئێرانییەکان لەگەڵ سوورییەکان کە لە ناوچەی ئێمە ژیان دەکەن و یان بۆ نموونە لەگەڵ ڕواندا لە ئەفریقا هاوپێوەندی دەردەبڕن، لە حاڵێکدا کە ئەگەر ئەم یان ئەو وڵاتی ڕۆژئاوایی و ئاسیایی سەرنج نەداتە خەباتی ئێمە بۆ دیموکراسی لە ئێراندا، تووشی هەڵچوون دەبین.

کاک دوکتور نەک هەر کەسایەتییەکی هەڵکەوتوو بوو کە بە کەڵکوەرگرتن لە زانست و کۆمەڵناسی هەڵسەنگاندنی بۆ هەڵکەوتە سیاسییەکان دەکرد، بەڵکوو مامۆستایەکی هونەری ژیانیش بوو. ئامادە بوو گوێ لە گرفتە تاکەکەسییەکانی کەسانێک بگرێ کە شەویان لە بەرامبەر پەیکێک شەرابی سوور تێدەپەڕاند و وەک مامۆستایەکی هێدی ئەوانی ڕێنوێنی دەکرد. لە ماوەی نیو سەدە چالاکیی سیاسی و ڕۆژنامەوانیدا کەمتر ڕێبەرێکی سیاسیم دیتووە کە ئامادەیی ئەوەی هەبێ بە هێمنییەوە گوێ لە گرفتە تاکەکەسییەکان و شک و گومانەکانی لاوێک ڕابگرێ و وەکوو هاوڕێیەک ڕێنوێنیی بکات. هەڵسوکەوتێکی تایبەتی لەگەڵ لاوان هەبوو کە هەموو جیاوازییە تەمەنییەکانی کاڵ دەکردەوە. ئەمەش یەکێکی دیکە بوو لەو هەڵسوکەوتانەی کە من لە دوکتور قاسملوو فێر بووم و ئێستاشی لە گەڵدا بێ، هەوڵ دەدەم لە ژیانی ڕۆژانەی خۆمدا پەیڕەویی لێ بکەم. نەبوونی دوکتور قاسملوو تەنیا خەسارێکی قەرەبوونەکراوە نەگری لە کوردەکانی ئێران نەدا، بەڵکوو لەو بڕوایەدام کە هەموو ئێرانییەکانی لە هەبوونی ڕێبەرێکی زانا، مافخواز و پراگماتیک بێبەش کرد. دوایین جار دوکتور قاسملووم پاش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەندین ساڵ لە پاریس و لە یەکەمین ساڵەکانی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران بینی. من ئیتر خوێندکار نەبووم و سەرقاڵی پیشەی ڕۆژنامەنووسی بووم و بۆ ڕۆژنامەیەکی ئیتالیایی کارم دەکرد، وتووێژێکی سیاسیم هەر بۆ ئەم ڕۆژنامەیە ئەنجام دا و لە کاتی ماڵئاواییی، ماڵئاواییەک کە هیچکات لەو بڕوایەدا نەبووم کۆتایی دوایین چاوپێکەوتنم بێ لەگەڵ کاک دوکتور، پێی وتم هەوڵ بدە هەمیشە ڕاستییەکان هەر بەو شێوەیە کە دەیانبینی و بەو شێوەیە کە بیر دەکەیتەوە، بگوازیتەوە بۆ خوێنەرەکانت.

ڕۆحی شاد بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی ئاگۆستی ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# میراتی قاسملوو

**ئیدریس ئەحمەدی**

شوێندانانی ڕێبەرێک لە کاتی ڕێبەریکردنیدا و دواتر لە میراتی سیاسییدا دەردەکەوێ. قاسملوو هەم لە کاتی حەیاتیدا و هەم پاش مەرگی، بە شێوەیەکی بەرچاو باندۆری لەسەر نەتەوەی کورد و بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان داناوە و میراتێکی دەوڵەمەندی لەدوای خۆی بەجێ هێشت.

بە مانایەک، دەرککردنی میراتی ڕێبەرێک ساناترە تاکوو باسکردنی شوێندانانی لە کاتی حەیاتیدا. هێگل دەڵێ، «کاتێ تاریکایی دادێ، کوندەبووی مینێرڤا (کە هێمای زانینە لە میتۆلۆژیی ڕۆمیدا) باڵ دەگرێتەوە.» ڕاستییەکان پاش وەپشتنانی قۆناغێکی مێژوویی ڕوونتر دەردەکەون.

د. قاسملوو وەک ڕێبەرێکی سیاسی بەرهەمی دوو کولتوور بوو:» کولتووری ڕۆژهەڵات و کولتووری ڕۆژئاوا. پاش تەمەنی نۆزدە ساڵی، لە نێوان چەندین پانتایی جۆگرافی، کولتووری و سیاسیدا بەردەوام هاتوچۆی دەکرد. ئەگەر زۆر کەس دەرفەتی وەک ئەویان بۆ هەڵکەوێ، ڕەنگبێ بۆ دەوڵەمەندکردنی ژیانی شەخسیی خۆیان ئەو جۆرە هاتوچۆیانە بکەن. بەڵام قاسملوو بۆ ڕزگاریی نەتەوەیەک بەردەوام لە سەفەرکردندا بوو.

دایکی مەسیحیی ئاسووری بوو و باوکی کوردی موسڵمان. هەر لە منداڵییەوە زمانی کوردی، ئازەری و فارسی لە ژیانیدا حزووریان هەبوو. دواتر، پاش ئەوەی بۆ خوێندن ڕووی کردە ئورووپا، چەندین زمانی دیکە فێر بوو. ڤیتگێنشتیان دەڵێ، «سنووری زمانم بە واتای سنووری جیهانمە.» سنووری زمان و سنووری جیهانی قاسملوو هەر لە منداڵییەوە لە خەڵکی دیکە بەرینتر بوو.

بە هۆی هەڵکەوتنی بەشێک لە کوردستان لە ئێراندا، قاسملوو لە سەرەتای ژیانیەوە لە گەڵ دوو کولتووری سیاسی ئاشنا دەبێ: «کولتووری سیاسیی کوردی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و کولتووری سیاسیی فارسی». دواتر کەدەگاتە ئوروووپا، لەگەڵ دوو کولتووری دیکە و دوو ئیدئۆلۆژی ئاشنا دەبێت: «کولتوور و ئیدئۆلۆژیی لیبراڵ دێموکراسیی ڕۆژئاوای ئورووپا و کولتوورو ئیدئۆلۆژیی سۆسیالیستیی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا. سنووری جیهانبینیی سیاسی و سنووری ئیدئۆلۆژیی قاسملوو هەر لە گەنجێتییەوە لە خەڵکی دیکە بەرینتر بوو.

قسەیەکی کوردی هەیە دەڵێ: «بەرد لە شوێنی خۆیدا قورسە.» بەڵام سەرەڕای ئەوەی بەردەوام لە سەفەرکردن و شوێنگۆڕیندابوو و سەرەڕای ئاشنابوونی لەگەڵ ئەو هەموو جیاوازییە زمانی، کولتووری، سیاسی و ئیدئۆلۆژیکانە، قاسملوو بە واتایەک هەرگیز کوردستانی بەجێ نەهێشت.

ژیان لە دوورخراوەییدا یان وا دەکا کەسانێک بۆ هەمیشە لە شوێنی خۆیان هەڵبکەندرێن و خۆیان ون کەن، یان ئەوەی لە ترسی جیاوازی لەگەڵ دەوروبەریان لە کولتووری خۆیاندا چەقبەستوو بمێننەوە. قاسملوو هیچکام لەمانەی نەکرد. چوونکە لە خۆی دڵنیا بوو، لەهەمبەر جیاوازیی کولتووری، سیاسی و ئیدئۆلۆژیک سینگفراوان و کراوە بوو. دڵنیابوونی قاسملوو لە تایبەتمەندیی شەخسیی خۆی و کولتووری کوردەوارییەوە سەرچاوەی دەگرت. ڕەمزی سەرکەوتنیشی هەر لەوەدا بوو.

قاسملوو میراتگری حیزبێکی سیاسی بوو کە لە کاتی دامەزراندنیدا، وەرچەرخانێکی مێژوویی لە کولتووری سیاسیی کوردەواریدا هاتبووە ئاراوە.

بەستێنی مێژوویی سەرهەڵدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتی بوو لە گەشەسەندنی کۆمەڵگای کوردەواری و هەلومەرجی لەباری نێودەوڵەتی. پرۆسەی شارنشینی و بە تایبەتی سەرهەڵدانی نوخبەیەکی مۆدێڕن لە شاری مەهاباد، چەند ماکێکی ئەو بەستێنە بوو. ئەو نوخبەیە توانایی دامەزراندنی حیزبێکی مۆدێڕنیان هەبوو. هاوکات توانیان کەڵک لە هەلومەرجی نێودەوڵەتی لە سەروبەندی شەڕی دووهەمی جیهانیدا وەرگرن بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان و بنیاتنانی کولتوورێکی نوێی سیاسی لە کوردستاندا.

دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و دواتر حکوومەتکردنی لە ماوەی یازدە مانگدا، پرۆسەیەک بوو کە بێ زێدەڕۆیی دەکرێ بە ڕێنێسانسێکی کولتووری و سیاسی لە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەڵەم بدرێت. بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد، حیزبی دێموکرات توانی پارسەنگێک لە نێوان ناسیۆنالیزمی کورد، ئازادی، یەکسانیی نێوان ژن و پیاو و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ڕابگرێت. بە واتایەک، حیزبی دێموکرات توانی خۆی لە ئیدئۆلۆژیی باوی ئەودەم، دیکتاتۆرییەت لە ئێران و کۆمونیزمی یەکیەتیی سۆڤێت، دوور ڕابگرێت.

حیزبی دێموکرات هەر لەو کاتەوە تاکوو ئێستا لە بەرانبەر هیچ هێز و ڕەوتێکی ئیدئۆلۆژیکدا تەنازولی لە سەر مافی نەتەوایەتی، ئازادی، دێموکراسی، بەرابەری و مافی یەکسانی نێوان ژن و پیاو نەکردووە.

لە دوو قۆناغدا، کاتێک کە حیزبی دێموکرات دەکەوێتە ژێر نفوزی حیزبی تودە و دواتر بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستانی عێراق، ڕیسکی ئەوە هەبوو کە حیزبی دێموکرات ناسنامەی خۆی لەدەست بدات. لە هەر دوو قۆناغدا، قاسملوو دەوری سەرەکیی هەبوو لە پاراستنی ناسنامە و مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی ئەو حیزبەدا.

بە هۆی هێژمۆنی فیکری و سیاسیی حیزبی دێموکراتەوە، بەهاگەلێک وەک ئازادی، بەرابەری، دێموکراسی و یەکسانی، ناسنامەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران پێک دێنن. لە کاتێکدا کە بەشێکی بەرچاو لە دانیشتوانی ئێران لە ڕێفراندۆمی ساڵی ١٩٧٩ دەنگیان دا بۆ کۆماری ئیسلامی، نەتەوەی کورد لە ئێران بە ڕێنوێنیی حیزبی دێموکرات و شەخسی دوکتور قاسملوو ئەو ڕێفراندۆمەیان بایکۆت کرد.

گوتاری سیاسیی زاڵ لە ئێراندا کوردستان وەک هەرێمێکی «پەراوێزکەوتوو» لە بەرانبەر «ناوەند»دا پێناسە دەکا و هەر لەو پێوەندییەدا کوردستان وەک «دواکەوتوو» لە قەڵەم دەدا، بەڵام «ناوەندی» ئێران هەر لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە تاکوو سەرهەڵدانی کۆماری ئیسلامی بەدەست تایفەگەری، ستەمکاری و دیکتاتۆرییەتەوە گیرۆدە بووە. کوردستانی «پەراوێزکەوتوو» و «دواکەتوو» هەر لە کاتی کۆماری کوردستانەوە تاکوو ئێستا هەر کاتێک دەرفەتی بۆ هەڵکەوتبێ، شوێنێک بووە بۆ ئازادی و مەدەنییەت و تاقیکردنەوەی دێموکراسی. تەنانەت ئەو کاتەی حیزبی دێموکرات خەباتی چەکداریی دەکرد، هەوڵی داوە شەڕ بە پێی کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ بکات. بۆیە دوکتور قاسملوو پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە پێشمەرگە نابێ دیلی شەڕ ئێعدام بکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو میراتە مۆدێڕنەی کە لە کوردستان پارێزراوە، قاسملوو دەوری سەرەکیی هەبوو لە پاراستنیدا. زێدەڕۆیی نییە کە بڵێین ئەگەر قاسملوو پاش شۆڕشی ١٩٧٩ ڕێبەری کورد نەبایا، ئەستەم دەبوو ئەو میراتە سیاسییە ئەوا بپارێزرێت.

پاش لەنێوبردنی کۆماری کوردستان لە لایەن ئێرانەوە، ستەمکاریی ڕژیمی شاهەنشاهی ئەو میراتەی خستبووە مەترسییەوە. قاسملوو پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستانی عێراق و بەئەستۆگرتنی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات، توانی ئەو میراتە لە گوتار و کرداری ئەو حیزبەدا بپارێزێت. هاوکات قاسملوو حیزبی دێموکراتی بووژاندەوە و ڕێکخستنی حیزبی دێموکراتی بەدامەزراوەیی کرد.

لە بەر ئەوەی کە سنووری جیهانبینیی سیاسی و سنووری ئیدئۆلۆژیی قاسملوو لە کەسانی دیکە بەرینتر بوو، ئەو ئەرکە قورس و چارەنووسسازانە هەر بە قاسملوو بەجێ دەگەیەندران.

قاسملوو لە مێژ ساڵە لە نێو گەلی کورد و حیزبی دێموکراتدا نەماوە. تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تەنیا تیرۆرکردنی ڕێبەرێکی کورد نەبووە، بەڵکوو هەوڵێک بوو بۆ لەنێوبردنی نەتەوەیەک و ناسنامەی کولتووری و سیاسیی ئەو نەتەوەیە. تیرۆرکردنی قاسملوو هەوڵێک بوو بۆ تیرۆرکردنی مەعنەویی نەتەوەی کورد و سڕینەوەی ئەو میراتە دەوڵەمەندە کە قاسملوو سەرکەوتووانە پاراستبووی.

تیرۆرکردنی دوکتور شەرەفکەندی کە پارێزەری میراتی قاسملوو بوو، هەوڵێکی دیکەی دزێو و ناجوامێرانەی ئێران بۆ سڕینەوەی میراتی قاسملوو بوو.

ڕاستە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد پاش ئەو تیرۆرانە لاواز بووە، بەڵام میراتی قاسملوو دەوڵەمەند و زیندووە. ئەورۆ بە میلیۆنان کەس لە ڕێبواران و ئۆگرانی ڕێبازی قاسملوو لە کوردستاندا سنووری زمان و جیهانبینیان وەکوو سنووری زمان و جیهانبینیی قاسملوو بەرینە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی ئاگۆستی ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org